# واتە

# 24

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
ئەیلوول ٢٠١٢

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

aras@araspress.com هەگبەی ئەلیکترۆنی
www.araspublishers.com وارگەی ئینتەرنێت
00964 (0) 66 224 49 35 :تەلەفۆن

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# عەلائوددین سەججادی:
# زانایەکی کلاسیك، پرۆژەیەکی فەرهەنگی

فەرهاد شاکەلی

## چەند سەرنجێکی بەرایی

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەسەر ژیان و کاری ڕەفیق حیلمی نووسیبووم، پرسیارێکم لەو بارەیەوە ورووژاندبوو کە ئایا حیلمی خاوەنی پرۆژەیەك بوو، چ فەرهەنگی یا سیاسی؟ وەرامدانەوەی پرسیارێکی لەو چەشنە لەبارەی عەلائوددین سەججادییەوە زۆر ئاسانترە، چونکە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی فەرهەنگیی سەججادییەوە، هەست بە هەبوونی پرۆژەیەکی وەها دەکرێت، ئەگەرچی هێڵە بنەڕەتییەکانی ساڵانێك دواتر دەردەکەوتن.

لەناو ڕووناکبیرە گەورەکانی کوردی سەدەی بیستەمدا، عەلائوددین سەججادی لە زۆر ڕووەوە جیاواز و تاکانەیە. نەخشی سەججادی لە پێشخستن و گەشەپێدانی فەرهەنگی کورددا هێندە فرەلایەنە و پڕڕەنگە، کە دەبێ بە قووڵی لێی بکۆڵرێتەوە. ڕاستییەکەی، کە لە سەرەتاوە ئاوەڵناوی ڕووناکبیرم بۆ سەججادی بە کار هێناوە، هەست دەکەم ئەو وشەیە بە جۆرێك لە خوار پلە و پایەی ئەو مامۆستا گەورەیەوەیە. پێم وایە ئاوەڵناو، یا وشەی زانا باشتر دەتوانێت لەگەڵ شێوەی ژیان و کاری سەججادیدا بگونجێت. سەججادی زانا بوو، زانایەکی کلاسیك.

ئامانجێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ژیان و بەرهەمەکانی سەججادی بە شێوەیەك بخوێنێتەوە کە تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی پرۆژە نەتەوایەتی و فەرهەنگییەکەی ئەو پیاوە ئاسانتر بێت بۆ خوێنەرێکی ئەمڕۆ. لەم خوێندنەوەیەدا تەنیا کارە سەرەکییەکانی بە سەر دەکرێنەوە، چونکە بیر و فەلسەفەی خۆی لەواندا بە ڕوونی داڕێشتووە و کردوونی بەو ڕووبار و جۆگەلانەی شەپۆلەکانی بیری دەگەیێننە خوێنەرانی. بە شێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵەچیرۆکی "هەمیشەبەهار" لە ڕووی زمانەوانی و تەکنیك و ئێستێتیکەوە شی دەکرێتەوە، وەك نموونەیەکی باڵای بەهرەی داهێنەرانەی سەججادی.

## سەججادی کێ بوو؟

لە هیچ نووسینێك و لە هیچ بەرهەمێکدا، سەججادی باسی پاشخانی بنەماڵەکەی و ژیان و خوێندن و پێگەیشتنی خۆی ناکات. ئەم خۆدەرنەخستنە بەشێکە لە فەرهەنگی نووسەران و زانایانی سەدەکانی ڕابوردوو. شاعیر و نووسەر و زانایانی عەرەب و تورك و فارسیش، لەبارەی ژیانی خۆیانەوە هەر وا کەمدوون و کەمنووسن. بەڵام لەپاڵ خۆنزمگری و بێفیزیدا، هۆیەکی دیکەیش هەیە کە سەججادی ڕووناکیی نەخستووەتە سەر ژیانی خۆی؛ ترسان لە قانوون و لە سزای دەوڵەتی عیراق. بەداخەوە ئێستایش، بیستوهەشت ساڵ دوای کۆچی سەججادی و بیست ساڵ دوای ئازادبوونی کوردستانی عیراق، دیسان، هێندەی من ئاگادار بم، هیچی تازە لەبارەی ژیانی سەججادییەوە نەکەوتووەتە بەرچاو.

لە چیرۆکی ″جەوهەراغا″دا لە یەك دوو جێگەدا باسی باوکی خۆی دەکات و بە ناویش، وەك ″نەجم″ ناوی دەهێنێت، بەڵام لەسەر زمانی کەسانی دیکەی ناو تێکستەکە (سەججادی ١٩٦٠). لە ″ڕشتەی مرواری″یشدا هەندێ ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە خۆی ئاگاداریان بووە، یا بەشداریی تێدا کردوون، بێ ئەوەی زانیارییەکی تازەمان لەبارەی ڕابوردوویەوە دەست بکەوێت. ئەو کە باسی دانیشتنێکی خۆی دەکات لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا لە سلێمانی، یا قسەیەکی مجێوری مزگەوتەکەی دەگێڕێتەوە، کە خۆی لێی بیستووە، یا لە کتێبی ″شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق″دا ئەوەمان بۆ تۆمار دەکات کە چۆن بەشداریی کردووە لە بردنەوەی تەرمی شێخ مەحموودی حەفید و لە ناشتنەکەیدا، یا چاوی بە خوالێخۆشبوو مەلا موستەفای بارزانی (١٩٠٣–١٩٧٩) کەوتووە، شتێکمان لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بازنەی پێوەندییەکانیەوە پێ دەگەیێنێت، بەڵام دیسان قۆناغ و بڕگە گرنگەکانی ژیانی بە ناڕوونی دەمێننەوە.

عەلائوددین نەجموددین عوسامووددین سەججادی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سنەی ناوچەی ئەردەڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و سەر بە بنەماڵەی سەججادییە. بەپێی هەندێ زانیاری، کە ناتوانین زۆریش پشتیان پێ ببەستین، ساڵی ١٩٠٧ لە دایك بووە. هێشتا ڕواڵێك بووە کە ماڵ و کەسوکار و شارەکەی خۆی بە جێ هێشتووە و دەستی کردووە بە خوێندنی نەریتانەی مزگەوت. وا پێ دەچێت ئیتر لەوە بەدوا نەگەڕابێتەوە بۆ لایان. ئەم زانیارییە لەگەڵ ئەو دەنگوباسەدا کە سەججادی خۆی لە سەرەتای چیرۆکی جەوهەراغادا دەیگێڕێتەوە، یەك ناگرێتەوە. چیرۆکەکە لە سەرەتای هاوینی ١٩٤٩دا نووسراوە و وەها دەست پێ دەکات: ″ئەبێ، هەژدە ساڵ ئەبێت. باوکم بۆی گێڕامەوە وتی...″ (سپ:٦٠). ئێمە ئەگەر ئەم قسەیەی سەججادی وەك ڕاستینەیەك وەربگرین، دەبێ بڵێین کە تا ساڵانی (١٩٣٠–١٩٣١)یش پێوەندیی لەگەڵ باوکیدا هەبووە.

نەجمووددینی سەججادی، باوکی مامۆستا عەلائوددین، لە سەرەتای ١٩٣٠یەکاندا چیرۆکی کوژرانی جەوهەر (یا جەعفەر) ئاغای شکاك بۆ عەلائوددینی کوڕی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "تافی کوڕێنیم بوو، تازە خەتم دابوو، عومرم لەو وەختەدا حەڤدە هەژدە ساڵان ئەبوو...". ئێمە دەزانین جەعفەراغا ١٩٠٥ لەسەر فەرمانی حوسەین قولیخانی نیزامولسەڵتەنە، کە موزەففەرەددین شای قاجار ساڵی ١٩٠٥ کردی بە حوکمدار یا والیی ئازەربایجان، لە تەورێز (تەبریز) کوژراوە. تا ئێرەیش هەر دەکرێ جێی بڕوا بێت؛ نەجمووددینی سەججادی ئەو ساڵە یا ساڵێ دواتر ژنی هێنابێت و لە ١٩٠٧دا عەلائوددینی نۆبەرەیان لە دایك بووبێت. بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە مامۆستا سەججادی هەر خۆی لە دوابەشی ئەو چیرۆکەدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە ساڵی ١٩٣٧ لە زینوێی شێخی چاوی بە مەحمووئاغای یەکەپیاوی جەوهەراغا کەوتووە، کە خۆی یەکێك بووە لەو دوو کەسەی لە مردن ڕزگاریان بووە. سەججادی (١٩٦٠:٧٠) دەنووسێت: "لە ساڵی ١٩٣٧دا، لە زینوێی شێخی بووم... من ئەو وەختە هێشتا خەتم نەدابوو، لە دیواخانی پیاوانا بە لالووتەوە ئەیانهێشت دانیشم...". بەپێی ئەو گێڕانەوەیە دەبێ سەججادی لەو کاتەدا ئەوپەڕەکەی ١٧–١٨ ساڵان بووبێت. من ئەو گێڕانەوەیە تا ڕادەیەك بە ڕاست دەزانم، چونکە پێم وایە سەججادی پیاوێکی هێندە ورد بوو کە ناکرێ، نە ساڵی ١٩٣٧ی لە خۆیەوە دانابێت و نە تەمەنی خۆی بە هەڵە لە بیر بێت. ئەگەر بمانەوێ لەم قسەیەوە ئەنجامێك هەڵێنجێنین جێی باوەڕ بێت، دەکرێ بڵێین، سەججادی ساڵانی ١٩١٧–١٩١٨–١٩١٩ لە دایك بووە.

ئێمە دەزانین لە کوردەواریدا جیاوازیی یەك ساڵ و دوو ساڵ بۆ دیاریکردنی تەمەنی کەسێك، زۆر ئاسایی و باوە. سەججادی لە بەرگی یەکەمی ڕشتەی مرواریدا (١٩٥٧:١٣) دەنووسێت: "لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠دا موزاحیم ئەمین پاچەچی، نائیب ڕەئیسولوزەرای عیراق بوو. من عومرم ٣٥ ساڵێك ئەبوو..." ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەیە کە ساڵی لەدایکبوونی سەججادی ناکرێ ١٩٠٧ بووبێت، بەڵکە زۆر دواترە.

هەر لەسەر ئەم تیۆرییە (یا ئەم هیپۆتێزە) ڕەنگە بکرێ نەخشەیەکی ساڵانی دواتری ژیانی سەججادی بەم جۆرە بکێشرێت: ساڵی ١٩٣٩ چووەتە بەغدا و لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون، لە گەڕەکی مەیدان، بووە بە مەلا، لە بەهاری ١٩٤٠دا بووەتە بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤١دا، لە لاپەڕەی ٩٧–٩٨ی ژمارە ٩–١٢ی گەلاوێژدا، بۆ یەکەم جار نووسینێك بە ناوی سەجادییەوە لە گۆڤارەکەدا دەبینرێت. بەڵام ئەمە تێکستێکی ئەدەبی نییە، بەڵکە (بۆ زانین)ێکە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە چۆن پارەی ئابوونە بنێرن و کە ناونیشانیان گۆڕا چی بکەن و ڕێنوێنیی دیکەی لەو بابەتە. لە سەرەتای ١٩٤٤دا یەکەمین تێکستی ئەدەبی، چیرۆکی کاڵای باڵای شا، لە ژمارەی شوباتی ١٩٤٤ی گەلاوێژدا بڵاو دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەمە بەرهەمی خۆی نییە، بەڵکە چیرۆکێکی بەناوبانگی هـ . ك. ئاندەرسنی دانمارکییە و سەججادی بە شێوەیەکی جوان کورداندوویەتی. نزیکەی دوو ساڵ و نیو لەوەو دوا، لە ژمارەی

تەمموزی ١٩٤٦دا، یەکەمین چیرۆکی بەرهەمی خۆی، ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، بڵاو دەکاتەوە. ژیانی دواتری سەججادی ڕوونتر و بەرچاوترە، چونکە سەججادی دەبێتە کەسێکی ناودار و نووسەر و ڕووناکبیرێکی ناسراوی کوردەواری.

من کە هێندە دەچمە بنجوبناوانی باسەکەوە و لێی ورد دەبمەوە، بە ڕاستی هیچ مەبەستم ئەوە نییە ڕاستییەکی مێژوویی بچەسپێنم یا ژیننامەیەك بۆ مامۆستا سەججادی پێکەوە بنێم، بەڵام بە لامەوە سەرنجڕاکێشە، یا گرنگە، ئەوە پێشان بدەم کە بواری لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەڵگەکاری لە فەرهەنگی کورددا چەندە کۆڵەوار و پاشکەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی کە لەبارەی ژیانی نووسەرێکی گەورەی وەك سەججادییەوە زانیارییەکی دامەزراوی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە پشتی پێ ببەستین. سەججادی کەسێك نییە چەند سەدەیەك پێش ئێستا ژیابێت و تۆز و گەردی سالان چیرۆکی ژیانی داپۆشیبێت. بەشێکی زۆری نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەمڕۆی کوردستان یا سەججادییان ڕاستەوخۆ ناسیوە، یا لە سەردەمی ویدا ژیاون و زۆریان لەبارەیەوە بیستووە و بەرهەمەکانی ئەویان خوێندوونەوە.

ئەم ناڕوونییە لەبارەی ژیانی سەججادییەوە، وەك وتم، پێوەستە بە پاشخانی بنەماڵەکەی و ٢٠–٢٥ ساڵی سەرەتای ژیانیەوە، ئەگەرنا لەو کاتەوە کە دەبێتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ، یا کە دواتر نیومانگنامەی "نزار" بڵاو دەکاتەوە، سەججادی یەکێکە لە پیاوە ڕووناکبیر و ناسراوەکانی کورد لە بەغدا و لە ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکیش سیاسیدا بەشدارییەکی چالاکانە دەکات. لە سەرەتای ١٩٥٠کانیشەوە سەججادی جۆرێکی دیکەی ژیان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت؛ ژیانی زانایەکی پڕکار و بەرهەمدار. ئەمە سەرەتای ئەو قۆناغەیە کە سەججادی خۆی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و پڕڕەنگ تەرخان دەکات. هەر دەڵێی ویستوویەتی دەیەی ١٩٤٠ەکان بکاتە قۆناغی تاقیکردنەوەی توانستی خۆی و ئامادەکاری بۆ پڕۆژەکەی.

## سەججادیی ڕۆژنامەگەر

وا پێ دەچێت پێوەندیی سەججادی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەر بە ڕێکەوت بووبێت. ئەو لە مزگەوتەکانی کوردستاندا خوێندبووی و خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو ببێتە مەلا. بەڵام زۆر ئاشکرایە هەر لە تەمەنی لاوێتیدا کەسێکی وریا و چاوکراوە و بەرزویست بووە و هەر زوویش هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی لا دروست بووە و گەشەی کردووە. ئیبراهیم ئەحمەد: بلە (١٩١٤–٢٠٠١) لە پێشەکیی چاپی دووەمی گۆڤاری گەلاوێژدا (ئەحمەد ٢٠٠٧: ١٠–١١) دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە سەرەتای ١٩٤٠دا پێوەندیی بە سەججادییەوە کردووە و ئەرکی چاپ و هەڵەگری و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژی بەو سپاردووە. بەپێی قسەکانی مامۆستا برایم

دەبێ سەججادی لەبەهاری ١٩٤٠ەوە و تا داخستنی گۆڤارەکە، لە پاییزی ١٩٤٩دا، هەموو کارەکانی گۆڤارەکەی ڕاپەڕاندبێت. مامۆستا برایم لەو نووسینەدا ئەوەیش باس دەکات کە سەججادی هەر لە دوو سێ ساڵی یەکەمی کارکردنیدا (١٩٤٠-١٩٤٤) "... هەتا ئەهات لە کوردی نووسیندا بۆ پێشەوە ئەچوو، بەو ئەندازەیەی کە بتوانێ لەم ڕووەشەوە کەلێنێکم بۆ پڕ کاتەوە..." (سپ: ١٦). ئەم گەواهییەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئەو ئەنجامگرییەدا کە لە سەرەوە باسم کرد ڕێك یەك دەگرێتەوە.

سەججادی لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ئەزموونێکی گەورە و دەوڵەمەند، لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییشدا پەیدا دەکات و وەك ڕووناکبیرێك نەخشێکی چالاکانەی گرنگی هەبووە، چ لەناو کۆمەڵی کوردی بەغدادا و چ لە کوردستان. ئەندامی "یانەی سەرکەوتنی کوردان" بووە و پێوەندییەکی بتەوی لەگەڵ ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و ناسراوانی کورد و ناکوردیشدا هەبووە.

وا دیارە سەججادی لەو ساڵانەدا بڕوایەکی ئەوتۆی بە کاری سیاسی نەبووبێت، بەو مەعنایەی کە وەك کوردێك و وەك ڕووناکبیرێك، هێندەی من خوێندبێتمەوە و بیستبێتم، نەبووەتە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی یا کوردستانی. ئەگەرنا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا دوو ڕێکخراوی گرنگ لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا چالاك بوون و بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە ڕیزەکانیاندا ئەندام بوون: حیزبی هیوا و پارتیی دێمۆکراتی کورد(ستان). هەر لەو دە ساڵەدا کە بەڕێوەبەری گەلاوێژ بوو، هاوڕێ و هاوکارێکی زۆر نزیکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کە تا ساڵی ١٩٤٦ بەرپرسی لقی (ژێکاف) و بە دوویدا لقی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو لە کوردستانی عیراق و دواتریش سەکرەتێری پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو. هەروەها ئەوەیش دەزانین کە دۆستایەتی و ئاشنایەتییەکی گەرمی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە، کەچی هەرگیز نەبوو بە ئەندامێکی حیزبی. بەڵام لە دواساڵەکانی ١٩٤٠ەکاندا سەججادی هەنگاوێکی هەڵهێنا کە بە شێوە و بە ناوەڕۆك سیاسی و پێشەنگانە بوو. لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٨دا دووهەفتانەی (نزار)ی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردەوە. دیارە هاوکات لەسەر بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ)یش هەر بەردەوام بوو. نزار سەکۆیەك بوو بۆ پێشکەشکردنی داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد و بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کورد لەو سەردەمەدا کە بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان، زمانێکی سیاسیی تازە بەکار ببەن و ڕاستەوخۆ ڕوو بکەنە دەستەڵاتدارانی عیراق و کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز.

نزار لە ماوەی یەك ساڵی ژیانیدا بیستودوو ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی سەججادی پێشکەشکردنی ئەدەب و فەرهەنگی کورد بووە بە خوێنەری عەرەب یا ئەو کوردانەی نەیاندەتوانی بە کوردی بخوێننەوە. لەپاڵ ئەو ئەرکەدا، سەججادی چەند بیر و داوایەکی گرنگ

و ژیرانەی خستووەتە بەردەم دەستەڵاتدارانی عیراق: خوێندنی مێژووی کورد لە سیستەمی پەروەردەی عیراقدا، دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد و دامەزراندنی بەشێك بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدادا. لە بواری بیری سیاسیدا سەجادی وەك کەسێکی دیمۆکرات هەمیشە بەرگریی کردووە لە تێکۆشەرانی کورد و عەرەب و لە خەباتیان دژی دەستەڵاتدارانی عیراق و کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز و دەنگێکی بەهێز بووە بۆ پشتگریی ماف و ئازادیی دەربڕین.

ئەزموونی سەجادی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەزموونێکی سنووردار، بەڵام گەش و دەوڵەمەند و پێشەنگانەیە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ەوە تا کۆتاییی ١٩٤٩ وەك ڕۆژنامەوانێکی چالاك و هۆشیار و وردبین نەخشێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە. لە ماوەی دە ساڵدا گۆڤاری گەلاوێژی بڵاو کردووەتەوە و لە ماوەی یەك ساڵیشدا دووهەفتەنامەی نزار. دەستەڵاتدارانی عیراق و کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز لە ١٤-٨-١٩٤٩دا بڕیاری داخستنی ٢٣٧ گۆڤار و ڕۆژنامەی عیراقی دەردەکەن، گەلاوێژ و نزاریش لەناویاندا بوون (ئەحمەد ٢٠٠٧: ٢٢). ئیتر دوای بڕانەوەی ئەم ئەزموونە، سەجادی جارێکی دیکە لە کاری ڕۆژنامەگەری نزیك نابێتەوە و شێوەیەکی دیکەی ژیان و کاری فەرهەنگی و زانستی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. ڕاستییەکەی ئێمە دەتوانین بڵێین دەیەی ١٩٤٠ەکان بۆ سەجادی، دەیەی وردبوونەوە و ئازمایش بوو، بەڵام لە سەرەتای دەیەی ١٩٥٠کاندا دەست دەکاتە ئەنجامدانی ئەو پرۆژە فەرهەنگی و شارستانەتییەی کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.

## سەجادیی چیرۆکنووس

بەرهەمە زانستی و فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی سەجادی هێندە فراوان و بەنرخن، کە زۆر بە دەگمەن وەك چیرۆکنووسێك ناوی دەهێنرێت. ڕەنگە هۆیەکی دیکەیش ئەوە بێت کە سەجادی هەمووی چوار پێنج کورتەچیرۆکی بۆ گەورەسالان و شەش چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیون. هەموو ئەمانەیشی لە ماوەی سێ ساڵدا، لەو سەردەمەدا کە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری گۆڤاری گەلاوێژ بوو، نووسیوە. تەنیا یەکێك لە چیرۆکەکان پێشتر، دوو ساڵ پێش ئەوانی دیکە، نووسراوە. ئەویش تەرجەمەیە، نەك بەرهەمی خۆی. هەموو چیرۆکەکانیشی هەر لەو گۆڤارەدا بڵاو کردنەوە و دواتر، ساڵی ١٩٦٠، لە کتێبێکدا کۆی کردنەوە، ناوی (هەمیشەبەهار) بوو.

چلەکانی سەدەی ڕابوردوو، بەڕاستی، ئەو دەیەیە بوو کە کورتەچیرۆکی کوردی تێیدا گەشەی کرد و چەسپا و بوو بە کۆڵەکەیەکی بتەوی ئەدەبییاتی کوردی. ڕاستە نەوەی چیرۆکنووسانی چلەکان، نەوەی دووەمی کورتەچیرۆکی کوردی بوو، بەڵام بەرهەمی نووسەرانی نەوەی یەکەم

ئەوەی پێوە دیارە کە ئەوان ئەزموونێکیان نییە و شارەزای کورتەچیرۆکی بێگانەیش نین. دوو تێکستی گرنگی نووسەرانی نەوەی یەکەم "لە خەوما"ی جەمیل سائیب (١٨٨٧–١٩٥١) و "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧–١٩٣٥) لە لایەکەوە بە ناتەواوی مابوونەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە، هێندەی لە ڕۆمانەوە نزیکن، ئەوەندەیش لەوەوە دوورن بە کورتەچیرۆکیان دابنێین. تێکستەکانی پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) و جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣–١٩٥١) چوارچێوەی ئەدەبین بۆ وروژاندنی سیاسی.

گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩–١٩٤٩) و هاوار (١٩٣٢–١٩٤٣) لە پێشخستن و گەشەپێدانی کورتەچیرۆکی کوردیدا نەخشێکی نایابیان بینی. سەرنووسەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ، ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائوددین سەججادی، خۆیان دوو چیرۆکنووسی دیار و توانا بوون. چیرۆکنووسی سێیەمیش شاکر فەتتاح (١٩١٤–١٩٨٨) بوو کە هەموو چیرۆکەکانی ئەو سالانەی لە گەلاوێژدا بڵاو دەکردنەوە. چیرۆکنووسە دیارەکانی گۆڤاری هاوار قەدریجان (١٩١٦–١٩٧٢)، عوسمان سەبری (١٩٠٥–١٩٩٣) و نوورەددین زازا (١٩١٩–١٩٨٨) بوون.

گەلاوێژ لەو ڕووەوە زۆر هۆشیارانە و بە بەرنامەیەکی بەرزویستانەوە تێدەکۆشا. بەڕێوەبەرانی گەلاوێژ لەپاڵ هاندانی نووسەرانی کورددا کە چیرۆك بنووسن، پێیان وا بوو باشترین ڕێگا بۆ برەوپێدانی هونەری کورتەچیرۆك ئەوەیە تێکست لە زمانانی دیکەوە بکەنە کوردی بۆ ئەوەی ببنە نموونە بۆ نووسەرانی کورد. وەك بەشێك لەو نەخشەیە مامۆستا گۆران (١٩٠٤–١٩٦٢) نۆ کورتەچیرۆکی لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە کردنە کوردی و لە گەلاوێژدا بڵاوی کردنەوە. دواتریش، ساڵی ١٩٥٣، هەر مامۆستا سەججادی ئەو چیرۆکانەی وەك ئانتۆلۆگییەك بە ناوی "هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە" بڵاو کردەوە. لە کۆی ١٠٥ ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ، ١١٤ کورتەچیرۆکیان تێدا بڵاو کراونەوە، لەمانە ٨٢ چیرۆکیان لە زمانانی دیکەوە تەرجەمە کراون و ٣٢ چیرۆکەکەی تریش بەرهەمی نووسەرانی کورد خۆیانن (Shakely 2011: 18).

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەرهەمی هەرسێ چیرۆکنووسی ناوداری چلەکانی کوردستانی عیراق، بلە و فەتتاح و سەججادی، زۆر لە یەکەوە نزیکن. خەباتی ئەو سەردەمەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی عیراق دژی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز لە گەرمەیدا بوو. گەندەڵی بە شێوەیەکی یەکجار فراوان لە سیستێمی کارگێڕی و دەستگاکانی دەوڵەتی عیراقدا تەشەنەی کردبوو. لە کۆمەڵی کوردەواریدا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای خێڵایەتی بووبووە هۆی چەسپاندنی کۆمەڵێك نەریتی کۆنی وا کە ڕزگاربوون لێیان ئاسان نەبوو، بەڵکە خەباتێکی سیاسی و فەرهەنگی و شارستانەتیی فراوان و دوورودرێژی دەویست.

نزیکبوونەوەی ئەو سێ چیرۆکنووسە لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بە

نیازی پێشاندان و چارەسەرکردنیان، زۆر پێوەستی شێوەی جیهانبینیی سیاسی و فەرهەنگی و هونەرییانە. ئێمە دەتوانین هەر وا بە کورتی هەڵوێستی هەرسێ نووسەر بەم جۆرە ڕوون بکەینەوە:

ئەلف: ئیبراهیم ئەحمەد وەك ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ دەڕوانێتە مەسەلەکان. کێشەکان بە وردی دەستنیشان دەکات و چارەسەریش، زۆرجار، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتە بەردەستی خوێنەر. ئەو سەرچاوەی هەموو کێشە و گەندەڵییەکان دەباتەوە سەر سیستێمی سیاسیی وڵاتەکە و پێی وایە دەبێ ئەو سیستێمە هەڵوەشێنرێتەوە و لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێت. بلە بە زمانێکی جوان، بەڵام ئاسان و سادە، دەنووسێت. تۆ کە چیرۆکەکانی دەخوێنیتەوە، یەکسەر هەست دەکەیت نووسەر شارەزای لادێ و ژیانی جووتیار و لادێنشینان نییە، بە چاوی کەسێکی شارنشین تەماشای شتەکان دەکات. هەستێکی مرۆڤانەی قووڵی هەیە و ناکۆکیی چینایەتی بە وردی دەبینێت و لایەنگری هەژار و چەوساوە و بێدەستەڵاتانە.

بێ: شاکر فەتتاح زۆرتر لەو کێشە و دەردانە ورد دەبێتەوە کە پێوەستی نەریتە کۆنباوەکانی کۆمەڵگەن. کەمتر لە کێشە سیاسییەکان نزیك دەبێتەوە. بۆ دیاریکردنی چارەسەر، فەتتاح ناچێتە بنجوبناوانی ئاڵۆزییەکان. شارەزای ژیانی لادێ و جووتیاران نییە. ئەو پێی وایە بە گۆڕینی کارمەندێکی خراپ و بەرتیلخۆر و گواستنەوەی لەو شوێنە و هێنان و دانانی کارمەندێکی دەستپاك لە جێگەکەی ئیتر کێشەکە چار دەکرێت. زمانە کوردییەکەی باش نییە و بایەخ بە جوانیی زمان نادات. هەستێکی قووڵی مرۆڤانەی هەیە و لایەنگری هەژارانە.

پێ: بە پێچەوانەی بلە و فەتتاحەوە، سەججادی یەکجار زۆر شارەزای ژیانی لادێ و جووتیاران و تەنانەت سیستێم و ژیانی خێڵە کۆچەرەکانە. زۆر بە وردی ناکۆکییەکان دەبینێت و دەیانخاتە بەرچاوی خوێنەر. بە قووڵی دەڕوانێتە کێشەکان و ڕەگوڕیشەیان هەڵدەداتەوە. سەججادی چارەسەر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دیاری ناکات. بەشێکی زۆری دۆزینەوەی چارەسەر بۆ وردبینی و ژیریی خوێنەر بە جێ دەهێڵێت، بەڵام کێشەکان بە جۆرێك ڕادەنێت، کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی خوێنەر بگاتە ئەنجامگرییەکی ڕاست. ئەمیش ناکۆکیی چینایەتی بە ڕوونی دەبینێت و لایەنگری هەژار و ستەمدیتووانە. نرخ و نەخشێکی بەرچاو دەداتە ژن. گەشترین لایەنی چیرۆکەکانی سەججادی زمانە کوردییەکەیەتی. ئەو زمانێکی یەکجار جوان و بەرز و هونەرمەندانە بە کار دەبات. زۆر بە وردی ئاگاداری لایەنی ئێستێتیکیی وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە.

## سەججادیی نووسەر و زانا

دوای بڕانەوەی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو، وا پێ دەچێت سەججادی گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە ئەو دەتوانێت و دەبێت بە شێوەیەکی دیکە بۆ پێشخستنی نەتەوەکەی و بۆ

گەشەپێدانی نیشتمانپەروەری کار بکات. تۆوی ئەم بیرە پێشتریش لە دەروونی سەجادیی لاودا هەبووە. ئەو هێشتا لە تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵاندا بووە، کاتێك بیستوویەتی یەکێك لە هاوڕێ چەکدارەکانی جەعفەر (جەوهەر) ئاغای شکاك لە زینوێی شێخییە، چووە بۆ لای و بە پەرۆشەوە پرسیاری ئەو ڕووداوە مێژووییەی لێ کردووە و زانیارییەکانی لای خۆی تۆمار کردوون و لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا کە پێشتر لە باوکی خۆی، نەجمووددین سەجادی، بیستبوونی، بەراوردی کردوون. ئەمە ئەو کونجکۆڵی و ئەو تۆوەیە کە پاشتر بوو بە سەجادیی کوردیزان و نووسەری مێژووی ئەدەبی و سیاسیی کورد و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و پێشاندەری جوانی و ڕەوانبێژی و وردەکارییەکانی زمانی کوردی.

لەو سەردەمەدا کە هێشتا فەقێ بووە و دواتریش وەك مەلایەك و وەك نووسەر و زانایەك، زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە و لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر تێکەڵاوی و ئاشنایەتی و دۆستایەتیی پەیدا کردووە. سەجادی بەم گەڕان و تێکەڵاوبوونەی بناغەیەکی بتەوی بۆ کەسایەتیی زانستیی خۆی داناوە. ئەو شارەزایی و ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ بەشی هەرە زۆری کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئایینییەکانی کوردستاندا دامەزراندووە، لە ڕایەڵ و ستروکتووری کۆمەڵی کوردەواری ورد بووەتەوە و هەوڵی شیکردنەوەی داوە، گوێی گرتووە لە وشە و دەربڕین و شێوەزمانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەوڵی فێربوونیانی داوە، قسە و پەند و بەسەرهات و ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بیستووە و تۆماری کردوون و پاراستوونی. بەڵام، من پێم وایە، لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە سەجادی زۆر هۆشیارانە چووەتە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەوە.

ئەگەر سەجادی لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هاوپرسەکیی زانستییەوە ئەو گەنجینە گەورەیە لەبارەی ئەدەب و زمانی کوردییەوە فێر بووبێت، کە دواتر لە "مێژووی ئەدەبی کوردی" و بەرهەمە زانستییەکانی دیکەیدا پێشکەشی کردوون، ئەوا، بێگومان، هەموو شارەزایی و زانیاری و شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی خۆی لەبارەی کوردەوارییەوە لە "ڕشتەی مرواری" و "هەمیشەبەهار"دا خستووەتە بەر دەست و بەر چاوی خوێنەری کورد. بەڕاستی ڕشتەی مرواری، تا ڕادەیەکیش هەمیشەبەهار، ئەو ئینسیکلۆپێدیا گەورە و بەنرخ و زانستی و قووڵەیە، کە هەر کەسێك بیەوێ کۆمەڵی کورد و بیر و فەلسەفەی مرۆڤی کورد و شارستانەتیی نەتەوەی کورد بناسێت، دەبێ بیخوێنێتەوە. من لە هەموو مێژووی کتێبی کوردیدا تەنیا سێ چوار شاکار دەبینم کە بکرێ لەو ڕووەوە لەگەڵ ڕشتەی مرواریدا بەراورد بکرێن: "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣–١٦٠٤)، "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی (١٦٥١–١٧٠٧) و "عادات و ڕوسووماتنامەی ئەکرادییە"ی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩–١٨٦٧). ئەگەرچی ئەم شاکارانە لە ڕووی ناوەڕۆك و ژانر و ئامانجەوە لە یەکدی جیاوازن.

لە ماوەی دە ساڵدا،١٩٤٠–١٩٤٩، سەججادی هەموو توانست و بەهرە و وزەیەکی خۆی تەرخان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی گەلاوێژ و دواتریش نزار. بە تەنیشت ئەوانەیشەوە کورتەچیرۆکی نووسیوە، بەشداریی کردووە لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و نیوچەسیاسیدا، بۆ نموونە ئەندامەتیی یانەی سەرکەوتنی کوردان و سەرپەرشتیی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی چەند نووسەرێکی کردووە و هەندێ ئانتۆلۆگیی بڵاو کردوونەوە. من وای بۆ دەچم، دوای ئەم ئەزموونە جۆراوجۆرانە گەیشتبێتە باوەڕێکی وەها کە نە ڕۆژنامەگەری و نە نووسینی کورتەچیرۆك و نە ئەندامەتی و چالاکیی کۆمەڵەی فەرهەنگی و سیاسی ئەو کارانە نین کە ئەم ژیانی خۆی بۆیان تەرخان بکات. ئەو پێی وا بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵی دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کوردستان هۆشیار بکرێتەوە و تۆوی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی تێدا بچێنرێت، دەبێ پێشەنگ و خوێنەوار و ڕووناکبیرەکانی ئامادە بکرێن و باوەڕێکی بتەویان لا دروست بکرێت کە کورد، وەك نەتەوەیەك، خاوەنی زمان، فەرهەنگ، جوگرافیا، مێژوو، ئەدەبییات و شارستانەتیی خۆیەتی. دەبێ مرۆڤی کورد خۆی بناسێت. دەبێ ڕووناکیی زانست و زانیاری بگاتە نەتەوەکەی، دەبێ بەری عەقڵ و ئاوەز و حیکمەت و فەلسەفەی مرۆڤایەتی لەناویاندا بڵاو بکرێتەوە. ئەمە ئەو پرۆژە فەرهەنگی و ڕۆشنگەرییە بوو کە سەججادی دەیویست ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، ئەگەرچی زۆر چاك ئەوەیشی دەزانی کە پرۆژەیەکی وەها کاری یەك کەس نییە. بەڵام لە نەبوونی دەستگا و دامەزراوی زانستیی کوردیدا نەیدەویست دەستەپاچە ببێت و چاوەڕوان بێت. دەبوو کاری خۆی بکات و پرۆژەکەی خۆی، هەنگاو بە هەنگاو، بباتە پێشەوە. کاتێکیش، ساڵانێك دواتر، کورد بوو بە خاوەنی کۆمەڵێ دەستگای زانستی و فەرهەنگی و زمانەوانی، بۆ نموونە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و کۆڕی زانیاریی کورد، سەججادی هەموو وزە و بەهرە و توانستی خۆی خستە خزمەتی ئەو دەستگایانەوە.

لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانەوە سەججادی وەك زانایەك ژیا، زانایەکی کلاسیك کە دەیویست بناغەیەکی بتەوی زانستی بۆ نەتەوەکەی دابڕێژێت. ئەم جۆرە ژیانە لەگەڵ خەباتی پڕ گۆڕان و هەڵدێر و هەوراز و نشێوی سیاسیدا نەدەگونجا، لەبەر ئەوە سەججادی لە سیاسەت و لە خەباتی سیاسی دوورەپەرێز وەستا. بۆ ئەو کوردایەتی ئەو کارە زانستییە بوو کە دەیکرد و خۆی بۆ تەرخان کردبوو. هەروەهایش ژیانی زانایەك لەگەڵ ژیانی شاعیر، ڕۆژنامەوان یا چیرۆکنووسێك جیاوازە، بۆیە سەججادی هەم دوور بوو لە ڕووناکیی خۆدەرخستنەوە، هەمیش خۆی بە نووسینی کورتخایێنی ڕۆژانەوە خەریك نەکرد.

## سێ شاکار و شاکارێك

لە ماوەی سێ دەیە و نیودا، لەو کاتەوە کە خۆی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە فەرهەنگییەکەی تەرخان کرد و تا ئەو ڕۆژەی کۆچی کرد، سەججادی کۆمەڵێك کتێبی گرنگ و بەنرخی نووسی

و بڵاو کردەوە. لەم بەرهەمانە پێم وایە تەنیا یەکێکیان، هەمیشەبەهار، کە لە دوانزدە کورتەچیرۆك پێك هاتووە، هەر پێشتر لە دەیەی چلەکاندا، هەمووی نووسراوە و ئامادە بووە بۆ چاپ، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەکەی بە شێوەی کتێب تا سەرەتای شەستەکان دوا کەوت. کتێبەکانی دیکە، بەشی هەرە زۆریان بەرهەمی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی درێژخایێنی زانستین. هەندێ لەو کتێبانەی سەججادی تا ئەو ڕادەیە بایەخدارن کە بوون بە سەرچاوەی زانستیی دەوڵەمەند و بنەڕەتی بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری بابەتەکانی سەر بە کوردناسیدا، تەنانەت بۆ ئەمڕۆیش.

لەم نووسینەدا، من تەنیا لە لای سێ شاکار و شاکارێکی سەججادیدا ڕادەوەستم، کە پێم وایە نموونەی هەرە بەرز و بایەخداری بەرهەمەکانی ئەون. بەرهەمەکانی سەججادی زۆرن و دەکرێ هەر یەکێکیان بە جیا لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام پێم وایە ئەم چوارەیان کرۆك و گەوهەری پرۆژە فەرهەنگی و شارستانەتییەکەی سەججادین.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت، بۆچی دەنووسم سێ شاکار و شاکارێك و بۆچی ڕێکوڕەوان نانووسم چوار شاکار؟ وەرامەکە، تا ڕادەیەك، پێوەستی ناوەڕۆك و شێوەی داڕێشتنی بەرهەمەکانە، بۆیە پێم باشە لە یەکدییان جیا بکەمەوە. سێ بەرهەمی یەکەم، واتە مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕشتەی مرواری و شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ئەنجام و بەرهەمی کارکردنێکی قووڵ و درێژخایێنن و نووسەر بەپێی نەخشەیەکی دووربینانە کاری تێدا کردوون و خەریکی تۆژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و خەریکی خوێندنەوەی دەیان و سەدان سەرچاوە بووە تا نووسیونی و ئامادەی کردوون. کتێبی یەکەم مێژوویەکی ئەدەبییە و سێیەمیش مێژوویەکی سیاسیی نەتەوەی کوردە. بۆ ئامادەکردنی ئەو دووە، سەججادی ساڵانی دوورودرێژ پێویستی بە لێکۆڵینەوە بووە و سوودی لە سەدان سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و لەوەیە زمانی دیکەیش وەرگرتبێت. هەروەها پەنای بردووەتە بەر سەدان دەستنووس و چاوی بە دەیان کەسایەتیی جیاوازی فەرهەنگی و سیاسی کەوتووە. ڕشتەی مرواری لێکۆڵینەوە نییە، بەڵام ئەویش بەرهەمی کارێکی پشوودرێژانەیە و بەپێی نەخشەیەکی درێژخایێن ئامادە کراوە.

هەمیشەبەهار لەوانی تر جیاوازە. ئەمە ئەدەبێکی داهێنراو یا داهێنەرانەیە، نووسەر نەچووە بە ساڵان خەریکی توێژینەوە بێت، بۆ ئەوەی کورتەچیرۆکێك بنووسێت، بەڵکە لە ماوەیەکی کورتدا، کاتێ ئیلهامێکی بۆ هاتووە، دانیشتووە و چیرۆکەکەی نووسیوە. لە ڕووی قەبارەیشەوە دیسان جیاوازن؛ لە کاتێکدا مێژووی ئەدەبی کوردی نزیکەی حەوتسەد لاپەڕەیە، شۆڕشەکانی کورد ٣٦٤ لاپەڕەیە و سەرجەمی هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواری دەگاتە ١٥٣٠ لاپەڕە، هەمیشەبەهار لە ١١٢ لاپەڕە پێك هاتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشەبەهار، بەپێی چێژی من، یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی کوردی.

لایەنێکی یەکجار ورشەداری هەمیشەبەهار ئەو زمانە کوردییە جوان و پاراو و بەرز و هونەرمەندانەیەیە کە نووسەر بە کاری هێناوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ڕاستیدا هەمیشەبەهار یەکەمین بەرهەم و یەکەمین کتێبی سەججادییە، چونکە ئەم چیرۆکانەی لەنێوان تەمموزی ١٩٤٦ و ئابی ١٩٤٩دا نووسیون، واتە چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار، کالآی بالآی شای لێ دەربچێت کە ئەویش تەرجەمەیە، هەموویان لە ماوەی سێ ساڵ و یەك مانگدا نووسراون. یەکەم بەرهەم و یەکەم کتێبی نووسەرێك لە ڕووی ناوەڕۆك و لە ڕووی زمانەوە هێندە جوان و بەرز بێت، ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەججادی خاوەنی بەهرەیەکی چەند گەورە و گەش و بەرز بووە. هەندێ جار کە هەمیشەبەهار دەخوێنمەوە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم خۆزگە سەججادی هەر لەسەر نووسینی چیرۆك بەردەوام ببووایە و خۆی خەریکی هیچی تر نەکردایە، بەڵام هەر زوو خۆزگەکەم دەخەمە لاوە، چونکە ئەو شاکارە گەورانەی دواتر نووسیونی لە هەمیشەبەهار کەمتر نین، ئەگەرچی هەر شتێك تام و چێژی خۆی هەیە.

## مێژووی ئەدەبی کوردی [چاپی یەکەم ١٩٥٢، چاپی دووەم ١٩٧١]

ئەگەرچی نووسەرانی کورد زۆرجار کارەکانی خۆیان ناو دەنێن مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان مێژووی شیعری کوردییان نووسیوە، نەك مێژووی هەموو ئەدەبی کوردی، کە دیارە ئەمەیش هۆی خۆی هەیە. پێش ئەم کارەی سەججادی چەند نووسەرێکی دیکەیش هەوڵیان داوە بە شێوەیەك، مێژوویەك بۆ ئەدەبی کوردی بنووسن. کارە گرنگەکان لەم بوارەدا ئەمانەن:

یەك: ئەو زانیارییانەی کە مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کۆتاییی ١٨٥٠کاندا دابوونی بە زانا و کوردناسی ڕووسیی لە بنەچەدا پۆڵۆنی ئاوگوست ژابا (Jaba 1860). ئەم زانیارییانە پاشان ڕێك خراون و بە شێوەی کتێب بڵاو کراونەوە: جامیع یێ ڕیسالەیان و حیکایەتان ب زمانی کورمانجی، سانت پیتەرسبورگ، ١٨٦٠. کتێبەکە لە پێنج پاژ پێك هاتووە و یەکێکیان بۆ ژیانی هەشت شاعیری کورد تەرخان کراوە. شاعیرەکان ئەمانەن: عەلی حەریری، مەلایێ جەزیری، فەقییێ تەیران، مەلای باتەیی، ئەحمەدی خانی، ئیسماعیل بایەزیدی، میر شەرەفخانی هەکاری و مورادخانی بایەزیدی. گرنگیی ئەم کارە ئەوەیە کە یەکەمین جارە زانیاری لەبارەی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی کلاسیکی کوردەوە بڵاو دەکرێتەوە. زانیارییەکان، زۆرجار، ناتەواون و ورد نین.

دوو: ئەمین فەیزی: ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد [ئیستانبوڵ ١٣٣٩ (١٩٢٠)، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٨٣].

ڕاستییەکەی ئەمە ئانتۆلۆگییەکی شیعری کلاسیکی کوردییە. فەیزی لەم کتێبەدا بەرهەمی

پانزده شاعیری کوردستانی عیراق و ئێرانی پێشکەش کردووە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا هەندێ زانیاریی گشتیی لەبارەی ژیانی هەندێ لە شاعیرەکانەوە نووسیوە.

یەکێك لە زانیارییە گرنگەکان لەبارەی نالییەوەیە. فەیزی ئەوە جەخت دەکات کە نالی دواساڵەکانی ژیانی خۆی لە ئیستانبوڵ بردووەتە سەر و لە گۆڕستانی ئویسکۆدار نێژراوە. زانیارییەکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە دیوانی مەولانا خالید بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی عەبدولمەجید خان، عەبدولمەجیدی دووەم، (١٨٣٩–١٨٦١ سوڵتان بووە) چاپ کراوە.

سێ: ڕەفیق حیلمی: شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٤١ [بەرگی دووەم، ١٩٥٦].

ئەم بەرهەمە زیاتر بە ڕەخنەی ئەدەبی، یا لێکدانەوەی ئەدەبی، دادەنرێت، بەڵام زانیاریی مێژووییشی تێدایە وەك ژیننامەی شاعیرەکان و باسکردنی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی. حیلمی لە هەردوو بەرگەدا کۆمەڵێك شاعیری کلاسیك و تازەیشی پێشکەش کردوون و لە ڕوانگەیەکی زمانەوانی و هونەرییەوە شیعرەکانی خوێندوونەوە.

چوار: هەرەکۆل ئازیزان [جەلادەت بەدرخان]: کلاسیکێن مە، هاوار، هەژمار ٣٣، چریا پێشین [ئۆکتۆبەر] ١٩٤١، ل: ٦–١٤.

بەشێکی زانیارییەکانی ناو ئەم نووسینە لە کتێبەکەی ژاباوە وەرگیراوە و نووسەر خۆیشی ناوی چەند شاعیرێکی دیکەی خستووەتە سەر. لەبەر ئەوەی بەدرخان وتارەکەی خۆی بە ئەلفوبێی لاتینی تورکی نووسیوە، کۆمەڵێ ناو و زاراوەی ئەدەبی شێوێنراون [شیعر بووە بە شهر، شاعیر بووە بە شاهر، عارف بووە بە ئارف، سیفاتێ سەبعە بووە بە سفاتێ سەبهە، غەزەل بووە بە خەزەل، قەدەحی حیرمان بووە بە قەدەهی هرمان...هتد]. هەروەها لە گواستنەوەی نموونەکانی شیعر بە کوردیی خواروودا هەڵەیەکی زۆری کردووە.

مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی سەججادی، لە زۆر ڕووەوە، لەوانەی پێشتر نووسرابوون جیاواز بوو. لەم مێژووەدا ژیان و بەرهەمی ٢٤ شاعیری کورد دەخوێنینەوە. نووسەر نموونەی شاعیرانی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیی هەڵبژاردووە: لوڕی، هەورامی، کوردیی باشوور و کوردیی باکوور. بەشی زۆری شاعیرەکان کلاسیکەکانن، بەڵام چەند شاعیرێکی سەردەمی تازەیش پێشکەش کراون. بێجگە لەو لێکۆڵینەوانە، سەججادی بە دوورودرێژی لەبارەی مێژووی کورد و کوردستان، نەریتی داستاننووسی، میتۆلۆگیی کوردی و ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە نووسیویەتی و مێژووی ئەدەبی کوردیی لەگەڵ مێژووی ئەدەبی میسری، فارسی، چینی، هندی و عیبری و یۆنانی و ڕۆمانیدا بەراورد کردووە.

ئەم بەرهەمەی سەججادی یەکەمین مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردییە. نووسەر بەم کارەی بنەڕەتێکی یەکجار سەخت و بتەوی بۆ ئەدەبی کوردی و بۆ فەرهەنگی کوردی دارێشت.

ئێستایش دوای تێپەڕینی شەست ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، هیچ لێکۆڵەرەوە و توێژەرێکی جیددی، بیەوێ لەسەر ئەدەبی کوردی کار بکات، ناتوانێ خۆی لە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیە ببوێرێت.

مێژووی ئەدەبی کوردیی سەججادی لە زۆر ڕووەوە دەکرێ لەگەڵ شەرەفنامەی بەدلیسیدا بەراورد بکرێت. بە نووسینی کتێبی (شەرەفنامە)، شەرەفخانی بەدلیسی (٩٤٩-١٠١٢/ ١٥٤٣-١٦٠٣/٤) یەکەمین مێژووی سیاسیی نەتەوەی کوردی داڕێشت و بنەڕەتێکی پانوپۆڕ و بتەوی بۆ ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد دانا. شاکارەکەی بەدلیسی تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژووی کورد یا ژیننامە و شەڕوشۆڕی میر و بەگ و خانەکانی کورد نییە، وەك هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان بۆ سووکایەتیکردن بە کورد و مێژووەکەی دەیڵێن. شەرەفخان هەر لە پێشەکیی شەرەفنامەدا ڕێبازی زانستییانەی کارەکەی و بیرکردنەوەی ورد و دووربینانەی خۆی دیاری دەکات. لە دوو بواردا شەرەفخان زۆر بە ڕوونی هێڵەکانی بیرکردنەوەی خۆی دەکاتە بنەما و نوختەی دەرچوون بۆ نووسینی مێژووی کورد: یەکەم، جیۆگرافیای کوردستان بۆ ئەو، هەموو ئەو ناوچە و هەرێمانەیە کە کورد یا زۆرایەتییەکی کوردی تێدا دەژی، ئیتر لەناو سنووری هەر ئیمپراتۆریایەکدا یا لە کەوشەنی هەر سوڵتاننشینێکدا بێت. شەرەفخان ئەگەرچی خۆی خان و گەورەی میرنشینێکی کورد بوو، بەڵام دوور لە هەموو تەسکبینییەکی ناوچەگەرانە و دوور لە بەرژەوەندیی میرنشینەکەی خۆی بیری لە جیۆگرافیا و سنووری کوردستان کردووەتەوە؛ دووەمیش، بۆ پێناسەکردنی کورد، پێوەری نووسەر ئەوەیە هەموو ئەو خێڵ و تیرە و کۆمەڵانەی خۆیان بە کورد دەزانن و بە یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەدوێن کوردن و بەشێکن لە نەتەوەی کورد. ئەم بیرکردنەوەیەی بەدلیسی هێندە بەهێزە کە بۆ ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە یەکجار ورد و پێشەنگانەیە و لەگەڵ تیۆرییە زانستییەکانی ئەمڕۆیشدا تەبا و هاوئاهەنگە.

سەججادییش لە کتێبەکەی خۆیدا ئەو ڕێبازەی شەرەفخانی گرتووە. ئەو مێژووی بۆ هەموو ئەدەبی کوردی نووسیوە، واتە هەموو ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی کوردی، بە هەر یەکێك لە زاراواکانی زمانی کوردی، نووسرابێت، ئیتر نووسەرەکە لە هەر ناوچەیەکدا ژیابێت و سەر بە هەر دەوڵەت و ئیمپراتۆریایەك بووبێت. بەم پێناسەکردنەی ئەدەبی کوردی و ئەدیبی کورد، سەججادی بنەمایەکی بۆ ئەدەبی نەتەوایەتیی کورد داڕێشت، کە بوو بە مۆدێلێك بۆ هەموو ئەوانەی دوای ئەو لەگەڵ مێژووی ئەدەبی کوردیدا کاریان کردووە.

گرنگیی کارەکەی سەججادی ئەوە نییە کە زانیارییە ئاشکرا و بەردەستەکانی کۆ کردبێتەوە تا بیانکاتە کتێبێك. ئەو لە لایەکەوە هەموو زانیارییەکی لەبارەی ژیان و سەردەم و شیعری شاعیرانەوە بە پێوەری لۆگیك و ژیری پێواوە، ئەوسا سوودی لێ وەرگرتووە و لە کتێبەکەیدا جێی داوەتێ. واتە ئەو وەك زانایەك بە چاوی گومان و پشکنینەوە لەو زانیارییانەیش کۆڵیوەتەوە کە

پێشتر وەك ڕاستینە تەماشا کراون و خستوونیە ژێر پرسیارەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە لە ڕێگەی مێتۆدێکەوە کە زیاتر لە لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکاندا بە کار براوە، بە دوای زانیاریی تازەدا گەڕاوە لەسەر ژیان و سەردەمی شاعیرەکان. زانیاریی تازە ئەو ئەنجامگرییانەن کە بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی تێکستەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕاستینەکانی مێژوودا گەیشتووە پێیان. دیارە ئەمە وا ناگەیێنێت کە نووسەر لە هەموو ئەنجامگرییەکانیدا گەیشتبێتە ڕاستی و ئەمڕۆ، کە بواری توێژینەوە فراوانتر و ئاسانترە، گومان لە دروستییان نەکەین. هەر بۆ نموونە دەیڵێم، سەججادی زۆر بە وردی لەگەڵ ژیان و سەردەمی مەلای جەزیریدا خەریك بووە و پێی وا بووە جەزیری دەبێ ساڵی ١٤٠٧ لە دایك بووبێت و ساڵی ١٤٨١ کۆچی کردبێت، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکان کە دواتر کراون، ئەوە پێشان دەدەن کە جەزیری نزیکەی نەوەد ساڵێك دوای ئەو مێژووی مردنەی سەججادی داویەتی، لە دایك بووە. نووسەر لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا بەشێك لەو زانیارییانەی ڕاست کردوونەوە، کە لە چاپی یەکەمدا بڵاوی کردبوونەوە.

سەججادی بەوەوە نەوەستاوە کە ساڵ و ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی شاعیرەکان بدۆزێتەوە، بەڵکە هەوڵی ئەوەیشی داوە کە هەندێ لە تێکستەکانیان لێك بداتەوە و لایەنە ئێستێتیکییەکان، بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمان و وێنەی شیعری، ڕوون بکاتەوە و بە زمانێکی ڕەوان بۆ خوێنەری شی بکاتەوە. لەم جۆرە شیکردنەوانەدا سەججادی نەك تەنیا ڕوواڵەتی زمانەوانیی تێکستی خوێندووەتەوە، بەڵکە هەندێك جاریش هێما و سیمبۆلەکانی کردووەتە بەڵگەیەك بۆ لێکدانەوەی لایەنی سیکۆلۆگییانەی تێکستەکە و لەوێیشەوە بەستنەوەی ئەنجامگرییەکانی بە ژیان و جیهانبینیی شاعیرەوە. ئەمە، هەر بۆ نموونە، لە لێکۆڵینەوەی شیعر و ژیانی مستەفا بەگی کوردیدا بە ئاشکرا دیارە.

ئەگەرچی سەججادی بەشی هەرە گرنگی کتێبەکەی بۆ بەرهەمی شاعیرانی کورد، واتە ئەدەبی نووسراو، تەرخان کردووە، بەڵام هاوکاتیش بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بە ئەدەبی زارەکی، ئەدەبی فۆلکلۆری؛ داستان و ئەفسانە و چیرۆك و پەندی پێشینان. ئەو، ئەدەبی زارەکی بە بەرهەمی بیر و ژیری و چێژی جوانناسیی مرۆڤی کورد دادەنێت و پێی وایە ئەم بابەتانە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلن و دەتوانن هەست و بیر و هۆشی مرۆڤی کورد لە چوارچێوەی ژیانی ماددی و فکریی کۆمەڵدا وێنا بکەن.

مێژووی ئەدەبی کوردی شەست ساڵ لەمەوپێش بڵاو کرایەوە. لە ماوەی ئەم شەست ساڵەدا چەند کتێبی دیکە لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بڵاو کراونەتەوە، بە کوردی و بە زمانی دیکەیش، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ یەکێك لەم بەرهەمانە نەیتوانیوە جێگەی کتێبەکەی سەججادی بگرێتەوە و ببێتە سەرچاوەی سەرەکی لەو بوارەدا. تاکە سەرچاوەیەك کە دەکرێ لە تەنیشت کتێبەکەی سەججادییەوە دابنرێت، "مێژووی ئەدەبی کوردی"یەکەی پرۆفیسۆر مارف خەزنەدارە (١٩٣٠–٢٠١٠).

سەجـجـادی زۆر چـاك لـەوە گـەیشتـبـوو كـە بـۆ دروستـبـوونـی نـەتـەوە و نـیشتـمـانـێك و بـۆ گەشانـەوەی هـەستـی نـەتـەوەدۆستـی و نیشتـمـانـپـەروەری، دەبـێ سـەرخـانـێكـی پـتـەوی فـكری و مێژوویی و فـەرهـەنگی و زمانەوانی و ڕۆحی هـەبێت، تا كەسانی نەتەوە باوەڕیان بە خۆیان و بە گەل و نەتەوە و نیشتمانی خۆیان لا دروست ببێت. دەیزانی مێژوو، چ سیاسی بێت و چ ئەدەبی، پاڵپشتێكی گەورەی مەعنەوییە بۆ بنیاتنانی ئەمڕۆ و داهاتوویش و دەبێتە هۆی بزواندن و بەهێزكردنی هەستی خۆناسی. نووسینی مێژووی ئەدەبی كوردی بەرهەمی ئەو بیركردنەوەیە و هەڵقەیەكی پتەوی ئەو پرۆژە شارستانەتییە بوو كە ژیانی زانستیی خۆی بۆ تەرخان كردبوو.

**ڕشتەی مرواری** [بەرگی یەكەم ١٩٥٧، بەرگی دووەم ١٩٥٧، بەرگی سێیەم ١٩٥٨، بەرگی چوارەم ١٩٦٨، بەرگی پێنجەم ١٩٧٢، بەرگی شەشەم ١٩٧٩، بەرگی حەوتەم ١٩٨٠، بەرگی هەشتەم ١٩٨٣]

سەججادی وەك زانایەكی كلاسیكی كورد و ڕۆژهەڵاتی، شارەزای سەرچاوە زۆر و گرنگ و كلاسیكییەكانی زمان، مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی بوو. هـەروەهـایش لە ڕێگەی ئەو دوو زمانەوە ئاشنایەتییەكی باشی لەگەڵ فەرهەنگ و مێژووی گەلانی دیكەیشدا پەیدا كردبوو. ئەو دەیبینی كە زانایانی ئەو گەلانە هەر لە سەردەمێكی زۆر زوودا، ورد و درشتی ڕووداو و قسە و پەند و چیرۆك و بەسەرهات و زانیارییەكانی كۆمەڵی خۆیان كۆ كردوونەوە و بۆ نەوەكانی دوای خۆیانیان بە جێ هێشتوون. سەججادی دەیویست ڕێك وەك ئەوان بكات. دەیویست هەموو شتێكی كورد كۆ بكاتەوە و تۆماری بكات و لە دەست فەوتانی دەربهێنێت. ئامانجی كۆكردنەوەی گەنجینەی فۆلكلۆر و كەلەپووری كورد تەنیا لەپێناوی ئەوەدا نەبوو كە بیانكاتە كتێب و ڕەفی كتێبی ماڵان و كتێبخانەكانی پێ پڕ بكاتەوە، بەڵكە ئەمەیش هۆیەك و دەستاوێژێك بوو بۆ گەشاندنەوەی بیری نەتەوایەتی و بۆ بەهێزكردنی ناسنامەی مرۆڤی كورد. سەججادی هەوڵی داوە ڕشتەی مرواری گونجاندن و تێكەڵاوكردنی چەند نموونەیەكی ناسراوی ئەدەبی عەرەبی و فارسی بێت: (الأغانی) و هەندێ كتێبی دیكەی ئەبولفەرەج ئەلئیسفەهانی (٨٩٧–٩٦٧)، (گلستان) و (بوستان)ی سەعدیی شیرازی (١١٨٤–١٢٨٣/١٢٩٢)، (العقد الفرید)ی ئیبن عەبد ڕەببیهی (٨٦٠–٩٤٩)، (المستطرف)ی ئەبشەهی (١٣٨٧–١٤٤٧) و (بهارستان)ی شێخ عەبدولڕەحمانی جامی (١٤١٤–١٤٩٢). بەڵام لە ڕووی ڕێكخستنەوە دەتوانم بڵێم كارەكەی سەججادی لە كاری ئەوان ڕێكوپێكترە. ئەگەرچی سەججادی سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ڕشتەی مرواری بەرهەمی گەڕان و كۆششی خۆین و بابەتەكان سەر بە كۆمەڵی كوردەوارین.

لە هەشت بەرگی ڕشتەی مرواریدا، سەججادی هەزاران ڕووداوی سیاسی، فەرهەنگی و

کۆمـەڵایـەتـیـی کـۆمـەڵـی کوردەواریی کۆ کردوونـەوە و بـە زمـانێکـی ئـەدەبیی جوان و پـاراو دایـڕێشتـوونـەتـەوە. ئێمە ئـەگـەر کـەسانـی وەك مـەحـموو پـاشای جـاف، شێخ ڕەزای تـاڵـەبـانـی، مەولەوی، موفتیی زەهاوی، وەسمان پاشای جاف، شێخ مەحمووی حەفید، سەیید ئەحمەدی خانەقا، حەماغای کۆیە، عادیلە خانم، پیرەمێرد و سەدان مەلا و شێخ و حاجی و ئاغای کوردستانمان لە ڕێگەی مێژووی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە ناسیبێت، بەڵام لە ڕشتەی مرواریدا لایەنێکی دیکەی ژیان و کەسایەتیی ئەم مرۆڤانە دەخوێنینەوە. ڕشتەی مرواری وێنەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوانمان بۆ دەکێشێت و شێوەی ڕەوتار و گوتار و کردار و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەوانمان پێ دەناسێنێت، وەك نموونەی بیر و فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد.

بەشێکی چیرۆك و پەندەکانی ڕشتەی مرواری ئەوانەن کە لە کتێبەکانی ئیسفەهانی و سەعدی و جامی و لە کتێبی دیکەدا بەرچاو دەکەون، بەڵام سەججادی هاتووە هەموو ئەمانەی لە شێوە و ناوەڕۆکدا کورداندووە و کردوونی بە چیرۆك و بەسەرهاتی کوردی. کەسەکانی ناو ئەو چیرۆکانەی کردووە بە کورد و کردوونی بە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، تا ئەو ڕادەیەی کە تۆ دەیخوێنیتەوە، ڕێك وەك چیرۆك و بەسەرهاتێکی کوردەواری دێتە بەرگوێت و دەکەوێتە بەرچاوت. هەزاران جار ڕستە و دەربڕینی لەم بابەتە دەبینین:

* کابرایەکی موکری لەگەڵ ژنەکەیا دانیشتبوون

* کابرایەك بوو بە میوانی ماڵەکوردێك

* کابرایەکی کورد ژنێکی هێنا

* پیرێژنێکی کورد هەبوو

* ژن و مێردێکی کورد دەوری گەنجییان پێکەوە ڕابوارد

* ساڵێك لە کەرکووك لە مزگەوتی منارەنەخشینە... وتی: من فەقێیەکی خەڵکی ئەو وڵاتی کوردستانەم لایە...

* پیاوێك هەبوو لە شاری سنە زۆر دەوڵەمەن بوو

* ئەمیر تەیمووری گورگانی لە کوردەواریدا ڕۆژێك لە ڕاو ئەبێ، تووشی شوانێکی کورد ئەبێ...

سەججادی کە ئەم ڕووداوانە دەکوردێنێت، لە لایەکەوە ئاگاداری ئەوەیە ئەمانە بەشێکن لە گەنجینەی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و تەنانەت نووسەرە عەرەب و فارسەکەیش لەوەیە لە خەڵکی دیکەیان وەرگرتبێتن و ئەمیش لەوانی وەردەگرێت. لە لایەکی دیکەیشەوە لەو باوەڕەدایە ئەگەر زانیاری و دەنگوباس چوونە ناو کتێبەوە و بە نووسراوی هەڵگیران، ئیتر لای خوێنەر و لای خەڵك دەبنە ڕاستی و جێی باوەڕن. زۆرجار گوێم لە مامۆستا هەژار (١٩٢٠-١٩٩١) بووە دەیگوت: ئێمە دەبێ هەموو شتێکی خۆمان بنووسینەوە. تۆ تا بەیانی قسە بۆ خەڵك بکە، گوێت لێ ناگرن، بەڵام کە بە نووسراوی بیبینن، دەڵێن "لە کتێباندا نووسراوە." ڕەنگە ئەم جۆرە

کوردایەتییەی سەججادی و هەژار و هاوەڵانیان لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەمڕۆی خوێنەواری کورددا جێی نەبێتەوە، یا هەر گاڵتەیشی پێ بکات، بەڵام بۆ ئەو سەردەمەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو کارکردێکی دیکەی هەبوو.

ئەو کارکردەی باسم کرد، ئێستا لای زۆر خوێنەری کورد بووەتە بەشێك لە ڕاستینەکانی مێژووی سیاسی و فەرهەنگیمان. من پێم وایە بەشێك لەو زانیارییانەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی ژیان و دیمەن و هەڵسوکەوتی شاعیرانەوە نووسراون، بنەڕەتێکی مێژوویی و ماددییان نییە و سەججادی خۆی پێکی هێناون. بەڵام ئەمڕۆ هیچ نووسەر و لێکۆڵەرێکی ئەدەبی کوردی ناتوانێ خۆی لە هەموو ئەو زانیارییانە نەبان بکات. هاوینی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٢ لە لەندەن دەژیام و هەموو حەفتەیەك دەچوومە سەردانی مامۆستا تۆفیق وەهبی (١٨٩١–١٩٨٤). وەهبی، سەججادیی خۆش نەدەویست و کە ناوی ئەو دەهات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە باسی دەکرد. جارێکیان وتی: سەججادی لەبارەی هەموو بابەتێکەوە قسەی کردووە و نووسیویەتی. لەبارەی هەموو شتێکەوە ڕا و بۆچوونێکی هەر دەربڕیوە. ئەمەی بۆیە کردووە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك شتێکی نووسی یا لێکۆڵینەوەیەکی کرد، ناچار بێت، ڕا و بۆچوونەکەی سەججادییش باس بکات و نووسینەکەی وەك سەرچاوە بە کار بهێنێت و ئیشارەتی بۆ بکات، تەنانەت ئەگەر دڵنیایش بێت کە ڕاست نییە.

لایەنی بەهێزی ڕشتەی مرواری، لای من، تەنیا ئەوە نییە کە بووەتە گەنجینەیەك بۆ پاراستنی فەرهەنگ و بیر و ژیری و ئەزموون و شارستانەتیی کورد، بەڵکە زمانەکەیشیەتی، زمانە کوردییەکەی. سەججادی نەهاتووە هەرچییەکی لە خەڵك بیستبێت و هەرچییەکی خوێندبێتەوە، وەك خۆی بیگوێزێتەوە بۆ ناو هەشت بەرگی کتێبەکەی. ئەو سەرتاپێی ڕشتەی مرواریی بە زمانێکی ئەدەبی و هونەرمەندانە سەرلەنوێ داڕێشتووەتەوە و کردوویەتی بە تێکستێکی ئەدەبی و هونەریی ناسك و جوان و بەرز و لەگەڵ بنەماکانی ڕێزمانی کوردیدا گونجاندوویەتی. لەو شوێنانەدا کە ناوەڕۆکی تێکستەکە وای پێویست کردووە قسەکان بە شێوەزاری ناوچەیی و بە دیالێکتێکی دیکەی کوردی بگوێزرێنەوە، ئەو بەشانەی وەك خۆیان پاراستوون و هەر بەو شێوەزارە هێشتوونیەوە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی بەخشیوەتە تێکستەکە و بووەتە هۆی دەوڵەمەندتر و جوانترکردنی.

ڕشتەی مرواری لە کاتێکدا گەنجینەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و بایەخداری ئەزموون و ژیری و ئاوەز و بیرکردنەوەی کوردەوارییە و سەرچاوەیەکە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ جوانی و ناسکی و قووڵیی زمانی کوردیدا، ڕێنوێن و کاتالۆگێکیشە بۆ ناسینی لایەنی جیاواز و جۆراوجۆری جیۆگرافیا و مێژووی کورد و بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و ڕاستینە کۆمەڵایەتی و ئانترۆپۆلۆگی و سایکۆلۆگی و فەرهەنگی و ئێتنۆگرافییەکانی کورد و نیشتمانەکەی. بەڕاستی ڕشتەی مرواری ئینسیکلۆپێدیایەکە بۆ تێگەیشتن و ناسینی کوردەواری.

**شۆڕشەكانی كورد وە كورد و كۆماری عیراق [چاپی یەكەم ١٩٥٩].**

لەم كتێبەیشیدا، وەك لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، سەججادی سوودێكی زۆری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەكانی مێژووی كورد و مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی جیهانیش وەرگرتووە. لەپاڵ ئەو زانیارییانەدا نووسەر لێكۆڵینەوەی خۆیشی لەبارەی ڕووداوەكانی مێژووی كوردستانەوە كردووە، بەتایبەت ئەوانەی هاوسەردەمی خۆی بوون، یا بە جۆرێكی ناڕاستەوخۆ ئاگاداریان بووە. لەو بوارەدا گەیشتووەتە كۆمەڵێك ئەنجامگری، كە بوونەتە بنەڕەتی نووسینەوەی مێژوویەكی تازەی كورد و زانیاریی گرنگی پێشكەش كردووە. سەججادی مێژووی كورد وەك زنجیرە ڕووداوێكی پێكەوەبەستراو دەبینێت، كە لە ناوەڕۆكدا بۆ بەدیهێنانی یەك ئامانج، ئەویش سەربەخۆییی كوردستانە، تەواوكەری یەكدی بوون.

نووسەر بۆ پێكهێنانی وێنەیەكی گشتگری ڕاپەڕین و شۆڕشەكان لە مێژووی كوردستاندا، وێڕای گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەكان لەبارەی مێژووی كوردستان یا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بیر و لێكدانەوە و پشكنینی خۆیشی تێكەڵ بە باسەكان كردووە. هێڵی بنەڕەتیی گێڕانەوەكانی سەججادی ئەو ڕووداو و ڕاستینانەن كە لە مێژووی نووسراوی كورددا جێیان گرتووە و بوونەتە بەشێكی ناسراو و چەسپیوی ئەو مێژووە. بەڵام هاوكاتیش خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لەو ڕووەوە دەیگەیێنێتە زانیاری و ئەنجامی وەها كە دەبنە بەشێكی گرنگ و بنەڕەتی بۆ تەواوكردنی وێنەی سەردەمێك یا ڕاپەڕینێك.

كاتێ نووسەر باسی شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی حەفید، سمكۆی شكاك، سابڵاخ و بارزان دەكات، دەبینین زۆر بە وردی دەچێتە بنجوبناوانی ڕووداو و ڕۆژەكانەوە، بایەخێكی زۆر بەوە دەدات كە ڕاستی و دروستیی باسێك یا گێڕانەوەیەك ساغ بكاتەوە و ئەزموونی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خۆیشی تێكەڵ دەكات. لە ئەنجامدا زانیارییەك پێكەوە دەنێت، دەكرێ وای چاو لێ بكەین كە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیكە.

لەگەڵ ئەوەیشدا كە ئەم كتێبەی سەججادی سەرچاوەیەكی بەنرخ و بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوە و ناسین و لێكۆڵینەوەی مێژووی كورد، دەكرێ لە سێ ڕووەوە ڕەخنەی لێ بگردرێت:

ئەلف: كتێبی شۆڕشەكانی كورد هێندەی كتێبێكی مێژووییە، ئەوەندەیش تێكستێكی ئەدەبییە. ئەگەرچی لە سەرتاسەری كتێبەكەدا جێگە دراوە بە زانیاری و فاكتێكی زۆر، بەڵام شێوازی داڕێشتن و پێشكەشكردنی باسەكان هەمیشە لایەنی ئەدەبی بەسەریدا زاڵە. بەشی هەرە زۆری ئەو زاراوە و تێرمانەی بە كار هاتوون سەر بە بواری ئەدەب و لێكۆڵینەوەی ئەدەبین، نەك زانستی مێژوو. سەججادی لەم بەرهەمەیشیدا نووسەرێكی ئەدەبییە، نەك

مێژوونووسێکی زانستی.

بێ: نووسەر لە سەرتاسەری کتێبەکەدا تەنیا بە شێوەی گێڕانەوەی یەك لە دوای یەکی ڕووداوەکان مێژوو دەنووسێتەوە، بێ ئەوەی خۆی بە شیکردنەوەوە خەریك بکات. ئەمەیش هەر ئەو شێوازەیە کە مێژوونووسانی کۆنی کلاسیك، بەتایبەت مێژوونووسانی عەرەب، بە کاریان بردووە.

پێ: نووسەر نەیتوانیوە، وەك لە مێژوونووسێك چاوەڕوان دەکرێت، هەڵوێستی بێلایەنانەی خۆی بەرانبەر ڕووداوەکان بپارێزێت و لە ڕوانگەیەکی بابەتییانەوە تەماشای مێژوو، تەماشای ئەو مێژووە، بکات. ئەو، بێ پێچوپەنا، هەموو سەرکردەیەکی کوردی پێ پاڵەوانێکی نەتەوایەتییە و هەموو کردار و داخوازییەکی بەرەی کوردی پێ ڕەوایە.

سەجادی لەم بەرهەمەیشدا دیسان ئامانجێکی پەروەردەکارانەی سیاسی و نەتەوایەتیی هەیە. ئەو دەیەوێ خوێنەری کورد بە جۆرێك پەروەردە بکات کە باوەڕی بە ڕابوردووی نەتەوەکەی خۆی هەبێت و هیوا و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی لەسەر بنەڕەتی ئەو ڕابوردووە هەڵبچنێت. ڕابوردووی خەباتکارانە و جەنگاوەرانەی کورد، بە لای نووسەرەوە، ڕەوایەتی و شەرعییەت دەبەخشێتە بیری سیاسی و هەستی نەتەوایەتیی ئێستای. لای ئەو، مێژوو ئەو زەوینە سەختە و ئەو بنەڕەتە قایم و چەسپاوەیە کە کەسایەتیی مرۆڤی کوردی لەسەر دەڕسکێت، چ وەك تاکەکەس و چ وەك بەشێك لە پێکهاتەیەکی فراوانتر، کە نەتەوەیە.

## هەمیشەبەهار [بەغدا ٢٦٦٠ ك-١٩٦٠م]

سەجادی لەم کتێبەدا دوانزدە کورتەچیرۆکی خۆی کۆ کردوونەوە و پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیون و ساڵی ١٩٦٠ بڵاوی کردوونەوە. لەو پێشەکییەدا دیسان هەندێ لە باوەڕە سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە. شەش چیرۆکی یەکەمین کورتەچیرۆکی ئاسایین، واتە ئەدەبێکە بۆ خوێنەری ئاسایی و گەورەساڵ نووسراوە. بەڵام شەش چیرۆکەکەی دیکە ئەدەبی منداڵان و لاوانن. لەو سەردەمەدا ئەدەبێکی تایبەت، یا چیرۆکی تایبەت، بۆ منداڵان و لاوان بە زمانی کوردی لە پلەی نەبووندا بوو.

تەنیا یەکێك لە چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار، کاڵای باڵای شا، لە شوباتی ١٩٤٤دا بڵاو کراوەتەوە (یا نووسراوە). یانزدە تێکستەکەی دیکە هەمووییان لەنێوان ١٩٤٦-١٩٤٩دا نووسراون و بڵاو کراونەتەوە. کاڵای باڵای شا، نووسەری ناوداری دانمارکی هـ. ك. ئاندەرسن: H. C. Andersen (١٨٠٥-١٨٧٥) نووسیویەتی. وا پێ دەچێت سەجادی لە عەرەبییەوە، یا لە فارسییەوە، تەرجەمەی کوردیی کردبێت. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە

هەندێك دەستكاریی كردووە و بە جۆرێك كورداندوویەتی كە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیی ئەو سەردەمەی عیراقدا بگونجێت.

دەتوانین چیرۆكەكانی هەمیشەبەهار بەپێی مێژووی نووسینیان (كرۆنۆلۆگی) بەم جۆرە ڕیز بكەین:

١. كاڵای باڵای شا: شوباتی ١٩٤٤،

٢. ڕۆنەزەنگی حەمەسەن: تەمووزی ١٩٤٦،

٣. لەپێناوی ئافرەتا: ئەیلوولی ١٩٤٦،

٤. شاییەكەی ڕەشەی خەجەلاو: كانوونی یەكەمی ١٩٤٦،

٥. بۆچی نەچووین بۆ كوێستان؟: مارتی ١٩٤٧،

٦. ڕاوەژیشك: مارتی ١٩٤٩،

٧. گورگ و بەرخەكە: نیسانی ١٩٤٩،

٨. بزن و مەیموونەكە: ماییسی ١٩٤٩،

٩. جەوهەراغا: حوزەیرانی ١٩٤٩،

٩. ڕێوییەكەی قەمچۆغە: حوزەیرانی ١٩٤٩،

١٠. دووبراكە: تەمووزی ١٩٤٩،

١١. سێوەنگ و مام ڕێوی: ئاگوستی ١٩٤٩.

سەرنجڕاكێشە كە لە ساڵی ١٩٤٦دا سێ چیرۆكی نووسیون، لە ١٩٤٧دا تەنیا یەك چیرۆكی نووسیوە، كەچی لە ١٩٤٨دا هیچ چیرۆكێكی نەنووسیوە، بەڵام ساڵی ١٩٤٩ پڕ بەرهەمترین ساڵە، چونكە لەو ساڵەدا، یا لە پێنج مانگی ئەو ساڵەدا، حەوت چیرۆكی نووسیون. دوو لەو چیرۆكانەی لە مانگێكدا، لە حوزەیرانی ١٩٤٩دا، نووسیون.

## پێنج چیرۆك و چیرۆكێك

جیاوازیی "كاڵای باڵای شا" لەگەڵ چیرۆكەكانی دیكەدا ئەوەیە، پێشتریش ئەمەم باس كرد، كە ئەمەیان بەرهەمی سەججادی خۆی نییە. بەڵام نازانم هۆی چییە كە نە ئەو كاتەی لە گەلاوێژدا بڵاوی كردەوە و نە دواتریش كە كۆمەڵەچیرۆكی هەمیشەبەهاری چاپ كرد، هەرگیز ئەوەی ڕوون نەكردەوە كە چیرۆكەكەی لە زمانێكی ترەوە تەرجەمە كردووە.

من هەر بۆ بەراورد و وردبوونەوە تەرجەمەی سوێدی و ئینگلیزیی چیرۆكەكەم خوێندەوە. ڕاستییەكەی ئەوەیە كە لە هەندێ بەشی چیرۆكەكەدا دەستكاریی كردووە و پێیشم وایە ئەم

دەستكاریكردنە لە بەرژەوەندیی تێكستە كوردییەكەدایە. سەججادی نەهاتووە چیرۆكەكەی ئەندەرسن ڕستە بە ڕستە و بڕگە بە بڕگە بكاتە كوردی، بەڵكە سەرتاسەری چیرۆكەكەی كوردان‌دووە و كردوویەتی بە دەرفەتێك بۆ گەیاندنی پەیامێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەلسەفی.

لە چیرۆكەكەی سەججادیدا وەستای فەرەنگی بەڵێن بە پادشا دەدات كە: "ئەم پارچەیە لەو وەختەوە كە دەست ئەكەم بە دروستكردنی تا تەواو ئەبێ، شەشسەد و شەستوشەش ڕۆژ و شەش سەعات ئەخایەنێ." (سەججادی ١٩٦٠: ٣٦). بەڕاستی من تا ئێستایش لەوە نەگەیشتووم سەججادی ئەمەی لە كوێوە هێناوە و ئەم ژمارە سەیرەی بە چ مەبەستێك لە چیرۆكەكەدا داناوە؟ ئایا لە تەرجەمەی فارسی یا عەرەبیی چیرۆكەكەدا، كە من نەمبینیون، ئەمە هەیە؟

كە باس دێتە سەر كۆشك و تەلار و باڵاخانە و زێڕ و زیو و زومڕووت و گەوهەر و مرواری و یاقووت و پیرۆزە، یا دوروشكە و گالیسكە و خێوەت و هەڵسوكەوتی شاهانە، سەججادی هێندە جوانی دەهۆنێتەوە دەڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە كۆشكی پادشایەكدا وەزیر بووە. دەبوو ئاندەرسن شارەزایانەتر ئەو دیمەنانەی باس بكردایە، چونكە ئەو خەڵكی وڵاتێك بوو، پادشا و كۆشك و وەزیر و گەنجینەی هەبوو، نەك سەججادییەكی كورد، كە نە مەملەكەتی هەبووە و نە پادشا.

گۆڕینێكی زەق و مەعنادار ئەوەیە كە لە كۆتاییی چیرۆكەكەدا ڕوو دەدات. لای ئاندەرسن منداڵێكی بچووك هاوار دەكات: "بەڵام، خۆ هیچی لە بەردا نییە." خەڵكەكەیش وردە وردە قسەی منداڵەكە دووبارە دەكەنەوە. ئاندەرسن لە لایێكەوە دەیەوێ پاكی و بێتاوانیی منداڵ پێشان بدات، كە چیرۆكەكەیشی بۆ منداڵ نووسیوە، لە لایەكی دیكەیشەوە دەیەوێ بڵێ پادشا هێندە زۆردار بوو كە گەورەكان نەیاندەوێرا ڕاستیی ڕووتبوونەكەی ئاشكرا بكەن.

سەججادی، چونكە مەبەستێكی سیاسیی دیاریكراوی هەیە، بە شێوەیەكی زۆر جیاواز ئەم گرێیە دەكاتەوە. پادشا كاڵای تازەی لە بەر دەكات و كەسیش ناوێرێ بڵێ هیچی لە بەردا نییە. بەڵام "لە پاش ماوەیەكی باش بەسەر ئەم كارەساتەدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو كەسی وەكو من و تۆ، كە زۆر دۆستی یەك بوون و هیچ پەردەیەك لە بەینیانا نەمابووەوە، دائەنیشن و قسە لەم بەرگە تازەی پادشاوە ئەكەن. یەكێكیان بەوی كەیان ئەڵێ: بە خوا برام! بە زۆڵم دەرئەكەی وەیا بە دوژمنی پادشا وەیا بە هەر شتێكی تر، من هیچم نەدی و هیچیشم بەرچاو نەكەوت! ئەوی تریشیان ئەڵێ: سا بە خوا برا منیش هەروەها." (سپ: ٤٢).

پادشاكەی سەججادی ڕێژیمی پادشایەتیی عیراقە و وەستای فەرەنگییش كۆلۆنیالیزمی بریتانیایە. نووسەر ئەوەیش باش تێگەیشتووە كە بۆ پێگەیشتنی فكر و ڕاستی و بۆ هۆشیاربوونەوە كات پێویستە و باوەڕ پێویستە. لە جێی ئەوەی منداڵێك بكاتە پاڵەوانی وتنی ڕاستی، ئەو خەڵك و گەل دەكاتە پاڵەوان. من پێم وایە ئەمەیان ژیرانەترە. منداڵ پاڵەوان نییە و

که ڕاستیی وتووه، لەبەر ئەوە نییە کە پاڵەوانە و هۆشیارە، بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە هۆشیار نییە و نازانێت پادشا زۆردار و خوێنڕێژە. دەبێ بژاردەیەك (نوخبە، ئێلیت) هەبێت، کە ئەو ناوی دەنێ (دوو کەسی وەکو من و تۆ).

سەججادی لەوەیش پتر بیرەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە: "بەرە بەرە لەمانەوە ئیتر خەڵکی تر وێرایان بکەونە سەر ئەوە کە بڵێن هیچیان نەدیوە. تا لە دواییدا هەموو کەس تێگەیشت ئەمە شتێکی درۆ بووە و ئەم وەستای فەرەنگییە هەڵیبەستووە و هیچ کەس هیچی نەدیوە."

بەشێکی گرنگی پەیامەکەی سەججادی لەو چەند ڕستەیەدا ڕوون دەبێتەوە. هەموو خوێنەرێکی هۆشیاری چلەکانی سەدەی ڕابوردوو دەیتوانی مەبەستەکەی نووسەر باش حاڵی ببێت. بەڵام ئەو، ڕستەی هەرە ڕوون و ئاشکرا هەڵدەگرێت بۆ دوادوایی: "کەواتە پیرۆز بێ کاڵای باڵای شا! وا دیارە هەموو چەرخێك ئەم فیلمە تازە ئەبێتەوە."

چیرۆکی جەوهەراغایش برێك جیاوازە. ئەمە تێکەڵاوییەکە لە چیرۆکێکی ئەدەبی و لە مێژوو. ئەم تێکستە تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی کوژرانی جەعفەر (یا جەوهەر) ئاغای شکاکی براگەورەی سمایل ئاغا (سمکۆ)ی شکاك (١٨٨٧–١٩٣٠). سەججادی لە سەرەتادا پشت بە زانیاری و ئەزموونەکانی باوکی خۆی (نەجموودینی سەججادی، کە لە چیرۆکەکەدا هەر وەك نەجم ناو دەبرێت) دەبەستێت کە بە منداڵی لێی بیستووە و دواتر ئەوەیشی دەخاتە سەر کە خۆیشی، ساڵی ١٩٣٧، چاوی بە یەکێك لە پیاوەکانی جەوهەراغا کەوتووە و ئەویش ڕووداوی کوژرانەکەی جەوهەراغای بۆ گێڕاوەتەوە.

سەججادی ئەم مێژووەی وەك کورتەچیرۆکێك داڕێشتووە و زۆر جوان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و تەنانەت هەوڵی داوە باری دەروونیی باوکیشی وێنا بکات. هەر لە سەرەتای تێکستەکەدا نیگارێکی یەکجار جوان و ڕەنگداری کاروانی بازرگانیی کوردەواری و بازاڕی شارۆیرانی کێشاوە، وەك نموونەیەکی فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد و پێوەندیی ئابووریی کوردستان بە وڵاتانی ناوچەکە و بە ڕووسیا و ئەورۆپاوە. لەمەیشدا دیسان مەبەست و ئامانجێکی پەروەردەکارانەی سیاسیی هەیە. ئەو دەیەوێ باوەڕێکی بتەو لای خوێنەری کورد دروست بکات، کە نەتەوەکەی خاوەنی شارستانەتی و فەرهەنگ و ڕابوردوویەکی زەنگین و فراوانە. سەججادی بە شانازییەکەوە دەنووسێت: "ئێستە کە ئەکەوێتە بیرم ئەڵێم: عەکاز لە نەخلە و تائیفی عەرەبستان هەبوو، بازاڕی شارۆیرانیش لە قەباغکەندی و میاندواوی کوردوستان."

شانازیکردنی سەججادی تەنیا بەو فەرهەنگەوە نییە، بەڵکە ڕووداوەکەی کوژرانی جەوهەراغا بە دەستی حوکوومەتی ئێرانیش دەکاتە بیانوویەك بۆ پێداهەڵدانی ئازایەتی و بوێریی جەنگاوەرانی کورد. ئەو دوو پاسەوانەی جەوهەراغا کە ڕزگار بوون، خەڵکێکی زۆری

بێتاوانی شاری تەورێزیان کوشتووە: ″... بەچوارناڵە بەناو کۆڵانەکانا و بە خەڵك کوشتن لەناو شاری تەورێزدا دەرباز ئەبن. بەڵام هەتا دەرئەچن، وەکو ئەیگێڕنەوە، نزیکەی پەنجا شەست کەس ئەکوژن.″ نووسەر بەوەوە ناوەستێ کە خۆی شانازی بەو کوشتارەوە بکات، بەڵکە بە زمانی حاجی بابای خاوەن خانیشەوە، کە خەڵکی تەورێزە و ئازەرییە، دەکەوێتە پەسندانی ئەو دوو سوارە: ″... ئازایەتی و بەجەرگییەك ئەمانە خستوویانەتە کار تا ئێستا لە هیچ داستانێکا نەبووە وە پاڵەوانی هیچ دەورێك ئەم غیرەتەی نەکردۆتە کار...″

حاجی بابا لە چیرۆکەکەدا نەخشێکی جوانی مرۆڤدۆستانەی هەیە و دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەو کوردانەی بە کاری بازرگانی هاتوونەتە خانەکەی. هەر ئەویشە کە بە زەبری بەرتیل و پێوەندییەکانی خۆی ″نەجم″ ڕزگار دەکات: ″ئەوەندەم زانی دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، حاجی بابا وەکو فریشتەی ئاسمانی بە خۆی و بە دوو جاندرمەوە پەیدا بوو. هەر کە چاوم پێ کەوت وەکو گوڵ گەشامەوە و بۆنی موژدەی ڕزگاریم کرد. یا خوا لە هەموو شوێنێکی تەنگانەدا تۆیش ئاوا حاجی بابایەکت بۆ پەیدا ببێت.″ بەڵام ئەوەیش ئاشکرایە ئەم دۆستایەتییە گەرم و بتەوەی حاجی بابایش، هەر لەبەر ئەوە نییە کە کوردی خۆش دەوێت یا باوەڕی بە دۆستایەتیی خەباتکارانەی گەلانە، بەڵکە لەگەڵ میوانە کوردەکانیدا بەرژەوەندییەکی ئابوورییشی هەیە.

چوار چیرۆکەکەی دیکە: ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو، بۆچی نەچووین بۆ کوێستان و لەپێناوی ئافرەتا، زۆر لەو دووەی پێشتر باسم کردن بەهێزترن. لەمانەدا سەججادی ئازادانەتر پەرژاوەتە سەر ئەوەی ڕێگە بە خەیاڵ و فانتازیی داهێنەرانەی خۆی بدات و لە ڕووی زمانیشەوە ڕووداوەکان نەبنە ڕێگر. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە هەر ئەو بابەتانەن کە لە چیرۆکی نەوەی دووەمی چیرۆکنووسانی کوردستانی عیراقدا باو بوون؛ پێوەندیی جووتیار و ئاغا، نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی دەستەڵات و هاوکاریی نێوان دەستەڵات و ئاغا و دەرەبەگ و... هتد. بەڵام بە تەنیشت ئەو بابەتانەوە جێگە دەداتە زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردەواری لە چیرۆکەکانیدا. سەججادی کێشە و بابەتەکان لەناو چوارچێوەیەکی هونەری و زمانەوانیی هێندە جوان و دەوڵەمەنددا پێشکەش دەکات، کە تێکستەکانی دەبنە نموونەی ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو. ئەوەی چیرۆکەکانی سەججادی لە بەرهەمی چیرۆکنووسانی دیکەی ئەو سەردەمە جیا دەکاتەوە، پێم وایە، ئەم لایەنە تایبەتانەن:

یەك: زمانی سەججادی لە ڕووی وشە و دەربڕینەوە زۆر دەوڵەمەندە. لە کاتێکدا کە بە چاکی شارەزای زمانی خوێندەوار و ڕووناکبیرانی سەردەمەکەی خۆیەتی، زمانی لادێ و کۆچەری و خەڵکە سادەکەیش زۆر باش دەزانێت و دەیخاتە خزمەتی ئەدەبەکەیەوە.

دوو: بێجگە لە ناسینی کۆمەڵی کوردیی شارەکانی کوردستان، شارەزای ژیان و فەرهەنگ و

بیرکردنەوەی لادێی کوردە، هەروەهایش ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ نەریت و ژیانی کۆچەر و خێڵەکیدا هەیە. ئەم شارەزاییە هەم بووەتە سەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەی و هەم لە هەڵبژاردنی کەس و ڕووداو و پاشخانی چیرۆکەکاندا کۆمەکی دەکات. ئەو، بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسانی چلەکان و پەنجاکانیشەوە، بە چاوی خوێنەوارێکی شارنشین، بە چاوی ئەفەنییەك یا شلەشارییەك، سەیری لادێ و ژیانی خەڵکی لادێ ناکات.

سێ: چیرۆکنووسانی دیکە زۆرتر خۆیان بە وردەکاری و دیمەنی دەرەوەی کەسەکانەوە خەریك دەکەن، بەڵام سەججادی بایەخێکی زۆر بە وردەکارییەکانی دەروون و ناوەوەی کەسەکانیش دەدات، زۆر شارەزایانە ڕووناکی دەخاتە سەر هەستی شاراوە و ناوچە تاریك و نەبینراوەکانی ڕۆحیان. هەر ئەم لایەنەیش وەك تەکنیکێکی چیرۆکنووسی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بە کار دەهێنێت.

ڕۆنەزەنگی حەمەسەن لە زۆر ڕووەوە، وەك بابەت و ناوەڕۆك، چیرۆکێکی نەریتانەی چلەکانە. وەرزێرێکی هەژار، حەمەسەن، بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە، شەووڕۆژ، خزمەتی ماڵی ئاغا دەکەن، کەچی ئاغا چاو دەبڕێتە ئەو تۆزە بەشەی لە خەرمانەکە بەری دەکەوێت. ئاغا، بازرگانی شارنشین، بەڕێوەبەری جەندرمە، پیاوی ئاغا، جاندرمە و کوێخا، هەر هەموویان دەیڕووتێننەوە و ئازاری دەدەن. ئەمە کارەساتی مرۆڤێکی تەنیا و لاواز و بێدەستەڵاتە بەرانبەر هێز و دەستەڵات و گەندەڵی و زۆرداری و بەرتیلخۆری و چەوساندنەوە.

چیرۆکی ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، کە یەکەمین چیرۆکی سەججادی خۆیەتی، زۆر لە چیرۆکی کوێرەوەری و چیرۆکی کەرەلۆتیی (کەرەلووتی؟) مەنووچەری برایم ئەحمەد دەچێت. کوێرەوەری لە ژمارەی نیسانی ١٩٤٥ی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کراوەتەوە، واتە یەك ساڵ و دوو مانگ پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆنەزەنگی حەمەسەن. بەڵام کەرەلۆتیی مەنووچەر لە ژمارەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا، پێنج مانگ دوای ڕۆنەزەنگی حەمەسەن، بڵاو کراوەتەوە، ئەگەرچی ساڵی ١٩٤٥ نووسراوە. لەوەیە سەججادی چیرۆکی کەرەلۆتیی پێش بڵاوبوونەوەی نەخوێندبێتەوە، بەڵام دیارە کە چیرۆکی کوێرەوەریی خوێندووەتەوە و کارکردی ئەو چیرۆکەی برایم ئەحمەد لە چیرۆکی ڕۆنەزەنگدا ئاشکرایە. بە لای منەوە، ڕۆنەزەنگی حەمەسەن لە هەموو ڕوویەکەوە لە کوێرەوەری و لە کەرەلۆتیی مەنووچەر بەهێزتر و هونەرمەندانەترە. وەرزێر و دێنشین و هەژارەکانی برایم ئەحمەد بە زمانی خوێنەواری شارنشین دەدوێن و بیر دەکەنەوە. ئەوەی ئەوان دەیڵێن بیر و قسەی نووسەر خۆیەتی خستوویەتیە سەر زمانی کەسەکانی ناو چیرۆکەکە. بەڵام هەژار و بێدەستەڵاتەکانی سەججادی هیچ زۆر لە خۆیان ناکەن؛ ئەوەی دەیڵێن قسەی خۆیانە و بیری خۆیانە و بە زمانی خۆیان دەریدەبڕن. هەژارەکانی برایم ئەحمەد کۆمەڵێ دروشمی سیاسی و بیری تیۆری دەڵێنەوە، بەڵام هەژارەکانی سەججادی نە دروشمی

سیاسی دەزانن و نە شارەزای تیۆرین. ئەوان بە هەڵوێست و بیرکردنەوەیان و بە هەڵسوکەوت و کردارەکانیان تاڵییەکانی ژیان دەردەبڕن.

نموونەی وەك کوێرەوەری و ڕۆنەزەنگی حەمەسەن و کەرەلۆتیی مەنووچەر لە ئەدەبی کوردیی چلەکان و پەنجاکاندا کەم نین. بەڕاستی ئەم جۆرە چیرۆکانە بەشێکن لەو خەباتە سیاسییەی کە ڕووناکبیران و سیاسەتکارانی ئەو سەردەمە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی عیراق و دژی کۆلۆنیالیستانی ئینگلیز دەیانکرد، دەربڕینێکی هونەریی ئەو خەباتەن. بەڵام چیرۆکەکانی سەججادی لە بەرهەمی ئەوانی دیکە جیاوازن. لەناو چیرۆکنووسانی چلەکان و پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا تەنیا یەك چیرۆکنووسی دیکە هەڵدەکەوێت، کە دەکرێ لەگەڵ سەججادیدا بەراورد بکرێت، چ لە ڕووی زمانەوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکی هونەرمەندانەی چیرۆکەوە، ئەویش حەسەنی قزڵجییە (١٩١٤–١٩٨٥).

شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو، چیرۆکی کۆمەڵی دواکەوتووی کوردەواریی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمە. چیرۆکی سیستەمی گەندەڵی پاشایەتییە لە عیراقی ئەو سەردەمەدا، چیرۆکی جیاوازیی چینایەتییە. هاوکاتیش وێنەگرتنێکی نەریت و فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە. سەججادی دەیەوێ ئەو سیستەمە سیاسییە ڕیسوا بکات و ئەو بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە کوردەواریدا سەردەست بوون بخاتە ژێر پرسیارەوە. تێکستەکەی سەججادی دەرۆستی ئەم ئەرکە هونەرییە هاتووە و چاکیشی جێبەجێ کردووە، بێ ئەوەی یەك وشە و یەك دروشمی ڕاستەوخۆی سیاسی بە کار بهێنێت. سەججادی ئاغا بە گەوج و نەخوێندەوار و گەلحۆ دادەنێت، کە دەبێتە ئەندامی پارلەمانی عیراق و عەرەبی نازانێت و هیچ ئاگایەکی لە کاروباری پارلەمان نییە. بەڵام هەر ئەو ئاغایە دەتوانێت بە پێشاندانی ڕوویەکی درۆزنانەی خۆش و بە چەند پیاڵە چا و هەندێ جگەرە و کەمێ گاڵتە و قسەی خۆش، "مسکێن"ـەکانی چواردە گوند بخەڵەتێنێت تا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارلەمانی عیراقی دەنگی بدەنێ.

چیرۆکی بۆچی نەچووین بۆ کوێستان، لە گۆشەیەکی دیکەوە دەڕوانێتە کۆمەڵی کوردەواری؛ لە گۆشەی ژیانی خێڵایەتییەوە و ئەو فەرهەنگەی کە ساڵانی ساڵی هاتوچۆی گەرمیان و کوێستان دروستی کردووە. سیستەمی خێڵایەتی پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە و بەپێی کۆمەڵێك بنەما و نەریت دەڕوا بە ڕێوە کە تێگەیشتنی بۆ کەسێکی دەرەکی ئاسان نییە. سەججادی بە نووسینی ئەم چیرۆکە لە لایەکەوە ئەوە پێشان دەدات کە خۆی چەندە شارەزای نەریتەکانی ژیانی خێڵایەتییە و ئاشنای بنەماکانی کۆچکردن و هاتوچۆی گەرمیان و کوێستانیانە، لە لایەکی دیکەیشەوە زمان و تێرم و فەرهەنگ و نەریتی خێڵایەتیی لە تێکستێکی هونەریدا بۆ پاراستووین، بێ ئەوەی ئەم ئامانجە کار بکاتە سەر تەکنیك و ناوەڕۆك و شێوەی داڕێشتنی چیرۆکەکە یا هیچ زۆرلەخۆکردنێکی پێوە دیار بێت.

لووتکەی چیرۆکەکانی هەمیشەبەهار و چڵەپۆپەی زمانە کوردییەکەی سەججادی چیرۆکی "لەپێناوی ئافرەتا"یە. لە ڕووی تەکنیك و لێوردبوونەوەی لایەنی دەروونیی پاڵەوانەکان و وریاکردنەوەی خوێنەریشەوە دیسان نموونەی گەش و درەوشاوەی چیرۆکی کوردییە. چوارچێوەی گشتیی تێکستەکە چیرۆکی ئەوین و خۆشەویستیی نێوان دوو ئامۆزایە، سەمسام و گوڵئەندام. بەڵام ئەم چیرۆکە بەستراوە بە دەیان لایەنی دیکەی کوردەوارییەوە: فەرهەنگ و نەریتی خێڵایەتی، شەڕ و ئازایەتی و سوارچاکی، ڕەوشتی بەرز و ڕێزگرتن و خۆشەویستیی نێوان گەورە و بچووك، پارەپەرستی، بنەمای سەختی نامووس و سڕینەوەی بە خوێن و... هتد. سەججادی نەیویستووە کورتەچیرۆکێکی ئاسایی بنووسێت. ئەوە ئاشکرایە ئەو دەیەوێ تێکستێك بئافرێنێت لە داستان و مەلحەمە و ئێپۆسە گەورەکانی دنیا بچێت. هەر لەبەر ئەوەیشە پاڵەوانەکان بە جۆرێك وێنا دەکات زیاتر لە ئافەریدەی نیوە مرۆڤ و نیوە خودا بچن، هێزێکی وایان بەبەردا دەکات کە ناکرێ هێزی مرۆڤی ئاسایی بێت. تۆ سەرنج لە سەمسامی سوورسووری بدە، کە حەوت پاڵەوانی گەورە و بەهێز بە دوای یەکدا دەکوژێت (ئامۆزاکانی خۆی) بێ ئەوەی پشوویەك بدات و لە شەڕی پاڵەوانی هەشتەمدا، جیهانگیری مامی، هەردوویان پێکەوە دەکوژرێن. جیهانگیر حەوت کوڕی بە بەرچاویەوە دەکوژرێن، بێ ئەوەی فرمێسکێك بڕێژێت یا لەو کارەی پەشیمان ببێتەوە. گوڵئەندام حەوت برا و باوکێك و دەستگیرانێکی وەك سەمسام بە بەرچاویەوە دەکوژرێن، بێ ئەوەی شیوەنێك بکات. دوای ئەوەی تەکشی دا بە زەویدا، زۆر لەسەرخۆ "شیرەکەی باوکی، ئەو شیرەی کە سامسامی پێ کوژرا، هەڵیگرت... لەسەر لاشەکەی سەمساما هێنای بە ملی خۆیا و بەسەر لەشەکەدا لار بووەوە و بۆ هەتا هەتایێ باوەشیان کرد بە یەکا." (سپ: ٣٢). ئەم دیمەن و هەڵوێستانە هیی کورتەچیرۆکێکی تازە و مۆدێرنی ئەم سەردەمە نین. ئەمە جۆرێکە لە زیندووکردنەوەی داستانە مێژووییەکانی وەك گەلگامیش و ئیلیاد و شانامە، بەڵام بە بیر و کەرەستە و زمان و وشە و دەربڕینی کوردانەی ئەمڕۆیین. ئەگەرنا من دڵنیام سەججادی خۆیشی زۆر چاك ئاگاداری ئەوە بووە، کە پاڵەوانەکانی نموونەی مرۆڤی ئاسایی نین و خەڵکی ئەم سەردەمە نین. ئەم جۆرە (پرۆجێکشن: Projection )ـە لە چیرۆك و گێڕانەوە دینی و سیمبۆڵییەکاندا دەخرێتە کار. تۆ کە گوێ لە ڕەوزەخوانی شیعە بگریت، هەست دەکەیت ئیمام حوسەین و هاوەڵانی زۆر لە سەرەوەی مرۆڤی ئاسایین. تاکە کەسێکیان دەتوانێت بە شمشێرەکەی لە چاوترووکاندنێکدا سەری هەزار، دووهەزار کەس لە دوژمنەکانی بپەڕێنێت. ئەم زێدەڕۆیی و هەڵنانە نائاساییانە تەنانەت لە گێڕانەوەی ژیانی سەرکردەی سیاسیی وەك ماوزەدۆنگ، کیم ئیل سۆنگ و شێخ مەحموودی حەفیدیشدا دەبینرێت. وا دیارە گەلان لە هەموو سەردەمێکدا پێویستیان بە پاڵەوانە، پێویستیان بە سیمبۆڵێکە دەستی پێوە بگرن و هێز و وورەی لێ وەربگرن بۆ خەباتی ئێستا و داهاتوویان.

نووسەر لەم چیرۆکەدا زۆر جەخت لە ئێتیکی شەڕ دەکات. هەر لە سەرەتاوە، تەکش ئەم

بنەمایە ڕوون دەکاتەوە: ”ئەو وەختە دنیا وەکو ئێستا بە فڕوفێڵ و قوماربازی نەتەنرابوو... دوژمنی خوێنەخوێشت بووایە ئەبوایە پێت بوتایە کە نیازم خراپە لەگەڵت، خۆت ئامادە کە!“ کاتێ تەکش سواری یەکەم دەبینێت، لەبەر ئەوەی لەسەر پێشاوە پەلاماری نادات. هەروەها کاتێك سەمسام و ئامۆزاکانی و مامی شەڕ دەکەن، هەر جارێك یەکێکیان دەچێتە شەڕی سەمسام و هەموو پێکەوە پەلاماری نادەن و یەك قسەی ناشیرینیش لە دەمیان دەرناچێت.

لە ڕووی تەکنیکەوە ئەم چیرۆکەی سەججادی زۆر لایەنی گەشی تێدایە، کە دیارە نووسەر هەم سوودی لە داستانە کلاسیکییەکان و مێژووی ئیسلام وەرگرتووە و هەم لە دەروونناسی و خوێندنەوەی هەستە شاراوەکانی مرۆڤ. پاڵەوانی یەکەمی چیرۆکەکە سەمسامی سوورسوورییە. لەپاڵ کۆمەڵێ ڕەوشتی بەرز و جوان و ناسکدا، لەپاڵ ئەوەدا کە عاشقێکی دڵسووتاوە، پاڵەوان و سوارچاك و شەڕکەرێکی یەکجار بێوێنەیشە. نووسەر لە سەرەتادا تەکش وەك پاڵەوان پێشکەش دەکات: ”ئەم تەکشە... وا ناوبانگی دەرکردبوو کە بیانوتایە وا تەکش هات، منداڵ لە بێشکەدا ژێر ئەبووەوە.“ بەڵام هەر زوو، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا، بەرانبەر سەمسام دەشکێت و خۆی لە بەرچاو دەکەوێت: ”وتم دەك عەمرت نەمێنێ تەکش بۆ خۆت و غیرەتت!“ ئەو تەکشە پاڵەوانە، بە جۆرێ دەکەوێتە ژێر کارکردی ئازایی و هێزی سەمسامەوە کە پێی دەڵێ: ”من تازە خولامی حەڵقەبەگوێی تۆم، تا سەرم لە ڕێتا بەخت نەکەم ناگەڕێمەوە.“ بەم جۆرە نووسەر یەکەم پلەی پاڵەوانەتی و یەکەم مەدالیای سەرکەوتن دەبەخشێتە سەمسام.

سەمسام لەناو گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیدا بۆ تەکش، هەرگیز پەنا ناباتە بەر خۆهەڵنان، بەڵکە جۆرێك لاوازی پێشان دەدات کە دیارە نیشانەی خاکیبوونیەتی. ئەو باسی پاڵەوانەتیی مام و ئامۆزاکانی دەکات: ”حەو کوڕی هەیە، منت چۆن دی، هەر یەکە لەوان چواری وەکو من ئەخاتە کۆشیەوە.“ ئەو شەوەیش کە دەچێت گوڵئەندام بهێنێت نیشانەی ترسی پێوە دیارە: ”لەگەڵ ئەم هەموو زۆر و باهووەدا کە بەم کوڕەوە دیبووم سەیرم ئەکرد زۆریش ئەترسا. وا دەرئەکەوت مام و ئامۆزاکانی گەلێ لەم بەدەسەڵاتتر بوون.“ کە گوڵئەندامیش دەهێنێت و دەکەونەوە ڕێ، سەمسام بە تەکش دەڵێ: ”... ئەگەر دیت لەشکری هەموو دنیا کۆ بۆتەوە و بە شوێنمانا دێن، هیچ گوێی مەدەرێ و ولاخی خۆت لێ خوڕە، هیچ نین، هەر پێشم مەڵێ! بەڵام ئەگەر دیت هەشت سوار ئەهاتن، پێم بڵێ! ئەوە ئیتر ڕزگاربوون نییە.“ ئەم هەموو ئامادەکارییە، بە ڕوواڵەت، دژی سەمسامە، بەڵام لە دواییدا دەبینین کە ئەو حەوت ئامۆزا پاڵەوانە هەموویان بە دەستی سەمسام دەکوژرێن. بەوەیش مەدالیا و گەورەترین نیشانەی پاڵەوانەتی دەدرێتە سەمسام. ئەمە ئەو تەکنیکەیە کە فێردۆسی (٩٤٠–١٠٢٠) لە شانامەدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆستەم بە کاری دەهێنێت. لە پێشدا پەسنێکی زۆری دوژمنەکانی دەدات، بەڵام دواتر ڕۆستەم سەر دەکەوێت، بۆ ئەوەی بڵێ لەوانیش پاڵەوانترە، پاڵەوانی پاڵەوانانە.

سەججادی تەنیا پاڵەوانەتی بۆ سەمسام بە کەم دەزانێت، پلەیەکی دیکەشی پێ دەبەخشێت

بۆ ئەوەی بیکاتە بوونەوەرێك، نیشانەیەك زۆر لە سەرووی مرۆڤەوە، پلەی شەهیدی و پیرۆزی. سەمسام هەر لە سەرەتاوە کە تەکش دەناسێت، تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیایە کە لەپێناوی عیشقدا دەکوژرێت، بەڵام دیسانیش هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە بڕوات. بە تەکش دەڵێت: ″برام! من بۆ ناو دەریای خوێن ئەچم، ئەو شوێنە شوێنی هیی وەکو تۆ نییە.″ دواتریش بۆی ڕوون دەکاتەوە کە مامەکەی چەندە بەهێزە: ″مامەکەشم خۆی ناوبانگی ئازایی و دەستوبردی لە هەموو وڵاتا دەرکردووە. ئەوەش ئەزانم کە دەستم لێ هەڵناگرێ، بەڵام ناچاریشم هەر ئەبێ بۆی بچم.″ ئەم هەڵوێستە زۆر لە هەڵوێستی ئیمام حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب (٦٢٦–٦٨٠) دەچێت. ئەویش بۆ شەڕێك دەچوو کە سوور دەیزانی دەیدۆڕێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بە خاوەنی ڕاستی دەزانی، ناچار بوو، هەر ئەبوو بچێت. نووسەر بە زمانی تەکشیشەوە ئەم پێشهەواڵەی شەهیدبوون دەدا بە گوێی خوێنەردا. ئەو بەیانییەی کە دنیا ڕووناك دەبێتەوە و سەیری جوانیی گوڵئەندام دەکات، دەڵێ: ″... بەڕاستی گوڵئەندام گوڵئەندام بوو. گوڵئەندام ئەوەی ئەهێنا کە ئەو سەمسامە جوانەمەرگە سەری خۆی لە ڕێدا دانێ...″ تۆ دەبینی بێجگە لە پێشبینیی دانانی سەر، واتە کوژران و خۆبەختکردن، پێشتر ئاوەڵناوی جوانەمەرگ بۆ سەمسام بە کار دەهێنێ. تەکش کە ئەمە دەڵێت هێشتا مامی سەمسام و حەوت کوڕە پاڵەوانەکەی دەرنەکەوتوون، بەڵام دیارە دڵی خەبەری دابوو کە سەمسام سەری خۆی دادەنێت و پێیشی وا بوو، گوڵئەندام هێندە جوان بوو، عیشقی ئەو، ئەوەی دەهێنا پاڵەوانێکی لاوی وەك سەمسام لەپێناویدا شەهید ببێت. لێرەدا نووسەر جوانی وەك نرخێکی پیرۆز، دەکاتە لایەکی هاوکێشەیەك، هاوکێشەی خۆبەختکردن و شەهیدبوون لەپێناوی نرخێکی پیرۆزدا. جوانی یا عیشق، لەم دیمەنەدا، وەك ڕاستی، نرخێکی پیرۆزی خودایی و ئاسمانییە، ئەوە دەهێنێت مرۆڤ ژیانی خۆی لەپێناویدا بەخت بکات. کاتێك جیهانبەخش و کوڕەکانیشی دەگەن، دیسان سەمسام بە دوو ڕستە مەرگ و شەهیدبوونی خۆی بە تەکش و بە گوڵئەندامیش ڕادەگەیێنێت. ئەو دڵنیایە کە دەکوژرێت، بەڵام پەشیمان نییە.

چیرۆکی لەپێناوی ئافرەتا پڕە لە نرخە جوان و بەرز و قووڵەکانی کۆمەڵی کوردەواری، بەڵام هاوکاتیش پڕە لە ناکۆکی و کەلەبەر و دژگۆیی و نامەنتیق و نەریتی کۆنی شەرمهێن: لە کاتێکدا سەمسام حەوت ئامۆزای خۆی دەکوژێ، بەڵام لەگەڵ مامیدا یەك قسەی ناخۆش لە دەمیان نایێتە دەرەوە. جیهانبەخشی مامی سەمسام لەبەر پارە گوڵئەندامی کچی نادا بە سەمسام، بەڵام لەپێناوی شەرەفدا ئامادەیە حەوت کوڕی پاڵەوانی بە بەرچاویەوە بکوژرێن و ئەوجا خۆی بێتە مەیدانەوە بۆ کوشتنی برازاکەی.

تەنانەت وەك تەکنیك و وەك یەکگرتنەوەی ڕاستییەکانیش دەکرێ کەلەبەر و ناڕێکی لە تێکستەکەدا بدۆزینەوە. سەمسام دەڵێ من و گوڵئەندام ئەمە حەوت ساڵە دڵمان پێکەوەیە، کەچی کاتێك تەکش چاوی بە گوڵئەندام دەکەوێت دەڵێ: ″تەماشام کرد وا کچێکە لە تەمەنی هەژدە

سالانا...″ بەم پێیە، دەبێ گوڵئەندام هێشتا یانزدە ساڵان بووبێت کە لەگەڵ سەمسامدا دەستیان بە دڵداری کردووە. یان دەبێ بڵێین تەکش لە تەخمین و قرساندنی تەمەنی گوڵئەندامدا بە هەڵەدا چووە.

ئەو شێوەیەیش کە جیهانبەخش و سەمسام یەکتر دەکوژن، کەمتر لەگەڵ ڕاستیی شەڕی شیر و تیردا دەگونجێت. لە شەڕی تازەدا بە چەکی ئۆتۆمات زیاتر ڕێی تێ دەچێت دوو دوژمن هاوکات یەکتری بپێکن. تەکش ئاوەهای دەگێڕێتەوە: ″لەو وەختەدا کە شیرەکانیان داهێنایەوە، هیچیان دەستیان سەری نەکرد و خۆیشیان بۆ نەپارێزرا.″ ئەوجار، ئایا بە ڕاستی هیچ شەڕکەر و جەنگاوەرێك دەتوانێت بە شیر سەری مرۆڤێك بپەڕێنێت؟ ئەی کەللەیەکی پەڕێنراو دەتوانێت قسە بکات؟ ئەمانە زیاتر لە دیمەنی فیلمی شەڕی یۆنان و ڕۆمای پێش مێژوو دەچن، یا لە چیرۆکەکانی ڕۆستەمی زاڵ. سەججادییش هەر ئەمەی ویستووە. ئەو ئەگەرچی شێوەی کورتەچیرۆکی هەڵبژاردووە، بەڵام لە دڵدا داستانێکی پاڵەوانانەی کلاسیکیی داڕێشتووە. لە داستانێکی وەهادا هیچ شتێك ناکۆك و نامەنتیقی نییە و هەموو شتێکیش دەتوانێ ڕوو بدات.

تەکش تاکە کەسێکە لەم شەڕ و کارەساتە ماوەتەوە. هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە ئەو خۆی وەها دەناسێنێت: ″ئەم تەکشەی کەوا ئێستە ئەیبینی ئیفتادە و شەل و کوێر بووە...″ هەر دوو دێڕ دواتر بۆ دیاریکردنی سەردەم و کاتی ئەو ڕووداوەی دەیەوێ بیگێڕێتەوە دەڵێ: ″تافی هەرزەکاریمە، تازە خەتم داوە، ئێجگار کە ناوی خۆمم بیستۆتەوە، کەس لە ژوور خۆمەوە نابینم.″ بەم دوو وێنەیەدا تێدەگەین ئەو باسی کارەساتێك دەگێڕێتەوە کە هەر نەبێ ٥٠–٦٠ ساڵ پێشتر ڕووی داوە. واتە ئەو وەك پیرێك ئەمە دەگێڕێتەوە. چەند جوانیشە، کە قسەکان دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆڵە! وەك لەگەڵ گەنجێکدا بدوێت و بیەوێ ئەزموونی نەوەیەك بگەیێنێتە نەوەیەکی دیکە. سەججادییش ڕێك هەر ئەو مەبەستەی هەبووە کە ئەم نەریتە بۆ نەوەی نوێ بگێڕێتەوە و ڕیسوای بکات. بەڵام بە وشەی ڕاستەوخۆ، بە دروشمی سیاسی و بە قسەی تیۆری هیچ ناڵێت، تەنیا لە دوا بڕگەدا کە چکاوی هەموو ئەزموونەکە دەداتە دەستەوە، بە ڕستەیەکی سادە کە خەم و ژیری و ئەزموونی ساڵانی لێ دەچۆڕێ، بە زمانی تەکشەوە، دەڵێ: ″ڕۆڵە، ئەگەر مامەکەی بیانووی ئەو شیربایییە زۆرەی لەو جوانەمەرگە نەگرتایە، بۆچی ئەو کارەساتە بەسامە ڕووی ئەدا؟″

سەرەتای چیرۆك لای سەججادی یەکجار بەهێزە و یەکسەریش خوێنەر دەخاتە داوی عیشقی خۆیەوە، دیارە خوێنەری بەسەلیقە و زماندۆست و جوانیناس. لە یەك، یا دوو یا چەند ڕستەیەکدا بنەڕەتێك دادەمەزرێنێت کە ئیتر تۆ دەزانی ئەمە شتی زۆر گرنگ و جوان و گەورەی بە دوادا دێت و ناکرێت و ناتوانیت دەستبەرداری ببیت و وازی لێ بێنیت. نا، ناکرێ. تۆ ناچاریت لەگەڵی بڕۆیت، ناچاریت گوێی بۆ ڕادێریت تا چیرۆکەکەی تەواو دەکات. من بەپێی بەهێزی و جوانیی سەرەتاکان حەز دەکەم چیرۆکەکان بەم شێوەیە ڕیز بکەم:

١. هێشتا ئەم تۆپ و تفەنگ و هەیتوهووتە دانەهاتبوو، باو هەر باوی شیر و تیر و ڕم و مەتاڵ بوو (لەپێناوی ئافرەتا).

٢. هەموو فەسڵێ فەسڵی خوایە. ئەو ساڵە کە ڕەشەی خەجەلاو شاییەکەی دایکی حەمەی جوانەمەرگی کرد هەر لەم فەسڵەدا بوو (شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو).

٣. بیری منداڵی تیژە، تازە پێم گرتبوو، نەوەڵڵا چوار پێنج ساڵان ئەبووم (بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟).

٤. ئەبێ، هەژدە ساڵ ئەبێت، باوکم بۆی گێڕامەوە وتی (جەوهەراغا).

٥. گیاڕەشی بەهارە، ماڵمان لە ئاواییی قەدەفەرە... (ڕۆنەزەنگی حەمەسەن).

٦. نامەخوا وڵات ئەوەندە لە ئاسایش و خۆشیدا بوو لەوانە بوو گورگ و مەڕ لە هەموو سەرکانیاوێکیا پێکەوە ئاویان ئەخواردەوە ( کاڵای باڵای شا).

لایەنی هەرە بەهێز لەم چیرۆکانەی سەججادیدا زمانە، زمانی کوردی. ئەگەر دەتەوێ جوانیی زمانی کوردی ببینیت و چێژی لێ وەربگریت، چیرۆکەکانی سەججادی، بەڵام بە تایبەتی و لە پێش هەموویاندا لەپێناوی ئافرەتا بخوێنەوە...! لێرەدایە کە جوانیی زمان دەگاتە باڵاترین پلە، دەگاتە چڵەپۆپە. پیاو دەتوانێ زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێت، لەو سەردەمەدا کە سەججادی ئەم چیرۆکانەی بەم زمانە کوردییە جوان و ڕەوانە نووسیوە، لە هەموو کوردستاندا و لەناو هەموو نووسەرانی کورددا هیچ کەسێکی دیکە نەبوو کوردییەکی لە کوردییەکەی ئەو جوانتر و ڕەوانتر بنووسێت. من پێم وایە دەکرێ دوو نووسەری دیکەی ئەو ساڵانە لەو ڕووەوە لەگەڵ سەججادیدا بەراورد بکرێن: لە پەخشاندا پیرەمێرد، بەتایبەت لە وەرگێڕانەکەی ڕۆمانی (کەمانچەژەن)دا و لە شیعریشدا گۆران، ئەگەرچی پیرەمێرد لە هەندێ تێکستدا کورتی هێناوە و زمانێکی لاواز و بێپێزی بە کار بردووە.

سەججادی لە زۆربەی نووسەرانی سەردەمی خۆی زیاتر پێبەستی زمانی ستانداردە، بەڵام دیسانیش زۆر بە وریایی کاتێك قسەکردنی کەسێکی تایبەت یا هیی ناوچەیەکی تایبەت دەگوێزێتەوە، شێوەی قسەکردنەکە دەپارێزێت و زۆر جوان دەیخاتە خزمەت تێکستەکەوە. لە ڕووی ڕێزمانی کوردییەوە، هێندەی سەرنجم دابێت، سەججادی لە دوو شێوەی دەربڕیندا لە ڕێزمانی ستانداردی کوردی لا دەدات و جۆرێك بە کاریان دەهێنێت کە نازانم ئایا هیی ناوچە و زاراوایەکی تایبەتە یا هەر هەڵەیەکە و لێی ئاگادار نییە:

١. لە چیرۆکی کاڵای باڵای شادا دەنووسێت: ″...ئەمەیان گەورەتر شتێکە کە...″ لەجێی ئەوەی بڵێت گەورەترین شتێکە. ئێمە دەزانین شێوەی باڵای ئاوەڵناو (سوپەرلاتیڤ: Superlative) لە کوردیدا بەوە دروست دەبێت کە پاشگر(سوفیکس: Suffix)ی (ترین) بخەینە سەر ئاوەڵناو یا دانانی ئاوەڵکاری (هەرە) پێش ئاوەڵناو.

٢. کوردی یەکێکە لەو زمانە دەگمەنانەی کە لە شێوەی گەردانکردنی کرداردا ئێرگاتیڤ (ergative) بە کار دەهێنێت. ئێرگاتیڤ لە کوردیی سەروودا (کرمانجی) زۆر بەربڵاوە و گۆڕان لە کرداری تێپەڕ و لە دۆخی ڕابوردوودا ڕوو دەدات و کار دەکاتە سەر ناویش و جێناویش. لە کوردیی ناوەندیدا تەنیا کار دەکاتە سەر جێناو. لە سەرەتای هەمیشەبەهاردا دەنووسێت: "... کۆم کردنەوە و کردنم بەم بەرگە..." دیارە کرداری یەکەمی بە شێوەیەکی ڕاست بە کار هێناوە، بەڵام لە کرداری دووەمدا نەیپێکاوە و دەبوو بنووسێت (کردمن بەم بەرگە). لە جەوهەراغادا دەنووسێت (گەیاندینیانەوە) کە دەبوو بنووسێت (گەیاندیانینەوە). هەر لەو چیرۆکەدا دەنووسێت (گردتیان)، کە دەبوو بنووسێت (گرتیانیت). لە ڕاوەژیشکیشدا لەجێی (بردیانم) دەنووسێت (بردمیان). لە سێوەنگ و مام ڕێویدا دەنووسێت (گرتمیان)، بەڵام دەبوو بنووسێت (گرتیانم).

ئەگەر مامۆستا لە سەرتاپێی تێکستەکانیدا هەر ئەو شێوەیەی بە کار ببردایە کە من پێم وایە لادانە لە ڕێزمانی ستانداردی کوردی، من هەرگیز ئەو مافەم بە خۆم نەدەدا ئەم باسە بهێنمە گۆڕێ. بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆربەی تێکستەکاندا ئەو شێوەیەی خستووەتە کار کە پێم وایە لەگەڵ ڕێزمانی ئێرگاتیڤدا دەگونجێت، کەواتە ئەو شارەزای ئەو شێوە داڕێشتنەیە، بەڵام جاروباریش لێی لای داوە.

سەججادی وەك لە زمان و ناوەڕۆکدا هێندە بەهێز و جواننووسە، لە شێوە(فۆرم)ی چیرۆکدا لە چیرۆکنووسانی دیکەی نەوەکەی خۆی تێنەپەڕاندووە. ئەویش هەر پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان و لە زۆربەیشیاندا هەر کەسی یەکەم قسە دەکات. لە کاڵای باڵای شادا، چونکە چیرۆکی خۆی نییە، کەسی یەکەمی چیرۆکەکەیش دیار نییە، هەر نووسەر خۆیەتی ڕووداو دەگێڕێتەوە. لە ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا، ئەوەی دەیگێڕێتەوە هەر حەمەسەن خۆیەتی، واتە کەسی یەکەمی چیرۆکەکە، کەچی ناوی چیرۆکەکە وا دەنوێنێت وەك ئەوەی یەکێکی دیکە بیگێڕێتەوە. بەڵام چیرۆکی لەپێناوی ئافرەتا ڕیزپەڕە و لەوانی دیکە جیاوازە. لەو چیرۆکەدا شێوەیش تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە و لایەنی خوێندنەوەی دەروونییش داهێنانێکی تازەیە بۆ ئەو سەردەمەی چیرۆکی کوردی.

## ئەدەبی منداڵان و لاوان

بە تەماشاکردنێکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی، یەکسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەدەبی منداڵان و لاوان بە زمانی کوردی، ژانرێکی تازەیە و لە ڕابوردوودا بایەخی کەمی پێ دراوە. هەتا ساڵی ١٩٥٠ تەنیا حەوت کتێبی چیرۆکی منداڵان بە کوردیی ناوەندی چاپ کراون. لەم حەوت کتێبە سێیان چیرۆکی فۆلکلۆرین (کەڵەباب، خۆشی و ترشی و خێوی مزگەوت)،

یەکێکیان لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی (منداڵەکانی دارستانی تازە) و سێیان چیرۆکی تازەن (خانووی تازە، چیرۆك بۆ منالان و هاوڕێی منداڵ) کە شاکر فەتتاح نووسیونی. ئەوی ڕاستی بێت، لەم حەوت کتێبە من تەنیا "منداڵەکانی دارستانی تازە"م بینیوە و خوێندووەتەوە.

ژانرەکانی ئەدەبی کوردی تەنانەت ئەمڕۆیش هێندە ڕوون و ئاشکرا و دیاریکراو نین کە هەموو نووسەرێك و خوێنەرێك سنوورەکانی نێوانیان بناسێت. زۆربەی نووسەرانیش بە تەنگ ئەوەوە نین ئەو سنوورانە بپارێزن. ئەگەر شاکر فەتتاح بە یەکەم کەس دابنێین کە کتێبێکی چیرۆکی بۆ منداڵان بە کوردی نووسیوە (١٩٣٣)، سەججادی دەبێتە دووەمین نووسەری کورد کە بەشێکی چیرۆکەکانی بۆ منداڵان تەرخان کردووە. من لەبەر ئەوەی چیرۆکەکانی شاکر فەتتاحم نەخوێندوونەوە، نایشتوانم چیرۆکەکانی سەججادییان لەگەڵدا بەراورد بکەم. بەڵام دەزانم و دەبینم کە سەججادی چەند بە هۆشیارییەوە ئەدەبێکی نووسیوە، دەکرێ ناو بنرێت ئەدەبی منداڵان و لاوان. خۆیشی سنووری نێوان ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەساڵانی زۆر چاك ناسیوە و ڕەچاوی کردووە.

ئەگەر سەججادی کورتەچیرۆکەکانی خۆی بۆ گەیاندنی پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بە کار هێنابێت، ئەوا ئەدەبی منداڵانی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و لاوی کورد بە کار هێناوە تا نرخەکانی ڕاستی و داد و هاودەردیی مرۆڤانە و ڕاستگۆیی و نیشتمانپەروەری فێر ببن و دژی درۆ و فێڵ و زۆرداری ڕابوەستن. تەنانەت لەم چیرۆکانەدا زمانێکیشی بە کار بردووە کە لەگەڵ زمانی کورتەچیرۆکەکانیدا لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەوە و لە ڕووی داڕێشتنەوە جیاوازە. دەکرێ ئەو ڕەخنەیە لە زمانی سەججای بگرین کە لە جێگەیەکدا، لە چیرۆکی دووبراکەدا، منداڵ بە جۆرێك قسە دەکات دەڵێی گەورەساڵێکی بەئەزموون و دنیادیتووە، نەك منداڵێکی حەوت یا هەشت ساڵان، کە دەبێ وەك منداڵێك بدوێت و بیر بکاتەوە. شاهۆ، لەو چیرۆکەدا دەڵێ: "... بەتایبەتی ئەم باس و مەسەلەیە لەم قەومی ئێمە کە قەومی کوردە ڕووی داوە؛ هەندێ کەس خێراتەکەمان ئەخۆن و کەچی ئێمەیان بە شتێکی ترەوە خەریك کردووە... بەڵام داخەکەم، بابە گیان، هەزار فاتیحە پوولێك نایەنێت." (سەججادی ١٩٦٠: ٩٥). ئەم جۆرە زمانە لای نووسەری دیکەیش بەرچاو دەکەوێت. جەلادەت بەدرخان لە چیرۆکی "بەر تەڤنا مافووری"دا دوو کچی منداڵی بە جۆرێك هێناوەتە قسەکردن، دەڵێی دوو سەرکردەی گەورەی کوردن و بیر لە پاشەڕۆژی نەتەوەکەیان دەکەنەوە (بەدرخان ١٩٣٢). پیرەمێردیش لە چیرۆکی، یا شانۆنامەی، مەم و زیندا، هەر وای کردووە. زین، کە لەو تێکستەدا کچێکی جرپن و سافیلکەیە، بە جۆرێك باسی ڕزگاریی کورد و کوردستان دەکات، لە کەسێ وایە، ببێ و نەبێ ئەمە کوردێکی شارەزای سیاسەتە و بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەی بەپەرۆشە (پیرەمێرد ١٩٣٤).

هەر لەبارەی ئەم چیرۆکانەوە ئەوەیش سەرنج ڕادەکێشێت کە نووسەر هەر شەش چیرۆکەکەی لە ماوەی شەش مانگی مارت تا ئابی ١٩٤٩دا نووسیون. هەر مانگێك چیرۆکێکی

نووسیوه و لە گەلاوێژدا بڵاوی کردووەتەوە. کەچی ئەو شەش کورتەچیرۆکەی بۆ گەورەساڵانی نووسیون، لە ماوەی شەش ساڵدا نووسیونی. تۆ وا هەست دەکەیت، لەپڕ بڕیاری داوە کە خۆی بۆ نووسینی چیرۆکی منداڵان تەرخان بکات. دەبێ چ هۆیەك و چ پاڵنەرێکی ڕۆحی یا سیاسی یا ئێستێتیکی لە پشت بڕیارێکی وەهاوە هەبووبێت؟ دەبێ لەو ماوەیەدا چیی خوێندبێتەوە کە ویستوویەتی و توانیویەتی لە شەش مانگدا، شەش چیرۆك بۆ منداڵان بنووسێت؟

ئەو شەش چیرۆکەی سەججادی کە بۆ منداڵی نووسیون هەم وەك ناوەڕۆك زۆر بەهێز و ئامانجدار و پەروەردەکارانەن، هەم لە ڕووی زمانیشەوە جوان و دەوڵەمەند و بەرزن. زمان لەم چیرۆکانەدا سادەترە، ڕستەکان کورتترن و ئەو مێتافۆرە ڕەنگدار و فرەلایەنانەی لە کورتەچیرۆکی گەورەساڵاندا بە کار براون، لەمانەدا نابینرێن. ئەگەرچی لە هەر چیرۆکێکدا یەك بابەتی سەرەکی هەیە کە ناوەڕۆك بە دەوریدا دەسووڕێتەوە، بەڵام هاوکاتیش کۆمەڵێك نرخی دیکەی بەرزی مرۆڤانە و کۆمەڵێك زانیاریی گرنگیش سەرتاپێی تێکستەکە دەڕازێننەوە. ئێمە کە لەم تایبەتمەندییانە ورد دەبینەوە، دەزانین کە نووسەر بە هۆشیاری و تێگەیشتنێکی تەواوەوە زانیویەتی بۆ کێ دەنووسێت و دەبێ چۆن بنووسێت؟

لە چیرۆکی منداڵاندا سەججادی هەمیشە یەك شێواز و یەك تەشکی داڕێشتنی هەیە: کۆمەڵە منداڵێك یاری دەکەن، یا دەخوێننەوە، گرفتێك پەیدا دەبێت یا پرسیارێکیان لا دروست دەبێت و بۆ پرسیار یا چارەسەر پەنا دەبەنە بەر گەورەساڵێك (باوك، دایك، داپیرەیەك، باپیرەیەك... هتد). ئەو کەسە لە سەرەتادا بڕێك نازیان بەسەردا دەکات، بەڵام ناتوانێ دڵیان بشکێنێت و چیرۆکێکیان بۆ دەگێڕێتەوە و پەندێکیان فێر دەکات کە لەگەڵ یاری، پرسیار یا ناکۆکییەکەی ئەواندا یەك دەگرێتەوە. ڕاستییەکەی، ئەو هەمیشە لەناو چیرۆکەکەی خۆیدا چیرۆکێکی دیکە دەگێڕێتەوە، واتە کارەکەی دەبێتە چیرۆك لەناو چیرۆکدا. گەوهەری چیرۆکەکان ئەو چیرۆکانەی ناوەوەن کە دەگێڕدرێنەوە. واتە ئەگەر ئەوانە لە قاوغی چیرۆکە سەرەکییەکە دەربهێنین، تەنیا هەندێ منداڵی حەپەساو، ناکۆك یا لە یەکدی تۆراو دەمێننەوە، دەوری گەورەساڵێکیان داوە و داوای یارمەتی و ڕێنوێنیی لێ دەکەن. ئێمە دەتوانین نەخشەی چیرۆکەکان و کەسەکان و بابەتەکان بەم جۆرە بکێشین:

| چیرۆك | منداڵەکان | گەورەساڵ | چیرۆکبێژ | پەند |
|---|---|---|---|---|
| ڕاوەژیشك | نەوزاد، نەسرین | باوك، دایك | باوك | نابێ خەڵك فریو بدرێن |
| گورگ و بەرخەکە | ئازاد، کاکی ئازاد | کاکی ئازاد | کاکی ئازاد | زاڵم زەواڵی هەر ئەبێ بۆ بگا... |
| سێوەنگ و مام ڕێوی | سێوەنگ، تارا | باوك، دایك | باوك | خۆشەویستیی نیشتمان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دووبراکە | هەڵۆ، شاهۆ | دایك، باوك | باوك | چەوساندنەوەی مرۆڤ |
| ڕێوییەکەی قەمچۆغە | پشکۆ، پووشوو، هەڵۆ، خانزاد، پەریزاد، سەوڵێ | نەنە پیرۆز | نەنە پیرۆز | فرِوفێڵ هەر ئاشکرا دەبێت |
| بزن و مەیموونەکە | دانا، نەریمان، نەشمیل، خەرامان، زانا، فلامەرز | خاڵە مەنوچەر، دایکی دانا | خاڵە مەنوچەر | درۆ ئاشکرا دەبێت |

لە کورتەچیرۆکەکاندا و لە چیرۆکی منداڵانیشدا سەججادی بایەخێکی، لە چاو سەردەمی خۆیدا، گەورە بە ژن دەدات و نەخشێکی گرنگیان پێ دەبەخشێت و بە شێوەی جیاواز یەکسانیی ژن و پیاو جەخت دەکات. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا یا خوشك و برایەك یا سێ کوڕ و سێ کچ پێکەوە یاری دەکەن و دەرس دەخوێنن. کوڕ و کچ وەك یەك لای باوکیان خۆشەویستن. تەنانەت لای کۆچەری و لادێییەکانیش ستایشی ژن دەکات: لە ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا دوو جار پەسنی خازە دەدات و وەك ژنێکی ژیر ناوی دەهێنێت. لە "بۆچی نەچووین بۆ کوێستان"دا دایکەکە لەگەڵ پیاواندا دادەنیشێت و لەبارەی کاروباری خێڵەوە بڕیار دەدات.

## ژیانێکی ئارام و ڕەنگدار

وا پێ دەچێت دوای داخستنی گۆڤارەکانی گەلاوێژ و نزار، سەججادی ئیتر بڕیاری ئەوەی دابێت کە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لە بواری ئەدەب، مێژوو، زمان و فەرهەنگی کورددا تەرخان بکات. ئەم خۆتەرخانکردنە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە فەرهەنگییە بوو کە لە ماوەی سیوچوار ساڵی داهاتووی ژیانیدا بە ڕێکوپێکی پێوەی خەریك بوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە دوور بوو لە کاری سیاسییەوە و هێندەی بیستبێتم و خوێندبێتمەوە هەرگیز نەبووە بە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی. بەڵام پێوەندییەکی گەرم و چاکی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد و عیراقدا هەبووە. دۆکتۆر مارف خەزنەدار دەیگێڕێتەوە کە لە ساڵانی سەرەتای پەنجاکاندا، کاتێ لە زانستگەی بەغدا خوێندوویەتی، لەناو خوێندەوار و ڕووناکبیرانی کورددا ئەگەر کەسێك بیگوتایە "مامۆستا"، ئاشکرا بوو کە مەبەستی مامۆستا سەججادییە (خەزنەدار ٢٠١٠).

کاری سەرەکیی سەججادی لە سەرەتای چلەکانەوە و تا دواساڵەکانی ژیانی، بەرنوێژی بوو لە مزگەوتێکی بچکۆلەی نزیك گۆڕەپانی مەیدان لە شاری بەغدا. لە ساڵی ١٩٦٠ەوە لە کۆلێجی ئادابی زانستگەی بەغدا بووە بە مامۆستای ئەدەبی کوردی و لە ساڵی ١٩٧٢دا بووە بە ئەندامی

کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا. ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ ئەمینداری ئەوقاف بووە لە ئەنجومەنی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر و لەوە بە دوا خانەنشین کراوە.

هەموو ئەوانەی سەجادییان لە نزیکەوە ناسیوە دوو لایەنی زۆر دیار و گرنگ لە کەسایەتیی ویدا جەخت دەکەن: یەکەم: ڕەوشتێکی یەکجار بەرز کە دەکرێ بە دوورودرێژی لەسەری بنووسرێت و وردەکارییەکانی ڕوون بکرێنەوە و دووەمیش: ڕێکوپێکی و ڕێکخستنی کات و ژیانی ڕۆژانەی، تا بتوانێت خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان بکات و بەرهەمەکەیشی ئەو هەموو کتێبە نایابانە بوو کە بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤایەتیی بە جێ هێشتن. لە ڕووی باوەڕەوە کەسێکی موسڵمان و باوەڕدار بووە و کوردێکی نیشتمانپەروەر. پیاوێکی نەترس بوو کە وەك مەلایەك ئەو هەموو بابەتانەی ڕشتەی مرواریی بڵاو کردوونەوە، ئەگەرچی دەیشیزانی لە کوردەواریی ناوەڕاستی پەنجاکاندا لەوە بوو خەڵکیکی زۆر دژی بوەستن و زۆر تاوانی ناشیرین و ناڕاستی بدەنە پاڵ.

## پرۆژەیەکی فەرهەنگی

سەجادی، زۆرجار و لە نووسینی جیاوازی خۆیدا، گرنگیی زمان و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بۆ مانەوە و گەشەکردن و بەهێزبوونی نەتەوەی کورد جەخت دەکات. ئەم جەختکردنە، دیارە، بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەزموونێکی قووڵ و درێژخایێنە و ساڵانێکی دوورودرێژ بووەتە دروشمێك و نیشانەیەك بۆ نووسینەکانی. ڕاستییەکەی، ئەو هەبوونی کورد وەك نەتەوەیەك دەبەستێتەوە بە هەبوونی زمانی کوردییەوە. لەو پێشەکییەدا کە لە ١٩٥١/١/٢٥دا بۆ "مێژووی ئەدەبی کوردی"ی نووسیوە، باسی ئەزموون و گومانێکی خۆی دەگێڕێتەوە، چۆن ناچاری کردووە هەبوونی خۆی و ناسنامەی خۆی بخاتە ژێر نەشتەری کۆمەڵێك پرسیاری فەلسەفی و فەرهەنگی: "... لەو زەریای خەیاڵەدا کەوتمە سەر ئەوە کە میللەت مادام میللەت بوو، بێگومان ئەبێ زمان و ئەدەبییات و تاریخی ببێ. ئەگەر نەیبێ بە هیچ ناژمێررێ و هیچ نییە..." ئەم بڕوا بتەوە بە زمان و فەرهەنگ و مێژوو دەبێتە بنەڕەتی ئەو فەلسەفەیەی هەموو ژیان و کارەکانی سەجادی ڕەنگڕێژ دەکات. چەند دێڕێك دواتر دەنووسێت: "بەڵگەی قەومی کە زمانە من هەمە. من لە نەتەوەی قەومێکم کە لە بەرەبەیانی تاریخەوە بەم زمانە کە من قسەی پێ ئەکەم و پێی ئەنووسم، قسە ئەکەن..."

بەرگی یەکەم و دووەمی ڕشتەی مرواری لە ساڵی ١٩٥٧دا چاپ کراون، بەڵام سەرەتای بەرگی یەکەم لە ٢٤-٣-١٩٥٢دا نووسراوە. سەجادی لەو سەرەتایەدا تیۆرییەکەی خۆی پەرە پێ دەدات. لەو سەرەتایەدا سەجادی قسەی دڵی خۆی دەدرکێنێت و خوێنەر تێدەگەیێنێت کە مەبەستی سەرەکیی ئەو، زمانە، زمانی کوردی. لە برگەی یەکەمی ئەو سەرەتایەدا دەنووسێ: "کە زمان نەبوو قەومییەت نییە. کوردیش تا ئێستە بۆیە ماوەتەوە چونکە زمانی هەبووە، ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ." (سەجادی ١٩٥٧). بەڵام ئەو پێی

وایە دەبێ زمان پێی بنووسرێت و بخوێنرێت، دەبێ بخرێتە سەر کاغەز. نیو لاپەڕەیەك دواتر دەنووسێت: "زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر قاقەز کارێکی چ گەورە ئەکاتە سەر مانەوەی قەومییەتی نەتەوەی کورد. [...] هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ، ئەویش بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد لەو تەنگوچەڵەمانەی کە گەمارۆی داون. [...] زمانی خۆت بپارێزە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێ." لە کۆتاییی هەر ئەو بەرگەدا دەنووسێت: "من بۆ دانان و ڕێکخستنی ئەم کتێبە گەلێ شوێن گەڕام و هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەلێ کەسی سادە و بەرزا کرد. لە بەری ئەم فرمانەم ئەوەم دەست کەوت کە کۆمەڵە ئەدەبێکی لە وشەی کوردیی پەتیم بۆ هاتە ئەنجام. لەمەوە ئەگەر کتێبێکی وەها نەبووایە ئەو وشانە نەئەچوونە ناو خەزنەی سامانی مانەوەی زمانی کوردی." نووسەر ئەم جۆرە باوەڕانەی لە بەرگەکانی دیکەی ڕشتەی مرواری و لە زۆربەی نووسینەکانی تریشیدا چەند جارە جەخت دەکاتەوە.

لە سەرەتای بەرگی سێیەمی ڕشتەی مرواریدا، (سەججادی ١٩٥٨)، دەنووسێت: "... هەرکەس لە عاستی خۆی ئەبێ هەست بەوە بکا کە بۆ بەرزیی قەومی خۆی ئەبێ بژی؛ بۆ ئەوە بژی کە قەومەکەی بەرز ببێتەوە، قەومیش بەرز نابێتەوە تا خوێندەوار نەبێ، خوێندەواریش نابێ تا بە زمانی خۆی نەخوێنێتەوە." ئەم هاوکێشەیە لای سەججادی دەبێتە بنەمای باوەڕێك و تیۆرییەك کە دەیان جار دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە. چەندپاتەکردنەوەیش خۆی میتۆد و ڕێبازێکی پەروەردەیی و پێداگۆگییە بۆ چەسپاندنی بیرێك لای وەرگر. لە سەرەتای هەمیشەبەهاردا (سەججادی ١٩٦٠: ٤) دەڵێ: "تا ئێمە ئەمە حاڵمان بێت و بێگانە بین لە مێژوو و ئەدەب و ڕازونیازی قەومی خۆمان هەروا وەکو ئەم چەرخانەی ڕابوردوو بە وێنەی ئاردی ناو دڕکان ئەمێنینەوە."

ئەگەرچی لە سەرەتاوە زیاتر گرنگیی زمانی جەخت دەکرد، بەڵام دواتر مەرجی دیکەیش دەخاتە سەر بیرەکانی، وەك خوێندنەوە، خوێندن و هەبوونی ئەدەبێکی نووسراو. لە سەرەتای بەرگی پێنجەمی ڕشتەی مرواریدا، (سەججادی ١٩٧٢: ٤)، ئەم بیرە وەها دەردەبڕێت: "من ئەڵێم نەتەوە کاتێك پێی ئەخاتە مەیدانی نەتەوایەتییەوە کە زمانێك و ئەدەبێکی هەبێت..."

ئەم تیۆرییەی سەججادی و ئەوانەی وەك وی بیریان کردووەتەوە، لەوەیە بۆ ئەو سەردەمە ڕاستییەکی تێدا بووبێت، چونکە دامەزراندنی نەتەوە پێویستی بە بنکە و بنەڕەتێکی بتەو هەیە و زمان و فەرهەنگیش بەشێکی یەکجار گرنگی پێکهێنی ئەو بنەڕەتەن. پێویست ناکات سەججادی شارەزای تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم بووبێت، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە زانستی سیاسیی ئەمڕۆدا پێی دەگوترێ ناسیۆنالیزمی زمانەوانی (Linguistic Nationalism). هەر ئەم بیرە لای هەژاری شاعیریش، لە شیعرێکدا ساڵی ١٩٤٨ نووسیویەتی، دەخوێنینەوە:

به کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم

بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم

بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە

لەو دنیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە (هەژار ٢٠٠٠: ٢٠–٢١).

دەربڕینەکەی هەژار پەڕگرییەکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە و ئاشکرایشە کە لەگەڵ مەنتیقی فیزیکیی مردن و لەگەڵ مەنتیقی دینیشدا ناگونجێت، بەڵام بیرەکانی سەججادی بە شێوەیەکی زۆر ئاوەزکارانە و مەنتیقی و ژیرانە داڕێژراون.

محەمەدئەمین زەکی بەگ مێژوو بە بنەمایەکی گرنگی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی دادەنێت. هەر لە یەکەم بڕگەی سەرەتای "خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان"دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن پەیدابوونی بیری تورکایەتی و تورانیزم لە جێی عوسمانی، بووەتە هۆی ئەوەی ئەمیش بۆ بنەچە و ڕەگوڕیشەی نەتەوەکەی خۆی بگەڕێت. هەر ئەم هەستەیش بوو کە نووسینە بەنرخەکانی زەکی بەگی لە بواری مێژووی کوردستاندا بەرهەم هێنان. بەڵام لەپاڵ بایەخی مێژوودا، زەکی بەگ نەخشی زمانیش جەخت دەکات: "بەعزێ لە دۆستان ویستیان کە ئەم کیتابانە یا بە عەرەبی وەیا بە تورکی بنووسم، بەڵام بەڕاستی لام موناسیب نەبوو، کە تەئریخی کورد و کوردستان، لە تەرەف کوردێکەوە و لە هەمووی زیاتر بۆ کورد بە زمانێکی غەیرەکورد[ی] بنووسرێ." (زەکی بەگ ٢٠٠٦: ٣). هەر لەو نووسینەدا زەکی بەگ تەنانەت ڕەخنە لە شەرەفخانی بتلیسی دەگرێت و پێی وایە کە دەبوو شەرەفنامە بە کوردی بنووسێت.

سەججادی خاوەنی پرۆژەیەك و پەیامێکی گشتگر بوو. ئەو دەیویست مرۆڤی کورد خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆی بێت، خۆی بناسێت و شانازی بە خۆی و فەرهەنگ و جیۆگرافیا و زمان و مێژووی خۆیەوە بکات. هەموو کار و نووسینەکانی سەججادی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوو. تەنانەت نووسینی نامیلکەیەکی وەك "ناوی کوردی" یا کتێبی "گەشتێك لە کوردستانا" بەشێکە لەو پەیامە. ئەو دەیویست نووسینەکانی، لێکۆڵینەوەکانی، کارکردن و مامۆستایەتییەکەی، ئەندامەتیی لە ئەنجومەنی کۆڕی زانیاریدا، بە کورتییەکەی هەموو هەبوون و ژیان و کارێکی خۆی بۆ ئەو پرۆژە گەورەیە تەرخان بکات.

دەبێ ئەوەیشمان بیر بکەوێتەوە کە سەججادی هەرگیز ناسیۆنالیستێکی بیرتەسك و ئاسۆداخراو نەبوو. ئەو لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ زانا و نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی عەرەبیشدا هەبوو. کاتێکیش باسی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی عەرەب و فارس و نەتەوەکانی دیکە دەکات، تۆ هەست دەکەیت بە چاوی خۆشەویستی و بەرزنرخاندن و ڕێزەوە تەماشایان دەکات. بەڵام دیارە خۆشەویستیی یەکەمی ئەو زمان و فەرهەنگی کورد بوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێوەندیی سەججادی لەگەڵ زمانی کوردیدا پێوەندییەکی عاشقانە بوو. هەموو خەون و خەیاڵ و ئاواتێکی ئەو پیاوە پێشکەوتن و خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو. ئەوەندەی شانازیی بە زمانی کوردییەوە دەکرد، شانازیی بە هیچ شتێکی دیکەوە نەدەکرد. جێی خۆیەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قسەی کەسێك دابخەین کە لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا سەری لێ داوە:

"وتی: کتێبێکی ترم ئامادەیە لەسەر گیانەوەر و ئەندامەکانیەتی.

وتم: مامۆستا ئەریستۆیش کتێبێکی وای هەیە.

وتی: بەڵێ، بەڵام هینەکەی من بە کوردییە." (سەججادی ١٩٨٧: ١١٤).

چ دەربڕینێك هەیە لەوە جوانتر و دڵسۆزانەتر و عاشقانەتر بێت؟

## ئەنجامگری

عەلائوددین سەججادی یەکێکە لە نووسەر و زانا ناودارەکانی کوردی سەدەی بیستەم. لە ماوەی نزیکەی حەفتا ساڵی ژیانیدا، چلوچوار ساڵی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپێناوی پێشخستن و گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کورددا کاری کرد. ئەو بەرهەمانەی ئەو پێشکەشی کردن بە کتێبخانەی کوردی، بوون بە سەرەتایەك بۆ کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد. هەروەها بوون بە بنەڕەتێك بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی کوردی و پاراستنی سامانی ژیربێژی و فۆلکلۆر و نەریتی کوردەواری.

هەموو نیشانەکان ئەوەمان لا جەخت دەکەن کە سەججادی هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیدا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە دەبێ ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ ئامانجێك و بۆ بەجێهێنانی پرۆژەیەکی گەورەی فەرهەنگی. وا پێ دەچێت ئەم بڕیارە ئەنجامی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شارەزایی لە ژیان و بیر و فەلسەفەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵی کورددا و ئەنجامی ئاشنایەتییەکی قووڵ لەگەڵ زمان و فۆلکلۆر و هونەر و ڕاستینەکانی کوردەواریدا بووبێت. لە دەیەی چلەکاندا وەك ڕۆژنامەنووسێك بەشدارییەکی بەرچاو و کاریگەری هەبوو لە بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژ و دووحەفتەنامەی نزاردا. هەر لەو ساڵانەیشدا دوانزدە چیرۆکی نووسیون کە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکی هونەرییەوە جوانترین و بەرزترین نموونەی چیرۆکی کوردیی تا ئەو کاتەن.

لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عیراق چالاکانە لە ڕێکخراو و پارتییە سیاسییەکاندا، چ کوردی و چ عیراقی، کاریان دەکرد و زۆری تریش بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە لە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراقدا تێدەکۆشان، سەججادی خۆی لە هەموو ئەوانە دوور گرت و بە ژیانێکی سادە و ساکار، وەك پێشنوێژی

مزگەوتێك، ڕازی بوو. ئامانجی هەرە گەورە و پیرۆزی ئەو پرۆژە فەرهەنگییەکەی بوو، کە ئەوەندەی بۆ داڕێشتنی بنەڕەتێکی سەخت بۆ هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەو سەردەمەدا گرنگ بوو، لەوەیش پتر پرۆژەیەك بوو بۆ دامەزراندنی پاشەڕۆژ و داهاتوویەکی ڕووناك بۆ مرۆڤی کود و نیشتمانەکەی.

ئەو هەستە نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و گەشە دەکات و ئەو پێشکەوتنەی لە بواری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردووەوە و تا ئەمڕۆ بە دی هاتووە، تا ڕادەیەك، قەرزداری ژیان و تێکۆشان و کارەکانی سەجادین. ئەو بە هۆشیاری و دووربینی و بەرچاوڕوونییەکی زۆرەوە ژیانی خۆی خستبووە خزمەتی ئامانجێکەوە کە دەیزانی بۆ ئەو ڕۆژە و بۆ داهاتووی نەتەوە و نیشتمانەکەی کارکردێکی قووڵ و فراوانی دەبێت.

فەرهاد شاکەلی

سۆللەنتوونا، سوێد

٢٠١٢/٥/١

**سەرچاوە:**


- ئەحمەد، ئیبراهیم – بلە (١٩٥٩): کوێرەوەری، چاپخانەی ئەلنەجاح، بەغدا.
- ئەحمەد، ئیبراهیم (٢٠٠٧): ڕۆژنامەگەریی کوردی و گەلاوێژ، پرۆژەی چاپکردنەوەی گەلاوێژ، ژمارە: ١–١٢، لل: ١–٢٢.
- بەدرخان، جەلادەت عالی (١٩٣٢): بەر تەڤنا مافووریٚ، هاوار، هەژمار: ٤، سال: ١ (٣–٧–١٩٣٢).
- پیرەمێرد (١٩٣٤): مەم و زین، داستان، چاپخانەی ژین، سلێمانی؛ چاپی دووەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٨.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٤١): شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٥٦): شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، بەرگی دووەم، بەغدا.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠): بیرەوەریی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر: عەلائەدین سەجادی، ڕامان، ژمارە: ١٥٣، لل ٨٥–٨٧.
- زەکی بەگ، محەمەدئەمین (٢٠٠٦): خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ، سەرجەمی بەرهەم: چوارەم بەرگ، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.
- سەجادی، عەلائوددین (١٩٥٧): ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەجادی، عەلائوددین (١٩٥٧– ئەلف): ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

- سەججادی، عەلائوددین (١٩٥٨): ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٦٠): هەمیشەبەهار، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٧٠): نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٧١): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (١٩٧٢): ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەججادی، عەلائوددین (٢٠٠٠): مێژووی پەخشانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- سەججادی، دلێر عەلائوددین (١٩٨٧): یادی سەججادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا.
- شریف، عبدالستار طاهر (الدکتور) (١٩٨٩): الجمعیات والأحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الأولی، شرکة المعرفة للنشر والتوزیع، بغداد.
- عارف، حسێن (١٩٨٧): بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٨٣، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان.
- فەیزی، ئەمین (١٩٢٠): ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، (چاپی یەکەم): چاپخانەی تەرجومانی حەقیقەت، ئیستانبووڵ؛ (چاپی دووەم): کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٣.
- گۆران (وەرگێڕ) (١٩٩٥): هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد کوردستان، سوێد.
- نەریمان، مستەفا (١٩٨٨): ببلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٨٦، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
- هەژار (٢٠٠٠): بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- Andersen, Hans Christian (1990): The Complete Illustrated Stories, Chancellor Press, Milano.
- Azizan, Herekol (1941): Klasîkên me, Hawar, hejmar: 33, rr 6-14.
- Jaba, M. Alexandre (1860): Recueil De Notices et Récits Kourdes, ST. - Pétersbourg.

ناونیشانی کتێبەکە بە کوردی بەم جۆرە نووسراوە:

اسکندر ژابا: جامع یی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی، د باژیری پطربورغیدا، د دار الطباعتی اکادمیایی امپراطوریدا، د تاریخا حزار و حشت صد و شستی عیسوی، کو سالا ١٢٧٧ هجرتی یە، اڤی کتابی طبع کرین.

Shakely, Farhad (2011): Faglarna atervänder till bergen, Bokförlaget Tranan, Stockholm.

# نەبینراوکردنی زمانی کوردی:
# دیوەکەی تری پلانڕێژیی زمان لە تورکیادا

جیۆفری هەیگ

## ١- پێشەکی

لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان جەختیان لەسەر هەوڵدان کردووە، بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر ئەو زمانەی هاووڵاتییانی تورکیایی قسەی پێ دەکەن و پێی دەنووسن و، چۆن ئەمانە دەکەن. تا ڕادەیەکی زۆر، دیارترینی ئەو هەڵمەتانە ئەوەیە، کە بەگشتی پێی دەگوترێ چاکسازیی زمانی تورکی، کە برێتی بوو لە هەوڵەکانی کەڵەکەکراو لەپێناو پاککردنەوە و بەستانداردکردن و دەوڵەمەندکرنی زمانی تورکی. هەر لە سەرەتاوە، چاکسازیی زمانی تورکی مۆرکی کرداری پایەبەرزی ئاماژەیی و گشتیی دەوڵەتی پێوە دیار بوو. ئەتاتورک خۆی لە پرۆسەکەدا بەشدار بوو، پەیمانگەیەکی نەتەوەیی زمان هاتە دامەزراندن، دامەزراوەی زمانی تورک هاتە دامەزراندن و، دەستووره یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا ئەوەیان چەسپاند، کە زمانی تورکی تەنیا زمانی فەرمییە. کەم لە چاکسازییەکانی تورکیا داوای ئەو ئاگەدارییە درێژخایەن و چڕە گشتییەی چاکسازییەکانی زمانیان بەخۆوە دی.

چاکسازیی زمان، نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی بە پلانڕێژکردنی زمان ناسراوە، کە برێتییە لە "هەوڵەکانی کارکردنە سەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر لەو بوارانەدا، کە پێوەست بەباڵادەستی یان پێکهاتە یان دابەشکردنی وەزیفیی کۆدەکانی زمانەکەیان"، (کوپەر ١٩٨٩: ٤٥). دیارترین پلانڕێژکردنی زمان، نەک تەنیا پلانڕێژکردنی، لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتێکەوە پیادە دەکرێ و ئاراستەی هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتە دەکرێ. من لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا خۆم بەم جۆرەی پلانڕێژکردنی زمانەوە دەبەستمەوە، ئاشکرایە کە ئەو پێناسەی سەرەوە بۆ پلانڕێژکردنی زمان بەلای کەمەوە دوو لایەن لەخۆی دەگرێ. یەکەم: ئەو هەوڵانەن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە

................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

زمانەکە خۆی (وەک گۆڕینی وشەکان، ڕێزمان، ڕێنووس). ئەم لایەنە، بەگشتی بەپلانڕێژکردنی لەش دەناسرێ، چاکسازیی زمانی تورکیش زۆر گرینگیی داوە بەم پلانڕێژکردنی لەشە، دووەم: ئەو پلانڕێژکردنی زمانەیە، کە هەوڵی کارکردنە سەر "دابەشکردنی وەزیفی"ی زمانەکان دەدا لەناو دەوڵەتەکەدا، واتە هەڵبژاردنی ئەو زمانانە یان ئەو دیالێکتانەی هاووڵاتییان بۆ کار یان سیاقگەلی دیاریکراو بەکاریان دێنن. منیش وەک هاوجین (بۆ نموونە ١٩٨٣) ناوی ئەم لایەنە دەنێم پلانڕێژکردنی دۆخ. بۆیە ئەگەر دەوڵەت بڕیارێکی دەرکرد بەوەی گشت خوێندنی حکوومەتی دەبێ لە ڕێی زمانێکی دیاریکراووەوە بن، ئەمە دەچێتە ناو بازنەی پلانڕێژکردنی دۆخەوە، چونکە بژارەکانی بەردەستی هاووڵاتییان لە بەکارهێنانی زمانەکان لە بوارێکی دیاریکراودا سنووردار دەکا، تورکیا، وەک گشت دەوڵەتانی تر، کار بەپلانڕێژکردنی دۆخ دەکا، بۆ نموونە، سەرباری ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووان بەزمانێک یان زمانگەلێکی جیا لە تورکی قسە دەکەن (ئەمە پێش دامەزراندنی کۆمار زیاتر بوو وەک لە ئێستە)، بەڵام تاکە زمان بۆ گشت کارە فەرمییەکان، بەبڕیاری دەوڵەت، تورکییە و زمانەکانی تر بەڕادەیەکی زۆر لە بوارە فەرمییەکان دوورخراونەتەوە. ئەو زمانەی دیارترین کاریگەریی بەسەرەوە هەبووە بەهۆی ئەم کارانەوە زمانی کوردییە، کە تا ئێستە زمانی گەورەترین کەمینەی تورکیایە.

بەڵام لەو کاتەدا کە هەوڵەکانی تورکیا لە بواری پلانڕێژکردنی لەشدا لە شێوەی ستراتیجێکی ئاشکرا داڕێژراودایە لە چوارچێوەی پڕۆژەی بنیاتنانی نەتەوە، کە هەوڵی داوە بۆ بەدەستهێنانی بەشداریی چالاکی دانیشتووان و بەدەستی هێناو، دیوەکەی تری پلانڕێژیی زمان لە تورکیادا، کە وەدەرنانی زمانە غەیرە تورکەکانە، کەمتر ئاشکرایە: نە پاڵنەرەکان و نە ئامرازە بەکارهێنراوەکانی بەڕوونی بوونیان لەو ڕێنوێنییانەی دەوڵەتدا نییە، کە لەبەر دەستن، لەوەش زیاتر، تا ١٩٩٠ـەکان، هیچ گفتوگۆیەکی ئاشکرا و بەرچاو نەبوو لەسەر ئەم بابەتە و، بێ گومان هیچ شتێک نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مشتومڕە زۆرەی لەسەر پلانڕێژکردنی لەش هەبوون، لە بەرامبەریشدا، ئاماژە نییە بۆ ئەم لایەنانە لە بوارە فرەوانەکانی ئەو ئەدەبیاتانەی پێوەستن بەچاکسازییەکانی زمانی تورکیاوە.

ئەم بابەتە هەوڵ دەدا، هاوسەنگییەکە ڕاست بکاتەوە لە ڕێی پێشکێشکردنی کورتەیەک لەوەی دەشێ بگوترێ سیاسەتی دەوڵەت بووە لەمەڕ بەکارهێنان و دۆخی زمانی گەورەترین کەمینەی تورکیا، کە کوردییە[1]. ئەم جۆرە پڕۆژانە گەلێک ئاڵۆزترن لەبەرئەوەی، وەک ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم جۆرە سیاسەتە بەڕوونی نەبوونی داڕشتنێکی ئاشکرای سیاسییانەی پێوە دیارە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و پەردەپۆشکراو ئاماژەی بۆ دەکرێ، یان بەشێوەیەکی سیستماتیک ئاماژەیان تێدا نییە بۆ زمانی کوردی، سەرباری جەختکردنی ئەرێنی، یان ئەجێندای بەفەرمی داڕێژراو، یان گفتوگۆی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت دەکەم، کە سیاسەتێکی فەرمی هەبووە، بەڵام پێویستی بەوەی یاساییانە ناڕاستەوخۆ بێتە داڕشتن، لە ڕێی پشکنینی داڕشتنی دۆکیومێنتە

فەرمییەکانەوە، یان ئەوەی وتاری گشتیی دەوڵەت ددانی پێدا ناوە، لە ناو چوارچێوەیەکی بەرچاوی کاتدا[٢]. ئاماژە بۆ سیاسەتی نەبینراوکردن دەکەم، کە زاراوەیەکە لە سکەتناب-کانگاس (٢٠٠٠: ٣٥٤) وەرم گرتووە. بێ گومان ئەمە سیاسەتێکی دێرینی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە بۆ بێدەنگکردنی کەمینەکان، وەک هیراود (١٩٦٣: ٢٢) ئاماژەی بۆ دەکا. بەڵام نەبینراوکردن، بەو واتەیەی من لێرەدا بەکاری دەهێنم، واتەی زیاتر لە تەنیا بێدەنگکردن دەگرێتەوە. دەشێ بە شێوەیەکی نافەرمی بەم جۆرە بیناسێنین:

پێناسی نەبینراوکردن

نەبینراوکردن بریتییە لە لابردن یان شاردنەوەیەکی بەئەنقەستی نیشانە ئاشکراکانی بوونی کولتوورێکی دیاریکراو بەمەبەستی ئەوەی ئەو کولتووره لەبەر چاوان بزر ببێ. بەشێک لە لۆجیکی نەبینراوکردن بریتییە لەوەی سیاسەتەکەی و جێبەجێکردنەکەی بە شاراوەیی بەڕێوە دەچن، لەبەرئەوەی سازدانی ئاشکرای ئەم پرۆسەیە ئەو کولتووره زیاتر دەخاتە بەر چاوانەوە.

بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە بریتییە لەوەی کە سیاسەتێکی نەبینراوکردنی حکوومەتیی جێگیر بەرامبەر بەزمانی کوردی پیادە کراوە، وتارەکە گرینگی دەدا بەخستنەڕووی بەڵگەکانی بەردەست، کە پشتگیریی ئەم بابەتە دەکەن و، جەخت کراوەتە سەر شێوازی گوتاری فەرمیی تایبەت بەکورد لە تورکیا چۆن بووە و چۆنە[٣]. دووەمین بابەت، سیاسەتە فەرمییەکانی پێوەست بەزمانی کوردی دەبێ وەک ئامرازێکی ئۆرگانی سەیر بکرێ لە پلانڕێژیی زمان لە تورکیادا، بە هەمان حەزی هۆمۆجینەکردنی کولتووری تورکیایی ئاو دەدرێ و داهێنانی نەریتێکی درێژخایەنی دەستوەردانی دەوڵەتە لە هەڵسوکەوتی زمانیی هاووڵاتییاندا. لایەنێکی زیاتر هاوسەنگی پلانڕێژیی زمان لە تورکیا بەند نییە بەو هەڵمەتە فرەوانانەی مۆدێرنەکردن و تورکاندنی زمانی تورکییەوە، بگرە پێوەندیی هەیە بەدیوەکەی تری پلانڕێژیی زمانەوە کە بریتییە لە نەبینراوکردنی زمانە غەیرە تورکییەکانەوە.

## ٢- ڕەگەکانی نەبینراوکردن: ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی تورکی لە کۆماری نوێدا

پێش دامەزراندنی کۆماری تورکی لە ١٩٢٣دا، کورد یەکێک بوون لەو کەمینە لەژماردن-نەهاتووانەی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی. پێوەندیی کورد لەگەڵ عوسمانییەکاندا ئاڵۆز بوو، دیارترین سیفەتەکانیشی وەرچەرخانی لایەنداری بوو، سەردەمانێک هاوکار بوون، ئینجا لەگەڵ نێزیکبوونەوەی کۆتایی ئیمپراتۆریای عوسمانی، کە یاخیبوونەکان پەرەیان دەسەند و بەیاخیبوونەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە ١٨٧٩دا گەیشتنە لووتکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی کورد، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ناوەخۆییان، زمان و نیشتمانیان، کوردستان، هەرگیز جێی گومان نەبوونە و بەباشی لە دۆکیومێنتەکاندا تۆمار کراون، بۆ نموونە لە مێژوونامەکەی سەتەی ١٧ی

ئەولیا چەلەبیدا (بڕوانە: بوڵوت ١٩٩٧). بێ گومان، هەتا درەنگانێکی سەتەی ٢٠یش، وشەی کوردستان لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا بەتاوان نەدەهاتە ژماردن (بیغەن ١٩٩أ: ١١٤)، هەرچەندە لەو کاتەوە لە بەکارهێنانی فەرمیدا نەما (بڕوانە ئەوەی کە دێ). لە کۆتاکانی سەتەی ١٩دا، ڕۆشنبیرانی کورد لە ئیستانبوڵ چەندان کۆمەڵەی سیاسییان پێک هێنا و ژمارەیەک کۆواریان بەزمانی کوردی وەشاند (بڕوانە: شترۆمایەر لەم کتێبەدا). بەمەش دەردەکەوێ، کە لە سەتەی ١٩ و سەرەتاکانی سەتەی ٢٠دا، کورد ئەوەندە بەئاشکرا خۆیان وەک گرووپێکی دیار لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی پێشان داوە، کە ناکرێ بێتە شاردنەوە، بەوەی ڕێکخراوگەلی سیاسی و کولتووریی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بۆچوونێکی گشتیی هەیە، کە دەڵێ ناسیۆنالیزمی کورد لەو قۆناخەدا دەستی-پێ-کردووە (وایت ٢٠٠٠: ٥٨-٥٩).

بێ گومان، لە قۆناخێکی هاوشێوەیشدا، ناسیۆنالیزمی تورکی وەک هێزێ سەرەکی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیی ڕوو-لە-هەڵوەشانەوەدا دەرکەوت. لە قۆناخی پێش کۆماری ناسیۆنالیزمی تورکیدا، هەڵوێستی ناسیۆنالیستانی تورک لە بەرامبەر کورد، هەرچەندە تەواو ڕوون نەبوو، بەڵام بێ گومان تەواو نەرێنی نەبوو.بۆ نموونە، بەهاتنی ساڵی ١٩٢٠، گرووپی فەلاحو-ل-وەتەن (گرووپی سەرخستنی نیشتمان)، کە گرووپێکی سیاسی بوو و ئەتاتورک و ناسیۆنالیستەکان باڵیان بەسەریدا کێشابوو، میساقی میللی (تەبایی نیشتمانی)ی داڕشت، کە خواستەکانی ناسیۆنالیستەکانی دیار کرد، لە خەباتیان لە پێناو سەربەخۆییدا. وەک شتاینباخ (١٩٩٦: ١٠٩) ئاماژەی بۆ دەکا، تەنانەت لەم مێژووە درەنگەشدا تەبایی نیشتمانی ئاماژەی بۆ مافەکانی تورک نەکردووە، بگرە ئاماژەی بۆ مافەکانی گشت "موسڵمانە عوسمانییەکان" کردووە، کە داڕشتنێکە بەتەواوی تورک و کورد جیا دەکاتەوە. بەڵگەیەکی تر لەسەر هەڵوێستی دژبەری ناسیۆنالیستە تورکە کۆمار-خوازەکان، لە دیمانەیەکی ئەتاتورکدا ئاشکرا بوو، لەگەڵ ڕۆژنامەوانان لە ئیزمیر لە ١٩٢٣دا. لەو دیمانەیەدا، ئەتاتورک بەئاشکرا باسی ئەگەری دروستبوونی ناوچەگەلی ئۆتۆنۆمیی کوردی لە ناو دەوڵەتی نوێدا دەکا[٤]. بەڵام کەمتر لە ٧٠ ساڵی پێ-نەچوو، تا ١٩٩٠ـەکان، پێش ئەوەی جارێکی تر ئەم جۆرە چارەسەرە دووبارە لەلایەن سیاسەتوانێکی تورکەوە بەئاشکرا بدرێ بەگوێی خەڵکدا[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا، پاش پەسندکردنی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣دا (بڕوانە ئەوەی کە دێ)، بۆچوونەکانی ناسیۆنالیستە سەرکەوتووەکان بەرامبەر بەکورد، گۆڕانی بنەڕەتی و یەکجارەکییان بەخۆوە دی: لە بنەوادا، هیچ نیازێک نەبوو بۆ ددانان بەبوونی کەمینەی کورد لە دەوڵەتی نوێدا. قوتابخانە و دەزگە کوردییەکان هاتنە داخستن، چالاکییەکانی وەشاندن تا ڕادەیەکی زۆر هاتنە وەستاندن (هەرچەندە لە تاراوگەدا بەردەوامییان هەبوو) و، ئاماژەکردن بۆ کورد، بۆ زمانی کوردی و، وتنی هەر شتێک لەبارەی کوردستان لە بەکارهێنانی فەرمیدا وشکی کرد. شتاینباخ (١٩٩٦: ٣٤٩) ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ هەڵوێستی فەرمی لە بەرامبەر کورد پێشکێش دەکا (وەرگێڕاوی خۆمە)[٦]:

"له كاتی دامەزراندنی كۆمارەوە، بژاردەی سیاسیی توركیا بەشێوەیەكی سیستمدار هەوڵیان داوە بوونی كورد لەسەر خاكی دەوڵەتی نوێدا، وەك گەلێكی سەربەخۆ لەڕووی ئیتنی و زمانی و كولتوورییەوە ڕەت-بكەنەوە. هەندێ جار بەڵگەی سەیر و سەمەرە هێنراونەتەوە بۆ ڕەتكردنەوەی ئەو ڕاستییەی، كە دەڵێ لە ناو سنووری ئەم دەوڵەتەدا بەملیۆنان خەڵك هەن خاوەنی ڕەگی كولتووریی جیاوازن و زمانەكەیان زمانی توركی نییە، ئەو خەڵكە بە"تورك" ناو-بران، هەرچەندە ئەو ناونانە زارەكی بێ و داڕشتنی سادەی بۆ كرابێ لەڕووی كولتوورەوە، بۆ نموونە ناونانیان بە "توركی شاخی"."

چی بوو ئەوەی سیاسەتی ئێستەی توركیای بەرامبەر بەكورد بزواند؟ ئەمە پرسیارێكە فرە ئاڵۆزە و ناشێ لێرەدا بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، بەڵام تەنیا دوو فاكتەر هەن كە مایەی پێكهێنانی سیاسەتە نوێیەكانن و شایەنی ئاماژەن. یەكەم، بیرۆكەی كەمینە وەك ئەوەی لە پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣دا چەسپابوو. دووەم، پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوە، كە ئەتاتورك و ناسیۆنالیستەكان دەستیان پێی كرد، با سەرەتا بەكورتی باسێكی پەیمانی لۆزان بكەین، كە لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ لەلایەن نوێنەرانی ناسیۆنالیستە توركەكان و نوێنەرانی هاوپەیمانانەوە ئیمزا كرا. پەیمانەكە چوارچێوەیەكی نێودەوڵەتیی یاساییی سەپێنەری بۆ دەوڵەتی نوێ پێشكێش كرد، سنوورەكانی دیار كرد و گەرەنتیی سەروەریی وڵاتەكەی دا. هەروەها ژمارەیەك حوكمی تایبەت بەكەمینە نا-توركەكانی- كە بڕیار وا بوو ببنە هاووڵاتیی ئەو كۆمارە- تێدا هەبوو، لەوانە مافی بەكارهێنانی زمان (مادەكانی ٣٨-٤٤). بەڵام، ئەمەش خاڵە گرینگەكەیە، "كەمینە" لە ڕوانگەی ئاینەوە هاتە ناساندن: تەنیا ئەو گرووپانەی موسڵمان نەبوون وەك كەمینە مامەڵەیان لەگەڵدا كرا. بەمەش گرینگترین حوكمەكانی پێوەست بەمافی بەكارهێنانی زمان بەسەر كەمینەگەلێكی تا ڕادەیەك بچووكدا هاتە جێبەجێكردن، وەك كریستیانە گریكە ئۆرتۆدۆكسەكان (كە زۆربەیان دواتر بەزۆر لە یۆنان نیشتەجێ كرانەوە)، لەگەڵ ئەو ژمارە كەمە ئەرمەنییانەی لە قەسابخانەكانی پێش-كۆمار قورتار بووبوون و، كریستیانە ئاسوورییەكان و جوولەكەكان. بەڵام كەمینەی كوردی بەژمارە زۆر، هیچ ئاماژەیەكی بۆ نەكرا و بەمەش لە هەر پاراستنێكی نێودەوڵەتیی سەپێنەر بێبەش بوو[7].

بێ گومان ئەم جۆرە بینینە تەسكەی كەمینە گونجاو نییە، لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییە هاوسەردەمەكاندا، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەكرێ كە لە كاتی بەستنی پەیمانەكەدا، هاوپەیمانان لەوە دڵنیا بوون، كە بێ گومان ئەو دەوڵەتە نوێیە دەوڵەتێكی موسڵمان دەبێ. ئەگەر ئەوەش بخەینەوە بیری خۆمان كە پێش پەیمانەكە، بەلای كەمەوە یەك ملیۆن ئەرمەنی بەیەكجاری لە نیشتمانی ئەناتۆلیاییی خۆیان هەڵكەندران، ئەوە تێدەگەین، كە خەمی سەرەكیی ئەو قۆناخە بریتی بووە لە پاراستنی كەمینە ناموسڵمانەكان. لە كۆتاییدا، وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆی كرد، پێش پەیمانەكە بەڵگەی كەم هەبوون لەسەر ئەوەی، كە كورد دەبنە ناحەز، واتە بەڵگەی كەم هەبوون

لەسەر ئەوەی، کە دەوڵەتی نوێ ناسیۆنالیزمی-ئیتنی دەکاتە کۆڵەکەی سەرەکیی ئایدیۆلۆجیای خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیمانەکە حوکمێکی زیاتر گشتیی لەخۆ دەگرت (مادەی ٣٩) کە پێوەندیی هەبوو بەئازادیی گشت هاووڵاتییان لە بەکارهێنانی زمانی ڕەسەنی خۆیان[٨]، بەڵام ئەمە بە بەردەوامی پێشێل دەکرا. ئەم پێناسە تەمەن ٨٠ ساڵەی پەیمانی لۆزان بۆ کەمینە، کاریگەریی درێژخایەنی هەبوو لەسەر سیاسەتەکانی تایبەت بەزمانی کوردی و، سیاسەتەکانی تایبەت بەکەمینە بە گشتی لە تورکیادا. چونکە هەر لەسەر ئەم بنەوایەیە، کە هەندێک لە سیاسەتوانانی تورکیا تا ئێستەش جەخت دەکەن لەوەی "تورکیا کەمینەی تێدا نییە"، بگرە لە بەکارهێنانی فەرمیدا زۆربەی جاران زاراوەی "کەمینە" دەدرێتە لاوە (بڕوانە ئەوەی کە دێ)، هەروەها قەدەخەیشە بۆ پارتە سیاسییەکان جەخت لە هەبوونی کەمینە لە تورکیادا بکەن[٩].

لە کاتێکدا کە پێناسی کەمینە لە پەیمانی لۆزاندا کەلێنێکی یاسایی پێشکێش کرد، ئەوە پێویستە لە بنەوا ئیتنۆ-ناسیۆنالیستەکەی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی تورکیادا بەدوای پاڵنەری سیاسەتەکانی پاشتری تایبەت بە زمانی کوردیدا بگەڕێین. ناسیۆنالیستەکان تەواو لەوە ئاگەدار بوون، کە کۆماری نوێ یەک ناگرێتەوە لەگەڵ هێڵە جیاکەرەوە کارەساتبارەکانی سنووری ئاینی و ئیتنییەکاندا. ئیسلام کە چەقی بناخەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیی پێک دەهێنا، ناسیۆنالیستەکان جەختیان کرد لەسەر جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین (ئەگەر بەشێوەیەکی تیۆریش بێ). بۆیە چیی تر ئاین ناتوانێ ڕۆڵی توخمی کۆکەرەوە ببینێ، کە دەوڵەتە شڵۆقەکە بەیەکەوە گرێ بدا، چارەسەری جێگرەوە برێتی بوو لە کەمێک بیری "تورکایەتی"ی خاوەن پێناسی ئیتنۆ-ناسیۆنالیست. تورکایەتی تا ئەمڕۆش وەک دروستکراوێکی تا ڕادەیەک نادیار ماوەتەوە، کە تیایدا میراتێکی گریمانەیی گشتیی ئیتنی و زمانی و کولتووری گرێدراوە لەگەڵ بیرۆکەی یاسایی هاووڵاتیبوون لە دەوڵەتێکی سەردەمیانەی عەلمانیدا[١٠]. هەرچەندە بیری تورکایەتی داهێنانی، تورکی لاوە و، چەند دەیەیەک پێش دامەزراندنی کۆمار دروست بووە، بەڵام نەیتوانیوە لە ناو زۆرینەی ئەو خەڵکە ئاساییەی دوورن لە بنکە سەرەکییەکان، ڕەگ دابکوتێ. بۆیە پێویست بوو بەزووترین کات یەک بخرێ و بڵاوبکرێتەوە لە گشت قوژبنەکانی دەوڵەتی نوێدا. پرۆگرامە بەناوبانگەکەی چاکسازیی تورکیا دەشێ وەک پرۆژەیەکی نیشتمانیی مەزن سەیری بکرێ بۆ پچڕینی پێوەندی لەگەڵ میرات و نەریتە عوسمانییەکان و لە جێی ئەوان، قیتکردنەوەی ناسیۆنالیزمێکی نوێی تورکی بەئاراستەیەکی ڕۆئاواییەوە، ئەم پرۆسەیە لەلایەن بیغەن (١٩٩٩: ٢٠٢)وە ئاماژەی بۆ دەکرێ، وەک تورک میللی کیملیغینین ئینشاسی (دروستکردنی ئێناسی نەتەوەیی تورک)، ئاشکرایە کە ئامانجی هەوڵەکانی چاکسازی بەشێوەیەکی تایبەت برێتی بوون لە لایەنە دیار و بەرچاوەکانی کولتوور: بەرگی نەریتیی عوسمانی قەدەخە کرا و شێوازی ڕۆئاواییی جلوبەرگ خرایە جێیەوە، ئەلفبێی عارەبی لادرا و ئەلفبێیەکی لاتینیی هەموارکراو خرایە جێیەوە (١٩٢٨)، شێوازەکانی ناونانی ڕۆئاوایی (بۆ نموونە ناو و ناسناوی کریستیان) و

شێوەکانی ناونیشانی کەسیی ئەوان کاریان پێ کرا، هەروەها ڕۆژ-ژمێری ئەوروپایی و، وشە عارەبی و فارسییەکان لە زمان هێنرانە دەر و بەوشەی تورکیی "پەتی" جێیان پڕ کرایەوە، ئەنقەرە کە تا ئەو کاتە شارۆکەیەکی تا ڕادەیەک بچووکی بانییەکانی ئەناتۆلیا بوو، کرایە پایەتەخت لە جیاتی ئیستانبوڵی بارکراو بەچەند سەتەیەکی قورسایی عوسمانی. هەموو ئەو شتانەی کە پێیان وا بوو لەگەڵ ئاراستەی نوێدا گونجاو نین، تا پێیان کرا، لە یادگەی گشتییان سڕییەوە. وتەکانی ئەتاتورک لەبارەی پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠)، ئەو پەیمانەی، کە چەند حوکمێکی پێوەست بەدروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و کوردیی تێدا هەبوو، بەڵام پەیمانی لۆزان هەڵی وەشاندەوە، نیشانەکانی هەڵوێستی توند بوون بەرامبەر بەهێما نەویستراوەکانی ڕابردوو[١١]:

"پەیمانی سیڤەر نیشانەی لەداردانێکی شەرمئامێز بوو بۆ نەتەوەی تورک، کە ئێمە هەرگیز حەز ناکەین لە دەمی دۆستێکەوە گوێمان لە باسکردنی ببێ! هەروەها نامانەوێ لەم کۆبوونەوەیەدا گوێمان لە ئاماژەکردن بێ بۆی. ئێمە ناتوانین پێوەندیی پڕ متمانەی دووسەرە ببین لەگەڵ وڵاتگەلێکدا کە هێشتە پەیمانی سیڤەریان لە مێشکی خۆیان نەسڕیوەتەوە. بە دیتنی ئێمە ئەو جۆرە پەیمانە بوونی نییە."

لە ڕوانگەی پرۆژەیەکی تورکاندنی سەرتاپای وڵاتەوە، بوونی کەمینەگەل دەبێتە یەکێک لەو ئاستەنگە زۆرانەی، کە دەبێ بەسەریاندا تێپەڕی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی درێژخایەندا[١٢]. تەواو ڕوونە، کە ناسیۆنالیستانی تورک پابەند بوون بەهەڵوێستێکی توندی یەکسان بەرامبەر بەکەمینەکان چونکە پێیان وا بوو، کە نیشانەیەکی ترن لە نیشانەکانی سەردەمی پێش کۆمار. بارکەی & فولەر (١٩٩٨: ١٠) لە عیسمەت ئینۆنۆ، دەستەڕاستی ئەتاتورک، ئەم قسانە دەگوازێتەوە:

"ئێمە بەڕوونی ناسیۆنالیستین و.. ناسیۆنالیزم تەنیا فاکتەری یەکگرتنمانە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرینەیەکی تورکدا توخمەکانی تر هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نییە، ئێمە پێویستە بەهەر نرخێک بێ توخمەکانی تری سەر خاکەکەمان بتورکێنین و، ئەوانەش لەناو-دەبەین کە دژی تورک یان تورکچیەتین."

## ٣- ستراتیجەکانی نەبینراوکردن تا ساڵانی ١٩٧٠کان

لە بەشی ڕابردوودا، ئەوەم خستە ڕوو، کە پاڵنەری بنەڕەتی بۆ نەبینراوکردن، پێویستە لە ناو حەزی دروستکردنی نەتەوەیەکی تورکی هۆمۆجینەدا بۆی بگەڕێین، کە لە بەشێکیدا کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر لاوازیی ئیمپراتۆریای عوسمانیی فرە-نەتەوەی بنەوا ئیسلامیدا. هەبوونی کولتوورێکی غەیرە تورکی دیار لە ناو کۆماری نوێدا، بەتەواوی دژی بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەگەر نەشکرا بەتەواوی سیفەتەکانی کولتووری کەمینە بتاوێنرێنەوە، ئەوە چارەسەرێکی جێگرەوە بریتییە لە لابردن یان شاردنەوەی هێما بینراوەکانی ئەو کولتوورە. ئەمەش نەبینراوکردنە.

بەڵام چییە ئەو شتانەی کولتوورێک پێک دێنن؟ ئەمە بابەتی گفتوگۆیەکی بەردەوامە، بەڵام بەئاشکرا و بەشێوەیەکی فرەوان باوەڕ وایە، کە سیفەتە گرینگەکانی جیاکەرەوەی هەر کولتوورێک برێتین لەو لایەنانەی لە کولتووره دراوسێیەکانی جیای دەکەنەوە. لە دۆخی کورد لە تورکیادا، لایەنی حاشاهەڵنەگر هەن لە کولتووری مادی، نەریت و سیستمگەلی باوەڕ کە کورد لە تورک جیا دەکەنەوە. بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لەیەکچوون هەن، کە ئاکامی سەتان ساڵ بوونن بەیەکەوە و لە دۆخگەلی جوگرافیایی هاوشێوەدا و، بەتایبەتی، لەبەر بوونی ئاینی هاوبەش، کە ئیسلامە[١٣]. لە ڕووی دیمەنی دەرەکیشەوە، هیچ هۆکارێکی جێی پشتبەستن نییە بۆ جیاکردنەوەی کورد لە تورک. بۆیە بۆ چاوێکی کەم-ئەزموون کە ئەمڕۆ بەڕۆهەڵاتی ئەناتۆڵدا گەشت بکا، کەم شت هەن گوندێکی کورد لە گوندێکی تورک، یان خەڵکێکی کورد لە خەڵکێکی تورک جیابکاتەوە.

بەڵام لە بواری زماندا، جیاوازییەکە بنەڕەتییە. زمانی تورکی سەر بەکۆمەڵەی تورکییە و، کوردی زمانێکی ئێرانییە، کە بەشێکە لە خێزانی زمانە هیندو-ئەوروپاییەکان. هەرچەندە هەردوو زمانەکە کاریگەریی زۆریان بەسەر یەکەوە هەبووە، ناشێ جیاوازییەکانی ستراکتۆر وەک شێوەیەکی تێکەڵ یان دووڕەگی کوردی/تورکی بێنینە بەر چاوان و، ئەم نووسەرە شتی وای نەدیوە[١٤]، بۆیە هەرچەندە ئەگەر ڕەگەزی کوردی لەوانەیە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە یان لە بواری تری کولتووریدا تێکەڵ بووبێ یان توابێتەوە لە کولتوورێکی دراوسێدا، ئەوە زمانی کوردی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە زمانی تورکی جیایە و سنوورەکانی نێوانیان تەواو ڕوونن. بۆیە زمان ئەرکی بنەڕەتیی لەسەرە وەک نیشانەیەک بۆ ئەوەی-تر-بوون. بۆیە من لێرەدا وای دەبینم، کە لە دۆخی تورکیادا، زمانی کوردی دیارترین نیشانەی کولتوور و پێناسی کوردە (بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە هەموو ئەوانەی خۆیان بەکورد دەزانن پێویستە بەکوردی قسە بکەن. بڕوانە: فان برونیسن (١٩٩٧) بۆ باسی پرسی ئاڵۆزی پێناسی کوردی). من پێم وایە، کە ئەمە وای کردووە زمان ببێتە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی نەبینراوکردن.

٣-١- ١٩٣٠یەکان: تواندنەوەی بەدیمەن

زمانی کەمینەکانی ئەناتۆلیا گشتیان بەخێرایی لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا شی بوونەوە و، زۆربەیان ئێستە ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە[١٥]. لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی کوردی ئەوەی سەلماند، کە سەرسەختترە، ئەگەر بەهۆی قەوارەی گەورەی کۆمەڵگەی قسەکەریەوە نەبێ (ژمارەیان بە ٧ تا ١٢ ملیۆن دەخەمڵێنرێ). یاخیبووانی کوردیش لە هەندێ کاتدا مەترسیی ڕژدی سەربازییان دروست کردووە، لە ١٩٢٠کاندا، کورد کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر ئەو ڕێچکە تازەیەی حکوومەتی تورک گرتیە بەر، دواتر ئەم کاردانەوەیە بە سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە ناوچەی دێرسیم (لەو ساتەوە ناوەکەی تورکێنرا و بوو بە تونجەلی) ناسرا.

ڕووداوەکە برێتیی بوو لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی گەورە، تیایدا زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازی

تورک بەشدار بوون، کە لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە پشتەوانییان دەکرا (ئۆلسن ١٩٩٥)، کارە سەربازییەکە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا بەشێوەیەکی پچڕپچڕ تا ١٩٣٨ بەردەوامیی هەبوو. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، پلانی نیشتەجێکردنەوەی فرەوانی کوردان هاتە داڕشتن، بەناوبانگترینی ئەو پلانانەش بریتییە لە تونجەلی قانونو (١٩٣٤)، کە پێشبینیی نیشتەجێکردنەوەی توخمە "غەیرە-تورکەکان"ی دەکرد لە ناوچەگەلێک کە تورک تیایاندا باڵادەستن و، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. مەبەست لەم هەڵمەتانە بریتی بوو لە پەلەکردن لە تواندنەوەی کەمینەی کوردی (شتاینباخ ١٩٩٦: ٣٦١-٣٦٣)[١٦]. هەرچەندە ڕاگواستنی ٥٠ هەزار کەس لە پاش دوا سەرهەڵدانی دێرسیم لە ١٩٢٨دا هاتە تۆمارکردن، بەڵام ئەم پلانانە بەتەواوی جێبەجێ نەکران. شایەنی ئاماژەیە کە لادانی بەدیمەنی کەمینەکان نەریتە لە ئەناتۆڵدا. عوسمانییەکان لە میانەی هەڵمەتە سەربازییەکانیاندا، بەزۆر ژمارەگەلێکی زۆریان لە کورد نیشتەجێ کردەوە، لە دەیەکانی یەکەمی سەتەی ڕابردوودا، ژمارەگەلی بەرچاو لە خەڵکی ئەرمەنی و یۆنانی، هەڵبەت لە سایەی دۆخگەلی جیاوازدا، بە تەواوی لە ئەناتۆلەوە ڕاگوێزران[١٧]. بۆیە دیارە کە لە ١٩٣٠یەکاندا، سیاسەتی فەرمی بەرامبەر بە کورد ئامانجی ئەوە بووە، کە دانیشتووانی کورد بتوێنێتەوە، هاوشانی نەهێشتنی کولتوور و زمانی کوردی.

٣-٢- تواندنەوەی کردەنی

سەرباری دۆڕانە تێکشێنەکانی سەربازی، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، بێبەشکردن لە مافی دەربڕینی کولتووری، کولتوور و زمانی کوردی کەللەڕەقانە و بەشێوەیەکی بەرچاو بەزیندوویی مانەوە. بۆ دەوڵەتێکی پابەند بە ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵگەی یەکتەختە، بوونی کەمینەیەکی گەورەتر لەوەی شیاوی تواندنەوەی خێرابێ، گرفتێکی تەواو گەورەیە. ئەم گرفتەش بووە مایەی سەرهەڵدانی سیاسەتێک، کە من بە "تواندنەوەی کردەنی" ناوی دەبەم: لە ڕووی فەرمییەوە، کورد بوونیان نییە، ئاماژە دیارەکانی بوونیان سەریان هاتە کوتینەوە و لەو بوارانە لادران، کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکا.

گرینگە ئەوەمان لەبیر بێ، کە سیاسەتی تواندنەوەی کردەنی، ئەوەندەی من بزانم، بە ئاشکرا نەهاتووەتە داڕشتن، یان لایەنی کەم لەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستی خەڵکدان بوونی نییە. سیاسەتێکی "پەردەپۆشکردنی سیستماتیکە" (شتاینباخ ١٩٩٦: ٣٦٣) بەو واتەیەی، بۆ نموونە، سەختە زانیاریی باوەڕپێکراو لەسەر سەرهەڵدانەکانی بیست و سییەکانی کوردان دەست بکەون. لە ١٩٢٥ەوە تا ١٩٤٩، ناوچە کوردنشینەکان لە ژێر حوکمی نائاساییدا بوون، بێگومان لە زۆربەی هەشتا و نەوەتەکانیشدا ئەمە هەبوو، بیانییەکان تا ١٩٦٥ ڕێیان پێ نەدەدرا گەشت بۆ ئەو ناوچانە بکەن (باشکایە ١٩٩٧: ٧٨). بۆیە مایەی سەرسامی نییە، کە زانیاریی باوەڕپێکراوی زۆر کەم لەسەر سیاسەتگەلی پیادەکراو بەرامبەر بەزمانی کوردی لەسەر زەویدا هەن، بەڵام، وەک

کـیـریشـچی و وینرۆ (١٩٩٨: ١٤) ئـامـاژەی بـۆ دەکـا، "گـرووپێکی ئیـتنیی بـاڵادەست ددان بەوەدا نانێ، کـە سـیـاسـەتێکی تواندنەوەی فـەرمی پیادە دەکـا، بەهۆی ئەو ئاکـامـە نەرێیـانەی لـەو کـارە دەکەونەوە".

ئەوەنـدەی پێـوەندیی بەمـانەوەی زمـانگەلی کـەمـینەکـانـەوە هەبێ، ئاشکرایە، کـە دەکـرێ لەناوچوونیان دەستەبەر بکرێ لە ڕێی بێبەشکردنیان لە هەموو جۆرە ددانپیانانێکی فەرمی، یان لە هەر ڕۆڵێک لە دەرەوەی سنووری ناوەخـۆییـدا. ئەم جـۆرە سـیـاسـەتـە ڕەنگە "کـاریگەر"تر بێ لە قـەدەغـەکردنـی ئاشکرا، لەبـەرئەوەی ئەمـەی دوایی زیاتر دەیخـاتـە بـەر چاو و ڕەنگە ببـێـتـە هـۆی بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ. سیاسەتەکانی پشتگوێخستنی سیستماتی و بێبەشکردن لە ددانپێدانان لە گەلێک بەشی دنیادا تۆمار کراون. سمۆلیچ (١٩٩٥: ٢٤٢)، گفتوگۆ لەسەر سیاسەتەکانی بەرامبەر زمانگەلی کەمینە لە ئوستراليا دەکا، لە پاش یەکەمین شەڕی دنیا، دەگاتە ئەوەی گریمانە سەرەکییەکانیان بریتین لەمەی خوارەوە:

ئەندامـانی گرووپەکانی کەمینە ڕێگەیان پێ درا زمانی خۆیان تەنیا لە هەڵوێستی ناوەخۆییدا بەکار بهێنن، هەروەها لە ناوچەکانی تایبەت بە یانە ئیتنییەکان و ڕەنگە وەک بەش لە قوتابخانە ئیتنییـەکانی پاش دەوامدا. ئەم ڕێبازە بە گشـتیی لەسـەر ئەو گریمانەیە بنیـات نراوە، کە دەڵێ گواستنەوەی زمانی تەمەن کورتە و زمـانێک، کە تەنیا لە ماڵەوە بەکار بێ لە نەوەکانی داهاتوودا قڕی تێ دەکەوێ، بەبێ "شڵەژاندنی" پێکهاتەی تاکزمانی کۆمەڵگە بە گشتی.

ئەوەندەی من ئاگەدار بم، هـیچ ڕێنوێنییـەکی فـەرمی نییـە، کـە بەڕوونی بەکارهێنانی زمـانی کوردی قـەدەغـە بکـا و، وەک رومف (١٩٨٥: ٢٥٢-٢٥٣) ئـامـاژەی بۆ دەکـا، هیچ قـەدەغـەکردنێکی ئاشکرای زمـانەکە تا ١٩٨٠کان نەهاتبـووە داڕشتن (بڕوانە ئەوەی دێ). هەڵـمەتگەلێک هەبوون بۆ ئەوەی هـاووڵاتییان "تەنیا بە تورکی قسـە بکەن"، دەوڵەت چەندان پرۆگرامی فرەوانی بەرپا کرد بۆ گـەیاندنی سـوودەکـانی شـارسـتـانییـەتی تورکی بە بەشـە هەرە دواکـەوتووەکـانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل[18]، بەڵام داڕشتنی فەرمی بۆ گشت ئـەم چالاکییـانە لە چوارچێوەی "تەنیا تورکی"دا بوون، نەک "نەبوونی کوردی". ییغەن (١٩٩٩: ١٢٣-١٢٤) نموونەیەک دێنێتە بەر چاو، لە مـانیفێستۆی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەرگیراوە (تەنیا حزبی سیاسیی تورکیا بوو لە ١٩٢٣ تا ١٩٤٥). لە ١٩٣١دا مـانیفێستۆکە دەڵێ ئەندامێتیی ئەو حزبە تەنیا بۆ ئەو هاووڵاتییە تورکانەیە کە "بە تورکی قسـە دەکەن". ییغەن ئـەم دەقە بەوە لێک دەداتـەوە، کە دەربڕینی "ویستی ئەو حـزبەیە بۆ قۆرخکردنی ئەندامێتیی خۆی بۆ ئـەو کەسانەی زمـانی دایکیان تورکییە" (ییغەن ١٩٩٩أ: ١٢٤، وەرگێڕانی خۆمـە). ییغەن بەردەوام دەبێ و ئاماژە دەکا بۆ ئەوەی، کە دەقەکە قـەدەغـەکردنێکی ئاشکرای هیچ زمـانێکی دیاریکراوی تێدا نییـە، بگرە تیـایدا شـێـوازێکی شـاراوەتری دەربڕین دەبینین، کە بەهۆیەوە لە کۆتادا بەکوردی قسـەکەرەکان بێبەش دەکا لە مافی ئەندامبوون لە تـەنیا حزبی سیاسیی تورکیادا. کردەوەی دوورخستنەوە بەبێ ئاماژەی ئاشکرا، تەواو لە بەکارهێنانی

فەرمیدا دیارە، لە سەرتاسەری مێژووی کۆماردا، وەک دەیبینین. ئەمە تەواو ئەوەیە، کە لۆجیکی نەبینراوکردن دەیخوازێ: زمانێک کە لە ڕووی فەرمییەوە بوونی نەبێ پێویست ناکا بەئاشکرا قەدەخە بکرێ بێ گومان قەدەخەکردنی ئاشکرای دەبێتە ددانانان بە بوونی ئەو زمانەدا. بۆیە کارەکە زیاد سادە دەکرێت، ئەگەر بگوترێ ئاماژەکردن بۆ کورد و کوردبوون لە سەردەمی کۆماردا نەما. لەڕاستیدا، سیاسەتەکانی دەوڵەت زۆر لە بێدەنگیی کەللەڕەقانە وردتر بوون، لەو هەموو ساڵەدا کۆمەڵێک ستراتیج هاتنە داڕشتن بۆ ئاماژەکردن بۆ پرسگەلی پێوەست بەکورد، لە چەندان دۆخدا، زاراوەی "کورد" و "کوردی" لە بەکارهێنانی فەرمیدا بەر چاو دەکەون، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە، کە بەکارهێنانیان بۆ واتەگەلی دیاریکراوە. لای هەمووان ڕوونە، کە ئەم جۆرە بەکارهێنانە لادانێکی سیستماتیکە لە پێشاندانی پرسی کورد وەک "پرسێکی ئێتنی-نەتەوەیی" (ییغەن ١٩٩٩ب). سەرباری ئەمە، ئەگەر بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ "کوردبوون" کرا، ئەوە هاوشانی دەمارگرژیی ئاینی یان دواکەوتوویی یان تەنانەت پێناسی هەڵە دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێوشوێنی ڕاستەوخۆتر هەبوون بۆ نەبینراوکردن، لەوانەیە گرینگترینیان گۆڕینی ناوە ناتورکییەکانی شوێنەکان بێ، کە ناوی گوند، ڕووبار، چیا و شوێنەکانی تری ڕۆئاوای ئەناتۆلی گرتەوە. ئەمڕۆ ناوی گوندگەلێکی لەژماردن نەهاتوو دەبینین وەک گۆلباشی "سەر دەریاچە"، یان یەنی کۆی "گوندی نوێ"، کە ناوی گۆڕاوی گوندی کوردی یان ئەرمەنیی پێشترن. دیارترین نموونەی ئەم کارە ناونانی فەرمیی چیای ئاراراتە، کە بە ئاگری داغی ناونرایەوە. هەروەها یاسا ڕێ نادا ناوی کەسی لە ناوی تورکی بترازێ (هەرچەندە ناوە ئیسلامییە نەریتییەکانی لە بنەوادا عارەبیی وەک عەبدوڵا، ڕێیان پێ دەدرێ)، بەمەش بەکردەنی باوک و دایکان ڕێیان پێ نادرێ ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن[١٩]. تا ئێستەش ناونان، جێی مشتومڕە. لە شاری باتمان، کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، پلانەکانی سەرۆکی شارەوانی بۆ ناونانی شەقامەکان بەناوی کەسانی شۆڕشگێڕەوە، وەک مەهاتما گاندی، لەلایەن پارێزگەرەوە ڕەت کرایەوە، کە بەکارهێنانی ناوی کوردیی بۆ شەقامەکان قەدەخە کرد[٢٠]. لە ٢٠٠١دا، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە، بولەنت ئەجەڤیت، هانی دەسەڵاتی دا بۆ خۆلادان لە بەکارهێنانی ناوی کوردی بۆ شوێنەکان، بەبیانووی ئەوەی کە ئەو ناوانە بەشێکن لە پلانێک بۆ دروستکردنی "بزاوێکی دەسکردی جیاخواز[٢١]". لە بوارێکی هاوشێوەدا، هەندێ دەربڕینی دیاریکراو قەدەخە کران، لە ناونانی پارتە سیاسییەکاندا، وەک "کۆمۆنیست" یان ئەو ناوانەی جەخت لە جیاوازیی ئێتنی دەکەن. بەمەش ناوەکانی حزبە سیاسییەکانی کورد باڵیان بەسەریاندا کێشاوە وەک هادەپ (پارتی دیموکراتی گەل) هیچ ئاماژەیەکی دیار تێدا نییە بۆ کوردبوون[٢٢]. بێ گومان، ناونان تا ڕادەیەکی زۆر چالاکییەکی ڕەمزییە، یەکێکە لەو بوارانەی تیایدا کولتووری کەمینە دەتوانێ جەخت لە پێناسی خۆی بەدیارترین شێوە بکات، بەبەردەوامی (بۆ نموونە بڕوانە: کۆنستانتینۆڤ ١٩٩٢). بۆیە سەیر نییە، کە ناونان یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیاسەتەکانیی نەبینراوکردن بوو.

بوارێکی تر، کە تیایدا بەبەردەوامی هەوڵی خۆلادان لە ئاماژەکردن بۆ کوردی دراوە، تۆژینەوە ئەکادیمییەکانی تایبەتە بە زمان و دیالێکتە ناوخۆییەکان. لەگەڵ ئەوەی کە دیالێکتە ناوچەییەکانی تورکی بەبەرفرەوانی تۆمار کراون و، زۆربەیان لەو ناوچانەدا قسەیان پێ دەکرێ کە بەرکەوتن لەگەڵ کوردی تیایاندا بەربڵاوە، بابەتی کاریگەریی زمانی کەمینە بەتەواوی پشتگوێ خراوە لە دیالکتۆلۆجیای تورکیدا، تا سەرەتای ۱۹۹۰ـەکان (بڕوانە: بۆیشۆتن ۱۹۹۱: ۱۵۲، ۱۷۵–۱۸۶). هەروەها هەوڵگەلێکیش هەبوون بۆ دووبارە لێکدانەوەی زمانەکانی کەمینە وەک "دیالێکتگەلی تورکی[٢٣]"، کارێکە لە خوارەوە باسی دەکەین. خۆشبەختانە، لە ۱۹۹۰ـەکانەوە گۆڕانێکی هەنگاوبەهەنگاو هەیە، ئەوەتا لێتۆژان لە هەندێ زانکۆی تورکیدا بەئاشکرا بوونی زمانی کەمینە دیار دەکەن، چەند بڵاقۆکێک لەو جۆرە هاتنە بڵاوکردنەوە. پێشکەوتنی گەورە لەم بوارەدا برێتی بوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ئەندروز (۱۹۸۹) کە کورتەیەکی گشتگیر و زانستییانە و بێلایەنە لەسەر گرووپەکانی کەمینە لە تورکیا، کە لەو کاتەدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی.

سیاسەتی نەبینراوکردن شانبەشانی پڕۆژەی بنیاتنانی نەتەوەی تورکی گەشەی کرد، بەتایبەتی لەگەڵ دوو بەشی کەمتر پیرۆزی مێژووی ئەکادیمیایی تورکیا: تێزی مێژووی تورک و، تیۆریی زمانی هەتاو. لە بنەوادا، تێزی مێژووی تورک هەوڵێک بوو بۆ گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی گشت شارستانییە مەزنەکانی دنیای کۆن بۆ سەر تورک. بۆیە ڕاگەیەنرا کە حیتییەکان، میسرییە کۆنەکان و تەنانەت گریکیش لە بنەڕەتدا تورک بوونە. لە بوارێکی هاوشێوەدا، تیۆریی زمانی هەتاو ڕایگەیاند، کە زمانی تورکی برێتییە لە زمانی ئورشپراخە، کە لە کۆتاییدا گشت زمانەکان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەردوو تیۆرییەکە مایەی دەستخۆشیی ئەتاتورک خۆی بوون و پشتگیریی تەواوی دەوڵەتیان بۆ تەرخان کرا، خرانە ناو سەرچاوە سەرەکییەکان، کرانە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن و باڵیان بەسەر تۆژینەوە زانستییەکاندا کێشا لە بوارە پێوەندارەکاندا، بەدرێژاییی ۱۹۳۰ـەکان. هەروەها بەشێوەیەکی بەربڵاو کاریان کردە سەر ساڵانی پێکهێنانی دامەزراوەی مێژووی تورکی و دامەزراوەی زمانی تورکی[٢٤].

دەرکەوتنی تیۆرییەکانی دروستکردن و پشتگیریی ئەفسانەی دەستەجەمعیی ڕەچەڵەکی کۆن و پرشنگدار، یەکێکە لە نیشانە نموونەییەکانی بنیاتنانی نەتەوە و، کیریشچی و وینرۆ (۱۹۹۸: ۱۰۲–۱۰۳) ئاماژە دەکا بۆ ئەوەی لە میانی ئەو قۆناخەدا، ناسیۆنالیزمی تورکی دەستی کرد بە پێشاندانی چەند هێمایەکی ئاینێک. بەڵام شانبەشانی ئامانجەکانی دروستکردن و بەهێزکردنی پێناسی نەتەوەیی، ئەو جۆرە نیشانانەی بنیاتنانی نەتەوە دەبنە هۆی دوورخستنەوەی هەندێ گرووپ کە بە شێوەگەلی زەق جیاوازن (وەک جیاوازیی زمان) لە وێنەی گشتیی نەتەوە. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت لە تێزی مێژووی تورک و تیۆریی زمانی هەتاودا ڕاستە، وەک بێشکچی (۱۹۹۱) ئاماژەی بۆ کردووە. چونکە بە بانگەشەی ئەوەی کە بنەوا و سەرچاوەی گشت زمان و

کولتوورەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێزیکە کە تورکی لێیە، تیۆرییەکان بەڵگەی نیوە زانستییان پێشکێش کردووە بۆ سەلماندنی نەبوونی زمان و کولتوورێکی کوردیی جیاواز لە زمان و کولتووری تورکی. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ قسەکەری هاوسەردەم کاریگەریی درێژخایانی دوو تیۆرییەکە بە کەم دەزانن[٢٥]، بەڵام کاریگەرییان بەسەر بەکارهێنانی فەرمیدا سەبارەت بە زمانی کوردی بۆ چەند دەیەیەک بە زەقی دیار بوو. تێزی مێژوویی تورکی وەرچەرخانێکی تری بەخۆوە دی لە ڕێی جێبەجێکردنی پێوانە ئەنترۆپۆمەترییەکانەوە و، شیکردنەوەی بڕی بۆ بەشە جۆرەوجۆرەکانی لەشی دانیشتووانی ئەنادۆڵ (وەک چێوەی کەللەسەر، درێژیی لووت، ڕەنگی چاو و هتد). ٦٤ هەزار کەس ئەو پێوانانەیان بەتەواوی بۆ کرا و ئاکامەکان لە چەندان بەڵگەی فەرمیدا بڵاو کرانەوە لە ١٩٤٠ـەکاندا. ئەو هەوڵانە ئاکامی نەخوازراویان لێ نەکەوتەوە بەوەی "لە تورکیادا یەکەتییەکی ڕەگەزی هەیە[٢٦]".

تێزی مێژوویی تورکی، بەپاڵپشتیی ئاکامی تۆژینەوە ئەنترۆپۆمەترییەکان، ڕێی خۆش کرد بۆ جۆرێک لە تواندنەوەی کردەنیی زیرەکانەتر و بێنرخکەرتر لە نکۆڵیی ئاشکرا لە بوون، پاش ئەوە هەڵوێستی فەرمی وای لێ هات: کۆمەڵێک خەڵک هەیە، کە بەهەڵە بەخۆیان دەڵێن کورد، ئەوان لەڕاستیدا تورکن. ڕەنگە بەناوبانگترین نموونەی ئەم سیاسەتە، کە لەو کاتەوە لەلایەن کۆمەڵانی کوردی تورکیاوە زانرا، برێتیی بێ لە سیفەتی "تورکی چیایی"، ئەو ناوەی لە ١٩٣٦دا لەلایەن حاکمی ناوچەی دێرسیم، جەنەراڵ عەبدوڵا ئەلپدۆغان هاتە داهێنان (کیریشچی و وینرۆو ١٩٩٨: ١٠٣). نموونەیەکی نموونەییی بەکارهێنانی فەرمییە بۆ بەشێکی زۆری مێژووی کۆمار. بۆ نموونە سەیری ئەو بەرگە گەورانەی مێژووی فەرمیی کۆماری تورکی بکە، کە لەلایەن دامەزراوەی مێژوویی تورکییەوە کۆ کراوەتەوە و، وەرگێڕاوی فەرمیشی هەیە بۆ زمانە سەرەکییەکانی ئەورووپا (من لێرەدا هەندێ بڕگەم لە نوسخە ئەڵمانیاییەکە وەرگرتووە کە لە سەرچاوەکاندا بەناوی Geschichte der Türkischen Republik (1935) هاتووە).

لەو کتێبەدا تەنیا دوو ئاماژە بۆ کورد/ کوردی هەن، هەردووکیشیان ئاماژە بۆ ڕووداوگەلی پێش دامەزراندنی کۆمار دەکەن، هەردووکیان پێوەستن بەچالاکیگەلی ناپاکانەی گرووپە کوردەکان. لەو بەشانەی کتێبەکەدا، کە باسی کۆمار دەکەن، کورد هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرایان بۆ ناکرێ. بەڵام بەو بڕگەیەدا کە ئاماژە بۆ سەرهەڵدانەکانی شێخ سەعید لە ١٩٢٠ـەکاندا دەکا، بەم شێوەیە ئاماژە بۆ کورد دەکا (١٩٣٥: ٢٣٩، وەرگێڕانی خۆم، بە جەختەوە):

"(...) دانیشتووانی پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات کە بەڕەچەڵەک تورکی پاکن، بەڵام هەندێکیان لەژێر کاریگەریی پڕۆپاگەندەی سیاسیی دەرەکیدا و بەهۆی سیاسەتە نەگونجاوەکانی سوڵتانەکانەوە دەستیان بەوە کردووە خۆیان بە غەیرەتورک بزانن."

لە ١٩٤٨دا، کتێبێک بەناوی پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات و مێژووی ڤارتۆ، دانانی محەمەد شەریف فیرات، هاتە بڵاوکردنەوەی، سەبارەت بەڕەچەڵەکی تورکیی کوردانی ئەنادۆڵ هەندێ بانگەشەی

تێدا بوو، کە بەڕوونی بێ واتە بوون[٢٧]. لە ١٩٦١دا، کتێبەکە دووبارە چاپ کرایەوە، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، بە پێشەکییەکەوە لە نووسینی فەرماندەی سوپا، جەنەراڵ جەمال گورسەل. گورسەل نووسیویەتی (لە بێشکچی (١٩٩١: ١٩٦) وەرگیراوە، وەرگێڕانی خۆمە، بەجەختەوە):

"(...) هەموو ڕۆشنبیرانی تورکیا سوودی گەورە وەردەگرن لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، کە ئەمڕۆ چاپی دووەمی بڵاو دەکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی خۆمانەوە. لەبەرئەوەی ئەم کتێبە دەیسەلمێنێتەوە، کە هاووڵاتییانمان لە ڕۆهەڵاتی ئەناتۆلدا، کە لەبەرئەوەی بەزمانێک قسە دەکەن، هاوشێوەی تورکی نییە، پێیان وایە، کە لە تورک جیان، ئێمەش لەبەر نەزانیمان وا تێگەیشتبووین، کە تورک نین، ئەوانە تەواو تورکن. ئەم بانگەشانەش بەبەڵگەگەلی حاشاهەڵنەگری زانستی پشتەوانییان لێ کراوە و ناشێ ڕەت بکرێنەوە (...). لەسەر ڕووی زەویدا هیچ ڕەگەزێک نییە خاوەن پێناسی سەربەخۆ بێ بە ناوی "کورد". کورد تەنیا هاووڵاتیی ئێمە نین، بگرە لە هەمان ڕەگەزی ئێمەشن (...)."

فەرهەنگەکان پێوەرێکی نایابیان پێشکێش کرد بۆ بەکارهێنانی فەرمی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە کوردییەکاندا. تا ١٩٧٩، فەرهەنگی فەرمیی تورکی (تورکچە سۆزلوک) نکۆڵیی لەوە دەکرد، کە کورد لەڕووی ئیتنییەوە لە تورک جیا بن. بڕوانە ئەم پێناسە بۆ کورد "کورد یان کوردی" (وەرگێڕانی خۆمە بەجەختەوە)[٢٨]:

"ناوی گرووپێک، کۆمەڵێکە کە لەڕووی ئیتنیکەوە تورکن، بەڵام زمانی خۆیان گۆڕیوە، (ئێستە) بە شێوازێکی شێواوی زمانی فارسی قسە دەکەن و لە تورکیا، عێراق و ئێراندا دەژین، ئەم ناوە ناوی هەموو تاکێکی سەر بەو گرووپەیە."

ئەگەر کورد تورکگەلێک بن کە "زمانی خۆیان گۆڕیوە"، ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر هەڵدەدا ئەوەیە بۆ ناوی کوردییان لە خۆیان ناوە. ژمارەیەک وەڵام بۆ ئەم پرسیارە پێشنیاز کراون، لە ناو وەڵامە هەرە خەیاڵییەکان ئەوەیانە، کە دەڵێ وشەی کورد دەنگی هاڕینی بەفری بەسەهۆڵ بووە لە ژێر پێی پێڵاوی چیانشینەکاندا (باشکایا ١٩٩٧: ٧٩). من ئەوە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم، کە بۆچوونی خۆی لەسەر ئەم جۆرە فاڵگرتنەوە زمانەوانییە دروست بکا.

کارەکە بەڕێکەوت نییە، کە ڕژدترین تابوو لەسەر زاراوەی "کوردستان"ـە، بە واتەی مافی کورد لە زەویدا. لەو کاتەدا فەرهەنگە تورکی ئینگلیزییە زەبەلاحەکەی ساڵی ١٨٩٠ی سێر جەیمس ڕێدهاوس، کە بنەوایە بۆ زۆربەی فەرهەنگە تورکییە هاوسەردەمەکان، ناوی کوردستان و پێناسەکەی تێدایە، ئەو ناوە، ئەوەندەی من ئاگەدار بم، لە هیچ فەرهەنگێکی تورکیی نوێدا نییە، کە لە تورکیا بەرهەم هێنرابێ. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، لە ڕاپۆرتی ئەو دادوەرەی حوکمی لەداردانی بەسەر سەرکردەکانی سەرهەڵدانی شێخ سەعیدا سەپاند، ئاماژەیەکی ڕوون دەبینین بۆ هەوڵی پلانگێڕان لەپێناو دامەزراندنی "کوردستانێکی سەربەخۆ"دا (ییغەن ١٩٩٩أ: ١٣٠). بەڵام هەموو

ئاماژەیەک بۆ ئەم لایەنە و بەتایبەتی بۆ زاراوەی "کوردستان"، لە تۆمارە فەرمییەکانی دواتر لەبارەی سەرهەڵدانەکەوە دیار نەما، نموونەش ئەو دەقە مێژووییەیە کە لە سەرەوە لێمان وەرگرتووە. بەم دواییانە، ئاماژەی دروستی سیاسییانە بۆ حەزی ناسیۆنالیستانی کورد لە سەربەخۆیی کوردستان بووە ( = bölücülük جیاخوازی) یان تەنیا ( = terör تیرۆریزم). هەستیاریی تورک بەرامبەر بەکارهێنانی وشەی کوردستان ناونانی ئەو ناوچە کوردییانەی دەرەوەی تورکیاشی گرتەوە، بەتایبەتی لە باکوری عێراق، کە هەرگیز لە بەکارهێنانی فەرمیی تورکیدا بە کوردستان ناوی نەهاتووە (بڕوانە خوارەوە).

٣-٣- بێنرخکردن

جۆرێکی جیا لە تواندنەوەی کردەنی برێتییە لە بێنرخکردن. مەبەستم لە بێنرخکردن ئەوەیە، کە ئاماژەی ئاشکرا بۆ کیانەکە بکرێ، بەڵام بە بەکارهێنانی زاراوەگەلێک کە لە پێگەی کەم دەکەنەوە وەک بێبەشکردنی لە سیفەتگەلی ئەرێیی[٢٩]. ئێمە لەڕاستیدا ڕووبەڕووی ئەمە بووینەوە، لە شێوازی ئامادەرکردن بۆ زمانی کوردی وەک "شێوازێکی شێواوی فارسی". شێوازی ئێستەی بێنرخکردن ڕوویەکی کەمێک جیاواز پێشان دەدا: ددان بەبوونی کوردیدا دەنرێ، بەڵام بەزمانێکی تەواو نایەتە ژماردن. ئەم دەقەی دێ، لە ماڵپەڕی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وەرگیراوە، نموونەی هەڵوێستی فەرمیی ئێستەیە[٣٠]:

"ئەوەی وەک "زمانی کوردی" ئاماژەی بۆ دەکرێ، ناشێ بە "یەک زمان" وەسپ بکرێ، نە لەڕووی زمانەوانی و نە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. چەندان زانیار ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە چەندان زمان و دیالێکتی لۆکاڵی جیاواز هەن کە بەشێوەی سنووردار لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا بەکار دێن، وەک زازاکی، کرمانجی، گۆرانی و هەتا دوایی، کە نێزیکییان لە یەکتری بەقەد نێزیکیی فرەنسەیی و ئینگلیزی و ئەڵمانییە. ئەم دیالێکتە لۆکاڵانە ئەوەندە جیان کە بەهۆیانەوە دانیشتووانی گوندێک ناتوانن لە دانیشتووانی گوندێکی دراوسێ تێبگەن. بۆیە، تورکی بووە تاقە هۆکارێک بۆ لەیەکگەیشتن لە سەرتاسەری وڵات. "

هەرچەندە بانگەشەی ئەوەی، کە کوردی "تەنیا دیالێکتێکە" لە ماوەی دواییدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی کراوەتە بۆچوونی فەرمی، بەڵام ئەم بۆچوونە توخمێکی چەسپاوی ناو هەگبەی بێنرخکردنە و، یەکێکە لە چەسپاوترین و ئاشکراترین هێرشە کە لەناو خەڵکدا دەکرێتە سەر زمانی کوردی[٣٢].

لە کاتێکدا کە تواندنەوەی کردەنی و بێنرخکردن، زۆربەی جاران وەک مایەی پێکەنین مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، بەڵام هەوڵە بەردەوامە مایەی گاڵتەپێکردنەکانی دەوڵەتی تورک بۆ ناساندنی کورد وەک "تورکی چیای"، بۆ نموونە، دەشێ ئاکامی وێرانکەریان لێ بکەوێتەوە. تواندنەوەی کردەنی، پاساو دەداتە دەست دەوڵەتەوە بۆ پیادەکردنی پشتگوێخستنی سیستماتیک. ئەگەر گرووپێکی ئیتنی یان زمانێک بە فەرمی بوونی نەبێ، هەر داواکردنێکی مافی دەربڕینی کولتووری بەئاسانی

پشـتگوێ دەخـرێ. بێنرخکردنیش کـاریگەریی پتـەوی هـەیە لەسـەر پیـادەکـردنی مـافی زمـان بۆ قسەکەرانی زمـانی کوردی. بۆ نموونە، ئەگەر کوردی زمانێکی "ڕاستەقینە" نەبێ، ئەوا ئەستەمە لە قوتابخـانەکاندا بگوترێتـەوە. بەهـەمـان شـێوە، دەشێ یاسـاکان لەسـەر بنەوای "زمـانەکـان" بێنە داڕشتن و لەو کـاتەدا دیالێکتـەکـان دەکـەونە دەرەوەی بازنـەی یاسـاکـانەوە. بەلای قـسـەکـەران خۆیشیـانەوە، سیاسـەتەکانی تواندنەوەی کردەنی و بێنرخکردن سڕینـەوەی پێناسن، سڕینەوەی بەها و هاوشـانی ئەمانە سڕینەوەی ڕێزلەخۆگرتنن. گـەلێک لە نووسـەران ئاماژەیان کـردووە بۆ هەستی قوولی شـەرم لەلای قسـەکـەران بەزمـانگەلی کـەمینە بەهۆی زمـانەکانیانەوە، ئەم هـەسـتە ڕاستەوخۆ لەڕێی سیاسـەتەکانی حکوومەتە پێوەندارەکانەوە برەوی پێ دەدرێ[٣٣].

هێـرمس و بلانچ (٢٠٠٠) بەردەوام ئامـاژە بۆ گـرینگیی "نرخـدارکـردن" دەکـا، ئەو کـۆمـەڵە نرخاندنە ئەرێیانەی بەهاکانی پێوەست بەزمانەوە کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دێنە گواستنەوە، لە مـسـۆگـەرکـردنی مـانـەوەی ئەو زمـانەدا. ئەو زمـانـەی بەنرخ بێ زیاتر هـەلی ئەوەی هـەیە بۆ نەوەکـانی گـەنجـتـر بگوازرێتـەوە و لای قـسـەکـەرانی بچـەسـپێ، لە کـاتێکدا زمـانی بێنـرخ هـەلی مـانەوەی تەواو کـەمـترە. لەڕاسـتیـدا زۆر لە قـسـەکـەرانی کوردی بەبێ ئەوەی هـەسـتی پێ بکەن بۆچوونە نەرێیـەکانی دەوڵەتیـان پیادە کردووە بـەرامـبـەر زمـانـی دایکیـان، ئەمـانە زۆربەی جـاران نەیانتـوانیوە بیگوازنەوە بۆ نەوەی پاش خۆیان. بۆیە تواندنەوەی کردەنی و بێنرخکردن، هەرچەندە ڕەنگە ئاسـانتـر لە تواندنەوەی ڕواڵەت چاوەدێری بکرێن، بەشـداریـیـان کـردووە لە لەناوچوونی جێگرتری بەکارهێنانی زمـانی کـوردی لە تورکیـادا، لەوەی سـەرکـوتینەوەی ئاشکرا توانیـویەتی بیکا.

## ٤- سیاسەتەکانی بەرامبەر زمانی کوردی لە ١٩٨٠کان بەسەرەوە

لە ١٩٧٠کاندا، ناجێگیریی مـەدەنی لە تورکیا لە گەشـەدا بوو و، لە ١٢ی ئـەیلوولی ١٩٨٠، سـوپا کودەتایەکی ئەنجـام دا، کە سێیـەمین بوو لە مێژووی کورتی وڵاتەکەدا، پەرلەمـانی هـەڵوەشاندەوە و تا ١٩٨٣ لە حوکم مـایەوە. حکوومەتـە کـاتییـەکـەی سوپا بڕیاری دابوو سـەری هـەمـوو شـێوەیەکی جیاخوازی بکوتێتەوە، هـەڵوێستی تەواو توند بوو لە بـەرامـبـەر بابەتگەلی پێوەست بە کەمینەکانەوە. لە ١٩٨٢دا، دەسـتـوورێکی نوێ دەرچوو، شـانبـەشـانی یاسـاگـەلێکی توند لەبارەی بـەکارهێنانی زمانەوە. لەم یاسایانەدا ستراتیجی تواندنەوەی کردەنی بەدی دەکرێن، کە لە گرینگترین دەقەکانی یاسادانان لە دەوڵەتدا خۆیان چەسپاندووە، بەڵام ئەم یاسایانە هەنگاوێک لەو بوارەدا تێپەڕین، بۆ یەکەمین جار زمانی کوردی بەتەواوی و یەکجاری قەدەخە کرا، هـەڵبەت بەبێ ئامـاژەی ڕاشکاو بۆ زمانی کوردی.

ئەم یاسـایە لـە شـوێنانی تردا بەدرێژی باس کـراوە[٣٤] و لێـرەدا تەنیـا بەکـورتی ئامــاژەی بۆ دەکەین، دەسـتـوورەکە خۆی ڕایگەیاند کە زمـانی دایکی گشت هـاووڵاتییـانی تورکیا تورکـییـە،

بەکارهێنانی ئاشکرای "زمانگەلی قەدەخەکراو بە یاسا"ی قەدەخە کرد. دواتریش لە شوێنێکی تری دەستوورەکەدا، زمانە قەدەخەکراوەکان هاتنە ناساندن، بەم شێوەیە: هەر زمانێک کە زمانی فەرمیی یەکەم نەبێ، لە دەوڵەتێک کە تورکیا ددانی پێدا دەنێ. بەمەش، بەکارهێنانی زمانەکانی کەمینە وەک کوردی، کە لە هیچ شوێنێک زمانی دەوڵەت نییە[٣٥]، قەدەخە دەکرێ بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێ (لە هەمان کاتیشدا، زمانگەلی وەک ئینگلیزی یان عارەبی دەتوانرێ لە قوتابخانەکاندا بێنە بەکارهێنان). بەم شێوەیەش، زاراوەکانی "کورد"، "کوردی"، یان "کەمینە" لەو یاسا فەرمییانەی بەکارهێنانی زمان ڕێک دەخەن بوونیان نییە. دەستووری ١٩٨٢ بەئاشکرا درێژە دەدا بەو نەریتەی باسمان کرد، لە مانیفێستۆی ساڵی ١٩٣١ی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە): دووری بخەرەوە، بەڵام ناوی مەهێنە. بگرە ئەم زیاتر ڕۆیشت، بەوەی بەکارهێنانی زمانگەلێکی دیاریکراوی بە تاوان دانا.

وەک دەرکەوت، یاساگەلی پێوەست بە زمانە قەدەخەکراوەکانەوە، تەمەنیان درێژ نەبوو. لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا، سەرۆک وەزیرانی ئەوسا، تۆرگوت ئۆزال، هەڵوێستێکی کراوەتری پیادە کرد بەرامبەر بە کورد و یاساکانی زمانی لە ١٩٩١دا هەڵوەشاندەوە. لە بنەوادا، ئۆزال دژی گەلێک لەو تابووانە بوو، کە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمارەوە باڵیان بەسەر پرسی کورددا کێشابوو. بۆ نموونە لە ١٩٨٨دا، ئەو بەئاشکرا ڕای گەیاند، کە داپیری کورد بووە و تورکیی نەزانیوە لە ١٩٩٢دا، لەوە زیاتر ڕۆیشت و پێشنیازی ڕێگەدان بە پەخشی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی بەکوردی کرد و پێشنیازی کرد زمانی کوردی تا ڕادەیەک لە قوتابخانەکاندا بوونی هەبێ (کیریشچی و وینرۆو ١٩٩٨: ١٣٧). وەک ئاکامێکی ئەم دۆخە تاڕادەیەک لیبراڵە، سەرەتای ١٩٩٠کان شەپۆلێکی کورتخایەنی فرۆشتنی کتێب و کۆوار و کاسێتی موزیکی کوردیی بەخۆوە دی. ئۆزال تەنانەت خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی شەڕ ڕاگرتن لەگەڵ پەکەکەدا، بەڵام مەرگی لەناکاوی لە نیسانی ١٩٩٣ ڕێی لە پێشکەوتنی زیاتر لەم ڕێیەدا گرت[٣٦].

دوابەدوای مەرگی ئۆزال، پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیا و پەکەکە بەتوندی دەستیان پێکردەوە، لە ئاکامدا وتاری فەرمی بەرامبەر بەگشت بابەتەکانی پێوەست بەکوردەوە، خزێنرانە ناو چوارچێوەی زاراوەگەلی "ئاسایشی نەتەوەیی" بەرامبەر بە"جیاخوازی" و "تیرۆریزم". لەسایەی ئەم وتارەشدا، داواگەلی دوور لە توندوتیژی بۆ زیادکردنی مافەکانی دەربڕینی کولتووری[٣٧] یان بەتەواوی پشتگوێ خران، یان بەپرۆپاگەندای جیاخواز هاتنە ژماردن. ئەوەی لەم پێشهاتانەدا ڕۆڵی بینی بریتیی بوو لە کۆمەڵە یاسایەکی "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر" کە لە ١٩٩١دا داندرابوون و، پێناسێکی فرەوانی بۆ "پرۆپاگەندەی جیاخواز" پێشکێش دەکرد. لە سایەی ئەم یاسایانەدا، دەربڕینی پێناسێکی دیاری بۆ کورد دەکرا بەوەی بە تیرۆریزم لێک بدرێتەوە واش دەکرا، ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرا (بڕوانە: سکوتناب-کانگاس و بوجاک ١٩٩٥، مولەر ١٩٩٦: ١٨١-١٨٥).

بەکـارهـێنانی فـەرمـیی حکوومـەت تا ئێـسـتـە وەک پەنجـەرەیەکی نایاب مـاوەتەوە، بۆ چاوەدێریکردنی سیـاسـەتەکـانی دەوڵەت بەرامـبـەر بە کـورد. بۆ نموونـە، لە ٢٠٠١دا، وەزارەتی ناوەخۆ ڕێنوێنییـەکی بۆ تەرەتە، دەزگەی وەشاندنی نیشـتمانیی تورکیا، دەرکرد کـە لیسـتێک دەربڕینی لەخۆ گرتبوو، کە نابێ لە وەشـاندا بەکار بێن، شـانبەشـانی "وەرگێڕانی" ئەو دەربڕینانە بۆ سەر زمانی فەرمیی[٣٨] ئەم نموونانەی ڕێنوێنییەکە ڕوونکەرەوەن:

| ئەو دەربڕینانەی پێویستە نەگوترێن | ئەو زاراوانەی بەفەرمی بۆیان دانراون |
|---|---|
| سـەرهـەڵدان، سـەرهـەڵدانی کـورد، شـەڕی ئازادیخـوازی نەتەوەییی کـورد، خـەباتی کورد بۆ ڕزگـاری، یاخـیـبوونـی کورد، سـەرهـەڵدانی چەکدار، شۆڕش | چالاکیگەلی تیرۆریستانە |
| ئۆپەراسیۆن، ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە | گەڕان بەدوای تیرۆریست و تاوانکاراندا |
| کـوردی، تورکـە کـوردەکـان، ڕەگـەزی کـورد، هاووڵاتیی کورد | هاووڵاتیی تورک |
| ڕەچەڵەکی کورد، ڕەگەزی کورد، هاووڵاتییانی بەڕەگەز کورد، خەڵکی بەڕەگەز کورد | هاووڵاتییانی تورک/ ئەو هاووڵاتییانەمان کە جیاخوازەکان بەکورد ناویان دەبەن |
| گوندە چۆڵکراوەکان/ گوندە سووتێنراوەکان | ئەو گـوندانەی بەجێ هێـڵـراون، ئەو گـوندانەی خەڵک بەجێیانی هێشتووە |
| خەڵکی باشووری ڕۆهەڵات، خەڵکی باشووری ڕۆهـەڵاتـی ئـەنادۆل، خـــەڵـکی ڕۆهـەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆل | ئەو هاووڵاتییانەمان کە لە ڕۆهەڵاتی تورکیادا دەژین |
| پەرلەمانی کوردی لە تاراوگە | کـۆبوونەوەی ژێر کـونتـرۆڵی ڕێکخـراوی تێرۆریستی پەکەکە |
| شەڕی سنووردار | دژە-تیرۆر |
| سەرکردە/ سەرکردەگەلی کورد | سـەرخێـڵـەکـان/ سـەرۆک عـەشـیـرەتەکـانی باکوری عێراق |

هەندێ لە بابەتەکانی ناو ڕێنوێنییەکە دەبێ ئێستە ناسراو بن: دوورکەوتنەوە لە هەر دەربڕینێک کە پێشانی بدا کورد خاوەن پێناسی نەتەوەیی جیاوازن، یان ئاماژەکردن بۆ هەر شێوەیەکی نوێنەرایەتیی سیاسیی شەرعیی گەلی کورد. ئاشکرایە، کە ئەمەش شێوازێکی پلانڕێژیی زمانە، کە تۆنەکانی زمانی نوێی ئۆروێلیان پێوە دیارە و بێ گومان بابەتێکی نایابە بۆ تۆژینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لێرەدا بەدوایدا ناچین.

جێی خۆیەتی ئەم بەشە بەئاڵقەیەک تەواو بکەین، کە وەک هیچ یەکێکی تر نییە لە پێشاندانی ڕۆڵی رەمزیی بەهێزی زمان لە بنیاتنانی پێناسی نەتەوەییدا، لە دەرخستنی بابەتە سەرەکییەکانی نەبینراوکردندا، لە ئاداری ١٩٩١دا لەیلا زانا، پەرلەمانتەری تازەهەڵبژێردراوی دیاربەکر، سوێندی یاساییی لە پەرلەمانی تورکیادا خوارد. پاش سوێندخواردنەکە، ڕستەیەکی بە کوردی گوت[٣٩]. ورتەورت و بۆڵەبۆڵ لە پەرلەماندا دروست بوو، هاوشانی بانگی "ناپاک" و "بیگرن" و، کارڕاییی یاسایی لە دژی زانا گیرانە بەر. ئەو سەرەتا بەهۆی پارێزبەندییە پەرلەمانییەکەیەوە هاتە پاراستن و، لە قسەکردن و نووسین لە تورکیا و کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر مافەکانی کورد بەردەوام بوو. ئەوەبوو لە ١٩٩٤دا، پارێزبەندیی پەرلەمانیی لەسەر هەڵگیرا و درایە دادگە بەتۆمەتی ناپاکی، دواتر تۆمەتەکە گۆڕا بۆ ئەندامێتیی ڕێکخراوێکی سەربازیی نایاسایی. ئەو و ٣ پەرلەمانتەری تر، تاوانبار کرا و سزای ١٥ ساڵ گرتنی بەسەردا درا و هێشتە (٢٠٠٢) تەواوی نەکردووە.

کارەکانی زانا و هاوڕێکانی، گورزێک بوون بۆ ناوجەرگەی سیاسەتی نەبینراوکردن. چونکە نەک تەنیا جەختیان لە هەبوونی زمانی کوردی کرد، بگرە زمانەکەیان گەیاندە پیرۆزترین شوێنی دەوڵەت، بارەگەی دەسەلاتی جێبەجێکەر، کە لەوێدا چەندان دەیە بوو نکۆڵیی لێ دەکرا، واتە بینراوییان زیاد کرد، لەوەش زیاتر، کارەکانیان بەشدار بوون لە ڕاگەیاندنی دۆخی زمانی کوردیدا: ئەو تەنیا دیالێکتێکی سەرەتایی نییە، کە تەنیا لە ناو ماڵاندا قسەی پێ بکرێ، بگرە زمانێکی تەواوە، دەتوانرێ لە بالاترین و فەرمیترین بوارەکاندا بەکار بهێنرێ، کە پەرلەمانی تورکیایە. لە کۆتاییدا، کارەکەیان خستنەڕووی سیاسەتی نەبینراوکردنی خستە بەر چاوی ڕای گشتی. کاردانەوەی خێرا و بەردەوام بەرامبەر کارەکانی زانا و هاوڕێیانی ئاماژەیەکی دیارن بۆ کاریگەریی بەرەنگارییەکانی.

## ٥- زمانی کوردی و ریفۆرمەکانی سیستمی فێرکاریی دەوڵەت: چاکسازییەکانی ٢٠٠٢

گرینگترین بواری مانەوەی درێژخایەنی زمانی هەر کەمینەیەک خوێندنی حکوومەتییە. زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بەشێوەیەکی سیستماتیک تا سەدەی ٢٠، زمانەکانی کەمینەیان لە سیستمی فێرکاریی دەوڵەت دووردەخستەوە، ئەویش بەپێی ئەو بڕوا هەڵەیەی دەڵێ تاکزمانی پێویستە لە زمانی فەرمیدا، بێگومان پێویستیشە لەپێناو داهێنانی ئەکادیمیایی و هاوولاتیبوونی باشدا (بۆ گفتوگۆ و سەرچاوەگەل، بڕوانە: هێرمس و بلانچ ٢٠٠٠: ٢٤٨-٣٢٠). خوێندن هەلی

یەکەمی دەوڵەتە بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر هەڵبژاردنی زمان لەلایەن هاووڵاتییەکانی. ئەگەر بتوانرێ زوو منداڵ لە زمانی دایکی بکرێ، ئەوە ئەگەری زاڵبوونیان بەسەر زمانەکەدا لە کاتێکی دواتر تەواو کەم دەبێ، بەمەش چاوەنوارِ دەکرێ بەهێزترین بۆندی نێوان خۆیان و کولتوورەکەیان لەدەست بدەن. وەک بریتن (١٩٩٩: ٩٥) دەڵێ، گومانی تێدا نییە، کە سیاسەتەکانی فێرکردن "یەکێکن لە گرینگترین ئەو سیاسەتانەی لەپێناو تواندنەوەی زمانیدا دێنە بەکارهێنان". سیاسەتەکانی تواندنەوە لە ڕێی خوێندنی حکوومەتییەوە لە مێژووی چەندان وڵاتدا تۆمار کراون و چەسپاون[٤٠]. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم دواییانەدا کورتهێنانی بنەڕەتیی ئەم سیاسەتانە هاتووەتە ڕاگەیاندن، لە گەلێک وڵاتدا شێوازی تر دێنە جێبەجێکردن، کە تیایاندا زمانی کەمینەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ددانیان پێدا دەنرێ.

سیاسەتی تورکی بەرامبەر بە زمانی کوردی لە خوێندندا چی بوو؟ بەکورتی، زمانی کوردی بێبەش کراوە و بێبەشە لە هەموو جۆرە دەرکەوتنێک لە سیستمی فێرکاریی حکوومەت، هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا دەگاتە زانکۆ. ماددەی ٤٩ (٢)ی دەستووری تورکی دەڵێ:

"نابێ هیچ زمانێک، جگە لە تورکی، وەک زمانێکی دایک بۆ هاووڵاتییانی تورکی، لە هیچ دامەزراوەیەکی ڕاهێنان یان خوێندندا بگوترێتەوە. زمانە بیانییەکان لە دامەزراوەکانی ڕاهێنان و فێرکردندا دەگوترێنەوە، دەبێ ڕێنوێنییەکانی ئەو قوتابخانانەی ڕاهێنان و فێرکردن بەزمانی بیانی ئەنجام دەدەن بەیاسا ڕێک بخرێن[٤١]."

لە هەندێ بەشی ئەناتۆلدا، کێشەی منداڵانی "کەمینە" ئەوانەی کە بەزمانی تورکی قسە ناکەن، کێشەی منداڵگەلێکی تاک و پەرتی لێرە و لەوێ نەبوو، بگرە کێشەی پۆلگەلێکی تەواو بوو. دیمەنگەلی سەرنجڕاکێشی ئەم پرسە لە ڕۆمانی "وەرزێک لە هەکاری"ی فەرید ئێدغو ١٩٧٧دا دەست دەکەون، کە باسی ئەزموونی مامۆستایەکی تورک دەکا، کە بۆ قوتابخانەیەک لە هەکاری، ناوچەرگەی ناوچەی کوردنشینی تورکیا، نێردراوە و لەوێدا ڕووبەڕووی پۆلە قوتابی دەبێتەوە کە هیچیان تورکی نازانن. بۆ خۆگونجاندنیش لەگەڵ سیاسەتە باڵادەستەکانی نەبینراوکردن، زمانی کوردی بەهیچ شێوەیەک لەو کتێبەدا بەئاشکرا ئاماژەی بۆ نەکراوە[٤٢]. سەرکوتینەوە و دیارکردنی زمانی دایکی کەسێک لە سیستمی قوتابخانەدا سەتان هەزار منداڵی کوردی گرتەوە، لە هەردوو بواری ڕۆشنبیری و سۆزداریدا، تەنیا لەڕێی شایەتیی شایەتی بەچاودیدەکاندا بەبیر دەهێنرێنەوە (بڕوانە ئەم بابەتە لە: باڵچی ١٩٩٤، حەسەنپوور ١٩٩٦، گوندوزکانات ١٩٩٧: ١٥٠-١٥١).

لە کۆتاییەکانی ٢٠٠١ و سەرەتاکانی ٢٠٠٢، قوتابییانی ژمارەیەک زانکۆی تورکیا خۆپێشاندانی ئاشتییانەیان ڕێکخست بۆ داواکردنی خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا[٤٣]. زیاتر لە هەزار کەس بەهۆی خۆپێشاندانەکانەوە هاتنە گرتن و داوای خوێندنی کوردی ڕەت کرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵەپەستۆی سەر تورکیا بۆ بەدەنگەوەهاتنی داواکارییەکانی ئەندامێتیی یەکەتیی ئەورووپا بوونە هۆی چەند گۆڕانکارییەک. لە ئابی ٢٠٠٢دا، پەرلەمانی تورکیا زنجیرەیەک

چاکسازیی پەسند کرد، لەناویاندا، ڕێگەی دا قسە بەزمانگەلی کەمینە بکرێت لە دەزگە تایبەتەکاندا[٤٤]. بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەم یاسایانەشدا، نەبینراوکردن هەر خۆی دەنواند: لە گشت دەقی چاکسازییەکاندا، هیچ ئاماژەیەک بۆ زمانی کوردی بەهیچ شێوەیەک نەکراوە. هەروەها زاراوەی "کەمینە"ش بەکار نەهێنراوە. بگرە ئاماژە کراوە بۆ "زمان و دیالێکتگەلێک کە لەلایەن هاووڵاتییانی تورکەوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دێنە بەکارهێنان". بەگوتەیەکی تر، سیاسەتی نەبینراوکردن لەلایەن دەوڵەتەوە بەردەوامە لەوەی خۆی بنوێنێ، تەنانەت لەو دەقانەشدا، کە بەڕووکەش مژدەی گۆڕانکاریی گەورەیان پێیە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی چاکسازییەکانەوە هەبێ، لەوە ناچێ کە کاریگەرییەکی جێگریان بەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تورکیادا هەبێ و، لەڕاستیشدا توانی دروستکردنی کاریگەریی پۆزەتیڤیان نەبوو لەسەر بەهێزکردنی پێگەی زمانەکە. ڕەخنەگرانیش ئاماژەیان بۆ ئەم لاوازییانەی خوارەوە لە یاسا نوێیەکەدا کرد[٤٥]:

١- فێرکردن بەزمانی کەمینە تەنیا لە دەزگە تایبەتەکاندا ڕێپێدراوە. لە ڕووی کردەنییەوە ئەمە وتنەوەی زمانی کوردی لە شارە گەورەکانی وەک ئیستانبوڵ قەتیس دەکا، کەم لەو کوردانەی کە لە زێدی خۆیان ماونەتەوە دەتوانن پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە دەزگەیە کۆ بکەنەوە، هەروەها ئەو فێرخوازانەشیان پێ پەیدا نابێ، کە بتوانن پارەی پێویست بۆ ئەو خوێندنە بدەن.

٢- تەنیا ئەو کەسانەی ٨ ساڵی خوێندنی زۆرەکییان تەواو کردووە لە سیستمی خوێندنی تورکیدا دەتوانن لە پۆلەکانی زمانی کەمینەدا بەشدار بن. واتە قوتابییانی چاوەنواڕکراو تەمەنی سروشتیی فێربوونی زمانیان تێپەڕاندووە، پێش ئەوەی شیاو بن بۆ بەشداری لەم جۆرە خوێندنەدا.

٣- نابێ پرۆگرامەکانی خوێندن بابەتی کولتووری و مێژووییان تێدا هەبێ. بێسوودیی وانەگەلی زمانی، دوور لە کولتوور و مێژوو، تەواو دیارە. وەک هنتن (٢٠٠١: ٩) ئاماژەی بۆ دەکا، "زمانێک کە دوور لە ناوەڕۆکی نەریتیی کولتووریی خۆی بخوێندرێ ناتوانێ کولتوورێکی نەریتی دەرببڕێ".

٤- تەنیا ڕاهێنەرانی ناو تورکیا ڕێیان پێ دەدرێ لەم جۆرە دەزگەیانەدا وانە بڵێنەوە. ئەمەش ڕێگرە، بۆ نموونە، لە بەشداریی کوردانی سوید کە شارەزاییی فرەوانیان بەدەست هێناوە لە گوتنەوەی زمانی کوردیدا و، لە سوودوەرگرتن لە شارەزاییەکانیان بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە تورکیادا.

ئەم ڕێوشوێنانە بەیەکەوە بۆ ئەوەن، کە بەتەواوی زمانی کوردی دوور لە سیستمی دەوڵەت بهێڵنەوە و، هیچ بنەوایەک بۆ منداڵانی کورد دانامەزرێن تاکو بتوانێ بە کوردی بخوێنێ و

بنووسێ، ڕێگرن لەوەی کوردی ڕۆهەلات بتوانن هیچ جۆره ئۆتۆنۆمییەکی کولتووری پیاده بکەن و، ڕێگرن لەوەی کەسانی (شارەزا) له دەرەوەی تورکیاوه هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر پرۆگرامەکەوه هەبێ.

بۆیه، مرۆڤ بێ گومان دەگاته ئەو ئاکامەی که هۆکاری ڕێگەنەدانی تورکیا به هیچ جۆره دداننانێک به زمانی کوردیدا له خوێندنی حکوومەتیدا، برێتییه له پابەندبوونێکی کۆن به تاکزمانی له خوێندندا. بەمەش کێشەکه نابێ بەکێشەی ئایدیۆلۆجیایی، بگره دەبێته کێشەی بێئاگایی له پێشکەوتنەکانی تۆژینەوەکانی تایبەت به فرەزمانی له فێرکردندا. بەڵام لەڕاستیدا، تورکیا لەم بوارەدا گەلێک پێشکەوتنخوازه. ئەوەتا چەندان قوتابخانەی دوانـاوەندی له تورکیادا هەن، که بەشێکی زۆری وانەکانیان بەتەواوی به زمانگەلی بیانین (ئینگلیزی، ئەڵمانی، یان فرەنسەیی). بەناوبانگترین زانکۆکانی وڵات تەواوی وانەکانیان به ئینگلیزین (وەک: ئۆرتا دۆغو تەکنیک یونیڤێرسیتەسی له ئەنقەره، یان بۆغازئیچی یونیڤێرسیتەسی له ئیستانبوڵ). لەوەش زیاتر، نوێنەرانی کەمینەی گەورەی تورکی له ئەڵمانیا، هەڵمەتێکی بەهێزیان بەرپا کردووه، به پاڵپشتیی دەوڵەتی تورکیا، داوا دەکەن بواری زیاتر به تورکی بدرێ له قوتابخانه حکوومەتییەکانی ئەڵمانیادا[٤٦]. سەیروسەمەرەییی ئەم هەڵمەته له خوێنەر ناشاردرێتەوه: دەوڵەتی تورکیا هانی دداننان به زمانی کەمینەیەک دەدا له سیستەمی خوێندنی دەوڵەتێکی تردا، لەو کاتەدا که گەورەترین کەمینەی زمانیی خۆی بێبەشه له هیچ جۆره بوونێک له خوێندنی حکوومەتیدا. بێ گومان ڕێکخەرانی هەڵمەتی لەپێناو تورکی له قوتابخانەکانی ئەڵمانیا ڕێگر نابن لەوەی دروشمی هەڵمەتەکەیان بخوازم: "زمانی دایک مافی مرۆڤه".

گومانی تێدا نییه، که نرخی فێرکردنی زمانی کەمینه و ئەگەری پیادەکردنی له ناو سیستەمی خوێندنی حکوومەتی به وردی لەلایەن دەسەڵاتی تورکەوه ددانی پێدا نراوه. له هەندێ بەشی سیستەمی خوێندندا چەندان جۆره پرۆگرامی خوێندنی فرەزمان بوونیان هەیه. بۆیه دەبێ ڕەتکردنەوەی ڕێگەدان به بوونی زمانی کوردی له پرۆسەی فێرکردندا پاڵنەری جیاوازی له پشتەوه هەبێ.

## ٦- پلانڕێژیی زمان له تورکیا: نەریتی درێژخایەنی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی زمان لەلایەن دەوڵەتەوه

لەناو پرۆگرامی چاکسازیی کەمالیستدا، چاکسازیی زمانی تورکی پێگەیەکی ناوەندیی هەیه، بێ گومان یەکێک بووه لەو شتانەی ئەتاتورک وەک کەس گرینگیی پێی داوه. ئامانجی ریفۆرمەکان، که له ١٩٢٠کاندا دەستیان پێ کرد، برێتی بوو له دروستکردنی زمانێکی ستانداری نەتەوەیی، که بەزۆرترین ڕاده دوور بێ له توخمی بیانی و، لەبەر دەستی گشت ئەندامانی کۆمەڵگه بێ و، بەئاسانی دەست بکەوێ و، دەوڵەمەند و نەرم بێ بەشێوەیەکی که بۆ دەربڕینی هەموو بابەتێک

شیاو بێ. هەنگاوی یەکەم و ڕەنگە یەکلاکەرەوەترین، بریتیی بوو لە گۆڕینی ڕێنووسی عەرەبی بەئەلفبایەکی هەموارکراوی ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٢٨دا. کاریگەریی ڕەمزیی ئەم هەنگاوە هی ئەوە نییە زێدەڕۆییی تێدا بکرێ. ڕێنووسی عەرەبی پێوەندیی پتەوی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، کە لە نەریتی ئیسلامیدا تەنیا ئامرازی شەرعیی دەقە پیرۆزەکانە. بۆیە ڕێنووسەکە یەکێکە لە بەهێزترین نیشانەکانی ئیسلام، بۆ دەوڵەتێکیش کە زۆرینە تێیدا موسڵمان بن، دەستبەردان لەم ڕێنووسە کارێکی بێ پێشینە بوو. چەند چاکسازییەکی کەمی تر پێشانی دەدەن، کە ئامانجی چاکسازییەکان بریتی بووە لە لەکۆڵکردنەوەی گشت میراتییەکانی عوسمانیی موسڵمان. بەڵام چاکسازیی زمانی تورکی بەگۆڕینی ڕێنووس تەواو نەبوو. هەنگاوی دوای ئەو بریتی بوو لە گۆڕینی وشەگەل و دەربڕینە عەرەبی و فارسییەکان بە هی تورکیی پەتی. ئەم بوارەی چاکسازی تا ئێستە، بە پلەی جیاواز، بەردەوامە، بەم دواییانە چاکسازییەکان توخمی بێگانەی تریشیان کردە ئامانج (وەک ئینگلیزی). بۆیە بە گشتی دەکرێ چاکسازیی زمان لە تورکیا بکرێتە نموونە بۆ ئەوەی تۆماس (١٩٩١) ناوی ناوە "پاکتاوی زینۆفۆنی": جەخت کرایە سەر داهێنانی زمانێک کە زۆربەی هەرە زۆری تورکی بێ، واتە تا ڕادەیەکی تەواو زۆر لە توخمی بیانی پاک کرابێتەوە.

دروستکردن و چەسپاندنی زمانێکی نەتەوەییی تورکی، بووە توخمێکی سەرەکیی ئەجێندای سیاسیی ئەتاتورک و گشت سیاسەتوانان، لەو کاتەوە. زێدەڕۆیی نابێ گەر بگوترێ زمان بابەتی شانازیی نەتەوەیی و بەڵگەیەکی چەسپاوی سەرکەوتنی کەمالیزم و باڵادەستییەتی بەرامبەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانیی فرەنەتەوە و فرەزمان. لە ئەدەبیاتی فرەوانی زانستیی تایبەت بە پلانڕێژیی زماندا، چاکسازیی زمانی تورکی شانازیی داهێنانی نموونە ستاندارەکانی پێ دەبڕێ بەردەوام لەلایەن زانیارانی بوارەکەوە بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێ. لەم دواییەدا بەوە وەسف کرا کە "وردترین بەشی ئەندازەڕێژیی زمانە لە مێژوودا" (تێکستی سەر بەرگی جی لویس ٢٠٠٢)[٤٧]. بۆیە زمانی تورکی خۆی تەنیا یەکێ لە توخمەکانی ناساندنی تورکیبوون نییە، بگرە سیمبولێکی تەواو باڵایە لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتدا، بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی پرۆگرامەکانی چاکسازیی کەمالیست[٤٨].

دوو ئاکام هەن لە چاکسازیی زمان چاوەنوارِ دەکرێن: یەکەم، هەر لە سەرەتاوە دەوڵەت هەستی بەڕۆڵی سەرەکیی زمان کردووە وەک هەڵگر و سیمبولی پێناسی نەتەوەیی. دووەمیش، بیرۆکەی چاکسازیی زمان خۆی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەوڵەت باوەڕی تەواوی بەوە هێناوە کە لەڕێی سیاسەتگەلی پلانڕێژیی ناوەندییەوە دەتوانێ هەڵسوکەوتی زمانیی هاووڵاتییانی ڕێک بخا. دەبێ تەواو ڕوون بێ کە ئەم دوو توخمە لە پشتی ئەو سیاسەتەوەن، کە من ناوی نەبینراوکردنی کوردیم لێی ناوە. بۆیە لە کۆتاییدا پێشنیاز دەکەم کە نەبینراوکردنی کوردی پێویستە وەک پێکهاتەیەکی چەسپاوی پلانڕێژیی زمانی تورکیا سەیر بکرێ: ئەویش ئۆپەراسیۆنێکە دەوڵەت دەستی داوەتێ، ئامانجەکەشی ئەوەیە هەڵبژاردنی هاووڵاتییان بۆ ئەو زمانەی بەکاری دەهێنن بۆ

چالاکییە جیاجیاکان ڕێک بخا، واتە بریتییە لە "پلانڕێژیی دۆخ". بەوتەیەکی تر، پاککردنەوەی زمانی تورکی لە توخمی بیانی و، ناچارکردنی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی تەنیا بە تورکی قسە بکەن، دوو ڕووی یەک و هەمان دامەزراوەن. ڕاستییە سادەکە بریتییە لەوەی لە سەرەتای چاکسازییەکان، لە ١٩٢٠ـەکاندا، بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانی تورکیا بەزمانێکی جیا لە تورکی قسەیان دەکرد و، دەوڵەت پێویستی بەوە بوو هەڵمەتێک بکا لەپێناو ڕاستکردنەوەی دۆخەکە. بۆیە پلانڕێژیی زمان لەلایەن دەوڵەتەوە، نەریتێکی تەمەنداری تورکیایە، هاوشێوەی وڵاتانی تری نوێ، وەک سینگاپۆر، ئیندۆنیسیا و ئیسرائیل. بەڵام لەبەرئەوەی هەوڵی دەوڵەت بۆ تورکاندنی زمانی وڵاتەکە زۆر زەق و سیمبۆلیک و خۆنوێن بوو، بۆیە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ دەسکاریکردنی هەڵبژاردنی زمان لەلایەن هاووڵاتییانەوە زۆر بەنهێنی ئەنجام دەدران. لێرەدا، پیادەکردنی پلانڕێژیی دۆخ لەلایەن تورکیاوە، تەواو جیاوازە لەوەی، بۆ نموونە، لەلایەن سینگاپۆرەوە پیادە دەکرا کە تیایدا هەڵمەت لەپێناو "قسەکردن بە چینیی مەندەرینی (لەجیاتی دیالێکتە ناوچەییە چینییەکان)" لەلای جەماوەر جێی بووەوە و، دەوڵەتیش هەوڵی دا ئامانجەکانی بۆ گەلەکەی ڕوون بکاتەوە (بڕوانە: بۆکهۆرست-هێنگ ١٩٩٩).

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە بۆ ئەم نووسەرە ئەوەیە، کە بێدەنگیی فەرمی لەم بوارەی پلانڕێژیی زماندا، ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی زانستیی ناودەوڵەتیدا هەبوو. ئەوەندەی من بزانم، تەنانەت یەک تۆژینەوە لەسەر پلانڕێژیی زمان لە تورکیا ئاماژەی نەکردووە بۆ لایەنەکانی دۆخی پلانڕێژی (ئەمە لە کاری پێشتری ئەم نووسەرەشدا وا بووە، بڕوانە هەیگ ١٩٩٦). بەگوتەیەکی تر، گریمانەی شاراوەی پشت ئەدەبیاتی زۆر لەبارەی پلانڕێژیی زمان لە تورکیا ئەوەیە کە تورکیا دانیشتووانێکی هۆمۆجینەی هەیە لەڕووی زمانەوە و، بۆیە گرفتەکانی پلانڕێژیی زمان کەم کرانەوە لەو لایەنەدا کە پێوەندییان بە تەنیا بە زمانی تورکییەوە هەیە. تا بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی سکوتناب-کانگاس و بوجاک (١٩٩٥) لایەنەکەی تری چالاکییەکانی پلانڕێژیی زمانی تورکیا نەخرابووە بەر چاوی کۆمەڵی زمانەوانیی نێودەوڵەتییەوە، بەڵام کارەکەی ئەوان تا ئێستە بەگشتی پشتگوێ خراوە لەو ئەدەبیاتانەی پێوەستن بە پلانڕێژیی زمانەوە لە تورکیا.

## ئاکامەکان

بە قسەی نووسەرێک، ئامانجی سیاسەتەکانی تورکیا لەبارەی زمانی کەمینەکان "لەباوەشگرتنی زمانی گشت خەڵک لەناو زمانی تورکیدا" (یاغمور ٢٠٠١: ٤٢١). نووسەری تریش هەن ئاماژە بۆ "سیاسەتێکی تواندنەوە" دەکەن (بڕوانە گوربەی ١٩٩٦: ١٣)، لە کاتێکدا هی تر هەن کەمتر دیپلۆماتین و دەڵێن: دەوڵەتی تورک زمانی کوردی "چالاکانە دەکوژێ" (سکوتناب-کانگاس و بوجاک ١٩٩٥). جا هەر یەکێ لەم ناوانەت پێ خۆش بێ، ئاکامەکە هەر یەکێکە چ لە ڕێی لەباوەشگرتن یاخۆ تواندنەوە یان کوشتن بێ: زمانەکە لەناو دەچێ. هەرچەندە بەدەگمەن ئەمە

بەئاشکرا باس کراوە لەلایەن نوێنەرانی حکوومەتەکانی تورکیاوە، بەڵام ڕووپێوێک بۆ ئەو سیاسەتانەی بەرامبەر زمانی کوردی لە ٧٠ ساڵی دواییدا بەرپا کراون، بەڕوونی پێشانی دەدا، کە ئاکامی خواستراوی سیاسەتی حکوومەت برێتی بووە لە سەرنگومکردنی زمانەکە، بەتەواوی یان هیچ نەبێ لە بوارە گشتییەکاندا بزر ببێ. بۆ ئەم مەبەستە چەند ستراتیجێک گیرانە بەر، هەر لە ڕاگواستنی دانیشتووانی کوردزمانەوە لەپێناو خێراکردنی تواندنەوە و، تواندنەوەی کردەنی کە بەفەرمی ڕابگەیەنرێ کە ئەو زمانە بوونی نییە، یان بەلای کەمەوە لە بنەوادا جیا نییە لە زمانی تورکی و، ناوزڕاندن: زمانەکە هەیە بەڵام زمانی تەواو نییە، بۆیە کەمتر شایانی بەهێزکردن و چەسپاندنە.

ئەگەر سیاسەتەکانی تایبەت بەزمانی کوردی بەیەکەوە وەرگرین و، من جەخت دەکەم کە دەبێ وا بکرێ، دەبینین بەشێوەیەک لە شێوەکان پلانڕێژییەکن بۆ زمان: هەوڵی ڕژد لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ کارکردنە سەر ئەوەی هاووڵاتییان چۆن زمان بەکار دێنن. تورکیا وڵاتێکی خاوەن نەریتێکی درێژخایەنی دەستوەردانی دەوڵەتە لە پرسگەلی تایبەت بەزمان، بەڵام لەو کاتەدا کە هەوڵی دەوڵەت بۆ کارکردنە سەر شێوەی زمانی نیشتمانە، زمانی تورکی بووەتە ئامانجی گرینگپێدانی چڕی زانیاران، پرۆژە تەواوکەرەکان، وەک نەبینراوکردنی زمانی کوردی و (زۆربەی زمانگەلی کەمینەکانی تریش) لە ئەدەبیاتی پێوەندداردا پشتگوێ خراون، لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیادا. کە ئەمەش جۆرێکی ترە لە نەبینراوکردن کە ئەم بابەتە هەوڵی گەڕانەوەی هاوسەنگیی دەدا.

پەڕاوێزەکان:

* سەرچاوە: Conermann, S. & Haig, G. (eds.) Die Kurden: Studien zu ihrer Sprache, G eschichte und Kultur. Schenefeld: EB-Verlag (2003), pp. 121-150

(ڕەنگە برگەکانی لاپەڕەکانی ئێرە لەوانەی ئۆریجیناڵەکە جیا بن)

١- پێویستە جەخت بکرێت لەسەر ئەوەی، کە سیاسەتی نادیارکردن کاری کردووەتە سەر زمانەکانی تری کەمینەکانی ئەناتۆلیا، بۆ نموونە، لاز و چەند شێوازێکی جیاجیای ئارامیی نوێ، لەوانەشە هەندێ خوێنەر هەست بەوە بکەن، کە ئەم بابەتە بێدادیی بەرامبەر بەو پرسە کردووە. من باش لەو پرسانە ئاگەدارم، بەڵام جەختکردنم لەسەر زمانی کوردی لەژێر کاریگەریی بابەتی ئەم بەرگە و بۆ بەرژەوەندیی توێژینەوەی کەسییە.

٢- زمانەوانگەلی تریش گەیشتوونەتە هەمان ئاکام لەبارەی سیاسەتەکانی تورکیاوە، هەرچەندە دیتنەکانیان جیاوازن. لە ڕوانگەی مافە زمانییەکانی مرۆڤەوە، ئەو کارە پێشکەوتووەی تۆڤ سکەتناب-کانگاس و هاوکارانی بەئەنجامیان گەیاندووە- بەتایبەتی بڕوانە سکەتناب-کانگاس و بەجاک (١٩٩٥)، سکەتناب-کانگاس (٢٠٠٠: ٥١٤-٥٢٢، لێرە و لەوێ) و، سەرچاوەگەلی تر لەوێدا. باڵچی (١٩٩٤) و هاڤریست (١٩٩٨) بابەتی بەسوودیان تێدایە. لە تۆڕی ئینتەرنێتیش، چاوەدێریی مافی مرۆڤ و لێبوردنی نێودەوڵەتی دۆکیومێنتی بەرفرەوانیان بڵاو کردووەتەوە لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی ئازادیی دەربڕین و بەکارهێنانی زمانەکانی کەمینە لە تورکیا. بۆ زیاتر لە نێزیکەوە

شارەزابوون لەوەی ئاوێنەی هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیایە (لەگەڵ هەڵبژاردەیەکی جیاوازی بابەتگەلی هاوشێوە) بڕوانە: ئۆران (٢٠٠٠) و یاغمور (٢٠٠١).

٣- بۆ شارەزاییی فرەوانتر لەبارەی چۆنیەتیی هەڵبژاردنی شێوازی ئاماژەکردن یاخۆ ئاماژەنەکردن بۆ پرسگەلی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە، بڕوانە: یەغەن (١٩٩٩أ، ١٩٩٩ب). بەپێچەوانەی ئەم بابەتە، کارەکەی یەغەن کار لەسەر گوتاری دەوڵەت دەکا، بەرامبەر پرسگەلی کوردی بەگشتی، بەبێ ئەوەی بەتایبەتی جەخت بکاتە سەر بابەتی زمان. هەروەها پێشهاتەکانی دوای ١٩٨٠ هیچ وردەکارییەکیان لەبارەوە نەخراوەتە ڕوو.

٤- ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیە، بۆ جاری یەکەم لە کۆواری "ئیکی بینە دۆغرو" لە ١٩٨٧دا بڵاو کرایەوە (شاهین & کاوفیلت ٢٠٠٢: ٢٤٢). هەروەها بڕوانە ییغەن (١٩٩٩أ: ١١٤-١١٥) بۆ بەدەستهێنانی مادەی زیاتر لەمەڕ هەڵوێستی ناسیۆنالیتە کۆمار-خوازەکان بەرامبەر بە کورد.

٥- لە ساڵی ١٩٩٣دا، سەرۆک وەزیرانی ئەوسای تورکیا، تانسو چیلەر، میللەتی سەرسام-کرد کاتێ "نموونەی باسک"ی بۆ کورد خستە-ڕوو، بەڵام ئەم پێشنیازە بووە ئامانجی پشتگوێخستن و ڕەتکردنەوەی تەواو لەلایەن بڕیار-بەدەستانی ئەو کاتەی تورکیاوە.

٦- بۆ گەیشتن بە ئەنجامی هاوشێوە، لە ناو چەندانی تردا، بڕوانە: ییغەن (١٩٩٩أ: ١١٠)، بۆزئارسلان (١٩٩٦)، یان سیمەنت (١٩٩٦: ١٤٥).

٧- سەبارەت بە پەیمانی لۆزان و دۆخی کەمینەکان، بەشێوەیەکی تایبەت بگەڕێوە بۆ رومف (١٩٩٣: ١٨١-١٨٢).

٨- بڕوانە مادەی ٣٩: "نابێ هیچ کۆتێک بسەپێنرێتە سەر ئازادیی هەر نیشتمانییەکی تورکیایی لە بەکارهێنانی هەر زمانێک لە کاتی پێوەندیی تایبەت، لە بازرگانی، لە کاروباری ئاینی، لە ڕۆژنامەوانی یان لە هەر جۆرە بڵاڤۆکەک یاخۆ کۆبوونەوەیەکی گشتیدا. سەرباری هەبوونی زمانی فەرمی، ئاسانکاریی پێویست پێشکێشی نیشتمانییانی تورکیا دەکرێ بۆ بەکارهێنانی زمانی نا-تورکی بەشێوەی زارەکی لە بەردەم دادگەدا." (لە کۆلۆمبیا ئینتەرناشناڵ ئەفەیرز ئۆنلاین، بەشی تایبەت بە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە. www.ciaonet.org وەرگێردراوە

٩- بگەڕێوە سەر یاسای حزبە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٨٣وە، کە لە سکوتناب-کانگاس (٢٠٠: ٥١٥)دا باس کراوە.

١٠- بڕوانە کریشچی & وینرۆ (١٩٨٨: ٢٣): "تا ئێستەش بەتەواوی ڕوون نییە، کە زاراوەی "تورک" بەوردی چی دەگەیەنێ". گفتوگۆی زیاتر لەبارەی بیری "تورکایەتی" لە رومف (٢٠٠٠: ١٧٢-١٧٤) و لە تسێنتروم فور تورکایشتودین (١٩٩٨: ٢٦-٢٨)دا دەست دەکەون، هەروەها کۆڵینەوەیەکی ورد بۆ ڕەگەکانی تورکی لاو و بیرۆکەکە و ڕۆڵی زمان و ئیتنیسیتی و ئاین و نەریت تێیدا، لە داباگ (١٩٩٦)دا هەیە. باسی گشتیتر بۆ ئەم بابەتە لە چەندان کاری ستانداری تایبەت بە تورکیای نوێوە دەست دەکەوێ، وەک کارەکانی شتاینباخ (١٩٩٦)، ب. لویس (٢٠٠٢) یان سویرشەر (١٩٩٣).

١١- وەرگێڕانی منە بۆ بەشێک لە وتارێکی ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢١دا، کە لە ئەتاتورک (١٩٨١: ٢٥)دا هاتووە.

١٢- بڕوانە بۆزئارسلان (١٩٩٦)، کە پێی وایە ئامانجی باڵای چاکسازییە کەمالیستەکان ئەوەندەی، کە تورکاندن بوون ئەوەندە مۆدێرنەکردن نەبوون.

١٣- بەڵام سەیری برونسن (١٩٨٩: ٣٩-٤١) بکە، لەبارەی جیاکاریی ناوەخۆیی ئیسلامیی نێوان کورد و تورک.

١٤- بڕوانە هەیگ & ماتراس (٢٠٠٢) بۆ کورتەیەک لەبارەی زمانەوانیی کوردییەوە و، دۆرلەین (١٩٩٦) لەبارەی بەریەککەوتنی زمانی کوردی/ تورکی.

١٥- لەبارەی لاز، بڕوانە کوچەر & گەنچ (١٩٩٨). لەبارەی زمانە ئارامییە نوێیەکانیش بڕوانە یۆنان (١٩٧٨) و جاسترۆ (١٩٩٤). بۆ زانیاریی گشتی لەسەر زمانەکانی کەمینە لە تورکیا، بڕوانە ئەندروز (١٩٨٩)، تسێنتروم فور تورکیشتودن (١٩٩٨) و هەیگ (٢٠٠٣).

١٦- تۆمارگەلی تر (وەک بیغەن ١٩٩٩أ: ١٣٧-١٣٩) ئاماژە دەکەن بۆ ئەو هەنگاوە یاساییانەی بەناوی ئیسکان قانونو (یاسای نیشتەجێکردن) ئەنجام دران. سیاسەتێکی هاوشێوە، لە کوردستانی عێراقدا لەلایەن سەدام حوسێنەوە جێبەجێ کرا، کە بەهۆیەوە بوونی کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەهۆی نیشتەجێکردنی بەزۆری عەرەب و تورکمان لەو ناوچانەدا تەنگ دەکرا.

١٧- لەم ماوەیەی دواییشدا، ئەو بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەی ناوچەیەکی فرەوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردنشینیان گرتەوە، کە بەهۆی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆ-ئاوییەوە بوون، بوونە مایەی ڕاگواستنی بەرفرەوانی دانیشتووان. یۆنگدیرن (٢٠٠١) دەڵێ کە ئەو پرۆژانە، لە ناو کۆمەڵێ ئامانجی تردا، ئەم ئامانجەیشیان هەیە، ڕاگواستنی دانیشتووان. شەڕی گەریلایانەی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیاش بووە مایەی ڕووخاندنی هەزاران گوندی کوردان، بەو هۆیەوە نێزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی کە زۆرینەی زۆریان کورد بوون، نیشتمانی خۆیان بەجێ-هێشت. نیگۆسیان (١٩٩٦: ٤٢-٤٣) دەڵێ: کە چۆڵکردنی ناوچەگەلی کوردان ئامانجێکی سەرەکیی چالاکییە سەربازییەکانە لەو ناوچانەدا.

١٨- بەتایبەتی بڕوانە: بیغەن (١٩٩٩أ: ١٧٣-١٨٨) لەسەر ڕۆڵی دەزگەی (تورک ئۆجاغی)، کە لەلایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەبرا و، جێگرەوەکەی (هەلک ئێڤلەری) لە هێنانی زمان و کولتووری تورکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.

١٩- بڕوانە: سکوتناب-کانگاس و بوجاک (١٩٩٥)، باڵچی (١٩٩٤) و هەیگ (٢٠٠٣: ١٧٩).

٢٠- لە بابەتێکی سیمۆن تیسدال وەرگیراوە، گاردیان ٢٥ی کانوونی دووەم، ٢٠٠١.

٢١- ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانیی ئەسۆشیەیتد پرێس (ئەنقەرە، ٣١ی ئادار، ٢٠٠١).

٢٢- مایەی سەرنجە لێرەدا کە ناوی پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان) لە میدیای تورکیدا بەکار دێ، بەڵام پەکەکە وەک گرووپێکی تیرۆریست دێتە ژماردن، نەک حزبێکی سیاسی. ناوی پەکەکەیش هەرگیز درێژەکەی ناخرێتە بەر چاو بگرە تەنیا بە کورتکراوەیی و بەبێ وەرگێڕانی بۆ تورکی ئاماژەی بۆ دەکرێ.

٢٣- بڕوانە: سەلجان (١٩٩٨: ٩٥-١٠١) لەبارەی هەوڵەکانی زمانوانانی تورکی بۆ دووبارە-شیکردنەوەی زازاکی، کە زمانێکی ئێرانییە و، ناساندنی وەک دیالیکتێکی تورکی.

٢٤- ئەوەی یەکەم بە (کۆمەڵەی پێداچوونەوەی مێژووی تورک) ناسرابوو، بەڵام ئەمەی دوایی برێتییە لە (کۆمەڵەی پێداچوونەوەی زمانی تورکی).

٢٥- جی لویس (٢٠٠٢: ٧٢) پێی وایە، کە بەرژەوەندیی تیۆریی زمانی هەتاو "لەگەڵ مەرگی ئەتاتورکدا بەبا چوو"، بەڵام ئەگەر واش بێ، ئەوە ناگەیەنێ کە کاریگەریی تیۆرییەکە پاش مەرگی ئەتاتورک بەردەوام نییە. بۆ نموونە، خەتیبئۆغڵو (١٩٨٦: ٩٧) پێی وایە کە "تورکی کۆنترین زمانی نووسراوی دنیایە" (لویس ٢٠٠٢: ٤٢، ئەمەی گواستووەتەوە) ئەمەش ئاشکرایە کە زادەی گیانی تیۆریی زمانی هەتاوە، وەک هەوڵەکانی پێشاندانی زمانی زازاکیی ئێرانی وەک "دیالێکتێکی تورکی".

٢٦- ئەم تۆژینەوانە بە وردەکارییەوە لە بێشکچی (١٩٩١: ١٢٢-١٢٨)دا هاتوون و، زۆربەیان لەسەر کتێبەکەی عفەت ئینان بنیات نراون: (کاراکتەرە ئینترپۆلۆجییەکانی گەلی تورکیا و مێژووی تورکیا، نیشتمانی ڕەگەزی تورکی ئەنادۆڵ (تۆژینەوەیەک ٦٤ هەزار کەسی گرتووەتەوە). ئەنقەرە، دامەزراوەی مێژووی تورک.

٢٧- دۆغو ئیللەری ڤە ڤارتۆ تاریهی. ئیستانبوڵ: چاپخانەی شاکا، ١٩٤٨. بۆ زانینی وردەکاری، بڕوانە: بێشکچی (١٩٩١: ١٩٤-١٩٨).

٢٨- "کورد: کۆمەڵە خەڵکێکن، کە زمانێکی فارسیی سەقەت قسە دەکەن لە تورکیا و عێراق و ئێراندا دەژین"، (فەرهەنگی تورکی ١٩٧٩). ئەنقەرە، کۆمەڵەی زمانی تورکی (چاپی هەموارکراوی شەشەم، ساڵی ١٩٧٤). فەرهەنگەکانی دواتر، یان ئەوە بوو وشەی کورد و داتاشینەکانیان فەرامۆش کردووە (ئەوانەی لە قوتابخانەکاندا پاش پیادەکردنی ئەم ڕێچکەیە بەکار دەهێنران)، یان هەڵوێستێکی نەرمتریان دەگرتەبەر و نەیاندەگوت کورد بەڕەچەڵەک تورکن. ئەوەی پیادە دەکرێ ئەمەیە (وەرگێڕانی خۆم): "کورد گرووپێکن کە لە چەند وڵاتێکی ڕۆهەڵاتی نێزیک و ناوەڕاستدا پەرت بوونە ئەو کەسەی سەر بەم گرووپەبێ پێی دەڵێن کورد، زمانی کوردی: ئەو زمانەیە کە کوردەکان قسەی پێ دەکەن و بە نەریت لە فارسییەوە نێزیکە". (پوسکولئۆغڵو، عەلی -١٩٩٤، فەرهەنگی ئەرکاداشی تورکی. ئەنقەرە: چاپخانەکانی ئەرکاداش). ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ کورد بە هیچ شێوەیەک لە فەرهەنگەکاندا وەک "کەمینە" نەهاتوونەتە ناساندن.

٢٩- سووکایەتیکردن بە کورد، لە گشت بوارە فەرمییەکاندا نیشانەیەکی باوە، وەک ییغەن (١٩٩٩أ) ئاماژەی بۆ دەکا. لەوانە، بەشێوەیەکی نەریتی لە کاتی ئاماژەکردن بۆ کورد و کێشەی کورد زاراوەگەلی "دواکەوتوو"، "دەمارگیریی ئاینی"، "قاچاخچیەتی" و.. هتد، دێنە بەکارهێنان. لەم دواییانەشدا زاراوەگەلی "تیرۆریزم" و "قاچاخیکردن بەمادەی هۆشبەر"، بازاڕیان گەرم بوو.

٣٠- بڕوانە: http://www.mfa.gov.tr/grupa/faq/default. htm. ئەو زانیارییانەی لەبارەی کوردییەوە گواستراونەتەوە، دەکرێ لە سایەی ئەم ناونیشانەدا: "باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ و تیرۆریزم" بێتە دۆزینەوە.

٣١- ئەم هەڵسەنگاندنی جیاوازیی زۆری نێوان دیالێکتە کوردییە جیاجیاکان، هیچ بەڵگەیەکی واقعی نییە پشتی بگرێ. من پێم وایە کە بواری جیاوازی لەناو قسەکەرانی دیالێکتی کرمانجی، کە دیالێکتی زۆرینەی کوردی تورکیایە (چەند ملیۆن کەسێک) هیچ زیاتر نییە لە جیاوازییەکانی ناو هەر زمانێکی تری سروشتی کە لە ناوچەیەکی هاوشێوەی ناوچەی ئەمان فرەوان بێ هەیە، بگرە لە زۆربەشیان کەمترە. دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگری کە وەشانی تەلەڤزیۆنی کوردی هەیە، ژمارەیەکی زۆر بڵاڤۆک

بەکوردیی کرمانجی هەن، لەوانە کتێبگەلی دەق و، فەرهەنگ. هەموو ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر نەگونجاو دەبێ، ئەگەر یەکەتییەکی زمانیی بەرچاو لە سەرتاسەری ناوچەکەدا نەبێ. ئەوەشی کە دەڵێ دانیشتووانی گوندێک "ناتوانن پێوەندی بکەن" لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکەی ئەولایانەوە تەواو بێ بنەوایە، مەگەر خەڵکی گوندەکەی ئەولایانەوە بەزمانێکی تەواو جیاواز قسە بکەن، لەڕاستیشدا کوردی گوندگەلێک کە سەتان کیلۆمەتر لەیەکتری دوورن، دەتوانن بە کوردی پێوەندی بەیەکەوە بکەن، وەک شیەت (٢٠٠٣: xvi) جەخت دەکا، بەڵام لەبەر ئەو دۆخەی بەسەر تورکیادا زاڵە، زۆربەی کات پێیان باشترە ئەوە نەکەن.

٣٢- باڵچی (١٩٩٤: ٣٨-٣٩) ئاماژە دەکا بۆ ئەوەی کە لە ١٩٩١دا بەکار هاتووە لەلایەن گۆکهان ماراش، وەزیری کاروباری کولتووریی ئەو کاتە، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ قەدەخەکردنی ئەو نووسینانەی بە کوردی لەسەر کاسێتەکانی موزیکی کوردیدا نووسرابوو.

٣٣- بۆ گفتوگۆ، بڕوانە: هنتن (٢٠٠١: ٩)، بۆ کۆڵینەوەی پرسەکانیش بڕوانە: بۆنەر (٢٠٠١) یاخۆ ئێدواردز (١٩٩٢).

٣٤- بۆ نموونە بڕوانە: سکوتناب-کانگاس و بوجاک (١٩٩٥)، رومف (١٩٨٥)، رومف (١٩٩٣)، هەیگ (٢٠٠٣: ١٧٩-١٨٣)، هارڤێست (١٩٩٨: ١٥١-١٦٢) و باڵچی (١٩٩٤: ٣٥-٣٧).

٣٥- دواین پێشهاتەکان لە عێراقدا ئەگەری بوونی زمانی کوردی بەزمانی دەوڵەتیان زیاد کرد. هەرچەندە حکوومەتی تورک تەواو ئەوەی ڕوون کردووەتەوە، کە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی کوردی داشبمەزرێ ئەوان دانی پێدا نانێن.

٣٦- لەبارەی بەشداریی ئۆزال لە داڕشتنی سیاسەتەکانی تورکیا لەبارەی کوردەوە، بڕوانە: گوربەی (٢٠٠٠: ٦٥-٦٧).

٣٧- تێبینیی ئەوە بکە کە پەکەکە خۆی، پێش گرتنی ئۆجەلان لە ١٩٩٩دا، گرینگییەکی زۆری بە زیادکردنی مافی دەربڕینی کولتووری نەدەدا زیاتر جەختی لە بەدیهێنانی ئامانجگەلی سیاسی و ناوچەیی نەدەدا (کە لە کۆتاییدا وەهم بوون). لەڕاستیدا ئۆجەلان پێی وا بوو، کە کولتووری نەریتیی کورد کولتوورێکی دواکەوتووە و زمانی کوردی لەم دۆخەی ئێستەیدا گونجاو نییە. ئەو بەردەوام زمانی تورکیی بۆ گواستنەوەی بیری خۆی بەکار دەهێنا ئەم ڕاستییە بەردەوام لەلایەن سەرچاوە فەرمییەکانی تورکەوە وەک بەڵگە لەسەر کەمێتیی زمانی کوردی بەکار دەهێنرا. بۆیە زۆر مایەی سەرسوڕمانە، کە ئەو کەسەی خۆی بە پاڵەوانی گەلی کورد دەزانی، خۆی بەشدار بوو لە سووکایەتیکردن بە کولتووری کورد.

٣٨- ڕێنوێنییەکە لە (http://www.haberturk.com/)ـەوە دەرچووە و بە ئیمەیڵ لەلایەن ئینستیتیۆی کورد لە واشنتۆن، لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠١دا، وەرگێڕدراوە و بڵاو کراوەتەوە. هەروەها لە ٦ی نیسانی ٢٠٠١دا، هەبوونی ئەو ڕێنوێنییە و چەند بەشێکی، بابەتی بڵاڤۆکی پرێس (ئیستانبوڵ) بوو.

٣٩- ڕاپۆرتی دژبەیەک هەن لەبارەی ناوەڕۆکی لێدوانە کورتەکەی زانا. بەگوێرەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، وەرگێڕانی قسەکە بەم شێوەیە: "من ئەم کارەم لە سایەی هەڕەشەدا کردووە، من لەمەودوا تێدەکۆشم بۆ ئەوەی خەڵکی تورک و کورد ئاشتییانە و لەناو چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا بەیەکەوە بژین". ئەو

دەقـەشی لەلایەن دادگـەی تەناهیی دەوڵەت لە ئەنقـەرە بەکار هـات بۆ تاوانبـارکردنی زانا، دەڵێ: "من کـوردم، هـەتاهـەتایە بـە کـورد دەمـێنم. من ئەم سـوێندە بەزۆر و لە سـایەی هـەڕەشـەدا دەخـۆم، بەڵام هێشتـە کوردم و بە کوردی دەمێنم". (لە راپۆرتی شـاندی گرووپی یاسـایی بۆ تورکیا لەبارەی گرتنی پەرلەمانتاران و ئەو ئیجرائاتانەی بۆ قەدەخەکردنی پارتی دیموکراتی کراون، وەرگیراوە، کە لە:http:// kurdistan.org/leyla/crimetospeak. htmlدەست دەکـەوێ). کـۆنووسی ئەو دانیـشـتنەی پەرلەمـان تەنیـا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە زانا بە"زمانێکی نەناس" قسەی کردووە.

٤٠- سەبارەت بە سیاسـەتەکانی ئەمەریکای باکور بەرامبەر بە زمـانە هیندییەکانی دانیشـتووانی ڕەسـەنی ئەمـەریکا بڕوانـە: هینتن (١٩٩٤). بۆ سیاسـەتەکانی نەرویج بەرامبـەر کـەمینـەی سـامی بڕوانە: مـاگا (١٩٩٥: ٢٢٠). لەبارەی سیاسـەتەکانی فرانکۆ بەرامبەر کەتەلۆنی و باسکییەکانی ئیسپانیاش بڕوانە: میلەر و میلەر (١٩٩٦). بە شێوەیەکی گشـتیش و بۆ دۆکیـومێنتی بەربڵاوتر بڕوانە سکوتنـاب-کانگاس (٢٠٠٠).

٤١- وەرگێـڕدراوی ئەوەیە کـە لە بەشی تایبـەت بـە تورکیـای مـاڵپـەڕی هیـومـان رایتس ووچدا هـاتووە (www. hrw.org.press/2002/08/turkeyqa041902.htm)

٤٢- لە بنەڕەتدا بە ناونیشـانی (ئۆ "ئەو") بڵاو کرایەوە، ئێستە کتێبەکە باشتر بەناوی فیلمەکە ناسراوە "هەکاریدە بیر مەڤسیم: وەرزێک لە هەکاری". لە فیلمەکەشدا ئاماژەی ڕاستـەوخۆ نییە بۆ کورد و بۆ زمـانی کوردی، ئەم نەریتـە لە تازەترین ئامـاژە فەرمییەکاندا بۆ فیلمـەکە بەردەوامیی هـەیە. بۆ نموونە، ئەو بەشـەی تایبـەتە بە سینەمای تورکی لە ماڵپـەڕی فـەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامـەوانی و ڕاگەیاندنی تورکیادا، وەسپی ئەم فیلمە دەکا بەوەی باسی "کێشە و ململانەکانی ڕۆشنبیرێک دەکا، کە جـاری یەکـەمـیـەتی ڕووبەڕووی ژیانی سـەختی هەکـاری لە باشـووری ڕۆهـەڵاتی ئەنـادۆڵدا دەبێت" gov.tr/REFERENCES/TURKISH-CINEMA-2001.htm.www.byegm

٤٣- بڕوانە راپۆرتەک لە زوددۆیچـە تسـایتـونگ ٢٠٠٢/١/٣١، ل١١، بـە ناونیـشـانی "Der Aufschrei der Sprachlosen".

٤٤- لایەنە گرینگەکانی تری چاکسازییەکان، بریتین لە هەڵگرتنی سزای لەداردان لـە کاتی ئاشـتیدا و، هەڵگرتنی ئەو کۆتانەی لەسـەر ئازادیی دەربڕین هـەبوون _ بڕوانە: ڕاپۆرتی کۆمیـسیـۆنی ئەوروپایی لەسەر هـەنگاوەکانی تورکیا لەپێناو بەئەندامبوون، برۆکسل، ٢٠٠٢/١٠/٩ (بەتایبەتی بڕگەی ١-٢) کە لـەم ناونیـشـانەدا دەست دەکـەوێ: http:// europa.eu.int/comm/enlargement/report 2002/tu_en.pdf هـەروەهـا وەرگـێـڕاوی ئینگلیـزیی تـەواوی دەقـەکـەش لە /tuerkischebotschaft. de/de/ archiv/2002 p0508022.htm.www//:http دەست دەکەوێ.

٤٥- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بێرنرووتەر (٢٠٠٢).

٤٦- لە چەندان شـوێندا، لە سـەرتاسـەری ئەڵمـانیا، کۆبوونەوە کران بۆ پشـتگیریی هـەڵمـەتی زیادکردنی وانەی تورکی لـە قـوتابخـانەکـانی ئەڵمـانیـا و، نوێنەرانی هـەردوو وڵاتیـان تێدا ئامـادەبوون. بۆ نموونە، کـۆبوونـەوەی قـوتابخـانـەی مـاکس تاو لـە کـێل، لە ٢ی ئاداری ٢٠٠١، وەزیری پەروەردە و زانست و تۆژینەوە و کولتووری هـەرێمی شلیزڤیگ-هۆلشتاین، خاتوو ئێردسیک-راف، ئامادەی بوو لەگەڵ بەڕێز

ئەریاڵچین کۆنسوڵی گشتیی تورکیا لە هامبۆرگ، ئامادەی بوون.

٤٧- چاکسازیی زمانی تورکی لە چەندان تۆژینەوەی زانستیدا خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە، وەک: هەید (١٩٥٤)، شتووەرڤالد (١٩٦٣)، لەڤەند (١٩٧٢)، هازای (١٩٧٤)، بازین (١٩٨٣)، برندمۆن (١٩٩٠)، هەیگ (١٩٩٦) و جی لویس (٢٠٠٢).

٤٨- لەگەڵ ئەوەشدا، پرسەکە بەو شێوەیە نییە کە هەموو کۆمێنتکەران دەیسەلمێنن، کە دەڵێن گشت لایەنەکانی چاکسازیی زمان و بەرهەمەکانی هەمیشە ئەوە نەبووە، کە چاکسازیکەران ویستوویانە _ بڕوانە: جی لویس (٢٠٠٢) بۆ تازەترین هەڵسەنگاندنی ئەم پرسانە. هەروەها، زۆرینەی زۆر کۆکن لەسەر ئەوەی کە چاکسازیی زمان سەرکەوتنی سەرتاسەریی بەدەست هێناوە.

سەرچاوەگەل:


Andrews, P (ed.) 1989 . Ethnic groups in the Republic of Turkey . Wiesbaden: Reichert.

Atatürk, M . K . 1981 . Aus Reden und Gesprächen . Heidelberg: Groos . [German translation of: Citations de Mustafa Kemal Atatürk, Réunies et traduites par kil Aksan . Publié par le Ministère des Affaires Etrangères de Turquie, á l_occasion du centenaire de la naissance de Mustafa Kemal Atatürk . Ankara, 1981].

Balci, C . 1994 . Die türkische Schulsprachenpolitik und die Lage kurdischer Kinder in den Schulen . Unpublished "Abschlu_arbeit" (Lehramt): Universität Bremen.

Barkey, H . J., Fuller, G . F . 1998 . Turkey_s Kurdish question . Boston: Rowman & Littlefield.

Ba_kaya, F . 1997 . Paradigman_n _flas_ . Resmi ideolojinin ele_tirine giri_ . Bat_l_la_ma, Ça_da_la_ma, Kalk_nma . Istanbul: Doz.

Bazin, L . 1983 . La réforme linguistique en Turquie . in: Fodor, I & . Hagège, C . (eds) . Language reform. History and future, Vol . 1 . Hamburg: Buske, 155-177.

Bernreuter, M . 2002 . Forderungspaket zu muttersprachlicher Erziehung in der Türkei . Nützliche Nachrichten . Dialog und Verständigung statt Gewalt und Zerstörung 2002/4: 4-5.

Be_ikçi, _ . 1991 . Türk Tarih Tezi, Güne_-Dil Teorisi ve Kürt sorunu . Bilim yöntemi Türkiye_deki uygulama . Ankara: Yurt . [first published 1978]

Boeschoten, H . 1991 . Aspects of language variation . in: Boeschoten, H., Verhoeven, L . (eds) . Turkish linguistics today . Leiden: Brill, 150-176.

Bokhorst-Heng, W . 1999 . Singapore_s Speak Mandarin Campaign: Language ideological debates in the imagining of the nation . in: Blommaert, J . (ed). Language ideological debates . Berlin: Mouton, 235-265.

Bonner, D . 2001 . Garifuna children_s language shame: Ethnic stereotypes, national affiliation, and transnational immigration as factors in language choice in southern Belize . Language in Society: 81-96.

Bozarslan, H . 1996 . Political crisis and the Kurdish issue in Turkey . in: Olson (ed), 135-153.

Brendemoen, B . 1990 . The Turkish language reform and language policy in Turkey . in: Hazai, G . (ed). Handbuch der türkischen Sprachwissenschaft, Teil 1. Wiesbaden: Harrassowitz, 454-493.

Breton, A . 1999 . The cultural yield on languages and linguistic assimilation . in: Breton, A . (ed) . Ex-

ploring the economics of language . Ottawa, Ontario: Canadian Heritage, 89-115.

Bruinessen, M . v . 1989 . Agha, Scheich und Staat . Politik und Gesellschaft Kurdistans . Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung.

Bruinessen, M . v . 1997 . Kurden zwischen ethnischer, religiöser und regionaler Identität . in: Borck, C., Savelsberg, E., Hajo, S. (eds) . Ethnizität, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan . Münster: Lit, 185-216.

Bulut, C . 1997 . Evliya Çelebis Reise von Bitlis nach Van . Ein Auszug aus dem Seyahatname . Wiesbaden: Harrassowitz.

Chyet, M . 2003 . Kurdish-English dictionary . Ferhanga Kurmancî-Inglîzî . New Haven: Yale University Press.

Ciment, J . 1996 . The Kurds . State and minority in Turkey, Iraq and Iran . New York: Facts on File.

Cooper, R . 1989 . Language planning and social change . Cambridge: Cambridge University Press.

Dabag, M . 1998 . Jungtürkische Visionen und der Völkermord an den Armeniern . in: Dabag, M & . Platt, K. (eds) . Genozid und die Moderne . Band 1. Strukturen kollektiver Gewalt im 20. Jahrhundert . Opladen: Leske/Budrich, 153-205.

Dorleijn, M . 1996 . The decay of ergativity in Kurmanci . Language internal or contact induced? Tilburg: Tilburg University Press.

Edwards, Mihi 1992. Mihipeka: early years . in: Ihimaera, Witi (ed) Te ao M_rama . Contemporary M_ori writing . Volume 1: Te whakahuatanga o te ao . Reflections of reality . Auckland: Reed, 62-79.

Geschichte der Türkischen Republik . 1935 . _stanbul: Devlet Matbaas_ . [official translation of the Turkish original, prepared by the Turkish History Society]

Gündüzkanat, K . 1997 . Die Rolle des Bildungswesens beim Demokratisierungsprozess in der Türkei unter besonderer Berücksichtigung der Dimli- (K_rmanc-, Zaza-) Ethnizität . Münster: Lit.

Gürbey, G . 2000 . Peaceful settlement of Turkey_s Kurdish conflict through autonomy? in: Ibrahim, F& . Gürbey, G. (eds) . The Kurdish conflict in Turkey . Obstacles and chances for peace and democracy. Münster: Lit, 151-158.

Haig, G . 1996 . Sprachkontakt und Sprachpurismus am Beispiel der türkisch-osmanischen Sprache . in: Harder, A & . Schmidt-Radefeldt, J . (eds) . Europäische Sprachen im Kontakt . Rostock: Universität Rostock, 59-89.

Haig, G . 2003 . Sprachenvielfalt und Sprachenpolitik am Rande Europas: die Minderheitensprachen der Türkei . in: Metzing, D . (ed). Sprachen in Europa . Sprachpolitik, Sprachkontakt, Sprachkultur, Sprachentwicklung, Sprachtypologie . Bielefeld [Bielefelder Schriften zu Linguistik und Literaturwissenschaft]: Aisthesis, 167-186.

Haig, G., Matras, Y . 2002 . Kurdish linguistics: a brief overview . Sprachtypologie und Universalienforschung /Language typology and universals 55(1): 3-14.

Hamers, J., Blanc, M . 2000 . Bilinguality and bilingualismus . Cambridge: Cambridge University Press. (Second, revised Edition)

Hassanpour, A., Skutnabb-Kangas, T & . Chyet, M . 1996 . The non-education of Kurds . International Review of Education . Special edition: The education of minorities:. 379 - 367 [edited by Normand Labrie

and Stacy Churchill].

Hatibo_lu, V . 1986" . Ba_kan"a yanl__ denmi_ti . in: Özel, S . et al . Atatürk_ün Türk Dil Kurumu ve sonras_ . _stanbul: Bilgi Yay_nevi, 9-22.

Haugen, E . 1983 . The implementation of corpus planning . Theory and practice . in: Cobarrubias, J& . Fishman, J . (eds) . Progress in language planning . The Hague: Mouton, 269-289.

Havrest, L . 1998 . Sprachpolitik, Sprachenrecht und Sprachplanung im geteilten Kurdenland . Wien: Passagen.

Hazai, G . 1974 . Linguistics and language issues in Turkey . in: Fishman, J . (eds) . Advances in language planning . The Hague: Mouton, 127-161.

Héraud, G . 1963 . L_Europe des Ethnies . Paris: Presses d_Europe . [2. Edition]

Heyd, U . 1954 . Language reform in Modern Turkey . Jerusalem: Israel Oriental Society.

Hinton, L . 1994 . Flutes of fire . Essays on Californian Indian languages . San Bernardino: Borgo.

Hinton, L . 2001 . Language revitalisation: An overview . in: Hinton, L & . Hale, K . (eds) . 2001 . The green book of language revitalization in practice . New York: Academic, 3-18.

Jastrow, O . 1994 . Der neuaramäische Dialekt von Mlahsô . Wiesbaden: Harrassowitz.

Jongerden, J . 2001 . Resettlement and the reconstruction of identity: The case of the Kurds in Turkey. The Global Review of Ethnopolitics 1(1): 80-86.

Kiri_çi, K., Winrow, G . 1998 . The Kurdish question and Turkey . An example of a trans-state ethnic conflict . London/Portland, Oregon: Frank Cass.

Konstantinov, Y . 1992 . Minority name studies in the Balkans: the Pomaks . Folia Linguistica 26(3-4): 403-433.

Kutscher, S., Genç, N . S . 1998 . Arde_en narrates - Ardes_eni na isinapinenpe . A collection of Laz spoken texts with glosses and translations into English, German, Turkish . München: Lincom.

Levend, A . 1972 . Türk Dilinde geli_me ve sadele_me evreleri . 1972 . Ankara: Ankara Üniversitesi Bas_mevi . [TDK YayInlarI 347]

Lewis, B . 2002 . The emergence of modern Turkey . Oxford: Oxford University Press [3rd . edition].

Lewis, G . 2002 . The Turkish language reform . A catastrophic success . Oxford: Oxford University Press.

Magga, O . H . 1995 . The Sámi language act . in: Skutnabb-Kangas & Phillipson, R (eds)., 219-233.

Miller, H., Miller, K . 1996 . Language policy and identity: the case of Catalonia . International Studies in the Sociology of Education, 6: 113-128.

Muller, M . 1996 . Nationalism and the rule of law in Turkey: The elimination of Kurdish representation during the 1990_s . in: Olson (ed) , 173-199.

Nigosian, A . 1996 . Turkey_s Kurdish problem in the 1990_s: Recent trends . in: Olson (ed)., 38-49.

Olson, R . 1995 . The Sheikh Said rebellion: Its impact on the development of the Turkish air force . The Journal of Kurdish Studies 1: 77-83.

Olson, R . (ed) . 1996 . The Kurdish nationalist movement in the 1990_s . Its impact on Turkey and the Middle East . Kentucky: University Press of Kentucky.

Oran, B . 2000 . Linguistic minority rights in Turkey, the Kurds and globalization . in: Ibrahim, F& .

Gürbey, G .(eds) .The Kurdish conflict in Turkey .Obstacles and chances for peace and democracy. Münster: Lit, 151-158.

Rumpf, C .1985 .Das türkische Sprachenverbotsgesetz (SprVG) .Informationsbrief Ausländerrecht: 251-256.

Rumpf, C .1993 .Minderheiten in der Türkei und die Frage nach ihrem rechtlichen Schutz .Zeitschrift für Türkeistudien 6(2): 173-209.

Rumpf, C .2000 .Ehre und Würde - was die türkische Rechtsordnung davon hält .in: Türkei- Programm der Körber-Stiftung (ed) .Ehre und Würde - _eref ve onur .Deutsch/Türkisches Symposium 1999. Hamburg: Körber-Stiftung, 161-175.

_ahin, M., Kaufeldt, R .2002 .Daten und Fakten zu Kurden und Kurdistan .Eine Chronologie .Köln: Pro Humanitate.

Selcan, Z .1998 .Grammatik der Zaza-Sprache: Nord-Dialekt (Dersim-Dialekt) .Berlin: Wissenschaft und Technik.

Skutnabb-Kangas, T .2000 .Linguistic genocide in education, or worldwide diversity and human rights? Mahwah, New Jersey: Erlbaum.

Skutnabb-Kangas, T., Bucak, S .1995 .Killing a mother tongue - how the Kurds are deprived of linguistic human rights .in: Skutnabb-Kangas & Phillipson (eds), 347-370.

Skutnabb-Kangas, T., Phillipson, R (eds) .1995 .Linguistic human rights: Overcoming linguistic discrimination .Berlin: Mouton.

Smolicz, J .J .1995 .Australia_s language policies and minority rights: a core value perspective .In: Skutnabb-Kangas & Phillipson (eds)., 235-252.

Steinbach, U .1996. Die Türkei im 20. Jahrhundert. Schwieriger Partner Europas. Bergisch Gladbach: Lübbe.

Steuerwald, K .1963 .Untersuchungen zur türkischen Sprache der Gegenwart, Teil I .Die Sprachpolitik seit 1928. Berlin: Langenscheidt.

Thomas, G .1991 .Linguistic purism .London: Longman.

White, P .2000 .Primitive rebels or revolutionary modernizers? The Kurdish national movement in Turkey .London: Zed.

Ya_mur, K .2001 .Languages in Turkey .in: Extra, G & .Gorter, D .(eds ).The other languages of Europe .Demographic, sociolinguistic and educational perspectives .Clevedon: Multilingual Matters, 407-427.

Ye_en, M1999.a .Devlet söyleminde Kürt sorunu ._stanbul: Ileti_im.

Ye_en, M .1999 b .The Kurdish question in Turkish state discourse .Journal of Contemporary History 34(4): 555-568.

Yonan, G .1978 .Assyrer heute .Kultur, Sprache, Nationalbewegung der aramäisch sprechenden Christen im Nahen Osten .Hamburg: Gesellschaft für Bedrohte Völker.

Zentrum für Türkeistudien (ed.) 1998 .Das ethnische und religiöse Mosaik der Türkei und seine Reflexionen auf Deutschland .Münster: Lit.

Zuercher, E .1993 .Turkey: a modern history .London: Tauris.

# پرسی کورد
# کێشەگەلی کەمینە نەتەوەییەکان

دوکتۆر شوکری محەمەد سەگبان

## پۆرترێتێکی شکاو:
## سەرچڵێک لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی دوکتۆر محەمەد (شوکری سەگبان)ەوە
## (١٨٨١-١٩٦٠)

محەمەد شوکری سەگبان بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان لە ساڵی١٨٨١[١] لە پاقرمادەنی سەر بە دیاربەکر لە دایک بووە. کۆلیجی پزیشکی لە پاریس، بەرلین و ڤیەننا تەواو دەکات. لە کۆلیجی پزیشکی ئەستەمبوڵ مامۆستا بووە و هاوکات سەرۆکی کۆمەڵەی نەخۆشییەکانی پێست و فەرەنگی بووە. لەبارەی قۆناغی ژیانی سیاسیی سەگبانەوە بەر لە مەشرووتە ١٩٠٨ هیچ سەرەداوێکی وامان لە بەردەستدا نییە. بەگوێرەی کتێبی (پرسی کورد)ەکەی خۆی بێت دەبێ لە ساڵی ١٨٩٦ تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووبێت یان هەر هیچ نەبێت لەو ساڵەوە هەستی بەشداریکردنی ژیانی سیاسیی تێدا ڕوابێت. بەداخەوە ئێمە هیچ سەرەداوێکی وامان لە بەردەستدا نییە تا بزانین ئاخۆ لەم ساڵانەدا کە هێشتا هیچ ڕێکخراوێکی کوردی بوونی نەبووە، ئاخۆ لەو ساڵانەدا تاوەکو مەشرووتەی ١٩٠٨ کە دەکاتە نزیکەی (١٢) ساڵ لە کام کایەی سیاسیی کاری کردووە.

شوکری بەگوێرەی نووسینی خۆی بێت دەبێت یەکێک بووبێ لە سیاسییە وتاربێژە چاکەکان، بۆیە دەبینین لە کاتی دامەزراندنی جەمعیەتی کورد تەعاون و تەرەققیی کە لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ دامەزراوە، لە هەڵبژاردنی بیرۆی بەڕێوەبەرایەتی جەمعیەتدا دوای نەعیم بەگی بابان زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەماڵەیەکی ناسراو و دەستڕۆیشتوو نەبووە و

.........................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

تەنیا وەک خۆی گوتەنی" سۆزی گەرمایی ڕۆحم دڵی ئەوانەی گەرم دەکردەوە کە هەر نەشیان دەناسیم". شوکری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هیڤیا قوتابییانی کورد لە ئەستەمبۆڵ کە لە دوادواییەکەی تەمووزی ١٩١٢ دامەزرا وەکو پزیشکێکی نیشتمانپەروەر لە ئەستەمبۆڵ یارمەتی و کۆمەکی مادی و مەعنەویی ئەم کۆمەڵەیە دەکات تەنانەت لەسەر ئەرکی خۆی ژوورێکی بۆ بارەگای کۆمەڵەی هێڤی بەکرێ گرتووە. دواتر هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی هەموو چالاکییەکی سیاسیی کوردی دەوەستێنێ و بەهەموو پێوانەیەک بێت دەبێ ئەم ساڵانە هەر لە ئەستەمبۆڵ یان لە تورکیا نەچووبێتە دەرەوە.

قۆناغی دووەمی ژیانی سیاسیی سەگبان لە دوای ئاگربەسی مۆدرۆس دەست پێدەکات وەختایەک لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبۆڵ (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) دادەمەزرێ، سەگبان یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە. ئەم ڕێکخراوە هەر لە دوای دامەزراندنییەوە لەناو خۆیدا دوو باڵی ناکۆکی تێدا ڕوا بوو: باڵی سەربەخۆخواز (بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بەشێکی زۆری ڕووناکبیرەکان) و باڵی کۆنسێرڤاتۆر (بنەماڵەی شەمدینانی). نیسانی ١٩٢٠ جەمعیەتی تەعالی کوردستان کەمتر لە دوو ساڵ دوای دامەزراندنی دوو کەرت بوو و باڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بەشێکی بەرچاوی ڕوناکبیرانی کورد لە جەمعیەتی تەعالیی کوردستان جیا بوونەوە و کۆمەڵەیەکی نوێیان بەناوی (جەمعیەتی ئیجتیماعی کورد) دروست کرد و باڵی سەید عەبدولقادر شەمزینانی بەناوی (کۆمەڵەی کورد و کوردستان) درێژەیان بە کاری سیاسیی خۆیان دا. دوکتۆر شوکری سەگبان لەم دوو کەرتبوونەدا وەکو زۆربەی ڕوناکبیرەکانی ئەوسا، وەک: مەمدوح سەلیم، د. عەبدوڵلا جەودەت، نەجمەدین حوسێن و زۆری تر بەگەڵ کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد کەوت. لەگەڵ کۆتاییی ساڵی ١٩٢٢، دوای ئەوەی هێزەکانی موستەفا کەمال ئەستەمبۆڵ دەگرنەوە هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردی و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان لە ئەستەمبۆڵ هەڵدێن، شوکری یەکێک لەوانە بوو کە وڵاتیان جێ هێشتووە و شیمانەی زۆر ئەوەیە لە دوادواییەکەی ساڵی ١٩٢٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ گەیشتبێتە قاهیرە و لەوێ لە قاهیرە نامیلکەی (کوردەکان چییان لە تورکەکان دەوێ؟) بەتورکی عوسمانلی بڵاو دەکاتەوە. دواتر دەگەڕێتەوە بەغدا و تاوەکو حوزەیرانی ١٩٢٧ هەر لە بەغدا دەمێنێتەوە و دواتر سەفەری پاریس دەکات و سەری بەرلین و برۆکسێل و لەندەن دەدات. لە پاریس پێوەندی لەگەڵ نوێنەرانی ڕووسەکان دەگرێ و داوای یارمەتییان لێ دەکات بۆ شۆڕشی کورد. لە ئەورووپا ڕاستەوخۆ دەچێتە بەیرووت بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی خۆیبوون کە لە ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ لە لبنان بەسترا و وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی خۆیبوون ناوی هاتووە[٢]. دوای کۆنگرە دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و بەگوێرەی سەرچاوە شۆفارییەکانی حکوومەتی فەرەنسا کە لەبارەی ناوی ئەندام و لقەکانی خۆیبوون بۆ زانیاریی خۆیان کۆیان کردووەتەوە، سەگبان دوای دامەزراندنی خۆیبوون لە بەغدا وەکو سەرۆکی لقی خۆیبوون لە بەغدا ناوی

هاتووه[٣]. دواتر دوای تێکشکانی شۆڕشی ئارارات لە ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ کە خۆیبوون سەرکردایەتیی دەکرد بە یەکجاری ورەی دەڕوخێ و ئیدی هیچ باوەڕێکی بە سەرکەوتنی شۆڕشی کورد نامێنێت. سەری پاریس دەدات و لە پاریس لە چاپکراوەکانی چاپەمەنیی زانکۆی فرەنسی بە زمانی فرەنسی نامیلکەی (پرسی کورد: کێشەگەلی کەمینە نەتەوەییەکان) ئەم کتێبەی کە لێرەدا کراوە بە کوردی بە فرەنسی بڵاو دەکاتەوە. سەگبان لەم کتێبەدا خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر مێژووی ٣٧ ساڵەی خەباتی کوردایەتیی خۆی دادەهێنێ و زۆر بەداخەوە لەم کتێبەدا بەمەبەستی تایبەتیی خۆی هەر تەنیا بۆ ئەوەی تورکەکان ڕێگەی گەڕانەوەی بدەن بۆ تورکیا نەک هەر بەنووسین خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەر هەموو مێژووی خۆیدا هێنا بگرە زیاد لەوە زۆربەی ڕاستییە مێژووییەکانیشی ئاوەژوو کردووەتەوە هەر تەنیا بۆ ئەوەی کەمالیستەکان بیبەخشن و بگەڕێتەوە تورکیا.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە بە فرەنسی، هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی کاروانی کوردایەتی زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم نامیلکەیەیان دایەوە. یەکێک لەوانە ڕەفیق حیلمی بوو (١٨٩٨-١٩٦٠) کە زوو ساڵی ١٩٣٥بە نامیلکەیەک بە زمانی تورکی بەناوی (کورد مسئلەسی صفحاتن- لە لاپەڕەکانی پرسی کورد-ەوە)[٤] وەڵامی دایەوە و زۆر بەتوندی هێرشی کردە سەر و ڕەخنەی لەم کارە گرت. بەهەمان شێوە، مەمدوح سەلیم (١٨٨٠-١٩٧٦)یش لە نامەیەکدا کە ساڵی ١٩٣٤ لە ئەنتاکیاوە بۆ جەلادەت بەدرخانی ناردووە زۆر بەتوندی دژی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبۆلکەیە دەوەستێ: " ئەو کتێبۆلکەیەم کە شوکری سەگبان لە فرنسای لە چاپ داوە، بەدەست کەوت، دیارە دەبێ بەدەست ئێوەش گەیشتبێ. دوکتۆر ئەم کتێبەی هەروا لە قەیرانێکدا، لە پڕ، یا وردە وردە، هەرچییەک بێ، ناشێ بەتەواوی هۆش و ئاوەزییەوە نووسیبێ و بڵاوی کردبێتەوە. دوکتۆر دەڵێ لە سیاسەت و سیاسەتکاری دەکشێمەوە.، بەڵام ئەمە کشانەوە نییە، خۆکوژییە. بریا لەتاو دەردەست نەکردنی ئەم مەبەستەی کە تا ئێستا لە دووی هەڵوەدابوو و ئەم سەر و ئەوسەری بۆ دەکرد، خۆی کوشتبا.. ئەمن نازانم ئاخۆ تێ سرەواندنێکی ئەوها گوورچکبڕ لە سیاسەتی نەتەوەکەیدا نازانم پێویست بوو؟! ئەمە جۆرە سادەلەوحییەکە، لە خۆو لە برادەرانی هاوسەنگەر بەدەست دوژمنەوەدان بەولاوە دەبێ چی تر بێ؟ خولاسە کارەکە شتێکی تا بێژی دزێو و قێزەونە، پێویستە بیر لە چارەسەرێک بۆ غایەنەتییە یەک لە دوو یەک و تەوس و ئابرووبەرەکانی بکرێتەوە"[٥].

دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (پرسی کورد) لە فرەنسا بە فرەنسی، دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و لە خولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٧ی شوباتی ١٩٣٧-٢٦ ی ئابی ١٩٣٧) وەکو نوێنەری لیوای هەولێر[٦] هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٣٩ لە سایەی نووسینی ئەم کتێبەوە سوود لە بەخشینی (١٥٠)یەکان وەردەگرێ و تورکەکان ڕێگەی پێ دەدەن بگەڕێتەوە بۆ تورکیا و تا ساڵی ١٩٦٠ لە تورکیا دەمێنێتەوە و دواجار لە ئەستەمبۆڵ بەیەکجاری ژیانئاوایی دەکات.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١–نامیلکەی کورد چییان لە تورک دەوێ، قاهیرە، ١٩٢٣، (٢٣ لاپەرە).

٢– زنجیرە وتاری (یکی اسلام عالمندە ملیت جریانلری) بە زمانی تورکی عوسمانلی، گۆواری (دیاری کوردستان)، بەغدا، ١٩٢٥، ژ: ٣، ب:١، لا: ٢٢–٢٣.، ژ: ٥، ب:٢، لا: ٢٢–٢٣.، ژ ٦، ب:٣، لا: ٢٢–٢٣.، ژ: ٧، ب: ٤، لا: ٣٧–٣٨.، ژ: ٨، ب:٥، لا: ١٧–١٨.، ژ: ١٠، ب:٦ لا: ٢٥.، ژ:١١–١٢، ب: ٧، لا: ٣٠–٣١.، ژ١٣–١٤، ب:٨، لا: ٣٤–٣٦.، ژ١٥، ب:٩، لا:١٩–٢١.، ژ: ١٦، ب:١٠، لا: ١٩–٢١.

3- La question kurde: des problèmes des minorités, Paris: Les Presses Universitaires de France, 1933, (41p) 7

-4 _lk devirlerinde frenginin Pyréto-chimio-thérapie ile tedavisi = le traitement de la syphilis primo-serondaire par la pyréto-chimiothérapie, _stanbul, 1943, (7p).

5- Trombositlerin te_ekkülü hakk_nda = A propos de la formation des trombocytes, Türk T_p Cemiyeti Mecmuas_, cilt 10 no.12-1943_den ayr_ bask_, [_stanbul : yayl.y.], 1943, (8p).

6- A propos de la suppression totale de la blennorragie et de la syphilis par la thérapeutique moderne", Modern tedaviyle belso_uklu_u ve frenginin ortadan büsbütün, kald_r_lmas_na dair, Dokuzuncu Millî Türk T_p Kongresine serbest tebli_, _stanbul, 1946, (7p).


A Son Excellence
le Général Cherif Pacha
En souvenir ému
d'une amitié affectueuse
sans bornes avec
l'hommage de mon
profond respect
Bagdad, le 21 février
Prof. D. S. Sekban

دەستخەتی نووسەر لە پێشکەشکردنی کتێبەکەی بە فرەنسی بۆ شەریف پاشا



دوکتۆر شوکری محەمەد سەگبان


Dr. CHUKRU MEHMED SEKBAN

LA QUESTION KURDE

*DES PROBLÈMES DES MINORITES*

LES PRESSES UNIVERSITAIRES DE FRANCE
*49, Boulevard Saint-Michel, 49*
PARIS

بەرگی ناوەوەی کتێبەکە بە فرەنسی
١٩٣٣


*DES PROBLÈMES DES MINORITÉS*

L'un des facteurs principaux de la crise universelle que le monde entier traverse depuis la fin de la guerre mondiale est, sans nul doute, le souci et l'embarras qu'entretiennent les minorités reconnues dans différents pays. Or, ce qui contribue à apporter une solution satisfaisante à la totalité, ou en partie, de la question des minorités aurait, bien naturellement, une répercussion favorable dans les relations internationales, par conséquent sur la crise même.

Connaissant à peu près les divers aspects de la question kurde, je voudrais m'appliquer à en chercher la solution la plus rationnelle.

لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە بە زمانی فرەنسی

## کێشەگەلی کەمینە نەتەوەییەکان

یەکێک لەو فاکتۆرە سەرەکییانەی ئەو تەنگژە جیهانییەی کە لەوەتەی کۆتایی جەنگی جیهانییەوە سەرلەبەری جیهانی پێدا دەڕوات، بێگومان ئەو نیگەرانی و سەرگەردانییەیە کە بەرەو ڕووی کەمینە نەتەوایەتییەکان دەبێتەوە کە لە چەندان وڵاتی جیا جیادا دانیان پێدا نراوە. جا ئەوەی کە هاریکار دەبێ لەوەی چارەسەرێکی ڕازیکارانە بۆ تەواوی یان بەشێکی کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان بدۆزێتەوە بێگومان ئەنجامی قبووڵکراوی دەبێ لەسەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە ئەنجامیشدا بۆ سەر تەنگژەکە خۆیشی.

بەو پێیەی کە لە نزیکەوە لە چەندان لایەنی هەمەچەشنەی کێشەی کورد ئاگادارم، دەمەوێ هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی چارەسەرێکی لە هەمووان عەقلانیتری بۆ بدۆزمەوە. بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی تەواومان ببێ و دواتر حوکمێکی ڕەوا لەسەر ئەوە بدەین کە پێشکێشی دەکەم، پێم وایە دەبێ سەرەتا دەست بکرێ بەوەی شیکردنەوەیەکی کورتە باسێکی مێژوویی گەلی کورد باس بکرێ.

لێکۆڵینەوە نوێیەکان و دواین دۆزینەوە ئارکیۆلۆجییەکان ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە کورد لەوەتەی ٥٠٠٠ ساڵ دەبێ لەو دەرو ناوچانە ژیاون کە ئێمە ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی بە کوردستان ناوی ببەین. ڕاستییەکەی بەگوێرەی پرۆفیسۆر سپایسەر*، ئەنجامی هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆجییەکانی زەهاو کە لە نزیک سلێمانی لە عێراقدا دۆزراونەتەوە و هی پاشای لۆلووەکانە

بە ناوی ئانوو-بانیی، هەبوونی کوردانی "گۆتی" لەم ناوچەیە لە ساڵەکانی ١٨٠٠-١٩٠٠ ی پێش زاین دەسەلمێنێ.

دوو بەردی تری سەرەتای سۆمەری کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بیست سەدە پێش زاین، دووپاتی بوونی کورد "کارداکا"** دەکەنەوە لە کوردستانی ئێستەدا[8]. لەسەر بەردێکی تری ئارکیۆلۆجی کە لەلایەن مێجەر س.ژ. ئەدمۆندز لە دۆڵی دەربەندی گاور***، لە نزیک قەرەداغ (سلێمانی) دۆزراوەتەوە، وردەکاریی جەنگی لۆلووەکان (شانشینی کوردان) دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەکەدییەکان لەژێر سەرکردایەتیی نەرامسینی پاشای ئەکەدییەکان، جێگرەوەی سەرگۆن پاشای بەناوبانگ، لە ٢٨٠٠ ساڵ پێش زاین تۆمار کراون[9].

لە ماوەی نێوان دەورانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لەو دەر و ناوچانەی ئێستەیاندا و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن میدییەکان، نزیکەی ماوەی دوو هەزار ساڵ لەگەڵ ئاشوورییەکاندا لە شەڕدا بوون. میدییەکان ئەو گەلە ئارییەی کە لە باشوور-ڕۆهەڵاتی زەریای خەزەر پەڕیوسە بوون لە (سەدەی نۆیەم - سەدەی دەیەمی پێش زاین) هاتوون کوردستانیان داگیر کردووە و ئیمپراتۆریایەکیان دروست کردووە کە ناوەندەکەی کوردستان بووە. مادەکان لە دەورانی دەسەڵاتداریی خۆیاندا هەمیشە لە جەنگێکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ ئاشوورییەکان. دواجار چۆکیان بە ئاشوورییەکان دادا و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بە وڵاتی مێدیایان وەلکاند.

دواتر، میدییەکان لە ساڵی ٥٥٦ی پێش زاین لەلایەن فارسەکان داگیرکران، کورد بەوەی، وەکو هاوبەش یا وەکو بەکرێگرتە لە ڕیزی سوپای فارس ئالیکاریان کردووە بڕێک سەربەخۆییی خۆیان پاراستووە و بەشداریشیان لە گەورەکردنی ئیمپراتۆریای فارسدا کردووە. پێکەوە ژیانی کورد و فارس تاوەکو ڕووخانی ئیمپراتۆریای فارسی لە ساڵی ٦٥٢ بەردەوام بوو. بوونی کورد لە کوردستان بەر لە هێرشی میدییەکان لە ڕێگەی ئەو بەردە ئارکیۆلۆجیانە سەلمێنراوە کە ڕوناکییەکی تەواو دەخەنە سەر بنچینەی گەلی کورد.

ڕاستییەکەی، کوردەکان بەر لە دامەزراندنی شانشینی ماد کە کورد پێی وایە نەوەی میدییەکانن ئاگاداری سەروکاری مێژووی خۆیان نین. وەک چۆن ئەوەی میدییەکان ئاری بوون، کوردەکانیش خۆیان بە ئاری دادەنێن. باوەڕی میللی بەوەی گەلی کورد لە بنچینەی ئاری بن، هەروەها بڕێک لە زانا ئەوروپی و ئەمەریکاییەکانیش بیروڕای جیاوازیان هەیە کە نایانەوێ تەنیا لەو نوختە خاڵەوە لە مێژووی گەلی کورد بکۆڵنەوە.

بەڵام بەدەر لەو سەرگوزشتە مێژووییانەی کە جێنشینبوونی گەلی کورد لە هەرێمی ئێستەیاندا دەگێڕنەوە بۆ زیاتر لە ٢٢٠٠ ساڵ پێش گەیشتنی میدییەکان بۆ وڵاتەکەیان، بەڵگەنامە ئارکیۆلۆجییەکان ئەوە دەسەلمێنن کەوا میدییەکان بەپێچەوانەی باوەڕی هەڵەی کوردەکانەوە،

حاکمرانی ئەوان نەبوون، بەڵکو تەنیا چەند غەوارەیەک بوون کە لە سۆنگەی ڕێکخراوە نایابەکانیان، ئەوان ئەو کوردانەیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ئیمپراتۆریای مادیان دامەزراندووە کە لەلایەن کوردەکانیشەوە پشتگیری کراون. ئێستە دەزانین کە میدییەکان تەواو ۱۸۰۰ ساڵ دوای ئەوەی کە کوردەکان جێنشین بوون هاتوون.

کە وابوو، لەبەر ڕوناکی ئەم ڕاستییە تەواو زانستییانەدا، کوردەکان بەهیچ شێوەیەک ئاری نین و بەهەمان شێوە سامی یش نین. کوردەکان بەگوێرەی بانگەشەی برێک لە زانا ئەڵمانەکان لە بنچینەی تۆرانین. ڕاستییەکەی، ئەگەر نیازمان بێ لە نەخشەی جوگرافیی ئێستە بکۆڵینەوە دەتوانین لەسەر ئەو نەخشەیە بە ئاسانی بەشوێن ڕێچکەی پەرت و بڵاوی گەلی کورد لەناو ئاسیادا بچین، بە ئاسانی دەتوانین بگەینە ڕاستی و دروستی ڕاست ڕوانینی نووسەرە ئەڵمانەکان.

نەخشەی هەرە نوێ و لە هەمووان بەدەستاوێژتر ئەوەی نووسەری خولاسەیەکی مێژووی کورد و کوردستانە و یەکەم بەرگی ساڵی ۱۹۳۱ بڵاو کرایەوە.

بە بەدواداچوونی دابەشبوونی کورد لەسەر ئەم نەخشەیە، تێبینیی ئەوە دەکرێ کە کوردەکان لە ئاسیای ناوەڕاست، لە دەوروبەری پێدەشتی قەرەقووم بە دوو ئاڕاستەوە دەرچوون. لە لایەک، بەرەو باشوور هاتوون و ئەفغانستانیان بڕیوە و لەوێدا گرووپێکیان لەژێر شێوەی کۆمەڵە ماڵێک لە نزیک هیرات بەجێ سەهێشتووە، پاشان لە نزیک بلوچستان ژمارەیەکی هەرە گەورەیان لە دەوروبەری خەلات بەجێ هێشتووە. پاشان ئەم ڕەتلە بەرەو ڕۆئاوا، بە کەناری زەریای عومان داچوون و بۆ خۆیان لە بەندەر عەباس جێگیر بوون. گرووپێکی چکۆڵە لێیان جیا بوونەوە و لە نزیک کرمان نیشتەجێ بوون.

ئەوانەی کە لە سەروبەندی دەرچوونیان بە ئاراستەی ڕۆئاوا دەرچوون، ئاپۆرەی باکووری ئێرانی ئێستەیان دا بە شێوەی چەند ماڵیی هۆزە کوردییەکان لە نزیک مەشهەد لە نێوان تەهران و زەریای خەزەردا بەناو سەرووی ئەو چیایانەدا چوون کە بە کەناری زەریای خەزەرەوەن، تاوەکو سنووری باشوور-ڕۆئاوای قەوقاز. لەوێوە لە لایەکەوە بە دەستەجەمعییەکی هاوڕەگەز هەڵکشان و هەمیشە زنجیرە چیایەکانی ڕۆئاوای ئێران یان وەکو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان وەرگرتبوو تا گەیشتنە بەندەر شەهر لە کەنداوی فارس، لە کاتێکدا بەشەکەی تریان، ئەو گەلانەی کە لە دەر و ناوچەکانی کوردستان جێگیر بوون بۆ هەمیشەیی لەناوچە چیاییەکانی ئەدەنە و دەروبەری ئەنقەرەدا جێگیر بوون.

وادیارە کوردەکان لە سۆنگەی شیمانەیەکی زۆرەوە لەبەر خراپی ڕەوشی ئاو وهەوا نەیانتوانیوە لە ئاسیای ناوەڕاستدا بژین و دەستیان کردووە بەوەی بە ئاڕاستەی زنجیرە چیایەکاندا بڕۆن بۆ خۆپاراستنیان لەدەست پەلاماری ئاسانی گەلانی تر و چوونە ئەو دەر و ناوچانەیان هەڵبژاردووە

کە ئێمە وا لەم کتێبەدا نەخشەکەی دیاری دەکەین.

گومانی تێدا نییە کە شاڵاوە هەمەچەشن و زۆر و زەوەندەکان، دەست بەسەرداگرتنی کورد بەسەر گەلانی تر و دەست بەسەرداگرتنی گەلانی تر بەسەر کورد، قاتوقڕی، نەخۆشی پەتا بەقووڵی ڕەوشی ڕەسەنایەتیی جوگرافی ئەم گەلەیان گۆڕیوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هیچ هێرشێک کوردەکانی لە شوێنی خۆیان هەڵنەقەلاندووە.

هەروەها ئەوە جێگەی ئیشارەت پێدانە کە بەتەواوی نازانین لە چ دەورانێکی مێژوودا، بەشێک لە تورکەکان پەڕیوەی ئاسیای ناوەڕاست بوون کە، لانکەی هاوبەشی ئەم دوو گەلەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تاوەکو سنووری لیدی****.

بوونی تورکەکان لە ئەنادۆلی ناوەڕاستی ئەمڕۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە هەرە دوورەکانی مێژوو و شیمانەی بنچینەی تورانی بوونی کوردەکان دیار دەکات. لەوانەشە، هۆکاری هاوشێوە کۆچی ئەم دوو گەلە ئامۆزایەیان تاوەکو دواین شوێنی نیشتەجێی ئێستەیان دیاری کردبێ.

لە ڕوانگەی ئانترۆپۆلۆجییەوە، سەختە جیاوازی لە نێوان تورکی پاک، ناسراو بە تورکمان و کورد بکرێ.

من بەر لە دەساڵ دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت لە عێراقدا لەم پرسە بکۆڵمەوە. من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە هیچ نیشانەیەکی جەستەییم بەدی نەکرد بۆ ئەوەی بتوانرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە. ئەوە گومانی تێدا نییە کەوا ژیانی چیایی کوردەکان وای کردووە کە سروشتیان کەمێک وشک و ڕەق بێت.

هەرچی تایبەتە بەزمانی کوردی، نازانم تا چ ڕادەیەک لەگەڵ زمانی تورکیدا هاوبەشە، بەڵام خزمایەتیی لەگەڵ زمانی فارسیدا ئاشکرایە. بەهەر حاڵ ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە ئەم دوانەی دوایی، بەقەد ئەوەی کە برێک لێکچوونیان هەیە، وێڕای ئەوەش کە هەر یەکیان زمانێکی سەربەخۆن. ئەوە گومانی تێدا نییە کەوا زمانی کوردی زمانێکی هیندۆ-ئەوروپییە. باوەڕکردوو بە نووسەرانی خاوەن متمانە لەبارەی ئەم باسەوە، لەو باوەڕەدان کە، میدییەکان، گەلی ئاری، لە کاتی حاکمیەتی خۆیان لە کوردستاندا، زمانی خۆیان هێناوە و لەگەڵ زمانی ڕەسەنی گەلی کورد تێکەڵیان کردووە. ئەوە لێرەوەیە کە خزمایەتیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسیدا سەرچاوەی گرتووە.

لەو کاتەوەی کە زانایانی کورد، تورک و فارس دەستپێشخەری ئەوەیان کردووە لێکۆڵینەوەی دروست لەسەر مێژووی خۆیان بکەن، زانا بێگانەکانیان سەراسیمە کردووە بۆ ئەوەی کەمێک زیاتر خۆیان بە لێکۆڵینەوەی ئیتنۆگرافی گەلانی ئاسیایی سەرقاڵ بکەن. لە لایەکەوە، ئەو هەڵکۆڵینانەی دەستیان دراوەتێ و ئەو پرۆژانەی لەم شوێنانە کراون بەم زووانە چاکتر ئەو خاڵانە ڕوناک دەکەنەوە کە هێشتا لە تاریکیدا ماونەتەوە. کێ دەزانێ چ موژدەیەکی ئارکیۆلۆجی لە

ئاستانەی جیهانێک کە لەژێر پێیەکانماندا شاردراونەتەوە بۆمان لە بۆسەدایە.

سەرگوزشتەی مێژووی گەلی کورد لە نێوان ڕوخانی ئیمپراتۆریای فارس ساڵی ٦٥٢ و پێوەلکانی کوردستان ساڵی ١٥١٤ بە نێوانگیری زانا ئیدریسی بەتلیسی بە ئیمپراتۆریای عوسمانی هاریکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتنی ئەو تێزەی کە ئێمە لێرەدا دەیخەینە بەرچاو.

ئەم پیاوە زانایە زیرەکە بە ئاگابوو لە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتە کوردییەکان و ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییەی کە کەوتبووە نێوان سەرۆکی حکوومەتەکان و ئەو ڕەوشە کارەستبارەی کە لە سۆنگەی فراوانخوازی و هەژموونی سەفەوییەکان و دەستێوەردانیان لە کاروباری حکوومەتە کوردییەکان خراپتر شلۆقاو و ناجێگیر بوو بوو، دەیەویست ڕزگاریان بکات. بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەمانە، ئەو وای پێ باش بوو کە هەموو کوردستان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بلکێنێ کە بە تۆکمەیی ڕێکخراوە ناوەخۆییەکانی، سوپا هەمیشە سەرکەوتووەکەی و لە سەرووی هەموو ئەمانەش بە شارستانی مکومی هەموو جیهانی بۆ خۆی سەراسیمە کردبوو.

سوڵتان سەلیم (یاوز) پێشنیازی ئیدریس بدلیسی هاوڕێکەی قبووڵ کرد. ئەوە بەم شێوەیە بوو کە دەورانی ئاشتی، ئاسایش و مەزنیی یەکەتیی کوردەکان و پێوەندیی بەهێزیان لەگەڵ تورک بەدی هات. هەرزوو، لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا، لە سایەی یەکەتیی سروشتیی هاوخوێنیی ئەم دوو گەلە، تورک بەردەوام هەڵکشانی شکۆمەندانەی خۆیان بەرەو ڕۆهەڵات وەک چۆن بۆ ڕۆئاوا دەبرد و بەحەماسێکی زۆر بێهاوتا یەکێک لە ئیمپراتۆرە هەرە گرینگەکانی جیهانیان دروست کرد. ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دەورانی زێڕینی خۆیدا دەسەڵاتی بەسەر سێ کیشوەری کۆندا ڕادەگەیشت، لە نێوان زەریای خەزەر و زەریای هیندی لە ڕۆهەڵات، لە جەزایر و کەناری ئەتلەنتیکەوە بۆ ئەدریاتیک لە ڕۆئاوا، لە باکور زەریای ڕەش لەگەڵ ئەو هەرێمەکانی دەوروبەری تاوەکو دیوارەکانی ڤیەننا، لە کاتێکدا لە باشوورەوە، تەواوی نیمچە دوورگەی عەرەبی و ئەفریقای باکوری بەخۆوە گرتبوو تاوەکو بیابانی عەرەبی. بەم شێوەیە ئەم یەکەتییە وای کرد تامی خۆشی و شەوق و شۆڕی شانازی لە هەمووان ئەفسووناویتر و لە هەمووان ویستراوتری جیهان بکەن. دواتر تاڵیی ئەوەشیان چەشت کە ببینن ئیمپراتۆریایە شکۆمەندەکەیان کەوتووەتە ناو تێکشکان لە سۆنگەی فەرامۆشکردنی بەهرە وەرگرتنی زانستی کە ئەو دەوڵەتانەی لە کێشەی بەردەوامدا بوون لەگەڵیدا بایەخیان پێ دەدا.

دەتوانین بڵێین پێکەوە ژیانی ژیانی سیاسی، لە باشترین هەلومەرجدا تا ئاگربەستی جەنگی گەورە بەردەوام بوو. ئەو کوردانەی کە لە ئێران دەژیان تاوەکوو دواین دە ساڵە ژیانی نیمچە کۆچەری و دەرەبەگایەتییان پاراستبوو. ڕۆحی ژیانی گۆشەگیری، ناوچەگەرێتی باڵی بەسەر ڕەوشی ئێراندا کێشا. ئەوەی مایەوە ئەم ڕۆحیەتەی ژیانی گۆشەگیرییە، ئەم ناوچەگەرییە تەنیا تایبەتیی کوردەکان نەبوو. کورد تەنیا هەرێمی خۆی دەناسێ و لە دەرەوەی هەرێمی خۆی، جیهان بۆ ئەو بێگانەیە.

کورد کەڵکەڵەی پێوەندیگرتنی نییە.، ئەوانەی کە لە بەشی ناوخۆیی لە قوتابخانە بەرزەکانی تورکیا بوون ، زۆر چاک گرۆبەندی قوتابییانی هەندێک لە ویلایەتەکانیان لە بیرە. ئەو شوێنانە شوێنی بیری نەتەوایەتی (ناسیۆنالیتێ) نەبوون کە کۆی دەکردنەوە، بگرە شوێنی لەدایکبوون یا هاوژیانیی قوتابخانەی ناوەندی بوون لە چەند هەرێمێکدا کەوا لە یەک گرووپدا کۆی دەکردنەوە. ئەلبانییەک، تورکێکی پاک بە گۆشەگیری دەژیان و پێوەندییان لەگەڵ کوردەکانی گرووپەکەیاندا هەبوو.

دەبێ لەناو ئەو ڕووداوانەی کە لە هەمووان گرینگتر لە ئێرانسدا بەڕێوە چوون دوای ئاگربەست، ئاماژە بە بزووتنەوەی سمکۆ (ئیسماعیل ئاغا) بکرێ. ئەم بزووتنەوەیە هیچ سروشتێکی نەتەوایەتیی نەبوو و بگرە تەنیا ئامانجی ئەوەبوو هۆزگەلی زیاتر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بۆیە، ئەگەر بمانەوێ مەیل و سایکۆلۆجیای گەلی کورد کورت بکەینەوە، هیچ لەوە باشتر نییە ئەوە دەرببڕین کە ئەم چەند وشەیەی کە من لە کتێبی خولاسەی مێژووی کورد و کوردستانی نووسەری بەناوبانگی ئەو نەخشەیەم وەرگرتووە کە بەر لە ئێستە ناوم هێنا." کوردەکان بۆ بەرگریکردن لە هەقی خۆیان و مانەوەی ئازادیی خۆیان، کوشت و کوشتاریان کردووە، خۆیان بە کوشت داوە، تالانیان کردووە و تالانیش کراون"[١٠].

لێرەدا ئازادی بەمانای سەربەخۆیی نایەت، بەڵکو ئەوە زیاتر بە مانای مل نەدانە کە لای کورد زۆر بڵاوە. کورد هەرگیز ڕێگە نادەن کەوا هەستی عیزەتی نەفسیان لەلایەن خەڵکی ترەوە بریندار ببێ، هەتا ئەگەر ئەوە نرخەکەی ژیانی خۆشی بێ، کوردەکان بە هیچ کلۆجێ زەلیلی قبووڵ ناکەن. کورد هیچ کات هەستی نیشتمانیی سەربەخۆیی خۆیان ڕانەگەیاندووە. خۆ ئەگەر برێک لە سەرۆکەکانیشی خواستی ئەوەیان هەبووبێ دەسەڵاتی خۆیان لەسەر هەرێمێکی بەرفرەوانتر درێژ بکەنەوە، ئەوا هەرگیز ئەوەیان لە سۆنگەی هەستێکی نەتەوەییەوە نەبووە.

بۆ نموونە، سوڵتان سەلاحەدین، بە بەهرە و ئاکاری بەرز و جەسووری خۆیەوە کە هەموو موسڵمانان بە گشتی و تۆرانییەکان بە تایبەتی شانازیی پێوە دەکەن، ئیمپراتۆریایەکی بەهێزی دروست کرد، بەڵام هەرگیز خەونی ئەوەی نەبوو کە بیکاتە ئیمپراتۆریایەکی کوردی هەر وەک چۆن بە هەمان شێوە بەم دواییانە، سەدەیەک بەر لە ئێستە، ئەوکاتەی کە کەریم خانی زەند بوو بە (شا) ی بەهێزی ئێران، بیری لەوە نەکردەوە کە شانشینێکی کوردی لە ئێراندا دروست بکات.

بەڵام کورد بەشدارییان لەگەڵ گەلانی تردا کردووە و بەڕێوەبردنیان لەلایەن ئەوانەوە هەمیشە شتێکی نایاب بووە. ئەمەیان مۆنتالیتەی کوردە لە وەتەی چل و هەشت سەدەدا. پێ لەسەر مێژووی کورد داناگرم کە وەچەی ئێمە شایەتحاڵیەتی، بگرە چەند نوختەخاڵێک دیاری دەکەم کە من بە کەسیی خۆم لە نزیکەوە تێیدا بەشدار بووم.

٣٧ ساڵ بەر لە ئێستە ئەو کاتەی کە من بەلای سیاسەتی گشتیدا شکامەوە و هۆشیاری

نەتەوەییم تێدا ڕوا بوو. دوای مەشرووتەی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨، لە کاتی دامەزراندنی جەمعیەتی تەعاون و تەرەققیی کورد[11] من بە پەلەتاو بەدوای یەکەمین بانگەوازی کۆبوونەوەی برێک لە بەگزادە کوردەکانم وەچووم. من یەکێک لە چاکترین وتارخوێنەکانی ئەو کۆبوونەوانە بووم. لە کاتی هەڵبژاردنی بیرۆی بەڕێوەبەرایەتی، دوای نەعیم بەگی بابان، من زۆرترین دەنگم بەدەست هێنا لە کاتێکدا کەوا من نە بەگزادە بووم و نە لە بنەماڵەیەکی گەورەش بووم. بەڵکو سۆزی گەرمایی ڕۆحم، دڵی ئەوانەی گەرم دەکردەوە کە هەر نەشیان دەناسیم.

پاشان دوای ئەوەی کە بڕوا–ثقةـی هەمووانم وەرگرت هیچ کەس هیچی لای من نەدەشاردەوە. من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە هیچ یەکێکیان لەوانە بیری لە کەمترین ئیمتیاز نەدەکردەوە بۆ کورد. بەڵام هەموو بە تێکڕایی لەسەر ئەوە یەک ڕا بووین کەوا دەبێ ڕیفۆرمێک لە شەش ویلایەتە ڕۆهەڵاتییەکاندا بکرێ. ئەوەیان ئەو ڕیفۆرمە بوو کە داوا دەکرا: ناونانی حاکمانی بە توانا و شەرافەتمەند، ڕاکێشانی چەند ڕێگە و بانی سەرەکی و چاکسازیکردنی دادگەکان بۆ ئەوەی دادپەروەرییەکی چاکی تێدا پیادە بکرێ.

لەو باوەڕەدا نیم کەوا ئەندامانی کۆمەڵەی قوتابییانی کورد (هێڤی) کە لە پێش جەنگی بالقان دامەزرا بە تەواوی بیریان لە جیاکردنەوەی کوردستان کردبێتەوە. چونکە من بەتەواوی باوەڕی ئەوانم بەدەست هێنابوو کە هیچ یەکێکیان هێمایەکی وای بۆ نەکردم. ئەمە واتای ئەوە نییە کەوا هیچ کوردێک نەبووە بیر لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بکاتەوە. هەتا ئەگەر هەش بووبن، دانیان پیادا نەدەنا یان زۆر بەڕاشکاوی بیرکردنەوەی دڵی خۆیان ڕانەدەگەیاند. بەشێکی ئەم ناسیۆنالیستە کوردانە کەوا باوەڕێکی تەواویان بە پێویستی بوونی دەوڵەتێکی کوردی هەبوو لە ماوەی خەباتکردنیان بۆ ئەم ئامانجە لەناو چوون.

ڕێزگرتوو وەکو پرەنسیپ لە باوەڕی سیاسیی هەر کەسێک، من ڕێگە بە خۆم نادەم لێرەدا گفتوگۆی ئەوە بکەم داخۆ ئەم باوەڕە وەڵامدەرەوەی حەقیقیی گەلی کورد بووە. هەڵبەت بەڕێزگرتن لەبەرامبەر گیانی پاک و بێگەردی ئەو کوردانەی کە قوربانی نیازپاکیی خۆیان بوون لە ماوەی خەباتکردنیاندا بۆ ئازادی نیشتمانەکەیان سەر دادەنەوێنم.

هەرچی لەبارەی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکانە لە ماوەی ئاگربەستی جەنگی جیهانی، هیچ سیاسەتوانێکی کورد بە ڕاستی قەناعەتی ئەوەی نەبوو کە پێویستە کوردستان لە تورکیا جیا بکرێتەوە. من بۆ خۆم کە وەک ناسیۆنالیستێکی کورد ناوم دەبەن، بەهیچ شێوەیەک لە هەموو ژیانمدا بیرم لە جیاکردنەوە نەکردووەتەوە لە تورکیا. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە کە من خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان نەبووم، بگرەس لەبەر ئەوە بوو کە، ئارەزووییەکی ئاوەها داوایەکی مەحاڵ یا بێهوودە بوو. من تەواو قەناعەتم لەلا دروست بوو کە جیاکردنەوەی کوردستان لە تورکیا نە لە ڕووی مادی و نە لە ڕووی مەعنەوییە و ژیاو نییە. هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ مندا کاریان کردووە لە ویژدانی خۆیاندا هەمان باوەڕیان هەبوو.

پێویسته به بێلایەنانە لە مێژووی کورد بکۆڵرێتەوە و شی بکرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ زانینی نهێنییەکانی پەرەئەستاندنی و پاشان چەند ڕاستییەکی واقیعی بەرەنجام بکەین لە پێناو پلانێکی ئاکسیۆن بۆ کورد.

داڕشتنی پلانێکی چالاکینامەی سیاسیی دژ به ئامادەگیی میراتی، دژ بە هەڵکەوتوویی و ڕۆحیی گەلی کورد کە مەحکومە بە شکستی زۆر کارەساتبار. ئەم ڕاستییە نابێ بەهیچ شێوەیەک لای ئەوانەی کەوا سەرکردایەتیی چارەنووسی ئەم گەلەی ئێمەیان لە بن دەستە شاردراوە بێ. من بەڵگەم لە بن دەستە کە، هەتا لە تەنگەتاوترین کاتی تورکیاشدا، هیچ یەکێکیان لە ڕاستیدا مەیلی جوداخوازیان نەبووە.

بەڵام ڕەوشی سیاسی لەو سەردەمەدا پێویستی بەوە دەکرد کە وەکو جوداوازخواز ڕەوتار بکەیت. وا دیاربوو کەوا نوماینده‌کانی هێزە هاوپەیمانەکان لە ئەستەمبۆڵ ئاگایان لە قووڵایی بیرکردنەوەی ئێمە هەبووبێ. چونکە وێڕای داخوازینامەکانی مافە هەمیشەییەکانی گەلی کورد و تاوانبارکردنی ئێمە، کەچی ئەوان بە بەردەوام هەر سڵیان لە ئێمە دەکردەوە. ئەوان پێیان وابوو کە هەر کات هەژموونی ئەوان نەما، کوردەکان بەگەڵ تورکەکان دەکەونەوە. ڕاستییەکەی هەتا ئەمڕۆش هەست بە شوێن کارەکانی ئەم درۆدۆنگییە دەکرێ لە ئاڕاستەی سیاسیی بڕێک لە هێزە گەورەکان لەم بەشەی جیهاندا.

ڕووداوەکانی دواتر ئەوەیان بەدیارخست کەوا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەبێتە کارەساتێک، بەلایەک بۆ سەر قازانجی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد. من بۆ خۆم لەوە بەدوور دەگرم کە لێرەدا لێکدانەوەی پێویست بەدەستەوە بدەم کە حوکمدانێکی ئاوەها پێویستیەتی وێڕای هەڵوێستی ڕاشکاوانەم کە پێی ڕاهاتووم و گرتوومە بەر، کەچی ئەوە بەسەر خۆمدا فەرز دەکەم لەم بارەیەوە شاراوە بم بۆ ئەوەی هەموو چەشنە بەدحاڵیبوونێک بەدوور بگیرێ.

لە سەرێکی ترەوە، ئاوەڕۆی ڕەوتی ئابووری و سیاسیی تەواوی جیهان بەرەو یەکگرتوویی (کۆنفیدراسیۆن) دەڕوات تەک جیابوونەوە.

پرۆژەی پان-ئەوروپا، کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتانی کێشوەر-ی بەڕێز ئا، بریاند[١٢] سەر دەکەوت ئەگەر دوو شارستانی ناکۆک، شارستانی سەرمایەداری و ئەوەی کۆمۆنیزم لە سەرکەوتنی کۆتاییدا کێبەرکێیان نەکردبوایە. ڕاستییەکەی، ئەو دەوڵەتانەی کە لە دوای لێک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریایەکی تر لە دایک بوون ناچاربوون کە هاوپشتییێکی بچکۆڵە دروست بکەن بۆ جێگرتنەوەی کۆنە ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان.

ئەی کەوایە کێن ئەو خەڵکانەی کە کارو باری خۆیان واز لێ دەهێنن بۆ سیاسەتی کوردی؟

هۆیەکەی ئەمە چییە؟

من لە نامەیەکی کراوە کە ساڵی ١٩٢٣ لە قاهیرەدا بڵاوم کردەوە ئەو هۆیانەی چالاکی سیاسیی کوردەکانم خستبووە بەرچاو کە نامەوێ هیچی تر بگەڕێمەوە سەریان.

بگرە دەمەوێ لێرەدا ئەو گفتوگۆیە وەبیر بهێنمەوە کە لە نێوان بەڕێز نەجمەدین حوسێن[١٣]، وەفدی جەمعیەتی تەعالی کورد لەلای کۆمەڵەی بەرگری لە شەش ویلایەتەکە و بەڕێز شەمسەدین، ئەندام پەرلەمانی ئەرتەغۆل، کە لە یەکەم دانیشتنیدا بەسەرۆکایەتیی ئەلیاس سامی ئیف، ئەندام پەرلەمانی مووش پێکهات. منیش هەروەها داوەتی ئەم کۆبوونەوە کرابووم. سەرۆک داوای لە نەجمەدین کرد داخۆ بەرنامەی کۆمەڵەکەیان چییە. ئەمیان دەستی کرد بەوەی ئارمانجی چالاکییەکانی بڵێتەوە، ئەگەر ڕێگەم پێبدەن بەم شێوەیە بڵێم بۆ تۆرانییە کورد زمانەکان، بەهیچ شێوەیەک شتێکی وا تایبەتیی تێدا نەبوو جگە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندنی قوتابخانەکان لە کوردستاندا.

ئەو بابەتانەی تر کە ئیشارەی پێدان تۆرانییە تورک زمانەکانیشی دەگرتەوە. شەمسەدین بەگ بە توونددی دەموسدەست وەڵامی دایەوە، با ئێستە مەسەلەکەمان بکەینە یەک بۆ ڕزگارکردنی سەرتاپای وڵات لەو مەترسییەی پێیدا تێپەر دەبێت، دواتر ئێمە دان بەبەکارهێنانی زمانەکەتان دادەنێین. بەڕێز نەجمەدین دەربڕی زمانحاڵی خواستە هاوبەشەکانی هەموو کورد بوو. وەکی تر، منیش ئەو کاتەی خواستەکانی خۆمانم لەو نامەیەدا دەربڕی کە تازە ئاماژە پێی دا (لە لاپەڕە ٢٢) پێم لەسەر دانپیانانی زمانی کوردی لە خوێندنسدا داگرتبوو، کە ئەمە تاوەکو بەر لەم چەند ساڵەی دوایی ئیدیالێک بوو بۆ هەموومان.

ئایا ئەوە نیاز و مەبەست بوو؟ من باوەڕ ناکەم. بڵێی ئەوە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی دوور و درێژ و قووڵ سەرچاوەی گرتبێ، ئەمەشیان باوەڕ ناکەم. چەندانێکی وەک من، لەو باوەڕەدابوون کە ئێمە ناتوانین ئاستی شارستانیی کورد بەرز بکەینەوە بەبێ بەکارهێنانی زمانەکەیان لەناو پەروەردە و فێرکردندا. هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە وەختایەک زمانی خۆیان بەکار نەهێنن، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوێنەوە.

پاشان، با بەڕاشکاوی بدوێین، بۆچی ئەم مەترسیی تواندنەوەیە؟ چ گەلێک بە دەستەجەمعی یان بەشێکی لە ڕەوتی مێژوودا تواوەتەوە؟ گەلانێک هەن هیچ شوێنەوارێکی خۆیان بەجێ نەهێشتووە. زۆربەی ئەڵمانەکانی زەوییەکانی دەوروبەری ڕێن***** (ڕێنانەکان) Rhénans برێتیین لە سێلتی****** بە ئەڵمانی کراو. ئەوانە بنچینەی خۆیان ناناسنەوە. ئایا ئەمڕۆ ڕەوشیان چاکتر دەبوو ئەگەر هەر وەکو سێلت بمابوونایەوە؟

لەلایەکی ترەوە، گەلێکی بەهێز دەزانێ چۆن گەلێکی لاواز بتوێنێتەوە بەبەکارهێنانی وەسیلەگەلی نەرم و نیان، هاوسۆزی لەگەڵیان و لە خۆیسیان جیا ناکاتەوە. لەم ڕەوشانەدا

بەرژەوەندیی کەسەکان و بەهەمان شێوە بەرژەوەندییەکانی کۆمیونیتە زۆر باشتر پارێزراو دەبن. ڕەوشی لاوازەکان کە لەلایەن بەهێزترەوە هەڵدەلووشرێ لە هەموو دەورانێکدا چاک بووە. تەنیا ئەوەندە بەسە کە زەبروزەنگ بەکار نەهێنرێ.

زیاد لەوە، دەوران بەردەوام بە چەندین شێوەی جیاواز گەلان هەلدەمژێ، ئەوە دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتییە کە بێ وەستان بەردەوام دەبێ. بەڵام ئەمە حاڵەتی کوردەکانی تورکیا نییە. ئامانج لەوێدا تواندنەوەی کوردەکان نییە، بگرە تەنیا یەکخستنی دوو گەلی هاوڕەگەزە.

وا باوەڕ دەکرێ کەوا زمان بە تەنیا بەس بێ بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک (ein Einstaendige Volk ) . ئەوەمان لە بیر کردووە کە وەک ماکس هایلبیدت بۆهیم******* لێکی دەداتەوە بۆ دروستکردنی یەکەیەکی نەتەوەیی، ئەوە پێویستە کە ئەم یەکەیە لەسەر زمان، ڕەگەز، خاک (Landschaft)، ترادسیۆن، چارەنووس و دەوروبەر، خێزان (هۆز–Sippe) و مەزهەب دابمەزرێ. ئەوە هارمۆنیا و هاوسەنگیی هەژموونی یەکگرتووی ئەم هەموو توخمە جیاوازانەیە لەسەر یەکتر کە، نەتەوەیەکی لێ لە دایک دەبێ.

بەڕێز م. هـ. بۆهیم بەڕێوەبەری Deutschtun، ئەوە زیاد دەکات کەوا زمان لە ڕیزی یەکەم و دواییدا دێت. زمان دەبێتە هۆی شیمانەگەلی زۆر و بەرەو ڕووی زۆر مەترسی دەبێتەوە (So mag die Sprache zwar das ersteund lezte sein-in ihren ungeheuren Moeglichkeiten liegen aber auch ungeheuren Gefahren).

بەر لە ئێستە گوتم کەوا خوێندن بە زمانی کوردی تا بەر لەم چەند ساڵانەی دوایی ئیدیالێک بوو. لەوەتەی ئاگربەست سلێمانی لە عێراق و لەوەتەی زیاتر لە هەشت ساڵە لە هەموو هەرێمەکاندا زمانی کوردی لەو دەر و ناوچانەدا، زمانی خوێندن هەر بەکوردی یە. ئەنجامەکانی فێربوون بەم هۆیەی خوێندن بەهیچ شێوەیەک هیچ نین.

با گریمانەی ئەوە بکەین کەوا مامۆستایەکانی قوتابخانەکان وەک پێویست وان، کتێبی قوتابخانەکان هیچ خەوشێکیان نییە و حکوومەت بە زیادەوە پارێزگاری لە قوتابخانە دەکات و دەستەی مامۆستایان لە ڕادەبەدەر حەماسیان هەیە و هەموو ئەمانە بێ خەوش بن.، بەڵام ئەم دەرچووانەی قوتابخانەکان کاتێک خوێندنی قوتابخانە تەواو دەکەن چی دەخوێننەوە؟. هیچ. تا ئەمڕۆ، بەدەر لە کتێبی قوتابخانەکان، بەئاستەم هەر دە دوانزە نامیلکە و کتێبێک چاپ کراون. دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەمە هیچ بەرژەوەندییەکی پراکتیکیی تێدا نییە. هیچ هیوای ئەوەش نییە کە دواتر شتگەلێک بەو دەرچووە قوڕبەسەرانەی قوتابخانەی سەرەتایی بگات بۆ خوێندنەوە، کە وایە هیچ بەرەوپێشوەچوونێک لە کولتوور بەدی ناکرێ.

کە وابوو چۆن گەلی کورد (وەک گەلێکی زۆر دواکەوتوو لە بواری شارستانی) دەتوانێ ئەوە قەرەبۆ بکاتەوە کە لە دەستی داوە بەبێ پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە زمانێک و بە کتێبخانەیەک

کە هەتاوەکو بۆ پێویستییە هەرە گرینگەکانی سەردەمیش دەست نادەن. لێرەوە تا سەدەیەک زمانی کوردی ئەگەر لە باشترین ڕەوشی جیهانیشدا پەروەردە بکرێ، بەوە ڕاناگات بگاتە ئاستی دەوڵەتیی-کولتووری "Kulturstaaten".

لە برێک لە وڵاتاندا هەتا بیر لەوە دەکرێتەوە کە خوێندن لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا بە زمانێکی زۆر زیندوو بێ بۆ ئەوەی بەبەردەوامی کێڵگەی ڕۆحیی پسپۆری پێ زاخاو بدەن. لەو دەمانەی کە گەلان بۆشاییەکانی ئاسمان تەی دەکەن و بەری سەرکەوتن و شادی دەچننەوە وەک ماریشال بالبۆ، بە خۆی و بەگەشتە زەریاوانییەکەی بەناو ئۆقیانووسدا، ئێمە خۆمان وا نیشان دەدەین بەوەی خۆمان بە ڕەگەکانمانەوە دەبەستینەوە و لە ناو تاریکاییدا دەژین.

گەلی کورد وا پێدەچێ ئەوەی لەلا باشتر بێ کە لەلایەن نەوەیەکی کۆنپارێز حوکمڕانی بکرێن کە هیچیان وەک میراتی چاک بەجێ نەهێشتووە. بە پێچەوانەوە، بێگومان دادپەروەرانەتر دەبێ کاتێک لەلایەن نەوەکانی دوارۆژەوە حوکمڕانی بکرێن.

درەختێکی قەدبڕاو کەمێک لە سەرووی زەوی و بەردەوام بەسبڕاوی بژی لەگەڵ سەوزبوونی چڵی چکۆڵەی سەرمابردوو لە لاتەنیشتەکانییەوە هیچ نرخێکی نییە، هەر شایەنی ئەوەیە لە ڕەگەوە هەڵبکێشرێ و دەربکێشرێ. لە کاتێکدا، قەدی درەختێکی زاڵبوو بە چڵی بەهێز و لقی پڕاو پڕ بە گەڵا و پەلکی سەوزی یەک شێوە، ڕازاوە لێرەو لەوێ بەگوێرەی وەرزەکان، بە گوڵی جوان یا بەری بەتام، دەبێتە سۆنگەی بایەخ پێدانی خاوەنەکەی و هەتا بێگانەکانیش. خۆ ئەگەر بەهۆی سەرمایەکی سەخت یا بەهۆیەکی ترەوە، ئەو درەختە وشک بوو، ئەوا هەموو ئەوانەی هاوپێوەندن لەگەڵی دڵگران دەبن و فرمێسکی هاوپێوەندە هەرە نزیکەکانی وا پێدەچێ بۆ چاکبوونەوەکەی برژێ. لە کاتێکدا ڕەگەکەی تەنیا بۆ داربڕینەوە چاکە.

ئێمە دەزانین درەختێکی لە ڕواڵەتدا جوان، بەڵام کە بەپێچەوانەی بایۆلۆجی ئاسایی ڕووەکەکان، شەو و ڕۆژ ئۆکسجینی هەوا هەڵدەمژێ و بە بێ وچان ترشی کاربۆنی دەداتەوە و میوەی ژەهراوی دەبەخشێتەوە، بێگومان ئەوە چارەنووسی بڕینەوەیە. ئەوەی کە نامۆ و جێگەی داخخواردنە ئەو نەتەوانەن کە بایەخ بەو جۆرە درەختانە دەدەن و دەترسێن لەسەر زەوی لە جەستەی پاڵکەوتووی نزیک بکەونەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسیی خنکان ڕزگار بکەن. ژیانی گەلان لە چەند ڕوانینێکدا لەم درەختە دەچێ.

لەلایەکی ترەوە، پەیڕەوکردنی پیتی لاتینی کە لەسەر ئەلفبێی لاتینی بینا کراوە یەکێک لە وەسیلە هەرە خێرایەکانی فێربوونی گشتی و بڵاوکردنەوەیەتی بەناو هەموو تورکیادا. ئەو هەڵمەتە نایابەی کە دواتر لە ڕێگەی قوتابخانەی شەوان کرا، بەشێوەیەکی زۆر زیاد ژمارەی نەخوێندەوارەکانی لەناو وڵاتدا کەم کردەوە. هەموو ئەم ڕیفۆرمە بنچینەییانە و ئەو ئامانجانەی دەیانەوێ بیپێکن بەتەواوەتی ئێمە دوور دەکاتەوە لەوەی بیر لە بەکارهێنانی زمانی کوردی

بکەینەوە لەناو پەروەردەدا. ئەنجامەکە وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا وابوو. بەم شێوەیە گەلی کوردیش خۆی پەروەردە دەکات. هەموو خەباتی ئێمە، هەموو ئەو خواستانە تەنیا یەک تاقە ئامانجیان لە بەرچاو گرتبوو ئەویش ئامانجی ڕزگارکردنی کورد بووە لە کۆتی نەزانی و هەژارییەکەی.

ئەو گەلەی کە خۆی فێر دەکات دەکات و بە میتۆدە مۆدێرنەکان خۆی پێ دەگەیەنێ بەردەوام خۆی دەوڵەمەند دەکات.

دەبێ دەستپاکانە دان بەوە دابنێین کە باوەڕی ئێمە لەبارەی پێویستی پەروەردەوە (فێربوون)ی گەلی کورد بەهۆی زمانی خۆی دوای ئەم ڕاستییە پێگەیشتووانە هیچ شوێنێکی نابێتەوە. بەو پێیەش کەوا ڕای گشتی ئەم باوەڕەی وەرنەگرتووە و لای قبوولکراو نییە بۆیە بە باشمان زانی دەستبەرداری ئەم باسە ببین.

من لە پێشدا باسی چارەنووسی کوردەکانی تورکیا دەکەم. ئەمەش لەبەر ئەم دوو هۆیانەی خوارەوە:

یەکەمیان: کۆماری تورکیا تاقە دەوڵەتە کە زانیویە بە سیاسەتێکی نایابی حەکیمانە و دووربینانە پرسی چارەنووسی کەمینە نەتەوەییە یۆنانییەکانی خۆی چارەسەر بکات. گۆڕینەوەی دانیشتوانە تورکەکان لە یۆنان و دانیشتوانە یۆنانییەکان لە تورکیا بێگومان زۆر سەخت بوو، بەڵام یەکجار دووبارە جێگیربوونەوە و گەڕانەوە قازانجی بێ شوماری دەبێ بەوەی کە دەگەڕێنەوە ناوماڵی خۆیان. لەوساوە، حکوومەتی تورکیا و یۆنان بەرهەمی سیاسەتی پێگەییوی جوامێرانەیان دەچننەوە.

دووەمیان: کوردەکان لە تورکیا ژمارەیان زۆرترە.

بەڵام ڕەنگە ئەوان پێمان بڵێن وەک دەڵێن ئێمە کەمینە نەتەوەی کورد ناناسین لای ئێمە. ئەمە باسی ئێمە نییە لێرەدا. ڕاستە کە لە هەموو بۆنەیەکدا دەوڵەتدارە تورکەکان بە ئاشکرا و بەدەنگی بەرز ڕایان گەیاندووە کە " توخمی کورد لەگەڵ نەتەوەی تورک حوکمڕانیی تورکیا دەکەن" بەڵام ئەمە ڕاگەیاندنێکی یەکلایەنەی یەکەتیی سیاسیی تورکی-کوردە کە لەوەتەی چوار سەدە دەبێت وەستانی بۆ نییە. من پێم وایە کە کوردیش دەبێ وەکو هاوبەش، بەهەمان ئاواز بەتەواوی ویستی خۆی و هۆشیار بۆ پێداویستی ئەم یەکەتی سیاسییە و هەروەها یەکەتییە نیشتمانی ڕابگەیەنێ. هەروەک ئەوەی چوار مانگ نابێ بەر لە ئێستە یەکێک لە پیاوە هەرە گەورەکانی دەوڵەت، لە کاتی قسە و باسی لەبارەی دووبارە ڕێکخستنەوەی یەکێک لە نەتەوە هەرە گەورەکان دەیگوت: " بنچینەی دەوڵەت تەنیا یەکەتیی ڕەگەزە"

بۆیە کورد بەو پێیەی لە هەمان ڕەگەزی تورکەکانن، بە یەکبوونیان، نەتەوەی نوێی تورک دروست دەکەن کە خاوەنی ڕۆحێکی زیندوو دەبێ و لەوە بەدوا دڵی ئەوانە گەرم دەکاتەوە کە تەنیا بۆ یەک

تاقه ئیدیال لێ دەدات. هیچ شتێک نییە ڕێگە لە یەکبوون بگرێ و بەم زووانە ئەم دوو گەلە ئامۆزایە یەک دەگـرن. سـەربار، تێکچـڕژانی داوونەریت، هاوکـات لەگـەڵ یەکـانیـەتی ئاین، یەکگرتوویی ئابووری لە نێوانیاندا، هاوشێوەیی داوودەزگەی بەڕێوەبەری و یاسایی لەناو یەک بۆتەدا لەوەتەی چەندین سـەدەیەکەوە بەشێوەیەک کە بڕێک جار بە ئاسـتەم دەتوانین یەکیان لە ئەوی تریان جیا بکەینەوە. ملکەچ لەژێر سـەروەرێتی ئیمپراتۆریای عوسـمانیدا، نەوە دوای نەوە لەژێر هـەژمـوونی هـەمـان ترادسیـۆن و هـەروەهـا هـەمـان چارەنووسیی بەخـتیـاری و ناخۆشی، شـادی و میـحنەتی هـاوبەشـدا بوون و بەتـایبـەتیش هـەمـان پێکەوەژیانی کـولتـووری. ڕۆلی برایەتی لە چەک******* بێگومـان لەم هـاوپەیمانیـەتەدا بـالادەست بووە. ئەم تێکەڵاوبوونە یەکبینیـەی تورک و کورد ڕێگەی پێدوان و ڕێگەیان پێ دەدا سـوودی ئـەوەیان ببێ خـاسیـەتی تایبـەتیی خـۆیان لـەناو گـەنجینەیەکی هـاوبەش کە هـەمان نەتەوەی لێ پێک دێت تێکەڵاو ببن.

لە ڕاستیدا: تورک، کورد، لێرەدا تەنیا ناوی یەکەمین و تۆرانی ناوی بنەماڵەکەیانە.

هەستی ڕەگەز و شانازیی تۆرانیبوون بەرەو دواڕۆژێکی درەوشاوەتریان دەبات لەوەی ڕابردوو.

جیـا لەوە، فـاکـتـۆرگـەلی یەکانیـەتی سیـاسـیی و نیـشـتـمـانیی ئەم دوو گـەلە، وەک هـاوکـاریی ئابووری، یەکانیەتی ڕەگەزی و ئاینی، کۆمیونیتەی کولتوور، هتد.، هـەروەهـا فاکتـۆرێکی تری زۆر بەهێزتر هـەیە ئەویش کەسایەتیی بەرزی «غازی» یە.

بەڕاستـی، ئـەوە جـێگەی شـادومـانییـە، ئەوە سـەرمـایـەیە بۆ نەتەوەیەک کـە سـەرکردەیەکی وەک غازی موستەفا کەمال لە لووتکەی حوکمڕانیدا بێت. کەس ناتوانێ نکووڵی لەو چاکسازییە مەزنانە بکات کە لە تورکیادا کردوویە. ئەوە شکۆمەندییـەکە بۆ ئەو کە هـەرگیز سیس نابێ و بەهیچ کلۆجێ لەگەڵ زەمەن ناسڕێنەوە.

وەک هـەمـوو مـرۆییێکی وەفـادار، کـاریگـەر بە شـوێن پایەی قـووڵ و بە شـەیدایی لەبەرامـبـەر کـارە گـەورەکـانی بە ڕێزەوە دەچەمـێمـەوە بەو هیـوایەی کـە ئەوانە بـۆ وەچەی دواڕۆژ بە خـێـر و خـۆشـی بشکێنەوە.

من لە شوێنی خـۆمەوە بە شیاوی دەزانم بانگەوازێکی گـەرم ئاڕاستەی دەستـەبژێری گەلی تورک بکەم کـە بە تەواوی لـەو پەیامـە شـەریفـە دەگـات کـە کـەوتووەتە سـەر شـانی مـن، کە برێتـیـیـە لە سڕینەوەی یادەوەرییە بە سوێیەکانی ڕابردوویەکی نزیک لە بیر بکەن بەو جۆرەی کە تێیدا ڕووداوە هـەرە خـوێناوییەکان و هـەرە شـەرمـهێنەکـان مێژووی هـاوبەشیـان دووکەرت کـردبوو و دووبارە وڵات ڕێک بخەنەوە، لـەژێر چاودێریی بەرزی غازی، ڕۆحی کلێپەسـەندووی نەتەوەی نوێی تورک، بەهرە لە خێر و خۆشی کۆمارەکەیان وەربگرن.

بەم شـێوەیە لەژێر ڕونـاکی ئەم بیـرکـردنەوە ڕاشکاوانەیەدا، بەبێ ڕای پێشـوەخـتـانە و هـەروەهـا بەبێ هیچ پشتـە-نیـازێک بـانگەوازی برایانی هـاوخـوێنم، کوردەکـانی تورکیـا دەکەم، بەشـوێن ئەو

ڕێچکەیەوە بچن کە سەرکردەی بەناوبانگیان، موستەفا کەمال پاشا، بەشێوەیەکی هەرە شایان بۆی دیاری کردوون، کە ئارامی ڕۆح و خۆشگوزەرانیی تێدا دەبیننەوە.

لێرەدا مەبەستم لە بەشوێنداچوونی ڕێچکەی سەرکردە و پیاوی چارەنووسیازی تورکیا ئەوەیە: دابڕانی حەتمی و سیستماتیکییانەیە لەگەڵ ڕابردوو، کە تاقە یەک ئیدیال بۆ سەرلەبەری نەتەوەیەک پەروەردە دەکا بە ئاڕاستەی دووبارە داڕشتنەوەی ڕوحانییەت و مۆنتالیتیەکەی دەبووژێنێتەوە، دووبارە ڕێکخستنەوەی وڵات و دەوڵەمەندکرنی نەتەوە بەوەی بەبەرفرەوانی سوود لە بەهرەی نوێی زانستە هاوچەرخەکان وەربگرێ و بەم شێوەیە تورکیای نوێ دەخاتە ناو گرووپی دەوڵەتی–کولتووری "Kulturstaaten".

پێم وایە ئێستە بەم پیشاندانە کورتەم لە هەمان کات بەئەرکی سەرشانی خۆم هەڵساوم بەرانبەر ئەو هاوخەباتکارانەم کە بەوە گوناهباریان دەکردم، تورکیام بەجێ هێشتووە دوای ئەوەی بەشداریم لە جۆشدانی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە.

بەو هیوایەی کە خوێنەرانی ئەم کورتە بەرچاوخستنە وای ببینن کە بەدەر بێ لە هەموو بیرکردنەوەیەکی پێش وەختە، بەبێ ئەوەی بوونی واقیعگەلێکی هەمیشەیی لە ژیانی نیشتمانیدا لە یاد بکەن. لەم هەلومەرجانەدا، بێگومانم لەم ڕەوشەدا هەتا دوژمنانی سەرسەختم بوارێکی تێدا هەر دەبیننەوە بۆ ئەوەی پتر سینگفراوانتر بن.

هەرچی سەبارەت بەو کوردانەیە کە لە دەرەوەی تورکیادا دەژین، بەڕاشکاوی ڕاهاتووی خۆمەوە دەڵێم تەنیا ئەوەیان بۆ هەیە بەژیری لەگەڵ هەموو ئەو ڕەگەزانە بژین کە ئەو دەوڵەتانە پێک دەهێنن کە تێیاندا دەژین، هیچ چەشنە گیروگرفتێک بۆ حکوومەتە تایبەتییەکانیان دروست نەکەن، بگرە بەپێچەوانەوە تەواوی ویستی چاکەیان دەربخەن و بەشداری لە پێشخستنی ئابووری و کولتووری وڵاتەکەیان بکەن.

ئەوەیان چاکترین و شیاوترین چارەسەرە کە بتوانین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بیخەینە ڕوو.

هیوادارم کەوا گەلانی خاوەن پێوەند بەم زووانە بەرهەمی پێگەییو بچننەوە.

هەرچی سەبارەت بە خۆمە، لە ئاسۆیەکانی باشترین دواڕۆژ بۆ کۆنە هاوخەباتکارەکانم لەودیو سنوورەکان ڕادەمینێم، لە کۆششی تورکیا بەرەو خۆشگوزەرانیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی و دەڵێم ماڵئاوا********* ژیانی سیاسیم.

تەواو

پەراوێزەکان:

١– لەناو هەموو ئەو سەرچاوانەی ئێمە بشکنیومانە تەنیا حەمید بۆزئەرسلان ساڵی ١٨٧٠ی بۆ

لەدایکبوونی سەگبان داناوە. بڕوانە Hamit Bozarslan, Le problème nationale kurde en Turquie kémaliste لا: ١٢٢. ڕاستییەکەی گەرچی کاتالۆگی کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس، کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمەریکی و کتێبخانەی نیشتمانیی تورکیاش هەر ساڵی ١٨٨١یان بۆ لەدایکبوونی داناوە، بەڵام من لام وایە ساڵی ١٨٧٠ زۆر زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکترە. شوکری لە کتێبی "پرسی کورد"ەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس چاپ کراوە دەڵێ بەر لە ٣٧ساڵ کەوتووەتە ناو کاری سیاسییەوە، ئەمە واتە شوکری لە ساڵی ١٨٩٦ چووەتە ناو دنیای سیاسەتەوە کە ئەوکات تەمەنی هەر چواردە ساڵان بووە کە ئەمە گومان دەخاتە سەر ئەوەی مێردمنداڵێک لە تەمەنی (١٤) ساڵی بچێتە ناو دنیای سیاسەتەوە، هەرچۆنێک بێت با ئەم گومانە بۆ سەرەداوەکانی دواڕۆژ بەجێ بهێڵین، وەرگێر.

2- La Ligue national kurde Khoyboun, Documents receillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, Etudes Kurdes, N_ hors série III-juin 2007, Paris, p.8.

3- Ibid, p 36

٤- رفیق حلمی، کورد مسئلەسی صفحاتن، ١٩٣٥، (٨٥ ص). ساڵی ١٩٥٤ نووسیاری کتێبەکە خۆی نامیلکەکە دەکات بە عەرەبی و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی عەرەبی (الایام) بڵاوی دەکاتەوە و پاشان ساڵی ١٩٥٦ وەکو کتێبێکی سەربەخۆ ساڵی ١٩٥٦ هەر لە بەغدا بڵاوی دەکاتەوە، بڕوانە: رفیق حلمی، مقالات، بغداد، ١٩٥٦، ٨٠ ص.

٥- رۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، شوکور مستەفا کردوویە بەکوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠، لا : ٨٥

٦- ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨)، هەولێر، ٢٠٠٠، لا: ٣٢-٣٣

٧- پرسی کورد: کێشەگەلی کەمینە نەتەوەییەکان، لە بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی فرانسی، پاریس، ١٩٣٣، (٤١ لاپەرە)، ئەمە وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بەردەستانە، وەرگێر.

* Prof. Speiser

** Kardaka

8- (Thureau-Dangin)

*** Derbendigaver

9- Archéologie dans le Kurdistan. Geographie Journal Major C.- J. Edmonds.

**** Lydie

١٠- لا: ١٣٨

١١- جەمعیەتی تەعاون و تەرەققیی کورد بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد وەک ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشای خەندان، داماد زوکفل پاشا، سەید عەبدولقادر شەمزینانی و زۆر نیشتمانپەروەری تر دامەزراوە و سەید عەبدولقادر شەمزینانی بووە بە سەرۆکی ئەم جەمعیەتە. ئەم کۆمەڵەیە وێرای ئەوەی کە، لە مێژووی

کورتی خۆیدا توانی چەند یانەیەکی کوردی کولتووری و هۆشیاری لە زۆربەی شارە کوردییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بکاتەوە کەچی هەر زوو لەگەڵ ڕەوتی پان-ناسیۆنالیستی تورکخوازانەی ئیتحادییەکان پێکدا هەڵپژران و دواجار نەیتوانی لەڕووی سیاسییەوە جگە لە سەرەتایەکی کورت بۆ ژیانی ڕێکخراوەیی چیتر لە دوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێ. لە دوادواییەکەی ساڵی ١٩٠٩ بە یەکجاری کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێکخراوە هات، وەرگێڕ.

١٢-Aristide Briand (٢٩ی ئاداری ١٨٦٢-٧ی ئاداری ١٩٣٢). پیاوی سیاسیی فرەنسییە و چەندین جار و لە چەندان حکومەتی جیاجیای فرەنسی وەزیری کاروباری هەندەرانی فرەنسا بووە . لە ٥ی سێپتەمبەری ١٩٢٩ لە بەردەم دانیشتنی دەیەمی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کە لە جنێڤ کۆ بوونەوە لە ئاخاوتنێکی بەناوبانگدا داوای پرۆژەی (پێوەندی فیدراڵی) کرد لە نێوان دەوڵەتە ئەورپاییەکان و پرۆژەی پان-ئەوروپانیزمی خستە ڕوو، وەرگێڕ.

١٣- نەجمەدین حوسێن کەرکووکی (١٨٨٦-؟) برا گەورەی ئەسیری شاعیر بووە، یەکێک لە ڕۆژنامەنووس و سیاسەتوانە دیارەکانی دوای مەشرووتەی ساڵی ١٩٠٨ەو لە کۆواری (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) و (ژین) گەلێک بابەتی نووسیوە. یەکێک لە دامەزرێنەرە کارایەکانی جەمعیەتی تەعالی کوردستان (١٩١٨) و پارتی دیموکراتی کورد (١٩١٩) و کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد (نیسان-ئایاری ١٩٢٠) بووە. یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەندام بووە لە کۆمەڵەی پاراستنی شەش ویلایەتەکە. لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٢٢ لە دەستی کەمالیستەکان ئاوارەی بولگارستان دەبێت و تاوەکو ساڵی ١٩٢٨ هەر لە بولگاریا بووە و دواتر لە جەنگی جیهانی دووەم ئیدی سۆراخی براوە کە بەهەموو پێوانەیەک وا پێدەچێ لە ساڵانی جەنگدا فەوتابێ، بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی کورد گۆڤاری جڤاتی " هیڤیی" قوتابییانی کورد ١٩١٣- ئەستەمبۆڵ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا:٩٥-٩٦.

***** Rhin

****** سێلتەکان Celtes (کلت یان سێلتا بە لاتینی Celtae) بریتییە لە شارستانییەتێکی دەورانی پێش مێژووی گەلانی هیندۆ-ئەوروپایی. گرووپێکی هۆزە چادرنشینە جەنگاوەرەکانی هیندۆ ئەوروپایی بوون و بە درێژاییی سەدەکانی ٧٠٠ ی پێش زاین تاوەکو درێژەی سەدەی چوارەمی پێش زاین نفوزێکی زۆر و بەهێزیان هەبوو و هەر لە بەریتانیاوە تاوەکو ئاسیای بچووکیان لەژێر دەستدا بوو، وەرگێڕ.

******* ( Max Hildebert Boehm ١٦ی ئاداری ١٨٩١-٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٨). پیاوی سیاسیی ئاڵمان، ناسیۆنالیست، سۆسیۆلۆگ و ڕۆژنامەنووس بوو، وەرگێڕ

******** fraternité d'armes: موخاة في السلاح: مەبەست لەوە زیاتر برایەتییە لە پێکەوە بەشداربوون لەڕووی سەربازییەوە، وەرگێڕ.

********* بای بای

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

ئەڵقەی نۆیەم

---

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤١**

١٩٢٥/٢/٢٦

شۆڕش لە کوردستاندا

فڕۆکەکانی تورکیا بۆمبارانی ئاوییەک دەکەن

پەرلەمانتارە کۆمارییەکان داوای حوکمی عورفی دەکەن بۆ ترابزۆندە و کۆنسنتانتینۆپل

لەندەن، ٢٥ی شوبات- لە کۆنستانتینۆپل داوا دەکرێ کەوا شۆڕشی کوردەکان بەخێرایی تەشەنە دەکات.، یاخیبووەکان نیازیان وایە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێن و حوکمڕانی خەلافەت بگێڕنەوە. ژمارەی لایەنگیرەکانی شێخ سەعید، کە سەرۆکایەتی شۆڕشەکە دەکات و بەناوی ئیسلامەوە جاڕی جەنگی داوە دژ بە تورکیا، ژمارەی لایەنگیرەکانی بە ٧٠٠٠ کەس دەخەملێندرێ. بەگوێرەی پەیامێک کە لە کۆنستانتینۆپلەوە بە ڕۆژنامەی (Echang telegraph) گەیشتووە، فڕۆکەکانی تورک ئاوایی هاتین کە سەرۆکی شۆڕشی تێدایە بۆمباباران کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی قوماندانی فڕۆکەوانیی تورک، دانیشتوانی هاتین توشی تۆقین بوون.

ڕاگەیەندراوێک لە ئەنگۆرەوە

**ئەنگۆرە**، ٢٤ی شوبات- ئاژانسی ئەنادۆل ئەم یادداشتنامەیەی خوارەوەی بڵاو کردەوە. ئەو

.......................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

کەسەی ناو نراوە بە شێخ سەعید، دەرفەتی لە سادەلەوحی و نەزانیی گەل قۆستووەتەوە و لەژێر پەردەی بیانووی ئاینی ڕاپەڕینێکی چەکداریی لە ناوچەی گەنجە، پاولۆ و ئەلعەزیزدا تەقاندووەتەوە. حکوومەتی تورک هەنگاوگەلی پێویستی گرتووەتە بەر بۆ گێڕانەوەی ئەمن و ئاسایش و حوکمی عورفی لە ناوچەیلی ناوبراودا ڕاگەیاندووە. پارتی میللی لە کۆبوونەوەی ٢٤ی شوباتی خۆیدا، هاوپشتیی تەواوی خۆی بۆ ئەو هەنگاوانە دەربڕی کە لەلایەن حکوومەتەوە گیراونەتە بەر.

بزووتنەوەکە پەل دەهاوێژێ

لەندەن، ٢٥ی شوبات- بەگوێرەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی (تایمس) پەرلەمانتارەکانی سەر بە پارتی کۆماری دەترسێن کەوا ئەم بزووتنەوەیە دژ بە کۆماری تورکیا پەل بهاوێ.، بۆیە داوا لە حکوومەتی ئەنگۆرە دەکەن بەهەمان شێوە حوکمی عورفی لەسەر تەرابزۆندە و کۆنستانتینۆپل-یش ڕابگەیەنێ. بەگوێرەی هەواڵنێری رۆژنامەی (دەیلی نویز) شێخ سەعید لەلایەن سەد و پەنجا ئەفسەری سوپای عوسمانی کە لەلایەن حکوومەتی ئەنگۆرە قاچاخن، کۆمەگی دەکرێ. هەواڵەکانی گۆڕەپانی ڕاپەڕینەکە پێک ناکۆکن. بەگوێرەی هەندێکیان ڕاپەڕیوەکان لەلایەن تورکەکانەوە گەمارۆ دراون و بەگوێرەی هەندێکی تر، بزووتنەوەی ڕاپەڕینەکە هەموو رۆژ بەرفرەوانتر دەبێت. ڕۆژنامەی (دەیلی نویز) سەرنج بۆ پرسێک ڕادەکێشێ کەوا گۆڕەپانی شۆڕشەکە کەوتووەتە سنووری نێوان میزۆپۆتامیا و عێراق. ڕۆژنامەکە ترسی لە دەرهاویشتەکان هەیە لەوەی لە میزۆپۆتامیا لەو کاتەی کە گفتوگۆ لەسەر پرسی سنووری ویلایەتی مووسڵ دەکرێ و وا پێدەچێ ئەمە ئەوە بگەیەنێ کە تورکیا ناچار بێت دژ بە شۆڕشگێڕەکان لەشکرکێشی بکات و هەلەکە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە نوێوە ناوچەی مووسڵ داگیر بکاتەوە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٣٧

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

ئەنگۆرە، ٤ی ئاداری ١٩٢٥

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە ڕۆژی ٦ی مانگ، سەعات ٤٠: ٢٢ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٧ی مانگ، سەعات ٤ :١٠ خولەک گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە (١٣٢)مم.

سەرکۆمار، کە بەخۆی بەسیفەتی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەشوێن ئەو هەنگاوە سەربازییانەوەی دەچێ، کە دەگیرێنە بەر و داوای لێ کردم کە دەبێ بە چ بایەخێک پشت بەزانیارییەکانی بەڕێوەبەری ئاسنە ڕێی حەلەب ببەستریێ. " هیچ، من وەڵامیم دایەوە، چونکە کۆمیسێری باڵا لە سووریا خۆی دەشێ ئاگادار کرابێتەوە".

ڕاگەیەندراوی لە بەیرووتەوە

مۆژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٣**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١١٤

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

ئەنگۆرە، ٢٥ی شوباتی ١٩٢٥

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە ڕۆژی ٢٨ی مانگ، سەعات ١٥ ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٢٨ی مانگ، سەعات ١٩ :٤٠ خولەک گەیشتووە.

ڕۆژنامەکان بەو پشێوییەیان زانیوە کە لە ناوچەی خارپووت ڕوویان داوە. حکوومەتی تورک بەپێچەوانەوە ڕاپەڕینەکە (کاری تێ نەکردووە)، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ بەرفراوانبوونی بزووتنەوە چەکدارییەکە، کە ناوچەی باکوری دیاربەکری گرتووەتەوە حکوومەت بڕیاری داوە دەستبەکار بێ. چەندین هەنگاو هەڵگیراون بۆ خنکاندنی ئەم بزووتنەوەیە کە وا باوەڕ دەکرێ سروشتی ئاینی و میرنشینیی هەبێت و "لەوانەشە، لەلایەن بێگانەشەوە پشتیوانیی لێ بکرێت، بەڕێوەبەری سیاسیی ئاوا دەڵێ".

ڕاگەیەندراوی لە بەیرووتەوە

مۆژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٤**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٤١

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

ئەنگۆرە، بەبێ مێژوو، بەبێ کات

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە ڕۆژی ٧ی ئاداری ١٩٢٥، سەعات ٢٢ :٣٠ خولەک ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٨ی مانگ، سەعات ٤ گەیشتووە.

ژێنێرال کەمالەدین سامی پاشا، بالوێزی تورکیا لە بەرلین، لە سۆنگەی بزووتنەوە (چەکدارییەکە) بانگ کراوەتەوە و ئەم بەیانییە گەیشتە ئەنگۆرە. بەدڵنیاییەوە ئەمە پیاوێکی بەهێزە بۆ بەجێهێنانی داپڵۆسینەوەکە، بەڵام ئایا بەڕاستی پێویست بەوە دەکات ئەم سەرکردایەتیکردنە بەو ببەخشرێ؟ ئەو بۆ خۆشی پێی وانییە.

لەگەڵ ٣٠ هەزار کەس کە ڕەوانەی گۆڕەپانەکە دەکرێن، تەعبیئەکردنەکە کەمتر لە ٥٠٠٠٠ پیاو دەبێ، زۆر لەو ژمارەیە زیاتر کە پێویستە. بەڵام حکوومەت نایەوێ بەرەو ڕووی مەترسی ببێتەوە و ئەوە بۆیە ڕووداوەکە بە گەورەیی دەبینێ و لە بەرامبەر هیچ شتێکدا بۆ خنکاندنی هەموو کاردانەوەیەک پاشەکشە ناکات. گواستنەوەی سەرباز لە ڕێگەی هێڵی ئاسنینەوە ئەمڕۆ دەستی پێکرد، بەڵام بۆ ماوەیەک دەوەستێ تاوەکو لە چەند ڕۆژی دادێ زۆر چالاکانەتر و بەبێ وەستان دەست پێ بکاتەوە.

مۆژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٥**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٦٦ K

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

بەیرووت، ٢٥ی شوباتی ١٩٢٥ سەعات ١٢

ڕۆژی ٢٥ی مانگ، لە سەعات ٥٥ : ١٤ خولەک گەیشتووە

(کونسوڵی) ئەدەنە ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی داواکردنی ئیحتیات دەکات بۆ دەستەکانی ١٣١٠ تا ١٣١٥ ، داواکردنی ئەفسەرانی ئیحتیات و دەست بەسەر ئەسپ و ماشین دا گیراوە. ئەم تەعبیئەکردنە مۆتیڤەکەی لە سۆنگەی ڕاپەڕینی ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بووە. بە گوێرەی تێلێگرامەکانی چاپەمەنیی کۆنستانتینۆپل، ڕاپەڕین دووبارە لە کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی یەکێک لە شازادەکانی بنەماڵەی ئیمپراتۆری هەڵگیرساوەتەوە.

تکایە بیگەیننە وەزارەتی جەنگ

سارال

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٦**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا

نهێنی

بەیرووت ٢٦–٢٧

وەرگێڕاوی تێلێگرامێکی شیفرە خوێندەوە

ڕۆژی ١ی ئاداری ١٩٢٥ سەعات ١١ : ٤٥ خولەک گەیشتووە

بەیرووت، ٢٨ی شوباتی ١٩٢٥ لە سەعات ١٦

AFL و وەزارەتی جەنگ

سەفەری کۆمیسێری باڵا بۆ تەرابلووس بوو بەمایەی حەماسەتێکی بێوێنە. سووریا ئارامە (لەسەر سنووری باکور، سێ دەستدرێژی لەلایەن باندە بچکۆلەکان یان تاوانکارەکان ڕوویان داوە.

شۆڕشی کوردستان وا دیارە بەرفراوان دەبێ، تورکەکان بە فڕۆکە بۆمببارانی ئاواییەکانی شێخ سەعیدیان کرد و تورکەکان هێزەکانیان لەژێر سەرکردایەتیی کیالون (م) پاشا، قوماندانی دووەم فیرقەی پیادە لە بتلیس کۆ کردووەتەوە. لەشکرگەلێک نەسیبین–جەزیرەی ئیبن عومەریان بەجێ هێشتووە. لە ویلایەتەکانی رۆهەڵاتی حوکمی عورفی ڕاگەیەندراوە. لەسەر زەوییەکانی پێنجەمین ناوچەی سەربازیی قۆنیە، تەعبیئەکردنی سەرنج ڕاکێشی دەستەکانی ١٣١٠ تا ١٣١٥ کراوە.

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA

89

E. 311. 3.

D=

N° 114

R

ANGORA, le 25 février 1925 -

Transmis par CONSTANTINOPLE le 28 à 15 heures

reçu le 28 - 19 h.40

1/3/25.

Les journaux vous ont appris les troubles survenus dans la région de Kharpout. Le Gouvernement turc ne s'en était pas autrement (ému) mais, aujourd'hui, en présence de l'extension du mouvement qui a gagné la région nord de Diarbékir, il est décidé à agir. Des mesures vont être prises pour étouffer ce mouvement qu'on croit être de nature religieuse et dynastique et "peut-être, ajoute le Directeur politique, soutenu par l'étranger."

Communiqué à Beyrouth./.

MOUGIN

LA RÉVOLTE DANS LE KURDISTAN

# La flotte turque bombarde un village

## Les députés républicains demandent l'état de siège pour Trébizonde et Constantinople

Londres, 25 février. — On mande de Constantinople que la révolte des Kurdes se développe rapidement ; les mutins auraient l'intention de créer un Etat kurde indépendant et de restaurer le califat. On estime à 7.000 le nombre des adhérents du cheik Saïd qui se trouve à la tête de la révolte, et qui a déclaré la guerre à la Turquie au nom de l'Islam.

D'après un message de Constantinople à l' « Exchange Telegraph » la flotte turque aurait bombardé le village d'Haten, où se trouvent les chefs de la révolte. Suivant le rapport du commandant de la flotte turque la population d'Haten aurait été prise de panique.

### Un communiqué d'Angora

Angora, 24 février. — L'*Agence d'Anatolie* publie la note suivante :

Le nommé Chich Saïd, abusant de la crédulité et de l'ignorance du peuple et sous le couvert de prétextes religieux, a provoqué un soulèvement dans la région de Guendje, Bolo et El Aziz. Le gouvernement turc a pris les mesures requises pour rétablir l'ordre et a proclamé l'état de siège dans la dite région. Le parti populaire, dans sa réunion du 24 février, a pleinement approuvé les mesures prises par le gouvernement.

### Le mouvement s'étend

Londres, 25 février. — D'après le correspondant du « Times », les députés appartenant au parti républicain craignent que ce mouvement contre la République turque ne s'étende ; ils demandent au gouvernement d'Angora de proclamer également l'état de siège à Trébizonde et à Constantinople.

Selon le correspondant des « Daily News », le cheik Saïd serait secondé par cent cinquante officiers de l'armée ottomane proscrits par le gouvernement d'Angora. Les nouvelles du théâtre de la révolte sont contradictoires ; selon les uns, les insurgés auraient été cernés par les Turcs ; selon les autres, le mouvement de révolte gagne chaque jour du terrain.

Les « Daily News » attirent l'attention sur le fait que le théâtre de la révolte se trouve à la frontière de la Mésopotamie et de l'Irak. Ce journal craint des complications en Mésopotamie au moment où l'on discute la question de la frontière du vilayet de Mossoul, et semble vouloir insinuer que la Turquie, obligée d'expédier des troupes contre les insurgés, profitera de l'occasion pour envahir à nouveau la région de Mossoul.

150

BEYROUTH 26 - 27

REPARTITION

2 A.E.Cabinet
1 A.E.Dir.Politique
5 E M A
1 Colonel Wallner
1 Dossier du Ministre
1 Officier de service

Traduction d'un Télégramme Chiffré
reçu le 1° Mars 1925 à 11 H.45

-------------------

Beyrouth le 28 Février 1925 à 16 Heures
A.F.L. à Guerre

-----------

Le voyage à Tripoli du Haut-Commissaire a provoqué un enthousiasme sans précédent.-

La Syrie est calme;é

Sur la frontière nord 3 agressions par petites bandes ou malfaiteurs.-

2°/Le soulèvement dans le Kurdistan parait prendre de l'extension.-Les Turcs ont bombardé par avion les villages du cheik Said et concentrent des troupes sous le commandement Kialun (im) pacha-commandant la 2°division d'Infanterie de Bitlis .- des troupes ont quitté NISSIBIN - DJEZIREH - IBN - OMAR.- Dans tous les vilayets orienteux l'état de siége a été proclamé.é

Sur le territoire de la 5° région militaire de Koniah se fait une mobilisation partielle intéréssant les classes 1310 à 1315 .-

.................................

Dup E 339 9 7

132

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

# TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA bis

D—

N 137

E 911 .9

CH

ANGORA, le 4 mars 1925,

Transmis par CONSTANTINOPLE le 6 22.40

reçu le 7 à 4 h.10

Je me réfère à mon télégramme N° 132.

Le Président de la République, qui suit personnellement, en qualité de généralissime, les mesures militaires prises, me demande quelle importance il faut attacher aux renseignements du Directeur du Chemin de fer Alep. "Aucune, lui ai-je répondu, car le Haut-Commissaire en Syrie aurait lui-même prévenu."

Communiqué BEYROUTH./.

MOUGIN

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

**DUPLICATA**

157

B

E. 311.3.

R

N° 141

ANGORA, S.D. S.H.

Transmis par CONSTANTINOPLE, le 7 Mars 1925 à 22 h 30

reçu le 8 " à 4 h.

Le Général Kemal Eddine Sami-Pacha, Ambassadeur de Turquie à Berlin, appelé en raison du mouvement (insurrectionnel) est arrivé ce matin à Angora.

C'est certainement l'homme à poigne qu'il faut pour mener la répression. Mais sera-t-il bien nécessaire de lui donner ce commandement? Lui-même ne le pense pas.

Avec les 30.000 hommes qui vont être envoyés sur les lieux, la concentration sera au moins de 50.000 hommes, beaucoup plus qu'il n'en faut. Mais, le Gouvernement ne veut pas courir d'aléa: c'est pourquoi il voit grand et ne reculera devant rien pour étouffer toutes les réactions.

Les transports par chemins de fer ont commencé aujourd'hui, mais s'arrêteront pour reprendre plus activement et sans arrêt dans quelques jours ./.

MOUGIN

# له عەممانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی*

بەشی پێنجەم

ئەمەش پاشماوەی وتارەکەی شا فەیسەڵە کە پێشتر ئاماژەی پێ درا، بەم جۆرەی دەهێنینەوە و دوای ئەوەش قانوونی زمانە ناوخۆییەکان دەخەینەوە بەرچاوان.

" گومانی تێدا نییە هەر یەکە لە ئێوە دەزانن کە دەوڵەتی عێراق کەرتکردن و جوێکردنەوە قبووڵ ناکات و ئەو بە کۆی گشتییەوە بووەتە یەک بەشی دابەشنەکراو. ڕێڕەوی حکوومەتی نیشتیمانی هەر لە دامەزرانییەوە تا ئێستا و تا هەتا هەتاشە هەر دەمێنێ، دادوەری لەناو تاکەکانی گەلدا بڵاو دەکاتەوە و ئارەزووەکانی دابین دەکا تا هەموویان دەبنە کارگە بۆ چاکەی نیشتیمان و قازانجی، لەمانە قانوونگەلێکی داناوە بەپێی ئەوە ئازادیی فێربوونی بە زمانە ناوخۆییەکان داوە و هەروەها ئاخاوتن بەو زمانانە لە دادگاکاندا. کورد بە زمانی خۆی دەخوێنێ و فێر دەبێ و هەروەها عەرەبیش و تورکیش، واتە هەر یەکە بەو زمانە فێر دەبێ کە زۆرینەی لیوایەکی پێ دەدوێ. داوونەریت و ئاین و ئاینزاکانیش هەروەک پێشتر کراوە ڕێزیان لێ دەگیرێ. باری سیاسیی وڵاتەکەشم چەسپاوە و دەستنیشان کراوە و بواری ئەوە نەماوە دەستکاری بکرێ و بگۆڕرێ. لەبەر ئەمە پێویستە تاکەکانی گەل هاوکاری لەگەڵ حکوومەت بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی گشتی. ئەگەر کەسێکی لاڕێ لەم ڕێبازە نموونەییە بینرا ئەم لاڕێبوونەی وەک لاڕێیی کوڕی نووح دەبێ کە باوکی بانگی کرد. من کە ئەمانەم گوت بۆ دڵنیایی گەلەکەم بوو لەو پایە سیاسییەی وڵات بەدەستی خستووە ، تەنیا هەڵماڵینی قۆڵی دڵسۆزی نەبێ بۆ گەشە پێدانی نیشتیمان لە بوارەکانی ئابووری و کشتوکاڵ و بازرگانیدا، هیچی ترتان لەسەر نییە، بۆ ئەوەی هەنگاوە سیاسییە فراوانەکانی لەگەڵ ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتییدا تەبا بێ ".

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

## قانوونی

## زمانە ناوخۆییەکان - ژمارە ( ٧٤ ) ی ساڵی ١٩٣١

ڕۆژنامەی فەرمی " الوقائع العراقیة " لە ژمارە ٩٨٩ ی ١ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١ دا (قانوونی زمانە ناوخۆییەکانی) لەسەرەوە ئاماژە بۆکراوی بڵاو کردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئێمە مەلیکی عێراق فەرمان دەدەین دوای پەسندکردنی ئەنجومەنی نوێنەر و پیاوماقووڵان بە دانانی ئەم قانوونە:

مادە (١) حوکمەکانی ئەم قانوونە لەو قەزایانەدا کاری پێ دەکرێ کە لە مادده ٣،٢ دا ناویان براوە.

مادە (٢) زمانی کوردی لەم قەزایانەی خوارەوەدا دەبێتە زمانی دادگاکان:

| | |
|---|---|
| لیوای مووسڵ | أ ـ ئامێدی، ب ـ زاخۆ، ج ـ زێبار، د ـ ئاکرێ. |
| لیوای هەولێر | أ ـ کۆیە، ب ـ ڕانیە، ج ـ ڕەواندز. |
| لیوای کەرکووک | أ ـ گل، ب ـ چەمچەماڵ. |
| لیوای سلێمانی | أ ـ سلێمانی، هەڵەبجە، ج ـ شارباژێڕ. |

مادە (٣) دەشێ زمانانی کوردی یان عەرەبی یان تورکی ببنە زمانی دادگاکانی ئەم قەزایانەی خوارەوە:

أ- دهۆک، ب- شێخان، ج- هەولێر، د- مەخموور، هـ- کەرکووک، و- کفری. بڕیاری دادگاش بە باوترینی ئەو زمانانە دەدرێ.

مادە (٤) لەو قەزایانەدا کە لەسەرەوە ناویان هێنرا، دادگاییکراو لە هەر بارێکدا بێ بۆی هەیە:

أ- دادگایی بکرێ و بڕیارەکەی بە عەرەبی پێ ڕابگەیەنرێ، ئەگەر زمانی ماڵەوەی عەرەبی بێ.

ب- "مورافعە" سەرزارەکییەکان بۆ کوردی و عەرەبی و تورکی وەردەگێڕرێ و ڕوونووسی بڕیارەکەی دەدرێتێ. هەر کەسێکیش بۆی هەیە ، دەعواکەی یان داواکردنی بۆ دادگاکان لەو قەزا ناوبراوانەی سەرەوەدا یان بۆ ئەو دادگایانەی دەسەڵاتیان فرەوانترە، بە کوردی یان بە عەرەبی یان بە تورکی ئاراستە بکا.

مادە (٥) لەم قەزایانەی خوارەوەدا کە دەشێ پێوەندییەکان " نووسراوەکان"ی فەرمانگە هونەرییەکان و نووسراوەکانی نێو ناوەندەکانی لیواکان و وەزارەتەکان و نێو ناوەندی لیوای مووسڵ و قەزاکان بەعەرەبی بێ، زمانی فەرمی کوردی دەبێ.

لیوای مووسڵ ١- ئامێدی، ٢- ئاکرێ، ٣- دهۆک، ٤- زاخۆ، ٥- زێبار.

لیوای هەولێر ١- هەولێر، ٢- مەخموور، ٣- کۆیە، ٤- ڕانیە، ٥- ڕەواندز.

لیوای کەرکووک ١- چەمچەماڵ، ٢- گل.

لیوای سلێمانی ١- سلێمانی، ٢- هەڵەبجە، ٣- شارباژێڕ.

مادە (٦) زمانی خوێندن لە هەموو قوتابخانە بەرایی و سەرەتاییەکان لەو قەزایانەدا کە لەم قانوونەدا ڕوون کراونەتەوە بە کوردی یان بە عەرەبی یان بە تورکی دەبێ بەپێی ئەو زمانەی تێیاندا باوە.

مادە (٧) هەر کەسە و دەتوانێ سەر لە شوێنە فەرمییەکان بدا بە زمانی عەرەبی و وەڵامیشی پێ وەربگرێ. هەموو نووسراوەکانیشی بە یەکێک لەو زمانانەی لە مادە پێنجدا هاتووە و هەر بەو زمانەش وەڵام دەدرێتەوە.

مادە (٨) زمانی کوردی لەو قەزایانەی لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێردا کە لەم قانوونەدا ڕوون کراوەتەوە بەم شێوەیەی ئێستایدا. لە ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم قانوونەوە تا ئەو ساڵەی خەڵکی ئەم قەزایانە شێوە زمانێک هەڵدەبژێرن و لەسەر بەکارهێنانی ڕێک دەکەون، دەشێ شێوەزاری ئەم لیوایانە لە قەزاکانی لیوای مووسڵدا بەکار بهێنرێ.

مادەی (٩) هەموو وەزیرەکان، هەر یەکەیان بەپێی دەسەڵاتی خۆی ڕاسپێرراون ئەم قانوونە جێبەجێ بکەن.

بەغدا لە ٢٣ ی مایسی ساڵی ١٩٣١ ی ڕێکەوتی ٦ ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٥٠

| | | |
|---|---|---|
| جەمال بابان | عەبدوڵڵا دەمەلۆجی | موزاحیم پاچەچی |
| وەزیری داد | وەزیری ناوخۆ | وەزیری دەرەوە |
| جەمیل ڕاوی | ڕۆستەم حەیدەر | عەبدولحوسەین |
| وەزیری بەرگری | وەزیری دارایی | وەزیری مەعاریف |

نووری سەعید

سەرەک وەزیران و جێگری وەزیری ئابووری و هاتوچۆس

فەیسەڵ

***

## بەشی نۆیەم

## **سلێمانی – هەولێر**

لە ٢٦ ی تەممووزی ساڵی ١٩٣١ دا سلێمانیم بەرەو هەولێر جێهێشت، بەسەر کەرکووکدا ڕەت بووم و لەڕێدا فەرمانبەرێک کە لەگەڵماندا بوو ئاماژەی بۆ ئاوێک کرد بەلایدا ڕەت بووین گوتی: "

شێخ مەحموود کەتیبەیەکی لە سوپای عێراقی لە سەردەمی دواشۆڕشدا لە ناوچەیەکدا گەمارۆ دا، ئاوی خواردنەوەی جگە لەمەی تێدا نەبوو، هەندێک لە پیاوانی شێخ پێشنیازی ژاراویکردنیان کرد، ئەو ڕەتی کردەوە ".

شەوێکم لە کەرکووک بەسەر برد و سەرلە بەیانیی ٢٧ بەرەو هەولێر بەجێم هێشت، بە ئۆتۆمبێلێک ڕووبەرەو باکوری ڕۆژئاوا بردینی بەناو دەشتگەلێکدا کە لەلایەن سروشتی زەوییەکانی و پشت بە باران بەستنی چێنراوەکانی زۆر لە دەشتەکانی بەلقای خۆرهەڵاتی ئوردن دەکرد، و بە فراوانیی ئاوەدانی و زۆریی دانیشتووانی لێی جیاوازە. گەورەترینی گوندەکانیشی کە پێیاندا ڕەت بووین تا ڕووباری زاب " زێی گچکە " ئاڵتوون کۆپری"یە و کەوتووەتە سەر ئەم زێیە ناسراوە کە لەم ناوەدا بە " زێی پردێ " ناسراوە (واتە شارۆچکەی پرد - ئاڵتوون کۆپری) (١) وشەی زاب- یش فارسییە لە دوو وشەی (زا - و - ئاب) پێکهاتووە و واتە: ئاو یان ڕووباری زا. ناوبانگیشی لە ناو کتێباندا فرەوانترە لەوەی لەناو کورداندایە.

ساڵی ٧٥٠ ی زاین، لەسەر ئەم ڕووبارەدا ئەبوومسلیمی خوراسانی بەسەر مەڕوانی کوڕی محەمەدی دواجێنشینی (خەلیفە) ی ئومەوییاندا سەرکەوت و دەوڵەتی ئومەویی لەناو برد. ئەم سەرکەوتنەش کاریگەرییەکی نەرێنیی لە ژیانی سیاسیی عەرەبدا هەبووە، کە دانیشتووانی ڕۆژهەڵات لە جگە لە عەرەبەکان، دەوڵەتی عەباسییان، کە لەسەر شانی ئێرانییان و لەسەر سنووری وڵاتیاندا دامەزرا، کردە بیانوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسی وڵاتیان ڕێکبخەن، ئەنجامەکەی ئەوە بوو چەندین دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاسیای بچووک و ئێران و ناوەڕاستی ئاسیادا لە کورد و فورس و دەیلەم و تورک پێک بێت و بەوەش ئەستێرەی عەرەب ڕووی لە ئاوابوون کرد و ئینجا بەهاتنی تەتەر بۆ بەغدا کشانەوەیەکی تەواو بەخۆیدا کشایەوە. پانیی ئەم ڕووبارە لێرە (٧٠) یاردە و درێژییەکەی (١٩٠) میلە و لە چیاکانی لاهیجانەوە لە کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ.

بەسەر پردێکی درێژدا چووینە ناو شارۆچکەکە و ئەو تاکە شەقامەمان بڕییەوە کە لە باکوری خۆراوایەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات بە ناویدا دەڕوا و خانووەکانیانمان بینی کە لەسەر بەردگەلی نزمدا بنیات نراوە بە کۆمەڵیانەوە دورگەیەک پێکدەهێنن ڕووبارەکە دەورەی داوە. شارۆچکەکەش ناوەندێکی بازرگانیی قەزای کۆیەیە کە ناردەکانی ئەم و ناردەکانی " تەقتەق " بەبەلەم بۆ بەغدا دەگوێزرێنەوە. دانیشتووانە تورکمانەکەی پاشماوەی سەربازە تورکەکانن کە موعتەسیم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیدای کردوون. دوای ئەوەی نیو سەعات لە شارۆچکەدا ماینەوە بەسەر پردێکی ترەوە لێی دەرچووین و درێژەمان بە ڕێکردنی بەرە و باکوری خۆراوامان دا، تا گەیشتینە (هەولێر)، کە (٦٤ میل) لە کەرکووکەوە دوورە. لەوێ لەگەڵ هەندێک لە مامۆستایانی قوتابخانەی (ئامادەیی ناوەندیدا) کۆبوومەوە و لەگەڵیاندا چووم بۆ سەردانی کوچک مەلا ئەفەندی " ئەبو بەکر " لە تەلاری دەرەوەی شاردا. مەلا لە بنەماڵەیەکی دەسڕۆی کوردەکانی شار و دەوڵەمەندانیەتی، پیاوێکی کامڵی کورتەباڵا، تەکیەیەکی دامەزراندووە وانە بە فەقێکانی دەڵێتەوە و لە سامانی

تایبەتییەوە خەرجیی بۆ بڕیونەتەوە. لە تەلاری مەلاشەوە گەڕاینەوە یانەی فەرمانبەران، لەو یاریگای " تێنس " هدا کە ئەندامانی یانە دروستیان کردبوو، چاوم بە قازییەکی کورد کەوت جبە و عەمامەکەی دادەنێ و " ڕێکت " هکە بەدەستەوە دەگرێ و بە خۆشییەوە دەچێتە ناو وازییەوە.

سەرلە ئێوارە چووم بۆ تەماشای تیپی نواندن بزانم چی دەکەن کە تازە لە بەغداوە هاتبوون و ئارەزووی گەل بەرامبەریان وەک ئارەزووی خەڵکی سلێمانی بوو، زۆربەیان ناڕەزاییان بەرامبەر هاتنیان دەردەبڕی چونکە نواندن بە زمانی کوردی نەبوو، هەروەها ئەم جۆرە نواندنانە لاوان بەرەو بەدڕەوشتی دەبا و داهاتیان هەڵدەلووشێ. ڕۆژی دووەم بە بازاڕی شاردا ڕەت بووم و دەستکردە مسەکانم بینی کە زۆربەیان دەفری ناو ماڵ بوون ئینجا لامدایە خانەی حکوومەت، کە بینایەکی پتەوی جوان بوو، فەرمانگەی دیگەی حکوومەتی بەخۆوە گرتبوو و کاروباری فەرمیی تێدا بە کوردی و عەرەبی بەڕێوە دەچێ. لێرەشەوە بە قوتابخانەدا ڕەت بووین و لەبەرامبەری تەلاری حکوومەتدا بوو و ئینجا گەڕاینەوە بۆ ماڵی مامۆستا ڕەفیق حیلمیی برادەرمان کە لەم سەردانانەدا هەر لەگەڵمدا بوو و لە ماڵیدا لە دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگەوە گوێمان لە گۆرانیی کوردی بوو، یەکێکیان مەلا کەریم بوو و گۆرانییەکانی بەشێوەزاری کوردیی باشوور و ئەوی دییان عەزیز ئاغا بوو گۆرانییەکانی بەشێوەی کرمانجیی باکور بوو.

## هەولێری مێژوویی

هەولێر لە ناوەڕاستی دەشتێکی بەریندایە و بە بەرزاییی گەورە و گچکە دەورە دراوە و چیاگەلی کوردستان بەری گرتووە و ئەگەر ئەو قەڵایە نەبوایە کە لەسەر گردێک دروست کراوە و کەلاوەکانی شاری خواوەندان " عەشتار " دەشارێتەوە، لە توانستدا نەدەبوو لە دوورەوە ببینرێ. ئەم شارەی ئێستا دوو بەشە، سەروو، کە قەڵا دەگرێتەوە و خواروو ئەویش بەشی ئاوەدان و ئاپۆرەکەیەتی و دانیشتووانی سێ ئەوەندەی دانیشتووانی بەشی سەرووە و زمانی سەرەکیی شارۆچکە کوردییە، بەڵام زمانی هەندێک لە دانیشتووانی، تورکیی ئازەرییە. لە قەڵا بەولاوەش شوێنەواری تری تێدا نییە و هەندێک شوێنەواری ئیسلامی لەبەشی خوارەوەدا هەیە، زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی موزەفەرەددین گوێکبۆری ـ ی یەک لە میرەکانی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی. مێژووی هەولێر زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر و ناوەکەی لە وشەی " ئەربا ئیلۆ " ی ئاشوورییەوە وەرگیراوە، واتە شاری چوار خواوەندان. لە سەردەمە جوداکانی دەمی فەرمانڕەوایی ئاشووری و میدی و فورس و پرتییەکاندا هاتووە و دوای ڕووخانی ئاشوورییانیش بووەتە پایتەختی هەرێمێک لە مێژوودا بە " ئەدیابین " ناسراوە.

لە ساڵی ٨٣ ی پ. زاینیشدا، تیگرانی یەکەمی شای ئەرمینیا هێرشی بردووەتە سەر ئەدیابین و ئەربێللا، بەڵام پرتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕۆمان ئەم بێ چاوڕووە تازە پێگەییوەیان دوای دە ساڵ لە چوونە ژوورەوە دەرکردووە (ئەمەش ئەو دەستەواژەیە مێجەرسۆن پەسنی پێ دەکا) .

لەساڵی ٦٢ ی پ. زاینیشدا تیگرانی پێنجەم، ئەو شایەی ئیمپراتۆر " نیرۆ " ی ڕۆمانی لەسەر ئەرمینیای دامەزراندبوو، هەلی لەوێ نەبوونی ولکاسیۆس-ی یەکەمی شای پرتی ـ ی بە هەل قۆزتووەتەوە و هێرشی بردووەتە سەر و خەڵکەکەی لە ڕادە بەدەر تەنگەتاو کرد و بۆ ولکاسیۆس ـ یان نووسی و سکاڵای بارودۆخەکەیان لەلا کرد و هەڕەشەی چوونە پاڵ ڕۆمانەکانیان لێ کرد ئەگەر لەم زۆرداره ڕزگاریان نەکا و ولکاسیۆس بەپەلە بە هانای سکاڵایانەوە هات و جەنگی لەگەڵ ئەرمینیا و ڕۆمان ڕاگەیاند و (مانوباز) ی شای ئەدیابینی بە سەرکردە دانا و تیگرانی دەرکرد و هێرشی بردە سەر وڵاتەکەی. ئەدیابین دوای ئەوە وەک خاڵێکی ناکۆکی مایەوە تا فورسەکان دەرکەوتن و دەسەڵاتی پرتی و ڕۆمانەکانیان تێدا لەناو برد.

دوای ئەوە ئەسکەندەری مەکدۆنی لە دەشتەکەیدا بەسەر دارا " داریۆس " ی شای فارسدا سەرکەوت و گرێی کوردیی کردەوە کە دەگوترا ئەوەی بیکاتەوە دەبێتە گەورەی ئاسیا. ئینجا ئەردەشیری ساسانی گەڕاندییەوە و لە ڕۆژگاری ئەودا پەرەی سەند و بازرگانیی فراوان بووەوە و بەوجۆرە مایەوە تا عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا هاتن و هێرشیان بردە سەر فارس و ڕووخاندیان. کاتێک سەڵاحەدین وڵاتەکەی فرەوان کردەوە و دەوڵەتی ئەتابەگیی زەنگیی بە جەنگ و پێکهاتنەوە لەناوبرد، هەولێر لەو وڵاتانە بوو کەوتە دووی سوڵتان و لەشکرێکی نارد بەشداریی لە شەڕی حتین ـ ی بەناوبانگدا کرد و سوڵتانی تێدا بەسەر دەوڵەتانی خاچپەرستاندا سەرکەوت.

## گرنگیی بازرگانیی هەولێر

حکوومەتی عێراق هەوڵ دەدا لە ڕێی ڕەواندز و ساوجبلاغ " مەهاباد " ەوە هەولێر بە شاری تەورێزی ئێرانەوە ببەستێتەوە. بۆ ئەوەی گوازتنەوەی کاڵای عیراقی عەرەبی و کوردستانی باشوور بۆ تەورێز و باکوری خۆراوای ئێران ئاسان بکات و ئەوانەشی لێوە بهێنێ کە عێراق بازرگانییان پێوە دەکا لە بەروبووی ئازەربایجان و خۆرهەڵاتی کوردستان. ئەم ڕێیە هەولێر بە لێوارەکانی سووریاشەوە دەبەستێتەوە و بەمەش بازرگانییەکەی گەشە دەکات و بازرگانیی عیراقی پێ دەبووژێتەوە.

## لیوای هەولێر

یەکێکە لە لیوا کوردە دەوڵەمەندە فرەوانەکان و لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەوە بەم جۆرەی خوارەوە بەسەر قەزا و ناحیەکاندا دابەش بووە:

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| هەولێر " ناوەندی لیوا " | قوش تەپە، شەقڵاوە، دێراحەریر |
| مەخموور | مەخموور، گوێڕ، کەندیناوە |
| ڕەواندز | باڵەک، برادۆست |

ڕانیه ناودەشت، چناران

کۆیە (کۆی سنجەق) تەقتەق

دابەشکردنی کارگێڕی بەو شێوەیەی سەرەوە زۆر ئاسانکاری بۆ خوێنەر دەکا بۆ زانینی ئەو شوێنانەی لەم گەشتەدا باسیان لێوە دەکرێ.

## شەقڵاوە ۲۹ی تەمووز

ئەم بەیانییە هەولێرم بەرەو شەقڵاوە بەجێ هێشت لەگەڵ شێخ حەسەنی بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکەی و مامۆستا ڕەفیق حیلمی و لاوێکی تر، بەئۆتۆمبێلێک کە بە دەشتی هەولێردا بەرەو باکوری خۆرهەڵاتی بردین، تا گەیشتینە شیوی بەستۆڕە کە ناحیەی شەقڵاوە لە سنووری هەولێر و دەشتەکان لە چیاکان جودا دەکاتەوە. یەکەم گوندیش لە چیادا لێمان دەرکەوت " بانەمان " و قەڵاکەی بوو، ماڵەکانی لەنێوانی ۲۰ _ ۳۰ ماڵ دەبوو و ئاوەکەی زۆر " قسڵ " ی تێدایە، شوفێرەکە بۆ ئۆتۆمبێلەکەی بەکار نەهێنا و لەترسی بوونی خوێگەلی تر ئێمەش لێمان نەخواردەوە.

دوای ئەوە ئۆتۆمبێلەکە هەر بەسەر چیای (پیرمام) ی بە دارمازوو و داربەڕوو داپۆشراودا سەردەکەوت کە بەرزییەکەی دەگاتە ۱۷۷۷ مەتر و چوارده پێچی پێمان کرد تا گەیشتینە خاڵێک دەیڕوانییە چیای خانزاد-ی دیسان بە دارمازوو و دابەڕوو داپۆشرابوو، ئینجا دەستمان بە شۆڕبوونەوە کرد بەرەو دۆڵی " کۆڕێ" کە لە دۆڵە ئاوەدانەکانە و ژمارەی گوندەکانی ۱۷ گوندن و ماوان و کۆڕێ-م لێ ناسین و گوندێک و گوندێک ماوەی نیو سەعات لەیەک دوور نین و هەمووشیان سەوزن و دارستانی چڕ دایپۆشیون و ئاوی سازگاریان بە نێودا دەڕوا. بینەر لە خۆرهەڵاتی ئەم دۆڵەدا چیای " سەفین " دەبینێ کە لە چیا نزیکەکانە و بەو زنجیرە سەرەکییە دادەنرێ کە چیای پیرمام - ی لێ دەبێتەوە و بەرزترین لووتکەی دەگاتە ۱۹۷۰ مەتر و دەڵێن پڵنگی لێیە، بەڵام بەدوایدا نەچووم، کورد بەفر کۆدەکەنەوە بۆ بەکارهێنانی هاوین. هەر لێرەشەوە دۆڵی "کۆڕێ " دەست پێ دەکات و لە گوندی دێرێ لە خۆراوادا کۆتایی دێ. گوندی کۆڕێمان ڕەت کرد و دوای چەند چرکەیەک گەیشتینە گوندی " گردەچاڵ " و لەوێوە تا شەقڵاوە سۆسن و سماق بەزۆری بە دیار دەکەوتن و شێوەی بەردەکان گۆڕان و ڕەنگیان سوور بوو بۆیە کورد بەم چیایە دەبێژێ (سوورک) واتە چیای سوور. بەلاپاڵیدا و بە لاپاڵی (چیاڕەش)دا ڕەت بووین ئینجا سەعات ۱۱:۳۰ چووینە ناو شەقڵاوە و یەکسەر چووینە سەردانی سەید عەبدوڵڵای کوڕی سەید عەبدولقادری یەک لە ناودارانی کوردستانی باکوری بەڕێوەبەری ناحیەکە، بە ڕوویەکی خۆش پێشوازیی لێ کردین و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین ئینجا ڕێمان لێ خواست سەر لە " قادر بەگی میران " ی پیاوماقووڵی ناحیەکە بدەین و بە دەنگمانەوە هات و دوای ئەوەی گەلێکی زۆر لێ کردین بگەڕێینەوە بۆ نانی نیوەڕۆ. بەناو دارەکاندا ڕۆیشتین و گوێمان لە قەوانی کوردی دەگرت تا

گەیشتینە ماڵی پیاوماقووڵ و خزمانی لە حەوشەیەکی چوارگۆشەدا پێشوازییان لێ کردین، لە ناوەڕاستیدا دەریاچەیەک دروست کرابوو و بە جۆگەلەیەکدا ئاوی سازگاری بۆ دەهات، دارێک لە جۆری " عزب " سێبەری بۆ کردبوو دەڵێن تەمەنی (٥٠٠) ساڵە و تیرەکەی لە نێوان مەترێک و دوو مەترە و دوای حەسانەوە مامەکانی پیاوماقووڵ هاتنە لامان کە عەزیز بەگ و عەلی بەگ بوون و دوای ئەوانیش عومەر بەگی کوڕی کە تەمەنی (١٣) ساڵانە. پێیان گوتم عەزیزبەگ مێژووی بنەماڵەکەی باش دەزانێ، هەلی ئامادەبوونیم قۆزتەوە و تکام لێ کرد ئەوەی لەبارەی مێژووی بنەماڵەکەیانەوە دەیزانێ بۆمی باس بکا و میهرەبانیی نواند و ئەم زانیارییانەی بۆ باس کردم:

" بنچینەی بنەماڵەکەمان دەچێتەوە سەر ئەردەڵانییان، لە نیشتیمانیانەوە لە کوردستانی ئێران بەر لە ٤٥٠ ساڵ کۆچیان کردووە و یەکەم کۆچەریشیان (ئەمبێز) بووە، بەهۆی ناکۆکیی لەگەڵ خزمێکییەوە کۆچی کردووە و هاتووەتە کوردستانی باشوور و لە " بالیسان " ی (٣٠) کیلۆمەتری دوور لە شەقڵاوەدا نیشتەجێ بووە. سێ کوڕی بووە گەورەکەیان (مەحمەل) و دووەمیان (یووسف) و گچکەکەیان (ئاودەڵ) بووە. بابەکە توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی لە خاکی عەشیرەتی (خۆشناو) لە ناحیەی شەقڵاوەدا فرەوان بکا. کە کۆچی دوایی کردووە عەشیرەتەکە بوونە سێ بەش و دوای سێ کوڕەکە کەوتوون و دواتر پێیان گوتراوە میرمەحمەلی و میر یووسفی و میرئاودەلی و هەر لەوساوە سەرۆکایەتیی هەمووان بەدەس میر مەحمەلی براگەورەوە بووە. لەسەردەمی عوسمان بەگی باپیریشماندا محەمەد پاشای کۆرەی میری ڕەواندز هێرشی بردووەتە سەر (بالیسان) و باپیرمانی گەمارۆ داوە، هانای بۆ بابانەکان بردووە، کە هەلی ساردیی قووڵی نێوانیان و میری ڕەواندزی قۆزتووەتەوە، بەڵام بەر لە گەیشتنی فریاگوزاریی بابانەکان ئازووقەی تەواو دەبێ و تەنیا بەو مەرجەی سەروەریی بەسەر عەشیرەتی خۆشناودا بپارێزێ، خۆی بەدەستەوە دەدا، کە گەڕانەوە بۆ ڕەواندزیش میر بۆنی (غەدر) لە باپیرمان دەکا فەرمان دەدا لەگەڵیدا توند بن، کە دەگەنە شارۆچکە دەیکوژێ، موڵکەکانیشی دەخاتە سەر میرنشینییەکەی و مەحموود بەگی کوڕی عوسمان-یش لە تۆڵەکردنەوە لە میری ڕەواندز وازناهێنێ و یارمەتیی لەشکری تورکی دوژمنی میر دەدا و شەقڵاوە دەگەڕێنێتەوە بەڵام تورکەکان دەستیان بەسەر کوردستاندا داگیر کرد و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا میرنشینییە کوردییەکانیان لەناوبرد و ڕژێمەکانیان هێنایە گۆڕێ و لە سەردەمیاندا هیچێکی وا ڕووی نەداوە شایەنی باس بێ ".

مخابن چونکە میران قادر بەگ لە دەرەوەی شارۆچکە بوو نەمانبینی. گەڕاینەوە و گەیشتینە ماڵی سەید عەبدوڵڵای خانەخوێمان و لە دەرگەی باخچەکەیدا چەند کەسێکمان لە دەستوپێوەندەکانی بینی جلوبەرگیان لە جلی کوردەکانی شەقڵاوە جودا بوو و پێشمان کەوتن بۆ ناو باخچەکە، کە سەید عەبدوڵڵا و عەزیز بەگی کوڕە تەمەن (١٨) ساڵییەکەی پێشوازییان لێ کردین و دوای کەمێک حەسانەوە نان دانرا و لەسەر خواندا هەر یەکەو کاسەیەکی دۆی لەبەردەمدا بوو کە خواردنەوەی نەتەوەیی کوردستانە، هەرکوێیەک چوویت و لێی مایتەوە دەیبینی. لەبەر

ئەوەی خۆشتر وایە باسی خواردن بکرێ، بە پرسیاری جوگرافی لەبارەی ناحیەکەوە قسەم دەست پێ کرد، ئەمە وەڵامەکانیانە:

## شەقڵاوە

ناوەندی ناحیە و شارۆچکەیەکە لەلاپاڵی چیای سەفین و ژمارەی دانیشتووانی خۆ لە ١٨٠٠ کەس دەدا، ١٥٠٠ یان کوردی خۆشناون و ٣٠٠ یان کلدان و دیانن. خەڵکەکەی هاوینان دەچنە باخچەکان و کار لە وشککردنەوەی میوە و دروستکردنی مرەبا و زستانان دەگەڕێنەوە ماڵە میچ نزمەکانیان، شارۆچکەکە ئەگەرچی چیاییە، دانیشتووانی ئەوەندە دانەوێڵە دەچێنن بەشی ئازووقەیان بکا. بەناوبانگترینی بەروبوومی شەقڵاوە بزن و دارە، کە بۆ هەولێریان دەنێرن، بەڵام مووی مەرەز ، زۆری گل دەدەنەوە، کلدانەکان دەیبەن و جلی کوردیی نەتەوەییی لێ دروست دەکەن و لە شارۆچکەکەدا لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییی کوڕانی پێنج پۆلی بەولاوە هی تری لێ نییە و ٨٠ قوتابی و ٤ مامۆستای هەیە و دەڵێن لە چیاکانی نزیک شارۆچکەکەدا کانزای لێیە لێیان نەکۆڵراوەتەوە، بەبایەخترینیان نەوت و خەڵووزی بەردین و قوڕقوشم ـ ن. ناودارترین شارۆچکەش لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوەدا ڕەواندزە، زۆرم ئارەزوو لە سەردانی هەبوو بەڵام لەبەر ناڕێکیی ڕێی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل، نەمتوانی و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم دا زانیاریی تەواو لە بارەی قەزاکەیەوە لە کەسانێک وەربگرم کە زانیاریی فراوانیان هەبوو.

## شەقڵاوە – ڕەواندز

ئەوەی مەبەستی ڕەواندز بێ، لەلای باکوری خۆرهەڵاتییەوە شەقڵاوە جێ دەهێڵێ و بە سیساوەی یەکەم گوندی ئاوەداندا ڕەت دەبێ، کە دەکەوێتە دەشتێکی فرەئاو و دارستان چڕ و درەختی عەرعەر چیاکانی دادەپۆشن، دانیشتووانی لە عەشیرەتی خۆشناون، ژمارەی ماڵەکانی (١٥٠) ماڵە و سەرۆکیان عەبدولڕەحمان بەگی برازای میران قادر بەگە. ئینجا دوای نیو سەعات بەتەک حەریرەوە ڕەت دەبێ کە دەکەوێتە تەختاییەکی زەوی لەلاپاڵی شاخی (چیاڕەش) و ژمارەی ماڵەکانی ٢٠٠ ماڵە و دەی ئەم ماڵانە ئاشوورین و ئەوی تر خۆشناون و کۆی ژمارەی ماڵە خۆشناوەکان بە دوو هەزار دادەنرێن و ئەم گوندە مێژوویەکی پرشنگداری هەیە، کە بەر لەوەی سوڵتان سولەیمانی قانوونی عێراق داگیر بکا، شارۆچکەیەکی گەورە بووە، میرانی کوردی سۆران کردوویانەتە پایەتەختی خۆیان و سولەیمان بەگی یەک لە میرەکانی سەردەمی عوسمانی بووە و چەندین جار جەنگی تورکی کردووە و بەزاندوونی و حکوومەتی بەغدا بە فرۆفێڵ نەبێ نەیتوانیوە لەناویان ببا، کە خزمەتکارەکەیان ڕاسپاردووە حەجکردنی ماڵی خودای لا پەسند بکا، کە ئەوەی کرد و ڕووی کردە بەغدا تورک گرتیان و ژاریان لە خۆراکی کرد و مرد، کە هەواڵەکە گەییە خانزادی خوشکی، خزمەتکارەکەی کوشت و تەرمەکەی نایە ژێر بناغە و بنیاتی لەسەر نا، ئینجا

بڕیاری بەرگریکردنی تورکانی دا و دەستی بەسەر ڕەواندز و شەقڵاوەدا گرت و لە قەلایەکەوە یاخیبوونی ڕاگەیاند، کە لەسەر چیای حەریری بنیات نابوو و دانیشتووان بەنۆرە خواردنیان بۆ بردووە. شەقڵاوەش دەدرێتە پاڵ (شا قولی بەگ) ی باپیری کە یەکەم بنیاتنەری بووە و ناوی ئێستای لەناوەکەیەوە وەرگیراوە.



کوڕانی سەید تەها بە جلی نیشتیمانیی تایبەت بەعەشیرەتی شکاکی کوردییەوە

لە کۆی ئەوانەدا کە باسی بۆ کردم، لە چیای حەریردا پەیکەری کەسێک هەیە هێشتا ڕاستییەکەی نەزانراوە. دوای گوندی حەریر ڕێیەکە بەرەو دۆڵی گەلی عەلی بەگ شۆڕ دەبێتەوە، واتە دۆڵی عەلی بەگ کە دۆڵێکی جوان و ئاوی زۆر و سازگارە، زێی ڕەواندز یەک لە لکەکانی زێی گەورەیە. درێژیی دۆڵەکە ٢٣٠ میلە، ئەو ڕێیەی ئێستای بە ١٧ میلیدا دەڕوا. ئینجا بەسەر چیای سپیلک- دا ڕەت دەبێ، کە بەرزاییەکەی دەگاتە ١١٢٣ مەتر لە سەر ڕووی دەریاوە، ئینجا دەگەڕێتەوە و بۆ دەشتی باتاس کە بە کشتوکاڵ و ئاوزۆری بەناوبانگە شۆڕ دەبێتەوە، ئەم ڕێیەش دارستان و مێرگی زۆر لێیە. بەر لەوەی ڕاگوزار بگاتە باتاس لەدووریی پێنج خولەکی باکوری ڕێگەکەوە گوندێکی گچکە دەبینێ ناوی "باپشتیان " ە، ئەم گوندە شانازی بەوەوە دەکا کە نیشتیمانی باپیرانی محەمەد پاشای میری ڕەواندزە، ژمارەی ماڵەکانی دەگاتە ٥٠ ماڵ و ڕێگاکە لەوێوە دەبێتە دوو لک و لکێکیان بەرەو باکور بۆ دیانان دەچێت و ئەوی دی دوای ئەوەی بە گوندی جوندییان ـ دا تێدەپەڕێ، بەرەو ڕەواندز دەچێ لە باشوور. لە باپشتیانەوە ڕێیەکی کە جودا دەبێتەوە دەگاتە دوو گوند لە دەشتی باتاس کە دێراحەریر ـ ی ناوەندی ناحیەکەیە و گوندی باتاس، زۆرینەی دانیشتووانی یەکەمیان ئاشوورین و دووەمیان کوردن.

## ڕەواندز

ناوەندی قەزایە، لە دووریی ٧٥ میل لە هەولێرەوە لە لاپاڵی چیایەکی لاکێشەییدایە، لایەکانی لە ناو چیا بەرزە بە دارستانی گوێز و بەڕوو داپۆشراوەکاندا دوور دەکەونەوە. ئاوی زۆر لێیە و

باخچەکانی دەدێرێ، کە کەم ماڵ هەیە تێیدا نەبێ. دانیشتووانی لە عەشیرەتە کوردە جوداجوداکانن، کەمی وایان تێدایە کێشەیان لە نێودا نەبێ، هەندێک لەم عەشیرەتانە لە ناوچەی هەکاریی کوردستانی باکورەوە کۆچیان کردووە و لایەنگیرانی سەید تەهای شەمدینانین و هەندێکیشیان لە " سنە و سابلاخ " ی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هاتوون. ژمارەی ماڵەکانی شارۆچکە دەگاتە ٥٦٥ ماڵە کورد و لەگەڵ حەوت ماڵە جوو. شارۆچکەکەش پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە و مازووی بۆ هەناردە دەکات و مافووری لێ هاوردە دەکات و پێشبینیی ئەوە دەکرێ دوای تەواوبوونی کردنەوەی ڕێی خۆشکراوی نێوانی ئێرە و شارەکانی کوردستانی ڕۆهەڵات و باکور و ئازەربایجان باری بازرگانیی باشتر بێ.

شارەوانییەکەی کۆگایەکی دروست کردووە ئاوی لێ بە پاڵەپەستۆی با بەسەر حەوزگەلێکی بچووکی جودا جودادا دابەش دەکرێ، هەر حەوزە و چەند ماڵێک سوود لە ئاوەکەی دەبینن. ئەم حەوزانە بە بۆڕی بە کۆگا گشتییەکەوە بەستراونەتەوە. ڕەواندز دەبێتە دوو بەش: (١) قەڵا (٢) گوند، واتە: دێ ئەمەش پێشتر باسی لێوە کرا، بەڵام قەڵا، ڕووسەکان لە جەنگی جیهانیدا سووتاندوویانە و خەڵکەکە بایەخیان بە نۆژەنکردنەوەی نەدابوو تا دەست بە کردنەوەی ڕێی گشتی کرا و بە ناویدا ڕۆیی. ماڵە نوێیەکانی لە ٥٠ ماڵ پتر نین، لە نێو دار مێوە و تووداا بنیات نراون.

## ڕەواندز ڕێڕەوی عەشایەری کورد

عەشیرەتگەلی کوردی ڕەوەند بە ڕەواندزدا ڕەت دەبن، هاوین لە چیاکانی دەوروبەردا بەسەر دەبەن یان بەولاترەوە دەڕۆن و دەچنە ناو سنوورەکانی ئێران و لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا دادەنیشن، ئینجا کە سەرما تووشتر دەبێ دەگەڕێنەوە نیشتیمانی خۆیان، ئەو عەشیرەتانەی پێیدا تێدەپەڕن، سوورچی و خەیلانی و بۆڵی و ئاکۆ و باڵەک و ڕێشمەیی و هەرکی – ن. ئەمانەی دوایی بە هێز و سامانیان بە ناوبانگترینی عەشیرەتەکانن و ژمارەی چەکدارانیان تێدا لە ٦٠٠٠ کەمتر نییە، بەپێی: مفصل تاریخ العراق " جوگرافیای تێکڕایی عێراق " ژمارەی ماڵەکانی سوورچی بە سێ هەزار ماڵ دادەنرێ و خەیلانی بە دوو سەت و پەنجا ماڵ و بۆڵی بە دوو سەت و ئاکۆ بە هەزار ماڵ دادەنرێن. لەو پەڕی باکوری قەزای ڕەواندز لە ناحیەی برادۆستدا دوو عەشیرەتی برادۆست و شێروان دادەنیشن کە سەرژمێریان نزیکەی هەشت هەزار کەس دەبن.

## تاڤگەی بێخاڵ

لە باکوری ڕۆئاوا و سەعات و نیوێک دووری لە ڕەواندز، تاڤگەی بێخاڵ لە پاژنەی درەختێکی گەورەوە هەڵدەقوڵێ و بە خوڕییەکی گەورەوە دێتە خوارەوە بۆ ناو دۆڵێک قووڵاییەکەی ١٣٠ مەترە، لەم ماوەیەدا بە پێنج چیادا ڕەت دەبێ و پێنج تاڤگە پێکدەهێنێ و لە ناو دۆڵەکەدا هێدی دەبێتەوە و تێکەڵ بە ڕووباری ڕەواندز دەبێ. مستەر هاملتن – ی ئەندازیاری بەریتانی لە لێدوانێکدا

گوتوویەتی ئەم تاڤگەیە بەشی بەرهەمهێنانی ئەوەندە کارەبایە دەکا بەشی مووسڵ و هەولێر و ڕەواندز بکا.

بەناوبانگترینی گیانلەبەرانی ڕەواندز بزنە کێوی و کەروێشک و پڵنگ و ڕێوین، کە ئەمانە گیانلەبەرانێکن دانیشتووان قازانجی باش لە ڕاوکردنیاندا دەبینن و بۆیە هەر خەریکی ڕاوکردنیانن.

ڕەواندز لە سەردەمی عوسمانیدا پایەتەختی میرنشینییەکی کورد بووە و کۆر محەمەد پاشا، یەک لە میرە بەناوبانگەکانی بووە، چەندین قەڵای بنیات ناوە و ئاوی پێ گەیاندوون و تۆپی بۆ داناون کە تا ئێستا ماون و ناوی ئەویان لەسەرە. کاتێک کە عێراق و کوردستانی باشوور کەوتوونەتە بەر دەستی ئینگلیزەکان، ئەم قەڵایانەیان نوێژەن کردووەتەوە و دواتر حکوومەتی عێراق سوودی لێیان بینیوە و کردوویانەتییە مەخفەر و بەرهەڵستیی بزووتنەوەکانی کوردی لێیانەوە کردووە، هەر کاتێک ویستبێتیان شۆڕشی لە دژ بەرپا بکەن. ئێستا بەر لەوەی دەست بە باسکردنی کورتەیەک لە میرنشینیی ڕەواندز بکەم، وای بەباش دەزانم ئەم گوندانە لەبەر گرینگییان پەسن بکەم.

**باڵەکان:** گوندێکی گەورەیە لە دووریی دوو سەعاتی باکوری ڕەواندز، لە سەر یەک لە لکەکانی زێی گەورەدایە و ژمارەیماڵەکانی دەگاتە ٥٠٠ ماڵ و دانیشتووانی لە عەشیرەتی باڵەک ـ ن (١) و سەرۆکیان مەلا یووسف ئاغایە و لە کشتوکاڵ و مەڕوماڵات پەروەردە کردن بەولاوە کاری تریان نییە، ئەم گوندە شانازی بەوەوە دەکا پشتگیریی میر عیسای کوڕی کەڵووس ـ ی دامەزرێنەری میرنشینیی کوردیان کردووە کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنانیدا و چەسپاندنی پێی لە میرنشینییەکەیدا.

**هاودیان:** ئەمیش گوندێکی گەورەیە، لە دووریی سێ سەعاتەڕێی باکوری ڕۆئاوای ڕەواندزدا، لە لاپاڵی چیای بەڵەکییاندایە. ژمارەی ماڵەکانیان ٢٠٠ ماڵ دەبن و سەرۆکێکیان هەیە نازناوی " بەگۆک " ە و نیشتیمانی کەڵۆس ـ ی دامەزرێنەری میرنشینیی سۆرانە " میرنشینیی ڕەواندز نەک " یەهوودییان " وەک لە پەڕاوێزی شەرەفنامەدا نووسراوە، خەڵکەکەی کاریان کشتوکاڵ و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییە. گوندەکە گەلێک ئەشکەوتی لێیە و لە ناویاندا خانووگەلی کۆنی لێن، بە هەموویانەوە گوند پێکدەهێنن ".

**ئاکۆیان:** گوندێکی گەورەیە لە دووریی یەک سەعات لە خۆرهەڵاتی ڕەواندزەوە، لە ناو دوو گرداندایە و ژمارەی ماڵەکانی لەنێوان (١٨٠ ـ ٢٠٠) ماڵدایە، باخەکانی گوێز و خۆخ " هەشتاڵوو " و هەنار و توو دەیانڕازێنێتەوە و خەڵکەکەی کە لە ئاکۆیانن، کاری ڕەزەوانی و ڕاوە گیانلەبەری کێوی دەکەن. لە نزیکی ئەم دێیەشدا گوندی فەقێیان هەیە، کە لە باشووری ڕەواندزدایە و لەسەر لاپاڵی چیای " گورگ ؟؟! " دا کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٣٢٧٣ مەتر و باخ و ڕەزی ترێی زۆرە و

ژمارەی ماڵەکانی دەگاتە ١٢٠ ماڵ و ئافرەتێک سەرۆکایەتییان دەکا ناوی فاتمە خان – ە لە چل و پێنج ساڵی تەمەنیدایە، دەربەندی ئاکۆیان گوندەکە بە ڕەواندزەوە دەبەستێتەوە.

**دیانە:** گوندێکە لە دووریی سەعات و نیوێکی خۆرهەڵاتی ڕەواندز، لە دەشتێکی بەرینی بە چیا دەورەدراودایە، ئاوی کەمە و کەشی گەرم، ئینگلیزەکان کردوویانەتە فرۆکەخانەی خۆیان و کردوویانەتە ناوەندێکی ئاسوورییان و سوپای ئاسووریی پەیوەست بە خۆیان و ژمارەی ماڵەکانیان دەگاتە ٥٠٠ ماڵ و ئەفسەرێکی ئینگلیز کاروباری بەڕێوە دەبا لە پلەیی میرالای، هەروەها پۆلیسی بەریتانی، ژمارەی تیپی ئاسووریی تێدا ١٥٠٠ سەربازن. حکوومەتیش ئێستا بەتەمایە وا بکا ڕێیەکەی پێدا بچێتە ئێران.

## میرنشینیی سۆران

میرنشینییەکی کوردە لە سەدەی دوازدەی زایندا لە ناوچەی ڕەواندزدا هەڵکەوتووە و مێژووی پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک ناوی کەڵۆس بووە؟، لە گوندی هاودیاندا پەیدا بووە، کە مردووە سێ کوڕی جێ هێشتووە کە: عیسا و ئیبراهیم و شێخ وەیس بوون. عیسا دیارترینی براکانی بووە، ناوبانگی دەرکردووە و بە گوندە دراوسێکانیشدا بڵاوبووەتەوە و ئینجا بۆ(ئاوان) ی ناوەندی ناحیە پێشڕەویی کردووە، بۆ ئەوەی حاکمە زۆردارەکەی لەناوببا، لە ڕێدا خەڵکی باڵەکان لەگەڵی دەکەون و بە میری بانگ دەکەن و بەخت یاوەری دەبێ و حاکمی لە قەڵاکەیدا گەمارۆ دەدا، ئینجا بە زۆر دەیکاتەوە و بەوەش دوژمنەکەی لەناودەبا و لە هەموو ناوچەکەدا دەبێتە خاوەن دەسەڵات و شارۆچکەی حەریر دەکاتە پایەتەختی خۆی و دوای ئەوە دەست بە چەسپاندنی بناغەی میرنشینییەکەی دەکات، کە لە مردن نزیک دەبێتەوە ئامادەکاریی بۆ هەموو شتێک کردووە.

دوای ئەو، حەوت میر لە بنەماڵەکەی فەرمانڕەوایان کرد، دواترینیان میر عیزەدین شێری کوڕی سەیدی کوڕی شا عەلی بەگ بووە. لە سەردەمیدا، ساڵی ٩٤١ ی کۆچی/ ١٥٣٤ ی زاین، سوڵتان سولەیمانی قانوونی هاتووەتە هەولێر و میرنشینیی سۆرانی خستووەتە سەر هەولێر و میر عیزەدین شێری کوشتووە و جڵەوی کارەکانی داوەتە دەست میرێکی ئێزیدی کە ناوی حوسێن بەگی داسنی بووە. بەڵام هەر کە سوڵتان دەگەڕێتەوە لە عێراق، سۆران ڕادەپەڕن و میرنشینییەکەیان دەگەڕێننەوە، ئەوەش لە سەردەمی میر سەیفەددینی کوڕی میر حوسێنی کوڕی پیر بوداق بووە، کە حوسێن بەگی داسنیی خراپ بەزاندووە، دوای ئەوە سەرەڕای هێرشەکانی میرە کوردەکانی دراوسێ و دەست تێوەردانی هەردوو حکوومەتی تورکیا و ئێران، سۆران سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە، لە سەردەمی قولی بەگی کوڕی سولەیمان بەگدا دەسەڵاتی سۆران کەم بووەتەوە و حەریریان لەدەست دەرچووە و لەبەر سەختییەکەی، شەقڵاوەیان کردووەتە پایەتەختی خۆیان، کاتێک سولەیمان بەگی کوڕی چووەتە جێی، سنووری میرنشینییەکەی فرەوانتر کردووە و ساڵی ٩٩٤ ی کۆچی حەریری گەڕاندووەتەوە و دوای ئەوە فەرمانڕەوایی

سۆران لە هەڵچوون و داچووندا بووە تا ئۆغوز بەگ دەیگرێتە دەست و لەبەردەمی هێرشەکانی باباندا پاشەکشێ دەکا و پایەتەختەکەی بۆیان جێ دەهێڵێ و ڕەواندز دەکاتە ناوەندی میرنشینییەکەی. ساڵی ١٨١٠ ی زاین، مستەفا بەگی کوڕی ئۆغوز بەگ فەرمانڕەوایی ڕەواندزی گرتە دەست و هەمیشە لەگەڵ بابانەکاندا لە جەنگدا بووە و لە سەردەمیدا، دەسەلاتی سۆران دەستی بە فرەوانبوونەوە کردەوە، کچێکی لە بابانەکان خواست، بۆ ئەوەی ئەو جەنگانەی نێوانیان ڕابگرێ و کاتی ئەوەی ببێ میرنشینییەکەی ڕێکبخا.

## میر محەمەدی گەورە

ئەم مستەفا بەگە ساڵی ١٢٢٩ ی کۆچی، میر محەمەدی کوڕی بانگ کرد کە ئەوساکە میر بووە لە چۆلێرگ و لەبەردەمی جەماوەرێک لە خانەدان و گەورەپیاوان دەستی بۆ لە میرنشینییەکەی هەڵگرت و خۆی چووە گوندی ئاکۆیان و لە قەڵای "دمدم" دانیشت تا لە ساڵی ١٢٣٨ ی کۆچیدا مرد.

## ژیانی میر محەمەد و کارەکانی

میر محەمەد ساڵی ١١٩٨ ی کۆچی لە ڕەواندز لەدایک بووە و لەسەردەستی مەلا ئەحمەدی یەک لە زانا ناودارەکانی کوردستان ڕۆشنبیریی بەدەست هاورد و کە میرنشینیی سۆرانی بەدەستەوە گرت لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا بوو و فەرمانڕەواییەکەی بە بنیاتنانی قەڵایەکی سەخت لە سەر گردێکی بەرزی دەوروبەربتەوی لە باکوری شارۆچکەدا دەست پێ کرد و پڕی کرد لە تەقەمەنی و تۆپ. ئینجا سوپایەکی لە سوارچاکان و پیادە مەشق پێ کردووە و بە چاکترین چەکی سەردەمی خۆی چەکداری کردوون. هەندێک لە کارەکانی:

(١) عەبدوڵڵا ئاغای بە بەڕێوەبەری گەنجینە دامەزراندووە، ئینجا کوشتوویەتی.

عەبدوڵڵا ئاغا لە سەردەمی مستەفا بەگدا بەڕێوەبەری گەنجینە " خەزنەدار " بووە، کە دەستی لە فەرمانڕەوایی هەڵگرت مەرجی ئەوەی بۆ میر محەمەدی کوڕی دانا کە لە پۆستەکەیدا بیهێڵێتەوە، ئەویش بەڵێنەکەی بەجێ هێنا بەڵام لەبەرئەوەی عەبدوڵڵا ئاغا زۆر هاتوچووی تەمەرخان بەگ و یەحیا بەگی مامەکانی دەکرد دڵی لێی کرمێ بوو بە تایبەتی دوای ئاگەدارکردنەوەی چەند جارەی بە سەرلێ نەدانیان، بەگوێی نەکرد، بۆیە فەرمانی کوشتنی دا و لە خاچ درا.

(٢) لەشکرکێشیی ساڵی ١٢٣٠ ی کۆچی بۆ سەر هەردوو مامەکەی.

میر ڕۆژی یەکی موحەڕەم سوپایەکی لە پیادە نارد بۆ هاودیان بۆ جەنگی هەردوو مامی، تەمەرخان بەگ، کە کشایەوە قەڵای شێتنە و گەمارۆی ڕاگەیاند و لە بیست و هەشتی هەر ئەو مانگە دوای کوشتارێکی گەورە قەڵاکەی کردەوە و مام و مەحموود بەگی ئامۆزای بەدیل گرت و کوشتنی. دوای ئەوە دەستی بەسەر " ڕۆستێ " دا گرت و میرەکەی کوشت و هێرشی بردە سەر

یەحیا بەگی مامی و قەڵای "سیدەکان " ی گرت و خۆی و عوسمان بەگی کوڕی کوشت. دوای کوشتنی هەردوو مامی کەس نەما مەترسیی بۆ پەیدا بکا و ڕووی کردە فرەوانکردنی میرنشینییەکەی.

(٣) ساڵی ١٢٣١ ی کۆچی سوپای ناردووەتە سەر برادۆست و لیتان و شیروان

دوای ئەوەی لە ناوخۆ دڵنیا بوو میر لەم ساڵەدا بەرەو باکور، بۆ ناوچەی برادۆست پێشڕەویی کرد، کە بەدەست مەحموود بەگی کوڕی سەلیم خان بەگی خاوەنی قەڵای هەرکیلا و حەسەن بەگی خاوەنی قەڵای سەرداوەوە بوو، دەستی بەسەر عەشیرەتەکانیاندا گرت و دوای جەنگێکی سەخت هەردوو قەڵاکەی گرت و بەرەو کەرتەکانی لیتان و شیروان چوو، قەڵاکانی گرتن و بەمەش کەرتگەلێکی بە کانزا و پیاوی ئازا دەوڵەمەندی هێنایە ناو میرنشینییەکەی. برادۆست ناوەندێکی دەوڵەمەند بوو بە کانزاکانی مس و قوڕقوشم، کە میر لە دروستکردنی تۆپ و تفەنگ و هی تر لە ئامێر و ئازووقەی جەنگیدا بەکاری دەهێنان.

(٤) دەرکردنی بابانەکان لە لیوای هەولێرەوە

میر ئەوەی بەبەرچاوەوە گرتبوو دوای ئەم سەرکەوتنە میرنشینییەکەی فرەوانتر بکا، دەستی بە ئامادەکردنی چەک و کەلوپەل بۆ سوپایەکی ڕێکوپێک ئامادە بکا و بە دزییەوە نامەی بۆ میرانی هەولێر و کۆیە و حەریر نارد و بە بەڵێن و پەیمان پێوەندیی پێیانەوە کرد، کە دەبوو بابانەکان دەرکەن و بچنە ژێر ڕکێفی میرنشینییەکەی و ئەم خۆئامادەکردنە سێ ساڵی خایاند و لە کۆتاییدا ساڵی ١٢٣٨ ی کۆچی دەرکەوت و چووە حەریری پایەتەختی باوباپیرانی و بەبێ جەنگ لە بابانەکانی داگیرکردەوە و ڕێڕەوەکەی درێژە پێ دا بۆ خاکی خۆشناو و داگیری کرد، ئینجا چووە دێرێ و قەڵاکەیی بەبێ جەنگ گرت، کە دیسان بەدەست بابانەکانەوە بوو. لە موحەڕەمی ساڵی ١٢٣٩ ی کۆچی سوپاگەلی سۆران پێشڕەویی بەرەو هەولێر کرد و پردێ " ئاڵتوون کۆپری " شی گرت. لە مانگی " سەفەر" دا کۆیە بەبێ جەنگ کەوت و بابانەکانی لێ دەرچوون. لە جومادیی دووەمدا میر ڕانیەی گرت و زێی بچووکی دیسان کردەوە سنوورێک، میرنشینیی سۆرانی لە میرنشینیی بابان جودا دەکردەوە. دوابەدوای ئەم سەرکەوتنە، حکوومەتی ئێران، هەروەها خان " فەرمانڕەوایان" ی موکری و چیهری و هەکاری لە کوردستانی باکور و ڕۆهەڵاتدا پیرۆزبایان بۆ میر نارد.

## لە ناوچوونی بەهدینان و فرەوان بوون بەرەو باکوری زێی گەورە

ساڵی ١٢٤٧ ی کۆچی میر سوپایەکی گەورەی ناردە ناوچەی بادینان و لە زێی بادینان " زێی گەورە " پەڕییەوە و پێی نایە ناوچەی عەلی بەگی داسنی و دوای جەنگ گرتی، ئینجا لە ڕێڕۆیشتنەکەیدا بەردەوام بوو بۆ مووسڵ، محەمەد بەگی والیی ترسا و گەمارۆی ڕاگەیاند. بێ ئەوەی کات بە گەمارۆدانی بە فیڕۆ بدا بەجێی هێشت و ڕووی لە ئامێدی کرد، دوای ئەوەی

فەرمانی بە سەربازانی دا، گوندەکانی تالآن بکەن، کە گەیشتە ئامێدی سوپاکەی کرد بە سێ بەشەوە و بەشێکی بە سەرکردایەتیی مووسا بەگ هێشتەوە بۆ گەمارۆی ئامێدی و بەشێکیشی بە سەرکردایەتیی شاڵی بەگ نارد بۆ زاخۆ و بەشێکیشی بە سەرکردایەتیی ڕەسووڵ بەگی برای نارده شنگار "سنجار"، ئامێدی دوای گەمارۆی سێ مانگ کەوت و مووسا پاشای بە حاکم لەسەری دانا و هەروەها زاخۆ و شنگاریش کەوتن.

مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە کتێبی " میرانی سۆران " یدا دەڵێ پێوەندییەک لە مانگی تشرینی ساڵی ١٨٣١ ی ڕێکەوتی ١٢٤٧ ی کۆچی لە نێو میر و محەمەد عەلی پاشای والیی میسردا ئەنجام درا کە بە لەشکری میسرەوە دەرچێ بۆ سووریا و ئەدەنە و سوپای میریش بەرەو ماردین و دیاربەکر پێشڕەوی دەکا، واتە ڕێککەوتن هەبوو وڵاتی کوردان و شام و میسر لە تەنی دەوڵەتی عوسمانی داببڕن. لە مایسی ساڵی ١٨٣٢ ی زایندا دوای کەوتنی ئامێدی و زاخۆ نووسراوی محەمەد عەلی پاشا گەیشتە میر. لە تەمووزی ئەو ساڵەدا ئیبراهیم پاشای میسری گەییە حیمس و نامەی بۆ میر نووسی و نامەکەی لە نزیکی مووسڵ پێی گەیشت.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٣ ی زاینیشدا میر ڕووی کردە ئاکرێ و زێبار و قەڵای ئاکرێی مانگێک گەمارۆ دا و دەستی بەسەردا گرت و ئیسماعیلی میری لێ دەرکرد و دوای ئەوەی کاروباری ڕێکخست سوپاکەی ناردە سەر جزیرەی ئیبن عومەر " جزیرەی بۆتان ـ بوختان " و لەگەڵ ئازیزاندا لە جەنگێکی سەختدا بەیەکدا چوون و جزیرەی لێ وەرگرتن و پێشڕەویی بۆ قەڵای" ئەرووخ " کرد و دوای جەنگێکی گەرم داگیری کرد. ناسەقامگیریی ناوچە داگیرکراوەکانی باکوری زێی گەورە ناچاری کرد دووبارە بگەڕێتەوە و کاروبار لە ئاکرێ و زاخۆ و دهۆک دابین بکات و بیانخاتە سەر میرنشینییەکەی و دوای ئەوە گەڕایەوە حەسەن کێف " حوسن کێف " و میرە بەدرخانییەکانی تۆقاند و هەڕەشەی لە ماردین و نوسەیبین کرد، لەو دەمانەدا میری ئامێدی هەڵی قۆزتەوە و لە میر یاخی بوو و میر ناچار بوو لە ماردین ـ ەوە بگەڕێتەوە ئامێدی و داگیری بکاتەوە و سەعید پاشای میری لەکار بخات و بەوەش میرنشینیی بادینان " بەهدینان " لەناو ببات.

## دەمی نوشوستی

لە نێوان ساڵانی ١٨٣٣ و ١٨٣٤ ی زایندا، ڕەشید پاشای سەدرئەعزەمی عوسمانی بەسەر هێزێکی گەورەوە هاتە تەلەعفەر " تەل ئەعفەر " کە ناحیەیەکی تورکمانە و لە ناحیەکانی سەر بە مووسڵە، بۆ لەناوبردنی ئەو میرنشینییە کوردانەی لە کوردستاندا لێیان دەترسان هەڕەشە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن. بەتایبەتی لە پلەی یەکەمدا مەبەست میرنشینیی ڕەواندز بوو، چونکە بە داگیرکردنی میرنشینییە گچکە کوردەکان هێزی پەیدا دەکرد. مەترسییەکەی لەلای بابی عالی " ئەستەمبووڵی پایەتەخت " دا لەوەدا بەرجەستە بوو کە لەگەڵ محەمەد عەلی پاشای میسریدا لەسەر دابڕینی وڵاتە کوردییەکان و عەرەبییەکان لە تەنی دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕێک

کەوت. سەدر ئەعزەم بە بلیمەتی و ئەزموونی سیاسیی خۆی توانیی هەندێک لە میرە کوردە ڕەقیبەکانی میر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بیانخاتە پاڵ هێزەکەی خۆیەوە و میر یەکسەر کشایەوە ڕەواندز و دەستی بە خۆ ئامادەکردن کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورک. بەڵام سەدر ئەعزەم کە بە هێزی کوردانی دەزانی بۆ جەنگ نەچووە پێش و زانایانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێ و قایلی کردن نارەزایی بەرامبەر هەڵوێستی میر، کە دژی خەلیفە " جێنشین " ی نێرراوی خودایە، بوەستن و فەتوایەکی لە مەلا محەمەدی خەتێ دەرکرد کە دەیگوت: " هەر کەسێک جەنگ لەگەڵ لەشکری جێنشین بکا بێ بڕوایە و تەڵاقی لە ژنی دەکەوێ ".

ئەم فەتوایە کاریگەریی گەورەی بەسەر سەرباز و لایەنگرانی میرەوە هەبوو و لێی تەکینەوە و بڵاو بوونەوە و دوای ئەوە سەدر ئەعزەمی سەرکردەی لەشکرکێشیی عوسمانی بۆ میری نووسی و بەڵێنی دایێ ئەگەر لەگەڵیدا بچێتە ئەستەمبووڵ، بۆ نواندنی گوێڕایەڵی لە ئاست جێنشیندا، فەرمانێکی بۆ بە دەرکردن دەدا لە میرنشینییەکەیدا بمێنێتەوە، ئەم فێڵەی بەسەردا ڕەت بوو و چووە ئەستەمبووڵ و نەگەڕایەوە، ئەمیش وەک کەسانی تر بەڵێنەکانی سوڵتان و وەزیرەکان فریویان دا و کوژرا، بێگومان مەلا محەمەدی خەتێ کە فەتواکەی دەرکرد بەم ئەنجامەی نەدەزانی و نەیدەزانی تورک ئەم و زانا موسڵمانەکانی تر بۆ گەیشتنە ئامانجەیلێک بەکار دەهێنن، خۆیان لەوە بێدەسەڵاتترن لەڕێی شمشێرەوە بیانگەنێ. ئەوەی زۆر جێی داخە ئەوەی بەدوای مێژووی کورددا دەچێ دەبینێ هەندێک لە پیاوە ئاینییەکان دەسەڵاتیان بەسەر پیاوانی سیاسەتەوە هەیە و هەندێکیان بوونەتە هۆی نەهامەتییان، نەک لەبەر ئەوەی ئەوەیان مەبەست بێ بگرە کوێرانە بەو لایانەدا دەبرێن. ئەم میرنشینییەش کە بەم جۆرە فرەوان دەبێ، ئینجا بێ ئەوەی پیریی پێوە دیار بێ، یان هێزێک لە هێزەکان ڕێ لە پێشکەوتنی بگرێ لەناودەچێ، مەگەر بە فەتوای شێخێکی هەڵخەڵەتێنراو بگاتە ئەم ئەنجامە!

ڕەواندز دوای ئەوە، سەرەڕای هەوڵێکی زۆری تورکەکان بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی، بەدەست میرگەلێکی بنەماڵە فەرمانڕەواکەدا مایەوە، دواترینی ئەوانەی بەدەستیانەوەیان گرت، ڕەسووڵ پاشای برای میر محەمەد پاشای گەورە بوو، کە ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی لە ئەرزەڕۆم کۆچی دوایی کرد، کە لەگەڵ لەشکری ئەحمەد موختار پاشا، بۆ بەشداریکردنی شەڕەکانی ڕووس – تورک چووبوو. بەمردنی ئەمیان میرنشینیی سۆران لەناوچوو و دوای ئەوە ڕاستەوخۆ تورک حوکمیان کرد و چەند ساڵێک کردیانە موتەسەرریفییەت و ئینجا بە قائیمقامییەت. بە کەوتنی عێراق بەدەست ئینگلیزەوە لە جەنگی جیهانیدا ڕەواندزیش لەگەڵ شارەکانی تری باشووری کوردستان کەوتە دەستیان و ئەمڕۆکە ناوەندی قەزایە.

پەڕاوێز:

١. عەشیرەتی باڵەکیش لە ٦٠ گوند دادەنیشن کۆی ماڵەکانیان لە ١٢٠٠ ماڵ کەمتر نییە (خلاصة تاريخ الكرد و كردستان).

# ڕێگە پێڕەوکراوەکانی سنووردارکردنی زاوزێ لە وان: ئافرەتی کورد وەڵامی باوکسالاری دەداتەوە

میکی سوزوکی هیم و ئایشە گوندوز هوشگور

## کورتەیەک

ئەو پەڕاوانە لێکۆڵینەوەیەکە بۆ لێکدانەوەی ڕێگە پێڕەوکراوەکانی ڕێگرتن لە سک و زا لە نێوان ئافرەتانی کۆچبەری کوردی لادێ و شار لە وان لە تورکیا. وان یەکێکە لە پارێزگەکانی ڕۆهەڵاتی تورکیا کە دانیشتوانی زوان-کوردی تێدا چڕە و زاوزێی تێدا بەردەوامە سەرەڕای دابەزینی خێرای ئاستی زۆربوون لە وڵاتەکەدا. بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە داینامیکی کۆمەڵایەتی لە پشت جیاوازیی ئاست و ئاراستەی سک و زا بکەین، ئەو پەڕاوانە پشکنین لە ئەزموونی زاوزێی ئافرەت لە گەڕەکە کۆچبەرەکان دەکەن لە سۆنگەی فێمینیزمەوە.

پیاوان و ئافرەتانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕووبەڕووی نائارامییەکی زۆری کۆمەڵایەتی-ئابووری بوونەتەوە بەهۆی ڕاگواستنە وێرانکارییە گەورەکەی ساڵانی ١٩٩٠ لە وڵاتەکە. لە ژینگەیەکی نائارامدا، گەیشتنی ئافرەت بەشوێنە گشتییەکان و بە خزمەت و چاودێریی تەندروستی لەبارەی سک و زا بەشێوەیەکی زۆر کۆسپی هاتووەتە پێش.

ئەو لێکۆڵینەوەیە گفتوگۆ لەسەر بەرزیی جێگیری ئاستی زاوزێی ئافرەتی کۆچبەری کورد دەکا کە پێوەندیی بەشێوەیەک لە سیستەمی باوکسالاری هەیە کە بە جۆرێک خۆی ڕێک خستووە ئازادی ئافرەت سنوودار دەکا و بەشێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی مافەکانی زاوزێ.

## پێشەکی

وەک هاتە گوتن ئەو پەڕاوانە گفتوگۆ لەبارەی شێوازەکانی ڕێگرتن لە سکپڕی دەکەن لەناو ئەو ئافرەتە کوردە کۆچبەرانەی لە لادێ و شاردان لە پارێزگەی وان لە ڕۆهەڵاتی تورکیا.

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دۆخەکان و نموونەکان، داینامیکی کۆمەڵایەتی لە پشت نایەکسانیی هەرێمی لەسەر ئاستی لەدایکبوون لە تورکیا، لە ڕوانگەی فێمینیستییەوە شیکردنەوەی بۆ هاتووەتە کردن و هەروەها دۆخی کۆمەڵایەتیی ئافرەتی کورد کە دەوڵەمەندە لە سک و زا، هاتووەتە پێشنیازکردن وەک جێگرەوەیەک بۆ وێنەیەکی دیموگرافی بۆ دۆخە کولتورییەکەی.

ناجێگیریی ئابووری و بەردەوامیی زیادبوونی نائارامیی سیاسی، دیاردەیەکی دنیاییە و کاریگەرییان لەسەر هەموو کەسێک لە دنیادا هەیە بەتایبەت ئەوانەی پێشووتر بێبەشن بەهۆی دوورخستنەوەیان لە ژیانە ئاساییەکەی خۆیان و سنوردارکردنی هەلە نوێکانیان.

ئەو پەڕاوانە سەختیی دۆخی زاوزێی ئافرەتی کۆچبەری کورد لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردووی ناجێگیریی سیاسی لە هەرێمەکە تاوتوێ دەکەن کە بەشێکە لە چیرۆکە گەورەکەی وڵاتەکە. لەدایکبوونی منداڵ لە تورکیا بەبەردەوامی ڕووی لە کەمی بووە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا، بەڵام بەشێوەیەکی یەکسان بووە. کۆی تێکڕای لەدایکبوون لە ٢٠٠٨دا لە وڵاتەکە ٢,١٥ بووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە لە هەمان ساڵدا ٣,٢٦ بووە (زانکۆی هاجەتەپە، پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان، ٢٠٠٩: ١٢).

تورکیا ڕووبەڕووی دابەزینێکی خێرای ڕێژەی لەدایکبوون لە ساڵانی ١٩٧٠ و سەرەتای ١٩٨٠دا بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی لەدایکبوون لە هەشت پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە ڕووی لە زیادی کرد (ئاگری، باتمان، دیاربەکر، هەکاری، شانلیورفە، سیرت، شرناخ و وان) ئەو کاتەی ناکۆکیی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و هێزەکانی تەناهیی تورکیا، ژیانی زۆر لە هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی تێکدا بە تایبەت لە لادێیەکاندا لە نێوان کۆتای ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا (یوجەشاهین، ئۆزگور، ٢٠٠٨).

لە وان بۆ نموونە کۆی تێکڕای لەدایکبوون ڕووی لە کەمی کرد لە ٥,٢ بۆ ٤,٩ لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٥دا، بەڵام لە ٢٠٠٠دا بەرز بووەوە بۆ ٦,٠ (پەیمانگەی دەوڵەت بۆ ئامار، ٢٠٠٢:١٢).

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە زانایانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نایەکسانیی هەرێمەکانی تورکیا کرد لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشاندەری دیموگرافی لە وڵاتەکە. لێکۆڵینەوە ژمێریارییەکان ئەوە پێشان دەدەن کە نایەکسانی لەدایکبوون لە تورکیا نەک تەنیا هاوشێوە خۆی دەنوێنێ لەگەڵ دابەشکردنی هەرێمەکان لە نێوان ڕۆئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، بگرە لەگەڵ جیاوازییە نەتەوەییەکانیش لە نێوان ئەوانەی کە بەتورکی قسە دەکەن (زوانی ڕەسمیی وڵاتەکە) لەگەڵ ئەوانەی کە بەکوردی قسە دەکەن وەک زوانی دایکیان. بەکارهێنانی زوانی کوردی لە شوێنە گشتییەکان هاتووەتە قەدەغەکردن لە ڕێگەی دەستوور لە نێوان ١٩٨٢ و ١٩٩١دا و هەروەها بە سنووورداری مایەوە تا ئەم دواییە. بەگوێرەی شیکەرەوە کۆچ، هانجیۆگلو و جاڤلین (٤٥٢:٢٠٠٨)، کۆی تێکڕای لەدایکبوونی کورد و تورک ٤,٠٧ و ١,٨٨ بووە لە ٢٠٠٣دا. لەگەڵ ئەوەشدا شیمانە

هەیە جیاوازییەکانی ڕەگەز لەگەڵ نایەکسانیی هەرێمی، ئابووری-کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەیەکدابچن. بەدەربڕینێکی تر، ڕێی تێ دەچێ هاوولاتییانی کورد زیاتر لە بەشێکی کەمتر پێشکەوتووی تورکیا لە ڕۆهەڵات لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دۆخێکی هەژاردا بژین و لە هەلەکانی پەروەردەیی و خوێندن بێبەش بن (کۆچ ئەت، ٢٠٠٨: سیرکەچی، ٢٠٠٥) کە جیاوازییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە نێوان کوردەکان خۆیاندا هەیە (ئیشک، پینارجیۆگلو، ٢٠٠٦). بۆیە سەختە هۆکارێکی دیاریکەر پێناسە بکەی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی لەدایکبوون لە وڵاتەکەدا.

هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانی پێش ئێستە بەرزیی ئاستی لەدایکبوون لەناو ئافرەتانی کورد لە ڕێگەی دابڕانی کولتووری لە پرۆسەی نوێ و تازەباودا ڕوون دەکەنەوە. لێکۆڵینەوەی سوتای یاڤوش لەسەر زیادبوونی ڕێژەی منداڵبوون لەناو گرووپە زوان جیاوازەکاندا، جیاوازییەکی گرینگی دۆزییەوە. ئەویش شیمانەی دروستبوونی منداڵبوونی سێیەمە نەک تەنیا لە نێوان ئافرەتانی کورد و تورکدا، بگرە لە نێوان ئەو ئافرەتانەی کە کوردن و بە زوانی تورکی قسە دەکەن و ئەو ئافرەتە کوردانەی زوانی تورکی نازانن. لە کاتێکدا شیمانەی دروستبوونی منداڵبوونی سێیەم لەناو ئەو ئافرەتە کوردانەی کە بە زوانی تورکی قسە دەکەن بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی لە دوای ١٩٩٣دا، بەڵام ڕێژەکە لەناو ئەو ئافرەتە کوردانەی کە تورکی نازانن، بەشێوەیەکی گەورە لە نێوان ١٩٩٣ و ١٩٩٨دا زیادی کرد. دۆزینەوەی یاڤوش بەڵگەی گرینگ دێنێتە پێشەوە کە بوون بە کەمینەی نەتەوایەتی، کاریگەریی لەسەر هەموو ئافرەتێکی کورد وەک یەک نابێ. ئەو لە گفتوگۆکەی پشت بە بیردۆزی پەرشوبڵاوی دەبەستێ کە برێتییە لە تێکەڵاوبوونی نایەکسان یاخۆ دابڕانی یەکسانیی دانیشتوانی زوان کورد لەناو پرۆسەی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کولتووریی نوێ و تازەباوی گشتیگیردا کە ڕێگر بووە لە وەرگرتنی زانیاری و بەهاکان لەبارەی ڕێکخستنی لەدایکبوون و هەروەها هۆیەک بووە کە ڕێژەی دابەزینی زاوزێی دواخستووە (ئاڤوش، ٢٠٠٨: ٣٣٢). هاوشێوە، مورات یوجەشاهین و مورات ئوزگور لێکۆڵینەوەیان لەسەر جیاوازییەکانی منداڵبوون لە پارێزگەکاندا کردووە لە ڕێگەی وردبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی منداڵبوون کە ماوەیەک پێش ئێستە لە هەشت پارێزگەکەی ڕۆهەڵاتی وڵاتەکە ئەنجامیان داوە. ئەوان گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە دابڕانی کولتووری کە بەهۆی بەکارهێنانی زوانی ناوخۆیی و پێوەری نەریتەکان-باوکسالاری کە بە بێ هاوتا بۆ دانیشتوانی کورد هاتووەتە هەژمارکردن، برێتین لە کۆسپی گەورە لە بەردەم پەرشوبڵاویی ڕەفتاری تازەی زاوزێ لە کۆمەڵگەکە (٢٠٠٨: ١٥٣).

هەرچۆنێک بێ، تا چ پلەیەک ئافرەتی کورد لە ڕووی کولتوورەوە دابڕاوە، جێگەی گفتوگۆیە و ڕای جیای لێ دەکەوێتەوە. زۆرینەی ئەوانەی کە تورکی نازانن لە تورکیا برێتین لەو ئافرەتە کوردانەی لە ڕۆهەڵاتی وڵاتەکەدا دەژین (سمیتس، گوندوز-هۆشگور، ٢٠٠٣: ٨٤٠).

نەبوونی زانیاری لەسەر زوانی ڕەسمیی وڵات کە تورکییە، بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە

بەبێبەشبوون لە زەوینە دەکا کە هەر خۆشی بەبێبەشبوون دێتە هەژمارکردن. هەروەک سمیتس، گوندوز-هۆشگور (٢٠٠٣) گفتوگۆ دەکەن، زوانی تورکی تەنیا ڕێگەیەکی گواستنەوەی زانیاری نییە، بگرە زوانێکی گەورەشە بۆ کەمینەیەک لە ئافرەتان لە تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوون نییە ئایا ئافرەتانی کورد بەردەوام دەبن لە ڕووی کولتوورەوە کە بە دابڕاوی بمێننەوە سەرەڕای ئەو پشێوییە سیاسییە و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێرایەی لە ڕۆهەڵاتی وڵاتەکە لە ساڵانی ١٩٨٠وە دەستی پێ کردووە. لە ڕاستیدا زۆربەی پیاوان و دوو لەسەر سێی ئافرەتانی کورد لە ڕۆهەڵاتی تورکیا، زوانی تورکییان زانیوە لە کۆتای ١٩٩٠دا (سمیتس،گوندوز-هۆشگور، ٢٠٠٣:٨٤٠) و هەروەها نێزیکەی هەموو ئافرەتێک لە ڕۆهەڵات بەلایەنی کەم ڕێگەیەکی نوێیان بۆ ڕێکخستنی منداڵبوون زانیوە لە سەرەتای ٢٠٠٠ەوە (زانکۆی هاجەتەپەن پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان، ٢٠٠٤: ٦١).

بەو پێیە ئەو توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەو پرسیارەی داهاتوو دەکا: ئایا بەرزیی ڕێژەی منداڵبوون لە ئافرەتانی کورددا جۆرێکە لە بەردەوامی لە جێبەجێکردنەکانی نەریتی منداڵبوون بەهۆی دابڕانی کولتوورییەوە یاخۆ ئەنجامی نایەکسانیی ئابووری-کۆمەڵایەتیی ڕەگەزییە؟

زۆرجار هەردوو دینامیکی دووری و سۆز لە ڕەگەزەکان و ئەندامانی کۆمەڵ شێوازێک بۆ لەدایکبوون دەکێشن (باندارگە، ١٩٩٧). هێشتا ڕێگەکانی زاوزێ لەناو ئەو ئافرەتە کوردانەی منداڵیان زۆر دەبێ، زۆر بە کەمی لێکۆڵینەوەی دەروونناسی لەسەر کراوە (بۆیاجیۆلو، تورکمان، ٢٠٠٨). بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییی زانیارییە پڕ بکرێتەوە، ئەو پەڕاوانە لێکۆڵینەوەی ئەو دۆخانە پێشان دەدەن و تیشک دەخەنە سەر ئەو ژێگە کۆمەڵایەتییەی کە ژیانی زاوزێی ئەو ئافرەتە کۆچبەرە کوردانەی لە واندا گرتووەتەخۆ. لە لێکۆڵینەوەکەدا دوو بابەتی دیاریکراو هاتە لێکۆڵینەوە:

١- ئاخۆ چۆن ئافرەتی کورد پێڕەوی ڕێگەکانی ڕێکخستنی منداڵبوون دەکەن؟

٢- چی ئەو ئافرەتە کوردانە دەوەستێنێ لە کۆنترۆڵکردنی سک و زا؟

## شێوازی لێکۆڵینەوەکە (میتۆلۆجی)

ئەو لێکۆڵینەوەیە شیکارییە و لەلایەن پێڕەوکەرانی بیرۆکەی فێمینیزمی ئاماژەی پێ کراوە. فێمینیزم کە برێتییە لە ڕێبازی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت، ناوکەکەی لەو پەیمانە سیاسی و ئەخلاقییەی بەرامبەر مافی ئافرەت هەیە و خۆی لە ئەزموونی ئافرەت دەبینێتەوە. ئەو بابەتە لە ڕێگەی تیۆرییەکانی فێمینیزم بۆ خوێنەر گواستراوەتەوە کە باس لە بەرپرسیاریەتیی ئافرەتان دەکا (رامازانۆگلو، هۆلاند، ٢٠٠٢:٧، ١٦). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵێک نییە بۆ دابینکردنی زانیاریی تایبەت و ورد لەسەر ئافرەتان لە جێگەی زانیاریی چڕ لەسەر پیاوان، بگرە هەوڵێکە لەسەر شارەزایی لە دیدی فێمینیزمەوە (هاردینگ، ١٩٨٦:١٣٨) کە نایەکسانی لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە پێوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەز ڕوون دەکاتەوە و وامان لێ دەکا بتوانین کار بۆ "گۆڕینی گواستراوە" بکەین بەرەو زیاتر پێوەندیی مرۆیی لە نێوان ئافرەت و پیاودا (ئەرتورک،

٢٠٠٤). ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن ژمارەیەک توێژینەوەی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت بزوێنراوە و روون کراوەتەوە. ئەوە پێشان دەدەن کە زاوزێی مرۆڤ تەنیا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێک نەخراوە، بگرە لە ڕووی تیرەگەریشەوە ڕێک خراوە کە دەسەڵات بەدەست پیاو بووە واتە باوکسالاری بووە (ئێدهۆم، هاریس، یۆنگ، ١٩٧٨: فۆلبەر، ١٩٨٣:گینزبێرگ، ڕاپ، ١٩٩١: گرینهالف، لی، ١٩٩٥:هاریسن یۆنگ، ١٩٨١، هێرن، ١٩٨٧، ماکلارن، ١٩٩٠، ئۆبراین، ١٩٨١: پێتچێسکی، جود، ١٩٩٨: ڕیچ ١٩٨٦). شیکەرەوەکان و گفتوگۆکان چڕ کراونەتەوە لە ئەزموونی ئەو ئافرەتانەی کە دیمانەیان لەگەڵدا کراوە و گرینگیی تایبەتیش دراوە بەو ڕێگەیەی کە زاوزێی لێ هاتووەتە دەرکەوتن لە پێوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزدا. پێشوەختە هەموو پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون کراوەتەوە و قبووڵ کراوە لەلایەن ئەو ئافرەتانەی کە دیمانەیان لەگەڵدا کراوە. ئەو توێژینەوەیە بەرهەمی هەوڵی بەئاگایانەیە بۆ کارێکی هاوبەش لەو ئافرەتانەی ئازایانە هەوڵیان دا دەنگیان ببیسترێ و وایان لە ئێمە کرد حەز بکەین لە ژیانیان تێ بگەین. وەک میتۆدێک یاخۆ ستراتیجێک ئەو شێوازەی لە لێکۆڵینەوەی ئەو دۆخانە هاتووەتە هەڵبژاردن بۆ ڕوونکردنەوەی چەند دۆخێکی کەسیی دیاریکراو بووە کە ناگونجێن لەگەڵ ئەو شێوازانەی شی کراونەتەوە لە توێژینەوەکانی پێشووتردا، هەروەها سەرنجیش ڕادەکێشێ بۆ هەندێک دیاریکەری کۆمەڵایەتیی تایبەت و پرۆسە کە یارمەتی دەدا بۆ پێدانی مانا بە چەند زانیارییەکی پەرشوبڵاو لە چەند داتایەکدا. توێژینەوەی ڕێکخراو و بە وردیی دیاریکردنی دۆخەکان دەتوانێ ئەو گشتیگیرییە قبووڵکراوە پێشوەختەیە پووچەڵ بکاتەوە و دەستنیشانی ئاراستەی نوێی لێکۆڵینەوەکە بکا (گلیزەر، شتراوس، ١٩٦٧). بەشێوەیەکی تایبەتی کاتێک لە بۆچوونێکی فێمینیزمەوە بابەتێک دێتە ئاراستەکردن، دەگونجێ دۆخەکانی لێکۆڵینەوەکە کێبەرکێ لەسەر توێژینەوەیەکی کلاسیکی بکەن کە ئافرەت تێیدا نوێنەرایەتی دەکا بۆ ئەوەی دووپات لەسەر ئامادەکارییە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی باوکسالاری بکاتەوە لە ڕێگەی بە چڕی پێشاندانی دۆخی ڕوونکردنەوەی نایەکسان لەسەر ڕەگەز. زانیارییەکان لە دیمانەی چڕ کۆ کراونەتەوە لە ڕێگەی لیستێک لە پرسیاری کراوە لەبارەی کۆچکردن، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەربەندی، بەخێوکردنی منداڵ و سنووردارکردنی لەدایکبوون.

دیمانەکان لەگەڵ ٤٠ ئافرەتی کۆچبەری شار و لادێنشین لە گەڕەکی دۆلوچە هاتووەتە ئەنجامدان لە شاری وان لە نێوان شوبات فێبرایەر و حوزەیران یۆنیۆی ٢٠٠٨دا لە دوای دوو مانگ لە لێکۆڵینەوەی تاقیکاری لە بەهاری ٢٠٠٧دا. گەڕەکی دۆلوجە یەکێکە لە گەورەترین گەڕەکە هەڕەمەکییەکانی وان، قەرەباڵغە بەژمارەیەکی زۆر لە خانووی قوڕی بچووک و چەند خانووێکی کۆنکریتی چەند تەبەقێک. گەڕەکەکە لە نێزیکەی ٢,٥٠٠ ماڵبات و ٢٠,٠٠٠ دانیشتوان پێکهاتووە. گەڕەکەکە لەژێر گردێکەوە لە باشووری کۆتای شارەکە بڵاو دەبێتەوە کە بەرەو شارەدێی چاتەک و پارێزگەی سیرت و شیرناخ دەچێ کە زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکە لەوێوە هاتوون. هەردوو کۆچبەری بەزۆر کە لە ساڵانی ناکۆکی و ڕاگواستن لە نێوان ساڵانی کۆتای ١٩٨٠ و١٩٩٠ بۆ گەڕەکەکە هاتوون و ئەو کۆچبەرانەی بە ئارەزووی خۆیان هاتوون و لە

گەڕەکەکە نیشتەجێ بوون لە کاتێکی زووتردا، لە گەڕەکەکەدا کۆ بوونەتەوە. ناوچەیەکی زوان کوردییە و ناسراوە بەپاڵپشتیکردنی دانیشتوانی بۆ ژمارەیەک پارتی نەتەوەییی کوردی.

خزمەتگوزاریی گشتی لە گەڕەکی دۆلوچە لە کۆتای سالانی ١٩٩٠دا هاتە دابینکردن دوای هاتنی کۆچبەرێکی زۆر بۆ گەڕەکەکە. ئەمڕۆ هەردوو پاسی گشتی و تایبەتی بچووک خەڵک لە هەموو گۆشەیەکی گەڕەکەکە هەڵدەگرن و بۆ بازاڕ و ناوەڕاستی شارەکە هەموو ١٠ و ١٥ خولەکێک دەیانگوازنەوە. لە ١٩٩٦دا یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆتای باشووری گەڕەکەکە هاتە دروستکردن کە دیمانەیەکی زۆری تێدا هاتە ئەنجامدان.

لە کاتی توێژینەوەکەدا دوو قوتابخانەی سەرەتایی و یەک قوتابخانەی دواناوەندی لە گەڕەکەکەدا هەبوو. نەخۆشخانەیەکی گشتیی دایکان لە کۆتای باکوری ناوچەکەدا هەبوو کە تەنیا ١٠ خولەک دەخایەنێ بە پاس لە کۆتای باشووری ناوچەکەوە بۆی و ئافرەتان دەچوون بۆ ئەو نەخۆشخانەیە بۆ لەدایکبوونی منداڵ و نەخۆشییەکانی تری ئافرەتان. نۆرینگەیەکی حکومی (ساغلیک ئۆجاغی) لەم دواییە لە بەهاری ٢٠٠٨ لە گەڕەکەکە کرایەوە. بەشدارانی دیمانەکە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکی کورت و نموونەی تیۆری هاتنە دیارکردن. دیمانەکە بە بەرفین، دایکێکی ٣٨ ساڵەی حەوت منداڵ، دەستی پێکرد. ئەو ژنە لەلایەن سەرۆکی گەڕەک (موختار) هاتە ناساندن.

لێکۆڵینەوەکە ئامانجی ئەوە نەبووە و داوای گشتگیری و نوێنەرایەتیکردنی نەکردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی هاتووەتە ئەنجامدان نموونە وەرگرتن نەبووە، بگرە وەرگرتنی چەند دۆخێک بووە بۆ مەبەستی تیۆری، نەک ئامار، بۆ توێژینەوە لە ئامادەکارییەکانی ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی کە ئافرەتی کۆچبەری کورد سک و زای تێدا دەکا. بەم شێوەیە بەشداران بەهەڕەمەکی نەهاتنە دیاریکردن، بگرە لێکۆڵینەوەکە چەند ئامانجێکی هەبوو کە بریتی بوو لە دیاریکردنی ئافرەتی تەمەن جیاواز، زانیاری لەسەر زوانی تورکی و جۆری کۆچبەری لە پرۆسەی ڕێکخستن و دانانی پێشنیازەکان لە کاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان. پرسیارەکان بە زوانی تورکی دەکران، بەڵام دیمانەکان لەگەڵ ئەوانەی تورکی زوان نەبوون، لە ڕێگەی وەرگێڕەوە دەهاتە ئەنجامدان کە دیاریکردنیان بەئارەزووی بەشداران بوو و زۆربەیان کچی بەشداران بوون.

دیمانەکان بەگشتی لە ماڵی بەشداران هاتە ئەنجامدان و هەموویان دەنگەوە تۆمار کران لە ڕێگەی تۆمارکەری دوای وەرگرتنی مۆڵەتی بەشداران. دیمانەکان نیو تا سێ سەعاتی خایاند. ١٥ لە بەشداران زیاتر لە جارێک سەردانیان کرا بۆ ڕوونکردنەوەی گرێیەک لە دیمانەی پێشووتردا یاخۆ بۆ پرسیارکردنی زیاتر.

## خەسڵەتەکانی بەشدارانی دیمانەکە

تەمەنی ناوەندی بەشداران بریتی بوو لە ٣١ ساڵ کە لە نێوان ١٨ تا ٥١ ساڵ بوون. زوانی دایکی هەموو بەشداران دایەلێکتی کرمانجیی زوانی کوردی بوو. حەوت لە ٤٠ی بەشداران کەمێک یاخۆ

تورکییان نەدەزانی قسـەی پێ بکەن. پلەی خوێندەواریی بەشداران زۆر نزم بوو. ٢٣ لە بەشداران نەخوێندەوار و دوو لەسەر سێشیان هەر نەچووبوونە قوتابخانە. شەش لە بەشداران قوتابخانەی سەرەتاییان جێ هێشتبوو، شەشیان قوتابخانەی سەرەتاییان تەواو کردبوو کە پێنج ساڵە و دووانیشیان سێ ساڵی ناوەندییان تەواو کردبوو. هیچ لە بەشداران نەچووبوونە قوتابخانەی دواناوەندی. هەموو بەشداران گوتیان کە ژنی ماڵەوەن. زۆربەی هاوسەرەکانیان لە کەرتی نارەسمی و تایبەت کاریان دەکرد. تەنیا سێ لە بەشداران هاوکاریی دەستەبەریی کۆمەڵایەتییان وەردەگرت. بۆیە زۆربەی بەشداران پشتیان بە جۆرێک لە دڵنیاییی تەندروستی دەبەست کە دەدرا بە هاووڵاتیی کەم دەرامەت و پێی دەگوترا "یەشیل کارت" واتە کارتی سەوز. پێنج لە بەشداران دڵنیاییی تەندروستییان نەبوو. نێزیکەی هەموو بەشداران کۆچبەری تازە بوون کە خودی خۆیان رووبەڕووی کۆچکردن بووبوونەوە، بگرە هەندێکیان زۆر بە منداڵی کۆچیان کردووە. ٢٥ لە بەشداران ئەو کۆچبەرانە بوون کە بە ئارەزووی خۆیان کۆچیان کردبوو لەگەڵ باوانیان بۆ گەڕان بە دوای پێشخستنی دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری یاخۆ لە کاتی هاوسەربەندی هاتبوونە کەرەکەکە لەگەڵ هاوسەری تازەیان کە پێشوەختە لە شارەکە دەژیان. بەشدارانی تر کۆچبەری دۆخی ناکۆکی بوون. لە زۆربەی دۆخەکاندا جۆری کۆچکردنی بەشداران و هاوسەرەکانیان وەک یەک بوون.

## ژیگەی نائارام و کۆنترۆلی شوێنی بەسەر ئافرەتدا

پێش لێکۆڵینەوە لە رێگە پێڕەوکراوەکانی زاوزێ لەلایەن ئافرەتانی دۆلوچە، ژیگەی کۆمەڵایەتیی ئەو ئافرەتانە پێویستە تاوتوێ بکرێ. لەگەڵ ئەوەی ناسنامەی کوردی بە ڕەسمی هاتە ناساندن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر لە کۆچبەری کورد لە لادێکانی رۆهەڵات هێشتا لە ژیگەیەکی نائارام دەژین بەهۆی ناجێگیریی سیاسیی درێژخایەن، ڕاگواستنی بەکۆمەڵی کتوپڕ، ئەنجامەکانی وێرانکردنی مایەکی و زیانەکانی دەروونی (ئیچدیگو، رۆمانۆ و سیرکەجی، ١٩٩٩). دێتە گوتن ڕاگواستنی دەوڵەت زۆرجار لاوازیی تایبەت دروست دەکا و کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە بەگشتی دەبێ (هۆلتسمان و نیزام، ٢٠٠٤:١-١٠). لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی دۆزییەوە کە ئەو بەشدارە کۆچبەرانەی بەزۆر کۆچیان کردووە، پێدەچوو زیاتر بێبەش بن لە ڕووی مرۆڤایەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو کۆچبەرانەی بە ئارەزووی خۆیان کۆچیان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاگواستنی گشتی کاریگەریی لەسەر گشت کۆمەڵگەی کۆچکەران هەبووە. ڕاگواستنی بەکۆمەڵ شێوەی میکانیزمی تۆڕی سەلامەتیی نەریت دیاری دەکا و زۆر لە کۆچبەران هێشتا لە دۆلوچە لە ژیگەیەکی زۆر نائارام دەژین. یەکەم، لە ئەنجامی چۆڵکردنی لادێکانیان. نەک تەنیا ئەوانەی ڕاگوازران، بگرە زۆر لەو کۆچبەرانەی بە ئارەزووی خۆیان هاتبوون، خانوویان لە لادێ لەدەست دابوو کە لە ڕووی مایەکییەوە سوودیان لێ دەبینی. کۆچبەران بۆ نموونە زەوی، بەروبوومی خاکەکیان و سامانی ئاژەڵیان لەلای ئەو ئەندامانەی خێزان بەجێ دەهێشت کە لە لادێ بەجێ مابوون. لە ڕووی دەروونیشەوە ماڵەکانیان لە لادێ لە کاتی تەنگژەکاندا پەناگەیان بوو

(بوگره و كیدەر، ٢٠٠٣: ئەردەر، ١٩٩٨). دووەم، ڕاگواستنی بەكۆمەڵ هەڵوەشانەوەی تیرەی خێراتر كرد كە وەك میكانیزمێكی كۆنی تەناهیی كۆمەڵایەتییە (ئۆزەر، ٢٠٠٣). تیرە چینێكی بەرەی باوكە كە لە گرووپی جۆرەوجۆر لە خزم پێك هاتووە كە ئەوانیش لە چەند ماڵباتێك پێك دێن. ڕەچەڵەكی هاوبەشی ئەندامانی تیرەیەكی دیاریكراو شتێكی پێشبینیكراوە، بەڵام لە ڕاستیدا زەحمەتە بۆ ئەو شتە بیگەڕێنیتەوە (یالچین-هێجمان، ٢٠٠٦:١٣٥).

بۆیە بەئەندامبوونی كرداری لە عەشیرەتدا هەرئەوها نادرێ بگرە پێویستی بە پتەوكردنی بەردەوامیی دروستكردنی پێوەندیی خزمایەتی، برادەرایەتی و دراوسێیەتیی هەیە (یالچین-هێجمان، ٢٠٠٦، ١٨٢). بۆ پیاوان و ئافرەتانی دۆلوچە، پێوەندیی خزمایەتیی باوانی بەتایبەت نێوان مام و كوڕەكانی، بەردەوام دەبێ لە كاریگەرییەكانی، بەڵام ئەوەی دەردەكەوێ كە تیرە چیتر كارەكانی خۆی ناكا وەك ڕێكخراوێكی دیاریكەری ڕێباز بۆ ژیان جگە لە هەستكردن بە ناسنامەیەكی فشەڵ. سێیەم، هەستكردن بە یەكگرتنی تایفایەتی هەرئەوەتە بوونی هەیە لەناو هاووڵاتییانی دۆلوچە.

پێوەندیی نێوان بەشێكی دیاریكراوی دراوسێ خزمەكانی ناوچەكە تا ڕادەیەك دوور بوو. یەكێك لەو هۆیانە برێتی بوو لە نامتمانەی دوولایەن لە نێوان دراوسێكان كە لە كاتی كێشەكان دروست بوو و پاڵی بەلادێییەكانەوە نا دەوڵەت یاخۆ پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە) هەڵبژێرن. شتێكی تر دەبینرێ ئەویش لەیەكنەچوونی گەڕەكەكانە بە بەراورد لەگەڵ هاووڵاتییانی لادێ كە زۆربەیان خزمایەتیی باوكایەتی بەیەكەوە دەیانبەستێتەوە. خەڵكی لادێ نەیانتوانی لە كاتی ڕاگواستندا بەیەكەوە كۆچ بكەن و بڵاو بوونەوە بۆ هەر شوێنێك كۆچیان بكردبا. لەبەر ئەمە ناوچەكە پێك هاتووە لە ماڵباتی كۆچبەر لە لادێیە جیاكانی وان و پارێزگاكانی دەوروبەر.

هاووڵاتییانی دۆلوچە بەگشتی هەستێكی هاوكاری و یەكەتیی هاوبەشیان لەژێر چەتری ناسنامەی كوردایەتی لە دژی دەوڵەت هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەو دراوسێیانەی پێوەندیی خزمایەتییان نییە كەمێك یەكتر دەبینن و بەردەوام دوورەپەرێزی دەكەن لەیەكتر.

لە هەلومەرجێكدان كە هەتا دراوسێكانیش وەك بێگانە یەكتر دەبینن، ژنانی دۆلوچە بەتوندی پاسەوانی دەكرێن لەلایەن ئەو خزمانەی كە نامووس و ئابووڕی یەكترن. نامووس برێتییە لە ئاوێتەی ئابڕوو تێكەڵ بە داوێنپاكیی ئافرەت كە ئابڕووی پیاوی پێوە بەندە (سیڤەر، یورداكول، ٢٠٠١، ٩٧٣). دەتوانرێ بە مانای بوونی ئەخلاقی و جەستەییی ئافرەت بێتە پێناسەكردن. بۆیە پیاو ڕەنگە بڵێ كە هاوسەرەكەی، دایكی، خوشكی و كچی نامووسی ئەون. ئابڕووی پیاو بەئاسانی دەڕووشێندرێ بە داوێنپاكی و پیسیی ئافرەتانی خزمی، چونكە بەندە پێیانەوە. ئابڕووی پیاوان بەئاسانی زیانی بەر دەكەوێ لەگەڵ بوونی پێوەندیی سێكسی، جەستەیی، زارەكی و خەیاڵیی پیاوی تر بەئافرەتی نێزیك لەخۆی وەك دایك، خوشك، كچ و هاوسەر. بۆیە ئافرەت پێشبینیی ئەوەی لێ دەكرێ سنوورێك بۆ جووڵەكەی دابنێ بۆ ئەوەی ڕووی خۆی هەڵنەماڵێ

بەرامبەر پیاو لەلایەکدا: پیاو بێ سەرەوتن چاودێریی جووڵە و هەڵسوکەوتی ئافرەتان دەکا لەلایەکەی تردا. لە کۆنەوە لە زۆر بەشی تورکیادا، هەڵسوکەوتی ئەو ئافرەتانەی هێشتا لە تەمەنی زاوزێکردندان بە سنووری کۆمەڵایەتیی دیاریکراو جڵەویان لێ گیراوە (بۆ نموونە لە لادێ یاخۆ گەڕەک) و بوونیان لە دەرەوەی ئەو سنوورانە پێویستی بە هاوەڵە بۆ ئەوەی پاسەوانییان بکا ئەگەرنا ئابڕوویان دەتکێ (دیلانی، ١٩٩١).

هێشتا لەناو ئەو بەربەستە کۆمەڵایەتییانەدا بە بەراورد لەگەڵ شتی تردا، لە هەڵسوکەوتدا ئازادن (ئەرمان، ١٩٩٧: فالەرز و فالەرز، ١٩٧٦). ئەو ئافرەتانە سێکسیان هەڵدەقۆستەوە تا لە سوودی خۆیان بەکاری بێنن و پەرە بە تۆڕی ئۆتۆنۆمی خۆیان لەگەڵ ئافرەتانی تر بدەن. ئەو هاوەڵانە نەک تەنیا هاوبەشن لە خۆشی و ناخۆشیدا، بگرە زانیاری دەگۆڕنەوە و هاوەڵی یەکتر دەکەن ئەو کاتەی دەیانەوێ بچنە دەرەوە بەبێ هاوسەر و کەسوکاری هاوسەرەکانیان (سیرمان، ١٩٩٥). شارەزایی بۆ پێشخستنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی خۆیان، بەتایبەت تۆڕی ناخزمایەتی کە زیاتر جێگرەوەیە بۆ تۆڕی خزمایەتی، ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی لە بڕیاردان لە خۆشگوزەرانییان هەیە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی ژیانێک لە سیستەمی باوکسالاری کە هاوسەربەندی لەگەڵ کەسێکی بێگانە دەکەن (کاندیۆتی، ١٩٨٨). بەپێچەوانەی ئافرەتە کۆچبەرە لادێیی و سادەکانی تری پارچەکانی وڵاتەکە، ئافرەتەکانی دۆلوچە بەلایەنی کەمەوە پێویستییان بە وریاییەکی زۆرە تا لە گەڕەکەکە بسوڕێنەوە (کۆنسەیل سانتە، سۆفرەکۆ و ئەدوسەر، ٢٠٠٧: ٧٧–٨، ٩٨). لە گەڕەکەکە سنووری کۆمەڵایەتی و بەربەستەکان بۆ زۆربەی ئافرەتان، خانوو، حەوشە و چەند ڕیزە خانووێک و باڵەخانەیەک دەگرێتەوە. زۆربەی کاتەکان ئەو ئافرەتانە وریا دەکرێنەوە لەلایەن هاوسەر و خزمانی هاوسەرەکەی بەقەدەغەکردنی هاوکاریی دوولایەنە و هاوەڵبوون لەگەڵ ئافرەتی تری ماڵباتی تر. بۆیە بێبەشن لە پەرەپێدانی تۆڕە ئۆتۆنۆمییەکەیان لەگەڵ ئافرەتانی تردا. هەر لە چوارچێوەی ژیانی ئەو هاوسەرانەی لەگەڵ یاخۆ لە نێزیک ماڵی باوکی پیاوەکە دەژین، هاوەڵی ڕۆژانەی ئەو ئافرەتانەی دۆلوچە هەمیشە سنوردارە بۆ خوشکە شوونەکراوەکان، کچی برا، خوشکی هاوسەر و ژنی برا کە لەگەڵیان دەژین یاخۆ دراوسێیانن. بەگشتی ئەو ئافرەتانەی هاوەڵی ئافرەتەکە دەکەن، خزمانی نێزیکی هاوسەرن یاخۆ ئەو ژنانەی هاوسەربەندییان لەگەڵ خزم کردووە کە شێوەیەکی باوی نییە لە بەشدارانی دیمانەکەدا.

بەم شێوەیە ئۆتۆنۆمیی ئەوان پێوەندیی سنوورداری هەیە لەگەڵ ئافرەتانی تر کە ئەوەش ناتەواوە. ئەو ئافرەتەی لەگەڵ خزمی هاوسەرەکەی پێوەندییەکی باشی هەیە، بەشێوەیەکی زۆر پشت بە هاوسەرەکەی دەبەستێ ئەگەرنا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابڕاو دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا گەڕەکی دۆلوجە بەهۆی نێزیکی لە ناوەڕاستی شار، بە ئاسانی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلەکانی گواستنەوەی گشتی و زۆریی دانیشتوانی کورد زوان، لە ڕووی تیۆرییەوە ڕێی تێ دەچێ هەر ئافرەتێکی کۆچبەری کورد بتوانێ بچێتە هەموو شوێنێکی شارەکە بەتەنیا.

زۆربەی بەشداران، بەتایبەت ئەوانەی بەتورکی قسەیان دەکرد، دووپاتیان کردەوە کە بڕوایان بەخۆیان هەیە بچنە هەموو شوێنێک بەتەنیا، بەڵام دەبێ هاوسەرەکانیان مۆڵەتیان پێ بدەن. هاوکات چوونە دەرەوە بەئازادی تەنیا هی پیاوە. ئامادەبوونی ئافرەت لە شوێنە گشتییەکان بەبێ هاوەڵی نێر بەشێوەیەکی بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەرە و چاودێری دەکرێ و خاو و سارد دەکرێتەوە بە بەدگۆیی و پاشملە قسەکردن و سەرزەنشتی دراوسێ. مەگەر پیر، نەوەک پیاوان لە گەڕەک نامێننەوە لە ڕۆژدا، بگرە دەچنە شار بۆ کارکردن. پیاوان لە چایخانە چاوەڕێی کرێکارییەک دەکەن پێیان بدرێ ئەگەرنا تێی دەسوڕێنەوە.

خەڵک بە گەڕەکەکە بۆ ناو شار تێپەڕ دەبن، شیمانەی هەیە دراوسێ، خەڵکی گوندەکە یاخۆ گوندەکانی دراوسێی خزمانی هاوسەری بن. هەموویان دەتوانن چاودێریی ئەو ئافرەتە بکەن بۆ هەر کوێ بچێ و وریاداری بدەنە هاوسەری و باوانی و ڕوویان بشکێنن بۆ ئەو "ڕەفتارە ناشیرنە"ی ئەنجامی داوە کە شیمانە هەیە ناموسیان بخاتە مەترسییەوە. ئافرەتانی گەڕەک تەنیا دەتوانێ بەبێ ترسی سەرزەنشتکردن و لۆمەکردن بچێتە دەرەوە ئەوکاتەی کە هاوەڵێکی گونجاو و پەسندکراوی لەگەڵدایە و هاوسەرەکەشی ڕێگەی پێ داوە.

هێشتا بەدەستهێنانی مۆڵەتی پیاو لە گەڕەکی دۆڵوچە کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆربەی پیاوان هەستەوەرن بەرامبەر قسەی پاشملە کە دەتوانێ ناموسیان بتکێنێ.

## هەوڵدان و نوچخواردن لە ڕێکخستنی وەچەخستنەوە

پرسیاری ئاخۆ ئافرەتانی کۆچبەری کورد منداڵبوون قەدەغە دەکەن و چۆن دەیکەن، لەم بەشەدا دێتە لێکۆڵینەوە. دێتە گفتوگۆکردن کە بەشداران حەز دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆشایی بدەن لە نێوان لەدایکبوونی منداڵەکان و سنوورێک بۆ ژمارەیان لە ماوەی ژیانی هاوسەریدا دابنێن. هێشتا بەهۆی چاودێریی سیستەمی کۆمەڵایەتیی باوکسالاری بەسەر چوونەدەرەوەی ئافرەت بۆ شوێنە گشتییەکان، پرۆسەیەکی درێژە لە تاقیکردنەوە و هەڵە بۆ زۆربەی بەشداران دوای ئەوەی چوونە شار.

## حەز بۆ سنووردارکردن و ماوەدان لە منداڵبوون

تەنیا چوار لە بەشدارانی ڕاپرسییەکە داوای منداڵی زۆریان کرد کە هەر "چەند خوا بیانداتێ"، هەموو بەشدارانی تر بڕیاریان دابوو ژمارەی منداڵەکانیان کەم بێ لە کاتێک لە ژیانیاندا.

ژمارەی دووبارەبوو و نموونەیی لە منداڵبوون لەناو بەشداران بریتی بوو لە دوو (کوڕێک و کچێک) و چوار (دوو کوڕ و دوو کچ). زیاتر لە سێیەکی بەشداران، زۆربەیان بە گەڕانەوە بۆ دواوە، پێیان وابوو دەتوانن دوو منداڵ پەروەردە بکەن بەو شێوەیەی دەیانەوێ. نێزیکەی نیوەی بەشداران داوای چوار منداڵ و زیاتریان دەکرد بۆ ئەوەی لە تەمەنی گەورەییدا ئارامییان پێ بدەن و لەناو براکانیشدا هاوکاریی دوولایەن هەبێ دوای مردنیان. زۆربەیان گوتیان "ئەگەر دۆخی ژیانمان

باشتر بوایە" کە دوودڵ بوون لە چۆنیەتیی بەخێوکردنی منداڵەکانیان و دابینکردنی خەرجییەکانی قوتابخانە: گرینگ نییە چوارەم منداڵت ببێ، بەڵام گرینگە چاودێرییان بکەی و بەخێویان بکەی. ئەوە کارێکی هەڵە و گوناهە منداڵێکت ببێ و لەوێ بەجێی بێڵی. تاک پێویستیی خۆی هەیە. پێویستی بە جل و بەرگ، پێڵاو و خۆراک هەیە. ببوورە هێنانە دنیای منداڵی چوارەم، نابێتە پیاوی تەواو... ئەوەی دەمویست تەنیا کچێک و کوڕێک بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا دوو کچ و دوو کوڕم هەیە... زۆرە. سوپاس بۆ خوا، بەس. بەس. بەس...(ماکبولە، تەمەن ٢٦، زوان تورکی، بەئارەزووی خۆی کۆچی کردووە لە باشکالە، ساڵی کۆچ ١٩٨٤، دایکی چوار منداڵە).

جێگەی تێبینییە کە پێنج لە بەشداران وای بۆ چوون کە سنووردارکردنی منداڵبوون گوناهە. زۆربەی ئەوانی تر گوتیان کارێکی ناڕەوایە ئەگەر منداڵت بێ و نەتوانی بەجوانی پەروەردەی بکەی. بۆ ئەوەی بتوانی بەرپرسیارەتیی باوکایەتی جێبەجێ بکەی، زۆربەی بەشداران ئەوەیان دەربڕی کە نەک تەنیا لە ڕێگەی سنووردارکردنی ژمارەی منداڵبوون دەتوانی ئەوە بەدەست بێنی، بگرە پێویستە ماوە لە نێوان کاتەکانی لەدایکبوونی منداڵەکاندا هەبێ. لە سۆنگەی شارەزایی و چاودێریکردنیانەوە گفتوگۆی ئەوەیان کرد کە ماوەدان بەمنداڵبوون باشترە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکان و ئارەزووی خۆیان دەربڕی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکان یەک بەیەک: منداڵێکی تر دوای ئەوەی منداڵەکەی تریان دەچێتە قوتابخانە.

## دووبارەبوونەوەی سکپڕیی نەخوازراو بەبێ گوێدانە زانیاری و بەکارهێنانی ڕێگەکانی قەدەغەکردنی منداڵ

بەپێچەوانەی هیوا و ئاواتەکانیان، زۆربەی بەشداران دووچاری سکپڕی بوونەوە و زیاتر لە منداڵێکیان بوو لەوەی دەیانویست تەنیا هەندێکیان نەبن کە تازە هاوسەربەندییان کردووە یاخۆ گرفتیان لە سکپڕی هەبووە. ژمارەی ناوەند لە سکپڕی و منداڵی ژیاو لەناو بەشداران بریتی بوو لە ٦,٣ و ٤,٥ بەڕیز. نێزیکەی نیوەی کۆی بەشدارانی سکپڕ (١٢٨–٢٥١) لە ماوەی ساڵێکدا لە دوای منداڵبوونی پێشوو، سکیان بۆ دروست بووەوە. بۆیە ٤٣٪ی سکپڕییەکان هاتە گوتن کە نەویستراو بووە. زۆربەی بەشداران پەشیمان بوونەتەوە بەهۆی ناتەواوی لە شیری مەمک و هێواشی گەشەکردن کە شیمانە هەیە منداڵی گەورەتر دووچاری ببنەوە بەهۆی خێرایی و زوو سکپڕبوون.

تا مەودایەکی زۆر باوەڕ وایە کە شیری مەمک زیان بە منداڵی شیرەخۆر دەگەیەنێ ئەگەر ئافرەتەکە سکی پڕ بێ. بۆیە دەست لەشیردان بە منداڵەکە هەڵ دەگرن ئەو کاتەی هەست بە سکپڕیی نوێ دەکەن (ئەرگەنەکۆن–ئۆزەلجی ئەت ئال، ٢٠٠٦).

بەپێچەوانەی ئەو حەزە سروشتییەی لە تورکیادا هەیە (کاڤلاک، ئەت ئال، ٢٠٠٦، ٩) زۆربەی سکپڕییە نەخوازراوەکان بەردەوام بوون و دەبوونە ئەنجامی منداڵبوون سەرەڕای پەستبوون، پەشیمانی و چەند هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی لەبارچوون (بۆ نموونە بازدان، هەڵگرتنی باری زۆر و

خـواردنـی ئەو ڕووەکـانەی کـە گـوایە دەبنە هۆی منداڵ لەبارچوون). لەگـەڵ ئەوەشـدا چواریەکی بەشداران دانیان نا کە بیریان لە لەبارچوون کردووەتەوە بەلایەنی کەم جارێک لە ١٠٧ سکپڕیی نەخوازراو. تەنیا شەش سکپڕی لە دوو لە بەشداردا سکەکەیان لە نۆرینگەی تایبەتدا ڕواندووە.

دووبارەبوونەوەی سکپڕیی نەخوازراو ڕوویان داوە نەک تەنیا بەپێچەوانەی حەزی بەشداران بۆ مـاوەدان لە منداڵبـوون و سنووردارکـردنـی ژمـارەی منداڵ، بگرە هـەروەها سـەرەڕای هەبوونی زانیاری و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەی منداڵ هەر ڕێگەی لێ نەگیراوە. هەموو بەشداران ئاگەدار کرانەوە لەبارەی ڕێگە کۆن و نوێکانی قەدەغەکردنی منداڵبوون کە لە شارەکەدا هەن وەک بەستنی فالوب، قەدەغەکردن لە ڕێگەی دەم، دانانی ئامێر لە ناوەوەی منداڵدان، دەرزی لێدان، کۆندۆمی پیاوان، ڕاگرتنی شیردان و کێشانەوە. زۆربەی بەشداران پێشتر لەبارەی ڕێگەکانی قەدەغەکردنی منداڵ لە ئافرەتانی تری خانەوادەکەیان فێربوون یاخۆ سەردانی ئەو پەرستارانەیان کردووە کە سەردانی ئافرەتانی گەڕەکەکانیان کردووە پێشووتر و چۆنیەتیی قەدەغەکردنی منداڵبوونیان بە وریاییەوە لە کۆتای ١٩٩٠دا فێر کردوون. وا دەردەکەوێ کە ڕۆڵی سەردانیکردنی پەرستاران گەورە بووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە چۆنییەتیی قەدەغەکردنی منداڵ و دروستکردنی هەستی گەیشتن و سوودوەرگرتن و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی زاوزێ لەناو ئافرەتانی دۆڵوچە.

سەرەڕای بوونی ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕی، ١٣ بەشدار بەهیچ شێوەیەک هەوڵی قەدەغەکردنی منداڵبوونیان نەدابوو لە کاتی دیمانەکەدا. لەو کاتەدا بەلایەنی کەم دوو لە سێی بەشداران ڕێگەیەکی قەدەغەکردنیان بەکار هێنابوو، بەتایبەت ڕێگەی پێشکەوتوو. لەناو بەشداراندا ئەو ئافرەتە تورک زوانە کوردانەی لە کاتێکی زووتردا بەئازادیی خۆیان کۆچیان کردبوو، زیاتر ڕێگەکانی قەدەغەکردنی منداڵبوون و ڕێگەی نوێیان لەم بارەیەوە بەکار دەهێنا.

لە نێوان بەشداراندا ئەو تورک زوانانەی بە ئارەزووی خۆیان کۆچیان کردبوو، زیاتر شێوازەکانی ڕێگرتن لە سکپڕییان دەگرتە بەر و ڕێگەی نوێشیان بەکار دەهێنا. ١٤ لە ١٦ی ئەو تورک زوانانە کە دەکاتە ٨٧,٥٪ ڕێگەکانی قەدەغەکرنی منداڵبوونیان بەکارهێنابوو و ١٣ لەوانە کە دەکاتە ٨١,٣٪ ڕێگەی نوێی قەدەغەکردنی سکپڕییان گرتبووە بەر. ٦ لە ٩ کەس لەو کۆچبەرە بەشدارانەی بەئارەزووی خۆیان کۆچیان کردبوو و تورک زوان نەبوون کە دەکاتە ٦٦,٧٪، ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕییان پێڕەو کردبوو و ڕێگەی نوێی قەدەغەکردنەکییان بەکار هێنابوو.

زۆربەی بەزۆر کۆچ پێکراوە تورک زوانەکان لە کاتی دیمانەکاندا ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕییان بەکار دەهێنا و لە ڕابردوودا ئەنجامیان دابوو، بەڵام هێشتا ئەوان زیاتر ڕێگەی کێشانەوەی ئەندامی نێرینە لە ناوەوەی ئافرەتدا بەکاردێنن لە ڕێگەکانی تری ڕاگرتنی سکپڕی.

شەش لە حەوت ئەو تورک زوانانەی بەزۆر کۆچیان بۆ ناوچەکە کردبوو کە دەکاتە ٨٥,٧٪ لە کاتێکی زووتردا ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕییان بەکار هێنابوو و سێ لەوان کە دەکاتە ٤٢,٩٪

ڕێگەی تازەی ڕاگرتنی سکپڕبوونیان بەکار هێنابوو.

ئەوانەی تورکـیـان نەدەزانی و بەزۆر کۆچیـان پێ کـرابوو، کەمـتر حـەزیان لە قـەدەغـەکـردنی منداڵبوون بوو. تەنیا یەک لە هەشتیان ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕییان ئەنجام دەدا و ڕێگەی نوێیـان دەگـرتە بەر بۆ وەسـتـاندنەکـە. بڕارەی ڕێگەکـان دەوەسـتـا لەسـەر زوان و کـۆمـەڵی کۆچبەرەکان.

ئەو ڕێگەیەی زۆر بەکار دەهات و دووبارە دەبووەوە لەناو ئەو تورک زوانانەی بە ئارەزووی خۆیان کۆچیان کردبوو برێتی بوو لە بەکارهێنانی کۆندۆم بەڕێژەی ٨ لە ١٦ و ڕێگەی دانانی ئامێر لەناو منداڵدان (IUD) بەڕێژەی ٨ لە ١٦ لە کاتێکدا ڕێگەی تری ئافرەتانەیان بەکـار دەهێنا وەک حـەب بەڕێژەی ٦ لە ١٦ و دەرزی بەڕێژەی ٦ لە ١٦.

بەپێچـەوانەوە هـەمـوو تورک زوانە بەزۆر کـۆچ پێکراوەکان تەنیـا یەکـیـان نەبێ، ڕێگەی پیـاوانی بەکـاردەهێنا وەک کـێـشـانەوەی ئـەندامی نێـرینە لە کـاتی فـڕێدانی تۆو بەڕێژەی ٤ لە ٧ و ڕێگەی کۆندۆم بەڕێژەی ٣ لە ٧دا.

بەدەربڕینێکی تر، هیچ کەسێک نەبوو لەوانەی تورکییـان نەدەزانی کۆندۆم بەکار بێنێ. زیاتر حـەزیـان لە بەکـارهـێنانی ڕێگەکـانی ئافـرەتان بوو بۆ سنووردارکـردنی سکـپڕی. ڕێگە تازە زۆر دووبارەبووەکـەی قـەدەغـەکـردنی سکـپڕی لەناو ئەوانەی خـۆیان کـۆچیـان کـردبوو و تورکـیـان نەدەزانی، برێتی بوو لە بەکارهێنانی ئامێری ناو منداڵدان بەڕێژەی ٤ لە ٩ و حەب بەڕێژەی ٣ لە ٩ دا. تەنیـا یەک بەکارهـێنەری ڕێگەکـانی قـەدەغـەکـردنی سکـپڕی لەناو بەزۆر کـۆچکردووە تورک زوانەکان هەبوو و ئەویش دەرزیی بەکار دەهێنا.

بەکارهـێنانی ڕێگەی نوێی ئافرەتان لە قـەدەغـەکـردنی سکـپڕی ئامـاژە بۆ توانی ئافـرەت دەکـا، چونکە ڕێگەی تازەی ئافرەتان پێویستی بە گەیشتنی ئافرەتان هەیە بە خزمەتی تەندروستی.

بۆیە سەرکەوتنی ئەو کۆچبەرە تورک زوانانەی بەئازادی خۆیان کۆچیان کردووە لە گەیشتن بە خـزمـەتگوزاریی تـەندروسـتی و هـەوڵدانی جـۆرەوجـۆر لەسـەر ڕێگەکـانی قـەدەغـەکردنی سکـپڕی، ئامـاژە بە توانی ئەوان دەکا لەلایەکدا و هەروەها کـەمیی بەکارهێنانی ڕێگە نوێکانی قەدەغەکردن لەناو کۆچپێکراوەکان بەتایبەت ئەوانەی تورکی قسـە ناکەن، پێشنیازی لاوازی و ناسکیی دۆخیان دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەوانەی ڕێگەکـانی قەدەغەکردنی سکپڕییـان بەسەرکەوتووانە بەکار دەهێنا، ڕێگەکـانیان زۆر دەگۆڕی. ئەوەش پێشنیازی بڵاوبوونەوەی ناڕازیبـوون، بەردەوامنەبوون و سەرنەکەوتن لە بەکارهێنانی ڕێگەکانی قەدەغەکردن دەکەن کە بوونەتە هۆی سکپڕیی نەخوازراو. بۆیە زۆربـەی ئەو بەشـدارانەی زیاتر لە ڕێگەیەکی قـەدەغـەکـردنیـان بەکـار دەهـێنا بەپێـچـەوانەوە دووچاری دووبارەبوونەوەی سکپڕیی نەخوازراو بە تێکڕای ٤,٦ جار بوونەتەوە.

ئەوەی دەبێتە ئەنجام لێرەدا برێتییە لە بێ بەرهـەمی و ناکاریگەریی قەدەغەکردنی سکپڕی لەناو زۆربەی بەشـداراندا کـە دەیانگوت: هـەمـوو ڕێگەیەکم گرتە بـەر. ڕێگەی دەرزی لێدانی سێ مـانگیم

بەکار هێنا. ئەڵقە (کۆیل)م بەکارهێناوە. حەبم بەکارهێناوە. بەکارم هێنا، چی بوو ناوەکەی؟ حەبەکەیان لە دەست بوو. هەروەها کۆندۆمیشمان بەکارهێنا... داوای نەشتەرکاریی بەستنی بۆڕی هێلکەدانم کرد. پزیشکەکان گوتیان "تەمەنت بچووکە. بەرگەی منداڵبوون و نەشتەرکاری ناگری". خواش ئەوەی خستە دڵم: "باوابێ. با منداڵت بێ کچێ". ئەوەی قسەی سیرین بوو، ٢١ساڵ، تورکی زوان، کۆچی کردووە بە ئارەزووی خۆی بۆ تاتوان، ساڵی کۆچ ١٩٩٢، دایکی سێ منداڵ بوو".

## کۆسپەکانی بەردەم ئافرەت لە کاتی ڕێکخستنی سکپڕی

بەشداران دەریان خست کە چەند دۆخێک هەیە ڕێگرە لەبەردەم ماوەدان لە نێوان سکەکان و سنووردارکردنیان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو. ئەو کۆسپانە زۆرجار جیاوازن لە نێوان سکێک بۆ سکێکی تر. هاوکات چەند چیرۆکێکی دووبارەبوو لەلایەن بەشدارانەوە هاتە گوتن.

لەم بەشەدا خەسڵەتی ئەو دۆخانەی قەدەغەکردن تێیدا نووچی خواردووە دێتە شیکردنەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆسپەکانی بەردەم کۆنترۆڵکردنی وەچەخستنەوە لە بەشداراندا بکا.

دۆخی یەکەم/ زوو شووکردن: "هیچم نەدەزانی ئەو کاتەی چوومە ژیانی هاوسەربەندی"

مۆژدە تەمەنی ١٣ ساڵ بوو ئەو کاتەی چووەتە ژیانی هاوسەربەندی لە کاتی ژن بەژنی کە دیاریکرابوو لەلایەن باوکی و باوکی هاوسەرەکەی کە بە دایالێکتی کرمانجی پێی دەگوترێ بەردێل. بەردێل بریتییە لە گۆڕینەوەی خوشک یان کچ لە نێوان دوو پیاودا کە زۆرجار لەبریی مارەییی بووک دەبێ. مۆژدە زۆر منداڵ بووە بەجۆرێک نەیزانیوە کە هاوسەربەندی ویستووە یاخۆ نا، بەڵام لەبەر ڕێزی باوکی هاوسەربەندییەکەی قبووڵ کردووە.

مۆژدە لە ساڵی یەکەمی هاوسەربەندییەکەیدا لەگەڵ دایکی هاوسەرەکەی دەخەوت، بەڵام کە ژیانی هاوسەریی مۆژدە بەکرداری دەستی پێکرد، مۆژدە چەند منداڵێکی لە دوای یەک بوو. بەر لە تەمەنی ٢٠ ساڵی چوار منداڵی هەبوو.

"ئەوکاتە هیچم نەدەزانی. ئەو کاتەی هاوسەربەندیم کرد، قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات چەند منداڵم ببێ و ئایا منداڵم دەبێ. نەمدەزانی ئافرەت دەکرێ زوو سکی پڕبێ دوای ئەوەی هاوسەربەندی دەکا. زوو سکم پڕبوو، دوای ساڵێک لە چوونە ژیانی هاوسەری. نەمدەزانی دوای سکپڕی، ئافرەت دووبارە سکی پڕ دەبێتەوە ئەگەر خۆی بەدوور نەگرێ و ڕێگەکانی قەدەغەکردن نەگرێتە بەر. ئەوەشم نەدەزانی. لە دوای منداڵی یەکەم سکم پڕبوو. ئەویش هەڵەی من بوو، چونکە بیرم لەمە نەکردبووەوە. تەنیا ئەگەر زۆر بیرم لێ بکردایەوە ئەو شتەم دەزانی... دوای ئەوەی منداڵی دووەمم بوو، دڵەڕاوکەم بۆ دروست بوو بەوەی منداڵێکی ترم دەبێ، بەڵام نەمدەزانی چی بکەم. کەس پێی نەگوتم بچمە لای پزیشک یاخۆ کارێک بکەم بۆ قەدەغەکردنی وەک بەکارهێنانی حەب یاخۆ کۆیل لە منداڵدانم بچێنم. منداڵی دووەمم بووە هەشت مانگ، دووبارە سکم پڕ بووەوە. ئەو منداڵەیشم

بوو. هاوسەرەکەم چوو بۆ خزمەتی سەربازی. ئەو کاتەی هاتەوە لە پشووەکەی، سکم دیسان پڕ بوو. لەدواییدا پەرستارەکان هاتن بۆ ئەوەی بمانبینن... ئەو کات فێری ڕاگرتنی سکپڕی بووم و چووم بۆ نەخۆشخانە (مۆژدە، تەمەن ٢٦ ساڵ، تورک زوان، کۆچبەرێک بوو بە ئارەزووی خۆی لە چاتەک هاتبوو، لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی کردبوو، دایکی چوار منداڵ بوو).

نەک تەنیا موژدە، بگرە لە زۆربەی بەشداران، ژیانی زاوزێ زۆر بەخێرایی دەستی پێ دەکرد. تەمەنی ناوەند بۆ یەکەم هاوسەربەندی لە بەشداراندا بریتی بوو لە ١٦ ساڵ، ئەوەش زۆر کەمترە لە تێکڕای تەمەنی نیشتمانی کە ٢٢,٩ ساڵە بەگوێرەی ئامارێکی پەیمانگەی تورکیا لە ٢٠٠٩دا.

تەمەنی یەکەم منداڵبوون لەناو بەشداراندا بریتی بوو لە ١٦,٩ ساڵ بەشێوەیەکی تێکڕا هەروەک پارچەکانی تری تورکیا بەپێی زانیارییەکانی زانستگەی هاجەتەپە بۆ لێکۆڵینەوە لە دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٠٤دا.

ئەو ئافرەتەی تازە هاوسەربەندیی کردووە لە دۆلوجە، پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرێ لە ماوەی یەک ساڵدا سکی پڕبێ، چونکە دەبێ توانی زاوزێی خۆی بسەلمێنێ. سکپڕی لە زۆربەی بەشداراندا ڕووی داوە بەرلەوەی هەست بە توانی سێکسکردن و زاوزێیان بزانن و هەلی بیرکردنەوەیان هەبێ لە دروستکردنی منداڵ.

دۆخی دووەم/ کۆتەکانی سەپێنراو لەسەر ئازادی هاتوچۆکردن: "کچە دەزانێ، بەڵام ناتوانێ بچێ".

هاڤە (تەمەن ٣٢ ساڵ، زوانی تورکی نازانێ، بەزۆر بۆ چاتەک کۆچی کردووە، ساڵی کۆچ ١٩٩١، دایکی شەش منداڵە) کە لەلایەن یاسەمین (تەمەن ١٩ ساڵ، تورک زوان کە بەزۆر کۆچی کردووە بۆ چاتەک لە ساڵی ١٩٩٥ و دایکی یەک منداڵە) کە بەشدارێکی تربوو لە دیمانەکە و خەسووی کچی برای هاڤە بوو.

یاسەمین کاری وەرگێڕانی بۆ هاڤە کرد، چونکە ئەو زوانی تورکی نەدەزانی. هاڤە یەک لەبارچوون و سێ مردنی کۆرپەی هەبوو لە ڕابردوویدا.

هاڤە لە کاتی دیمانەکەدا سکی پڕبوو بەمنداڵی حەوتەم. هێشتا دەیگوت کە حەزی هەبووە تەنیا یەک یاخۆ دوو منداڵی هەبوایە بەهۆی ئەوەی ناتوانێ حەوت منداڵ بەخێو بکا. ئەو کاتەی چووە وان لەگەڵ دایک و باوکی پێش هاوسەربەندی، فێری قەدەغەکردنی سکپڕی بوو. کەمێک دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە گوندی چاتەک، بەهۆی ناکۆکییەکانی شوێنەکە بۆ وان کۆچی کرد.

هاڤە نەیتوانی پێوەندییەک باشی لەگەڵ ماڵباتی هاوسەرەکەی دروست بکا و هەروەها پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ خزمانی بەرەی هاوسەرەکەشی نەبوو. خزمەکانی خۆی لە گەڕەکێکی تر بوون و زۆر نەیانی دەبینی. بەگوێرەی قسەکانی یاسەمین "ئەو کەسی نەبوو". هاڤە گوتی ئەو لەبارەی قەدەغەکردنی سکپڕی زانیوە و ویستوویەتی سوودیان لێ ببینێ لە دوای لەدایکبوونی

سێیەم منداڵ، بەڵام نەیتوانیەوە بچێتە نۆرینگە.

یاسەمین ڕوونی کردەوە: هاڤە لە ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕی دەزانێ، بەڵام نازانێ بچێتە هیچ شوێنێک. کەس بە پێویستی نازانێ لەگەڵی بچێتە نۆرینگە. ئەگەر حەبی قەدەغەکردن بخوا، ئەی دوای مانگێک تەواو نابێ؟ دواتر کێ بۆی دەکڕێ؟ ئەو لە ڕێگەکانی قەدەغەکردن دەزانێ، بەڵام ناتوانێ بچێتە هیچ لایەک. کێ بیبا؟ ئەو ناتوانێ بچێتە نەخۆشخانەی منداڵبوونیش.

دوای یەک دوو منداڵبوون، زۆربەی بەشداران هەوڵی ڕێگەکانی کۆنترۆڵکردنی سکپڕی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا وەک لەسەرەوە هاتووە، چوونە نۆرینگە بۆ دەرەوەی گەڕەکەکە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئافرەتانی دۆلوچە. ئەوان نەیان دەتوانی بە بنکە تەندروستییەکان بگەن بەبێ هاوکاریی ئافرەتە هاوەڵە خزمە دراوسێکانیان کە لەگەڵیان دەچوونە نۆرینگە تەندروستییەکان و ئاگایان لە منداڵە وردەکانی یەکتر دەبوو ئەو کاتەی لە ماڵ نەدەبوون. زۆربەی بەشداران یەک تا دوو ئافرەتی خزمی دراوسێ یاخۆ کچێکی ڕوواڵی هەبوو کە داوای هاوکاریی لێ بکا ئەو کاتەی لە ماڵ دەچووە دەر. لەو تەمەنەدا هێشتا کێشەی چوونەدەرەوەیان هەیە هەروەک لە سەرەتای ساڵانی هاوسەربەندییان کە ئەو کاتەی کۆنترۆڵی ناوچەیی و شوێنی بەسەریاندا توندتر بوو. بۆیە ژمارەیەک لە بەشداران سکیان پڕبوو لەسەریەک ئەو کاتەی لە هەوڵی گەیشتن بەدەرفەتێکی یاسایی بوون بۆ ئەوەی بچنە نۆرینگە بۆ لێدانی پێکووتەی منداڵ.

لە ڕاستیدا تەنیا دوو بەشدار هەبوون بە هاڤەوە کە نەیانتوانیبوو سوود لە دەزگە تەندروستییەکان ببینن، چونکە وەک ئافرەت بێبەش بوون لە هەموو ئەو ڕێگایانەی پێویستن بۆ گەیشتن بەشوێنە گشتییەکان کە برێتی بوون لە زانینی زوانی تورکی، خوێندەواری، ڕێگەدانی هاوسەر و لەسەرووی هەمووشیانەوە گەیشتن بە ئافرەتە خزمە دراوسێکانیان. ئەو دۆخانە لە ژمارەدا زۆر نەبوون، بەڵام بایەخێکی گەورەی هەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بەرەنجامانەی لە بێبەشبوونی ئافرەتی کۆچبەری کورد بەهۆی سیستەمی فەرمانڕەواییی پیاوەوە دەبینرێ کە زۆربەیان ئازادی جووڵە و هاتوچۆ سنووردار دەکەن.

دۆخی سێیەم/ دووبارەبوونەوەی کاریگەرییە لاوەکییەکان: "بوون بە ئافرەت کارێکی سەختە".

سیبەل و هاوسەرەکەی پلانیان دانا کە منداڵێکی تریان نەبێ تا منداڵی یەکەمیان دەبێتە دوو ساڵ و فێرە دانیشتنی سەر قادە دەبێ. سیبەل شیری مەمکی بە کچەکەی دا بەرێکی و هاوسەرەکەشی لە کاتی فرێدانی تۆودا لە کاتی سێکس ئەندامی نێرینەی خۆی دەکێشایەوە بەمەبەستی ڕێگرتن لە سکپڕی، بەڵام هێندەی پێ نەچوو سکی پڕ بووەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوون لەسەر بەکارهێنانی هەمان ڕێگە و دواتر چوار منداڵی تریان بوو لە ماوەی پێنج ساڵدا بەو منداڵەشەوە کە دوای لەدایکبوون بەکەمێک مرد. دایکی سیبەل و کەسە نێزیکەکانی داوایان لە سیبەل کردبوو ئامێری قەدەغەکردنی سکپڕی لە ناوەوەی منداڵدانی دابنێ

و دەیانگوت: "تەماشای تەمەن گەورەکان مەکە. مرۆڤ لە تەمەنی تۆدا تەنیا دوو تا سێ منداڵ گەورە دەکا. ئەوە جێگەی داخە لەو تەمەنە".

کچە ئامێرەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ بەکار هێنا. ئەو هەرکاتێک سێکسی بکردبا دووچاری ئازارێکی سەخت دەبووەوە، بەڵام لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکە بەردەوام بوو. پزیشکە ئافرەتەکەی بڕیاری دا ئامێرەکەی ناو منداڵدانی سیبەل دوای تاقیکردنەوەی پزیشکی لابدا. سیبەڵ دواتر دەرزی بەکار هێنا، بەڵام زۆر نەخۆش کەوت بۆیە چیتر بەکاری نەهێنا. هاوسەرەکەی جارێکیان کۆندۆمی بەکار هێنا، بەڵام ئەویش ئازاری بۆ ژنەکە دروست دەکرد.

سیبەل گوتی:"کۆیل نەخۆشی و ناڕەحەتی بۆ بەکارهێنەر دروست دەکا. دەبێتە هۆی شێرپەنجە و نەخۆشیی تر. هەندێک خەڵک قەڵەو دەکا و هەندێکیش لاواز. هەندێک دووچاری خوێنبەربوون دەبنەوە. نازانم، بەڵام هەموو جۆرە نەخۆشییەک دروست دەکەن. بوون بەئافرەت شتێکی زۆر قورسە، وەک پیاو نییە".

گەڕانەوە بۆ ڕێگەی لام کە قەدەغەکردنە لەڕێگەی شیردان بەمنداڵ و ڕێگەی کێشانەوە، سەرەڕای ئەوە، دوو منداڵی تریان بوو. دواتر سیبەل ڕێگەی بەستنی منداڵدانی هەڵبژارد.

"ئەو کاتەی کە شەشەم منداڵ بووە ساڵ و نیوێک، چوومە نەخۆشخانەی لەدایکبوون بۆ ئەوەی منداڵدانم ببەستم. پزیشک گوتی "تۆ سکت هەیە". هاوسەرەکەم گوتی "فرێی بدە". بەڵام نەمکرد. ئەو گوناهە ناکەم. بەنەشتەرکاری منداڵەکەم بوو. ئینجا منداڵدانم بەستایەوە. چیتر منداڵم نابێ. بابەس بێ.

(سیبەل، تەمەن ٣٦، زوان تورک، لەوانەوە بەئارەزووی خۆی کۆچی کردووە، ساڵی کۆچ ١٩٩١ و دایکی حەوت منداڵە).

وازهێنان لە قەدەغەکردنی سکپڕی بەهۆی کاریگەریی لاوەکی شتێکی باو بوو لەناو بەشدارواندا. هەموو بەکارهێنەرانی دەرزی وازیان لە بەکارهێنانی هێنا دوای یەکەم یاخۆ دووەم دەرزی بەهۆی ناڕەحەتییەوە وەک وەستانی شیری مەمک، بای سک و ئازاری پشت.

نۆ لە دوازدەی بەکارهێنەرانی ئامێری ناو منداڵدان ئامێرەکەیان دەرهێنا بەهۆی نەخۆشیی حەوزەوە. چوار لە یازدەی بەکارهێنەرانی حەب وازیان لە خواردنی هێنا بەهۆی زۆری خوێن بەربوون و ئازاری گەدەوە.

لە ڕاستیدا ١٥ لە بەشداران کە دەکاتە ٦٠٪ی ئەوانەی پێویستییان بە ڕێگەکانی قەدەغەکردن هەبوو وەک ئەوانەی منداڵیان نەدەویست، سکیان پڕ نەبوو، هەرچەندە لە تەمەنی سەرووی سکپڕبوون نەبوون و لە ڕووی سێکسەوە چالاک بوون. ئێستە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی باشترن بەهۆی سەرنەکەوتنی ڕێگەکانی پێشووتر و حەزنەکردن لەو ڕێگایانەی بۆ قەدەغەکردن بەکاریان دەهێنا.

پێنج لە بەشداران لە هەوڵی ئەوەدا بوون منداڵدانیان ببەستنەوە لە کاتی منداڵبوونی دووەمدا.

هەندێکیان پێیان وابوو کە ڕێی تێ ناچێ نەشتەرکاری بکەن لە کاتێکدا منداڵی وردیان هەیە و پێویستە ئاگایان لێیان بێ.

سیبەل بەستانی منداڵدانی بۆ کرا ئەو کاتەی کچە گەورەکەی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەشت ساڵیدا بەجێ هێشت. سوپاسی کچەکەی کرد بۆ هاوکاریکردنی، چونکە پێویستی بەپشوویەکی زۆر هەبوو لە دوای نەشتەرکارییەکە و دەیگوت: "هەڵەی ئەو نییە کە قوتابخانەی بەجێ هێشتووە. خەسووم پیرە و لە جێگە کەوتووە. چەند مانگایەکمان هەیە. نەشتەرکاریم کردووە. ناتوانم شتی قورس هەڵبگرم. کچەکەم هەموو کارێکی ناوماڵ دەکا".

دۆخی چوارەم/ ئەو هاوسەرەی بەشێک لە بەرپرسیارەتیی قەدەغەکردنی سکپڕی هەڵناگرێ: "هاوسەرەکەم نە منداڵی دەوێ نە خۆشی دەپارێزێ لە سکپڕبوون".

ئەسمانور یەکجار منداڵی لەبار چووە، چوار سکی لەبار بردووە و پێنج منداڵیشی بووە لە ماوەی ١٦ ساڵی ژیانی هاوسەری. حەب، ئامێری لەناوەوەی منداڵدان، دەرزی، ڕێگەی کێشانەوە و کۆندۆمی بەکار هێناوە، بەڵام ئەو دووبارە و سێبارە هەر سکی پڕ دەبوو. ئەسمانور گژوگیای پزیشکی لەگەڵ هەموو سکپڕییەک بەکار هێناوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کاری نەکردووە.

ئەسمانور سکی پڕبوو دوای دوو لەباربردن، هاوسەرەکەی مامەڵەی لەگەڵدا خراپ بوو و دەیگوت "لەبەرچی خۆت نەپاراستووە لە سکپڕی؟ لەبەرچی وا دەکەی؟ بڕۆ کۆیل ببەستە!"

دوای لەدایکبوونی پێنجەم منداڵ بە کەمێک، ئەسمانور چووە نەخۆشخانە بۆ بەستنی منداڵدانی، بەڵام پزیشک قبوڵی نەکرد، چونکە هێشتا گەنج بوو.

ئەسمانور لە هەمان ساڵدا دوو منداڵی تری لەبار برد. هاوسەرەکەی لێی تووڕە بوو دوای چوارەم لەباربردن و بۆ ماڵی باوکی ناردییەوە و گوایە پێی گوتووە "بچۆوە ماڵی باوکت! تۆم ناوێ. زۆر بەسەختی هەوڵی کار دەدەم. کاری زەحمەت دەکەم. خەرجیم لەخۆم، منداڵەکان و ماڵ بڕیوە. هەمووی دەدەی بە لەباربردن؟! تۆزێک سکت پێم بسووتێ.

ئەسمانور قسەکانی هاوسەرەکەی بەنادادپەروەرانە دادەنا، بەڵام بەرگەی تووڕەیی و سوکایەتییەکانی گرت بۆ ڕزگارکردنی هاوسەربەندییەکەی و دەبێژێ: هاوسەرەکەم بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ئەو منداڵانەمان بەتەنیا نەبووە. شتێکی خراپ بوو، چونکە هیچ پارەیەکمان نەبوو. هەندێک جار دانم بەوە دادەنا کە ئەو ڕاست بێ. ئەو دەیگوت "هەروەک ئەوە وایە کە پارە بە گسک کۆ بکەمەوە".

ئەسمانور گوتی، بەڵام ئەو سکی بەمن ناسوتێ: ئەو ژنە چوارجار کورتاجی هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە تەنیا دەرمانیش بکڕێ. هەرگیز وا بیری نەدەکردەوە. دەبوایە بەرگە بگرم. چی بکەم؟ بەڵام چونکە هێشتا خۆشم دەوێ و لەبەر منداڵەکانم، بەرگەی دەگرم.

(ئەسمانور، تەمەن ٣١ ساڵ، تورک زوان، بەئارەزووی خۆی لە گەڤەشەوە کۆچی کردووە، لە

ساڵی ۱۹۹۷ کۆچی کردووە و دایکی پێنج منداڵە).

دۆخی ئەسمانور برێتییە لە نموونەی خۆبەدوورگرتنی پیاو لە بەرپرسیارەتیی زاوزێ. هاوسەری ئەسمانور و زۆر لە هاوسەران بەگشتی کۆکن لەسەر ماوەدان لە منداڵبوون و دەیانەوێ ژمارەی منداڵەکانیان سنووردار بکەن لەبەر خراپیی دۆخی ئابووری.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک هاوسەری ئەسمانور، زۆر لە هاوسەران خۆیان لە ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕی بەدوور دەگرت. هەندێک لە ئافرەتانی بەشدار لە دیمانەکە داوایان لە هاوسەرەکانیان کرد کۆندۆم بەکار بێنن ئەو کاتەی نەیانتوانیوە ڕێگەکانی قەدەغەکردن بگرنە بەر بەهۆی تەندروستی یاخۆ کاریگەریی لاوەکییەوە. هێشتا هاوسەرەکانیان بەپاشی دەدەن کۆندۆم بەکار بێنن یاخۆ تەنیا هەندێک کات بەکاری بێنن. بۆ نموونە موژدە (لە دۆخی یەکەم) کۆندۆمی بە هاوسەرەکەی دا و گوتی "ناتوانم بەرگەی منداڵێکی تر بگرم. تۆش ناتەوێ. منداڵەکانمان هێشتا بچووکن. تۆ هیچ ناکەی. هەر هیچ نەبێ ئەوانە بەکار بێنە". هاوسەرەکەی گوتی "گاڵتەم لەگەڵدا دەکەی؟! تۆ وات دەوێ.

بەشدارێکی تر بەناوی (گیوللو، تەمەن ۳۱ ساڵ، تورک زوان، لە چاتەکەوە بە ئارەزووی خۆی کۆچی کردووە، ساڵی کۆچ ۱۹۶۳ و دایکی چوار منداڵە).

گیوللو گوتی "هاوسەرەکەم نە منداڵی دەوێ نە خۆشی دەپارێزێ. ئەو جۆرە پیاوەیە کە هەموو کات تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە".

ئەنجام: ڕێی تێ دەچێ بەرپرسیارەتیی قەدەغەکردنی سکپڕی بگریتە ئەستۆ بەبێ هیچ مافێک؟

ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی، مرۆناسی و فێمینیستی لەسەر زاوزێی مرۆڤ پێشنیازی ئەوە دەکەن کە سنووردارکردنی منداڵبوون بەهیچ شێوەیەک دەسکەوتی بیری پێشکەوتوو و تەکنەلۆجیای تەندروستیی زیندەوەرزانی نییە (ماک کۆرماک، ۱۹۸۲، ماکلارن، ۱۹۹۰).

لە کاتێکدا خەڵکی لە چەرخە کۆنەکاندا هەوڵیان داوە باشتر زاوزێ یاخۆ سنووورداری بکەن بەهۆی چەند بەرژەوەندییەکی کەسی یاخۆ کۆمەڵەکەیان، بەڵام ئافرەت هەموو کاتێک هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی توانی بەسەر جەستەی، سێکسکردن و زاوزێ بشکێ لەناو چوارچێوەی بەهاکانی کۆمەڵ و ئارەزووەکانی هاوەڵ و ئەندامانی تری ماڵبات.

کۆنترۆڵکردنی زاوزێ برێتییە لە پرۆسەی فێربوون بۆ هەموو کەسێک، چونکە ئافرەت بەتایبەتی زۆرجار پاڵی پێوە دەنرێ بەنەخوێندەواری بمێنێتەوە لەبارەی جەستەکەی، سێکسکردن و وەچەخستنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئافرەت ناکرێ بە نەزانی بمێنێتەوە بەهۆی بوونی زنجیرەیەک کردار و سووڕی جەستەیی وەک بێنوێژی، کرداری سێکسکردن، سکپڕی، لەبارچوون، منداڵبوون و شیردان.

لەگەڵ ئەوەشدا فێربوون بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆت پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیکی نییە بۆ

زۆربەی ئافرەتان، بەڵام پێویستی بە هەندێک هەوڵ و خۆڕۆشنبیرکردن هەیە لەلایەن ئافرەتەوە لە کۆمەڵێکدا کە پیاو باڵادەستە. ئەوەش لە کاتێکدا کە سیستەمی باوکسالاری سیستەمە هەرەمییەکانی تر دەبڕێ وەک توێژ، ڕەگەز و نەتەوە. هەرچۆنێک بێ باوکسالاری کاریگەریی لەسەر ئەو ئافرەتانە هەیە کە بەشێوەیەکی جیا دامەزراون لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە هەرەمەکییەکانی تر کە جیان لەیەکتر.

پرۆسەکە سەخت و درێژترە بۆ ئەو ئافرەتە بێبەشانەی لە هەوڵی بەدەستهێنانی کۆنترۆڵن بەسەر زاوزێکردنیان. بۆ ئافرەتانی دۆلوچە بەتایبەت، کۆنترۆڵکردنی زاوزێکردنیان زۆر درێژتر و پرۆسەکە قورسترە سەرەڕای بوون و بەرجەستەبوونی ڕێگەکانی قەدەغەکردنی سکپڕی. ئەوە بەهۆی نەخوێندەواری و نەریتەوە نییە. لە کاتی خراپیی دۆخی ئابووریدا زۆربەی ئافرەتان هەوڵ دەدەن ژمارەی منداڵەکانیان سنووردار بکەن بۆ ئەوەی خۆراک، بەرگ و خوێندییان بۆ دابین بکەن.

ئافرەتانی ئێرە لەبارەی کاریگەرییە لاوەکییەکانی قەدەغەکردنی سکپڕی دوودڵن، بەڵام زانیارییەکی باشیان هەیە لەسەر ڕێگەکانی قەدەغەکردن و بوێرن لە پراکتیزەکردنی قەدەغەکردن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەوان لە ڕووی کولتوورەوە دانەبڕاون لە زانیاری و ڕێگەی تازە لەسەر ڕێکخستنی زاوزێکردن. لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتن بە ئامانجەکان بۆ ئەوان ئاسان نەبووە، هەروەک لە دۆخی چوارەمدا ڕوون کراوەتەوە کە ئەوان لە خۆیانەوە بەرپرسیارەتیی ڕاگرتنی سکپڕییان هەڵدەگرت لە کاتێکدا ئەوان بێ بەشبوون لە ماف و ڕێگەکانی کۆنترۆڵکردنی زاوزێ. ئافرەت هەوڵێکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی بگات بە خزمەتی تەندروستی تا هەوڵی ڕاگرتنی سکپڕی بدا. ئافرەت نەک تەنیا بێبەش بوو لە ئازادیی جووڵەکردن، بگرە نەیاندەتوانی بگەن بەو ئامراز و خزمەتگوزارییانەی بەهۆیەوە دەگەنە شوێنە گشتییەکان- تۆڕی ئافرەت کە ڕێگەیەکی کۆنی بەهێزکردنە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئافرەت لە شوێنەکاندا، هەروەها خوێندنی ڕەسمی کە ڕێگەیەکی تازەی پڕ تواناکردنە کە ئافرەت لە هاوسەربەندیی زوو دەپارێزێ، دەرفەتێک بە ئافرەت دەدەن بۆ ئەوەی زوانی تورکی و شارەزاییی پێوەندیکردن فێر ببێ و ماف بە ئامادەبوونی ئافرەت بدەن و یارمەتی دەربن بۆ گەیشتنی ئافرەت بەشارەزایی لە شوێنە گشتییەکاندا. تەنانەت لە سیستەمی باوکسالاری یەکجار تاکڕەودا، ئافرەت بەتەواوەتی ملکەچ نییە.

ئافرەت زۆرجار سازش لە سیستەمی باوکسالاری دەکا بۆ ئەوەی بگا بە بەختەوەری لە سیستەمەکەدا. هەرچەندە تەمەن بچووک و سادە، نائاشکرا و بێ بەرنامەن و دووچاری نووچخواردن دەبنەوە (کاندیۆتی، ١٩٨٨). سەرەڕای بوونی ئامرازە کۆنەکانی توانی ئافرەت وەک تۆڕی ئافرەت و خوێندن کە لێی بێبەش بوون، ئافرەتانی دۆلوچە چالاکانە هەوڵیان دا بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری بەبێ ئەوەی لە پێوەندیی ڕەگەزیی سیستەمی باوکسالاری دەربچن. ئافرەتان لە بەشداریکردنی ئەو گفتوگۆ و وتارانەدا لەزیادبووندان کە سیستەمە کلاسیکییەکەی باوکسالاری تێک دەدا، بەڵام هێشتا ئەو بەها باوکسالارییانە ماون و هەر بەشێکن لە

سیستەمەکە. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، ئەو وتارە کلاسیکییەی پێشوو هەبوو، گۆڕا بۆ وتارێکی ئازاد کە دووپات لەسەر بەرپرسیارەتیی تاک لەسەر کردەوە دەکاتەوە. ئەوەش ئەمڕۆ ڕوو دەدا بەهاوبەشی لەگەڵ بیرۆکەی تازەی بەرپرسیارەتیی باوان کە دەوڵەت پاڵپشتی دەکا. بۆیە ئافرەت بەهێواشی ئەو ژێگە کولتوورییە دەچێنێ کە شەرعییەت بە کردەوەکانیان دەدا.

دووەم، زۆربەی ئافرەتان کاردانەوەیان دەبێ لەگەڵ چاودێریی توندی سیستەمی باوکسالاری و خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ بەخێوکردنی چەند منداڵێکی ورد بەسوودوەرگرتن لە پێوەندیی دایک-کچ. لەگەڵ گەورەبوونی کچ، دایک نەک تەنیا پشوو دەدا لە چەند کارێکی ناوماڵ، بگرە دەتوانێ زۆرجار بچێتە دەرەوە بەهۆی ئەوەی کچەکەی ئاگای لە منداڵە بچووکەکان دەبێ یاخۆ لەگەڵ خۆی دەیبا وەک هاوەڵ.

بۆ نموونە هاڤە لە دۆخی دووەم، نە ئافرەتی خزمی هەبوو پشتیان پێ ببەستێ و نە کچی گەورەی هەبوو هاوکاریی بکا. سیبەل لە دۆخی سێیەم توانی منداڵدانی خۆی ببەستێتەوە، چونکە کچە گەورەکەی قوتابخانەی بەجێ هێشت و هاوکاریی دایکی لە کاری ناوماڵ دەست پێ کرد، ئەوەش دوای ئەوەی چەند ڕێگەیەکی قەدەغەکردنی سکپڕی گرتە بەر و سەری نەگرت. هاوکاریی بەئەمەکیی کچ، ئافرەتی بەهێز کرد. هاوکات ئافرەت بەگوێرەی خوێندەواریی کچەکەی، توانی زیاتر دەبوو لەو سیستەمەدا. کچ بۆ یارمەتیدانی دایکی قوتابخانەی بەجێ دەهێشت. بۆیە لە پشت ئەو سۆزەی لە پێوەندیی دایک- کچ هەبوون، سیستەمی باوکسالاری دووبارە دێتەوە بەرهەم.

لە کۆتادا ئەو ئافرەتە زوان تورکانەی بەئارەزووی خۆیان کۆچیان کردبوو، وا پێدەچێ زۆر سەرکەوتووتربن لە ئافرەتانی تر لە بەکارهێنانی ڕێگەکانی کۆنترۆڵکردنی سکپڕی لەو لێکۆڵینەوەیەدا. شیمانە هەیە بەڵگە بێ لەسەر هەوڵەکانیان بۆ زیادکردنی سەرچاوە سنووردارەکانی زانینی زوانی تورکی و ماوەیەکی درێژ لە نیشتەجێبوون و ئەزموون لە شارەکە بەبەراورد لەگەڵ کۆچبەرەکانی تر. هەوڵە لاوازەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سکپڕی کە هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر سیستەمی باوکسالاری، هانی دەداو پێشڕەوییان دەکا ئافرەتانی تر بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی ڕاگرتنی سکپڕی.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بێتە گوتن کە ئافرەتانی دۆلوچە زیاتر دووچاری سەختی دەبوونەوە لە کاتی بەکارهێنانی ڕێگەکانی ڕاگرتنی سکپڕی لە زۆربەی ئەو ئافرەتە شارنشینانەی لە تورکیا کە زوانی دایکیان تورکییە، چوونەتە قوتابخانە، لە بیستەکانی تەمەنیان هاوسەربەندییان کردووە و توانیویانە لە خزمەتگوزاریی تەندروستی سوود وەربگرن دوور لە هاوکاریی هاوسەرەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی جیاوازیی ڕەگەز و سوودوەرگرتن لە یارمەتیی ژنانی تر (ئۆلسن-پرازەر، ١٩٧٦). وەک لەسەرەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەو دۆخەی دۆلوچە بەهۆی ڕێگەپێنەدانی ڕەگەزیی کۆمەڵایەتییەوە بووە لەوەی دابڕانی کولتووری بێ. قەدەغەکردنی ئافرەتانی دۆلوچە لە شوێنە گشتییەکان، وەک گفتوگۆی لەسەر هاتووەتە کردن، بەهۆی کولتوورییانەوە نەبووە، بگرە

بەهۆی چڕبوونەوەی بێبەشی لە بواری کۆمەڵایەتی-ئابووری، نەتەوەیی، ناسەلامەتیی ژیگە و کاردانەوەی پیاو بۆ شتەکان بووە.

بەگوێرەی ئالان جۆنسن (٢٠٠٥) خولیایە نەگونجاوەکەی پیاو بۆ کۆنترۆڵکردن، ترس، کێبەرکێ و یەکگرتن برێتییە لە هێزی بزوێنەری بنەڕەتی لە سیستەمی باوکسالاری.

بۆ ئەوەی بەسەر ترس لە دۆڕاندن زاڵ بێ، پیاو لە کۆمەڵی باوکسالاری زۆرجار هەوڵی زۆر دەدا بۆ گەیشتن بە کۆنترۆڵ بەسەر ئافرەتدا. ژمارەیەک لەو لێکۆڵەرەوانەی لەسەر فێمینیزم دەنووسن، ئاماژەیان بەوە داوە کە مەیلێکی زیادبوو هەیە لە ڕێکخستنی ئەخلاقی و کۆنترۆڵکردن بەسەر ئافرەتدا لە چوارچێوەی ئەو مەترسییە هەستپێکراوانەی لە کۆسپەکانی کۆمەڵی باوکسالاریدا هەن (جایەوەردینە، ١٩٨٦: سپیڤاک، ١٩٨٨: ئەرتورک، ١٩٩٦،٢٦).

پیاوانی دۆلوچە ورد دەبوونەوە لە کۆنترۆڵکردنی ئافرەت و دووبارە کێشانەوەی سنووری باوکسالاری. ڕێگەنەدانی ئافرەت لە بینینی پیاوی تر، بەشێکی بنەڕەتی بوو لە پیاوەتی لە گوندەکە. بەهەر شێوەیەک بێ پارێزگاری لە ناموس پێویستی بە چاودێریی وردتر هەیە لە شار بەهۆی نێزیکی ژیگەی ئافرەتەکە لە پیاوانی تر، نادیاریی سنووری گرووپەکان و ژیگەی نائارام بەهۆی ڕاگواستن و لەدەستدانی کۆمەڵەکانیان.

## ناموس لە چاوانی پیاوی دۆلوچە لە مەترسییەکی جێگیری شیمانەکراودایە

وەک بیرۆکەیەکی نەگونجاو لەگەڵ یەکدا کە دەگاتە پرسی کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون، پیاوانی دۆلوچە قبووڵی بەشداریکردنیان نییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی. لە کاتێکدا پیاوان مامەڵە لەگەڵ هەموو کارەکان دەکەن کە پێوەندیی بەچوونە بۆ شوێنە گشتییەکان هەیە، هاوکات زۆربەی پیاوان پێشبینیی ئەوە دەکەن کە هاوسەرەکانیان بەڕێگەکانی ڕاگرتنی سکپڕی بگەن و بەکاری بێنن. ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە کۆندۆم هیچ کێشەیەکی تەندروستی دروست ناکا و ئافرەت ئاگادارە و دەناڵێنێ بە کاریگەرییە لاوەکییەکانی ڕێگەکانی کۆنترۆڵکردنی سکپڕی و بە بەردەوامی نشستی لە ڕێگەگرتن لە سکپڕی هێناوە.

هەرچەندە بەشداریکردنی پیاو لە کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون قسە هەڵدەگرێ، لەبارەی مافی زاوزێی ئافرەت، ئەوەش ئاماژە دەکا بۆ خێرا گەیشتن بە ڕێگەکانی ڕاگرتنی سکپڕی. دواتر هاوسەری هەر چوار بەشداره ئافرەتەکان زانیارییان لەسەر ڕاگرتنی سکپڕی لە نۆرینگەوە وەرگرت و بەڕێکی کۆندۆمیان بەکار هێنا و دواتر سەرکەوتوو بوون لە خۆ بەدوورگرتن لە سکپڕیی نەخوازراو. بەڵگەکان وا دەری دەخەن کە پیاوانی دۆلوچە ئەوانەی لە ڕووی چین، نەتەوە و پلەی خوێندەواری هاوبەشن، لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەتوانن لە خزمەتگوزاریی تەندروستی و ڕێگەکانی ڕاگرتنی سکپڕی سوودمەند بن و کۆنترۆڵی زاوزێش بکەن بەبێ هیچ سەختییەک کە ئافرەتەکانیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوە ئاماژەشە بۆ جێگیری سک و زا لە سیستەمی باوکسالاریدا.

له کـۆتادا ئەو پەڕاوە دووپاتی ئەوە دەکـاتەوە کـە بیــرۆکـەی زاوزێ بـە فـرەوانی لە پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان جێگیر بووە و شێوەیەکە لە باوکسالاری لە هەموو کۆمەڵگەکاندا و بەندە بە دۆخی سیاسی–ئابوورییەوە. ئەگەر ئافرەت سەختی چێشتبێ و ئێستاش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆی و زۆربوون بدا بـەشـێوەی جیا بەدرێژایی مـێژوو و لەناو کـولـتـوورە جیاکـاندا، ئەوە بەهۆی زاڵبــوونی ڕەگــەز، چینی کـۆمــەڵایەتی و بەدەســتــهــێنانی بەرژەوەندی لـەلایەن هێــزی ناوخــۆ و ناودەوڵەتیی سیاسی بووە (باندارا ج، ١٩٩٧:١٧١).

لە ڕاسـتـیدا مـافی زاوزێ هێشـتـا یەکێکە لە مـافە کێشـە لـەسـەرەکان کە بەڵگەی دنیایی لەسـەر هەیە. بۆ ئەوەی لە ڕووی مێژوویی و کولتووری شێوە جیاکانی زاوزێ تێبگەی، سەرەڕای ئارەزووی دنیایی ئافرەت و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زاوزێیـان، وا دەردەکەوێ باوکسـالاری ڕۆڵێکی گەورەتری هەبێ لە خـوێندەواری، کارکردن و بۆچوون لەسـەر شـێوازی مـنداڵ پەروەردەکردن. بە دەربڕینێکی تر هێشتا باوکسالاری گرینگیی خۆی هەیە.

سەرچاوەکانی وتار


-Bandarage. Asoka (1997).Women, population and global crisis: A political - economic analysis. London and New Jersey: Zed Books.

Boyaciolu, Aslihan Öün, & Türkmen, Ayfer (2008). Social and cultural dimensions of pregnancy and childbirth in Eastern Turkey. Culture, Health & Sexuality,10(3), 277-285.

Bura, Aye, & Keyder, Çalar (2003). New poverty and the changing welfare regime of Turkey: Report prepared for the United Nations Development Programme. Ankara: United Nations Development Programme.

Conseil Sante, SOFRECO, & EDUSER (2007) Saglik Arama Davranisi Arastrmasi (A research on health seeking behaviour). Ankara: Saglk Bakanligi Ana Çocuk Sagligi ve Aile Planlamas Genel Müdürlüü ve Avrupa Komisyonu Türkiye Delegasyonu.

Delaney, Carol (1991). The seed and the soil: Gender and cosmology in Turkish village society. Berkeley, Los Angeles and Oxford: University of California Press.

Edholm, Felicity, Harris, Olivia, & Young, Kate (1978). Conceptualising women. Critique of Anthropology, 3, 101-130.

Erder, Sema (1998). Köysüz Köylü Göçü (Migration of villagers without village). Görü-, 34, 24- 26.

Ergenekon-Ozelci, P., Elmaci, N , Ertem, M ., & Saka, G. -(2006). Breastfeeding beliefs and practices among migrant mothers in slums of Diyarbakir, Turkey, 2001. European Journal of Public Health, 16(2), 143- 148.

Erman, Tahire (1997). Squatter (gecekondu) housing versus apartment

housing: Turkish rural-to-urban migrant residents perspectives. Habitat International, 28(1), 91-105.
Ertürk, Yakn (1996). From the "Cold War" to the "Hot Peace" - Women at the centre of conflict. NSTRAW, Women and Human Settlements in Conflict Zones. Proceedings Round Table Second United Nations Conference on Human Settlements HABITAT II Istanbul, Turkey. (pp. 25-33) Santo Domingo: United Nations International Research and Training Institute for the Advancement of Women.
Ertürk, Yakn (2004). Considering the role of men in gender agenda setting: Conceptual and policy issues. Feminist Review, 78, 3- 21.
Fallers, Lloyd A., & Fallers, Margaret C. (1976). Sex roles in Edremit. In J. G. Peristiany (Ed.) ,Mediterranean family structure (pp. 243- 260). Cambridge and New York: Cambridge University Press.
Folbre, Nancy (1983). Of patriarchy born: The political economy of fertility decisions. Feminist Studies, 9 (2), 261- 284.
Annual ، The politics of reproduction ، Ginsburg, Faye, & Rapp, Rayna (1991) Review of Anthropology, 20, 311- 343.
Glaser, Barney G., & Strauss, Anselm L.(1967) The discovery of grounded theory: Strategies for qualitative research. New York: Aldine Publishing Company.
Greenhalgh, Susan (1995). Anthropology theorizes reproduction: Integrating practice, political economic, and feminist perspectives. In Susan Greenhalgh (Ed.), Situating fertility: Anthropology and demographic inquiry (pp. 3- 28).Cambridge: Cambridge University Press
Greenhalgh, Susan, & Li, Jiali (1995). Engendering reproductive policy and practice in peasant China: For a feminist demography of reproduction. Signs, 20(3), 601- 641.
Hacettepe University Institute of Population Studies (2004). Turkey Demographic and Health Survey, 2003. Ankara: Hacettepe University Institute of Population Studies, General Directorate of Mother and Child Health Family Planning, Ministry of Health, T. R. Prime Ministry State Planning Organization and European Union.
Hacettepe University Institute of Population Studies (2009). Turkey Demographic and Health Survey, 2008, Preliminary Report. Ankara: Hacettepe University Institute of Population Studies, General Directorate of Mother and Child Health Family Planning, Ministry of Health, T. R., Prime Ministry State Planning Organization and European Union.
Harding, Sandra (1986). The science question in feminism. Ithaca and London: Cornell University Press.

Harris, Olivia, & Young, Kate (1981). Engendered structures: Some problems in the analysis of reproduction. In Joel S. Kahn, & Josep R. Llobera (Eds.), The anthropology of pre-capitalist societies (pp. 109-147). Hmpshire and London: Macmillan.
Hearn, Jeff (1987). The gender of oppression: Men, masculinity and the critique of marxism. New York: St. Martin's Press.
Holtsman, Steven B., & Nezam, Taies (2004). Living in limbo: Conflict-induced displacement in Europe and Central Asia'.Washington, D. C: TheWorld Bank.
Içduygu, Ahmet, Romano, David, & Sirkeci, Ibrahim (1999). The ethnic question in an environment of insecurity: The Kurds in Turkey. Ethnic and Racial Studies, 22(6), 991- 1010.
Isik, Ouz, & Pnarcolu, Melih M. (2006). Geographies of a silent transition: A geographically weighted regression approach to regional fertility differences in Turkey. European Journal of Population, 22, 399- 421.
Jayawardena, Kumari (1986). Feminism and nationalism in the Third World. London: Zed Books.
Johnson, Allan G. (2005). The gender knot: Unravelling our patriarchal legacy. Philadelphia: Temple University Press.
Kandiyoti, Deniz (1988). Bargaining with patriarchy. Gender and Society, 2 (3), 274- 290.
.Kavlak, Oya, Unsal Atan, Senay, Saruhan, Aynur, & Sevil, Umran (2006). Preventing and terminating unwanted pregnancies in Turkey. Journal of Nursing Scholarship, 38(1), 6-10.
Koç, Ismet, Hancioglu, Attila,& Cavlin,Alanur (2008). Demographic differentials and demographic integration of Turkish andKurdish populations in Turkey. Population Research and Policy Review, 27(4), 447- 457.
MacCormack, Carol P. (1982). Biological, cultural and social adaptation in human fertility and birth. In Carol P. MacCormack (Ed ), Ethnography of fertility and birth. London: Academic Press .
McLaren, Angus (1990). A history of contraception: From antiquity to the present day. Oxford: Blackwell.
O'Brien, Mary (1981). The politics of reproduction. Boston, London and Henley: Routledge & Kegan Paul.
Olson-Prather,Emelie (1976). Family planning and husband - wife relationships in Turkey. Journal of Marriage and the Family, 38(2), 379-385.
Özer, Ahmet (2003). Dou'da Airet Düzeni ve Brukanlar (Tribal Order and the Brukans in the East). Ankara: Elips Kitap.
Petchesky, Rosalind P., & Judd, Karen (Eds.) .(1998). Negotiating reproductive rights: Women's perspectives across countries and cultures. London and New York: Zed Books.

Ramazanolu, Caroline, & Holland, Janet (2002). Feminist methodology: Challenge and choices. London, Thousand Oaks and New Delhi: Sage Publications.
Rich, Adrienne (1986). Of woman born: Motherhood as experience and institution. New York and London: W. W. Norton & Company.
Sev'er, Aysan, & Yurdakul, Gökçeçiçek (2001). Culture of honor, culture of change: A feminist analysis of honour killings in rural Turkey. Violence against Women, 7(9), 964- 998.
Sirkeci, Ibrahim (2005). Exploring the Kurdish population in the Turkish context, An International Journal of Demography, 56(1- 2),. 149- 175.
Sirman, Nükhet (1995). Friends and foe? Forging alliancewith otherwomen in a village ofWestern Turkey. In Sirin Tekeli (Ed.), Women in modern Turkish society: A reader (pp. 199- 218). London and New Jersey: Zed Books.
Smits, Jeroen, & Gündüz-Hogör, Ayse (2003). Linguistic capital: Language as a socio-economic resource among Kurdish and Arabic women in Turkey. Ethnic and Racial Studies, 26(5), 829- 853.
Smits, Jeroen, & Gündüz-Hogör, Ayse (2006). Effects of family background characteristics on educational participation in Turkey.International Journal of Educational Development, 26, 545- 560.
Spivak, Gayatri Chakravorty (1988). Subaltern studies: Deconstructing historiography. In Guha Ranajit, & Spivak Gayatri Chakravorty (Eds.), Selected subaltern studies (pp. 3- 32). New York and Oxford: Oxford University Press.
State Institute of Statistics (2002). Provincial indicators 1980- 2003. Ankara: SIS Press.
Turkish Statistical Institute (2009). Haber Bülteni: Evlenme ve Boanma istatistikleri, 2008 (News bulletin: Statistics of marriage and divorce, 2008). No. 110. 26. 06-2009. Available online at. http://www.tuik.gov tr/ PreHaberBultenleri. do?id=4077 [Accessed on 27.10.2009]
Yalçn-Heckmann, Lale (2006). Kürtlerde Airet ve Akrabalk likileri (Tribe and kinship among the Kurds). letiim Yaynlar. Translated by Gülhan Erkaya. Istanbul.
Yavuz, Sutay, (2008). Fertility decline in Turkey from the 1980s onwards: Patterns by main language groups. PhD Dissertation. Hacettepe University Institute of Population Studies. Unpublished.
Yüceahin, M. Murat, & Özgür, E. Murat (2008). Regional fertility differences in Turkey: Persistent high fertility in the Southeast. Population, Space and Place, 14, 135- 158.

# مێژوویەکی ئافرەتان

ن: فردیک ئەنگلس

## بەشی یەکەم

### جێندەڕ مەشێ و مەشیانێوە[1]

**دەستپێک**

ئافرەت: تا ئەو ئاستە مێینەیە کە خۆی بڕوای پێیەتی.......... سیمۆن دی بۆڤیێ.

منیش زۆر سەیرە لام؛ پیاوێک ژیانی خۆی لە پێناو ئازادی وڵات و نەتەوەکەیدا بەخت بکا و بۆ خۆیشی مافی نیوەی کە" ئافرەتە" زەوت کردبێت.

ئاگەداری ئێش و ئازارەکانی دایکم بووم و، ئێستاش ئاگاداری ئەو ناڕەوایییانەم لە سەرجەم دنیادا و بەتایبەتیش لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا و لە پێش هەموویانەوەش لە کوردستاندا، بەرامبەر جنسی دووەم!! "مێینە" دەکرێ. ئاگەداری رفاندن، زۆرەملێ لێکردن، مەمک و لووتبڕین، بەردبارانکردن و خۆکوشتنی ناچارانەشیانم. خۆشبەختانە ماوەیەکە نووسین و گوتوبێژ لەسەر زۆر لێکردن و ستەمکاری لە ئافرەتان، لە رووداوەوە خەریکە دەبێتە دیاردە. بەواتای ئەوەی ئەگەر پێش چەند ساڵێک کەسێک لە کۆڕ و کۆمەڵێکدا یان بە نووسینێک لەسەر گرفتی ئافرەتان دوابێ، ئەوڕۆ بە راست یان بەدرۆ، زۆر کەس، بەتایبەتیش پیاوان بوونەتە فێمینیست و داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکەن. وەلێ بەلای بەندەوە گرفت لەوەدایە کە هەردوو لایەن "نێر و مێ" باسی ماف دەکەن، نەک هاوتاییکردنەوەی تەرازووە لەنگەکە و گێڕانەوەی هاوتاییە سروشتییەکەی سەرەتای ژیان, راستگۆیانە دەڵێم سۆز، زۆر زێدەتر لە خۆڕۆشنبیرکردن پاڵنەری تێڕامان و خوێندنەوەم بوو لەسەر

..........................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم مەلا ڕەشید

گرفت و کێشەی ئافرەتان. ئێمەی "نێرینە" مافی سروشتی و زکماکی "مێینە"مان زەوت کردووە، هێندێکمان هەست بەو زەوتکارییە ناکەین و هێندێکمان هەستی پێ دەکەین و بێ هەڵوێستین و بەشێکیشمان وەک نەریتێکی باو دەقمان پێوە گرتووە و ئافرەت بە هاوتای خۆمان نازانین و هەشن، وا دەزانین ئەوە بڕیاری خواوەندە. ئەز دڵنیام ئەوە نە بڕیار و فەرمانی ئەو خوایەیە کە بڕوامان پێیەتی و نە سروشتیش سەپاندوویەتی، ئەوە نەریتێکی چەقبەستووی مرۆڤکردە و دەبێ وەلاینێین و تەرازووە لاسەنگەکە هاوتا بکەینەوە. ئەویش هەر بە قسە ناکرێت، بگرە دەبێ بە کردەوە بێت. دیارە ئەورۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی رۆئاوادا فەرهەنگێکی گەورە لەسەر ئەرک و ماف و مێژووی ئافرەت لە بەردەستدایە، دەشتوانم بڵێم کەوتنم بەسەر پەرتووکەکەی مێرلن فرێنچ "From Dawn to Eve"دا بەواتای لە ئێوارەوە تا بەرەبەیان، کە لە سێ بەرگدا چاپ کراوە و زێدە لە هەزار رووپەڕە، هاندەرێکی گەورەبوو بۆ ئەم بەرهەمە. پەرتووکەکەی دوکتۆر فرێنچ بەدواداچوونێکی زانستییانەی مێژووی ئافرەتانە لە سەرانسەی دنیادا، لە زووترین کاتەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەم زنجیرە نووسینەش هاوشێوەی ئەوەی دوکتۆر "فرێنچ"ە. دوکتۆر فرێنچ بیرۆچکەی ئەو کتێبەی لە گرێبەستێکی ئامادەکردنی بەرنامەیەکەوە بۆ تەلەڤزیۆنی بەریتانی بە هزردا هاتووە و دوای گرێبەستەکە دە ساڵی تریش خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر بووە بۆ ئەو بەرهەمەی و دەیان کەسیش یاریدەدەری بوون. دوکتۆر فرێنچ نایشارێتەوە و بە ئاشکرا لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ "ئەم پەرتووکە لە روانگەی خۆمەوە نووسراوە – روانگەی فێمینیستێک" منیش بە راشکاوی دەڵێم لەم بەرهەمەدا سوودێکی زۆرم لە پەرتووکەکانی دوکتۆر فرێنچ وەرگرتووە و سەرچاوەیەکی سەرەکیی هەرە گرنگن بۆ ئەم بەرهەمە، لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە من وەک دوکتۆر فرێنچ تەنیا بەدواداچوونێکی مێژووییم نەکردووە، بگرە هەوڵم داوە لە دووتوێی رووپەڕە نووسراوەکانی مێژوو، میسۆلۆجیا، ئاین و بەڵگە ئارکیۆلۆجی و شیکردنەوە ئەنسرۆپۆلۆجی/ مرۆڤناسییە وە لە هۆکاری ملکەچکردنی ئافرەتاندا، ئەنجامێک بەدەستەوە بدەم، لەوێشەوە روو بکەینە چارەسەر. هیوادارم ئەم بەرهەمە لەگەڵ کەموکووڕییەکانیشیدا، سوودگەێین بێت.

ئەم زنجیرە نووسینە پێشکێشە بە دایکم و هەموو ئەو دایکانەی کە کوێرەوەری و ستەمیان لەپێناوی بەختەوەریی نەوەکانیاندا چێشتووە و، ئێمەی پیاویش پاداشتمان بەوە داونەوە کە، کردوومانتە "ئەوی تر" و ناسنامەی خوشک و کچ و ژنی فلان پیاومان بەسەردا سەپاندوون. پێشکێشە بەهەموو ئەو شۆڕەئافرەتانەی لە پێناو یەکسانی و هاوتایی جێندەردا، خەبتاون و دەخەبتێن.

## پێشەکی

لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەمدا، ساڵی (١٨٤٨) لە (سێنێکا فۆڵس، نیویۆرک Seneca Falls, New-York) کۆمەڵێک ئافرەت لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا، داوای مافی دەنگدانیان کرد. لەسەر ئەو

بنەمایەی کە نێر و می بەیەکسانی ئافرێندراون (ئێزدان یان سروشت دروستی کردوون) و ئەم داواکارییەش، ئەوکاتە تەنیا بۆ ژنانی سپی پێست بوو.

دوای کۆتاییی شەڕی ناوخۆ/ سیڤیلی ئەمەریکا, ئافرەتان لە هەندێک کاری دەرەوەی ناوماڵدا بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاریی سۆشیالیدا وەک سکرتێری و نێرس/ نەخۆشەوان (خزمەتگوزاری خەستە)... هتد، کەوتنە کارکردن.

لەناو کۆمەڵگەشدا، Free Love – ئازادیی خۆشەویستی و، داواکاری ژنان بۆ هاوتایی بە پیاوان بەرامبەر یاسا؛ وەک ئازادیی شووکردن، مافی ژن لە داواکاریی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی، ئازادیی جووتبوون، رۆڵی ئەرێنی''پۆزەتیڤ''ی جووتبوونی ئازاد لە کۆمەڵگەدا، بێ ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ بێت و لە هەمووشیان زیاتر، پرسیاری هاوتایی ئاوەزی نێر و مێ بوو، چەند پرسیارێکی ئاگرینی تری ورووژاند.

خۆ رێکخستنی ئافرەتان لەسەندیکا و کۆمەڵ و رێکخراو لەژێر ناوی جیاجیادا و بگرە جووڵانەوەی "فێمینیزم"یش بە هەموو پەل و رەوتە جیاوازەکانییەوە، کاردانەوەی ناهاوتایی نێوان مێیینە و نێرینەیە، کاردانەوەی ستەمکاریی نێرینەیە لە مێیینە کە لە دێرەوە لە کۆمەڵگەکاندا سەری هەڵداوە و، هەتا ئەوڕۆش لە پێشکەوتووترین و دیمۆکراسیترین کۆمەڵگەدا، ماوەتەوە و بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ.

هەتا ئێستا ئافرەت کوشتن بۆ هۆکاری جیاواز لەناو هەموو کۆمەڵگەکاندا بە کەم یان زۆر برەوی ماوە، هەرچەندە دەتوانین بڵێین لە هەندێک وڵاتدا وەک رووداوە، وەلێ لە هەندێکیشیاندا دیاردەیە. لە وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا ئافرەت کوشتن بۆ کڕینەوەی شەرەف، بووەتە نەریت. لەبەرئەوەی پیاوی موسڵمان، لە نەریتی کۆنی عەرەبەوە هەموو شەرەفی بە ''عەورە''ی مێیینەی خێزانەکەیەوە بەستووەتەوە. ئەوجا کاتێک کە کیژێک یا ژنێکی کورد بۆ هەر هۆیەک بەدەستی کەسوکاری، یان هاوسەرەکەی دەکوژرێ, پاساوی کڕینەوەی شەرەف دەکەنە هۆی کوشتنی و لە میدیاکاندا دەبێتە بابەتی رۆژ و یەکێک ئاین تاوانبار دەکا و یەکێک نەریتی خێڵەکی و یەکێکی تریش دەسەڵات.

بێ ئەوەی بەرنامەیەک یان پێشنیازێکمان هەبێت، هەموومان چاومان بڕیوەتە دەسەڵات بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە، ئەویش بەدەرکردنی یاسایەکی تایبەت، وەک ئەوەی گرفتەکە لە بوون و نەبوونی یاسادا بێت !!. نەخێر؛ هۆکار، بوون و نەبوونی یاسا نییە، هۆکار، گرفتی هزرییە و ریشەیەکی مێژوویی هەیە.

هەندێک لایەنی کوردستانی سەرزارەکی باسی یەکسانی نێر و مێ دەکەن، وەلێ بە ئاوڕدانەوەیەک لە بەرنامەکانیان بۆمان دەردەکەوێ کە، لەو بارەیەوە هیچیان لە هەگبەدا نییە، ئەوەندەی ئاگەدارم هەتا ئێستا لە هیچ لایەنێکەوە بەرنامەیەکی زانستییانە وەک پێشنیازێک بۆ چارەسەر و نەهێشتنی ستەمکاری لەسەر ئافرەتان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە. ئەوە

باسی هاوتاکردنەوەیان بە نێرینە هەر مەکە.

ئەگەر کەمایەتییەکی لێ دەربکەی" هاوتایی نێر و مێ" لە ئاستی بیرکردنەوەی پیاوی ڕۆهەڵاتی بەدەرە، لەبەرئەوەی هەرسکردنی هاوتایی دوو سێکسەکە پێوەندیی تەواوی بە زانیاریی زانستییانەی ئافراندن و هەڵکەوتەی بایۆلۆجی و فیزیکی و سایکۆلۆجیای هەردوو سێکس و بەشداریی مێژوویی هەردوو لایان لە بەرەو پێشچوون و پێکهێنانی ئەو شارتانییەتەی ئێستا هەیە. هەتا زانیارییەکی زانستییانەی باشمان لەسەر مێژوو و هەڵکەوتە بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی و فیزیکییەکەی خۆمان نەبێت بە نێر و مێوە، ناتوانین بە بەرنامەیەکی کاریگەر بۆ بنبڕکردنی نەریتی ملپێکەچکردن و کوشتنی ئافرەت داڕێژین و لەوێوە هەنگاو بەرەو هاوتاکردنەوەیان بە پیاوان لە ئەرک و مافدا بنێین، هەڵبەت ئەمەش پێویستی بە هۆشێکی ڕۆشن و کراوەیە کە زیاتر لە ڕێگەی خوێندنەوە و فێرکردنەوە مرۆڤ دەیگاتێ[٢].

## فیلۆسۆفیا و جێندەر

زۆر لە فەیلەسووفانی دێرین، بێ ڕوونکردنەوەیەکی زانستییانە، دابەشبوونی جۆرەکان بۆ یەکەی نێر و مێ، بێ کەم و زیاد، بە پێویستییەک دەزانن بۆ بەرهەمهێنانەوە. بە بۆچوونی پلێتۆ، لە سەرەتاوە، نێر و مێ و نێرەمووک هەبوون، هەریەکەیان دوو ڕوو و چوار پەل و چوار پێ و دوو لەشی پێکەوەلکاویان هەبووە. لە سەردەمێکی تایبەتدا بوونە دوو بەش و لەو کاتەشەوە هەر بەشەیان بەدوای ئەوی تریاندا دەگەڕێ، دواتر خواکان بڕیاریان داوە کە مرۆڤ دروست بکرێت بە جووتبوونی دوو بەشە لێکدابڕاوەکە. ئەرستۆتالیش ئەم لێکدابڕانەی ڕوون نەکردووەتەوە، بەپێی فیلۆسۆفیاکەی ویش ماتەر "مادە" و "پێکهاتە/ فۆڕم" دەبێ لە هەموو ئاکارێکدا هاوکاربن، ئەگەر پڕەنسیپە کارا و ناکاراکانیش جیابینەوە بۆ دوو یەکەی سەربەخۆ " نێر و مێ".

هیگڵ؛ هەوڵێکی لۆجیکییانەی داوە بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزی "نێر و مێ"، بەلای ویەوە سێکسواڵێتی ئەو نێوەندەیە کە، کەسەکە لە ڕێگەیەوە هەستی تەواوی لا دروست دەبێت کە سەر بە چەشن "genre"ێکی تایبەتییە، هەستی چەشنایەتی لە کەسەکەدا لە ئەنجامی سەرهەڵدانی هەستێکی لاسەنگی ڕاستینەی خۆیەوە دروست بووە وەک ئارەزوویەک بۆ دۆزینەوەی مانای خۆی لە کەسێکی تری سەر بەتوخمی خۆیدا، ئەویش لەیەکگرتندا لەگەڵ ئەم کەسەی تر، بۆ ئەوەی خۆی تەواو بکات و خۆی تێکەڵاوی هاوتوخمەکەی بکاتەوە و بە جووتبوون نەوەی نوێ بخاتەوە. دواتر دەڵێ، بۆ ئەوەی جووتبوونەکە بەجێ بهێندرێت دەبێ دوو جنسی جیاواز هەبێت.

بێگومان ڕوونکردنەوەکەی هیگڵێش هەرچەندە لۆجیکیانە و زانستییانەشە وەلێ سەلمێندەر/ ڕازیکەر نییە، لەبەرئەوەی بۆ بەرهەمهێنانەوە مەرجی بوونی دوو توخمی جیاوازی داناوە، کە ئەمە لە زۆر کاتدا مەرج نییە، هەر بۆ نموونەش، چەشنە نێرەمووکەکان لە زیندەوەرە نزمەکانی، وەک کرم، سێکسی جیاواز نین و زاوزێش دەکەن، هەروەها بوونەوەرە یەک گردیلەکان کە بەلەتبوونی

خۆیان، خۆیان بەرهەم دەهێننەوە.

لەبارەی ڕۆڵی هەردوو توخمەکە؛ پیاو، زۆر بڕوای جیاوازی هەبووە، لە سەرەتاوە لە پرۆسەی نوێبوونەوەدا ئاگەداری ڕۆڵی خۆی نەبووە، پیاوان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕەوانی پێشینیانیان لە شێوەیەکدا دەچێتەوە ناو جەستە و جارێکی تر لەدایک دەبێتەوە. ئەو کاتەی لە خستنەوەی وەچەدا پیاو لە ڕۆڵی خۆی بەئاگا هات کە پێش سەرهەڵدانی سیستەمی باوکسالاری بوو، جاری خاوەنییێتی وەچەکانیدا، وەلێ هێشتا پێویست بوو ڕۆڵێکیش بەدایک بدات، بەڵام تەنیا ڕۆڵی هەڵگرتن و خواردنپێدانی تۆوی زیندووی پێ درا کە تەنیا لەلایەن باوکەوە دروست کراوە. ئالێرەدا پرسیارێکمان دێتە پێش، سیستەمی پاتریارکی (پیاوسالاری/ باوکسالاری) بۆ سەری هەڵدا، ئاخۆ خاوەنداری بوو، وەک مارکسیستەکان دەڵێن؟ ئەز لێ دەگەڕێم خوێنەرەوە بۆخۆی لە ئەنجامدا وەڵامێک هەڵێنجێت.

بەبڕوای ئەریستۆتاڵ، ئاوڵەمە – fetus، لە بەیەکگەیشتنی تۆوی نێرینە و خوێنی مێیینە دروست دەبێ و ئافرەت تەنیا بەکەرەسەیەکی ناچالاک بەشداری دەکات، لەکاتێکدا نێرینە، هێز و چالاکی و جووڵە و ژیان، پێشکێش دەکات.

فیلۆسۆفیاکەی ئەریستۆ، واتای، ناساندنی دوو تۆوی جیاواز دەگەیەنێ، یەکێکیان لاواز کە ئەوەی مێیینەیە و ئەوی دیکەیان بەهێز کە ئەوی نێرینەیە و هەتا ئێستاش بەردەستاییێتی پیاوسالاری دەکات. زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە هیچ لایەک لە گەمیتەکان" خانەی زاوزێ – هێلکە و سپێرم" دەستێکی باڵاتری نییە و لە یەکگرتندا هەردوولایان خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆیان لە هێلکە بەپیتکراوەکە egg fertilizedدا لەدەست دەدەن. دوو گریمانەی کۆنیش هەن کە تەنانەت لەسەر بنەما سادەکانی بایۆلۆجییش پووچ دەبنەوە، یەکەمیان پاسیڤییێتی/ ناکاراییی مێیینەیە لە هەڵگیرسانی تروسکەی ژیاندا. لە ڕاستیدا تروسکەی ژیان خەسڵەتی تایبەتیی هیچ لایەک" نێر یان مێ" نییە، نیوکلیس/ نێوکی هێلکە نێوەندی جموجۆڵێکی زیندووە هاوتای نێوکی سپێرم. هەڵەی دووەمیش ئەوەیە کە گریمانەی دووەم، دژی یەکەمیان دەوەستێتەوە کە ڕێگە لە پێکەوە ژیانیان ناگرێت، بەواتای ژیانی بەشێکی زیندوو لەگەڵ بەشێکی مردوودا. ڕاستییەکی سەلمێندراو و حاشاهەڵنەگرە کە بەردەوامبوونی جۆرەکان بەهۆی مێیینەوەیە، لەبەرئەوەی ئاوڵەمە خەسڵەتی باوک و دایکی تێدایە و دەیانگوێزێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو بە "نێر و مێ"وە. نابێ ئەوش لەبیر بکەین کە هێلکە گەنجینەی خۆراکیشی تێدایە و هۆکاری سەرەکیی بڕەوە بە دروستبوونی گردیلەکانی ئاوڵەمە. ماتێریاڵێک کە زیندوو نین و لە زەردێنەی هێلکەدان.

فیلۆسۆفیای ماتێریالیزمی مێژوویی Theory of Historical Materialism، ڕووناکیی خستووەتە سەر گەورەترین ڕاستی: مرۆڤ جۆرێکی ئاژەڵ نییە، بگرە ڕاستییەکی مێژووییە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئاستێک دژی سروشتە؛ بەواتای ئەوەی پاسیڤانە/ ناکارایانە خۆی ناداتە دەست سروشت، بگرە هەتا بتوانێت هەوڵی کۆنترۆڵکردن/ دابینکردن و ژێردەستکردنی دەدات. بەپێی

ئەو تیۆرییە ناتوانێ تەنیا وەک زیندەوەرێکی رەگەزی، بیر لە ئافرەت بکرێتەوە. بەئاگایی ئافرەت لە بوونی خۆی تەنیا بەهۆی رەگەزەکەیەوە نییە، بگرە کاردانەوەی ئاستێکی هۆشەکییە کە لەسەر تەک و بەرتەکی رێکخراوەی ئابووریی کۆمەڵگەکە وەستاوە و ئەویش لە خۆیدا ئاستی تەکنۆلۆجیای مرۆڤی ئەو سەردەمە دەردەخات.

ئینگلس Engels: لە بنەچەی خێزان و خاوەنییەتی سەربەخۆ و دەوڵەتدا، مێژووی ئافرەت بەشێوەی کارەوە دەبەستێتەوە. بەبڕوای وی، لە سەردەمی بەردیندا کە خاوەنییێتی زەویوزار تایبەت نەبووە و ئامرازی کشتوکاڵ زۆر سەرەتایی بوون، هێزی ئافرەت بەس بووە بۆ باخچەوانی. لە سەرەتای دابەشکردنی کاریشدا لە نێوان دوو رەگەزەکەدا، دوو چینی جیاواز، وەلێ هاوتا دروست بووە............... دوای دۆزینەوەی مس و تەنەکە و ئاسن و سەرهەڵدانی خاککێڵان، باخچەوانییەتی بەرفراوانتر بوو و پێویستیی بە شان و بازووی بەهێزتر هەبوو، پیاوان پیشەی خۆیان لە ڕاوکردنەوە گۆڕی بۆ کشتوکاڵ و لەو کارەشدا پەنایان بۆ هاوکاریی یەکتر بردووە و ئافرەتیان کردووەتە کۆیلە..... و هتد. هەرچەندە بەدواداچوونەکەی ئینگلس لە رووی مێژووییەوە هەتا ئاستێک پیکاوییەتی، وەلێ نەیتوانییوە هۆکاری ژێردەستەیی ئافرەت روون بکاتەوە. ئینگلس، تەنها لە گۆشەنیگای کاریگەریی ماددەی بێجووڵە و هۆش و دەورووبەرەوە بی بەڵگەی سەلمێنەریش سەرهەڵدانی خاوەنییەتی تایبەتی کردووەتە هۆکاری چەوساندنەوەی ئافرەت. هیچ بایەخێکی بە" زات" ویست و حەزی مرۆڤ و هۆش و توانای بیرکردنەوەی نەداوە. بە واتایەکی تر هەموو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی بە گۆڕانکاری لە ئامرازی وەبەرهێنانەوە بەستووەتەوە وەک ئەوەی مرۆڤ بۆخۆی داهێنەر و گۆڕانکەری ئەو ئامرازانە نەبووبێت[٣].

ئەز لەو بڕوایەدام کە، جگە لە ویستی دەسەڵات، هەتا ئێمە بەو راستییانە ئاشنا نەبین کە لە بەرهەمهێنانەوەدا هیچ لایەنێک" نێر یان مێ" لە ڕووی بایۆلۆجییەوە بالادەست نییە و هەتا ئاشنای مێژووی مرۆڤ نەبین لە سەرەتاوە و هۆکارە راستییەکانی سەرهەڵدانی پیاوسالاریمان لەلا روون و ئاشکرا نەبێت، ناتوانین هەرسی هاوتایی نێر و مێ بکەین و ناتوانین بەرنامەیەک داڕێژین و لەو بوارەدا مێژوو چەند هەنگاوێک بگێڕینەوە دواوە و مافە سروشتییە زەوتکراوەکانی ئەوی تر "ئافرەتان" بگێڕینەوە. ئەمەش تەنیا کەنەفتی کۆمەڵگەی کوردستانی نییە بە تەنیا بگرە گرفتی زۆربەی کۆمەڵگەکانی سەر ئەم گڵۆبەیە.

تێنەگەیشتنمان لە فیزیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا و مێژوو و.... چی و چیی ئافرەت، دەستەوەستانی کردووین هەرسی هاوتایی نێر و مێ بکەین و بەرنامەیەکی بۆ داڕێژین. هەتا ئێستاش ئەو فیلۆسۆفیا بایۆلۆجییە کۆنە ئەندرۆجینیانە- بەواتای تێڕوانین لە چاوی پیاوەوە، لەناو کۆمەڵگە رۆهەڵاتییەکاندا باون، هەتا ئێستاش کە ئافرەتێکی کورد بابەتێکی جوان دەنووسێت، دەڵێن" پیاوێک بۆی نووسیوە" ئەمەش ئەوپەڕی بێمتمانەییە بە ئافرەت. ئەمە رێک روانگەی فەیلەسووف شۆپنهاوەرە کە ئافرەت بە کورتبین و منداڵێک سەیر دەکات کە گەورە نابێت

و دەڵێت" ئەوان نزمـتـرن لە پیـاو لە بـواری دڵپـاکی، ئاردارى/ عـەدالـەت و هۆشـیـشـدا، بـەهۆی کەمتـوانـاییی بیرکردنەوەیانەوە"[٤]. لە هـەمان کاتیشدا دەبینین زۆرجار پیاوی کورد شانازی بەوەوە دەکەن کـە ئافرەتی کـورد باری شـانـی ئاسـانـتـرە و ئازادتریشـە لـە ئافرەتانی گـەلانی دراوسێ !. بەڕای من، ئەمە جێگەی شانازی نییە، خۆ ئافرەتی کوردیش هەر ژێردەستەیە و, جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کـە زنجـیری پای تۆزێک درێژترە لە ئەوانەی وڵاتـانی هـاوسـێی، ئەمـە جـێگەی شـانازی نییـە، ئەمـە خـەسـڵەتی کۆمـەڵگەی شـوانکارە و کشـتوکاڵکارەیە و هیـچ پێوەندیی بە هۆشـمـەندی پیاوی کوردەوە نییـە. شـانازی پیـاوی کورد لەوەدا دەبێت کە مێیینەش هاوتای خۆی ببینێت لە ئەرک و مافدا.

ئەز: زۆر بـەهـەڵەی دەزانم ئـافـرەتێک بێت وەک "ئافـرەت" داوای مــافی ئـافـرەتان بـکات و وەک مـرۆڤـێک داوای گـێـڕانـەوەی مـافـە زەوتکراوکـانی نـەکـات، یان پیـاوێک بێت داوای مـافی ئافـرەتان بکات. ئەگـەر "ئافرەت و پیاو" مـرۆڤن، ئیـتـر بۆ باسـی مـافی ئافرەتان دەکـەین، بۆ باسی ئەو مـافـە ناکـەین کە، مرۆڤێک لەوی تری زەوت کـردووە؟ بۆ باسـی ئەوە ناکـەین کـە، وەک مرۆڤ، بەشـێکمـان بەشێکی ترمان دەچەوسێنینەوە؟

بەبڕوای من؛ کـاتێک پیـاو دەڵێ" مـافی ئافرەتان" وەک ئەوە وایە، رەگـەزچیـیـەک/ ڕێیـسـیسـتێک، بڵێت "مـافـی پێسـتـڕەشـەکـان" لەبەرئەوەی دەیکاتە ئەوی تـر، بەواتای ئەوەی، بەهـەمـان ئەو شێوەی رەگەزچییەکی سپیپێست سەیری پێستڕەشێک دەکات و لە خۆیی جیا دەکاتەوە، پیاویش، ئافرەت، لە خۆی جیا دەکاتەوە و دەیکاتە ئەوی تر "جنسی دووەم مێیینە" و بەهاوتای خۆیی نازانێ لە هیچ بوارێکدا.

ئەز لەم نووسینەدا مـەبەستم بەرگری، یان هـێرشبردنە سـەر هیچ بیرێکی رامیاری یا ئاینێکی تایبـەت نیـیـە، بگرە بەدواداچوونێکی زانسـتـیـیـانەی مـێژووی ئەوانـەیە ناومـان ناون "ئەوی تر" ، ئەوانەی کە هـەزاران ساڵە پیـاو کردوینێتیە ژێردەسـتەی خۆی، بە هیوای بەشدارییـەکی سوودمەند بە پرسـەکـەیان، پرسی ئەوانـەی هـەتا هـەنووکـەش، سـتـەمـی پیـاوسـالاریـیـان لـەسـەرە و مـافـە سروشتییەکانیان زەوت کراوە و کراونەتە کاڵایەک لە خزمەتی پیاودا.

زۆرجـاران لەنێـو کـوڕ و کـۆمـەڵی پیـاواندا دەبیسـتـین کە، هـەرگیـز، نێـر و مـێ، هـاوتـا نـابن لەبەر جیـاوازیی هـەڵکـەوتـەی فـیـزیکی و ئاوەز و سـۆزی دەروونـی و... چی و چی. ئەوە باوەڕێکی کـۆنە و کاڵفامییەکی تەواوە، بەلای ئەوانەوە مـەبەست لە هاوتایی نێر و مێ، هـاوتایی هەڵکەوتەی فیزیکی، هێـزی بـازوو و بگـرە سـۆزی دەروونیش بـگرێتـەوە کـە لـەلای مـێـیـینـە بـەرزترە، لـێ وەک کەموکوڕییـەکـیش بەسـەریاندا دەشکێننەوە. گـومان لەوەدا نییـە کە نێر و مێ لە هـەندێک بواری فـیزیکییـەوە جیـاوازن، وەلێ بەهـا و پیـادەکـردنی ئەو بەهـایانەی لـەسـەر ئەو بنەمـایە هەڵچندراون کـولتـوورین. هـەتـا ئێـسـتـا و لـەو بڕوایەشـدام لە داهـاتـووشـدا هـیـچ بەڵگـەیـەک لە بواری زانسـتـدا بەدەسـتـەوە نـەیەت بیـسـەلمێنێ کە، ئاوەزی پیـاو لە ئاوەزی ئافـرەت بالاتربێ، نابێت ئەوەشـمـان

لەبیربچێت کە هەندێک گریمانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پیاو بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ راوچی بووە، لەبەر ئەوە تەنیا بەشێکی مێشکی بەکاردێنێت، وەلێ لەبەرئەوەی ئافرەت کاری هەمەجۆرەی کردووە، هەردوو بەشەکەی مێشکی بەکار دێنێ. جا لەبەرئەوەی سۆزداری، نواندنی هەستێکی دەروونییە و لە هۆشمەندییەکی بالاوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوکات ئەگەر لایەنی فیزیکی زیندەوەر، وەک مەچەک و ماسولکەی گەورەتر و بەهێزتر پێوەری ماف بن، دەبێ مافی مرۆڤ بەگشتی لە زۆربەی ئاژەڵ کەمتربێ !!. بۆ دەبێ لاوازیی فیزیکی ئافرەت بە کەموکووڕی پێناسە بکرێ بەرامبەر پیاو، لە کاتێکدا پیاوان خۆیان لە هەڵکەوتەی فیزیکیدا یەکسان نین و ئافرەتیش هەن لە هاوسەرەکانیان بەهێزترن؟

ئاینەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش جولەکایەتی و مەسیحایەتی و ئیسلام. لەبارەی ئاوەز و هزرەوە ئافرەتیان لە هەندایەکی نزمتری پیاواندا داناوە. لەبەر ئەوەشە لەو کۆمەڵگەیانەدا کە تیولۆجیای ئەو ئاینانە سەرچاوەی یاسان، قارسکردنی مافی مێیینە و نا هاوتاییان بە نێرینە، لە یاسا و بوارەکانی سۆشیالیدا، جێگەی پرسیار نەبووە و نییە. بە پێی ئەو ئاینانە، ئیشی ژنان خزمەتی مێرد و پاککردنەوەی ناومال و چێشت لێنان و بەخێوکردنی منداڵە. جیگیربوونی یاسای وەرگیراو لە رێسای ئاینییەوە جا هەر ئاینێک بگرین، دەبینین زۆر کاراش بووە لە گۆڕانی داوونەریتی زۆرینەی کۆمەڵگە جیاوازەکانی ئەم گلۆبەدا . لێ راستە پیاو بۆ شتنەوەی تاوانەکانی خۆی هەموو ئۆباڵی پیاوسالاری و ناهاوتاییی جێندەری لە کۆمەڵگەدا لە ئەستۆی ئاینەوە، یان وەک هەندێک، لە ملی بیر و باوەڕێکی تایبەتی هەڵبەستێ و خۆی پێ رووسوور بێ ؟ من پێم وا نییە.!! من گومانم لەوەدا نییە پیاوسالاری پەتایە، پەتایەکی سۆشیالییە، ئەگەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمایەکی سۆشیالیی تایبەتی یا ئابووری یان هەر داخوازییەکی دیکە سەری هەڵدابێ لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و دواتریش زاڵبووبێتە سەرکۆمەڵگەکانی مێسالاری (ئەگەر مێسالاری هەبووبێ.) جا بەڕای من، هەنگاوی یەکەمی لەناوبردنی ئەم پەتایە لە دەستنیشانکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی پەتاکەوە دەست پێ دەکات، بێگومان ئەوەش بێ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو ناکرێ.

## بەشی یەکەم

کاتێک لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە، بەدەگمەن نەبێ، رووداوەکان هەمووی لە دەوروبەری پاڵەوانیێتی پیاوان و چالاکییەکانیان دەخولێنەوە و، ئافرەت لە مێژوودا پەراوێزخراوە، وەک ئەوەی بەشداریی لە پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی بە مرۆڤبوون و مرۆڤایێتیدا نەکردبێ، یان بەهەموو درێژاییی مێژوو لە ئارادا نەبووبێ. زۆربەی خەڵک (ژن و پیاو) شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئافرەتەوە نازانن. رەنگە زۆربەشمان زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەی پیاویشەوە نەبێت.

لەوانەیە زۆرکەسیش بپرسن؛ ئافرەت مێژووی لە کوێ بوو؟ لێ بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئافرەت

مێژوویەکی پرشنگدارتری لەوەی پیاو هەیە. ئافرەت مێژووی هەیە، مێژووی دروست کردووە، بەڵام نەیان هێشتووە نە مێژووی خۆی بزانێت نە لێکدانەوەیەکیشی بۆ مێژوو چ ئەوەی خۆی و چ ئەوەی پیاو هەبێت. بەڕای من بۆ خۆناسین، چ ئافرەت چ پیاو پێویستیی بە بڕێک زانیاری لەسەر مێژووی مرۆڤ هەیە، یەکەم: بۆ ئەوەی خۆی بناسێ و دووەمیش: بۆ ئەوەی بزانێ بۆ لایەکی جێندەر بووەتە کۆیلە و لایەنەکەی تر بووەتە سەروەر ؟ بۆ ئازادکردنی ئافرەتیش مێژووەکەیان زۆر گرینگە و دەستی لێ هەڵناگیرێت. دڵنیام زانیاری لەسەر مێژوویان، ژیانیان دەگۆڕێت. لێ وەک " گێردا لێرنەر" دەڵێت(بەداخەوە زۆرینەی کارە تیۆرییەکانی فێمینیستی سەردەمیش، لە" سیمۆن دی بۆڤێ"وە هەتا ئێستا نامێژوویی بوون و پشتگوێخستنی زانستی مێژوویی فێمینیزم بوو.)

Gerda Lernar, The creation of Patriarchy p 3

## بنەچە.. دایە مەشیانێ و باوە مەشێ

زیاتر لە سەتەیەک لەمەوبەر، داروین، بنەچەی مرۆڤی بە گیانلەبەرێکی نزمترەوە بەستەوە. داروین میکانیزمی – هەڵبژاردنی سروشتیی، پێشنیاز کرد بۆ روونکردنەوەی گۆڕانکارییەکان "ئیڤۆلووشن" ئەو بۆچوونەکەی لەژێر ناوی" بنەچەی توخمەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سروشتییەوە" ساڵی ١٨٥٩ بڵاو کردەوە. بۆ روونکردنەوە و سەلماندنی تیۆرییکەی زۆر جۆری گژوگیا و ئاژەڵی زیندوو و پاشماوەی مردوو و وشکبووەوەی کردە بەڵگە، هەرچەندە داروین تەنیا لە دوابەشی نووسینەکەیدا نووسیبووی کە" دەبێ رۆشناییەکی زیاتر بخرێتە سەر بنەچەی مرۆڤ و مێژووەکەی" مەبەستەکەی ئاشکرا بوو. لە نووسینێکی تریدا لەژێر ناوی" باپیرانی مرۆڤ و هەڵبژاردن لەسەر بنەمای پێوەندیی جنسی"دا، جگە لەوەی کە بەڕاشکاوی گوتی بنەچەی مرۆڤ ئاژەڵە، ئاماژەی بەوەش دا کە سەرەڕای هەڵبژاردنە سروشتییەکان، هەڵبژاردنی جنسی دیوێکی تری گرینگی رەوتی بەرەوپێشەوە چوون بووە. لە سەردەمی بڵاوکردنەوەی "بنەچەی توخمەکان"ەوە، بیری گۆڕانی مرۆڤ، بووەتە جێگەی بایەخێکی هەمیشەیی، سەرسڕمان و بیری دژ. بابەتەکە گرینگییەکی تایبەتیی هەیە کە خۆی دەکێشێتە ئەودیو حەزی زانستییەوە. بابەتەکە خەڵک سەرسام دەکا و جگە لە رابردوو، ئێستاش زۆرجار کاردانەوەیەکی نەرێنی توندی لێ دەکەوێتەوە. هەر لە سەرەتاوە لەناو رۆشنبیراندا بەپیرەوەچوونێکی باش لە تیۆرییەکەی داروین کرا، وەلێ کاتێکی زۆریشی ویست کە بەشێوەیەکی گشتی پەسند بکرێت. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەتا ئەمڕۆش لەگەڵ ئەو هەموو زانیاری و پاشماوەی ئێسک و پرووسکی هۆمینايد/ شێوە مرۆڤ کە لە بەردەستدایە، گرووپی ئاینی هەن کە نەفرەت لە بیری گۆڕانکاری بایۆلۆجی دەکەن. لەگەڵ ئەو زمانە سادەیەشدا کە داروین تیۆرییەکەی پێ داڕشتووە و زۆر رازیکەرانەش بووە، وەلێ تێگەیشتنی تیۆرییەکەی" پێشکەوتنی بایۆلۆجی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سروشتی و جنسییەوە لەنێو توخمەکاندا" لەنێو رۆشنبیرانیشدا لەبەر کەمی یان نەبوونی بەڵگەی ئارکیۆلۆجی

وەک ئێسکوپرووسکی دۆزراوەی شێوەمرۆڤ" هۆمیناید" کارێکی ئاسان نەبووە.

تیۆرییەکەی داروین هەر لە سەرەتاوە رەنگدانەوەیەکی سۆشیالیشی هەبوو. باری سۆشیالی و تێگەیشتنی سەردەمەکەی، کرانەوەیەکی بەرووی تیۆرییەکەدا هەبوو، وەلێ باوەڕی ئاینی بەتایبەتیش لەبارەی ئافراندن "دروستبوون" بە هەموو قورسایی خۆیەوە جەمسەری دژایەتی لێ گرت. بەشێوەیەکی گشتی کرانەوەیەک لەسەر دیاردەی بەرەوپێشچوون "ئیڤۆلووشن" لەنێو رۆشنبیرانی نێوەڕاستی سەتەی نۆزدەدا هەبوو، بۆ نموونە" والآس، ١٨٥٥" هەمان بۆچوونی داروینی هەبوو لەسەر گۆڕانکاریی بایۆلۆجی، ئابووری، رامیاری و پێشکەوتنی کولتووری. کە زۆرجار "رەگەزپەرستی بایۆلۆجی" پێوە دیار بوو، لەو روانگەیەوە پیاوە سپیپێستەکانی ئەورووپای رۆئاوا خۆیان وا دەبینی کە لە تۆپەلاکی گۆڕانکارییە سۆشیالی و بایۆلۆجییەکاندان، ئەو بڕوایەش لەو کاتەوە سەری هەڵدابوو کە رۆئاوا باقیمەندی دنیای دۆزییەوە و هەتا سەردەمی داروینیش هەر باوبوو. بیرمەندێکی تری کە بە بەربلاوی پشتگیری لە تیۆرییەکەی داروین دەکرد "سپێنسەر" بوو، ئەویش وەک داروین سەیری گۆڕانکارییە بایۆلۆجی و سۆشیالییەکانی دەکرد. بەلام بۆچوونی دژبڕواکانیان لەسەر بنەچەی مرۆڤ لە روانگەی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتبوو. تیۆرییەکەی داروین، روونکردنەوەیەکی زانستییانە بوو لەسەر بنەچەی مرۆڤ، هیچ زەمینەیەکی پیرۆزی و دەستی ئاسمانی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەش تیۆرییەکەی راستەوخۆ بوو بە دژەکاری کولتووری ئاینی و میتیۆلۆجیای باوی سەردەمی خۆی. وەلێ وردە وردە، بیرۆکەی ئیڤۆلووشن دەبوو خۆی لەگەڵ میتیۆلۆجیای سەردەمدا بگونجێنێت، لەبەر ئەوەش رەنگە جێگەی سەرسامی نەبێت کە هەندێک وێکچوونی ئاینیی تێکەڵ کرا.

هەروەکو چۆن لە سێ ئاینە ئاسمانییەکەدا، دایە "حەوا" لە پەراسووی باوە " ئادەم" دروست کراوە، ئاواش لە گریمانە زانستییانەکانی بنەچەی مرۆڤدا، پیاو- لە جیاتی هەردوو جنسەکە" نێر و مێی مرۆڤ" بەزەقی دیارە. لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی، پیاو – Man، کە دەشێ لە جیاتی مرۆڤ بەکار بهێندرێت، رەنگدانەوەی کولتووری رۆئاوایە بۆ ئاماژەکردن بە نێرینە، نەک مرۆڤ. لە راستیشدا زۆر بە کەمی ئاماژەیەکی راستەوخۆ بە رۆڵی ئافرەت دراوە لە مێژووی بەرەوپێشچوونی مرۆڤدا. ئەو پشتگوێخستنەی ئافرەت ئەگەر بەپێی پاشخانی کولتووری لە روانگەی هەندێک لێکۆڵەرەوەوە شتێکی ئاسایی بێت، ئەوە بێگومان زانستێکی لاوازە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە و بەرەنجامەکانی ناشێت راستبن کاتێک چالاکیی نیوەی کۆمەڵگەکە پشتگوێ دەخرێت.

دارشتنی شێوەی زووی ژیانی سۆشیالی و چالاکییەکانی مرۆڤ، لە شێوەی پیاو و پیاوە راوچییەکەدا، وەک پاڵەوانی سەرەکیی پرۆسەی پێشکەوتن، وەک رۆڵی"ئادەم"ە، و تەنیا خزمەتی دابەشکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای سێکس دەکات.

دەزانین کە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لەو هەوڵەدایە کە لە بوون و شێوەی ژیانی خۆی تێ بگات، ئەفسانە رەسەنەکانیش بەشێکن لەو هەوڵە، پێوەندییان لەگەڵ شێوەی ژیاندا هەیە و

ڕێنوێنکارێکی هەڵسوکەوتی سۆشیالیشن. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ میللەتە پێشکەوتووەکانی ڕۆئاوا، میسیۆلۆجیایەکی پێشکەوتووتریان داڕشتووە کە دابینی حەزی زانینی بنەچەی مرۆڤ دەکات و چۆن هەڵسوکەوتیش بکات. بە واتایەکی تر، لەو میسیۆلۆجیایەدا، تا ئاستێک ڕووناکییەک خراوەتە سەر بنەچەی مرۆڤ و شێوەی هەڵسوکەوتی.

هەرچەندە داروین بەشێوەی سەرەکی سەرقاڵی بنەچەکان بووە، وەلێ لەو بڕوایەدام باش زانیبێتی کە پێشنیازی تیۆرییایەک دەکات لە ئەنجامیدا مرۆڤ بیری لەبارەی بوونی خۆی دەگۆڕێتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین تێ بگەین بۆ هێندە لە کتێبەکەیدا" بنەچەی مرۆڤ ١٨٧١" بایەخی بە مۆڕاڵی سەردەمە دێرینەکان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بینیوێتی هێندێک هەڵسوکەوت و پێوەندیی نێوان تاکەکان ئاسانترن بۆ وەرگرتن لە هەندێکی تریان، وەلێ چوارچێوەی تێگەیشتنی بۆ" ئێسیک" بڕوابوون بووە بە گۆڕان و ئەگەرەکان/ ئیحتیمالات. زۆر یان کەم ئەویش وەک فەیلەسووف "هێربەرت سپێنسەر" پێشنیازی ئەوەی کردووە کە بەپێی کات، رووی داوە کە هێندێک کۆمەڵگە بەختەوەرتر بووبن لە هێندێکی تر، سەرکەوتووتر بووبن و مۆراڵێکی پێشکەوتووتریشان هەبووبێت. ئەم گریمانەیەی داروین بوو بە بنەمای بۆچوونێک کە دوایی لە ئەوروپادا بە" سۆشیاڵ داروینی" ناسرا. سۆشیاڵ داروینی برێتی بوو لە دەستە بڕوایەک کە سپێنسەریش هێندەی داروین بەشداریی تێدا کردووە. ئەو میسیۆلۆجیا نوێیەی ڕۆئاوا بە دەوری خۆی بووە هۆکارێک کە داگیرکارە ڕۆئاواییەکان خۆیان لە پلەی پێشڤەچوندا بالاتر ببینن لە خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکان. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە سۆشیاڵ داروینی هیچ پێوەندییەکی بە پڕۆسەی پێشکەوتنی بایۆلۆجییەوە نییە. سەلماندنی پێشکەوتنی بایۆلۆجی، بەرهەمی لێکۆڵینەوەی چەند "جیلێک" لێکۆڵینەوەی جینێتیک و ئەنسرۆپۆلۆجیایە. لەبەر ئەوەش ڕێسیزمی بایۆلۆجی و ئێتنی لە رووی زانستەوە هیچ بایەخێکیان نەماوە.

بێگومان داروینیش هەتا ئاستێک بەرهەمی کولتوور و نەریتی باوی سەردەمی خۆی بووە، لەبەر ئەوەش سەیر نییە کە تۆزێک ڕێسیستی و گریمانەی سێکسیستیش لە نووسینەکانیدا بەدی بکەین، یان داشکاندنێکی بەلای بیر و باوەڕی باوی سەردەمی ئەوەی ناسراوە بە سەردەمی" ڤیکتۆریەن – ڤیکتۆریا" تێدابێ. ئەوە قورساییی کولتووری سەردەمەکەی بووە لەملی ئالاوە، وەلێ لە کارە بایۆلۆجیاکەیدا رەنگی نەداوەتەوە. بایۆلۆجیای داروینی Biological Darwinism لێکدانەوە و پەرەپێدانی زۆری تێدا کراوە بەڵام بێگومان بەشێوەیەک کە داروینی/ داروینیزمی زۆر دڵگیر کردووە بەتایبەتیش لە لای چینی بۆرژوا، هەروەها گونجاویش بووە لەگەڵ باوەڕی کێبڕکێکردن-- دەزگای ئازادی سەربەخۆ لەناوەوەی وڵات و کۆلۆنیالیزم لەدەرەوە. ........ نانسی تانەر ل٥

لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی(هیربەرت سپینسەر، ئی بی تایلەر، لوی هێنری مۆڕگان) کە پێیان وابووە کۆمەڵگەکان لە سەردەمی دڕندەییەوە گواستوویانەتەوە بۆ سەردەمی بەربەریزم و لەوێشەوە بۆ سەردەمی شارستایەنی و هەروەها لەسەر بنەمای گریمانەی ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەو

سەردەمە کە کۆمەڵگەکانی بەشێوەیەکی هێراركی دابەش کردووە، وا زانراوە کە گرێکوێرەی بنەچەی مرۆڤ کراوەتەوە. سۆشیاڵ داروینیزم، بۆچوونی "هۆکسلی" شەڕ لەگەڵ سروشتدا، گۆڕی بۆ شەڕ لەسەر بازاڕ، ئەمەش حەسانەیەکی زانستانەی تایبەتی دایە دەست وڵاتە پێشەسازە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمە، داردەستی کێبڕکێیەکی بێ یاسا و بێ بەزەییانە لەسەر بازاڕ. ئەو سەردەمە سەردەمی بووژانەوەی پیشەسازی لە رۆئاوای ئەوروپا و کۆلۆنیالیزەکردن و چەوساندنەوەی هەموو وڵاتانی تری دنیا بوو.

مانەوەی گونجاوترین- The survival of the fittest کە لە دارِشتنی سپێنسەر بوو و دواتر داروینیش هەڵیگرتەوە، سەرنجی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی راکێشا و ئێستاش باوی ماوە، داروین وەک میتافۆرێک بۆ هەڵبژاردنی سروشتی بەکاری هێنا، وەلێ لەلایەن سۆشیال داروینییەکانەوە مانایەکی تری پێ درا و بوو بە بیرۆکەیەکی نوێ کە لە رێگەیەوە بیری میسۆلۆجیایەکی نوێ و دەستەیەک هەڵسوکەوتی تازەبابەت سەری دەرکرد. ئەو میسۆلۆجیا نوێیەی بنەچە- سۆشیۆکولتووری و بایۆلۆجیایە "مانەوەی گونجاوترین" دوو شتی ناتەبای تێکەڵ کرد. یەکەمیان ئەوەبوو کە گشت مرۆڤی سەردەم دەگەڕێتەوە بۆ یەک رەچەڵەک" رەچەڵەکی، هۆمۆساپیێنس ساپیێنس "Homo sapiens sapiens"، دووەمیش ئەوەبوو کە دوابەدوای ئەوە پاساوێکی دا بە ئیمپریالیزمی رۆئاوا بۆ فراوانکردنی کۆلۆنیاکانی و راپێچکردنی سامانە سروشتییەکانی کۆلۆنیاکان و چەوساندنەوەی دانیشتووەکانی، بێ گومان ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە رۆئاواییەکان زۆرتر و زووتر پێشکەون، کاتێکیش کۆمەڵگە رۆئاواییەکان لە بواری تەکنۆلۆجیادا پێشکەوتن تێکەڵکردنی ئەو دوو شتە نەگونجاوە بو بەهۆی سەرهەڵدانی سەرمایەی گەورە، شاری فرەوان، سەرهەڵدان و جیاوازی گەورەی چین و توێژی کۆمەڵگەی تێکەڵ و عەلمانی. تیۆریی پێشڤەچوونی مرۆڤ/ ئیڤۆلووشن لەگەڵ سۆشیال داروینیزمدا بوو بە میسۆلۆجیای بنەچە و زۆر بەخێرایی لە رۆئاوادا پەرەی سەند. وەلێ ئەمڕۆ سۆشیال داروینیزم بەشێوەیەکی گشتی وەک تیۆرییەکی رابردوو سەیر دەکرێت و حیسابی تیۆریایەکی زانستی بۆ ناکرایت. بەڵام ئەو راستییەش هەیە کە ئەو تیۆرییە هێندە قووڵ بە مێژوو و کولتووری رۆئاوادا رۆچووە هێشتان کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئیڤۆلووشن ماوە کاتێک کار دەگاتە سەر دارِشتنی ئایدیۆلۆجیای پێوەندیدار بەبنەچەی مرۆڤەوە. بۆ نموونە، دەبینین کە کاریگەریی تیڕوانینی سێکسوالیێتی سەردەمی "ڤیکتۆریەن"ی بەریتانیا دیارە بەبۆچوونی داروینەوە کە لەسەر چۆنیێتی هەڵبژاردنی جنسی- sexual selection - دەدوێت. ئەو تەنیا باسی کێبڕکێی نێرینەی مەل و ئاژەڵەکان ناکات لەسەر جووتبوون لەگەڵ مێیینەکاندا، بگرە باسی گرینگی پشکی مێیینەکانیش دەکات لە هەڵبژاردندا و دەڵێت" مێیینەکان زیاتر خۆشییان لێ دێت یان بەباشتری دەزانن لەگەڵ ئەو نێرینانەدا جووتبن کە دەنگیان خۆشترە یان زیاتر خۆیان دەنوێنن....... ئەو نێرینانەی زیاتر خۆیان دەنوێنن یان دەنگیان خۆشترە، پشکی یەکەمیان هەیە لە جووتبووندا" نانسی تانەر ل٧.

بەهەرحاڵ؛ کاتێک داروین لە هەڵبژاردنی جنسی مرۆڤ دەدوێت، پشکی سەرەکی دەداتە نێرینە و دەڵێت؛ ئەوە جوانی ئافرەتە کە سەرنجی نێرینەکان رادەکیشێت. هەروەها دەڵێت " پیاو لە لەش و ئەقڵدا لە ئافرەت بەهێزترە و لە سەردەمی دڕندەییێتیی خۆیدا- دڕندەیێتیی مرۆڤدا، لە هەموو دڕندەیەک زیاتر مێیینەی خۆی دەستبەسەر کردووە؛ لەبەر ئەوەش جێگەی سەرسڕمان نییە کە دسەڵاتی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە"........... سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

دەتوانین بڵێین زۆر لێکۆڵەرانی تیۆرییەکەی داروین لەبارەی هەڵبژاردنی جنسی مرۆڤ هەتا کۆتاییی سەتەی پێشوو و بگرە ئێستاش، لەسەر بیریارییەکەی وی کۆکن کە دەڵێ جوانی ئافرەتە دەبێتە هۆکاری هەڵبژاردنی لەلایەن پیاوەوە. ئەوجا کاتێک ئێمە ئافرەت لەو گۆشەنیگایەوە ببینین کە بۆ هەڵبژاردنی پیاوە، زۆر ئاساییشە ئافرەت بە شتێکی پاسیڤ/ ناکارا ببینین و لەوێشەوە گریمانەی ئەوە دابنێین کە بە درێژایی هەزاران ساڵی مێژوو، بەشداری لە پێشڤەچوونی مرۆڤایەتیدا نەکردووە. گومانی تێدا نییە کە گریمانەی بەشدارنەبوونی ئافرەتان لەلایەن داروینەوە بەهۆی کاریگەریی نەریتی باوی سەردەمی" ڤیکتۆریەن"ی بەریتانیا بووە کە تێیدا پاسیڤانە لە ئافرەت روانراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. هەتا ئەمڕۆش ئەو بۆچوونانە لە نووسینەکاندا لەسەر ئافرەتان، رەنگ دەدەنەوە. بەڵام وردە وردە بیر و باوەڕەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لەگەڵ راستیی دۆخی ژیاریی کۆمەڵگەدا پێک دەگەنەوە. ئێستاش ئەو کاتەیە کە ئێمە بەدوای رۆڵی ئافرەتاندا بگەڕێین شان بەشانی پیاوان لە پڕۆسەی پێشڤەچووندا.

چەمکەکەنی بەرەوپێشچوون لە هەموو جۆرەکاندا جێگەی تێڕامانە، بەتایبەتیش لە مرۆڤدا، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە جۆری ژیانی سۆشالیمان کردوومانێتیە بە مرۆڤ و لە ئاژەڵ جیای کردووینەوە. مرۆڤ توانایەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ فێربوون. هەرکەسە سەر بە هەر کولتوورێک بێت، بەشێوەیەکی کەم یان زۆر پێوەستە بەو کولتوورە و پێوەندییە کۆمەڵایێتییەکانی و دەبێ لەگەڵ دەوروبەردکەیدا خۆی بگونجێنێت.

کۆمەڵگەکانی توخمی مرۆڤ زۆر جیاوازن، لە کۆمەڵگەیەکی بچووکی راوچییەوە هەتا کۆمەڵگەی شارستانی زۆر پێشکەوتوو و پیشەساز و خاوەن دەوڵەت دەگرێتەخۆ. مرۆڤ پشتبەست بووە بە فێربوون و کولتوور بۆ ئەوەی سەرەتاییترین رێگەی مانەوە لە ژیاندا بدۆزێتەوە، چۆن خۆراک پەیدا بکات، چۆن نەوە بخاتەوە و خۆراکی بداتێ، سەرنجی هاوبەشێکی جنسی راکێشێت، ئەزموونی کارسازی وەرگرێت، سەرپەرشتیی دروستکردنی جێگەی حەوانەوە و نیشتەجێبوون بکات، کۆبوونەوەی سۆشیالی ئەنجام بدات، فێری بازرگانی، ریچوال و سیاسەت ببێت.

کولتوور: لە شێوە داڕێژراوە سۆشیالییەکەیدا، لە شێوەی ژیاریی کۆمەڵگەیەکی ناو کووخێکی سەرەتاییەوە هەتا گوندی بچووک و گەورەترین شار و دەوڵەت، ئاگادارمان دەکاتەوە. لە هەندێک کۆمەڵگەدا ئافرەت زێدە لە جارێک هاوسەری دەگرێت/ شوو دەکات، لە هەندێکی تردا پیاو لە هەمان کاتدا چەند ژنێکی هەیە. هەتا ماوەیەکی کورتی لەمەوبەر، تاکە هاوسەرگیری (هەتا مردن

لێکمان جیا دەکاتەوە) باو بوو. ئێستا جیابوونەوە و سەرلەنوێ هاوسەرگیرییەکی تازە، باوە. ئەوجا پرسیاری سەرەکی لەبارەی ئیڤۆلووشنی مرۆڤەوە ئەوەیە، چۆن ئەو پلاستیکییە گەورەیە هاتووەتە ئاراوە؟ چۆن ئەو توانا گەورەیەی مرۆڤ لە فێربوون، دوان و لێکحاڵیبوون، هاتووەتە پێشێ؟

کردە سۆشیالییەکان، وەک ئیسک و پرووسک بۆمان جێ نەماون، زمان، خۆشەویستیی دایک، گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر، سیستەمی خزمایەتی، برِوا، گەمەی منداڵان و................ هتد، وشک نابنەوە و ئارکیۆلۆجی نایاندۆزێتەوە. لەبەر ئەوە بۆ تێگەیشتنی ژیانی" هۆمینایدە" ئەوانەی پێش ئەوەی ببنە مرۆڤ لە سەردەمێکی زۆر کۆن و جێگەیەکی دووریش ژیاون، بە هزرماندا دێت، وەک شێوەیەکی سادە و ساکاری خۆمان هێمایان بکەین. وەلێ بەداخەوە هەتا ئەم زووانە ئەو هێمایە لە پراکتیکدا برێتی بووە لە هێماکردنی کرداری نێرینەیەکی پێگەیشتوو، پیاوێکی راوکەر.

ئەم زنجیرە نووسینە، برێتییە لە بەدواداچوونێکی مێژوویی زانستییانەی ژیانی مرۆڤ بە هەردووک جنسەکەیەوە " نێر و مێ" بە گەورە و بچووکیەوە. چونکە پێشکەوتنی ژیانی سۆشیالی و زانست رێگەمان بۆ دەکاتەوە زۆر پرسیاری نوێ بکەین. پرسیاری تایبەتی لەبارەی رۆڵی هەر یەک لە جنسەکانەوە، پرسیاری ئەوەی بە درێژایی پرۆسەی ئیڤۆلووشن، چۆن مامڵەیان لەگەڵ یەکدیدا کردووە؟ بێگومان ئەویش پشتبەست بە زانیارییەک کە پێشتر لە بەردەستدا نەبوو و ئێستا هەیە. لەو زانیارییانەوە دەتوانین کار و کارایی هەردوو جنسەکە بێنینە بەرچاو و چۆنیش بەپێی کات، گۆڕاوە. هەڵبەت دەبێ ئیعتیبار بۆ رۆڵی هەردوو جنسەکە بکەین، ئەگەر وەها نەکەین کە هەتا ئەم زووانە باو بووە، کارەکەمان لاسەنگ و ناتەواو و دەبێت. بەڵام کاتێک ئێعتیبار بۆ هەردوو جنسەکە دەکەین، دەتوانین بە وردی هەنگاوەکانی گۆڕانکارییەکان لە سەرەتای ژیانی شێوە مەیموونەکەی داپیر و باپیرمانەوە لە هۆمینایدەوە هەتا دەگاتە ئێستا هەڵچنینەوە. ئەوجا ئەگەر رۆڵی ئافرەت" وەک دەڵێن" پاسیڤ بووە، کە بەبڕوای بەندە وەها نییە، ئەوا پلێتۆ گوتەنی" ئەوانیش هەر مرۆڤن و دەبێ باش مامڵەیان بکەین" ئەی ئەگەر وەها نەبوو ؟ ئەی ئەگەر رۆڵی ئەوان زۆر لەوەی نێرینە زیاتر بووبێت، بڵێین چی؟ چۆن قەرەبوویان بکەینەوە؟

## هۆمینایدس

مەیموونە گەورەکانی ئەفریقیا بە دوو جۆری "چیمپانزی chimpanzee" ناسراون، جۆرێکیان هەروەک چیمپانزی ناسراوە و ئەوی تریان بە" بۆنۆبۆ bonobo " لەگەڵ دوو بن جۆر" subspecies " ی گۆریللا. توێژینەوەی نوێ گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ ٤ ,٩٨٪ ی" DNA" × یەکەی هاوبەشە لەگەڵ ئەوەی چیمپازیدا. هەڵکەوتەی ماسوولکە و سیستەمی هەستە دەمار و هێسک و ددان و جۆری خوێنیشی لە چێمپانزییەوە نزیکترە. یەکەم جار خاتوو جەین گوودالْ Jane Goodall ساڵی ١٩٦٠ لە تەنزانیا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو مەیموونانە کرد و هەتا ئەو دەمە هیچ

لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر نەکرابوو، دوای ئەوەی خاتوو گوودال لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر چیمپانزییەکان بڵاو کردەوە، دەرکەوت کە تەنیا لە ڕێگەی ئەو ئاژەڵانەوە دەتوانرێت لە مێژووی سەردەمی زووی مرۆڤ تێ بگەین. لە دوای لێکۆڵینەوەکەی دوکتۆر گوودالەوە هەتا نووسینی ئەم بابەتەش لێکۆڵینەوە لەلایەن بایۆلۆجیستەکانەوە بەردەوامە و هەتا ئێستا هەموویان هاوڕان لەسەر هەڵسوکەوتی مەیموونە گەورەکان" چیمپانزی و بۆنۆبۆ" و بەلایانەوە جیاوازییەکی گەورە لە هەڵسوکەوتیاندا هەیە. چیمپانزییەکان لە ناوچەیەکی سنووردا‌ردا دەژین و سنوورەکەش زۆر بە دڕی لەلایەن نێرینەکانەوە پارێزگاری لێ دەکرێت. نێرینەکانیان کە گەورەش بوون هەر لەو ناوچەیەدا دەمێننەوە و مێینەکانیان دەگوێزنەوە ناوچەیەکی تر. نێر و مێیەکان پێکەوە ناژین بگرە بەجیا لە کۆمەڵەیەکی هێراڕکیدا دەژین. نێرەکان مێینەکان ملکەچ دەکەن ئەگەر پێویست بێت بەزۆرلێکردنیش. نێر و مێیەکانیان لە شێوەیەکی پۆلیجێنیدا دەژین بەواتا هەر یەکەیان لەگەڵ چەند نێر یان مێییەکی تردا جووت دەبێت. وەک دەرکەوتووە چیمپانزییەکان لە رووی تێگەیشتنی قسەوە توانای منداڵێکی ساوای مرۆڤیان هەیە و هەریەکەشیان کەسایەتی تایبەتی و توانای خۆی هەیە. دەتوانن زمانی هێما فێربن و لەگەڵ یەکتری و مرۆڤیشدا بەکاری بهێنن و منداڵەکانیشیان فێر بکەن. خواردنی سەرەکیی چیمپانزی میوە و گژوگیایە وەلێ حەزیشیان لە گۆشتی کاڵە و لە پێناویشیدا بێ بەزەییانە دەکوژن. مێینەکانیان پێوەندییەکی توندیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەیە، وەلێ نێرینەکانیان گوێ بە منداڵ نادەن. چیمپازییەکان حەزیان لە ژیانی سۆشیالییە و کۆمەڵگەکانیان لە نێوان ٨٠ ١٠٠ دایە. لە بارەی هەست و سۆزەوە زۆر لە مرۆڤەوە نزیکن، توورە دەبن، ئێرەبەری دەکەن، هەست بە تەنیایی و پەنهانی دەکەن، لاوازەکانیشیان دەپارێزن و شتیش لەگەڵ یەکتریدا بەش دەکەن.٥

جۆرەکەی تریان؛ بۆنۆبۆ، لە هەندێک رووەوە لەگەڵ چیمپانزییەکاندا جیاوازن، لەشیان تۆزێک بچووکترە و هەتا ساڵی ١٩٢٩ وەک بەشێکی جیاواز نەناسرابوون، لێکۆڵینەوەش لەسەریان درەنگتر لە چیمپانزییەکان دەستی پێ کردووە. بۆنۆبۆ تەنیا لە بەشی باشووری روباری کۆنگۆدا دەژین" کۆنگۆی دیمۆکرات". کۆمەڵگەی بۆنۆبۆ زۆر کەمتر هێراڕکییە و لەلایەن مێینەکانیشەوە بەڕێوە دەبرێت، بۆنۆبۆکان بەدەگمەن نەبێت ناکووژن، کێشەکانی نێوانیان بە زۆر شێواز و جۆرەوجۆریی سێکس، چارەسەر دەکەن.

لەبەرئەوەی ئەو دوو جۆرە مەیموونانەی لەسەرەوە باسمان کردن دوای دابڕانی لایەنی مرۆڤ لێیانەوە گۆڕانکارییەکی بەرەو پێشەوەیان بەسەردا نەهاتووە، زانستکاران لە تیۆریدا وای دادەنێن کە وەک یەک لێیانەوە نزیک بین. بەهەرحاڵ؛ چیمپانزی مرۆڤ نییە و مرۆڤیش جیمپانزی نییە. چیمپەکان ٤٨ کرۆمۆسۆمیان هەیە کە دەکاتە ٢٤ جووت. وەلێ مرۆڤ ٤٦ ی هەیە کە دەکاتە ٢٣ جووت. ئاگادارین زۆر جیاوازیی ترش هەن لە نێوان مرۆڤ و مەیموونْدا، جا لێرەوە دەگوێزینەوە بۆ لێکدانەوەی پێشکەوتنی مرۆڤ لە پێش چەند ملیۆن ساڵەوە، لەو سەردەمەوە کە لە خزمەکانی

دوور کەوتووەتەوە.

دەزانین کاتێکی تایبەتمان بۆ دەستنیشان ناکرێت کە تێیدا مرۆڤ بەدەرکەوتبێت، سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان مرۆڤ و مەیمووندا نییە. پێنج تا حەوت ملیۆن ساڵ لەمەوبەر گۆڕانێکی بنجی و لەوانەشە کوتوپڕ بەسەر جۆرێک لە مەیمووندا هاتووە و لێی رزگار بووە، دوابەدوای ئەوە گۆڕانکاریی تریش یەک بەدوای یەکدا هاتوون و مەیموونی دووپێ کە بە هۆمینایدی ناو نراوە هاتووەتە ئاراوە. گۆڕانکارییەکان لە جەستەی هۆمینایددا بەردەوام بوون هەتا بووەتە "هۆمۆساپیەن". گۆڕانکارییە بنجییەکان زیاتر گۆڕانکاریی "جین"ەکان بوون و لە ناوچەیەکی رۆهەڵاتی ئەفریقیادا رووی داوە. بۆ ماوەی سێ ملیۆن ساڵ گۆڕانکارییەکان لە هۆمینایددا تەنیا لە ئەفریقیا رووی داوە و لەو ماوەیەشدا لە ئەفریقیا دوور نەکەوتوونەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە شێوە مەیموون لەو سەردەمەدا لە ئاسیا و ئەوروپاش ژیاون. لە سەردەمێکدا، لە نێوان "١ ٨, ١" ملیۆن ساڵ پێش سەردەمی ئێستا کۆمەڵێک لەو هۆمینایدانە کە بە" هۆمۆ ئێرێکتوس" ناو نراون ئەفریقیایان بەجێ هێشتووە و بەسەر زەویندا بڵاو بوونەوە. دواتر لە نێوان"١٠٠, ٠٠٠–٢٠٠, ٠٠٠" پێش ئێستادا، کۆمەڵێک خەڵک کە ئەم جارە وەک" هۆمۆ ساپیەنس Homo sapiens" ناو براون بە سەرانسەری زەویندا بڵاو بوونەوە، هەتا ئەو کاتە کۆمەڵەکەی پێشوو "هۆمۆ ئێرێکتوس" ئاسەواریان نەماوە. ٦ لەبەر ئەوە وا بڕوا دەکرێ کە مرۆڤ و مەیموون بگەڕێنەوە بۆ دایک و باوکێک و پێش نزیکەی پێنج تا حەوت ملێۆن ساڵ لەمەوبەر، لێک جوێ بووبنەوە.

ئەو ئاژەڵە شیردەرە هەڵکشاوانە، پێش ئەوەی بچنە شێوەی مرۆڤەوە، گۆڕانکاری گەورە بەسەر کۆئێسکی لەشیان"سکێڵێتن skeleton" دا هاتووە. بەتاڵایی نێو ئێسکیان کورتتر و فراوەنتر بووە، قاچەکانیان درێژتر بوون، دەم و ددانیشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لێ گۆڕانکاریی گەورەتر لە فیزیۆلۆجیای مێیینەکاندا ڕووی داوە. مێیینەی ئاژەڵە شیردەرە بەرزەکان بەتایبەتی مێیینەی مرۆڤ، بەواتای" ئافرەت" لە بەشی سیستەمی"سێکس"دا ئامێرێکی تایبەتی هەیە(قیتکە/ میتکە clitorises) کە، تەنیا رۆڵی چێژتنی سێکس دەبینێ، هەڵبەت ئەمە هاندەرێکیشە بۆ لەبیرکردنی ئێش و ئازاری منداڵبوون و بەرەوپیرچوونەوەی جووتبوون و نوێکردنەوەی توخم. جگە لەوەش مێیینەی مرۆڤ بەرینایی نێو ئێسکەکانی کەمەری والاترە لە ئاژەڵەکانی دیکە، بۆ ئەوەی یاریدەی لەدایکبوونی منداڵێکی سەرزلتر بدات، کە مێشکێکی گەورەتری تێدایە ، جیاوازییەکی تری ئافرەتان لەگەڵ مێیینەی ئاژەڵە شیردەرەکانی تردا ئەوەیە کە، ئافرەت، وەرزی تایبەتیی سێکسی نییە یان لەدەستی داوە و دەتوانێ هەرکاتێک بیەوێ لە سێکسدا کارابێ. هەندێک سکۆلار وەهای بۆ دەچن کە بە تەنیا گۆڕانکاریی لەشی مێیینەیە، بووەتە هۆی بە مرۆڤبوون. بەواتای، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانەی لەشی مێینە نەبوایە، ئێمەی مرۆڤ لەئارادا نەدەبووین. مێرلن فرێنچ بەرگی یەکەم ل ٩, ١٠

پسپۆڕەکان کۆنترین دووپێی زیندەوەری شێوە مەیموون بە مەیموونی باشوور و هەروەها"

ئاوستراڵۆپیدیکوس" ناو دەبەن. ئێسکوپرووسکی توخمی هۆمینایدHominid کە نێزیکەی چوار ملیۆن و نیو ساڵان لەمەوبەر ژیاوە و لەسەر دوو پێ ڕۆیشتووە و، ئاستێکی هەڵکشاوتر بووە لە مەیموون، لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە ناوچەی" هەدار" لە ئەسیوپیا دۆزرایەوە، لەبەرئەوەی ئێسکەکان ئێسکی مێیینەیەک بوون و لەو کاتەشدا ئارکیۆلۆجیستەکان بەدەم کارەوە گوێیان لە گۆرانییەکی تیپی بیتڵس بەناوی" لوسی" راگرتبوو ئەو مێیینەیەیان ناو لێ نا لوسی Lucy. دۆزراوەکەی هەدار کە ئێسکی نزیکەی سیازدە کەس بووە دەگەڕێتەوە بۆ ٣,٢ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. لەوەش کۆنتر ئەو ئێسکانەن لە ناوچەی" ئەفار" هەر لە ئەسیوپیا ساڵی ١٩٩٢ دۆزراونەتەوە. بەپێی ئەو دۆزراوە ئارکیۆلۆجییانە، پێش نزیکەی چوار ملیۆن و نیو ساڵ لەمەوبەر، هۆمیناید لەسەر دوو پێ ڕۆیشتوون. لوسی: باڵای ٣,٥ پێ بووە و لەسەر دوو پێ ڕۆیشتووە، تەمەنی لە نێوان ١٩ – ٢١ دا بووە و کێشیشی ٣٠ کیلۆ بووە. سمتەچۆڵەی لوسی وەک مێیینەی مرۆڤی سەردەم بووە، وەلێ سەروچاوێکی مەیمونییانەی هەبووە. ئێسکوپروسکی لوسی- لوسییەکان، مشتومڕێکی گەورەی لەنێو ئەنسرۆپۆلۆجیستەکاندا ناوەتەوە لەسەر ئەوەی کامیان بەرەو مرۆڤ رای کێشاوە، مێشکی گەورە یان لەسەر دوو پێ وەستان؟ وەڵامەکەی لە ئێسکی لوسی هەڵێنجراوە، لەسەر دووپا وەستان بووەتە هۆکاری ئەو پێشکەوتنە، لەبەرئەوەی ئێسکەکانی لوسی ئەوە پیشان دەدەن کە توانیویەتی لە درەخت بێتە خوارێ و لەسەر دوو پێ بڕوات پێش ئەوەی مێشکی گەورەتر بووبێت٧

بەشێوەیەکی گشتی هۆمینایدەکان، باڵایان لە چوار پێ تێ نەپەڕیوە و سەنگیشیان نزیکەی ٢٧ کیلۆ بووە. دەستیان درێژ و مێشکیان تۆزێک لە مێشکی مەیموون گەورەتر بووە. سکۆڵارەکان رایان وایە کە مرۆڤ لەمانەوە هەڵکشاون یان لەمانەوە جیابوونەوە و بوونە "هۆمۆهابیلس Homo habilis" ؛ کە بەر لە ٢,٦ ملیۆن ساڵ ژیاون و مێشکیان گەورەتر بووە و بەلایەنی کەمەوە یازدە جۆر ئامرازی کارکردنیان دروست کردووە بۆ هەڵکۆڵینی خاک و بڕینی گۆشت.... هتد و لەوەش دەچێت لە ئاگر نەترسابن کە دواتر دەستێکی باڵای داوەتە مرۆڤ بۆ خۆپاراستن و پێشکەوتن. هەر ئەمانە کە شارەزاکان بە "هۆمۆ Homo" ناویان دەبەن، پێشی دوو ملیۆن ساڵ لە ئەفریقیاوە بەرەو باشووری ئاسیا و باکوری ئیوڕێسیا کەوتوونە ڕێ.

مرۆڤی سەرەتایی کە ئێستا بە زمانی زانست بە" هۆمۆساپیانس Homo sapiens " ناسراوە، لە نێوانی دووسەت تا سەت هەزار ساڵ لەمەوبەر، مێشکیان چوار ئەوەندەی "هۆمۆهابیلس"ی کێشاوە. ئێمەی مرۆڤیش کە بە زمانی زانست بە" هۆمۆساپیانس ساپیانس Homo sapiens sapi-ens" ناسراوین، هەرچەندە مێشکمان زۆر گەورەتر نەبووە لە ئەوەی" هۆمۆهابیلس" لێ نزیکەی هەشتا تا نەوەت هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە ئەفریقیا، جلوبەرگمان دروست کردووە و خەریکی دروستکردنی خانووبەرە بووین و دەستمان داوەتە راووشکار.

نزیکەی چل ساڵان لەمەوبەر، بایۆکیمیستەکان - ئەوانەی لە بواری بایۆکیمیدا کار دەکەن، دەستیان دایە لێکۆڵینەوەی پێوەندیی جینەکان بە پێشکەوتنی فیزیکی و ئاوەزی مرۆڤەوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر "دی ئێن ئەی" کە ترشەڵۆکی نێو نێوک/ نیوکلی خانەیە و خەسڵەتەکانی دایک و باوک دەگوێزێتەوە بۆ نەوەکانیان، وەهای دەرخستووە کە مرۆڤ نزیکەی پێنج ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە مەیموونەکانی ئەفریقیا جیابووەتەوە، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر "دی ئێن ئەی" دەربارەی ئەو خەسڵەتانەی تەنیا لە دایکەوە دادەکەون، ١٤٧ کەسیان لە سەرانسەری دنیادا کردۆتە نموونەی لێکۆڵینەوە "سامپڵ" لێکۆڵینەوەکە لەلایەن زانکۆی کالیفۆرنیاوە ئەنجام دراوە و ئەنجامەکەی وا دەگەیەنێ کە رەچەڵەکی هەموو مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ یەک توخمی "مێیینە". جا ئەگەر ئەو خاتوونە "حەوای" قورئان، "ئیڤ"ی تەورات یان "مەشیانێ"ی ئاوێستابێ.!!.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی کالیفۆرنیا کە بە لێکۆڵینەوەی گرووپی "بێرکلی" ناو نراوە، وای دەردەخا کە ئەو ژنە ( داپیرەی رەچەڵەکی مرۆڤ) لە نێوان "١٤٣ تا ٢٨٥" هەزارساڵ لەمەوبەر لە ئەفریقیا ژیابێت، (بەواتای مرۆڤ لە ئەفریقیاوە سەری هەڵداوە و بەدنیادا بڵاوبووەتەوە.)٨ روونکردنەوەکانی سەردەم دەربارەی جیاوازی جینەکان دەڵێ: گۆڕانکارییە جینییەکەی بووەتە هۆی هاتنەکایەی هۆمۆساپیانس لە سەرەتاوە لە یەک تاکەکەسدا رووی داوە، چەند نەوەیەک/ جیلێکی بردووە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی بچکۆلەی هەڵگری ئەو جینە یان جینانە. دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە گەورە بووە، نزیکەی ٧٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەڕانەوە دوایەکیان کەمبوونەوەیەکی بەسەردا هاتووە، رەنگە ئەو گەڕانەوەیە رووناکییەک بخاتە سەر وێکچوونی هەموو مرۆڤ. دوای زیادبوونەوەی هۆمۆساپیانەکان و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵی بچووک لەیەکتری هێندێک گۆڕانکاریی جێنێتیکی جیابەجیا لەناویاندا رووی داوە، ئەم گۆڕانکارییە بچووکانە گوایە هەر لە ئەفریقیا روویداوە پێش ئەوەی بە سەرجەم زەویندا بڵاو ببنەوە- رەنگە دواتر رووی دابێت، هەتا ئێستا روون نەکراوەتەوە. کیژەکانی ئەو تاکەکەسە کە "دی ئێن ئەی"یەکەیان بەنێو نەوەکانیاندا هاتووەتە خوارێ و ئێمەش کە ئەمرۆ لە ژیانداین، بە" نێر و مێ"وە، هەرچی شێوەی لەش و بەژنوباڵا و رەنگێکمان هەبێ، نەوەی دایکێکین کە پێی دەڵێین" ژن/ ئافرەت"٩.

بۆ ماوەیەکی زۆر بڕوا وابوو کە ئێمە نەوەی مرۆڤی نیاندرتاڵین، وەلێ زانیاری جێنێتیکی سەردەم/ نوێ، دەری خستووە کە ئێسک خانەی تێدایە کە زوو لەناو ناچێ و هێندێک جار دەتوانرێت تۆزێک" دی ئێن ئەی" لێ وەربگیرێت. ئەگەر ئاژەڵێک پێش هەزار ساڵ مردبێت، ئەگەری ٧٠٪ ی- دۆزینەوەی دیی ئێن ئەیی تێدا هەیە، کەچی لە ساڵی١٩٩٧ دا، شارەزایانی جێنێتیک سەرکەوتوو بوون لە دەرهێنانی دی ئێن ئەی لە ئێسکی مرۆی نیاندرتاڵ کە پێش ٣٠ هەزار ساڵ مردووە. جۆری "دی ئێن ئەی"یەکە زۆر جیاوازبوون لەگەڵ زۆرینەی مرۆی سەردەم و بەو پییەش مەحاڵە پێشینانی ئێمە بن. لەبەرئەوەش نیاندرتاڵ ئێستا بەشێوەیکی دووپێ Homo erectus ناسراون کە توانای بەرگریی سەرمایەکی زۆریان هەبوویێت و پێش سەردەمی گەیشتنی هۆمۆساپیان بۆ ئەوروپا لە ئەفریقیاوە ئەوان "نیاندرتاڵ"ەکان کۆتایان هاتبێت.

وەک دەزانین، مێژوو برێتییە لە نوسراوەی رووداوەکانی رابردوو، لێ هەتا سەردەمی دۆزینەوەی

نووسین، پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، شێوە مرۆڤ "هۆمینایدز" سێ ملیۆن ساڵی بەسەر بردووە. کەواتە ئەوەی نووسراوە تەنسا برێتییە لە فراکسیۆنێک (تروکەیەکی چاو)ی مێژوو. وەلێ زانستی ئارکیۆلۆجی، بەبەشەکانی (ئانسرۆپۆلۆجی و پالیۆنتۆلۆجی) یەوە (ئانسرۆپۆلۆجی مانای لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤ وەک بەشێکی ئاژەڵ و پالیۆنتۆلۆجی- مانای لێکۆڵینەوەی ئێسک و پرووسک) تا رادەیەک جۆری ژیاری پێشینانمانی بۆ روون کردووینەوە. لەو رێگەیانەوە وەک دەرکەوتووە بەشی زۆری رابردووی مرۆ، باوکایەتی نەزانیوە، منداڵ وەک بەچکەی ئاژەڵێک دایکی خۆیان ناسیوەتەوە و دایکانیش هەروەها. نەخش و نیگار و هەڵکۆڵدراوەکانی ناو ئەشکەوتەکان کە هەتا ئێستا دۆزراونەوە و دەگەڕێنەوە بۆ پێش نزیکەی حەوت هەزار ساڵ، وێنەی جووتبوونی ئاژەڵ لە وەرزی بەهاردا و زگپڕییان لە وەرزی هاویندا بەدیار دەخەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە، لەو سەردەمانەوە ڕۆڵی نێرینە لە زاوزێدا، لای مرۆڤ ناسرابێت.

کەواتە بۆ ماوەی سەت تا سێ سەت هەزار ساڵی ژیانی مرۆڤ باوکایەتی بوونی نەبووە و، دایکان بەرپرسی ژیان بوون و هەردوو رۆڵی دایک و باوکیان بینیوە. لەبەر ئەوەشە مرۆی سەرەتایی توانای زاوزێی ژنانیان لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگەدا زۆر بە هەند وەرگرتووە. وەک دەزانین لە هەموو جۆرەکانی ئاژەڵی شیردەردا، مێیینەکان ئاگەداریی بێچووەکان دەکەن، لێ وەک دەرکەوتووە ئەم رەوشتە، رەوشتی "دایکاییەتیی" رەوشتێکی بایۆلۆجی زگماکی نییە، بگرە ئەنجامی فێربوونە. بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە، ئەو ئاژەڵانەی لەبەر دایکیان زۆر بە منداڵی هەڵگیراون، دایکاییەتی کۆرپەکانی خۆیان ناکەن.

لەوانەیە دایکانی مرۆڤی سەرەتایی، وەک مەیموون منداڵەکانیان بەکۆڵەوە گرتبێ و خواردنیان پیشان دابن و دوژمن و دۆستیان پێ ناساندبن و فێری خۆخەڵساندنیشان لە تەنگژە کردبن. وەک دەرکەوتووە، لەناو چێمپازییەکاندا، دایک منداڵەکەی فێری پێوەندیی سۆشیالی دەکا و، بێچووە نێرەکان فێردەکەن خواردن لەگەڵ نێرو مێی گەورەدا بەش بکەن، کەواتە پێوەندیی نێوان دایک و فرزەند "منداڵ" بنەمای سەرەکیی کۆمەڵگەی ئاژەڵە، لەنێو هەندێک ئاژەڵی کێوی شیردەردا، نێرینەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا ئەگەر بە رەزامەندیی خۆیان لە کۆمەڵگەکە دوور نەکەونەوە، ئەوا بەزۆر دەریان دەکەن، "بابوون" کە جۆرێکی مەیموونن نێرەکانیان پێکەوە بە کۆمەڵ دوور لە مێیینەکان دەژین. ئەمە تا رادەیەک ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە باوک لە سەرەتاوە رۆڵی لە پەروەردەکردنی زاڕۆڵەدا نەبووە.

لەو شێوە مرۆڤانەی پێشتر باسمان لێوە کردن و بە "هۆمینایدز" ناومان بردن، لە بەر کەمتوانایی فیزیکی، لەوانەیە لە کاتی رووناکیدا و لە نزیک دەوروبەری خۆیانەوە، بەشوێن خۆراکدا گەڕابن کە بە زۆری بەروبوومی رووەک بووە. لێ دەبێ بۆ خۆپاراستن و فێرکردنی منداڵەکانیان، سیستمێکی لێکحاڵیبوونی دەنگی یان هێمایی پەلوپۆ هاوێشتنیان هەبووبێ، هەروەک چێمپازییەکانی ئێستا کە یەکتری لە مەترسی دەوروبەر حاڵی دەکەن.

بێگومان لە کاتی کەموکورتیی خۆراکدا، ناچار بوون زیاتر لە دەوروبەری خۆیان دوورکەونەوە. ئەمەش لە راستیدا دوو داخوازیی گەورەی خستووەتە پێش دایکان، لەبەرئەوەی تەنیا ئەوان خەریکی پەروەردەی منداڵ بوون. یەکەم داخوازی ئەوە بووە؛ چۆن منداڵەکەی کە رۆژانە سەنگی لە زیادبووندایە، بەکۆڵییەوە بۆ ماوەیەکی زۆرتر راگرێ. دووەم داخوازی ئەوە بووە؛ چۆن بتوانێ دەوروبەرێکی زیاتر بپشکنێ بەشوێن خۆراکدا و لە سەرچاوەی ئاوەوە دوور بکەوێتەوە. سکۆلارەکان بڕوایان وایە کە ئەم دوو داخوازییە بوونە هۆی داهێنانی ئامرازی سەرەتاییی لە کۆڵگرتنی منداڵ و گواستنەوە و داکردنی ئاو، شتێک لە شێوەی "مەتارە" و، دواتریش داهێنانی کەندوو (عەمبار) کە توانیویانە خۆراکی چەند رۆژێکی تێدا هەڵگرن و رۆژانە بەدووی خۆراکدا وێڵ نەبن و مۆڵەتی داهێنانی کەلوپەلی تریان هەبێ. ئالێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە پیشێ ئاخۆ ئەوە کاریگەریی دەوروبەری ماتیریاڵیی ساردوسڕە لەسەر مرۆڤ بۆ ئەو داهێنانانە وەک فیلۆسۆفیای ماتێریاڵی "مارکسیزم" دەڵی، یان لە داهێنانی هۆشی مرۆڤە؟

لەوە دەچێ دابەشبوونی کار لەنێو جێندەردا، لە کۆمەڵگەکاندا لە سەردەمی دۆزینەوەی کەندووکردنی ئاو و خۆراکدا سەری هەڵدابێ، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگە زۆر سەرەتاییەکاندا، پیاوان بە دەگمەن خەریکی کۆکردنەوەی خۆراک بوون. ئافرەتان بەرپرسی کۆکردنەوەی خۆراکی هەموو کۆمەلەکە بوون، نێرینەکان ناو بەناو راوی مەلێک یان ئاژەڵێکی بچووکیان کردووە و لە ٨٠ ٪ ی خۆراکیان لەلایەن ئافرەتانەوە دابین کراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە سەرەتای ژیانی بەکۆمەڵدا نێرینەکان لەسەر رەنجی شانی ژنان زەلاونەوە. ئەز لەو بڕوایەدام هۆکاری ئەو زەلانەوەیە دایکاییەتی بووە کە نێرینەکان لە منداڵییەوە فێر بوون دایکاییەتییان بکرێت و بە چەوساندنەوەیەکی هۆشدارانەی نازانم، بێگومان ئەمە چەوساندنەوەیەکی بێ ئاگایانە و غەریزییە. لەبەرئەوەی هێشتا ئەو شێوە مرۆڤە هێندە هۆشی نەبووە بیر لە چەوساندنەوە بکاتەوە، هەروەها سایکۆلۆجیای مرۆ بۆی روون کردوویەنەتەوە کە منداڵ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە بەشێوەیەکی غەریزی هەوڵی بەکارهێنانی دایک و باوکی دەدات.

لەنێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ دەستی داوەتە دروستکردنی پەناگەی بەکۆمەڵ/گوند (خانوو و بەرەی سەرەتایی) کە سیستمێکی کەوانەیی هەبووە و، ئاگریان لە نێوەندی پەناگە کەوانەییەکەدا کردووەتەوە بۆ دوورەپەرێزکردنی ئاژەڵی دڕندە و برژاندنی گۆشت وئامادەکردنی خۆراک، بەڵام ئەم پەناگانە کاتی بوون و مرۆڤ هێشتا زۆر دوور بووە لە نیشتەجێبوون.

هەر لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەستی داوەتە راووشکار و دروستکردنی ئامرازی جۆرەوجۆر، لە پەلوپۆ و توێکڵی دار و ئێسک/ ئێسک و پرووسک و بەردی تیژکراویش. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەبووە کە توانای وتووێژیان پەیدا کردووە. دیارە وتووێژە سەرەتاییەکان لاساییکردنەوەی مەیموون و مەل بوون بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتری لە مەترسییەکی تایبەتی. لێکۆڵینەوە لەسەرکۆمەڵگە سەرەتاییەکان، وای دەردەخەن کە، لەکاتێکدا مێیینەکان خەریکی کۆکردنەوەی

خواردەمەنی بوون، پیاوان زۆرجار چاودێریی منداڵیان کردووە، وەلێ ژنان بەرپرسی منداڵان بوون. دایک، رووەک و ئاژەڵی سوودمەند و زیانبەخشی نیشانی منداڵەکانی داوە و فێری خۆپاراستنی کردوون. بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە بچکۆلە سەرەتاییەکاندا، هاوکاری، هۆکاری مانەوەیان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان زۆربەی کارەکانیان ئەنجام داوە.

دیارە ئەورۆ کۆمەڵگەیەک چەند سەرەتاییش بێت وەک پێشینانی هەزاران ساڵەیان ناژین و مۆدێرنیزە، بە کەم یا بە زۆر دەستێکی گەیاندوونێ، لێ هەتا ئێستاش لە ئەفریقیا و ئوستralیا و نیو گینی و هێندێک شوێن لە باشووری ئەمەریکا، کۆمەڵگەی دوورەپەرێز هەن کە، لەسەر کولتووری سەردەمی بەردیندا دەژین.

## جێندەر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی سەردەمدا

لە کاتێکدا کە زۆربەی دانیشتووانی ئەم زەوینە لە چەرخی بیست و یەکدا دەژین، کە چەرخی تەکنۆلۆجیا و گەیشتن بە ئەستێرەکانە، لێ هەتا ئێستاش هێندێک کۆمەڵگە هەن، لە بێشەکانی ئەمەریکای باشوور و ئەفریقیا و ئوسترالیا، لە سەردەمی بەردییندا ماونەتەوە. لێکۆڵینەوە، لەسەر کۆمەڵگەکانی"کونگ Kung" لە بیابانەکانی کالەهاری ئەفریقیا و "ئمبووتی Embuti "یەکانی زائیر و بەشێک لە دانیشتووە رەسەنەکانی ئوسترالیا زیاترە وەک، هێندێکی تر لەو کۆمەڵگە ناسراوانەی هەتا ئێستاش ژیانی سەرەتاییان تێ نەپەڕاندووە.

## کونگەکانی کالەهاری

لەنێو کونگەکانی کالەهاریدا، ئافرەتان رۆژانە خەریکی خۆراک کۆکردنەوەن کە بەشێوەی سەرەکی برێتییە لە بەروبوومی وەک گوێز و رەگی هێندێک رووەک. پیاوەکانیان بەزۆری خەریکی مڵوموشن و، لە هەفتەیەکدا تەنیا نێزیکەی دوازدە هەتا بیست سەعات کاردەکەن کە ئەویش برێتییە لە ڕاوکردنی هەندێک ئاژەڵی وردی وەک مارمێلکە و سەرمازەڵە. لەو کۆمەڵگەیەدا کەس کار ناکات هەتا ژن نەهێنێ یان شوو نەکا، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو منداڵ و پیر و پەککەوتەیەکیش بەباشی سەرپەرشتی دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن.

لەو کۆمەڵگەیەدا، کچان لە نێوان تەمەنی ١٥ و ٢٠ ساڵیدا شوو دەکەن و کوڕانیش لە تەمەنی ٢٠ و ٢٥ ساڵیدا ژن دەهێنن، یەکەمین هاوسەرگیری لەم تیرەیەدا لەلایەن دایک و باوکەوە رێک دەخرێ و، زاوا لەگەڵ خێزانی ژنەکەیدا دەژی بۆ ماوەی پێنج تا دە ساڵ و، لەو ماوەیەدا رەنجبەری بنەماڵەی هاوسەرەکەیەتی.

گزی جنسی لەلایەن هەر هاوسەرێکەوە روو بدا لەزۆر حاڵدا دەبێتە هۆی جیابوونەوە. پیاوەکانیان ئەگەر لە ڕاودا ئاژەڵێک بکوژن لەسەر نەریتی خۆیان بەسەر ڕاوچییەکاندا بەشی دەکەن، ڕاوچییەکەی ئاژەڵەکەی کوشتووە، بەشی ماڵە خەزووری دەدات و ئەوجا بەشێکی دەداتە

ژن و منداڵەکانی خۆی. لەم کۆمەڵگەیەدا تەنیا پیاوان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئایندا و هەر ئەوانیش سەرچاوەی ئاوەکانیان قۆرخ کردووە. جگە لەوە نێر و مێی کونگ لە هەموو بوارێکدا یەکسانن و خاوەنی کەساییەتی خۆیانن.

## کۆمەڵگەی ئیمبووتی لە زائیر

ئیمبووتییەکان کورتەباڵا مرۆڤن و باڵایان لەژێر مەتر و نیوێکدایە و هەتا ئێستاش لەنێو دارستانەکانی ئەو وڵاتەدا، لە کۆمەڵگەیەکی" یەکسان/ ئیگالیتاری egalitarian" (مێ هاوتای نێر) دەژین، کرۆکی کۆمەڵگە یەکسانەکەیان لەسەر دایکایەتی و ڕاووشکار بەندە. لەو کۆمەڵگەیەدا، ئەوەی خۆی بە پیاو دەزانێ دەبێتە ڕاوکەر، پیاوەکانی تر، خۆیان دەکەنە، سوحبەتچی/ کڵاون، سوحبەتچی لەو کۆمەڵگەیەدا، پلەیەکی باشیان هەیە، سوکوچرووک نین. لەو کۆمەڵگەیەدا، ئافرەتان جگە لە کۆکردنەوەی گژوگیا و میوە، شان بەشانی پیاوەکان بەشداریی ڕاووشکاریش دەکەن.

لە کۆمەڵگەی ئیمبووتیدا، لەناو کامڵەکاندا نەبێ، سێکس گرینگیی پێ نەدراوە. لێ ڕێکخستنی سێکس لەناویاندا، شێوەیکی ئاسایی نییە. کاتێک کچ لە ڕووی سێکسییەوە پێ دەگا، دەتوانێ لە خانووی"ئلیمە elima" دا بژی.

شەوانە کوڕان دێنە بەر دەرگای ئلیمە و دەپاڕێنەوە، بۆ چوونە ژوورەوە، کچان و سەرپەرشتکارەکانیان، لە بەردەرگا دەوەستن و دەکەونە کەڵکەڵە و فریودانی کوڕان و پێداکێشانیان. زۆرجار، کچان بە قامچی لە کوڕان دەدەن و ڕێگەیان دەدەن بڕۆنە ژوورەوە و، ئەو شەوە بە دەست لەملانێ دەبەنە سەر. ئەو دەست لەملانێیە وەک لێکۆڵەران باسی لێوە دەکەن، دەست لەملانێیەکە لەوەی ژن و مێرد کەمترە. جووتبوونیش لەو دەستە ملانێیەدا، بە هێندێک پارێزگارییەوە پەسندە. لێ هەتا ئێستاش هیچ کچێک لە "ئلیمە"دا سکپڕ نەبووە. لە کۆمەڵگەکەیاندا، ژن هێنان و شووکردن ئارەزوومەندانەیە، لێ ئەو کۆمەڵەی ژنەکەی بۆ دەچێ، دەبێ ژنێکی تر لە جیاتیی، بۆ ئەو کۆمەڵەیە بنێرێتەوە کە ژنەکە جێی هێشتووە، بەواتای ژن بە ژنەی نێوان دوو تیرە یان خێڵ (لەلای خۆشمان ژن بە ژنە هێشتان باوی ماوە).

ئەو ژنەی منداڵی دەبێ، بۆ ماوەی سێ ساڵ، سێکسی لێ یاساخ دەکرێ، ئەوەش گوایە لەبەر خاتری منداڵەکەیە، کە دەبێ سێ ساڵان دایک پەروەردەی بکا و شیری بداتێ. لەو سەردەمەدا مێردەکەی، بۆی هەیە لەگەڵ کچێک یان ژنێکی مێرددااردا سێکس بکات. من لێرەودا بە ناچاری دێمەوە سەر فیلۆسۆفیای کۆمیۆنیزم و دەپرسم، ئەم ناڕەواییکردن و زەوتکردنی مافی مێیینە "دایک" لە جووتبوون و باڵادەستیی نێرینە "باوک" لە هەمان بواردا، چ پێوەندییەکی هەیە بە کۆمەکبوونی سامان و دەوڵەتەوە؟ خۆ ئەو کۆمەڵگەیە هێشتا سەرەتاییە و نە سامان و نە دەوڵەت لە ئارادا نین. ئەی بۆ مافی جووتبوون لە دایک زەوت کراوە و مافێکی ڕەهای جووتبوونیش دراوەتە باوک؟

منداڵی ئـمبووتـی لە تەمەنی دوو سـاڵیدا بۆنەیەکی تایبـەتی باوک ناسینـی بۆ ئامادە دەکرێ، لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەم جـار، دەخرێتـە باوەشی باوکیـیەوە، بـاوک دەمی منداڵەکـە بە مـەمکی خـۆیەوە دەنێ، کـاتێک منداڵەکە لـە مژینی مـەمکی باوکیەوە هیـچی ناچێتـە ناو دەم، هـاوار دەکا دایە "ئێـما ema" ئەو کاتە باوک تۆزێک خواردن بەدەمیەوە دەکا و فێری دەکا بڵێ بابە "ئێبا eba".

لە کۆمـەڵگەی ئیمبووتیدا کێبڕکێ نییە، تەنیا هـاریکاری هـەیە، لە گەمەکردنیشدا، بردنەوە پەسند نییە.

گیروگـرفتی نێوان ژن و پیاو، بە بۆنەیەکی تایبەتی کە نێویان ناوە "مـۆلیما molima"، چارەسـەر دەکەن. ئەو بۆنـەیە کـە برێتییە لە بلوێرلێدان و گوایە تەنیا بۆ پیـاوانە، ژنان خۆیانی تێ هـەڵداوێن و پیـاوان تاوانبـار دەکەن بەوەی کـە بلوێر و بۆنەی "مـۆلیـما" لە داهـێنانی ئەوان بووە و پیـاوان لێیـان دزیون و، دەست دەکەنە گاڵتـەکردن بە "کێر"ی پیـاوان و، پیاوانیش دەکەونە گاڵتـەکردن بە "خوێنی مانگانە"ی ئافرەتان. هـەردوو لا "نێر و مێ" گاڵتە بە یەکتری دەکەن، وەلێ دۆڕاو لە ئارادا نییە.**

## دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا

بە هـەمـان شـێوە وەک دانیـشتـووە ڕەسـەناکـانی ئەمـەریکا، دوای داگیـرکـردنی وڵاتەکـەیان، لەلایەن سـپـیپـێسـتـانی ئەوروپاوە، بەشـێکی زۆریان بە پەتای نامـۆ بەوان کـە سـپـیپـێسـتـان بردیانە ناویان مـردن. ئەوەشـی نەمـرد، داگیـرکـاران تـەنگیـان پـێ هـەڵچـنـین و ناچاری کـشـانـەویان کـردن بۆ ئەو شوێنانـەی کە ژیانی تێدا ئەسـتەمـە، بەشـێکیـان هـەتا ئێسـتـاش بەشـێوەیەکی تەندروست لەو ناوچە سـتەم ژینانەدا دوور لە شارسـتانی ژیان دەبەنە سـەر. دانیشتووە ڕەسـەنەکانی ئوسـترالیا خـاوەنی ئایـنێکی ئاڵۆزن، ئایـنەکـەیان دەڵێ "خـەونەکانتان هـەموو شـتێکتان بۆ ڕوون دەکاتەوە"، خـەونەکانیان پێیان دەڵـێ، دنیای مـەتیریاڵی/ فـیزیکی لەلایەن خواوەندەکانەوە دروسـت کراوە کە، توانای ڕەوانی "سـپـیـریتی" داوەتە بەرد و لـمب و جـۆگـەلـە ئاو و ڕووەک. خـەونەکـانیـان ڕووداوەکـانی سـەردەم و داهـاتوویان بۆ دەستنیشـان دەکا و، پێیان ڕادەگەیەنـێ کە پیاوێک یان ژنێک سـەرکردایەتییان دەکا (نێر و مێ) بە هـاوتای یەک بگرێ. [ئەوەی لـەم کۆمـەڵگەیانەدا بەلای مـنەوە سەرنج ڕاکێشـە، ئاینە ئێگالیتارییەکەیانە، تۆ بڵێی، ئاینی هـەموو کۆمەڵگە سـەرەتاییەکان ئیگاڵیتاری بووبێ؟]

هـەروەک کۆمـەڵگە سـەرەتـاییـەکانی ئیـمبـووتی و کونگەکان، ژنانـی دانیـشـتـووە ڕەسـەنەکـانی ئوسـتـرالیا زۆربەی کـاری کۆمـەڵگەکـەیان لەسـەر شـانە، لە پەیداکردنی خـۆراکەوە بەکۆکردنەوەی بەروبوومـی گـژوگـیـا و درەخت و ڕاووشکار و ئامـادەکـردنی خـۆراک و پەروەردەی منداڵیـشـەوە. پیـاوەکـانیـان، لە دەوروبەری نـزیک نیـشـتگـەکـەیان ئەگـەر ڕاوێکیـان دەست نەکـەوێ، دوور نـاڕۆن بۆ ڕاووشکار. ئەگـەر پـیاوێک "خـشـۆکـێکی گـەورە – لە شـێوەی قـۆڕی و سـەرمـازەڵە"دا بکوژێ، ئەوا بەدرێژایی باقیمەندی ڕۆژەکە، خەریکی فیشاڵ و خۆ پفکردن دەبێ.

ریچارد گۆڵد: دەربارەی دانیـشتووە ڕەسـەنەکانی ئـوسترالیا دەڵێ، هـەردوو توخـمـەکە (نێر و مێ)

سـەربەرزن بەخـۆیـان و لەو بڕوایەشـدان کە بەشـێکن لە گـەردوونێکی هـەمـاهـەنـگ، بەلای ئەوانەوە هـاوسـەرییـەتی بریـتییـە لە رێکخسـتنی ئابووری دوو لایـەن کە بەسـوودی هـەردوولا دەگـەڕێتـەوە و، هـاریکاری یەکتـریش داخـوازییـەکی هـەرە گرینگە بۆ مـانـەوەی هـاوسـەری. لە کۆمـەڵگەکەیاندا پـیـاو گرینگترە وەلێ ژنەکان دەزانن کە ئەوان زۆر پێویستن، هەرلایەنەش بە رۆڵی خۆی دڵخۆشە.

لێکۆڵینەوە لەسـەر نێتیڤەکانی (دانیشتووە رەسەنەکان) ی ئوسـترالیا دەری خستووە کە ژنان ئاستێکی نزمتر لە پیاوانیان هەیە. لە کولتووری ئەواندا کاتێک کوڕ دەبێتە هەرزەکار، دایکی بۆی لە دووی هـاوسـەرێک دەگـەڕێ کە تەمـەنی زۆر لە تەمـەنی کـوڕەکە بچـووکتـر بێت، زۆرجـارانیش کـیـژێکی شـیـرەخـۆرەیە و هیچ لایان ئازاد نین لە هـەڵبـژاردنی هـاوسـەرەکـەیـان. لـێ هـەردوولا پێش هـاوسـەربوون و لە هـاوسـەریشـدا ئـازادن لـەگـەڵ هـەرکـەسـێکی تردا جـووت بـبن. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئازادیی سێکس لە کـاتی هـاوسـەریشـدا بەربـڵاوە، هـەندێک پیـاو لەسـەر ئەوە لە ژنەکـانیـان دەدەن، بەڵام ژنە نێـتـیـڤـەکـانی ئوسـترالی وەک ژنـانی دنیـای سـێـیـەم نین، ئەوان دەست دەکـەنەوە و بەگژ پیاوەکانیاندا دەچنەوە، ئەگەر لێدانەکەش قورس بێت ئەوا پیاوەکانیـان جێ دەهێڵن. لە کولتووری ئەواندا بۆ ئەوەی فـێـری ژیانێکی بـاشی هـاوسـەری و هـونەری خـۆشـەویسـتی بـبن، زۆرجـار کـوڕە لاوەکان پێش بە هـاوسـەربوون لەگەڵ ئەو کەسـەی بۆیان دەستنیشـان کراوە، ژنێکی پیـر مارەدەکەن و کیژەکانیش شـوو بە پیاوێکی بەتەمـەن دەکەن. شـایانی باسە کە لەو کۆمـەڵگەیەدا فرەژنیش باوە
Marilyn French V 1 p 20

ئەوەی زۆر سـەرنج راکێشـە بەلای منەوە ئەوەیە کە نێتیـڤـەکـانی ئوسرالیـا، جێگەی تایبـەتی و سیستمێکیان هـەیە بۆ حـەوانەوەی ژنانی بێدەرەتانان، لە پیرو پەککەوتە و نەخۆش و بێ مێردەوە و ئەوانەش کە لە ستـەمکاری مێردەکانیـان رادەکەن - هـەرچەندە سـتـەمکاریی پیاو لەسـەر ژنان زۆر دەگمەنە، کەچی سەیر ئەوەیە سیستمەکەیان زۆر لەوانەی وڵاتە ئەوروپاییەکانیش لەپێشترە.

شـوێنی حەوانەوەی ژنان کە بە زمـانی خۆیان پێی دەڵێن "جیلیمی jilimi" بۆ هـەموو ئـافرەتێک هـەیە سـەردانی بکا و تێـیـدا بژی بۆ هـەرمـاوەیەک بیـەوێ و، بۆشـی هـەیە بڕواتـە دەرەوە بۆ بەسـەربردنی کات لەگەڵ هەرکـەسێکدا بیـەوێ. هـیچ پیـاوێکیش بۆی نییـە بە نزیک کـامـپـەکـەشـدا رابـبوورێ. (ئەوەی راستی بێت لە کوردستاندا نەک شێڵتەر "شوێنێکی پارێزراو" بۆ ئافرەتان هـەتا ئێسـتـاش نییـە بگرە راکردنی ئـافرەت لە مـێردێکی سـتـەمکار و گـەڕانەوە بۆ مـاڵی بـاوانیـشی بە شـەرمـەزاری بۆی دەگـەڕێتـەوە.) ئەو کـۆمـەڵگەیانەی لەسـەرەوە باسـمـان لێوە کـردن نموونەی کۆمـەڵگەیەکی زۆر سـەرەتـایی بوون کە هـەتا ئێسـتـاش لەسـەر کۆکردنـەوەی بەروبوومی رووەک و سووکە راووشکاری رۆژانەیان دەژین، ئەو کۆمـەڵگانە هـەتا ئاستێک رۆشنایی دەخەنە سـەر جۆری ژیاری رابردوومـان و ئـەرک و مـافی هـەردوو لایەنی نێـر و مێی ئەو سـەردەمـانەیان تا ئـاسـتـێک بۆ روون کردووینەتەوە.

## جێندەر لە سەردەمی هۆرتیکولتوور/ سەرەتای کشتوکاڵدا

پلەیکی هەڵکشاوتر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، کۆمەڵگەی سەرەتای دەستپێکردنی کشتوکاڵە "هۆرتیکولتوور" کە هەتا ئێستاش نموونەیان زۆرە لە کیشوەری ئەمەریکادا، وەک (باری Bari و ناسکاپی Naskapi) و "تلنجیت Tlingit"ەکانی ئالاسکاش. لێ دەبێ ئەرک و مافی لایەنەکانی جێندەر لەو کۆمەڵگەیانەدا چۆن بێت؟

بە بۆچوونی ئارکیۆلۆجیستەکان، مرۆ، نزیکەی ٣٥ هەزار ساڵان لەمەوبەر دەستی داوەتە گوندنشینی و گۆزە و گلێنە دروستکردن. مێژووی یەکەمین کۆمەڵگەی ناسراوی کشتوکاڵ کارە – هۆرتیکولتوور، دەگەڕێتەوە بۆ پازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر کە لە دەوروبەری رووباری "نیل" لە میسر دۆزراوەتەوە و لە ماوەی چوار پێنج هەزار ساڵدا کشتوکاڵ زۆر پەرەی سەندووە. کشتوکاڵی سەرەتایی"هۆرتیکولتوور" کە بە ئامرازی سەرەتایی لە بەرد و ئێسک لە شێوەی پاچ و خاکەناز، دروست کراوە، بەزۆری پیشەی ژنان بووە[١٠].

ئاشکرایە کشتوکاڵ داخوازی کارکردنێکی زۆرتر و جێنشینبوونی هەیە. وەک دیاریشە بەپێی کات کشتوکاڵ شۆڕشێکی لەژیانی مرۆدا بەرپا کردووە و بووەتە هۆی گۆڕانکاریی سەرجەم ژیانی مرۆڤ.

ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرایە، مرۆڤ لە سەردەمی بەردینی دووەم "پالیۆلیتیک"دا کە چل هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە، چەکی سەرەتایی لە بەرد و ئێسک و پرووسکی ئاژەڵ و دار دروست کردووە، جا لەبەرئەوەی بەڵگەی مرۆڤی بەکۆمەڵ کوژراو کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە نەدۆزراوەتەوە، وا بڕوا دەکرێ کە ئەو چەکانە هەر بۆ راووشکار بەکار هاتبن.

کۆمەڵگەی باری/ بێری: کۆمەڵگەی باری، کە بەهۆی قەلاچۆکردن و ئەو نەخۆشییانەی داگیرکارە ئەوروپاییەکان گەیاندییانە ناویان، ئێستا لە وڵاتی ڤەنزوێلا ژمارەیەکی کەمیان لە ناوچەیەکی بچووکی شاخاوی وچڕە جەنگەڵدا قەتیس ماون و هەتا ئێستاش لەسەر جۆری ژیاریی سەرەتای کشتوکاڵ بەردەوامن. لەو کۆمەڵگەیەدا کۆیلەیی نییە و سەرۆکیشیان نییە، بگرە لە زمانەکەیاندا وشەیەکیش نییە مانای سەرۆک ببەخشێ. لە کۆمەڵگەکەیاندا کە لەسەر کشتوکاڵێکی سەرەتایی و راو دەژێن، کەس خاوەنی زەوی نییە. هەموو رێز لە مافی یەکدی دەگرن، دابەشکردنی کار لەناویاندا زۆر لاستیکییە. هاوکاری یەکتر دەکەن لە کاری کشتوکاڵی و راو و دروستکردنی خانووبەرەدا. پێکەوە ئاگاداریی منداڵەکانیان دەکەن و لەناو ئەواندا کاری بەرزونزم نییە.

سێکس لای ئەوان شتێکی ئازادە و سنووردار نییە بە مەرجێک لە نێوان خزمی پلەی یەکەمدا نەبێ. هاوسەریەتی لەناویاندا زۆر بەردەوامە، لێ لە هەمان کاتیشدا جیابوونەوە و کۆتا هێنانی هاوسەریەتی زۆر ئاسانە، شایانی باسە ئەوەش بڵێین کە ئاین لەو کۆمەڵگەیەدا هێشتا سەری هەڵنەداوە.

ئەو کـەلوپەلانەی لـەنێـو گـۆڕی دانیـشـتـووە ڕەسـەنەکـانی ئەمـەریکا، لە نێـوچەی کـینتـاکی دۆزراونەتەوە، دەریانخستووە کە جیاوازیی ئیش لە نێوان ژن و پیاوی ئەو دانیشتووانەدا نەبووە، هەردوولا هـەموو کارێکیان کردووە، ژنانیش وەک پیاوەکان بەشداریی ڕاوی ئاژەڵی گەورە و شەڕی نێوان تیرەکانیان کردووە. لەو گۆڕانەدا کە نێوانی سێ تا چوار هەزار ساڵ کۆنن، ژن و پیاو وەک یەک نێژراون، بێگومان ئەمەش دیاردەی کۆمەڵگەیەکی، یەکسان/ ئیگالیتارییە.

مژدەگێڕێکی فرەنساویی سەتەی حەڤدە باسی کۆمەڵگەی "مۆنگتاناى – ناسکەپی" ڕۆژهەڵاتی کەنەدا دەکا و دەڵێ: ئەو خێڵانە کە هەوارەکانیان لە هاوین و زستاندا دەگواستەوە، هاوینان بە کۆکردنەوەی ڕووەک و چنینەوەی میوەوە و زستانانیش بە ڕاووشکار ژیانیان دابین دەکرد، هەموو کەسێک لەناویاندا ئیشی دەکرد و هەردوولا، نێر و مێ، پێکەوە داریان دەبڕی، ئاگادارییی منداڵیان دەکرد و تەڵە و فاقەیان دەنایەوە. زۆرجارانیش ژنان دەچوونە ڕاو و پیاوەکان لەماڵەوە خۆراکیان ئامـادە دەکـرد. لەناویاندا هـاوسـەریەتی نەبووەتە هـۆی سـالاری هـیچ لایەکـیـان و لە ڕووی سێکسیشەوە ئازادن و گواستنەوەی کامپەکان بۆ کوێ و لە چ کاتێکدا بگوێزرێنەوە ژنان بڕیاری لەسـەر دەدەن. مـژدەگـێـڕەکـە لەسـەری دەڕوا و دەڵێ، لەم کـۆمـەڵگەیەدا زۆر بە قـێـزەوە دەڕواننە کەسێک بیەوێ خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ، هیچ شتێکیش بەزۆر بەسەر منداڵێکیشدا ناسەپێن و ژن و پیاو بۆیان هەیە ببنە ڕابەری ئاینەکەیان.

کۆمەڵگەی ئیرۆکوا Iroquois لە باکوری ئەمەریکادا، هەتا ئەو کاتەی ئەوروپاییەکان گەیشتنە ئەوێ کـۆمـەڵگەیەکی مـاتریلینیـاڵ Matrilineal بوو، بە واتای بەلای دایکدا داشکابوو. لەناویاندا "مێیینە" مافی یوسۆفرەکت " Usufructی هەبووە. (یوسۆفرەکت، مافی بەکارهێنانی زەویوزار دەگرێتەوە بەڵام خاوەنییەتی نییە.) ئەو جۆرە مافە تایبەتە بە کۆمەڵگەی ماتریلینیاڵ. هاوسەریەتیش "ماتریلۆکەڵ matrilocal" بووە، بە واتای پیاو گواستوویەتییەوە بۆ لای خێزانی هاوسەرەکەی "زاوا بووک".

لە کۆمەڵگەکەیاندا کە زێدە لە دووسەت کەس پێکەوە لە گوندێکدا ژیاون دابەشکردنی خۆراک بەدەست ژنان بووە، ژمارەیەکی هاوتاش لە ژن و پیاو کاری ئاینییان بەڕێوە بردووە. کۆمەڵگەکەیان بڕێتی بووە لە چەند تیرەیەک، هەر تیرەیەک وەک نەتەوەیەک سەیر کراوە و، نوێنەرێکی خۆی ناردووە بۆ دیوانی پیران کە، هەموو بڕیارێکیان لەدەستدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو نوێنەری تیرەکان پیاو بوون وەلێ ژنەکانیان توانای لادانی سەرۆکی فێدێراسیۆنەکەشیان هەبووە ئەگەر بەدڵیان نەبووبێ. هیچ سەرکردەیەکیان نەیتوانیوە بڕیاری شەڕکردن بدات بەبێ وەرگرتنی ڕای ئافرەتانی کۆمەڵگەکەیان. تۆ بڵێی لەبەر ئەوەبووبێ کە کۆنترۆڵی خۆراک بەدەست ژنانەوە بووە..... نووسەر ؟

## جێندەر لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵکاردا

داهێنان و رازاندنەوەی گۆزە و گڵێنە، لە کۆمەڵگەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیاواز، وەلێ نزیکەی چواردە هەزارساڵان لەمەوبەر بووەتە هونەرێکی بەربڵاو لە سەرانسەری کۆمەڵگەکاندا.

پسپۆڕەکان لەو بڕوایەدان کە لە سەرەتاوە ژنان دەستیان داوەتە کشتوکاڵ بە ئامرازی سەرەتایی و دروستکردنی گۆزە و گڵێنەش بۆ هەزاران ساڵ هەر پیشەی ئەوان بووە. (لە راستیدا لە کوردستان و زۆر کولتووری تری سادەدا هەتا ئێستاش ئەو کارە دروستکردنی گۆزە و گڵێنە، تایبەتە بە ئافرەتان)

لە وێنە و نیگارکێشانی سەر بەرد و نێو ئەشکەوتەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ زێدە لە سی هەزار ساڵ لەمەوبەر جێدەستی بەشداریی ئافرەت دیارە، لە ئەشکەوتی "پیچ مێرل" لە فرەنسا جێگەپێی دایک و منداڵێکی تێدایە. هێندێک شێوەکاریی کە لە هیندستان دۆزراونەوە و سەروەشتیان دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر، بەزۆری ژنان دیارن و زۆر کەم پیاویانی تێدا بەدی دەکرێ. وێنەکان بەزۆری وێنەی ژنی سکپڕ و شیردان بەمنداڵ و، جموجۆڵی ژنان لەتەپکەنانەوە و شت هاڕین و ماسی گرتن و خۆراک ئامادەکردن پیشان دەدەن. یەک لەو نیگارە کێشراوانە ژنێک دەردەخا، بەرچنەیەکی بەشانەوەیە و دوو منداڵی هەڵگرتووە و بەسەر سەریشیەوە ئاژەڵێکی هەڵگرتووە. ژنێکی تر شاخی ئاسکێکی گرتووە و بەدوای خۆیدا رایدەکێشێ.

دوو شێوەی تریش هەن کە ئارکیۆلۆجیستەکانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی سەرۆکی ئەو کۆمەڵگەیە ژن بووبێ. سەرچاوەکە باسی دوو شێوەکەی نەکردووە...... مێرلن فرێنچ بەرگی یەکەم ل ٢٩،٢٨

نەخشێکی تر کە لەوانەی دەوروبەری گەورەترە و بە "mother goddess" ناو نراوە، ژنێک پیشان دەدا منداڵێک لەنێوگەڵیدا هاتووەتە دەر. جگە لەمانە هێندێک نەخشی ریالیستانەی تریش هەن کە کاری جووتبوونی نێوان جێندەر نیشان دەدەن.

نەخشەکان نێر و مێ پیشان دەدەن باوەشیان پێکدا کردووە، وەلێ هیچ لایەکیان لەسەرەوە نین، ئەمەش مانای هاوتایی دەگەیەنێ. ئەم نەخشانە زۆر جیاوازن لە نەخشی جووتبوون لە کولتووری پاترییارکیدا کە زۆرینەیان دەری دەخەن، مێیینەکە، بە سوکایەتیپێکردنەوە ملکەچی جووتبوون کراوە و بەدەگمەن لە نەخشونیگاری کولتووری پاترییارکیدا حەزی هەردوولای تێدا دەردەکەوێ. لە کولتووری پیاوسالاریدا، نەخشە سێکسییەکان هەموو کات دەری دەخەن کە نێرینە گەورەترە لە ئافرەت، نێرینەکان جلەکانیان لەبەردایە و مێیینەکان رووتن، ئەم جۆرە نیگارانە نێر و مێ دەخەنە دوو ئاستی جوداوە، یەکێکیان بەرز کە نێرینەکەیە و، ئەویتریان نزم کە مێیینەکەیە.

شوێنەواری شاری "چەتاڵ هویوک Catal Huyuk"، لە ئەناتۆلیا/ تورکیای ئێستا کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٥٠٠ – ٧٠٠٠ پێش سەردەم و، ژیانیان بە کشتوکاڵێکی سەرەتایی "هۆرتیکولتوور" و

ئاژەڵ بەخێوکردن دابین کردووە و دانیشتوانی شارەکە خۆی داوە لە ٥٠٠٠ کەس، شارەکە وەک شانە هەنگێک دروست کراوە، بێ کۆڵان و شەقام و بازاڕ، خانووەکانیان کە هەمووی یەک شێوازی هەبووە، هەریەک برێتی بووە لە یەک ژوور و، بە پەیژە لەسەربانەوە دابەزیونە ناوی. لەلای دیواری ڕۆهەڵاتی ژوورەکەدا سەکۆیەکی گەورەی نووستنی تێدا بووە، هەر لەژێر ئەو سەکۆیەشدا، ژنی ماڵەکە دوای مردنی نێژراوە، هێندێکیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا نێژراون کە لەوانەیە ئاماژەیەک بێت بۆ بەسەرمنداڵ چوونەوە. لە بەشێکی تری ژوورەکەدا سەکۆی نووستن، پیاو یان منداڵی لەژێردا نێژراوە، وەلێ پیاو و منداڵ قەت پێکەوە نەنێژراون. نەبوونی شوێنێکی گشتی لە شارەکەدا و وێکچوونی خانووەکان بە سەکۆی نووستنیشەوە، سکۆلارەکانی خستووەتە ئەو بڕوایەوە کە، لەو شارەدا سەرکردە و دەسەڵات "سوڵتە" نەبووە و ژنانیش خاوەنی ماڵ و منداڵەکان بوون. لەو کۆمەڵگەیەدا کە نێزیکەی هەزار ساڵ تەمەنی هەبووە، لەوە دەچێ لە کولتووریاندا، مێیینە لە نێرینە لەپێشتر بووبێ، وەلێ هیچ دیاردەیەکی مێسالاریی تێدا بەدی نەکراوە.

مەرییا گیمبووتاس Marija Gimbutas، پسپۆڕیکە لێکۆڵینەوەی لەسەر کۆمەڵگە دامرکاوەکانی ڕۆخی دەریای ئیجە و ئەدریاتیک کردووە – لە چیکوسلۆڤاکیاوە هەتا ئۆکرانیا. لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێ (لە نزیکەی حەوت هەزارساڵ پێش سەردەمەوە، شارۆچکە وگوندنشینەکانی ناوچەکە، هەزاران ساڵ بە ئاشتی و ئارامی لەسەر کشتوکاڵێکی سادە و بەخێوکردنی ئاژەڵ ژیاون. هیچ گوندێک شورەی بەدەوردا نەکێشراوە، هیچ دیاردەیەکی شەڕوشۆڕیش بەدی ناکرێ.)

بەبۆچوونی بەشێک سکۆلار، کۆمەڵگەی ئیگالیتاری و ماتریلینیالی هەرگیز لەئارادا نەبوون، وەلێ دۆزینەوەی شوێنەواری ژینگەی هاوشێوەی ئەوەی ئەناتۆڵ لە ڕۆخەکانی دەریای ئیجە و ئەدریاتیک و، لە گردەکانی "سیلبوری و ئاڤبوری و ڕۆئاوای ناوچەی کێنت" لە بەریتانیا کە دەگەڕێنەوە بۆ زیاتر لە شەش هەزار ساڵ. بۆچوونی ئەو سکۆلارانە پووچ دەکاتەوە. لەبەرئەوەی لە هەموو کۆمەڵگەکانی ئەناتۆڵ و رووخەکانی ئیجە و ئەدریاتیک و ئەوانەی بەریتانیاش، نەک هەر شێوەکارییەکان بگرە هونەری ئارکیتێکتووریشیان شێوەی فیزیکی لەشی مێینەی لەخۆ گرتووە.

پاشماوەی ژینگەی هەمەشێوە لە دوورگەی "ماڵتا"ش دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم و، پەرستگە و گۆڕە هەڵبەستراوەکانیشیان لە شێوەی ئەندامی جێنیتاڵی مێیینەدا دروست کراون. ئەوانەی ناوچەی کێنت، لە ئاسمانەوە لە دیمەنی ژنێک دەچێ دانیشتبێ.

جگە لەمانەش ئەو شێوەکارییانەی دەگەڕێنەوە بۆ پێش ٦٠٠ ساڵ پێش سەردەم و لە کوردستان و بابل و فەلەستین دۆزراونەتەوە، هەمووی دەربارەی ژنانە و نیگارێکی پیاوی تێدا نییە.

بەهەمان شێوەش، بە هەزاران میل دوور لەو کولتوورانەوە، لە کیشوەری ئەمەریکا، شێوەکارییە دۆزراوەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە سێ هەزار ساڵەی یەکەمیدا بەدەگمەنیش پیاوی تێدا بەدی ناکرێ. دەزانین کۆمەڵگەی دانەمرکاو هەردەمە و نادەمێک بار لێک دەنێن و کۆچ دەکەن، گیروگرفتی خاوەنیەتی زەویوزار و سنووریان نییە و هەموو بەشدارن لەوەی

هەبێت لەو دەوروبەرە کاتییەی تێیدا دادەمرکێن و، داوونەریتیش لەناویاندا جێگری یاسایە. وەلێ کۆمەڵگەی دامرکاو کە سنوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە و رۆژانە ژمارەی ئەندامەکانی لە زیادبووندایە، پێویستی بە ستڕکتوورێکی سۆشیاڵی هەیە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان. ئەمەش بووەتە هۆی هاتنەکایەی نێوەندێک بۆ کۆمەڵگەکە و، وردە وردە جێگە چۆڵکردنی داوونەریت بۆ یاسا. بەواتای دروستبوونی کۆمەڵگەی تێکەڵ و ئاڵۆز.

وەک بەڵگە ئارکیۆلۆجییەکان دەریان خستووە هەتا سەردەمی مێژووی تۆمارکراو، ژنان کرۆکی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ بوون. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ کە، بۆ دەبێ لە هەموو مێژووی نووسراودا ژنان نەک هەر رۆڵیان دیار نییە، بگرە وەک ئەوە وایە هەر لە ئاراشدا نەبووبن؟

پەراوێزەکان:

١. مەشێ و مەشیانێ ناوی دایک و باوکی گشت مرۆڤن لە ئاینی پیرۆزی مازدانیانیزم "زەردەشتایەتی"دا

٢. بە بڕوای من زاراوەی "ئافرەت" زاراوەیەکی رەسەنی کوردییە و لە ئافراندنەوە وەرگیراوە نەک لە وشەی "عەورەت"ی عەرەبی.

٣. ئەم بابەتە رەوانشاد مەسعوود محەمەد لە کتێبی مرۆڤ و دەوروبەردا بە جوانی روونی کردووەتەوە

* دی ئێن ئەی. کورتکراوەی زاراوەی "دیۆکسی رایبۆ نیوکلیک ئەسید deoxyribonucleic acid"ە کە ترشەڵۆکی نێو نێوکی خانەی لەشە

4 - The Essential Schopenhauer, On women, p 165- 183

5- Big History, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown p 34, 35

6- Big History p 40

7- Big History p 43

٨- مێرلین فرێنچ ل ١٢ بەرگی یەکەم

9-Big History p 68

١٠- کشتوکاڵ کە بە ئامرازی سەرەتایی و لەسەر رووبەرێکی بچووک ئەنجام بدرێت پێی دەگوترێ، هۆرتیکولتوور و، کاتێک بە ئامرازی پێشکەوتووتر و لەسەر رووبەرێکی بەرفرەوان ئەنجام درا دەبێتە، ئەگریکولتوور.

** بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی کالەهاری و زائیر، دەتوانن ئەم سەرچاوانە بەسەر بکەنەوە

Richard B. Lee, Population Growth and the Beginning of Sedentary Life among the Kung Bushmen 1972.

Marjorie Shostak, Nisa: The life and World of a Kung Woman. Harvard University press 1981.

سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم زنجیرە نووسینە

Silver Moon Sun, and Witches. 1987

Barbara Lesko, the Remarkable Women of Ancient Egypt 1987.

Sarah B. Pomeroy, Women in Hellenistic Egypt: From Alexander to Cleopatra 1984.

Sir William Tarn, Cambridge Ancient History, Vol.10 1970.
George Dorsey, Man's Own Show: Civilization (New York: Harper& Brothers, 1931)
Bernard Batto, Studies on Women at Mari (Baltim0re, Md: Johns Hopkins University press, 1974
Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Diana L . Stein 1994
Marilyn French, From Eave to Dawn, vol.102& 3. 2002
Ancient Civilizations, General Editor: Professor Greg Woolf, First publishing 2005
Chinese women: past&present, by Easter S. Lee Yao 1983
Women in early Imperial China, by Bret Hinsch, 200
On becoming human, Nancy Makepeace Tanner. Cambrbidge Univesity press 1981
The creation of patriarchy.Gerda Lerner. Oxford University press 1986
In defense of Atheism Michel Onfray, translated by Jeremy Leggatt. 2005
Sex,Time and Power, Leonard Shlain. How womens sexualty shaped Human Evolution 2003.
Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown.New York, NY 2008
Grassroots by Jennifer Baumgardner and Amy Richards .. 2005
Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of Australian Desert ...1969
Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol1-1967.
Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellaart (New York: McGraw-Hill,...1967)
Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press ...1974
Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudson ....1976
Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian American............... .1973.
Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women 1600-1650,".......1986
Simone De Beauvoir . Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989
Richard B Lee, Population growth and bigining of sadentry, life among the Kung Bushmen 1972
Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981
Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc 1999
Robert S. McElvaine, Eves Seed................2001
Myth0logy, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littlton... 2002.
Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody ..2005
Political and and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Uni-verty.1978.
All you need to know, from Zeus's Throne to the Fall of Rome, by Carolline Taggart. Michael O'Mara Books Limited 2010.
Keuls Eva C. The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Asthens. New York: Harper & Row, 1986
The secret history of Mongol Queens by Weatherford 2010
بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، نووسینی، فردریک ئەنگڵس

# ڕۆهەڵاتناسی
# بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

بەشی شەشەم

بەشی سێیەم -١ (٤-٤)

## ڕۆهەڵاتناسیی کەی دەستی پێ کردووە؟

ئەو گەڕیدە و جوگرافیاناس و زانایانە، ئەدەبێکی جوگرافیایی دەوڵەمەندیان بەرهەم هێناوە، ئەگەرچی زۆر لە دەستنووسەکانیان ون بووە. زانیاریی گرینگیان لەبارەی هەرێمەکانی دەوروبەری دەریای نێوەڕاست(دەریای ڕۆم) پێشکێش کردووە، هەروەها لەبارەی ئەفریقیا و ئاسیا و هیندستانیشەوە.

زانیارییان لەبارەی ناوچە و وڵاتانی کەنارەکانی زەریای هیندی خستووەتە ڕوو، سەرباری ئەوەی جارێ بوونی چەند شارستانێتییەکی ڕۆهەڵاتی دووریان دا، نەخاسمە لە چین و مالیزیا.

ئەم نووسینانە، نیشانەی بایەخی هەردوولایە بەیەکتری، بایەخەکەش بەپلەی یەکەم بۆ هاوسێیەتی دەگەڕێتەوە، هاوسێیەتیش، جۆرێک لە پارێز و هەستیاری دروست دەکات کە لەوانەیە زەمینەی ململانێ و پێکداداان خۆش بکات. هاتنەپێشی بارودۆخێکی وا، ئاسایی بوو، چونکە واباوە بەهێز لە بیانووان دەگەڕێ و شەڕ بە بێهێز دەفرۆشێ، زەرووریشە هەردووکلا یەکتری بناسن، تا کاریان مەیسەر بێ و سەرکەوتنی لایەنی بەهێز مسۆگەر بێ. نامانەوێ درێژەی بدەینێ و بچینە نێو وردەکاری ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و خوێنڕشتنەی نێوان هەردوولا، پێش ئەوەی دنیا بەو شێوە باوەی ئێستا دابەش بکرێ (ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، باکور و باشوور)، ناکۆکی و شەڕی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

خوێناوی لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆهەڵات خۆیاندا ڕوویان داوە، لە بەرەی ڕۆئاواش هەروا بووە، وەک دەزانرێ. ئەمە لە ڕۆژگارێکدا کە پەرژینی سەر سنووران نەبوو، تخووبی نێوان دەوڵەت و پارزەوینەکان وا ڕوون و دیار نەبوون. بۆیە ئەوەی ڕووی داوە، هیچ پێوەندیی بەو بابەتەوە نییە کە ئێمە باسی دەکەین. ڕاستییەکەی، هەموو ناکۆکییەکان لە نێوانی دوو لایەنی هاوسەنگدا ڕوویان دەدا، زۆرانبازییەکان چ پێوەندیی بەوەوە نەبوو کە بە(ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا) دەناسرێ، ئاخر ئەمانە دوو چەمکی تازە داهێنراو و هاوزەمان لێڵن. زەحمەتیشە بزانرێ سنووری ئەمیان لە کوێ تەواو دەبێ و سنووری ئەوی تریان لە کوێوە دەست پێدەکات[١].

تیێری هێنتچThierry Hentch دەڵێ ڕۆهەڵات بوونی نییە لە سشەری ئێمەدا نەبێ، ئێمەی ڕۆئاوایی، ڕۆئاوا، بیرۆکەیەکی لە هەناوماندا، وەک ژۆن بیرۆکەی لایەنی جیاوازیش وا لە هەناوماندایە، وەلێ هەست ناکەین پێویستمان بەوە بێ بیناسین. دواتر هێنتچ دەپرسێ: ئێمە کێین؟ ڕووەکەی تری ڕۆهەڵات؟ ئەویتری ئەویتر[٢].

خۆ ئەگەر لە پاریس و لەندەنەوە تەماشای بەڵکان بکەین، دەپرسین: باشە ئینتیمای بۆ ڕۆهەڵاتە یان ڕۆئاوا؟ پرسێکی، پێوەستە بەسات و ئامانجەکان، بگرە بەکەسەکانەوە، هیچ کات سنوورە جیۆسیاسییەکان، سنووری دابڕ نین، تا ئەو سنوورانە بەکۆمەڵە هێڵێکی وەهمی کێشرابن کە لۆجیکێکی جوگرافیانەی دروستە[٣]، بۆیە بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆهەڵات و دواتر ڕۆئاوا، مەترسیدارە، چونکە ئەوی تر بەگوێرەی پێداویستییەکانی خۆی ئامادەی کردووە. نەسیب سەمیر ئەلحوسەینی دەپرسێ: بەم لۆجیکە بێ، ئەدی ئێمە بۆچی ڕۆئاوای چین نەبین[٤].

بەم شێوەیە، چەمکی ڕۆئاوا، چەمکێکی ئاڵۆز و هاوزەمان ڕوونیشە وەک عورەوی پێی وایە[٥]. هێشتا چەمکی ڕۆئاوا تازە مەیدانی جوگرافیای بەتەواوی جێ نەهێشتبوو، "چیتر ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا مانای وەک دوو لایەنی بەرجەستە نەمانەوە هێندەی بوونە دوو چەمکی میتافیزیکی"[٦]. بەم مانایە، ڕۆئاوا، لە دەرەوەی زەینی ئێمە، بوونی نییە، بۆیە هەر دەبێ بگەینە ئەو شتەی نێو زەینمان، تا دواجار- لە کۆتوبەندی هزری ڕاهاتوومان قوتارمان بێ. هەرچۆنێک بێ، باری جوگرافیا، سەرباری خەسڵەتەکانی تر، ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاوە لە بەرجەستەکردنی دوو دنیای جیاواز لە یەکتر لە زۆر ڕووەوە[٧].

هێندێک کەس لەو باوەڕەدا بوون، ئەو شێوازە بیروباوەڕە چەسپیوانەی چەمکە سەرلەبەر شوێنییەکانی(المفاهیم المکانیة کلیا) وەک ڕۆهەڵات یان ڕۆئاوا، لەبارەی ئەو خەڵکانەوە هەیانە کە لە هێندێک شوێنی جوگرافیایی دیاریکراودا دادەنیشن، ڕۆڵی "شوێن" لە وێناکراوی کۆمەڵایەتیی ژیانمان یان هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا جێگیر دەکات، ئاخر کاتێک فەزا بارگاوی دەکرێ بەواتە، مەعریفییانە وێنا دەکرێ، دەمێک دنیا بۆ دەڤەرگەلێک دابەش دەکرێ، ئەو خەڵکەی لە ناوچە جیاوازەکاندا دادەنیشن، سەروتازە بەجۆرێک وێنا دەکرێنەوە کە خزمەت بەئامانجە سیاسییەکان

بکات[8]. لێرەدا بایەخی هەرە زۆری گوتاری شوێنانی (الخطاب المکانی) دەردەکەوێ... کەواتە، جیاکردنەوەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، هێندەی ئەو ئەفسانانە کۆنە کە خەڵکەکە لە دێرزەمانەوە باوەڕیان پێ کردبوون.

دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی لە بواری دەستپێکی ڕۆهەڵاتناسیدا گوتمان، نووسەران هەن، هەوڵی گەڕیدە و جوگرافیناسە کۆنەکانی ئەغریق و ڕۆمان، بەڕۆهەڵاتناسی دەزانن و هەر ئەوەش هۆکاری سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتانی ئەوروپای ئەوێ ڕۆژێیە بەئاراستەی دوورگەی عەرەبی، بۆ نموونە، کتێبەکەی "هیرۆدۆت"ی مێژوونووسی سەدەی پێنجی پێش زاین، "تیوفراست، شاگردی ئەرستۆ، کە زۆر بەجوانی باسی خەسڵەت و جوانییەکانی وڵاتانی عەرەب دەکەن، نەخاسمە ئەمەی دووەمیان و کتێبەکەی "مێژووی ڕووەک"، سەرباری "تلینی" مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زاین کە ناوی زۆربەی خێڵ و گوندەکانی دوورگەی عەرەبی تۆمار کردووە لەو کتێبەیدا کە ناوی لێ ناوە "مێژووی سرووشتی"، هەروەها کارەکانی "سترابۆ"ش.

بۆیە یەکێک لە ڤەکۆڵەران دەڵێ، تۆوی ڕۆهەڵاتناسی لەو ماوانەدا بوو، واتە چەند سەدەیەک پێش زاین، وەلێ پێویستی بەپاڵپێوەنان و گەشەیەک هەبوو، ئەم دەرفەتەش تا سەرهەڵدانی ئیسلام نەڕەخسا، کاتێک ئیسلام ڕووی لە ڕۆئاوا کرد، ڕۆئاواش، ناچار بوون لێی وەکۆڵن تا بیناسن[9].
ئێمەش دەڵێین: ئاخۆ بایەخدانی زووبەزووی ڕۆئاوا و دەرکەوتنی سەرەتاکانی ڕۆهەڵاتناسی هەر لە کۆنەوە، پێوەندیی بەملمالانێی ئاینییەوە نییە، یان ئەوەی پێی دەگوترێ "تەبشیر" یان "تەنسیر"؟ ڕاستت دەوێ، لاوازیی ڕۆهەڵات، دنەی ڕۆئاوای دەدا، پێچەوانەکەشی ڕاستە. واتە؛ ئەم بایەخدانەی پێشینان بەڕۆهەڵاتناسی، پێوەندیی بەدیاردەی ڕۆهەڵاتناسییەوە نییە وەک دیراسەتکردنی لەبارابوون و چییەتی ئەوی تر. ئاخر ئەم دیاردەیە لە سەرەتادا، بەهەموو شێوەیەک، بەرووی ئیسلام و پڕکێشی و بەرفرەوانبوونیدا وەستایەوە، تەنانەت گەیشتە تانەلێدان لە ئەسڵی بیروباوەڕەکە، ڕۆئاواش لاوازیی ڕۆهەڵاتی ئیسلامی قۆستەوە دەستی بەدوژمنکاری کرد، لەوانە تەبشیر بۆ ئاینی مەسیحی. چونکە ئێمە پێشتر زۆر لەسەر ئەم بابەتە ڕۆیشتووین، لێرەدا درێژەی نادەینێ، وەلێ دەگەڕێینەوە و دەڵێین، بڵاوکردنەوەی ئاینێک لە ڕێگەی تەبشیرەوە، لە زەبری چەک باشترە.

خۆ قۆستنەوەی لاوازیی بەرانبەر لە بڵاوکردنەوەی ئایندا، ئەوە مافی هەرلایەکە، لایەنگرانی ئاینگەل و تەنانەت لەنێو مەزهەبەکانی ئاینێکیشدا بەگشتی، لەم ڕووەوە، هیچیان دەستیان نەپاراستووە.. ئاخر ناچێتە عەقڵەوە، بتوانرێ بیر و باوەڕێک لە نێو خەڵکێکی بەهێزدا بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر ئەو بیر و باوەڕە هێندە بەهێز نەبێ کە بتوانێ لەنێو لایەنگرانی ئاینێکی تردا جێی خۆی بکاتەوە، ئەم جێکردنەوەیەش، ساڵانێکی دوور و درێژی پێویستە، قوربانیی گەورەی گەرەکە، هێزی بیر و باوەڕ جارجارێک لە هێزی چەک واوەترە. ڕاستییەکەی، موسڵمانان کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ دنیایەک کە قەناعەتی بەبیر و باوەڕی موسڵمانان نەبوو. دیسان، کڵێسا لای

خۆیەوە لە ئەنجامی پێشڕەوییە سەربازییەکانی موسڵمانان، هەستی بەمەترسییەکی زۆر دەکرد، بەتایبەتی لە حەوزەی دەریای ناوەڕاستدا، لای سەرووی نەبێ، لە هەلومەرجێکی وادا هەلومەرجی شەڕوشۆڕ مەحاڵە لە بەرانبەرەکەت تێ بگەی، هەرلایە و تێڕوانینێکی لەبارەی بەرانبەرەکەیەوە لای خۆی چێ کردبوو، بەدڵنیاییشەوە، تێڕوانینەکان شاش و نابابەتی بوون[10].

بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێ، ڕۆهەڵاتناسی لە سەدەی هەشتەمی زاینەوە دەستی پێ کردووە، کاتێک تا دەهات لە باوەشی کڵێسا و بەڕێنوێنی ئەو گەشەی دەکرد و بەهەموو تواناشەوە سوودی لێ وەردەگرت و ئەو سەردەمە، کڵێسا تا بڵێی بەرانبەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی"د.خ" گرژ بوو، هەرچی بنەما و ڕێنوێنییەکانی هەیە، بوونە بارێکی قورس بەسەر عەقڵی ئەوروپاییەوە و تا ماوەیەکی درێژیش نەیانتوانی ڕەوا و ناڕەوا(!) لێک جیا بکەنەوە، ڕەنگە تا ئێستاش ئەوەیان دەرهەق بەعەرەب و مسوڵمانان پێ نەکرا بێ(!).

بۆچوونێکی بێگومان هەڵەشەیە، بەڵام ئەوەی گرینگە، بوونی بۆچوونێکی تازەیە لەبارەی سەرهەڵدانی ڕۆهەڵاتناسییەوە، کە نووسەری ناوبراو "د. یەحیا موراد" دەیخاتە ڕوو. ئێمەش دەڵێین، دوکتۆر موراد تەنیا مەبەستی کتێبەکانی یۆحنا دیمەشقی و نووسەرە قیبتییە میسرییەکانی هاوسەردەمی نەبوو، بگرە مەبەستی ئاستی پێوەندییەکانی ڕۆئاوا و موسڵمانان بوو لە وڵاتی ئەندەلوس پاش فەتحکردن. هەر هێندەی ڕۆئاوا، تێکەڵی موسڵمانان بوو لەوێ، ئیتر هزروانانی وێندەر، دەستیان بەناحەزی و هێرشکردن کرد. ئەو ناحەزییەی هەردوولا، تا ئەمڕۆش بەردەوامە(!). واتە؛ بەرەنگاربوونەوەی دانیشتووانەکە ئیسپانییەکان بەدژی بوونی ئیسلامی، بەکاری دوژمنکاری دێتە ژماردن!.

هەرچی ئەوەی ناوی لێ دەنێ دەمارگیریی کوێرانەی کڵێسا، کارێکی ناڕەوا بوو. باشە دەبوو کڵێسا پشتیوانی فاتیحەکان بکات یان تەماشاکەر بێ؟ دواتر نووسەر دەڵێ بەزمانی ڕێنوێنیکار وا باشتر بوو بۆ کڵێسا، شوێن ڕاستی بکەوێ لە هەر لایەکەوە بێ(!)، لەوانەیە د. موراد مەبەستی ئەوە بێ، کڵێسا، داوا لە لایەنگرانی بکات، واز لە ئاین و کولتوورەکەی خۆیان بێنن و ببنە موسڵمان، تا پێیان بڵێن شوێن ڕاستی کەوتوون و سەرچاوەی ڕاستینەیان دیوەتەوە، وەلێ ئیسپانییەکان بەگوێرەی لۆجیکی دروستی دوکتۆریان نەکرد و بگرە بەپێچەوانەوە جووڵانەوە. بەمەش، ئیسپانییەکان دەرفەتێکیان لە دەست دا کە فاتیحەکان بۆیان ڕەخساندبوون و خۆیان و کڵێساکەیان کەوتنە نێو ئۆردووی ڕۆهەڵاتناسانەوە، بەرژەوەندیی ئیسپانیا لەوەدا بوو وەک وڵاتانی ئەمبەر جەبەل تاریقیان بکردایە، وەک مەغریب و مۆریتانیا و جەزائیر و سەنیگال.

هەر ئەو نووسەرە دەڵێ: ئەوروپاییەکان لەسەر دوژمنکاریی موسڵمانان بەردەوام بوون، چونکە ڕۆهەڵاتیان نەدەناسی(!)، هەرچەندە لە ئەندەلوس لە تەک موسڵماناندا دەژیان، وەلێ کینەی ئاینی و دەمارگیریی توند، بواری پێ نەدەدان بیرێک لە ڕاستینە بکەنەوە و پشتەوەی ببینن.

ڕاستییەکەش هەر وابوو، ئەگەرچی زۆر کەسیان سەردانی ڕۆهەلاتیان کرد، موسڵمانیان لە نێوماڵی خۆیاندا ناسی و لە هەڵسوکەوت و داوونەریتیان دەکۆڵینەوە[١١].

هەر لەسەر ئەم نەزمە، دوکتۆر سامەڕائی نووسیویەتی دەڵێ: ڕۆهەلاتناسی، بۆ ڕۆژگاری شەڕگەلی ئسپانییەکان دەگەڕێتەوە کە دەیانویست ولاتەکەی خۆیان بسێننەوە، ساڵی ٤٧٨ک/١٠٨٥ز لە "تولەیتلە(تۆلیدۆ Toledo)ی باشووری ڕۆئاوای مەدریدەوە دەستی پێ کرد، ئەوەبوو بزاڤی تۆبە و لێخۆشبوون لە کلێسای کلۆنی[١٢]، پەیدا بوو، ڕاهیبگەلێک بەسەرۆکایەتی پوترسی بەڕێز[١٣]، بوونە سەرکاری کلێساکە، هەر لەم دێرەوە بزاڤی تەنسیری ئیسپانیایی دەستی پێ کرد، بە سرووتەکانییەوە تا بووە نەسرانییەکی کاتۆلیکیی ڕۆمیی بێگەرد، چونکە ئەو ڕاهیبانە پێیان وابوو نەسرانییەتی ئیسلامی شێواوە و بڕێک جێدەستی ئیسلامی پێوە دیارە، هەر بۆیە دەستیان بەشەڕگەلی خاچپەرستانە کرد بەدژی نەسرانی و ئیسلامەکانی ئیسپانیا پێکەوە[١٤].

ئیبنو ئەسیری جەزری (٦٣٠ک/١٢٣٢ز) ڕای دەگەیەنێ کە شەڕی ئەفرەنجییەکان(خاچپەرستان) لە ولاتی ئەندەلووسەوە(ئیسپانیا) دەستی پێ کرد، لە دەسپێکی قسەکانیدا دەڵێ، سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەفرەنگی و ئەستووربوونی بازووی و بەرێکەوتنی هێزەکانی بەرەو دنیای ئیسلام و دەستبەسەراگرتنی بڕێک شوێن ساڵی ٤٧٨ک، کاتێک (تولەیتلەیان گرتەوە، ٤٨٤ چوونەوە نێو دوورگەی سقللییە، ڕوویان لە ڕۆهەلات کرد و وەک ئیبنو ئەسیر دەڵێ[١٥]، ناکۆکی نێوان موسڵمانیان بەدەرفەت زانی و ساڵی ٤٩١ پەلاماری شام یان دا، ئەوی ڕاستی بێ، لاوازیی مسوڵمانان، بووە هێز بۆ ڕۆئاوای مەسیحی، ئەم ڕاستیەشیان نەدەزانی تا ڕووداوەکانی ناوچەکە پەردەی لەسەر ناکۆکیی نێوان موسڵمانان و بێهێزیان لادا، وەک چۆن بەهۆی نێزیکی و هاوسێیەتییەوە، دەرکیان بەو ڕاستییە کرد لە ئەندەلووس و ولاتەیلی ڕۆم. مەسەلەیەکی ئاسایی بوو ــــ بەگوێرەی لۆجیکی مێژوو خەڵکی ئیسپانیا هەوڵی سەندنەوەی ولاتەکەیان بدەن، دەمێک بەدەست حاکمەیلێکی بێدەسەلاتەوە بێ، کاتێک ناکۆکیی توند کەوتە نێوان کوڕانی شا گیتشە Wittiza(92هـ/٧١٠ز مردووە) و سەرکردەی لەخۆڕازی ڕۆدریکRodrigo هێزێکی ئەوتۆشیان نەبوو بتوانێ ڕێ لە سوپای موسڵمانان بگرێ لە سەردەمی خەلیفەی پێنجەم ئەمەوییەکان، وەلید کوڕی عەبدولەلیکدا(٨٦ – ٩٦ک/ ٧٠٥ – ٧١٤ز).

دەگەڕێینەوە بۆ قسەکانی ئیبنو ئەسیر لەبارەی شەڕەکانی ئەفرەنگییەکانەوە، یەکێک لەو کەسانەی سەرقاڵی لێکدانەوەی دیراسەکەی ئیبنوئەسیرە دەڵێ، ئەم مێژوونووسە هۆکارەکانی سەرکەوتنی شەڕەکانی ئاشکرا کردووە، ئەویش ناتەبایی و لێکترازانی موسڵمانان و چاوچنۆکیی فەرمانڕەوایانی عەرەب و موسڵمانانە، ئەوانەی باخەی دەوڵەتی ئیسلامیان ڕۆ ناوە[١٦].

ڕاستت دەوێ، ئەم توێژەرە تەنیا نیوەی ڕاستینەی دەرخستووە، ئەوەی پێوەندیی بەلایەنی ئیسلامەوە هەیە و خۆی لە لایەکەی تر، لایەنی مەسیحی، بواردووە. ئاخر خاچپەرستان لە

ئەندەلووس یان شان یان سقللییە مەحاڵ بوو بتوانن هێرش بکەنە سەر ئەو جێیانە، گەر دەرکیان بەخاڵە لاوازەکانی موسڵمانان نەکردایە، هەروەک چۆن موسڵمانان نەیانتوانی پەلاماری ئەو وڵاتانە بدەن، پێش ئەوەی لەلایەنە لاوازەکانی مەسیحییەکان وەکۆڵن.

دەپرسین: پێوەندیی ئەو شەڕ و پەلامارانە و پەلامارەکانی بەرانبەر بەدرێژایی مێژوو، چییە بە ڕۆهەڵاتناسییەوە؟ ئاخۆ هێرشەکانی ئەوروپاییەکان بۆ جەنگەڵستان و شوێنە دوورەدەستەکانی پارزەوینی ڕەش، هەردوو ئەمەریکا، ئوسترالیا و شوێنەکانی تر ڕۆهەڵاتناسین؟ ئەوانە غەزوون، یان چییان ناو دەنێی ناو بنێ (داگیرکردن، کۆلۆنیالی، دەستبەسەراگرتن..تد). ئەوانە غەزوو بوون لە پێناو سامان و فرەوانبوون و زەلیلکردنی گەلانی تردا بێ ئەوەی پێویستی بەڕۆهەڵاتناسی بێ، واتە؛ ئەو غەزووانە، دوورونێزیک پێوەندییان بەو دیاردەیەوە نەبووە کە دواتر ناوی لێ نرا ڕۆهەڵاتناسی.

لێرەدا، بۆچوونێک هەیە بۆچوونی هێندێکە لەبارەی سەرەتاکانی ڕۆهەڵاتناسییەوە، خودانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە، شەڕگەلی خاچپەرستان، پاڵنەری ڕۆهەڵاتناسی بوون. ئەڵبەت ئەو وێنەیەش زانراوە کە لە ماوەی چوار سەدەی دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لە زەینی ئەوروپاییەکاندا چەسپی بوو، لەبارەی جێگیربوونی موسڵمانان لە خاکەیلی پیرۆزی فەلەستین، سرووشتی ئەو ئاینە و لایەنگرانی، کەسێتی خودانی بانگەکە"د.ح" و ڕووداوەکانی پاش فتووحات،ی سەرباری تەماع و چاوتێبڕینی پاشا و بەگزادەکانی ئەوروپا لەو خاکانەی کە هەنگوین و شیریان لێ دەچۆڕا، لە پاڵ پشتیوانی پاپا و چاولێبوونی فیوداڵەکان، نەخاسمە لە ڕۆئاوی ئەوروپا، چاوبرسێتی بەگزادە و بازرگان و خودان کەشتییەکانی ئیتالیا.

ئەم وێنەیەی زەینی ئەوروپاییەکان، لەلایەن ئەو سوارچاک و کاهین و ڕاهیبانەوە کۆ کرابووەوە و ڕێک خرابوو کە تازە لە خاکی پیرۆز گەڕابوونەوە، ئەوانەش کە زانینی ڕاستییان بەلاوە گرینگ نەبوو و لێشیان نەکۆڵیبووەوە، هێندەی چاویان لە دەستبەسەرگرتنەوەی ئەو خاکە بوو. ئەو وێنایە، بەردەوام دەدرا بەچاو و گوێی ئەوروپاییەکاندا کاتێک لە شەوانی درێژی زستانی وڵاتەکانیاندا بەدیار ئاگردنانەوە دادەنیشتن و گوێیان بۆ حیکایەتەکانی ڕۆهەڵات و ئیسلام و پێغەمبەر"د.خ" شل دەکرد. ئەو وێنا دروستکراوە گەیشتە قوتابخانە و دێرەکان، بەجۆرێک کە بچێتە عەقڵی ئەو گەنج و ڕواڵانەشەوە. تا دواجار ئەو وێنایە وا چەسپی و هێندە کاریگەر بوو، ئیتر زەحمەت بوو ئەوروپاییەکان گوێ لە هەر زانیارییەکی تر بگرن با ڕاستیش بێ، بگرە نیوەناچڵیش بوایە[١٧].

سروود و چیرۆک و داستانی میللی و حەکایەتگەل، مێشکی کاهینان و نووسەران و خەڵکەکەی ئاخنیبوو. بەهێزترین و بەربڵاوترین سروودیان، (سرووەدەکەی ڕۆڵان The Song of Roland) بوو کە پێش شەڕگەلی خاچپەرستان بەماوەیەکی کەم بڵاو کرایەوە، دروست لە ساڵی ١٠٨٠ی زایندا، ئەم

سرووده، ئەوروپاییەکانی خستبووە جۆش و خرۆش و هەستیانی بەدژی موسڵمانان دەبزەواند، لە هەموو بۆنەکاندا دەیانگوتەوە و وەک سروودی نەتەوەیی ئاینی لێ هاتبوو. سرووەدەکە بۆ زمانە ئەوروپاییەکان تەرجەمە کرا، لە فرەنسا و ئیتالیا و وڵاتانی تر، بەسەر زاری هەمووانەوە بوو. تا وای لێهات، پەیکەرتاشان، پەیکەریان بۆ ڕۆلان و هاوڕێکەی (ئۆلیڤیێ) دروست کرد و لە دەروازەی سەرەکیی کڵێساکانی ئەوروپادا دانران. سرووەدەکە باسی ئەو هێرشەی موسڵمانانی دەکرد کە لە پشتەوە کردیانە سەر سوپاکەی شارلمانی پاشای فرەنسا لە شەڕێکدا لە ئیسپانیا، کاتێک سوپاکەی شارلمان لە شەڕی چیاکانی ئەلپرانس دەگەڕایەوە. ئەوەبوو کۆمەڵێک لە سوارچاکانی موسڵمانان (عەرەبە نەبەزەکان) وەک فەرا دەڵێ لە دواوە پەلاماری هێزەکەیان داکە لە ژێر فەرماندەیی برازای شارلماندا بوو، تەفروتونایان کردن، ئەو هەواڵە سوارچاکانی سەرلەبەری ئەوروپای خەمبار کرد. جا سرووەدەکە، باسی ئازایەتی و نەبەزیی ڕۆلاند و برادەرەکانی دەکات[١٨]. سرووەدەکە گوزارشتی لە شەڕی سەندنەوەی خاکی ئیسپانیای دەکرد کە نیو سەدە پێش ئەوە (١٠٣٢زاینی دەستی پێ کردبوو[١٩]، باسی گیانی شەڕگەلی خاچپەرستانیشی دەکرد.

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە و سرووەدانە، بوونە پاڵنەرێک بۆ هەموو ئەوانەی بەرژەوەندییان لەوەدابوو خەڵکەکە شەڕگەلی خاچپەرستانیان قبووڵ بێ و خەڵکەکە ساز و جۆش بدەن تا خۆبەخشانە چەک هەڵگرن و وێنەی خاچ بەشانیاندا هەڵواسن و شەڕ بکەن، ببنە سووتەمەنی، ئاخر ئەو وێنەیەی لە ئەوروپا دروستیان کردبوو، دنەی هەمووانی دەدا ڕوو لە ڕۆهەڵات بکەن، سەرباری ئەو وێنانەی مەسیحییەکانی ڕۆهەڵات بۆ خەڵکەکەی ئەوروپایان دەگواستەوە. دەشێ ئەو وێنانە بەم جۆرە کورت بکرێتەوە: محەمەد"د.خ"، پیاوێکە بیروباوەڕی نەسرانییانەیە (ئەوها)، بێوەژنێکی دەوڵەمەندی هێناوە، فێی لەگەڵدا بوو (ئەوها)، هەموو ئامانجی پلیشاندنەوەی مەسیحییە لە ڕێی شەرعییەتدان بەئازادییەکی بەرفرەوانی سێکسی، وەک بڵێی ڕۆهەڵاتی ئیسلامی گۆڕەپانی بەرەڵایی بێ (!) و بووەتە حەمامێک، موسڵمانان هەرچی لەزەت یان ئەوەی خوا پێی ناخۆشە بەجۆرێکی (سادۆ مازۆکیانە) دەیکەن. وێنەگەلێکی زەینی و لە پاڵیاندا بڕێک تابلۆ کە بەدستوپەنجەی شێوەکارانی ئەوروپا نەخشێنرابوون، ئەو شانۆنامە و ڕۆمانانەی لە شارەکانی ئەوروپا پێشان دران، پاشا و شازادە و گەورەپیاوانی فیوداڵی و کڵێسا، هانی خەڵکییان دەدا بەدژی پرسێکی دەرەکی تا بچن و شەڕ بکەن، هێرش بکەنە سەر موسڵمانان، بەمەش، چەندان چۆلەکە بەبەردێک دەکوژن، بێ ئەوەی هیچیان لە کیس بچێ.

ئیسلام، توانیی خۆی لەبەر ئەو شاڵاوە سەربازییانەدا ڕاگرێ، بووە سەرئێشەیەکی وا بۆ ئەوروپا، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لە ململانێدا بوون، کەچی ئەوروپا پێی چارەسەر نەکرا، وەلێ لەلایەنی هزرییەوە، پرسەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو، ئیسلام باوەڕی بە"سێکوچکە" نییە، بگرە گاڵتەی پێ دێ، باوەڕی بەبەرجەستەبوونی خواش نییە، ئیسلام (سرووشتی خوایانە)ی مەسیح ناسەلمێنێ، یان هەڵکەوتەی لەخاچدانی، وەلێ ئەوە دەسەلمێنێ کە مەسیح لە پاکیزەیەک بووە (بێ ئەوەی هیچ

مـرۆڤـێک دەسـتی بۆ بەرێ)، دیسـان لاریشی نیـیە لە پێـغـەمـبـەرێتی و ناردنی لەلایەن خـواوە دەسەلمێنێ[٢٠].

بەڵام لەبارەی هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیـسلام بەو خـێـراییـیە سـەرسـوڕهێنە، ئەمـەیان دەگێڕایەوە بۆ کاریگەریی محـەمـەد"د.خ"، کـە بەشـێوازی خـۆی و هەڵنان، توانی شـەڕکـەری وا دروست بکات، داروبەردی کڵێساکانی ڕۆهەڵات و ئەفریقیا بەسەر یەکەوە نەهێڵن.ئەمانە جیا لەو وێنە زۆر خـراپ و بێـزەوەرانەی کە لـەبارەی ئیـسلام و مـوسـڵـمـانانەوە لە نێـو "ئەدەبی مـیللیـدا" خـوڵقـێنرابوون، لە سـۆنگەی ئـەو ئەدەب و فـۆلکلۆرەوە، ئەو هەوڵانـە سـەریان هەڵدا کـە داوای لە خـەڵکەکە دەکـرد بچنە شـەڕی ئەو (بەرەڵایانە). ئەو وێنانـە، کـاری لە عـەقڵ وئاوەزی پیـاوانی لاهووتیش کردبوو.

گـیلـبـەرت نـۆگـەنت Gulbert de Nogent (سـاڵی ١١٢٤ز مـردووە)، ڕاپۆرتێکی کورتی لەبارەی پێغەمبەرەوە"د.خ"، دوای خۆی بەجێ هێشت، ئەو ڕاپۆرتە دادەنرێ بەیەکەمین ژیاننامەی ئەوروپایی لە دەرەوەی ئیـسپـانیـا (ئیـسلام ئەندەلووس) نووسـرابێ. زانیـاریی نێـو ڕاپۆرتەکە لەسـەر زاری خەڵکەکـەوە وەرگیرابوو، واتە ئەوەی حـەکایەتخـوانان گێـڕاویانەتەوە، دەڵێ: ئەوەی نووسـیویەتی ناتوانـێ بڵێ چەندی ڕاسـتـە، چونکە قـسـەی خـەڵکە، بەڵام دەتوانێ بڵـێ (توێژەر مـافی خـۆیەتی بەخراپە باسی پیاوێک بکات کە خراپەکانی هەموو سنوورێکیان تێ پەڕاندووە)[٢١].

هەربۆیە، سـۆدێرن، بەو سـەردەمـە دەڵێ، سـەردەمـی نەزانـی، واتە؛ سـەردەمی ڤـەکـۆڵین و ڕۆهەڵاتناسی نەبوو. چونکە دوور بوو لە گیانی زانستییانەی ئازاد یان ئەکادیمی یان توێژینەوەی ئینسانی.

سۆدێرن دەڵێ: ئیـسلام، بەلای ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاسـتـەوە، مەترسیـدارترین هۆکاری تۆقـاندن و بێـزارکردن بوو، لـەسـەر هـەمـوو ئاسـتـەکـان... تەحـەدییـەک، دەبوایە بەردەوام بەدووی نهێنییـەکانییەوە بی، ئاخۆ قەدەر چ ڕۆڵێکی پێ سـپاردووە؟ بڵێی ئیمارەتێک بێ لە ئیمـارەتەکانی ڕۆژی دوایی(قیامەت) یان قۆناخێکە لە پێشڤەچوونی دوور و درێژی چارەنووسگەلی مەسیحییەت؟ دیسان لەبارەی ئیسلامەوە پرسیار دەکرا: ئاخۆ هەرتەقەیەکی نێو مـەسیحییەتە؟ گرووپێکی لادەر یان ئاینێکی تازەیە؟ داهـێنانێکی ئینسـانیـیـە یان کـارێکی ئیـبلیـسـانەیە؟ بلـێی شـالاوێکی ڕیسواکردنی مەسیحییەت بێ؟ یان ڕێکخراوێکی شایستەی ڕێز و بایەخە و دەبێ بدوێنرێ[٢٢].

سـەرەڕای ئەو وێنانـە، ئەوەی جـێی سـەرنجـە، نامـەی پاپا گـریگـۆریۆسی حـەوتەمـە کـە سـاڵی ١٠٧٦ز، ناردوویەتی بۆ شازادەیەکی موسڵمان لە جەزائیر بەنێوی ئەلناسر ئەلحەمادی، واتە پێش دەسـتـپێکی شـالاوگەلی یـەکـەمی خـاچـپـەرسـتـان بە نێزیکەی بیست سـالان، لە نامـەکـەدا دەڵێ، "شتێکی باش کە کۆمان دەکاتەوە، هەردوولامان، جیاواز لـە گەلانی تر(لەوانەیە مەبەسـتی ئاینگەل بێ)، باوەڕمـان بەخوایەکی تاک و تـەنیا هـەیە، با بەشـێوازی جیـاوازیش بێ، ڕۆژانە دەیپەرسـتین و

ڕووی تێ دەکەین وەک خالیق و ڕێبەری ئەم گەردوونە[٢٣].

د. ئەلبیرت حۆرانی پێی وایە، ڕەنگە برێک بەرژەوەندیی دیاریکراو وای لە پاپا کردبێ بەو زمانە گەرم و دۆستانەیە بنووسێ، لەوانە، هەردوولا ڕکابەرێکی هاوبەشیان هەبوو، یان پاپا دەیویست کۆمەڵگە مەسیحییەکانی باکوری ئەفریقیا بپارێزێ کە ڕوویان لە کزی کردبوو.. یان هۆکارگەلێکی تر، هەرچۆنێک بێ، ئەو دەستەواژانە داننانە بەوەی کە موسڵمانان وەسەنس نین، دیسان، بایەخی نامەکە لەوەدایە، پێش قۆناخێکی هەرە سەختی دوژمنایەتیی نێوان هەردوولا نووسراوە، کە قۆناخی شەڕگەلی خاچپەرستانە[٢٤].

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، ماوە یەک لەدوای یەکەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام و کشانەوەی مەسیحییەت لە شام و میسر و باکوری ئەفریقیا و دواتر فەتحی ئەندەلووس، خەڵکێک هەبووە کێوماڵی بیر و باوەڕی ئیسلامیان کردووە و ویستوویانە تێی بگەن، مەسیحییەکان، بەردەوام تێڕوانینێکی فرەلایەنەیان بەرانبەر ئیسلام هەبوو هەر لە سەرسوڕمان و ترسەوە تا دەگاتە دانپێدانانێکی بەژانوژوو بەنێزیکی ڕۆحییانە، وەک بەنامەکەی پاپا گریگۆریۆسی حەتەوەمەوە دیارە.

ڕۆدی پارت (Rudi Paret 1983 مردووە)، پێی وایە دەستپێکی ڤۆکۆڵینە ئیسلامییەکان لە ئەوروپا بۆ سەدەی دوازدە دەگەڕێتەوە، کاتێ یەکەمین جار ماناکانی قورئان وەرگێڕدرانە سەر زمانی لاتینی، هەر لەو ماوەیەدا، یەکەمین قامووسی لاتینی عەرەبی بەڕاسپاردەی دێری کلۆنی پەیدا بوو، تا سەدەی حەڤدەش، ئەوروپاییەکان، پشتیان بەو تەرجەمەیە دەبەست. هەروەها پوترسی گەورە، ڕاهیبی کلۆنی، کتێبێکی لە وەڵامدانەوەی موسڵمانان‌دا بەچوار بەرگ نووسی کە سێ بەرگی لێ چاپ کراوە[٢٥]. یۆهان فوک، دەڵێ، بیرۆکەی تەبشیر نەک بیرۆکەی تێگەیشتن لە بەرانبەر –، پاڵنەری سەرەکیی سەرقاڵی کڵێسا بوو بۆ تەرجەمەکردنی قورئان و فێربوونی زمانی عەرەبی. ئاخر هەرجارێک لە سەرکەوتنی سەربازییانە بێئومێد دەبوون، بۆیان ڕوون دەبووەوە کە سەندنەوەی خاکە پیرۆزەکانی مەسیحیگەل، نەک موسڵمانان لە ئاینەکەیان پەشیمان ناکاتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە هێندەی تر سوورتریان دەکات[٢٦].

دوای ئەوەی نەیانتوانی بگەڕێنەوە و جێگیر ببنەوە، پاشماوەی سوپاکەیان، پاش شالاوگەلێک کە دوو سەدەی خایاند، وردە وردە بەنائومێدی خاکی فەلەستینیان جێ هێشت. ئەوانەی گەڕانەوە گەیشتنە ئەو بڕوایەی ململانێی سەربازی لە تەک موسڵمانان‌دا، بێ ئاکامە، هیچ چار نییە، دەبێ هەوڵی تر بدەن تا لە نێوەرۆکی ئیسلام تێ بگەن و لاوازی بکەن، بەرەنگاری ببنەوە، زەبر لە گیانی موقاوەمەتی موسڵمانان بدەن لە ڕێی گومانخستنە سەلار بیر و باوەڕیان، ئەمەش مانای باڵادەستبوونی ئەو گرووپانە بوو کە لە بنەڕەتدا دژی چارەسەری سەربازی بوون. ئەم گرووپانە پێیان وابوو، دەبێ لە ڕووی هزرییەوە بەرەنگاری موسڵمانان ببنەوە، بۆیە بەلای خەڵکێکەوە،

کۆتایی شەڕگەلی خاچپەرستان، سەرەتای ڕۆهەڵاتناسییە[٢٧]. کەواتە بیروڕای تر هاتنە ئارا کە پێیان وابوو دەبێ دیراستگەلی تازە بکەن تا لە بەرانبەر تێ بگەن، ئەم بۆچوونە، ڕەوایی خۆی سەپاند و پاڵپشتییەکی دامەزراوەکانی ئەو ڕۆژگارەشی گرەنتی کرد. ئەوەبوو قوتابخانەکانی زمانە زیندووەکانی ئەو سەردەمە، کە ڕۆجەر باکۆن Roger Bacon و ڕیمۆند لول Reymond Lull و خەڵکی تریش دەوروبەری ١٢٥٠ ز، دایانمەزراندن، وردە وردە بەرەکەیان دەردەکەوت، بوونە بەشێک لە پرۆگرامە فەرمییەکانی کڵێسای ڕۆئاوا، نەخاسمە پاش ئەوەی کۆڕبەندیی کڵێسایی ڤییەننا ساڵی ١٣٢١ بڕیاری دا قوتابخانەگەلێک لە شارەکانی پاریس، ئۆکسفۆرد و بۆلۆنیا(پایەتەختی دەڤەرێکە بەو ناوە، لە دامێنی چیاکانی ئەتنەین) و ئەزینیۆن(فرەنسا) و سەلامنکای سەر سنووری ئیسپانیا لەگەڵ پورتوگال. لەم قوتابخانانەدا بڕیار درا، چەندان زمانی کۆن بخوێنرێ، ئەوانیش زمانەکانی، عەرەبی، عیبری و ئیغریقی(یۆنانی کۆن) بوون. وەلێ ئەم پرۆژە شارستانییە ڕووناکیی نەبینی، ئاخر مامۆستای شارەزا و پارەی پێویستیان دەستنەکەوت، بۆیە شکستی هێنا[٢٨].

هەروەها، هەوڵی زۆر خرانەگەڕ تا دەستیان بگاتە زانستگەلی لای موسڵمانان، وەک ماتماتیک، پزیشکی، فەلسەفە و زانستە سرووشتییەکان. هەوڵەکانیان بەهەوڵی عەرەب دەچوو وەختایەک موسڵمانان کەلەپووری ئەغریقی کۆنیان تەرجەمەی زمانی عەرەبی دەکرد، نەخاسمە لە سەردەمی مەئموونی خەلیفەی ڕووناکبیری عەباسیدا. ئەم بزاوە ساڵی ١١٣٠ لە ئەوروپا دەستی پێ کرد، زۆربەی هونەرەکەش بۆ سەرۆکی قەشەکانی تولەیتلە دەگەڕێتەوە. پێشەنگی ئەو نووسەرانەی دەستیان بەوەرگێڕان کرد بەقورئان و کتێبە زانستی و فەلسەفییەکانەوە، ڕاهیبێکی ئیتالیلیی بوو بەنێوی، جیرارد دی کریمۆنا (Gerard de Cremona 1114-1187 ز)، ڕووی لە تولەیتلە کرد، لەوێ فێری زمانی عەرەبی بوو، دەستی بەوەرگێڕان کرد، بەڵام زۆربەی ئەو کتێبانەی تەرجەمەی کردن، دەستنووسە عەرەبییەکەیان دیار نەماون، وەلێ کۆپییە لاتینییەکانی مانەوە، جیرارد تا مرد هەر لە تولەیتلە مایەوە، تەرجەمەکانی سەدەی شازدە تا سەدەی بیست (ڕەنگە دواتریش)، لە شارەکانی، بندوقیە، ڕۆما، ستراسبۆرگ، بال (سویسرا)، پاریس، ئۆکسفۆرد، لیشبۆنە، نۆرمبۆرگی ئەڵمانیا، چاپ کران[٢٩].

لەنێو گەورە پیاوانی ڕۆئاوادا چەند کەسێتییەک پەیدا بوون کە بەشێوازێکی تر بایەخیان بەکەلەپووری ئیسلامی دەدا، فرەدریکی دووەمی پاشای سقللیە خۆی فێری عەرەبی کرد، جلوبەرگی وەک موسڵمانانی دەپۆشی، سەرقاڵی زانستە ئیسلامییەکان بوو و خستییە خزمەت لاتینییەکانەوە لە (پالێرمۆ)ی پایەتەختی سقللیە، پێش ئەوەی بچێتە ئەڵمانیا و ساڵی ١٢١٥ ببێتە ئیمپراتۆر، دیسان خۆی و کوڕەکەی، مانفرێد، چەندان کتێبی تەرجەمەکراویان لە عەرەبی و یۆنانییەوە بۆ لاتینی بەخشییە زانکۆکانی بۆلۆنیای ئیتالیا و پاریس، زانکۆی ناپۆلی دامەزراند و کردی بە ئەکادیمیا و پردی پەڕینەوەی زانستگەلی ڕۆهەڵات بۆ ڕۆئاوا.

وەلێ بزاڤی وەرگێڕان لە ئیسپانیا لە هەمووان بەهەرمێنتر بوو، کاتێک ئیسپانییەکان، تولەیتلەیان گرتەوە، لە یەکێک لە مزگەوتەکاندا، کتێبخانەیەکی نایابی تێدا بوو، ئیسپانییە عەرەب زمانەکان و جووان، پێکەوە سەرقاڵی خوێندنەوە و کەڵکوەرگرتن بوون لە کتێبەکانی[٣٠].

بایەخی ڕۆئاوا تا دەهات بەبەرهەمی عەقڵی ئیسلامی لە هەڵکشاندابوو، تا وای لێهات ڕۆئاوایی کەمێک بەویژدانەوە باسی لەو بەرهەمانە دەکرد، نەخاسمە دوای ئەوەی دەرکیان کرد، شارستانیگەلێک لە دەرەوەی ئەورووپا هەیە، هیچ نەبێ لە هی ئەوان کۆنترە و خاکەکەیان فرەوانتر و خەڵکەکەشیان زۆرترە، خەڵکی ئەو ناوچانە لە دەرککردنی زۆر ڕاستینەدا لە پێش ئەورووپاوەن، گەیشتنە ئەو ڕاستییەی، هەڵوێستیان بەرانبەر موسڵمانان، هەڵوێستێکی بەویژدانانە نییە، هۆکارەکەش، نەزانی خۆیانە[٣١]. ئاخر نەزانی، زۆر جاران مرۆڤ بەرەو دەمارگیری پاڵ دەنێ، ئەو دەمارگیرییە بێزەوەرەی بووە گرینگترین هۆکاری پەنابردن بۆ چەک.

دوای ڕەوینەوەی دەمارگیری، ئەورووپایی دەرکی کرد، برێک لەو زانستەی فێری بووە، هی ڕۆهەلاتە، بۆیە کەوتنە هەوڵی زانینی زیاتر و ئاشکراکردنی ڕاستینەکان بەگیانێکی زانستییانەی جیاواز لە پێشوو، نەخاسمە لە سەردەمی ڕێنیسانسداRenaissanc ، کە پێشتر باسمان کرد، ئەوەبوو لەگەڵ ڕۆژگاردا، لەژێر کاریگەریی لاهووت و هەژموونی کڵێسا و پاپا دەرچوون. نەخاسمە پاش دۆزینەوەی ڕێگەی "ڕەئسی ڕەجائی سالح" و دەستگەیشتنیان بەکۆمەڵە ناوچەیەک کە هێشتا مرۆڤ پەی پێ نەبردبوون، دڵنیابوونیان لە خڕی(بازنەیی) زەوی، هەڵوێستی کەهەنووت و کڵێسای لاواز کرد و بووە کۆتایی مەزەندەی بەتلیمۆس کە زەوی تەختە و جێگیرە، هەروەها بزاڤی ڕواڵەتییانەی ڕۆژ. کەواتە، زەوی سەنتەری گەردوون نییە، ڕێگە بۆ گومانکردن لە برێک زانیاریی نێو ئینجیل کرایەوە، بگرە هێندێک زانیاریی حاشاهەڵنەگر کە لە مێشکی خەڵکدا چەسپیبوون، هەڵتەکی. لاوازیی لۆجیکی لاهووتی، زەوینەی بیرکردنەوەی زانستییانەی خۆش کرد[٣٢]، بیری خەڵک لە ترسێکی نادیار قوتاری بوو، بۆیە کەوتنە خۆ، تا لە دەرەوەی ڕنوێنییەکانی لاهووت، سەروتازە بیر لە دەوروبەر بکەنەوە، چاویان بەهەموو ئەو شتانەدا گێڕایەوە کە پێیان وابوو ڕاستن، دەرکیان کرد، هیچ شتێک ڕاست نییە گەر بەتەجرەبە نەسەلمێندرێ، ڕاستینە(حەقیقەت) هەیە، بەدەر لە هەست و سۆز و مەزەندەی ئێمە، هیچ ڕاستینەیەک نییە تەنیا لە زانستگەلدا نەبێ کە سروشتی دیاردە سروشتی و دواتر کۆمەلایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە. بۆیە زانینی پێوەندیی نێوان ئەو دیاردانە بووە زەروورەت، لە پاڵ ئەو دۆزینەوانەی لە ئەنجامی تێبینی و تەجرەبەکردن وەردەگیرێن[٣٣].

زانین و گەیشتن بەڕاستینەکان تەنیا بەمەزەندە، وەهمە، ئەوەی بەچاو دەبینرێ، هیچ نییە، بەشێک یان سەرەتای زانینی ڕاستینە نەبێ و ناشێ بۆ گەیشتن بەڕاستینە(حەقیقەت)، تەنیا پشت بەبینین ببەستین، لەوانەیە ئەوەی دەیبینین، چاوخەڵەتێنە بێ، تەنانەت عەقڵی مرۆڤیش، لە دەرککردنی ڕاستینەکانی دەوروبەریدا زۆر جاران کورت دێنێ.

سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەکان

(١) جورج فرادييه، شرق وغرب _ نحو تفاهم متبادل، ترجمة: محمد ابراهيم زكي، مؤسسة سجل العرب، القاهرة، ١٩٨٤، ص١٩.

(٢) تييري هينتش، الشرق المتخيل – رؤية الآخر في الوجدان السياسي العربي، ترجمة: غازي برو – خليل أحمد خليل، دار الفارابي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٧.

(٣) م. ن، ص١١.

(٤) نسيب الحسيني، الغرب المتخيل، رؤية الآخر في الوجدان السياسي العربي، ترجمة: غازي برو _ طبعة المجلس الأعلى للثقافة، دار الفارابي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٦.

(٥) المصدر نفسه، ص,٣٦ وأنظر: محمد نورالدين أفاية، المتخيل والتواصل، مفارقات العرب والغرب، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر، بيروت ١٩٩٣، ص٩١ _ ١٠٢.

(٦) نسيب الحسيني، مذكور، ص٣١٣.

(٧) ماجدة الزين، بحثها: رحلات في قرن التاسع عشر، مجلة الفكر العربي، بيروت، العدد٥١، السنة التاسعة، ١٩٥١، ص٢١٣.

(٨) في هذا الشأن ينظر: ارفن جميل شك، مذكور، ص٥٣.

(٩) د. يحي مراد، معجم، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣٨.

(١٠) يوهان فوك، تأريخ الاستشراق، ترجمة: عمر لطفي العالم، دار قتيبة، دمشق، ١٩٩٦، ص١٣.

(١١) د. يحيى مراد، مذكور، ص٣٩.

(١٢) دير كلوني _ Cluny أنشأته حركة الآباء البنديكتيين المسيحية، في تلك البلدة الفرنسية الواقعة على الحدود مع ألمانيا عام ٩١٠/، وقد أخذت الحركة تتسع الى أن أصبحت مثلا يحتذى به في مجال الاصلاح الديني، وقد قامت على أساس الاستقلال التام عن السلطات الكنسية والدنيوية، بالاتصال المباشر مع البابا، والمباد\أ_ باصلاح النظام الكنسي، ثم اصلاح البابوية نفسها من المفاسد والشرر التي علقت بها، (ج. ج. كولتون، عالم العصور الوسطى في النظم والحضارة، دار المعرفة، الاسكندرية، ١٩٨٩، ص١٧٢)، وسرعان ما انتشر دستور رهبان كلوني في كل مكان من أوروبا، وصار للحركة نفوذ ضخم، وبفضل الملك الألماني هنري الثالث، تم اصلاح كثير من الأديرة، وصارت الأديرة الكلونية مقصد المتحمسين والمخلصين من رجال الكنيسة كلها، (د. قاسم عبده قاسم، ماهية الحروب الصليبية، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٠، ص٧٩)، وصار الدير يسير وفق منهج مستقل، فذاعت شهرته، وتدفقت عليها الهبات والأعطيات، وأصبحت فروعها المنتشرة/ مراكز للنشاط التثقيفي، وساهمت في اغناء الثقافة الأوروبية، ادوارد بروي، مذكور، ج٣، ص١٨)

(١٣) ولد ١٠٩٢ ومات ١١٥٧م، وهو غير بطرس الناسك الذي قاد الحملة الصليبية الشعبية الخائبة، وبطرس المحترم (أو المبجل) هذا أوعز الى أنصاره ترجمة القرآن، لأول مرة، الى اللغة اللاتينية عام ١١٤٣م على

أرض اسبانية، (يوهان فوك، تأريخ الاستشراق، مذكور، ص١٣) (الفرا، الاسلام والغرب، مذكور، ص٧٣).

(١٤) د. قاسم السامرائي، الاستشراق بين الموضوعية والانفعالية، دار الرفاعي، الرياض، ١٩٨٣، ص٢١.

(١٥) ابن الأثير الجزري، الكامل في التأريخ، طبعة دار صادر، بيروت، ١٩٥٦، ج٣، ص٢٣.

(١٦) د. فيصل السامر، ابن الأثير، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٣، ص٤١.

(١٧) ريتشارد سوذرن، صورة الاسلام في أوروبا في العصور الوسطى، ترجمة: د. رضوان السيد، دار المدار، طرابلس، ليبيا، ط٢، ٢٠٠٦، ص٦٥ _ ٦٦.

(١٨) الفرا، مذكور، ص٢٩ _ ٣٠.

(١٩) ئيبري هنتش، مذكور، ص٥٦.

(٢٠) ريتشارد سوذرن، مذكور، ص٤٠.

(٢١) المصدر نفسه، ص٦٨. وأنظر: مكسيم رودنسون، تراث الاسلام، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧، قسم (١)، ص٣٤.

(٢٢) ريتشارد سوذرن، مذكور، ص٣٧.

(٢٣) د. ألبرت حوراني، مذكور، ص١٩.

(٢٤) المصدر نفسه، ص٢٠.

(٢٥) د. بدوي، موسوعة، مذكور، ص٦٩.

(٢٦) يوهان فوك، مذكور، ص١٤.

(٢٧) عبدالجليل شلبي، صور استشراقية، نقلاً عن د. محمد أمين حسن، المستشرقون والاسلام، مذكور، ص٢٤.

(٢٨) ريتشارد، مذكور، ص١١٩ _ ١٢٠.

(٢٩) د. يحيى مراد، مذكور، ص٣٠٤.

(٣٠) دي بور، تأريخ الفلسفة في الاسلام، مذكور، ص٤١٧.

(٣١) ريتشارد، مذكور، ص٣٥ _ ٧٠.

(٣٢) د. فؤاد زكريا، التفكير العلمي، عالم المعرفة، الكويت، العدد (٣)، ١٩٧٨.

(٣٣) د. محمد عبدالكريم الوافي، منهج البحث في التأريخ، منشورات جامعة قاريونس، بنغازي _ ليبيا، ١٩٩٠، ص٩٢.

# مارتن لۆتەر کینگ
# بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

کۆمەڵێ نووسەر

بەشی دووەم

---

بەشی سێیەم

## سێلما ١٩٦٥

نووسینی: فینسنت ڕۆشل

(لە مۆنتیگەمری و پێرمەنگهام) هێزیان لە سەرکەوتنەکانیانەوە هەڵێنجا، شارەزاییشیان لە ئەزموونە سەرنەکەوتنەکانەوە (وەک ئەزموونی ئاڵبانی ١٩٦٣)، هیچ شتێکیش لە ستراتیجییەتی کاری ناتوندوتیژی لە مارتن لۆتەر کینگ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان بە شاراوەیی نەماوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٦٤ دا دەستکەوتی بەبایەخ بەدەست هێنرا. بەڵام لەو ماوەیەدا داننان بە مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردندا تەرخان نەکرابوو و گشتگیر نەبوو.

شێوەی دەستووری ئەمەریکی کە بۆ پانزەهەمین جار هەموار کرا، ساڵی ١٨٧٠ بڕیاری لەسەر درا، وەک بنەما جەختی لەسەر مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردندا کرد. کەچی ویلایەتە باشوورییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستیان بە جێبەجێکاریی یاسادانان کرد، ڕەشەکانی لەو مافانە بێبەش کرد کە دەستوور پێیانی دابوو. ئەمە ئەوەیە کە پێیان گوتبوو قانوونەکانی " جیم کراو "، ئەم جیم کراوەش کەسایەتییەکی ئەفسانەیییە، بە هێمای ئەو جۆرە سیاسەتانە دادەنرێ. بەپێی ئەمە هەندێک ویلایەتی باشوور باجی هەڵبژاردنیان سەپاند (Poll Tax) بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێ

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

ناوی خـۆی لە لیسـتـەکـانی هەڵـبـژاردندا تۆمـار بکا، ئەم باجـەش تا سـاڵی ١٩٦٥ لە تەکسـاس و ئەرکەنسـاس و میسیسیپی و ئەلاباما و ڤیرجینیا وەردەگیرا، لە هەندێک ویلایەتی باشووردا داوا لە ڕەشـەکان دەکرا دەقی تەواوی دەسـتووریان پێ ببیسـتن. ئا بەم جۆرە هەندێک لە قوتـابییـانی زانکۆ بە بیانووی تاقیکردنەوەکانی نەخوێندەوارییەوە بە ناشایستە دادەنران.

"ڕابیـتـەی نیـشـتـیـمـانی بۆ پێـشکەوتنی پێـسـتـڕەنگینان" (N.A.A.C.P) لە جـەنگی دووەمی جیـهـانییـەوە ئەم گرفـتـەی گـرتە ئەسـتـۆ و ژمـارەی دەنگدەرە ڕەشـەکـان لە "دیکسی" (کـۆی ئەو ویلایەتانەی باشـوور کە ڕژێمی کۆیلەیەتیی جێبەجێ کردووە)، ئەویش بە هۆی چالاکیی قانوونیی لەبەردەمی دادگا فیـدراڵییـەکان و پەرۆشـیی بۆ دوورخسـتنەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو تەگـەرانەی ڕێی لە ڕەشەکان دەگرت بۆ چوونی بەرەو سندووقەکانی دەنگدان.

مـافی ڕەشـەکـان لە هەڵبژاردنـدا بەلای مـارتن لۆتـەر کینگەوە دۆزێکی سـەرەکی بـوو. لە ئایاری ١٩٥٧دا لە گوتاری یادی لینکۆڵن-دا کە لە سەرەتای کۆڕەوی بەرەو واشنتندا خوێندییـەوە، گوتی: " تاکو من بەهێز و بەشێوەیەکی یەکجارەکی مافی هەڵبژاردنم نەبێ، من خۆمم لەدەستدا نییە.. ئەو سکالایەی زۆرتر پێویستە بیخەینە بەردەستی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەر ئەندامێک لە کۆنگریس، ئەوەیە کە مافی هەڵبژاردنمان بدرێتێ. ئەم مافەمان پێ ببەخشن و ئێمە پەیمان دەدەین کە ئەنجومـەنی شاندەکان بە نیازچاکان پڕدەکەینەوە و پیاوێلێک دەگەیەنینە کۆنگریس بەیانێکی "باشـوور" واژۆ ناکـەن چونکە هەر هەمـوویان دڵسـۆزدەبن بۆ بەیانی دادوەری. مـافی دەنگدانمان بدەنێ و دادوەرێلێک دەخـەینە سـەر کورسییـەکانی دادگاکانی باشوورەوە دادوەرانە حوکم بکەن و بەزەیی بزانن و حوکمی ویلایەتە باشوورییەکان دەدەینە دەست دادوەرانێک نەک هەر تەنیا هەستی مرۆیانەیان هەبێ، بگرە ڕووناکیی خوداییشیان هەبێ ".

## ڕەگەزپەرستی لە ویلایەتەکانی باشووردا

کینگ هەرگیز لە بیری ناچێتەوە کە، کەنەدی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٠ دا بەرامبەر بە نیکسن بە جیـاوازیی ١١٢ , ٨٨١ دەنگ بردییـەوە. بە چاکەی ئەو دەنگانەی ڕەشـەکانەوە بوو کە سێ چارەکی دەنگەکانیـان لە پشتگیریی ئەودا بوو. کەنەدی پشتگیریی چالاکییـەکانی کینگی کرد لە کاتێکدا نیکسن تەواوێک کـۆمـەڵی دەنگدەرە ڕەشـەکـانی خـسـتـە پشـتـگوێ. یەکـەم چالاکـیی "کـۆنگرەی سـەرکردە مەسیحییەکان لە باشوور" (S.C.L.C.) ڕێکخستنی هەڵمەتێک بوو بۆ تەرخانکردنی مافە مەدەنییەکان و تۆمارکردنی ڕەشە باشوورییەکان لە لیستـەکانی هەڵبژاردندا. چالاکوانان دەچوونە مـاڵان بۆ ئەوەی باوەڕ بە ڕەشـەکان بهێنن بـە پێویسـتیی تۆمـار کردنی نـاوەکانیـان لە لیستـەکاندا. لەمەشدا تووشی چەندین تەگەرەی قانوونی بوون. ئەم خشتـەیە بیرۆکەیەکمان دەداتێ لەبارەی ئەو پێشکەوتنەی لەماوەی ئەو قۆناخەدا هاتووەتە دی.

| ناوی ویلایەت | ساڵی ١٩٦٠ | ساڵی ١٩٦٤ |
|---|---|---|
| تەکساس | ٪٢٣ | ٪٤٦ |
| ئەرکەنساس | ٪٣٠ | ٪٤١ |
| لویزیانا | ٪٢٢ | ٪٣١ |
| مسیسیپی | ٪٤ | ٪٦ |
| ئەلاباما | ٪١٤ | ٪١٩ |
| فلۆریدا | ٪٢٦ | ٪٤٥ |
| جۆرجیا | ٪٢٢ | ٪٣٦ |
| کارۆلاینای باشوور | ٪١١ | ٪٣٠ |
| کارۆلاینای باکور | ٪٢٥ | ٪٤٢ |
| تێنیسی | ٪٥٩ | ٪٦٤ |
| ڤیرجینیا | ٪١٩ | ٪٢٥ |

ڕێژەی ڕەشە تۆمارکراوەکان بەگوێرەی ژمارەی ئەو ڕەشانەی لە تەمەنی هەڵبژاردندان لە باشوور (بەلای ئێلیز مارینستداس)

بەڵام کینگ یەکسەر هەستی بەوە کرد کە ئەو ئامادەکارییانە بەس نین. ڕێژەی ٧٢٪ ی ڕەشەکان لە تەمەنی هەڵبژاردندان لە پێنج ویلایەتی باشووردا، بەکارهێنانی ئەم مافەیان لێ قەدەغە کراوە: کارۆلاینای باشوور و جۆرجیا و لویزیانا و ئەلاباما و مسیسیپی. دەبووایە پەنا ببرێتە بەر جموجووڵی ڕاستەوخۆ لە پێناوی سەندنەوەی قانوونێک لە حکوومەتی فیدراڵی، کە بەکارهێنانی ئازادانەی مافی هەڵبژاردن بۆ ڕەشەکان دابین بکا.

ناوەندی بزووتنەوە شاری سێلما بوو کە ڕەشەکان نیوەی دانیشتووانی پێکدەهێنن و لە دووریی هەشتا کیلۆمەترەوەیە لە مۆنتیگەمری، لەسەر سنووری ئەلاباما. بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی قوتابییانی ڕەشپێست (S.N.C.C.) لە ١٩٦٣ وە بۆ بڕیاردانی مافی هەڵبژاردن تێدەکۆشا. لەکاتێکیشدا کە بزووتنەوە هەر لە شوێنی خۆیدا بوو، ساڵی ١٩٦٤ سەرکردەکان بانگەوازێکیان ئاڕاستەی مارتن لۆتەر کینگ کرد.

جێم کلارک ـ ی وتەبێژی لایەنگرانی جوداوازی، سەرۆک شارەوانی بوو لە سێلما، لە لێدووانێکدا گوتبووی: "ئەگەر بڕیاری خۆپیشاندانتان دابێ، پێویستە بەر لە هەموو شتێک بەسەر لاشەمدا ڕێ بکەن". جۆرج والاس- ی ڕەگەزپەرستی ناسراوی حاکمی ئەلاباماش قسەی کردە

سەربار و گوتی: "بەڕێوە نارۆن، من ڕێیان لێ دەگرم". ئەم دوو لێدوانانە کەشێکی کارەساتاوییان بەسەر بارودۆخەکەدا هێنا. بەڵام کینگ بەبیریدا هاتەوە چۆن ڕەوشتی "بوڵ" کۆنوری کێوی لە پێرمەنگهام بەشداریی لە سەرخستنی جموجووڵدا کرد و هەروەها بەبیریدا هاتەوە چۆن ڕەوشتی نەرمی سەرکردەی پۆلیس لە ئەڵبانیدا بەشداریی لە خنکاندنی جموجووڵەکە کرد، کە بە وریاییەوە خۆی لە هەڵسوکەوتی توندوتیژ لادا لەگەڵ خۆپیشاندەراندا.

لە شوباتی ١٩٦٥دا کە یاریدەرانی کینگ ڕایانگەیاند سەرۆکایەتیی ڕێپێوانێک دەکا لە سێلماوە بۆ مۆنتیگەمری ٧ی ئادار بەڕێ دەکەوێ، کاروبار گەیشتبووە ڕادەیەکی زۆر تەنگژاوی. سێلما لە شوباتەوە ڕێپێوانی بەرەو تەلاری داد دەبینی داوای تۆمارکردنی ناوی ڕەشەکانی لە لیستەکانی هەڵبژاردندا دەکرد. گەلێک کەس گیران، یان لێیان درا و کینگ-یش لەگەڵ ڕالف ئەبرنائیی هاوڕێیدا گیرا چونکە باجدانیان ڕەت کردەوە، بەرزبوونەوەی ڕادەی گرژی، سەرۆک جۆنسنی هان دا بە ئاراستەی دەرکردنی بڕیارێکی کۆماری لەبارەی مافی هەڵبژاردنەوە بێتە ناوەوە، لەبەشێکی نووسینی ئەو سەردەمەدا کۆواری " تایم " گوتوویەتی: " جیم کلارک هێزی دینامیکیی بزووتنەوەی پێکهێنا "، کە بزووتنەوە لاوازدەبوو لەگەڵ لایەنگرانیدا بە ئەنجامدانی کاری دڕندانەی نوێوە دووبارە دەیژیاندەوە،. لە دەمی خۆپیشاندانێکدا "جیمی لی جاکسن"ی لاوی ڕەشپێست لە هێرشێکی پۆلیسدا گیانی لەدەست دا، کە هەوڵی پاراستنی دایکی و باپیری دەدا.

دوابەدوای ئەم کارە تاوانبارانەیەوە پێشەوا ڕەشەکان پێشنیازی بیرۆکەی ڕێپێوانێکیان کرد بۆ مۆنتیگەمریی پایتەختی ئەلاباما، بۆئەوەی داوا لە جۆرج والاسی حاکمی بکەن سنوورێک بۆ دڕندایەتیی پۆلیس دابنێ و مافی هەڵبژاردن دابین بکا. حاکم دەمودەست فەرمانێکی بە قەدەغەکردنی ڕێپێوان دەرکرد.

## سێلما لە بەرەوڕوو بوونەوەی واشنتندا

ڕۆژی دەستنیشانکراوی ڕێپێوانەکە بۆ مۆنتیگەمری سێ سەت و پەنجا کەس لە ڕەشەکان کۆبوونەوە. ئەو ڕۆژە کینگ لەوێ نەبوو. خۆپیشاندەران لەگەڵ پۆلیس لەیەکیان دا، ڕووبەڕووبوونەوەکان توند بوون. بەلای کەمەوە ٦٧ کەس بریندار بوو، حەڤدەیان شکانیان لە کاسەسەر، یان لە ئەندامانیاندا هەبوو. ڕۆژنامەی "لۆمۆند" ئەو هاواری ئازارەی جۆن لویس-ی بزووتنەوەی قوتابییانی ناتوندوتیژی دوای خۆپیشاندانەکە لە کەنیسەی سێلما کردبووی بڵاوکردەوە: "من تێناگەم سەرۆک جۆنسن چۆن پێی کرا سەربازی ئەمەریکی بۆ ڤێتنام و کۆنگۆ بنێرێ و بۆچی ناتوانێ بیاننێرێتە ئەلاباما".

ئەم کاردانەوەیە لەلایەن چالاکوانێکی ناتوندوتیژییەوە کە وەک پێچەوانەی یەک دیارە، ویستوویەتی پەردە لە ڕووی ئەوە هەڵماڵێ کە قانوونە فیدراڵییەکان پێی ناکرێ سزا بە دەسەڵاتدارانی ئەلاباما بگەیەنێ. ئەو ئەمریکییانەی هەموو هێزە سەربازییەکانیان لە ڤێتنام

پیـشـــان دەدەن وەک دەســـەوســـان دیارن لەبەردەمی ڕووداوەیلێکی ناوخــۆ، کــە لـە یەکــێک لە ویلایەتەکانی ئەو یەکەتییە ڕوودەدا. ئەو ڕووداوانە دەنگدانەوەی قووڵی لە گشت جیـهاندا هەبوو. تەون (تۆڕ!)ەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ هەواڵەیلی دیمەنێلێکیان لە توندوتیژی بڵاوکردەوە کە ویلایەتە یەککگرتووەکـان لـەم ســاڵانەی دوایـیـدا بـەخــۆیەوەی بینیــوە و نموونـەی نەبووە. کــە هـەڵمــەتێکی ڕاگەیاندنی فرەوانی بۆ بزووتنەوەکە پێکهێنا.

لەسەر ئەمە قازیی فیدڕالی لە مۆنتیگەمری بڕیارێکی بە قەدەغەکردنی ڕێپێوانەکە دەرکرد:" تا هەندێک لە دۆزە دەستوورییـەکان ڕوون دەبنـەوە ". سـەرسـامـی خۆپیشـاندەرانی داگـرت، چونکە دادوەرە فیـدڕاڵییـەکان بەگشـتی پێدەچوو سۆزدارییان لەگەڵ بزووتنـەوەی مافـە مـەدەنییـەکاندا هەبووبێ. سـەرۆک جۆنسن کارە توندوتیـژییەکانی گوناهبار کرد، کە پۆلیس ئەنجامیان دابوو و بانگەوازێکی بـۆ "هێـوربـوونەوە و ژیری و ڕێز لـە قـانـوون و ئارامـیـی گـشـتـی گـرتن دەرکـرد". لە ڕاسـتـیدا داوای ئەنجام نەدانی ڕێپـێـوانـەکەی دەکرد. کـینگ بەبیـریدا هاتەوە کـە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی دادوەرێکی فیدراڵی فەرمانی بە سەرنەکەوتنی بزووتنەوەیەکی ئەڵبانی دا، بۆیە بڕیاری دا چاو لە فـەرمـانەکـە بپۆشێ و ڕۆژی سـێشـەمـە سـەرکـردایەتیی ڕێپـێـوانەکـە بکا. بانگەوازێکی ئاڕاسـتـەی پێشـەوا ڕۆحییـەکـان کرد بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوانەکە. هێزەکـانی حاکم والاس ڕێپێوانەکەی ڕاگرت هەر وەک لە ڕێپێوانی پێش ئەمە کردبووی. کینگ پاشەکشەی پەسند کرد.

ڕۆژی شـەمـە لە ٣ ی ئاداردا هەندێک لە ڕەگەزپەرستانی سێلما هێرشیان بردە سەر کۆمەڵێکی بچووکی سـپییـەکان بۆ بەشـداریکردن لـە ڕێپێوانەکە هاتبوون، جـایمز ڕیب- ی قـەشـەی سـپی لە "بۆسـتن" ەوە هـاتبـــوو و تەمـــەنی ٣٦ ســـاڵ بوو کـــاســـەســـەری شکابوو و هەر بـەو برینانە ژینی بەجـێـهێـشت. خـۆپیـشـاندانی نارەزایی لـە هەمـوو لایـەکی وڵات دەسـتـی پێ کـرد کـە، تەنانەت لە واشنتن، دە هـەزار کـەس و پازدە هـەزار کـەس لە نیـویـۆرک کۆ بووبووەوە، ژمـارەی ئەو کـاتۆلیک و پرۆتستانتانەی بەشدارییان لەم خۆپیشاندانە دەکرد هەر لە زۆریدا بوون.

لە کۆتاییشدا لەم تەنگژە ڕەگەزپەرستییەدا سەرۆک جۆنسن هاتە ناوەوە و پێشنیازی یاسایەکی نوێی بۆ کــۆنگریس کــرد بە ئامـــانجی ئاســـانکردنی پرۆســـەی دەنگدانی ڕەشـــەکـان. بڕیاری سـەرۆکایەتی، نادەستووریی زۆربـەی ئەو (کۆت) انەی کرد کە دەسـەڵاتدارانی باشـوور خسـتبوویە سـەر دەنگدانی ڕەشـەکـان، ئەگـەر دەسـەڵاتە ناوخـۆییـەکـان جێبـەجـێکردنی ئەو ئامـادەکارییـە پێشنیازکراوانەیان ڕەت کردەوە، دەقەکە داوای پشتبـەستنی بـە سیستـمی هەڵبژاردنی فیدراڵی کرد.

لە مـۆنتیگەمری پێشنیـازێکی نوێ بۆ دادوەری فیدراڵی بەرزکرایەوە، بۆ ڕێپێوانێک تەنیـا چەند سـەت کەسێکی تێدا بەشداری کرد و ماوەی ٨٠ کیلۆمەتر ڕێی کرد و دوای لێ ورد بوونەوە، دادوەر پەسندی کرد. ژمـارەی بەشـدار بووان دەبووایە لە بـەشی زۆری مـاوەکەدا سێ سـەد کـەسی ڕەت نەکردایە. جـۆرج والاس-ی حـاکم، دابین کردنی پاراسـتنی ڕێپێوانەکـەی ڕەت کردەوە بەوەی کە

توانای تەواوی نییە کە بەشی ئەوە بکا. ئەوساکە لندن جۆنسن پاسەوانانی نیشتیمانیی لە ئەلاباما خستە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فیدرالی. ئینجا ڕێپێوانەکە توانای ئەوەی بوو بەڕێ بکەوێ و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە گومانی تێدا نەما.

ڕۆژی یەکشەمە لە ٢١ ی ئادار سێ هەزار کەس دەستیان بە ڕێپێوان کرد و یەکەم یانزە کیلۆمەتریان بڕی، کینگ لەو وتارەیدا کە بەر لەوەی ڕێپێوانەکە دەست پێ بکا پێشکێشی کرد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەو گەلی جوولەکەیە چێشتوویەتی کە "فیرعەونەکان دەستیان بەسەریاندا گرتووە و لەلایەن ئابوورییەوە دەستیان پێوە گرتووە". خەڵکەکە دەستیان بە گۆرانیی "لێگەڕێن با گەلەکەم کۆچ بکا" کرد لەگەڵ وروژاندنەوەی ڕەهەندە هێماییەکەی بانگەوازی مووسا کە سەرکردایەتیی گەلەکەی بەرەو ئازادی کردووە. لە ماوەی ڕێپێوانەکەدا کەشەکە بارگاوی بوو چونکە ڕەگەزپەرستەکان بە ئەنقەست تەنگیان بە خۆپیشاندەران هەڵدەچنی و بەو ئۆتۆمبێلانەیان کە دروشمی دژ بە ڕەشەکانیان پێوە کرابوو لەتەکیانەوە دەڕۆیشتن. هەروەها لە گەڕەکەکانی ڕەشەکانی پێرمەنگهامدا پێنج بۆمبای کاتی دۆزرانەوە. نزیکەی سێ هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکان و مووچەخۆرانی فیدراڵی بە درێژایی شەقامەکانی سێلما و ڕێی گشتیی بەرەو مۆنتیگەمری ـ دا بڵاوبووبوونەوە. لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا تەنیا سێ سەد بەشدار توانییان شەو لە تەک ڕێگاکەدا بەسەر ببەن بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر ڕێپێوانەکە درێژە پێ بدەن؟

## سی هەزار کەس لە کۆتاییدا

ئێوارەی چوارشەمە ژمارەی کۆبووەکان لە نزیک دەروازەی مۆنتیگەمریدا گەیشتنە چوار هەزار کەس. بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر سێ هەزار کەس بوون و نیوەیان لە سپییەکان بوون ڕێپێوانەکەیان درێژە پێ دەدا بۆ بڕینی ئەو شەش کیلۆمەترانەی مابوون. فیلیپ بێن ـ ی پەیامنێری " لۆمۆند "، باسی کۆتاییی ڕێپێوانەکەی کردووە و دەڵێ: " هێزەکانی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستانە بە سەرکەوتوویی چووە ناو دڵی ئەوەی تا ئەوسا مۆڵگەیەکی ڕەگەزپەرستی و تیوورییەکانی (باڵایی) سپییەکان بوو ".

دوای دیمانەیەک کە گۆرانیبێژانێکی وەک هاری بلافۆنت و سامی دێڤیس و کەسایەتیی وەک جێمزباڵدوین ـ ی نووسەری تێدا بەشدارییان کرد، ڕێپێوانەکە بە کۆبوونەوەی بەردەمی پەرلەمانی ئەلاباما کۆتاییی هات. جۆرج والاس ڕەتی کردەوە ئەو لیژنەیە ببینێ کە ڕاسپێررابوون سکاڵایەکی بدەنێ. لەوکاتانەدا خۆپیشاندەران خۆیان بۆ بەجێهێشتنی شار ئامادە دەکرد، خانمێکی سپی بەدەستی ئەندامەیلێکی کۆکلۆکس کلان (کۆمەڵێک لە سپییە ڕەگەزپەرستە زێدەڕۆکان) کوژرا بەشداریی لە ئامادەکاریدا کردبوو بۆ جموجووڵ.

لە ٧ ی ئابدا سەرۆک جۆنسن ئەو قانوونەی واژۆ کرد کە جەخت لەسەر مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردن دەکا. قانوونەکە مافی ڕەشەکان لە دەنگداندا دابین دەکا لە ڕێی زیادکردنی دەسەڵاتی

فیدراڵی لەو ویلایەت و کەرتە ناوچانەدا کە لەنیوەی کەمتری ڕەشەکانیان تێدا هەڵدەبژێرران. بەڵام لە نووسیگە ڕەگەزپەرستە توندڕۆکاندا، لیستی هەڵبژاردنیان ئامادە کردبوو کرێگرتە فیدرالییەکان سەرپەرشتییان دەکردن. لندن جۆنسن وتەیەکی ئاراستەی گەلی ئەمەریکی کرد تێیدا دەڵێ: " ئێستا ڕێم بدەن بەهەموو ڕەشەکانی وڵات بڵێم: "دەبێ ناوتان تۆمار بکەن، پێویستە دەنگ بدەن، پێویستە خۆتان ئامادە بکەن تا دەنگتان توانای خزمەتکردنی بەرژەوەندیی خۆتان و بەرژەوەندیی نیشتیمانی ببێ. لەسەر ئەم بنەمایە دواڕۆژی خۆتان و منداڵەکانتان بنیات دەنرێ.

لەو کتێبەیدا کە ساڵی ١٩٦٦ دایناوە (ڕێپێوانەکەمان بەرەو کوێ؟) (ou allons noud?) مارتن لۆتەر کینگ ڕاپۆرتێکی وردی سەرسوڕمێنی دانا لە بارەی بارودۆخی ڕەشەکانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لە کاتی بەرپابوونی ڕاپەڕینە توندەکان لە چەندێک لە شارەکانی باکور و دەستکەوتەکانی ئەو قانوونەشی بەتایبەتی ژمارد: " لە سەرەتای شۆڕشی مافە مەدەنییەکانەوە تۆمارکردنی ڕەشەکان لە لیستەکانی هەڵبژاردندا، بە نزیکەی سەت لە سەتدا لە زۆربەی ویلایەتەکانی باشوور و بەڕێژەی سێ سەت لە سەت و شەش سەت لە سەتدا لە ڤرجینیا و ئەلاباما. سیستەمی کۆن دەستی بە لەدەست دانی پێگەکانی خۆی کرد و بەڵگەش بۆ ئەمە کێشانەوەی هەردوو شەریف (پارێزگار): کلارک و "بوڵ" کۆنور-ە لەسەر شانۆی سیاسییەوە..".

بەڵام هەر لەو کاتەشدا لە سستیی دەسەڵات بێزار بوو:" واژۆکردنی قانوونی مافی هەڵبژاردن، ساڵی ١٩٦٥، وەک بەرەبەیانی ڕۆژێکی نوێ بوو، ئەو هەلەی بۆیان ڕەخساند کە پێویستییان پێیەتی. بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ دەبووایە بێگومان سەتان فەرمانبەر بۆ کاروباری مەدەنی و هەزاران پۆلیسی فیدراڵی بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ تۆقینی باشوور دابنرێ. لە جیاتی ئەوە لە شەست فەرمانبەری کاروباری مەدەنی کەمتر ڕاسپێررا و بۆ جێبەجێکردنی ئامادەکاریی پێویست یەک کرێگرتەی فیدراڵیی ڕێپێدراو بۆ باشوور نەنێررا. ئەم کەلێنەی لە نێو دەقی قانوونی و جێبەجێکردنیدا هەیە، بەکورتی لە پاڵنەرە سەرەکییەکان بووە بۆ بێزاریی لایەنگرانی " هێزە ڕەشەکە " لە پەنابردنەبەر پرۆسەی قانوونی.

هەر وەک ساڵی ١٨٦٨ ڕووی دا، کاتێک کۆنگریس بڕیاری لەسەر قانوونی مافە مەدەنییەکان دا و جێبەجێکرنی ڕەت کرایەوە، هەروەها ئەو قانوونە مەدەنییەی ساڵی ١٩٦٤ دەرچوو بەکردەوە تا ئەمڕۆ هەروەک مەرەکەب لەسەر کاغەزدا مایەوە. هەر وەک ساڵی ١٨٧٠، قانوون لە لایەن بنەماوە مافی ڕەشەکانی لە هەڵبژاردندا دەستەبەر کرد، بەڵام لە ڕاستیدا نیوەی وڵاتی لێ وەرگرتەوە، هەروەها قانوونی مافی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥ یش خۆ لێدزینەوە و دواخستنی بەئەنقەست بۆ تەگەرە خستنە بەردەمی بە دوادا هات".

هەروەها مارتن لۆتەر کینگ _ یش بۆچوونێکی لەبارەی ئەندامانی "دەسەڵاتێکی ڕەش"ی ناتوندوتیژەوە دانا و لە نێو ئەمانەدا مافی هەڵبژاردنەکانی باس کرد: "زیادکردنی ژمارەی دەنگدەرە ڕەشەکان لە باشوور سەرچاوەیەکی دیکەی دەسەڵاتە. کاتێک ڕەشەکان لە ویلایەتەکانی

باشـوور بە کـەللەڕەقی بەرەنگاری پیاوانی دەسـەڵات دەبنەوە، نـاچاری پاشـەکشـەیان دەکەن و لە هەمـان کاتیـشدا ئەو هـاوپەیمانییـە شلۆق دەکا، کە لە کۆنگریسدا کۆنەپەرستـە باشـوورییەکـان و هـاوڕێ کـۆمـارییـەکـانیـان لە باکـور کۆ دەکـاتەوە. ئەم هـاوپەیمانـییـەی لـە مـاوەیەکـەوە دەسـتـێکی کەموزۆر لەناو کۆنگریسدا دەسەپێنێ لە ئەنجامی دەسـەڵات گرتنە دەست لە لیژنە سەرەکییەکاندا، چیی دی لە توانایدا نییە تەگەرە بخـاتە بەردەمی جێبـەجێکارییـەکانی پێشکەوتنی کـۆمـەڵایەتی و چەمکە هـەڵەکەی خـۆی لەبارەی دیمەکـراتیـیـەوە بـەسـەر ئاراسـتـەی سیـاسـیی وڵاتدا بسـەپێنێ. ئەمێستا دەنگدانی ڕەشـەکان، بەشێکی ئەو هێزانەی دەبوو نوێنەرایەتییان بکا بە خۆوە ناگرێ.




دوولایەنیی ڕێپێوان لە سێلماوە، بۆ خۆپاراستن لە پۆلیس و چالاکوانە ڕەگەزپەرستەکان لە ئەلاباما بەشداربووان ڕازی بوون بە سێ هەزار سەرباز و مووچەخۆری فیدراڵی دەورە بدرێن بە درێژاییی شەقامەکان لە سێلما و بە درێژاییی ڕێی گشتیی بەرەو مۆنتیگەمری.

دەتوانین ژمارەی دەنگدەرە ڕەشـەکان لە باشـوور دوو ئەوەندە لێ بکەین، لە باکوریشدا، کە ناوی خـۆیان بەرێژەگـەلێکی یەکسـان لـەگەڵ سـپییـەکـان تۆمـار کـردووە، ئەوە نابیـنین کـە بەرێژەگـەلێکی یەکسـان دەنگ بدەن. ڕەشـەکـان هـەست دەکـەن بێ سـوودن، بۆیە بەشـداریکردن لە هـەڵبـژاردنێکدا ڕەت دەکەنەوە کە واتایەکی نەبێ. بـەڵام کە هـاووڵاتیی ڕەش درک بە قـەوارەی ئەو ئەنجامـانە دەکا کـە بە یەکـخسـتن و ڕێکخـسـتنی هێـزەکـان دەتوانێ بەدەسـتـیـان بهـێنـێ، ئەوە دەزانـێ کـە چۆن دەسـەڵاتی خۆی بە کار دەهێنێ.

لە بیست و پێنج سـاڵ لەمـەوبەرەوە و دەسـتـڕۆییی سیاسـیی ڕەشـەکان بە بەردەوامی دەسـتی بە پەرەسـەندن کرد. وای لێ هـات لـە توانایاندا بێ بە ئازادییـەکی پتر ناوەکـانیـان لەسـەر لیسـتـەکـانی هەڵبژاردنەکاندا تۆمار بکەن. بەڵام هێشتا پێویست بە بەخشینی ڕەنجێکی زۆر هەیە کە قایل بن و ڕوو بکەنە سندووقـەکـانی دەنگدان. (ئەوە ئەو شـەڕە بوو کـە جیسی جـاکسن لە ١٩٨٤ و ١٩٨٨ دا خۆی لێ دا، لە هـەڵمەتی بەدەسـتهێنانی داواکاریی حزبی دیموکراتی بۆ خۆ کاندیدکردن بۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتیی کۆماری).

چاوگ:

(*) كوريتا سكۆت كينگ Ma vie avec Martin Luther King (ستۆك).

(*) ستيڤن ب. أوتس Martin Luther King (لوسنتوريۆن).

(*) مارتن لوثر كينغ "مسيرتنا إلي أين؟" (پايو).

(*) إيليز مارينستراس En Marge les Minorites aux Etats-Unis (ماسپيرو).

(*) مقالات من لوموند، شهر آذار ١٩٦٥.

*

## دوای جەنگی ڤێتنام ١٩٦٧

نووسینی: گی بۆبۆڵت

"لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ دا ڤێتنام ١٨٥,٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی لێ بوو و حکوومەت خۆی ئامادە دەکرد بیانگەیەنێتە ٤٥٠,٠٠٠. بەلای مارتن لۆتەر کینگەوە ڕوون بوو کە گرفتی هەژاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و جەنگ لە ڤێتنامدا بەیەکەوە پەیوەستن. بەدەستخەرەوەی پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتی چیی کە نەیدەتوانی بێدەنگ بێ".

لە دووی تەمموزی ١٩٦٤دا، مارتن لۆتەر کینگ و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی بزووتنەوە ڕوویان کردە کۆشکی سپی بۆ واژۆکردنی قانوونی مافە مەدەنییەکان. لەو بۆنەیەدا لندن جۆنسن ـ ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لێدوانێکی لە ڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ئاراستە کرد و تێیدا گوتی: " ئەوانەی لەلای خودا یەکسانن، لەمەودوا لە مافی هەڵبژاردن و قوتابخانەکان و کارگەکان و ئوتێلەکان و چێشتخانەکان و هۆڵەکانی سینەما و هەموو بوارەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا یەکسان دەبن. ڕژێمی جیاوازیی ڕەگەزایەتی دەبێ نەمێنێ. ئەی سەرۆک بانگهێشتێکی بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی ئاڕاستە نەکرد؟: " با سەرچاوە ژەهراوییەکانی ڕەگەزپەرستی وشک بکەینەوە و سنوورێک بۆ ئەو جیاوازییانە دابنێین کە پاساویان نییە و با نەتەوەکەمان بکەینە یەک قەوارە ".

دەشێ بڕیاری سەرۆکایەتیی مافە مەدەنییەکان لە هەموو ئەو قانوونانە توندتر بووبێ کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرچووبوون، بەڵام کینگ فریوی نەخوارد. ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا سنوور بۆ گرفتەکان دانانێ. ئەگەر جیاکاریی ڕەگەزی لە کەرتگەلێکی زۆردا بوو بووە کارێکی ناقانوونی، مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بووبووە ئامانجی ڕەخنەگەلێکی بەرگەنەگیراو و لە ٦ ی ئابی ١٩٦٥ دا نەبێ بە بەرفراوانی دانی پێدا نەنرا. ئەم مێژووە لەلای جونسن تروپکی پابەندبوون بوو بە تەرخانکردنی مافە مەدەنییەکان. کەچی کینگ سەیری کرد " بە هەستێکی زۆر ناسکەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کێشە زەحمەتانەدا دەکا کە لە خەباتی ئازادیخوازییاندا بەرەوڕووی ڕەشە ئەمەریکییەکان دەبنەوە"[1].



واژۆ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتیی قانوونە مەدەنییەکان لە واشنتن لە ٢ ی تەمموزی ١٩٦٤، سەرۆک جۆنسن دەستی کینگ دەگوشێ کە دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە " ئەو خائینە سیاسییەی گەورەترین مەترسییەکە، حکوومەتی ئەمەریکا ناسیبێتی".

قانوونە تازەکە بۆ ئەو ملیۆنەها ڕەشانەی لە گەڕەکەکانی گیتۆدا لە شارە گەورەکانی باکوردا دەژیان دڵدانەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەگرتبوو. ناخۆشیی ئەمانە تەنیا بەهۆی قانوونەکانی جوداییەوە نەبوو، یان بەو پێوەندانەی بەسەریاندا سەپێنرابوو ، بەڵکو بەهۆی شێوەیەکی ناپەسندتری جوداوازییەوە بوو کە: جیاوازیی ئابووری بوو. مارتن لۆتەر کینگ ئەوەی لا پەسند بوو و سەرکردەکانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی هان دا لەم پێناوەدا تێبکۆشن، لە شارە گەورەکاندا بە دووچەندان بوونەوەی ڕاپەڕینەکان، گومان لەوەدا نەما کە پێویستیی زۆری بەوە هەیە، بەدەستخستنی مافە مەدەنییەکان، ئەگەر لە هەمان کاتدا مافە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵدا نەبێ سوودیان چییە.

## "پێویستە جەنگ لە ڤێتنامدا ڕابگیرێ"

گرینگترین شت لە تەک هەژاریدا کە بیری مارتن لۆتەر کینگی خەریک کردبوو، تووشبوونی ڕوو لە زیادییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە جەنگی ڤێتنام. بەرگەی ئەوەی نەدەگرت وڵاتەکەی ببینێ دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دیکە وەردەدا و بۆردومانی خەڵک دەکا و دەیانکوژێ ـ کە لە ڕەنگدارەکانن ـ بە بیانووی جەنگی کۆمیونیستەکان. لە مۆنتیگەمرییەوە ڕەخنەی لە بۆچوونی سەربازیی لە کۆمەڵگەدا گرت. بەڵام لە ترسی پەرتبوونی بزووتنەوە و تووشی مەترسیکردنی دەنگدان بە قانوونەکانی لابردنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستانە، کینگ تا ئەوسا دەربڕینی هەڵوێستی ئاشکرای دژ بە جەنگی دوا دەخست. بەڵام بۆچوونەکانی خۆی نەدەشاردەوە. لە ١٩٦٥ دا لەبەردەمی چالاکوانانی بواری مافە مەدەنییەکاندا گوتی: "قسە لەبارەی ئاوێتەبوون هیچ

سوودێکی نییە ئەگەر جیهانێک نەبێ ئاوێتەی بێ. دەبێ جەنگ لە ڤێتنام ڕابگیرێ"[٢].

لە کۆتاییـیـەکـانی سـاڵی ١٩٦٥ دا، لە ڤـێـتنامـدا ١٨٥,٠٠٠ سـەربازی ئەمـەریکی هـەبوو، حکوومەتیش خۆی ئامادە دەکرد بیانکاتە ٤٥٠,٠٠٠، لیژنەی ئامادەکاری لەپێناوی سنووردانان بۆ جەنگی ڤێتنام، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە سپییەکان پێکهاتبوو، داوای پشتگیریی کەسایەتیی وەک کینگیان کرد، کە ساڵوەرگەڕی پاداشتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ١٩٦٤ بوو. بەلای کینگەوە دوو گرفتی هەژاری و جەنگی ڤێتنام بەیەکەوە پەیوەست بوون. جەنگەکە نەک هەر گوناهبار بوو بگرە بڕی زۆر گـەورەی پارە بەکـار دەهێنا، لە توانسـتـدا بوو لە جـەنگی هەژاریدا بـەکـار بـهێنرایە. بە داهاتنی ساڵی ١٩٦٧ ئیدی کاتی دوودڵی نەمابوو.

لە ٢٥ ی شـوباتی١٩٦٧ دا لە پەیمانگەی نەیشن لـە لۆس ئەنجـیلۆس _ دا، کینگ یـەکـەم وتاری لەبارەی جەنگی ڤێتنامـەوە خوێندەوە و تێیدا گوتی: " لە جەنگە هەرە دڕندانەکان و بێهوودەکانە لە مێژوودا"[٣] هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژمارەی سەربازە ڕەشەکان ڕێژەییانە لە دوو ئەوەندەی سـپـیـیـەکـان پتـر بووە لە چوونە ناو جـەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی مـردندا و حکوومـەتی ئەمەریکا نزیکەی دوو ملیۆن فرەنکی فرەنسی خەرج دەکا لە پێناوی هەر دوژمنێکدا کە دەکوژرێ، ئەوەش بـەرامـبـەر ٢٦٠ فـرەنک بۆ یەک کـەس لە بەرنامـەی جـەنگی دژ بە هـەژاری لە ویلایـەتە یەکگرتووەکاندا. کینگ چووە ڕیزی ئەوانەی جەنگیان ڕەت دەکردەوە، کە هێشتاکە پەرت و بڵاو بوون _ بەڵام نەک تا ماوەیەکی درێژ _ " پێویستە گەرموگوڕیی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ڕاژەی بزووتنەوەی ئاشـتیدا دابنێین. پێویستە خـۆپیشـاندان ئەنجام بدەین و فێر بکەین و پەند دابدەین تا بناغەی نەتەوەمان دەهەژێ" [٤] لە ٤ ی نیسـانی ١٩٦٧ دا هـەلی گەڵاڵەکردنی هەڵوێستی خۆی بە شـێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاشکرا بۆ ڕەخسـێنرا، لە کـاتی کۆبوونـەوەی پیاوانی ئاین و ئەو عەلمانییانەی بایەخیان بە ڤێتنام دەدا.

لە کەنیسـەی ڕیڤـەرسـاید لە نیـویۆرک کینگ وتارێکی خـوێندەوە بەهێزیی پێـوە دیار بوو، چ لە ئاسـتی پێشـبـینیـیـەوە بێ یان سـیـاسی، لە پێناوی، وەک خـۆی دەڵێ "سنووردانان بۆ خـیـانەتی بێـدەنگیم"(٥) . جـەنگ تـەنیـا پـیـاوەیل و بەهرەمـەندان و دارایی ڕانەکـێـشـاوە و بـەس "چون ترومپایەکی مژۆکی ئەهریمەنانە"، بگرە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشی کردە "قۆنتەراتچیی سەرەکیی توندوتیژی لە جـیـهـاندا". لە پێناوی سنووردانان بـۆ شـێتایەتیی کوشتن، هەمـوو تاکێکی ، بەپێی توانست و باوەڕەکانی خۆی بۆ ناڕەزایی دەربڕین بانگهێشت کرد. لاوانیشی هان دا خزمەتکردنی سـەربازی ڕەت بکەنەوە. بەڵام دوای تاوانبـارکردنی جەنگی ڤێتنام بـانگهێـشـتی بۆ شـۆڕشـێکی قـووڵتر کرد. مـارتن لۆتەر کینگ ئەوەی ڕەت کرد کـە سەرکردەیەکی تێکۆشـان بێ لە پێنـاوی مافـە مـەدەنییـەکان و ئامـادەیی خـۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەسپاند. "، دەبێ لایەنی باشی شـۆڕشی جـیـهـانی بگەڕێنینەوە (...) بـە سـەرەوژێرکـردنی چەمکەکـانمان بـە شـێـوەیەکی ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕانە، ئەم کودەتایەی لە زەینێتیدا، دەبێ ڕێ بەرەو جووڵانەوەیەکی گشتیی دژی جەنگ و



" نەتەوەیەک ساڵ لە دوای ساڵ لە ڕەخساندنی زیاتری پارە بۆ بودجەی سەربازییەکەی و پتر لەوەی بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی بۆ خەرج دەکا، نەتەوەیەکە لە مەرگی ڕووحی نزیک دەبێتەوە"

هەژاری و سوود و خەرجییە سەربازییەکان ببات ".

مارتن لۆتەر کینگ، وەک گشت گومانی لە نەتەوەی ئەمەریکی کرد ، نەک تەنیا لە هەڵبژاردە سیاسییەکانی و بەس، بەڵکو لە کرۆکی بنەماکانی. ئەوەش شەپۆلێکی ڕەخنەگرانەی تووڕە و تاوانبارکردنێکی ئاشکرای لە دەوروبەردا وروژاند. هەر لەو ساشەوە بزووتنەوەیەکی توندوتیژ _ هەر لە هاونیشتیمانیی ئاساییەوە تا سەرۆک، تا دەزگای (FBI) یی بەهێز – بۆ ئەوەی ناچاری بێدەنگیی بکەن. لە ٤ ی نیسانی ١٩٦٨ دا، ڕێک دوای ساڵێک لە وتارەکەی نیویۆرکیدا، مارتن لۆتەر کینگ لە مەمفیس تیرۆر کرا. ئەمەریکا تا ساڵانێکی زۆر بینینی ڕاستیی جەنگی ڤێتنامی ڕەت دەکردەوە.

پەراوێزەکان:

(١) "Martin Luther King". ستیڤن ب. أوتس، بڵاوکراوەکانی منشورات ئوستوریۆن، ١٩٨٥.

(٢) "Ma Vie avec Martin Luther King" کوریتا سکوی کینغ، بڵاوکراوەکانی ستۆک، ١٩٦٩.

(٣) س. ب. ئۆتس. باسی کردووە.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) دەقی وتارەکە بە تەواوی لە کتێبی م. ل. کینگ " Seule Revolution " دا بڵاوکراوەتەوە، بڵاوکراوەکانی

کاسترمان، ١٩٦٨.

(٦) لە کـتـێـبی "From Solo to Memphis. The FBI and Martin Luther King,Jt"دا (و. و. نۆرتون، نیـویۆرک، ١٩٨١) دا دێڤی گـارۆی دانەر باس لە یاداشـتـێکی FBI دەکـا لەبارەی کـینگەوە، بۆ سـاڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە " : دەبێ لەمەودوا بەم جۆرە تەماشای بکەین، ئەگەر وای دابنێین کە پێشتر ئەوەمان نەکردبێ، یەکێکە لە مەترسیدارترینی ڕەشەکان بۆ سەر دوارۆژی ئەم وڵاتە، ئەو مەترسیی کۆمۆنیست و مەترسیی ڕەشەکان بەرجەستە دەکا و بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی". هەر ئەو نووسـەرە دەڵێ: "لە دوانزە مانگی دوایی ژیانیدا، کینگ بەلای حکوومەتی ئەمەریکاوە پڕمەترسیترین خاینی سیاسی بووە کە ناسیوێتی".

*

## "کاتێکی وەها دێ، بێدەنگیی تێدا دەبێتە خیانەت"

لە ٤ ی نیسانی ١٩٦٧، لە کەنیسەی ریڤەرساید لە نیویۆرکدا مارتن لۆتەر کینگ دژی جەنگی ڤێتنام وتارە سکالایەکی خوێندەوە. "هەڵبژاردەکان".

ئەوا من ئەم ئێوارەیە لەم کەنیسە مەزنەدا دەوەستم، چونکە ویژدانم ڕێ بە من نادا پێچەوانەی ئەوە بکەم. بەشداریم لە دیدارتاندا کرد چونکە من تەواوی ئامانج و چالاکییەکانی ڕێکخراوم لا پەسندە، کە بۆ کۆبوونەوەی ئێرە بانگهێشتی کردووین: "پیاوەیلی ئاین و عەلمانییان بەهۆی جەنگی ڤێتنامەوە نیگەرانن". لێدووانە دوایینەکەی لیژنەی جێبەجێکاری هەستەکانی منی ڕەنگدایەوە و من باوەڕی تەواوم بە ناوەڕۆکی ڕستەی یەکەم هەیە: " کاتێکی وەها دێ، بێدەنگیی تێدا دەبێتە خیانەت". ئەوەندەی پێوەندیی بە ڤێتنامەوە هەیە ئەو کاتە بۆ ئێمە هاتووە(...) بەوەی کە من مـوژدەبەرم، بڕوا ناکەم کەسێک پێی سەیر بێ هۆی ئەوتۆم هەبێ پاڵم پێوە بنێ لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتبەرزانەوە بایەخ بە ڤێتنام بدەم. بەر لە هەموو شتێک پێوەندییەکی ئاشکرا و نیمچە سروشتیش هەیە لە نێو جەنگی ڤێتنام و ئەو شەڕەی لەگەڵ کەسانی دیکە دەیکەین لە ئەمەریکا. لە چەند ساڵێکەوە ماوەیەکی پرشنگدارمان لەم خەباتەدا ناسیوە. هەموو شتێک بەڕێوە دەچوو وەک بڵێی بەرنامەی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بە کردەوە هیوا بۆ هەژاران دەهێنی، سپییەکان و ڕەشەکان بە یەکسانی، لە ئەزموون و ئاواتگەلێک و دەستپێکی نوێدا ژیاین. ئەوجا جەنگ لە ڤێتنامدا گەرمتر بوو و ئەو بەرنامانەم بینی هەڵدەوەشێنەوە و تێکدەشکێن، وەک بڵێی کارەکە پێوەندیی بە کۆمەڵە گەمەیەکی سیاسییەوە بەندە، سوودیان بۆ کۆمەڵگەیەک نەما کە جەنگ هۆشی لەدەست دا. ئەوساکە درکم بەوە کرد ئەمەریکا هەرگیز دارایی و وزە پێویستەکانی نەخستووەتە کار ڕێز بۆ هەژارانی بگێڕێتەوە، مادامەکی خۆ لە سەرەڕۆییەکی وەک سەرەڕۆیی ڤێتنامدان، وەک ئامێرێکی ئەهریمەنانەی تێکدەر، هێشتا خەڵک و سامان و خێروبێر ڕادەکێشێ،.

بەمجۆرەش، وردە وردە گەیشتمە ئەوەی جەنگ وەها ببینم کە، نەک تەنیا دەستدرێژییە بۆ سەر ڕەوشت بگرە وەک دوژمنی هەژارانیشە، لەم بنەمایەوە دەستم بە هێرشبردنە سەری کرد. دەشێ درکم بە ڕاستی کردبێ لە وێنە کارەساتاویترەکەی، کاتێک بینیم جەنگ تەنیا بە پەرتکردنی ئومێدەکانی هەژارانەوە ناوەستێ و بەس، بگرە منداڵانی هەژاران و برا و مێردەکانیشیان بەڕێژەیەکی بەرز و بەشێوەیەکی نائاسایی، جودا لە خەڵکی دیکە دەنێرێتە جەنگ. ئەو لاوە ڕەشانە دەهێنێ کە کۆمەڵگە بێدەسەڵاتی کردوون و بۆ دووریی سیانزە هەزار کیلۆمەتریان دەنێرێ تا لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا ببنە پارێزەری ئازادیگەلێک کە لە باشووری خۆراوای جۆرجیا و خۆرهەڵاتی هارلمدا نەیانبینیوە. پێویست بوو چەندین جار لە تەلەفزیۆن ئەو دوو هاودژییە سەختەی لاوە ڕەش و سپییانە ببینین وا پێکەوە دەجەنگن و دەمرن لە پێناوی وڵاتێکدا کە ڕێیانی نەداوە لە قوتابخانەکاندا لەسەر هەمان کورسی دانیشن. بینیمانن بە توندوتیژییەکی هاوکارانە ئاگر لە زنجەکانی گوندێکی بەستەزمان بەردەدەن، دەشزانن هەرگیز لە هەمان ئەو کۆمەڵە خانووانەدا ناژین لە دیترۆیت. ناتوانم بێدەنگی بپارێزم لە ئاستی ئەم گەمە دڕندانەیەدا کە بە هەژاران دەکرێ. هۆی سێیەمی بڕیارەکەشم بە تێگەیشتنێکی قووڵتریشەوە بەندە، لە ماوەی ئەو ئەزموونەدا لەلام پەیدا بوو کە لە گەڕەکەکانی گیتۆی باکوردا لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردوودا تێیاندا ژیام، بەتایبەتی ماوەکانی هاوین، لە کاتی خۆپیشاندان لە نێو ئەو لاوە تووڕە و نەفرەت لێکراوە نائومێدانەدا، پێیانم دەگوت بۆمباکانی مۆلۆتۆف و تفەنگ هیچ چارەسەر ناکەن. هەوڵم دا بۆیان ڕوون بکەمەوە من بە قووڵی بەشداری لە گرفتەکانیاندا دەکەم، لە هەمان کاتیشدا جەختەکە دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەو بڕوایەم کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نایێنە دی تەنیا بەکاری ناتوندوتیژی نەبێ. لێیان دەپرسیم و ڕاستیشیان دەکرد: بەڵام ڕات لە بارەی ڤێتنامەوە چییە؟ ئایا وڵاتەکەمان پەنا ناباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بە شێوەیەکی فرەوان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی و ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەی دەیەوێن؟ پرسیارەکانیان ڕاست بوو و ئەوسا درکم بەوە کرد کە چیی دیکە لە توانستمدا نەماوە ناوی ئەو توندوتیژییە بزرێنم کە چەوساوەکان لە گەڕەکەکانی گیتۆ پەنای بۆ دەبەن بەر لەوەی بەڕوونییەکی پتر ناوی گەورەترین قۆنتراتچیی توندوتیژی لە جیهانی ئەمڕۆدا بزرێنم: حکوومەتی وڵاتەکەم، بەناوی ئەو لاوانە، بە ناوی ئەم حکوومەتە، بەناوی سەتان ملیۆن لەو کەسانەی لە توندوتیژی دەلەرزن، لە توانامدا نەما بە بێدەنگی بمێنمەوە (....).

کە بیر لە شێتایەتیی ڤێتنام دەکەمەوە و بە خۆم لەهۆیەکان دەگەڕێم بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان بگەم و وەڵامیان بدەمەوە، بیرەکانم بەردەوام ڕوو لە خەڵک دەکەن لەم نیمچە دوورگەیەدا. لێرەدا نە باس لە سەربازەکانی سەربازگەیەک یا هی دیکە دەکەم، نە باسی لیژنەی حوکمدار لە سایگۆن دەکەم، بەڵکو بەسادەیی لەبارەی ئەو دانیشتووانە دەکەم کە لە نزیکەی سی ساڵەوە لە کارەساتی جەنگدا دەژین. بیر لەوانیش دەکەمەوە چونکە بەڕوونی لێمەوە دیارە چارەسەرێکی ڕاستەقینەی

نابێ ئەگەر هەوڵێ بۆ ناسینەوەیان نەدەین و گوێ لە هاواری فریاکەوتنیان نەگرین.

بێگومان ئەوان ئەمەریکییەکان بە ڕزگارکەرەوەی نائاسایی دادەنێن. ساڵی ١٩٤٥ ڤێتنامییەکان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی فرەنساییەکان و یابانییەکان وڵاتەکەیانیان داگیر کرد، بەر لە شۆڕشی کۆمیونیستیش لە چین. ئەوساکە هۆ شی مینە (Ho Chi Minh) سەرکردایەتیی وڵاتی دەکرد. هەرچەندێک لە قانوون " شەریعە " ی ڕزگاربوونیاندا ئاماژەیان بۆ بەیانی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدا، ڕەتمان کردەوە دانیان پێدا بنێین و لە گەڕاندنەوەی وڵاتە ژێردەستە کۆنەکانیاندا پشتگیریی فرەنسامان کرد.

حکوومەتمان ڤێتنامی وا هەڵسەنگاند کە هێشتا بۆ سەربەخۆیی پێنەگەییوە ، جارێکی دی کەوتینە ئەو باییبوو نەخۆراواییەی لە ماوەیەکی درێژەوە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ژاراوی دەکات. ئەمەش بەو بڕیارە مخابنەمان کە حکوومەتێکی شۆڕشگێڕمان دوورخستەوە کە داوای چارەنووسی خۆی دەکا، حکوومەتێک بە چاکەی چین جڵەوی کاری نەگرتووەتە دەست (ئەوەی ڤێتنامییەکان زۆر هاوسۆزییان لەگەڵدا ناکەن) بگرە بە هۆی هێزە ناوخۆییەکان، کە کۆمیونیستەکانیشیان لە نێودا بوو. بەلای جووتیارانەوە ئەو حکوومەتە ئاواتی چاکسازیی بە کردەوەی کشتوکاڵی دەنواند، ئەم چاکسازییەش بۆ جووتیاران خەمێکی ژینبەخش بوو. دوای ١٩٤٥ و لەماوەی نۆ ساڵان گەلی ڤێتنامیمان لە مافی سەربەخۆیی بێبەش کرد. لە ماوەی نۆ ساڵاندا بۆ ئەو هەوڵە بێ ئەنجامەی سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی ڤێتنام یارمەتیی فرەنسامان دا. لە کۆتایی کێشەکەدا بەرپرسێتیی ٨٠ ٪ ی تێچووی جەنگی فرەنسیمان لە ئەستۆ گرت. بەر لە شکستی "دین بین فو" فرەنساییەکان گومانیان لە پرۆژەکەیان پەیدا کرد، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکرد. هانمان دان بەردەوام بن لە جەنگدا ئەوەش بە پێشکێشکردنی هۆیە سەربازی و ماددییە زۆر گەورەکان، کە ئارەزووی ئەوەشیان لەلا نەمابوو. دوای ماوەیەکی کەم تێکڕای تێچووی هەوڵە کارەساتاوییەکانیانمان دا.

پاش بەزینی فرەنسا، هێندەی نەمابوو بڕوا بەوە بکەین کە ڕێککەوتنەوەکانی جنێڤ ئەنجامی دەگاتە سەربەخۆیی و چاکسازیی کشتوکاڵی. بەڵام لە جیاتیی ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە نیازی ڕێ لە "هو "گرتن لە یەکخستنەوەی ئەو وڵاتەی بەشێوەیەکی کاتی دابەش کراوە و ئەمجارە جووتیارەکان ئێمەیان بینی یارمەتیی دیکتاتۆرێک دەدەین گەندەڵترینی ئەم سەردەمەمانە، پیاوێک ئێمە هەڵمانبژارد، سەرەکوەزیران " دییم". جووتیارەکان گوێرایەڵ بوون، لە کاتێکدا دییم بە دڵڕەقی ئۆپۆزسیۆنی لە کوڵ دەکردەوە و پشتگیریی ئەو خاوەن زەوییانەی دەکرد کە ڕەنجخۆرییانی دەکرد و تەنانەت گفتوگۆی لە پێناوی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی لەگەڵ باکوردا ڕەت دەکردەوە. جووتیارەکان ڕوانییان لەسەرەتادا ئەوە بەپارێزگاریی دەستڕۆیی ئەمەریکی دەکرێ. ئینجا بە دەست تێوەردانی سەربازە ئەمەریکییەکان کە تا دەهات زیادی دەکرد، ئەوانەی بۆ یارمەتی بانگ دەکران بۆ سەرکوتکردنی ئەو ئاژاوانەی جێبەجێکارییەکانی دییم هەڵی کردبووەوە.

کە دییم لە دەسەڵات خرا، لەتوانستیاندا بوو کەیفیان بێت، ئەگەر زنجیرەیەک دیکتاتۆری سەرباز دەستیان بەسەر حوکمدا نەگرتبا، کە توانستی گۆڕانکاریی بەکردەوەیان نەبوو، بەتایبەتی لەو کاروبارانەی تایبەتە بە چاکسازیی کشتوکاڵی یان لە سیاسەتی ئاشتییانەدا.

گۆڕان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هات! لە ڕاستیدا تووشبوونی هێزەکانمان دووچەندان کردبوو بۆ پشتگیریی حکوومەتەیلێک کە بە گەندەڵی و بێدەسەڵاتی و داماڵرانیان لە هەر پشتگیرییەکی گەل تایبەتمەند بوون. لەو کاتەدا گەل بڵاوکراوەکانمانیان دەخوێندەوە و بەردەوام بەڵێنی ئاشتی و دیموکراتی و تەنانەت چاکسازیی کشتوکاڵیشیان تێیاندا دەبینی. ئەمڕۆ ئەوان لەژێر بەزەییی بۆمباکانماندان و ئەوان ئێمە، نەک هەموو هاونیشتیمانییە ڤێتنامییەکانیان، بە دوژمنی ڕاستەقینە دادەنێن. بە خەم و گوێڕایەڵییەوە لێ وەرگرتنەوەی زەویی باپیرانیان سەلماند و بردیاننە سەربازگەکانی گرتن، کە دابینکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییە هەرە سادەکانیانیان تێدا دەگمەنە. زانییان لە ترسی مردنی ژێر بۆمباکانمان ناچارن ئەوێ جێ بهێڵن. بۆیە هەر لە ئافرەت و منداڵانیانەوە تا پیرەمێردەکان کۆچیان کرد.

ئێمەیان بینی، بۆ تێکدانی ملیۆنەها هیکتاری چێنراو ئاوەکان ژاراوی دەکەین. بێگومان، بەدەم ڕوانینی شۆڤڵەکانەوە دەگریان کە بە زەوییەکانیاندا دەڕۆیشتن و درەختەکانیان هەڵدەکێشا، بە نەخۆشخانەکاندا دەسووڕانەوە و پتر لە بیست قوربانیی هێزە ئەمەریکییەکانیان دەبینی، بەرامبەر یەک بریندار لە ڤیێتگۆنگ. هەروەها بە شارەکاندا دەسووڕێنەوە و هەزاران منداڵی بێ پەنا و بێ جلوبەرگ بە کۆمەڵ بە شەقامەکاندا ڕادەکەن وەک ئاژەڵ بن وەهان. سەربازەکانمان دەبینن هەڵسوکەوتی ناشرین لەگەڵ ئەو منداڵانە دەکەن کە خواردن سواڵ دەکەن، منداڵان دەبینن خوشکەکانیان بە سەربازەکانمان دەفرۆشن یان دەیانبەنە لای دایکانیان.

جووتیارەکان کە ئێمەیان دی هاوپەیمانی لەگەڵ خاوەن زەوییەکاندا دەکەین و ئەوە ڕەت دەکەینەوە دەست بە چاکسازیی کشتوکاڵیی چاوەڕوانکراو بکەین، بیریان لە چی دەکردەوە؟ کە ئێمەیان بینی چەکە تازەکانمانیان لەسەر تاقی دەکەینەوە هەر بەو شێوەیەی نازییەکان دەرمانە نوێیەکانیان و شێوە چەوساندنەوەی نوێ لەسەر بەندییەکانی گرتووگەکانی ئەوروپایان تاقی دەکردەوە، بیریان لە چی دەکردەوە؟ کوان ئەو کۆڵەکانەی ڤێتنامی سەربەخۆ، کە لافمان لێ دا ئێمە لە نێو ئەو مرۆیانەدا بنیاتی دەنێین، کە دەنگیان نییە؟ دوو دەزگامان تێک دا کە پێوەندییان پێیەوە هەبوو: خێزان و گوند. کێڵگە و بەروبوومەکانیانمان تێک دا. بەشداریمان لە تێکدانی تاکە هێزە شۆڕشگێڕییە ناکۆمیۆنیستەکەدا کرد لە وڵاتدا، ئاینە بوداییە یەکگرتووەکە. پشتگیریی دوژمنانی جووتیارانمان لە سایگۆندا کرد. ژن و منداڵیانمان گەندەڵ کرد و پیاوانمان کوشتن، ئای کە چۆن ڕزگارکەرەوەیەکین! (...).

بەهەر ڕێگەیەکەوە بێ دەبێ ئەم شێتایەتییە ڕابگیرێ. لە ئێستاوە وەک مرۆڤ قسە دەکەم و وەک برایەکی ئەو بەستەزمانانەی لە ڤێتنامدا ژین دەچێژن. لە پێناوی ئەوانەی زەوییەکانیان تێکدراوە




مارتن لوتەر کینگ، ٤ ی نیسانی ١٩٦٧.

و ماڵیان ڕووخێنراوە و بەروبوویان بەتاڵان براوە قسە دەکەم. لە پێناوی ئەو هەژارانەی ئەمەریکا قسە دەکەم کە دوو چەندانی بەهای ئەم جەنگە دەدەن، بە ئومێدە تێکشکێنراوەکانیان ، بەو مەرگ و گەندەڵییەی لە ڤێتنامدا هەیە. بەوەی کە هاونیشتیمانییەکم لەم جیهانەدا کەوا زراوی لەو ڕێیەی گرتوومانەتە بەر چووە قسە دەکەم. وەک ئەمەریکییەک و ئاراستەی سەرکردەکانی وڵاتەکەمی دەکەم. ئێمە بەرپرسێتییە هەرە گەورەکەی هەڵگیرساندنی ئەم جەنگەمان لەئەستۆدایە. دەبێ دەستپێشخەری بکەین بۆ ڕاگرتنی (...) لە چاوەڕوانیی ئەمەشدا ئێمە دەبێ، کەنیسە و کەنیشت، لە هەوڵەکانماندا بەردەوام بین و داوا لە حکوومەتەکەمان بکەین بە زوویی لەم تووشبوونە خەوشئاوەرە بکشێینەوە. تا وڵاتمان دەستی بەم هەڵوێستە لاڕێیانە گرتووە لە ڤێتنامدا، دەبێ لە خستنەبەرگوێی دەنگماندا بەردەوام بین و بەقسە و بە کردەوە ئامادەی جووڵانەوە بین و هەموو هۆیە شیاوەکانی ناڕەزاییش بەکاربهێنین.

کە قسە لەبارەی خزمەتی سەربازییەوە لەگەڵ لاواندا دەکەین، دەبێ ئەو دەورەیان پێ ڕابگەیەنین کە وڵاتمان لە ڤێتنامدا دەیبینێ و بیری ڕەتکردنەوەی جەنگیان بخەینە پێش. پێشم خۆشە بڵێم ئەوە هەڵوێستە کە پتر لە حەفتا کەس لە قوتابییانی هەر دوو زانکۆی مۆرهاوس و کۆلێدج هەڵیانبژاردووە، من پشتگیریی هەموو ئەوانە دەکەم دەست تێوەردانی ئەمەریکا لە ڤێتنام بە شەرم و ستەم دەزانن وەک ئەوان بکەن. لەلایەکی کەوە دەمەوێ هەموو ئەو قەشانەی لە خزمەتی سەربازی بەخشراون دەست لەو بەخشینە هەڵبگرن کە بۆیان هەیە هەڵوێستی ڕەتکەرەوانی جەنگ وەربگرن. ئەمە کاتی هەڵبژاردنە ڕاستەکانە نەک کاتی خۆدزینەوە. ئەگەر بمانەوێ وڵاتمان

شێتایەتییەکەی تێپەڕێنێ دەبێ ژیانمان تەرخان بکەین. هەر پیاوێک شایستەی ئەم ناو لێنانەیە دەبێ شێوەی ئەو ناڕەزاییە بڕیار بدا کە لەگەڵ باوەڕیدا دەگونجێ، بەڵام پێویستە هەموومان ناڕەزایی دەربڕین.

دوور نییە ئەمەندەکە دڵخۆشیمان بداتەوە، چوونە پاڵ بزووتنەوەی هەمووان، ئەوەی لە هەندێک شوێندا بووە هەڵمەتێکی میللیی ڕێ لێ نەگیراو دژی جەنگ لە ڤێتنام، بێگومان دەبێ بەشداری لەم شەڕەدا بکەین، بەڵام من ئێستا دەمەوێ ئەم کارە بخەمە لاوە و لایەنێکی دیکەی نیگەرانیبەخشتر باس بکەم. جەنگی ڤێتنام لە تەنیا دیاردەیەکی نەخۆشییەک نییە، کە زەینییەتی ئەمەریکی لە قووڵاییدا دەپێکێ، خۆ ئەگەر ویستیشمان ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەین کەوا بەهەڵەدا چوونەکان لادەبا، دەست لە پێکهێنانی شێوە جودا جودای لیژنەکانی "پیاوانی ئاین و عەلمانییە نیگەرانەکان..." هەڵناگرین، ڕیزەکانمان لە پێناوی گواتیمالا و پیرۆ و تایلاند و کەمبۆدیا و مۆزەمبیق و باشووری ئەفریقیا ڕێکدەخەین. ڕێپێوان لەپێناوی ئەمان و هی دیکە ڕێکدەخەین و بەشداری لە کۆبوونەوەگەلێکی کۆتایی نەهاتوودا دەکەین تا، کە ژیانی سیاسیی ئەمەریکی گۆڕانی ڕاستەقینە و قووڵی بەسەردا نەهاتووە. چەمکێلێکی وەک ئەمانە هانمان دەدا لە ڤێتنام دوورتر بچین، بەڵام ئێمە لە خوار ئەو ئاستەوە دەمێنینەوە کە لە ڕۆڵەکانی خودا داواکراوە. ساڵی ۱۹۵۷ فەرمانبەرێکی ئەمەریکی لە ناوچەی پشت دەریاکان بە شێوەیەکی تایبەت بەرامبەر ئەم گرفتانە هەستەوەر بوو، دەیگوت وڵاتمان، بەڕای ئەو، لە بەری خراپی شۆڕشی جیهانیدایە. لەماوەی دوا دە ساڵی ئەم دواییە نموونەیەکمان بۆ سەرکوتکردنمان تەرخان کرد، بوونی " ڕاوێژکارەیل " ی سەربازیی ئەمەریکی لە ڤەنزوێلا لێکدەداتەوە. ئەم پێویستییە بۆ دابینکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی وەبەرهێنانەکانمان، چالاکیی هێزە ئەمەریکییە دژ بە شۆڕشی لە گواتیمالا لێکدەداتەوە. ئیدی تێدەگەین بۆچی فرۆکە هێلیکۆپتەرە ئەمەریکییەکان دژی پیاوانی جەنگی پارتیزانی لە کۆڵۆمبیا بەکار دەهێنرێن و بۆچی ناپاڵم و کڵاوکەسکەکان دژی شۆڕشگێڕانی پیرۆ نێرراون. لەم بارەیەوە وشەکانی جۆن ف. کەنەدی _ مان دێتەوە بیر: " ئەوانەی بە ڕەتکردنەوەی دەستبەرداریی دەستکەوتە تایبەتمەندییەکان و خۆشییەکان کە قازانجە گەلێک گەورەکانی وەبەرهێنانەکانی پشت دەریا دابینی دەکەن، شۆڕشە ئاشتیخوازەکان نەشیاو و دژوار دەکەن . من لەو بڕوایەدام کە بۆ گوێزرانەوە بۆ لایە چاکەکەی شۆڕشی جیهانی، دەبێ دەست بە دروستکردنی شۆڕشێکی بنچینەیی لە چەمکەکانماندا دەست پێ بکەین. دەبێ بە پەلە دەست بە گوازرانەوە بکەین لە کۆمەڵگەیەکی " ئاراستەی سوود کراو " ەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی "ئاراستەی کەسەکان". تا ئامێر و ڕێکخەرە ئالییەکان و ناوەندەکانی قازانج و مافەکانی موڵکایەتی لە مرۆ بە بایەختر بزانرێ هەرگیز ناکرێ کۆنترۆڵی سێ پەتا گەورەکە بکرێ کە حەزە ڕەگەزپەرستانەکان و ماددی و سەربازییەکانن.

شۆڕشی ڕاستەقینە لە چەمکەکان بەرەو وروژاندنی پرسیارگەلێک دەبا لە دەوروبەری خاوێنی

و قانوونێتیی گەلێک لە کارە سیاسییەکانی ڕابوردوو و ئێستاماندا (...). لەخۆ باییبوونی خۆراوایی کە وا تێدەگا دەتوانێ هەموو شتێک فێری ئەوانی دی بکا و ئەوان هیچیان نییە ئەم فێر بکەن، ڕاست ناکا. شۆڕشی ڕاستەقینە لە چەمکەکان ڕێژیمی جیهانی دەگۆڕێ و ناچارمان دەکا بڵێین جەنگ: " ڕێگەیەکی نادادوەرانەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان ". سووتاندنی مرۆگەل بە ناپاڵم و هەتیوخستنی منداڵان و بێوەژن بوونی ئافرەتان و دەرزیی هۆشبەری کینەی کوشندە بەناو شادەمارەکانی خەڵکی ئاسایی و گەڕاندنەوەی سەربازەکان بۆ ماڵەکانیان دوای ئەوەی خۆیان لە شەڕگەلێکی خوێناوی دەدەن، لەلایەن فیزیکی و دەروونییەوە لاوازیان دەکا. ئەم شێوازانە ناکرێ لەگەڵ ژیری و دادوەری و خۆشەویستیدا بگونجێ. نەتەوەیەک ساڵ لە دوای ساڵ لە تەرخانکردنی دراوێکی زیاتر بۆ بودجەی سەربازی بەردەوام دەبێ و لەوە زیاتری بۆ خەرج دەکا کە بۆ بەرنامەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی خەرج دەکا، نەتەوەیەکە لە مەرگی ڕووحی نزیک دەبێتەوە.

*

## واتەی شەڕێک

نووسینی: مارتن لۆتەر کینگ

لە تەک چەندین چالاکییدا لە وڵاتەکەی، مارتن لۆتەر کینگ چەندین وتاری لە شوێنی جودا جودای جیهاندا خوێندووەتەوە. دوو جار سەری لە پاریس داوە. لە ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ دا، لە Mutualite کۆنگرەیەکی گشتیی بەست لەبارەی بابەتی "کەنیسە لە جیهانێکی شۆڕشگێڕدا"، لێرەدا چەند بڕگەیەک لەو وتارە دەگوێزینەوە کە لە ٢٨ ی ئاداری ١٩٦٦ دا خوێندبوویەوە، مارتن لۆتەر کینگ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە پاریس بۆ کۆشکی وەرزش، بۆ بەشداریکردن لە دیدارێکی دژ بە ڕەگەزپەرستی، دوای گەشتێکی گۆرانیی هاری بلافۆنت، کە ژمارەی ئامادەبووان گەیشتووەتە پێنج هەزار کەس.

"ئەو وشەیەی هێمای گیان و هێزی شەڕەکەمانە ناتوندوتیژییە. بەشێوەیەکی گشتی ناتوندوتیژی لە خەبات بۆ مافە مەدەنییەکانمان پێش هەموو شتێک لەسەر ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی چەک دەوەستێ. هەروەها لەسەر ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیی نەریتگەل و قانوونەیلێک کۆڵەکەی فەرمیی ڕێژیمی جیاوازی و کۆیلایەتی پێکدەهێنێ. ناتوندوتیژی شێوەی بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەری لە بزووتنەوەی ناڕەزاییدا وەردەگرێ. ناتوندوتیژی، ئەمە واتە گەلەکەم لە خەباتی ئازاراوییدا لە ماوەی ساڵانی دواییدا ناخۆشی چێژیی گرتووەتە ئەستۆی خۆی، پتر لەوەی بەسەر کەسانی دیکەیدا سەپاندبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە چیی دیکە ناترسین و ڕێ بەوەش نادەین بترسێین. بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دەمانەوێ ترس لەناخی کەسانی دی بچێنین.



له کۆشکی وەرزشدا ٢٨ی ئاداری ١٩٦٦، مارتن لۆتەر کینگ و هاری بلافۆنت لەگەڵ سیمۆن سینیۆری و ئیف مۆنتان دا.

بزووتنەوەمان بیر لەوە ناکاتەوە لەسەر حیسابی سووکایەتی بە سپی کردن و دیلکردنیان، ڕەشەکان ئازاد بکەین. بیر لەوە ناکاتەوە دەست بەسەر هیچ کەسێکدا بگرێ. خەبات دەکا لە پێناوی ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی ئەمەریکی و یارمەتیدانی هەموو مرۆڤێک بۆ ڕزگارکردنی خۆی. پەنابردنە بەر توندوتیژی لەپێناوی گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی نە کارایە و لە هەمان کاتیشدا نە ڕەوشتبەرزانەشە. سوور دەزانم توندوتیژی بە زۆری ئەنجامی کورتخایەنی لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەتگەلێکی زۆر لە ڕێی جەنگەوە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە. بەڵام سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە کاتییانە توندوتیژی ڕێ بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام نابا و ناتوانێ یەک گرفتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکا، بەڵکو گرفتگەلێکی دی دەخوڵقێنێ کە زەحمەتترن. توندوتیژی سوودی نییە، چونکە لە جووڵەیەکی بورغووئامێزی بەرەو خوار بووەوە دەچێ و دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو شتێک. هەروەها ڕەوشتبەرزانەش نییە، چونکە لە جیاتی قایلکردن، سووکایەتی بە بەرامبەر کردن بە ئەنجام دەگرێ و تێکدان لە جیاتیی گۆڕینەوە دەکاتە ئامانج. توندوتیژی ناڕەوشتبەرزانەیە چونکە لەسەر خۆراکی کینە دەژی، نەک خۆشەویستی. ئەو کۆمەڵە تێکدەدا و برایەتی دەکاتە مەحاڵ. ئەو لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگە بباتە سەر گفتوگۆ، لە چوارچێوەی مۆنۆلۆجدا دیلی دەکا. کۆتاییی کار دەگاتە توندوتیژی، چونکە خۆی بە خۆی دەبەزێنێ. تاڵی لە دەروونی ڕزگاربووان و دڕندەیی لە دەروونی سەرکەوتوواندا دەخوڵقێنێ"

***

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقرِ یاسین

بەشی یەکەم

---

بەشی یەکەم

### ڕیشەکێشکردن

یەکەم: پێناسە و چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕیشەکێشکردن:

ڕیشەکێشکردن (الاجتثاث) لە زماندا = لەڕیشەهەڵکێشان، بنجبڕکردنی شتێک، هەڵکێشان و لەبن دەرهێنانی، هەڵی کێشا.[1]

هەرچی واتا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی، ئێمە وای دەبینین وشەی ڕیشەکێشکردن واتا دابڕین و دوورخستنەوە و پاکتاوکردن و پەڕاوێزخستن و ڕەنگە قڕکردنیش بگرێتەوە، لەبەر ئەمە واتا وشەی ڕیشەکێشکردن بەم دەلالەتە سیاسییانەوە ئاماژە بەدڵڕەقی و توندی و تۆڵەسەندنەوە و دەسەڵاتخوازی دەدات.

ئەگەر ڕۆشنبیریی ڕیشەکێشکردن بیەوێت ببێتە بیردۆزێکی کۆمەڵایەتی، یاخۆ سیاسیی باو و جێبەجێکراو، ئەوا پێویستە جیا نەبێتەوە و هاوشانی بیردۆزی دەسەڵاتویستیی باوەڕخوازی دەستە بێت، کە دەکرێت لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت، دووریش نییە شێوازێکی زۆر سەرەتایی و دواکەوتووانە بێت لە شێوازەکانی مەیلی غەریزەخوازیی دوژمنکاری لە ئاکاری مرۆییدا، کە بەپلەی یەکەم پاڵ دەداتەوە و پشت دەبەستێت بەحەزی هەژموون و

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

پاوانکردن و دەست بەسەرداگرتن و دەسەڵاتخوازی و تاکڕەوی و سەپاندنی ئیرادە و بەکارهێنانی هۆیەکانی هێز و ناچارکردن.

ڕیشەکێشکردن بەئاستە کۆمەڵایەتییەکەی لە هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا پیادە دەکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستی دیارکراوی سیاسی، یاخۆ ئاینی، یاخۆ ڕەگەزپەرستی، یان نەتەوەیی، یاخۆ سەربازی، یان ستراتیجی یانیش ئابووری.

بەڵام لە مێژووی عێراقدا، چەندێک بمانەوێت یەکەمین داهێنەری میتۆدی ڕیشەکێشکردنی کۆمەڵایەتی بناسین، دەبینین لەمەدا بەچەندین دەیە یاخۆ سەتە لەپێشتر هەن، چەند لایەنێکمان دۆزییەوە و وامان زانی ئەمە پێشەنگە لە پراکتیزەکردنی ڕیشەکێشکردندا، لایەنێکی تر دەدۆزینەوە لەو بوارەدا لەو لەپێشتر بووە... تاکو بۆمان دەرکەوتووە ئەنجامدانی ڕێبازی ڕیشەکێشکردن، مەبەستیشمان لێی ڕۆشنبیریی دەسەڵاتخوازییە، ڕەگی لە لاپەڕەکانی ئاکاری مرۆیی لە عێراقدا داکوتیوە، کە لە چەند هەزار ساڵێک نێزیک دەبێتەوە.

وامان هاتە بەرچاو دەتوانین ئەم جۆرە لە ئاکاری ڕیشەکێشکردنی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، تەنانەت لە پێوەندییە بەراییەکاندا، کە لەنێوان وڵاتان و شانشین و شارەکانی بەرەبەیانی نەوەکانی میزۆپۆتامیا لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایندا باو بوو، کە بەسەرەتاکانی یەکەمی ژیاری مرۆیی دادەنرێت، هەروەها وامان زانی ژمارەیەکی بێشومار لە مرۆڤەکان (زۆربەشیان بێ گوناهن) کوژراون، یان لە دۆڵی ڕافیدەیندا لەناودراون، بەهۆی پیادەکردنی خوێناویی شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن، بەشێوەیەک لە مێژووی ئەم وڵاتەدا سەتەیەک نابینینەوە شەپۆلێک یاخۆ پتر لە شەپۆلێکی بەکۆمەڵی تێدا بەدی نەکرێت، کە لەسۆنگە و هۆ و مەبەستی هەمەجۆر و جیاجیاوە (ڕاستەقینە یاخۆ وەهمی) لەبەر باوەڕ یاخۆ سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ئاینی، ئابووری، نەتەوەیی، یان تاییفی پراکتیزە و ئەنجام دران، کە بەپێی چاخ و ڕۆژگار گۆڕاون.

لامان ڕوون بووەوە چەمکی ڕیشەکێشکردن بەپلەی یەکەم پشت بەدروشمی سەپاندنی ئیرادە یاخۆ باوەڕ دەبەستێت، لەگەڵ فرەوانکردنی هەژموون و دەسەڵاتخوازی بۆ بەرژەوەندیی تاقە توێژێک لە کۆمەڵگەدا، هەلی بۆ ڕێکەوت شێوازەکانی هێزی مادی و فاکتەرەکانی پاوانکردنی لە قۆناخێک لە قۆناخەکاندا لە کۆمەڵگەدا بۆ فەراهەم بێت، کە لە دەسەڵاتخوازی و پارە و سوپادا خۆی دەنوێنێت.

بەگشتی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ بەچەمکە هاوچەرخەکەی دروشمێکی دیکتاتۆرییە، بەپلەی یەکەم ئامانجی ژیانی مرۆڤەکان و گوزەران و ئازادی و هزریانە، کە زۆر جار دروشمی جێبەجێکردنی دیکتاتۆرییەتەکانی دەسەڵاتخوازیی باوەڕە لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا بەشێوەی بەشوێن یەک و بەدوای یەکدا هاتن و جێگۆڕکێ.

وێڕای ئەوەی دروشمی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا لەژێر چەندین ناو و پاساو و دروشم

و بەهانە و مەبەستی جیاجیا و گۆڕاودا پیادە کراوە و ئەنجام دراوە، کەچی ئینجاش چەمکی ڕیشەکێشکردن و ئاماژە و واتا و شوێنەوار و ئەنجامەکانی بەجێگیری ماونەتەوە بەشێوەیەک لە گشت سەردەمەکاندا گۆڕانیان بۆ نییە و مەبەستێلێکن لە ماناکانی بەزاندن و بەرزخوازی و زۆرداری و تاکرەوی و وەلاخستن و ملهوڕی و سەپاندنی ئیرادەی توێژێک و پەراوێزخستن (سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی، ڕۆشنبیری، تاییفی... هتد) دەرناچن، لەگەڵ بەکاربردنی شێوازەکانی هێزی داپڵۆسێنەر لە جێبەجێکردنی چەمک و ئاماژەکانی وەکو کوشتن، جینۆساید، کۆچ پێکردنی دانیشتوان، ئابڵووقە، گرتن، نانبڕین و بەکۆیلەکردن.

دووەم: سیفەتە هاوبەشەکانی پرۆسەی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا:

پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریمان کردووە بەپشتبەستن بەچاودێریکردن و دیاریکردن و بەراوردی بابەتییانە و مێژوویی بۆ زۆربەی ڕووداوەکانی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا، هەروەها توانیومانە دیارترین سیما و مانا و وەسفی هاوبەش لەنێوان شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردندا دەستنیشان بکەین، کە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە تا ئەمڕۆ لە دۆڵی ڕافیدەیندا ئەنجام دراون و پێڕەو کراون.

لێرەدا دەکۆشین گرینگترین ئەو ئەنجامانە بخەینە بەرچاو، کە لە دەستنیشانکردنی سیفەتە گشتییەکان و سیما چەسپاوە هاوبەشەکانی شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵدا پێیان گەیشتووین، کە پێی هەستاون یاخۆ دوورنییە لە ئایندە لەم وڵاتەدا ئەنجامی بدەنەوە.

بۆمان ڕوون بووەوە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ لە مێژووی عێراقدا ئەم سیما و سیفەتانەی خوارەوەی هەن:

١. پرۆسەی ڕیشەکێشکردن هەمیشە ئامانج و دروشمی دیاریکراو بەکات و شوێنەوەی دەبێت و لەسەر شێوەی شەپۆلێکی توندی بەپەلەی پڕ لە جۆشوخرۆش و هەڵکشان و توندی دەبێت، هێندە نابات دادەمرکێتەوە، یان دەکشێتەوە، یانیش دەوەستێت. ئەمەش پاش ئەوەی وڵات و خەڵک و شارەکان بەخوێن و خەم و ستەم و دوژمنکاریی تۆڵەسەندنەوە ڕەنگ دەکات، بەدەگمەنیش پراکتیزەکردنی شەپۆلی ڕیشەکێشکردن لەلایەنی زەمەنییەوە درێژە دەکێشێت، چونکە پێوەندە بەکێشەیەکی دیاریکراوەوە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا و لەسەر ئەم بنەمایە زۆر جار مۆرکێکی کاتی و هەڵچوون و تۆڵەسەندنەوەی گرتووەتە خۆ و پێوەستە بەقۆناغێکی دیاریکراوەوە، تەنانەت گەر جێبەجێکردنی چەند ساڵێکیش بخایەنێت، لەبەر ئەمە ئەو قوربانییانەی لەهەر پرۆسەیەکی ڕیشەکێشکردندا پێوە دەبن دەبنە قوربانیی ئەو شەپۆلە و ئەو قۆناغە، واتا لەو شەپۆلەی ڕەنگە لە سەردەمێکی تردا دووبارە نەبێتەوە، بۆیە ئەوانە قوربانیی دروشمێکی دیاریکراون لە سەردەمێکی دیاریکراودا.

هەرچی ئەوانەن، کە قوتاریان دەبێت و ئەو بەڵایە تێ دەپەڕێنن و لە مەرگ ڕزگاریان دەبێت، ئەوا

دوای کۆتاییهاتنی شەپۆلەکە ژیانێکی سروشتی لە هەمان کۆمەڵگە و هەمان وڵاتدا دەژێن، ئەو قوربانییانەی بۆ نموونە لە چاخی یەکەمی عەباسییەکاندا لە سەردەمی خەلیفە ئەلمەهدی لە شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی زەنادیقە (زنادقە) لەو سەردەمەدا بوونە قوربانیی ئەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە، کەچی دوای ماوەیەکی کورت و لە هەمان دەوڵەتی عەباسیدا کەسان و شاعیرانێک لەوانە زەندیقتر بوون، کە بەتۆمەتی لە ئاین دەرچوون لە ڕۆژانی ئەلمەهدیدا لەدار دران، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە، یا بیانخاتە بەندیخانەوە، یان بیانکوژێت، بەڵکو لەوەشی تێ پەڕاند و هەندێکیان بوونە هاوەڵی فەرمانڕەوا، یاخۆ لە شەوئاهەنگەکانی ڕابواردن و خواردنەوەدا بوونە هاودەمی مەی و بادەی خەلیفە، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم شەپۆلانەی ڕیشەکێشکردن لە هەموو سەردەمەکان و لە پراکتیزەکردنی بەکردەنیدا شەپۆلی ناجێگیر و ناهەمیشەیین.

نموونەش لەسەر ئەمە نەتەوەپەرست و بەعسییەکانن ئەوانەی هەڵواسران، یاخۆ بەدەستی شیوعییەکان لە ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ و دوای ئەوەش ڕاکێشران، دەکرا دوای کۆتاییهاتنی شەپۆلی ڕیشەکێشکردنەکە ژیانێکی ئاسوودە بژیانایا، ئەو هەڵمەتەی شیوعییەکان دژ بەبەعسی و نەتەوەپەرستەکان (قەومییەکان) ئەنجامیان دا، هەروەها ئەو شیوعییانەی بەدەستی حەرەس قەومی (الحرس القومي) لە ماوەی شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە بەرفرەوانەکەی شوباتی ١٩٦٣دا کوژران یاخۆ لەسێدارە دران، یان لەناودران، دەکرا دوای تەواوبوونی ئەو شەپۆلە شێتانەیەی ڕیشەکێشکردنە خوێناوییە ژیانێکی ئاسایی و ئاسوودە بژیانایا، هەر بەکردەنیش وابوو، ئەوەبوو هەندێک لەو شیوعییانەی لەو پەلامارەدا لە مردن ڕزگاریان بوو، دوای ئەوە بوونە دۆستی ڕێژیمی داهاتوو و گفتوگۆ و دانیشتنی بەرفرەوانیان لەگەڵ ڕێژیمەکە و لەگەڵ سەدام حوسێن خۆیدا ئەنجام دا، هەندێکیان وایان لێ هات هاموشۆی کۆشکی سەرۆکایەتییان لە بەغدا دەکرد و زۆریش ڕێزیان لێ دەگیرا، ئەمەش هەر دوای ئەوە بەچەند ساڵێکی کەم لەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنەی سەدان شیوعیی لەناو دا.

هەروەها هەمان کار بەئەندامانی حزبی دەعوە و هەندێک لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کرا، ئەوانەی دوای ڕووخانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠٠٣ و کۆتاییهاتنی شاڵاوی دۆزەخیی ڕیشەکێشکردن لە مردن و لەداردان و قەڵاچۆکردن قوتاریان بوو، کە ڕێژیمەکەی سەدام حوسێن بەر لە ڕووخانی بەڕێوەی برد، ئەویشی مرد بووە قوربانیی ئەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنەی بەنەمانی ڕێژیمەکە دوایی هات.

٢. شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن لەکاتی پێڕەوکردندا چەندێک بخایەنن جێگیری یان وەستان لە ئاستێکدا نازانن، چونکە یان زیاد دەکەن یان کەم، لەبەر ئەوە لە جووڵەیەکی هەمیشەییدان، یان بەرەو فرەوانبوونەوە و چوونەسەر و پێ ڕاکێشان و توندوتیژی هەنگاو دەنێن، یانیش بەرەو پاشەکشە و لەبەر یەک هەڵوەشانەوە و پووکانەوە مل دەنێن، هۆیەکەشی ئەوەیە پرۆسەی

ڕیشەکێشکردن هەر لە بناخەدا شێوەیەکە لە شێوەکانی چالاکیی تۆڵەستاندنەوە، ڕەنگە درێژترین شەپۆلی ڕیشەکێشکردن لەڕووی کاتەوە لە مێژووی عێراقدا ئەو شەپۆلە بێت، کە لەچاخی ناوەندی عەباسیدا بەدەرکەوت و ناوی بیردۆزی خوڵقاندنی قورئانی لێ نرا، کە پاشان قسەی لەسەر دەکەین، ئەوەبوو بەدرێژایی سەردەمی مەئموون و فەرمانڕەوایی موعتەسەم و واسق بەردەوامیی هەبوو. نەشوەستا، تاکو خەلیفە متەوەکیل هاتە سەر حوکم، کە بڕوای بەم بیردۆزە نەبوو، یاخۆ گرینگیی بەپێڕەوکردنی نەدەدا، ئەوەبوو کاری پێ نەکرد و متەوەکیل قسەکردنی لەسەر قورئان قەدەغە کرد، ئەوانەشی لە گرتیگەکان بوون لە خەڵکانی وڵاتانی تر و ئەوانی لە سەردەمی خەلافەتی واسق بردران و ڕاپێچ کران، هەموویانی ئازاد کرد و پۆشاکی بۆ کرین، جگە لەمە نامەی بەهەر چوار لادا بڵاو کردەوە، کە ئیتر ڕێ بگیرێت لە چەندوچوون و مشتومڕ، ئیدی خەڵکەکە بەقسەی ئەو وەستان.[٢]

متەوەکیل ڕووی لە پیادەکردنی شەپۆلێکی تری نوێی ڕیشەکێشکردن کرد، کە لەگەڵ ڕا و قەناعەتەکانیدا بگونجێن، ئەوەبوو پشتگیریی لە ناسبییەکان دەکرد، ئەوانەی بەرابەر بەئیمام عەلی هەڵوێستی دوژمنکاری و بوغزاندن و کینەیان خستەگەڕ، بۆیە دەستی کرد بەپیادەکردنی شەپۆلێک لە ڕیشەکێشکردنی توند دژ بەپێڕەوان و خۆشەویستانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و کوڕەکانی، ئەوەبوو گۆڕی ئیمام حوسێنی ڕووخاند و نەیهێشت کەس سەردانی بکات، پاشان یەعقووب بن ئەلسکێتیی ئیمامی ڕەوانبێژیی لە چاخی عەباسیدا کوشت، چونکە ڕەتی کردەوە جوێن بەعەلی کوڕی ئەبو تالیب بدات، بەمە ئەو شەپۆلی دێرینی ڕیشەکێشکردنە وەستا، کە دژ بەوانە بوو بڕوایان بەبیردۆزی خوڵقاندنی قورئان نەبوو و گۆڕا بەشەپۆلی ڕیشەکێشکردنی ئاراستەکراو بەرەو شوێنکەوتووانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و خۆشەویستانی لە عێراقدا، بەم ئاوایە عێراقییەکان شەپۆلێکی نوێیان لە ڕیشەکێشکردن بەرکەوت لە ناوەڕۆکدا لەوی پێشوو جیاوازتر نەبوو، بەڵام بەناوێکی تازەوە بوو.

٣. پیادەکردنی میتۆدی ڕیشەکێشکردن لە هەر کات و شوێنێکدا ئەو پاساو و پاڵنەرە دەداتە دەستەوە بۆ هەستان بەچالاکیی سیاسی لەنێو ڕیزەکانی ئەو توێژانەی ڕووبەڕووی ڕیشەکێشکردن دەبنەوە، بۆیە ئەمانە ناچار بەوە دەبن بەقەوارە و دامەزراوەی نهێنی خۆیان ڕێک بخەنەوە، یەکەم بۆ پاراستنی بوونی خۆیان و دووەم ڕەنگە لەپێناو ئامادەکردنی هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوەی ڕیشەکێشکردن دژ بەنەیارەکانیانی ئەنجام بدەن.

ئەمەش بەکردەنی لە خۆ ئامادەکردنی نهێنیی بۆ شۆڕشی عەباسی دژی دەوڵەتی ئەمەوی ڕووی دا، هەروا‌ش بوو، ئەوەبوو لە سەتەی چواری کۆچیدا لە خۆ سازدان بۆ شۆڕشی زنج لە بەسرەدا دژ بەحوکمی عەباسی ڕووی دا. هەر ئەمەش لە خۆ تەیارکردن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٥٨ی زایندا پاش پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردن ڕووی دا، کە ئەو ڕێژیمە دژ بە شیوعییەکان و باقی نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان ئەنجامی دان، هەمان شتیش لە ساڵی ١٩٦٣دا

لە کـاتی خـۆئامـادەکـردن بۆ ڕووخـاندنی ڕێژیمی عـەبدولکەریم قـاسم لەدوای پرۆسـەکـانی ڕیشەکێشکردن و ئابڵووقەدان دژ بەنەتەوەپەرست و بەعسییەکان جێبەجێ کران، هەر ئـەمەش لە سـەرجەم ئەو کودەتا و ڕاپەڕینە سـەرکەوتوو و سـەرنەکەوتووانـەی لە عێراقدا ڕوویان داوە ئەنجام دران.

٤. تەنیا پاڵنەرە سیاسییەکان نەبوون لەودیو پرۆسـەکانی ڕیشـەکێشکردنەوە بوون لە مێژوودا، بگرە

ئەنگێز و هۆی تری نەتـەوەیی یان ئاینی، یان ڕەگەزپەرسـتی، یاخۆ دەسـتـەیی یان کۆمـەڵایەتی، یاخۆ تاییفی بوون، وەلێ زۆربەی زۆری ئەو پرۆسانەی مێژوو لە عێراقدا بەخۆوەی بینیون خۆیان دابووە سـەر هۆ و پاڵنەری باوەڕداری، لەو پاڵنەرانەیش بەچاوپۆشی لە ئەنجـامـەکـانی پاسـاوی باشی دەبینی بۆ دەستپێکردن بەپرۆسەکانی ڕیشەکێشکردن و پیادەکردنی دژ بەنەیارەکانی.

تەنانەت ئەگەر سـەرپـەرشـتـیارانی پرۆسـەی ڕیشـەکێشکردن بڕوایان بـەڕاسـتیی ئەو پاسـاوانە نەبێت، کە بۆ خـەڵکی ڕادەگەیەنن هۆیەکانی هـەسـتـانیان بەشاڵاوی ڕیشـەکێشکردن و زانینیان هۆیلێکی هەڵبەستراون، ئەوا بەهـەموو گوڕێکیانەوە لە ئەنجامدانی ڕیشەکێشکردن بەردەوام دەبن، چونکە یەکێک لە شـێوەکانی خۆبەزلزانین و سەپاندن و دەسەڵاتخـوازیی باوەڕداری دەنوێنێت، کە حـەزدەکـەن لە وڵاتدا بڵاوی بکەنەوە و پێـڕەوی بکەن و بیگشـتـێنن. هـەروەها هێـمـایە بۆ فەراهەمکردنی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا لە ڕێگەی ناچارکردنەوە.

پاساوە ڕاگەیەنراوەکانی حەمورابی لە ساڵی ١٧٦٢ی پێش زایندا[٣] بۆ وێرانکردنی شـانشـینی مـاری و سـووتاندنی و خـاپوورکـردنی کـۆشکی پاشـایی، کـە بەسـەرسـووڕهێنەرەکـانی جـیـهـان دەژمـێررا: گـوێگرتن لە خـواسـتی هـەر یـەک لە خـواوەندەکـانی ئینلیل و ئانۆ بەتـەفروتووناکـردنی شانشینی ماری، ئەوەبوو لەسـەر خـواست و داوای خـواوەند بەخـۆی خـاپوور و وێرانی کرد، بەمە مرۆڤ و کەسـەکان لە شانشینی ماریدا ئەوانەی کوژران یاخۆ کۆچ پێ کران یاخۆ پەندیان درایێ، قـوربانیی تووڕەیـی هـەردوو خـواوەند ئینلیل و ئانۆ بوون، نەک قـوربانیی حـەمـورابی و پـەلامـارە سـەربازییـەکەی بەسـەر شـارەکەدا، وەکو دەیەوێت قـەناعـەتمان پێ بێنێت، ئەمـەش بەهانەیەکە بێ گومان درۆیەکی ڕووهەڵماڵراو و هۆیەکی بێ واتا قەناعەت پێ نەکراوە.

تا ڕادەیەک کاری لەم بابەتە لە سـەرجـەم کارەکانی هێرشـبـردن و ڕیشـەکێشکردندا کراوە، کە پاشـای وڵاتـەکـان لە شـانشـینەکـانی بەرایی لە هەزارەی سـێـیـەمـی بەر لە زاین دژ بەیەکدی لە میـزۆپـۆتامـیادا ئەنجامـیان داوە، ئەوەبوو پاسـاوی یەزدانیی ئاینی غـەیبـیی ئاسمانی پێشکێش کراون و هۆیە دنیاییـە ڕاستەقینەکانی ئەو شـەپۆل و هێرشـانە ناو نەهێنراون، کە خۆی لە حەزی خودییاندا دەبینێتـەوە لە سـەپاندنی پاوانکردن و دەسـەڵات بەسـەر شـارەکانی تـردا و تاڵانکردنی سامانەکەیان.

٥. پیادەکردنی هەر پرۆسەیەک لە پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردنی سیاسی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یان ئاینی لە وڵاتدا زۆر جار شەپۆلێک لە ڕیشەکێشکردنی پێچەوانەی دژ دوای ماوەیەک ڕەنگە درێژە بکێشێ یان ئەوەندەی پێ نەچێت دێتە کایەوە، لە ڕاستیدا سروشتێکی تۆڵەسێنەرەوانە و هەڵچوونی هەیە، بەرزترین شێوەی چەوساندنەوە و پەنددادان و توندوتیژی و ملکەچکردن بەکاردەهێنرێن و ڕووداوی ئەوپەڕی دڕندانەشی تێدا دەقەومێت. سەرجەم ئەو کارە سەربازییە پاکتاوییانەی نەینەوا لە سەردەمی ئاشووریدا دژ بەزۆربەی پاشا و وڵات و شارەکانی دەوروبەری پیادەی کردوون، کە بەڕیشەکێشکردنی دڕندانە و قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵی دانیشتووانەکە و پەنددادان و کۆچ پێکردن و ستەمی ناشیرین دەناسرێتەوە، دوای ماوەیەک بووە هۆی دروستبوونی پەیمانی بابلی میدی، ئەوەبوو شاڵاوێکی ڕیشەکێشکردنی تۆقێنەرانەی دژ بەنەینەوا ئەنجام دا، بووە ئەگەری داگیرکردن و سووتان و بەتەواوی تەفروتوناکردن و قڕکردنی میللەتەکەی و خانووەکانی، بەڕادەیەک دوای خاپوورکردنی خانووەکانی و پەرش و بڵاوکردنەوەی بەردەکانی، ئیتر نەدەناسرایەوە و بۆ یەکجاری لە مێژوو دەرچوو.

هەروەها شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی تۆقێنەری یەک بەدوای یەک، کە لە عێراقدا ڕووی دا لەنێوان کار و کاردانەوەدا، کە پاشان قسەیان لەبارەوە دەکەین.

٦- هەموو ئەوانەی ڕیشەکێشانیان لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژووی عێراقدا پێڕەو کرد و ئەنجامیان دا، ڕەنگە وایان زانیبێت لەسەر حەق بوونە و بایی ئەوەندە پاساو و هۆیان هەن وایان لێ بکەن پراکتیزەی ڕیشەکێشکردن دژ بەدوژمنەکانیان بکەن، زۆر جار هەڵمەتەکانی ڕیشەکێشکردن کۆتاییەکی باشیان نەدەبوو و دەبوونە هۆی زیانی مرۆیی و مادی و ژیاریی جێی داخ و خەم، گەلێک جاریش لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، کە لەبەر ئەوە ئەنجامیان دابوو، سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا، هەروەها تۆڵە و ڕق و کینە و مرۆێلێکیان جێ دەهێشت، بەدرێژایی ساڵانێک لە هەڵێک دەگەڕان بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەمەش کاریان دەکرد بۆ تێکدانی دۆخی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا، ئیدی پرۆسەی ڕیشەکێشکردن دەشکایەوە بەسەر ئەوانەی پێی هەستابوون و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکرد و دەبووە بەڵایەک بەسەر خۆیانەوە لە کەوتن و بنجبڕکردنیاندا.

ئەوانی ڕیشەکێشکردن ئەنجام دەدەن، لەو بڕوایەدان مافی خۆیانە جێبەجێی بکەن، چونکە سەرجەم ئەوانەی دەرگیری ڕیشەکێشکردن دەبن چ تاک و چ بەکۆمەڵ وادەزانن ستەمیان لێ کراوە و تووشی چەوسانەوەیەک هاتوون هیچ پاساوێکی نییە.

ڕەنگە قورس، یاخۆ ئەستەم بێت کەسێک بتوانێت قەناعەت بەلایەنێکی عێراقی بهێنێت، کە پێڕەوی ڕیشەکێشکردن دەکات، کارێکی هەڵە، یاخۆ خراپ، یان وێرانکەر دەکات، هەروەها ناتوانێت لەگەڵیدا بگاتە چارەسەر، یان قەناعەتێک بەپێی ئەوە هەڵمەتی ڕیشەکێشکردن

هەڵوەشێنێتەوە، کە پێی هەڵدەستێت و جێبەجێی دەکات و ناوەستێت، تاکو دەگاتە کۆتاییە تراجیدییەکە یاخۆ ڕێگە داخراوەکە و دوای بەسەرچوونی، ئیدی دوورنییە ئەودەم ئەوانی تر دەست بەڕیشەکێشکردن و پەندداداني بکەن...

له عێراقدا پرەنسیپی ڕێز و سەربەرزی بەگوناه وەردەگیرێت و مکوڕبوون لەسەر هەڵەکردن و بەردەوامی لە ڕیشەکێشکردنی ئەوانی تردا لەپێشی پێشەوەی ئەو گفتوگۆ، یاخۆ ئەو مشتومڕانەیە، کە لەگەڵ تێوەگلاوانی لە شالاوێک لە شالاوەکانی ڕیشەکێشکردندا دەکرێت...

شیمانەی ڕاست لە هەڵوێستی تاکی عێراقیدا بەردەوامییە لە دڵەڕاوکێ و سووربوون لەسەر درێژەدان بەڕیشەکێشکردن تاکو کۆتایی، بێ ئەوەی ئاوڕێک بدرێتەوە، یا گوێ لە هەر ئامۆژگارییەک لەم بارەیەوە بگیرێت...!

٧. ڕیشەکێشکردن لەوەدا کورت ناکرێتەوە مرۆڤ دوورەپەرێز یاخۆ پەراوێز بخرێت، یان دوور بخرێتەوە لە بەشداریکردن لە چالاکیی کاریگەری ژیانی، بگرە لەوەش تێدەپەڕێنێت بۆ ریسواکردنی بیروباوەڕ و بیردۆزەکانی ئیمان و دەستدرێژی کردنە سەر پەرستگەکان و خاپوورکردنی هێماکانی خواپەرستی و ڕێورەسمی تایبەت بەهەر ئاینێک یان باوەڕێک و تێکشکاندنی پەیکەر و کۆتەڵ و مینۆمێنت و داوونەریتی ئاینیی تایبەت بەلایەنگرانی ئاین، یاخۆ ئەو بیروباوەڕەی دەرگیری ڕیشەکێشکردن دەبێت.

کۆنترین نموونە لەسەر ئەم جۆرە لە ڕیشەدەرکردن ئەوەیە، کە پاشای سۆمەر (لۆکاڵ زاکیزی)ی پاشای شانشینی ئوما (٢٣٦٥-٢٣٤٠پ.ز) دژ بەشانشینی لەکشی هاوسێی ئەنجامی دا، ئەوەبوو هێرشێکی وێرانکەری دژی بەرپاکرد (پەرستگەیەکی نەهێشتەوە نەیرووخێنێت، هەروەها شوێنەوارێکی لە شوێنەوارەکانی ژیاری جێ نەهێڵا تەفروتوونای نەکردبێت، چی بەپەرستگە و شوێنەوارەکان کرد هەمان شتیشی بەخەڵکەکەی کرد، دنیایەک کوژراو و برینداری لێ جێهێشتن، بەشێوەک ڕێگەکان پڕ لە تەرم بوون).[٤]

ئەوی دەیزانین ئەو دوو شانشینە (ئۆمما و لەکش) لە شانشینە دێرینەکانن، کە بەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین لە میزۆپۆتامیادا دامەزراون، بەم شێوەیە ئەو ڕیشەکێشکردنەی لۆکال زاکیزی ئەنجامی دا وێڕای مرۆڤەکان پەرستگە و شوێنەوار و هێما ئاینییەکانیشی گرتەوە.

هەروەها لەو نموونانەی دەشێت پەرستگە و هێما و ڕێورەسمە ئاینییەکان لەمیانەی پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردنەوە تووشی بێن، ئەوەبوو کە ئێزیدییەکان لە گوندەکانی شێخان لە دوادواییەکانی سەردەمی عوسمانیدا ساڵی ١٨٩٢ز تووشی هاتن، لە پەلاماری ڕیشەکێشکردنی ترسناک ئامانجی پاڵەپەستۆ خستنە سەریان بوو، تاکو واز لە ئاینەکەیان بهێنن و بچنە سەر ئاینی ئیسلام، هەینێ ڕەتیان کردەوە، عوسمانییەکانیش کەتیبەیەک سەربازیان ناردە سەر ئەو گوندانەی نێزیک بەموسڵن، ئەوەبوو تاڵانیان کردن، مەڕ و ماڵاتیان بردن، ئافرەت و منداڵەکانیان دایە پێش

و كردیانن بەكۆیلە، زۆرێك لە زەلامەكانیان كوشتن و ئاگریان لە چوار گوندیان بەردا، بەخەڵك و مەڕ و ماڵاتەكانیانەوە سووتێنران، هەروەها گومەزی گۆڕەكانیان خاپوور كردن و دەستیان بەسەر ئاڵاكانیاندا گرت (حەوت پەیكەرەكەی هێمای تاووس پاشا بوون، بەیەكیان دەگوت بەیداخ و پێكهاتبوو لە شێوە مۆمدانێك باڵندەیەك بەسەرییەوە وەستاوە و بەتەنیشتییەوە شتێك لە جام دەكات).[٥]

هەروەها عوسمانییەكان دەستیان بەسەر هەر شتێكدا گرت نیشانەی شتی پیرۆزی ئێزیدییەكان بێت و بۆ بەغدایان ناردن، لەوێ لە خەزێنەی سوپادا پاراستیانن.

بەم ئاوایە دەردەكەوێت لەم شەپۆلی ڕیشەكێشكرنەدا هێما ئاینییەكانیش تووشی ڕیشەكێشكردن هاتوون، نەك تەنیا هەر مرۆڤەكان.

هەروەها دەشێت چەمك و هزر و ڕۆشنبیری، فێركردن و پەروەردە و سەرجەم چەشنەكانی كارە داهێنەرانە و هونەرییەكانی وەك تۆژینەوە، نووسین، دانان، لێكۆڵینەوە، ڕەخنە، پەخشان، هۆنراوە، شانۆ، موزیك، نیگاركێشان، ستران، پەیكەرتاشی و هی تریش بەر ڕیشەكێشكردن بكەون.

لەو نموونە كۆنانەی سەبارەت بەم جۆرە ڕیشەكێشكردنە لەبەردەستماندان، ئەوەیە كە لە سەردەمی عەباسیدا بەسەر شاعیر و بیرمەندی سۆفیگەریی ناودار حوسێن بن مەنسوور ئەلحەلاجدا هات، دوای ئەوەی هەڕەشەیان لە هاوەڵەكانی حەلاج كرد شایەتی لە دژدا بدەن، كە داوای خوایەتی كردووە، پاش ئەوەی لێژنەیەك لە زاناكان، كە نوێنەری سەرجەم ئاینزاكانی تێدا بوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە وتووێژی هزری و بیروباوەڕ لەگەڵیدا كردیان و شكستیان هێنا، بڕیاری سێدارەیان بەسەردا دا، ئەوەبوو حوكمەكەیان لە بەغدا ئەنجام دا، بەشێوەیەكی تابڵێی دڕندانە بەبڕینی هەردوو دەست و قاچی و سەری و سووتاندنی تەرمەكەی و خۆڵەمێشەكەشیان فڕێدایە دیجلەوە و سەرەكەشیان بەپردێكەوە هەڵواسی... دوای لەداردانی و ڕیشەكێشكردنی جەستەی لە بەغدا بڕیارێكی حكوومی دەرچوو (كتێبەكانی ئەلحەلاج نە بكڕێن و نە بفرۆشرێن)،[٦] ئەم بڕیارەش مانای ڕیشەكێشكردنی هزری ئەلحەلاج و باوەڕەكەیەتی، كە بانگەشەی بۆ دەكرد، بەتایبەت بیردۆزەكەی لە ناسووت و لاهووتدا، كە لەوەدا كورت دەبێتەوە، سیفەتەكانی خوا دەكرێت لە خەڵقەندەكانیدا بەرجەستە ببن. ئەو بڕیارەی لە دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەواوە لە بەغدا لەو سەردەمەدا لە سەرەتای سەدەی چواری كۆچیدا (٣٠٩ك) دەرچوو، لە ڕیشەكێشكردنی جەستەی ئەلحەلاجی بیریار و شاعیر و مرۆڤیشی تێپەڕ كرد بۆ ڕیشەكێشكردنی باوەڕ و نووسین و هزر و كتێبەكانی، ئەمەش بەڕێگەگرتنی كتێبەكانی لە دەستاودەستكردن و قەدەغەكردنی فرۆشتن یان كڕینیان.

ئەو بڕیارەی دەسەڵاتی عەباسی لە ڕۆژگاری ئەلموقتەدیردا لە بەغدا دەری كرد لاپەڕەیەكی

شەرمهێنە لە لاپەڕەکانی ڕیشەکێشکردنی هزری لە مێژووی عێراقدا.

لە کۆتاییی سەدەی بیستدا لە سەردەمی سەرۆک سەدام حوسێندا یاسایەک دەرچوو بەناوی (یاسای سەلامەتی هزری)، ئەم یاسایە تایبەتمەند بوو لە ڕادەی دیارکردنی گونجان، یا ڕێکەوتن، یان کۆک بوونی هەر توێژینەوە، یاخۆ لێکۆڵینەوە، یان وتار، یان کتێب، یاخۆ ڕۆژنامەیەک، یان هەر نامەیەکی توێژینەوەی زانکۆیی لەگەڵ هزری حزبی بەعس لە عێراقدا، یان لەگەڵ وتەکانی سەرۆک سەدام حوسێن و بیروباوەڕەکەیدا، ئەم بڕیارەش سەرجەم کارمەندانی کەرتی ڕۆشنبیری و کارمەندانی چالاکیی پەروەردەیی دەگرتەوە، بەو مەرجەی نابێت هیچ کەسێک لە بواری پەروەردە، یاخۆ فێرکردندا کار بکات، ئەگەر لێهاتووییەکەی چەندێک بێت بۆ کاری مامۆستایی، یاخۆ مامۆستای زانکۆ ئەگەر سەر بەحزبی بەعس نەبێت، هەروەها هەر یەکێک خزم و کەسی هەبێت سەر بەحزب و جوولانەوەی سیاسی دژ بەحزبی دەسەڵاتدار بن، یاخۆ خزمێکی نێزیکی بۆ دەرەوەی عێراق هەڵاتبێت، یاخۆ بۆ یەکێک لەو وڵاتانەی چالاکیی دژ بەڕێژیمی عێراقی تێدا ئەنجام دەدرێت.

قبووڵکردن یاخۆ وەلانانی هەر بەرهەمێکی هزری، یان ڕۆشنبیری، یان داهێنەرانە لە هەر جۆرێک بوایا دەدرایە لێژنەیەکی تایبەتمەندی حزبی دەسەڵاتێکی یەکلاکەرەوە و فەرەوانی پێ درابوو، هەڵدەستا بەپشکنینی هەر شتێک پێوەندیی بەچالاکیی هزرییەوە هەبێت، چارەنووسی دیار دەکرد و مافی قبووڵکردن یاخۆ ڕەتکردنەوەی هەر بەرهەمێکی هزری هەبوو لەگەڵ ئەو مەرج و پێوەرانەی باس کران نەهاتایەتەوە...

ئەو یاسایەی تاکو کۆتایی سەدەی بیست کاری پێ کرا لاپەڕەیەکی شەرمهێنی تر بوو لە مێژووی ڕۆشنبیری و هزری وڵاتی میزۆپۆتامیادا، هەروەها وێنەی لاپەڕەیەکی واقعی بوو لە پێڕەوکردنی بەکردەنی بۆ ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی بیروباوەڕ لە بواری هزر و ڕۆشنبیریدا، جێی داخە چارەسەر و پێهەستان و کاردانەوەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دوای ڕووخانی دیکتاتۆریی خۆسەپێن لە عێراقدا لە ناوەڕۆکدا زۆر لەو شەپۆلی تیرۆری هزرییەی پێشوو جیاوازتر نییە، کە سەردەمی سەدام حوسێن بەخۆی لە بواری ڕۆشنبیری و ئازادیی هزری و پەروەردە و فێرکردندا پابەندی بوو.

ئەو پێهەستانانەی (اجراءات) لە کەرتی فێرکردندا گیراونەتە بەر ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەت ڕوو لە ڕیشەکێشکردنی هەموو بەعسییەکان و لایەنگرانی ڕێژیمی پێشوو دەکات بێ جیاوازی و دوورخستنەوەیان لە پیشەی فێرکردن لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، ئەمەش لەبەر ڕێگرتنیان لە کارتێکردن، یاخۆ هاندانی نەرێنی لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە و چالاکیی هزریدا، بەمەش دەسەڵاتی نوێ بەگرتنەبەری شێوازی ڕیشەکێشکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەکەوێتە هەمان هەڵەی کوشندەوە، کە ڕێژیمی پێشوو تێی کەوت.

ئێمە لەڕووی بۆچوونی زانستی و بابەتیی بێ لایەنەوە دەڵێین:

ئەو بەعسییانەی لایەنگری ڕژێمی پێشوو بوون مافی ئەوەیان نییە تووڕەبن، یاخۆ ناڕازی بن لەسەر پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردن، کە ئەو لایەنگرانەی خۆیانیان گرتەوە، کە بەزۆر لە پێشوودا لە کەرتی پەروەردە و فێرکردندا چاندیانن، دوای ئەوەی گشت ئەو بێ لایەنانە، یاخۆ لایەنگرانی حزبەکانی تریان لەڕیشە دەرهێنا، چونکە ئەوان دەستپێشخەر بوون لە ڕیشەکێشکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی حزبی بەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە عێراقدا... لە هەموو دۆخەکانیشدا دەستپێشکەر زۆردارتر بووە، هەروەها دەڵێین، لایەنگرانی ڕژێمی تازە دوای ساڵی ٢٠٠٣ز مافی ئەوەیان نەبوو پرۆسەی نوێی ڕیشەکێشکردن ئەنجام بدەن، کە سەرجەم کارمەندانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە پێڕەوانی ڕژێمی پێشووی گرتەوە، چونکە کاری لەم بابەتە لە ڕیشەکێشکردن جیاوازیی نییە لەگەڵ ڕیشەکێشکردنی پێشوو و جارێکی تر دەمانگەڕێنێتەوە خاڵی سفر و لە داهاتووشدا دەرگە دەکرێتەوە بۆ هەڵمەتەکانی ڕیشەکێشکردن، ئەوانی تر ئەنجامیان دەدەن، بەم شێوەیە سەرلەبەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە عێراقدا وێران دەکات.

چارەسەری دروست و بابەتی بۆ ئەم دۆزە زیندووە بەڕیشەکێشکردن و دەرکردنی بەزۆر و نانبڕین نابێت، بەڵکو بەدانانی بناغە و پێوەرەکانی کارگێڕی و یاسا نەگۆڕەکان و بەپێی بەرنامە دەبێت و لە بالاترین دەستەکانی یاسادانانەوە دەرچوو‌بێت لەپێناو ئەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ولاتدا بپارێزین و دووری بخەینەوە لە گەمە پێکردن و حەزە حزبی و سیاسییەکان و توندڕۆ و بەحزبی کردن و دەستەگەریی لێ دوور بخەینەوە... لەگەڵ پێویستیی سەپاندنی سزای یەکلاکەرەوە و توند دژ بەهەر هەوڵێکی تاکەکەسی، یاخۆ بەکۆمەڵ، کە ئەندامانی دەستەی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بۆ خۆ تێهەڵقورتاندنی حزبی و سیاسی لە کەرتەکانی پەروەردە و فێرکردندا ئەنجامی دەدەن.

نابێت هەڵە بەهەڵەیەکی لە چەشنی خۆی چارەسەر بکرێت. پاڵەوانانی ڕیشەکێشکردن لە سەرۆک و بەرپرسان و ئەندامانی حزبی دەسەڵاتدار لە سەردەمی پێشوودا گۆڕان و ون بوون، هەروەها قوربانییانی ڕیشەکێشکردنیش لە چەوساوە و ستەم لێکراوان گۆڕان و دیار نەمان، ئەوانەی بەدەستی ڕژێمی پێشوو دەرگیری ڕیشەکێشکردن و بەپەندبردن هاتن، کەچی پرۆسەی ڕیشەکێشکردن کاری خۆی دەکرد و پێڕەو دەکرا و شتێکی تێدا نەگۆڕا، جگە لە ناوی کەسەکان و ڕۆڵەکانیان نەبێت، ئەوی زۆردار بوو و ڕیشەکێشکردن و ستەمی پیادە دەکرد، تەریک کەوتەوە و دەرکرا و کەوتە بەر ڕیشەکێشکردن و ئازاردان. هەرچی قوربانییانی دوێنێی ڕیشەکێشکردنن وایان لێ هات بەخۆیان بڕیاری لیستی ڕیشەکێشکردنی تازەیان دەدا و دەستنیشانی ناوی ئەوانەیان دەکرد، کە قەدەغە بوون و جیاکرابوونەوە و کاری ڕیشەکێشکردنیان ئەنجام دابوو.

مێژووی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا مێژوویەکی بەدبەخت و پڕ لە ستەمکاری و ڕق و کینە و هەڵسوکەوتێلێکە لەسەر تۆڵەی پاکتاوکردن وەستاوە، کە بەکۆی ڕووداوەکانییەوە زنجیرەیەک وێرانکاریی بەردەوام پێک دەهێنێت چەندین سەتەیە نەوەستاوە، هۆی سەرجەم ئەو شکست و

سەرنەکەوتنە ژیاری و شارستانییانەن، کە لە گشت لایەکەوە ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، هەروەها ڕیشەکێشکردن هۆیەک بوو لەپشت هەموو ناکۆکییە خوێناوییە وێرانکەرەکانەوە بوو.

پێویستە عێراقییەکان شێلگیرانە بیربکەنەوە بۆ وەستانی زنجیرەی ڕیشەکێشکردن و ڕیشەکێشکردنی دژ، ئەو زنجیرەیەی ناکرێت بوەستێنرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەگەر بەویستێکی ڕاستەقینەی عێراقییانە و بەوپەڕی ڕاستگۆیی و نەخشەیەکی جێگیر و ئازایانەوە ڕووبەڕووی نەبنەوە، هەمووان پابەندی بن لە دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕووخاندنی تیۆری ڕیشەکێشکردن و هەنگاونان بەرێگەی لێخۆشبوون و لێبوردەیی و هەڵکشانی چارەسەر بۆ ئاستە بەرزەکان لە پراکتیکی جدیی دیموکراسیی ئازاد لە کەرتی ڕۆشنبیری و هزر و پەروەردە و فێرکردندا، تاکو بۆ یەکجارەکی ماڵئاوایی لە میتۆدی قێزەونی ڕیشەکێشکردن بکەین، ئیدی دژی هەر لایەک بێت و لەرێگەیەکی ترەوە بگوازینەوە بۆ چارەسەری کێشەکان نەک ڕێگەی ڕیشەکێشکردن و بەگەورەزانینی بیروباوەڕی خۆ و تاکرەوی لە بیروباوەڕدا.

مەزنترین ڕابەر لە مێژوودا توانی بەسەرکەوتووانە چارەسەری دۆزی ڕیشەکێشکردن و ڕیشەکێشکردنی پێچەوانە بکات و چارەی زانستی و واقعی و بنبڕ و تەواوی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش پەیامبەر محەمەدی کوڕی عەبدوڵایە (د.خ).

ئەو هەرچی تۆڵە و کۆنەڕقی کۆکراوە لە ناخدا هەبوون فڕێی دان و گۆڕینی بەدروشمی لێخۆشبوون و لێبوردەیی ڕاستگۆیانە، هەموو ئەمانەی خستە بەر جێبەجێکردنی بەکردەنی لە کاتی سەرکەوتنی یەکجارەکیدا، کە لەشکرەکەی لەودەمی بەرەو مەککە کشا و بەسەرکەوتوویی چووە ژوورەوە، دەیتوانی بەئاماژەیەکی سووک لەوەوە گشت ئەو دوژمنانەی بنجبڕ بکات و لەناو بدات، کە ئازاریان دا و دژی جەنگان و ئازیزترین کەس و هاوەڵ و لایەنگرانیان کوشت و بەتوندترین شێوە ئەشکەنجەیان دان. فەرمووده نەمرەکەی کە لەو ڕۆژەدا گوتی:

(الا كل دم في الجاهلية موضوع - ئەوە باش بزانن کە هەموو دڵۆپە خوێنێک لە جاهلییەتدا ڕژابێت چیرۆکێکی بەدواوەیە) هەروەها (اذهبوا فانتم الطلقاء - بڕۆن ئێوە ئازادن)،[٧] هێشتانەکینێ بەدرێژایی چەندین سەتە و ساڵ دەگونجێ ببێتە نەخشە و وانەیەک بۆ هەموو سەرکردە و فەرمانڕەوا و حزب و میلەتێک لێوەی فێربن، ئەگەر بیانەوێت ئاشتەواییی نیشتمانیی ڕاستەقینە لە هەر وڵاتێک لە وڵاتەکانی سەرزەمیندا بچەسپێنن.

ڕەنگە ئەمڕۆ عێراقییەکان لە هەموو میللەتێک پتر ئاتاجی ئەوە بن پابەند بن بەڕێنماییەکانی پەیامبەری مەزنەوە، بەتایبەت پێویستییان بەئارامی، بەرگەگرتن، لێبوردەیی، نەهێشتنی مەیلی ڕیشەکێشکردن و ڕیشەکێشکردنی پێچەوانەیە لە کۆمەڵگەی عێراقدا.

٨- دوای لێکۆڵینەوەی شێوەکانی پراکتیزەکردنی شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا، بۆمان دەرکەوت دەتوانین ئەو شەپۆلانەی ڕیشەکێشکردن بۆ دوو جۆر دابەش بکەین:

أ) ڕیشەکێشکردنی سەرەتایی.

ب) ڕیشەکێشکردنی گەڕاوە.

أ- ڕیشەکێشکردنی سەرەتایی:

پرۆسەیەکی بەرفرەوانی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوییە (زۆر جار) توێژێک لەکۆمەڵگەدا لە ئەستۆی دەگرن و جێبەجێی دەکەن، پابەندە بەپێڕەوکردنی تیۆری دەسەڵاتخوازیی بیروباوەڕی پشتبەستوو بەباوەڕێک یاخۆ بیردۆزێک، یان ئاینێک، یاخۆ تایفەیەک، یا ڕێکخراوێکی حزبی، یان بزووتنەوەیەک، یاخۆ بۆچوونێک.... هتد. هەڵدەستێت بەبڵاوکردنەوەی و گشتاندنی و سەپاندنی لەسەر فرەوانترین ئاستدا، دووریش نییە بکۆشێت بۆ گۆڕینی بۆ یاسایەک، یان داوونەریتێکی باو و ڕێکخەری ژیان لە کۆمەڵگەدا.

هەرچی ئەو سیفەتەیە، کە ئەم جۆرەی ڕیشەکێشکردن جیادەکاتەوە، ئەوەیە ئەو توێژەی پابەندە پێوەی و دەیگرێتە خۆ و ئەنجامی دەدات پێشتر ململانێی کۆنی لەگەڵ توێژەکان، یاخۆ هێزەکان، یاخۆ لایەنەکان، یان ئەو مرۆڤانەدا نەکردووە، کە هەڵدەستێت بەڕیشەکێشکردن و لەناودانیان، یان جیاکردنەوە و پەڕاوێزخستنیان، لەبەر ئەمە شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی سەرەتایی دەکۆشێت، یەکەم دەست بکات بەمژدەدان بۆ بیردۆزەکەی و چەمک و بەهاکانی بیروباوەڕەکەی و هەوڵ دەدات خەڵکی پێ قایل بکات، پاشان هێندە نابات زوو دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی دووەم، ئەویش دوژمنایەتیکردن بێ هیچ خاوەخاوێک، یاخۆ دواکەوتنێک دژ هەموو بەرهەڵستکاران، یان ئەوانەی تیۆرەکەی، یان تێزەکەی ڕەت دەکەنەوە، بەتایبەت ئەوانەی بەرهەڵستی دەکەن، یان ئەڵتەرناتیڤی تیۆری و هزرییان هەیە و پێوەی پابەندن، ئیتر هێندە نابات هەنگاوەکانی ڕیشەکێشکردنی هەڵکشاوی دوژمنکاری دەست پێ دەکات و ڕێگەی خۆی بەرەو جێبەجێکردن دەگرێتە بەر و ڕەنگە لە سنووری ماقووڵ نەوەستێت.

هەروەها لە ڕیشەکێشکردنی سەرەتاییدا هەڵوێستی پەسندکردن یاخۆ ڕەتکردنەوە، کە ئەوانی تر لە بەرابەر بیروباوەڕ، یاخۆ تیۆرەی سەرکەوتوودا دەینوێنن، بەردی بناغەیە بۆ دیارکردنی کارڕاییەکانی ڕیشەکێشکردن، کە دەخرێنە شوێنی جێبەجێکردنەوە نەک تۆڵەسەندنەوە لە کاری کۆن، چونکە ئەو تۆڵەسەندنەوانە لە بناغەدا زۆر جاران هەر بوونیان نییە.

نموونەی کردەنی و واقعی کە دەکرێت بەبەڵگە بهێنرێنەوە لەسەر هەڵمەتەکانی ڕیشەکێشکردنی سەرەتایی لە مێژووی عێراقدا، ئەو هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنەیە، کە ئەمەوییەکان دەستپێکەریان تێدا کرد دژ بەلایەنگرانی ئیمام عەلی و بەنی هاشم لە عێراقدا، کە عەباسییەکانیشی گرتەوە، پێشتر ئەمانە (بەنی هاشم و عەباسییەکان) هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنیان تا ئەو کاتەش دژ بە ئەمەوییەکان ئەنجام نەدابوو.

هەروەها ئەو هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنەی عەباسییەکان لە چاخی ناوەندی عەباسیدا دژ بەوانە

ئەنجامیان دا، کە بڕوایان بەتیۆری خوڵقاندنی قورئان نەبوو، کە هەر یەک لە مەئموون و موعتەسەم و واسق بڕوایان پێ هەبوو. هەروەها دەکرێت ئەو هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنەیش بەنموونە بهێنرێتەوە، کە ڕێژیمی بەکر و سەدام حوسێن بەر لە تەقینەوە و هەڵکشانی دوژمنداری لەنێوانیاندا دژ بەبزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی دەعوە لە عێراقدا لە دوادواییەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامیان دا، کە پێشتر هەرگیز ئیسلامییەکان پەلاماری ڕیشەکێشکردنیان دژ بەبەعسییەکان ئەنجام نەدابوو.

ب- ڕیشەکێشکردنی گەڕاوە:

پرۆسەیەکی ڕیشەکێشکردنە، کە دوای نەمان یاخۆ وەستانی شەپۆلێکی پێشوو لە ڕیشەکێشکردن دروست دەبێت، کە بەردەوام بوو و دواتر وەستا، ئەمەش لە ئەنجامی کودەتایەکی سیاسی یاخۆ لە ئەنجامی جەنگ، یان نەمانی هێز، یاخۆ لاوازی لە هەژمووندا، یا گۆڕان لە تەرازووی هێزەکاندا، یاخۆ قڵپبوونەوە لە هێزدا، یان مردنی فەرمانڕەوا، یاخۆ لابردنی، یان بزریی سەرکردە، یان ئیمام، یاخۆ خودان بیردۆزی دەسەڵاتداریی سەپێنراو بەهێزی کۆمەڵ یان تایفە یاخۆ حزب.. هتد. بەرامبەر ئەمەش لەپڕ گواستنەوەیە لە دەسەڵات و ئامرازەکانی هێزی مادی و سەنتەری بڕیارەوە بۆ لایەنێکی سیاسی، یاخۆ کۆمەڵایەتیی تر، ئەگەر ڕێکەوت ئەم وەرچەرخانە، یاخۆ گۆڕانە لە بەرژەوەندیی توێژێکدا بوو، کە دەرگیری ڕیشەکێشان و لەناودان بووبێت، ئەوا دەمودەست پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی نوێی تۆڵەستێنی پڕ لە توندوتیژی و پێچەوانە لە ئاڕاستەدا دژ بەکەسان و ئایدیۆلۆجیای هەڵمەتی پێشوو ئەنجام دەدات، زۆر جار کار لەسەر گەمژەکردنی بیروباوەڕ، یان تیۆرەکە، یاخۆ ئەو بۆچوونانە دەکات، کە بڵاو و باو بوون لە پێشوودا و بیروباوەڕ و تیۆرێکی تر دەخاتە ڕوو و مژدەی ڕا و دروشمی نوێی جیاواز دەدات، لەبەر ئەوە گەلێک جار پرۆسەی ڕیشەکێشانی گەڕاوە تۆڵەستێنە، ڕێک ئەمە ڕووی دا لەکاتی سەرکەوتنی عەباسییەکان و ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەویدا لە ئەنجامی ئەو شکستەی لەشکری ئەمەوی تووشی هات، کە مەروان بن محەمەد ناسراو بە(مەروان ئەلحیمار) دوامین خەلیفەی ئەمەوی ڕابەرایەتیی دەکرد، لەو شەڕە یەکلاکەرەوەیەی لەسەر ڕووباری زاب لە بەرابەر سوپای عەباسیدا ڕووی دا، کە عەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی خەلیفە ئەبو ئەلعەباسی ئەلسەفاح بەڕێوەی دەبرد، ئەوەبوو پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی تۆڵەستێنانەی ڕامالکەر دژ بەئەمەوییەکان لە سەرجەم شار و هەرێمەکانی عێراق و دەرەوەیدا بەڕێوەچوو.

هەروەها نموونە لەسەر شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی گەڕاوە، ئەو شەپۆلە بوو کە شیوعی و نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان دژ بەئەندام و لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایی لەدوای ساڵی ١٩٥٨ ئەنجامیان دا، هەروەها ئەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە خوێناوییەی نەتەوەپەرست و بەعسییەکانی عێراق دژ بەشیوعییەکان ساڵی ١٩٦٣ ئەنجامیان دا، لە تۆڵەی پرۆسەکانی وەلاخستن و

پەندپێدان، کە پێشووتر شیوعییەکان لەدژیان ئەنجامیان دابوون.

هەروەها ئەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوییەی، کە ئیسلامییەکان دژ بەبەعسییەکانی سەر بەڕێژیمی سەدام حوسێن دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەنجامیان دا ئەویش چووە چوارچێوەی ڕیشەکێشکردنی دووبارەبوو، پاش ئەوەی ئیسلامییەکان بەدەست شەپۆلێکی درێژماوەی ڕیشەکێشکردنی دڕندانەوە دەیانناڵاند، کە ڕێژیمی سەدام حوسێن جێبەجێی کرد... ئیدی بەم شێوەیە.

لەسەر بنەمای ئەو قسانەی پێشوو، دەتوانین بڵێین: شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی گەڕاوە قەبارەیەکی گەورەتر لە تۆڵەسەندنەوە و حەزی پەنددادان لەخۆ دەگرێت، هەروەها قەبارەیەکی کەمتر لە مژدەبەخشینی بیروباوەڕی تیۆریی فەلسەفی بەهۆی سروشتی ئەو کارانەی لایەنگرانی شەپۆلی گەڕاوە لە ڕیشەکێشکردن پێوەی سەرقاڵ دەبن، کەچی دەبینین شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی سەرەتایی بەشێکی پتر لە مژدەبەخشین و قەناعەت پێهێنانی بیروباوەڕ هەڵدەگرن و قەبارەیەکی کەمتر لە تۆڵەسەندنەوەی پاکتاوی دەگرنە خۆ، کە گەلێک جار جێبەجێکردنی لەبەر نەبوونی شێوازەکانی قایلکردن و ڕازیکردن لەنێوان هاووڵاتییاندا دوادەکەوێت بۆ ملکەچکردن و بۆ بیروباوەڕێکی ستەمکار، یاخۆ ڕای سەپێنراو.

سێیەم: نموونەی مێژوویی هەڵبژاردە لە ڕووداوەکانی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا:

لەخوارەوە ژمارەیەک لە ڕووداوەکانی ڕیشەکێشکردن باس دەکەین، کە لە واقیعی عێراقدا ئەنجام دران و پێڕەوکران، واشمان هەڵبژاردن لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو بن لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە بکشێت بۆ چاخە دواکەوتوو و تازەکان، هەروەها بەلامانەوە گرینگ بوو لێیان دڵنیا بین و لەلایەنی مێژووییەوە جێی باوەڕ بن:

## ١

## ڕیشەکێشکردنی شارەکانی عێراق لە بەرەبەیانی مێژووەوە

ئەگەر بمانەوێت کۆنترین پرۆسەی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی مرۆڤاندا بدۆزینەوە، ڕەنگە لەسەرمان بێت لە ڕێوڕەسمەکانی خوێندن لەسەر مردوواندا بگەڕێین، کە بۆ لەگۆڕنانی پاشا، یاخۆ سەرکردە سۆمەرییەکان لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین لە وڵاتی دووڕووباردا بەڕێوە دەچوو، لەو ئاینانەدا لای سۆمەرییەکانی بەرایی وا باو بوو، کە لەدوای مردن ژیانی دووەم لە شێوە مادییە ناسراوەکەیدا هەیە، لەبەر ئەمە نەریت وابوو سۆمەرییەکان سەرجەم کەرەستە و شتە بەنرخەکانیان و هەموو پێداویستییەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانی بپارێزن، کە پاشاکان لە ژیانی دنیایی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان و بەتەنیشت تەرمی پاشاکەیانەوە لە گۆڕەکەیاندا دایاندەنان، هەروەها لەگەڵ پاشادا گشت ئەندامانی کۆشک لە لایەنگر و کارمەند و کارگێڕ و

یاریدەدەر و نۆکەرانی دەوروبەری بەپیاو و ژنەوە دەناشتن، تاکو لە دنیای گریمانکراوی داهاتوودا خزمەتی بکەن...

نێردەیەکی پشکنین ژمارەیەک تەرمی نەناسراوی نێژراویان بەتەنیشت گۆڕی پاشاکانی سۆمەرەوە دۆزییەوە لەگەڵ کەرەستەیڵێک نیشانەی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندیی بوون "هەشتا لە دەستوپێوەندانی نێژراو لەگەڵ گەورەکەیان دۆزرانەوە، هەر یەکەیان جامێکی بەدەستەوە بوو... هەروەها لەبەر دەرکی گۆڕی بو ئابی پازدە لاشە دۆزرانەوە، لە ژوورێکی پاشکۆی گۆڕەکەش پەنجا و نۆ لاشە".[8]

"ئەم گۆڕانەی پاشاکان لە ئوور ئەوەیان سەلماند، کە بەرەکانی پێشوو ئەو نەریتەیان هەبوو، فەرمانڕەوا یاخۆ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی دوای مردنی یاوەرەکەی یاخۆ خزمەتکارەکەی لەگەڵیدا دەنێژرا، لە یەکێک لە گۆڕستانەکاندا بەلای کەمەوە پاشماوەی هەشتا کەس لە دەستوپێوەندەکان دۆزرانەوە، تاقە شوێنیش تا ئێستا ئەوەی تێدا دۆزرابێتەوە دۆخێکی لەو شێوەیەیە ئەویش "کیش"ـە، ڕوون بووەوە چەند کەسێک لە یەک گۆڕدا دۆزراونەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە نۆکەرەکان لەگەڵ مردووەکەدا نێژراون".[9]

هەرچی ئەرنۆڵد تۆینبیی مێژوونووسە ئەگەر بەئاماژەی خێراش بێت هەندێک شیمانە و مەزەندە لەمیانەی وەسپی بۆ ئەو تەرمە زۆرانەی دۆزییانییەوە دادەنێت، کە دەوری پاشاکانی سۆمەریان دابوو، پێکهاتبوو لە تەرمی پیاوان و کارمەند و هاوکاران و خزمەتکاران و دەستوپێوەندەکانی، لەگەڵ پاشادا نێژرابوون تاکو لە ژیانە گریمانکراوەکەی تر خزمەتی بکەن، لەوەسپی ئەوەدا دەڵێت:

پاشا "نەک تەنیا ئەو گایانەی عەرەبانەی پاشایی ڕادەکێشن لەگەڵیدا ڕێیان دەکرد، بەڵکو کۆمەڵێک لە دەستوپێوەندەکانی لە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ خزمەتکردنی لە ژیانە گریمانکراوەکەی تردا، ئەمانەش یاخۆ دەکوژران، یانیش بەخۆبەخشی لە کۆتاییی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی پاشادا خۆیان دەکوشت".[10]

وێڕای ئەوەی پێڕەوکردنی ئەو ڕێوڕەسمە سەختانە بەمەبەستی دوژمنداری، یاخۆ بەنیازی سەربازی یاخۆ سیاسیی ئەنجام نەدەدران، کەچی پراکتیزەکردنی بەکردەنی پێویستی بەپێڕەوکردنی ڕیشەکێشکردنی زۆرەملێ دەکرد، دووریش نییە ئەگەر کارەکە وای خواستبێ لە ڕێگەی هێزەوە سەپێنرابێت (واتا ناچارکردنی سەرجەم ئەوانەی لە کۆشکی پاشاییدا کاردەکەن لەگەڵ مردنی پاشادا خۆیان بکوژن).

دووبارەبوونەوەی ئەم ڕێوڕەسمانە لەکاتی مردنی پاشا، یاخۆ شاژندا، ڕەنگە ئەوە بنەمای بەراییەکانی یەکەمی ئاکاری ڕیشەکێشکردنی خۆسەپێنی دانابێت و کردبێتی بەدیمەنێکی ئاساییی قبوڵکراو و باو لە کۆمەڵگەکانی میزۆپۆتامیادا...

ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاکاری دیکتاتۆریی بەزۆر و پشتبەستوو بەتاکباوەڕیی باو

(واتا باوەڕی ئاین، کە باس لە بوونی ژیانی دووەم دەکات، بەپێی ئەو وەسپە سادە سەرەتاییيانە) لە چاخە دێرینەکاندا.

ئالێرەدا دەبینین جێی خۆیەتی هەندێک پرسیاری سادە بکەین، کە پێوەستن بەبابەتی باسەکەمانەوە لە ڕیشەکێشکردن، دەڵێین:

– ئەو شێوازە چی بوو، کە ژیانی ئەم ژمارە زۆرەی کەسەکانی ناو کۆشک و دەستوپێوەندانی پاشای پێ کۆتایی دەهێنرا؟ (ئەو پرۆسەیەی چەندێک پاشایەک، یاخۆ شاژنێک بمردایا دووبارە دەبووەوە).

– داخۆ هەموویان ئارەزوومەندانە و بەخواستی خۆیان بەژار خواردن لە دوای مردنی پاشا خۆیان کوشتووە، وەکو هەندێک ڕا و بۆچوونی مێژوویی بۆی چوونە (ڕەنگە بەپشتبەستن بەو هەشتا تەرمەی دەستوپێوەندان لەگەڵ پاشاکەیاندا و هەر یەکیان جامێکی بەدەستەوەیە، وایان داناوە بەژەهرنۆشین خۆیان کوشتووە)، یاخۆ لایەنێکی فەرمی لە کۆشکدا لەکاتی مردنی پاشادا کوشتوونی و ڕۆحیانی دەرکێشاوە؟؟

– چی ڕوودەدات ئەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد هەموویان، یاخۆ هەندێکیان دوای مەرگی پاشا خۆکوشتنیان ڕەت کردبێتەوە و بەرگرییان کردبێت؟

– ئایا بەزەبری هێز ناچاری خۆکوشتن دەکران؟

– ئەگەر وایە، داخۆ دەتوانین بڵێین ئەو شێوازانەی مەرگی بەزۆر، کە دەستوپێوەندانی پاشا و ئەندامانی کۆشک و خزمەتکارەکان لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایندا لە دۆڵی دووڕووباردا بەدەستی ئەنقەست ڕۆحیان دەردەکێشرا، کۆنترین شێوەیە لە شێوەکانی ڕیشەکێشکردنی ڕێکخراو لە مێژوودا؟ ڕەنگە کەسمان نەتوانین بەڕاست و دروستی وەڵامی هەر یەک لەو پرسیارە وروژێنەرانەی پێشتر باسمان کردن بدەینەوە، وەلێ کوشتنی ئەو فەرمانبەر و لایەنگر و یاریدەدەر و نۆکەر و دەستوپێوەندانەی دەوروبەری شا بەو شێوە ناچارییە و مردنی بەکۆمەڵیان لە یەک کاتدا، پرۆسەیەکی خوێناویی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵی چەسپاو و دووبارەبووەوەیە دەبوو لە هەر جارێکدا جێبەجێ بکرێت، تاکو ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکە ئەنجام بدرێت، کە تاکباوەڕیی باو لە میزۆپۆتامیا لە چاخە کۆنەکاندا لە بەرایی هەزارەی سێیەمی بەر لە زایندا بۆ ناشتنی پاشا سەپاندوویە...

ئەم ڕووداوانەی باسمان لێوە کردن شیکردنەوەیەکی مەزەندەکاری، یاخۆ وەسپێکی گریمانکراو نییە لەلایەن خۆمانەوە ڕەملی بۆ لێدەین، بەڵکو ڕاستیی مێژوویی چەسپاو و تۆمارکراون، کتێبە زانستییە مێژووییەکان و سەرچاوە تۆکمەکانی باسیان لێوە دەکەن.

با بیر لەوە بکەینەوە ڕەنگدانەوەکانی ئەو ڕووداوانە لەسەر بنەماکانی وشیاری ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا چۆن بوون و قەبارەی کاریگەریی لەسەر هەڵوێستەکانی لە بیردۆزی ڕیشەکێشکردنی

بەکۆمەڵ لەو چاخە کۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ چەند بوون...

ڕەنگە ئەوەمان بەدڵدا بێت، ناچار بین وادابنێین کە عێراقییەکان (یاخۆ خەڵکی کۆنی عێراق، یاخۆ دانیشتووانی میزۆپۆتامیا) لەوەیە تەنیا ئەوان ئەم ڕەوشتی ڕیشەکێشکردنە خوێناوییە دڕندانەیەیان لە کوشتن و ڕیشەکێشکردنی سەرلەبەری دەستوپێوەندانی شا و یاریدەدەر و ئەندامانی کۆشک و ناشتنیان لەگەڵ پاشای کۆچکردوودا گرتبێتە بەر.

سەرەڕای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی هەمان باوەڕ بەبوونی ژیانی دووەم لای میسرییە کۆنەکان لە ژیاری مەزنی دۆڵی نیلدا (ژیارێکە لەرووی پێگەی جوگرافی و هاوچاخی نێزیکە لە ژیاری میزۆپۆتامیاوە)، بەڵام هەر جارێک شا یا شاژن مردبێت بۆ ناشتنیان لەسەر شێوەی دانیشتووانی میزۆپۆتامیا کارمەند و یاریدەدەر و دەستوپێوەند و خزمەتکارەکانی کۆشکی پاشایەتییان ناچاری خۆکوشتن نەکردووە، بەڵکو لە تەنیشت پاشای کۆچکردووەوە شتە تایبەتییە بەنرخەکانی ئەویان دادەنا، تاکو لە ژیانەکەی تردا بەکاریان بهێنێت، هەروەها خەمی ئەوەش دەخۆن لاشەکەی زیانی بەر نەکەوێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆحەی لەگەڵ مردنیدا جێی هێشتووە بگەڕێتەوە بۆ لای بێ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوەدا هەست بەغەریبی و خۆدوورخستنەوە لە لاشەکەی بکات، ئەگەر تووشی ئازار و وێرانکردن (بەپێی باوەڕی خۆیان) هات، هەروەها هەندێک میوە و دانەوێڵە و بەروبوومی بەپێتی پێویست بۆ ژیان بەتەنیشتییەوە دادەنێن، هەروەها نموونەی بچووک و ڕەنگاوڕەنگی پیشەساز و کرێکار و نۆکەر و کۆتەڵی کەشتییەکی بچووکیش بەتەنیشتییەوە دادەنێن، تاکو لە ژیانەکەی تردا بەکاریان بهێنێت[١١] (لە تابووتێکدا لەگەڵ شتە تایبەتییەکانی خۆیدا، وەکو چەک و ئاوێنە و ژمارەیەکی زۆر لە نموونەی ڕەنگاوڕەنگی بچووککراوە هەڵدەگیران، کە نیشانەی ماڵ و عەنباری گەنم و کرێکار و پیشەسازەکان لەودەمی دەچن بۆ سەر کار و خزمەتکارەکان کاتێک خواردن هەڵدەگرن و بەلەمی بچووک بەچارۆگە و سەوڵەکانییەوە...).[١٢]

لەلایەکی ترەوە ئەوی باوەڕ بەبوونی میتۆدی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ لە قۆناغەکانی کۆندا لە عێراق بەتینتر دەکات، ئەو ململانێ پاکتاوییە دوابەدوای یەکە نیمچە بەردەوامانەن، کە حوکمی ئەو پێوەندییەیان کردووە، کە لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمی بەر لەزایندا لەنێوان وڵات و شانشین و شارەکانی بەرەبەیانی مێژوو لە دۆڵی دوو ڕووباردا باو بوو، ئەو سەردەمە لەمێژینەیەیە کە بەراییەکانی ژیاری مرۆیی تێیدا سەریان هەڵدا و پێکهاتن، لێرەدا دەکۆشین بەکورتی دیارترین ئەو ڕووداوانە هەڵبژێرین، کە لەو سەردەمە دێرینانەدا نیشانەی چەمکی ڕیشەکێشکردنی سیاسی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یان ئابووری بوون، تاکو ببنە بەشێک لە پێشەکییەکانی تۆژینەوەکەمان لەسەر بابەتی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا. زۆربەی تۆژینەوە جێباوەڕەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە وڵاتی دووڕووبار و بەتایبەت بەشی باشووری، سەرهەڵدانی ژمارەیەک شانشین و وڵاتی بەخۆوە بینی و لە دەشتی لیتەنیی باشووردا بڵاوبوونەوە، کە بەهۆی ئەو خڵتە و قوڕ و لیتەوە پێکهاتووە، کە ڕووبارەکانی عێراق بەدرێژایی هەزاران ساڵ کۆیان کردووەتەوە، ئەو

چاخانەی یەکەم لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین بەچاخی بەرەبەیانی مێژوو ناودەبرا، هەر شارە و لەلایەن یەکێک لە تیرە ناسراوەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، هەروەها ناوی چاخەکانی شارە دەوڵەتیشی لێ نرابوو، چونکە دەسەڵاتی دەوڵەت و هەژموونی لەسەر یەک شاری سەربەخۆ لەوانی تر کورت دەبووەوە.

ئەو چاخانە بەسەروەریی هەژموونی سیاسی و ژیاری سۆمەرییەکان دەناسرانەوە، ناودارترین شاریش دایانمەزراندبێت شاری کیش و ئورووک (وەرکای ئێستا) و ئوور (تەل ئەلمەقبەری ئێستا) و لەکش و ئۆما بوون.

ئەو شار و لاتانە لەنێوان خۆیاندا ململانێیان بوو لەسەر سەروەری و هەژموون لە دەڤەرەکەدا، دەسەڵات و هەژموونیشی لەسەر حیسابی شارە دراوسێکانی بوو، ئەمەش لە ڕێگەی هێرش و داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن و هەڵلووشین و ڕیشەکێشکردنەوە بوو، نەک لە ڕێگەی یەکگرتن و ڕێکەوتنی ڕەزامەندخوازانە، با بڕوانین چۆن هەر یەک لەو شارانەی پێشتر بەڕیشەکێشکردن و قووتدانی یەک لەدوای یەکی شارە دەستەخوشکەکانی و لەناودانیان ناومان بردن و چۆن ڕۆڵی سیاسی و شارستانییان کۆتایی هاتووە:

شاری کیش هەژموون و سەروەریی خۆی بەسەر هەموو وڵاتی سۆمەردا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زایندا بڵاوکردەوە، دوا پاشاشیان ئوورزبایا بوو، کە سەرجۆن ئەکەدی ساڵی ٢٣٥٠ی پ.ز لە فەرمانڕەواییی دەرکرد.

هەرچی ئورووکە، ئەوا کۆنترۆڵی شارە سۆمەرییەکانی تری کردبوو، ئەمەش دوای کشانەوە و نادیاریی هەژموونی شاری کیش و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی، گلگامش یەکێک لە پاشاکانی بوو، کە لە دەوروبەری ٢٧٠٠پ.ز فەرمانڕەوایی کرد.

هەرچی شاری لەکشە: ئەوا ڕۆڵێکی گەورەی لە زنجیرە ململانێکانی نێوان شارەکانی بەرەبەیانی مێژوودا گێڕا، ئەوەبوو هەریەک لە ئوور و ئورووک و کیش و ئوما ملکەچی هەژموون و سەروەرییەکەی بوون، ئەمەش لە سەردەمی شا ئوورنانشی بوو، هەروەها لە سەردەمی ئیاناتۆمی کوڕیدا گەیشتە لووتکەی هێز، کە سەرلەبەری وڵاتی سۆمەری خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

هەرچی شاری ئومایە: پەلاماری شانشینی لەکشی دا و خاپووری کرد، ئەمەش لەنێوان ساڵانی ٢٣٦٥-٢٣٤٠ی پ.ز لە سەردەمی لۆکاڵ زاکیزیی پاشادا (وشەی لۆکاڵ واتا پاشا)[١٣]، کە "پەرستگەیەکی نەهێشتەوە وێرانی نەکردبێت و شوێنەوارێک لە شوێنەواری ژیاری نەهێلایەوە ئاسەواری نەسڕیبێتەوە، چی بەپەرستگە و شوێنەوارەکان کرد هەمان شتیشی بەسەر خەڵکەکەیدا هێنا و لەنێوان کوژراو و بریندارادا هێشتنیەوە، وای لێ هات ڕێگەکان بە لاشە گیرابوون، لەبەر پەند پێدادان و بۆ سووکایەتی و بەکەم زانین پەیکەری خواوەندەکانی هەڵگرت".[١٤]

دەکرێت قەبارەی ئەو ڕیشەکێشکردن و داپڵۆسینە بزانین، کە شانشینی لەکش بەدەستی

شانشینی ئوما و پاشا ستەمکارەکەی دەرگیری بوو، هەینێ کۆپلەیەک لەو چامەیە دەخوێنینەوە، کە شاعیرێک لە شاری لەکش بەناوی دنگر ئەدامو دایناوە، کە لەسەر تەختە قوڕێک هەڵکۆڵرابوو، تێیدا دەڵێت:

ئەفسووس بۆ لەکش چی بەسەر شار و گەنجینەکەیدا هات

داخەکەم، مندالآن چەند بەدەست کلۆڵییەوە دەناڵێنن

ئای شارەکەم...

کەنگێ ئەو تەنیاییەت بەهاودەمی دەگۆڕیت؟[١٥]

ئەوی بەسەر شاری لەکشدا هات پرۆسەیەکی ڕیشەکێشکردن و لەناودانی ترسناک بوو شا لۆکاڵ زاکیزی (لە ساڵی ٢٣٧٥ی پ.زدا فەرمانڕەوایی کردووە) جێبەجێی کرد، ئەم پاشایە بەدڵڕەقی و خوێنڕێژی ناسراوە و تەنیا لە دەسەلآتی شاری ئوما بەسەر شاری لەکشدا کورت نەبووەوە، بگرە دەستی بەسەر شارێلێکی تریشدا گرت، وەکو ئورووک و کیش. کەچی کۆتایی ئەم دەسەلآتدارە ملهوڕە ڕووڕەشە بوو، ئەوەبوو شا سەرجۆنی ئەکەدی شانشینەکەی داگیرکرد و بەدیل بردی، دوای ئەوەی خستییە قەفەسەوە و قەفەسەکەی لە بەردەم پەرستگەی ئنلیل لە شاری نیپور بە بەرچاوی خەڵکەوە دانا... ئەوەش ڕیشەکێشکردن و پەندپێدانە لە بەرزترین ئاستی دڵڕەقیدا.

هەرچی شاری ئوورە، ئەوا لەسەر دەستی ئامووریەکان تووشی وێرانکاری و داگیرکردن هات و ئەویش پاشاکەی بەدیل بردرا و شاعیران شیوەنی گەرمیان بۆ شارەکە گێڕا.[١٦]

گشت ئەمانە هەندێک لەو ڕووداوانە بوون، کە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین ڕوویان دا، بەلآم لە هەزارەی دووەمی بەر لە زایندا ململانێی ڕیشەکێشکردنی پاکتاویی هاوشێوە دەبینین، ئەوەبوو دەوڵەتی لارسا لە سەردەمی ڕیم سین پاشادا ولآتی ئیسینی داگیرکرد و دەستی بەسەر سۆمەر و ئەکەددا گرت.

– ئەو ڕۆژگارە لە سەردەمی شا حەمورابیدا (١٧٩٥پ.ز) زنجیرەیەک هێرشی بابلی بەخۆوە بینی بۆ داگیرکردنی شار و شانشینە بچووکەکانی دەوروبەر مەملەکەتەکەی، ئەوەبوو ئەو شانشینانەی یەک لەدوای یەک گرت، وەکو لارسا و مالجۆ و ئشنۆنا، ئەمی دواییانی پتر لە جارێک خاپوور کرد.

بۆ ئەوەی سیفەتی ڕیشەکێشکردن لە پرۆسەی کاولکردندا بەرجەستە بکەین، کە حەمورابی دژ بەئشنۆنا ئەنجامی دا ئەم تێکستەی خوارەوە دێنینەوە، کە لە یادەوەرییەکانی حەمورابیدا سەبارەت بەڕۆژانی فەرمانڕەواییەکەی هاتووە، تێیدا باس لەوە دەکات چۆن ئشنۆنای وێران و خاپوور کرد، ئەویش بە بەردانەوەی ئاو بەسەریدا و بەیەکجاری لەڕیشەهەڵکێشانی، دەقەکە دەڵێت:

"حـەمـورابی بەو حـیکمـەتەی مـەردۆک[17] پێی بەخـشـی، توانـی بەئاوێکی زۆرەوە ئشـنۆنا وێران بکات....".

لەم تێکسـتـەوە دەتوانین لەوە بگەین، دوورنییـە حـەمـورابی لە هـەندێک شـوێندا، کـە بووبنە هۆی لافـاوی وێرانکەر، بەنداوی دروست کـردبێت و لەو رێگـەیەوە ئشـنۆنای وێران و خـاپوور کـردبێت "ئەوی ڕوونە ئشنۆنا وەکو هێزێکی سیاسی، کە لەودەمەدا پێگەی خۆی هەبوو، تەواو بوو".[18]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حەمورابی ئشنۆنای ڕیشەکێش کرد و لە بووندا سڕییەوە.

هـەرچی شـانشـینی مـارییـە، ئەوا حـەمورابی لە چارەکی یەکەمـی هـەزارەی دووەمـی بەر لە زایندا هـەستـا "بەڕووخانی شووڕای شـارەکە و خاپووركردنی كۆشکی پاشایی و گڕ بەردان لە شـارەکە و کردنـی بەوێرانە، بەمـە ئـەو شـارەی بۆ مـاوەیەکی زۆر خـاوەنی ئەسـتـێـڵکی فـوراتی نـاوەند بوو، لە شانۆی سیاسیدا ون بوو".[19]

حەمورابی لە یاداشتـەکانی فـەرمانڕەواییـەکەیدا باس لەوە دەکات، لەسـەر بنەمای ویسـتـی هـەر یەک لە ئانو و ئینلیلی خــواوەند هـەردوو شــاری مــاری و مــالجــومی خــاپوور و وێران کــردووە "بەپشـتـبـەسـتن بەخـواسـتـی هـەر یەک لە ئانو و ئینلیل حـەمـورابـی شـووراکانی ماری و مـالجـومی تێکداون".[20]

ڕەنگە لە ڕێگەی تێکسـتـەکەی پێشووەوە بتـوانین تێبینیی ئەوە بکـەین، کە ئەو پاسـاو و هۆیانەی فــەرمــانڕەوایان و پاشــایان و ئیـمـپـراتۆرەکـان دەیانهـێنانەوە بۆ ئەنجـامـدانی هـەر پرۆسـەیەکی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ ئامانج لێی شـارێک، یاخۆ گەلێک، یان میللەتێک، یاخـۆ دەستەیەک، یان کـۆمــەڵێک مــەردوم بێت، دەســەڵاتدار بیــەوێت لاتەریک، یاخــۆ وێران، یان لەناوی بدات، یاخــۆ ڕزگاربێت لێـی، ئەوانە پاسـاو و بەهـانەی پووچ و خـەیاڵین نەک واقـعی بن، یان کۆمـەڵایەتی، پشت بەو بـانگەشــەیە دەبەسـتن، کــە ئەوی شــا، یان فــەرمــانڕەوا دەیکات ملکەچکردنە بۆ فــەرمــان و ڕێنمـاییـەکانی خـواوەند، کە لە فـڵان خـواوەند، یاخـۆ فیسـار خـواوەندەوە دەرچووە، کە داوای لێ کـردووە جـێـبـەجـێی بکات. زۆر جـاریش فـەرمـانڕەوا سڵ ناکـاتەوە لەوەی ناوی ئـەو خـواوەندانە بهێنێت، کە فەرمانیان پێ داوە...

هـەروەهـا گـوایا ئەوی ئەنجـامی داوە بـەئارەزووی خـۆی نەبووە، بـەڵکو ویسـتـی خـواوەند بووە و بەسـەریدا سـەپاندووە. ئـەمـەش لـەو پاسـاوەوە دەردەکـەوێت، کـە حـەمـورابی بۆ پاکـانەکـردنی هێـرشـەکـەی بۆ سـەر شـانشـینی مـاریی بێ وەی و خـاپووركـردن و دەرکـردنی بۆ هـەتا هـەتا لە مێژوودا هێنایەوە، وەک لە دەقەکەی باسمان کرد هاتووە.

هـەرچی چاخـە نوێیـەکـانە، پاسـاوهـێنانەوە بۆ پرۆسـەکانی ڕیشـەکێشکردن، تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەو هۆ و دروشمانەی بەگۆڕانی کات و جۆری سیستەمە فەرمانڕەوا و باوەڕەکەی دەگـۆڕێن، کە بگونجێن لەگەڵ ڕۆشـنبـیـریی باو و قـەناعـەتی بڵاو لەنێوان خـەڵکەکـەدا لە گـشت

قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، وەکو تۆمەتبارکردن بەدەرچوون لە ڕێنماییەکانی ئاینی باو، یاخۆ بەدکاری لە بەرابەر ئامانجە نەتەوەیی، یان یەکگرتنەکان، یاخۆ زیانگەیاندن بەباوەڕی سۆشیالیزم، یا بەتاوانی کۆنەپەرستی و ئەڵقەلەگوێیی بۆ بێگانە، یانیش ناپاکیی نیشتمانی و دژوەستانەوەی ئامانجەکانی گەل... یاخۆ دەرچوون لە ئامانجەکانی فلان و فیسار (شۆڕش)، لەگەڵ ناوبردنی مێژووی ڕوودانی هەر شۆڕشێک، کە مێژووگەلێکی هێند زۆرن لە ساڵنامە دەکەن..

بەم ئاوایە وێڕای جیاوازیی ناونیشان و ناونان و دروشمەکان، کە بەهۆیانەوە پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ لەنێوان چاخە کۆنەکان و چاخە تازەکاندا جێبەجێ دەکرێن، وەلێ ئامانج و ناوەڕۆک یەک بوون، ئەویش جیاکردنەوە و ڕیشەکێشکردن و سەپاندنی دەسەڵاتە.

هەرچی ئاشوورییەکان بوون، ئەوا بەردەوام بوون لە پێڕەوکردنی ڕێبازی پەلاماردان و داگیرکردن و ڕیشەکێشکردن دژ بەشار و شانشینەکانی دەڤەرەکە. ئەوەبوو بابلیان داگیر کرد و خستیانە پاڵ نەینەوا، هەینێ خەڵکی بابل دژ بەئاشوورییەکان ڕاپەڕین، سەنحاریبی شای ئاشوورییەکان لەشکرێکی گەورەی تەیار و ئامادە کرد، بابلی گرت، دواتر بەخەستی وێرانی کرد و سووتاندی و گەنجینەکەی برد، ئەمەش ئەو میتۆدە باوەی نێوان وڵاتان و شانشینەکانی دۆڵی دوو ڕووبار بوو.

پاش کوشتنی سەنحاریب، شارۆکینی کوڕی بووە پاشا بەسەر ئاشوورییەکانەوە، ئەوەبوو شمش شمۆکینی کوڕە گەورەی بەپاشای بابل دامەزراند، کوڕە بچووکەکەشی (ئاشوور پانیپاڵ) بووە جێنشینی و دوای مردنی شارۆکینی باوک شمش شمۆشینی پاشای بابل و براگەورە لە دەسەڵاتی برابچووکەکەی یاخی بوو و ڕەتی کردەوە سەردانەوێنێت، ئەوەبوو ئاشوور پانیپاڵی برای بەسوپاوە بەرەو بابل کشا و ئابڵووقەی دا، بەڵام شمۆکینی برای خۆی نەدایە دەستەوە شاری بابلی سووتاند و دوای ئەوەی گشت کۆیلە و ئافرەت و کەنیزەک و دۆست و نۆکەر و ئەندامانی کۆشک و ئەسپەکانی کوشتن، گڕی لە کۆشکی پاشایی بەردا و پاشان خۆی کوشت...

بەم ئاوایە سەرجەم ئەوانی لە بابلدا بوون ڕیشەکێش کران، ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی ٦٤٨ی پ.ز دا بوو، واتە لە هەزارەی یەکەمی بەر لە زایندا.

"ئەوی ناخی میللەتانی ستەمدیدەی پڕ لە ڕک و کینە کرد و بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشە فرە پڕ لە دڵڕەقییەکان، سەرکردە ئاشوورییەکان بوون لە ساتوسەوداییکردنی دیل و دانیشتووانی کۆڵۆنییەکان، دیلەکانیان دەکوشت و سەری زەلامەکانیان دەبڕی و بەدیوارەکانی شارەوەیان هەڵدەواسی، یاخۆ هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان دەدان و وەکو کۆیلە دەیانفرۆشتن".[٢١]

لەسۆنگەی بەردەوامیی ئاشوورییەکان لەو سیاسەتە توندەیاندا لە پەلامار و داگیرکردن دژ بەزۆربەی وڵاتان و شانشین و شارەکانی دۆڵی ڕافیدەین و وڵاتانی ناوچەی دەوروبەر ئەوەبوو دۆڵی ڕافیدەین، هاوپەیمانییەکی سەربازی لەنێوان بابل و میدییەکاندا پێکهات بۆ بەرەنگاربوونەوەی

ئاشوورییەکان و تێکشکاندنیان، ئەوەبوو ساڵی ٦١٢ی پ.ز سوپای ئەم هاوپەیمانییە هێرشی کردە سەر نەینەوای پایەتەختی ئاشوورییەکان و بەشێوەیەکی ترسناک لەناویان برد، تێکوپێکیان دا و وێرانیان کرد و سووتاندیان و خانووەکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کردن.

ئەگەر وشەی ڕیشەکێشکردن لە فەرهەنگی زمانەوانیدا مانای هەڵکێشان بگەیەنێت، وەکو لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا وامان گوتووە، ئەوی شاری نەینەوا ساڵی ٦١٢ی پ.ز بەدەستی هاوپەیمانیی بابلی و میدییەوە تووشی هات ڕیشەکێشکردنی تەواوە، ئەوەبوو ئەم شارە لەبووندا سڕایەوە، دوای ئەوەی بەیەکجاری تێک شکێنرا و خانووەکانی تەخت کران و بەردی خانووەکان پرش و بڵاو کرانەوە و خەڵکەکەی کوژران و ئەوانیشی لە ژیاندا مابوونەوە کۆچیان پێ کرا و شارەکەش لەگەڵ خاکەکەدا یەکسان کرا، تەنانەت زینەفۆنی فەرماندەی گریک دوای ماوەیەک کە بەوێدا تێپەڕی، نەیتوانی شوێنەکەی بناسێتەوە، بۆیە بەیەکجاری لە مێژوو دەرچوو.[٢٢]

شاری ئاشوور بەر لەوە بەدوو ساڵ ٦١٤ی پ.ز دیسانەوە ڕیشەکێش کراوە و لەناودراوە (تووشی تاڵانی و خاپوورکردن هاتووە، هەرچی دانیشتووانەکەین بەشێکی زۆریان کوژران و ئەوانیشی مانەوە کۆچیان پێ کرا).[٢٣]

کەواتە بەم جۆرە شار و شانشینەکانی عێراق لەو چاخە کۆنانەدا و بەر لە زاین ڕووبەڕووی پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە.

ئێستا دوای ئەوەی زۆر بەکورتی و ڕاگوزەرانە و هەڵبژاردن گشت ئەم بەڵگە مێژووییانەمان خستنە بەرچاو، کە لە قۆناغێلێکی زۆر دووری مێژووی میزۆپۆتامیادا بژارمان کردن، دەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە شانۆی پرۆسە چالاکەکانی ڕیشەکێشکردن و هەڵلووشین و لەناودان بوو لەنێوان شار و شانشین و ئەو وڵاتانەی سەریان هەڵدا و دامەزران و پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی.

ئەمە بەرایییەکانی یەکەمی ڕیشەکێشکردن بوو لە وڵاتی دوو ڕووباردا (عێراقی ئێستا)، لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایندا.

هەڵبەت ژمارەیەک ڕووداوی تر (وەکو نموونەی هەڵبژێرراو) لە ڕووداوەکانی ڕیشەکێشکردن، لە وڵاتی عێراقدا لە قۆناغە مێژوویییەکانی دواتردا ڕوویان داوە، ناودەبەین.

## ٢

## ڕیشەکێشکردنی نەبەتییەکان لە بەسرە لە سەردەمی ئەلحەجاجدا

ئەنبات تیرەیێلێکی دێرینی عەرەبن، توانییان لە قۆناغێکی مێژووییدا وڵات و سیمایەکی ژیاری لە خوارووی وڵاتی شامدا دابمەزرێنن، ڕۆمانەکان ساڵی ١٠٦ی ز. بەسەریاندا زاڵ بوون. ئیبن عەباس گوتوویەتی "ئێمەی تیرەی قورەیش لە نەبەتین".[٢٤]

هەرچی عێراقە، نەبەتەکان لە دەڤەری ئەلبەتایح نیشتەجێ بوون و لە ناوچەی درێژبووەوەی نێوان بەسرە و کووفەدا ئامادەییان هەبوو.

لە سەردەمی ئەمەویدا نەبەتەکان پشتگیریی ئەو شۆڕشەیان کرد، کە لە عێراقەوە دژ بەحوکمی ئەلحەجاج بەرپابوو، کە بەڕابەریی عەبدولڕەحمان بن ئەلئەشعەس بوو، ئەو شۆڕشە پشتیوانی و پشتگیریی لەشکرەکانی بەسرە و کووفەی بەدەست هێنا، کە لەسۆنگەی ستەمی ئەلحەجاج و دڵڕەقییەکەیەوە دژ بەخەڵکی عێراق هەڵگیرسا، دوای ئەوەی شۆڕشەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەلحەجاج نامەیەکی بۆ فەرمانڕەوای بەسرە نارد، تێیدا داوای لێ کرد هەموو نەبەتەکان بۆ دەرەوەی عێراق دوور بخاتەوە، گوایا دین و دنیا تێکدەدەن.

لە نامەکەیدا دەڵێت "هەرکات پەیامەکەم پێت گەیشت لای خۆتەوە نەبەتییەکان دوور بخەرەوە، چونکە دین و دنیا خراپ دەکەن"، فەرمانی پێ دەدات نەبەتەکانی بەسرە ڕیشەکێش بکات.

ئەوەبوو ئەو بەرپرسە فەرمانەکەی ئەلحەجاجی جێبەجێ کرد و نەبەتەکانی لە بەسرە شاربەدەر کرد، جگە لە ژمارەیەکی کەم لە زانا و قورئان خوێنەکان نەبێت کەسی نەبوارد، هەینێ ئەلحەجاج بەم هەڵاواردنەی زانی، نامەیەکی تەمێکردنی توندی بۆ نووسی، تێیدا داوای ئەوەی کردبوو لەگەڵ وەرگرتنی نامەکەدا بنێرێت بەدوای پزیشکەکاندا، ئینجا لەبەر دەستیان ڕاکشێ و داوایان لێ بکات دەمار بەدەماری بپشکنن، ئەگەر دەمارێکی نەبەتییان بەدی کرد، دەبێت بیبڕێت. ئەمەش مانای وایە لەسەر خاکی بەسرە کەسێکی نەبەتی نەهێڵێتەوە، دەڵێت "گەر نامەکەمت خوێندەوە، هەر بەخۆت بنێرە بەدوای نوژدارەکاندا، لەبەر دەستیاندا ڕاکشێ، تاکو لە دەمارەکانت بڕوانن، خۆ ئەگەر دەمارێکی نەبەتییان دۆزییەوە، بەخۆت بیبڕە".

هیچ ماقووڵ نییە فەرمانڕەوایەک بەسەر عێراقەوە داوای ڕیشەکێشکردنی خەڵکی عێراق بکات و نەبەتەکانیش هەندێکیان.

هەینێ ئەلحەجاج بڕیاری دا نەبەتەکان لە عێراقدا دووربخاتەوە، داوای کرد لەسەر دەستی هەر یەکێکیاندا ناوی ئەو وڵاتە بنەخشێنرێت، کە بڕیارە بۆ ئەوێ بنێررێت، لەوەیە بۆیەکە ئەم کارە پڕ لە ڕقەی کردبێت، تاکو بتوانێت بەدواداچوونی بۆ هەر نەبەتییەکی دوورخراو هەبێت، ئەوانەی دوورنییە سەرپێچی فەرمانی دوورخستنەوە و ڕاگوێزان بکەن و دووبارە بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

ئەم کۆچ پێکردن و ڕیشەکێشکردنە زۆرەملێیە بەسەر عێراقییەکاندا لە سەدەی هەشتەمی زایندا (سەدەی یەکەمی کۆچی لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەلحەجاج لە سەردەمی ئەمەویدا) پێڕەو دەکرێت، بەڵام لە سەدەی بیستدا، واتا دوای دوازدە سەتە لە سەردەمی ئەلحەجاجدا، نەخش و نیگار و خاڵ و هەڵکەندنی نیشانە لەسەر جەستەی مرۆڤی عێراقی فرەوان بووەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق لە سەردەمی سەرۆک سەدام حوسێن و بەفەرمانی پۆلیس و هەواڵگری نیشانەیەکی تایبەت و جیا لە هەنیەی هەر سەربازێکی عێراقی دەدرا، کە لە ڕۆیشتن بۆ بەرەی جەنگ لەگەڵ ئێراندا

دواکەوتبێت، ئەمەش بەدانانی پارچە ئاسنێکی بەئاگر سوورەوەبوو لەسەر نێوچەوانی، ئیدی نیشانەیەکی چەسپاوی جێدەهێشت ناسرایەوە و هەڵنەدەگیرا، ئەمەش سزایەکی سەرەتایی بوو بۆ ئەوانەی جاری یەکەم دوادەکەوتن، وەلێ ئەگەر دیسانەوە دووبارەی کردەوە و نەچوو بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەوا گوێی دەبڕرا، هەرچی ئەو عێراقییەیە ڕەخنە ئاراستەی سەرۆک دەکات، یاخۆ جوێنی پێ دەدات، یاخۆ گاڵتەی پێ دەکات، بەنەشتەرگەری زمانی دەبڕدرێت، پزیشک ئامادە دەبوو و لەگەڵ سرکەرێک، هەندێک جار لە شەقامە گشتییەکان و لە بەرابەر جەماوەردا بۆ گەیاندنی پەیامی تەمێکردن بۆ هەر کەسێک تەمبێ نەکرابێت، ئەنجام دەدرا!

بەم ئاوایە گەلی عێراق لە ماوەی چاخە مێژووییە جیاجیاکاندا لە هەندێک فەرمانڕەوا خوێنرێژەکانییەوە پەندێلێکی لە سرووتی دڕندەیی پێ دراوە، کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییە شوانکارەییەکاندا پێڕەو دەکران، بەتایبەت ئەو شێوازە دڕندانەیەی پەنددادان، کە شوان لەگەڵ ئاژەڵە بەلەسەکانی خۆیدا مامەڵەی پێ دەکات.

ڕووداوی ڕیشەکێشکردنی نەبەتەکان لەو ڕووداوە پشتگوێخراو و لەبیرکراوانەیە لە لاپەڕەکانی مێژووی عێراقدا و ڕەنگە زۆرێک لە خوێندەواران، یاخۆ ڕۆشنبیران لە عێراقدا ئاگەداری نەبووبن.

بەلام لە گشت حاڵەتەکاندا لاپەڕەیەکی ڕەشە لە لاپەڕەکانی ستەم و چەوسانەوە، کە لەو کاتەدا بەزەبری هێز بەسەر هەزاران عێراقیدا سەپێنرا، تامی تاڵی سووک و ڕیسواکردن و ڕاگوێزان و ئاوارەبوون و غەریبی و برسییەتی و پەرتەوازەبوونی خێزانی و نانبڕین و تاسەی کەسوکار و نیشتمانیان چەشت.

ئێمە ئەمڕۆ هاوسۆزین و ئەو عێراقییانە بیر خۆمان دێنینەوە، کە دەرکران، یاخۆ ڕاگوێزران، یان بەناچاری لە سالانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەتەکانی سەتەی بیست و دوای ئەوە و تا ئەمڕۆ لە عێراقدا هەلاتن، جا بەهەزاران لە بەرهەڵستکارە سیاسییە عێراقییەکان بووبێت، لەوانەی لە ترسی زەبروزەنگی ڕێژیم لە سالانی حەفتاکانەوە هەلاتن، یاخۆ ئەو دەیان هەزار کوردە عێراقییانەی دوای ئەو ڕێککەوتننامە سیاسییەی سەدام لەگەڵ شای ئێراندا لە جەزائیر مۆری کرد، ئاوارە بوون یاخۆ ئەو هەزاران شیعە عێراقییەی لە هەشتاکاندا دەسەلاتی عێراق دەری کردن و لەسەر سنووری ئێران فڕێی دان، یان ئەوانەی لە پرۆسە خوێناوییەکانی ڕیشەکێشکردندا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کوژران، یاخۆ ئەو هەزاران عێراقییەی لایەنگری ڕێژیمی دیکتاتۆری بوون، ئەوانەی پاش ساڵی ٢٠٠٣ی زاین دەرگیری ڕیشەکێشکردن هاتن، دوای ئەوەی ئەوان دەستپێشکەرییان لە ڕیشەکێشکردن کردبوو دژ بەعێراقییەکان.

دەڵێین ئەمڕۆ بیری خۆمانی دێنینەوە و هاوسۆزین لەگەڵ ئازارەکانی هەموو ئەو عێراقییانە، ڕەنگە وردەکاریی کۆژانەکانیشیان لە تاراوگە بزانین و چیرۆکێلی ڕەزیلکردن و برسییەتی و تاسەکردن بۆ نیشتمان و گشت ئەو ئێش و ئازارانەی چەشتیان بێنەوە بیرمان، کە بینییان و دوور لە وڵات تووشی هاتن، چونکە ڕووداوەکانی هێشتا لە یادەوەریماندان و لەبەر ئەوەی هێشتەنەکینێ

لە زەمەندا لێمانەوە نێزیکن. وەلێ ئێش و ئازار و کۆژانی ئەو هەزاران عێراقییە لەبیرچووانەمان بیرنایەتەوە و هاوسۆز نین لەگەڵیاندا، کە لە ڕۆژگار و سەتەکانی پێشووی مێژووی عێراقدا ڕیشەکێش کران و دەرکران، جا ئیتر نەبەتەکان بن (کە لێرەدا بابەتی باسەکەمانن)، یاخۆ گەلێک لەو عێراقییانەی بوونە قۆچی قوربانیی هێرشەکانی ڕیشەکێشکردنە دوابەدوای یەکەکان.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی نەبەتەکان لە بەسرە شەپۆلێکی سەربەخۆ نەبوو بۆ خۆی، بەڵکو بەشێک بوو لە پرۆسەیەکی گەورە و فرەوان ئەلحەجاج پاش سەرکەوتنی لە شەڕی دێر ئەلجەماجم و سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی عەبدولڕەحمان بن ئەشعەس ئەنجامی دا، کە کوشتیان و سەرەکەیان بۆ ئەلحەجاج نارد، ئەوەبوو زۆربەی بەشداربووانی ئەو شۆڕشە عێراقییە لە سەرکردە و پیاوماقووڵ و زانای ئاینی و شاعیران هەڵاتن و لە وڵاتان و شارە دوورەدەستەکاندا خۆیان شاردەوە، ئەلحەجاج بەخۆی سەرپەرشتیی لەناودانی بەشداربووانی شۆڕشەکەی کرد، یەکەمین جار بەکوشتن و ڕیشەکێشکردنی ئەوانی ناو عێراق دەستی پێکرد، لەوانەی توانی یەک لەدوای یەک بیانگرێت، پاشان گواستییەوە بۆ کەوتنەدووی ئەوانەی بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتن، نامەی بۆ والی و سەرکردەی بەرەکانی شەڕ نارد، تاکو هەڵاتووان و ئەوانەی خۆیان لەبەرچاو ون کردووە بۆ بنێرن، ئەوەبوو هێنایانن و سەرەنجام هەموویانی لەداردان دا، بەمە توانی یەک لەدوای یەک ڕیشەکێشیان بکات، دوامین کەس داوای کرد و لەداری دا زانای ناسراو سەعیدی کوڕی جوبەیر بوو.

بەگشتی لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە ترسناکەی ڕیشەکێشکردنە عێراق لە خوێن هەڵکێشرا، کە ئەلحەجاج دژ بەبەرهەڵستکارانی فەرمانڕەواییەکەی ئەنجامی دا، ئەوەش لاپەڕەیەکی پڕ لە ئێش و ئازار بوو لە لاپەڕەکانی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا.

## ٣

## ڕیشەکێشکردنی ٦٠٠٠ عێراقی لە ڕۆژێکدا

عەبدوڵای کوڕی زوبێر، کە لە مەککەدا دادەنیشت، موسعەبی کوڕی زوبێری برای کرد بەوالی بەسەر عێراقەوە، موسعەب لەشکرێکی گەورەی لە بەسرە تەیار کرد و بەرەو کووفە جووڵاندی، لەو شوێنەی موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی و شوێنکەوتووانی بەتەواوی دەستیان بەسەر کووفەدا گرتبوو و پێشتر موختار والیی کووفەی سەر بەعەبدوڵای کوڕی زوبێری وەدەرنا، کە عەبدوڵای کوڕی موتیع بوو، ئینجا دروشمە ناسراوەکەی بەرز کردەوە (یا لثأر الحسین – هاوارە بۆ خوێنی حوسێن)، ئەوەبوو شوێنی هەموو ئەو سەرکردە و زەلامانە کەوتبوو، کە بەشدارییان لە کوشتنی ئیمام حوسێن لە کەربەلادا کردبوو، هەر لەو سۆنگەیەوە شاڵاوی ڕیشەکێشکردنی یەک بەدوای یەکی ئەنجام دا و لە هەر کوێیەکی عێراقدا بوون ڕاوەدووی نان، سەری دەبڕین و بەدوای یەکدا دەیناردن بۆ محەمەدی کوڕی ئەلحەنەفیەی برای ئیمام حوسێن، کە لە مەککە دادەنیشت. بۆ

جێبەجێکردنی دروشمی ڕیشەکێشکردنە تۆڵەستێنەکەی "دەستی بەهەندێک لە گەورەکانیان گەیشت، وەکو عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی میری لەشکرەکە، ئەوانەی حوسێن و شەمەری کوڕی زی ئەلجۆشی میری ئەلئەلفیان تیرۆر کرد، ئەوانەی جێی حوسێن و سینانی کوڕی ئەبی ئەنەس و خۆلیی کوڕی یەزیدی ئەلئەسبەحیان گرتەوە، هەروەها کەسانێکی تریش"،[٢٥] هەروەها عوبەیدوڵای کوڕی زیادی والیی عێراق (بەرپرسی کارەساتەکەی کەربەلا)یش.[٢٦]

موسعەب بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بۆ لێدانی سوپای موختار ڕوویان لە کووفە کرد، ئەوەبوو شەڕێکی دڕندانە لەنێوان هەردوولادا قەوما، بووە هۆی کوشتنی موختار و دۆڕاندنی سوپاکەی، دواکەوتووانی پرشوبڵاو و تەرتە و وەرتە بوون و هەشت هەزاریان ڕوویان لە کۆشکی کووفە کرد، موسعەب لەوێ بۆ ماوەی چوار مانگ ئابڵووقەی دان، ئەو دیلانە داوایان لە موسعەب کرد نەیانکوژێت، بیانبووریێت و ئازادیان بکات، باسی ئەوەیان بۆ کرد ئەوان لایەنێک نەبوونە لەو ململانێیەی نێوان موختار و عەبدوڵای کوڕی زوبێر، هیچ وردەکارییەکیش سەبارەت بەو ناخۆشییەیان نازانن، هەروەها لە موسعەبیان خواست نەیانکوژێت و بیانهێڵێتەوە، دوور نییە لە شەڕەکانی داهاتوودا لەگەڵ دوژمنانیدا پێویستی پێیان بێت، ئەویش دڵی نەرم بوو، و بڕیاری دا لێیان خۆش بێت و ئازادیان بکات، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە سەرانی سوپاکەی و دواکەوتووانی و هەندێک لە پیاوماقووڵانی کووفە و ئەوانەی شت بەدەست بوون، هەڕەشەیان لە موسعەب کرد پشتی لێ دەکەنەوە و لێی جیا دەبنەوە.

ئەگەر سەرجەم ئەو دیلانەی سەر بەموختارن و ئابڵووقەدراون نەکوژێت، سەرپشکیان کرد لەنێوان ئەوەی یا ئەمان هەڵبژێرێت، یان دیلە عێراقییەکانی داروودەستەی موختار "موسعەب فەرمانی پێدان کوشتیانن و ژمارەیان شەش هەزار بوو"[٢٧]، هەندێک ئاماژە هەن گوایا موسعەب گشت ئەم دیلانەی لە یەک ڕۆژدا کوشتووە، ئیبن کەسیر دەڵێت "موسعەب بەعەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب گەیشت، سڵاوی لێ کرد و کوڕەکەی عومەر گوتی: تۆ کێی؟ گوتی، من کوڕی موسعەب بن زوبێری براتم، کوڕەکەی عومەریش پێی گوت، بەڵێ، ئەوە تۆی حەوت هەزار کەست لە ئەهلی قیبلە لە تاقە ڕۆژێکدا کوشتووە؟ تا دەتوانیت بۆ خۆت بژی. موسعەبیش پێی گوت: هەموویان کافر و جادووگەر بوون. کوڕەکەی عومەر پێی گوت: قەستەم بەگەورەیی خوا، گەر بەقەد ئەوان لە مێگەلەکەی باوکت مەڕت بکوشتایا، ئەوا بەزێدەڕۆیی و دەستبڵاوی دادەنرا.."[٢٨]

ئەوی سەیر و ناڕوونە لە کارەساتی کوشتنی دیلەکاندا ئەوەیە، خەڵکی کووفە، کە ناسراون بەخۆشەویستی و پشتگیرییان بۆ ئالبەیت (بەلای کەمەوە وا باوە) زۆرتر پڕ و بەجۆش و خرۆشتر بوون بۆ ڕیشەکێشکردن و لەناودانی ئەو دیلانەی دوای موختار کەوتبوون، ئەوانەی چەندین جار هەڵیانکوتایە سەر بکوژانی ئیمام حوسێن و لە گشت شوێنێک ڕاوەدوویان دەنان، ئەوەبوو داوایان لە موسعەب کرد پێویستە ئەو دیلانەی سەر بەموختارن بکوژرێن.

نەخشەی سیاسی و ئاکاری ڕەنگە بایۆلۆجیش لە دەستنیشانکردنی گوێڕایەڵی و دوژمنداری لە

عێراقدا زۆر جار ئەنجام و ئامازەی سەیر و نارۆشنمان دەداتێ، وەکو ئەم هەڵوێستە سەیرە.

ژمارەی ئەو عێراقییانەی لەو شەپۆلە تۆقێنەرەی ڕیشەکێشکردندا کوژران، هەشت هەزار بن، یاخۆ شەش هەزار، یا نیوەی ئەوەش بووبن، ئەو کارەساتە پشتگوێخراو و لەبیرکراوەی توێی مێژووی عێراق، لاپەڕەیەکی شەرمێونە لە مێژووی ڕیشەکێشانی سیاسی لە عێراقدا، لەهەمان کاتیشدا یەکێک لەو سێ لاپەڕە دوابەدوای یەکەی ڕیشەکێشکردنی خوێناوییە:

یەکەم: کوشتن و ڕیشەکێشکردنی ئیمام حوسێن و سەرجەم شوێنکەوتووان و هەموو نێرینەکانی خانەوادەکەی لەلایەن ئەمەوییەکانەوە.

دووەم: ڕیشەکێشکردن و کوشتنی هەموو ئەوانەی لە کارەساتەکەی کەربەلادا بەشداربوون لەلایەن موختارەوە.

سێیەم: ڕیشەکێشکردنی موختار و لەشکرەکەی و سەرجەم دیلەکانی سەر بەئەو لەلایەن موسعەبی کوڕی زوبێرەوە..... ئیتر بەم شێوەیە.

٤

## شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی زەنادیقە

سیاسەتی ئەبو جەعفەر مەنسووری دووەمین خەلیفەی عەباسی لەسەر توندوتیژی و دڵڕەقی و تیرۆری تاکەکەسی و پاکتاوی خوێناوی دژ بەنەیار و بەرهەڵستکارانی بنیات نرابوو، لەپاش خۆیەوە گەلێک شۆڕش و یاخیبوون و تەنگژە و ڕک و کینەی دژ بەمەنسوور و ئەوی بەدوایدا هات و دژ بەحوکمی عەباسی بەگشتی جێ هێشتبوو، ئەوی باو و بڵاو بوو، مەنسوور چەندان کوشتنی بەتاک و پاکتاوی خوێناویی دژ بەژمارەیەک سەرکردەی شۆڕشی عەباسی و دژ بەعەلەوییەکان (شوێنکەوتووانی ئیمام عەلی و نەوەکانی و لایەنگران و پشتگیریکەرانی)[٢٩] ئەنجام دا، ئەوەبوو محەمەدی کوڕی عەبدولای ناسراو بە(ذو النفس الزكية – دەروون خاوێن) کوشت، کە لە نەوەکانی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، هەروەها ئیبراهیم کوڕی عەبدولای براشی لە کووفە تیرۆر کرد، هەرچی ئیدریس کوڕی عەبدولای کوڕی حەسەنی برای سێیەمیان بوو، لە دەسەڵاتی مەنسوور هەڵات و چوو بۆ وڵاتی مەغریب لە باکوری ئەفریقیا، لەوێ دەوڵەتێکی بەناوی دەوڵەتی ئەدارسە دامەزراند، دوای ئەوە عەباسییەکان لە فرەوانبوونەوەی هەژموونی ئەو دەوڵەتە ترس دایگرتن، ئەوەبوو هاروونە ڕەشید پەنای بۆ تیرۆرکردنی ئیدریس کوڕی عەبدولا برد، ئەوەبوو لەوێ ژاری بۆ دانا و کوشتی...

بەم شێوەیە خوێنەر دەبینێت دەستی ڕیشەکێشکردنی عێراقی گەیشتووەتە ئەوسەری خاکی عەرەب لە ڕۆئاوا، تاکو یەکێک لە نەیارانی ڕێژیمی عەباسی لە بەغدا بکوژێت، وێڕای ئەوەی نەوەی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلی بن ئەبی تالیب بوو، هەروەها سەرەڕای جیاوازی لە کات و شوێندا،

ئەم ڕووداوە مێژووییە ڕەنگە دەستبردنی دەسەڵاتدارانی عێراقمان بیر بخاتەوە کاتێک سەید مەهدی ئەلحەکیمیان لە سوودان لە سەردەمی حوکمی سەرۆک سەدام حوسێندا کوشت.

هەروەها مەنسوور بێبەزەییانە گشت ئەو بزووتنەوە و شۆڕشانەی لە پتر لە شوێنێک دامرکاندنەوە، کە دژ بەحوکمی عەباسییەکان بوون، ئەنجامی ئەو سیاسەتە خوێناوییە توندڕەوانەش ژمارەیەک شۆڕش و بزاڤی سیاسیی لێ کەوتەوە، کە مۆرکێکی هزری و سیاسییان هەبوو، کە لە سەردەمی مەنسوورەوە دەستی پێکرد و لە ڕۆژگاری ئەلمەهدیدا وەکو بزووتنەوەیەکی موسلیمییە فرەوان بووەوە (ئەو بزاڤەی دوای کوشتنی ئەبو موسلیم ئەلخوراسانی بەدەستی مەنسوور دەرکەوت و وا مەزندە دەکرێت خوراسانی "نەمردووە و نامرێت، تاکو دەردەکەوێت و زەوی بەدادپەروەری و بەزەیی دەتەنێتەوە"،[٣٠] هەروەها بزاڤی (المقنع) کە ڕابەریی یاخیبوونێکی کرد لە خوراسان و بۆیە بەئەلموقەنەع ناوبرا، چونکە دەمامکێکی لە زێڕ دروستکراوی لەسەر دەکرد، بۆ ئەوەی ڕوخسارە شێواوەکەی بشارێتەوە، ئیبن ئەسیر وای وەسف دەکات "کابرایەکی یەک چاوی کورتەباڵای خەڵکی مرۆ بوو، بەحەکیم (دانا)یان ناودەبرد، ماسکێکی لە ئاڵتوون هەبوو، لەسەری دەکرد، تاکو کەس ڕوخساری نەبینێت، لەبەر هەندێ ناویان نا: ئەلموقەنەع (دەمامکدار) و بانگەشەی خوایەتیشی دەکرد"،[٣١] هەروەها بزووتنەوەی ڕاوەندی (دەگەڕێتەوە بۆ گوندی ڕاوەند)، کە بڕوای بەدۆنای دۆن (تناسخ الارواح) هەبوو و دەیگوت، ڕۆحی ئادەم بۆ پێغەمبەرەکان چوو، پاشان بۆ ئەبی موسلیم خوراسانی گواسترایەوە... هەروەها بزاڤێلی تریش، وەک (خورەمییە و مەزدەکییە)، کە پرەنسیپەکانیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی موسلیمییەدا دێتەوە، لە متمانەدان بەئەبو موسلیمی خوراسانی، کە هەموو ئەم بزووتنەوانەی گرتبوونە خۆ لەودەمی لە بەراییدا بوون، دواتر کۆکردنەوەیان بۆ پشتگیریی بزووتنەوەی عەباسی لە ململانێیدا دژ بەدەوڵەتی ئەمەوی، سەرەڕای ئەو شەڕ و جەنگانەی لەنێوان عەباسییەکان و خەواریجدا نەوەستا، بەتایبەتییش ئەلئەبازییە.

لەسەر بنەمای هەموو ئەوانەی باسمان کردن خەلیفە ئەلمەهدیی کوڕی مەنسوور میراتێکی قورسی لە بزووتنەوەی دژ بەعەباسییان و نەیار بەئاڕاستە و ڕێبازە سیاسییەکەی بۆ مایەوە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەیەکی بەرفرەوانی باوەڕی نامۆ لەگەڵ هزر و بیرێلێک وایان دەنواند دژ بەباوەڕی ئیسلامن، بەهۆی گوتەزا و ناواخنە لادەرەکانی لە ڕۆحی ئیسلام و ڕێبازەکەی لە بەتاک و تەنیا زانین و نامەی پەیامبەر.

دوور نییە ئەمە ئەو بناغەیە بوویێت، کە زەمینەسازیی گونجاوی بۆ دانرا بۆ تۆمەتبارکردن، کە پاشان بەگومڕایی (زەندەقە) ناسرا، کە لە ئەنجامەکانی ئەو هەڵمەتە خوێناوییە بەرفرەوانە بوو، کە دەوڵەتی عەباسی دژ بەوانەی پێیان دەگوتن زەنادیقە ئەنجامی دا، ئەو پەلامارەی بەڕووکەش سیفەتی بەرگریکردنی لە پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلام وەرگرت.

خەلیفە ئەلمەهدی ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو هەڵمەتە بەرفرەوانەی بۆ ڕیشەکێشکردنی زەنادیقەکان و لەناودانی هەر یەکێک بەزەندیق ناوببرێت لە ئەستۆ گرت، ئەمەش دوای ئەوەی ڕووبەڕوو لە

ململانێیەکی ڕاستەوخۆدا خۆی لە بەرابەر ئەم هزر و بیر و باوەڕە نامۆیانەدا بینییەوە، لەبەر ئەوە ئەلمەهدی "یەکەمین کەس بوو فەرمانی دا بەپۆلێنکردنی ئەو کتێبانەی لە بەرپەچیدانەوەی زەنادیقە و ئاتەئیستەکاندا نووسرابوون"،[٣٢] وا دیارە ئەلمەهدی هەستی بەپێویستیی زۆری بوونی بەڵگە و دەلیلی لۆجیکی و بەهانەی ئەقڵانیی قەناعەتکەر بووە، تاکو لە جەنگەکەیدا بەکاریان بهێنێت، کە بۆ ڕیشەکێشکردنی زەنادیقە، یاخۆ قایلکردنی هەندێکیان بەدوورکەوتنەوە لە باوەڕی زەندەقە و تیۆرە ئاتەئیستەکانیان (الحاد) کە دژ بەئیسلام بوون، بەرپای کردبوو.

وێڕای جیاوازی لە بیروڕای مێژوونووس و هزرڤانان لە هۆ و پاڵنەرەکانی ئەو پەلامارە خوێناوییەی خەلیفە ئەلمەهدی لە جەنگەکەیدا دژ بەزەنادیقە هەڵی گیرساند، کەچی ئەم هەڵمەتە پەلەکردن و دڵڕەقی و کوشتنی لەسەر گومانکردن تێدا بوو، بێ ئەوەی وردبینی لە بەڵگە و شایەتحاڵەکان بکەن و هەندێک جار بەشێوەی تۆڵەسەندنەوە و دڵئاوخواردنەوە و بەمەبەستی زیانگەیاندن و هەڵچوون و زمانلێدانی بەدرۆ و لەژێرەوە، لەبەر ئەوە ژمارەیەک بێگوناه لە شاعیران و هزرمەندان و نووسەران تێ کەوتن "لەو سەردەمەدا ڕایەکان جیاواز بوون سەبارەت بەمانای زەندەقە، جارێک مانای گومان و بێ خوایی و گەندەڵیی باوەڕ و دەرچوون لە ڕۆحی ئاین دەگەیەنێت، جارێکی تریش مانای بێ ئابڕوو دەبەخشێت، لەبەر زۆر مەی خواردنەوە و خراپەکاری، هەندێک جاریش ئەو کەسانە دەگەیەنێت، کە لەلایەنی سیاسییەوە لەبەردڵان نین".[٣٣]

لەو وەسیەتنامە زارەکییەی خەلیفە ئەلمەهدی لەگەڵ ئەلهادیی کوڕیدا قسەی کردووە، دەبینین پێشنیازی پێویستیبوونی کەوتنەدوو و کوشتن و بەسووک تەماشاکردنی زەنادیقەکانی بۆ دەکات، هەروەها ئەو هۆ و پاساوانە بۆ کوڕەکەی باس دەکات، کە وای لە خەلیفە کرد و بەپێویستی زانی ڕاوەدوویان بنێت و لەناویان بدات، ئەگەر ئەم وەسیەتە بەو شێوەیەی لای ئیبن ئەسیر لە کتێبی (الكامل في التاريخ)دا هاتووە ڕاست بێت، ئەوا ئەلمەهدی بەپێی ناواخنی ئەو وەسیەتنامەیە، لەگەڵ قەناعەتە ڕاستەقینەکانیدا و لەگەڵ ئەوی بەخەڵکی ڕاگەیاند و ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ زەنادیقەکاندا ئەنجامی دان ڕاستگۆ بووە، چونکە وادیارە قەناعەتی وابوو و بڕوای بەوە بوو، کە لەبارەیانەوە هەیبوو، بەپێی ئەوەی سەبارەت بەخوو و ڕەوشت و ئاکار و بیروباوەڕیانەوە بۆ هادیی کوڕی باس کرد، لەوەی دەیزانی، یا ئەو زانیارییانەی لەسەر زەندەقە و زەنادیقەی بیستبوو، لە وەسفەکەیدا وادیارە چون هەمبەر مەجوسییەت یاخۆ مانەوی قسە بکات نەک شتێکی تر، بەهادی دەڵێت: ئەگەر خەلافەتت گرتە دەست، خۆت بۆ ئەم چەتانە تەیار بکە و ئامادەبە بۆ شەڕکردن لەگەڵیاندا، چونکە بانگەشەی خەڵک دەکەن بۆ کارێلێک لە ڕووکەشدا وا دیاردەدات کاری باشن، کەچی بۆ هەندێک بیروباوەڕی سەیری بادەداتەوە، وەکو حەرامکردنی گۆشت خواردن و دەست لێدان لە ئاوی پاک و دوورکەوتنەوە لە کوشتنی مێروو و شێر، ئینجا دوای ئەوە مەیلی پەرستنی دوو شتی دەبێت، ڕووناکی و تاریکی، هەروەها ڕێ بەحەرامکراوەکانیش دەدەن، وەک خواستنی خوشک و کچی خۆیان، هەروەها خۆشتن بەمیز و دزینی منداڵ لە شەقامەکاندا، بۆیە لەسەرتە

قەنارە ئامادە بکەیت و شیری لێ هەڵکێشیت بۆ کوشتنیان، چونکە ئەگەر کوشتیانت ئەوا بەو کارەت لە خوا نێزیک دەبیتەوە، هەروەها پێی ڕادەگەیەنێت لە خەونیدا عەباسی باپیری بینیوە، کە دەکاتە مامی پێغەمبەر (د.خ)، دوو شیری پێ داوە بۆ کوشتنی ئەوانەی بڕوایان بەدوو شت هەیە، ڕووناکی و تاریکی.

نازانین ئەلمەهدی لەکوێ ئەم زانیارییە سەیرانەی سەبارەت بەزەنادیقە و بیروباوەڕیانەوە هێناون، وەکو خۆشتن بەمیز و دزینی منداڵان لەسەر ڕێگەکاندا، وێڕای ئەوەی هەندێک لەوانەی بەئەلهادی گوتوون شتی باو و دروستن هەمبەر بیروباوەڕی مەجووس و مانەوییەکان.

ڕەنگە جێی خۆی بێت بۆ خوێنەر دەقی ئەو قسانە بگوازینەوە، کە ئەلمەهدی بەکوڕەکەی گوت و وەکو وەسیەتنامەیەکە، دەقاودەق دەبێژێت:

"دەڵێن ڕۆژێکیان زەندیقێکیان هێنایە بەردەمی ئەلمەهدی، کوشتی و فەرمانی لەداردانی دا، ئینجا بەئەلهادی گوت: کوڕم ئەگەر کارەکە بەدەست تۆوە بوو، ئەوا خۆت بۆ ئەم چەتانە تەیار بکە (مەبەستی مانییەکانە)، چونکە بانگەشەی خەڵک دەکەن بۆ شتی بەڕووکەش چاک، وەکو دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری و خۆ تەرخانکردن بۆ خواناسی لەم دنیا و کارکردن بۆ ئەو دنیا، پاشان لەمەوە دەیگۆڕن بۆ قەدەغەکردنی گۆشت و بەکارنەهێنانی ئاوی پاقژ و نەکوشتنی شێر، پاشان پەرستنی دوو شت: یەکیان ڕووناکی و ئەوی تریش تاریکی، ئینجا دوای ئەوە ڕێ بەمارەکردنی خوشک و کچی خۆیان دەدەن، هەروەها خۆشتن بەمیز و دزینی منداڵان لە ڕێگەکاندا، تاکو لە گومڕایی تاریکییەوە ڕێیان نیشان بدەن بۆ ڕووناکی، دار بڵند بکەوە و شیری تێدا لە کاڵان هەڵکێشە و بەوە لە پەروەردگار نێزیک ببەوە، من باپیرە عەباسم لە خەوندا بینی بۆ کوشتنی خاوەن دووانەکە دوو شمشێری بەقەدمدا کرد".[٣٤]

لەسەر بنەمای ئەو قەناعەتانەی باسمان کردن، ئەلمەهدی ڕووی لە دژوەستانەوەی زەندەقە و زەنادیقە کرد و لە هەر کوێیەکدا بوونایا و دەستی بەهەر کوێیەک بگەیشتایا دەکەوتە وێزەیان و دەستی بەکوشتنیان دەکرد، هەروەها ڕێگەشی بەکوشتنیان دا ".

ئەلمەهدی بەشێلگیری دووی زەنادیقە کەوت و قەڵاچۆی کردن و لە شاراندا بەشوێنیان دەگەڕا و بەو تۆمەتەوە دەیکوشتن".[٣٥] تەنانەت لەکاتی غەزای ڕۆمدا لەساڵی ١٦٣ی کۆچیدا هەینێ گەیشتە حەڵەب فەرمانی دا لەو دەڤەرە چی زەنادیقە هەیە کۆیان بکەنەوە "کۆیانیان کردنەوە و کوشتیانی و نامەکانیانی بەچەقۆ دڕاندن".[٣٦]

هەروەها دەزگەیەکی تیرۆری پێکهێنا، دەسەڵاتی عورفیی پێ بەخشی، لەو ئەنجوومەنی عورفییە سەربازییەی دەکرد، کە لە مێژووی نوێی عێراقدا ناسراوە، یاخۆ لە دادگە مەیدانییەکان دەچوو، ئەم دەزگەیە تایبەتمەند بوو بەتەماشاکردنی کاروباری زەنادیقەوە و دەسەڵاتێکی بەرفرەوانی پێ دا، تا ڕێگەدان بەکوشتن و لەداردانی هەموو ئەوانەی بەتاوانی زەندەقەوە ڕەوانە دەکرێن، جا ئیتر بەڕاست بێت، یا ناڕاست، هەروەها کەسێکی دامەزراند بەرپرس لە جێبەجێکردنی شاڵاوی

تۆقـێنەری ڕیشـەکێـشکردن، ناوی (صـاحب الزنادقـە)ی لێ نا "ئەوی ئەم کـارەی پێ سـپێـررابوو ئەلکلۆزانی"[٣٧] بوو، عومـەر ئەلکلۆزانی، کاتێک ئەم پیاوە مرد محـەمـەدی کوڕی عیسـای کوڕی حەمدەوییە جێی گرتەوە و کەسانێکی زۆری لە زەنادیقەکان کوشت.[٣٨]

وەکو لە گشت دەور و زەمانێکدا باوە، زمان لەیەکدان و پیلانگێڕی لەلایەن خەڵکەوە بڵاوبووەوە و گـەلێک تۆمـەت دژ بـەکـەسـانی بێـتـاوان بـۆ پیـاوانی دەوڵـەت بەرزکـرانەوە، ئـامـانج لێـیـان ئازار پێگەیاندن و سـووکـایەتی پێکردن بوو، ئەو لێژنەیەی ڕیشـەکێشکردنی زەنادیقەی پێ سـپێـررابوو بڕیاری بەپەلەیان بۆ ئەنجامدان وەرگرت و کـەسانێکی زۆری بێگوناه تێ کـەوتن و لەسـۆنگەی ئەو هەڵمەتە فرەوانە شێلگیرانەیەی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوییەوە وڵات خەڵتانی خوێن کرا.

لەنێوان ئەو بێتاوانە ناسراوانەوەی لەم هەڵمـەتەدا تێوەگلان، بەشـار بن بوردی شاعیر و خاوەن کـەسێـتـیی مـەشـرەب خۆش و دەم بـەخـەندە بوو. ئەلمەهدی بەزوڵم بەتۆمـەتی زەندیقی کـوشـتی، دواییش بۆی گریا، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت ئەو زانیـارییانەی سەبارەت بەبەشار پێی دراون درۆ و سـاخـتــە بـوون، ئەوەبوو بەنـاوی ئەوەوە چەندین دێڕە شـیـعـریان لە داشـۆرینـی ئەلمەهـدی بۆ هۆنیـبـووەوە، لەکـاتێکدا بەشـار دۆست و هـاودەمی بـەزمی مـەی و بادە و ئافرەت و ئـاهـەنگەکـانی ئەلمەهدی بوو، کە خەلیـفە بەنهێنیی ئامـادەیان دەبوو، هـەروەهـا سـاڵح بن عـەبدلقەدوسی شـاعیری بێـتـاوانیش بەزوڵم و بـەتاوانی زەندیقی کـوژرا، کـە بەخـواپـەرسـتی و ڕەوشت بەرزی نـاسـرابوو، ئەوەبوو لای خــەلیـفــە زمـانیــان لێ دا و بەزەندیق تاوانبـاریان کـرد، ئـەلمەهدی بەدوویدا نارد، لە گـێـڕانەوەیەکی تردا ڕەشـیـد بەدوویدا ناردووە و ویسـتـوویەتی بیکوژێت، کـەچی بەڕەوانبـێـژی و زمـانپـاراوی و زیرەکـیـیـەکەی لە مـاناکـانی قـورئان و حـەدیسـەکانی پێغـەمبـەر و ئەو پەندانەی لە شیـعرەکانیدا هـەن سەرسام بوو، بۆیە ئەودەمی ئەو دێڕە شیعرانەی بۆ خـوێندەوە، لێی خۆش بوو، تێیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەوی نەزان بەخۆی دەکات | دوژمــن بــەوی نــاکـــــات |
| پیر تا نەچێتە ژێر گــڵەوە | دەست لە ئاکاری بەرنادات |

ئەوەبوو ئازادی کرد و بەری دا، وەلێ کاتێک لە دەرگـە نێزیک بووەوە، جارێکی تر گـازی کرد و بەرپەرچی دایەوە، تا پێی بڵێ ئەی تۆ نەتگوت:

پیر تا نەچێتە ژێر گڵەوە　　　دەست لە ئاکاری بەرنادات

گوتی: بەڵێ.

خـەلیـفە گـوتی: کـەواتـە تۆش ئاکـارت نـاگـۆڕیت تا نەمـریت، بۆیە بڕیاری کـوشـتـنی دا، ئەوەبوو دەمودەست کوشتیان...!!

ئیبن ئەلموعتەز لە کتێبی (طبقات الشعراء)دا بەتوندی داکۆکی لەم شاعیرە بیرمەندە دەکات و تۆمـەتی زەندیقبـوونـی لێ دوور دەخـاتەوە، دەڵێت "ئەم کـابرایە لە دنیـادا خـوانـاس و بەهـەشـتـخـواز

بوو، هانی خواپەرستیی دەدا بەرەفتار باشی و هەمیشە ناوی مردن و گۆڕی لەسەر لێوان بوو، شیعرەکانی هەموو پەند و قسەی نەستەق بوون".[٣٩]

بەڵام ئەو گێڕانەوەیەی ئیبن ئەلموعتەز دوای کوشتنی ساڵح عەبدولقەدوس و ناشتنی چ سوودێک دەگەیەنێت، ڕەنگە هێشتا لە هزری عێراقیدا حەزی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازی و هەڵچوون و پەلەکردن بەربڵاو و سەروەر بێت.

ئەم شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە بەدرێژایی حوکمی ئەلمەهدی و ئەلهادیی کوڕی بەردەوامیی هەبوو، هەروەها لە کتێبەکانی مێژوودا چەندین ئاماژە هەن، کە خەلیفە هارونە ڕەشیدی کوڕی ئەلمەهدی ئەویش بەردەوامی دا بەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە خوێناوییە تۆقێنەرە و ژمارەیەکی زۆری لەوانەی بەزەنادیقە ناودەبران کوشت، ئیبن کەسیر لە کتێبی (البداية والنهاية)دا دەبێژێت "ئەلرەشید بەدوای خەڵکانێکەوە بوو لە زەنادیقە، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن".[٤٠]

بەهەر حاڵ، هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنی خوێناوی دژ بەزەنادیقە لە وێستگە نەرێنییە ئازاربەخشەکانی مێژووی عێراقە، بەهۆی پەلەکردنەوە لە جێبەجێکردن و کوشتن لەسەر گومان و تێداچوونی زۆرێک لە بێگوناه و ستەم لێکراوان.


پەراوێزەکان:

(١) مختار الصحاح، الرازي. ص٩٣، المكتبة الاموية- بيروت، دمشق.

(٢) تاريخ اليعقوبي، الجزء ٢، ص٤٨٤، دار صادر _ بيروت.

(٣) د. عبدالله الحلو، سوريا القديمة، التاريخ العام، ص٣٩٠، مطابع الف باء الاديب-دمشق.

(٤) د. ثروت عكاشة، الفن العراقي القديم، ص١٦، المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت.

(٥) د. جورج حبيب، اليزيدية بقايا دين قديم، ص٩٠.

(٦) ابن كثير، البداية والنهاية، ج١١، ص١٦٣، دار احياء التراث العربي.

(٧) تاريخ اليعقوبي، ج٢، ص٦٠، دار صادر بيروت.

(٨) د. عيد مرعي، بلاد مابين النهرين، ص٣٥.

(٩) د. عبدالله الحلو، سوريا القديمة، الكتاب الاول، ص١٦٦، مطابع الف باء، الاديب، دمشق.

(١٠) ارنولد توينبي، تأريخ البشرية، ج١، ص٥٧، الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت.

(١١) د. طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، حضاره وادي النيل، ص٥٣ الى ص٩٨.

(١٢) نفس المصدر، ص١٢٢.

(١٣) د. عبدالله الحلو، سوريا القديمة، الكتاب الاول، التاريخ العام، ص١٧٠، مطابع الف باء، الاديب، دمشق.

(١٤) د. ثروت عكاشة، الفن العراقي القديم، ص١٦، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

(١٥) د. ثروت عكاشة، الفن العراقي القديم، ص١٩.

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل.١٩

(١٧) مەردۆک، یا مەردۆخ گەورەی خواکانە لای بابلییەکان.
(١٨) د. عبدالله الحلو، سوريا القديمة، التاريخ العام، ص٣٨٩، مطابع الف باء، الاديب، دمشق.
(١٩) د. عبدالله الحلو، سوريا القديمة... ص٣٩٠.
(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٩١.
(٢١) د. ثروت عكاشه، الفن العراقي القديم، ص٣٠، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
(٢٢) فيليب حتى، خمسة الاف سنة من تاريخ الشرق الادنى، ج١، ص٧٠، الدار المتحده للنشر، بيروت.
(٢٣) د. عيد مرعي، تاريخ بلاد الرافدين، ص١٢٥.
(٢٤) تاج العروس.
(٢٥) البداية والنهاية، ابن كثير، ج٨، ص٣٢٠، تێکستەکەمان بەبڕگە تێکشاوەکانیشییەوە گواستەوە، دار احياء التراث العربى.
(٢٦) الكامل في التاريخ، ابن الاثير، ج٣، ص٦٩١، دار المعرفة، بيروت – لبنان.
(٢٧) تاريخ الطبري، المجلد الخامس، ص٢٢٥، مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت _ لبنان.
(٢٨) البداية والنهاية، ابن كثير،ج٨، ص٣١٩، دار احياء التراث العربي.
(٢٩) ئەبو جەعفەری مەنسووری عەباسی ژمارەیەک سەرکردەی عەباسی تیرۆر کرد، لەوانەی پشکدارییەکی گەورەیان هەبوو لە بردنەوە و سەرکەوتنی شۆڕشی عەباسیدا، دیارترین ئەوانەی مەنسوور کوشتنی، ئەبو سەلمە ئەلخەلالی فەرماندەی مەیدانی شۆڕشی عەباسی لە کووفە لە ڕۆژانی تێکۆشانی نهێنی دژ بەحوکمی ئەمەوی، لە تەرەفدارانی ئاللبەیتە، دوای سەرکەوتنی عەباسییەکان بەوەزیری ئاللبەیت ناودەبرا، مەنسوور بەشێوەیەکی نامەردانە کوشتی... هەروەها ئەبو موسلیمی خوراسانیشی تیرۆر کرد، ئەو فەرماندە سەربازییە بەرچاوەی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنی عەباسییەکان لە خوراساندا. هەروەها عەبدوڵا بن عەلیی مامیشی کوشت، ئەو سەرکردە سەربازییە عەباسییەی لەشکری ئەمەویی لەسەر ڕووباری زاب تێکشکاند و دەوڵەتی ئەمەوی ڕووخاند.
(٣٠) التاريخ العباسي _ السياسي والحضارى، د. ابراهيم ايوب، ص٣٧.
(٣١) الكامل في التاريخ، ابن الاثير، ج٥، ص١٠١، دار المعرفة، بيروت _ لبنان.
(٣٢) السيوطي، تاريخ الخلفاء، ص٢٧١.
(٣٣) التاريخ العباسي السياسي والحضاري، د. ابراهيم ايوب، ص٥٣، الشركة العالمية.
(٣٤) الكامل في التاريخ، ابن الاثير، ج٥، ص١٦١، دار المعرفة، بيروت _ لبنان.
(٣٥) تاريخ الخلفاء، سيوطي، ص, ٢٧٣
(٣٦) الكامل في التاريخ، ابن الاثير، ج٥، ص١٢١، دار المعرفة، بيروت _ لبنان.
(٣٧) الكامل في التاريخ، ابن الاثير، ج٥، ص١٣٥، دار المعرفة، بيروت _ لبنان.
(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل١٣٩.
(٣٩) طبقات الشعراء، ابن المعتز، ص٩٠-٩١، مطبعة دار المعارف بمصر.
(٤٠) البداية والنهاية، ابن كثير، ج١٠، ص١٧١، دار احياء التراث العربي.

# چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیی چییە

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەم چەند ساڵەی دواییدا، زۆر بە خەستی باس لە چەمکی (کۆمەڵگەی مەدەنی) دەکرێت. سەیری هەر کۆوار و ڕۆژنامەیەک دەکەیت، پڕیەتی لەم دەستەواژەیە. لە شاشەی تیڤییەکان و ستۆدیۆی ڕادیۆکانەوە، هەموو کاتێک گوێمان لەم وشە تازەیە دەبێت.

لێ کێشەکە لەوەدایە هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆر کەس ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنێت و زۆر جاریش زۆر شێلگیرانە داکۆکی لێ دەکات، بەبێ ئەوەی لە کرۆک و ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژەیە تێبگات. دیارە بەس تەنیا ئێمەی کورد نین کە تووشی پەتای کۆمەڵگەی مەدەنی بووین، بۆ نموونە عەرەبەکانیش زۆر بە گەرمی باسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. بەڵام ئەوان ئەوەیان باشە کە کۆمەڵێک کتێبیان لەم بارەیەوە نووسیوە و زۆرێکیش لە سەرچاوە ئەورووپییەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. لێ ئێمەی کورد هێشتا لەم بوارەدا زۆر لە دواوەین، تەنانەت من تاوەکو ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی باشم لەم بارەیەوە دەست نەکەوتووە، کە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی نووسرابێت.

دیارە ڕاستە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچاو چەمکەکانی تردا نوێیە، لێ ئەمیش مێژوویەکی دێرینی لە خەباتکردن هەیە. چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی لەپاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، زۆر بە گەرمی هاتووەتە ناو میدیای کوردییەوە. چەندین ڕێکخراویش بەناوی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دروست کراون. هەرچەندە کەمترین خزمەت لەم بوارەشدا ناکەن. من لەم وتارەمدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر ئەم چەمکەو، زانیارییەکی تاڕادەی پێویست لەم بارەیەوە بە خوێنەری هێژا بدەم.

## پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی

دیارە کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز و هەمەجۆر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت. هەر یەکەو بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بەتایبەتی لە

کوردستاندا. بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە:

هەر چالاکییەک یان جووڵانەوەیەکی ناو کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی خۆبەخشی و ئازاد و سەربەخۆییانە، ئەندامانی کۆدەبنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، ئاواتێکی دیاریکراو، کە خزمەتی کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان گرووپێک، تەنانەت زۆرینەی هاوڵاتییانی کۆمەڵگە بکات. بۆ نموونە ئەو چالاکییانەی کە لە پێناو (ئازادی تاکەکەسی، دژایەتیکردنی جەنگ و بڵاوکردنەوەی ئاشتی، نەهێشتنی هەژاری، چەوساندنەوەی ژنان، داکۆکیکردن لە مافی کەمە نەتەوەو بێگانەکانی وڵات). یان دەکرێت لە پێناوی ئامانجێکی تەندروستیش بێت بۆ نموونە (ئەو بزاڤانەی کە پشتگیری لە نەکێشانی جگەرە لە شوێنە گشتییەکان دەکەن) یان ژینگە پارێزیی[1].

بە کورتییەکەی هەموو ئەو جووڵانەوە جەماوەرییانە دەگەیەنێت، کە بۆ ئامانجێکی (سیاسی، ئابووری، ئاینی، ئێتنی، ژینگەپارێزی، ئاژەڵ دۆستی) دەکرێت. ئەو بزاڤانەی کە دەیانەوێت پاڵەپەستۆ بخەنە سەر بڕیاری سیاسیی وڵات و هەوڵی گۆڕینی سیاسەتێک دەدەن، کە دژی هزر و بەرژەوەندی کۆمەڵێکە.

لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە جۆرە بزاڤێکی خۆبەخشانە، کە ئامانجی یارمەتیدان و خزمەتگوزاری دابینکردنە بۆ خەڵکانێک کە پێویستییان بە یارمەتیی خەڵکی تر هەیە، وەکو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆست و خێرخوازەکان، ئەوانەی کە لەبواری خزمەتگوزارییدا ئەکتیڤن و یارمەتی پێشکێشی خەڵکانی هەژار و نەخۆش و پیر و پەککەوتوو دەدەن.

خەڵکانێکیش پێیان واییە کە کۆمەڵگەی مەدەنی واتە، هەموو کار و چالاکییەکی ناحکومی دەگەیەنێت، کە لەلایەن گرووپێک یان کۆمەڵێکی سەربەخۆوە ئەنجام دەدرێت. هەربۆیە زۆرجار دەستەواژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەکاردەهێنرێت٢.

بەڵام بەگشتی دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە خەڵکانێک یان گرووپێکی خۆبەخش بەئەنجامی دەگەیەنن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە لایان پیرۆز یان گرینگە، بەبێ ئەوەی بیر لە سوودی تایبەت یان بەرژەوەندیی شەخسی بکەنەوە.

لەڕووی هزریشەوە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی مانای کارکردن لە پێناو کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەوای دیموکراسیی بونیات نرابێت. کۆمەڵگایەک کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادی تاکەکەسی، تۆلێرانس (لێبووردەیی)، شەفافیەت، سەروەریی یاسا، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و عەلمانییەت دامەزرابێت. بە واتایەکی تر هەوڵدانێکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پلوراليزم.

دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ ڕێنانساز و شۆڕشی پیشەسازیی لە ئەورووپا سەری هەڵدا. کۆمەڵگەی مەدەنی هاوشانی چەمکە فکرییەکانی (تۆلێرانس و ئازادی و عەلمانییەت) سەری

هەڵدا. دیسانەوە ئەوروپا بە دایکی ئەم چەمکە گرینگ و مۆدێرنەی مرۆڤایەتیی دێتە ژماردن و کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووفی مەزنی ئەوروپی، لەم بوارەدا کاریان کردووە، کە هەوڵ دەدەین بەکورتی باسی هەندێکیان بکەین.

## مێژووی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی

دیارە ڕاستە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم چەند ساڵەی دواییدا گەیشتووەتە لای ئێمە، لێ مێژووی ئەم چەمکە زۆر کۆنە. بەشێوەیەکی گشتی مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەهەم، بەتایبەتی لەپاش شۆڕشی ئینگلیزی، لەو کاتانەدا بە خەستی جارێکی تر باسی دەوڵەت و کۆمەڵگا هاتەوە ئارا. قسەکردن و گفتوگۆی چڕوپڕ لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەتاوەکو سەدەی هەژدە بەردەوام بوو.

نیرا چاندۆک دەڵێت:

"دیارە دەرکەوتنی ئەم چەمکە گرینگ بوو لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە تاک، پەیوەندی تاک بە دەوڵەت و کەسانی تری کۆمەڵگاوە. کۆمەڵگەی مەدەنی جیابوونەوەی ڕوونی ژیانی مەدەنیی و سیاسییە لە یەکدای، جیاکارییەک لە ڕابوردوودا بە گشتی نەناسراو بوو. یەکەمین نیشانەکانی ئەم چەمکە تازەیەش لە شکڵبەندییەکانی لۆک و هۆبزدا دەرکەوت، کە هەردووکیان تیورەسازیی سەرەتایی نوێگەری بوون[٣]."

## مامۆستا و بیرمەندانی ئەم چەمکە

دیارە لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و داڕشتنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و تاک و، پێوەندیی ئەم دووانە پێکەوە، نیقاشێکی گەورە لە نێوان فەیلەسووفانی ڕۆئاوا بەرپا بوو. ئەم نیقاشە هەتاوەکو کۆتایی سەدەی بیستەمیش بەردەوام بوو. هەتاوەکو سەدەی هەژدە، هەمان پێناسەی ئەرستۆ (کۆمەڵگەی سیاسی) بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرا. لێ پاشان ئەم چەمکە لە یەکتری جیا کرایەوە.

فەیلەسووفی ئینگلیزی جان لۆک، کە ئەویش بە یەکێک لە باوکە مەزنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مۆدێرن دەژمێررێت، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"کۆمەڵگە سەرچاوە لە سروشتی مرۆڤەوە وەردەگرێت، بەڵام کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، دەبێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بێت، واتە کۆمەڵگەیەک بێت لەسەر بناغەی مەدەنییەت و هەنگاونانی دوولایەنە ڕاوەستابێت. کۆمەڵگەیەکی یاساڕێژ کە تێیدا تاکەکان سنووردارێتییەک بۆ مافی خۆیان قبوڵ بکەن و دۆخێکی سیاسی کە تیایدا تاکەکان ملکەچی یاسا مەدەنییەکان و پەیمانی دوولایەنەن، شتێکە کە دەبێت هۆشیارانە دروست بکرێت[٤]."

دیاره ئەم بۆچوونەی لۆک زیاتر دژی بۆچوونەکەی ئەرستۆ بوو بەتایبەتی ئەو چەمکە کە مرۆڤ وەکو "ئاژەڵی سیاسی" دادەنا. هەروەها لۆک بەتەواوەتی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە چەمکی کۆمەڵگەی سیاسیی ئەرستۆ جیاکردەوە. لەلایەکی ترەوە بە بۆچوونی لۆک، مرۆڤ بۆ ئەوەی مافەکانی وەکو: مافی موڵکداری، گواستنەوەی دارایی، مافی ئازادی، بپارێزێت و ئەم مافەنەی بەدی بهێنێت، دەچنە ناو کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

لەلایەکی ترەوە ئێمانوێل کانتی فەیلەسووفی ئەڵمانی، هەوڵی دا جۆرێکی تر پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. کانت دەڵێت:

" مرۆڤ دەبێت لە دۆخی سروشتی کە تیایدا هەرکەسێک بەپێی هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی دەسوورێتەوە، بێتە دەرێ و پێوەندی بەکەسانی ترەوە بکات. مل بۆ سنووردارێتییەکی یاسایی و دەرەکی گشتی بدات. بە واتایەکی تر، دەبێت مرۆڤ بە پلەی یەکەم بچێتە ناو دۆخی مەدەنییەوە[٥]. "

بەلای کانتەوە کۆمەڵگەی مەدەنی جۆرێکە لە قۆناغێکی پێشکەوتووی گەشەکردنی مرۆڤ. کە لە قۆناغێکی سروشتییەوە هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەنێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕان و پێشکەوتنێکی گەورەی ئاوەزی مرۆڤ دەگەیەنێت. واتە کۆمەڵگەی مەدەنی قۆناغێکی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت.

یاساناس و سیاسیی ناوداری فرەنسایی ئەلێکسی دو توکوڤیێ Alexis de Tocqueville ساڵی ١٨٣٥ کتێبێکی لەبارەی دیموکراسیی ئەمەریکاوە نووسی، بەناونیشانی De la démocratie en Amérique

توکوڤیێ لە م کتێبەیدا هەوڵ دەدات کە پێناسەیەکی نوێ بۆ چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات و، لە هەمان کاتیشدا ئامانجەکەی بە ڕوونی دەردەخات. ئەو پێی وایە، کە "دیموکراسیبوونی جەماوەر" وەکو لەمپەرێک وایە کە دەتوانێت ڕێگا لە "دیکتاتۆرییەتی زۆرینە" بگرێت[٦].

بەڵام یەکێک لەو کەسانەی کە بۆ یەکەمین جار توانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکاربهێنێت و شرۆڤەیەکی ڕوونی بۆ بکات، بیرمەند و سیاسیی ناوداری ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشییە (١٨٩١–١٩٣٧) بوو. گرامشی لە کتێبی "دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا" هەوڵی داوە پێناسەیەکی نوێ بۆ دەوڵەت و کولتووری زۆرینە" زاڵبوونی کولتووری ئەورووپی کە خۆی بە کولتووریی سەرەکی دادەنێت" دارشتەوە.

گرامشی پێی وایە:

" ئەوەی کە دەتوانێت دەوڵەت لە دیکتاتۆری بپارێزێت، دەزگا تەقلیدییە بیرۆکراسییەکان نییەتی، کە خاوەنی هەژموونی دەسەڵاتن بەسەر کۆمەڵگادا، بەڵکە ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنییە کە دەتوانێت دەوڵەت بپارێزێت، هەروەها ئەوە ڕای گشتییە کە ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا دەگێڕێت[٧]. "

دیاره گرامشی به توندی ڕەخنەی لە دیدی بیرمەندە ڕۆئاواییەکان دەگرت، کە کولتووری ئەوروپییان بە کولتووری سەنتەر دادەنا. لەم بوارەشدا هەوڵێکی ئێجگار گرینگی داوە.

## چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارنشینی

دیارە خەڵکانێکی زۆر پێیان وایە کە چەمکی مەدەنی لەگەڵ شاردا دێتەوەو لەگەڵ دروستبوونی شار و مۆنۆپۆڵەکاندا پەیدابووە. بە واتایەکی تر پێیان وایە، کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، چەمکێکی شارییە. دیارە لەپاش دروستبوونی شار و پەیدابوونی کولتووری شار، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییش پێشکەوت.

شار کۆمەڵێک ڕێساو یاسای تایبەتیی بە خۆی دانا، کە زۆر جیاوازتر بوو لە کولتووری لادێ. تاک لە شاردا "ئینتمای" لە "خێڵ، بنەماڵەو، ناوچەوە" دەگۆڕێت بۆ "خود، ڕێکخراوی مەدەنی، دەوڵەت". لێرەدا تاک دەتوانێت واز لە ئینتمای خۆی بۆ خێڵ بهێنێت و ئینتمای خۆی بۆ شتی تر بگۆڕێت، بۆ نموونە بۆ نیشتمان، پارتێکی سیاسی، ڕێکخراوێکی مەدەنی.

دەتوانم بڵێم شار بە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی سەرهەڵدانی چەمکی مەدەنی دادەنرێت. شار و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەردووکییان تەواوکەریی یەکترین. دیارە شاریش بە قۆناغێکی پێشکەوتوویی ژیانی مرۆڤایەتیی دادەنرێت. لە هەمان کاتیشدا بە نیشانەییەکی گرینگی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان دادەنرێت.

تاک تەنیا لەناو شاردا دەتوانێت ئازادبێت، تەنیا لە شاردا دەتوانێت لە کۆت و بەندی " خێڵ، بنەماڵە، ئاین" ڕزگاری بێت. تاک تەنیا لەناو شاردا دەتوانێت بە تەواوی مافەکانی ژیانی خۆی بگات، جا مافی ماددی بێت یان مەعنەوی. شار ئەو فەزایەیە کە تاک دەتوانێت تێیدا گەشە بکات و تواناکانی خۆی تێیدا بەرجەستە بکات و بە مافەکانی خۆی بگات. هەربۆیە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیش، لەگەڵ شارنشینیدا پێوەندییەکی ئێجگار بەتینیان هەیە.

## چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و بۆرجوازی

لەپاش شۆڕشی پیشەشازی و ڕێنانساز و سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی، هەموو ئەمانە ڕێگایان خۆش کرد بۆ لەدایکبوونی چینێکی نوێ، کە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو چینە کۆمەلایەتییانەی کە پێشتر مرۆڤایەتی بینیبووی بە خۆیەوە. لەدایکبوونی چینی بۆرجوازی لە ئەوروپا، ڕێگای خۆش کرد بۆ ڕووخاندنی ئەو بەها و نەریتە کۆنانەی کە پێشتر زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵگەدا و، لە هەمان کاتیشدا لەدایکبوونی کۆمەڵێک چەمک و بەهای نوێ، بۆ ئەوەی جێگەی کۆنەکان بگرێتەوە.

بۆرجوازی لە هەناویدا بەیەکێک بە بەرگریکەرە سەرسەختەکانی (تاکگەرایی، بازاڕی ئازاد)

دەژمێررێت. هەر لە سەرەتاوە بیرمەندە گەورەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە گرینگی و بایەخێکی گەورەیان بە پیرۆزیی موڵک و سامانی تاک دەدا، بۆ نموونە جان لۆک، زۆر جەختی لەسەر پیرۆزڕاگرتنی موڵکی خەڵکی دەگرت. دەتوانم بڵێم کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و بۆرجوازی تەواوکاریی یەکترین.

نیرا چاندۆک دەڵێت:

"کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا کاتێک بوو بە چەمکێکی ڕوون و گونجاو کە بواری مەدەنی بە باشی دروست بوو. دروستبوونی بواری مەدەنیش خۆی دەرەنجامی سەقامگیریی سەرمایەداری بوو[٨]."

لەگەڵ لەدایکبوونی سیستەمی سەرمایەداریی، کۆمەڵێک چەمک و نەریتیی نوێ لەدایک بوون. دیارە ئەمەش لەبەرئەوەی کە سیستەمی سەرمایەداری، چیتر نەیدەتوانی لەگەڵ کولتووری سیستەمی دەرەبەگایەتییدا بگونجێت، هەربۆیە ناچاربوو کە کولتوورێکی نوێ جێگەی کولتوورە کۆنەکە بگرێتەوە.

سەرمایەداریی زاڵبوونی هەژموونی "خێڵ، ئاین " بەسەر تاکدا لەبەرژەوەندی ئەودا نەبوو. بەڵکە سەرمایەداری پێویستی بە هێزێکی کاریی ئازاد هەبوو، کە چ وەختێک بیەوێت بەکاری بهێنێت و سوود لە تواناکانی وەربگرێت. هەرکاتێکیش پێویستی پێ نەما، فڕێی بداتە دەرەوە. ئەو زنجیر و کۆت و بەندانەی کە (خێڵ، ئاین) لە دەوری تاکدا دایاننابوو، لە بەرژەوەندی ویدا نەبوون، هەربۆیە هەموویانی ڕووخان. بەڵام لەجیاتیی ئەو زنجیرانە، سەرمایەداریی تاکی بە کۆمەڵێک زنجیری تر بەستەوە.

لێ ئەوەی گرینگە بیزانین ئەوەیە، کە سەرمایەداری و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێوەندییەکی ئێجگار قووڵیان پێکەوە هەیە و تەواوکاریی یەکتریشن.

## پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

دیارە کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو هەر چەمکێکی تری فکری لەسەر کۆمەڵێک پایە دانراوە. هەموو ئەو پایانەش پێکەوە ئینجا دەتوانن تەلاری کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکەن. بە نەبوونی یەکێک لەو پایانە، ئەم تەلارە ناتەواو و ناشرین دەردەچێت. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی هەریەک لەو پایانە بکەم، کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەری وەستاوە.

١. بوونی سیستەمێکی دیموکراسی

بەبێ بوونی سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ببەستێت، ناتوانین باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین. دیارە کە باسی سیستەمی دیموکراسی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە، کە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەردو دوور لە ساختەکارییەوە

دابمەزرێت. سیستەمێک کە چەندین پارتی سیاسی، تێیدا کێبرکێی بکەن لە نێوانیاندا و، زۆر ئازادانە هەر پارتە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی، بۆ حوکمرانی، دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵگە، ئابووری، ئاشتی و جەنگ، داهاتووی وڵات، بۆ جەماوەر دەربخات.

هیچ سیستەمێکی دیموکراسی بە بێ بوونی پارتی سیاسی جیاواز، کە لە رووی فکر و پرەنسیپ و دیدیان بۆ داهاتوو جیاواز بن لەیەکتری، سەر ناگرێت. بەبێ بوونی چەندین گوڵ، هیچ کاتێک باخچەی دیموکراسی سەوز نابێت. کۆمەڵگەی مەدەنیش واتە، ڕێگەدان بە دیدی فکری و سیاسیی جیاواز، تا بە ئازادانە قسەی خۆیان لەبارەی کۆمەڵگاو داهاتووی وڵات بکەن.

لە هەمان کاتیشدا پێویستە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە، گەل سەران و نوێنەری خۆی دیاری بکات. دەبێت هەلومەرج و کەشوهەوای ئازاد بۆ هەموو کەسێک بڕەخسێنرێت، بۆ ئەوەی پەیامە سیاسی و بەرنامەکانی پارتەکەی بە خەڵکی بگەیەنێت. ئەمەش یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٢. فەراهەمکردنی ئازادیی تاک و کۆمەڵ

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئازادییە. چ ئازادیی تاک یان کۆمەڵ. لەهیچ وەختێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ فەراهەمکردنی ئازادی، سەرناکەوێت و جێگیر نابێت. دیارە خەباتی مرۆڤ لەپێناوی ئازادیدا، مێژوویەکی ئێجگار دوورودرێژ و خوێناوی هەیە. سەیری لاپەڕەی مێژووی هەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەو وڵاتێک بکەیت، دەبینیت تاکەکانی خەباتێکی ئێجگار گەورەو خوێناوییان لەپێناوی ئازادیدا کردووە. دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیش کاتێک بەرەو پێشەوە چوو، ئەو کاتەی کە ئازادی توانی بەیەکجاری ببێتە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگا.

گەورە فەیلەسووفی هۆڵاندی سپینۆزا، کە بەباوک و مامۆستای ئازادی و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت و لەم بوارەشدا کۆمەڵێک وتار و کتێبی نووسیوە، هەتا مردنیش زۆر شێلگیرانە بەرگری لە هەردوو چەمکەکە کردووە. سپینۆزا دەڵێت:

"هێزی گەورەی کۆمەڵگا لەوەدایە کە زۆرترین بڕی ئازادی دەستەبەر بکات."

دیارە لەو کاتانەدا تۆماس هۆبزی فەیلسووفی ئینگلیزیی، کە بەیەکێک لە داکۆکیکەرانی بیری دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت بوو، سپینۆزا زۆر بە توندی دژی ئەم بۆچوونەی هۆبز وەستایەوە. سپینۆزا دەڵێت:

" پێویستە لەسەر دەوڵەت ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی مافی ئازادی لە مرۆڤەکان زەوت بکات، ئەو مافەی کە بنەوای هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، بە ڕای من هیچ شتێک هێندەی سەرکوتکردنی ئەقڵ و رادەربڕین و بیرورا، هەڕەشە و مەترسی نییە بۆ سەر

قەوارەی دەوڵەت[٩]"

جان لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (پەیامێک لەبارەی حکومەتی مەدەنی)، دەڵێت: (هەموو مافێک بریتییە لە ئازادی و یەکەمین مافیش تەنیا مافی ئازادییە.[١٠]"

جان جاک رۆسۆی فەیلەسووفی ناوداری فەرەنساییش "١٧١٢ - ١٧٧٨" کە بەیەکێک لە داکۆکیکەرانی بیری ئازادیی و مافی مرۆڤ دادەنرێت، زۆر لە فەیلەسووفانی تری پێش خۆی داکۆکی لە چەمکی ئازادی دەکات. ئەو پێی وایە کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت واز لە مافی ئازادیی خۆی بهێنێت، چونکە ئەم مافە گوزارشت لە بوونی مرۆڤ دەکات. رۆسۆ دەڵێت:

" دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئازادییەکانی، واتە دەستبەرداربوونی لە خەسڵەتی مرۆڤبوون و مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی مرۆڤیش،، دەستبەرداربوونیش لەم شتانە هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناگونجێت. سەندنەوەی ئازادی لە ئیرادەمان، واتە سەندنەوەی هەموو خەسڵەتێکی مۆڕاڵی لە ڕەفتار و کردەوەکانمان[١١]."

دیارە ئازادی بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت، بەبێ بوونی ئازادی مەحاڵە کۆمەڵگەی مەدەنی سەربگرێت. دیارە زۆرجار خەڵکانێک پێیان وایە کە باسی ئازادی دەکەین تەنیا مەبەستمان ئازادیی سیاسی، یان تەنیا ئەوان جەخت لەم خاڵە دەکەنەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەتاوەکو تاک لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا ئازاد نەبێت، ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دروست بکەین.

دیارە مرۆڤیش ئازادی تەنیا لە بواری سیاسیدا ناوێت، بگرە پێویستە تاک لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا ئازادانە بژی "کۆمەڵایەتی، ئاینی، رێکخراوەیی". گەر کەسێک نەتوانێت ئازادانە هەڵسوکەوت بکات و راو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی دەرببڕێت، ناتوانین بەو کۆمەڵگایە بڵێین ئازادە. بۆ نموونە پێدەچێت لەهەندێک کۆمەڵگەدا کارێکی ئاسان بێت کە تاک رای خۆی لەسەر مەسەلە سیاسییەکان دەرببڕێت، بەڵام زۆر کارێکی زەحمەت و دژوارەبێت، ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتی ئاینی یان دژی نەریتی کۆنی کۆمەڵگا بوەستێتەوە.

بۆ نموونە لە کۆمەڵگە رۆهەڵاتییەکاندا بەتایبەتی لەپاش بەهاری عەرەبی، تاڕادەیەکی زۆر بواری ئازادیی سیاسی فەراهەم کراوە، بەڵام لە بواری ئازادیی ئاینی و تاکگەرایی، زۆر بەرەو دواوە دەچێت، بەجۆرێک کە پێشتر تاک لە سەردەمی دیکتاتۆرەکاندا، زیاتر لە بوارە مەدەنییەکاندا ئازاد بوو هەتاوەکو ئەمڕۆ، چونکە ئەمڕۆ لایەنی ئیسلامییە سیاسییەکان، زۆر بەهێز بوون و ئەوانیش بەهەموو شێوەیەک دژی رەخنەگرتن لە ئاین و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە.

بە بڕوای من هیچ وەختێک ئێمە ناتوانین باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراندنی سیستەمێکی پلورالیزمی بکەین، هەتاوەکو تاک بە شێوەیەکی تەواوەتی بە مافی ئازادیی خۆی نەگات. گەر کەسێک نەتوانێت ئازادانە قسە بکات و بریاری خۆی بدات، بۆ نموونە چۆن دەتوانێت

واز لە ئینتمای خۆی لە "خێڵ، یان ئاین، یان بنەماڵە" بهێنێت، و ئینتمای خۆی بۆ رێکخراوێکی مەدەنی بگۆڕێت. لەبەرئەوە هیچ کاتێک کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ بوونی ئازادی سەرناگرێت.

٣. جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و عەلمانییەت

هەتاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش ئاین رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبوو بەسەر تاک و کۆمەڵگەی رۆئاواییدا. بیرمەندان و فەیلەسووفانی ئەوروپا، لە سەدەی هەڤدەوە کەوتنە خەباتێکی گەورە لە پێناوی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. دیارە جان لۆک یەکێک بوو لە داکۆکیکەرانی ئەم چەمکە. ئاخر گەر دین هەژموونی خۆی بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا بسەپێنێت، مەحاڵە بتوانین باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین. چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی باوەڕێکی تەواوەتی بە لێبوردەیی ئاینی و ئازادیی تاک لە هەڵبژاردنی ئاین و مەزهەبدا هەیە. ئەمەش لەگەڵ زاڵبوونی دین بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا ناگونجێت.

جان لۆک لەپاش شەڕە مەزهەبییە خوێناوییەکانی ئەوروپا بە گشتی و ئینگلاند بەتایبەتی، کەوتە خەبات لە پێناوی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

جان لۆک دەڵێت:

(هەر کەنیسەیەک بە بڕوای خۆی مەسیحی پەتییە و بە بڕوای خۆی ئەوانی دیش هەڵە و مورتەدن. هەموو کەسێک بڕوای وایە ئەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی هەقیقەتە و هەرچییەکیش کە جیاوازە لەو، وەک هەڵە مەحکوم دەکات. گەر مافی سەرکوتکردن بە کەنیسەیەک بدرێت، ئەوا ناچارین هەمان ماف بە کەنیسەکانی تریش بدەین.)

لۆک، زۆر دژی ئەوەبوو کە دەوڵەتێکی ئاینی دروست بێت و، ئاین ببێتە ناسنامەو مەرجەعی سەرەکیی دەوڵەت، چونکە ئەو پێی وابوو کە گەر دەوڵەتێک بیەوێت مەدەنی بێت، نابێت دەوڵەتێکی ئاینی بێت. جان لۆک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نامەیەک لەبارەی لێبوردن) دەڵێت:

(بەو پێیەی جێبایەخی دەسەڵاتی مەدەنی بریتییە لە بەرژەوەندیی مەدەنی و ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە دنیاوە هەیە، ئەوا دەسەڵاتی ئاینی بۆی نییە خۆی لە کاروبارەکانی هەڵقورتێنێت، لەبەرامبەریشدا پێویستە یاساکانی دەوڵەت لە بیر و باوەڕی ئاینی بەدوور بێت، ئەمەش مانای وایە نابێت باس لە دەوڵەتی مەسیحی بکەین، مادامەکی یاساکانی دەوڵەت سەروکاریان لەگەڵ شەریعەتی مەسیحییەتدا نییە[١٢])

دیارە دەوڵەتی ئاینی ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپادا بەرقەرار بوو، هەرئەمەش بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناویی مەزهەبی لە ناو ئەوروپادا. لەبەرئەوە فەیلەسووفانی ئەوروپا، پێیان وابوو باشترین چارەسەر بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ئاینی و مەزهەبی لە ئەوروپا و، سەقامگیربوونی ئاشتی، جیاکردنەوەی دین بوو لە دەوڵەت.

فەیلەسووفی مەزنی فرەنسی ڤۆلتێر، کە بە یەکێک لە داکۆکیکەرانی بیری ئازادی و دەوڵەتی مەدەنی دادەنرێت. ساڵی ١٧٦٣ پاش چەندین ڕووداوی دڵتەزێن، کە ناخی ڤۆلتێر دەهەژێنێت، کتێبێکی مەزن بەناوی (وتارێک لەبارەی لێبووردنەوە دەنووسێت ).

ئەم کتێبە دەبێتە بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ وروژاندنی رای گشتی فرەنسی، بە قازانجی دژایەتیکردنی دەمارگیری و هاندانی خەڵکی بۆ لێبووردەیی و قبوولکردنی مەزهەب و دیدی جیاواز. هەروەها لەم کتێبەیدا، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کەنیسەی مەسیحی بەگشتی و کاسۆلیکی بەتایبەتی. ڤۆلتێر دەڵێت:

" مەسیحییەت مێژووی شانزە سەدە بەربەریەتە. سەردەمێکی درێژ بەسەر فەرمانڕەوایی مەزهەبی مەسیحییەتدا بەهۆی قووستەنینەوە نەڕۆیشتبوو کە ئاتانازییەکان و ئۆسبییەکان*، کەوتنە گیانی یەکدی و لەوساوە تا ئەمڕۆ هەمیشە کەنیسەی مەسیحی لە خوێندا غەرق بووە."

ڤۆلتێر دەیەوێت سوود لە وانە تاڵەکانی مێژوو وەربگرێت، هەربۆیە دەڵێت:

(ئەم جیاوازییە ترسناکانە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە، وانەیەکی گرینگە سەبارەت بەوەی ئێمە دەبێت هەڵەکانی یەکدی ببەخشین. جیاوازبوون، بەدبەختی گەورەی مرۆڤەو "لێبووردن"یش تەنیا ڕێگا چارەیەتی[١٣]).

ڤۆلتێر پەنا بۆ بازرگانی دەبات و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە، بۆچوونەکانی بسەلمێنێت.

(لە بۆرسەی ئەمستەردام یان لەندەن یان بەسرەدا، کە زەردەشتی، یەهوودی، موسڵمان، کاسۆلیک، پرۆتستانت، ئەرتەدۆکسی، هەر هەموویان مامەڵە پێکەوە دەکەن و خەنجەر بە ڕووی یەکدا هەڵناکێشن بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەویدی بهێنێتە سەر دینەکەی خۆی. کەوابوو بۆچی ئێمە "مەسیحییەکان" پاش ئەنجومەنی نیقیە** بەردەوام کوشتار لەگەڵ یەکدیدا دەکەین؟[١٤])

دیارە ڤۆلتێر لەو باوەڕەدا بوو، کە بازرگانی دەتوانێت ڕێگا لە توندوتیژی و دەمارگیری ئاینی بگرێت. کارو خەباتی ڤۆلتێر لە پێناوی لێبووردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە گەشەسەندنی بیری لێبووردن و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و فەراهەمکردنی ئازادیی بیروڕا.

ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە تاک بەشێوەیەکی تەواوەتی ئازاد بێت و بە مافە سروشتییەکانی خۆی بگات. لەبەرئەوە هیچ وەختێک تاک ناتوانێت بەم مافانەی بگات، گەر بێت، لە ژێر هەژموونی دەوڵەت یان ئاین یان نەریتی کۆمەڵگە ئازاد نەبێت. لەبەرئەوە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەیەکێک لە ئامانج و بەرنامە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت. لەبەرئەوە من زۆرم لاسەیرە کە ئێستا لایەنە ئیسلامییەکان باس لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. چونکە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک قبووڵی ئەوە ناکەن کە کەسێک بڵێت من باوەڕم بە خودا نییە. یان کەسێک چی دەخواتەوە یان چی لەبەر دەکات ئازاد بێت، چونکە بەپێی تەعالیمی ئیسلامی بێت، تاک بە کۆمەڵێک ڕێسای ئاینییەوە بەستراوەتەوەو دەبێت بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات. بەڵام

کۆمەڵگەی مەدەنی پێی وایە کە تاک دەبێت تەنیا ملکەچی ئەو یاسایەنە بێت، کە خۆی دایناون و لە خزمەتی تاکدان. واتە ملکەچی یاسا ئاسمانییەکان نەبێت. ئەمەش پێچەوانەی بەرنامەی پارتە ئاینییەکانە.

٤. جیاکردنەوەی دەسەڵات و سەروەریی یاسا

یەکێک لە ئامانج و ئەرکەکانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کارکردنە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر تاکدا. کاری بنەڕەتی کۆمەڵگەی مەدەنی، پاڵپەستۆهێنانە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە تاوەکو تاک لە ژێر چنگی دەسەڵات ڕزگار بکات.

دیارە لەم پێناوەشدا هیچ کەسێک هێندەی فەیلەسووف و بیرمەندی گەورەی فرەنسایی (شارل دی مۆنتسکیۆ ١٦٨٩ – ١٧٥٥) کاری نەکردووە. ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ڕۆحی یاساکان (Lois des Esprit)زۆر شێلگیرانە پشتگیریی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکات. خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەڕێز ئیدریس شێخ شەرەفی ئەم کتێبە نایابەی کردووە بە کوردی و دەزگای موکریان چاپی یەکەم و دەزگای وەرگێڕانیش چاپی دووەمی ئەم کتێبە نایابەی کردووە.

مۆنتسکیۆ دەڵێت:

" پێویستە یاساکان لەگەڵ سروشت و پرەنسیپی ئەو حکومەتەی کە دامەزراوە یان دادەمەزرێت بگونجێت، جا چ یاسا سیاسییەکان کە دەبنە هۆی پێکهێنانی دەوڵەت، چ یاسا مەدەنییەکان کە دەوڵەت دەپارێزن[١٥]"

واتە مۆنتسکیۆ پێی وایە کە یاسا مەدەنییەکان دەتوانن پارێزگاری لە دەوڵەت بکەن. لە هەمان کاتدا ئەو پێی وایە کە تەنیا یاسا دەتوانێت ئازادیی و ئاسایشی هاوڵاتییان بپارێزێت.

لەم بارەیەوە دەڵێت:

"سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی، گرینگییەکەی هەر لەوەدا نییە کە پاراستنی ئازادی سیاسیی دەستوور بیخوازێت، بەڵکو پێداویستییەکی زۆر ئۆرگانییە کە مافی هاوڵاتیی پێویستی پێیەتی تا لە ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی بەهرەمەند بێت."

مۆنستکیۆ پێی وایە کە جیاکردنەوەی دەسەڵات سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کۆمەڵگە و ڕێگرێکی زۆر گەورەشە لە دروستبوونی حکومەتی ستەمکار، چونکە بەم شێوەیە دەسەڵات تەنیا لە دەستی کەسێک یان گرووپێک کۆ نابێتەوەو نابێتە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی ستەمکار. لەکاتێکدا کە دەسەڵاتەکان بەسەر چەند دەزگایەکدا دابەش کران، هاوڵاتی کەمتر دەکەوێتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتەوە.

ئەو دەسەڵاتی بەسەر سێ دەزگادا دابەش کرد: ١ دەسەڵاتی جێبەجێکردن "حکومەت". ٢ دەسەڵاتی تەشریعی "پەرلەمان"٣ دەسەڵاتی قەزائی "دادگا".

ئەو پێی وابوو لە ڕێگای ئەم دابەشکردنەوە، هاوڵاتییان کەمتر دەکەونە بەر هەژموونی دەسەلاتەوەو ئازادانەتر دەژین. هەروەک خۆشی دەڵێت:

" لە ژێر ئالای حکومەتی ستەمکاریدا مرۆڤ وەکو ئاژەڵ هیچ شتێکی دەست ناکەوێت، جگە لە غەریزەی سروشتی و ملکەچی و تەمێکردن نەبێ. هەر بڕیارێک کە پاشای ملهوڕ دەری دەکات بەسەو دەبێت پەسند بکرێ و ئەملاو ئەولای نییە."[١٦]

لەبەرئەوە هیچ کاتێک ناتوانین باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و پلوورالیزم و دیموکراسی بکەین، هەتاوەکو دەسەلاتەکان جیا نەکرابێتەوە. لەهەمان کاتیشدا پێویستە یاسا بە شێوەیەکی تەواوەتی بەرقەرار بێت و سەروەریی هەموولایەک بێت. چونکە تەنیا یاساکان دەتوانن هاوڵاتی لە دەستدرێژی دەسەلات و خەڵکان و لایەنەکانی تر بپارێزن. هیچ کاتێک هاوڵاتییان ناتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن، گەر یاساکان پارێزگارییان لێ نەکەن. لەبەرئەوە جیاکردنەوەی دەسەلات، مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ژماردن.

٥. ڕێکخراویی مەدەنی

خاڵێکی گرینگی تر، بوونی ڕێکخراویی خۆبەخش و مەدەنییە. هیچ کاتێک ناتوانین باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، گەر ڕێکخراویی مەدەنیمان نەبێت. ڕێکخراوەکان لۆکۆمۆتیڤی کۆمەڵگەی مەدەنین، بەبێ ڕێکخراوەکان کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نییە.

## ئەرکەکانی ڕێکخراویی کۆمەڵگەی مەدەنی

١. کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ئەندامان بەشێوەیەکی خۆبەخشانەو دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی.

٢. بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی خەباتی ئاشتییانەو مەدەنییانە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە.

٣. هەوڵدان بۆ پاڵەپەستۆهێنان بۆ سەر دەسەلات و رای گشتی، بۆ ئەوەی دان بە مافەکانی ڕێکخراوەکەیان بهێنن.

٤. دوورکەوتنەوە لە هەموو بیر و بۆچوونێکی تەسکی حیزبی، عەشیرەتی، ئاینی.

٥. کارکردن بۆ زیادکردنی فەزای ئازادیی سیاسی و تاکەکەسی، باشکردنی مافەکانی مرۆڤ، دژ وەستانەوە بە پێشێلکارییەکانی دژ بە ژنان، پارێزگاریکردنی ژینگە و ئاژەڵ، دژایەتیکردنی شەڕ و بلاوکردنەوەی هەستی ئاشتی پارێزی، پاراستنی کەمە نەتەوەو ئاینەکان، دژایەتیکردنی بیری راسیزمی و فاشیزمیی نەتەوەیی و ئاینی. دژایەتیکردنی گەندەڵی و ملهوڕیی دەسەلاتی سیاسی و ئاینی[١٧].

٦. خۆ دوورخستنەوە لە سیاسەتەکانی دەوڵەت و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو سیاسەتانەی کە دژ بە مافەکانی مرۆڤن.

٧. پارێزگاریکردنی مافی ئەندامان و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە[١٨].

## گلۆبالیزم و زیادبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان

لەپاش ڕووخانی بلۆکی ڕۆهەلات و سۆڤێت، جارێکی تر ڕێکخراویی مەدەنی لە جیهاندا ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان لە سیاسەتی جیهاندا بینی. ئەمڕۆ هەندێک ڕێکخراوی مەدەنی، دەتوانن سیاسەتەکانی دەوڵەتان بگۆڕن، بگرە هەندێکیان لە پارت و گرووپە سیاسییەکان زیاتر ڕۆڵیان لە سیاسەتی دەوڵەت و جیهاندا هەیە. لەهەمان کاتیشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ژمارەی ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکان زیاتر دەبێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی (بانکی نێودەوڵەتی )، لە ساڵی ١٩٩٠ وە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٦، ژمارەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە جیهاندا، لە ٦٠٠٠ وە گەیشتووەتە ٥٠٠٠٠. واتە دە بەرامبەر زیادی کردووە. هەروەها لە ڕووی پێشکێشکردنی یارمەتیی دارایی و مرۆییشەوە، ڕێژەیان زیادی کردووە، کە هەر بەپێی ئەو ئامارە، ئەم ڕێکخراوانە نزیکەی ١٥ ملیارد دۆلار یارمەتییان لە جیهاندا پێشکێشی خەڵکانی هەژار و لێقەوماو کردووە[١٩].

ئەمڕۆ ڕێکخراوە مەدەنییە ناحکومییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە و دەتوانن پاڵەپەستۆی گەورە بۆ سەر دەوڵەتان دروست بکەن. بۆ نموونە ڕێکخراوی (ئەمنستی ئەنتەرناسیۆناڵ ) لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕیسواکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ دەکەن. یان ڕێکخراوی (گرین پی)، کە ڕێکخراوێکی مەدەنی و جیهانییە، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستنی ژینگە و ڕیسواکردنی ئەو حکومەت و کۆمپانیایانەی کە ژینگە پیس دەکەن.

لە بواری دژایەتیکردنی سیستەمی کەپیتالیزم و کۆمپانیا و دەوڵەتە سەرمایەدارەکانیش، ڕێکخراوە مەدەنییەکان ڕۆڵیان زۆر لە پارتە چەپەکان زیاترە. دیارە ئەمڕۆ تەنیا لە ڕێگای پارتێکی مارکسی لینینییەوە دژایەتیی سەرمایەداری جیهانی ناکرێت، بگرە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، زۆر لە پارتە چەپەکان ئەکتیڤترن و ڕۆڵیان زیاترە، بۆ نموونە ڕێکخراوێکی وەکو (ئەتاک) یان ڕێکخراوی (ئاشتی جیهانی)، زۆر لە پارتە چەپەکان ئەکتیڤتر و ڕادیکاڵانەترن بەرامبەر بە حکومەتە ڕۆژئاواییەکان. بەتایبەتی لە بواری دژایەتیکردنی سیاسەتی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و، داکۆکیکردن لە مافی گەلانی هەژار و پاشکەوتووی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین. لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەم ڕێکخراوانە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان بۆ حکوومەتەکانیان هێنا، کە واز لە قەرزی دەوڵەتە هەژارەکانی جیهانی سێیەم بهێنن. لە ڕاستیشدا هەر ئەم پاڵەپەستۆیە بوو، کە

وای لە حکوومەتە رۆئاواییەکان کرد، کە واز لە بەشێک لە قەرزەکانی خۆیان لەو دەوڵەتانە بهێنن.

لە بواری دژایەتییکردنی سیاسەتی شەڕەنگێزیی ئەمەریکا و پەلاماردانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەلایەن رۆئاواوە، بینیمان لە کاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، هەروەها لە شەڕی ئەفگانستاندا، رێکخراوە مەدەنییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار مەزن و جوامێرانەی بینی لە دژایەتیکردنی ئەم شەرەو ڕیسواکردنی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمەریکا.

لەبەر ئەوە ئەمڕۆ رێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان هەیەو، بە شێوەیەک کە زۆرجاران رۆڵیان لە دەوڵەتەکان زیاترە. بەتایبەتی لە بواری یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و لێقەوماودا، بۆ نموونە لە کاتی کۆڕەوی پاش ڕاپەڕین، رێکخراوە مەدەنی و ناحکومییە رۆئاواییەکان، یارمەتییەکی زۆری خەڵکی لێقەوماوی کوردیان دا. ئەمڕۆ ئەم رێکخراوە خێرخوازییانە زووتر و چالاکتر دەچن بە دەنگ خەڵکی لێقەوماو و هەژاری جیهانەوە، بەتایبەتی لە کاتی کارەساتە سروشتییەکاندا.

## سەرنجێک لەبارەی ڕێکخراوە مەدەنییە رۆئاواییەکانەوە

دیارە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی رۆئاوا بەتایبەتی خێرخوازەکان، ڕاستە لە ڕووی مرۆییەوە یارمەتییەکی زۆری خەڵکی لێقەوماویان داوە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بەشێکی زۆری ئەم ڕێکخراوانە، لە ژێرەوە کار بۆ دەزگا سیخوڕییەکانی ئەو وڵاتانە دەکەن. لە هەمان کاتیشدا خزمەتی سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتانە دەکەن. بەتایبەتی لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵی گرینگ لەبارەی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا کاردەکەن. هەربۆیە هەموو کاتێک لەپشت هەر کارێکی مرۆیی رۆئاواییەوە، ئەجندایەکی گەورەی سیاسی لە پشتە.

جگە لەوەش بەشێکی زۆری ئەو رێکخراوانەی کە لە بواری گەشەپێدانی دیموکراسی و مەدەنییەتدا کاردەکەن، کار بۆ ئەجندایەکی تایبەتیی سیاسی دەکەن. زۆرجار لە ژێر ناوی پەرەپێدانی دیموکراسی و رێکخراویی مەدەنییەوە، هەوڵی نانەوەی پشێوی و ئاژاوە بۆ ئەو وڵاتانە دەنێنەوە. هەر بۆیە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم، بە حەزەرەوە پێشوازیی ئەم رێکخراوانە دەکەن. بۆ نموونە ئەم ساڵ حکومەتی سەربازیی میسری، هەرچی ڕێکخراویی مەدەنیی رۆئاوایی بوو، لە وڵاتدا دەری کردن و بنکەکانیان پێ داخستن، چونکە تەداخولیان لە کاروباریی سیاسیی ناوخۆی میسر دەکرد. لە وڵاتی روسیاش حکوومەتی روسی هەرچی ڕێکخراوی مەدەنی و گەشەپێدانی دیموکراسیی رۆئاوایی بوو، هەموویان لە وڵات دەرکرد، چونکە دەیانویست حکوومەتی پوتین برووخێنن.

دیارە زۆرجار ئەم ڕێکخراوانە وەکو نووکی ڕمی سیاسەتی دەرەکی وڵاتانی رۆئاوایین، چونکە

ئەمان لە ژێر ناوی کارێکی جوان و پیرۆزەوە، خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی سیاسەتێکی نەگریسی رۆئاوان، کە بریتییە لە زاڵکردنی هەژموونی رۆئاوا بەسەر جیهاندا.

## ڕۆهەڵات و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی

دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکێکی نوێیە لە رۆهەڵاتدا، دەتوانم بڵێم زۆر درەنگ ئەم چەمکە گەیشتە رۆهەڵات. لە هەمان کاتیشدا نووسەرانی رۆهەڵات زیاتر خۆیان بە چەند چەمکێکی ترەوە خەری کردبوو، بۆ نموونە تا ماوەیەکی زۆر (مارکسییەت و دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و ناسیۆنالیزم)، پانتاییەکی گەورەی بەسەر عەقڵی رۆهەڵاتدا داگیر کردبوو. لەماوەی سی ساڵی پێشووشدا بەرێژەیەکی زۆر، بیری ئیسلامی و سەلەفییەت، پانتاییەکی گەورەی بەسەر عەقڵی رۆهەڵاتدا کێشاوە.

بەڵام لەماوەی بیست ساڵی پێشوودا بەتایبەتی پاش ڕووخانی بلۆکی رۆهەڵات و یەکەتیی سۆڤێت، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەناو رۆهەڵاتدا بڵاوبووەتەوە. لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەندی زۆر، خۆیان بەم چەمکەوە خەریک کردووە. جگەلەوەش چەندین رێکخراوی مەدەنیی هەمەجۆر لەم بوارەدا دروست بووە.

## ڕێگرەکانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆهەڵاتدا

دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆهەڵاتدا کۆمەڵێک ڕێگری گەورەی لە پێشدا بووە، هەربۆیە نەیتوانیوە بە باشی گەشە بکات و پێش بکەوێت. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی تیشک بخەمە سەر چەند ڕێگرێک، کە وای کردووە ئەم چەمکە هەر لەسەرەتاوە، بە کزیی بێتە ناو مەیدانی هزری رۆهەڵاتەوە.

١- دەسەڵاتی سیاسی

دیارە هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایی بەتایبەتی هەتا ساڵی ٢٠١١، زۆربەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییانەی کە حوکمی رۆهەڵاتیان دەکرد، حکوومەتێکی دیکتاتۆری عەسکەری یان خێڵەکی بوون. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە، کە زۆربەی دەسەڵاتە دیکیاتۆرییەکان دژی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنین. چونکە ئەم چەمکە داوای سیستەمێکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دەکەن. ئەمانەش هەمووی دژی بیری دیکتاتۆری و عەسکەری و خێڵەکین. هیچ وەختێک دیکتاتۆرەکان، چاویان بەرایی نایەت، چالاکوانێکی مەدەنی یان رۆژنامەنووسێکی ئازاد ببینن.

لەبەرئەوە زۆر جار بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا چالاک بوون، تووشی ڕاونان و

گرتن و زۆرجـاریش تیرۆرکـردن بوون. ئەمـەش وای کـردووە کـە خـەڵکانێکی ئێجگار کـەم، بوێرن خۆیان لە قەرەی ئەم چەمکە بدەن.

٢- دەسەڵاتی ئاینی و گرووپە ئیسلامییەکان

دیارە یەکێک لە ئامـانجـەکانی چەمکی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی، جـیـاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دژایەتیکردنی بیری ئوسـوڵی و سـەلەفـیی ئاینیـیـە. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشـە، کە لە مـاوەی چل سـاڵی پێشـوودا، تەوژمی ئیسـلامگەرایی و ئوسـوڵی، بەتـەواوەتی باڵی بەسـەر هەمـوو ڕۆهـەڵاتدا کێشاوە. بەتایبەتی لەپاش شۆڕشی ئێران، کە ئیسلامییەکان توانییان زاڵ بن بەسەر شۆڕشدا و لەپاشـانیش توانییان جێگای شـای دیکتاتۆر بگرنەوەو، کۆمـارێکی ئیسلامی دابمەزرێنن. کە زۆر جار بەهـەمان شێوەی شا، بگرە زۆرجـاریش لەو خراپتر هەڵسوکەوت لەگەڵ خـەڵکی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان دەکەن.

لە وڵاتانی عـەرەبیش، گرووپە ئیسـلامـیـیـەکان بەوپەڕی هێـزی خۆیانەوە کەوتنە دژایەتیکردنی هەمـوو ئەو کـەسـانەی کـە هەڵگری بیـری کـۆمـەڵگەی مـەدەنین و داوای کۆمـەڵگایەکی عـەلمانی و دیموکـراسـی دەکـەن. پارادۆکس لەوەدایە لەم چەند سـاڵەی دواییـدا بەتایبـەتی لەپاش بـەهاری عـەرەبی، ئیسـلامییـەکان توانییان لـە ڕێگای هەڵبـژاردن و سیسـتـەمی دیموکراسییـەوە دەسـەڵات بگرنە دەست. هەروەک بیرمەندی گەورەی عەرەب (هاشم ساڵح) دەڵێت:

" ئیسـلامیـیــەکان هەڵوێسـتێکی ئێجگار هەلپـەرسـتـانەیان لـە شـۆڕشـی گەلانی عـەرەب بینی، جــاران دژی بیــری دیموکــراسـی بوون بـەڵام ئـەمــڕۆ ئـەوان لەهـەمــوو کـــەس زیاتر پەلەی هەڵبژاردنیانە[٢٠]".

لەبەرئەوە چەمکی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی، بـۆ سـاڵانێکی زۆر دەتوانم بڵـێم هەتاوەکـو ئەمـڕۆش، لە شەڕێکی گەورەدایە لەگەڵ بیری ئیسلامی سیاسی. زۆرجاریش خـەڵکانێکی زۆر بوونەتە قوربانیی ئەم شەڕانە. بەتایبەتی نووسەران و بیرمەندان، لە وڵاتی میسر، کە گەورەترین وڵاتی عەرەبییە.

٣- کاریگەری خراپی ڕۆئاوا

ڕۆئاوا بـەگـشـتی و ئەمـەریکا بەتایبـەتی، ڕۆڵێکی ئێـجگار خـراپیـان بینی لە نەهێـشـتنی گـەشـەسـەندنی چەمکی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی. چونکە هـەتا سـاڵی ٢٠١١ ش، ڕۆئـاوا بەهەمـوو توانـایەکیـەوە، پشـتگیـری (سـەربازی، پۆلیـسی، ئابووری، سـیـاسی) ئـەو ڕژێمـە دیکتـاتۆر و عەسکەرییانەیان دەکرد، کە حوکمی ڕۆهـەڵات دەکەن، چونکە ئەم ڕژێمانە هەموویان ئەڵقە لە گوێی خـۆیان بوون و خـزمـەتی بەرژەوەندییـە سـیاسـی و ئابوورییـەکـانی ئەوانیـان دەکرد. ڕۆئـاوا هیـچ بەرژەوەندی لـەوەدا نەبوو، کـە ئەم ڕژێمـانـە بڕووخـێنێت و دیموکـراسی لە ڕۆهـەڵاتدا بڵاوبێـتـەوە، بەپێچەوانە بەرژەوەندی ئەوان لە مانەوەی ئەم ڕژێمانە بوو.

لەلایەکی تریشـــەوە بەحکومی ئەوەی ســـەرچاوەی ئەم چەمکە رۆئاوا بوو، هـەمـــوو کـــاتێک ئیسلامییـەکان و دیکتـاتۆرەکان دژی دەوەسـتـانەوە، بەبیانـوویی ئەوەی ئەم چەمکە دژی کولتـووری رۆهەڵاتە. زۆرجار ئەو کەسـانەش کە لەم بوارەدا چالاک بوون، بە نۆکەری رۆئاوا تۆمـەتبار دەکران. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەهامەتییەکی گەورەی بۆ ئەم چەمکە دروست کردبوو.

دیارە جگە لەم دوو ڕێگرە کۆمەڵێک ڕێگری تریش هەبوون کە دەتوانم بڵێم کاریگەریی خراپیان هەبووە لە نەهێـــشـــتنی بڵاوبوونەوەی ئەم چەمکە، لەوانە (هەژاری، نەخـــوێندەواری، نەبوونی سەرچاوەی باشی رۆشنبیری، نەبوونی ڕێکخراویی بەهێز و چالاک لەم بوارەدا.)

## ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە رووخانی دیکتاتۆرەکان و بەهاری عەرەبیدا

یەکێک لەسـیـمـا گـرینگ و گـەورەکـانی بەهـاری عـەرەبی ئەوە بوو، کـە لەم شـۆڕشـە گـەورانەدا، ڕێکخـراوە مـەدەنییـەکان رۆڵێکی ئێـجگار گەورەیان لە رووخـانی ئـەم رژێمـانە بینی، بەتـایبـەتی لە وڵاتی میـسـر. جـاران کـە باس لە شـۆرش دەکـرا، یەکـسـەر باسی پارتی شـۆڕشگێڕی توندوتۆڵ و پرەنسیپی شۆڕشگێڕانەو، بوونی سەرکردەی شۆڕشگێڕ و خەباتی ژێرزەمینی و پارتیزانی دەکرا. لێ شـۆڕش و بەهـاری عـەرەبی، جـارێکی تر توانی پێنـاسـەیەکی نوێتر بداتە شـۆڕش لە جیـهـاندا. ئەوەی جـێگای سـەرنج و بایەخـدانی هـەمـوو جـیـهـان بوو لەم شـۆڕشـانەدا، پارتی سـیـاسی یان سەرکردەیەکی مەزن، هیچ رۆڵییان نەبوو لەم شۆرشانەدا.

بگرە دەتوانم بڵێم لەم شۆڕشانەدا دوو دیاردەی گرینگ دەرکەوت، یەکەمیان: بەهێزبوونی ڕۆڵی تەکنەلۆجیـای نوێ (سـەتەلایت، ئینتـەرنێت بەتایبـەتی فـەیس بوک). دووەمـیـان: بـەهێزبوونی ڕۆڵی ڕێکخـراوە مـەدەنییـەکـان. لەم شـۆڕشـانەدا ڕێکخـراوەکـانی بواری کـۆمـەڵگەی مـەدەنی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لەهەمان کاتیشدا زیاتر خەڵکی خۆیان لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا دەبینییەوە.

دەتوانین بڵێین زیاتر لەبـەر ئەوەبێت، چونکە خەڵکی لە ڕۆهەلات باوەڕیان بە پارتە سـیاسییـەکان نەمابوو، کە بتوانن گۆڕانکاریی گەورە بکەن، هەربۆیە خەڵکی خۆی لەناو ڕێکخراوە مـەدەنییەکاندا دەبینییەوە. لەلایەکی تریشـەوە خـەڵکی لەناو ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، کەمـتر دەکەوتە بەر دیسپلین و ملکەچیی حیزبی، کە خەڵکی تاقەتی ئەم جۆرە خەباتەی نەماوە.

دەتوانم بڵێم لەپاش بەهاری عەرەبییـەوە، چەمکی کۆمـەڵگەی مـەدەنی گەشـەسـەندنێکی باشی بەخـۆیەوە بینـی. لێ مـەخـابن ئەم گـەشـەســەندنە زۆریی نەخـایاند، چونکە بەهـێـزبوونـی بزاڤی ئیسلامی لە وڵاتانی عەرەبی و دەستبەسەرگرتنی شـۆڕشەکە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، جارێکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوی بەرەودواوە نا.

## کورد و چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی

دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو هەموو رۆهەڵات زۆر درەنگ بە کوردستان گەیشت. دەتوانم بڵێم لەپاش راپەرینەوە زۆر بە کزی باسی ئەم چەمکە کرا. بەڵام لەپاش راپەرینەوەو بوونی کەشوهەوایەکی ئازاد، رێگەی خۆش کرد کە کورد بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاشنا بێت. لەپاش راپەرین وتاری (کوردایەتی) باڵی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی کوردیدا کێشابوو. لەهەمان کاتیشدا (حیزب) سەنتەری هەموو جووڵەیەکی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی بوو. بەشێوەیەک کە (حیزب) رێگای بە هیچ شتێکی تر نەدەدا سەر دەربهێنێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند رێکخراوێکی بواری مەدەنی هاتنە مەیدانەوە، کە پێشتر بوونیان نەبوو. یان بە شێوەیەکی تر دەتوانم بڵێم ئەو شتانە نامۆ بوون لەلای تاکی کوردی. لەپاش راپەرین بەتایبەتی لە بواری داکۆکیکردن لە مافی ژنان، چەند رێکخراوێکی ژنان دروست بوون، کە تارادەیەکی زۆر توانییان هۆشیاری لەمەر ئەم بابەتە بە خەڵکی کوردی بگەیەنن. دەتوانم بڵێم (کۆمۆنیستەکان) رۆڵێکی سەرەکییان لە بواری رێکخراوی ژنان و رێکخراوەکانی تردا بینی (بێکاران، کرێکاران، خوێندکاران).

بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم رێکخراوە مەدەنییانە ئەوەبوو، کە زۆربەیان نەیاندەتوانی لە چوارچێوەی حیزبایەتی دەربچن، بگرە هەموویان ملکەچی بڕیارەکانی حیزب بوون. ئەمەش گەورەترین رێگر بوو لە بەرەوپێشچوونی ئەم رێکخراوانە.

دیارە لەپاش راپەرین چەند خۆپیشاندان و چالاکیی هەمەجۆر لە بوارەکانی (ئازادیی سیاسی، ئازادیی رۆژنامەگەری، داکۆکیکردن لە مافی ژنان، دژایەتیکردنی گەندەڵی، دژایەتیکردنی شەڕ) دروست بوون. بەڵام بەحوکمی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بزاڤی مەدەنی لە کوردستاندا بەرەو دواوە چوو. دەتوانم بڵێم تاکە چالاکی کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا کران، چالاکی دژایەتیکردنی شەڕ و برەودانی ئاشتی و برایەتی بوو. کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا، چەند رێکخراوێکی مەدەنی دروست بوون، کە ئامانجیان راگرتنی شەڕ و نەهێشتنی گیانی شەڕی براکوژی بوو. هەرچەندە ئەمانیش نەیانتوانی سەربکەون، چونکە شەڕەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو، کە ئەم رێکخراوانە بتوانن رایبگرن.

بەڵام لەپاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە، کە زیاتر مەجالی برەودانی بیری چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدابوو. لەم قۆناغەوە کۆمەڵێک رێکخراوی مەدەنی دروست بوون، کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەکتیف بوون. دیارە بەشی زۆریی ئەم رێکخراوانە لەلایەن حکوومەتەوە یارمەتی دەدران، بەشێکیشیان لەلایەن رێکخراوە مەدەنییە ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکانەوە یارمەتییان وەردەگرت. بەڵام دەتوانم بڵێم کە لەماوەی ئەم شەش

سـاڵەی دواییـدا، بەتایبـەتی پاش یەکـبـوونەوەی هـەردوو حکومـەت، بواری کـۆمـەڵگەی مـەدەنی گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە.

## ڕێگرییەکانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا

دیارە لە کوردستـاندا چەمکی کۆمـەڵگەی مەدەنی خـۆی لەبەردەم کۆمەڵێک ڕێگردا دەبینێتەوە، کە بواری پێشکەوتن و گەشەسەندنی نادەن، من لێرەدا بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەم.

١- نەبوونی زانیاری و هۆشیاریی پێویست لەبارەی ئەم چەمکەوە

هـەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر درەنگ گەیشتە کوردستان. دەتوانم بڵێم کتێبخـانەی کوردی لـەم بوارەدا زۆر هـەژارە. ئەو کتێبانەی لەم بوارەدا چاپ کـراون، بەپەنچـەی دەست دەژمـێررێن. نووسـەرانی کـورد زۆر درەنگ خـۆیـان لە قـەرەی ئەم بابەتە گـرینگە داوە. لە بواری وەرگـێـڕاندا لـەم چەند سـاڵەی دواییـدا چەند کـتـێبـێک چاپ کـراوە، کـە جـێگای دەستخۆشین، لێ هێشتـا هـەر کەمە. کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستاندا کۆمەڵێکی زۆری ڕێکخـراوی مـەدەنیـمان هـەیە، لێ ئەم ڕێکخـراوانە زۆر کـەم شارەزاییـیان لە چۆنێتی کـارکـردن لـەم بوارەدا هـەیە. بەشـێکی زۆریان زیاتر لەبـەر بێکاری دروست بوون و لەبەر خـاتری دەسـتکەوتـی کارێک ئەم ڕێکخراوانەیان دروست کـردووە. هـەربۆیە زۆر کـەم دەتوانن خزمـەتی بـواری مـەدەنییـەت بکەن.

٢- زاڵبوونی بیری حیزبایەتی بەسەر کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا

هـەتاوەکو ئـەمڕۆش بەشی زۆری ڕێکخـراوەکان عەقڵـیەتی حیزبایـەتییان بەسـەردا زاڵە و ناتوانن خـۆیان لـە کـۆت و بەندی حـیـزب ڕزگـار بکـەن. ئەمـەش وایان لێ دەکـات کـە نەتوانن لەو بوارەی خـۆیاندا گـەشـە بکەن و ئامـانجـەکانی چەمکی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی پێش بخـەن. هـەربۆیە کـاتێک ڕێکخـراوێکی مـەدەنی دروست دەبێت، پاش مـاوەیەکی کـەم ئینشـقاق و دووکـەرتی تێ دەکـەوێت. بە بڕوای من هـەتاوەکو لە عەقڵـیەتی حیزبایەتی ڕزگارمان نەبێت، ناتوانین لـە بواری خـەباتی مەدەنیدا پێش بکەوین. هـەروەها بەحـوکمی ئەوەی کە بەشێکی زۆریی ئەو ڕێکخـراوانە لەلایەن حیزبەکانەوە یارمـەتی دەدرێن و خـۆیان ناتـوانن سـەرچاوەی دارایی بۆ خـۆیان دابین بکـەن، هێنـدەی تر ملکەچی حیزبەکان دەبن و ناتوانن لە ژێر فەرمانی ئەوان دەربچن.

٣. بەهێزبوونی بزاڤی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئاینی

وەکـو هـەمـوو ڕۆژهـەڵات، کـوردسـتـانیـش خـۆی لەبـەردەم تەوژمی ئیـسـلامگەراییـدا دەبینێـتـەوە. چەمکی کـۆمـەڵگەی مـەدەنیـیش دژی بەهێـزبوونی ڕۆڵی ئاینە لە ناو کـۆمـەڵگەدا و داوای ئازادیی

تاکەکەسی و لێبوردەیی ئاینی و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت دەکات، کە ئەمانەش هەمووی دژی بیری ئیسلامگەرایین. هەربۆیە بزاڤی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لەبەردەم شەڕی ئیسلامییەکانیش دەبینێتەوە، کە ئەمەش ڕێگرییەکی گەورەن بۆ پێشوەچوونی ئەم چەمکە.

٤. دەسەڵاتی سیاسی

دیارە ڕاستە دەسەڵاتی کوردی وەکو دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هێندە دژایەتیی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی نەکردووە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی هاندەر نەبووە بۆ پێشوەچوونی ئەم چەمکە. هەروەها جارجارەش دژی هەندێک چالاکوانی مەدەنی وەستاوەتەوە و زۆرجاریش ئەم چالاکانانەیان زیندانی کردووە. لەلایەکی تریشەوە بوونی شەڕی ناوخۆ، گورزێکی ئێجگار خراپی لەم چەمکە وەشاند.

٥. نەریت کۆنی کۆمەڵگا

زۆرجار نەریتی کۆمەڵگا و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگە دەبنە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم گەشەسەندنی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ئازادیی تاکەکەسییەوە هەیە، یان ئەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە مافی ژنانەوە هەیە. بەداخەوە هەندێک نەریتی کوردەواریی ڕێگرە لەبەردەم پێشوەچوونی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەبڕوای من تاکی کورد، بەچەندین زنجیری نەریتی کۆمەلایەتی بەستراوەتەوە، کە بۆ پساندنی ئەم زنجیرانە، پێویستیمان بە شۆرشێکی گەورەی فەرهەنگی دەبێت، هەتاوەکو تاکی کورد ئازاد بێت.

دیارە جگە لەم ڕێگرانە، چەندین ڕێگریی تریش هەن کە ناهێڵن چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا پێش بکەوێت، بۆ نموونە (هەژاری، دواکەوتوویی، ناهۆشیاری و خراپ حاڵیبوون لە چەمکەکە... هتد)

## دوا قسە

دیارە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکێکی ئێجگار گرینگ و پڕ بایەخە، بە دڵنیاییەوە پێویستی بە لاپەڕە و دێری زۆرتردەبێت، هەتاوەکو لەم بارەیەوە بدوێین. هەروەها ڕۆژلەدوای ڕۆژیش ئەم چەمکە زیاتر لە جیهاندا گەشە دەستێنێت و تیشکی ئەم گەشەسەندنەش دەگاتە لای ئێمە. ئەمڕۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سیاسەتی جیهانیدا ڕۆڵیان زیاتر دەبێت، لە هەمان کاتیشدا لەناو کۆمەڵگەشدا ڕۆڵیان بەرچاوتر دەبێت. هەربۆیە زۆر گرینگە کە ئێمەی کورد، ئاگاداریی ئەم چەمکە گرینگە بین و بزانین چۆن بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەمانی بەکاردەهێنین. چونکە بە بڕوای من گەر بمانەوێت پێشبکەوین و تێکەڵی جیهانی مۆدێرن بین، پێویستە هەوڵی گەشەسەندنی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بدەین.

سەرچاوەکان

١- مصطلحات المشاركة المدنية. www.ndi.org National Democratic Institute

٢- تعريف المجتمع المدني. البانك الدولى.www.worldbank.org.arabic

٣- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١ لاپەڕە ١٢٢.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە.

6- www.wikipedia.org.Deutsch.Zivilgesellschaft

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١ لاپەڕە ١٢٤.

٩- د. زەکەریا ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی، شوان ئەحمەد. چاپی یەکەم. بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١ لاپەڕە ١٦, ١٧.

١٠- هەمان سەرچاوە

١١- هەمان سەرچاوە.

١٢- جان لۆک. نامەیەک دەربارەی لێبووردن. وەرگێڕانی لە فارسیەوە: شۆرش جوانڕۆیی، فەرشید شەریفی. چاپی یەکەم. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ساڵی٢٠٠٤.

١٣- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١ لاپەڕە ٦٩.

١٤- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٦٤.

١٥- مۆنتسکیۆ. ڕۆحی یاساکان. وەرگێرانی: ئیدریس شێخ شەرەفی. چاپی دووەم. دەزگای وەرگێڕان. هەولێر. لاپەڕە ٧١.

١٦- هەمان سەرچاوە. ل ٩٨

١٧- كريمة بكراوي. أي دور للمجتمع المدني في تطوير التماسك الوحدوي؟. سايتي حوار المتمدن

١٨- جميل عودة. ماهي فكرة المجتمع المدني .www.annabaa.org

١٩- تعريف المجتمع المدني. سایتی بانکی نێودەوڵەتی.www.worldbank.orge.arabic

٢٠- هاشم صالح. في مفهوم "الدّولة المدنيّة" (١). ١٣ كانون الاول (ديسمبر) ٢٠١١. سایتی الأوان.

پەراوێزەکان:

* Saint Athanase (373/265) ڕابەری کەنیسەی مەسیحییەتی یۆنانی بوو

Euseb de Cesaree (340/265) نووسەر و یەکێک لە گەورەکانی مەسیحییەتی یۆنانی بوو.

** Dicee (نیکییە یان نیقییە) شارێکی کۆنی یۆنانی بوو "ئێستا تورکیایە"، یەکەمین ئەنجومەنی بڕیاردانی مەسیحییەت لە ساڵی ٣٢٥، تێیدا دروست کرا.

## له ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا

# شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ

جین شارب



ئەم ڕێگەیە بەهەندێ دەستکاریکردنەوە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن قوتابییانی ژاپۆنیشەوە جێبەجێ کرا، هەندێ زانکۆ کردبوویان بەنەریت زیاتر لە توانای خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، قوتابییان وەردەگرت، ئەویش لەو ڕوانگەوە، کە هەموو قوتابییەکان لە یەک کاتدا ناچنە هۆڵەکان، ئەو قوتابییانە بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر زانکۆکە هەڵمەتێکیان ڕێک خست و ناویان نا "ئامادەبوونی هاوبەش".

### ٣- سرتەسرتکردن

مەبەست لەم ڕێگە ئەوەیە کارەکە بەپێی توانا خاو بکرێتەوە.. جیاوازیی ئەمە لەگەڵ ڕێگە هاوشێوەکانیدا ئەوەیە، کە لەبریی فەرمانبەران، لەلایەن کڕیاران و کەسانی سوودمەندەوە دەکرێ، ئەویش لەبەر چەند ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و هەروەها ئابووری و سیاسی.

ئەم ڕێگەیە لەلایەن کۆمەڵەی یەکسانیی ڕەگەزییەوە دژ بەبانکی ناوەندیی ئەمەریکایی لە شاری سان دیگۆ جێبەجێ کرا، ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە ڕوویان کردە بانکەکە و بەڕێکردنی مامەڵەی هەر یەکێکیان لەبری ٣ خولەک، نیو سەعاتی خایاند. ئامانجیش کۆتاهێنان بوو بەجیاکاریی ڕەگەزی لە پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەران لە بانکەکەدا. هەروەها بڕی سەدان دۆلار کرێیان بەیەکەی بچووک بچووکی پارە لە جۆری سەنت و پێنج سەنتی دەدا.

### ٤- دەست تێوەردانی گوتارخوێنی

جۆرێکی تایبەتە لە جۆرەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، تێیدا کارەکانی کۆبوونەوەیەک یان

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

قـوداسـێک ڕادەگـیـرێ، لە پێناو دەربڕینـی بیـر و بۆچوونێکی تایبـەت، کـە پێـوەندی بەبابـەتی کۆبوونەوەکە یان هەر بابەتێکی ترەوە هەیە. ئەم ڕێگەیە بە یەکێک لە ئامرازەکانی دەسـتوەردانی کۆمەلایەتیی لەقەڵەم دەدرێ، لەگەڵ ئەوەی لایەنی دەروونی و جەستەییشی هەیە.

جـۆرج فـۆکس و چەند ئەندامـێکی تری کـۆمـەڵەی "کـویکرز" ئـەم ڕێگەیەیان بەکـار هێنا. لە ڕۆژنامـەی جـۆرج فـۆکس دەخـوێنینەوە، کـە چۆن لە سـاڵی ١٦٤٩ چووەتە کـڵێـسـای عـەزرا لە نوتنگهام-ئینگلتەرا و لەکاتی قوداسەکەدا ئەم (گوتار)ەی دا:

کاتێ سـەیری شارەکەم کرد دیمەنی کڵێساکەی تەزاندمی، چونکە بینیم تەنیا پەرستگەیەکە بۆ پێداهەڵگوتن، خوا پێی گوتم "دەبێ بچیتە ئەوێ و بەڕووی نوێژکەران و خواکانیاندا هاوار بکەی". کـاتێ گـەیشـتم، خـەڵک وەک زەوییـەکی وشکهـەڵاتوو وەسـتـابوون، کـاهینەکـەیش لەبەردەم سـەربرگەکـەدا وەک ئەوەی بەشێک بێ لە زەوی، ئەنجا هـەندێ لە گوتەکانی پوترسی خوێندەوە و گوتی "ئەم وشەی پێغەمبەرایەتییە دڵنیایەمان هەیە، هەر کەس بیبیستێ، کارێکی باش دەکا..". کاهینەکە هەروەها گوتی نووسینە پیرۆزەکان پێوەر و یاسان، دەبێ لە ڕێیانەوە بیروباوەڕ و ئاین و بۆچوونەکانیـان پێڕەو بکەن... لەو کاتـەدا، خوا هێزێکی مـەزنی پێبەخشیم، تا خـەریک بوو هاوار بکەم "نا، دەقـەکـان نا..". بەلام پێم گـوتن ئەوە گـیـانی پـیـرۆزە (الروح القدس)، کـە لە ڕێیـەوە قدیسەکان ئەو دەقانەیان بەخشیوە، کە لە ڕێیانەوە بیروباوەڕ و ئاین و بۆچوونەکان پێڕەو دەکرێن. لەو کاتەی من قسەم دەکرد، پیاوانی پۆلیس حازر بوون و پەلکێشیان کردم بۆ بەندیخانە..

ساڵی ١٦٥١ لە شـاری کرانسویک-یۆرکشـایەر، یەکێک لە هاوڕێکانی جۆرج فۆکس لـەگەڵ خۆی بردی بۆ کڵێسا تا پاش تەواوبوونی قوداسەکە لەگەڵ کاهینی کڵێساکە قسە بکا.

فۆکس دەڵێ: کاهینەکە دەقێکی بۆ خەڵکەکە خوێندەوە کە دەڵێ "ئەی تینوو، بەسـەربەستی وەرە بۆ لام، بـەبێ پارە و بەبێ بەرامـبـەر". خـوا دنـەی دام تا پێی بڵـێم "بوەسـتـە ئەی سـاخـتـەچیی بەکرێگیـراو، تۆ داوا لە خـەڵک دەکـەیت بـەبێ بەرامـبـەر بەرەو ڕووت بێن لەکـاتێکدا لەبەرامـبـەر ئامـۆژگاریکردن و خـوێندنەوەی کـتێـبە پیـرۆزەکان بۆیان پارەیان لێوەردەگری. شـەرم ناکەی؟" کاهینەکە حەپەسا و ڕۆیشت. جا دەرفەتم بۆ ڕەخسا بەئارەزووی خۆم قسە بۆ خـەڵکەکە بکەم و بەرەو نیعمەتی خوا ئاراستەیان بکەم، کە فێریان دەکا و بەرەو ڕزگاری ڕابەرایەتییان دەکا.

فـۆکس هـەردەم ڕێوڕەسـمی قـوداسـەکەی نەدەپچڕاند، بگرە چاوەڕوانی دەکرد، تـا ڕێورەسمـەکە تەواو دەبوو ئـەنجـا قـسـەی بۆ کـاهـین و نوێژکـەران دەکـرد، وەک کـە لە سـاڵی ١٦٥٢ لە شـاری دونکاستەر کردی:

پاش ئەوەی کاهینەکە قوداسـەکەی تەواو کـرد، بەو شـێوەیەی خـوا داوای لێ کـردبووم قسـەم بۆ کـاهینەکە و خـەڵکەکە کرد، زۆر لێم تووڕە بوون و دەریان کـردم و لەسـەر پلیکانەکەوە فڕێیان دامـە خوارەوە و پەلکێشی لای حاکم (عمدە) و دادوەرانیان کردم و هـەڕەشـەی کوشتنیان لێ کـردم ئەگەر بێتو جارێکی تر بچمە ناو ئەو شوێنە.

لەکاتی هەڵمەتی بەرەنگاریکردنی کۆیلایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، چالاکانی هەڵمەتەکە خۆیان دەکرد بەناو ڕێوڕەسمی قوداسەکاندا بەمەبەستی ڕیسواکردنی لاوازیی بەرهەڵستکاریی جدیی کۆیلایەتی و سەرکۆنەی ڕازینەبوونی زۆر لە کڵێساکان بەپێشوازیکردنی کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو بابەتە. ئەو دەڵێ:

ساڵی ١٨٤١، ڕۆژی یەکشەم، ستیفن س. فۆستەر، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی گاریسۆن، چووە ناو کڵێسای کۆنکۆرد-نیوهامشیر و لەکاتی قوداسەکەدا دەستی بەقسە کرد و کڵێسا، ناوبراوی بە پاڵپشتیکردنی کۆیلایەتی تۆمەتبار کرد، کاهینەکە داوای لە فۆستەر کرد بێدەنگ بێ، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و لە قسەکردن بەردەوام بوو تا ژمارەیەک لە بڕوادارەکان پەلیان گرت و کردیانە دەرەوە. ماوەیەک پاش نیوەڕۆ گەڕایەوە بۆ کڵێسا و بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت دەستی بەقسە کردەوە. ئەم جارە ژمارەیەک لە نوێژکەرەکان لەسەر پلیکانەکانەوە بەریان دایە خوارەوە و دواتر بەتۆمەتی ئاژاوەگێڕی لە شوێنەکانی خواپەرستیدا دەستگیر کرا.

خەباتکارەکان هەوڵیان دەدا دەست تێوەردانەکانیان بەپێی توانا گونجاو و پەسند بێ: فۆستەر و هاوڕێکانی قوداسەکەیان نەپچڕاند مەگەر ئەو کاتەی بێئومێد بووبن لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی قسەکردن یان کۆبوونەوە لەناو کڵێساکەدا.

### ٥- شانۆی بەرگری

ڕێگەیەکی ترە لە ڕێگەکانی دەست تێوەردانی کۆمەڵایەتی، کە بریتییە لە کۆمەڵێ تێبینیی گاڵتەجاڕانە یان نواندنی ڕەخنەگرانە و شتی لەو شێوەیە.

ئەم ڕێگەیە لە کۆتای شەستەکاندا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار هێنرا. گاڵتەجاڕی لەڕێی گوتاردان و وانەبێژی یان سەرزەنشتکردنی گرووپ یاخۆ دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە دەبێ، ناوی شانۆی بەرگری هەروەها بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی شانۆی عەفەویش بەکار دێ، کە لەسەر بابەتێکی سیاسییە.

جیری رابن، کە یەکێکە لە گرینگترین ئەو کەسانەی لە شەستەکاندا لە شانۆی شۆڕشگێڕانەدا کاری کردووە، دوو ڕووداو هەن کە ڕۆڵی تێیاندا بینیوە.

ساڵی ١٩٦٧ لەکاتی کۆبوونەوەی بلاوکەرەوە زانکۆیییەکان لە واشنتۆنی پایەتەخت بۆ تاوتوێکردنی پرسی کێشەی ڤێتنام، یەکێک لە بەشداران پێشنیازی کرد، هیچ هەڵوێستێک وەرنەگیرێ و گفتوگۆکان کۆتایان پێبێ. ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە درا. لەپڕ ڕووناکییەکان کوژێنرانەوە و لەسەر دیوارەکە چەند دیمەنێکی جەنگ پیشان درا، دیمەنی کوشتار و سووتاندنی گوندە ڤێتنامییەکان و گریانی ئافرەتان و منداڵانی سووتاو بەبۆمبی ناپاڵم. لەو کاتەدا هاوار بەرز بوویەوە "فیلمەکە ڕاگرن! فیلمەکە ڕاگرن!".

لە ڕێی بڵندگۆوە دەنگێک لە ژوورەکەوە بەرز بووەوە کە دەیگوت: "ئاگەداری! من ڕەقیب هاگرتیم

له پۆلیسی واشنتۆن. ئەم فیلمانە بەڕێگەی قاچاخ لە باکوری ڤێتنامەوە هێنراون. وا دەستیان بەسەردا گیرا و بەرپرسانی ئەوەیش دەستگیر دەکرێن. هەموو بچنە دەرەوە. ئەوەی پاش دوو خولەکی تر لەم ژوورەدا بمێنێ دەستگیر دەکرێ".

هەموو بەرەو دەرەوە رایانکرد... هەر بەڕاستی باوەڕیان بەوە کرد تەنیا لەبەر بینینی کاسێتێکی ڤیدیۆیی دەگیرێن. باوەڕیان کرد، کە ئەوان لە وڵاتێکی نازیدا دەژین و قبووڵیشیان کرد.

لە ئابی ١٩٦٧ رابن و چەند کەسێکی تر بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بایەخدانی ئەمەریکا بەپارە، کارێکی تری هاوشێوەیان کرد. رابن دەڵێ: لە بۆرسەی نیویۆرک ئەوەندە دۆلارمان پژاند ئەو ناوە پڕ بوو لە دۆلار، ئەوانەی لە بۆرسەکەدا کاریان دەکرد، هەروەک ئاژەڵی دڕندە پەلاماری کۆکردنەوەی دۆلارەکانیان دەدا.

هاوارمان کرد: ئەمە هەموو شتێکە؟ پارە؟ لەکاتێکدا خەڵک لە بیافرا لە برسان دەمرن!

ئەنجا بینیمان پیاوانی پۆلیس هاتن. پەلیان گرتین و بۆ ناو مەسعەدەکان پاڵیان پێوە ناین. لەو کاتەدا ئەوانەی لە بۆرسەکەدا کاریان دەکرد لە دژی پۆلیسە "بەراز"ەکان، وەک ئەوان گوتیان، هاواری بێزاری و نارەزاییان بەرز کردەوە.

### ٦- دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جێگرەوەکان

یەکێک لە ڕێگەکانی دەست تێوەردانی ناتوندوتیژانە پێکهێنانی دامەزراوەی نوێیە، کە دامەزراندن و گەشەکردنیان، گژبەرییەکە بۆ ئەو دامەزراوانەی لە بنەڕەتدا هەبوون.

دوور نییە ئەم دامەزراوانە ببنە رکابەرێکی ڕاستەقینە بۆ دامەزراوەکانی دژبەرەکە، بەوەی بەتەواوی یان بەبەشەکی جێیان بگرنەوە، یان بە بەشداریکردن لە دانانی بەرنامە و پرنسیپەکانی خەباتکاران، یاخۆ بەدەرخستنی کاریگەریی ڕێگەی تری ناتوندوتیژانە لە ململانەکەدا.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، دامەزراوەکانی دژبەرەکە تاکە دامەزراوە نابن لە گۆڕەپانەکەدا و دامەزراوە نوێیەکان وەک جێگرەوەیان دەخرێنە ڕوو. پاشتر تاوتوێی پرسی دامەزراوە ئابووری و سیاسییە جێگرەوەکان دەکرێ. لێرەدا جەخت لەسەر دامەزراوە پەروەردەیییەکانە.

ڕەنگە شتێکی بەکەڵک بێ لێرەدا بەکورتی بایەخی پێکهێنانی دامەزراوەگەلی نوێ ڕوون بکەینەوە.

لە ململانەیەکی ناتوندوتیژانەی دوور و درێژدا، دوور نییە بایکۆتکردنی دامەزراوەکان درێژە بکێشێ، بۆیە دەخوازێ دامەزراوەی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی لەجێیان دروست بکرێ، ئەمە بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی جێگرەوە (بدیل) کە پێداویستییەکانی خەڵکە بایکۆتکەرەکە دابین بکا، گرینگە.

لە سەدەی نۆزدەدا مەجەرییەکان لەکاتی بەرەنگاریکردنی یاسای نەمساویدا، بۆ بەگژاچوونەوەی ئاساییکردنەوەی نەمساوی کۆمەڵێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان پەرە

پێدا. لەوانە دەزگەی نیشتمانیی بۆ زانستەکان، مۆزەخانەی نیشتمانی، شانۆی نیشتمانی، یەکەتیی کشتوکاڵی، یەکەتیی نیشتمانی بۆ پاراستنی ئابووری و ژووری بازرگانی.

ساڵی ١٩٠٥ ئارسەر گریفیت بەسوودوەرگرتن لە نموونە مەجەرییەکە، پلانێکی دانا بۆ دامەزراندنی دامەزراوەگەلی ئێرلەندایی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسەت و دیپلۆماسییەتدا لەجێی دامەزراوە مەجەرییەکان، بەشێوەیەک دامەزراندنی ئەو دەزگەیانە ببێتە مایەی سەربەخۆیی ئێرلەندا. هەروەها گاندیش تیۆری دامەزراوە بەدیلەکانی پەرە پێدا و بەبەشێکی گرینگ لە بەرنامەی خۆی دانا.

بەڵام بزووتنەوەی بەرگریی ڕەنگە هەندێ جار ژمارەیەکی دیاریکراو دەزگە هەڵبژێرێ تا بەدیلیان بۆ دابنێ. لەسەدەی نۆزدەیەمدا ئەمەریکاییانی بەرهەڵستی کۆیلایەتی و پیاوانی ئاینیی ڕەشپێست، لە بواری ناڕەزاییان لە جیاکاریی ڕەگەزی لەناو کڵێساکاندا، لێیان کشانەوە و کڵێساگەلی نوێیان دامەزراند، لەوانە Methodist Episcopal Zion Church کە لە ساڵی ١٨٢١ دامەزرا.

لە ماوەی پێش لە شەڕی ناوخۆدا، جگە لەوەی ڕەشپێستەکانیان -بەکۆیلە و ئازادەوە- فێری خوێندنەوە و نووسین دەکرد، بەرهەڵستانی کۆیلایەتی لەگەڵ کەسانی تر لە چەندان ویلایەت قوتابخانەی نوێیان بۆ ڕەشپێستەکان و هەندێ جار قوتابخانەی تێکەڵاو بۆ ڕەش و سپی، دروست کرد، کە ئەم قوتابخانانە لە ڕووی یاساییەوە قەدەخە بوون.

لە حوکمێکدا کە بۆ داخستنی قوتابخانەیەکی کۆیلەکان لە لکسنگتۆن-کنتاکی دامەزراوە، لە بڕیاری لێژنەی سوێندخۆراندا هاتووە ئەم قوتابخانەیە "ڕەنگە عەقڵی ئەوانە ڕووناک بکاتەوە، کە بەختەوەرییان لە نەزانینیاندایە".

لە شاری بساڤانا-جۆرجیا، قوتابخانەیەک بەنایاسایی بۆ ڕەشپێستەکان دروست کرا، ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە کارکردن بەردەوام بوو. لە هەندێ حاڵەتی تردا، مامۆستا خۆی دەچووە ماڵەکان، وەک لە بترسبۆرگ-ڤێرجینیا، کە یەکێک لە خولاسییەکان بەنهێنی لەم ماڵ دەچووە ئەو ماڵ بۆ فێرکردنی ڕەشپێستەکان.

ساڵی ١٨٦٠ قەشە "جون فی"ی بەرهەڵستی کۆیلایەتی هەوڵی دا چەند قوتابخانەیەکی تێکەڵاو لە کنتاکی دروست بکا، یەکەم قوتابخانە کە دایمەزراند لەلایەن ئەو سپی پێستانەی بەرگرییان لە کۆیلایەتی دەکرد سووتێنرا، بەڵام ئەو وێڕای هەموو ئەو هەڕەشانەی لێی دەکرا، لە پلانەکەی خۆی بەردەوام بوو، ڕەتی کردەوە چەک بۆ بەرگری لە خۆکردن هەڵبگرێ و لە دروستکردنی قوتابخانەی تێکەڵاو بەردەوام بوو، لەکاتێکدا سپییەکان کۆدەبوونەوە و هێرشیان دەکردە سەر.

هەروەها چەندان قوتابخانە لەناو کڵێساکانی سەر بە کاسۆلیکەکان و کویکرز و ڕەشپێستەکاندا هاتنە دامەزراندن، کە تایبەت بوون بەکۆیلە ئازادکراوەکانی بەلتیمۆر و واشنتۆن. حەشاماتی سپییەکان هەستان بەسووتاندنی ئەو قوتابخانانە و لەناوبردنی شمەکەکانیان و

ماموستاکانیشیان نارده دەرەوەی پایەتەخت.

ساڵی ١٨٥٠ میرتیلا ماینەر بەیارمەتیی کویکرز قوتابخانەیەکی بۆ ڕەشپێستەکان لە واشنتۆن دامەزراند، بەڵام سپییەکان لە شەقامەکاندا گێچەڵیان بەقوتابییەکان دەکرد، ژمارەیەکی زۆریان هەڵیانکوتایە سەر قوتابخانەکە. "خاتوو ماینەر" گاڵتەی پێ دەکردن، کاتێ هەڕەشەی سووتاندنی قوتابخانەکەیانە کرد وەڵامی دانەوە کە ئەوە کوڵی پێ نادا و قوتابخانەکە لە خۆڵەمێشەکەی بەخێرایی و باشتر لە جاران لەدایک دەبێتەوە". ساڵی ١٨٦٠ ئاگر بەر بووە جێیەکە، بەڵام بیناکە زیانی پێ نەگەیشت.

لەکاتی داگیرکردنی پۆڵۆنیا لەلایەن ئەڵمانیاوە، پۆڵۆنیاییەکان سیستمێکی پەروەردەیی سەربەخۆ و دوور لە چاوەدێریی نازییەکانیان دامەزراند. ساڵی ١٩٤٢ تەنیا لە وارسۆ، زیاتر لە ٨٥ هەزار منداڵ بەنهێنی لە ماڵەکاندا دەیانخوێند. لەو ماوەیەدا ١٧٠٠ کەسیان لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچوون و کارتی تایبەتییان پێ بەخشرا، کە پاش جەنگ گۆڕییان بەبڕوانامەی ڕەسمی.

لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە بەرامبەر بڕیارەکانی دادگەی باڵا بەتێکەڵبوون لە قوتابخانە ڕەسمییەکاندا، لایەنگرانی جیاوازیی ڕەگەزی قوتابخانەی تایبەتییان وەک بەدیل بەکار هێنا. ساڵی ١٩٥٨ یارمەتییەکان لەو منداڵانە بڕا کە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەیانخوێند.

### ٧- سیستمی پێوەندیکردنی بەدیل

لە سایەی ئەو ڕێژیمانەی سانسۆرێکی زۆر دەخەنە سەر دەزگەکانی ڕاگەیاندن و قۆرخیان دەکەن، دامەزراندنی سیستمگەلێکی ئابووریی بەدیل لەلایەن گرووپە بەرهەڵستکارەکانەوە دەست تێوەردانێکی ناتوندوتیژانەیە، چونکە کاری ڕێژیم لە گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان شپرزە دەکا.

ڕەنگە ئەوە ڕۆژنامە و ڕادیۆکان و تەنانەت تەلەڤزیۆنیش بگرێتەوە، هەروەها ڕەنگە ئامرازەکانی پێوەندیکردنی نێوان کەسەکانیش بگرێتەوە وەک پۆستە و تەلەفۆن و ڕۆژنامە و پەخشی ڕادیۆیی، ئەم ئامرازانە لە بنەڕەتدا وەک ئامرازگەلی نارەزایی دەربڕین و قایلکردن پۆلبەندی دەکرێن، بەڵام لە چوارچێوەیەکی فرەواندا کار دەکەن و گژبەریی ئەو دەزگەیانەی ڕاگەیاندن دەکەن، کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان و هاتنەمەیدانی فاکتەرێکە بۆ لاوازکردنی توانا میدیاییەکانی دژبەر. ئەم سیستمە بەدیلانە کەرەستەی بەهێز و کاریگەرن بەدەست چالاکە ناتوندوتیژەکانەوە و توانای دژبەرەکە لە کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی بیرۆکە و زانیارییەکان لاواز دەکا و توانای ئەو دەداتە چالاکانی ناتوندوتیژ بەڕێگەی نوێ بەرگری بکەن و دەست وەربدەن.

ئەو ڕۆژنامە نهێنییانەی لە وڵاتانی ژێر داگیرکەری نازیدا دەردەچوون، بوونە سیستمێکی بەدیلی پێوەندیکردن، وەک لە هۆڵەندا رووی دا:

راستەوخۆ پاش پەلامارەکەی ئەڵمانیا، یەکەمین بەیاننامەی نهێنییەکان کە بە دەستخەت نووسرابوون دەرکەوتن، بە دوایدا بەیاننامە و بڵاوکراوەی دەستنووس یاخۆ چاپکراو کە ناوی "ئامرازەکانی تۆپی بەفر"ی لێنرا و خوێنەر بۆ هاوڕێکانی دەگوێزێتەوە. گرینگترینی ئەم بڵاوکراوە دەورییانە پەرەیان سەند و گەورە بوون و بە فراوانی بڵاو بوونەوە، هەموو ئەوە لەسایەی کەشێکی سەرکوتکردن و نهێنیدا، لەسەر ئاستەکانی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، بەڕێوە دەچوو.

"ڤریج ندرلاند" رۆژنامەیەکی نهێنی بوو کە لە ئەیلوولی ١٩٤٤ سەد هەزار دانەی لێ دەرچووە. هەروەها بەیاننامە رۆژانەکانی گەیشتووەتە سەد هەزار.

رۆژنامەی "جوما نتیاندری" لە ساڵی ١٩٤٥ گەیشتە ٤٠ هەزار. رۆژنامەی "تروە" گەیشتە ٦٠ هەزار دانە، ئەمە جگە لە ٦٠ چاپی ناوخۆیی و ناوچەیی، تا لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥دا گەیشتە دوو ملیۆن دانە.

لە ساڵی ١٩٤٤ سەد هەزار دانە لە هەفتەنامەی "دی وارهاید" لە ئەمستەردام و روتردام دەرچوو. رۆژنامەی "ئونس ڤۆلک" ١٢٠ هەزار دانەی لێ چاپ کرا. ئەمە جگە لە چەندان بڵاوکراوەی دەوری و رۆژنامەی نهێنی کە بڵاو دەکرانەوە و دابەش دەکران.

پاش دەست بەسەرداگرتنی دەزگاکانی رادیۆ لە ئایاری ١٩٤٥ ژمارەی بڵاوکراوەکان بەخێرایی زیادیان کرد: ساڵی ١٩٤٥، ١٥٠ بڵاوکراوە سەریان هەڵدا، لەنێوان ئەیلوولی ١٩٤٤ و کانوونی دووەمی ١٩٤٥، ٣٥٠ بڵاوکراوە دەرکەوتن کە ملیۆنان دانەیان لێ دابەش کرا.

هەموو ئەو بڵاوکراوانە بیر و بۆچوونی سیاسی و گفتوگۆیان لەبارەی داگیرکردن و قۆرخکردنی میدیا و سانسۆرکردنی هەواڵەکانیان لەخۆ گرتبوو.

لەنێو ئامرازە بەدیلە زێدە تایبەتمەندەکانی تردا باس لە دڵنیایی زانیاری و نامە تایبەتەکانی تاکەکان یاخۆ گرووپە دیاریکراوەکان دەکەین، لەکاتێکدا دەزگا راگەیاندنە ئاساییەکان لەژێر چاودێریدان، لەوانە پۆستە و تەلەفۆن و هی تر.

هەرچی رادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەدیلەکانە کە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە چیکۆسلۆڤاکیا کاریان کرد، لە گرینگترین سیستمە بەدیلەکانی بڵاوکردنەوە بوون کە لە وڵاتێکی داگیرکراودا هاتبوونە دامەزراندن.

## دەستوەردانی ئابووری

دەکرێ هەندێ جار دەستوەردانی ناتوندوتیژانە فۆرمی ئابووری وەربگرێ. کاریگەریی ئەم دوازدە رێگەیەی لێرەدا باس کراون، کاریگەرییەکی دەروونییە، بەڵام کاریگەریی رێگەکانی تر ئابوورییە، جگە لە کاریگەرییە سیاسییەکان. چوار لەمانە بەوە ناسراون جەستەیی و ئابوورین، ئەوانیش

مانگرتنی پێچەوانە، مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی کار، زەوتکردنی ناتوندوتیژانەی زەوی و بەزاندنی گەمارۆیە. چواریان رۆڵیان بریتییە لە شپرزەکردنی ئابووریی دژبەر بەتایبەت ئەگەر ئەو دژبەرە وڵاتێکی تر بێ، ئەوەیش پێویستی بە جموجووڵێکی حکوومەت هەیە و رەنگە لە هەندێ بارودۆخدا ئەرکی هەندێ گرووپ بێ. وەک قەدەغەکردنی فرۆشتنی هەندێ شمەک لە وڵاتێکی تر یاخۆ زەوتکردنی، یان خنکاندنی بازاڕی جیهانی بە بەروبووم بەمەبەستی تێکشکاندنی ئابووریی وڵاتەکەی تر.

ئەم رێگایانە دوورن لە بیرۆکەی خۆشویستنی کەسەکە بۆ دژبەرەکەی و زۆربەی جاران لەکاتی کێشە سەربازییەکاندا بەکار هاتوون، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمیش تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی دەستوەردانی ئابووریی ناتوندوتیژانەی هەیە.

هەرچی دواین کۆمەڵەی رێگەکانی دەستوەردانی ئابوورییە، ئەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی ناحکوومین و پێویست بە خولقاندن (یاخۆ پەرەپێدان)ی توانای بەدیلە لە بوارەکانی خستنەبازاڕ و گواستنەوە و بەرهەمهێناندا.

## ١- مانگرتنی پێچەوانە

مانگرتنی پێچەوانە لە فۆرمدا ئابوورییە بەڵام کاریگەرییەکەی دەروونییە. ئەم جۆرە جموجووڵە تا رادەیەک نوێیە و بۆ ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە لەلایەن کرێکارانی کشتوکاڵی لە ئیتاڵیا، پێش لەوەی لە سەقلیە لەلایەن گۆڕانخوازی ناتوندوتیژی کۆمەڵایەتیی ناسراو دانیلۆ دولچییەوە بەکار بێ.

کرێکارە کشتوکاڵییەکان زیاتر لەوەی پێویست بوو رژدتر و زیاتر کاریان دەکرد، بەشێوەیەک سنووری ئەو کرێیەی تێدەپەڕاند کە لەسەری رێک کەوتبوون. ئەوەیشیان لەپێناو پاڵپشتیکردنی داواکارییەکانیان بۆ زیادکردنی کرێکانیان دەکرد تا خاوەن کارەکە بخەنە دۆخێکی واوە ئەستەم بێ بتوانێ داواکانیان رەت بکاتەوە.

مانگرتنی پێچەوانە هەروەها بۆ ئەوە کراوە تا پێویستیی بێکارەکان بۆ کارێک کە بژێوییانی پێ مسۆگەر بکەن نیشان بدا. ساڵی ١٩٥٦ ژمارەیەک لە بێکارانی خەڵکی سەقلیە کە دانیلۆ دولچی سەرکردایەتی دەکردن پەنایان بۆ ئەم رێگەیە برد و خۆبەخشانە و بەخۆڕایی هەستان بە چاککردنەوەی رێگەیەکی گشتی بەمەبەستی سەرنجراکێشان بۆ هەلومەرجی دژواری کارکردن لە ناوچەکە و شکستی حکوومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکە و ئەو گەرەنتییە دەستوورییانەی مافی کارکردن دەستەبەر دەکەن. دۆلی و ژمارەیەکی تر لە بەشداران دەستگیر کران.

جایمس فارمەر دەڵێ لە رابردوودا لە شیکاگۆ بە دەستپێشخەریی کۆمەڵەی یەکسانیی نەژادی، ژمارەیەک لە زنجییە بێکارەکان هەڵمەتێکی خاوێنکردنەوەیان ئەنجام دا، دواتر وەسڵی کرێی ماندوبوونەکەیان لە بارەگای شارەوانی بەجێ هێشت. بەڵام هیچ کرێیەکیان بۆ خەرج نەکرا.

لە ٢٥ی ئاب، کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین یەکشەمی پاش داگیرکردنی رووسی بۆ

چیکۆسلۆڤاکیا، زۆربەی کرێکار و فەرمانبەرەکانی یەکێک لە گەورەترین کارگەکانی ئالیات لەپاش دەوام درێژەیان بە کارکردن دا و ئەو رۆژەیان ناونا "یەکشەمی دوبچک"، تا بەوە لە رێی بنیاتنانی ئابوورییەوە پاڵپشتی لە حکوومەتەکەی دوبچک بکەن، نەک مان بگرن کە رەنگە زیان بە وڵاتەکە بگەیەنێ نەک رووس.

ئەگەرچی وا دێتە پێش چاو مانگرتنی پێچەوانە ئازار بە رێژیمی ئارا ناگەیەنێ، کەچی بەرپرسانی ئیتاڵیایی بە مەترسییان دانا و بە پێویستیان زانی ئەنجامدەرانی بگیرێن و بەند بکرێن و تەنانەت لەلایەن پۆلیسەوە تەقەشیان لێ بکرێ.

## ٢- مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی کار

پیترسۆن و نولز یەکەم کەس بوون ئەم ناونانەیان بەکار هێنا. بریتییە لەوەی کرێکاران دەست لەکارکردن هەڵدەگرن، بەڵام هەر لەناو کارگەکەدا دەمێننەوە و ناچنە دەرەوە تا داواکانیان دێتە دی. جیاوازیی نێوان ئەم رێگەیە و پەناگیریی ئاسایی ئەوەیە مانگرەکان لێرەدا ناچار نین بەدرێژایی کات دابنیشن.

ئەم رێگە زۆر لایەنی باشی هەیە چونکە دەرفەتی ئەوە دەداتە کرێکارەکان چاودێریی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکەن، ئەگەری شکاندنی مانگرتنەکە لەلایەن کرێکارە بەشدار نەبووەکان کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەری روودانی کاری توندوتیژی و تێکدان کەم دەکاتەوە، مەگەر لەو حاڵەتەی پۆلیس یان سوپا بێنە ناوەوە.

جۆزێف رایباک لە کتێبی "مێژووی کاری ئەمەریکایی" دا دەڵێ "ئەم رێگەیە لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن ئافرەتانی کرێکار لە کەرتی دروومان پێڕەو کرا" هەروەها لە پۆڵەندا و فرەنسایش.

دیارە ئەم رێگەیە لە ئەمەریکا لە ژێر کاریگەریی خەباتی گاندی لە هیند، پەرەی سەندووە.

هەروەها لەساڵی ١٩٣٠ بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەوروپا و ئەمەریکا پێڕەو کرا. گەورەترین جموجووڵ ئەوەی کرێکارانی لاستیک بوو لە شاری ئاکرۆن-ئۆهایۆ لە ساڵی ١٩٣٦.

هەر هەمان ساڵ جموجووڵێکی تری هاوشێوە لە کلیفلند رووی دا کە کرێکارانی کارگەکانی ئۆتۆمبێل پێی هەستان.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٦ پەنا بۆ ئەم رێگەیە برا بۆ رووبەڕووبوونەوەی پلانی خێراکردنی کار لە کارگەکانی جەنەڕاڵ مۆتۆرز لە شاری ئەندرسن-ئیندیانا.

لە ١٣ تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، رێگەکە دژی هەڵمەتەکانی دەرکردنی کرێکارانی سەندیکایی لە کارگەکانی شیڤرۆلیە لە شاری فلینت-میشیگان تاقی کرایەوە.

ئەم جموجووڵە بوو ئەم رێگەیەی خستە سەر پێ و ناساندی.

رایباک دەڵێ "ئەو مانگرتنە شتێکی نوێ بوو، چونکە کرێکارەکان لەبری ئەوەی لەبەردەم

کارگەکاندا هاتوچۆ بکەن، لەسەر کورسییەکان و لەبەردەم ئامێرەکانیان دادەنیشتن، چالاکییەکە ئامانجی خۆی پێکا".

جەنەراڵ مۆتۆرز نارەزایی لەم کارە دەربڕی و بە دەست بەسەرداگرتنێکی نایاسایی کەرەستەکانی لە قەڵەم دا و داوای کرد پەناگیران دەربکرێنە دەرەوە. ئامێرەکانی گەرمکردنەوەی کوژاندەوە. بەڵام کرێکارەکان لەناوەوە دانیان بەخۆیاندا گرت. پەناگیران دوو هێرشی پۆلیسیان بە توندی بەرپەچ دایەوە، یەکەمیان لە رێی کووپی قاوە و شووشەی شەراب و پارچەی کانزاییەوە، دووەمیشیان کە پۆلیس بۆمبی کاغەزی تێدا بەکار هێنا، بە ئاو پرژێن وەڵامیان دایەوە.

حاکم فرانک مۆرفی رازی نەبوو پەنا بۆ پۆلیسی ویلایەتەکە ببا بۆ دەرکردنی پەناگیرەکان. کرێکارەکان گژبەریی فەرمانێکی قەزاییان کرد بۆ دەرکردنیان و گوتیان ئەوان هەوڵ دەدەن وابکەن کۆمپانیاکە مل بۆ یاسا کەچ بکا و بەکۆمەڵ دانوستاندنیان لەگەڵدا بکا. بەڵام کۆمپانیاکە هەموو جۆرە دانوستانێکی رەت کردەوە، چ تاکە کەسی بێ یان بە کۆمەڵ.

لە ٤ ی شوبات سەرۆک رۆزفلت داوای کرد دەست بە دانوستان بکرێ، پاش هەفتەیەک رێککەوتن کۆمپانیاکە دان بە سەندیکادا بنێ و دەست لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ سەندیکاییەکان هەڵبگرێ.

رایباک هەروەها نووسی لە نیسانی ١٩٣٧ "مانگرتنێک بە پەناگیری لە شوێنی کار" لە کۆمپانیای کرایزلەر ئەنجام درا، کۆپانیاکە ناچار کرا دانوستاندن لەگەڵ مانگرەکاندا بکا.

ئەم جۆرە جموجووڵانە بە بەرفراوانی بڵاو بووەوە: لەنێوان ئەیلوولی ١٩٣٦ و حوزەیرانی ١٩٣٧دا لەلایەن ٥٠٠ هەزار کرێکارەوە پێڕەو کرا لە کەرتەکانی لاستیک و چنین و شووشە و هی تر. ئەم چالاکییانە کاردانەوەی بەهێزی لەلایەن خاوەن کارەکان و رۆژنامەکان و جەماوەر و ئەنجوومەنی پیران و یەکەتیی ئەمەریکایی بۆ کارکردنەوە لێ کەوتەوە.

گردبوونەوەی دەستەی ئابوورییەکان لەبەرامبەر ئەو کۆمپانیایانەی گژبەریی فەرمانەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ پێوەندییەکانی کاریان کرد، پەنای بۆ ئەم رێگەیە برد. بەڵام گردبوونەوەکە لە هاوینی ١٩٣٧ بریاری هاتە سەر ئەوەی ئەم جۆرە جموجووڵە "پێویست و ژیرانە نییە" و بریاری دا چی تر دووبارەی نەکاتەوە.

ساڵی ١٩٣٩ دادگەی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بریاری دا ئەم رێگەیە بە دەرچوون لە یاسا دابنێ لەو رووەوە کە دەستدرێژییە بۆ سەر موڵکە تایبەتەکان.

لەکاتێکدا لە ئەمەریکا ئەم شێوازە تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێ داواکاریی پێوەندار بە کرێ، بارودۆخی کار و دانانی یاسای کاری سەندیکایی پەنای بۆ دەبرا، لە ئیتاڵیا پێش گەیشتنی مۆسۆلینی بە دەسەڵات بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە بەکار دەهێنرا. کرێکارەکان چاویان لەوە بوو

دەست بەسەر کارگەکاندا بگرن و خۆیان بەڕێوەیان ببەن. هەندێ لە حاڵەتەکان خاڵی نەبوو لە توندوتیژی.

هەروەها زۆر نموونە دەبینین لەبارەی پەنابردن بۆ "مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی کار" لەلایەن کرێکارانی کانەکانەوە. ساڵی ١٩٣٤ کرێکارانی کانەکان لە شاری بیکسی مەجەری پەناگیرییەکیان لە کانەکاندا ئەنجام دا، هاوکات مانیان لە خواردنیش گرت.

هەروەها حاڵەتی هاوشێوە لە پۆڵەندا و وایڵز و لە تامبل لە ئەیلوولی ١٩٥٩ و لە گلامورگان لە ئاداری ١٩٦٠ دەبینین.

لە شاری پیتەرفیلد لەکاتی شۆڕشی ئەڵمانیای رۆهەڵات لە حوزەیرانی ١٩٥٣، ئەم رێگە کاری پێکرا و کارایی خۆی سەلماند بەوەی خەڵک دوور لە شەقامەکان بهێڵنەوە، بەو هۆیەشەوە هیچ رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ سەربازانی رووس و پۆلیسی ئەڵمانیایی رووی نەدا. بزوێنەری مانگرتنەکە دەڵێ "لەرێی ئێزگەوە بانگەوازێکمان ئاراستەی کرێکاران کرد، داوامان لێ کردن بگەڕێنەوە کارگەکانیان بەو مەرجەی هیچ کارێک نەکەن".

لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ رادەی کاریگەریی ئەم رێگەیە لەکاتی شۆڕشی ئەڵمانیدا، راینەر هیلدبرانت دەڵێ "لە هەندێ کارگە پەناگیری چەند رۆژێک بەردەوام بوو و هیچ بەرکەوتنێکی لێ نەکەوتەوە، بگرە بەهۆیەوە ژمارەیەک کرێکاریش ئازاد کران کە بەهۆی مانگرتنی پێشتریانەوە راگیرابوون".

## ٣- زەوتکردنی ناتوندوتیژانەی زەوی

رێگەیەکی ترە لە رێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، تێیدا خەڵکێک دەست بەسەر هەندێ زەویدا دەگرن و بەکاری دێنن کە موڵکی کەسانی ترە، ئەویش بەمەبەستی گواستنەوەی موڵکیەتی ئەوە زەوییانە و بەکارهێنانی وەک دیفاکتۆیەک و خوازیارن ئەو گواستنەوەی موڵکایەتییە بکرێتە یاسا.

وا باوە ئەم رێگەیە جووتیارانی نەدار لە بەرامبەر دەرەبەگەکان پەنای بۆ دەبەن و هەمان ئەو زەوییانە زەوت دەکەن کە پێشتر تێیاندا کاریان بۆ ئەوان کردووە. لە هەندێ حاڵەتی تردا ئەو زەوییانە موڵکی دەوڵەتن، یا لەلایەن دەوڵەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە وەک سزایەک بۆ بەرەنگارییەکی میللی کە خەڵک تێیاندا ئامادە نەبوون باج بدەن.

هەرچی ئەو هەلومەرجانەن کە تێیاندا پەنا بۆ ئەم رێگەیە دەبرێ، زۆر و جیاوازن. دەکرێ زەوتکردنەکە بە رەزامەندیی حکوومەت بێ، یان بە هاندانی هەندێ گرووپی دەستڕۆیشتووی ناو کۆمەڵگە بێ. وا دیارە حاڵەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە هەمیشە ئاڵۆزە. ئەمەی خوارەوەیش چەند نموونەیەکە لە ناوچە جیاجیاکانی دنیاوە.

لەوەی لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان نووسراوە، ئەستەمە بزانین ئاخۆ هەموو

حـاڵەتەکـان بەتـەواوی یان بەڕێژەیی ناتوندوتیـژانە بوون، یـان توندوتیـژیی راسـتـەقـینەیان تێ کەوتووە.

بۆ نموونە دەستبەسـەرداگرتنی زەوییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی سەقڵیە لە ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢٠. کـریسـتـۆڤـر سـیـتـۆن-واتسن دەڵێ دەسـتـبـەسـەرداگـرتـنی زەوییـەکـان لەلایەن جووتیـارانەوە لە ئابی ١٩١٩ لە گوندەکانی ئیتـاڵیا دەستی پێکرد. جووتیـاران لە بەرەبەیاندا پۆل پۆل بە بـەرزکـردنەوەی لافـیـتـەوە و بەدەم مـارشی سـەربازییـەوە لە گـوندەکـان بەرەو ئەو پارچە زەوییەی بابەتی کێشـەکەیە دەکەوتنە رێ. هـەریەک سنووری زەوییەکەی دیاری دەکرد و دەستی بە هەڵکەندن و کێـڵانی دەکرد بۆ چەسپاندنی خاوەنداریی خـۆی بۆ زەوییەکە. زۆر جار بەهـۆی زەوییە دەست بەسـەرداگیـراوەکان، کـە جووتیـارەکـان بە مـافی رەوای خـۆیانیـان دادەنا چەندان کێـشـە دروست دەبوو کە دەیان ساڵیان دەخایاند.

لە مـانگی ئەیلوولی ١٩٢٠ حکوومـەت رێگەی بە حـاکـمی نـاوچەکـان دا دەست بەسـەر زەوییـە نەکێڵـراوەکاندا بگرن و بەسەر جـووتیـارە هـەژارەکانیـاندا دابەش بکەن بەو مـەرجـەی خـۆیان لەنێو کۆمەڵە هـەرەوەزییەکاندا رێک بخەن. لە بەهاری ١٩٢٠ گردبوونەوە کشتوکاڵییە کاسۆلیکییەکان بە دنەدانی کاهینەکانی ئەبرەشییەکان دەستیان کرد بە دەستبەسەرداگرتنێکی فرەوانی زەوییەکان لە سەقڵیە. ئەوکات حکوومەت رایگەیاند تەنیـا ئەو جووتیارانەی دەتوانن بەباشی زەوییەکانیان سوود لێ ببـیـنن دان بە خـاوەنداریەتیی زەویەکـانیـاندا دەنرێ. بەڵام رووبـەری ئەو زەوییـانـەی خاوەنداریەتییەکەیان بەتەواوی گوازرایەوە زۆر گەورە نەبوو.

دەستـبـەسـەرداگرتنی زەوی لـە ئەمـەریکای باشـووریش ئەنجام درا، بەتایبـەت لە کۆڵۆمـبـیـا و بۆلیڤیا و پیرۆ و ڤەنزویلا و بەرازیل.

لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری کودینامارکا و تولیما و ڤالیی کۆڵۆمبیا، پێوەندییەکانی جووتیاران ئەم رێگەیەیان بەکار هێنا، ئەمـە جگە لە پەنابردنیـان بۆ هـەندێ توندوتیـژیی بەرگریکارانە و بەوەیش توانیـیـان دەست بەسـەر زیاتر لە ٥٠٠ کم دووجـای ناوچەیەکی شـاخـاویدا بگرن و کـۆمـارێکی ئیشتراکیی سەربەخۆی تێدا دابمەزرێنن، کە زیاتر لە ٢٠ سـاڵی خایاند.

سـاڵی ١٩٣٣ جـووتیـارانی کـۆڵۆمـبـیـایی سـوودیان لە یاسـایەک وەرگرت کە خـاوەن زەوییـەکانی ناچار دەکـرد پـارە بدەنە جـووتیـارەکـان لەبـەرئەوەی چاکـسـازی لە زەوییـەکـانیـاندا دەکـەن. ئەو جووتیارانە بـە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەتی خـاوەنی زەوییـەکە درەختی قـاوەیان دەچاند، ئەوەیش دەبووە بەربەست لـەبەردەم گێڕانەوەی زەوییـەکانیـدا مـەگـەر لـەبری ئەوە پارە بدا. ئەم رێگەیە لە ناوچەی کودینامارکا سـەرکەوتنی بەدەست هێنا و زەوییەکان بەدەست جووتیارەکانەوە مانەوە.

دواتر ئەنجـوومـەنی پیـرانی کـۆڵۆمـبـیـا یاسـای ژمـارە ٢٠٠ی دەرکـرد کـە بە یاسـای لۆبز بۆ چاکسازیی زەویوزار ناسراوە.

هـەروەها بانکی پێشینەی کشتوکاڵی پرۆسـەکانی دەست بەسـەرداگرتنی بەیاسایی کرد، ئەویش

له ڕێی کڕینی زەوییەکان لە خاوەنەکانیان و ئەنجا فرۆشتنەوەیان بەو جووتیارانەی دەستیان بەسەریاندا گرتووە بە قەرزی درێژمەودا. تەنیا ئەوانە سوودیان لەمە وەرگرت کە زەوییان زەوت کردبوو.

ساڵی ١٩٦١ ژمارەیەک لە خێزانەکانی جووتیاران، کە ژمارەیان لەنێوان پێنج تا شەش هەزار کەسدا دەبوو، دایان بەسەر زەوییەکی بەرفراوانی بەیار (بەکارنەهاتوو) لە دەوروبەری شاری کوندای و دەستیان بەسەردا گرت. دەزگای چاکسازیی خانووبەرەی سەر بە حکوومەت ئەو زەوییانەی بەسەر ئەو ماڵانەدا دابەش کرد.

میگال ئوروتیا لە ساڵی ١٩٦٧ دەنووسێ، یەکەتییە جووتیارییەکان هێشتا پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانی سەروکاری دەکرد. هەروەها یەکەتیی کشتوکاڵیی نیشتمانیی کاسۆلیکی مەشرەبیش پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ڕێک دەخست و دەستبەجێ ئەو زەوییانە لەسەر هەزاران جووتیار تاپۆ دەکران. زۆر جار کڵێسا ڕەزامەندی لەسەر ئەو پرۆسەی زەوتکردنانە دەدا کە کاهینەکان پێشەوایەتییان دەکرد.

هەروەها هەندێ جار پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانە دەبووە هۆی گواستنەوەی خاوەندارییەتییەکە بەشێوەیەکی یاسایی، ئەویش بەوەی خاوەن زەوییەکە بە قیست زەوییەکەی دەفرۆشتە جووتیارەکە، یان بەوەی دەزگای چاکسازیی زەویوزار زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکەی وەک ناوچەیەکی چاکسازیی زەویوزار ڕادەگەیاند.

ئوروتیا دەڵێ "لە هەندێ حاڵەتی تردا، جووتیارەکان بەزۆر زەوییەکانیان داگیر دەکرد".

دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانە لە پۆلیڤیایش کرا و زۆر جاریش بە هاندانی حکوومەت دەبوو.

ساڵی ١٩٤٥ بەرپرسانی حکوومەتە شۆڕشگێڕییە نیشتمانییەکە داوایان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکە کرد پاڵپشتیی ڕێکخراوەکەیان بکەن، وەک هەنگاوی یەکەم بە ئاراستەی هەنگاونان بۆ دەستگرتن بەسەر زەویوزارێکی بەرفرەواندا.

بەڵام دوای ئەوە و لە سایەی حکوومەتێکی کۆنەپارێزدا هندییەکان دایان بەسەر هەندێ زەویدا، بەڵام وەک ئێدواردۆ ئەرزی-لۆریرۆ دەڵێ- "حکوومەت دڕندانە سەرکوتی کردن".

ساڵی ١٩٥٢ پاش گەڕانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی نیشتمانی بۆ دەسەڵات، داوا لە هندییەکان کرا زەوییەکان داگیر بکەن. یەکەتییە کشتوکاڵییەکان پێک هاتن و زەوییەکان دابەش کران. بە خێراییەکی سەیر زەوییەکە زەوت و دابەش کرا تەنانەت پێش لە پەسەندکردنی مەرسوومی چاکسازیی کشتوکاڵیش.

ئەرزی-لۆریرۆ دەڵێ پرۆسەکە زۆر ئاشتییانە بوو، گرینگترین لایەنیش هەڵوەشاندنەوەی یەکێک لە چینە کۆمەڵایەتییە لادێییەکان بوو، ئەویش بە گۆڕینی جووتیاران بە خاوەنی ئەو زەوییانەی

کـاریـان تێـدا دەکـەن و هـەروەهـا ئەندام لـە دامـەزراوەیـەکی خـاوەن مـوڵـک و بـایـەخی هـاوبەش. موڵکدارە کۆنەکانیش کشانەوە بۆ شارەکان.

هانتنگتـۆن دەڵـێ دەسـتـەبەسـەرداگـرتنی زەوییـەکـان لە ناوچـەی کـوزکـو لە پیـرۆ، هەروەها بەهێزبوونی ڕێکخراوەکانی جووتیاران، رۆڵیان هەبوو لە تێپەڕاندنی یاسای چاککردنی زەویوزار ساڵی ١٩٦٠. سـەرۆک بیلۆند تیـری هانی هندیـیـە بێ زەوییـەکـانی دەدا دەست بەسـەر زەوییـە وەبەرنەهاتووەکـاندا بگرن، تا ئەنجـوومـەنی پیـران ناچار بکەن یاسـاکـەی سـەرۆکـایەتی بۆ چاکسازیی زەویوزار پەسند بکا.

لە هەردوو ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ بزووتنەوەی سەندیکای کشتوکاڵی لە هەردوو کەرتی جونین و باسکو لە پیرۆ گەشـەی کرد. خاتوو دورین وارینەر دەڵێ "ئەم کۆمـەڵە سـەندیکاییـیانە چەندان هەڵمەتی دەستبەسـەرداگرتن یان بەسـەردادانی زەوییان ئەنجام دا کە لە هندییەکان سەنرابوون، مەبەستیش لە بەسـەردادان ئەوەیە هندییەکان لە زەوییە جێناکۆکەکاندا کووخیان دروست دەکرد و تێیدا جێگیر دەبوون.

پاش گـەڕانەوەی رۆمـۆلۆ بیـتنکوری سـەرۆکی ڤـەنزویلا بۆ دەسـەڵات لە سـاڵی ١٩٥٩، حکوومـەتـەکـەی دەسـتی کـرد بە دابەشـکردنی زەوییـە گـشـتـیـەکـان و بـەیاسـاییکردنی ئەو زەویگیـرییـانەی سـەندیکاکـان ئەنجامـیـان دابوو. وارینر دەنووسێ و دەڵێ "یاسـای چاکسـازیی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٦٠ بە پرۆسەی چاکسازی دەستی پێ نەکرد، بەڵکو ئەو زەویگیرییانەی ڕێک دەخست کـە سـەندیکاکـان ئەنجامـیان دەدا و مـیکانیزمـێکی داهێنا کـە لە ڕێیەوە سـەندیکاکان دەتوانن داوا لە پەیمانگەی کشتوکاڵیی نیشتمانی بکەن زەوییەکان تاپۆ بکا".

هەروەها دەڵێ "ڤـەنزویلا تاکـە وڵاتـە کـە تێـیـدا جـمـوجـووڵی یەکـەتییـەکی پیـشـەیی توانی چاکسازییەک لە زەویوزاردا بکا"

ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ هەڵمەتێکی دەستبەسەرداگرتنی زەوی لە بەرازیل بەڕێوە چوو، بەتایبەت ئەو زەوییانەی وەبەر نەهێنرابووون و ئاوەدان نەبوون و ئەگەری بەرەنگاریکردنی پرۆسەکە لەئارادا نەبوو. دۆڵی پادابیا شانۆی زۆر لەو دەستبەسەرداگرتنانە بوو، پۆلیس هەندێ جار پەلاماردەرانی لەسەر پارچە زەوییەک دەردەکرد و هەندێ جاریش هیچی نەدەکرد. وارینەر دەڵێ "لەکاتی یەکێک لە هەڵمەتەکاندا، زەویگیرەکان لەلایەن سەندیکای کرێکارانی هێڵی ئاسنەوە پشتگیری دەکران، کە هەڕەشەی مانگرتنیان کرد ئەگەر بێتو خەڵک بە زۆر لەو زەوییانە دەربکرێن. حکوومەت ناچار بوو زەوییەکە بکڕێ و بیداتە داگیرکەرەکانی".

ئاژانسی حکوومـیی بەرازیلی بۆ چاکـسـازیی کـشـتـوکـاڵی، لەکـاتی هەوڵی جـووتیـاران بۆ دەستبەسـەرداگرتنی زەوییـەک، یان سەرکەوتنیان لە دەستبەسـەرداگرتنیدا، خۆی دەستی بەسەر هەندێ زەویدا دەگرت. لە نیسانی ١٩٦٤ حکوومەتەکەی سـەرۆک گولار رووخێنرا و ترسی گەورە

مـوڵکدارەکـانی زەوی لە دەسـتـبـەسـەرداگـرتنێکی گـشـتـیی زەوییـەکـانی وڵات، لە گـرینگـترین هۆکارەکانی رووданی ئەو کودەتایە بوو. سەرکردەکانی سەندیکاکان گیران و بەند کران.

## ٤- شکاندنی گەمارۆ

لەکاتی کێشـە نێودەوڵەتییەکاندا، رەنگە وڵاتێک هەوڵ بدا پاڵەپەستۆی سیـاسی بخـاتە سـەر دژبەرێک لەرێی سەپاندنی گـەمارۆ بەسـەریدا، تا نەهێڵـێ هەندێ مادەی "سـتراتیـجی"ی خـاوەن سروشتی سـەربازییانە یان خۆراک و شتی تری بەدەست بگا. شکاندنی ئەو گەمارۆیە بەمەبەستی گەیاندنی خۆراک بە خەڵکە گەمارۆدراوەکە، بەبێ هەرەشەی بەکارهێنانی ئامرازە سەربازییەکان و بەبێ بەکارهێنانی هـێزی سەربازی، رێگەیەکە لـە رێگەکانی دەستوەردانی ئـابووریی ناتوندوتیژانە، کە لایەنێکی سێیەم بۆ یارمەتیدانی وڵاتێکی گەمارۆدراو پەنای بۆ دەبا.

هەروەها رەنگە هەندێ دەستەی حکوومی و تایبەتیش پەنا بۆ ئەم رێگەیە ببەن.

لەبارێکدا دەوڵەت بەو کارە هەستێ، تەنانەت ئەگەر بـەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ چەکیش نەبرابێ و هەڕەشـەی پەنـابۆبردنیـشـی نەکـرابێ، لەوانەیە دژبەرەکـە بتـرسێ لـەوەی ئەگـەر بەر بە شـکاندنی گەمارۆکە بگرێ دووچاری کردەوەی سـەربازی ببێ. لە حـاڵەتی "گـەمارۆ"دا شـیمانەیەکی ناوەکی هەیە بـۆ رووданی کـارێکی توندوتیـژانە لەلایەن حکوومـەتەوە بۆ پاڵـپـشـتـیکردنی جـمـوجـووڵێکی ناتوندوتیـژانە. ئەم حـاڵەتە لە مـەسـەلەی پردە ئاسـمـانییـەکـەی بەرلین لە هەردوو سـاڵی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا رووی دا.

پاش ئەو گەمـارۆیەی سۆڤـیەت بەسـەر بەرلینیدا سەپاند، فرۆکە ئەمەریکایی و بەریتـانیاییـیەکان لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٨ەوە تا ئایاری ١٩٤٩ خـۆراک و سووتـەمەنی و مـادە بنەڕەتییـەکانیـان بۆ ئەو شارە دابین دەکرد.

جگە لەو پردە ئاسـمـانییـەی هاوپەیمانان، ئەڵمـانیـەکـان خـۆیشـیـان بۆ مـاوەی چەندان مـانگ ئازووقـەیان بۆ بـەرلین دەهێنا، ویلیــــام فیلیپس داڤیـدسـۆن لە کتێبی "گـەمارۆی بەرلین"دا دەڵێ بەهۆی پرۆسـەی چاکسازیی دراوەوە، بۆ جـووتــــیارەکانی ئەڵمانیا بەسـوود بوو بەرهەمیـان زیاد بکەن و بەرلین بکەنە بازاڕی ساغکردنەوە. "بارهەڵگرەکان ئامادە کرابـــــوون بەشـــێوەیەک خۆیان لە مـەفـرەزەکـانی سـۆڤـیــەت لابدەن، ئارەقـــــیان لە ئەڵمـانیـای رۆژئاوەوە بەنــــاو ئەڵمـانیـای رۆژهەڵاتدا دەگـواسـتـــەوە و دەیانـــگەیاندە رۆژئاوای بەرلین و لـەوێ بە نرخـێکی کـەمـێک زیاتر دەفرۆشرا.

لە کاتی هاویندا، هەندێ جار سەوزەی نوێ دەگەیشتە شارەکە و بەنرخێکی زۆر گونجاویش.

لە پایزی ١٩٤٨ سۆڤـیەت دەستی دایە گرتنی کـەلێنەکانی گەمارۆکـە. بەڵام بەشی هەرەزۆری یارمـەتییـەکان لە رێی ئاسـمـانەوە دەگەیشـتن، کە جگە لە برێکی زۆر خـواردن، خـەڵوز و ئامـێری جـۆراوجـۆر و مـوەلیـدەی کارەبایان تێدا بوو. لە ١٦ی نیسـانی ١٩٤٩ ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار

کرا، کە ئەویش گەیشتنی ۲٤۹۰ تەن شتومەک بوو لە ۲٤ سەعاتدا. لە مانگی نیساندا ۳۳٥ هەزار تەن شتومەک گەیشت".

## ٥- ساختەکردن بە پاڵنەری سیاسی

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە دابەشکردنی دراوی ساختە و موستەنەداتی تر کە بایەخێکی ئابووریيان هەیە لەلایەن وڵاتێکی دوژمنەوە. "مەبەست لەو کارە تێکدانی ئابووریی ئەو وڵاتەیە لەڕێی لاوازکردنی دراوەکەیەوە، یان دروستکردنی کەشێکی بێ متمانەیە بەرامبەر بە دراوی ئەو وڵاتە" مۆرای تایش بلوم دەڵێ "ساختەکردنی پارەی دوژمن پلانێکە لە زۆربەی جەنگەکاندا کاری پێ کراوە، هەر لە ساڵی ۱٤۷۰وە کە دوک میلانۆ گالیازو سفورزا دراوی بوندوقیەی ساختە کرد".

دەڵێن سەرۆک ڕۆزفەڵت داوای لە بەریتانیاییەکان کردووە لە بیرۆکەی ساختەکردنی دراوی ئەڵمانیایی بکۆڵنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە ئەگەرچی ئەو پسوولەی خۆراکەیان ساختە کردبوو کە لەناو ئەڵمانیا بەکار دەهات و لە ساڵی ۱۹٤۰ بە فڕۆکە بەریان دایەوە. هەروەها پوولی پۆستەی ئەڵمانیا و فەرەنسای داگیرکراویان ساختە کرد و بەکرێگیراوانی نهێنی و چالاکان بۆ ناردنی پروپاگەندەی دوژمنکارانە لەدژی ئەڵمانیا لەڕێی پۆستەی نێوان هەردوو وڵاتەوە بەکاریان دەهێنا.

هەروەها بلوم دەڵێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دراوی ژاپۆنی ساختە کردووە، بەڵام بەڕێوەبەری نووسینگەی خزمەتگوزارییە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا ئەوەی ڕەت کردەوە.

پاش ساڵی ۱۹٤۳ ئەڵمانیا دراوێکی بەریتانیایی ساختەی خستە بازاڕ. ئەو دراوە کە زۆر بە وردی ساختە کرابوو لە وڵاتانی بێلایەندا بەکار دەهێنرا، هەروەها لە ڕێی سیخوڕەکانیشەوە لە وڵاتانی دوژمندا بەکار دەهات. ئەو دراوەی کەمتر وردەکاریی لە دروستکردنیدا کرابوو نێردرا بۆ هاوکار و ناپاکەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، هەرچی ئەو دراوە ساختەیە بوو کە بە لاوازی ساختە کرابوو لەڕێی فڕۆکەوە بەسەر ئاسمانی بەریتانیادا بەر دەدرایەوە بەمەستی شپرزەکردنی سیستمی بانکیی بەریتانیا.

پاش وڵاتگیرییەکەی هاوپەیمانەکان، دراوی ساختەی بەریتانیایی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە باکوری ئەفریقیا و پورتوگال و ئیسپانیا و شوێنانی تر دابەش کرا. بانکی ناوەندیی بەریتانیا لە مانگی نیسانی ۱۹٤۳ گومانی بۆ دروست بوو. تەنیا لە ساڵی ۱۹٤٤دا نازییەکان بەهای نێزیکەی ۲۷۷ ملیۆن و ٥۰۰ هەزار دۆلاری ئەمەریکاییان لە دراوی بەریتانیایی دەست بەسەردا گرت.

بەڵام دۆلاری ئەمەریکایی زۆر کەم ساختە کراوە، ئەویش لە ساڵی ۱۹٤٥.

## ٦- کڕینی شمەک بۆ نەگەیشتنی بە دوژمن

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە کڕینی هەندێ مادەی ستراتیجی لە بازاڕەکانی جیهان بەمەبەستی

بەرگرتن لەوەی دوژمن ئەو مادانە بکڕێ و بەکاریان بێنێ.

لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆرەها کانزای لە ئیسپانیا و پورتوگال و تورکیا کڕی، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی ناگەنە دەست وڵاتانی جەمسەری میحوەر.

### ٧- دەستبەسەرداگرتنی شتە بەردەستەکان

یەکێکی ترە لە ڕێگەکانی دەستوەردانی ئابووری، تێیدا شتە بەردەستەکان بلۆک یان زەوت دەکرێن، لەوانە بلۆککردنی حسابە بانکییەکان یان دەستگرتن بەسەر ڕاسپاردەکاندا و ڕێگرتن لە خەرجکردنی سوودە داراییەکان بۆ دوژمن و هتد.

لە تەممووزی ١٩٤١دا هەموو شتە بەردەستەکانی ژاپۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بلۆک کران و بەدوای ئەودا بەریتانیا و هۆڵەندایش هەمان هەنگاویان نا. ژاپۆن پەیماننامەیەکی لەگەڵ هێزەکانی تەوەر (محور)دا لە ئەیلوولی ١٩٤٠ ئیمزا کرد، هەروەها پەیماننامەی بێلایەنیشی لە نیسانی ١٩٤١ لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت ئیمزا کرد. پاش وڵاتگیریی ئەڵمانیا بۆ ڕووسیا لە مانگی حوزەیران، ژاپۆن داوای هێزی زیاتری لە حکوومەتی ڤیشیی فەرەنسایی لە هندی چینی کرد. قەدەغەکردنی ناردنی هەرجۆرە چەکەمەنییەکی جەنگی بۆ ژاپۆن ڕاگەیەنرابوو، ئەوەیش بەخێرایی کاری لە پرۆسەکانی ناردنی نەوت کرد. تۆماس بایلی نووسی: "لەم هەلومەرجەدا، پرۆسەی بلۆککردنی مەزن وەک تەقینەوەیەک بوو بەلای ژاپۆنییەکانەوە، کاریگەرییەکەی لە دواین هێرشیان بۆ سەر بێرل هاربور زیاتر بوو". لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بلۆککردنی شتەکانی دوژمن سیاسەتێکی زۆر باو بوو".

پاش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی بەریتانیای ئێرانی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٥١، بەریتانیاییەکان بە فەرمانێک هەموو پارەکانی ئێرانیان لە بانکەکانی بەریتانیادا بلۆک کرد تا ئەو کاتەی دۆخی بازرگانیی دەرەکیی ئێران دەگەڕێتەوە باری پێشووی".

### ٨- خنکاندنی بازاڕ

پرۆفیسۆر شلنگ دەنووسێ و دەڵێ "خنکاندنی بازاڕ بریتییە لە پرۆسەی فرۆشتنی بە بەرنامەی هەندێ شمەک لە بازاڕەکانی جیهاندا بە نرخی داشکاو، بەمەبەستی شکاندنی نرخ و کەمکردنەوەی قازانجەکانی وڵاتێکی تر" هەروەها دەڵێ "ئەم ڕێگەیە بڵاو نییە، لەبەرئەوەی گران دەکەوێ".

ڕەنگە هەڕەشەکردن بە خنکاندنی بازاڕ بە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان کاریگەریی گەورەی هەبێ، بەتایبەت لەسەر ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە هەناردەکردنی ئەو بەروبوومانە دەبەستێ. بۆ نموونە وەک فرۆشتنی زەیتی ڕووسیایی لە ساڵی ١٩٥٠ و فرۆشتنی

ئاڵتوون لە ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ کە هەندێ پێیان وایە ئامانج دروستکردنی دڵەڕاوکێ و شڵەژان بووە لە ناوەندە داراییە دەرەکییەکاندا.

ئەم کارە پێویستی بە دەستوەردانی حکوومەت هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی خێرا و کاریگەر. بەڵام هەندێ گرووپی تایبەت لە ڕێی خنکاندنی بازاڕی جیهانی بە لۆکە هەوڵێکی شکستخواردوویان دا بۆ شڵەژاندنی سیستمی ئابووریی ئەمەریکا.

خاتوو کیر درایک نووسی: "هەوڵەکە لەلایەن فیزیاناس مارتن دیلانای و کاهین هنری هایلاند گارنت دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی شارستانیەتیی ئەفریقیاوە درا، بە ئامانجی دروستکردنی پاڵپەستۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. دیلانای سەردانی ئەفریقیای کرد و ڕێکەوتنێکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یوروپا (کە ئێستە بەشێکە لە نایجیریا) ئیمزا کرد بۆ بەکرێگرتنی زەوییەکانی ڕەشپێستە ئازادەکان لە ئەمەریکا. پلانەکە ئەوە بوو ئەو ڕەشپێستانە، ئەفریقیاییەکان فێری چاندنی لۆکە بکەن، تا پاش ئەوە بە نرخێکی هەرزان بازاڕی جیهانی بە لۆکە بخنکێنن، ئەوەیش بنچینەکانی ئابووری لە ویلایەتە باشوورییەکانی ئەمەریکا تێک دەشکێنێ و بەو هۆیەشەوە کۆیلەکان ئازاد دەکرێن و جلوبەرگیان بە هەرزان دەست دەکەوێ و ئەفریقیاییەکانیش دەبووژێنەوە.

پلانەکە کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەریتانیا پاڵپشتی دەکرد، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە شکستی هێنا".

## ٩- چاودێریکردنی ناوبگیرانە (الرعاية الانتقائية)

زۆر جار چالاکانی ناتوندوتیژ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبری بایکۆتکردنی هەندێ کۆمپانیا، هانی هەندێ کۆمپانیای تری ناسراویان داوە بەمەبەستی خۆقوتارکردن لە یاساکانی قەدەغەکردنی بایکۆتکردنی شمەکەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەمە ناو دەنێین چاودێریکردنی ناوبگیرانە.

ئەم ڕێگەیە لەپێناو شاباشکردنی هەندێ کۆمپانیا بەکار هاتووە کە سیاسەتیان لەگەڵ خەڵکدا گونجاو بووە، لەکاتێکدا هەندێ پێیان وایە ئەو سیاسەتە سەرکێشییەکی ئابوورییە.

ساڵی ١٨٣٤ گاریسۆن و کۆمەڵێک لە بەرهەڵستانی جیاوازیی ڕەگەزی بڕیاریان دا مامەڵە لەگەڵ کەشتییەکی هەڵمیی نەفەربەر بکەن کە خەڵکی لە ڕووباری دیلاوار دەگواستەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەشتییە وەک کەشتییەکانی تر جیاکاریی ڕەگەزی نەدەکرد. ئەو ڕێگەیەی کەشتییەکە گرتبوویە بەر توولانیتر بوو، بەڵام ئەوان هاندانی سیاسەتی یەکخستن (دمج)یان هەڵبژارد. ڕۆژنامەی لیبرایتەر باس لە بۆچوونەکەیان دەکا کە بریتییە لەوەی دەکرێ ڕەتکردنەوەی جیاکاریی ڕەگەزی و قبووڵکردنی یەکخستن، "بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن بەرهەڵستانی کۆیلایەتییەوە پێڕەو بکرێ... ئەو کاتە بەربەستە ڕەگەزپەرستانەکان بەخێرایی لەناو دەبرێن".

کاتێ هاوڵاتییانی وڵاتێک بۆ ئازادبوون لە ژێردەستەیی وڵاتێکی تری داگیرکەر خەبات دەکەن، یەکێک لە ئامرازەکانیان هەڵمەتی پاڵپشتکردنی بەروبوومی نیشتمانیی وڵاتەکەیانە. ئەمە رووی دووەمی بایکۆتکردنی ئابوورییە، لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی زۆریش لەنێوانیاندا.

ئامانجی "چاودێریکردنی ناوبگیرانە" تەنیا لاوازکردنی ئابووریی دوژمن نییە، بگرە بنیاتنانی ئابوورییەکی سەربەخۆیشە. رەنگە ئەوە هەنگاوێکی پێویست بێ بەرەو سەربەخۆیی تەواو.

ئەمە لە گرینگترین ئەو ململانێیانە بوو کە نیشتەجێ ئەمەریکاییەکان پێش ساڵی ١٧٧٥ کردیان. ساڵی ١٧٦٥ هەڵمەتێک بۆ هاندان و پەرەپێدانی بەروبوومی ئەمەریکایی لە بەرامبەر بەروبوومەکانی بەریتانیا دەستی پێ کرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەکاتی خۆیدا دەستی پێ نەکرد، بەڵام ئەم جموجووڵە بەهۆی نامیلکەیەکی دانیاڵ دولانیوە تەکانێکی گرینگی دا کە تێیدا دەڵێ "بە پاڵپشتیکردنێکی رژدی کارگە ئەمەریکاییەکان، ئەنجامی سەرکوتکردنەکە بەسەر دانیشتوانی بەریتانیا خۆیدا دەشکێتەوە، دەستبەجێش..".

چەندان کۆمەڵە بۆ هاندانی پیشەسازیی ناوخۆیی و کڕینی بەرهەمی ئەمەریکایی لەبری ئینگلیزی دروست بوون. تایبەتمەندییەکانی بەروبوومە ناوخۆییەکان لە رۆژنامەکان بڵاو دەکرانەوە. بەم شێوەیە بەرهەمی کارگە ئەمەریکاییەکان زیادی کرد، بەتایبەتی بەرهەمهێنانی کەتان لە فیلادلفیا و نیویۆرک..

گاندی لەکاتی خەباتەکەیدا دژ بە یاسای بەریتانیایی لە هیندستان، یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی بەهێزکردنی بەرهەمی هیندی و هاندانی هیندییەکان بوو بۆ بەکاربردنی بەرهەمەکانی خۆیان. ئەم تیۆرە پەلوپۆی زۆری فەلسەفی و ئابووری و سیاسی لێ دەبێتەوە. گاندی ئەم رێگەیەی لە بایکۆتکردنی ئابووری پێ باشتر بوو کە بە تۆڵەکردنەوەی دادەنا. هەروایش دەرچوو، ئەم رێگەیە بەشداری کرد لە بنیاتنانی ئابووری و سەربەخۆیی هیندستان و وابەستەیی ئابووری بە دەرەوە کەم کردەوە.

لە ئەمەریکا زۆر جار یەکەتییە پیشەییەکان پێداگرییان دەکرد لەسەر هاندانی ئەو بەروبوومانەی دروشمی یەکەتییەکە هەڵدەگرن، تا بەوە کرێکاران کرێیەکی زیاتریان دەست بکەوێ و هەلومەرجی کارکردنیش باشتر بکرێ.

مایەرز ولایدلەر پێناسەی دروشمی یەکەتییەکە دەکا بەوەی "دروشمێکە کاری رێکخراو بۆ هاندانی پاڵپشتیکردنی ئەو بەروبوومانەی بەسەرپەرشتی یەکەتییەکە دروست کراوە، پەرەی پێ داوە". ئەو دروشمە لەسەر بەروبوومەکە دەدرێ، ئەگەر گونجا، یان لەسەر قوتووەکەی یان هەر شتێکی لەو شێوەیە. بوونی دروشمەکە نیشانەی ئەوەیە ئەو شمەکە بەپێی مەرجەکانی یەکەتییەکە دروست کراوە.

## ١٠- بازاڕە جێگرەوەکان

بازاڕە ناشەرعییەکان یان "بازاڕی ڕەش" کە لەکاتی جەنگ و لە سایەی داگیرکردندا گەشە دەکەن، بەگشتی بە کارێکی هەلپەرستانە و خاوەن ئامانجی خۆپەرستانەیە. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا کەناڵەکانی کڕین و فرۆشتنی خواردەمەنی دەبێتە یەکێک لە ئامرازەکانی دەستوەردانی ئابووریی ناتوندوتیژانە. جگە لە دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵک و ڕێ نەدان بەوەی شمەکەکە بکەوێتە دەست دوژمن، بازاڕە بەدیلەکان واتایەکی سیاسیی گرینگیان هەیە، چونکە دەکرێ لەڕێی پارێزگاریکردن لە چەند کەناڵێکی دابەشکردنی سەربەخۆوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی تۆتالیتاری بکرێ، کە هەوڵ دەدا دەست بەسەر ژیانی ئابووریدا بگرێ.

لەکاتی داگیرکردنی نەرویج لەلایەن ئەڵمانیاوە ئەم ڕێگەیە بەکار هێنرا. جایمسون دەڵێ: ورەی بەرز بە ڕوونی لە شێوەی بەرێوەچوونی بازاڕی ڕەشدا دەردەکەوت. خۆی دەبوو بەرهەمهێنەرانی مادە خۆراکییەکان بەرهەمەکانیان بەتەواوی ڕادەستی بریکارەکانی دابەشکردنی حکوومەت بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا توانییان بەشێکی زۆری لای خۆیان بهێڵنەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەوەی لە وڵاتانی تردا باوە، ئەو شمەکانە بەنهێنی بە نرخێک دەفرۆشران بەحاڵ لە نرخە ڕەسمییەکەی تێدەپەڕاند، خاوەن کارەکان ئەو شتانەیان دەکڕی بۆ فەرمانبەر و کرێکارەکان. کڕیار هیچ قازانجێکی لە کڕین و فرۆشتنەکە دەست نەدەکەوت، هەر بۆیە بازاڕە ڕەشەکە بەپێچەوانەی ئەوەی لە وڵاتانی تر ڕووی دەدا، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ورەی خەڵک نەبوو. پاش نەمانی داگیرکردن بازاڕە ڕەشەکانیش وەستان.

## ١١- تۆڕی گواستنەوەی جێگرەوە

لە حاڵەتەکانی بایکۆتکردنی تۆڕی گواستنەوەی گشتی، تۆڕێکی جێگرەوە دروست دەکرا. ئەمە لە مۆنتگمری-ئالاباما ڕووی دا.

مارتن لۆسەر کینگ دەڵێ: "لە سەرەتای نارەزاییەکاندا کێشەی گواستنەوە زۆربەی بایەخەکانمانی بۆ خۆی بردبوو". لە ڕۆژە بەراییەکاندا کۆمپانیاکانی تەکسی ڕەشپێستەکان نەفەریان بە ١٠ سەنت دەگواستەوە، بەڵام یاسایەک دەرچوو لای خواری کرێی تەکسی بە ٤٥ سەنت دیاری کرد. چالاکانی ناتوندوتیژ لەو کاتەدا بڕیاریان دا پاسی تایبەت دابین بکەن کە خۆبەخشانە خەڵک بگوێزنەوە. تۆڕە گواستنەوە نوێیەکە لە ٤٨ پاس و ٤٢ وێستگە پێکهات. کینگ دەڵێ: "لە چەند ڕۆژێکدا وای لێهات تۆڕەکە بە شێوەیەکی سروشتی کاری دەکرد، ئەوەیش سپی پێستەکانی حەپەساند".

لە ساڵی داهاتوودا ١٥ قاتیرەی نوێ داهێنران و چوونە پاڵ تۆڕە نوێیەکە. بەرپرسانی کۆمپانیاکانی گواستنەوە ئەم تۆڕە بەدیلەیان بە کێشەیەکی ڕاستەقینە لە قەڵەم دا. دڵنیایی لەسەر

ئۆتۆمبێلەکانی ئەم تۆڕە هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها دادگە بەکارهێنانی ئەو هۆیانەی قەدەغە کرد، بەڵام بڕیاری دادگەی باڵا بەهۆی یاساکانی ویلایەتی ئەلاباما و سیستمی کۆمپانیاکانی گواستنەوە رەگەزپەرستانە و نادەستوور بڕیارەکانی ویلایەتەکەی پووچەڵ کردەوە.

### ١٢- دامەزراوە ئابوورییە جێگرەوەکان

هەموو ئەو دامەزراوە ئابوورییانەی کە چالاکانی ناتوندوتیژ پێکیان دێنن ناتوانرێن بە ئامرازی دەستێوەردانی ئابوورییانەی ناتوندوتیژانە دابنرێن، مەگەر ئەو کاتەی ئەو دامەزراوانە لە کاتی کێشەکەدا وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی هێز و هەژموون بەکار بێن. دەکرێ ئەم دامەزراوە نوێیانە بەرهەمهێنان و خاوەندارییەتی و دابەشکردنی مادە ئابوورییەکان بگرنە خۆ. هەروەها دەکرێ ئامانج لەوە جگە لە لایەنە ئابوورییەکە، کۆمەڵایەتی و سیاسیش بێ.

کاتێ هەرەوەزییەکانی بەکاربەران یان بەرهەمهێنەکان دەکەونە کێشە لەگەڵ پیشەسازییە سەرمایەدارییەکان، یاخۆ ئەو پیشەسازییانەی مۆڵکی دەوڵەتن، یان لەکاتی پەرەپێدان و فرەوانکردنی هەرەوەزییەکان تا جێی سیستمە ئابوورییە ئاراکە، یان بەشێکی بگرێتەوە، ئەوە بە دەستوەردانێکی ئابووری ناتوندوتیژانە دادەنرێ.

با ئەو کارە بە نموونە وەرگرین کە کۆمپانیای هەرەوەزیی سویدی Koopeative Forbundet پێی هەستا پاش شکستهێنانی لە دابەزاندنی نرخی "کەرە" لە رێی بایکۆتکردنی بەرهەمی کارگە گەورەکانەوە. ئەو کۆمپانیایە پاڵپشتیی کارگەیەکی بچووکی بەرهەمهێنانی کەرەی کرد، ئەنجا کارگەیەکی گەورەی دروست کرد بە ئامانجی ئەوەی بە نرخێکی کەم بخرێتە بازاڕ. ئەنجامەکەیش ئەوە بوو نرخی کەرە بە رێژەی ٦٠٪ دابەزی و ساڵانە نیزیکەی ٢ ملیۆن دۆلاری بۆ بەکاربەران پاشەکەوت کرد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠دا ئەم هەرەوەزییانە ژمارەیەک کارگەیان کڕی یان دروست کرد بۆ دروستکردنی بەرهەمی نوێ، وەک گڵۆپی کارەبایی و تایە و پەین و فەخفووری و کەرەستەی بیناسازی. هەر کات دەگەیشتە ١٥٪ی بازاڕ، قۆرخکردنی نرخەکانی تێکدەشکاند.

پاش ساڵی ١٨٩٠، لە ئیتالیا لقی "چاکە و ئابووریی مەسیحی"ی سەر بە رێکخراوی کاسۆلیکییەتی ئیتالیایی چالاک Opera dei Congressi تۆڕێک لە هەرەوەزی و یەکەتیی جووتیاران و کۆمەڵەی دۆستایەتی و دەزگای دڵنیایی و پێدانی پێشینەی کشتوکاڵی دامەزراند. ئەم تۆڕە بەشێوەیەک فراوان بوو کە بوو بە حاڵەتێکی کاسۆلیکیی نوێ کە لەنێو داروپەردووی لیبرالیزمەوە سەری هەڵدا.[٢٢٥] ساڵی ١٩١٢ لقەکە ٣٦٠ هەزار ئەندامی هەبوو.

هەرەوەزییەکانی جووتیارانی باشووری ئەلاباما کە ساڵی ١٩٦٧ پیاوە دێرینەکانی "کاروانی سەلما بۆ مافە مەدەنییەکان" بەشداری لە دامەزراندنیدا کرد، لە رێی کەناڵە هەرەوەزییەکانەوە پرۆسەیەکی خستنەبازاڕی شمەکی جێبەجێ کرد. مایکڵ مایلز لە رۆژنامەی نیو ریپۆبلیکدا

نووسی: "ئەم هەنگاوە بووە مایەی شڵەژاندنی سیستمی ژێربارخستنی جووتیاری ڕەشپێست، کە ڕێگەی دەدا بە ناسینی بەرهەمی هەر جووتیارێک، جا لەلایەن خاوەن قەرزەکەیەوە دەستی بەسەردا دەگیرا.."

هەندێ ڕێکخراوی تری باشووری سەر بە ڕەشپێستەکان دەستوەردانی ئابوورییان کرد، لەوانە "کۆمپانیای خەڵکی هەژار" لە جاکسۆن-میسیسیپی، هەروەها یەکەتیی هەرەوەزییەکانی باشوور و کۆمپانیاکانی کراوفۆردڤیل لە فلۆریدا. زۆربەی جار ئەم ڕێکخراوانە بەرەنگاریی گەورە دەکران.

ئێستە دەچینە سەر قسەکردن لەبارەی ڕێگەکانی دەستوەردانی سیاسی.

## دەستوەردانی سیاسی

دواین جۆر لە ڕێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە ٧ ڕێگە لەخۆ دەگرێ کە مۆرکێکی سیاسیی پەتییان هەیە. پێنجی یەکەمیان هاووڵاتیان بەکاریان دێنن چ وەک تاکەکەس یاخۆ وەک کۆمەڵە گرووپی بچووک یان گەورە. ئامانجیان پەکخستنی کاری دەستە ئیداری و حکوومییەکانە. ڕێگەی شەشەم فەرمانبەرانی ڕەسمیی حکوومەت پێڕەوی لێ دەکەن. ڕێگەی حەوتەمیش دەخوازێ هاووڵاتیان لایەندیی خۆیان بۆ حکوومەتێکی نوێ و ڕکابەری حکوومەتی ئارا رابگەیەنن.

هەموو ئەم ڕێگەیانە بە جیاوازیی پلە و ئامرازەکانیانەوە، دەستوەردانێکن بەمەبەستی پەکخستنی کاری حکوومەتی دژبەر، تا دەگاتە گژبەریکردنی بوونی ئەو حکوومەتە.

### ١- شەکەتکردنی دەزگا ئیدارییەکان

دەتوانرێ لە چەندان ڕێوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر سیستمی ئیداریی حکوومەتەکان، وەک ئەوەی زانیارییەکی زۆریان بدەیتێ کە لە پسپۆڕیی ئەوان نەبێ، یان ژمارەیەکی زۆر داواکارییان ئاراستە بکرێ، یان لە لافاوێک پێشنیاز و نارەزایینامە و شایەتیدا نوقم بکرێن.. بەرەنجامی هەموو ئەمانەیش پەکخستنی کارە ئیدارییەکان و سستکردنی کاری ڕۆژانەی ئەو دەزگایانەیە.

ئەم جۆرە جموجووڵە زیاتر لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا دەگونجێ کە پێداچوونەوەی هەمیشەیی بە زانیارییەکانی تایبەت بە فەرمانبەران و کاروباری تری ئیداری بەشێکە لە کرۆکی کارەکەیان، هەروەها لەگەڵ ئەو دەزگایانەی ملکەچی سیستم و یاساگەلێکی ئاڵۆزن کە قابیل بە پێداچوونەوە و گۆڕانکارییە.

ئەم ڕێگەیە لە ساڵی ١٩٧٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن بزووتنەوەی بەرهەڵستی جەنگەوە پێڕەو کرا. لەو کاتەدا حکوومەت داوای لە هاووڵاتیان کرد زانیارییە کەسییەکانیان پێشکێش بکەن.

خاتوو ترۆدی یۆنگ گوتەبێژ بەناوی "لێژنەی نوێی ئامادەسازی لەپێناو کۆتاهێنان بە جەنگی ڤێتنام" لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز نووسی: "داوا لە هاوولاتیان کرا لە ماوەی دە رۆژدا لەبارەی هەر گۆڕانێک لە ناونیشان یاخۆ دۆخی کەسییان، بە ئاین و باری عەقڵی و هەر شتێکی تریشەوە ئاگەداری بدەن. دەمانەوێ هەمووان زۆر بە جدی مامەڵە لەگەڵ ئەم یاسایەدا بکەن و لەبارەی هەر گۆڕانکارییەک، چەندە بچووکیش بێ و تەنانەت ئەگەر پێوەندی بە ژن و دایک و هاوڕێکانیشیانەوە هەبێ، ئاگەداری بدەن. دەبێ بەڵگەنامە پێوەندارەکان لەبارەی هەموو بابەتەکان بنێرن. بەم شێوەیە ئیدارە ناتوانێ لەژێر ئەم پاڵەپەستۆ گەورەیەدا کارەکانی تەواو بکا".

رۆژنامەکە لە زاری گوتەبێژێکی ئیدارە تایبەتەکەوە دەگوێزێتەوە کە دەڵێ هەزاران نامەمان بەدەست گەیشتووە، تێیدا خاوەنەکانیان باس لەوە دەکەن تەمەنی ئاسایی خزمەتی سەربازییان تێپەڕاندووە. "جا خودا یارمەتیمان بدا".

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە ماساشوسیتس و پاش پەلاماردانی کۆلۆمبیا لەلایەن ویلایەتە یەککگرتووەکانەوە و ئەو نارەزاییییانەی بەدوایدا هات، عەقید پول فینای بەرپرس لە خزمەتی سەربازیی ناوبگیرانە، لە باسکردنی ئەو لافاوە نامانەی گەیشتوونەتە نووسینگەکەی دەنووسێ و دەڵێ: بۆ نموونە لە هەندێ نامەدا هاتووە "دۆخم گۆڕاوە، لە نهۆمی یەکەمەوە گواستوومەتەوە بۆ نهۆمی سێیەم". یان "من دەچم بۆ ئەوروپا". پاش چەند رۆژێک نامەیەک لە هەمان کەسەوە دەگا تێیدا دەڵێ: "رام گۆڕا، ناچم بۆ ئەوروپا".

یەکێک لە فەرمانبەرانی رەسمیی ویلایەتەکە دەڵێ هەزار فەرمانبەر تەرخان کراون بۆ خوێندنەوەی پۆستەکان و کاتی خۆیان بەبێ سوود بەفیرۆ دا. بەرپرسانی ئیدارەکە داوای ٧٠٠ هەزار پلیتی پۆستەیان کرد تا بەخێرایی و بە شێوەیەکی یاسایی وەڵامی ئەو هەموو نامەیە بدەنەوە.

## ٢- ئاشکراکردنی ناسنامە بەکرێگیراوە نهێنییەکان

کاتێ ناسنامەی ئەندامانی پۆلیسی نهێنی یاخۆ بەکرێگیراوانی سیاسیی نهێنی ئاشکرا دەکرێ، ناویان و هەندێ وردەکاری تر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ نموونە وێنەیان و ئیتر مەحاڵ دەبێ بتوانن لە چالاکییەکەیان بەردەوام بن.

ئەمە بەسەر ئەو بەکرێگیراوە سیاسییانەیشدا جێبەجێ دەبێ کە هەوڵ دەدەن خۆیان بخزێننە ناو رێکخراوەکانی بەرگرییەوە. ئەمە زیاتر لەو وڵاتانەدا رووی داوە کە نازییەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا داگیریان کردن.

لەو رێگایانەی هاوشێوەی ئەمەن، بڵاوکردنەوەی ناوی کۆیلەدارەکان و ناونیشانەکانیان بوو کە بە دوای کۆیلە هەڵاتووەکانیاندا دەگەڕان و پێشتر ناومان نا راوەدوونانی ناتوندوتیژانە (الملاحقة

اللاعنفیة). چالاکە ناتوندوتیژەکان لە هەموو جێیەک پۆستەراتیان هەڵدەواسی و تێیاندا وەسفی کۆیلەگرەکانیان دەکرد.

ئەم کارەی دوایی دەچێتە خانەی ئاشکراکردنی ناسنامەی بەکرێگیراوە نهێنییەکان. ساڵی ١٨٥٠ دوو کۆیلەگر گەیشتنە بۆستن بۆ گرتنی ولیام و ئەلین کرافت، پاش بڵاوبوونەوەی ناونیشانەکانیان و مەرامی سەردانەکەیان، جموجووڵیان بەتەواوی لەقاڵب درا و سەرەنجام ناچار بوون شارەکە بەجێ بێڵن.

ساڵی ١٩٦٩ رۆژنامەی لۆس ئەنجلس فری پرێس ناوی ٥٠ بریکاری مادەی هۆشبەری بڵاو کردەوە بە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکانیانەوە. رۆژنامەکە ئەو هەنگاوەی خۆی بە کارێکی سیاسی لەقەڵەم دا بەڵام بەرپرسان بۆچوونێکی جیاوازیان هەبوو. داواکاری گشتیی کالیفۆرنیا فەرمانێکی لە دادگەوە بەدەست هێنا بۆ قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی "نهێنی". لە ئەنجامی ئەوەیشدا ئەو بریکارانەی رۆژنامەکە ناوی زڕاندبوون داوای یاساییان لەسەر رۆژنامەکە بەرز کردەوە و داوای نێزیکەی ٢٥ ملیۆن دۆلار قەرەبوویان کرد، هەروەها داوکاری گشتیش بەناوی ویلایەتەکەوە سکاڵای لەسەر رۆژنامەکە تۆمار کرد.

**٣- هەوڵدان بۆ چوونە زیندان**

گیران لەکاتی یاخیبوونی مەدەنیدا ئەنجامێکی دووەمییە بۆ پرۆسەی بەزاندنی ئاشتییانەی یاسا. بەڵام رەنگە بەلای چالاکە ناتوندوتیژەکانەوە زیندان خۆی ئامانجێکی بنچینەیی بێ، بەتایبەت کاتێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک بگرێتەوە. دوور نییە چالاکان بەئەنقەست یاساشکێنی بکەن تا بچنە زیندان و رەنگە ئەگەر پۆلیس نەیانگرێ خۆیان داوا بکەن بیانگرن تەنانەت ئەگەر لەکاتی یاساشکێنییەکەدا لەوێش نەبووبن. ئامانج لەوەدا ئەوەیە زیندانەکان جمەیان بێ لە خەڵک.

چالاکەکان بەگشتی بۆ دەربڕینی پاڵپشتییان بۆ هاوەڵە گیراوەکانیان داوا دەکەن ئەوانیش بگیرێن. یان رەنگە مەبەست پەککخستنی کاری دادگەکان یان پڕکردنی زیندانەکان بێ، یان بیانەوێ پروپاگەندەیەکی گەورە بۆ بەرگری بکەن. لەکاتی مانگرتنی مامۆستایان لە نەرویج لە ساڵی ١٩٤٢ و پاش ئەوەی پەناگیرەکانی ناو قوتابخانەی ستابک دەستگیر کران، مامۆستایانی تریش کە لە قوتابخانەکە نەبوون، روویان کردە بەندیخانەکە و داوایان کرد ئەوانیش بگرن.

لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ ئافرەتانی لایەنگری دکتۆر باندا فەرمانی بڵاوەکردنیان رەت کردەوە و بەرەو بارەگای حکوومەت چوون بۆ ئاگەداربوون لە ئەنجامی گفتوگۆکانی دکتۆر باندا و حاکمەکە. پۆلیس دای لە یەکەم ئافرەت لە پێشەوە، بەڵام رێپێوانەکە نەوەستا.. لە کۆتاییدا پۆلیس ژمارەیەکی لێیان دەستگیر کرد، ئەوانیتر نارەزاییان دەربڕی و پێداگرییان کرد کە هەمووان

بگرن، هەر بۆیە پۆلیس هەمووانی گرت کە ٣٦ ئافرەت بوون.

ساڵی ١٩٥٩ لە فەرەنسا، کۆمەڵێک لە بزووتنەوەی کاری مەدەنیی ناتوندوتیژانە روویان کردە گرتووخانەی "توول" کە ژمارەیەک ئەفریقیایی باکور بەبێ دادگەییکردن گیرابوون. ئەو چالاکانە داوایان کرد ئەوانیش بگیرێن تا ببنە شایەت لەسەر پێشێلکردنی ئابڕووبەرانەی دادپەروەری.

ساڵی ١٩٦١ لە چوارچێوەی شەپۆلی ڕێپێوانەکانی دژ بە جیاکاریی رەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوەدا، چالاکانی ناتوندوتیژ بە یاوەریی ژمارەیەکیش خۆبەخش گرتووخانەکانی میسیسیپییان پڕ کرد "تا کارێک بکەن کردەوە رەگەزپەرستانەکان گران و بێزارکەر بێ بە رادەیەک ناچار بن دەستبەرداری ببن". لافاوی گیراوەکان تەنیا لە شاری جاکسۆن-میسیسیپی یەک ملیۆن دۆلاری تێ چوو.

جایمس پیک کە لەو کاتەدا یەکێک بوو لە گرینگترین چالاکەکان گوتی ئامانج لەم جۆرە چالاکییە "دەرخستنی ئەو ستەمەیە کە لە گرتن بەهۆی نارەزایی دەربڕین دژ بە جیاکاریی رەگەزیدا خۆی حەشار داوە. باشتر بوو لە زینداندا بمێنیتەوە تا غەرامە بدەیت یاخۆ بە کەفالەت دەربچیت".

لە ٢٥ی ئاداری ١٩٦٠ و پاش چوار رۆژ لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لە شاری ڤیل، فیلیپ کۆسانا سەرکردایەتیی ڕێپێوانێکی کرد کە ١٥٠٠ ئەفریقیایی تێیدا بەشدار بوون و گەیشتە بنکەی پۆلیس لەنێزیک کاپتاون و داوای کرد خەڵکەکە هەموویان بگرن، بەڵام پۆلیس رازی نەبوو.

لەکاتی دادگەییکردنی شەش ئەندامی "لێژنەی سەد" لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٢، چەند ئەندامێکی تری لێژنەکەیش داوایان کرد بگیرێن چونکە وەک هاوڕێکانیان گوناهبارن.

لە شوباتی ١٩٦٤ ئافرەتان لە رۆدیسیای باشوور نارەزاییان دەربڕی لەدژی خاوخلیچکیی حکومەت لە دابینکردنی رێگە و بان و پرد و قوتابخانە لە ناوچەی تاندا... لەنێو ١٧٢ ئافرەتی گیراودا، ١٥٠یان قایل نەبوون هیچ غەرامەیەک بدەن و مانەوە لە بەندیخانەیان هەڵبژارد. پاش ئەوە ٣٠٠ ئافرەتی تر روویان کردە هۆڵی دادگەکە و داوایان کرد بیانگرن، ٣٠٠ ئافرەتی تریش بۆ هەمان مەبەست بەدوایاندا هاتن.

### ٤- سەرپێچیکردنی یاسای "ناستەمکارانە"

وا باوە یاخیبوونی مەدەنی یاخیبوونە لە یاساگەلێک کە بە نادادپەوەر و ناڕەوا دادەنرێن. بەڵام چالاکانی ناتوندوتیژ لەوانەیە سەرپێچی و چاوپۆشی لە هەندێ یاسا بکەن کە رەنگە ستەمکارانەیش نەبن. ئەوەیش بەگشتی لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی جموجووڵی شۆڕشگێڕانەی ناتوندوتیژانەدا دەبێ، وەک لە هندستان لەژێر داگیرکردنی بەریتانیادا رووی دا، یان لەو حاڵەتانەی تێیاندا ناکرێ راستەوخۆ سەرپێچیی یاسا پێوەندارەکانی کێشەکە بکرێ، وەک بۆ

نموونە لە پرسی چەکە ناوکییەکانی بەریتانیا لەساڵی ١٩٦٢.

لە دەوڵەتانی نوێدا یاساکان دانراون بۆ یارمەتیدانی حکوومەتەکان لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتی خۆیان و ڕێکخستنی کاروباری گشتی و تەواوکردنی کارەکان. ئەو یاسایانە هیچ ڕۆڵێکی ئەخلاقییان نییە و لێرەشەوە بە ستەمکارانە و ئامرازی سەرکوتکردن دانانرێن و زۆر جار ئەو یاسایانە بۆ ڕێکخستن. لەبارێکدا ناکرێ یاخیبوونی مەدەنی دژ بەو یاسایانە بێ کە ئازاردانی ئەوانی تر قەدەغە دەکەن، ئەوا ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە "بێلایەن"ن. هەر بۆیە "یاسا تەنیا لەبەرئەوە سەرپێچی ناکرێ کە ستەمکارانەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیشە کە ئەو کارە یاخیبوونە لە حکوومەت، یاخۆ گوزارشتێکی بەهێزە بۆ رەتکردنەوەی واقیعی حاڵ".

گاندی پێی وابوو ئەم جۆرە یاخیبوونە پاساوی هەیە، هاوکات پێی وابوو "چەکێکی زۆر مەترسیدار"یشە و پێداگری دەکا پێویستە ئەم کارە هەڵپەسێرێ ئەگەر هاتوو دۆخی دژبەر تێک چوو، لەبەرئەوەی ئامانج بێزارکردنی دژبەرەکە نییە بگرە هەوڵی قایلکردنیەتی. بەڵام کاتێ حکوومەت بە رادەیەک ستەمکار بێ کە گوێڕایەڵیکردنی نەشیاو بێ رووخاندنی حکوومەت دەبێتە ئامانج، ئەو کاتە ئەم جۆرە کارە پاساودارە.

گاندی پێی وابوو لەو کاتەدا سەرپێچیکردنی ئەو یاسایانە زیانی بۆ خەڵک نابێ، بگرە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت خێرا دەکا، نەخاسمە ئەگەر جموجووڵەکە لە ئاستێکی فراواندا بەڕێوە بچێ.

هەڵمەتە هندییەکە لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا چەندان جار نێزیک کەوتەوە لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

### ٥- بەردەوامیی کار بەبێ هاوکاری

پوختەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە کرێکارانی مەدەنی و فەرمانبەرانی حکوومەت و هاوولاتییانی ئاسایی لەکار بەردەوام دەبن و درێژە بە جێبەجێکردنی ئەو پلان و بەرنامە دەدەن کە بەپێی یاسا دانراون، بەچاوپۆشین لەو دژە ڕێکارانەی کودەتاچییەکان یان هێزێکی بیانیی ولاتگیر دەیانگرنە بەر. ئەم ڕێگەیە لەوەدا لە هاوکارینەکردنی سیاسی جودایە کە لەسەر بەردەوامبوون لە کار وەستاوە نەک راگرتنی، بەڵام ئەو کارانەی یاسایین و خەڵک پێیانەوە پابەندن.

دکتۆر تیودۆر ئیبرت لە شیکردنەوەی ئەم ڕێگەیەدا دەڵێ: "جموجووڵێکی ناتوندوتیژانەیە لەپێناو بەرگریی نیشتمانیدا". هەروەها دەڵێ: "لەسەر هەر هاوولاتییەک پێویستە لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە و بەپێی یاسا و نەریتەکانی ولاتەکەی ئەنجامی بدا تا لە رووی فیزیکییەوە لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دوور دەخرێتەوە. پێویستە لە هیچ ئاستێکدا دان بە شەرعییەتی داگیرکەر و ولاتگردا نەنرێ و گوێڕایەڵی نەکرێ.

پێویستە بەرگری لە دەستوور و یاساکانی وڵات بکرێ و ئەوانە بە شەرعی دابنرێن و فەرمانەکانی داگیرکەران پشتگوێ بخرێن و بە کەسانێک دابنرێن کە سەرپشک نەکراون دەست بخەنە یاسای ناوخۆی وڵات.. لەسەر هەر پەرلەمانتار و وەزیر و فەرمانبەر و هاووڵاتییەکی ئاسایی پێویستە لە سایەی داگیرکردندا سەربازێک بێ و پارێزگاری لە رۆڵی خۆی لە کاردا بکا. پێویستە بەگشتی زیاتر پێداگری لەسەر بەردەوامیی سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە بکرێ، نەک وازهێنان و مانگرتن.

هەروەها ئەم رێگەیە پێویستی بە پارێزگاریکردنی خۆویستانە هەیە لەسەر رۆڵی کۆمەڵایەتیی هەر تاکێک هەریەکە و بەپێی دۆخی یاسایی خۆی.."

پرۆسەکانی بەرێکردنی فەرمانبەران و کرێکاران کە دەسەڵاتدارانی "نوێ" پێی هەڵدەستن فەرامۆش دەکرێ و خەڵک بەشێوەیەکی ئاسایی دەچنە سەر کارەکانیان، تا بە زەبری هێز لەوە قەدەغە دەکرێن.

کاتێ سەرکردەیەک لادەدرێ، ئەرکی جێگرەکەی یان نوێنەرە شەرعییەکەیەتی بچێتە جێگەکەی. لەبارێکدا ئەم جێگرەوەیش نەبوو، لەسەر بەردەست و یاریدەدەرەکانی پێویستە لەسەر بەرپرسیارییەتیی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن بۆ ئەوەی رێگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی زەوتکەرانی دەسەڵات بگرن.

ئیبێرت دەڵێ: ئەم رێگەیە "کێشەی تەکنیکی و دەروونیی زیاتر بۆ زەوتکەری دەسەڵات دروست دەکا لەوەی بەهۆی مانگرتنەکان یاخۆ ملکەچکردنی خۆویستانەوە بۆی دروست دەبێ"، چونکە دەرفەتی هاوکاریکردن کەم دەکاتەوە و دژبەر ناچار دەکا بەرەنگاری ئەو کەسانەی نەبێتەوە کە خۆیانیان بە شوێنەکانیانەوە شەتەک داوە، یاخۆ ناچاری دەکا ئیدارەکە هەمووی بگۆڕێ، ئەوەیش کارێکی قورسە. هەروەها لە مەترسیی روودانی بۆشایی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەنجامی مانگرتنی گشتیی تووڵانی کەم دەکاتەوە.

دواجاریش، پەنابردن بۆ ئەم رێگەیە پەسەندیی ئەو ئامانجە دەسەلمێنێ کە کێشەکەی لەپێناودا دروست بووە، کە ئەویش "پێداگرتنە لەسەر مافی کۆمەڵگە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی".

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە لە ئایاری ١٩٤٣ لە هۆڵەندا لەکاتی داگیرکردنی نازیدا رووی دا، ئەگەرچی جێبەجێکردنی رێگەکە جیاوازە لەوەی لەسەرەوە باسمان کرد.

بوش ریدۆ ڤان روزنتال بریکاری شاژنی هۆڵەندا لە هەرێمی ئۆترخت و یەکێک لە سەرکردەکانی بەرگری لەو کاتەدا، "سەرنج"ێکی نووسی کە لە میدیای نهێنیدا بڵاو بوویەوە و بە کۆمەڵە رێنوێنییەک لەقەڵەم دران بۆ فەرمانبەرانی مەدەنی.

ڕۆزنتال داوا لە فەرمانبەرانی کەرتی مەدەنی دەکا لە کارەکانیان بەردەوام بن ئەگەر زانییان کارەکەیان زیاتر لە خزمەتی گەلی هۆڵەندادایە تا دوژمن، ئەگینا پێویستە دەست لە کار بکێشنەوە. ڕێنوێنییەکانی ڕۆزنتال بە ڕادەیەک بە نهێنی مانەوە کە جەربرندی سەرۆکی ئەو حکوومەتەی لە تاراوگە لە لەندەن پێک هات، تا ساڵی ١٩٤٣ نەیبینیبوو. زیاد لە داواکردنی لە بەرپرسان کە کارێک نەکەن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوولاتییاندا ناکۆک بێ، ڕۆزنتال داوایان لێ دەکا دەست لەکار نەکێشنەوە و "چاوەڕوانی ئەوە بن ئەڵمانەکان بەهۆی جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانەوە لە کارەکانیان دەریان بکەن".

ڕۆزنتال وای دانابوو ئەڵمانەکان تەنیا لەبەر بەرگریکردنێکی ئاشتیخوازانە هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دەرناکەن. لە "سەرنج"ەکەدا جەخت لەوە کرابوو کە حکوومەتی شەرعیی هۆڵەندا ئەو حکوومەتەیە کە لە تاراوگەیە و پێویستە لابەندییان تەنیا بۆ ئەو حکوومەتە بێ. کۆمەڵێ کار دیاری کران کە نابێ ئەنجام بدرێن لەبەرئەوەی یارمەتیی داگیرکەر دەدەن.

لە نموونەیەکی تردا مامۆستایانی نەرویجی پێڕەوییان لە ڕێگەی "بەردەوامی لە کار بەبێ هاوکاریکردن" کرد.ئەوانەی نەگیران گەڕانەوە قوتابخانەکانیان و ئەندامیەتیی خۆیان لە "ڕێکخراوی فاشیی مامۆستایان" کێشایەوە و لە وانەکانیاندا بۆ قوتابیانیان، باسیان لەو بەرپرسیارییەتییە گەورەیە کرد کە کەوتووەتە سەر شانیان و درێژەیان بە وانەوتنەوە دا بە چاوپۆشین لە ڕەوت و فەرمانەکانی فاشییەکان.

**٦- دەسەڵاتی دووسەرە و حکوومەتی هاوتا**

پوختەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە حکوومەتێکی نوێ پێک بێ، یان درێژە بە لابەندی بۆ حکوومەتێکی هەبوو لەبەرامبەر حکوومەتی دژبەر بدرێ. لەبارێکدا حکوومەتە هاوتاکە توانی پاڵپشتییەکی گەورەی هاوولاتییان بەدەست بێنێ، ئەوکاتە دەتوانێ جێی حکوومەتەکەی تر بگرێتەوە. بەڵام بەدەگمەن نەبێ حاڵەتەکە نەگەیشتووەتە ئەم ئاستە، لەکاتێکدا لابەندی بۆ ئەو حکوومەتەی داگیرکەر لایداوە شتێکی باوە و نموونەیش زۆرن.

کاتێ جموجووڵێکی شۆڕشگێڕانەی ناتوندوتیژ هەوڵ دەدا ڕژێمێک بڕووخێنێ نەک چاکسازی تێدا بکا و لەبارێکدا ئەم جموجووڵە پشتیوانییەکی جەماوەریی بەرفراوانی هەبێ، ئەوا بە لەکیسدانی گوێڕایەڵی و هاوکاریی خەڵک، هەڕەشە لە سەقامگیریی ئەو ڕژێمە دەکا. لەم بارەدا گرینگە کە لابەندیی خەڵک بۆ دەسەڵاتێکی نوێ بگوێزێتەوە و حکوومەتێکی تەریب بۆ سەرخستنی جموجووڵەکە پێک بێ. ئەو دەسەڵاتە نوێیە وردە وردە جێی ئەو حکوومەتە دەگرێتەوە کە داگیرکەر دایناوە و بنیاتێکی سیاسیی نوێ دێتە کایە کە خەڵک پاڵپشتی لێ دەکا. بەرگریکارانی ناتوندوتیژ هەوڵ دەدەن لەڕێی دەسەڵاتە نوێیەکەوە چەمکە ناتوندوتیژانەکانیان بچەسپێنن تەنانەت بەبێ ئەوەی پێشوەخت وێنا و پلانێکی پێشوەختیان هەبووبێ. حکوومەتێکی تەریب کە پاڵپشتییەکی

جەماوەریی فراوانی هەبێ، دەتوانێ ئەرکە حکوومییەکان بگرێتە ئەستۆ و تەنانەت ڕێژیمە ڕوو لە داڕووخانەکە بەتەواوی بخا.

ئەم شتە زۆر جار ڕووی داوە، ئەوەیش بێگومان بەرەنجامی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە. بەڵام چەند ڕەگەزێکی هاوشێوەی ئەوەی لەم ڕێگەیەدا دەیبینین، وردە وردە لەنێوان ساڵانی ١٥٧٥ و ١٥٧٧دا لەکاتی خەباتی هۆڵەندایییەکان دژ بە شای ئیسپانیا گەڵاڵە دەبوو.

هەروەها زۆربەی جار ئادگارەکانی "حکوومەتە هاوتاکە" لەکاتی ململانەکان لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانیدا دەردەکەوتن، بەتایبەت لەکاتی سەربەخۆیی و لەکاتی شۆڕشە میللییەکان دژ بە ملهوڕی و دژ بە ڕێژیمە کۆمەڵایەتییە ستەمکارەکان. خاتوو کراین برنتۆن دەڵێ: "ئەم ڕێگەیە لە هەمان کاتدا دامەزراوە و مەنهەجییە، یان وردتر بڵێین مەنهەجییە و لەڕێی کۆمەڵێ دەزگاوە کار دەکا".

کاتێ کۆمەڵێ دامەزراوەی دژبەیەک کۆمەڵێ بڕیاری دژبەیەک دەردەکەن، مانای وایە باس لە دەسەڵاتێکی دووسەرە (مزدوج) دەکەین، تێیدا لە یەک کۆمەڵگەدا دوو گرووپ دامەزراوە و سەرکردە و یاسا دروست دەبن، هەریەکەیان لە هەموو ئەو کارانەدا کە ژیانی مرۆڤی ئاسایی پێک دێنن، داوای گوێڕایەڵی دەکەن.

... حکوومەتی شەرعی تاکەکەس و حزبی بەرهەڵست لەبەردەمیدا نابینێتەوە، کە ڕق بزوێنەریان بێ، بەڵام حکوومەتێکی تر هەیە کە باشتر لەو خۆی ڕێک خستووە و خەڵک گوێڕایەڵی دەکەن... لەکاتی ڕوودانی تەنگژەیەکی گەورەدا حکوومەتە هاوتاکە بەئاسانی جێی حکوومەتە شکستخواردووەکەی یەکەم دەگرێتەوە.

ئەنجامی ململانەی دوو حکوومەت ڕادەی سەرکەوتنی هەریەکەیان لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵک دیاری دەکا. ئەم هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیی خەڵک لە هەوڵی ژاپۆنییەکان و "حکوومەتی سنوور"دا دەبینین بۆ حوکمڕانیکردنی باکوری چین ساڵی ١٩٣٠:

هەردوو حکووت زیاتر لە خەمی ئەوەدا بوون بناغەگەلێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی و چەمکگەلی نوێ بۆ پابەندبوونی سیاسی و پێوەندیگەلێکی نوێ لەنێوان حکوومەت و گەل دابنێن، وەک ئەوەی بایەخ بە حوکمڕانی بدەن.

دەکرێ حکوومەتێکی هاوتا لە سایەی شۆڕشێکدا کە توندوتیژی ڕۆڵێکی بنچینەیی تێدا دەبینێ دروست ببێ، هەروەک دەکرێ لە شۆڕشێکیشدا دروست ببێ کە هیچ توندوتیژییەکی تێدا نەبێ. لە حاڵەتی یەکەمدا ڕەنگە حکوومەتە نوێیەکە پاش سەرکەوتن و گەیشتنی بە دەسەڵات توندوتیژی بەکار بێنێ، بەڵام توندوتیژی بە زەروورەت وابەستە نییە بە حکوومەتی هاوتا (ردیف) و دەسەڵاتی دووسەرە، بگرە پێوەندی بە وازهێنانی خۆویستانەی حکوومەتەکی پێشووەوە هەیە لە دەسەڵات و ڕاگرتنی پاڵپشتکردنی لە ڕێژیمی پێشوو و خۆجۆشدانی لەگەڵ جەستە سیاسییە نوێیەکەدا. لەو

کـاتەدا دەتوانـرێ "حکوومـەتی دووسـەرە و حکوومـەتی هـاوتا" بە رێگەیەک لە رێگەکـانی کـاری ناتوندوتیژانە دابنرێ و بخرێتە خانەی ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانانەی کە بەتەواوی یان بەشێوەیەکی فراوان لە توندوتیژی دوور بوون.

پرۆفیسـۆر برنتـۆ دەڵێ: ئەم دیاردەیە لە ئینگلتەرا لـەکاتی ئەو کێشـەیەی کەوتە نێوان شـارلز و پەرلەمان لە ساڵی ١٦٤٠ تۆمار کراوە. هەروەها باس لە خەباتی نیشـتەجێ ئەمەریکاییەکان دەکا پێش و پاش ساڵی ١٧٧٦ و گرووپە ناکۆکەکان لەکاتی شۆڕشی فرەنساییدا.

هـەندێ رەگـەزی جیـاواز لە رەگـەزەکـانی "حکوومـەتی هـاوتا" بایەخـێکی مـەزنی لە خـەباتی نیشـتەجێ ئەمـەریکاییەکاندا هەبوو. ئەوە لە "بـەرنامـەی بەرگریی ناتوندوتیژانەی رێکخراو"دا دەردەکەوێ کە یەکەم کۆنگرەی کیشـوەری (القاري) لە پایزی ١٧٧٤ پەسندی کرد کە دانەرانی بە "رێکەوتنامەی هـاوردەنەکردن و بەکارنەبردن و هـەناردەنەکردن" وەسفی دەکەن. جیبسـۆن دەنووسێ و دەڵێ: "ئەگەرچی یەکەم کۆنگرەی کیشوەری لە ٢٦ی تشرینی یـەکەمی ١٧٧٤دا هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام ئەو رێوشـوێنانەی بڕیاری لەسـەردان هـەر کاریان پـێ دەکرا و هـاووڵاتییـان پێیـانـەوە پابەند بوون و بە یاسـای باڵای وڵاتیان دادەنا و دەیانخسـتە پێش هـەر رێوشوێن یاخۆ بڕیارێکی یاسـایی تر، تەنانەت یاسـاکـانی پەرلەمـانی پێـوەندار بە ئـەمـەریکا، هـەربۆیە نامـۆ نییـە کـە "بەرنامـە"ی کۆنگرەکە بە کۆی دەنگ لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسند بکرێ.

دوو حـاکمـی بەریتـانیایی هـەواڵـەکانی لووتکـەی هـەرەسـهێنانی هێزی بەریتـانیا پێش لە جـەنگی سەربەخۆیی، لانی کەم لـە هـەندێ داگیرگە (مستعمرة)، دەگێڕنـەوە. دانمۆر حـاکمی ڤێرجینیا لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٧٧٤ بۆ لۆرد دارمـاوس دەنووسێ: بەرنامـەی کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم بە "قـورسـاییـیـەکی گـەورە"وە پەسند کـرا و دانـانی "یاسـاکـانی کـۆنگرێس" لـەلایەن خـەڵکی ڤـێرجـینیـاوە بەڵگەی "رێزێکە کـە خـەڵک قـەت نـە بۆ حکوومـەتی شـەرعی و نە بۆ یاسـاکـانی ئەم حکوومەتەیان دەرنەبڕیوە".

دانمۆر هـەروەها دەڵێ: چی تر وانابینم هـەر دەسـتپێشـخـەرییـەکی حکوومەت، لەم لاوازییـەی تێی کەوتووە، جگە لە بێئومێدی هیچی تری لێ سـەوز ببێ و لێرەشـەوە تەکانێکی ئەرێنییە بۆ دوژمنانی کە کاریگەرییان لە زەینی خەڵکدا بەهێز دەکا.

لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٧٧٥ رایت حاکمی ڤێرجینیا قسـەیەکی هاوشێوە و بە دەربڕینی پەرگیرانەتر باس لەو مـەترسـییـە دەکا کـەوا هـەرەشـە لە مـوڵکە تایبـەتەکان دەکا و دەڵێ: "حکوومـەت نـەمـاوە و هـەمـوو شت لە دەسـتی ئەنجوومـەن و لێژنەکاندایە". رایت لە تشرینی یـەکەمـدا دەنووسێ: "تەواوی ڤێرجینیا هـەرەشـەی ژاراوییبوونی لەسـەرە". خەڵک هیچ حسابێک بۆ یاسـا و حکوومەت و دەسـەڵاتی شـەرعی ناکەن.

لە هـەندێ حـاڵەتدا دەسـەڵاتـەکەی سـەر بە بـەریتـانیـا دەبووە دژیان، دەبووە حکوومـەتی هـاوتا و

دەچووە پاڵی. لە هەندێ حاڵەتی تردا "دەستە"ی نوێ دروست دەبوون کە رۆڵی حکوومەتی هاوتایان دەبینی، هەندێ جار نوێنەرایەتیی خەڵکی دەکرد و بەناویانەوە قسەی دەکرد، وەک دەستە یاسادانەرەکان و کۆنگرە کیشوەرییەکان، هەندێ جاریش کۆمەڵە یاخۆ گردبوونەوەیەک بوون کە بەدەستپێشخەریی تاکەکانی دروست دەبوون وەک "رۆڵەکانی ئازادی".

زۆربەی جار "حکوومەتە هاوتاکان" رێگەیەک بوون لەنێو چەندان رێگەدا کە لە ماوەی ململانەیەکی تووڵانیدا پێڕەو دەکران. بەڵام هەندێ جار وەک رێگەیەکی بنەڕەتی و زاڵ بەسەر جموجووڵەکەدا پەنای بۆ دەبرا، وەک لە رود ئایلاند لە ساڵانی ١٨٤١ و ١٨٤٢دا رووی دا.

ساڵی ١٨٤١ حکوومەتی رود ئایلاند هێشتا بەپێی ئەو دەستوورە حوکمی دەکرد کە شا شارلی دووەم لە ساڵی ١٦٦٣ پەسندی کردبوو. لە سایەی ئەو دەستوورەدا، نوێنەرایەتیکردنی میللی لە دەستەی یاساداناندا حسابی بۆ گۆڕانی دیمۆگرافی و فراوانبوونی هەندێ لە شارەکان نەدەکرد. لە هەر پێنج سپی پێست دووانیان مافی دەنگدانیان هەبوو.

لە ساڵی ١٧٩٦ەوە چەندان هەوڵی لەدوای یەک دران بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ و هەمووارکردنی دەستوورە کۆنەکە تا مافی دەنگدان بە زۆرترین ژمارە خەڵک بدرێ. ئەو هەوڵانە بە با چوون پاش ئەوەی، بە پاڵپشتیی توێژی دەنگدەران کە بە "پیاوانی ئازاد" ناو دەبران، دەستەی یاسادانان ئەو هەوڵانەی پشتگوێ خست و بە گژیاندا چوو.

لە کانوونی دووەمی ١٨٤١، "کۆمەڵەی گشتی" بانگەوازێکی بۆ فراوانکردنی "دەستەی دەنگدەر" فەرامۆش کرد. لەگەڵ ئەوەی رەزامەندی دا لەسەر پێکهێنانی دەستەیەک بۆ هەموارکردنی دەستوور، بەڵام کاسانێکی تێدا دامەزراند کە هاوبۆچوونی خۆی بوون و بەو هۆیەشەوە دەستوورە کۆنەکە وەک خۆی مایەوە، بگرە پێداگری لەسەر کرایەوە و دەسەڵات لە دەستی هەمان ئەو کەسانەدا مایەوە.

لە مانگەکانی نیسان و ئایار و تەممووزدا چەند کۆبوونەوەیەکی گەورە لە هەردوو شاری پرۆڤیدنس و نیوپۆرت ئەنجام دران. لە ٥ی تەممووز لە پرۆڤیدنس بڕیارێک پەسند کرا تێیدا بەشداران داوای پێکهێنانی دەستەیەکی دەستوورییان کرد و جەختیان کرد لەسەر پێویستیی دانانی دەستوورێکی نوێ.

لە ٢٠ی تەممووز راگەیەنرا لە ٢٠ی ئاب نوێنەرانی ئەو دەستەیە لەلایەن هەموو هاووڵاتییانی نێرینەی باڵق لە ویلایەتەکەدا دێنە هەڵبژاردن و دەستەکە لە ٤ی تشرینی یەکەم لە شارەکەدا کۆ دەبێتەوە. زیاتر لە ٧٥٠٠ دەنگدەر لە کۆی ٢٥ هەزار، بەشدارییان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا کرد. لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم دەستە هەڵبژێردراوەکە دەستوورە نوێیەکەی دانا کە ناو نرا "دەستووری گەل". بەپێی دەستوورە نوێیەکە دەستەی دەنگدەران هەموو هاووڵاتییانی سپی پێستی نێرینە و باڵقی دانیشتووی ویلایەتەکەن. هەروەها جارێکی تر نوێنەرایەتیکردنی لە دەستە

گشتییەکەدا دابەش کرد، یاسادانان و قەزای لێک جیا کردەوە. ئەمە جگە لە هەندێ هەموارکردنی تر.

لە کانوونی یەکەمی ١٨٤١، لە ریفراندۆمێکدا کە لەسەر ئاستی دەستە دەنگدەرە نوێیەکە کرا، دەستوورە نوێیەکە بە زۆرینەی ٥٢ هەزار دەنگدەر لە کۆی ٦٦ هەزار، کە ١٠ هەزاریان هەر بەشدارییان نەکردبوو، پەسند کرا.

بەڵام پرسەکە لێرەدا کۆتایی نەهات، یەکەم دەستەی یاسادانان داوای دانانی دەستوورێکی نوێی کرد لە مانگی کانوونی دووەمدا. لە ناوەڕاستی شوباتی ١٨٤٢ رەشنووسی ئەم دەستوورە تەواو کرا. لە رەشنووسەکەدا هاتووە دەستەی دەنگدەران هەموو هاووڵاتییانی سپی پێستی نێرینە و باڵقی دانیشتووی ویلایەتەکە دەگرێتەوە، بەڵام دابەشکردنی کورسییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە رێژەیی و ملکەچی بنەمای پشکەکان مایەوە. بەڵام دەستەی یاسادانان لە ١٢ی کانوونی دووەمدا کۆ بوویەوە و رای گەیاند "دەستووری گەل" چووە واری کارپێکردنەوە.

هەرچی ئەو ریفراندۆمەیە کە دەستەی یاسادانانە کۆنەکە ئەنجامی دا، بووە مایەی شکستهێنانی چونکە لە کۆی ١٦٧٠٠ دەنگ تەنیا ٧٠٠ دەنگی هێنا. هەر بۆیە دادگەی باڵای ویلایەتەکە بە نارەسمی ناشەرعیبوونی "دەستووری گەل"ی راگەیاند و لە مانگی ئاداردا یاسایەکی دەرکرد "یاسای جیرین" کە سزای توند بۆ ئەو کەسانە دادەنێ کە بە پێچەوانەی دەستووری پێشوو بەشداریی هەر هەڵبژاردنێکیان کردووە.

بانگەشەکارانی مافی دەنگدان داوای سەروەرییان لە کۆمارێکدا کرد و رایانگەیاند دەستوورەکەیان یاساییە. سامۆیل کینگ حاکمی رود ئایلاند بانگەوازێکی ئاراستەی سەرۆک تایلەر کرد، کە لە ١١ی نیسان وەڵام درایەوە کە نایەوێ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بورووژێنێ، بەڵام ئەگەر یاخیبوونێکی چەکداری رووی دا، ئەوە دەبێ دەسەڵاتی فیدراڵی هێزی پاڵپشتی بنێرێ. تایلەر هەروەها گوتی: ناتوانێ بڕیار لەسەر واقیعی کێشەکە بدا، بەڵام لەسەر داننان بە حکوومەتی ئارا بەردەوام دەبێ تا بەشێوەیەکی ئاشتییانە و یاسایی لەلایەن دەسەڵاتداران و گەلەوە لە ویلایەتەکە دێتە گۆڕین.

لە رووسیا شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ و هەروەها شۆڕشی ١٩١٧دا کە بەلشەویکەکان لەبری حکوومەتە کاتییەکە و ئەنجوومەنی سۆڤیەتی سەربەخۆ دەسەڵاتیان گرتە دەست، دوو نموونەی ترن لە رێگەی حکوومەتی "هاوتا".

بەناوبانگترین دەستە لە شۆڕشی ١٩٠٥دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران بوو لە سان بترسبۆرگ، کە لە هەمان کاتدا رۆڵی "لێژنەی گشتیی مانگرتنەکان، ئیدارەی شارەوانی، دەستەی رێکخستنی شۆڕشی نیشتمانی، پەرلەمانی کاتیی کار، پەرلەمانی رووسیا و هێزی بەرهەڵستی

حکوومەت"ی دەبینی.

ئەنجومەنی سۆڤیەتی سان بترسبۆرگ بەردەوام بوو لە بینینی ڕۆڵی دەسەڵاتی ڕکابەر بۆ دەسەڵاتی حکومەت، گەلێ کرێکار لە جەنجاڵی ئەو حاڵەتی پاشاگەردانییەی باڵی بەسەر پایتەختدا کێشابوو، ڕووی لەو ئەنجوومەنە دەکرد بۆ ئامۆژگاری و یارمەتیدانی.

ئەو ئەنجوومەنە دانوستاندنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرەکوەزیران دەکرد لەبارەی کێشەی گواستنەوە و خواردەمەنی. فەرمانەکانی حکوومەت لە ڕێی ئەنجوومەنەکەوە نەبێت نەدەگەیشتە کرێکارانی کەرتی پۆستە و تەلەگراف. تەنانەت ئەنجوومەنی یاسادانانی شارەکەیش فەرمانەکانی سۆڤیەتی جێبەجێ دەکرد، بەتایبەت لەوەی پێوەندی بەدابینکردنی یارمەتییەوە هەیە بۆ خێزانەکانی کرێکارە مانگرتووەکان.

حکومەت چاری ناچار بوو کە بەوە ڕازی بێ. بەڵام دووسەرەیی دەسەڵات نەدەکرا تاهەتایە بەردەوام بێ.

ترۆتسکی لەکاتی دادگەییکرانی بەهۆی ڕۆڵی لە شۆڕشدا بە دادگەی ڕاگەیاند کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران هیچ نەبوو جگە لە دەستەیەکی حوکمی زاتی جەماوەری شۆڕشگێڕ...

ئەوە تاکە حاڵەت نەبوو کە تێیدا حکوومەتێکی هاوتا لەکاتی شۆڕشدا دروست ببێ، چەندان هەرێم ئیدارەی سەربەخۆی خۆیان لە حکوومەتی ناوەندی دامەزراند، بەتایبەت جۆرجیا کە حکوومەتە هاوتاکەی تا ساڵی ١٩٠٦ بەردەوام بوو، مەنگۆلیا کە حکوومەتێکی هاوتای تێدا هەڵبژێردرا و تا سەرەتای ساڵی ١٩٠٦ لە بەڕێوەبردنی کارەکان بەردەوام بوو.

پێش لە ڕووداوەکان، وێڕای بوونی تیۆرێکی پێشووی مارکس لەبارەی ئەو بابەتەوە و هەروەها وێڕای لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریزەکارانی مەنشەڤیک ڕاستەوخۆ پێش لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، مارکسییەکان وەک ئامرازێکی شۆڕشگێڕانە بایەخیان بەم ڕێگەیە نەدەدا.

لەکاتی زۆربەی خەباتکارییە مەزنە ناتوندوتیژانەکاندا، ئارەزوویەکی گەورە هەبووە بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات و حکوومەتی هاوتا، تەنانەت بەبێ پلانێکی پێشوەختیش، وەک لە مانگرتنە گشتییەکان لە ڕۆئاوا و هەروەها لە بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانی هندستان.

هیللەر دەڵێ: کاری ڕێکخراوەکانی چاودێریکردن لەبارێکدا هەوڵیان بۆ سەپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵات دابێ، یاخۆ هەوڵی "پاراستنی سیستەم"یان دابێ لەبارێکدا بایکۆتی ئابووریيان کردووە، زەوتکردنی ئەرکەکانی حکوومەتە. پێکهێنانی پۆلیسێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە، کارێکی شۆڕشگێڕانەیە. جا لە حاڵێکدا ئەرکەکانی بەشێوەیەک فراوان بن کە هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە و بووە هەمیشەیی، ئەوکاتە دەبێتە شۆڕشێکی ڕاستەقینە. ئەمەیش واتای جۆشدانەوەی کۆمەڵگە و کۆبوونەوەیە لە دەوری سەنتەری دەسەڵاتە نوێیەکە.

کرۆک دەڵێ: لە ساڵی ١٩١٩ لەکاتی مانگرتنێکی گشتیدا لە وینیپیگ لە کەنەدا، لێژنەیەک لە هاووڵاتییان دەزگاکانی ئاگرکوژاندنەوە و ئاو و پۆلیسیان بەڕێوە دەبرد. کارەکەی تا رادەیەکی زۆر لە کاری حکوومەتێکی هاوتا دەچوو.

هیللەر هەندێ حاڵەتی تر باس دەکا کە لەکاتی مانگرتنە گشتییەکان سیاتل و لەکاتی مانگرتنە گشتییەکەی ئیتالیا ساڵی ١٩٠٤ روویان داوە.

سەرەڕای ئەوەی ئامانجی مانگرتنە گشتییەکەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٦ کارێکی شۆڕشگێرانە نەبوو بۆ رووخاندنی حکوومەت، کرۆک دەڵێ: "فەرمانەکانی ئەنجوومەنە گشتییەکە، وەک کە لێژنەکانی مانگرتنەکە لە سەرتاسەری وڵاتدا راڤە و جێبەجێیان کرد، هەوڵێک بوو بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هاوتا، ئەوە بە روونی لە مەسەلەی مۆڵەتەکاندا دەرکەوت. ئەنجوومەنە گشتییەکە دەیویست کرێکارەکان خواردەمەنی و پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیان دابەش بکەن... چەرچل بەشێوەیەکی بنبڕ رەتی کردەوە بچێتە ناو شەراکەتێک لەگەڵ حکوومەتێکی هاوتادا".

لە هندستان زۆربەی جار لەکاتی کێشەکاندا حکوومەتی هاوتا دروست دەبوون، بەتایبەت لە هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا.

لە کۆتایی نیسانی ١٩٣٠، پاش ئەوەی دوو کەتیبەی سەر بە لیوای گرولی ئامادە نەبوون لەدژی خۆبەخشە ناتوندوتیژەکان یارمەتیی پۆلیس بدەن، سوپا بەتەواوی لە پیشاوەر برایە دەرەوە و لەو کاتەدا "لێژنەی کۆنگرە" بۆ ماوەی نۆ رۆژی تەواو بەرپرسیاریەتیی ئیدارەی شارەکەی گرتە ئەستۆ بە پێدانی رێنوێنی و بڵاوکردنەوەی مەفرەزە بەشەواندا، هەروەها رێکخراوێکی ئیسلامیی ناتوندوتیژ توانی سەرکەوتووانە باجەکانی حکوومەت کۆبکاتەوە. هەروەها لە چەندان شوێن دەسەڵاتێکی ناوخۆیی شوێنی سیستەمی دادوەریی بەریتانیایی گرتەوە. هەروەها لەجێی قوتابخانە بەریتانیاییەکان بەرنامەی "پەروەردەی نیشتمانی" دانرا.

لە هەندێ شار چەند یەکەیەک لە کەسانی خۆبەخش پێک هێنرا بۆ رێکخستنی کاروباری هاتوچۆ و راپەڕاندنی کارەکانی پۆلیس. هەروەها لێژنەی شاری بۆمبای سیستەمێکی تایبەتی باجی دانا.

برایلسفۆرد دەڵێ: شاری بۆمبای دوو حکوومەتی هەبوو، حکوومەتە بەریتانیاییەکە، بە شەرعییەت و هێزی خۆیەوە، جگە لە لابەندیی دانیشتوانە ئەوروپاییەکان و هندییە سەربازەکانی ناو سوپای ئینگلیزی و کەمینەیەکی موسڵمانی سەر بە نەوەی کۆن هیچ پاڵپشتییەکی تری نەبوو. "کۆنگرەی هندی" بەناوی مەهاتما گاندییەوە حوکمڕانیی شارەکەی دەکرد و سادەترین فەرمانی جێبەجێ بوو. دەیتوانی شەقامەکان پڕ بکا لە دەیان هەزار پیاو و ئافرەت و هەموو دووکان و شوێنە بازرگانییەکان لە تەواوی شارەکەدا دابخا. کاتێ رۆژی پرسەی گشتی رادەگەیاند، وەک کە

بەنێـزیکەیی هەمـوو هەفتـەیەک وەک نارەزایی بەرامـبـەر کـارێکی حکوومـەت ئەوەی دەکـرد، بێدەنگیـیـەکی تەواو باڵی بەسـەر شـەقامـەکـاندا دەکـێشـا و تەنانەت کـارگـەکـانیش دەرگـایان دادەخـست. پاسـەوانـەکـان مـەفـرەزەیان لە گـەرەکـەکـاندا دەسـووڕاندەوە و ئەوانە نەبێ مـۆڵەتی تایبـەتیـیان هـەبوو کـەس هـاتوچۆی نەدەکـرد. پشکنەرانی "کـۆنگرە" بـەمـەبەسـتی چاودێریکردنی شمەکەکان سەردانی کۆگە و شوێنە بازرگانییەکانیان دەکرد و دەستیان بەسەر شتە قەدەغەکاندا دەگرت...

کـاتێ رێکخـراوە هـاوتاکـان دەگـەنـە ئـەم ئـاسـتـە لە کـاری رێکوپێک و جدی، دەبنە هـەڕەشـەیەکی گەورە لەسـەر دامەزراوە کۆنەکان. بەلای گاندییەوە پەنابردن بۆ حکوومەتی هـاوتا مـەرج نییە واتای پەنابردن بۆ توندوتیژی بگەیەنـێ. هەروەها جەخت دەکا لەوەی لە بەرنامـەدا نییـە هـەمـان شێوازی حکوومـەتەکـان لە بەڕێوەبردنی دەسـەڵات پێڕەو بکرێ، بەڵکو پێویسـتـە تەنیـا رێگە ناتوندوتیژەکـان بگیرێنە بەر، بە پشتیوانی و پاڵپشتیی گەل.

لە نەبوونێکی رێژەیی لێکۆڵینەوە و بنچینە تیـۆرییـەکان لەبارەی رۆڵی سـتـراتیـجیی حکوومـەتی هـاوتا لـە خـەباتـی ناتوندوتیـژانەدا، دەکـرێ سـوود لـەم رووداوانەی سـەرەوە وەربگیـرێ. بیـرۆکـەی حکوومـەتی هاوتا لە خـەباتی ناتوندوتیـژانەدا، دەبێـتـە مـایـەی گـۆڕانكارییـەكی دامـەزراوەیـی، کـە بەتەواوی لـە کـودەتا جـیـاوازە، هـەروەک لە هـەرەسـهـێنانی بـزووتنـەوەکـانی بـەرگـریی کـلاسـیـکیش جیاوازە.

## کۆتایی

پێداچوونەوەیەک بە پرۆسەی پۆلبەندیکردنی ئەو رێگانەی لەم کتێبەدا باس کراون، بەدڵنیـاییـیـەوە دەبێـتـە مـایەی زیادکـردنی رێگەی نوێ. ژمـارەی رێگەکـان لەوەتی دواین چاپ لە سـاڵی ١٩٦٨ بەتێکڕای چواریەک و دووهێندەی ئەوەی لە چاپی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٠ زیادی کردووە.

لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو نموونەی نوێ دەدۆزنەوە، ئەوەیش وادەکا پۆلێنکردنەکە لەسـەر ئاسـتی مێژوویی و سیاسی و پۆلێنکردنێکی دروست بێت.

ئەم رێگایانە بەشێـوەی عەفـەوی جێبـەجێ کراون، یان بەشـێوەیەک گەلاڵە کـراوە کە لەگـەڵ حاڵەتەکانی ململانێکەدا بگونجێ، هەندێ جاریش وەک لاساییکردنەوە دەکرێ و دواتر گۆڕانکاری تێدا کراوە تا لەگەڵ بارودۆخە نائاساییەکەدا بگونجێ.

شـایەنی باسـە هـەندێ رێگەی تر پێشنیـاز کراون، بەڵام لەبەر ئەم یان ئەم هۆ لەم کتێبـەدا باس نەکراون، لەوانە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و گاڵتـەوگەپی دوژمنکارانە و ئەنجامدانی هونەر بە شێوای (وەک تێپەڕاندنی ژمارەیەک رستەی نارەزایی ئامێز لە شانۆگەرییەکی نارەزاییانەدا)... هتد.

## له ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا

# کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن

جین شارب

٢ لە ٢

**٨- نواندنی وێنەی هەندێ کەسایەتی**

ناتوندوتیژان بە بەرزکردنەوە و نواندنی ئاشکرای وێنەی قارەمانانی خەباتی رزگاریخوازی یان کەسانێک کە ئامانجەکانی جموجۆڵەکە بەرجەستە دەکەن، لابەندیی سیاسیی خۆیان لە بەردەم دژبەرەکان و رای گشتیدا ئاشکرا دەکەن. لە کاتی خەباتی هیندی لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ وێنەی سەرکردە نیشتمانییەکانی وەک گاندی و نەهرۆ و هی تر بەزۆری دەفرۆشران و لە ماڵ و دوکانە بازرگانییەکاندا هەڵدەواسران. لە چیکۆسلۆڤاکیایش بەهەمان شێوە لە مانگی ئابی ١٩٦٨ وێنەی سەرۆک سڤۆبۆدا و دوپچیکی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکی لەسەر باڵەخانەکاندا هەڵواسران.

**٩- وێنەی ناڕەزایی**

لە کاتی راپەڕینەکەی ئەڵمانیای رۆهەڵاتدا لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣، کرێکارە نۆبەتچییەکانی شەو لە بەندەری دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی لە سترالسۆند بە بۆیەیەکی رەشی تاریک ناوی کەشتییە نوێیەکەیان داپۆشی، بەو هۆیەوە ئەو ئاهەنگەی بڕیار بوو رۆژی دوای ئەوە بۆ دابەزاندنی کەشتییەکە بۆ ناو ئاو تا بچێتە ریزی کەشتیگەلی ماسیگرتنی رەنکە، ساز بکرێ، دوا خرا.

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ساڵی ١٩٦٢ لە شاری ئایزنباخ، لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات، کەسێک گەمەی بە وێنەیەکی زەبەلاحی واڵتەر ئۆلبەریخ کردبوو و حەبلێکی بە دەوری ملیدا کێشابوو.

**١٠- هێما و ناوی جێگرەوە**

یەکێک لە شێوەکانی ئەم رێگەیە بریتییە لە دانانی هێما لەو جێیانەی رێگەکان کە هێمایان لێ نییە، یان گۆڕینی ناوە کۆنەکانی شەقامەکان بەناوی نوێی خاوەن دەلالەتی رەمزی. بەتەواوی لابردنی هەموو هێماکان لە شەقام و رێگە گشتییەکان و شارۆکە و وێستگەکانی شەمەندەفەر، یاخۆ گۆڕینی ئەو هێمایانەی هەن بە هی تری چەواشەکەر، تەنیا کارێکی رەمزی نییە، بگرە کارێکی ناهاوکارییانەیە و لێرەشەوە لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا پۆلبەندی دەکرێ.

بۆ نموونە لە پۆڵۆنیای داگیرکراو لە ساڵی ١٩٤٢ ژمارەیەک لە لاوانی بەرگریکاری سەر بە گرووپی "گورگە بچووکەکان" لە هەڵمەتێکدا چەندان لەو تابلۆیانەیان دزی کە لەسەریان نووسرابوو "تەنیا بۆ ئەڵمانەکانە" و بەسەر باشترین قاوەخانە و سینەما و هۆتێلەکانی وارسۆدا هەڵدەواسران. چەندانی تریشیان لە وێنەی ئەو دروست کرد. بەیانییەک لەپڕ تابلۆکانی "تەنیا بۆ ئەڵمانەکانە" لەسەر ستوون و درەختەکانی شوێنە جیاوازەکانی شار کە ئەڵمانەکان بەزۆری پەتی قەنارەیان بۆ لەداردانی نیشتمانپەروەرە پۆڵۆنیاییەکان تێدا هەڵدەواسی، دەرکەوتنەوە.

بەپێی فەرمانێک کە لقێکی حکومەتە نهێنییەکە دەری کردبوو، پۆڵۆنییەکان ناوەکانی زۆربەی شەقامەکانی وڵاتیان گۆڕی. "لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دیوار و گۆشەی شەقام و ستوونی لەمپاکان بە ناوی نوێ رازێنرانەوە، کە ناوی قارەمانان یان ئەو پیاوانەی دەوڵەت بوون کە جێی سەرسامیی خەڵک بوون، وەک جادەی نیدزیالکوسکی، رێگەی راتاج، شەقامی رۆزڤلت، بولڤار چەرچڵ". هەموو نیشتمانپەروەران ئەو ناوە نوێیانەیان بەکار دەهێنا، ئەو ناوەی کەسێک بەکاری دەهێنا هەڵوێستی سیاسیی ئەو کەسەی نیشان دەدا، مەگەر بەکرێگیراوی ئەڵمان بوایە.

**١١- دەنگی رەمزی**

دەکرێ لە هەڵوێستێکی قەیراناویدا بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوونەکان پەنا بۆ دەنگە زارەکی یاخۆ میکانیکییەکان ببرێ. زەنگلێدان بەزۆری بۆ ئەو مەبەستە بەکار هاتووە، وەک کە پێشتر باسمان کرد جایمس مادیسۆن و قوتابییانی تر، لەگەڵ سووتاندنی ئەو نامەیەی بەدڵیان نەبوو زەنگی کۆلێجەکەیش ئاوازێکی ماتەمگێڕانەی لێدەدا.

حاڵەتێکی تری جیاواز لە کۆتاکانی ساڵی ١٩١٧ رووی دا، کە حاڵەتی یاخیبوون لە ریزەکانی سوپای فرەنسادا رووی لە زیادی دەکرد. "لە چوارچێوەی ناوچە سەربازییەکەدا ژمارەیەک لە سەربازانی ئەو یەکانەی فەرمانیان پێ کرابوو بەرەو چاڵ و کەندرەکان پێشڕەوی بکەن، وەک ئەو

مـەڕانەی بەرەو سـەربڕگـە پەلکێش دەکرێن دەیانبـاڕاند و ئەفـسـەرەکـانیش نەیاندەتوانی ئەو بارەبارەیان بوەستێنن".

هەروەها لەنێوان سـەعات ۹ تا ۹ و چارەکی پێش نیوەڕۆی ۲٦ی ئابی ۱۹٦۸ لە سـەرتاسـەری چیکۆسلۆڤـاکـیـادا زەنگی کـەنیـسـە و بووق (صـفـارە)ەکـان لێدرا. وەک لە راپۆرتی لیدوڤـا دیموکراسیدا هاتووە، "ئەوە گوزارشت بوو لە نارەزایی هاوولاتییانی دەوڵەتی خاوەن سـەروەریی چیکۆسلۆڤاکیا لەدژی داگیرکردنی زۆرەملێیانە و بەربەری و هێزی وەحشییانەی داگیرکەران. ناڵەناڵی بووقـەکـان لـەگـەڵ زرینگانەوەی دەنگی بە شکۆی زەنگی کـڵـێـسـاکـان ئاوێزان دەبوو. د.جۆزێف هەلوش ئوسقوفی کەنیسەی سیسک بودجۆفیس بەو زەنگلێدانە داوای لە هەموو پیاوانی ئاینیی ئەبرەشـیـەکەی کـرد پاڵپشـتـیی ئەو دانوسـتـاندنە بکەن کە پیاوانی دەوڵەت لە مـۆسکۆ ئەنجامی دەدەن. لە شـەقامـەکانی پراگیش ئۆتۆمبێلەکان، تەنانەت ئۆتۆمـبێلەکانی سـەردانیکارە بیانییەکانیش یەکبین هۆڕنیان لێدەدا".

راپۆرتەکـان بەم شـێوەیە باسـیـان لە کـاردانەوەی رووسـیـا کـرد: "پێدەچێ ئەم خـۆپیـشـاندانە هێزەکانی داگیرکەری ترساندبێ. ئەوە بوو لە یەکێک لە وێستگە سـەرەکییەکانی شـەمەندەفەردا چەند ئەفـسـەرێکی رووس هێـرشـیـان کردە سـەر ئەندازیارێک و دەمـانچـەیان لێ راکـێشـابوو تا ناچاری بکەن ویقەی شەمەندەفەرەکە بوەستێنێ. لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا کچێک لە کلارۆڤ بە گوللە بریندار بوو و بۆ نەخۆشخانە گوێزرایەوە، بەڵام هێندەی نەبرد گیانی لەدەست دا".

## ۱۲- چاککاریی رەمزی

لەکـاتی بوونی ناکـۆکی لەبارەی خـاوەندارییەتـی یان چۆنیـەتیی بەکارهـێنانی پارچە زەوییـەک، دەتوانرێ هەندێ هەنگاو بنرێ کـە ئـامــاژەیە بەوەی بژارەیەکی تری بنیـتــاتنـەرانە هـەیە بۆ وەبەرهێنانی زەوییەکە. لەوانە تۆوکردن یان چاندنی رووەک و دارودرەخت و چاککردنی زەوییـەکی بایەر و پشـتگوێخراو یان دەسـتبەسـەرداگیراو، یان دروسـتکردنی خـانوویەک کە بەکارهـێنانی پێچەوانەی سیاسەتی هەنووکە و داهاتووی دژبەرەکە بێ.

بۆ نموونە لە تشرینی یەکەمی ۱۹٦۲ خـۆپیـشـاندەران داوایان لە ئەنـدامـانی "لێژنەی سـەد" لە بەریتانیا کرد لەدژی چەکی ناوکی نارەزایی دەربڕن، بۆ ئەو مەبەسـتە لە چواردەوری بنکەی چەکی ئاسـمـانیی شـاهـانەدا لە هۆنیگتـۆن، ئینگلتـەرا تۆویان وەشـاند، ئەویش وەک ئـامـاژەیەک بەوەی دەیانەوێ زەوییەکە بۆ ئامانجی مەدەنیی بنیاتنەرانە بەکار بێ.

## ۱۳- هەڵسوکەوتێکی زبر

هەڵسـوکـەوتـی زبر و رەفـتـاری سـووکـایەتی ئامـێـز لە چەندان شـێـوەدا دەردەکـەوێ. رەنگە بەشێوەیەکی دەگمەن لە بواری ململانەی سیاسی یان کێشەی نێودەوڵەتیدا بەکار بێن. ئیدمۆند

ستیڤنز لەو بارەوە نموونەیەک لە کێشەی چینی-سۆڤیاتی دێنێتەوە و لە راپۆرتەکەیدا لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ دەڵێ:

"هەموو بەیانییەک فەسیلەیەکی تەواوی سەربازانی چینی بەسەر شەختەدا دەچوون و هەریەکەیان پانتۆڵەکەی دادەکەند و پاشەڵی روو دەکردە رووسیا، ئەوەیش بەلای چینییەکانەوە ئەوپەڕی سووکایەتییە. سەربازەکان لەسەر ئەم جۆرە مەشقە بەردەوام بوون، رۆژێکیان لەو کاتەی چینییەکان خۆیان بۆ ئەرکەکەیان ئامادە دەکرد، رووسیاییەکان چەند وێنەیەکی گەورەی ماویان روو بەوان دانا. چینییەکان بە هەڵەداوان پانتۆڵەکانیان لەبەرکردەوە و بە پەلەپڕووز پاشەکشەیان کرد و جارێکی تر ئەو رەفتارەیان دووبارە نەکردەوە".

## فشارخستنە سەر تاکەکان

چەندان رێگە هەیە بۆ فشارخستنە سەر ئەندامانی بەرەی دژبەر، چ لە بەرپرسان بن یان لە سەربازانی ئاسایی. ئەم کارانە دەکرێ دژ بە چەند کەس یان کۆمەڵێ کەس بکرێن، یان مەبەست دروستکردنی پاڵەپەستۆ بێ لەسەر چەند کەسێک کە بەشێکن لە بارستەیەکی فرەوانتر، بۆ نموونە وەک سوپای داگیرکەر. ئەم وێنانەی لێرەدا باس کراون هەموویان نین، هەندێ رێگەی تری وەک پاسەوانیکردن و شوورەی مرۆییش دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکار بێن، هەروەک دەکرێ بایکۆتی کۆمەلایەتی و رۆژووگرتنیش بەکار بێ، وەک لە بەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەین.

### ١- راوەدوونانی بەرپرسان

هەندێ لە خۆبەخشان، لەپێناو ئەوەی سەرنجی بەرپرسان بۆ "نائەخلاقیبوون"ی رەفتارەکەیان لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بەرگریی ناتوندوتیژانەدا رابکێشن و لێبڕان و قارەمانیی بەرگریکاران دووپات بکەنەوە، هەندێ جار بەرپرسان بۆ هەر جێیەک بچن دوایان دەکەون و بەم رێگەیە بەردەوامیی لێبڕانی خەڵکیان بیر دەخەنەوە. وەک نموونە لەسەر ئەم حاڵەتە، جوان بوندورانت باس لەوە دەکا لەکاتی هەڵمەتی باردوی لە هندستان لە ساڵی ١٩٢٨ "ژمارەیەک خۆبەخش بووبوونە سێبەری بەرپرسان و بۆ هەر کوێ بچوونایە دوایان دەکەوتن، لەسەر رێگەکانی بەردەم ماڵی بەرپرسەکاندا خێوەتیان هەڵدەدا. کاتێ دەستگیر دەکران ژمارەیەک خۆبەخشی تر جێیان دەگرتنەوە و بەم شێوەیە، تا دەسەلاتداران لەو کردەیە ماندوو و وەڕس دەبوون".

### ٢- توانجدان لە بەرپرسان و سەرزەنشتکردنیان

لەبری ئەو بێدەنگییە زاڵ و رەفتارە جوانەی لەو رێگەیەی سەرەوەدا پێڕەو کران، لەوانەیە خەڵک پەنا بۆ گاڵتەکردن بە بەرپرسان و سووکایەتی پێکردنیان ببەن، جا چ لە کاتێکی دیاریکراودا بێ یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر دوایان دەکەون. بۆ نموونە لە هاوینی

١٩٤٢ له هونانی چین لەکاتی دەسەڵاتی کیومنتانگدا، باجگر و سەربازەکان بەزۆرەملێ دەستیان بەسەر کۆگای دانەوێڵەکەدا گرت لەگەڵ ئەوەی جووتیارەکان بەدەست برسێتییەکی خراپەوە دەیانناڵاند و رازی نەدەبوون لەبری ئەوە پارە یان کەرەستەی کشتوکاڵی قبووڵ بکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا "لە زۆر گوند، باجگرەکان پێش ئەوەی زات بکەن و ئەو دانەوێڵەیەی هەبوو دەست بەسەردا بگرن سەربازەکانیان بانگهێشت دەکرد تا پاسەوانییان بکەن. لەوکاتەی فەردە دانەوێڵەکانیان رادەکێشا جووتیارەکان دوایان دەکەوتن و لاسایی ترسانەکەیان دەکردەوە و داخلەدڵانە گاڵتەیان پێ دەکردن و هەندێ جاریش هەڕەشەیان لێ دەکردن، بەبێ ئەوەی کەمترین گوێڕایەڵی و ملکەچکردنیان پێوە دیار بێ".

**٣- برایەتی**

لەباتیی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی سەرباز و پۆلیسەکانی لایەنی دژبەر، دەکرێ لەڕێی ئاڕاستەکردنی هەڵمەتی بانگەشەیەکی چڕی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان هەردووکیانەوە کاریان تێ بکرێ و برایەتییان لەگەڵ بکرێ. دەکرێ ئامانجی ئەم رێگەیە بریتی بێ لە:

١) دروستکردنی دۆستایەتییەکی کەسیی لەگەڵ سەربازەکان و قەناعەت پێکردنیان بەوەی چالاکیی بەرگریکردن، واتای بوونی هەستی دوژمنکارانەی کەسیی دژ بەوان و ئازاردانی ئەوان نییە.

٢) قەناعەت پێکردنیان بەوەی ئامانجەکانی ئەو رێژیمەی ئەوان خزمەتی دەکەن نادادپەروەرانە و نائەخلاقییانەیە و ئامانجی چالاکانی ناتوندوتیژ دادپەروەرانە و راستە.

٣) هاندانی سەربازان و واردەستەکانی تری سەرکوتکردن، بۆ کەمکردنەوەی وردیی جێبەجێکردنیان بۆ ئەو فەرمانانەی بۆ بەرەنگاریکردنی بەرگریکاران و خەڵک پێیان دەگا، یاخۆ دواجار هاندانیان بۆ یاخیبوون و جێبەجێنەکردنی ئەو فەرمانانە.

٤) هاندانیان بۆ پێدانی زانیاریی پێویست بە گەل و بزووتنەوەی بەرگریکارەکەی لەبارەی پیلانەکانی رێژیمە دژبەرەکە.

ئەم برایەتییە هاوشانە لەگەڵ هاوکارینەکردنی رێژیم و سەرپێچیکردنی یاساکانی.

وەک نموونە ئاماژە بەوە دەکەین کە لەکاتی شۆڕشی هەنگاری لە ساڵی ١٩٥٦ رووی دا.

ئەگەرچی بەرگریی هەنگاری تەنیا پشتی بە ئامرازە ناتوندوتیژانەکان نەدەبەست و توندوتیژیشی بەکار دەهێنا، هەنگارییەکان هەوڵیشیان دەدا برایەتی لەگەڵ سەربازانی سۆڤیات دروست بکەن و کاریان تێ بکەن، ئەویش لەڕێی قسەکردنی رووبەڕوو لەگەڵیان و دابەشکردنی بڵاوکراوە بە زمانی رووسی بەسەریاندا. پێدەچێ ئەو کۆششە هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، رۆژنامەنووسێک لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە لەئەنجامی قسەکردنی

هەنگارییەکان لەگەڵ سەربازانی رووس، "خەریکە سەرەتای دۆستایەتییەک لەنێوان هەردوولادا دەردەکەوێ".

لە چیکۆسلۆڤاکیایش لە قۆناغە بەراییەکانی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە ئابی ١٩٦٨، هەوڵی راستەوخۆی زۆر دران بۆ کارکردنە سەر سەربازانی رووس. رۆژنامەنووسێکی چیکی لە رۆژنامەی "رود پراڤۆ" باس لە چیرۆکی بەشداریکردنی لە دەمەتەقێیەکدا دەکا کە لەنێوان نەقیبێک و فەرماندەیەک و دوو فریاگوزاری ناو سوپای سۆڤیاتی لەلایەک و نەقیبێک و هاووڵاتییەک و چەند فریاگوزارێکی چیکی رووی دابوو و دەڵێ "دەمەتەقێکە گەرم و گوڕ بوو، بۆچوونەکانی خۆمان (واتە چیکییەکان) لەبارەی داگیرکردنەکە خستە روو و بیروڕامان گۆڕییەوە، لە کۆتای دیدارەکەدا گوتمان: "قەت پێتان ناڵێین خواتان لەگەڵ، قەت هیوای بەختێکی باشتان بۆ ناخوازین و قەت تەوقەتان لەگەڵ ناکەین". ئەم هەڵوێستەمان توندترین بوو. فرمێسک بە چاوانی نەقیبە سۆڤیاتییەکەدا دەهاتە خوار، هەروەها نیشانەی گرژی لە ناوچاوانی فەرماندەکەدا دەبینرا. ئەو سەربازە رووسیاییانەی گوێیان لە گفتوگۆکە گرتبوو سەریان داخستبوو. کاتێ ئەزنەکمان دا هەستین و شوێنەکە بەجێ بێڵین، نەقیبەکە چەند هەنگاوێک یاوەری کردین و گوتی: هەموومان بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە ئەمرۆ گەنگەشەمان کردن. پێم وایە لە هەندێکیاندا هەق بەئێوەیە، ئەمە مەرگەساتێکی ترسناکە. ئەگەر ویستتان دەتوانن ئەم قسانە بڵاو بکەنەوە. پێم گوت: ئەگەر هەڵوێستەکە هەر بە راستی بەم شێوەیە بێ، لەو بڕوایەدام رۆژێ لە رۆژان دەستی تەوقەکردنتان بۆ درێژ دەکەین".

لە ماوەی چوار رۆژدا سەرکردایەتیی سۆڤیاتی ناچار بوو گۆڕانکاری لە یەکەکانی داگیرکردندا بکا.

### ٤- پاڵەپەستۆی چاودێری

بانگهێشت بۆ ئەنجامدانی چاودێریکردن بەمەبەستی دروستکردنی پاڵەپەستۆ ئاراستەی زۆر کەس دەکرێ نەک تەنیا دەستەیەکی کەم. پاڵەپەستۆی چاودێریکردن وەک پاراستنی جمووجوڵەکە وایە، کە بریتییە لە مانەوەی خەڵک لە جێگەیەکی دیاریکراو لەپێناو دەربڕینی بیرو بۆچوونێکی دیاریکراو. بەڵام لەوەدا لە پاراستنەکە جیاوازە کە ئەم بۆ ماوەیەکی درێژ دووبارە دەکرێتەوە و هەندێ جار بەبێ پچڕانیش. هەروەها لەچوارچێوەیەکی سەنگینتردا بەڕێوە دەچێ و زۆر جار مۆرکێکی یاسایی یاخۆ ئاینی وەردەگرێ. هەروەها ئەم جۆرە چالاکییە بەزۆری بێخەوی و مانەوە تا درەنگانی شەویشی تێ دەکەوێ.

ساڵی ١٩١٧ ژمارەیەک لە ئافرەتانی هۆڵەندا بۆ چەندان هەفتە لە دەرەوەی ئەو باڵەخانەیەی دەستووری نوێی وڵاتی تێدا ئامادە دەکرا مانەوە، ئامانجیشیان ئەوە بوو بەندێک لە دەستوورە نوێکەدا دابنرێ کە مافی دەنگدان بداتە ئافرەتان. داڕێژەرانی دەستوورەکە ئەو بەندەیان زیاد

نەکرد، بەڵام پێیان وا بوو مافی دەنگدانی ئافرەت بابەتێکە پەرلەمان دەتوانێ بە زۆرینەی دەنگ پەسندی بکا.

لە ساڵانی ١٩٢٤–١٩٢٥ لە ڤیکیۆم لە باشووری هندستان حاڵەتێکی مانەوەی هاوشێوە لەلای ئەو بەربەستانەی بۆ رێگرتن لە خۆبەخشەکان (لەناویاندا ئەندامانی چینی ناسراو بە بێزراوان) دانرابوون تا نەتوانن ئەو رێگەیە بەکار بێنن کە بە بەردەم پەرستگەیەکی هندۆسیدا تێدەپەرێ، ئەنجام درا کە ١٤ مانگی خایاند. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ و ١٩٥٦ ژمارەیەک لە ئافرەتانی باشووری ئەفریقیا کە ملپێچی رەشیان پۆشیبوو، بە بێدەنگی و هێمنی لەبەردەم بارەگای حکوومەتدا وەستان بۆ دەربرینی نارەزاییان بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بۆ هەموارکردنی دەستووری باشووری ئەفریقیا بە ئاراستەی زیاتر "بەسەربازیکردن"ی دەستوورەکە دەدران.

لێژنەی کارکردنی راستەوخۆ دژ بە جەنگی ناوکیش ماوەی نۆ هەفتەی لەسەریەک، بە شەو و رۆژەوە (لە مانگی تەمموز تا ئەیلوولی ١٩٥٨) لەبەردەم تەلاری دامەزراوەی ئەڵدەر ماستۆن بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی چەکی ناوکی لە ئینگلتەرا، مایەوە.

هەروەها ژمارەیەک لە بانگەشەکارانی ئاشتی و خەڵکی تر، بۆ دەربرینی نارەزاییان بەرامبەر ئەو توێژینەوە و ئەزموونانەی لە کارگەکەدا ئەنجام دەدران بۆ دروستکردنی چەکی میکرۆبی، لە سەرەتای یەکی تەمموزی ١٩٥٩وە بۆ ماوەی یەک ساڵی رەبەق لەبەردەم کارگەی چەکە میکرۆبییەکان لە فۆرت دتریک، لە فریدریک، ماریلاند مانەوە. لایەنگرانی داماڵینی یەکلایەنەی چەکی ناوکیش هەوڵیان دا لەپێناو دانانی سنوورێک بۆ خۆچەکدارکردنی ناوکی، بانگەشە بۆ مانەوە لە گۆرەپانی سوور لە مۆسکۆ لە ١٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٢ بکەن.

## شانۆ و مۆسیقا

لەوانەیە هەندێ جار نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە لەرێی نواندنی شانۆیی و مۆسیقاوە بێ. دەشکرێ هەندێ گۆرانکاری لەم رێگایانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە بکرێ.

### ١- نوکتە و (سکێچ)ی گاڵتە

گاڵتەی سیاسی لەو کاتەی لە فۆرمی دەربرینێکی کۆمەڵایەتی وەک نوکتە، یان سکێچی گاڵتەبازانە یاخۆ شانۆگەریی کۆمیدیی سیاسی دەردەکەوێ، دەکرێ ببێتە یەکێک لە رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە.لەم جۆرە حاڵەتانەدا قسەی خۆش و گاڵتەبازی تەنیا بەرهەڵستکارییەکی سیاسیی زارەکیی سادە نییە (کە بەزۆری لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا لەرێی ئەو نوکتە سیاسییانەی دەماودەم دەگوێزرێنەوە، گوزارشتی لێ دەکرێ)، بەڵکو دەبێتە چالاکییەکی نارەزاییانەی سیاسیی گشتی.

ئەگەرچی مەحاڵە بەڵگەنامەی مێژووییمان بۆ سەلماندنی ئەوە دەست بکەوێ، بەڵام دەگوترێ لە نەمسا دەنگوباس بڵاو بووەتەوە کە پێش لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی و لەوکاتەی هێزەکانی رووسیا هێشتا چەند بەشێک لە ڤیەننا و گوندەکانی دەوروبەریان داگیر کردبوو، ژمارەیەک قوتابی جانتایەک کتێبیان بە قاچی پەیکەرەکەی ستالیندا هەڵواسیوە.

لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٥٦ قوتابییانی زانکۆی جینا لە ئەڵمانیای رۆهەڵات چەند شانۆگەرییەکیان پێشان دا کە گاڵتەئامێزانە لاسایی کارەکانی ئارەزوومەندانی ئەو شانۆگەرییەی دەکردەوە کە ئامانجی پروپاگەندەکردن بوو بۆ شیوعییەت لە چوارچێوەی بەرنامەی کات بەسەربردنی ئاهەنگەکانی زستاندا، ئەم شانۆگەرییانە دەنگدانەوە و سەرسامییەکی گەورەیان لێ کەوتەوە. یەکێکیان لەبارەی راوچییەک و سەگەکەیەوەیە. راوچییەکە دەڵێ گوایە دەمامکێکی کردووەتە دەمی سەگەکەی تا لە زەردەواڵە ئازاربەخشەکان بیپارێزێ. کاتێ سەگەکە هەڵدێ راوچییەکە تەقەی لێ دەکا و بانگەشەی ئەوە دەکا گوایە تەقەی لەو زەردەواڵە کردووە کە هێرشیان کردووەتە سەر سەگەکە. راوچییەکە بەرپەچی ئەو رەخنانە دەداتەوە کە ئاراستەی کراون بەوەی لە رابردوودا لە سەگەکەی داوە و بە تۆمەتی "زمانگەلێکی تیژ کە زێدەڕۆیی لە رەخنەگرتن دەکەن"ی لەقەڵەم دان. کەسێکیان وەسفی راوچییەکە دەکا بەوەی "بەرگریکاری راستگۆ"یە لە سەگەکان و نەوەکانی ئایندە کارەکەی بەرز دەنرخێنن.

### ٢- نمایشی شانۆیی و مۆسیقی

لەسایەی هەندێ هەلومەرجی سیاسیی دیاریکراودا، هەندێ نمایشی شانۆیی و ئۆپرالی و نمایشی مۆسیقایی تر جۆرێکە لە نارەزایی سیاسیی ناتوندوتیژانە. بۆ نموونە لە سەرەتاکانی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ لەرێی شانۆوە سەرکۆنەی داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ فەرەنسا کرا و "پێشکێشکردنی شانۆگەریی ویلیام لەسەر شانۆی شارەوانیی شاری ئیسن، بوو بە نمایشێک بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی نیشتمانییانەی بەرگری، ئەوەیش هێزە داگیرکەرەکانی ناچار کرد هەڵبکوتنە سەر شانۆکە و جەماوەری بینەر بڵاوە پێ بکەن".

نموونەیەکی تری لەو شێوەیە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣ لە نەروندهایم لە نەرویجی ژێر داگیرکردنی نازیدا رووی دا. دوای سێ مانگ لە جێبەجێکردنی ژمارەیەک سزای لەسێدارەدان لە شارەکەدا لەلایەن نازییەکانەوە، هاوولاتییان لە هەوڵێکدا بۆ دەربڕینی نارەزاییان، ئامادە نەبوون بچنە شانۆکانی شارەکە کە هەندێ شانۆگەریی تەرفیهییان تێدا نمایش دەکرا، وێرای هەموو هەوڵە رەسمییەکان بۆ پڕکردنیان، هۆڵەکانی شانۆکە بە بەتاڵی مانەوە. کەچی کاتێ لە هەمان رۆژدا مۆسیقار ئینجبۆرگ گریسڤیک دوو ئاهەنگی مۆسیقی لە کەنیسەی فروکیرکا ساز کرد (کە وەرگرتنی مۆڵەتی دەسەڵاتدارانی نازی نەدەویست)، هێندە خەڵک هاتبوون دوو شەقامی سەرەکییان پڕ کردبوو و لە ریزی درێژدا وەستابوون تا سەرەیان بێ و بچنە ژوورەوە. لەناو

کەنیسەکەیشدا دوو هەزار و پێنجسەد کەس گوێیان لە ئاوازە خەمناک و سەنگینەکەی ژەنینی پیانۆ گرت. لەو پارچە مۆسیقییانەی پێشکێش کران، ئاوازی Balladeی دانەری نەرویجی گریگ بوو.

نووسەرێکی نەرویجی لەبارەی نمایشەکەوە دەڵێ "بەرنامەکە وەک خۆپیشاندانێکی کولتووریی نەرویجی بوو".

## ٣- گۆرانی

گۆرانی لە بارودۆخی گونجاودا ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی نارەزایی ناتوندوتیژانە. وەک گۆرانی وتن لەکاتی وتارێکی ناپەسند، چڕینی سروود و ستایشی نیشتمانی و ئاینی، ئامادەکردنی بەرنامەی مۆسیقی بۆ ڕکابەریکردنی ئەو بەرنامانەی دژبەرەکە سازیان دەکا و خەڵک بایکۆتیان دەکا، گۆرانی وتن لەکاتی بەشداریکردن لە ڕێپێوان یان یاخیبوونێکی مەدەنی یاخۆ هەر کارێکی تر لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن، وتنەوەی ئەو گۆرانییانەی گوزارشت لە گاڵتەبازی یاخۆ نارەزایی لە هەردوو بواری کۆمەلایەتی و سیاسیدا دەکەن.

بۆ نموونە فینلەندییەکان وەک نارەزایی لەدژی دەستپێشخەرییەکی ستەمکارانەی قەیسەر بۆ سەپاندنی یاسایەکی نوێ بۆ بەسەربازکردنی زۆرەملێ لە تەمموزی ١٩٠١، یاخیبوونیان ڕاگەیاند، کە بەلای ئەوانەوە ئەو یاسایە پێچەوانەی دەستووره (بەپێی ئەم یاسایە فنلەندییەکان لە ریزی سوپای رووسیادا دەکرانە سەرباز)، کاگال (ئەو گرووپە نهێنییەی رابەرایەتیی بزووتنەوەی یاخیبوونەکەی دەکرد) داوای لە فنلەندییەکان کرد هاوکاریی دەسەلاتداران نەکەن. دەبوو هەر کەسێک لای خۆیەوە هەر هاوکاریکردنێک رەت بکاتەوە: لاوان نەچنە بەردەم فەرمانگەکانی تایبەت بە بەسەربازکردنیان، پزیشکان پشکنین بۆ سەربازەکان نەکەن، یەکە ئیدارییەکان ئەندامانی ئەو دەستانە هەڵنەبژێرن کە خشتەکان دادەنێن، پیاوانی ئاینی لە دوانگەکانیانەوە باس لە خزمەتی سەربازی نەکەن.

کاتێ زۆربەی کاهینەکان بانگەوازەکەی گرووپی کاگالیان پشتگوێ خست و لەباتیی ئەوە فەرمانی سەرۆکی ئوسقوفەکانیان جێبەجێ کرد بە ڕاگەیاندنی بەسەربازکردنی زۆرەملێ: "کاتێ کاهینەکە لە دوانگەکەیەوە باسی ئەم بابەتەی دەکرد رۆڵەکانی ئەبرەشییە جیاوازەکان بە دەنگی بەرز سروود (تراتیل)یان دەخوێندەوە".

لە دانیمارک، لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، دانیمارکییەکان بایکۆتی ئەو ئاهەنگە مۆسیقیاییانەیان دەکرد کە مۆسیقای سەربازیی ئەڵمانییان تێدا دەژەنرا و خۆیان بەجیا ئاهەنگی گۆرانیی بەکۆمەڵیان ساز دەکرد، کە گۆرانیی فۆلکلۆریی دانیمارکییان تێدا پێشکێش دەکرا.

ئەفسەرێکی جوولەکە لە سوپای سوور لەنێو دیلەکاندا بوو لە گرتووخانەیەکی نازییەکان لە سوبیبۆر لە پۆڵۆنیای ڕۆهەڵات، دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە کە تێیاندا زیندانییەکان بە گۆرانی وتن گژبەریی خۆیانیان دەربڕیوە. ئەو ئەفسەرە کە ناوی ئەلیکسەندەر پشرسکییە ئاماژە بەوە دەدا لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣١ لە بەرەبەیانی ڕۆژی پاش گەیشتنی جوولەکە ڕووسیاییەکان بە سەربازگەکە، فرانزی فەرماندەی نازی فەرمانی پێ کردوون سروودی ڕووسی بڵێن:

"پێم گوت: نازانین بۆمان هەیە چ جۆرە گۆرانییەک بڵێین. زیندانییەک کە پلەی پۆلیسی هەبوو هەستا و قسەکەمی بۆ وەرگێڕا. فرانز وەڵامی دایەوە: ئەو گۆرانییانە بڵێن کە دەیانزانن. تسیبولسکی کە جوولەکەیەکی بەژن درێژی ڕوومەت خڕی خەڵکی دونباز بوو، ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی: ساشا چ گۆرانییەک بڵێم؟ منیش پێم گوت:

- گۆرانی "ئەگەر سبەی جەنگ بێ" بڵێ.

- چیت لێ قەوماوە؟ دەمانکوژن

- بەڕای من بیڵێ، ئێمە جگە لەوە گۆرانی تر نازانین.

تسیبولسکی دەستی بە گۆرانی کرد:

ئەگەر سبەی جەنگ بێ

سبەی دەڕۆین

ئەگەر لە هێزەکانی شەڕ بدەیت..

جا زیندانییەکانی تریش بۆیان سەندەوە و تێکڕا درێژەیان دایە:

گەلی سۆڤیەتی هەموو یەک دەگرێ

وەک ئەوەی تاکە پیاوێک بێ

نیشتمانە ئازاد و ڕەسەنەکەشی هەڵدەستێ".

"لەکاتی تێپەڕبوونی تابوورەکەمان بەبەردەم بنکەکاندا پاسەوانەکان بەپەلە دەهاتنە دەرەوە بۆ بینینمان. لەم گرتووخانەیەدا کە مەرگ و بێئومێدی خێوەتیان هەڵدابوو، دەنگی زوڵاڵی گۆرانی سۆڤیەتی وەک هەورەترەقەی بەهار نرکەی دەهات. هەستکردن بە جۆش و خرۆش و شادومانی گیانی داگرتین، وەک ئەوەی هەر ئێستە هەواڵی خۆشمان پێ گەیشتبێ، یان بەڵێنی سەرکەوتن و ڕزگاریمان پێدرابێ".

لە ئەنجامی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی بەرگری لە باشووری ئەفریقیا لە سەرەتاکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦، لە یەکەم ڕۆژی ئەنجامدانی پرسوجۆی بەرایی لەگەڵیان، خەڵکێکی زۆر لەبەردەم هۆڵی دریل هۆڵ لە جۆهانسبێرگ کۆ بوونەوە. ئەلبێرت لوتۆلی

بەم شێوەیە باسی ماجەراکە دەکا: "پێش لە دەستپێکردنی دانیشتنەکە حەشاماتە گەورەکە دەستیان بە وتنەوەی سروودی نیشتمانیی ئەفریقیایی کرد. وامان دەزانی ئەو دەنگە لە کۆرسێکی فریشتەییەوە دەردەچێ، دەنگەکە بۆ ئێمە وەک ئەوە وا بوو لە ئاسمانەوە هاتبێ".

لە ئایاری ١٩٦٣ زیاتر لە ٥ هەزار منداڵی زنجی لە سەنتەری بازرگانیی شاری بێرمنگهام لە ئەلاباما کۆ بوونەوە. "هەندێکیان چوون لەناوەوە و دەرەوەی دووکانەکاندا خڕ دەبوونەوە و گۆرانییان دەوت: "رێگە بە کەس نادەم بمگۆڕێ" و "من لە رێگەدام بەرەو وڵاتی ئازادی"

لە پراگ پاش پەلامارەکەی شەو، لە سەعات ٨ی بەیانیی ٢٨ی ئابی ١٩٦٨ کۆمەڵێ هاووڵاتی لە بەشێکی گۆڕەپانی شارە دێرینەکە سروودی نیشتمانییان دەوتەوە، لەلایەکی تریش هەندێکی تریان لەگەڵ نەقیبێکی سوپای سۆڤیاتی وتووێژیان دەکرد و هانیان دەدا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی. دوای ٣٥ خولەک کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی چیکۆسلۆڤاکیا لە گۆڕەپانی ونسیلاسەوە بەرەو گۆڕەپانی شارە دێرینەکە پەڕییەوە، کە هاووڵاتییانی چیکۆسلۆڤاکییان هەڵگرتبوو و سروودی نیشتمانیی چیکۆسلۆڤاکییان دەوتەوە: "لەبان تاتراس هەورەترەقە و هەورە برووسکەیەکی ترسناکە"

هەروەها لە خەباتی بووزییەکان لە باشووری ڤێتنام، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٦٣، گۆرانیی سیاسیی گاڵتە و شیعری فۆلکلۆری و گوتەی بەناوبانگیش بۆ هۆشیارکردنەوە و دەربڕینی ناڕەزایی بەکار دەهاتن. لەو بارەوە "تیش نات هانە" دەڵێ:

"گۆرانییە سیاسییە گاڵتەکان لەبەرکردنیان ئاسانە و خێرا بڵاو دەبنەوە و لەکاتی خەبات لەدژی نگۆدین دیەم کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە پۆستی سەرۆکی حکوومەت لادرا، بە بەرفراوانی بەکار دەهات. سەدان لەو جۆرە گۆرانییانە هەبوون، بەناوبانگترینیان گۆرانییەک بوو باسی لەگەندەڵی لەو رێژیمەدا دەکرد".

بەڵام گوتنەوەی گۆرانیی تەنز و ناڕەزایی داهێنانێکی نوێ نییە، هەروەک بەدڵنیاییەوە داهێنانێکی ڤێتنامیش نییە. ئەم جۆرە دەربڕینە لانی کەم بۆ سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەم دەگەڕێتەوە کە لە فەرەنسا سەری هەڵدا و دوور نییە زۆر لەوە کۆنتریش بێ. ئەلیخاندرۆ پلانشارت کە مەرجەعێکە لە مۆسیقای سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبارەی ئەو قۆناغەوە دەڵێ: "ئەو قۆناغە لە شلۆقترین قۆناغەکانە لە مێژووی فەرەنسادا". لەم قۆناغەدا گەندەڵی لەنێو خانەدان و پیاوانی ئاینیدا تەشەنەی کردبوو، جەنگی سەدساڵە هەڵگیرسا و پاپا بۆ ئەڤنیون دوور خرایەوە و کەنیسە تووشی لێکترازان بوو.

"لەو کاتەی کۆشکەکان لە ناز و نیعمەتدا بوون برسێتی بڕستی لە گوندەکان بڕیبوو و دزی و تاڵانی پەرەیان سەندبوو. هەربۆیە دەبینین لەپاڵ گۆرانییەکانی خۆشەویستی کە شاعیرەکانی کۆشک دایاندەنان، چامەی سیاسیی تووڕەیش هەبوون کە هێرشی توندیان دەکردە سەر شێوە

باوەکانی گەندەڵی"

مۆسیقای نارەزایی سیاسی لە ژمارەیەک دەستنووسدا پارێزرا، لە بەناوبانگترینیان پارچە مۆسیقای Le Roman de Fauvel بوو کە دەقی گۆرانییەکە لە چامەیەکی تەنزئامێزی "جرڤیس دو بۆس" وەرگیرابوو کە مێژووەکەی بۆ ماوەی نێوان ساڵی ١٣١٠ و ١٣١٤ دەگەڕێتەوە. Fauvel ئاژەڵێکی رەمزییە، گوێدرێژێکە، ناوەکەی لە پیتە یەکەمەکانی وشەکانی: مامەحەمەیی flateterie، چرووکی avarice، بێنرخی vialanie، هەمەجۆری vaerite، ئیرەیی envie، ترسنۆکی lachete پێک دێ (بە زمانی فرەنسایی).

پاشتر چامە بنەڕەتییەکە لە هەندێ دەقی ترەوە بۆی زیاد کرا و ژمارەیەک پارچە مۆسیقایان بۆ دانرا کە چەند گۆڕانکارییەکیان تێدا کرا. یەکێک لەو شێوانەی لە پێشکێشکردنی مۆسیقادا پێڕەو دەکرا گوتنی دوو دەقی جیاواز بوو لەهەمان کات و بە دوو ئاوازی جیاواز. وەک نموونە لەسەر ئەوە ئاماژە بە هاوکاتبوونی گۆرانیی دوو گۆرانیبێژ دەکەین. گۆرانیی یەکەمیان لەبارەی سەرکۆنەکردنی گەندەڵی بوو لە ژیانی پیاوانی ئاینیدا، گۆرانیی دووەمیش لەبارەی هەندێ کاروباری دنیاییەوە بوو. ئاوازی Ruina لە هەردوو گۆرانییەکەدا ئامادەیە. ئەم دەقەی خوارەوە بەشێکە لە دەقی گۆرانیی دووەم:

"ئەمرۆ فێڵ و تالانی باڵیان بەسەر تەختەکانی دنیادا کێشاوە. سەربازانی هیرەقل پاشەکشەیان کردووە. یاسای کەنیسە بەرەو نەمان دەچێ. چەک لە هەموو جێیەک وا جێگەی تەراتیلە ئاینییەکان دەگرێتەوە. لە ماڵەوە چاوچنۆکی و فێڵبازی باوە، لەسەر حسێبی لاوازەکان سامان کەڵەکە دەبێ. بەردی بناغەکە بنکەی نییە. هەموو ئەوە لەپێناو چیدا؟ وێرانبوون نێزیک بووەتەوە"!

## کەژاوەکان

کەژاوەکان بە یەکێک لە بەربڵاوترین رێگەکانی دەربڕینی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە دادەنرێ، کە واتای بەشداریکردن لە رێپێوان دەگەیەنێ. پێنج شێوە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، وا لە خوارەوە باسیان دەکەین.

### ١- رێپێوانەکان

رێپێوان شێوازێکە لە شێوازەکانی قایلکردن و نارەزایی ناتوندوتیژانە، تێیدا کۆمەڵە خەڵکێک بەشێوەیەکی رێکوپێک بەرەو شوێنێکی دیاریکراو کە گریمانە دەکرێ پێوەندی بە کێشەیەکی دیاریکراوەوە هەبێ، دەکەونە رێ. ماوەی رێپێوان لەنێوان سەعاتێک تا دوو سەعات، تا چەند هەفتەیەک یان لەوە زیاتریش دەبێ. لەوانەیە بەشدارانی رێپێوانەکە بەیداخ و دروشم بەرز بکەنەوە و بڵاوکراوە بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن.

له ئایاری ١٧٦٥ پەنجا هەزار کرێکاری چنینی ئینگلیز لە سپیتلفیلدز کۆ بوونەوە و لە سێ ڕێگەی جیاوە ڕوویان کردە ویست مینستەر لە لەندەن، بە مەبەستی داواکردنی یارمەتی بۆ بەرەنگاریکردنی رکابەریی ئاوریشمی فرەنسایی.

لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕووسیدا لە ساڵی ١٩٠٥ ڕێپێوانەکان چەندپات دەبوونەوە. لەکاتی مانگرتنە گەورەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥ کرێکارە مانگرتووەکانی هێڵی ئاسن لە تاشقەند چوون بۆ ماڵی حاکمی گشتی، سەربازەکان بەبێ خوێنڕشتن ڕێگەیان لێ گرتن.

لە ئەنجامی دەرچوونی "بەیاننامەی تشرینی یەکەم" (کە تێیدا قەیسەر ڕەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند لەسەر بەخشینی مافە مەدەنییەکان، بەخشینی مافی دەنگدان بە هەندێ گرووپ کە لێی بێبەش بوون و هەروەها قایلبوون بەوەی ئەنجوومەنی دۆما بە یاساکان ڕازی بێ و چاودێریی بەرپرسان بکا)، خەڵک لە چەندان شاری ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی کۆ بوونەوە و ڕوویان کردە ماڵی حاکمی شار یان بارەگای ناوخۆی دۆما بەمەبەستی ئاهەنگگێڕان و بەرزکردنەوەی داواکاریی نوێ، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانەوە هەبوو.

لە سیئۆلیش لە ساڵی ١٩١٩ سێ هەزار کەس چەند جارێک ڕێپێوانیان بۆ بەردەم کونسوڵخانە بیانییەکانی شارەکە ئەنجام دا، بەمەبەستی ئاشناکردنی جیهان بەوەی کۆرییەکان نەیاری حوکی ژاپۆنی بوون.

هەر لەوانە، دەتوانین ئاماژە بە ڕێپێوانی "خوێ" بکەین کە گاندی لە ساڵی ١٩٣٠ پێشەوایەتیی کرد بەرەو لێوار لە داندی بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی یاخیبوونی مەدەنی لەڕێی بەرهەمهێنانی خوێوە.

هەروەها ڕێپێوانە شەش هەزار میلییەکە (لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ تا ٨ تشرینی یەکەمی ١٩٦١) لە سان فرانسیسکۆوە بۆ مۆسکۆ کە بانگەشەکارانی ئاشتی پێی هەستان بۆ هاندانی چەکداماڵینی یەکلایەنە.

لە بولگاریا لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٣ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەیەک ئاشکرا کرا بۆ "ڕاگواستنی یەکەم کاروانی ٢٠ هەزار جوولەکە بۆ هەرێمەکان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات" و ڕێکەوتنامەکە دوو بەرپرس ئیمزایان کرد یەکێکیان بولگاری و ئەوی تریان ئەڵمانی بوو. بەڵام کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی سۆفیا داوایان لە ڕۆڵەکانی گەلی بولگاری کرد لەبەردەم ماڵ و لە گەڕەکەکانی جوولەکەکاندا کۆ ببنەوە، بۆ دەربڕینی ناڕەزاییان بەرامبەر پرۆسەی ڕاگواستنی جوولەکەکان. لە ٢٤ی ئایاری ١٩٤٣ جوولەکەکانی سۆفیا جموجووڵێکیان ڕێک خست کە ژمارەیەک لە بولگارییە ناجوولەکەکانیش تێیدا بەشدار بوون.

ماتی یولزاری لەبارەی ئەو چالاکییەوە دەنووسێ و دەڵێ "لەسەر بانگهێشتی حاخام دانیاڵ

زیۆن و کۆمەڵێ لە لاوان، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە کڵێسایەکی جوولەکە لە یەکێک لە گەڕەکەکان کۆ بوونەوە. هەمووان لە ڕێپێوانێکی کاریگەردا کەوتنە ڕێ و بڕیار بوو بچنە پاڵ خۆپیشاندانێکی قوتابییانی زانکۆ و پێکەوە بەرەو کۆشکی شاهانە ڕێگە بگرنەبەر بۆ دەربڕینی نارەزایی لەو مامەڵە خراپەی لەگەڵ جوولەکە دەکرێ. پاش ئەوەی لەگەڵ پۆلیسدا پێکدادان رووی دا ژمارەیەک لە بەشدارانی ڕێپێوانەکە گیران".

"ئەم جموجووڵە جەماوەرییە ترسی خستە دڵی دەسەڵاتداران و لە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پلانی راگواستنەکە بۆ پۆڵۆنیا پاشەکشەی کرد، کە جوولەکەکانی ئەوروپا لەوێ لەناو چوون. بەم شێوەیە لە ترسی سەرهەڵدانی پشێویی ناوخۆیی شا و حکوومەتە فاشییەکە ناچار بوون دەستبەرداری پلانەکەیان بۆ ناردنی جوولەکەکانی بولگاریا بەرەو مردن لە زیندانەکانی مەرگدا ببن".

لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٥٦ لە هەرێمی ئۆرینتی کوبا، لە سەردەمی دەسەڵاتی باتیستادا، لەو ماوەیەی لەئەنجامی هەڵگیرسانی راپەڕینەکەی تشرینی دووەمدا کە حکوومەت چەند هەڵمەتێکی تۆڵەکردنەوەی ئەنجام دا، تەرمی ٢٩ لاوی کوبی بە شێوێنراوی دۆزرانەوە. پاش ئەو ماوەیە شاری سانتیاگۆ شانۆی چەندان تاوان و دەستدرێژی بوو. لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ سەربازەکان لە سانتیاگۆ ویلیام سولەریان گرت کە مێردمنداڵێکی ١٤ ساڵە بوو، شەوی دوای ئەوە تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکدا دۆزرایەوە کە شوێنەواری ئەشکەنجەدانی دڕندانە بەجەستەیەوە دیار بوو.

رۆبەر تایبەر بەم شێوەیە باس لە ڕووداوەکە دەکا:

"سەعات ١٠ی بەیانی (٤ی کانوونی دووەم) نێزیکەی چل ژنی رەشپۆش لە کڵێسای دولوریسەوە بە کەژاوەیەک لەسەرخۆ ڕێپێوانێکیان لە شەقامی کال ئەگیلیرا دەست پێکرد و بەدەم رێوە بە ملکەچییەوە نوێژیان دەکرد و دەنکی تەسبیحەکانیان دەجوولاندا... دایکی ویلیام سولەر لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و دایکی ئەو لاوانەیشی لەگەڵ بوو کە بەدەست پۆلیس و سەربازەکان کوژرابوون... ژنەکان ئالایەکی سپی گەورەیان بەرز کردبووەوە کە بە رەنگی رەش لەسەری نووسرابوو: "دەست لە کوشتنی رۆڵەکانمان هەڵگرن".

لەبەردەم پارکی گشتی و لەناوچە بازرگانییەکە ژمارەیەکی تر ژن هاتنە نێو کەژاوەکە. کاتێ کەژاوەکە یەکەم ریزی ماڵەکانی تێپەڕاند ژمارەی بەشدارانی گەیشتبووە ٢٠٠ ژن، ژمارەکە بۆ ٨٠٠ و پاشتر بۆ هەزار ژن بەرز بووەوە. لەو کاتەی کەژاوەکە لە ڕێپێوانەکەی بەردەوام بوو، ژنان دووکانەکانیان بەجێ دەهێشت و دەچوونە ناوی و شان بەشان بە شەقامە تەسکەکاندا دەڕۆیشتن. لە دووریانەکاندا هەندێ لەپیاوانی پۆلیس کۆ دەبوونەوە بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا. پیاوان لەبەر دەرگای ماڵەکانیان دەوەستان و چاودێریی کەژاوەکەیان دەکرد و زۆریان لەو کاتەی ئافرەتەکان بەبەردەمیاندا رەت دەبوون و جگە لە ورتەی دەنگی نزاکانیان و تریەی ماتەمگێڕانەی

هەنگاوەکانیان هیچ دەنگێک نەدەبیسترا، لە شەرمەزاریدا دەگریان.

لە یەکێک لە دووڕیانەکاندا لەپڕ ئۆتۆمبێلێکی جیپی سەربازی وەستا، کۆمەڵێ سەربازی لێ دابەزین و لوولەی تفەنگەکانیان کردە کەژاوەکە. ئافرەتەکان وەستان و بەبێدەنگی چاوەڕوانییان کرد. بەڵام ژمارەی بەشداران تا دەهات زیادی دەکرد و لە شەقامەکانی ئەو ناوەدا بڵاو دەبوونەوە و بەو هۆیەوە هاتوچۆ لەو ناوە وەستا.

کاتێ سەربازەکان هەوڵیان دا بە زەبری هێز خۆپیشاندانەکە پەرت بکەن، ژنەکان ڕێگەیان بۆ واڵا کردن تا بەبێ پێکدادان بەنێویاندا گوزەر بکەن، ئەنجا جارێکی تر ڕیزەوەکانیان دادەخستەوە. دایکەکان نەیاندەویست بەهیچ شێوەیەک خۆ لە بەرگریکردنی جەستاییانە بگلێنن و توانییان پارێزگاریی لە بێدەنگییەکی بە شکۆ بکەن، تا سەرەنجام سەربازەکان وازیان لە هەوڵە بێهوودەکانیان هێنا و بە شەرمەزاری پاشەکشەیان کرد. لەو کاتەدا ژنەکان، دیسان بە بێدەنگی، ورده ورده بڵاوەیان لێ کرد. هەندێکیان ڕوویان کردە ئەنجوومەنی شارەوانیی شارەکە و نووسینگەی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکان و ژمارەیەک بەیاننامەیان پێ دان کە داوایان دەکرد سنوورێک بۆ تۆقاندن دابنرێ و کار بە جێبەجێکردنی یاسای مەدەنی بکرێتەوە. ئەنجا بەهێمنی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.

ڕێپێوانە نارەزاییییەکەی دایکان لە سانتیاگۆ گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە یەکەم جموجووڵی میللی بوو کە بوو بە سەرەتای چالاکی بەرگریی مەدەنیی ڕێکخراو لە مەودایەکی فراوان و بەکارتر لە کوبا، ئەویش لەژێر چاودێریی بزووتنەوەی فیدلیستا.

## ٢- نواندنی خۆپیشاندان ئامێز

نواندنی خۆپیشاندان ئامێز وەک ئامرازێک بۆ نارەزایی و قایلکردن، بەو واتایە دێ کۆمەڵە خەڵکێک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێپێوان دەکەن لەپێناو ڕاکێشانی سەرنج بەلای سکاڵایەکیان یان بیرو بۆچوونێکی دیارکراودا. جیاوازیی نواندنی خۆپیشاندان ئامێز لەگەڵ ڕێپێوان لەوەدایە ئەگەرچی کۆتاخاڵێکی دیاریکراوی هەیە بەڵام ئەم خاڵە گرینگییەکی جەوهەری بۆ خۆپیشاندانەکە نییە. هەروەها لەوانەیە لە نواندنەکەدا بەیداخ بەرز بکرێتەوە، بڵاوکراوە و پۆستەرات دابەش بکرێ، یان لەگەڵیدا مۆسیقا بژەنرێ و چالاکیی جۆراوجۆری تر ئەنجام بدرێ. لەوانەیە هیچ لەمانەیشی لەتەکدا نەبێ.

لە شوباتی ١٩١٣ شاری واشنتۆن یەکەم نواندنی خۆپیشاندان ئامێزی ئافرەتانەی لەپێناو داواکردنی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتان بەخۆوە بینی، کە لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی نیشتمانیی ئەمەریکایی بۆ مافی ئافرەت لە دەنگدان بەڕێوە چوو و لەنێوان هەشت هەزار تا دە هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس و هاوسەرەکانیشیان لەنێودا بوو.

نواندنە خۆپیشـاندان ئامـێزەکان لـەکاتی بـڵاوەپێکردنیـاندا لەلایەن کەسـانی نەیارەوە دووچاری هێرش و دەستدرێژیکردن دەبوونەوە، ئەوەیش هەرایەکی سیاسی و ئیعلامی لێ دەکەوتەوە.

لەکاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هندستـان، نواندنی خۆپیشاندان ئامێز بەزۆری بەکار دەهات، لەوانە نواندنەکانی موسڵمانان لە بۆمبای لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٣٠ بۆ دەربڕینی پاڵپشتییان بۆ بزووتنەوەی بەرگریی مەدەنی.

لە رۆئاوایش ئـامـاژە بەو نواندنە خـۆپیشـاندان ئامـێزە دەکـەین کـە شـاری لەندەن لە تشـرینی دووەمی ١٩٥٦ بـەخـۆیەوە بینی و چوار سـەعـاتی خـایاند، ئەویش بۆ نـاڕەزایی دەربڕین لەدژی هێرشکردنە سەر میسر.

شەش هەزار کەس لە لایەنگرانی حزبی گەلی یەکگرتوو لە ٢٤ی ئابی ١٩٥٨ خۆپیشاندانێکیان لە شـەقامـەکانی بلیز ئەنجام دا، بۆ دووپاتکردنەوەی داواکارییەکەیان بە دەسـتبـەجێ راگەیاندنی حوکمی زاتی لە هندۆراسی بەریتانیایی.

لە باشـووری ئەفریقـیـا، لە حـوزەیرانی ١٩٥٧ چەند هـەزار کـەسێک لـە مـامـۆسـتـا و وانەبێژ و قوتابییانی زانکۆی کایپ تاون بەشدارییان لە نواندنێکی خۆپیشـاندان ئامێز لە شەقامەکانی کایپ تاوندا کرد، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی جیاکاریی رەگەزی لە زانکۆکاندا کە بەو پێیە فێرکردنی زانکۆیی فرەنەژاد لە وڵاتدا نایاسایی دەبێ.

لەوانەیە نـواندنی خۆپیشـاندان ئامـێز زۆر شـێوە وەربگرێ. دەتوانین وەک نموونە ئامـاژە بەوە بکەین کە بازرگانانی ماربڵهید لە هەرێمی کەنداوی ماساچوسیتس لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٧٦٩ پێی هەسـتـان لەماوەی بـایکۆتکردنی چا وەک بەشـێک لە هەڵمـەتی راگرتنی هاوردەکـردن بەهۆی ناڕەزایی لـەدژی رسـوومی گـومـرگی، ئەویش کـاتێ چایەکی هـاوردەکـراو لە بۆسـتنیـان کـردە ناو سندووقێکی عارەبانە و پاش گێران و نواندنی بەبازاڕدا، گێڕایانەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی.

لەکـاتی ئەو هەڵمـەتە ژاپۆنییـەی کە بەرهـەڵسـتـیی هەمـوارکـردنی رێکەوتنامـەی ئەمنیی نێـوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆنی دەکرد لە ساڵی ١٩٦٠، گرووپێکی قوتـابییـان کە بە "زنگاکورین" ناسـرابوو چەند شـێوەیەکی نوێی نواندنی خۆپیشـاندان ئامێزی داهێنا، لەوانە: "خـۆپیشـاندانی هێڵی پێچاوپێچ (کە لە مار دەچێ)، خۆپیشـاندانی فرەنسایی (دەست لێک ئاڵاندن)، خۆپیشاندانی روو لە سـەنتـەر (خۆپیشـاندانەکان لە چەندان خاڵەوە دەست پێ دەکەن تا دواجار لە ناوەندا خڕ دەبنەوە..)".

### ٣- کەژاوە ئاینییەکان

کەژاوەی ئاینی کە بە یەکێک لە چالاکییە ناتوندوتیژانەکان دادەنرێ، تایبەتمەندییەکانی رێپێوان یان نواندنی خۆپیشاندان ئامێزی هەیە، جگە لە هەندێ تایبـەتمەندیی ئاینی، لەوانە بەرزکردنەوەی

وێنە یاخۆ دروشمی ئاینی و وتنەوەی سروودی ئاینی و بەشداریکردنی بەرچاوی پیاوانی ئاینی و راهیبەکان.

لەم کەژاوانەدا رێژەی هاندانی ئاینی بەگوێرەی سەرچاوەکانی تری هاندان جیاوازی هەیە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، لە هاوینێکدا لە ئەنجامی روودانی لافاوێکی گەورە لە کیانشسۆ، یەکێک لە پیاوماقوولانی هەرێمی کاو-یو دەستی کرد بە هاندانی خەڵک تا داوای یارمەتی لە حکوومەت بکەن، ئەوەیش بۆ گژبەریکردنی حاکمی ناوچەکە، کە بەپێی ئەو یاداشتەی دەری کردووە، دیارە نەیاری ئەو کارە بووە.

"خەڵک کۆ بوونەوە و قایل نەبوون دەرگای دووکانەکانیان بکەنەوە، پەیکەری خواوەندەکانیان بەرز کردبووەوە و بە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە و بەرپرسانی حکوومەتیان هەراسان دەکرد".

لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، باب گابون کۆمەڵێک لە رووسیاییەکانی خڕ کردەوە و بەرەو کۆشکی زستانە بردنی، کەژاوەکە دیمەنێکی ئاینیی روونی وەرگرتبوو. خەڵکەکە بەپێی پلانێکی ورد هەنگاویان دەنا، بەشێوەیەک کرێکاران و خێزانەکانیان لە چەند خاڵێکی دیاریکراوی شاری پترسبێرگەوە کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتنە رێ و هەمووان سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی کۆشک بەیەک گەیشتن. کۆمەڵە خەڵکەکان "وەک ئەوەی لە کەژاوەی خاچدا بن دەڕۆیشتن، پیاوانی ئاینی لە پێشەوە، بەدوای ئەواندا ئاینپەروەرەکان بە ویقارەوە دەڕۆیشتن، ئایکۆنەکانیان هەڵگرتبوو و تەراتیلیان دەوتەوە...". یەکێک لە کۆمەڵەکان بەسەرکردایەتیی گابون بوو نێزیکەی نیوەڕۆ و پاش رێوڕەسمەکانی نوێژکردن و خواپەرستی کەوتە رێ:

"لە کەژاوەیەکی رێکوپێکدا لەدوای سەرکردەکەیانەوە دەچوون، لەڕێی کۆشکی پیتەر هۆف شوسییەوە، ئایکۆن و بەیداخە ئاینییەکان و ئاڵای نیشتمانیی رووسیا و وێنەی قەیسەر و خاتوونی ئیمپراتۆریان بەرز کردبووەوە، لەکاتی پێشڕەویکردنیاندا هەندێ تەراتیلی ناسراویان دەوتەوە وەک "بابمان" و "خودایە رەحم بە گەلەکەت بکە". کەژاوەکە سەنگین بوو، پیاوانی پۆلیس بواریان دا رێپێوانەکە رێی خۆی بگرێتەبەر، وەک کە نەریتە بەو شێوە مامەڵە لەگەڵ کەژاوە ئاینییەکان بکرێ، خەڵکیش کە لە ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان خڕ بووبوونەوە، بەو شێوەیەی باوە و لەگەڵ رەمزە ئاینی و نیشتمانییەکان دەکرێ، رێزی خۆیان بۆ کەژاوەکە نیشان دەدا".

سەرچاوەکان دەڵێن زیاتر لە سەد کەس لەو خۆپیشاندەرانە بە گوللەی سەربازانی قەیسەر گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ٣٠٠ کەسی تریش بریندار بوون.

ئەم دەستدرێژییە وای لە جووتیارەکان کرد پشت بکەنە قەیسەر و زۆربەی دەستەبژێری رۆشنبیر و هەروەها زۆربەی کۆنەپارێزەکانیش دژ بە رێژیمی دەسەڵاتدار بوەستن.

### ٤- حەج

حەجکردن وەک ڕێگەیەک بۆ سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی، بایەخی ئەخلاقی و ئاینیی قووڵی هەیە. حەج بریتییە لەوەی کەسێک یان زیاتر بە پێ بەرەو شوێنێکی دیاریکراو بکەوێتە ڕێ لە پێناو:

١) گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بۆ خەڵک.

٢) گوناهشۆریی ڕەفتار یان سیاسەتێک کە گەل یان حکوومەت کردوویانە.

٣) گوزارشت لە پابەندبوونی ئەو کەس یان کەسانە بە ڕێڕەوێکی دیاریکراو کە هەوڵ دەدا دۆخی ئارا بگۆڕێ. لە حەجکردندا بەزۆری ڕوو لە خاڵێک دەکرێ کە دەلالەتێکی تایبەتی هەیە چ بەلای ڕوانگە عەقائیدییەکانەوە کە بزوێنەری جموجووڵەکەیە، یان بەلای ئەو کێشەیەی لەناودایە.

ئەم جۆرە حەجە بەزۆری چەند ڕۆژێک دەخایەنێ و ڕەنگە هەندێ جاریش چەند مانگێک درێژە بکێشێ. واباوە بەشداران لە کارەکەیاندا بەیداخ و لافیتە و پۆستەرات بەکار ناهێنن، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار بڵاوکراوە دابەش بکەن... هەندێ جاریش شان بەشانی پێ، هۆی گواستنەوە بەکار دێنن.

نموونە لەسەر حەجکردن بەو واتایەی لێرەدا شیمان کردەوە، ئەو ڕێپێوانە بوو کە گاندی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٧ سەرۆکایەتی کرد و هەرێمی نواکهالی تەی کرد، لەپێناو قایلکردنی هندۆس و موسڵمانەکان بە دانانی سنوورێک بۆ ڕووداوە گێرەشێوێنییە تاوانکارییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

### ٥- کەژاوەی ئۆتۆمبێل

یەکێک لە شێوە نوێکانی ڕێپێوان یان کەژاوە، ڕێپێوانی ئۆتۆمبێلە، کە شێوەی ڕێپێوان یان کەژاوە وەردەگرێ، بەڵام بەشدارانی ئەو ڕێپێوانانە ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکار دێنن کە زۆر بەهێواشی دەچن. ئۆتۆمبێلەکان بەزۆری لافیتە یان دروشم هەڵدەگرن. لەوانەیە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکاندا خەڵکیش بە پێ بکەونە ڕێ.

نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە ئەو ڕێپێوانە بوو کە چەند گرووپێکی ئاشتیخواز بەئۆتۆمبێل ڕێکیان خست و لە هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا بە شەقامەکانی بۆستندا سووڕانەوە، لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا بەمەبەستی دابەشکردنی بڵاوکراوە و هاندانی خەڵک بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەشەکردن بۆ ئاشتی و چەکداماڵین دەوەستان.

## ڕێزنان لە مردووان

چەند ڕێگەیەکی دەربڕینی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە زیندووکردنەوەی یادی کەسانی کۆچکردوو لەخۆ دەگرێ. لەوانەیە ئەو کەسەی ڕێزی لێ دەگیرێ قارەمانێکی چەند ساڵ یان چەند سەدەی رابردوو بێ، یان ئەو کەسانەی یادیان دەکرێتەوە لەکاتی بەشداریکردنیان لە خەباتێکی سەردەمی نوێدا گیانیان لەدەست دابێ. یەکێک لە ڕێگەکان ڕێگەی "ماتەمگێڕیی تەنزئامێز" و بەکار دێ بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی لەناوبردنی پرەنسیپ یان دۆخێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، یان لەبەرئەوەی یەکێک لەو دووانە لە مەترسیدایە، یان بۆ ئەوەی بڵێیت جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو ژیانی خەڵک دەخاتە مەترسی.

### ١- پرسەی سیاسی

زۆر جار هەمان ڕەمز کە وا باوە گوزارشت لە پرسە دەکا بۆ مردنی کەسێک لەپێناو نیشاندانی بەرهەڵستیی سیاسی و خەمباری بۆ هەندێ ڕووداو و هەڵوێستی سیاسیی دیاریکراو بەکار دێ. پرسەی گشتی یەکێک بوو لە ڕێگە بنەڕەتییەکان کە لەکاتی خەباتی کۆڵۆنیستە ئەمەریکاییەکان دژ بە مەرسوومی مۆرەکە کە لە ساڵی ١٧٦٥ دەرچوو، بەکار هێنرا.

کاتێ مۆرەکانی باجدانی تایبەت بە بەنسلڤانیا و نیوجێرسی و ماریلاند لە ڕێی کەشتییەوە لە ٥ی تشرینی یەکەم گەیشتە فیلادلفیا، ئاڵای هەموو ئەو کەشتییانەی لە بەندەرەکەدا لەنگەریان گرتبوو هێنرایە خوارەوە، هەروەها بەدرێژایی ڕۆژ زەنگی کڵێساکان لەشار لێدەدرا.

هەروەها کۆڵۆنییە جیاوازەکان یەکەم ڕۆژی تشرینی دووەم کە تێیدا مەرسوومەکە دەچووە واری جێبەجێکردن بە ڕۆژی پرسەی گشتی دانا، کە هاوکات بوو لەگەڵ لێدانی زەنگەکان.

لە بۆستن، بۆ نموونە، کۆمەڵەی "نۆ وەفادارەکە" یان "ڕۆڵەکانی ئازادی"بە جەختکردن لە باش بەڕێوەچوونی چالاکییەکان لەو ڕۆژی دەربڕینی نارەزاییەدا، بەشداری کرد.

لەکاتی بەرگریکردنی پرۆتستانتە هەنگارییەکان لە هەوڵەکانی نەمسا بۆ نەهێشتنی سەربەخۆیی کڵێسا پرۆتستانتییەکان لە هەنگاریا، چەندان قەشە و مەتران لە هەردوو مانگی شوبات و ئاداری ١٨٦٠ گیران و چەندان جار کۆبوونەوەکانی ناو کڵێساکان پەک خران. قوتابییەکان جلی ڕەشیان دەپۆشی و لە ڕێپێوانی خامۆشدا ڕوویان دەکردە ئەو شارۆکانەی بڕیار بوو پیاوانی کەنیسەیان تێدا دادگەیی بکرێ.

هەندێ جار پرسە وەک دەربڕینی خەمباری بۆ مردووەکان دەست پێدەکا و وردە وردە دەگۆڕێ بۆ نارەزایی سیاسی، وەک لەم نموونەیەدا ڕوو دەدا، کە شایەتحاڵێک لە وارسۆ لە تشرینی دووەمی ١٩٣٩ باسی دەکا:

"له گۆشـەی هـەردوو شـەقامی مـارشـاڵ و قـودس، له نـاوەڕاسـتی وارسـۆ و له نێزیک وێستگەی ناوەندی هێڵی ئاسنین، بینیم بەردەکانی چەوڕێژکردنی شەقامەکە هەڵکەنرابوون و گۆڕێکی گەورە بۆ سـەربازانی ون لێـدرابوو. گـۆڕەکە بە گـوڵ داپۆشـرابوو و ئەڵقـەیەک و بە مـۆم دەور درابوو. له تەنیشت گۆڕەکە چەند کەسێکی رەشپۆش چۆکیان دادابوو و نوێژیان دەکرد. پاشتر زانیم ئەو شەونخوونییە بەردەوامە، لەکاتی بەخاکسپاردنەکەوە سێ مانگ لەوەوبەر دەستی پێ کردووە".

له چەند هەفتەی کەمی پاشتردا کەسانێکی رەشپۆشم دەدی له سپێدەوە تا کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ له تەنیشت گۆڕەکەدا چۆکیان دەدا. ورده ورده وای لێ هات رێوڕەسمەکە تەنیا دەربڕینی دڵسـۆزی نەبوو بۆ ئەوانەی کوژراون کۆچیان کردووە، بگرە لەهەمـان کاتدا بـووبوو بە سیـمـبولێکیش بۆ بەرگریی سیـاسی. له مـانگی کانوونی یەکـــەم، مـوزەری نێـــردەی نازی هەسـتی بەو گرینگییە کرد، کە گۆڕەکە بـەدەستی هێناوە و فـەرمـانی دا تەرمەکانی ناوی دەربهێنرێن و له گۆڕسـتانێکی تردا بنێژرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا خـەڵک هەر روویان دەکردێ و ئەو گۆشـەیەیان کردبووە جێ نزرگەی خۆیان و لەوێدا چۆکیان دادەدا، نوێژیان دەکرد و مۆمیـان دادەگیرساند، چاڵەکە وای لێ هات وەک ئەوەی شـوورەیەکی پیرۆز دەوری گرتبێ کە بلدۆزەرەکانی سـەربازانی نازی نەیانتوانی لایبدەن.

له ئەرجـەنتین له سـەرەتاکـانی ١٩٤٣ نەیارانی دەسـەڵاتی دیکتـاتۆریی پیـرۆن بە لەبـەرکـردنی پارچە جلی جۆراوجۆری رەشـەوە کە هێما بوو بۆ تازیەباری دەسـتیـان بە خۆپیشـاندان کرد: وەک بۆینبـاخ، شـــریتی بـــاڵ، ئەو شریتـەی له بـەشی سـەرەوەی چاکـەت یان پاڵتـۆ دەدرێ، ملپـێچ و سـەرپۆش، ئەو دەسـەسـڕەی ئافـرەت بە دەنبـووس بـە کـراســەکـەیدا هەڵدەواسـێ. ژمـارەی بەشـدارانی جـمـوجـووڵەکـە بەخـێـرایـی زیادی دەکـرد، ئەوەیش بووە مـایەی بـەهێـزکـردنی هێـزە نەیارەکانی رێژیم.

پاش کوژرانی ژمارەیەک له ئەفریقیاییەکان له شارب ڤیل له باشووری ئەفریقیا لەئەنجامی گژبەریکردنی خۆپیشاندەران بۆ یاسا رەگەزپەرستییەکان، ئەلبێرت لوتۆلی داوای کرد رۆژی ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦٠ بکرێتە "رۆژی پرسەی نیشتمانی".

"داوام له خەڵک کرد له ماڵەکانیان بمێننەوە و ئەو رۆژە بکەنە رۆژی نوێژکردن. بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازەکە بەشێوەیەکی گشتی باش، له هەندێ ناوچەیش نایاب بوو. له هەمو بارەکاندا فرەنەژاد بوو و زۆر سنووری هاوپەیمانە ئاساییەکانمانی تێپەڕاند".

لوتۆلی بۆ مـاوەی چەند رۆژێک بۆینباخی رەشی بەسـتبوو و نیشـانەیەکی تازیەباری لـەسەر باڵی دانابوو".

له سـەرەتـای خـەباتی بووزی دژ بە رێژیمی دییم له سـاڵی ١٩٦٣ و لـە ئەنجـامی کـوژرانی ٨ خۆپیشاندەر له هـیویەی پایەتەختی کۆنی ئەنامیە، بووزییەکان کە زۆرینەی دانیشـتوانی شـارەکە

بوون، بەرگی سپیی تازیەبارییان پۆشی و ئەو جۆرە دەرکەوتنە لەلایەک وەک پرسەگێڕان دیار بوو بۆ مردووەکان و لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستێکی نارەزایی بوو دژی سیاسەتی حکوومەت کە سیاسەتی جیاکاری دژ بە بووزییەکان پێڕەو دەکرد.

## ٢- ماتەمگێڕیی گاڵتە

هەندێ جار بۆ دەربڕینی نارەزایی سیاسی پەنا بۆ ئامادەکردنی "جەنازە"یەک براوە بۆ مەبدەئێکی دیاریکراو کە جێی پەسندی خۆپیشاندەرانە و دژبەرەکە تۆمەتبارە بەوەی بەنیازە پێشێلی بکا، یان جموجووڵەکە هەندێ جار شێوەی کەژاوەیەکی ماتەمگێڕیی تەنزئامێز وەردەگرێ، کە تێیدا بەشداران لەرێیەوە هەوڵ دەدەن بە هەڵسوکەوتی دامەزراوی خۆیان و پەنابردنیان بۆ هەندێ لە رواڵەتەکانی کەژاوەی ماتەمگێڕیی راستەقینەی وەک پۆشینی جلی رەش و هەڵگرتنی دارمەیت (نعش)، جەخت لە رژدیی نارەزاییەکەیان بکەن.

نیوپۆرت لە رود ئیلاند لە قۆناغێکی زۆر گرژ و نائارامدا، لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٦٥دا نارەزاییەکی هاوشێوەی بەخۆوە بینی، ئەویش ئەو رۆژە بوو کە بڕیار بوو بە رەسمی کار بە جێبەجێکردنی مەرسوومی مۆرەکە بکرێ. ئیدمۆند س. و هێلین م. مورگان کە بەپشتبەستن بەوەی یەکێک لە رۆژنامەکان باسی کردووە دەڵێن:

"لە یەکی تشرینی دووەم لە ترسی روودانی کاری ئاژاوەگێڕی، رۆڵەکانی ئازادی هەوڵیان دا هەستی خەڵک بگۆڕن و داوایان کرد بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا بکەن کە وەک پرسەگێڕییەکی مەزن بێ بۆ ئازادی. کەژاوەکە بە شەقامەکاندا کەوتە رێ و هەموو بەشداران جلی رەشی تازیەبارییان پۆشی، تا ئاپۆراکە گەیشتە گۆڕستانەکە و دارمەیتێکیان بەرز دەکردەوە لەسەری نووسرابوو "ئازادیی دێرین". لەکاتی گەیشتنیان بە شوێنی ئەسپەردەکردنەکە، رۆژنامەی میرکۆری بەم شێوەیە رووداوەکە باس دەکا:

یەکێک لە رۆڵەکانی ئازادی لە زوڵمەتی نائومێدیی ترسێنەر دەرچوو و کەوتە گوتاردان بۆ ئەسپەردەکاران و گوتی: ئەی ئازادی! ئەی خۆشەویستەکەی گیانم! ئەی ئازادیی شکۆمەند! تۆی کە بەریتانیاییەکان خۆشیان دەوێیت و رێزت دەگرن! ئاخۆ ئازادی مردووە؟! ئەمە مەحاڵە! لەو کاتەدا دەنگی ناڵەیەک هات وەک ئەوەی لە دارمەیتەکەوە دەرچووبێ، پاش کەمێک دەرکەوت "ئازادیی دێرین" لە حاڵەتی بێهۆشیدا بووە و نەمردووە لەبەرئەوەی "بەریتانیا"ی خوداوەند فەرمانی بە فریشتە پاسەوانەکە کردووە کە "ئازادییە دێرینەکە" لە ژێر داروپەردووی مەرگی شەختەکردوودا بێنێتە دەرێ و بۆ خولگەی خۆری درەوشاوە بەرزی بکاتەوە، تا بتوانێ لەبەردەم هێرشەکانی ستەمکاری و چەوساندنەوەی ناشەرعیدا خۆی رابگرێ".

لە ئەنجامی ئەم دیمەنە تەنزئامێزەدا کە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو، هەمووان ئەو ماوەیەی

پاش نیوەڕۆیان بە شادمانی و خۆشی بردەسەر، زەنگەکان لێیان دا و هۆڵی دادگەکە بە ئاڵا رازێنرایەوە.

لە هەمان بۆنەدا کەژاوەی ماتەمگێڕیی هاوشێوە لە بۆرتسمۆس و نیوهامشێر و باڵتیمۆر و ماریلاند و ویلمنگتۆن و نۆرس کارۆلینا ساز کر.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ لە رۆژی پاش تەقینەوەی بۆمبێکی زەبەلاحی سۆڤیاتی، خۆپیشاندەرانی نەیاری ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە، لە ئۆسلۆ لە نەرویج کەژاوەیەکی ماتەمگێڕانەی تەنزئامێزیان رێک خست و مەشخەڵ و ئاڵای رەشیان بەرز کردەوە و روویان کردە باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی، لە ئاداری ١٩٦٥ پاش ئەنجامدانی رێوڕەسمی نوێژکردن لە کڵێسایەکی بچووک لە لاوندیسبور لە ئەلاباما (نێزیکی ئەو شوێنەی خاتوو ڤیولا لیورزی تێدا کوژرا) خۆپیشاندەرانی بەرگریکار لە مافە مەدەنییەکان دە دارمەیتیان هەڵگرتبوو، کۆمەڵێ ئۆتۆمبێلیان گرت و کەژاوەیەکی جەنائیزیی تەنزئامێزیان ساز کرد و گەیشتنە مۆنتڤمری پایەتەختی ویلایەتەکە. دە دارمەیتەکە هێما بوون بۆ دە کەس کە تا ئەو کاتە بەهۆی بەشدارییان لە خەبات لەپێناو مافە مەدەنییەکاندا لە ئەلاباما گیانیان لەدەست دابوو. دارمەیتەکان لە ئۆتۆمبێلەکان داگیران و بران بۆ شوێنێک لە تەنیشتی تەلاری پەرلەمان، لەوێ نوێژ کرا و ژنێکی رەشپۆش گوڵی لەسەریان دانا.

## ٣- ماتەمگێڕیی خۆپیشاندان ئامێز

لە سایەی پشێوییی سیاسیدا، هەندێ جار بۆنەکانی یادکردنەوە و ماتەمەکان دەکرێنە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایی و سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی بەتایبەت لە کەژاوەی ناشتنی ئەو کەسانەی لەسەر دەستی دژبەرانی سیاسیی کوژراون، یان ئەو سەرکردە دیارانەی ئۆپۆزسیۆن، یاخۆ ئەو خۆپیشاندەرە نەناسراوانەی گیانیان لەدەست داوە، یان ئەگەر بکوژەکە کاری بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کردبێ یا سەر بە تاقمێکی نهێنی بێ، یاخۆ ئەگەر بکوژەکان سەرباز و پیاوانی پۆلیس بن. بە دەگمەن بۆنەکە بەهۆی مردنی کەسێکەوە دەبێ کە وەک نارەزایی خۆی کوشتبێ. (ئەم رەفتارە بە یەکێک لە رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە دانانرێ). لە جەنازەی خۆپیشاندان ئامێزدا وا گریمانە دەکرێ کە لە کەژاوەیەکی بە شکۆدایە.

چەندان نموونە لەسەر ئەم رێگەیە هەیە. لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٧٧٠ لەکاتی نارەزایییەکانی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان لەدژی یاساکانی رەسمی باج، یەکێک لە "دووزمانە سەرشۆڕ"ەکان کە ناوی ریچاردسۆن بوو، ژمارەیەک لە قوتابییانی لە بۆستن سەرزەنشت کرد، کە پەیکەرێکی دەقاودەق، بەڵام درێوی یەکێک لەو هاوردەکارانەیان دروست کردبوو کە پابەند نەبوون بە سیاسەت بایکۆتکردن، پەیکەرەکەیان لەبەردەم ماڵی هاوردەکارەکەدا دانا. ریچاردسۆن نەیتوانی پەیکەرەکە بشکێنێ، دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو کاتێ خۆی و ژنەکەی و پیاوێکی تر لەگەڵ قوتابییەکان بوو بە

دەمەقرەیان، تا کار گەیشتە ئەوەی ریچاردسۆن چەند تەقەیەک لە حەشاماتەکە بکا و بەهۆیەوە کریستۆڤەر سنایدەری یازدە ساڵان کوژرا و کوڕێکیش بریندار بوو.

شلیسنگەر دەڵێ ماتەمگێڕانەکەی کریستۆڤەر سنایدەر بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورە و بە "پاڵەوانە بچکۆلەکە و یەکەم شەهید لەپێناو کێشەیەکی رەوادا".

لە پایزی ساڵی ١٩٠٥، لەپڕ شازادە ترۆبتسکوی مرد کە کەسێکی لیبرال و میانڕەو بوو، سەرۆکی ئەو شاندە بوو کە کۆنگرەی سێیەمی زەمستگو رایسپاردبوو بۆ بینینی قەیسەر لە حوزەیران و هاندانی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی نیشتمانی، واتە دۆما. شۆڕشگێڕان و باقیی نەیارانی حکوومەت مردنی شازادەیان قۆستەوە و لە چوارچێوەی خەباتیان لەدژی رێژیمی دەسەڵاتداری باو بەکاریان هێنا.

لە شاری پترسبێرگ دیموکراسی و سۆشیالیستەکان رێپێوانێکیان ساز کرد کە ٦٠٠ قوتابی و کرێکار و کۆمەڵێ شاند بەشدارییان تێدا کرد بۆ یاوەریکردنی تەرمەکە تا وێستگەی هێڵی ئاسن، تا بگوێزرێتەوە بۆ مۆسکۆ و لەوێ رێوڕەسمی ناشتنی ئەنجام بدرێ. لە مۆسکۆ " رێوڕەسمەکە گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی سیاسیی گەورە، زۆر لە بەرهەڵستکارانی رێژیم وتاریان بۆ خەڵک دا و دیداری تایبەتیان ئەنجام دا بۆ رێزنان لە یادی ناوبراو و تێیاندا بیرو بۆچوونی توندڕەوانەتریان خستە روو لەوەی شازادە باوەڕی پێی بوو"

هار کایف ئاماژە بەوە دەدا کە لە قۆناغێکی داهاتووی سەردەمی شۆڕشدا، کاتێ خۆپیشاندەرانی دژ بە حکوومەت "دەکوژران، بۆ رێزلێنانیان وەک شەهید، رێوڕەسمی ماتەمینیی شایستەیان بۆ ساز دەکردن". جەنازەی نیکۆلاس بومانی بەلشەفی لە مۆسکۆ لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥، لە بۆنە زێدە درامییەکان بوو: "زیاتر لە سەد هەزار کرێکار و قوتابی و رۆشنبیر بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها ژمارەیەک سەرباز بە پۆشاکی رەسمییەوە بەشداریی ناشتنەکەیان کرد، کەژاوە ماتەمگێڕەکە نێزیکەی ٨ سەعات بە شەقامەکانی مۆسکۆدا سووڕایەوە و بە روونی دیار بوو کە بووەتە خۆپیشاندانێکی دژ بە حکوومەت".

لە کۆتاکانی ئەیلوولی ١٩١٧ تۆماس ئاش کە خەباتکارێکی نیشتمانیی ئێرلەندایی بوو مرد، ئەوەیش لە ئەنجامی بەزۆر خواردن پێدانی پاش هەفتەیەک لە مانگرتنی لە خواردن لەگەڵ ژمارەیەک لە زیندانییەکان. ئیدگار هوڵت لەبارەی تەرمەکەی دەڵێ "جەنازەکەی تۆماس ئاش لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩١٧، نیشانەیەکی روون بوو لەسەر زیندووبوونەوەی گیانی هەفتەی فوسح.."

ژمارەی بنێژ (مشیع)ەکان لەنێوان بیست تا سی هەزرا کەس دەبوو، کە چەند تیپێکی مۆسیقیشیان لەگەڵ بوو، جەماوەریش زۆربەی کات بە بێدەنگی چاودێریی کەژاوەکەی دەکرد...

پیاوانی پۆلیس لە دبلن هیچ کاردانەوەیەکیان نەنواند کاتێ ئەندامانی "سوپای هاووڵاتیان" و "خۆبەخشانی ئێرلەندایی" (کە ئاش ئەندام بوو تێیاندا) بە شانازییەوە بە جلی قەدەغەی ئەو دوو

گرووپەوە دەڕۆیشتن...

دەسەڵاتدارانی بەریتانیایی بەهۆی جەنازە و ناشتنەکەی تۆماس ئاشەوە هیچ ڕێکارێکیان نەگرتەبەر. بەڵام مردنەکەی بوو بە مووچڕکەیەک بۆ دەسەڵاتداران و دەستبەجێ هەندێ گۆڕانکارییان لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییانی "سین فین"(حزبی نەتەوەیی) کرد".

لەکاتی جەنگی روهەر لە ساڵی ١٩٢٣، سەربازانی داگیرکەر تەقەیان لە چەند کرێکارێکی کارگەی کراپ کرد و ڕۆژێک بەر لە جەژنی فوسح ١٣ کرێکاریان کوشت، کەژاوەی ناشتنیان گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی پرسەی نیشتمانی.

لە پایزی ١٩٤٠ هێزەکانی ئاسایش رودی ئارندتیان کوشت کە لە گرتووخانەی ئەشکەنجەدان لە بوشنوڵد گیرابوو و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بەرگریی جوولەکە. هەواڵی کوشتنەکەی تا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١ نەگەیشتە گرووپەکانی بەرگریی نهێنی لە بەرلین.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا هێربێرت بوم داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی لە ماڵەکەیدا کرد بۆ ڕێزنان لە رودی ئاردنت و دواتر داوای کرد بۆ یادکردنەوەی لە گۆڕەپانی جوولەکەکان لە ویسنسی گرد ببنەوە. پرۆفیسۆر بیر مارک ئەو دوو کۆبوونەوەیەی بە "زۆر کاریگەر" وەسف کرد لەبەرئەوەی پایە و پێگەی ئەو گرووپە خەباتکارەی بەرز کردەوە کە بوم ئەندامی بوو و کۆبوونەوەکان "بوونە مایەی سوورتربوون لەسەر بەرگری". هەندێ لە سەرکردەکانی جوولەکە پێیان وا بوو "ئەو جۆرە گردبوونەوانە زۆر مەترسیدارن"، چونکە شانە بەرگرییە نهێنییەکە لە ٧ کەس تێپەڕی نەدەکرد.

ساڵی ١٩٦٠ لایەنگرانی گرووپی زنگاکۆرینی نەیار بە ڕێکەوتنامەی ئەمنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن، چەند خۆپیشاندانێکیان ساز کرد و بۆ ڕێزنان لە گیانی ئەوانەی لە ڕێی خەباتدا گیانیان بەخشی بخوریان داگیرساند. لە ئایاری ١٩٦٣ دکتۆر گریگۆری لامبراکیس کە ئەندامێکی سەربەخۆی پەرلەمانی یۆنانی و بەرهەڵستکارێکی بەهێزی چەکی ناوکی بوو کوژرا و چارەکە ملیۆنێک کەس بۆ نیشاندانی ڕێزگرتنیان بۆ لامبراکیس و وابەستەبوونیان بەو بنەما سیاسییانەی باوەڕی پێیان بوو، لە دیمەنێکی شکۆدار و ڕێکوپێکدا بەشدارییان لە کەژاوەی تەرمەکەیدا کرد. (ئەو ڕووداوی کوشتنە تەوەری رۆمان و فیلمی"Z" بوو).

لە ئەنجامی تەقەکردنی پۆلیس لە ئاپۆڕەی خۆپیشاندەران لە بەرلینی رۆهەڵات لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣، تەرمی یەکەم لاو کە بووە قوربانیی رووبەڕووبوونەوەکە خرایەر سەر نەقالەیەک و پاش رازاندنەوەی بە تاجەگوڵینە، بنێژەکان تەرمەکەیان بە پترستراسدا گێڕا و خەڵک لەگەڵ تێپەڕینیدا گوڵبارانی کەژاوەکەیان دەکرد.

لە ٢٦ی ئابی ١٩٦٨ لە هۆڵی تەرمەکان لە سووتانگەی ستراسنایس لە پراگ ڕێوڕەسمێکی ماڵئاوایی بۆ لاوێکی بیست و حەوت ساڵان ساز کرا کە لەناو تەماشاکەراندا بوو و بە گوللەی

سـەربازێکی سـۆڤـیـاتی کـوژرا. چەند لاوێک بەدەم گـریانەوە چوونە ناو هۆڵەکـە و ئاڵایەکی چیکۆسلۆڤـاکـیـایان بەرز کـردبووەوە لەگـەڵ بەیداخـێک کـە لەسـەری نووسـرابوو "هـاتووین بۆ ئەسپەردەکردنی قوربانیی ئازادیی ئێوە". هەندێ لە بەشداران وتەیان پێشکێش کرد و سوێندیان خـوارد کـە ئەو رووداوانە و ئەو قـوربانیـیـانەی تێیـدا کـوژران لەیاد نەکـەن. هەروەها یەکـێک لە رۆژنامـەکـان لە پراگ بـڵاوی کـردەوە کـە شـیـوەنی دایکان کـە دڵی لەت دەکـرد و بـەدەم باڵۆرەوە دەیانوت "کورەکەم بەجێم مەهێڵە" لەگەڵ دەنگی سرووودی نیشتمانیدا لە دیمەنێکی کاریگەردا ئاوێزان بووبوون.

لە پراگ لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٩٦٩زیاتر لە نیـو ملیـۆن کـەس بەشـدارییـان لە رێورەسـمی ئەسپەردەکردنی جان پالاش کرد، ئەویش بۆ رێزنان لەو قوتابییە لاوەی کە بۆ دەربڕینی وابەستەیی خۆی بە ئازادی لە چیکۆسلۆڤاکیا خۆی سووتاند. رۆژێک بەر لە رێورەسمی ماڵئاواییەکە، دەمی نیوەڕۆ هەموو پراگ بۆ ماوەی پێنج خولەک دەستی لەکار هەڵگرت. هەزاران کەس ریزیان بەست، هەندێک شیوەنی دەکرد و هەندێک گوڵ بەدەست، بەمەبەستی گرتنی دوانیگا بۆ تەرمەکە، کە لە زانکۆی چارلز لە پاڵ بنکەی پەیکەرەکەی جـان هـاس، کـە ریفـۆرمـخـوازێکی پرۆتستـانـتی بوو بەتۆمەتی کافربوون لە ساڵی ١٤١٥ بە سووتاندن کوژرا، داپۆشرابوو.

ئەو رۆژە هێزە سۆڤیاتییەکان لە شەقامەکان لە شـەقامـەکان دوور خرانەوە و بە بیانووی پاراستنی ئاسایش هێـزەکانی چیکۆسلۆڤاکـیا جـێیـان گرتنەوە. بەڵام ئەوە پێویست نەبوو. حکوومەت نەیدەویست رێورەسـمـەکـە بگۆڕێ بۆ یاخـیـبـوونێکی مـەدەنی و بەوەیش بەهانـە بداتە رووسـەکـان کـە بە تانکەکانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ پراگ.

پاش ئەنجـامـدانی نوێژی مـردوو لـە زانکۆی چارلز، کـەژاوە مـاتەمگێـڕەکـە بەهێـواشی بە شەقامەکانی شارە کۆنەکەدا بەرەو "گۆڕەپانی جان پالاش" کەوتە رێ و تیپە مۆسیقییەکە مارشی نیشـتـمـانی دەژەنی. ئاپۆرای خـەڵکەکـە چەند سـەعـاتێک لەژێر کـرێوەی سـەرمـادا مـانەوە. لە پەنجەرەکانەوە ئاڵای نیشتمانی و بەیداخی رەش دەشەکینەوە. ئێزگەی رادیۆی پراگ و ئێزگەکانی تر لێدوانی قوتابییانیان لەبارەی ماتەمگێڕییەکە دەگواستەوە. لە چەندان شوێنی جیاوازیی وڵات رێورەسـمی رێزلێنان لە کارگە و زانکۆ و هۆڵە گشـتییەکاندا بۆ کۆچکردوو سـاز کرا. پەیامنێرێک دەنووسێ "ئەمـەیە ئەو چیکۆسلۆڤـاکـیـایەی کە سـەرکردە رووسـەکـان لێی دەترسن و خـوازیارن لە هـەمـان کـاتدا سـەرکوتی بکەن، ئەمـە گەلێکی لەسـەرخۆ و دامـەزراوە، بەڵام کـەمـترین ئاوڕدانەوەی هـاوارێکە لەپێناو ئازادی و شکۆمەندیدا".

## ٤- سەردانی ڕێز و پێزانین بۆ گۆڕەکان

سەردانی گۆڕێک لەلایەن جەماوەرێکی زۆری خەڵک بەیەک جار یان بە گرووپی بچووک بچووک و بەچەند کـاروانێک، دەکـرێ نـاڕەزاییـیـەکی سـیـاسـی و سـەرکـۆنەکـردنێکی ئەخـلاقی بێ، کـاتێ

کۆچکردوو پێوەندییەکی بەو پرسەوە هەبێ کە ململانەکە بەدەوریدا دەسووڕێتەوە، یان ئەگەر کۆچکردوو یەکێک لە قوربانییەکانی دەستی دژبەرەکە بێ. وەک ئەوەی لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٦١ لە پترسبۆرگ قوتابییانی نەیاری ڕێژیمی قەیسەر بەمەبەستی دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی گرانۆڤسکی کە مێژوونووس و هاوڕێی ئەلیکساندەر هیدزنی دامەزرێنەری ڕەوتی میللیی رووسیایی بوو[٢١٦]، بە کەژاوەیەک چوونە سەر گڵکۆی ناوبراو.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٨٦١ ژمارەیەک لە قوتابییانی شۆڕشگێڕی زانکۆی پترسبێرگ کە بە "باڵی تیرۆریستیی ئیرادەی گەل" ناسرابوون، هەوڵیان دا یادی پێنجەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی دبرۆلیوبوف زیندوو بکەنەوە، کە هاوڕێی چیرنیشڤسکی (سەرکردەی میللیی گەورەی رووسیا) بوو، ئەویش بە دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕەکەی، بەڵام هێزەکانی پۆلیس و قۆزاقییەکان ڕێگەیان پێ نەدان.

لەکاتی داگیرکردنی چیکۆسلۆڤیاکیایش لەلایەن ئەڵمانیاوە، جۆزێف کۆربل دەڵێ "لە هەردوو یادی لەدایکبوون و مردنی تۆماس گاریگ مازاریکدا، هەزاران کەس سەردانی شاری لانیی نێزیک پراگ دەکەن بۆ دانانی گوڵ لەسەر گڵکۆکەی. هەروەها بۆ هەمان مەبەست سەردانی پەیکەری جان هاسیان لە ناوەڕاستی شاری پراگ دەکرد".

لە فرەنسا دەسەڵاتدارانی نازی تەرمی ئەو کەسانەی لەدار دەدران بەسەر هەندێ گۆڕستاندا دابەش دەکرد کە بە ئاستەم دەست بیانگاتێ، ڕەنگە ئەوەیش بۆ ڕێگرتن بووبێ لەوەی سەردانی جەماوەری بۆ ئەو گڵکۆیانە ساز بکرێ.

لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦، مانگێک پاش دووەم هێرشی هێزەکانی سۆڤیات بۆ سەر بۆداپێست، ژمارەیەک ئافرەتی مەجەری کە زۆربەیان چارشێوی ڕەشیان پۆشیبوو، سەردانی گڵکۆی سەربازی نەناسراویان کرد لە گۆڕەپانی قارەمانان لە بۆداپێست و بۆ ڕێزنان لەو قوربانییانەی لە ڕووداوەکانی دواییدا کوژران، تاجەگوڵینەیان لەسەر گڵکۆکە دانا. ئافرەتەکان سروودی کۆنی نیشتمانییان دەوتەوە و چەند بەیتێکیان لە چامەی "مەجەرییەکان! هەڵمەت بەرن!"ی ساندۆر پیتویڤییان خوێندەوە. لەو بەیتانە:

"مەجەرییەکان هەڵمەت بەرن وڵاتەکەتان بانگتان دەکا
ئێستە هەڵمەت بەرن، یان ئیتر قەت هەڵمەت مەبەن!
ئاخۆ دەبێ کۆیلە بین؟ ئاخۆ دەبێ ئازاد بین؟
ئەوە پرسیارەکەیە– چی وەڵام دەدەنەوە؟
سوێند بە ناوی خودای مەزن دەخۆین، سوێند دەخۆین
کە لەمڕۆ بەدواوە ڕازی نابین کۆیلە بین– ڕازی نابین"

پیتویڤی شاعیرێکی خەباتکارە لەوانەی بەشداریی شۆڕشی ١٨٤٨ی کردووە و لە شەڕێکدا لەگەڵ رووس لەساڵی ١٨٤٩ مرد.

## گردبوونەوە گشتییەکان

کاتێ خەڵک حەز بکەن بۆچوونی خۆیان لەبەردەم جەماوەرێکی بەرفراوانتر یان یەکێک لە دژبەراندا بخەنە روو، باوترین رێگە کە پەنایان بۆ بردووە ئەوە بووە رووبەڕوو لە چوارچێوەی گردبوونەوە یان دیدارێکدا بەیەک بگەن.

### ١- گردبوونەوەکانی بەرهەڵستی و پشتگیری

دەتوانرێ لەڕێی گردبوونەوەی گشتی لە چەند شوێنێکی دیاریکراو، کە بەزۆری پێوەندارن بەو کێشەیەی لەئارادایە، گوزارشت لە بەرهەڵستیکردنی هەڵوێستە سیاسییەکان یان کارەکانی دژبەرەکە، یان پاڵپشتی لە دەسپێشخەرییەکی سیاسیی دیاریکراو بکرێ. لەو شوێنانە، بۆ وێنە، فەرمانگە حکوومییەکان یان هۆڵەکانی دادگەکان یاخۆ گرتووخانەکان. لەوانەیە خەڵک لە شوێنێکی تر کۆ ببنەوە، بۆ نموونە وەک لە دەوری پەیکەری پاڵەوانێک یان بەدکارێک. بڕیاردان لەسەر شەرعیبوون یان شەرعینەبوونی ئەم جۆرە گردبوونەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و سیستمانەی لەو دەوڵەتەدا کاریان پێ دەکری و پلەی ئەو مروونەتە سیاسییە گشتییەی تێیدایە..(لەبارێکدا ئەم گردبوونەوانە بە ناشەرعی دابنرێن ئەم رێگەیە دەچێتە خانەی یاخیبوونی مەدەنی).

قوتابییانی زانکۆی پترسبێرگ دەیانویست لە هەمان کاتدا گوزارشت لە نارەزاییان بکەن و بەدوای وردەکاریی ئەو سیستمە نوێیانەیشدا بگەڕێن کە هەواڵی دەرچوونیان بڵاو بووبوویەوە بەڵام هێشتا بە رەسمی رانەگەیەنرابوون و جێبەجێکردنیان دەبووە مایەی لەبەینبردنی ئازادی لەناو زانکۆ. قوتابییان لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٨٦١ لە حەوشەی حەرەمی زانکۆکەدا کۆ بوونەوە و داوای بینینی سەرۆکی زانکۆیان کرد. کاتێ ئەمەی دوایی پێی راگەیاندن کە ئەو لە پۆستەکەیدا نەماوە، قوتابییەکان بە رێپێوانی رێکوپێک لە پردی رووباری نیڤا پەڕینەوە بەرەو ماڵی سەرۆک- وەک ڤنتوری دەڵێ ئەوە یەکەم خۆپیشاندان بوو لە شاری پترسبێرگ.

پاش ئەوەی ئەنجوومەنی هەرێمی پیت نارەزایی لەدژی بڕیارێکی ئیمپراتۆر جۆزێف فرانز بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی مەجەری دەربڕی، فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکە دەرچوو، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەن گوێیان بە بڕیارەکە نەدا و لە کۆبوونەوەکانیان بەردەوام بوون، تا سەرەنجام سەربازانی نەمساوی لە مانگی ئابی ١٨٦١دا بەزۆر هۆڵەکەیان پێ چۆڵ کردن. ژمارەیەک لەو مەجەرییانەی لەگەڵ بڕیارەکەی ئەنجوومەن لەبەردەم بارەگاکەیدا کۆ بوونەوە و پاش ئەنجامدانی رێپێوانێک کە شەقامەکانی شاری تەی کرد، خەڵکەکە جارێکی تر لەبەردەم ماڵی

سەرۆکی ئەنجوومەنەکە کۆ بوونەوە کە رایگەیاند: "هێزی ملهوڕی، پەرتی کردین، بەڵام زەبروزەنگ قەت نامانتۆقێنێ".

لە ماوەی داگیرکردنی روهەردا هەزاران کەس لە بەردەم یەکێک لە دادگەکاندا کۆبوونەوە بۆ دەربڕینی هاوهەڵوێستییان لەگەڵ کۆمەڵێ بەرگریکاری بەندکراوە. هەروەها لە نەرویج بۆ پشتگیری لەو مامۆستایانەی بەهۆی هاوکارینەکردنیانەوە گیرابوون، منداڵان لە وێستگەکانی هێڵی ئاسن کۆ دەکرانەوە کە ئەو شەمەندەفەرەی بەندکراوەکانی بۆ بەندەرەکە دەگواستەوە تا لەوێوە بە کەشتییەک بگوێزرێنەوە بۆ گرتووخانەیەک لە باکوری وڵات، بەو وێستگانەدا تێپەڕ دەبوون..

وەک پێشتر باسمان کرد، لە ساڵی ۱۹٤۳ لە بەرلین شەش هەزار ژنی ناجوولەکە لەبەردەم دەروازەی ناوەندی رەشبگیری لەنێزیک بارەگای گستابۆ کۆ بوونەوە و داوای ئازادکردنی هاوسەرە جوولەکەکانیان دەکرد.

گۆیبلز لە یاداشتەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە لە ٦ی ئاداری ۱۹٤۳ رووی دا و دەڵێ "ناخۆشبەختانە چەندان دیمەنی جێداخ لە پەناگەیەکی جوولەکەدا بۆ بەساڵاچووانی رووی دا، کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆبوونەوە و تا رادەیەک پاڵپشتیی خۆیان بۆ جوولەکە دەربڕی".

ساڵی ۱۹٥٦ پریتۆریای پایەتەختی کارگێڕی، خۆپیشاندانێکی گەورەی بەخۆوە بینی لەدژی جێبەجێکردنی سیستمی مۆڵەتی هاتوچۆ بەسەر ئافرەتاندا لە باشووری ئەفریقیا، ئافرەتانی سەر بە نەژادە جیاوازەکان لە سەرتاسەری وڵات بەشدارییان تێدا کرد و بەدەم گۆرانییەوە دەیانگوت: "ستریجدوم، لە بەردێکت دا".

لە ۳۱ی ئابی ۱۹٦۲ لە جەزائیر، کە تازەبەتازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو، بیست هەزار کەس لەدژی ململانەی توندی نێوان سەرکردەکانی وڵات خۆپیشاندانیان کرد و رەزامەندییان پیشان دا لەسەر مانگرتنێکی گشتیی کراوە ئەگەر بێتو کێشەکە بەرەو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بخزێ.

### ۲- دیدار و کۆبوونەوەی بەرهەڵستی و ناڕەزایی

یەکێک لە رێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردن، بەستنی دیدار و کۆبوونەوەیە بەمەبەستی بەرهەڵستیکردن و ناڕەزایی دەربڕین. ئەم رێگەیەش لەرووی قەبارە و سروشتەوە تا رادەیەکی بەرچاو جیاوازە، لەنێوان دیداری کراوە لە شەقام و دیداری ناوخۆیی بچووک، هەروەها لەنێوان دیداری ناڕەزایی رێکخراوی تا رادەیەک رەسمی و دیداری جەماوەری لە هەوای کراوەدا کە هەزاران کەس تێیدا بەشدارن. لەم جۆرە دیدارانەدا وتاردان بایەخی پلە یەکی نییە، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی تێیدا بەشدارن پێشوەخت کۆکن لەسەر پێویستیی ناڕەزایی دەربڕین. دەربڕینی ناڕەزاییش لەخۆیدا واتای ئەوەیە خەڵک پێکەوە کۆ ببنەوە بۆ دەربڕینی بیرو ڕاکانیان. لەم دیداری

ناڕەزاییـیـانەدا کـێشـەی جـۆراوجـۆر و دەسـتـەوتاقـمـە بـەرهـەڵسـتکارەکـان تێکەڵ دەبن. دەکـرێ دیدارەکە خۆی بۆ خۆی ئامانج بێ یان هاوشان بێ لەگەڵ جۆری تری چالاکیدا.

دیدارە جـەمـاوەرییـەکان رۆڵی دیاریان لە خـەبـاتی کۆڵۆنییـە ئەمـەریکاییـەکان لە شـەسـتـەکان و هـەفـتـاکـانی سـەدەی هـەژدەیـەمـدا هـەبوو و بـەزۆریش لـەگـەڵ تـەرزە کـارپێکراو و رێکخـراوەکـەی بەسـتنی کۆبوونەوەکانی شـارۆکـەکەدا یەک دەخـرا، کـە تێـیدا هـەمـوو پیـاوێک مـافی رادەربڕین و دەنگدانی هـەیە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە جـمـوجـووڵەکـەی "رۆڵەکـانی ئازادی" لە بۆسـتن بکـەین بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسـەر دەستگرتنی گومرگـەکـان بەسـەر کەشـتـییـە چارۆکـەدارەکـەی جـۆن هـانکۆک نـاسـراو بـە کـەشـتـیی "لیبـرتی" کـە سـرکـەی مـادیرای بار کردبوو کـە لەو شـمـەکـانـە بوو هـاوردەکردنی قەدەغە بوو. "رۆڵەکانی ئازادی" داوای بەسـتنی دیدارێکیـان کـرد لای درەخـتی ئازادی لە ٣ی حـوزەیرانی ١٧٦٨ دیدارەکە دوا خـرا تا لە ڤـانویل هـۆڵ ببـەسـتـرێ کە شـوێنی بەسـتنی کۆبوونەوە دانپێدانراوەکانی شارۆکـەکەیە، ئەو کۆبوونەوەیەش بەهـۆی زۆریی ژمـارەی بەشدارانەوە دوا خـرا تا لە کڵێسـای باشـوور بەرێوە بچێ. کۆبوونەوە بڕیاری دا حـاڵنامـەیـەک بۆ حـاکم بەرنارد بەرز بکرێتـەوە کە داوای مـافەکانی پەنابەرانی ئینگلیز دەکا لە سـایەی دەسـتووری بەریتـانیدا، کە بەگوتەی ئەوان، تێیدا هاتووە:

"هیچ یاسـا یان باجـێک بەسـەر کـەسـدا ناسـەپێنرێ مـەگـەر خـۆی یان دەسـتـەیەکی شـەرعـیی نوێنەری ئەو دایبنێن، ئەوەیش بەو واتایەیە کە خـۆی ئەو (یاسـا و باج)انەی هـەڵبژاردووە و پێـیان رازی بووە. ئەمـرۆ ئەم مـافـە بنـەڕەتیـیـانەی بەریتـانیـاییـیـەکـان بە زەقی پێشـێل دەکـرێن، باج و یاسـاکـان بەبێ وەرگـرتنی رەزامـەندیمان بەسـەرمـاندا دەسـەپێنرێن، لـەوە حـەیابـەرتر ئەوەیە کـە بەسەرماندا دەسەپێنرێن لەکاتێکدا ئێمە زۆر دژیانین"

ئەو دیدارە جـەمـاوەرییـانەی لە فـیـلادلفـیـا و بۆسـتن و نیـویۆرک لە تشـرینی یەکـەم و دووەم و کـانوونی یەکەم بەرێوە چوون، بایەخێکی گـەورەیان هـەبوو لـە کێشـەکەدا لە سـاڵی ١٧٧٣ لە ١٦ی کـانوونی یـەکـەم، بۆ وێنە، وێڕای خـراپیی کـەشـوهـەوا، دوو هـەزار کـەس لە نیـویۆرک کـۆ بوونەوە و بڕیاریان دا دەسـتـەیەکی پێوەندیکردن دابمەزرێنن لەپێناو مسـۆگـەرکردنی پێوەندی بە ناوچەکـانی ترەوە.

لە فیلادلفیا، لە کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکـەم دیدارێک بەرێوە چوو کە هـەشت هـەزار کـەس بەشداریـیان تێدا کـرد و ورياییـیان دایە کاپتنی کـەشتییـەکی چاهەڵگر کە کەشتییـەکەی نەهێنێتە ناو بەرێوەبەرایەتیی گومرگەکان و دەستبەجێ ئینگلتەرا بەجێ بێڵێ.

کـاتێ رێژیمی قـەیسـەر لەکاتی شـۆڕشی سـاڵی ١٩٠٥دا کارکـردنەوەی بە جـێبـەجـێکردنەوەی یاسـاکـانی باری نائاسـایی لە ناو زانکۆ و قـوتابخـانە ئامـادەییـیەکان راگـەیاند، سـەرکـردایەتیی قـوتابییـان، بە هـاوکـاریی سـۆشـیـالیشت و لیبـرالییەکان، لە ئەیلوولی ١٩٠٥ هـۆڵەکـانی خـوێندنیـان گۆڕی بۆ شـوێنی بەستنی کۆبوونەوە سیاسییەکان. لە یەک ئێوارە کۆڕدا زیاتر لە دە هـەزار کەس

له قوتابی و کرێکار و بیرمەند- له هۆڵەکانی وانه وتنەوه و تاقیگەکانی زانکۆکانی پترسبێرگ و مۆسکۆدا کۆ بوونەوه، هەروەها دیدار و کۆبوونەوەی بچووکتریش له شوێنانی تر بەستران. له ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥، لەوکاتەی مانگرتنی گشتی له پترسبێرگ لەکاردا بوو، هۆڵ و حەوشەکانی زانکۆ و ئەکادیمیای هونەرەکان پڕ بوون له کۆبوونەوەی جەماوەری که نێزیکەی پێنج هەزار کەس ئامادەیان بوون، له هەمان کاتدا ئامادەییەکانی شاریش پڕ بووبوون له کرێکارانی مانگرتوو و لایەنگرانیان.

له ئایاری ١٩١٧ بەهۆی ئەو یاخیبوونەی ریزەکانی سەربازانی فرەنسایی گرتەوه لەئەنجامی نارەزاییان لەو قەتلوعامە ترسناک و بێسوودەی دووچاری دەبوون، بەزۆری کۆبوونەوەی سەرپێیی دەبەسترا. کاتێ کەتیبەی پیادەی ٣٧٠ دەمەوبەیان فەرمانی پێ گەیشت که پاش نیوەشەو بەرەو هێڵەکانی پێشەوه پێشرەوی بکا، ژمارەیەک له سەربازان دەستیان دایه وتاردانی حەماسی بۆ هاندانی پیاوەکان که سواری ئەو نەفەربەرانه نەبن که بۆ سەنگەرەکانیان دەگواستنەوه. یازدەی شەو سەربازەکان بەهۆی خواردنەوەی ئەو سرکەیەی لەکاتی سوورانەوەیان به شەقامەکانی سواسون (٦٥ میل باکوری رۆژئاوای پاریس)دا دزیبوویان سەرخۆش بووبوون. ئەنجا دوو نەفەربەری سەر به دوو کەتیبەی پڕ له سەرباز دەرکەوتن که ئالای سووریان بەرز کردبووەوه و هاواریان دەکرد: "با بڕووخێ جەنگ!". کاتێ دوو نەفەربەرەکە وەستانبوون به دوو سەکۆ بۆ وتاربێژانی دژ به جەنگ:

"بەدەنگێکی گڕ بەهۆی سرکەکەوه، وتاربێژەکان باسیان له قەسابخانەکارییەکانی جەنگ و ئەو هەولانەی ئاشتی دەکرد که لەلایەن حکوومەتی فرەنسای ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێ له هەلپەرستانەوه لووتبەرزانه رەت کرابوونەوه، هەروەها باسیان لەو سیاسییانه دەکرد که هیچ بەزەییەکیان نییه و هەر بۆ ئەوەی رێگه بگرن له گۆڕانی رێژیمەکە بۆ سیستمێکی سۆشیالیستیی راستەقینه، سەربازەکان بەرەو مەرگ رەوانه دەکەن. کەتیبەی ٣٧٠ لەباتیی ئەوەی دەست به جووڵه بکا بۆ هێرشکردنه سەر شومین دی دام، وا باشتره بۆ پاککردنەوەی هێلانەی حکوومەتی مارەکان له پاریس بەکار بهێنرێ!

پیاوەکانی دەوری نەفەربەرەکان ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوون و ئەنجا لەپڕ هاواری توورەیی بەرز بووەوه: "پەرلەمانتارەکان له پەرلەمان دەربکەن!" "با بڕووخێ جەنگ!". پاش کەمێک حەشاماتێک که پێنجسەد پیاوی سەرخۆش بوون رژانه سەر شەقامە قیرکراوەکە و بەرەو وێستگەی هێڵی ئاسن کەوتنه رێ".

له سەرەتاکانی چلەکانی ئەم سەدەیەدا، لەو کاتەی زیاتر له ٤٠٠ زنجی ناویان له لیستەکانی دەنگدان له نیو ئۆرلیانز و لویزیانا تۆمار نەکرابوو، زنجییەکان چەند دیدارێکیان له هەوای کراوەدا بەست بۆ گوێگرتن له قوربانییانی درندەیی پیاوانی پۆلیس، که باسیان له بەسەرهاتی خۆیان دەکرد و نارەزاییان له دووبارەبوونەوەی ئەو رەفتاره وەحشییانه دەردەبڕی. ئەو دیدارانه لەسەر

بانگهێشتی سەرکردەیەکی کرێکاریی زنجی بەڕێوە دەچوون و هەندێ جار هەواڵنێرانی پۆلیس تێیاندا بەشدار دەبوون، ئەوەیش بەڵگەی ئەوە بوو پاشتر تەنگاوکردن و لێپرسینەوە رووی دەدا.

ساڵی ١٩٥٢ لە هەوای کراوەدا دیدار و کۆبوونەوە بۆ بەگژاچوونەوەی جیاکاریی رەگەزی و پشتگیریکردنی بەرگری لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری ئەفریقیا بەڕێوە دەچوون، ئەوەیش پێش و هەروەها لەکاتی راگەیاندنی "هەڵمەتی گژبەری" (حملة التحدي)دا، وەک ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە فرەوانانەی لە سۆفیا تاون و کایپ تاون و پۆرت ئێلیزابیس و ئیست لەندەن و پریتۆریا و دوربان لە ٦ی نیسانی ١٩٥٢ بەڕێوە چوون، لەوکاتەی سپی پێستەکان بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێسەد ساڵ بەسەر بوونیان لەو وڵاتە ئاهەنگیان دەگێڕا[٢٣٨]. هەروەها دەکرێ ئاماژە بەو دیدارە بکەین کە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ لە دوربان بۆ پشتیوانیکردن لە"هەڵمەتی گژبەری" بەڕێوە چوو.

ساڵی ١٩٥٧، لە ماوەی "سەد گوڵ دەپشکوون" لە چین، لە ٤ی ئایار هەشت هەزار قوتابی لە پەکین کۆ بوونەوە بۆ ئاهەنگگێڕان بە سی و هەشتەمین جەژنی قوتابییانەی "بزووتنەوەی چواری ئایار" کە کۆمیۆنیستەکان لافی ئەوەیان لێدەدا کە لە نیگای سۆشیالیزمەوەیە. بەڵام قوتابییان دیدارەکەیان قۆستەوە بۆ تۆمەتبارکردنی کۆمیۆنیستەکان بەوەی "ئازادی و دیموکراسی لە گشت دامەزراوە فێرکارییەکانی وڵاتدا سەرکوت دەکەن" و داوایان کرد رای گشتیی وڵات لەدژی رێژیمی باڵادەست ببزوێنرێ.

لە ئینگلتەرا "لێژنەی سەد" لە هەردوو ساڵی ١٩٦١ و ١٩٦٢ داوای بەستنی چەندان گردبوونەوەی ناڕەزایی کرد لە چوارچێوەی تەسک و فرەواندا، لەوانە بۆ نموونە ئەو "کۆمەڵە گشتی"یەی کە "لێژنەی سەد لە باکوری رۆئاوا" لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢ داوای کرد لەلای پەیکەری ڤیکتۆریا لە مانشستەر ببەسترێ، ئەویش لەپێناو جێگیرکردنی پاڵپشتی بۆ سیاسەتی لێژنەکە. لە لەندەن لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ لێژنەکە داوای کۆڕبەندێکی جەماوەریی گشتی لە گۆڕەپانی ترافلڤار کرد لەپێناو تاوتوێکردنی پێویستیی پەنابردن بۆ یاخیبوونی مەدەنی و جۆری ئەو یاخیبوونە و نێزیکەی پێنج هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون. رۆژی یەکشەم ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٦٢، لەوکاتەی شەش لە سەرکردەکانی لێژنەکە بەتۆمەتی ئامادەسازی بۆ یاخیبوونی مەدەنی دادگەیی دەکران، لێژنەی سەد کۆمەڵەیەکی گشتی بەست، ئەویش دیسان لە گۆڕەپانی ترافلڤار، تێیدا کێشەکەی خۆی لەگەڵ حکوومەت خستە روو، ئەمە جگە لە هەندێ لێدوان کە هەندێ لە شایەتەکان دابوویان و دادگە رەتی کردبوونەوە.

### ٣- کۆبوونەوە پەردەپۆشەکانی ئۆپۆزسیۆن

لە سایەی هەندێ بارودۆخی سیاسیی دیاریکراودا، لەوانەیە ئۆپۆزسیۆن هەندێ لە گردبوونەوەکانی وا نیشان بدا، کە لەپێناو ئامانجێکی جێپەسندتر و شەرعیترن (ئەمەیش هەندێ

جار قایلکەر نییە). لەوانەیە هەمووان ئاگایان لە بیانووە راگەیەنراوەکە بێ. ئەمە هەندێ جار کاتێ روو دەدا کە سیستمی حوکمڕانییەکە تا تاکڕەوییەکی تا رادەیەک میانڕەو بێ، نە هێندە لیبراڵییە رێگە بە بەستنی کۆبوونەوەی کراوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بدا، نە هێندە دیکتاتۆریشە کە رێوشوێنی توند بگرێتەبەر دژ بەوانەی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی شەرعی و بە رواڵەت پەسند دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی ئامانجی راستەقینە لە کۆبوونەوەکەش پەرگیرانە نییە. لەوانەیە کۆبوونەوە پەردەپۆشەکانی ئۆپۆزسیۆن شێوەی جیاواز وەربگرن، وەک ئەوەی بەچاودێریی رێکخراوێک بەڕێوە بچێ کە ئامانجێکی تەواو جیاواز و "بێغیلە"ی هەیە، وەک وەرزش، یان کات بەسەربردن، یان هونەر یاخۆ ئاین. یان کۆبوونەوەکە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی وەربگرێ، وەک لە فرەنسا لە چەندان بۆنەدا لە ساڵانی ١٨٤٧ و ١٨٤٨دا رووی دا کە کۆبوونەوەی ناڕەزایی قەدەغە بوو، کۆبوونەوە پەردەپۆشەکانی ئۆپۆزسیۆن لەژێر پەردەی سازکردنی خواندا ئەنجام دەدران. گردبوونەوەی Gauche Dynastique لەگەڵ کۆمارییە میانڕەوەکانی هاوپەیمانی هەوڵی دا رای گشتی ببزوێنێ بۆ ناچارکردنی حکوومەت تا چارەسەرێک بۆ کێشەی برسێتی بدۆزێتەوە، ئەویش بە رێکخستنی "هەڵمەتێکی خوانسازکردن" لە ٩ی تەممووزی ١٨٤٧ەوە کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە پاریس و هەرێمە جیاوازەکاندا بەدەست هێنا. دواین خوان کە کۆمەڵێکی تر لە ساڵی ١٨٤٨ پلانیان بۆ سازکردنی دانابوو حکوومەت قەدەغەی کرد، ئەو قەدەغەکردنەیش رووداني شۆڕشەکەی ١٨٤٨ی خێراتر کرد.

رووسیای ئیمپراتۆریش لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥دا رێکخستنی خوانی سیاسی بەخۆوە بینی. سەرەتاکەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٤دا بوو و لەسەر داوای ئەنجوومەنی یەکێتیی رزگاری (لیبراڵەکان)، ئەوەیش لەکاتێکدا هەموو شێوەیەکی دیدار و کۆبوونەوە قەدەغە بوو.

سازکردنی خوانەکان بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی سیاسیی هەمەگیرتر. لیبراڵەکان رۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمیان بۆ وادەی خوانەکان دیاری کرد، ئەو رۆژەیش رۆژی چلەمین جەژنی دەرکردنی یاسا دادوەرییەکان بوو کە بنچینەکانی سیستمێکی نوێیان لە دادگەکاندا دانا.

دەقە رەسەنەکەی پلانەکە داوا لە لیبراڵەکان دەکا لەو رۆژەدا لە پترسبێرگ و مۆسکۆ و زۆرترین شاری تر خوان ساز بکەن و لەو کۆبوونەوانەدا کۆمەڵە بڕیارێکی یاسایی و دیموکراسی پەسند دەکرێن، کە زیاتر لەوەی لە ئەنجوومەنی زمستڤۆ و سەرکردە ناوخۆییەکان چاوەڕوان دەکرێ، یەکلاکەرەوەتر دەبن". ئەمەیش بەو واتایەیە کە ئەندامان لە خوانەکاندا دەستپێشخەری دەکەن و کۆمەڵە چارەسەرێک دەخەنە روو کە دەخوازێ کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی لە گەلەوە هەڵبژێردراو دابمەزرێ لەپێناو دانانی دەستوورێکی دیموکراسیدا. هەروەها لەو رۆژەدا خوانی هاوشێوە لە چەندان شاری تریش ساز کرا کە رۆشنبیران ئامادەیان بوون، لەوانە لە شارەکانی کییڤ، ساراتۆڤ، ئۆدیسا، کالوگا، رستوڤون، دون، باکۆ، کوستروما، تیفلیس، نیزنی نوڤگورود و تاشقەند.

"لیبراڵە زرنگەکان پاشتر بۆنەی تریان بۆ خوانسازکردن دۆزییەوە، وەک یادی دامەزراندنی

ئەکادیمیای پزیشکی بۆ نەشتەرگەری لە پترسبێرگ، یان بۆ نموونە یادی ١٥٠ ساڵەی کردنەوەی زانکۆی مۆسکۆ. هەر جەژنێکی ساڵانەیان دەقۆستەوە بۆ سازکردنی خوانێک، خوانەکەیش دەرفەتێک دەبوو بۆ گوێگرتن لە گوتارگەلێکی دوور و درێژ و کاریگەر و دژ بە رێژیم و پەسندکردنی بڕیاری توند...

ئۆپۆزسیۆن لە رابردوودا ئەم ئاستەی لە راشکاوی و بوێری بەخۆوە نەدیبوو، هەروەها هێرشکردنە سەر رێژیم و سیاسەتەکەی تا ئەم رادەیە کراوە نەبوو".

رێکخستنی خوانی هاوشێوە لە کانوونی یەکەم تا سەرەتای ١٩٠٥ پاش "یەکشەمی خوێناوی" بەردەوام بوو".

## ٤- کۆڕ و سیمینار

کۆڕبەستن و کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن چەند لایەنێکی هاوبەشیان هەیە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ جێی ناکۆکییەکی گرینگە. بەڵام کۆڕ لەوەدا لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن جیایە کە لەنێو قسەکەران و ئامادەبوواندا نوێنەری بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ئامادەن. هەروەها لەوانەیە ئەوانەی قسە دەکەن خاوەن پسپۆڕیی ئاست بەرز بن لەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکرێ، یاخۆ وا لێیان چاوەڕوان دەکرێ نەک بتوانن بۆچوونی خۆیان لەبارەی کێشەکەوە بەجوانی بخەنە روو، بگرە زانیاریی گرینگ و راستەقینەیش پێشکێش بکەن کە ببێتە چوارچێوەیەکی پاشخان کە پێوەندیی پتەوی بە کێشەکەوە هەبێ.

بەم شێوەیە رەنگە ژمارەیەکی زۆر وتاربێژ بەشداریی کۆڕ و سیمینارەکان بکەن کە لەوانەیە زیاتر لە دیدار و کۆبوونەوە ئاساییەکان بخایەنێ.

ئامانج لە سیمینار تەنیا بەرهەڵستی نییە، بگرە هەوڵدانە بۆ رەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵک تا گوێیان لە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان بێ و زانیاریی پێوەندار بە بابەتەکەیان چنگ بکەوێ، تا بتوانن هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن. رووبەڕووبوونەوەی بیرو بۆچوونە دژبەیەکەکان و پرسیارکردن لە قسەکەر و کۆڕگێڕەکان و بەشدارکردنی ئامادەبووان لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا، هەموو ئەمانە سیمای گرینگن لە کۆڕ و سیمیناردا. ساڵی ١٩٥٦ کۆڕ بە بەرفرەوانی لە ناوچە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرا دەبەستران: لە واشنتۆن لە ١٥ی ئایار، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی، لە ٢١ی ئایار، لە زانکۆی مینیسوتا، لە ٤ی حوزەران، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٥. هێشتا شێوازێکی نوێ و ناباو بوو.

## پاشەکشە و دەستهەڵگرتن لە رێزلێنان

دواین لقی رێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە بریتییە لە هەندێ رەفتار تێیاندا خەڵک بۆ ماوەیەکی کورت، یان بەشێوەیەکی زۆر سنووردار، لە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوی باو

پاشەکشە دەکەن، یاخۆ دەست لە رواڵەتێکی رێزلێنانیان هەڵدەگرن. ئەم شێوانە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی هاوکارینەکردنیان تێدایە، بەتایبەت هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی. بەڵام سیمای خەسڵەتی هاوکارینەکردنەکە تێیاندا بەگشتی رەمزییە. ئەم رێگەیانە بەئەنقەست بەکار دێن لەپێناو دەربڕینی نارەزایی و قایلکردن.

## ١- کشانەوەی نارەزایی

لەوانەیە کۆمەڵە کەسێک، یان شاندێک یان تەنانەت تاکەکەسێک بە کشانەوەی خۆی لە کۆنگرە یان کۆبوونەوە یان دیدار یان گفتوگۆیەک پێش لە تەواوبوونی، نارەزایی سیاسیی خۆی دەربڕێ. ساڵی ١٩٢٠، بۆ نموونە، سەندیکاکانی رووسیا جموجووڵێکی بەرهەڵستکارانەی گرینگیان ئەنجام دا کە ئەندامانی حزبی شیوعی تێیاندا بەشدار بوون، ئەویش بەهۆی دەستگرتنی حکوومەت بەسەر سەندیکاکان و چالاکییەکانیاندا. ئەو بەرهەڵستکردنە لە کشانەوە لە (کۆمەڵەی گشتیی بەرفرەوانی لێژنەی ناوەندیی یەکگرتوو بۆ گواستنەوە)دا سەری هەڵدا کە لە کانوونی یەکەمدا بەسترا، "نوێنەرانی کرێکارانی شیوعی لە گواستنەوەی ئاوی و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی هێڵی ئاسن وەک نارەزایی هۆڵی کۆنگرەکەیان بەجێ هێشت".

لانی کەم لە دوو کۆبوونەوەدا مارشاڵ ویلهلم کیتل بەرپرسی فەرماندەیی باڵای ئەڵمانیا لەو کۆبوونەوەیە کشایەوە کە هیتلەر سەرۆکایەتی دەکرد، لەکاتێکدا بەوە ناسرابوو ملکەچی فەرمانەکانە. لە نیسانی ١٩٤٠ لە هۆڵی کۆبوونەوەکە کشایەوە کاتێ هیتلەر لەبەردەم ئەندامانی تری سەرکردایەتیدا سەرزەنشتی کرد پاش نارەزایی دەربڕینی کیتل لەسەر گواستنەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری نەرویجی داگیرکراو لە فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانەوە لەوێ بۆ جۆزێف تیربوڤن، کە بوو بە نێردەی رایخ.

جاری دووەمیش کاتێ بوو هیتلەر تووڕە بوو و رەتی کردەوە یاداشتێک وەربگرێ کە کیتل پێشکێشی کرد و تێیدا نارەزایی خۆی لە بەگژاچوونی یەکێتیی سۆڤیات دەردەبڕی و دەست لەکارکێشانەوەی پێشکێش کرد، ئەوەیش لە کۆتاکانی ئابی ١٩٤٠، کیتلیش "بەبێ ئەوەی یەک وشەیش بڵێ ژوورەکەی بەجێ هێشت".

## ٢- بێدەنگی

بێدەنگیی بەکۆمەڵیش وەک رێگەیەک بۆ دەربڕینی سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی بەکار هاتووە. لەوانە بێدەنگی رێگەیەکی بنچینەیی بێ بۆ دەربڕینی هەڵوێستێک، یان لەوانەیە وەک رێگەیەکی یارمەتیدەر بۆ رێگەیەکی تر بەکار بێ، وەک رێپێوان یاخۆ مانەوە لە ماڵ. لەو نموونانەی باسیان دەکەین ژمارەیەکیان لە ئەڵمانیاوەن.

لەکاتی ئەو کودەتایەی کاپ لە بەرلین لە ساڵی ١٩٢٠ پێی هەستا، دانیشتوانی شارەکە

نەکەوتنە ژێر کاریگەریی کەمینەیەک کە بەرگرییان لە دەست بەسەراگران دەکرد. کاتێکیش یەکێک لە لایەنگرە دڵگەرمەکانی کامپ لەسەر پردی بوتسدام وەستا و بە زمانێکی دوژمنکارانە دژ بە دەسەڵاتە شەرعییەکە قسەی دەکرد و نازناوی "شا ئیبرت"ی لە سەرکۆمار دەنا، خەڵک بەبێدەنگییەکی نووتەک وەڵامیان دایەوە. هەروەها لە ئەیلوولی ١٩٣٨ دانیشتوانی بەرلین کە دەیانزانی هەڵگیرسانی جەنگ لەدژی چیکۆسلۆڤاکیا لە ئانوساتدایە، بە بێزارییەکی ئاشکراوە پێشوازییان لەو نمایشەی هێزە چەکدارەکان لە ویلهلم ستراس کە هیتلەر ئامادەی بوو، کرد. هەندێکیان پەرش و بڵاو بوون و ئامادە نەبوون نمایشەکە ببینن، هەندێکی تریشیان بە "بێدەنگییەکی تەواو" وەستان".

لە ١٦ی حوزەیران خۆپیشاندانێک کە لانی کەم دوو هەزار کرێکاری لە بەرهەڵستکاران لەخۆ گرتبوو، بەبەردەم باڵیۆزخانەی نوێی سۆڤیات لە ئەنتردین لە لیندن لە بەرلینی رۆهەڵات بە بێدەنگی گوزەری کرد. پاش لەناوبردنی راپەڕینەکەیان، کرێکارانی کارگەی زیس لە جینا وەستان و گوێیان لە گوتار و بەڵگەکانی حزبی سۆشیالیستی یەکگرتوو گرت وەک ئەوەی "دیوارێک بن لە بێدەنگیی تووڕە و سەرسەخت".

لە ٢٢ی تشرینی یەکەم مەجەرییەکان خۆپیشاندانێکی بێدەنگیان ئەنجام دا لە پێناو گردبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانەی پۆڵۆنیا، ئەویش پاش ئەو پشێوی و شۆڕشەی پۆڵۆنیا بە خۆیەوە بینی. هەروەها لە قۆناغێکی دواتر و لە کاتی شۆڕشی مەجەریدا لە ساڵی ١٩٥٦ لە چەندان ناوچەی بۆدابێست، دانیشتوان لەنێوان سەعات یەک و دووی پاش نیوەڕۆدا بۆ ماوەی سەعاتێک بێدەنگ دەبوون. خەڵک دوای ئەوەی لەڕێی پۆستەر و بڵاوکراوە یان بە راستەوخۆ ئاگەدار دەکرانەوە، هەموو بەپەلە لەکاتی دیاریکراودا دەگەڕانەوە ماڵەکانیان، یان روویان دەکردە نێزیکترین ماڵەکان و شەقامەکانیان بۆ ماوەی سەعاتێک چۆڵ دەکرد.

لە ئینگلتەرا رێپێوانی درماستۆنی یەکەم لە ئاداری ١٩٥٨ دەستی پێ کرد و هەشت هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، لە دووریی میلێک لە بارەگای دامەزراوەی توێژینەکانی چەکی ناوکی هەموو بێدەنگ دەبوون.

ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەیەک بانگەوازێکی بۆ ئافرەتانی مەدرید بڵاو کردەوە لەپێناو هاوهەڵوێستیکردن لەگەڵ دەیان هەزار کرێکاری مانگرتوو لە کانەکانی ئەستوریاس لە هەرێمی باسک و هەندێ ناوچەی تری ئیسپانیا. لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ ئافرەتان روویان کردە گۆڕەپانە مێژووییەکەی پویرتا دل سول لە ناوەڕاستی مەدرید بەمەبەستی پێشکێشکردنی "پاڵپشتیی بێدەنگ". یەک یەک و دوو دوو بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسووڕانەوە. هێزەکانی ئاسایش بەبێ ئاژاوەگێڕی ٧٠ ئافرەتیان گرت، کە لەنێو گیراوەکاندا ئافرەتانی دیار و هاوسەری کەسایەتیی گرینگیان تێدا بوو. رۆژی دوای ئەوە، پاش ئەوەی لەنێوان هەزار و پێنجسەد تا بیست هەزار بیزیتا غەرامە کران ئازادیان کردن.

کاتێ خەباتکارێکی کوبی لە کۆنگرەی بیست و سێیەمینی حزبی شیوعیدا لە مۆسکۆ، رای گەیاند پشتگیری لە بەرگەگرتنی هەموو مەترسییەک دەکا لەپێناو چۆکدادان بە ئەمەریکا لە ڤێتنام، گوتارەکەی لەبری چەپڵەڕێزان بە بێدەنگبوون پێشوازی لێ کرا.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٤دا زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی ژمارەیەک دیداری بۆ گوتاری ئازاد رێک خست. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ژمارەیەک لە قوتابییانی نەیاری بزووتنەوەی گوتاری ئازاد دەستیان دایە تەنگاوکردنی کۆبووەکان و گێچەڵ پێکردنیان بە تێگرتنی هێلکە و قنگەجگەرەی داگیرساوەوە. کۆبووەکان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی وەڵامی دەستدرێژیکارەکانیان دایەوە، پاش ٤٥ خولەک لە ئاڵۆسکاندن ئاژاوەچییەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

بێدەنگیی لە تایبەتمەندییە بنچینەیییەکانی پرسەگێڕان بوو بۆ جان پالاش، ئەو قوتابییەی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ وەک نارەزایی لەدژی داگیرکەری رووسیا خۆی سووتاند. لێژنەی کاری قوتابییان ئەم بانگەوازەی ئاراستە کرد: "لەم هەلومەرجەدا، بێدەنگیی تەواو باشترین رێگەیە لەرێیەوە هەستی راستەقینەی خۆمان دەربڕین". رێورەسمی ماتەمگێرانەکەیشی بە "بێدەنگیی رەها و دامەزراوی" وەسف کرا. دەنگی زەنگی چەندان کڵێسا لە هەموو لایەکی شارە هێمنەکەوە دەبیسترا".

### ٣- دەستبەرداربوون لە رواڵەتەکانی رێزلێنان

مرۆڤ بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوونی خۆی بەوانی تر دەستبەرداری هەندێ رواڵەتی رێزلێنانی تایبەت بە خۆی دەبێ کە ئەو حکومەتەی ئۆپۆزسیۆن کردوویەتییە ئامانجی هەڵمەتەکانی، پێی بەخشیوە، یان لە هەندێ رواڵەتی رێزلێنانی نوێ کە حکومەت خۆی پێشکێشی دەکا، وەک دەستهەڵگرتنی خۆویستانە لە هەندێ نازناوی رێزلێنان و میدالیا و پێگەی فەخری، یان وازهێنان لە هەندێ کۆمەڵەی گرینگ کە پێوەندیی توندوتۆڵی بە رێڕەوی دژبەرەکەیەوە هەیە. لەوانەیە ئەم دەستبەرداربوونە قوربانیدانێکی خودی بێ لەپێناو کێشەکە و ئامرازێکیش بێ بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی حکوومەت.

لە ماوەی ئەو ململانە ناتوندوتیژانەی هندستان بەخۆیەوە بینی، ژمارەیەکی زۆر لە سەرانی سیخ بڕیاریان دا میدالیا جەنگییەکانیان بگێڕنەوە، هەروەها هەزاران هندی تریش بڕیاریان دا دەستبەرداری نازناوەکانیان بن. شاعیری شەهید رابندرانات تاغوور دەستی لە نازناوی شۆڕەسواری بەریتانیایی هەڵگرت.

هەروەها لەکاتی بەرەنگاریکردنی نیشتمانیی کۆریدا بۆ حوکمڕانیی ژاپۆنی لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠، ژمارەیەک لە کۆرییەکانیش دەستبەرداری هەندێ نازناوی خانەدانانە بوون کە ژاپۆنییەکان پێیان بەخشیبوون.

برتراند راسڵ میدالیای ئاشتیی کارل ڤون ئۆسیتزکی گێڕایەوە کە لە لێژنەی ئاشتی لە ئەڵمانیای رۆهەڵات لە ساڵی ١٩٦٣ پێی بەخشیبوو، ئەویش لەبەرئەوەی بەرپرسانی ئەڵمانیای رۆهەڵات رازی نەبوون هاینز برانت ئازاد بکەن کە ماوەیەکی زۆر بەسەر بەندکردنەکەی لەلایەن نازی و شیوعییەکاندا تێپەڕیبوو.(رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دواتر نازناوی "زیندانیی ساڵ"ی لە برانت نا).

**٤- پشت تێکردن:**

لەوانەیە هەندێ جار هەڵوێستی دەربڕینی نارەزایی بە بێدەنگبوون بەوە زیاتر جەختی لێ دەکرێ کە کەسێک (لەحاڵەتی دانیشتن یان بەپێوە وەستان) پشت دەکاتە دژبەرەکە یان ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی دەکەن، بۆ نموونە هاچنسۆن حاکمی کەنداوی مەساچوسیتیس لە ساڵی ١٧٧١ رای گەیاند کە رۆژێکی رۆژووگرتن و نوێژ کردن زیندوو دەکاتەوە. لە راگەیاندنەکەدا داوا کرابوو سوپاسگوزاری بکرێ لە پێناو "بەردەوامیی ئیمتیازاتەکانمان". رادیکاڵەکان ئەو قسەیەیان بە سووکایەتییەکی زەق لەقەڵەم دا، لەبەرئەوەی بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پاڵپشتیی سیاسەتی بەریتانیا دەکا. دەبوو راگەیاندنەکە لە کڵێساکاندا بخوێنرێتەوە، بەڵام فیلیپ دایڤتسۆن نووسیویەتی و دەڵێ: تەنیا دکتۆر پیمبرتۆن لە چاودێرانی ئەبرەشییەکانی بۆستن راگەیاندنەکەی خوێندەوە، ئەوەیش لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە حاکمەکە ئەندام بوو لە ئەبرەشییەکەیدا. رووبەڕووی شەرمەزارییەکی گەورە بوویەوە لەبەرئەوەی زۆر لە ئامادەبووان پشتیان تێ کرد، یان بیناکەیان بەجێ هێشت.

پاش ئەو رووداوە درامییانەی شۆڕشی ئەڵمانیای رۆهەڵات لە ١٦ و ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣ بەخۆیەوە بینی، کرێکارە مانگرتووەکان لە بەرلینی رۆهەڵات لە ١٨ی حوزەیران گەڕانەوە بۆ کانەکانیان، بەڵام رازی نەبوون دەست بەکار بکەنەوە. "لەبەردەم ئامێر و مێزەکانی کارکردندا وەستان و پشتیان کردە بەرپرسە حیزبییەکان".

ئەم رێگایانەی دوایی وازهێنانێکی رەمزی لە هاوکاریکردن لەگەڵ دژبەر بەرجەستە دەکەن، بەڵام زۆرینەی رەهای رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە شێوە-کاری گرینگترن، چونکە خەڵک لەڕێیەوە رازینەبوونیان بە جۆرێکی دیاریکراو لەو هاوکارییەی نوێ لەگەڵ دژبەرەکان دەردەبڕن، یاخۆ دەستبەرداری جۆرێکی دیاریکراو لە هاوکاری دەبن کە پێشتر پێوەی پابەند بوون.

لە ٢٢ی تشرینی یەکەم مەجەرییەکان خۆپیشاندانێکی بێدەنگیان ئەنجامدا لە پێناو گردبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانەی پۆڵۆنیا، ئەویش پاش ئەو پشێوی و شۆڕشەی پۆڵۆنیا بە خۆیەوە بینی. هەروەها لە قۆناغێکی دواتر و لە کاتی شۆڕشی مەجەریدا لە ساڵی ١٩٥٦ لە چەندان ناوچەی بۆدابێست، دانیشتوان لەنێوان سەعات یەک و دووی پاش نیوەڕۆدا بۆ ماوەی سەعاتێک بێدەنگ دەبوون. خەڵک دوای ئەوەی لەڕێی پۆستەر و بڵاوکراوە یان بە راستەوخۆ ئاگەدار دەکرانەوە،

هەموو بەپەلە لەکاتی دیاریکراودا دەگەڕانەوە ماڵەکانیان، یان روویان دەکردە نزیکترین ماڵەکان و شەقامەکانیان بۆ ماوەی سەعاتێک چۆڵ دەکرد.

لە ئینگلتەرا رێپێوانی درماستۆنی یەکەم لە ئاداری ١٩٥٨ دەستی پێ کرد و هەشت هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، لە دووریی میلێک لە بارەگای دامەزراوەی توێژینەکانی چەکی ناوکی هەموو بێدەنگ دەبوون.

ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەیەک بانگەوازێکی بۆ ئافرەتانی مەدرید بڵاو کردەوە لەپێناو هاوهەڵوێستیکردن لەگەڵ دەیان هەزار کرێکاری مانگرتوو لە کانەکانی ئەستوریاس لە هەرێمی باسک و هەندێ ناوچەی تری ئیسپانیا. لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ ئافرەتان روویان کردە گۆڕەپانە مێژووییەکەی پویرتا دل سول لە ناوەڕاستی مەدرید بەمەبەستی پێشکێشکردنی "پاڵپشتیی بێدەنگ". یەک یەک و دوو دوو بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسووڕانەوە. هێزەکانی ئاسایش بەبێ ئاژاوەگێڕی ٧٠ ئافرەتیان گرت، کە لەنێو گیراوەکاندا ئافرەتانی دیار و هاوسەری کەسایەتیی گرینگیان تێدا بوو. رۆژی دوای ئەوە، پاش ئەوەی لەنێوان هەزار و پێنجسەد تا بیست هەزار بیزیتا غەرامە کران ئازادیان کردن.

کاتێ خەباتکارێکی کوبی لە کۆنگرەی بیست و سێیەمینی حزبی شیوعیدا لە مۆسکۆ، رای گەیاند پشتگیری لە بەرگەگرتنی هەموو مەترسییەک دەکا لەپێناو چۆکدادان بە ئەمەریکا لە ڤێتنام، گوتارەکەی لەبری چەپڵەڕێزان بە بێدەنگبوون پێشوازی لێ کرا.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٤دا زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی ژمارەیەک دیداری بۆ گوتاری ئازاد رێک خست. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ژمارەیەک لە قوتابییانی نەیاری بزووتنەوەی گوتاری ئازاد دەستیان دایە تەنگاوکردنی کۆبووەکان و گێچەڵ پێکردنیان بە تێگرتنی هێلکە و قنگەجگەرەی داگیرساوەوە. کۆبووەکان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی وەڵامی دەستدرێژیکارەکانیان دایەوە، پاش ٤٥ خولەک لە ئاڵۆسکاندن ئاژاوەچییەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

بێدەنگیی لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی پرسەگێڕان بوو بۆ جان پالاش، ئەو قوتابییەی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ وەک نارەزایی لە دژی داگیرکەری رووسیا خۆی سووتاند. لێژنەی کاری قوتابییان ئەم بانگەوازەی ئاراستە کرد: "لەم هەلومەرجەدا، بێدەنگیی تەواو باشترین رێگەیە لە رێیەوە هەستی راستەقینەی خۆمان دەربڕین". رێورەسمی ماتەمگێڕانەکەیشی بە "بێدەنگیی رەها و دامەزراوی" وەسف کرا. دەنگی زەنگی چەندان کڵێسا لە هەموو لایەکی شارە هێمنەکەوە دەبیسترا".

# بنەواکانی ڕۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیڵ کۆڤاچ و تۆم ڕۆزێنستیڵ

بەشی حەوتەم

---

بەشی نۆیەم

### هەواڵەکە گشتگیر و هاوسەنگ بکە

ڤاڵێری کرێین، سەرۆکی ریسێرچ کامیونیکێیشن لیمیتد لە فلۆریدا حەز دەکات، ئەم چیرۆکە لەبارەی چۆنییەتیی نەخوێندنەوەی جەماوەر بگێڕێتەوە، چیرۆکەکە لەبارەی سەرۆکی لێکۆڵینەوەی بازاڕییە لە تۆڕێکی تەلەڤزیۆنیی سەرەکیدا، کەسێک کە داوای لێ کرا ئەم پرسیارە لە گردبوونەوەیەک لەگەڵ گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر و بینەرانی گەنجدا ئاڕاستە بکات، "ئاخۆ نەریتی گەورەی دواتر بۆ گەنجان چی دەبێت؟".

لێکۆڵەرەکە هەستی کرد ئامرازی وەک لێکۆڵینەوە بە ڕاپرسی، سایکۆگرافیکس و گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوی خەڵک بەرامبەر بە شتەکان دەتوانرێت بەکار بهێنرێت. تۆ هەروەها دەتوانی ئەوانە بەکار بێنیت بۆ تێگەیشتن لەوەی خەڵک چۆن ژیان دەگوزەرێنێت و چۆن میدیا بەکار دێنێت. بەڵام ئەوانە ناتوانرێت بەکار بهێنرێت، یان لانی کەم نابێت بەکار بهێنرین، بۆ ئەوەی شوێنی هەڵسەنگاندنی پیشەییانە بگرنەوە.

بەڵام سەرۆکەکان دەیانویست پرسیارەکە بکرێت، بۆیە لێکۆڵەرەکە بەدڵگرانییەوە تەماشای سەرۆکی گرووپی هەڵسەنگاندنی کرد، کە پرسیارەکەی ئاراستەی هەرزەکارانی گردبووە لە دەوری مێزەکەی ئەوبەر ئاوێنەی یەک بەر کرد "بەڕای ئێوە نەریتی گەورەی دواتر بۆ گەنجان چی دەبێت؟".

......................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

لە بەختی ئەو وەڵامەکە هات "مەبەستت چییە، نەریتی دواتر چی دەبێت؟ ئێمە پشت بە ئێوە دەبەستین بۆ ئەوەی پێمان بڵێن نەریتی گەورەی دواتر چی دەبێت".

ئەگەر بنەمای تێکەڵکاری و پێوەستیبوون یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ چۆن ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرتر دەتوانن دەست بهاوێنە هەواڵەکانەوە، ئەو بنەوایەی دواتر دێت دەڵێت کام هەواڵانە ڕوومال بکرێن.

هەواڵ چییە؟ بە لەبەرچاوگرتنی مەودا و کات و سەرچاوەکانەوە،چ شتێک گرینکە و کامە ناگرینگە، چ شتێک دەبێت لەناو هەواڵدا بهێڵرێتەوە و چ شتێک دەبێت دەربهێنرێت؟ لە سەردەمی بێ سنوورایەتیی ئینتەرنێتدا کێ زیندوو دەمێنێتەوە؟ ئەم پرسیارانە زانیاریی لەبارەی ئەو بنەمایەی هەشتەمەوە دابین دەکەن، کە هاووڵاتییان لە چاپەمەنیی داوای دەکەن:

پێویستە ڕۆژنامەنووسان هەواڵەکە گشتگیر و بەراوردی بکەن. بەڵام چۆن؟ لە سەردەمی دۆزینەوەدا نەخشەکێشی بەهەمان ڕادەی زانستبوونییەوە هونەریش بوو. ئەو پیاوانەی بەسەر کاغەزی پێستە هەڵدەوەستان و ڕەشنووسی وێنەکانی جیهانی فرەوانبووەیان دەکێشایەوە دەیانتوانی کارێکی تاڕادەیەک ورد لە نەخشەکێشانی ئەوروپا و تەنانەت دەریاکانی هاوسێیەوە ئەنجام بدەن. بەڵام لەبارەی ڕۆئاوا و جیهانی نوێ (ئەمەریکا)، بۆ ئەو هەرێمانەی، کە بەو شێوەیە گریان لە هزری خەڵکی بەردەدا، ئەوان زیاتر مەزەندەیان دەکرد، ئاخۆ چ شتێک لەوێ هەیە؟ زێڕ؟ تاڤگەکانی گەنجێتی؟ کۆتاییی جیهان؟ دێوەکان؟ قەبارەی کیشوەرە دوورەکانی ئەوان دەیانکێشانەوە بەگوێرەی ئەو جەماوەرەی پێیان وابوو ڕەنگە هێڵکارییەکان بکرن، دەئاوسا و دادەچووەوە. لە زەریای یەکجار دوورەدەستی ئارامدا ئەوان وێنەی دێوی دەریایی، ئەژدیها یان نەهەنگی زلیان دەکێشا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو شتانەی نەیان دەزانین. چەندی دێوەکانیان سەرنجڕاکێشتر و بەسامتر بوونایە، بەهەمان ڕادەش کانەکانی زێڕ و ئەو هیندییانەی مەزندەیان دەکردن، سەیرتر و بەهەمان ڕادەش نەخشەکانیان زیاتر دەفرۆشران و ناوبانگیان وەک نەخشەکێش گەشەی دەکرد. جۆش و خرۆش نەخشە گشتییەکانی بەرهەم هێنا، هەرچەندە نەخشەکان ڕێنوێنی لاواز بوون بۆ دۆزینەوە یان تێگەیشتن.

ڕۆژنامەگەری نەخشەکێشیی سەردەمییانەی ئێمەیە. نەخشەیەک بۆ هاووڵاتییان دادەهێنێت بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا بسووڕێنەوە. ئەمە سوودەکەیەتی و هۆکاری ئابوورییە بۆ هەبوونی، ئەم چمکەی نەخشەکێشی یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسەی ئاخۆ ڕۆژنامەوانی بەرپرسە لە ڕوومالکردنی چ شتێک. بە وێنەی هەر نەخشەیەک، نرخی ڕۆژنامەوانیش دەوەستێتە سەر تەواوبوون و بەراوردیبوونەکەی. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ دادگەییەکی بەجۆش یان ڕیسوایی ناودارێک کات و مەودایەکی پتر لەوە تەرخان دەکەن، کە پێیان وایە شایەنییەتی- لەبەرئەوەی پێیان وایە هەواڵەکە بازاڕی دەبێت- وەک ئەو نەخشەکێشانەن، کە بەریتانیا و ئیسپانیایان بەهەمان قەبارەی گریڵەند کێشاوە، چونکە جەماوەر وای دەویست. ڕەنگە ئەوە مەبەستی ئابووریی

کورت مەودا بپێکێت، بەڵام گەشتیاران بەلاڕێدا دەبات و لە دواییدا ناوبانگی نەخشەکێشەکە لەناو دەبات. ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئەو شتە دەنووسێت کە " تەنیا پێی ڕاستە" بەبێ ئەوەی لەڕاستیدا سەرەتا لێی دڵنیا ببێتەوە، وەک ئەو هونەرمەندەیە، کە دێوەکانی دەریای لە سووچە دوورەکانی جیهانی نوێدا کێشا. ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەشێکی زۆری هەواڵەکانی تر لە پرۆسەکەدا دەردێنێت، وەک ئەو نەخشەکێشەیە، کە ناتوانێت باسی هەموو ئەو شەقامانەی تری سەر ڕێگە بۆ گەشتیاران بکات.

بیرکردنەوە لە ڕۆژنامەوانی وەک نەخشەکێشی یارمەتیمان دەدات بەراورد و گشتگیربوون بەکلیلی ڕاست و دروستی بزانین. ئەمەش مەوداکەی لەسەرووی تاقە هەواڵێکە. لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەک، ماڵپەڕێک یان بڵاوکراوەیەکی هەواڵی، کە بەپێز و سەرنجڕاکێشە، بەڵام بەهەر پێوەرێکی ماقووڵەوە هیچ شتێکی بەنرخی تێدا نییە، شێواندنە. لەهەمان کاتدا هەواڵێکی ڕۆژ کە تەنیا بابەتی ڕاستەقینە و گەورەی تێدایە، بەبێ گوڕوتین یان هەست، بەهەمان ڕادە ناهاوسەنگە.

بەئاشکرا سنوورەکانی کات و سەرچاوە بەو مانایەن هەواڵکاران ناتوانن هەموو شتێک ڕووماڵ بکەن، بەڵام ئێمە وەک هاووڵاتی دەتوانین ئەم پرسیارانە بکەین: ئاخۆ ئێمە تەواوی کۆمەڵگە لەناو گوزارشتەکەدا دەبینین؟ ئاخۆ من خۆم دەبینم؟ ئاخۆ گوزارشتەکە تێکەڵەیەکی بەراوردیی ئەو شتەی تێدایە، کە خەڵک یان بەسەرنجڕاکێش یان بەگرینگی دادەنێت؟

## بۆچوونی هەڵە لە بەئامانجکردنی دیموگرافییەکاندا

چمکی نەخشەکێشییەکە هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باشتر لە بیرۆکەی جۆرەوجۆریتیی هەواڵ تێ بگەین. ئەگەر ئێمە ڕۆژنامەوانی بەنەخشەکێشییەکی کۆمەڵایەتی دابنێین، نەخشەکە پێویستە هەواڵی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێدا بێت، نەک تەنیا ئەوانەی خاوەن دیموگرافیای سەرنج ڕاکێش یاخۆ پەلکێشییەکی بەهێزن بۆ ڕیکلامکاران. ئەگەر بەپێچەوانەوە کارەکە بکرێت نەخشەی وا دروست دەبێت، کە ناوچەی تەواوی لەناودا بزرە.

بەداخەوە دەرکەوتووە ئەمە بنەمایەکی سەختە بۆ پابەندبوون پێی. وەک لە بەشی سێیەم لەبارەی دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییاندا باسمان کرد، دامەزراوەی هەواڵی لە ١٩٨٠کاندا دەستیان کرد بە پڕژانە سەر خوێنەری دەوڵەمەندتر، ئەمەش لێکدانەوەیەکی تۆزێک پتر هەڵدەگرێت لە چوارچێوەی بەراوردبووندا. پاش ٢٥ ساڵ لە لەدەستدانی جەماوەر و ڕیکلامکارانی تەلەفزیۆن و میدیاکانی تر، ڕۆژنامەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن سنووری سەرەکی هەن بۆ تیراژی ڕێ تێچوویان لە سەردەمی ڤیدیۆدا، لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکان ئامرازێکی گونجاوترن بۆ کەسانی باشتر پەروەردەکرا. هۆکارێکی سەرەکیی دووەم پێوەندیی بەتێچووەکانەوە هەبوو، ڕۆژنامەنووسەکان هەر ڕۆژنامەیەکیان بە زەرەر دەفرۆشت. ئەو ٢٥ سەنت یان تەنانەت یەک دۆلارەی دەدرێت بەئەستەم

قەرەبووی تاکە بەبەشێکی تێچووەکانی هەواڵنێری و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەر کۆپییەک دەکاتەوە، پاشماوەکەی لە سوودەکانی ڕیکلامکردنەوە دێت. کۆپیی هەر ڕۆژنامەیەکی فرۆشراو بەو خوێنەرانەی بەدڵی ڕیکلامکارانەوە نەبوون، لە ڕاستیدا پارەی تێ دەچوو. بازرگانیی ڕیکلامکردنیش بڕیاری دا ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە چینی سەرەوە بەکار بێنێت. بازرگانییەکە میدیاکانی تر بەتایبەتیش تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی بۆ گەیشتن بەجەماوەری کرێکار بەکار دەهێنا.

لە دواییدا ستراتیجەکانی کاری ڕۆژنامەیی گەیشتە ئەو باوەڕەی ئامانجکردنی تیراژەکە لەسەر زەنگینەکان نەک تەنیا پێویستی، بگرە کردەوەیەکی ڕەوایە. مەزندەی تێچووەکان بەگوێرەی هەر کۆپییەک و سوودەکەش بەپێی هەر ئابوونەدەرێکەوە لەژێر ناوی کارایی ئابووری، دەرکەوت بەدڵی هەموو کومەڵگە نییە. پشتگوێخستنی گەڕەکی دیاریکراو هەروەها بەمانای وەبەرهێنان نەکردنی چڕ بۆ ڕووماڵکردنیان بوو.

مشتومڕکردن لەگەڵ ئابووری یان تەنانەت- بەلەبەرچاوگرتنی لەدەستدانی جەماوەری تەلەڤزیۆن- ئەو بیرۆکەیەی، کە ئەم جەماوەرە ناگەڕێتەوە، سەخت بوو بەرهەڵستیکردنی ئەو نەریتە بەمانای باوەڕهێنان بوو بەو ستراتیجییە دوورمەودایەی وۆڵ ستریت و بەشی زۆری بۆچوونی کۆن لەگەڵی ناکۆک بوون.

تەلەڤزیۆنیش ڕێگەیەکی هاوشێوەی گرتە بەر بەتایبەتیش پاش ئەوەی وێزگەی زیاتر هەواڵیان بەرهەم هێنا و بەشی هەر کەسێکیان لە هەواڵ کەم کردەوە. پاڵەپەستۆکە چڕتر بووەوە، بەهۆی ئەو ڕاستییەی وێزگەکان و وۆڵ ستریتیش لە قازانجێکی گەورە لە هەواڵەکان ڕاهاتبوون، کە زۆربەی جار پتر لە ٤٠٪بوو. لە پێناو پاراستنی بودجە، وێزگەکان هەواڵنێری بەشێوەیەکی سەرسوڕمێنەر کەمیان هێشتەوە و داوایان لە زۆربەیان دەکرد لانی کەم ڕۆژانە هەواڵێک بەرهەم بێنن. ڕووماڵکردنی تەواوی کۆمەڵگە ئەستەم بوو، لە جیاتی هەواڵ پڕژێنرابووە سەر دڵخوازترین پێکهاتە- ژنانی گەنجتر.

تێپەڕینی کات، دیتنی کێشەی ڕژدی لۆجیکی ئابووریی بۆ بەئامانجکردنی دیموگرافییەکان ئەستەم دەکات، کێشەکە ئەوەیە ئەو جەماوەرە نوێیانەی بەرەبەرە لە کۆتاییی ١٩٧٠کان پشتگوێ خران، ئەو کۆمەڵگەکانی ئەو کۆچبەرانەی بوون، کە شارەکانی ئەمەریکایان گۆڕی و بەردەوام گەورەتر دەبوون، ئەمە دەقاودەق ئەو جەماوەرە بوو کە سەد ساڵ لەمەوبەر کۆڵەکەی سەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی بوو. پولیتزر و سکریپس و بارۆنەکانی تری چاپەمەنی نرخی یەک پێنی ئەم کۆچبەرانەیان کردە پێکهاتەی سەرەکیی جەماوەرکەیان، نووسینەکانیان سادە بوو بۆ ئەوەی کۆچبەرەکان بتوانن سەری لێ دەربکەن، لاپەڕەکانی نووسیاری فێری دەکردن چۆن ببن بەهاووڵاتی. ئەمەریکاییە نوێیەکان شەوانە کۆ دەبوونەوە بۆ باسکردنی شتەکانی ڕۆژنامەکان یان بۆ خوێندنەوەیان بۆ یەکتری و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە گرینگەکانی ڕۆژ.

کاتێک کۆچبەرانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠ەکان زیاتر بەئەمەریکی کران، ڕۆژنامەکان لەگەڵیان گۆڕان و زیاتر بوون بە هی چینی ناوەڕاست و ئەدەبیانەتر بوون. نیویۆرک وێرڵدی ١٩١٠ ڕۆژنامەیەکی زۆر مەتینتر بوو لە وێرڵدی ٢٠ساڵ پێش خۆی.

هەشتا ساڵ دواتر پیشەسازیی ڕۆژنامەوانی، کە ئێستەکە ئەوەندە گرێدراوی کاراییی ئابوورییە، هەر هەمان وەبەرهێنانی نەکرد و پێوەندییەکی لەگەڵ نوێترین ئەمەریکاییەکان پێک نەهێنا، بەو شێوەی یەک سەدە لەمەوبەر کردی.

هەروەتر کاتێک ڕۆژنامەوانی خۆی کرد بەئامانج بۆ بەتەنیا زەنگینترین دیموگرافییەکان وەبەرهێنانێکی ئەوتۆی بۆ گەنجترین ئەمەریکاییەکان نەکرد. هەواڵەکان درێژ و دەسکرد بوون و زۆربەی جار بۆ تێگەیشتن داوای پلەی کۆلێجیان دەکرد، ڕەخنەگرانی وەک ستێڤان هێسی پەیمانگەی بروکینگز بەرەبەرە باسیان لەوە دەکرد ڕۆژنامەنووسان بۆ سەرچاوەکانیان هەواڵ دەنووسن.

لە تەلەڤزیۆندا جەختکردنەوە لەسەر تاوان، هەروەها پەرۆشی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە شتێک، کە خێزان بۆ دیتنی کۆ دەبووەوە، گۆڕی بۆ شتێک، کە دایک و باوک منداڵانی خۆیان لێ دەپاراست، لەژێر ناوی کاراییی و قازانجەوە، ئێمە هیچ شتێکمان بۆ نەکرا لە پێناو دروستکردنی نەوەیەکی نوێی تامەزرۆ بۆ هەواڵ، ئەمڕۆ زانیاری لەبارەی جەماوەرە لەسەر ئینتەرنێت دەری دەخات، کەسانی گەنج حەزیان لە هەواڵە، بەڵام نەک بە هیچ کام لە فۆڕمە کۆنەکانی پێشکێشکردنی بەهۆی تەکنۆلۆجیای کۆنەوە. هەرچەندە هەمووی سووچی کاری هەواڵی نییە، بەڵام کارەکە لە ڕاستیدا ستراتیجییەکی بازرگانیی هەبوو بۆ خولقاندنی کڕیارانی ناهەواڵی.

ئەرکی گەیشتن بەسەرجەم کۆمەڵگە بێگومان لە ١٩٩٠ەکاندا لەچاو ١٨٩٠ەکان سەختتر بووە، رکابەرێتی لەسەر کاتی خەڵک یەکجار چڕتر بووەتەوە و هەمەچەشنێتیی کولتوورەکان ڕەنگاوڕەنگتر بووە، لەچاو سەتەیەک پێشتر، کە کۆچبەران بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەورووپاوە دەهاتن. بەڵام ئێستەکە سەرچاوەی زیاتری زانیاری هەبوون بۆ هەڵبژاردن و دامەزراوە هەواڵییەکان بەهەڵە وای بۆ چوون جەماوەری کۆچبەر کاتێک "دەکرێن بەئەمەریکی" بۆ ڕۆژنامەکان کێش دەبن.

لە میامیدا هێراڵد لە تێگەیشتن لەوەی جەماوەر ڕوو لە هێراڵد ناکات و هێراڵد پێویستە لێیان بچێتە پێشەوە دوا کەوت، لە ئەنجامدا ڕۆژنامەکە دابەزینێکی زەقی لە تیراژەکەی بەخۆوە دیت تا ئەو کاتەی گۆڕینی دیموگرافییەکان و پێویستیی ڕۆژنامەکە بۆ کاردانەوە روون بووە، تیراژی ڕۆژنامەکە لە پتر لە ٤٣٥٠٠٠ لە ١٩٨٤ بۆ ٣٥٧٠٠٠ لە ١٩٩٩ دابەزی. داهێنەرایەتیی وەک چەندان ڕۆژنامە، لەوانەش ئێل نوڤۆ هێراڵد و ئای یۆ! (هەفتەنامەیەک بۆ گەنجان) دەستیان پێ کرد. بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە کۆتاییی سەتەدا تیراژی بەیەکەوەی هێراڵد و ئێل نوڤۆ هێراڵد بووە ٤٣٧٠٠٠– کە زیاتر بوو لە لووتکەی تیراژی هیراڵدی کۆن. لە ٢٠٠٥دا تیراژی

بەیەکەوەیی ڕۆژنامەکانی میامی، وەک لە ساڵنامەی نووسیاران و خاوەن ئیمتیازەکاندا هاتووە، بووە ٤٠٥٦١٨.

ئاخۆ دەکرا پێچەوانەکەی روو بدات؟ ئاخۆ ڕۆژنامەوانی دەیتوانی ڕێگری لەم دابڕانە لەگەڵ جەماوەری بەرفرەوانتر بکات و سەرکەوتووانە بگاتە جەماوەرێکی جۆرەوجۆرتر و جەماوەرێکی گەنجتر؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەمە سەختە، بەڵام تا کۆمپانیا هەواڵییەکان دیموگرافیی دەستەبژێر و کارایییان لە تێچوون کردبووە ئامانج، پیشەسازییەکە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی بۆ ئەمانە نەدا. یان کاتێک کۆمپانیاکان هەوڵیان دا، وەک لە حاڵەتی میامیدا، زۆر درەنگ بوو. چمکی نەخشەکێش هەڵەکە دەردەخات. ئێمە نەخشەیەکمان بۆ کۆمەڵێک گەڕەکی دیاریکراو کێشاوە نەک هەموویان. ئەوانەی نەیانتوانیوە بەناو ئەو شوێنەی تێیدا دەژین، بسوورێنەوە وازیان لە نەخشەکە هێناوە.

ئەو بڵاوکراوە هەواڵی و ڕۆژنامانەی کۆمەڵگە گشتییەکانیان پشتگوێ خست، هەروەها کێشەیان بۆ ئەو کۆمەڵگانەش دروست کرد، کە لە خزمەتیاندا بوون. سەرەتا بەهێشتنەوە جەماوەرەکەیان بەزانیارییەکی کەمەوە، چونکە بەشێکی زۆری زانیاری دەرهێنرابوو، ئەمەش هاووڵاتییانی تووشی بڕیاردانی لاواز سەبارەت بە نەریتە هاوسەردەمییەکان و پێویستییەکانیان دەکرد. لە دواییدا ستراتیجەکە مەترسیی لەسەر بژێوی دامەزراوە هەواڵییەکە هەبوو، دامەزراوەیەک، کە گەورەترین پێویستیی بەهاووڵاتییانی ئامەزرۆوە هەیە، بەگوتەی بەپێزی جۆن مۆرتۆنی شرۆڤەکاری وۆڵ ستریت "ئێمە تۆی خۆمان خواردبوو".

لەگەڵ فەرامۆشکردنی کۆمەڵگە گشتییەکان، هەروەها کێشەی پێچەوانەی پێدانی وردەکاریی یەکجار زۆریش بۆ ئەو گرووپە دیموگرافییە هەبوو، کە ڕۆژنامەوانی لەخزمەتیدا بوو، هەواڵەکان درێژتر و فرەتر بوون، هەرچەندە بەشێکی بچووککراوەتری جەماوەریان بەئامانج کردبوو. ڕۆژنامەکان جاری وا هەبوو پتر لە سەد لاپەڕە دەبوون و ڕەنگە ڕۆژێکی تەواو بۆ خوێندنەوەیان پێویست بوایە. لەسەر تەلەڤزیۆن بەئامانجکردن کاریگەرییەکی هاوشێوەی هەبوو، بۆ نموونە بەرنامەکانی ڕۆژانەی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی لەبارەی تەندروستی، کە هەر لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکییان چەندێ سەرەتاییش بوایە، ڕووماڵ دەکرد، وێ دەچوو پتر لەوەی هاووڵاتییان ئاگادار بکەنەوە سەریان لێ بشێوێنن.

هەڵەکە ڕەنگە چاک بکرێتەوە. بەڵام پێویستە ڕۆژنامەوانی بەخێرایی کار بکات بۆ ئەوەی ڕێگەکانی خزمەتکردن بەکۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکان- کە بەشێکن لە کۆمەڵگەی گەورەتر- بدۆزێتەوە، هەروەها بەڵگە هەیە، کە هاووڵاتییانیش هاوڕان. لەوەتەی ١٩٩٨ەوە بۆ ماوەی چەندان ساڵ پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا لێکۆڵینەوەی لەوە کردووە چ جۆرە هەواڵێکی تەلەڤزیۆنیی ناوخۆیی جەماوەرکێشە. تیمێکی پلاندانی پێکهاتوو لە شارەزایانی هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی ناوخۆیی ڕووماڵکردنی گشت کۆمەڵگەیان بە گرینگترین ئەرکی وێزگەیەکی هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی لەقەڵەم دا.

زانیارییەکە دەری خست بینەرانیش هاوڕان. ئەو وێزگانەی کۆمەڵە بابەتێکی زیاتریان گوزارشت دەکرد، ئەگەری دروستکردنی جەماوەر یان ڕاگرتنی جەماوەریان پتر بوو لەوانەی بەم شێوەیە نەبوون.

## سنوورەکانی لێکچوواندن

بەهەمان شێوەی هەموو لێکچوواندنەکان، بەراوردەکە لەگەڵ نەخشەکێش سنووری خۆی هەیە. نەخشەکێشی زانستییانەیە، بەڵام ڕۆژنامەنووسی وا نییە، تۆ دەتوانیت شوێنی دەقاودەقی شەقامێک بدۆزیتەوە یان ڕووبەری وڵاتێک یاخۆ تەنانەت زەریایەک بپێویت، هاوسەنگییەکانی ناو هەواڵ بابەتێکی ترن، هەواڵێکی گرینگ بۆ کەسێک بۆ کەسانی تر بێ بایەخە.

هاوسەنگی و گشتگیری لەناو هەواڵدا کەسێنین. بەڵام لێڵبوونیان هیچ بەو مانایە نییە ئەوان لە تایبەتمەندییەکانی بابەتییانەی شەقام و ڕووبارەکانی سەر نەخشە کەم بایەختن. بەپێچەوانەوە، هەوڵدان بۆیان بۆ جەماوەریبوونی ڕۆژنامەوانی و تەندروستیی داراییی پێویستە، هەروەها دەکرێت - ئەوە نەک تەنیا چمکێکی نابەرجەستە نییە- کە بەدواداچوون بکرێت بۆ هاوسەنگی و گشتگیریی سەرەڕای کەسێنیبوونیان.

هاووڵاتییەک و ڕۆژنامەنووسێک ڕەنگە لەبارەی بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ شتێک گرینگە جیاواز بن، بەڵام هاووڵاتییان ئەو جیاوازییانە قبووڵ دەکەن، ئەگەر بگەنە ئەو باوەڕەی ڕۆژنامەنووسەکە هەوڵ دەدات هەواڵەکان هەڵبەسەنگێنێت لەپێناو ئەو شتەی خوێنەران پێویستیانە و داوای هەڵسەنگاندنەکە دەکەن، گرینگترین شت ئەوەیە هاووڵاتییان پێویستە باوەڕ بێنن بەوەی بڕیارەکانی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئیستیغلالکردن نییە- واتە ڕۆژنامەنووسان تەنیا ئەو شتانە پێشکێش ناکەن کە دەفرۆشرێن- و خۆیان سووک ناکەن، هەروەها خەڵک کەمتر گرینگی بەوە دەدەن ئاخۆ ڕۆژنامەنووسان هەڵە دەکەن یان بەباشی هەڵەکان چاک دەکەنەوە یان هەردەم هەواڵی ڕاست و دروست هەڵدەبژێرن. بنەمای سەرەکیی بۆ باوەڕمەندی پاڵنەری خوێنراوەی ڕۆژنامەنووسە. خەڵک داوای بێ کەموکوڕێتی ناکەن، چاوەڕیی نیازپاکین، وەک چۆن لە باسی دڵسۆزیی بۆ هاووڵاتییاندا لێی دواین. پەرۆشی بۆ هاوسەنگێتی ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ خستنەڕووی پاڵنەری بەرژەوەندیی گشتی.

خەڵکانی ڕاستگۆ لەبارەی گرینگیی هەواڵێک دەتوانن ناکۆک بن، بەڵام هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان وەک یەک دەزانن کەی هەواڵێک زێدەڕۆییی تێدا دەکرێت، ئەوان ڕەنگە لەسەر دەقاودەقێتیی سنووربەزاندنەکە ناکۆک بن، بەڵام لە خاڵێکی دیاریکراودا هەست دەکەن شتەکە ڕووی داوە. لەم کاتانەی دواییدا ئەم خاڵی سنووربەزاندنە بە بەردەوامییەکی بێزارکەرەوە هێرش کراوەتە سەری.

## فشاری زێدەڕۆیی

لەو ساتانەی کولتووری میدیایی هەواڵی بەگۆڕان و سەرلێشێوانێکی خێرادا تێپەڕ دەبێت، وێ دەچێت فشاری ورووژاندن و بەجۆشکردن لەئارادا بێت. ڕەنگە ئەمە بە بنەمای "جەستەی رووت و گیتار" ناو بنێیت.

ئەگەر تۆ دەتەوێت جەماوەر پەلکێش بکەیت، دەتوانیت بچیت بۆ سووچێکی شەقامێک و شانۆی بەرەبەرە جلداکەندن بکەیت و خۆت ڕووت بکەیتەوە. ڕەنگە خێرا جەماوەرێک کۆ بکەیەوە. کێشەکە ئەوەیە چۆن خەڵکەکە ڕادەگریت. چۆن ڕێگە لە جووڵەجووڵی جەماوەر دەگریت؟ ڕێگەیەکی تر هەیە. وا دابنێ تۆ چوویت بۆ هەمان سووچی شەقام و گیتارەکەت ژەنی. یەکەم ڕۆژ خەڵکانێکی کەم گوێیان لێت گرت. ڕەنگە ڕۆژی دووەم زیاتر بن. بەگوێرەی توانات لە گیتارژەنیدا و ئاستی جۆرەوجۆرێتی و دڵگیریی پێرستی نمایشەکانت، جەماوەرەکە ڕەنگە ڕۆژانە زیاتر بن. ئەگەر باش بیت ڕەنگە ناچار نەبیت ئاپۆڕەکە بجووڵێنیت و خەڵکی نوێ بێنیتە شوێنی ئەوانەی لە دووبارەبوونەوە بێزار بوون.

ئەمە لەڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنەیە، کە میدیای هەواڵی بەپچڕپچڕی تووشی دەبێت. کاتێک تەکنەلۆجیای نوێ ژمارەی دەزگاکان زیاد دەکات، هەر دامەزراوەیەک شایەتی دابەزینی جەماوەرەکەیەتی، کاتێک داهاتوو مسۆگەر نییە و دیار نییە، تۆ چەند لەگەڵ ئیشەکە بەردەوام دەبیت، مەگەر بەخێرایی جەماوەر دروست بکەیت، ئاخۆ پێویستە چ ڕێگەیەک بگریتە بەر؟ دامەزراوەیەکی هەواڵی پێویستە کار بکات و تاڕادەیەک دەبێت بەگوێرەی بیر و باوەڕ یان فەلسەفەیەک کار بکات، لەبەرئەوەی نموونە کارپێکراوەکانی ڕابردوو ڕەنگە لەداهاتوودا کاریان پێ نەکرێت.

هەندێک دامەزراوەی هەواڵی، تەنانەت ئەوانەی مێژوویەکی تاڕادەیەک رژدیشیان هەیە گەڕاونەتەوە سەر ڕێبازی رووت. بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەرەی ئەمە ئەو بیرکەیەیە، کە هەواڵ بووەتە کاڵایەکی یەکجار فرەوان. وەک شرۆڤەکارێکی وولّ ستریت، جێیمز ئێم مارش جۆنیۆری سەر بەئەمنییەتە دووربینەکان، بە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشی گوت "ئێستەکە لە پرۆگرامەکانی هەواڵی فرەن و دابینکردنەکە بەئاسانی بەپێش خواستەکە کەوتووە". هەروەها تاڕادەیەک هۆی ئەمە ئەو ڕاستییەیە، کە بەرهەمهێنانی بەشێکی زۆری هەواڵی ڕەسەن گرانە و داوای تۆڕێکی پەیامنێران و کامێرا و تاقم و نووسینگە لەسەرانسەری جیهاندا دەکات.

بەرەنجامەکەی ئەوەیە تۆڕەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەکاری هەواڵی سەخت دوور کەوتوونەتەوە. لێکۆڵینەوەکانی پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا بەبەردەوامی دۆزیویانەتەوە پرۆگرامەکانی هەواڵیی بەیانیان، بزوێنەری ئابووریی تۆڕی تەلەڤزیۆنی، جەختێکی زۆری خستووەتە سەر ناوداران و سەرگەرمی و شێوەژیان و برەودانی هاوبەشانەی بەرهەم، هەمان شت ڕاستە بۆ پڕ

جەماوەرترین کۆوارە هەواڵییەکان کە زۆربەی جار بەتەواوەتی هەواڵ فەرامۆش دەکەن.

تەنانەت بڵاڤۆکی هەواڵیی شەوانەش لە ١٩٩٠ەکاندا لە گوزارشێکی کەمتر لەبارەی کاری دامەزراوە شارستانییەکانەوە بۆ زیاتر سەرگەرمی و پەلکێشیی ناوداران گۆڕا، هەرچەندە ئەوە لەپاش هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١دا یەکجار گۆڕاوە.

هەندێک کەس لە تۆڕی تەلەڤزیۆنیدا تێبینی دەکەن، کاتێک بەشەکانی وەشانی هەواڵیی لە رووماڵکردنی هەواڵی تایبەت و دەستبەجێی سەرانسەری جیهان دوور کەوتوونەتەوە، بەشەکانی سەرگەرمی بەئاراستەی پرۆگرامی "وەرگیراو لە واقیع" گۆڕاون. شۆی وەک لۆ ئەند ئۆردر، سی ئێس ئای و ویزاوت ئێ ترێیس بۆ چیرۆکی ورد و ئاڵۆز کە " لە سەردێرەکانەوە هەڵکەندرابن" هەوڵ دەدەن. رۆبێرت کرولیچی هەواڵنێری ئێی بی سی نیووز لە بەهاری ٢٠٠١دا پێی وابوو"ئێمە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی، کە بەشەکانی سەرگەرمی هەواڵ دروست دەکەن و بەشەکانی هەواڵیش سەرگەرمی".

پاش چەند مانگێکی کەم پرۆگرامدانەرانی تۆڕی تەلەڤزیۆن دەستیان کرد بەشۆی سەرگەرمیی "وەرگیراو لە واقیع"، وەک سەرڤایڤر کە لە بەهاری ٢٠٠٠دا سەرکەوتنی ئابووریی وەدەست هێنا، پاشان هێنانی ئەستێرەکان لەژێر ناوی "میوان" بۆ ناو پرۆگرامە هەواڵییەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی جەماوەری سەرگەرمی و هەواڵ بەیەکەوە، بۆ نموونە سی بی ئێس بەشێکی زۆری شۆی بەیانیانی، کە لەلایەن بەشی هەواڵەوە بەرهەم دێت، گۆڕی بۆ بانگەشە بۆ سەرڤایڤر، بەلەخۆگرتنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسەی شەوی پێشتر چووبووە ناو شۆیەکە. بەم شێوەیە بەشی سەرگەرمیی کۆمپانیا هاوبەشییەکە هەواڵ پێشکێش دەکات، کە دواتر بەشی هەواڵی رووماڵی دەکات. نەریتەکە بەردەوام بوو تەنانەت لەگەڵ فرەوانتربوونی تەلەڤزیۆنی دامەزراوە لەسەر واقیع گەشەی سەند و جۆری وەک ئەمێریکەن ئایدڵ و زێ ئەپرێنتازی زیاد کرد.

لەماوەی شەش ساڵدا بەئاشکرا گوتەی کرولێچ پتر لە تۆزقاڵێک ڕاست بوو، لە ٢٠٠٦دا هەستەکیبوون لە وەشانی هەواڵییدا خێرایییەکی نوێی وەردەگرت، بەشێوەیەکی رووەزیادبوون هەواڵبێژانی تەلەڤزیۆنی هەوڵیان دەدا، لە ڕێگەی باسکردنی چۆنییەتیی هەستکردن بەهەواڵ بۆ خەڵک، لەگەڵ جەماوەردا پێوەندی دروست بکەن، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەکی پرۆژەی کارامەیی لە رۆژنامەوانی لە ٢٠٠٦دا ئاشکرای کرد، پرۆگرامەکانی هەواڵیی بەیانیانی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆنی ئەمە لە ڕێگەی بەستنەوەی هەواڵەکان بەوشەی هێمائامێزی هەستەکیی وەک "راتەکێنەر...تۆقێنەر... ترسێنەر..." و دەستەواژەی وەک "گەڤێکی رژد، کە پێویستە هەر دایک و باوکێک بیبیستێت" ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا سێ شۆی تەلەڤزیۆنیی ئەم جۆرە وشانەیان سی جار لە پێشکێشکردنی یەکەم پێنج هەواڵدا بەکار هێنا، زۆربەی جار لە سەرەتای بلاڤۆک یان کۆتاییەکەدا بوون، یان هەندێک جار لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو بەشەی دیمانانەکان کە تێیاندا سەرچاوەکان ئەم وشانەیان بەکار هێنابوو.

ئەمە پاش زریانی کاترینا لە ٢٠٠٥ چڕتر کرایەوە، کاتێک هەواڵنێران لە بۆنە سەرەکییەکاندا نەک تەنیا بە هەست بگرە هەندێک جار بەقینەوە کاردانەوەیان دەنواند، پاش ئەوەی ئەندرسن کوپر لە نیوو ئۆرلینز پاش زریانی کاترینا ئەم کارەی کرد، بۆ پێشکێشکاریی پڕ جەماوەرترین پرۆگرامی سی ئێن ئێن بەرز کرایەوە، کە بەهەڵمەتێکی بانگەشەیی کە ئەوی لە ساتەکانی ئاوێتەبوونی هەستەکی لەگەڵ هەواڵدا پێشان دەدا، تەواو بوو.

چاودێرانی جیاواز ئەم پەرۆشییە تازەدۆزەراوەی دەسەڵاتی چوارەمیان ستایش کردووە، هەندێکی تر تەنانەت بیریان لەوە کردووەتەوە ئاخۆ دەکرێت ئەو هێمای زێدەڕۆییەکی تازەدۆزەراوە نەبێت. بەڵام ستایشەکە بەهیچ شێوەیەک گشتی نەبووە، زۆر کەس بیریان کردووەتەوە ئاخۆ خۆبەختکردنێکی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەوانی بۆ گوزارشتی بێ جۆش و خرۆش لەبارەی ڕاستییەکانەوە کەوتووەتە مەترسییەوە؟

کێشەکە جەرگەی ئەو شتەی بەمانای ڕۆژنامەوانە دەبڕێت. لە پیشەیەکدا، کە بەڵێنی سەرکوتکردنی بەرژەوەندیی خۆی دەدات لە پێناوی دڵنیاکردنەوەی متمانەکەی ئاخۆ هەستەکییانەبوون و قین بەجێن؟ ئەگەر بەجێ بوون، کەی زێدەڕەوی دەکرێت؟ سەختە مشتومڕ لەسەر ئەوە بکرێت ئەو هەستانەی ڕۆژنامەنووسانی سەر گۆڕەپان، کە شایەتی ئازارچەشتنی مرۆڤەکانن دەریان دەبڕن هەردەم نابەجێن، کەواتە ئەگەر هەستەکییانەبوون هەندێک جار، بەڵام نەک جارەکانی تر بەشتێکی بەجێ دێتە بەرچاو، سنوورەکە لەکوێدایە؟

وێ دەچێت یەکەم بنەمای هەستیار دەرکەوتنی سنوورەکە لەو ساتانە بێت کە هەر جۆرە کاردانەوەیەکی تر بەزۆرەکییانە بێتە بەرچاو- کاتێک هەستدەربڕین تاکە کاردانەوەی بنەڕەتییە. کاتێک واڵتەر کرۆنکایتی پێشکێشکار پاش تیرۆرکردنی جۆن ئێف کەندێدی لە ١٩٦٣دا فرمێسکەکانی سڕییەوە یان پاش چەند ساڵێکی کەم هەستی تۆقانی خۆی لەبەرامبەر تەقەی ئاسمانی دەربڕی، خەڵکی ئەمەریکا وەک شتێکی بەجێ پێی ڕاتەکان.

خاڵی دووەم ئەوەیە هەستەکییانەبوون پێویستە لە نێوان ساتی دۆزینەوەی کێشەیەک و ئەو گەڕانەدا نەمێنێت، کە دوابەدوای دێت لە پێناو ئەو زانیارییەی بەمەبەستی دانانی ڕووداوەکەیە، لەناو چوارچێوەیەکی گەورەتر و قووڵتردا، کاتێک ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی مرۆڤانە بەرامبەر بەو شتەی دەیبینن کاردانەوەیان نواند، پێویستە خۆیان بۆ گەڕان بەداوی وەڵامەکاندا ئامادە بکەن و ئەوەش پێویستی بەگوماناویبوون و پیشەییانەبوون و سەربەخۆیی هزریی ئەوانەوە هەیە. هەستی مرۆڤ لەناو جەرگەی ئەو شتەدایە، کە شتێکی نوێی لێ دروست دەبێت، کاتێک تۆ هەوڵت دا لە هەستەکەدا ساختەکاری بکەیت یان بەکاری بێنیت بۆ ئەوەی سەرنج بۆ خۆت ڕابکێشیت، تۆ سنوورەکەت بۆ شتێک بەزاندووە کە بەڕادەی پێویست بوونی هەیە- سەرگەرمیی وەرگیراو لە واقیع.

## بازاڕ دۆزینەوە بەپێچەوانەی بازاڕ دۆزینەوە

گەرەنتی بۆ بەرهەڵستیکردنی هەستەکییانەبوون و ڕاگرتنی هەواڵ بەهاوسەنگی چییە؟ وەک گوتومانە، ئەوە بەدابڕاندنی ڕۆژنامەنووس لەپشت دیوارێک بۆ ئەوەی واقیعەکانی بازاڕ فەرامۆش بکات، نایەتە دی. تێگەیشتنێکی باشتر لە سەلیقە و پێداویستی و نەریتە گۆڕاوەکانی کۆمەڵگە بەشێکی گرینگی گەرەنتییەکەیە.

بەڵام زۆربەی تێگەیشتنی ئێستە لە بازاڕ کە لەسەر بنەمای جەماوەریترین شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە بازاڕ ڕەنگە بەسوود نەبێت. لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕ داوا لە کڕیاران دەکات لەناو جێگرەوە ڕێ تێچووەکانەوە هەڵبژاردن بکەن. تۆ پێت خۆشە ئەو کالانە پرتەقاڵی بن یان شین؟ مەعجوونی ددانت لەناو بوتڵی گوشەر بێت یان بۆڕی؟ مەعجوون بێت یان جەلی؟ لی ئان برەدیی، کە پێشتر لە کۆمەڵەی پرینکتۆن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاپرسانە بوو، بۆ ئێمەی ڕوون کردەوە "وێ دەچێت خەڵک لەناو مەودایەکی تەسکی بژاردەکانەوە وەڵام بدەنەوە. تۆ بۆ خەڵکەکە پێناسەی سنوورەکانی هەڵبژاردنەکەت کردووە. بۆیە ئەوان بە تۆ ناڵێن چ شتێکیان حەز لێیە. وێ دەچێت ئەوان دەست بۆ هەڵبژاردنە سنووردارکراوەکانی تر ببەن و ڕێزبەندییەکی پێ بدەن".

بیر لە ڕاپرسییەکی نموونەیی بکەوە، ٢٠ خولەکی و ڕەنگە هەڵگری پازدە تا هەژدە پرسیار بێت. زۆربەی جار تەنیا دوو لەو پرسیارانە ڕێگە بەدیمانەکراوان دەدەن وەڵامێکی سەربەخۆ بدەنەوە. پاشماوەکەی پرسیاری بژاردەیی یان پرسیارکردنە لە وەڵامدەرەوە کە ئاخۆ ئەو هاوڕایە یان ناکۆکە لەگەڵ لێدوانێک، کە لە ڕاپرسییەکەدا هاتووە.

هەواڵ تەحەدای زۆربەی لێکۆڵینەوەی بازاڕیی کۆن دەکات- کە جیهانێکی نەگۆڕی بژاردەکان تاقی دەکاتەوە- چونکە هەواڵ ڕۆژانە دێتە گۆڕین. گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر- یەکێک لە هەرزانترین و باوترین شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕ- ڕێگەی پرسیاری کراوە بۆ زۆربەی خەڵک واڵا دەکات. گرووپەکان هەروەها جەماوەرین لەبەرئەوەی ڕێگە بەڕۆژنامەنووسان دەدەن چاودێریی جەماوەر بکەن، کاتێک لەبارەی بەرهەمی ئەوانەوە گفتوگۆ دەکەن، بەڵام ئەوانەش یەکجار سنووردارن. بردەی دەڵێت "جار بەجار تۆ گوێبیستی دەنگێک یان بیرۆکەیەک دەبیت لە گرووپێکی هەڵسەنگێنەرەوە، کە هەرگیز نەتبیستووە. کەواتە ئەوان بەسوودن ئەگەر بێتو تۆ خانەیەکی بەتاڵت هەبێت".

هەر کەسێک چاودێریی دانیشتنێکی گرووپێکی هەڵسەنگێنەری کردبێت دەتوانێت بەڕاستی کەموکوورییەکانی وەک ڕێگەیەکی لێکۆڵینەوە لە هەواڵ ببینێت، سەرەتا گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر زۆر زانستی نین، یەکجار سەختە گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر بکرێنە نوێنەر یان دوو گرووپی هەڵسەنگێنەر هەمان شت بڵێنەوە- کە ئەمەش بنەمای بابەتییانەبوونە، کەسێک یان دووان دەتوانێت گفتوگۆیەکە بەئاراستەیەکدا ببات یان سەرۆکی گرووپی هەڵسەنگێنەر بەبەردەوامی

گرووپەکە بەرەو وەڵامێکی پێشتر دیاریکراوەوە ڕێنوێنی بکات.

لەوانەیە لە هەمووی گرینگتر ئەوە بێت زۆربەی خەڵک بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەی بێ کۆتا سوود لە گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر وەرنەگرن، لە جیاتی گرووپەکان بەزۆری بۆ تاقیکردنەوەی ئەو گریمانە و هەڵبژاردانەی دامەزراوەکە بەکاری دێنێت کاریان پێ دەکرێت. لیۆ بۆگارتی کۆچکردوو، لێکۆڵەری میدیایی گوتی "گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر سەرەتا وەک ڕێگەیەک بۆ ورووژاندنی ئەو بیرۆکانە هاتە مەیدانەوە، کە ئەو کات دەتواندرا کاریان پێ بکرێت و لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی ڕێکوپێکەوە تاقی بکرێنەوە و لەسەر جەماوەرێکی گەورەتردا پیادە بکرێن، هیچ چاوەڕوان نەدەکرا، کەس لەو شتەی ئەو چەند کەسە دەیانگوت بگاتە بەرەنجامێک یان پرۆژەڕێژی بکات". ئەمڕۆ "گرووپەکان زۆر خراپ بەکار دێن".

جیا لەم کەموکوڕییە بنەڕەتییانەی لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕەوە، لێکۆڵەوانان دەڵێن جەماوەر ڕەنگە بەتەواوەتی نەزانێت بۆچی ڕۆژنامەوانییەکی لەوەی تر پێ باشترە، لەری مەککگیل، بەڕێوەبەری پێشووی لێکۆڵینەوە لە جەماوەری هەواڵیی لە ئێن بی سی نیووز دەڵێت "ئەگەر تۆ داوا لە خەڵک بکەیت، دەرمانی ددانشۆرینی جەلی و مەعجوونت بۆ بەراورد بکەن، ئەوە لە ڕاستیدا زۆر بەرجەستەترە لەوەی هەوڵ بدرێت دەستنیشانی جیاوازیی بنەڕەتییی نێوان تۆم برۆکاو یان پیتێر جێنینگز بکرێت". مەککگیل دەڵێت لە ئێن بی سی ئەو و هاوکارانی لێکۆڵەوانی تێگەیشتن دەبێت گومانیان لەم جۆرە کارە خەیاڵییەوە هەبێت، "لە ژمارەکاندا دابەزینێکی یەکجار تەندروست هەبوو".

لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە بەتایبەتی بۆ ئاشکراکردنی باشترین ڕێگە بۆ داڕشتنی هەواڵی پڕ جەماوەرترین کۆوارە هەواڵییەکان کاریگەر بووە. ئێن بی سی دۆزییەوە تاکە گرینگترین ڕێگە بۆ گۆڕینی بینەران بۆ پشتیوانانی خۆی لە سەعات ١١ی شەودا ئەوەیە، وێنەکانی ڕۆژ یان هەفتە لە کۆتاییی گەشتی هەواڵدا پێشان بدات، دێیتلاین تێ گەیشت کاتەکە بۆ کەرەستەکان بەشێوەیەک دابنێت بۆ ئەوەی ئەو کاتە بڵاو بکرێتەوە، کە تۆڕەکانی تر ریکلامی خۆیان دەوەشێنن، مەککگیل ڕوونی کردەوە "زۆربەی جار پێشکەوتنێکی پلە ٢یی لە جەماوەرکێشی لێ دەکەوتەوە یان پتر لە ١,٨ ملیۆن خانەوادە. ئێمە لە زۆربەی بەرنامەکەدا جەماوەرمان ١٢ خاڵی بوو و بۆ هەوادارانمان ١٤ خاڵی".

بەڵام لەوەی پێوەندیی بەناوەڕۆکی هەواڵەوە هەبێت، ئاخۆ تۆ چۆن کاردانەوە بەرامبەر بەهەواڵێک کە بەخەیاڵتدا نەهاتووە یان تاقیت نەکردووەتەوە، هەڵدەسەنگێنیت؟ ئەزموونی هەواڵیی تەلەڤزیۆنیی بەم شێوەیەیە. تەلەڤزیۆن بەجوانی بەڕێگەی ناسینەوەی ئەو شتەدا چووە، کە خەڵک لە خولەک بەخولەکی پرۆگرامەکانی شەوانەیدا تەماشای دەکەن، تەنانەت دەتوانێت دیاری بکات لە چ خاڵێک لە هەندێک هەواڵدا خەڵک دەست دەکەن، بە گۆڕینی کەناڵەکە، کەواتە ئامرازەکە بەرەبەرە بڵاوکراوەکانی هەواڵیی دەگونجێنێت بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی هەر هەواڵێک

بینەرێکی زۆری هەیە.

بەڵام ئەمە ستراتیجییەک بووە، کە بۆ ڕێگری لە دابەزینی بینەران شتێکی کەمی کردووە، بەشی ئەو خانەوادانەی هەواڵی شەوانەی تەلەڤزیۆنی تەماشا دەکەن لە ٧٥٪ی ١٩٨٠ەوە بۆ ٣٧٪ لە ٢٠٠٥ دابەزیوە. بینەرانی تەلەڤزیۆنی ناوخۆییش لە کۆتاییەکانی ١٩٩٠ەکان بەرەبەرە کەم بوونەوە، هەرچەندە بەفەرمی ژمارە ڕاستەقینەکە کۆ نەکراوەتەوە، ئەمە ڕەنگە بەدڕیەکیی بەتەنیا دابینکردنی ئەو شتەی خەڵک داوای دەکات، ناو بنرێت.

جۆن کێیری، لێکۆڵەوانێکی بازاڕی، کە لەگەڵ ئێن بی سی و نوێنەرە میدیاییەکانی تر کاری کردووە ڕوونی کردەوە "دامەزراوە هەواڵییەکان لەسەر بۆمبی کفنەدیواری خۆیان قووت کراونەتەوە. بەتێپەڕینی کات دامەزراوەکان دوای ئەو ژمارانەی جەماوەر کەوتوون، بەردەوام زیاتر ئەو هەواڵانەیان دروست کردووە، کە جەماوەری زۆریان کێش کردووە و لەو شێوازانەدا چەقیون... لەئەنجامدا کۆوارە هەواڵییەکان جەماوەری کۆنیان پێوە نووساوە- جەماوەرێکی هەست ناسکتر و بەجۆشتر". بەڵام زۆربەی بینەران دوور کەوتوونەتەوە. "بەشێوەیەک خەڵکی ناو تەلەڤزیۆن ئەوە دەزانن، بەڵام نازانن چۆن لێی رزگار بن".

بەڵام چۆنە بگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەی "جەماوەری لێک گرێدراو"، بۆ گوزارشێکی هەواڵی کە ئێی ئێم ڕۆزێنتاڵ بە"تێکەڵەی هەواڵ و زانیاری"ی ناو برد کاتێک نووسیاری جێبەجێکاری نیویۆرک تایمز بوو؟ یان وەک دێیڤ بێرگینی نووسیاری ڕۆژنامەیی بەردەوام باسی لەوە دەکرد چۆن لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە دابڕێژرێت: ئەگەر هیچ هەواڵێک پتر لە ١٥٪ی جەماوەر کێش نەکات، دڵنیا بەوە لەوەی بەپێی پێویست هەواڵ هەن بۆ ئەوەی هەر کەسێک بیەوێت یەکێکیان بخوێنێتەوە، بەهەڵبژاردنی ناوەڕۆک بەم شێوەیە، دامەزراوەیەکی هەواڵی دەتوانێت لە هاوسەنگکردنی هەواڵ دڵنیاتر بێتەوە.

یان بگەڕێوە بۆ بەراوردەکە لەگەڵ نەخشەکێش، ئەگەر ڕۆژنامەوانی تەنیا ئەو زانیارییە بۆ خەڵک دابین بکات، کە پێشتر خەڵکە دەڵێت دەیەوێت لەبارەیەوە بزانێت، ئێمە تەنیا لەبارەی ئەو بەشەی کۆمەڵگەوە باسیان بۆ دەکەین کە بۆ خۆیان لەبارەیەوە دەزانن.

## لێکۆڵینەوەیەکی نوێی لەبارەی بازاڕەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان

کەواتە چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی بازاڕەوە بەنرخە؟ ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتی و لێکۆڵەوانان بەیەکەوە ئەم وەڵامە دەدەنەوە: لێکۆڵینەوەیەک کە یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان بدات هەڵسەنگاندن بکەن، نەک لێکۆڵینەوەیەک کە شوێنی هەڵسەنگاندنەکەیان بگرێتەوە. بەواتایەکی تر، پێویستە ئێمە دەست لە بەکارهێنانی ئەو لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە هەڵبگرین، کە وەک کڕیار مامەڵە لەگەڵ جەماوەری ئێمەدا دەکات و پرسیاریان لێ دەکات چ بەرهەمێکیان بەدڵە، ئێمە پێویستیمان بەدروستکردنی لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی بازاڕی ڕۆژنامەوانی، کە لە خەڵک وەک هاووڵاتی نزیک

ببێتەوە و لەبارەی ژیانیانەوە پێمان بڵێت. تۆ چۆن کاتت بەسەر دەبەیت؟ بۆمان باسی ڕۆژانەت بکە، ڕێگەی چوونە سەر کارت چەند دوورە؟ چی نیگەرات دەکات؟ بۆ منداڵەکانت ئاوات و ترسەکانت چین؟ ئەمە لێکۆڵینەوەی کراوەیە لەسەر ئاراستە گشتییەکانی حەز و ئارەزوو– ئەو جۆرە پرسیارانەی ڕێگە بەنووسیاران دەدەن، لە چۆنییەتیی داڕشتنی بەستە هەواڵێک تێ بگەن، کە گشتگیر و هاوسەنگە لەگەڵ کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ئەوان.

بووچ وارد، نووسیاری بەڕێوەبەری فیلادێلفیا ئینکوایرر، کە ئێستە لە پەیمانگەی پۆینتر وانە دەڵێتەوە، دەڵێت پرسیارکردن لەوەی خەڵک چی دەوێت پرسیاری هەڵەیە. "پرسیارێکی بازرگانییە. بیری لێ بکەوە: لە دووشەمەدا پیاوێک کە دەستی بەرێجیم کردووە پێویستیی بەزانیاریی زیاترە لەسەر خواردن. سێشەمەکەی هەر هەمان ئەو پیاوە دووبارە چیپسی پەتاتە دەخوات و داوای پرۆگرامی باشتری تەلەڤزیۆنی دەکات".

وارد پێی وایە دامەزراوە نوێییەکان لە جیاتی ئەوە پێویستە پشت بە پرسیاری ڕۆژنامەوانی ببەستن– پرسیارێک، کە دەتوانن لە ڕێگەی گوزارشکردنەوە وەڵامی بدەنەوە: خەڵک خەریکی چین؟ وارد دەڵێت"بزانە خەڵک خەریکی چین. ئەوان لەگەڵ هاوڕێکان لەسەر مێزی نانخواردن باس لە چی دەکەن ؟ بۆچی ئەوان دوو کار دەکەن؟ چی دەخۆن؟ چ بڕیارێک دەدەن سەبارەت بەتێچووەکانی چاودێریی تەندروستی، پشووەکان و پەروەردەی منداڵان؟" کاتێک تۆ ئەو وەڵامانەت دۆزییەوە، دەتوانیت ڕووماڵەکە دابڕێژیت کە ڕاستەوخۆ تێکەڵ بەو خەڵکە دەبێت کە تۆ هەوڵ دەدەیت پێیان بگەیت.

ئەمە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە ڤالێری کرێین لە ریسێرچ کۆمیونیکێیشن لیمیتدی فلۆریدا ئەنجامی دا . لێکۆڵینەوەکەی کرێین دوو ڕێگەی گشتی دەگرێتە بەر، هیچ کامیان بەتەواوەتی کۆن نین. یەکەمیان بەدیمانەی گشتگیر پێناسە دەکرێت، دواتر ڕاپرسیی گەورەتر نموونەی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک دێنێتەوە، کە بەهۆی ئەو هەواڵانەی پێیان دەگات، وەدی دێن– ڕێگەیەکی جۆری بۆ گەڕانەوە بۆ ئەرکی هەواڵ. کرێین دەڵێت "بۆ هەندێک خەڵک پێویستییەکە پێوەندیکردنە بە کۆمەڵگەوە.

بۆ هەندێکیان پێوەندیی بەباشترکردنی ژیانیانەوە هەیە (تەندروستتر، سەلامەتتر، ئاسوودەتر). بۆ ئەوانی تر پێوەندییی بە بڕیاردانەوە هەیە، بۆ ئەوانی تر ڕێگەیەکە بۆ قبووڵبوونی کۆمەڵایەتی". کرێین کۆمەڵێک پێداویستییی پێناسە کردووە کە بەگوێرەی جۆری میدیا و شێوازی پێناسەکردنی جۆرەکانی هەواڵ و جۆری جەماوەری لێکۆڵینەوە لەسەرکراو دەگۆڕێن. کرێین بۆ کۆمپانیا هەواڵییەکان بەڕێژە دەری دەخات هەواڵ چ سوودێکی بۆ خەڵک هەیە– نەک پرسیارکردن لەوەی چ جۆرە هەواڵێک سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت– ئەمەش ڕێگەیەکی گرینگە بۆ پڕژانە سەر بابەتی گونجاو. ئەو لەبارەی موراجیعەکانییەوە دەڵێت "خەڵک (کۆمپانیا هەواڵییەکان) زۆر بەئەستەم بیر لە پێویستییە سەرەکییەکانی هاوولاتییان دەکەنەوە".

بۆ دووەم ڕێگە کریێن لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن خەڵک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ژیان دەبەنە سەر، ئەمەش بەبەکارهێنانی جۆرێک لەو شتەی هەندێک خەڵک بەلێکۆڵینەوە لە شێوەژیان و نەریتەکان ناوی دەبەن، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە وێ دەچێت جەماوەر بەگوێرەی نەک تەنیا دیموگرافییەکان، بگرە بۆچوون و هەڵسوکەوت هێشوو هێشوو هێشوو کۆمەڵ بکات، کریێن لە پازدە بواری جیاواز، لە تەندروستی، ئاین، کار، بەکاربەری، پێوەندییە خێزانییەکان، پەروەردە و هی تر دەکۆڵێتەوە و نیگەرانی و نەریتە سەرەکییەکانی شوێنێکی دیاریکراو پێناسە دەکات، بەتێکڕا، لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بەهۆکاری سوودوەرگرتنی خەڵک لە هەواڵ و لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی نیگەرانی و نەریتە قوولترەکانی ناو ژیانی خەڵک بەرچاوڕوونی دەدات بەڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەوەی چۆن هەڵسەنگاندنی پیشەییانەیان بەکار بێنن. کریێن دەڵێت بەڵام پێویستە لێکۆڵینەوەکە هەڵسەنگاندنەکە بەهێز بکات نەک شوێنی بگرێتەوە.

ئاڵ تۆمپکینز، بەڕێوەبەری هەواڵی پێشوو، کە ئێستە لە پەیمانگەی پۆینتر وانەی وەشاندن دەڵێتەوە، پێی وایە لێکۆڵینەوەکەی کریێن بەڕۆژنامەنووسان دەڵێت "کۆمەڵگەکان چۆن دەژین و لایەنگرییەکانیان بۆ چین و نەک تەنیا تەماشای چی دەکەن، بگرە بۆچی تەماشا دەکەن". تۆمپکیز دەڵێت کارەکەی کریێن ڕێنوێنە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ، بەڵام بڕیار لەسەر ئەو هەواڵانە نادات، کە تۆ دەیانکەی. تۆمپکینز دەڵێت بۆ نموونە هەرچەندە زۆر لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەدەن، خەڵک حەزیان لە سیاسەت نییە، " لێکۆڵینەوەکەی کریێن پێشانمان دەدات خەڵک گرینگی بەکۆمەڵگەکەی دەدات، بەڵام متمانەی بە دامەزراوە سیاسییەکان نییە... ئەوەی لێی بێزار بوون بابەتەکە نەبووە، ڕێگەی پێشکێشکردنی بابەتەکە بووە".

ئەم چمکە- کە هەواڵبێژی گرینگترە لە بابەت- بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ژاوەژاوی دەوران دەوری لێکۆڵینەوەی بەردەوام پتر دەستکرد بووە لەبارەی بازاڕەوە ون بووە، بەڵام لە تەلەڤزیۆنی ناوخۆدا لانی کەم وەک سەرەکیترین شت بۆ بینەرانی بڵاوکراوەی هەواڵی ماوەتەوە.

شیکردنەوەی ۳۳۰۰۰ هەواڵ لە ۲٤۱۹ بڵاوکراوەی هەواڵیی ۱٥۰ وێزگە لەماوەی پێنج ساڵدا لەلایەن پرۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا دۆزییەوە چۆنییەتیی کۆکردنەوە و گوزارشکردنی هەواڵێک- واتە ژمارە و هاوسەنگی و شارەزاییی سەرچاوەکان، ئاخۆ پێوەندییی هەواڵەکە بەجەماوەر و گرینگییەکەی بۆ کۆمەڵگە پشتڕاست کراوەتەوە، ئاخۆ هەواڵەکە تەواوترە- دوو ئەوەندەی بابەت لە دیاریکردنی ژمارەی بینەران گرینگە، ئەم دۆزینەوەیە بەتایبەتی گرینگە ئەگەر، وەک پێشبینی کراوە، هەواڵەکە نەک بڵاوکراوەکە ببێتە ئەو یەکە سەرەکییەی کڕیاران لەناو بازاڕی نوێی میدیادا بەداوی دەگەڕێن.

ئەم بەرەنجامە پشتیوانییەکی بەهێزی لێ کرا، کاتێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو ڕاپرسییەکی سەرانسەریی ئەنجام دا، کە پرسیاری ستانداردی ڕاوێژکارانەی لەبارەی سیاسەتەوە تێدا بوو. تەنیا ۲۹٪ گوتیان زۆر حەز لەو جۆرە گوزارشتکردنە دەکەن، بەڵام کاتێک خەڵکەکە پرسیاری لێ

کرا ئاخۆ حەزیان لە "هەواڵە لەبارەی ئەو کارانەی حکوومەت بۆ برەودان بە کارایی قوتابخانە ناوەخۆییەکان دەتوانێت بیانکات "، تێکڕای سەتیی "زۆر حەزم لێیە" بۆ ٥٩٪ بەرز بووەوە. بەهەمان شێوە، کاتێک بەشداران پرسیاریان لێ کرا ئاخۆ حەزیان لە گوزارش لەبارەی ئەو کارانەی حکوومەت دەتوانێت ئەنجامیان بدات بۆ دڵنیاکردنەوەی جەماوەر لەوەی شوێنە گشتییەکان لە تیرۆریزمەوە پارێزراون، تێکڕای سەتیی "زۆر حەزم لێیە" بۆ ٦٧٪ بەرز بووەوە. بۆ ئارەزوومەندی بۆ ئەو هەواڵانەی لەبارەی کەمکردنەوەی تێچووی چاودێریی تەندروستی بوون، ئاستی سەتیی هاوشێوە دەرچوون، هەموو ئەم بابەتانە لە قوتابخانەوە بگرە تا چاودێریی تەندروستی و سەلامەتیی گشتیی تەواو پێوەندییان بە سیاسەت و حکوومەتەوە هەیە.

پێویستە ڕۆژنامەنووسان بپرژێنە سەر خەڵک و کێشەکانیان، نەک سیاسەتوانان و کێشەکانیان. وەلاوەخستنی راوێژکاریی کۆن و لێکۆڵینەوەی گوماناوی خاڵی سەرەکین بۆ چوونە ناو داهاتوویەک، کە بەردەوام ئاڵۆزتر دەبێت، سکۆت تۆلاڵی سەر بە ئینسایت ریسێرچ لە کالیفۆرنیا پەرەی بەتەکنۆلۆجیا دا بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسیی تەلەفۆنی کە پرسیاری کراوەی زیاتری تێدا بوو، دیمانەکانی بەشێوەیەکی دیجیتاڵ تۆمار دەکرد، لە جیاتی ئەوەی دیمانەکراو وشە بەوشەی وەڵامەکان بنووسێتەوە.

جۆن کێیریی گرێیستۆن کۆمیونیکێیشن لێکۆڵینەوەی ئینتوگرافیی لەبارەی بازاڕەوە کرد. ئینتۆگرافیی کە دەرهاوێشتەیەکی ئەنترۆپۆلۆجییە، بەشێوەی چاودێریی ڕاستەخۆی گۆڕەپانی کار دەکات. کێیری بەمانای وشەوە لەناو ماڵی خەڵک دادەنیشت و تەماشای دەکردن چۆن لەگەڵ میدیا و تەکنۆلۆجیادا تێکەڵ دەبن. ئەو کاتی ژەمەکان، نانی بەیانیان، نانی ئێوارە، بەیانی زوو، تەنانەت درەنگانی شەو لە ماڵی خەڵک دانیشتووە.

دۆزینەوەکانی کێری زۆرێک لە بیرۆکەکانی کۆنی لەبارەی تەلەڤزیۆن لەناو مێشکی خەڵکدا پێچەوانە کردەوە. بۆ نموونە هەرچەندە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتیی ئاماژە بەو شتە دەدات، کە ئەکادیمییەکان بە "گرینگتربوونی بینراوە"ی ناوی دەبەن یاخۆ ئەو چمکەی، کە وێنەکان بەهێزترن لە وشەکانی تەلەڤزیۆن، لێکۆڵینەوەکەی کێیری دۆزییەوە "زۆربەی جار خەڵکەکە تەماشای هەواڵی تەلەڤزیۆن ناکات بگرە گوێی لێ دەگرێت. زۆر خەڵک لەڕاستیدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەن کاتێک کردوویانەتە سەر هەواڵی تەلەڤزیۆنی، وێ دەچێت ئەو کاتە ئاوڕ لە تەلەڤزیۆن بدەنەوە، کە گوێیان لە شتێک دەبێت، کە پێیان وایە وێنەی گرینگی لەگەڵدایە". بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ دیتن، بەبێ بەهێزکردنی وشەکان ڕەنگە هەڵەیەکی گەورە بێت.

لێکۆڵینەوەکەی کێیری هەروەها ئاماژەی بەوە کرد چمکی تیزەکان، یان وەسوەسەکردنی خەڵک بۆ مانەوە بۆ گوێگرتن تا کاتێکی درێژتر لە پێناو هەواڵێکی گرینگی چاوەڕوانکراو، ڕەنگە تەواو هەڵە بێت. "هەڵەیەکی گەورە ئەوەیە وا بیر بکرێتەوە خەڵک بەدرێژایی ماوەیەک خەریکی تەماشاکردنە. تیزەکان هەڵەیەکی گەورەن. خەڵک چاوەڕوان نابێت". ئەو بابەتانەی دەڵێن "ئاخۆ

بەیانی باران دەبارێت؟ دیارە ئەمشەو سارد دەبێت و جیم پاش حەوت خولەکی تر بە پێشبینییەکی تەواو دەگەڕێتەوە"– ئەوانە وێ دەچێت خەڵک دوور بکەنەوە. لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی کێری پێشانی دەدەن هەر کاتێک ڕیکلامێک هەبێت، زۆربەی بینەران دەستبەجێ کەناڵەکە دەگۆڕن، کێری پێی وابوو جێگرەوەیەکی باشتر ئەوەیە زانیاریی سەرەکیی وەک کەشوهەوا بەبەردەوامی دابین بکرێت، بۆ ئەوەی لە تەواوی بڵاوکراوە هەواڵییەکە زانیاری بنێردرێت، تەنانەت لە ماوەی ڕیکلامیشدا ژێرنووس بکرێت. "تۆ دەتوانیت خەڵکەکە بەبەردەوامبوونی زانیارییەکەت پەلکێش بکەیت".

کارۆڵ نیڵەندی کۆچکردوو، بەڕێوەبەرێکی هەواڵ لە ئۆستن لە تێگزاس، هەروەها بە بەرهەڵستکردن لە دژی تێگەیشتنی کۆن ناسرابوو، ئەم ڕێگەیەی گرتە بەر. ئەو پێشبینیی کەشوهەوای بەو گریمانەیەی، کە خەڵک بۆ تەواوی نیو سەعاتەکە نامێننەوە، لەناو گەشتی هەواڵدا دووبارە کردەوە، بەڵام ئەگەر تۆ بتوانیت خەڵکێکی زیاتر بەخێرایی ئاگەدار بکەیتەوە، بەتێپەڕینی کات کۆنترۆڵی وەفادارترین و گەورەترین جەماوەر دەکەیت، کێیری گوتی "پێم وایە لە داهاتوودا پێویست دەکات واز لە بابەتی سی خولەکی و شەست خولەکی بێنین. ڕەنگە پرۆگرامی وات هەبێت، کە هەر ئەڵقەی پێنج خولەک درێژ بێت" بابەتە درێژەکانیش لە کاتی دیاریکراودا بێن، زۆر لە شێوەی پرۆگرامەکانی ڕادیۆ، کە هەر هەشت یان ١٢ خولەک جارێک هەواڵ و کەشوهەوا دووبارە دەکاتەوە یان وەک وەشانەکانی نەشناڵ پابلیک ڕێدیۆ، کە سەردێرەکان بەتێکەڵاوی لەگەڵ هەواڵی درێژتردا دووبارە دەکاتەوە.

بەڵام ئەمانە چمکی ئەوتۆن کە هێشتا لە دەرەوەی جیهانی لێکۆڵینەوەی کۆن لەبارەی بازاڕ یان تەنانەت زانیاریی کۆن لەبارەی ژمارەی جەماوەر و تیراژن، ئەو چمکانەن، کە بۆ داهێنانەوەی سروشتی لێکۆڵینەوە و ئەو بەستەیەن، کە ڕۆژنامەوانیی تێدا پێشکێش دەکرێت.

زۆر ڕۆژنامەنووس بەرهەڵستیی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕەوە دەکەن، کرێن گوتی "ئەوە ئەو شتەیەی من بەئەفسانەی بوێریی زێڕین ناوی دەبەم". دژیەکییەکە لەوەدایە ڕۆژنامەنووسان شارەزاییی پێویستیان بۆ ئەنجامدانی جۆری لێکۆڵینەوەی چاودێرانە لەبارەی ژیانی خەڵکەوە، زۆرترە لەو شارەزاییانەی ڕەنگە بەباشترین شێوە بۆ ڕۆژنامەوانی پێویست بن. بەڵام ڕۆژنامەنووسان پەرەیان بەهیچ نەریتێک نەداوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها وێ ناچێت نزیک بن لە هەوڵدان بۆی.

ئەگەر ڕۆژنامەوانی ڕێگەی خۆی ون کردبێت هۆکارەکەی بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەوەیە مانای خۆی لەناو ژیانی خەڵکدا لەدەست داوە، نەک تەنیا جەماوەرە کۆنەکەی، بگرە نەوەی داهاتووشی لەدەست داوە، ئێمە ڕوونمان کردووەتەوە، هیواداریین ڕوونمان کردبێتەوە، کە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەمە ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان متمانەیان بەوە نەماوە هەوڵ بۆ گشتاندن و هاوسەنگکردنی هەواڵ بدەن، وەک نەخشە دێرینەکان، کە بەشێکی زۆری جیهانیان وەک سەرزەمینی نەناسراوەوە

دەهێشتەوە، جەماوەری هاوسەردەمیش بەرەورووی ڕۆژنامەوانییەک بووەتەوە، کە بۆشاییی هاوشێوە هەیە لە شوێنی کۆمەڵە دیموگرافییە سەرنجڕانەکێشەکان یان ئەو بابەتانەی بۆ بەدواداچوون زۆر سەختن.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەڕادەی پێویست خێرا و داهێنەر بن بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، سروشتی کارلێککەری ئینتەرنێت، دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ هاوێشتنی هەنگاوی گەورە لەپێناو زاڵبوون بەسەر کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە بەکارهێنانی تەسکبینانەی لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕ و زانیاریی دیموگرافی. بەکارهێنانی ئامرازەکان لە کردنەوەی ژووری چات لەگەڵ قوتابیان بۆ گوزارشتکردنی هەواڵێک لەبارەی گۆڕانەکانی پرۆگرامی خوێندنەوە، بگرە تا ئیمێڵ ناردن بۆ شارەزایانی بەئەزموون لەپێناو لیستەی ئەو بابەتانەی خەڵک بەکەمترین ئاست لێیان تێگەیشتووە، هەواڵنێران دەتوانن پێوەندییی قووڵتر ببەستن، لەگەڵ جەماوەر وەک پشکدار، ئەمە ڕەنگە ئەو جۆرە تێگەیشتنە بەرهەم بێنێت، کە ڕێگە بە جەماوەر بدات، خۆی بەردەوام هەندێک لە بۆشاییەکان لە ڕوومالکردنی جیهانیی خۆیدا پڕ بکاتەوە و زانیاریی پشتئەستوور بەئەزموونی تایبەتیی خۆی دابین بکات، کە بەرچاوڕوونیی بێ هاوتا بەجەماوەر دەبەخشێت.

وەڵامەکە گەڕانەوە نییە بۆ ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەخۆڕسک کار دەکەن، هیوادارین تیشکمان خستبێتە سەر کۆمەڵێکی نەخشەکێشیی نوێ، کە خەریکی پەرەدانن بەئامرازی هێڵکاریکردنی شێوەی گوزەرانی خەڵک لەمڕۆکە و ئەو پێویستییە هەواڵییانەی ئەم ژیانە دەیانخوڵقێنێت. ئەوان یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی دامەزراوەی هەواڵیی بۆ داڕشتنی ڕاپۆرتە هەواڵیی گشتگیرتر و هاوسەنگتر دابین دەکەن، کە لەبری دوورکردنەوەی جەماوەر کێشیان دەکات. ئێستە لەسەر ڕۆژنامەنووسانە هەوڵ بدەن.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا هێشتا بنەمایەکی تر هەیە، کە هەموو ئەوانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بنەماکە پێوەندیی بەو شتەوە هەیە، کە لەناو خودی ژووری هەواڵدا ڕوو دەدات.

## بەشی دەیەم

## ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بە ویژدان بەرپرسیارن

ماوەی سێ هەفتە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا واشینگتۆن دی سی کۆمەڵگەیەک بوو لە ترسان سڕ بووبوو، کەسێک بە نهێنکارییەکی زیرەکانە و کارامەییەکی کوشندە بۆسەی بۆ سێزدە پیاو و ژن و منداڵ لەناو شارەکە و ناوچەکانی مێریلەند و ڤێرجینیایدا دانابووەوە و نۆ کەسیانی بەگوللە کوشتبوو و سێیانیانی بریندار کردبوون، لەوانەش کوڕێکی ١٢ ساڵان کاتێک گەیشتە ناو قوتابخانەکەی خۆی.

لە سەرانسەری وڵاتدا گەڕان بەدوای تاوانبار دەستی پێ کرد، کاربەدەستانی جێبەجێکاری

یاسای شار و ناوچە و ویلایەت و فیدراڵ بەو تێبینییانەی لە شوێنی کوشتن بەجێ مابوون تانەیان لێ دەدرا، لەوانەش تێبینییەک، کە گەفی دەدا "منداڵەکانتان ئیتر پارێزراو نین لە هیچ شوێنێک، لە هیچ کاتێکدا". کوشتنەکان بەشێوەیەکی تۆقێنەر وەک دەستپێکی قۆناخی گەریلاییی لە "شەڕی دژە تیرۆر"ی گومانناوییانە و ناتەواو پێناسکراو بوو، کە سەرۆک جۆرج دەبلیوو بوش پێش ١٣ مانگ ڕای گەیاندبوو، کاتێک فڕۆکە ڕفێندراوەکان بوونە بۆمبی خۆتەقێن و هەزاران کەسیان بەکوشت دا لە کاتی وردوخاشکردنی تەلاری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک سیتی و لەناوبردنی بەشێکی پێنتاگۆن لە واشینگتۆن. ڕووماڵی چاپەمەنی لەبارەی کوشتنەکان، هەواڵەکانی تری بەلەخۆگرتنی شەڕی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لە لاپەڕەی یەکەم ڕاماڵی، کاتێک جیهان پڕژایە سەر ترس لە مەرگێکی شاراوە کە تووشی کۆمەڵگەی پایەتەختی ئەمەریکا بووبوو.

بۆ هاوڵ ڕێینزی نووسیاری جێبەجێکار هەواڵەکەی واشینگتۆن دەرفەتێکی تر بوو بۆ ناردنی پەیامێک بۆ کارمەندانی و ئەو ڕکابەرێتییەی ئەو بۆ نیویۆرک تایمزێکی نوێ و یەکجار پشتیوانی لێکراو بەڕێوەی دەبرد، ڕکابەرێتییەک، کە "مەودا"ی هەواڵێکی گەورە "نووقم بکات" و بەسەر هەمووواندا زاڵ بێت. ڕێینز لە ٢٠٠١دا بۆ گەیشتبووە ئەو پلە بەرزە، چەند هەفتەیەکی کەم پێش هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول و کارمەندانی بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوە مێژووییەکە ئەوەندە باش ئامادە کردبوو، کە ریکۆردی پێنج خەڵاتی پوڵیتزری بۆ ڕۆژنامەکە بردەوە. هەواڵەکەی واشینگتۆن هەلی ئەو بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەی جۆری ڕکابەرێتییەکەی خۆی بەپێش واشینگتۆن پۆستی شاری لەدایکبوونی بکەوێت و هەوڵ بدات ئەو ئازارە بسڕێتەوە، کە زۆرێک لە کارمەندانی تایمز هێشتا بەبۆنەی شێوازی پێشکەوتنی پۆست لە تایمز لە ڕیسواییەکەی واترگێیتی ٣٠ ساڵ پێشدا هێشتا لەدڵیاندا بوو.

هەرچەندە تایمز گەورەترین نووسینگە و کۆمەڵێکی شەش کەسیی باشترین هەواڵنێرانی لێکۆڵەوانی ڕۆژنامەکەی لە واشینگتۆن هەبوو، ڕێینز ڕووماڵەکەی لە نیویۆرکدا بەردەوام سەرپەرشتی دەکرد. لەناو ئەو خەڵکانەی ئەو بۆ واشینگتۆنی ناردن جەیسن بلێیر بوو، ئینتێرنێکی پێشووی ٢٧ ساڵان، کە تەنیا ماوەی ٢١ مانگ هەواڵنێریی کردبوو، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زیادکردنی بلێیر وەک بژاردەیەکی سروشهێن هاتە بەرچاو، هەواڵنێری نوێ هەواڵی لاپەڕەی یەکەمی لەگەڵ وردەکاریی ئازاردەری ئەوتۆی بەرهەم دەهێنا، کە هەواڵنێرانی تری ناوچەی واشینگتۆن نەیان دەتوانی لەگەڵی ڕکابەرێتی بکەن.

بەهەمان خێرایی هەواڵنێرانی بەئەزموونتری واشینگتۆن دەستیان کرد بەپرسیارکردن لە "ئەو کوڕە، بلێیر"، کە ناوی بەرەبەرە لەناو ڕۆژنامەکەدا دەردەکەوت، بەڵام هیچ کامیان لە نووسینگە یان لە گۆڕەپان نەیان دیتبوو. یەکێک لەو هەواڵنێرانە، ئێریک لیچبلاو، کە وەزارەتی دادی بۆ تایمز ڕووماڵ دەکرد، نیگەران بوو کاتێک هەواڵەکانی بلێیر بەبەردەوامی لەلایەن کاربەدەستانی جێی

متمانەی ئەو لە وەزارەتی داد گومانیان لێ دەکرا. هەواڵنێرانی تریش گومانیان هەبوو و کاتێک سەرچاوەیەک لە تووڕەییبیا بە لیچبلاوی گوت "ئەو نازانێت ئەو سەرچاوە ناوپارێزراوانەی ئەم کوڕە بلێیر پشتیان پێ دەبەستێت، کێن بەڵام بەشێکی زۆری ئەو شتەی ئەو دەینووسێت هەر راست نییە"، لیچبلاو چووە لای ریک بێرک، نووسیاری هەواڵی لە نووسینگەکەدا. بێرکیش نیگەرانییەکانی خۆی بە نیویۆرک ڕاگەیاند، کاتێک گوتی پێشنیازەکانی ئەو لەبارەی پاڵنەری ئیرەیی لە سکاڵاکاندا گوێیان لێ نەگیراوە، بێرک وەڵام دراوە رێینز"گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی بلێیر هەواڵنێرێکی کۆڵنەدەری مەزنە".

ئەوەی هیچ کام لە ئەندامانی نووسینگەی واشینگتۆن نەیان دەزانی ئەوە بوو گلەیی لەبارەی بلێرەوە وەک تایەکی بەردەوام پێش ئەوەی بلێیر بنێردرێتە واشینگتۆن، ژووری هەواڵیی نیویۆرکی ئاڵوودە کردبوو. تاڕادەیەک کاتێک بلێیر لە نووسیارێکی سەرپەرشتیارەوە دەگوزراوە بۆ یەکێکی تر، گومان لەبارەی جۆری کارەکەی ئەو لەگەڵ گواستنەوەیدا نەدەگوازرایەوە، وەک ئەوەی بلێیت نووسیارەکان لەسەر کیشوەری جیاواز دەژیان، نەک تەنیا چەند یارد یان میلێک دوورتر لە یەکتری.

کاتێک دوو لە گومانباران دەسگیر کران، لە کەیسی تەقەکردنەکەدا تۆمەتبار کران، هەواڵنێرانی واشینگتۆن بەنیازی رێکخستنی سکاڵایەک بوون بۆ نیویۆرک. ڕووماڵەکە کەمتر بووەوە و گرژی و گومانەکان سستر دەبوونەوە، کاتێک بلێیر بۆ هەواڵی تر ڕاسپێردرا. ئیتر هەواڵەکانی بلێیر لە بایلاندا واشینگتۆنیان لەسەر نەبوو، بگرە بەرەبەرە مێریلەند و وێست ڤێرجینیا و ئۆهایۆ تێدا دەرکەوت، تەنانەت لە تێگزاسیش، شوێنێک کە رۆبێرت ریڤاردی نووسیاری سەن ئانتۆنیۆ ئێکسپرێس نیووز شتێکی لە هەواڵی بلێردا دی، کە نیگەرانی کرد. ئەوەندە نیگەرانی کرد کە پەیامێکی بەئیمێیڵ بۆ رێینز و نووسیاری بەڕێوەبەری تایمز، جێراڵد بۆید، نارد و پێی ڕاگەیاندن گوتارێکی بلێیر "بەشێوەیەکی بێزارکەر لێکچووە" لەگەڵ گوتارێک، کە ڕۆژنامەکەی پێشتر بڵاوی کردووەتەوە.

ئەم سکاڵایە دەرەکییە لەلایەن نووسیاری ڕۆژنامەیەکی تر، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت، رێینز و بۆید بلێیریان بەرەوڕووی کردەوە. هەواڵنێری گەنج خێرا گرفتاری تاڤگەیەک دژیەکی بووە. پاش دوو ڕۆژ دەرکەوت ئەو هەرگیز نەچووەتەوە ئەو ماڵەی تێگزاس کە لەبارەیەوە نووسیویەتی و وردەکارییانەی "شایەتی بەچاودیتە" لە وێنەکانی ئەرشیفی وێنەیی تایمزەوە وەرگیرابوون، زانیارییەکانی تر لە هەواڵی پەیامنێرانی ترەوە دابین کرابوو. لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا بلێیر دەستی لەکار کێشایەوە، هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی وەک تەقینەوەیەک کاریگەر بوو، بۆ کرانەوەی هێڵە داخراوەکانی پێوەندیکردن لەناو تایمزدا. کارمەندان یەک لەدوای یەک تێ دەگەیشتن ئەوان تاکە کەس نەبوون گلەییان لە ڕەفتار و کاری بلێیر هەبووە.

لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەبارەی کاری بلێیر کاتێک ئاشکرا بوو کە زۆر لە ئەندامان گومانیان

هەبووە لەوەی ئەو هەواڵنێرێکی کۆڵنەدەر و لێکۆڵەر و خۆبەختکەر نییە، بگرە پیاوێکی گەنجی داماوە و پشت بە دەسخەرۆیی و دزیی ئەدەبی و درۆ دەبەستێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکەی لەسەر حسێبی هەموو خەڵکی دەوروبەری، کارمەندان دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی هەستی ناڕەزایی، تەنانەت ناپاکی، ئەوان بۆ ماوەیەکی درێژ سەرکوت کرابوون کاتێک هەستیان بەوە کردبوو، لە هەستکردن بە درکپێنەکردندا بەتەنیان، بۆ ماوەی دوو هەفتەی دواتر ڕێینز و بۆید لەگەڵ تاکەکان و گرووپەکانی ناو ژووری هەواڵ کۆ بوونەوە و هەوڵیان دا دڵنیایان بکەنەوە. ئەوەی ئەوان لەم کۆبوونەوانەدا گوێیان لێ بوو، ئەو هەواڵنێر و نووسیارە تازەکارانە بوون، کە نائومێدیی و تووڕەیی خۆیان لەدژی ئەم پێشێلکارییە سەرەکییانەی بەرامبەر بە ستاندارد و بەهاکان هەڵڕشت- ئەو پێشێلکارییانەی هەڕەشەی لەناوبردنی متمانەی ئەوان و ڕۆژنامەکەشیان دەکرد.

لە جیاتیی دڵنیابوونەوەیان ناڕەزاییی کارمەندان چڕتر و بەهەڵمەتتر بوو و ئارسر سولزبێرگر جونیۆری خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە ڕای گەیاند ئەو و ڕێینز و بۆید لەگەڵ ژووری هەواڵ لە "تەلارێکی شاردا " کۆ دەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسیار و نیگەرانییەکان. کۆبوونەوەکە، کە بۆ ڕۆژنامەنووسانی تر ڕێگەپێنەدراو بوو لە شانۆخانەیەکی نزیک بەڕێوە چوو. قووڵایی گومان و تووڕەیی زاڵ بوو بەسەر بەڕێوەبەرانی پلەبەرزتر لەماوەی دانیشتنەکەدا، دواتر بە "بەزۆری سارد و هەستەکییانە و ڕاستەقینە" وەسف دەکرا، هەندێک لە بەشداران نەک تەنیا وەسفی بەرەنگاربوونەوەی پەیامنێرانی دامەزراوە هەواڵییەکانی تریان کرد، بگرە بە ئیمێیڵ پەیامیان بۆ ماڵپەڕی چاودێری ڕۆژنامەوانی وەک ڕۆمێنسکۆ نارد، کە لەوێوەش بۆ دیتنی هەمووان بڵاو کرانەوە. پەیامەکەیان بەرەبەرە پرۆژەیەکی جەماوەرییی تایبەتی لە دژی سەرکردایەتیی ڕێینز و بۆید دروست کرد.

ئەو وێنەیەی ئەو پەیامانە نەخشاندیان وێنەی ژوورێکی هەواڵ بوو، کە تێیدا گفتوگۆی ناوخۆییی ئەوەندە لەکار کەوتوو بوو، کە پێنج ساڵ ئاگەدارکردنەوە لەبارەی جۆرێتی و باوەڕپێکراوەبوونی کاری بلێیر پشتگوێ خرابوو، ئەو بەبەردەوامی هەواڵی گرینگ و گرینگتری پێ ڕاسپێردرابوو، تا ئەو خاڵەی ناوەکەی لە هەواڵی نەتەوەیی و تەنانەت نێونەتەوەییشدا دەرکەوت، بەر لەوەی چیرۆکی بلێیر تەواو بێت، ڕێینز و بۆید هەردووکیان و پتر لە بیست و چوار کارمەندی ژووری هەواڵ دەرکران، کە دەستیان لە ڕێکخستنێکی درێژخایەنی ستاندارد و پێکهاتە و کردەوەگەلی ژووری هەواڵدا هەبوو.

لە حوزەیراندا لێکۆڵینەوە ناوخۆییەکە بەڵگەی دۆزییەوە لەسەر "کاری بەردەوامیی بلێیر بۆ ساختەکاریی ڕۆژنامەوانی... و درۆی زۆر و دزیی ئەدەبی (کە) دەربڕی ناپاکیی قووڵ بەرامبەر بەمتمانە و خاڵێکی ڕەش بوو لەناو مێژووی ١٥٢ ساڵەی ڕۆژنامەکەدا ". کاتێک زانیاریی زیاتر ئاشکرا بوو، کارمەندان بۆیان ڕوون بووەوە پێویست بوو دەنگێکی دەرەکیی هەبێت بۆ ئەوەی هێڵەکانی پێوەندییکردنی ناوخۆیی ببنەوە.

بەشێکی زۆری پاڵنەر بۆ ڕووخاندنی بەڕێوەبەرانی بەرزی ژووری هەواڵ درایە پاڵ ئینتەرنێت، کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری کارمەندانی تایمز سکاڵا پشتگوێ خراوەکانی خۆیان وەشاند. ئەو ئەندامانەی، کە داڕشتەی بێ سنووری ئەو ئامرازە نوێیەیان بۆ دروستکردنی "دەنگی دەرەکی" بەکار دەهێنا، چاودێرییان لەسەر ڕەفتاری ئینتەرنێت دەکرد، ئەوان لەگەڵ کەسانی تردا تێگەیشتن ئینتەرنێت ڕۆڵێکی گرینگی لە کردنەوەی کەناڵی نوێ هەیە، کە بەهۆیانەوە بەها و ستانداردەکان گومانیان لێ دەکرێت و لەلایەن کۆمەڵگەیەکی گەورەوە هەڵدەسەنگێنرێت، کە پشت بە ڕاست و دروستیی چاپەمەنی دەبەستێت، لەدواییدا ڕۆژنامەنووسی دەربڕێکی کەسایەتییە.

لەبەرئەوەی هیچ یاسایەکی ڕۆژنامەوانی و ڕێنوێنی و مۆڵەتی فەرمی و سیاسەترێژییەکی خۆیی فەرمی بوونی نییە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی بەهۆی سروشتییەوە ڕەنگە چەوسێنەر بێت، بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتە سەر ئەخلاق و هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنووسان بەجیاوە بەجیاش لەسەر ئەو دامەزراوەیەی کاری تێدا دەکەن، ئەمە ڕەنگە تەحەددایەکی گەورە بێت، بۆ هەر پیشەیەک، بەڵام بۆ ڕۆژنامەنووسان هەروەها گرژیی نێوان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بۆ خزمەتی گشتی- ئەو ڕەهەندەی کارەکە، کە پاساو بۆ زانخوازییەکەی دێنێتەوە- و ئەو بازرگانییە هەیە، کە پارە بۆ کارەکەی دابین دەکات. ئەوەی شتەکان ئاڵۆزتر دەکات، تەنانەت لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، ئەوەیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان هێشتا بەدامەزراوەکانی ئۆلیگارکیکەوە دەورە دراون لەبەر تێچووە گرانەکانی مۆنتاجکردنی دامەزراوەیەکی هەواڵیی گشتگیرەوە.

داڕشتەی سەر بۆ ژێری دامەزراوەکانی ئۆلیگارکیک زۆربەی جار باسکردنی بابەتی نابەرجەستەی وەک ڕەوشت یان پرسیاری ویژدان-لانی کەم لەناو ژوورەکانی هەواڵی خۆیاندا- بۆ تاکەکان سەختتر دەکات، لەم ساڵانەی دواییدا زۆربوونی بلۆگەکان و بەدیموکراسیکردنی بەرهەمهێنانی دەق دەنگی داوە بە هاووڵاتییان بۆ چاودێری کردنی سیاسەت و کۆمەڵگە و چاپەمەنی و چینێکی نوێی زانا و ڕەخنەگرانی میدیایی دروست کردووە، هەندێکیان سەربەخۆ کار دەکەن، هەندێکیان لەناو ئەو دامەزراوانەی بەڵێنی چاودێریی چاپەمەنییان داوە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان خۆبەختکردنێکی بێ وێنەیە بۆ پاسەوانی لە MSM یان میدیای گشتی. ئەمڕۆکە ئەگەر کێشەیەک لەناو ژووری هەواڵدا بڵق بداتەوە، ئاشکرا دەبێت، ئەگەر دامەزراوەکە خۆی لە بەرپرسیارێتییەکان بدزێتەوە، کەسێک ئاشکرایان دەکات، گرژی و ترس لە باسکردنی کێشەی ناوخۆیی دامەزراوە لە دەرەوەی ژووری هەواڵدا، هەندێک نووسیاری ناچار کردووە، واز لە یاداشت ناردن یان نووسینی بڕیارەکان لەسەر کاغەز بێنن.

هەندێک لەم چاودێرە نوێیانە نەک تەنیا پەرەیان بەداواکاری بۆ دیوەدەربوونی ژوورەکانی هەواڵ داوە، بگرە وەک حاڵەتەکەی جێیسن بڵێیر، هەروەها ڕێخۆشکەر بوونە، بۆ ئاشکراکردنی هەڵە و کەموکورتیی ئەخلاقی لە ڕیزبەندی بنەڕەتیی نیویۆرک تایمزدا. ڕاستە کە بەشێکی زۆری چات لەناو ئینتەرنێت لەئاستی تۆمەتی ئایدیۆلۆجیی لەدژی چاپەمەنی بەبۆنەی یەکجار کۆنەپارێزبوون

یان لیبرالّبوونییەوە تێپەڕ ناکات، بەڵام کاتێک تێ پەڕی و کاتێک چاتەکە کێشەی مەترسیداری ناو ژووری هەواڵی دەرخست، باوەڕمەندبوونی ئەو بەرهەمە ڕۆژنامەوانییە ڕەنگە یەکجار کاری تێ بکرێت.

گرینگە ئەم بەرەنجامە لەیاد نەکرێت، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئێمە ئاگەداری گرینگییەکەین، کاتێک هەموو شتێک گوتراوە و ئەنجام دراوە، ئەو شتەی ئێمە لە کاتی هەڵبژاردنی کۆوارێک، پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی، ماڵپەڕێک یان ڕۆژنامەیەک دەیکەین هەڵبژاردنی دەسەڵات و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە، کە بەرهەمی دێنن، بەشێکی بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە هانی کولتوورێکی دیوەدەر و کراوە بدات، کە ڕێگە بە ڕەخنەگران نەدات گومان بخەنە سەر باوەڕپێکراوەبوونی بەرهەمەکە.

لە ئەنجامدا بنەمایەکی دواییی هەیە، کە ڕۆژنامەنووسان لەبارەی کاری خۆیانەوە لێی تێ گەیشتوون و ئێمەش وەک هاووڵاتیی لە کاتی هەڵبژاردنەکانمان بۆ میدیادا درکی پێ دەکەین. لە هەر هەموو بنەماکانەوە خۆبەدەستەوەنەدەرترە، بەڵام هەموو بنەماکانی تریش لێک دەبەستێتەوە.

## پێویستە ڕۆژنامەنووسان ویژدانی خۆیان بەکار بێنن

هەر ڕۆژنامەنووسێک، لە ژووری هەواڵەوە بگرە تا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، پێویستە هەستی ڕەوشت و بەرپرسیارێتیی- تێگەیشتنێکی ئەخلاقیی هەبێت. لەوەش زیاتر، ئەوان بەرپرسن لەوەی دەروونی خۆیان بەدەنگی بەرز هەڵڕێژن و دەرفەت بەکەسانی دەوروبەریش بدەن هەمان کار بکەن. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بتوانن دەروونی خۆیان دەرببڕن، بەڕێوەبەر و خاوەنەکانی پێویستە ژوورێکی هەواڵی کراوە دروست بکەن، هەلومەرجێکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بەربەستی بێ ژمار بەرهەمهێنانی هەواڵی ڕاست و دروست و ڕەوا و هاوسەنگ و هەواڵی بوێر و پڕژاوە سەر هاووڵاتی و سەربەخۆ لە هزر سەخت دەکات، بەڵام هەولەکە لەناو بێشکەکەیدا بەبێ بوونی کەشوهەوایەک، کە ڕێگە بە خەڵک بدات بەرەو رووی گریمانە و بۆچوون و دەمارگیرییەکانی یەکتری ببێتەوە، خنکێنراوە. دەبێت ڕۆژنامەنووسانمان هەست بەئازادی بکەن، تەنانەت هان بدرێن دەنگ هەڵبڕن و بڵێن "پێم وایە ئەم بیرۆکە هەواڵییە نەژادپەرستانەیە" یان "سەرۆک، تۆ خەریکە بڕیاری هەڵە دەدەیت". تەنیا لە ژوورێکی هەواڵدا، کە هەمووان بتوانن بۆچوونە جیاوازەکانیان دەرببڕن، هەواڵەکە شانسی بەڕاست و دروستی پێشبینیکردن و پێشاندانی بۆچوون و پێویستییەکانی بەردەوام جیاوازتربووەی کولتووری ئەمەریکی دەبێت.

بەزمانێکی سادە، ئەوانەی دامەزراوەی هەواڵیان داگیر کردووە، پێویستە درک بکەن بەبەرپرسیارێتییەکیی کەسێنی بۆ جیاوازبوون و بەرەنگاربوونەوەی نووسیار و خاوەن و ریکلامکار، تەنانەت هاووڵاتییان و دەسەڵاتی بەرقەراریش، ئەگەر دادوەری و ڕاست و دروستی

ئەوەیان لێ بخوازێت.

له بەرامبەردا ئەوانەی دامەزراوەی هەواڵیی بەڕێوە دەبەن، پێویستە ڕێگە و هانی کارمەندانیان بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتییە کەسێنییە. شتێکی ساویلکانەیە وا بیر بکرێتەوە لەناو سەردەمێکدا، کە داهاتووی چاپەمەنی نادیارە، خۆبەختکردنێک کەسێنیی بەسە. زۆر ڕۆژنامەنووس ئەوەندە نیگەرانن لەوەی ڕەنگە بەهۆی شەپۆلی دواتری بێکارکردنەوە ڕابماڵرێن، کە بەگژداچوونەوەی دەسەلات و کولتوورێکی دامەزراوەیی چەوت دوایین شتە بیری لێ بکەنەوە، بۆیە دامەزراوەی هەواڵی، تەنانەت لەوەش گرینگتر لەناو جیهانی کۆمپانیا گەورەکانی هاوبەشیی ئەمڕۆدا، کۆمپانیا پێکهێنەرەکانیان پێویستە کولتوورێک دروست بکەن، کە بەرپرسیارێتیی کەسێنیی پەروەردە بکات، پاشان پێویستە بەڕێوەبەران حەز بکەن، گوێ لە کێشە و نیگەرانییەکان بگرن، نەک تەنیا لەناویان ببەن.

هیچ بەشێکی جیا لەم کتێبەدا لەبارەی ڕەوەشتەوە نییە، ئەوە لەبەر ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییەیە، جۆری ئەم هەڵسەنگاندن و تۆن و سەلیقە و کەسایەتی، کە لەو هۆکارەدا شاراوەیە، کە بۆچی ئێمە کۆوارێک، گەشتێکی هەواڵیی یان ماڵپەڕێکدا لەچاو ئەوانی تر هەڵدەبژێرین، ڕەوشت لەگەڵ هەر بنەمایەکی ڕۆژنامەوانیدا گرێ دراوە، ئێمە وەک هاووڵاتیی زۆربەی جار زیرەکانەتر لە خودی ڕۆژنامەنووسان، کە هەندێک جار ڕەوشت وەک بابەتێکی فەرامۆشکراو گەمارۆ دەدەن، هەست بەمە دەکەین.

وەک هەواڵبێژی شیکاگۆ کارۆڵ مەرین لە یەکەم کۆڕبەندی لێژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆش بەلێژنەکەی گوت "پێم وایە ڕۆژنامەنووس کەسێکە باوەڕی بە شتێکەوە هەیە، کە ئەوانی تر حەز دەکەن وازی لێ بێنن".

له ١٩٩٣دا دێیتلاینی ئێن بی سی خەریکی ئامادەکردنی بابەتێک بەناوی "وێیتینگ تو ئێکسپلۆد؟ " بوو، گوایە تەنکەری گازی لۆرییەکانی جێنیراڵ مۆتۆرز وێ دەچێت لە پێکداداندا بتەقن و گڕ بگرن، هەواڵنێری بابەتەکە نیگەرانیی لەوە دەربڕیبوو. هەرچەندە میشێل گیلنی پەیامنێر ڤیدیۆی پێکدادانی ڕاستەقینەی کۆ کردبووەوە، کە تێیاندا شۆفێران بەئاسێبوون لەناو ئۆتۆمۆبێلی گڕگرتوودا بریندار دەبوون، ئەو دەیزانی ئەو تاقیکردنەوانەی پێکدادانەکان، کە ئێن بی سی ئەنجامی دابوون، هەمان بەرەنجامەکانی بەدەستەوە نەدەدا، ئاگرێکی بچووک دەکەوتەوە، بەلام تەنیا ١٥ چرکەی دەبرد بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە گڕ لەخۆی بەردات. بۆیە کاتێک زانییەوە تەلەڤزیۆنەکە سوود لە تاقیکردنەوەی زیاتر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ورووژێنەرتر بێت، گیلن ئەو شتەی کرد، کە لەماوەی حەوت مانگی کارکردنی لەگەڵ پرۆگرامەکەدا نەیکردبوو، تەلەفۆنی بۆ ماڵی سەرۆکی خۆی، جێف دایمند کرد و نیگەرانییەکانی خۆی بۆ باس کرد، ئەو داوای دەکرد تاقیکردنەوە نوێیەکان بوەستێنرێن.

دایمند پێی گوت پێی وایە ڤیدیۆکە ڕاتەکێنەر دەبێت و شتێک دەخاتە سەر هەواڵەکە.

هەردووکیان لەسەر ئەو خاڵە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بگرە و بەردەیان کرد، بەڵام دایمند لە کۆتاییدا گیلێنی رازی کرد باسی تاقیکردنەوەی پێکدادانەکە بکات، کاتێک بەرهەمهێنەرانی دڵنیایان کردەوە نیگەرانییەکان لە وەشانی دواییدا تۆمار دەکرێن. تاقیکردنەوەکە بە "نازانستی" ناودەنرا، هەر ئەنجامگیرییەکیش بۆ شارەزا بەجێ دەماوە.

بەڵام پرۆگرامەکە هەموو نیگەرانییەکانی گیلێنی تۆمار نەکرد، هەرگیز باسی لەوە نەکرد، ئاگرەکە چەندی خایاند یان لە خۆیەوە هەڵبووبوو، لە دواییدا گیلێن بڕیاری دا بەهەر شێوەیەک و بەپێچەوانەی ویستی دەروونیی خۆی، بابەتەکە بگێڕێتەوە، چونکە "لە هەندێک کاتدا پێویستە تۆ باوەڕت بە بەرهەمهێنی جێبەجێکاری خۆتەوە هەبێت، ئەگەر ئەو بە من بڵێت ئەمە تەواوە و ئەویش بەرپرس بێت لە چاودێریکردنی باشترین بەرژەوەندییەکانی من و هی پرۆگرامەکە، کەواتە من باوەڕی پێ دەکەم". گیلێن هەڵە بوو و شەرمەزاریی تەقینەوە ئامادەکراوەکان بووە خاڵی ڕەشی مێژووی ئێن بی سی نیووز.

ئەم ڕووداوە پێشانی دەدات پرسی تێگەیشتنی ئەخلاقی دەکرێت چەند هەستیار بێت. ویژدان شتێک نییە سووک بکرێت، وەک ئەوەی لە حاڵەتی دێیتلایندا ڕووی دا. شتێکە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت. بەرپرسیارێتیی پارێزگاریکردن لە ویژدان ناکرێت، بەتەنیا لەئەستۆی تاکدا بنرێت یان وەک لە ڕەخنەکانی گیلێندا بخنکێنرێت. ئەگەر ڕەخنەکانی گیلێن بەهەند وەرگیرابان، ئێن بی سی نیووز دەیتوانی پێشگیری لە شەرمەزارییەکە بکات، کە لە دواییدا بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی مایکڵ گارتنری سەرۆکی بەشی هەواڵ.

ئەگەر بەسەرهاتەکەی گیلێن ئەمرۆکە ڕووی بدابایە، هەواڵەکە بەشێوەیەکی لێکچوو ئاشکرا دەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت، کە گفتوگۆی دەرەوەی ژووری هەواڵ یەکجار بەجۆشتر دەبوو. ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی نوێی چاپەمەنی، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاتووەتە کایەوە، بەهەمان شێوە ڕەنگە پشتیوانیی لە گیلێن کردبایە و ئێن بی سیی توندتر و دەستبەجێتر شووشتبایەوە.

بیر لە نموونەیەکی کەم بایەختر لە ئۆتۆمبێلی تەقێنەر بکەوە. بەیانیی ١٩ی ئابی ٢٠٠٥ تیڤی نیووزەر، بلۆگێکی سەر میدیابیسترۆ دۆت کۆم، کە ماڵپەڕێکە بۆ دابینکردنی هەواڵ و سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی، هەواڵی ئەوەی بلاو کردەوە گوایە بۆب کۆستاس ڕەتی کردووەتەوە پرۆگرامی لەری کینگ لایڤی سی ئێن ئێن لە شەوی پێشووتر پێشکێش بکات، چونکە بابەتەکەی بەدڵ نەبووە. پرۆگرامەکە، کە کۆستاس جار بەجار تێیدا شوێنی کینگی دەگرتەوە، بڕیار بوو بەشێوەیەکی سەرەکی لەبارەی ناتالی هۆڵۆویی بێت، هەرزەکارێکی ئالاباما، کە لەماوەی گەشتێکی پاش دەرچوون لە خوێندن بۆ ئەوروپا لە ئایاری ٢٠٠٥دا ون بووبوو. لە ئاب چیرۆکی هۆڵۆویی بووبووە دیاردەیەکی میدیایی و هەندێک کەناڵی تەلەڤزیۆنی چەندین سەعاتیان بەبەردەوامی بۆ ڕووماڵکردنی ڕاستەوخۆی تەرخان کردبوو.

تیڤی نیووزەری میدیابیستر ڕای گەیاند زانیارییەکە لە "سووسەپێدەرێکی ناوپارێزراوە دابین

کراوە، کە ستایشی کۆستاس دەکات، بەبۆنەی (پێداگیریی لە بنەماکانی بۆ وازهێنان لە هەواڵی بێ نرخ)... کۆستاس وەڵامی داواکاریی تیڤی نیووزەری بۆ لێداون نەدایەوە". هەواڵەکە پشتڕاست کرایەوە، نیوەڕۆکەکەی لەسەر ئاژانسی ئەسوشییێتد پرێس، و زوو لە هەموو شوێنێکی تر بڵاو بووەوە. کۆستاس لە لێدوانێکدا گوتی "من پێم وا نییە بابەتی شۆی پێنجشەمە ئەو جۆرە پرۆگرامە بووبێت، کە دەبووایە من بیکەم. من هەندێک جێگرەوەم پێشنیاز کرد، بەڵام بەرهەمهێنەرەکان ئەو بابەتانەیان پێ باش بوو، کە هەڵیان بژاردبوون، من کێشەم لەگەڵ ئەوەدا نەبوو و بەڕێزەوە ڕەتم کرد بەشدار بم".

هەواڵەکەی ئەسوشییێتد پرێس رایگەیاند کۆستاس و سی ئێن ئێن هەردووکیان بڕیارەکەیان بەدڵ بووە، بەڵام ئەوە بەری بە بلۆگەر و ڕەخنەگران نەگرت لەوەی ماوەی چەند هەفتەی داهاتوو ڕای لەسەر بدەن، زۆربەیان ستایشی ڕۆژنامەنووسەکەیان دەکرد، بۆ بڕیارەکەی و ئەوانەی بۆ بلۆگەکەیان پۆست دەکرا سەردێری ئاویان هەبوو "لە کۆتاییدا، ڕۆژنامەنووسێکی بەرپرسیار!" و " سوپاس بۆب کۆستاس" یان "ڕاست و دروستیی بۆب کۆستاس".

## کارکردن بەویژدان ئاسان نییە

هێنانی ئەم پێویستییە بۆ پرۆسەی دروستکردنی ڕۆژنامەوانی گرژییەکی تر دەخوڵقێنێت. ژوورەکانی هەواڵ بەناچاری دیموکراسی نین. وێ دەچێت بەشێوەیەکی ناڕاست دیکتاتۆرییانە بن. کەسێک لە لووتکەی زنجیرەی فەرماندانەوە، پێویستە بڕیار بدات– ئاخۆ هەواڵەکە بکرێت یان نا، لێدوانە نەفرەتییەکە لەهەواڵدا بهێڵرێتەوە یان لێی دەربهێنرێت، ئەگەر بەم شێوەیەش نەبێت، دامەزراوەی گەورەی وەک ڕۆژنامە، چاپکارانی سەر ئینتەرنێت یان وێزگەی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەکی ئاسایی نەیان دەتوانی بە دوا مۆڵەتیان ڕابگەن. بۆ سەر ئەمە مەیلێکی ژووری هەواڵ زیاد بکەن، کە بۆ دروستکردنی تاقە کولتوورێکی هاوبەشییە کاتێک بەشەکانی بازرگانی و هەواڵ بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون بەشێوەی تیم کار دەکەن، ئەمە ڕەنگە بەڕێوەبردن ئاسانتر بکات، بەڵام کولتووری تاکانەی ژووری هەواڵ، دژیەکە لەگەڵ ئەم بنەمایەی ویژدانی تاکەکەسی، کە سەرچاوەی بەهاکانی ترە، وەک ڕاست و دروستی و دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان و ئەو فرەجۆرێتییە زەینییەی بۆ ڕووماڵکردنی کۆمەڵگەکەمان پێویستە، بەڕێوەبەران دەبێت تێ بگەن، هەرچەندە دوا قسە بۆ ئەوانە، بەڵام پێویستە دەرگەکە بۆ هەر کەسێکی سەر ڕێگە ئاوەڵە بێت. وەک بۆب وودوارد دەڵێت پیشەکەی ئەوی فێری شتێک کردووە "باشترین ڕۆژنامەوانی زۆربەی جار لە بەرهەڵستیکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەنجام دەدرێت".

لە ڕوویەکەوە، بەڕێوەبەران پێویستە جیاوازیی نێوان بەرژەوەندییە گەورەتر و بچووکترەکانیان بناسنەوە. هەرچەندە ژوورێکی هەواڵی بێ دەنگ و وەک یەک ڕەنگە بۆ بەڕێوەبردن ئاسانتر بێت، بەرژەوەندیی گەورەتر و نابەرجەستەتری کۆمپانیای هەواڵی داوای کولتوورێکی ئاڵۆزتر لەوە

دەکات. ڕێگەدان بەتاکەکانی بۆ دەربڕینی ویژدانیان لە ژووری هەواڵدا بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە سەختتر دەکات. هەواڵەکەش تەواوتر دەکات.

چمکی ویژدانی ئەخلاقی شتێکە، زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانەی ئێمە چاومان پێکەوتن ( ئەگەر هەمووشیان وا نەبن)، باوەڕیان پێ هەیە. بیڵ کیوریتس بە هاوکارانی لێکۆڵەوانی ئەکادیمیی ئێمەی گوت "هەر هەواڵنێرێک بەتەنیا پێویستە یاساکانی خۆ دابڕێژێت، ستانداردەکانی خۆی و شێوازێک بۆ پیشەکەی خۆی دابنێت".

کاتێک جۆن کەتز دەستی بەڕەخنەی میدیایی کرد، هەستی کرد ئەمەی لەبارەی ڕۆژنامەنووسبوون، تەنانەت زیاتر لەبارەی ڕەخنەگری ڕۆژنامەوانیبوونە. کەتز هەستی کرد ناچارە دابنیشێت و یاسای تایبەت بە خۆی بۆ ئەخلاق دابڕێژێت. ئەو بەهاوکارانی لێکۆڵەوانی ئێمەی گوت "پێم وایە پێویستە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیت هەبێت لەو کارەی دەیکەیت بۆ ئەوەی کارەکەت لە ڕاستیدا مانایەکی هەبێت. تۆ هەر شتێک بکەیت، پێم وایە پێویستە بەشێوەیەک بیکەیت، کە لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕازیت بکات".

زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لەوبارەیە یەکجار کەمتر لە کەتز فەرمین. ئەوان تەنیا تێ دەگەن ڕۆژنامەوانی کارێکی ئەخلاقییە و دەزانن هەر هەموو پێشینە و بەهاکانیان ئەو کارە ئاراستە دەکات، کە دەیانەوێت لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا بیکەن یان نەیکەن، تۆم برۆکاو بە هاوکارانی لێکۆڵەوانمانی گوت "خۆڕسکەکانی خۆم و شێوازی پەروەردەبوونم... و پێم وایە گەشەسەندنی هەستەکی و زەینیی خۆم بەتێپەڕینی ساڵەکان منیان بەرەو کۆمەڵێک بیر و باوەڕی تاڕادەیەک بەهێز بردووە، من لێرەدا گرینگییان پێ دەدەم".

بۆ زۆر ڕۆژنامەنووس ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییە بەتایبەت لەبەر ئەو شتە گرینگە، کە لە سەرەتادا پەلکێشی پیشەکەی کردوون، کاتێک لە سەرەتادا حەزیان چووە هەواڵ، بەزۆریش لە تەمەنی گەنجی یان هەرزەکاریدا، زۆربەیان بەهۆی بنەما سەرەکییەکانی پیشەکەوە پەلکێشی بووبوون- سەرنجڕاکێشان بۆ نادادوەرییەکانی سیستەم، پێگگەیاندنی خەڵک و پێکهێنانی کۆمەڵگە. لە ڕاپرسیی ئێمە لەگەڵ سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی ئەو هۆکارانە بەنێزیکەیی بە دوو بەرامبەر بەپێش هەموو هۆکارەکانی تر کەوتن، وەک هۆکاری ناسراوە بۆ ڕۆژنامەوانی. بەکورتی، بۆ ئەوانەی ڕۆژنامەوانی دەکەن، پیشەکە ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هەیە.

ئەم ڕۆژنامەنووسانە باوەڕێکی بەهێزیان بەرامبەر بە ڕەهەندی ئەخلاقیی پیشەکەیان هەیە، چونکە بەبێ ئەوە ئەوان کەمیان لەدەست دێت بۆ سووڕانەوە لەناو مەودا تاریکەکانی بڕیارە ئەخلاقییەکان. وەک کارۆل مەرین بەئێمەی گوت لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک بۆ هەواڵ نییە... لە دواییدا جۆرە نەخشەیەکی ڕێنوێنیکاری خۆت هەیە، کە بڕیار دەدات چی بکەیت و چی نەکەیت".

ئێمە وەک جەماوەر بەو بڕیارانەی ڕۆژنامەنووسان دەیدەن سەبارەت بەوەی چی گوزارش بکەن و چۆن گوزارشی بکەن، ڕێنوێنی دەکرێن، ئێمەش لە هەڵبژاردنی بەستەی هەواڵیمان بەئاوێتەیەکی

وردی هۆکارەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێین، بەڵام ئەم هەستە ئەخلاقییە بەشێکە لێی. ئێمە بەدوای زانیاریی دەگەڕێین، بەڵام هەروەها چاو دەگێڕین بۆ سەلماندن بۆ بەڵگە و بۆ ڕاستگۆیی و بۆ ئەو هەستەی، کە ڕۆژنامەنووسان بەرژەوەندیی ئێمەیان لە دڵدایە.

بیر لەو ئەزموونە بکەوە، کە لە شیکاگۆ بەسەر خودی مەریندا هات، سەرەتای ١٩٩٧ ئەو پێشکێشکاری دەبڵیوو (ئێم ئێی کیوو) بوو، وێزگەیەک لەناو شارەکە کە (ئێن بی سی) خاوەنی بوو و بەڕێوەی دەبرد، ئەو پیاوەی بەرپرسی هەواڵی وێزگەکە بوو، جۆڵ چیتوود، بیرۆکەیەکی هەبوو بۆ ماقووڵترکردنی ژمارەی جەماوەری گەشتی هەواڵی تەقەڵاکەری ٦ی ئێواران. چیتوود کە لقی فۆکسی لە میامی بەبۆنەی "ئۆڵ کرایم، ئۆڵ زێ تایم" بۆ وێزگەی پلە یەک گۆڕیبوو، جۆرە ناوبانگێکی دەرکردبوو، پلانی دانا لە شیکاگۆدا، شانسی خۆی دووبارە تاقی بکاتەوە. ئەو جێری سپرینگری دادەمەزراند، شارەوانی ناتۆرەی چینچیناتی، کە بووبووە پێشکێشکاری شۆی گفتوگۆئامێز، بۆ ئەوەی لە کۆتایی هەواڵدا شرۆڤە بدات. سپرینگێر خەڵکی شوێنەکە بوو. ئەو پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکەی خۆی لەبارەی سێگۆشەی خۆشەویستیی هەوەسبازانە و پێکدادانە توندوتیژەکان، کە بۆ فرۆشتن بوو، ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆکانی دەبڵیوو ئێم ئێی کیوو تۆمار دەکرد. کاتێک پلانی چیتوود ڕاگەیەندرا، بڕیارەکە کارمەندانی دەبڵیوو ئێم ئێی کیووی تووشی نائومێدی کرد، ئاخۆ ئەوان لە کاری شۆی شۆککەردا بوون؟ ئەوان پێیان وابوو شتێکی گرینگ دەکەن، شتێکی پێوەست بەخزمەتی گشتی، لە دواییدا مەرین تێ گەیشت ئیتر بەسیەتی. ئەو پێی وابوو دەبڵیوو ئێی ئێم کیوو خەریکە دەگەنێت. دەستەی بەڕێوەبەران جارێک ئەویان لەژێر چاودێری دانابوو، چونکە ئەو ڕەتی کردبووەوە ئەو بابەتە تەندروستییانە پێشکێش بکات، کە بەڕێککەوتنی نێوان وێزگەکە و نەخۆشخانەی لۆکاڵ لە پێناو کڕینی کاتی ڕیکلام کرابوون. ئێستەش سپرینگر هاتبوو. مەرین هیچ خەیاڵی بۆخۆی نەبوو، ئەو پیاوچاک نەبوو، بەڵام ڕۆژنامەنووسان بەناوبانگیی خۆیان وەک کەسانی بە ئەخلاق دەژین و دەمرن، ئەوە هەموو دار و نەدارییانە. ئەو بڕیاری دا دەست لە کار بکێشێتەوە.

هاوڕێکانی بەدەنگی بەرزەوە ستایشی مەرینیان کرد، کاتێک ئەو لە بەرامبەر کامیرا بڕیارەکەی خۆی ڕاگەیاند. تۆ دەتتوانی ڕاستەوخۆ بیانبینیت، زۆریان گریان. شتەکە بەو مانایە بوو کەسێکی جەماوەری ئەو جۆرە هەڵوێستە ئەخلاقییە لەبارەی کارەکەیەوە وەربگرێت. مەرین چووە وێزگەیەکی تر، دوابەدوای دابڕانی بینەرانی دەبڵیوو ئێم ئێی کیووش دوور کەوتنەوە.

پاشان کاردانەوەکە مەرینی "تۆقاند"، بەڕادەیەکی زۆریش بە "ژمارە و جۆری نامە و ئیمێیڵەکان... خەڵک بابەتی دوور و درێژی نووسیوو و لە زۆربەی نامەکاندا سێ شتیان کردبوو. ئەوان پێوەندیی خۆیان بەهەواڵ ڕوون کردبووەوە... خۆیان بە زاراوەی دیموگرافیی پێناسە کردبوو... باسیان لە گرێکوێرەیەکی ئەخلاقی کردبوو کە تووشیان بووبوو... ڕاستی بابەتەکە ئەوەیە، پارێزەرێکی شیکاگۆ، کە دەیناسم بۆمی نووسی و گوتی، کە هەر کەسێک لە ئێمە لە ژیانی

خـۆیدا بەرەو ڕووی بڕیارێکی بەناو سپـرینگر دەبێتـەوە. من قسـەم لەگـەڵ ئەو گـۆشـتـفرۆشـانە کردووە، کە گۆشت لە کێشەکەی کەمتر دانانێن و یەکێکیانیش کە دەرکرا. بانکدارێکی خانووبەرە کە لە لێیک فۆرێستدا مەزندەکانی پەردەپۆش ناکات، دوو ڕێکەوتنی گرینگی بە بانکەکانی شیکاگۆ دۆڕاند".

کاتێک ئێمە هەواڵ بەکار دێنین، پرسەکانی کەسایەتی، کە ڕۆژنامەنووسان تووشیان دەبن، بەئێمە نامۆ نین، ئێمە لەو هەڵسەنگاندنانەدا بەدوویان دەگەڕێین، کە بۆ دەستنیشانکردنی کەسیی متمانەپێکراو و باوەڕپێکراون.

## کولتوورێکی ڕاستگۆیی

لیندا فـۆڵی، سـەرۆکی نیووزپێـپـیر گیـڵد، لە کـۆڕبەندێکی لێژنەی ڕۆژنامـەنووسـانی پـەرۆشـەوە بەئێمەی گوت "توانای ڕۆژنامەنووسان بۆ کارکردن بەویژدانیان یەکجار گرینگترە لە هەر شتێکی تر، کە بڕوایان پێی هەیە یان هەر بیر و باوەڕێکی تر، کە دەیهێننە ناو کارەکەیانەوە. بۆ ئێمە لە پیشـەسـازییـەکەماندا باوەڕمەندبوون لە بابەتییانەبوون گرینگترە... پێویستە کولتوورێک لە ژوورەکـانی هەواڵدا هەبێت بۆ ئەوەی دەرفـەت بـە ڕۆژنامـەنووسـان بدات گـفـتوگـۆیەکی ئازاد و کراوەیان هەبێت".

دۆناڵد شریڤر، سەرۆکی خانەنشینبووی یونیێن سیۆلۆجیکاڵ سیمیناری لە نیویۆرک سیتیدا، کەمێک پێش ئێستە بەچوار کتێب لە سەر ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیدا چووەوە و ئەمەی پێشکێش کرد لەبارەی ئەو کتێبەی سەبارەت بە بابەتەکە لەلایەن پەیمانگەی پۆینتر لە فلۆریدا ئامادە کراوە. "بەسوودترین بەشی نموونەی پۆینتر بۆ ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی ڕوونکردنەوەکەیەتی لەبارەی گۆڕان لە ئەخـلاقی "کـاردانەوە دەروونییـەکـان" پاش چاودێریکردنی یاسـاکـان بۆ پێگەیشـتنی هزر و لێکدانەوە. لە لووتکەی ئەم ڕیزبەندەدا ڕۆژنامەنووسان سوورن لەسەر ئەوەی "هاوکاری پێویستە". بەو مانایەیە لەگەڵ هاوکارانت لە هەواڵەکە دڵنیابەوە. بەرەچاوکردنی پەلەپەلکردن بۆ دواکات و ڕکابەریەتیی نێوان هەواڵنێران لە زۆربەی ژوورەکانی هەواڵدا، ئەمە ئامۆژگارییەکەی دەگمەنە. بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەوانی ئامرازێک بێت بۆ دیالۆگ لە نێوان هاووڵاتییان، وادیارە دەستپێکردنی ئەو دیالۆگە لە ژووری هەواڵ شتێکی ڕاست بێت ".

بەشـێـوەیەکی سـەرنجـڕاکـێش هەندێک لە باشـترین و ئاڵۆزترین بڕیارەکـان لە مـێـژووی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕێگەی هەر ئەو هاوکارییە خۆ بەدەستەوەنەدەرە دراون، کە شیـڤر باسی لێوە دەکـات، کاتێک کـەسرین گراهام بڕیاری دا بەڵگەنامـەکـانی پێنتاگۆن لە ١٩٧١دا بڵاو بکاتەوە پرۆسـەکـە بەشـێـوەیەکی سـەرووئاسـایی کـراوە بوو. گراهـام پێـویست بوو بڕیار بدات ئاخـۆ واشینگتۆن پۆست بە چاپکردنی بەڵگەنامە نهێنییەکانی پێنتاگۆن مەترسیی سزا یاساییەکانی دەگرێتە ئەستۆ، ئەمەش پاش ئەوەی وەزارەتی داد داوای لە دادگە کردبوو، ڕێگە بەنیویۆرک تایمز

نەدات بڵاویان بکاتەوە، گراهام خۆی بەم شێوەیە لە ژینامەکەیدا باسی ئەو کارە دەکات:

بێن (بردلّی) هەستی دەکرد تەنگی پێوە هەڵچنراوە لە نێوان نووسیار و هەواڵنێرانەوە کە سەرسەختانە ڕێزیان گرتبوو بۆ بڵاوکردنەوە و پشتیوانیکردن لە تایمز، سەبارەت بەبابەتی ئازادیی چاپەمەنی و ئەو پارێزەرانەی لەلایەکەوە پێشنیازی سازشێکیان دەکرد، کە بەهۆیەوە پۆست بەڵگەکان لە هەینیدا بڵاو نەکاتەوە، بگرە داواکاری گشتیی لە نیازی بۆ بڵاوکردنەوەکەیان لە یەکشەمەدا ئاگادر بکاتەوە. هاوارد سایمنز کە ١٠٠٪ لەگەڵ بڵاوکردنەوەیان دابوو، داوای لە هەواڵنێران کرد ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزەران بدوێن.

(دۆن) ئۆبێردۆرفر گوتی سازشەکە "بێ نرخترین بیرۆکە بووە تا ئێستە بەر گوێم کەوتبێت". (کاڵمێرز) رۆبێرتس گوتی ئەگەر پۆست بڵاویان نەکاتەوە، ئەوا بۆ چوونە لای داواکاری گشتی "لەسەر زگی خشکە دەکات". ئەو دوو هەفتە دواتر داوای خانەنشینیبوونەکەی خۆی وەرگرتەوە و کردی بە دەست لەکار کێشانەوە و بەئاشکرا پۆستی بە ترسنۆکی تۆمەتبار کرد. مێری ماردر بەبیری دێتەوە گوتبووی "ئەگەر پۆست بڵاویان نەکاتەوە وەک دامەزراوەیەک بارودۆخێکی زۆر خراپتری لەوە دەبێت ئەگەر بڵاویان بکاتەوە"، لەبەرئەوەی متمانەی ڕۆژنامەکە "بەشێوەیەکی ڕۆژنامەوانە بەهۆی ترسنۆکییەوە لەناو دەچێت". (بێن) بەگدیکیەن بەڵێنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەکانی، کە بە(دانیێل) ئێڵسبێرگ درابوو، بەبیر پارێزەران هێنایەوە و ڕای گەیاند "تاکە ڕێگە بۆ سووربوون لەسەر مافی بڵاوکردنەوەیان ئەوەیە بڵاویان بکەینەوە"... جین پەترسن... یەکەم گەڤی پێدام لەبارەی ئەو شتەی خەریک بوو ڕوو بدات، پێی گوتم ئەو پێی وایە بڕیاری بڵاوکردنەوەی لەلایەن منەوە دەدرێت، هەروەها ئەو دەیزانی "من بەتەواوەتی لەوە تێ دەگەم ژیانی ڕۆژنامەکە لە مەترسیدایە".

پرسیم "خوایە! تۆ پێت وایە شتەکە بگاتە ئەو ڕادەیە؟" جین گوتی بەڵێ. ئەو...

ترساو و شڵەژاو قومێکی زلم قووت دا و گوتم "دەی، دەی، دەی. با بچین. با بڵاوی بکەینەوە".

وەک ئەنتۆنی لویس، کە ئەوکات ستوونووسی نووسیاری نیویۆرک تایمز بوو، پاش حەڤدە ساڵ تێبینیی کرد:

لە گوتارێکی هەڵسەنگاندنی یاسایی، کە پاشان بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکە لەلایەن هارۆڵد ئێدگار و بێنۆ شمیدت جونیۆر، پرۆفیسۆرەکانی کۆلێجی یاسای زانکۆی کۆڵۆمبیادا نووسرابوو، هاتبوو ڕووداوەکە ئاماژەی بە "کۆتایی هاتنی سەردەمێک"ی چاپەمەنیی ئەمەریکا دەکرد. ئەوان گوتیان ئەوە ئەو سەردەمە بوو تێیدا "پێوەندییەکی پێکەوە ژیانی لە نێوان سیاسەتوانان و چاپەمەنیدا" هەبوو. بەڵام ئێستە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی مێژووی شاراوەی شەڕی ڤێتنام سەرەڕای بەرهەڵستیی توند دامەزراوەکانی حکوومەت "پێشانیان داوە بەشێکی زۆری چاپەمەنی ئیتر حەز ناکات بەتەنیا هاوبەشێکی جار بەجار ڕەخنەگری (حکوومەت) بێت، کە خۆی بۆ ئامانجی هاوبەش

تەرخان کردووە، بەڵام بەنیازە ببێتە نەیار".

ساڵێک پاش بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن، واشینتگتۆن پۆست لە واترگێیتی کۆڵییەوە.

## جۆرەوجۆرێتیی هزری ئامانجی راستەقینەیە

ئەم چمکەی دیالۆگی کراوە لەناو ژووری هەواڵدا لە ناخی ئەو شتەدایە کە ژمارەیەکی بەردەوام بەرزەوەبووەی خەڵک لە کاتی بیرکردنەوە لە هەواڵ بەبنەمای سەرەکیی دادەنێن لە پرسی جۆرەوجۆرێتی و لە گەڕان بەداوی ڕۆژنامەوانییەکی هاوسەنگ.

هەواڵبێژی ئێی بی سی چارڵز گیبسن لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە پرسی "ئاخۆ کولتووری ژووری هەواڵ بوونی هەیە؟ ئاخۆ ئێوە تەحەدای یەکتری دەکەن، لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن و هانی یەکتر دەدەن؟".

دێیڤید ئەشنفێڵدری براوەی خەڵاتی پوڵیتزر لە دیترۆیت فری پرێس کە هەروەها کریستیانێک و ئەندامی گرووپێکی گەورەی ناوچەی دیترۆیت بوو بۆ لێکۆڵینەوەی هەفتانە لەبارەی ئینجیلەوە، وەڵامی داوە "من پێت دەڵێم ئەمە چۆن بۆ کریستیانەکانی ناو ژووری هەواڵ تەواو دەبێت. ئەوان قسە ناکەن. ئەوان لەوە دەترسن گاڵتەیان پێ بکرێت. ئەوان لەوێن. من دەزانم کام کۆمەڵیان کریستیانن. ئێمە ئەم جۆرە نهێنییە بچووکەمان هەیە و ئێمە لەگەڵ یەکتر و لە نێوان خۆماندا قسە دەکەین. شتێک کە بەو دواییانە لە خۆمان پرسیبێت ئەوەیە ئێمە بۆچی هەر لەناو خۆماندا قسە دەکەین".

بەشێوەیەکی نەریتی چمکی جۆرەوجۆرێتی لە ژوور هەواڵدا بەشێوەیەکی سەرەکیی بە زاراوەی ئامانجی ژمارەییەوە پێناسە کراوە، کە پێوەندییان بەنەتەوایەتی، نەژاد و ڕەگەزەوە هەیە. پیشەسازیی هەواڵ لە درەنگەوەختدا هەستی بەوە کردووە بەگشتیی ژوورەکانی هەواڵی پێویستە بەشێوەیەکی لێکچووەتر دەربڕی کولتوور بن. کۆمەڵگەی ئەمەریکی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامە، بۆ نموونە، لە ١٩٧٨دا بەشێوەیەکی فەرمی ڕێنوێنی دا بەوەی ژمارەی ئەو کەمایەتییانەی لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکیدا کار دەکەن، پێویستە هاوتا بن لەگەڵ ڕێژەی لە سەتای کەمایەتییەکە لەناو گشت جەماوەردا- ئامانجێک کە هێشتە وەدی نەهاتووە. ئەم ئاراستانە و شکست لە وەدیهێنانیان گرینگن. کۆتا ژمارەییەکان پێوەندییان بە دادوەرییەوە هەیە، هەروەها هەنگاوێکی پێویستن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی و بەم هۆیەشەوە هاووڵاتیبوون و دیموکراسیی بکەن بەشتێکی بەردەست بۆ هەمووان.

بەڵام ئەم پێناسە نەریتییە بۆ جۆرەوجۆرێتی ئەگەر لە چوارچێوەی بەرفرەوانتری ویژدانی کەسێنیدا لێی بڕوانرێت، چەندی گرینگیش بێت، یەکجار سنووردارە. مەترسیی تێکەڵکردنی ئامراز و ئامانجی لەگەڵدایە. هێنانی ژمارەیەکی زۆرتری کەمایەتی بۆ ناو ژووری هەواڵ ئامرازێکە بۆ جۆرەوجۆرێتی، نەک ئامانجەکەی. ئامانجەکە دامەزراوەیەکی هەواڵیی تەواوتر و نوێنەرانەترە.

کۆتای نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزی ئامرازن بۆ نزیکبوونەوە لەو ئامانجە، بەڵام لە خۆیانەوە هیچیان بۆ ناکرێت، ئەگەر کولتووری ژووری هەواڵ ئەو کاتە داوا لە هەموو ئەم خەڵکەی سەر بە بەکگراوندی جیاواز بکات پابەندی تاکە مێنتاڵییەتێک بن. ڕۆژنامە یان وێزگەی تەلەڤزیۆنیی لۆکاڵ ڕەنگە "لە ئەمەریکا بچێت"، وەک سەرۆک کلێنتۆن حەزی دەکرد وا بڵێت، بەڵام وەک کۆمەڵگەی ئەمەریکی بیر نەکاتەوە و نەتوانێت لێی تێ بگات یان ڕوومالّی بکات.

پێویستە ئامانجی جۆرەوجۆرێتی نەک تەنیا پێکهێنانی ژووری هەواڵ بێت، کە ڕەنگە نوێنەری کۆمەڵگە بێت، بگرە ژوورێکی هەواڵی وا کە کراوە و ڕاستگۆیە بۆ ئەوەی ئەم جۆرەوجۆرێتییە بتوانێت کار بکات. ئەمە تەنیا جۆرەوجۆرێتی لە نەژاد و ڕەگەزدا نییە. تەنیا جۆرەوجۆرێتی لە چینی کۆمەڵایەتیی یان ئابوورییەوە نییە. ئەو شتەیە، کە ئێمە بە جۆرەوجۆرێتیی هزری ناوی دەبەین، ئەوە هەموو جۆرەکانی تری جۆرەوجۆرێتی دەگرێتەوە و مانایان پێ دەبەخشێت.

بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون ئەو خەڵکانەی بۆ جۆرەوجۆرێتی تێ کۆشان خەریکە کتوپڕ دەگەنە ئەم بەرەنجامە. مێرسێدێس دی ئۆریاتێ، کە لە زانکۆی تێگزاس وانەی ڕۆژنامەوانیی دەڵێتەوە، لە کۆڕبەندێکی تری لێژنەکەدا بە ئێمەی گوت "ئێمە...جۆرەوجۆرێتیمان یەکجار زۆر بە زاراوەی ڕەگەزی و بۆماوەیی واتە بەخەڵکانێک پێناسە کردووە، کە تۆزێک جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکیی وەک یەک وان. ئێمە زۆربەی جار ئەوە دەگشتێنین بەسەر سەرچاوەکانیش، ئەوانەی ئەو شتەی نێوان هەردوو سەری مەودایەکی بەرتەسکی مشتومڕی دەڵێن، کە ئێمە پێی ئاسوودەین". بەڵام دی ئۆریاتێ دەڵێت "ئەوەی هێشتەش ئێمە بۆ ئاوێتەکردنی لەگەڵ هەواڵدا کێشەمان هەیە، جۆرەوجۆرێتیی هزرییە. بەگوێرەی زانایانی کولتووری ئەمەسریکی قبووڵکردنی جۆرەوجۆرێتیی هزری لە سەختترین شتەکانە بۆ ئەمەریکییەکان".

بەداخەوە ئەم چمکەی جۆرەوجۆرێتیی هزری، هەروەها بۆ بەڕێوەبەرانیش سەختە. ئاراستەکە، لەبەر زۆر هۆکارەوە، بەرەو دروستکردنی ژوورێکی هەواڵە، کە وەک بەڕێوەبەر بیر دەکاتەوە.

## فشاری سەر ویژدانی کەسێنیی

هۆکاری جۆرەوجۆر هاندەرن بۆ دروستکردنی ژووری هەواڵیی وێکچوو. یەکێکیان لە ڕاستیدا سروشتی مرۆڤە. خوان گۆنزالێز، ستوونووسێکی نیویۆرک دێیلی نیووز لە کۆڕبەندێکی لێژنەکەدا بە ئێمەی گوت "نووسیاران بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن، کە خەڵک بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان دروست بکەن. ئەگەر نووسیارەکە بە هۆیەکەوە حەز لە تۆ نەکات، تۆ بەرز نابیتەوە. کەواتە پرۆسەیەکی خۆ هەڵبژێرانە هەیە، کە لەناو پیشەکەدا بەردەوامە".

تۆم برێی، کە ئەو کات ستوونووسێکی کۆنەپارێزی دیتریت نیووز بوو، بە ئێمەی گوت "ئێمە سیستمی دامەزراندنی وامان لەم وڵاتەدا هەیە کە ریسککردن لەسەر خەڵک زۆر سەخت دەکەن، ئەو خەڵکەی دەکەونە دەرەوەی میدیای گشتی، وەک بەو شێوەیە پێناسەی دەکەین، دەقاودەق ئەو

کەسانەن، کە دەرفەتێکیان نابێت".

کێشەیەکی تری جۆرە سستییەکی بیرۆکراسی لەناو هەموو دامەزراوەیەکدا هەیە. سستییەکە خەڵک ناچار دەکات، لە هەر هەلومەرجێکدا ئەو شتە بکات، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت، ڕووتینەکان دەبنە پەناگەی دڵنیاکەر، ئەمە ڕوو دەدات چونکە دامەزراوە هەواڵییەکان- بەخۆ بەکار و کۆمەڵگە و بەرهەم و بەرژەوەندییەکانی تر- ئاڵۆز و ڕیزبەندن. تووشبوون بە پرۆسەیەکە، کە ڕەنگە بەتێفکرینێکی لەپڕ و بەخۆڕ ناوببرێت، ئاسانە- پرۆسەیەک، کە دەتوانێت ڕەفتارەکانی ویژدانی کەسێنیی لاواز و سست بکاتەوە. (هەواڵەکە "پێویستە" ئێستە بڵاو بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتیی دڵنیا نەکرابێتەوە، چونکە دواکاتەکە درێژ ناکرێتەوە. ڕەنگە باشتر بێت لەم ساتە هەستیارەی مشتومڕییەکەدا بەداوداچوون بۆ ئەو سەردێرە باش نەبێت. توانای بەرهەمهێنانی ئێمە ڕێگە بە هەواڵێکی ئەوەندە درێژ نادات بۆ ئەم ژمارەیە). و بەم شێوەیە.

هەندێک ڕۆژنامەنووس هەردەم لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە کاریان کردووە. ئەم تاکانە کە تەنیا بەهەستی دڵسۆزیی خۆیانەوە ڕێنوێنی کراون بەمەبەستێکی یەکدڵانە و هەندێک جار تایبەت بەداوداچوون بۆ هەواڵەکان دەکەن، بەردەوام ئەو ڕاستییە ناحەزانە ئاشکرا دەکەن، کە ئەوانی تر پشتگوێیان خستووە، خۆیان لێ دزیوەتەوە، یان تەنیا کەسانی وەک تۆماس پێین و جۆرج سێڵدێس و ئای ئێف ستۆن و کەسانی زۆر نوێتر، دێیڤید بێرنهام و چارلز لویسیان نەبینیوە.

هەروەها وەک گوتوومانە بەڕێوەبردنی ژوورێکی هەواڵیی وا، کە تێیدا خەڵک وەک یەک کار دەکەن و بیر دەکەنەوە، ئاسانترە. ژوورەکانی هەواڵ، لە دواییدا، بەهۆی خواستەکانی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەوە بەڕێوە دەچێت. پێویستە ئەوان ماوەیەکی وەشان و مەودایەکی ئینتەرنێتی یان کاغەزی ڕۆژنامە پڕ بکەنەوە. لەم کەشوهەوایەدا تێگەیشتن لەوە ئاسانە، کە هەر هەواڵێکی باش ئەوەیانە، کە تەواو بووە. چەندی ئەو کارە ڕۆژانەیە بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە یان وەشاندنی پرۆگرامەکە وەک هێڵێکی مونتاجی بێت، پاڵەپەستۆ هەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە تا ئەوپەڕی توانا، بێ کێشەتر و کاراتر بەڕێوە بچێت.

دروستکردنی ژوورێکی هەواڵ، کە تێیدا ویژدان و جۆرەوجۆرێتی بتوانن گەشە بکەن

ڕەنگە گەورەترین تەحەدا بۆ ئەو خەڵکانەی هەواڵ بەرهەم دێنن تێگەیشتن لەوە بێت، کە تەندروستیی درێژ مەودایان پشت بەژوورەکانی هەواڵیان دەبەستێت، نەک تەنیا کارایی ژوورەکە. بەرژەوەندیی درێژمەودا سەرنج بۆ کولتوورێکی ئاڵۆزتر و سەختتری میدیا ڕادەکێشێت. کەسایەتیی خاوەنێک، نووسیارێک یان هەر بەڕێوەبەرێک تاڕادەیەکی زۆر بەوە پێناسە دەکرێت، کە تاکەکە تا چەند دەسەڵاتی بەسەر ئەو مەودا درێژەدا دەشکێتەوە.

بەهەمان ڕادەی سەختیی بەربەستەکان، مێژووی ڕۆژنامەوانی پڕە لە حاڵەتی وا، کە هاوکاری و تەنانەت تێکهەڵچوونیش ڕووی داوە، تەنانەت ئەو شوێنەی کە تێهەڵچوونەکەش لێیەوە پەرەی

سەندووە. هەندێک هەواڵکار وێ دەچێت سروشتییانە پەلکێشی کولتوورێک بن، کە تێیدا خەڵک هەست بە ئازادیی دەکەن و هان دەدرێن بەگوێرەی ویژدان کار بکەن.

مۆدێلێک ئەوەیە ئەم کولتووره بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەڕوونکردنەوەی ئاشکرا دابەزێنرێت، ڕەنگە باشترین نموونە ئەو بەسەرهاتە بێت دێیڤید هاڵبێرستەم لەبارەی یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئۆرڤیڵ درایفووزدا دەیگێڕێتەوە، کەسێک کە تەنیا بەم دواییانە بووە خاوەن ئیمتیازی نیویۆرک تایمز.

"سەرەتای ١٩٦٢ بوو، ڕەنگە شوبات. من تەنیا لەوەتەی حوزەیرانی پێشوو لە کۆنگۆ بووم و داوام لێ کرا بگەڕێمەوە نیویۆرک، تا خەڵاتێک وەربگرم، پیاوێک بەرەو ئەو مێزەی لێی دانیشتبووم هات و خۆی وەک ئۆرڤیڵ درایفووز ناساند. ئەو گوتی (من بیستم تۆ لێرەیت، من ویستم بزانیت من چەند سەرسامم بەکارەکەی تۆ، کە ئێمە چەند ئاگادارین لەو ریسکانەی تۆ دەیانکەیت. ئەوە ئەو شتەیە ڕۆژنامەکەی پێ گەیاندووە)، هیچ شتێکی تر بەقەدەر ئەو بۆچوون و ئاسوودەییەی بەهۆیەوە ئەو گفتوگۆیەکەی نێوان خاوەن ئیمتیاز و هەواڵنێر توانی ڕوو بدات، ئەو ژووره هەواڵەی لە هەر ژوورێکی تر جیا نەدەکردەوە".

لە دواییدا، زۆربەی خەڵکانی ژووری هەواڵ هەست دەکەن، گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوولاتییانی هاوڕێیان ئەرکێکە لەسەرووی ئەو دامەزراوەیەی، کە کاری تێدا دەکەن. بانگەشەیەکە و هەر کەسێک لە ژووری هەواڵدا کار بکات سەرکارە لەو ئەرکەدا. لەوەی پێوەندیی بە بەڕێوەبەرانەوە هەبێت، پێویستە ئەوان یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان بدەن، ئەو ئەرکە تا ئەوپەڕی توانایان جێبەجێ بکەن. گریگۆری فاڤر، نووسیاری پێشووی ساکرامێنتۆ بی و جێگری سەرۆکی هەواڵ لە زنجیرەی مەکلچی، کە پاشان بووە ئەندامی دەستەی مامۆستایانی پەیمانگەی پۆینتر، زۆربەی جار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لەبارەی ئەو هەستکردنە گەورەترە بە ئەرکەوە دەدوێت.

"تۆ یارمەتیی خەڵک دەدەیت جا چ لە کاتی ئارامیدا بێت چ لەکاتی تەنگژەدا. یارمەتییان دەدەیت لەگەڵ یەک بدوێن و ڕێگە بە زۆر دەنگ دەدەیت تا ببیسترێن و زانیاریی پێویستییان بۆ دابین دەکەیت، بۆ ئەوەی وەک هاوولاتیی بەرهەمهێن کار بکەن، یارمەتییان دەدەیت پردێک لەسەر کەنداوی جیاوازییەکانیان دروست بکەن و، تۆ بەرپرسیاریت لەوەی پرسیار لە خۆت بکەیت، بە هەمان شێوە کە پرسیار لەوانی تر دەکەیت. بەرپرسیارێتییەک بۆ ژیان و کارکردن بەگوێرەی هەمان ئەو کۆمەڵە بەهایانەی تۆ لەو کەسانەی داوا دەکەیت، کە ڕوومالیان دەکەیت، بەرپرسیارێتییەک بۆ ڕێخۆشکردن بۆ وەدیهێنانی گۆڕانێک لە کولتوور لە ڕێگەی کارەکەمانەوە، کولتوورێک، کە هەستێکی بەرپرسیارانەی تێدایە، کە خوازیاری جۆرەوجۆرێتی لە پلەکانمانە، کە هەستێکی مرۆڤانەی تێدایە، لە ناخەوە و لە ڕووکەش، کولتوورێک کە لەناو قوماشێکی ئەخلاقییەوە هەڵپێچراوەتەوە، کە لە ساتە سەختەکاندا هەڵناپچڕێت".

لە ڕاستیدا فاڤر بەخەڵکی ناو ژووری هەواڵ دەڵێت ئەو ئەرکە ئەوەندە گرینگە، کە

ڕۆژنامەنووسان بەرپرسن لەوەی بیپارێزن و بەهێزی بکەن، هەم لە پێناو ئەوانەی پێش خۆیان و هەم ئەوانەی دوای خۆیشیان.

## ڕۆڵی هاووڵاتییان

دوا پێکهاتەی پرسەکە ئەوەیە ئاخۆ چۆن ئەندامانی کۆمەڵگە، هاووڵاتییان، دەبنە بەشێک لە پرۆسەکە. بەرپرسیارێتییەکانی ئەوان چین؟ وەڵامێکی هەمیشەییی ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە ئەگەر چاپەمەنی شکست دێنێت-ئەگەر یەکجار وروژێنەر یان لایەنگری زانیاریی-سەرگەرمی بێت- ئەوانە لە دواییدا هەڵەی هاووڵاتییانە. ڕۆژنامەنووسان دەڵێن ئەگەر خەڵک ڕۆژنامەوانییەکی باشتریان بویستبایە بازاڕەکە بۆی دابین دەکردن، کێشەی ئەم لێکدانەوەیە، وەک تێبینیمان کردووە، ئەوەیە ڕۆژنامەوانی بەبازاڕێکی بێ کەموکووڕییەوە دانەمەزراوە، ئەو جۆرە هەواڵە لۆکاڵانەی ئێمە لە تەلەڤزیۆن پێمان دەگات، بۆ نموونە، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەئاستی قازانجی وولْ ستریتەوە هەیە. ئێمە لە کاربەدەستانی هەواڵییەوە زانیومانە سروشتیی ڕۆژنامەیەک بەچڕی بە بەهاکانی خاوەنەکەیەوە کاریگەرە، جۆری ئەو بڕیارانەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆژانە دەیدەن یەکجار کاریگەرە بەنووسیاران و کولتووری ژووری هەواڵ. شێوازەی دامەزراندنی کاری هەواڵی هەروەها ڕۆڵ دەبینێت. ڕۆژنامەکان بەگشتی قۆرخ کراون، وێزگە تەلەڤزیۆنییەکان کە لە سەر شەپۆلی گشتییەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، بەزۆری ئۆلیگاریکین. لەم ساتەدا ئینتەرنێت هێشتە زۆر ساوایە بۆ ئەوەی مەزندەی ئەوە بکرێت لە داهاتوودا دەربڕی چ جۆرە واقیعێکی بازاڕی دەبێت.

بازاڕەکە، وەک بەزۆری دەگوترێت، لە ڕاستیدا ئەو هەواڵانەی هاووڵاتییان داوای دەکەن بۆیان دابین ناکات. بازاڕەکەش ئەو هەواڵانە وەردەگرێت کە وولْ ستریت، خاوەنەکان، ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی و نەریتەکانی هەواڵی، دەیانسەپێنن بۆ دابینکردنی هەواڵ بۆ بازاڕ. ئەگەر ئەمە پێویستیی بەگۆڕان بێت، ئەگەر ئەو بنەمایەی، کە دڵسۆزییی ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی سەرەکیی دەبێت بۆ هاووڵاتییان بێت، دەبێت مانای هەبێت، پێویستە پێوەندییەکی نوێ لە نێوان ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتییان گەشە بکات، ئەوە نوێترین بنەمای ڕۆژنامەوانییە، بنەمایەک، کە هەردەم کاریگەر بووە، بەڵام لە سەتەی نوێدا، خەریکە ڕوونتر و پێویستتر دەبێت. ئەوە ڕۆڵی هاووڵاتییە.

بەشی یازدەم

## ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتییان

لە بەرەبەیانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٦دا سێ بۆمب لە میترۆی لەندەندا تەقینەوە، پاش ماوەیەکی کەم تەقینەوەیەکی لە پاسێکی دوو نهۆمی بەدوایاندا هات. تەقینەوە خۆکوژییەکان پەنجا و دوو

کەسیان لە هێرشێک بە کوشت دا، کە تەقینەوەکانی شەمەندەفەری مادریدی لە ٢٠٠٤ زیندوو دەکردەوە.

کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی بەریتانی، یان بی بی سی، تێ گەیشت، ئەمە هەواڵێکی زۆر گرینگە و کارمەندانی بۆی نارد و هەوڵی دا یەکەم کەس بێت زانیارییەکە وەردەگرێت، وەک ریچارد سەمبروکی بەڕێوەبەری بەشی هەواڵ نووسی، بی بی سی هەوڵی دا "شتەکان بەتەواوی وەربگرێت".
لەو ڕۆژەدا بی بی سی یارمەتییەکی بێ وێنەی لە دانیشتووانی لەندەن وەرگرت. شەش سەعات پاش هێرشەکە، دامەزراوەکە ١٠٠٠ وێنە و ٢٠ ڤیدیۆ کلیپ و ٤٠٠٠ کورتە نامە و ٢٠٠٠٠ ئیمێڵی هەبوو- هەر هەموویان لەلایەن هاووڵاتییانەوە نێردرابوون.

بی بی سی هەمیشە هانی هاووڵاتییانی داوە بۆ بەشداری لە هەواڵ، بەڵام ئەم ئاستەی بەشداری نوێ بوو، سەمبروک بەبیری دێتەوە "قەبارە و جۆری بەشداریی جەماوەر لە سەروو نوێگەری و ڕووکەشییانە بوون یان سەروو ئاسیبوون بوو و ئەوەش کێشەی سەرەکیی لێ دەکەوێتەوە کە هێشتاش ئێمە کاریان لەسەر دەکەین".

سەرەڕای کاردانەوە چاوەڕواننەکراوەکە، بی بی سی سوودێکی باشی لە کەرەستەکە وەرگرت، تا ئەو ڕادەیەی گەشتێکی هەواڵی بڵاو کردەوە بەو ڤیدیۆ کلیپانەی لە هاووڵاتییانەوە وەری گرتبوون. سەمبروک گوزارشەکەی هەواڵی لەندەنی بەکارێکی هاوبەشی ناو برد و تێبینیی دا دامەزراوەکەی ئەو تێ گەیشتووە کاتێک ڕووداوێکی سەرەکیی دەقەومێت جەماوەر دەتوانێت زانیاریی نوێی زۆرمان پێ ببەخشێت و ئێمە دەتوانین بڵاوی بکەینەوە".

تەکنۆلۆجیا توانای بەخشیوەتە هاووڵاتییان بۆ ئەوەی لەناو هەواڵدا ڕۆڵ بگێڕن و ببنە هاوپشکی میدیای کۆن لە کاتی تەنگژە، بەڵام مۆدێلی بی بی سی بۆ تێکەڵاوی لەگەڵ هاووڵاتییان دەیسەلمێنێت تەنیا لە ڕووداوە ورووژێنەرەکاندا خەڵک بەکار نایەت یان پێویستە تەنیا ئەو کاتانە بەکار نەیەت.

دەستپێشخەرییەکانی تری بی بی سی بۆ هاووڵاتییان ئەمانەن:

* پرۆژەی هەواڵبێژیی دیجیتاڵی. لە ٢٠٠١دا دەست پێ کرا و وۆرکشۆپی لۆکاڵ دەگرێتەوە کە تێیاندا شارەزایانی بی بی سی هەر جارەو وانە بە ١٠ کەس دەڵێنەوە لەسەر نووسینی هەواڵ و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و نووسیاریکردنی وێنە و ڤیدیۆ.

پتر لە ٥٠٠ کەس تا ئێستە ڕاهێنراون، زۆرێک لە هەواڵەکانی بەرهەمیان هێناون بڵاو کراونەوە.

* پرۆژەیەکی بەشداری لە میدیا بەناوی بلۆگکردنی دوورگە لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەییەوە دەست پێ کرا بۆ دوورگە دوورەکانی لێوارەیی سکۆتلەند بەیارمەتیی بی بی سی سکۆتلەند. دوورگەنشینان کۆمپیوتەری کەسێنی و پێوەندییەکی ئینتەرنێتیی نەرۆباندیان پێ درا، کە بۆ

ناردنی وێنە و ڕووداو و وورووژاندنی مشتومڕی لەبارەی بێ ژمار کێشەی کۆمەڵگە بەکاریان هێنا. ئەوان تەنانەت هەواڵیان دەنارد وەک کەوتنی نەهەنگێک لە کەنارەکە دواتر لەلایەن میدیای گشتیی سکۆتلەندەوە بەکار هات.

* تۆڕی کرداری بی بی سی هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنەوەی هاووڵاتییان لەگەڵ پرۆسەی سیاسی لە ڕێگەی فەراهەمکردنی کۆڕبەندێک بۆیان بۆ ئەوەی لەسەر بابەتی پەیوەست بەخۆیانەوە گفتوگۆ بکەن.

بی بی سی بیرۆکەی تری بۆ داهاتوو هەیە لەوانەش گفتوگۆی جیهانی، کە سەمبروک بە "شوێنی جەماوەری جیهانی"ی دەزانێت، کە تێیدا خەڵکانی وڵاتانی جیاواز دەتوانن، لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەن. ئەم دەستپێشخەرییانە بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیاوە کردەنی بووە، کە هاووڵاتییانی بەشێوەیەکی بێوێنە بەهێز کردووە، ڕۆژنامەوانی وا خەریکە، ئەو ڕێگەیانە دەدۆزێتەوە تاوەکو بتوانێت باشتر جەماوەر تێکەڵ بەکێشەکانی ڕۆژ بکات، ئەم هەوڵە کاتی دەوێت و ڕەنگە هەم جەماوەر و هەم ڕۆژنامەنووسان، کە پێویستە لەسەر خاڵی هاوبەش دانوستاندن بکەن، نائومێد بکات.

سەمبروک نووسی "من وەک کەسێک کە پشتیوانی لەم ئاراستە دەکات، پێم وانییە کارمەندانی بی بی سی لە پێناو ڕاست و دروستی و دادوەری و بابەتییانە بوون، دەبێت ئەرکی خۆیان فەرامۆش بکەن. کاتێک ئێمە بەئاراستەی بەشداریی جەماوەر دەکرێینەوە، پێویستە بەشێوەیەک ئەمە بکەین، کە لەگەڵ بەهاکانی نووسیاریماندا بگونجێت. بەڵام باوەڕم وایە حەقیقەت و ڕاست و دروستی و بێلایەنی و جۆرەوجۆرێتی لە بۆچووندا لە ڕێگەی کرانەوە بەرامبەر بە مەودایەکی بەرفرەوانتری بۆچوون و ڕوانگەوە بەهێزتر دەبن، کە لە ڕێگەی زانیاری و تێگەیشتنی جەماوەرمانەوە بۆمان دێت".

دوو سەتەی خایاند تاوەکو ئاوێتەی ئەو زانیارییەی لەگەڵ داهێنانی دەزگای چاپی میکانیکی دەستی پێ کرد وەرچەرخانی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگەی ڕۆئاوایی لێ بکەوێتەوە، ئەم وەرچەرخانە لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی زانیاریی بەهۆی وشەی چاپکراوەوە وەهێز کەوت و ڕێخۆشکەر بوو بۆ خەڵک تا ببنە جەماوەرێک، کە بەڕادەی پێویست بەهۆی زانیارییەوە دەسەڵاتیان وەرگرتبوو، لە پێناو دروستکردنی ڕایەکی گشتی کە ڕەنگە بەشدار بووایە لە سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی خودی جەماوەردا، زۆربەی ئەم زانیارییە لە ڕێگەی ئەو شتەی دواتر بەڕۆژنامەوانی ناسرا بەسەر کۆمەڵەی بەرفرەوانی خەڵکەوە دابەش کرا. ئەو زانیارییە بوو کە یارمەتیی دان ببنە هاووڵاتیی بەئاگا و هەر لەو کەشوهەوایەدایە، کە ڕای گشتیی دروست دەبێت. رای گشتی لەبەرامبەردا، ڕێگەی بەگەشەسەندنی خۆ بەڕێوەبردن دا.

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەوانی و دیموکراسی بەیەکەوە لەدایک بوون. لە یەکەم قۆناخی گەشەسەندندا ڕۆڵی میدیا تەنیا دابینکردنی زانیاری بوو بۆ خەڵک لەبارەی چالاکی و

دامەزراوەکانی دەسەڵات، کە ژیانی ئەوانی کۆنترۆڵ دەکرد، ئەمڕۆکە، کە دنیا نقوومی زانیاری بووە، ڕۆڵی چاپەمەنی جیاوازە. کاتێک زانیاریی هەمیشە و لە هەر شوێنێک فرەوان و بەردەستە، پێوەندییەکی نوێ لە نێوان چاپەمەنی و جەماوەردا پێویستە دروست ببێت، وەک چۆن بەهاکانی ڕۆژنامەوانی لەم کەشوهەوا ڕکابەرە نوێیانەدا زۆر ناگۆڕێن، ئەو ڕۆڵەش ئەوەندە ناگۆڕێت هەرچەندە ڕۆڵەکە سەردەمانێک تەنیا دابینکردنی ئامرازی خۆ بەڕێوەبردن بووە، ئێستە ڕۆڵەکە بووەتە دابینکردنی ئەو ئامرازانەی هاوڵاتییان پێویستییانە بۆ ئەوەی بۆ خۆیان زانیاری وەربگرن لەناو سیلاوێکی چوونیەکی دەنگ و پڕوپاگەندە و گوتەگوت و ڕاستی و ڕاگەیاندن و تۆمەت، کە ئێستە سیستمەکانی پێوەندیی بەرهەمیان دێن. بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووس پێویستە نەک تەنیا لە جیهان تێ بگات، بگرە لە لافاوی زانیارییەکەش تێ بگات کاتێک بەردەدرێتە سەر هاوڵاتییان.

بۆ ئەنجامدانی ئەمە، ڕۆژنامەنووسان پێویستە سەرەتا بانگهێشتنی جەماوەریان بکەن بۆ ناو پرۆسەیەک کە بەهۆیەوە هەواڵ بەرهەم دێنن، وەک لە بەشی چوارەم لەبارەی سەلماندن بەوردەکارییەوە باسمان کرد، پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕەنج بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و کارەکەیان بەهەمان ئەو ڕادەیە دیودەر بێت، کە خۆیان لەو خەڵک و دامەزراوانەی دەسەڵات داوایان دەکەن.

ئەم جۆرە ڕێگەیە لە ڕاستیدا دەستپێکی پێوەندییە لە نێوان ڕۆژنامەنووس و هاوڵاتی. ڕێگەیەکە کە بەهۆیەوە تاکەکانی جەماوەر هەلیان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانە هەڵسەنگێنن کە بەهۆیانەوە ڕۆژنامەنووسان کاری خۆیان دەکەن. ئەوان بەو زانیارییە پڕچەک کراون، کە داوایان لێ دەکات ئەمە لەگەڵ بژاردەکانی بەردەستی تر بەراورد بکەن. لەهەمووی گرینگتر، ئەوە بنەمایەک بە هاوڵاتییان دەبەخشێت بۆ ئەوەی بڕیار بدەن، ئاخۆ ئەمە ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەیە کە حەز دەکەن هانی بدەن.

لەم روانگەیەوە هاوڵاتییان بەرپرسیارێتییەکیان هەیە. ئەوە بەدەیەم بنەمای ڕۆژنامەوانیی دابنێ، بنەمایەک کە لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنۆلۆجیای نوێی بەهێزکەرەوە گەشەی سەندووە.

## لەوەی پێوەندیی بە هەواڵەوە هەبێت هاووڵاتییان مافیان هەیە، بەڵام ئەرکیشیان هەیە

پێویستە هاوڵاتییان دەمارگیرییەکان بەلاوە بنێن و کاری ڕۆژنامەوانی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبسەنگێنن، کە ئاخۆ بەشی هەیە بە زۆرکردنی توانای ئەوان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵێکی بەئاگا لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەدا. بەڵام ئەو شێوازەی ڕۆژنامەنووسان بۆ کاری خۆیان دەیگرنە بەر لە پێناو تێکەڵکردنی جەماوەر پێویستە نەک تەنیا چوارچێوەی پێویست، بگرە تێگەیشتنێک لە بنەماکانەوە دابین بکات، کە بەهۆیانەوە کارەکە ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووسان بڕیار دەدەن، ئاخۆ جەماوەر دەتوانێت ببێتە هێزێک بۆ ڕۆژنامەوانییەکی باش یان نا.

خواستی بازاڕ بەئاشکرا بەهێزترین فاکتەرە لە دروستکردنی کۆمەڵگە لەمرۆکەدا. بەئاشکرا وێ دەچێت ئەو فاکتەرە لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەنووساندایە تاوەکو ئەوەی لە دەستیان دێت بیکەن بۆ دروستکردنی بازاڕێک بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەی ئەو کتێبە هەوڵی بۆ دەدات: ڕۆژنامەوانییەک، کە دان بەو بنەمایانە دەنێت، کە ڕێخۆشکەرن بۆ دڵنیابوونەوە لە هەواڵی بەوەخت و هاوسەنگ و گشتگیر و کار بەو بنەمایانەش دەکات، لە پێناو ڕێخۆشکردن بۆ تێگەیشتن لە جیهانی خۆمان و پێگەی ئێمە لەناویدا. یەکەم هەنگاو بەو ئاڕاستەیە پێویستە برەودان بە ئامرازێک بێت، کە ڕێگە بدات بەو کەسانەی لە کۆتاییدا ئەو بازاڕە دادەمەزرێنن، ببینن چۆن سۆسێجەکە دروست بووە- چۆن ئێمە کاری خۆمان کردووە و چ شتێک کاریگەر بووە لەسەر بڕیارەکانمان.

ئەمە چ مانایەکی بۆ هاوولاتییانەوە هەیە؟ بەشێوەیەکی وردتر ئێمە وەک هاوولاتی پێویستە چ شتێک لە دامەزراوەیەکی هەواڵی چاوەڕوان بکەین؟ پێویستە چی بکەین، ئەگەر پێمان وابێت ئەو شتەمان دەست ناکەوێت؟ ئەم پرسیارانە گرینگن. بنەماکانی رۆژنامەوانی بەهەمان ڕادەی، کە هی ڕۆژنامەنووسانن، هی هاوولاتییانیشن لەبەر ئەو هۆیە سادەیەی، وەک لە سەرەتادا باسمان کرد، کە ئەم بنەمایانە لەو ئەرکەی هەواڵ لەژیانی خەڵکدا دەیگێڕێت هەڵدەقوڵێن نەک لە تایبەتمەندییەکانی پیشەکە.

لەو ڕوانگەیەوە بنەماکانی ڕۆژنامەوانی مافنامەیەکن، بۆ هاوولاتی بەهەمان ڕادە، کە ئەرکنامەی رۆژنامەنووسانن. لەگەڵ ماف سروشتییانە ئەرکیش بۆ هاوولاتییان دێت- بەرپرسیارێتیگەلێک، کە لە سەدەی ٢١دا لەگەڵ دەسەڵاتی پەرەگرتووی هاوولاتییان بۆ بەشداری لە هەواڵ گەشە دەسەنێت. بەم شێوەیە باشە ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە چۆن ئێمە وەک هاوولاتی دەتوانین بزانین ئاخۆ بنەماکانی ڕۆژنامەوانی لەو هەوالانە هەن، کە بەدەستمان دەگات.

## جاڕنامەیەک بۆ ماف و ئەرکەکانی هاوولاتی لەبارەی ڕاستگۆییەوە

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین، بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی گوزارشەکە ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەی سەلماندن- چۆن و بۆچی هەواڵکاران بڕیارەکانی خۆیان داوە- پێویستە دیوەدەر بێت. پێویستە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مێشککراوانە هەبێت. پێویستە ئێمە بتوانین نرخ و لایەنگریی زانیارییەکە بۆ خۆمان هەڵبسەنگێنین.

بۆ پابەندبوون بەم بەرپرسیارێتییەش ئەو پارچە گوزارشە، پێویستە کام بنەمایانەی تێدا بێت؟ هەواڵ پێویستە سەرچاوەکانی زانیاری و بنەمای تێگەیشتنەکە ڕوون بکاتەوە. پێوەندیداربوونی هەواڵەکە پێویستە، بەڕوونی دەربڕابێت. پرسیار گرینگە، وەڵام نەدراوەکان پێویستە تێبینییان لەسەر درابێت. ئەگەر هەواڵەکە ڕێگەی بەخاڵێکی دژیەکی دا، ئێمە پێویستە چاوەڕێی بەداواداچوون بین. هەواڵەکانی تر بە تێپەڕینی کات بەردەوامی دەدەن بە گفتوگۆی جەماوەری بۆیە

پرۆسەی جیاکردنەوە کە ڕێخۆشکەرە بۆ حەقیقەت ڕەنگە ڕوو بدات. هەواڵ بەواتایەکی تر پێویستە نەک تەنیا بەشداریمان پێ بکات، بگرە تەحەدامان بکات و ناچارمان بکات بیر بکەینەوە.

ئەمە لە بەرامبەردا، بەمانای پرۆسەیەکی دووســــەرە. هاووڵاتــی بەرپرسیارە لەوەی بەمێشکێکی کراوە لە هەواڵ بچێتە پێش نەک تەنیا حەزکردن لەوەی هەواڵ بۆچوونی بەردەست بەهێز بکات.

## لەبارەی دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییانەوە

پێویستە ئێمە بەڵگە لەسەر ئەوە ببینین، کە کەرەستەکە لە سەرووی هەموو شتێکەوە بۆ سوودی ئێمە ئامادە کراوە. ئەمە بەو مانایەیە پێویستە هەواڵ وەڵامی پێویستییەکانی ئێمە وەک هاووڵاتی بداتەوە، نەک تەنیا لە پێناو بەرژەوەندیی ڕۆڵگێڕان یان سیستەمی سیاسی یان ئابوورییەوە بێت. هەروەها بەو مانایە هەوڵێکی ڕوون و ئاشکرا دراوە بۆ تێگەشتن لە هەموو کۆمەڵگە.

ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەمە ڕادەی سەرکەوتنی هەواڵ بێت بۆ ڕێگریکردن لە کلێشەکان لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، لە هەواڵدا کلێشەکان زۆربەی کات وەسفی کەسایەتییەکان بێت کە لە هەندێک باردا ڕەنگە ڕاست بێت، نەک بۆ حاڵەتێکی تایبەتی گوزارشکراو. هەواڵێک لەبارەی تاوانێک لە ناوچەکەدا، کە دەپرژێتە سەر تەنیا بەشێک لە کۆمەڵگە لە کاتێکدا کە ڕاستییەکان دەری دەخەن، ئەو تاوانە بەگشتیی بەناو تەواوی کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە نموونەیەکە. زۆربەی کات، کلێشەسازی شکستێکە لە کارکردن، کلێشەی لەم جۆرە ڕەنگە هەردەم پێشگیریی لێ بکرێت لە ڕێگەی گوزارشی زیاتر و وردتر، کــە هەردووکیــان پێویســتــە لە هەر هەواڵێکی بەوردی ئەنجامدراودا ببینرێن.

ئێمە هەروەها پێویستە چاوەڕوانی دیتنی حاڵەتی ڕوونی وا بین، کە تێیاندا دامەزراوەی هەواڵیی جار بەجار بەرژەوەندیی خۆی دەخاتە مەترسییەوە لە پێناو هێنانی زانیاریی گرینگ بۆ ئێمە، لە ڕێگەی هەواڵ و هەڵسەنگاندنە هونەری و بازرگانی و ڕووماڵەکانی لەبارەی کڕیار و نرخی تاک. کەسرین گراهام ئەم کارەی کرد کاتێک بڕیاری دا بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن بڵاو بکاتەوە، بەڵام خەڵکانێکی تری بێ ژمار ڕۆژانە ئەم کارە دەکەن، کاتێک هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بڵاو دەکەنەوە لەبارەی ریستۆرانتێک، کە هەروەها ریکلامکاریشە یان هەواڵێکی سەرسەختانە لەبارەی پیشەسازییەکی گرینگ لەناوچەکەدا.

دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان هەروەها بە مانای ئاشکراکردنی هەر جۆرە هاوپشکی و پێوەندییەکی هاوبەشانە یان هەر ناکۆکییەکە لە بەرژەوەندیدا، کە پێوەندیی بەهەواڵەوە هەبێت. ئەمەش بەمانای گوزارشکردن لەبارەی هەوڵەکانی لوبیکارانەی خۆیان و ئەو پاڵەپەستۆ ڕێکخراوەیە، کە دەیخەنە سەر حکوومەت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی بازرگانیی خۆیان. بە هەموو هۆیەکەوە ئێمە پێویستە چاوەڕوان بین ئەوانەی هەواڵ دابین دەکەن، لە چالاکییەکانیاندا بەهەمان ڕادە، کە چاوەڕوان دەکەین ئەوان داوای دیوەدەری لە دامەزراوەکانی دەسەڵات بکەن، خۆشیان دیوەدەر بن.

## لەبارەی سەربەخۆیی

ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین شرۆڤەکار، ستوونووس و ڕۆژنامەنووسانی بۆچوونووس خزمەت بە بەرژەوەندیی گفتوگۆی هاووڵاتییان بکەن، نەک بەرژەوەندییە سنووردارەکانی فراکسیۆنێک یان بەرەنجامێکی لەپێشەوە دیاریکراوە.

سەربەخۆیی لەو شرۆڤانەدا بەدی ناکرێت، کە هاوهەنگاون لەگەڵ فراکسیۆنەکان یان بەرژەوەندییەکانی دیاریکراوە. ئەمە بەو مانایەیە، کە بۆ نموونە، ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی بین کۆمارییەکان هەندێک جار لەلایەن شرۆڤەکارانی کۆنەپارێز و دیموکراتەکان لەلایەن لیبراڵەکانەوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت، کاتێک بیر لەوە بکرێتەوە دڵسۆزیی یەکەمی ڕۆژنامەنووس بۆ پێویستییەکانی هاووڵاتییانە، ئەوە هەروەها بەو مانایەیە لە هەمان کاتدا، کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان بێلایەن بن، ئێمە دەتوانین چاوەڕوان بین، ئەوان لایەنگریی جیاوازیان هەبێت. ئێمە دەتوانین چاوەڕوان بین ڕۆژنامەنووسان لێدوان نەنووسنەوە یان بەنهێنی لەگەڵ ئەوانەی ڕووماڵیان دەکەن یان بۆچوونیان لەبارەوە دەردەبڕن، ڕاوێژ نەکەن. لەبەرئەوەی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین نووسەرانی بۆچوونی یارمەتیمان بدەن لە جیاکردنەوەی ئەو بابەتە ئاڵۆز و ڕکابەرانەی تووشی هاووڵاتییان دەبنەوە، ئێمە پێویستە لەناو نووسین یان گوزارشتی خۆیان چاوەڕوانی بەدیکردنی ئەو بەڵگەیە بین کە ئەوان بیرۆکەی کەسانی تریان لەبارەی بابەتەکەوە هەڵسەنگاندووە.

## لەبارەی چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە

ئێمە مافدارین چاوەڕوان بین سەنتەرە هەرە گرینگ و ئاڵۆزەکانی دەسەڵات چاودێری بکرێن. لە کاتێکدا ئەمە حکوومەت لەخۆ دەگرێت، دامەزراوە و کەسانی تریش هەن لەناو کۆمەڵگە، کە دەسەڵاتی ئابووری و زۆرەکییانە و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هاندەرانەیان بەقەدەر یان زیاتر لە حکوومەت بەدەستەوەیە.

لەبەرئەوەی بەهۆی ڕۆڵی لێکۆڵەوانییەکەی چاپەمەنی دەسەڵاتێکی بەرچاو بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین لە بەکارهێنانیدا بایەخ و وردبینییەکی زۆر بەدی بکەین. ئەمە بەو مانایەیە دامەزراوە هەواڵییەکان بەرپرسیارێتییەکیان هەیە، بۆ ئەوەی بەرپێوەی بەرن- ئاشکراکردنی ئەو شتانەی گرینگ و نوێن و نموونەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕن. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین ڕۆڵی چاوەدێرانە دەرخەری پابەندیی دامەزراوەی هەواڵیی بێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش بەو مانایەیە ئێمە دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین دەسەڵات لەسەر بابەتی لاوەکی یان نیمچە ڕیسواییەک وەک چینە سەلامەتەکانی بەکتریا لەناو ماستی بەستوو یان ڕێژەی بێ زیانی پیسایی لەناو پێخەفی هۆتێلەکاندا کات بەفیرۆ نەدات. لە جیاتی ئەوە، دامەزراوە هەواڵییەکان پێویستە کات و سەرچاوەکانیان بپرژێننە سەر بابەتگەلی سەرەکی و درۆزنانی

چاوەڕواننەکراو و مەترسییە نوێیەکان وەک چۆن نیویۆرک تایمز چەند مانگ دواتر گەڕاوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ چۆن حزبی کۆماری لە فلۆریدا بەشێوەیەکی ناپەسند دەسکاری ژمارەی دەنگی ئامادەنەبووانی کردبوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ٢٠٠٠دا.

## کۆڕبەندێکی جەماوەری

پێویستە ئێمە چاوەڕوان بین ئەو لایەنەی هەواڵمان بۆ دابین دەکات کۆمەڵێک کەناڵ دروست بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ بین. ئەم کەناڵانە ڕەنگە نامە، ئیمێیل، ژمارەی تەلەفۆن، گفتوگۆی ژووری چات، شوێنێک بۆ نووسینی ستوونی بۆچوونی میوانان، دەرفەت بۆ پێشنیازکردنی بابەتی هەواڵ و چاودێریکردن لەخۆ بگرێت. ئەم کەناڵانە هەروەها پێویستە لە ڕێگەی ئەندامانی ستافەوە بەردەوام لەناو جەماوەردا لەناو شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان وەک کۆڕبەند و یانەی شارستانی و کۆمەڵەی دایک و باوکان – مامۆستایان و گفتوگۆی ئەنجوومەنەکان دەربکەوێت، هەروەها لە رادیۆ و تەلەڤزیۆندا پرۆگرامی تێکەڵکاری هەبێت.

لە کاتێکدا تەکنۆلۆجیای نوێ و ئینتەرنێت دەسەڵات دەدەنە هاووڵاتییان و هەندێک لە کۆتوبەندەکانی میدیای کۆن لە ڕووی مەوداوە کەم دەکەنەوە، پێویستە ئێمە چاوەڕێ بین ڕێگەمان پێ بدرێت، بابەت بەرهەم بێنین یان شتێک بۆسەر گوزارشە هەواڵییەکان زیاد بکەین (وەک لە نموونەکەی بی بی سیدا ڕوون بووەوە).

لە ڕێگەی هەموو ئەو پێوەندییانەوە، ئێمە پێویستە بە تێپەڕینی کات چاوەڕوان بین ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بەهاکانی خۆمان نەک تەنیا هی دژی یەکترین کەسەکان لەبارەی بابەتە گرینگەکانەوە لەناو ڕووماڵی هەواڵدا بەدی بکەین. ئەگەر ئایدیاڵی دیموکراسیی سازش دەبێت بەدی بێت، پێویستە چاوەڕێ بین کۆڕبەندی گشتیی میدیا بەئاڕاستەی تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەوەی چ جۆرە سازشێک پێویستە دانی پێ بنرێت، بنیات بنرێت.

لەناو ئەم مافانەدا هەروەها ئەرکیش شاراوەیە. ئێمە وەک هاووڵاتیی پێویستە بەمێشکێکی کراوە و بەویستی قبوولکردنی ڕاستیی نوێ و هەڵسەنگاندنی بۆچوونی نوێ لە کاتی پێشکێشکردنیان لەهەواڵ نزیک ببینەوە. ئێمە وەک هاووڵاتی، هەروەها بەرپرسیارین لەوەی لە کۆڕبەندە جەماوەرییەکان دەربکەوین یان نامە یان ئیمێیڵ بۆ نووسیاران بنێرین. بەکورتی، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی ئەو بنەمایانەن، کە لەسەر هاووڵاتییان، هەروەها ئەندامانی هەواڵکار جێبەجێ دەبن، هاووڵاتییان پێویستە ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن لەپێناو درێژەدان بە پێوەندییەکە.

## لەبارەی هاوسەنگی و تێکەڵکارییەوە

ئێمە مافدارین چاوەڕێ بین ڕۆژنامەنووسان ئاگەداری تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێمە بن وەک هاووڵاتی: واتە ئێمە پێویستیمان بە زانیاریی قووڵ و بەوەخت هەیە لەبارەی بابەت و نەریتی

گرینگی ناو کۆمەڵگەمان، بەڵام ئێمە هەم کات و هەمیش ئامرازی دەستەبەرکردنی بەشێکی زۆری ئەم زانیارییە یەکلاکەرەوەمان نییە.

بەئاگاداربوون لەمە، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە چاوەڕوان بین ڕۆژنامەنووسان دەستڕەسیی بێ وێنەی خۆیان بە ڕووداوەکان و زانیاریی بەکار بێنن لەپێناو دانانی ئەو کەرەستەیەی وەدەستی دێنن لەناو چوارچێوەیەکدا، کە سەرنجمان ڕابکێشێت و بەتێپەڕینی کات گرینگیی ڕاستەقینەی ئەم نەریت و ڕووداوانە لەناو ژیانی خۆماندا بەدی بکەین، پێویستە ئەو بابەتانەی بایەخێکی کاتییان هەیە بەردەوام بۆمان لێ نەدرێنەوە، لە پێناو مەبەستێکی بازرگانیدا نەشێوێنرێن. ماوەی چەند هەفتەیەک لە ١٩٩٧ چاپەمەنی لۆکاڵ و نەتەوەیی لە سەرانسەری وڵاتدا لەسەر دادگەییکردنی هێرشی ڕاگەیەنەرێکی تۆپی باسکە بەناوی مارڤ ئاڵبێرت چەقیبوو، کەیسێک، کە زیاتر پڕژابووە سەر نەریتە سێکسییەکان و بارۆکەیەکی خراپ نەک هەر شتێکی پێوەست بەکاریگەریی لەسەر نەتەوە. ڕووماڵکردنی هەواڵیی وەک ئەمە تەنیا بەمەبەستی ڕاکێشانی جەماوەر واتە ئیستیغلالکردنی جەماوەرە نەک خزمەتکردن پێی و بەتێپەڕینی کات زۆربەی جار خەڵکەکە دادەبڕێنێت.

بۆ ئەوەی ئێمە وەک هاووڵاتی بڕیاری سەلامەت و دروست لەبارەی زۆر بابەتی پێوەست بە ژیانمانەوە بدەین، ئێمە مافی ئەو هەواڵانەمان هەیە، کە دەرخەری سروشتیی ڕاستەقینەی هەڕەشەکانی وەک تاوانن بۆ سەر کۆمەڵگەکەمان ، هەروەها ئەو هەواڵانەش، کە ئەو ڕەهەندانەی ژیانی کۆمەڵگە پێشان دەدەن، کە بەباشی کار دەکەن. سەرکەوتنەکانمان پێویستە بەهەمان ڕادەی شکستەکانمان دیوەدەر بن.

خوێنەرێکی وردبین هەست دەکات، دوو بنەمای ڕۆژنامەوانی کە لەم کتێبەدا باس کراون- سەلماندن و ویژدان- لەم لیستەی مافەکانی هاووڵاتییاندا نین، ئەمە لەبەرئەوەیە، ئەگەر لەو ڕوانگەیەی، کە چۆن هاووڵاتییەک، ئەم مافانە دەناسێتەوە دەست پێ بکەین، هەندێک بنەما بەباشترین شێوە وەک بەشێک لە بنەماکانی تر دەبینین. لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی سەلماندنی ڕۆژنامەنووس دەبێتە نیشانەی پابەندبوونی بەگێڕانەوەیەکی واقیعییانەی هەواڵ و دەچێتە ژێر سەردێری واقعیبوون. بەهەمان شێوە، ویژدان دەبێتە بەشێک لەو تێکەڵاوییەی نێوان هاووڵاتی و هەواڵکاران، کە لە ئەرکی کۆڕبەندی جەماوەریی دامەزراوەیەکی هەواڵیدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە ژێر سەردێری کۆڕبەندی جەماوەرییەوە.

ئەگەر ئەم مافانە نەهاتنە دی ئێمە وەک هاووڵاتی پێویستە چی بکەین؟ ئێمە پێویستە یان دەتوانین چ کارێک بکەین ئەگەر، بۆ نموونە، ڕۆژنامەیەک گوزارشی لەبارەی ساختەکارییەکی بازرگانی یان سیاسی دا، بەڵام بەدواداچوونی نەکرد بۆ بابەتە ناکۆکەکانی لێیەوە سەرهەڵدەدەن؟ هەڵبەتە یەکەم شت ئەوەیە ئەو پێوەندییە بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە بێت، وەک ئامۆژگاری و زانیاری نەک سەرکۆنەکاری. دووەم شت، ئەگەر ئەوەش پشتگوێ خرا، پێویستە و لەوانەیە بە زیاتر لە ئامرازێک دووبارە پێشکێش بکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئیمێلێک پشتگوێ خرا، دووبارە

بینێرەوە، دواتر دەست بۆ تەلەفۆن بەرە یان نامەیەک بنووسە و کۆپییەک بۆ سەرنووسیار بنێرە. ئەگەر تۆ دەتەوێت هاووڵاتییانی تر لە سکاڵای تۆ ئاگەدار ببنەوە تۆماری هەوڵەکانی خۆت بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکە و کاردانەوەکانی دامەزراوەکە لەسەر بلۆگێک ئاشکرا بکە.

ئێمە چیمان پێ دەکرێت ئەگەر وەک هاووڵاتی ئەم هەڵسەنگاندنەمان پێشکێش بەدامەزراوەی هەواڵی کرد، بەڵام بەشداری و بۆچوون یان رەخنەکانی ئێمە پشتگوێ خران؟ ماف تەنیا ئەگەر وەک ماف سەیر بکرێت مانابەخشە، لەو خاڵەدا کاری خۆت بوەستێنە. ئابوونەکەت مەدە. تەماشا مەکە. لە هەمووشی گرینگتر ڕاڤەیەکی ڕوون لەبارەی هۆکاری ئەم کارانەت بنووسە و بینێرە بۆ نووسیار یان ڕەخنەگرانی میدیا یان لەسەر ماڵپەڕی خۆتدا پۆستی بکە، ئەگەر ئێمەی هاووڵاتی خۆبەدەستەوەدەر بین و حەز بکەین بەرگەی بەرهەمێکی لاوازبووە بگرین، بازاڕ شکست دێنێت. پێشتر هیچ جێگرەوەیەک نەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە دامەزراوەگەلی میدیاییی کۆن بەشێک لە قەبارەکەیان قۆرخ نەکردووە، ئەگەر ئێمە بە دەنگ و بە بەڵگە کار بکەین، لەوانەیە ئەوان گوێ لە دیالۆگەکە بگرن و لەگەڵی تێکەڵ بن. و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، ئەوا ئامانجەکەیان نەپێکاوە.

لە کۆتاییدا ڕەنگە وەک کارۆڵ مەرین دەڵێت "هیچ یاسایەک بۆ هەواڵ نییە". بەڵام وەک لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکانمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان بەئێمەیان گوتووە کۆمەڵێک بیرۆکەی درێژخایەن لەبارەی ڕێژەنی هەواڵ و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی لە دابینکردنی هەواڵدا هەن، کە دەکرێت پێناسە بکرێن. ئەم بیرۆکانە هەڵکشاون و داکشاون لەلایەن ئەو کەسانەی بەناوی ئەو بیرۆکانەوە کاریان کردووە، بەهەڵە لێک دراونەتەوە و خراپ بەکار هێنراون، بەڵام ئەوانە داهێنانی دەسکرد نین، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی دەسکاری کراون و لە سێ سەتەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بازاڕیی فۆرمە ڕکابەرەکانی زانیاریدا هەموار کراون. بنەماکان لەو ئەرکەی کە هەواڵ ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی خەڵکدا دەبینێت، چەکەرە دەکەن. ئەوانەی ڕۆژنامەوانی بەرهەم دێنن، پێویستە ئەم بنەمایانە بەکار بێنن بۆ بەڕێوەبردنی ئاڕاستەیەکی ئەخلاقی لەناو کارەکانیاندا. کات دەری دەخات ئێمە لە دژی خۆمان لێیان دوور دەکەوینەوە.

ئەو بنەمایانەی ڕۆژنامەوانی کە لێرەدا باسمان کردوون، ئەو تیۆرەی ڕۆژنامەوانی، کە ئێمە وەرمان گرتووە، بنەمای ڕۆژنامەوانی سەتەی نوێ پێک دێنن، ڕۆژنامەوانییەکی بەمانا و دامەزراوە لەسەر لێکدانەوە و سەلماندن و سەربەخۆیییەکی سەخت، ئەمانە هەروەها تاکە پەرژینن لەدژی ئەو هێزەی هەڕەشەی لەناوبردنی ڕۆژنامەوانی و لاوازکردنی کۆمەڵگەی دیموکراسی دەکات، ئەم هەڕەشەیە ئەوەیە ڕۆژنامەوانی تێهەڵکێش بەجیهانیی گوتاری بازرگانی یان جیهانی چوونیەکی پێوەندییە بەرفراوانەکان بکرێت. تاکە ڕێگە بۆ پێشگیریکردن لەمە ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان تێگەیشتنێکی ڕوونتر و پتەوتریان لەبارەی ئەو بنەمایانەوە هەبێت، کە ڕۆژنامەوانی دەکەنە شتێکی بەنرخ. هەڵمەتێکی دیوەدەرانە، کە خواستی خۆی لە ڕێگەی بانگهێشتنکردنی هاووڵاتییان بۆ ناو پرۆسەکە دروست دەکات و پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەوانی و هاووڵاتی لەناو گفتوگۆیەک، نەک

ژوورێکی وانەگوتنەوە دادەمەزرێنێتەوە، ئەم گۆڕانە تەنیا شتێک نییە، لەژێر کۆنترۆڵی هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووساندا بێت، شتێکە کە لە پێناویدا هەردوولا هەندێک بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن.

مێژوو لە ڕێگەی ئەزموونی خوێناوییەوە فێری کردووین چ شتێک بەسەر کۆمەڵگەیەک دێت، کە هاووڵاتییانی لەسەر بنەمای زانیاریی خۆپەرستانەدا کار بکەن - جا چ پروپاگەندەی دەوڵەتێکی زۆردار بێت چ یاساکانی چینێکی خۆشگوزەرانی بەکەش و فش، کە سەرگەرمی بە سەربەخۆیی دەگۆڕنەوە.

جەماوەر بەردەوام کێشەی بۆ دروست دەبێت، نیگەرانیی بەرزبووەوە هەیە لەبارەی دەمارگیری و ئەوەش کە ئاخۆ میدیای هەواڵی لەڕاستیدا پارێزگاری لە دیموکراسی دەکات یان نا، بەڵام زێدەڕۆییە ئەگەر بگوترێت وڵات لە تەنگژەدا گەیشتووەتە خاڵێکی نوێ یان تەنانەت متمانەی جەماوەر بە چاپەمەنی بەئاڕاستەی لێژییەکی تیژدا دەڕوات، هەرچەندە ڕای جەماوەر بەرامبەر بە چاپەمەنی لەوەتەی ١٩٨٠کانەوە ڕەتکردنەوەیەکی گشتیی بوو ئەمەش بەهەندێک پێوەر- لەوانەش ئاخۆ چاپەمەنی پیشەییانە و ئەخلاقییە- بەبەراورد لەگەڵ پێش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە یان پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ بیل کلینتۆن، بەڵام ئەمەریکاییەکان ئێستە دڵنیاترن.

ژمارەی ئەو ئەمەریکاییانەی بۆچوونێکی "پەسند"یان بەرامبەر بەچاپەمەنی هەبوو بەرز بووە- ئەمانەش ئەمەریکاییەکانی سەر بەهەموو لایەنێکی سیاسین و. بەنێزیکەیی سێ چارەکی ئەمەریکاییەکان بەردەوام باوەڕیان بە بیرۆکەی میدیایەکی هەواڵیی سەربەخۆ و بێلایەن هەیە، هیچ هاوکێشەیەکی سیحراوی لەم ژمارانەدا جێگیر نەکراوە. ئەوەی بە نەگۆڕی و ڕوونتر دێتە بەرچاو ئەوەیە جەماوەر لەو بیرۆکەیە تێ دەگات، کە چاپەمەنی تامەزرۆی کارکردن لە بەرژەوەندی گشتییە و هەوڵ دەدات بەتەواوەتی ئەنجامی بدات و کۆڵنەدەر بێت. ئەوەی خەڵک گومانی ڕژدی لەبارەیەوە هەیە، ئەوەیە ئاخۆ ڕۆژنامەنووسان پابەندن بەو ئایدیاڵانە و ئاخۆ ئەو کۆمپانیایانەی خاوەنی هەواڵن هێشتاش باوەڕیان بەو ئایدیاڵانە هەیە.

شارستانییەت بیرۆکەیەکی زۆر بەهێزتر لە بیرۆکەکانی تری بەرهەم هێناوە، چمکی ئەوەی خەڵک دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. تیۆرێکی یەکجار نەدرکاوەی زانیاریی دامەزراندووە بۆ پارێزگاریکردن لەو بیرۆکەیە کە ناوی ڕۆژنامەوانییە. هەردووکیان بەیەکەوە پەرە دەسەنن و شکست دێنن. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ گۆکردنی ئەو تیۆرە، هیوای هەرە مەزنمان داهاتوویەک نییە، کە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە، کە وەک خەڵک بەبیری دێتەوە ئەوەندە شیرین نەبووە. سەربەستیی ئێمە لە سەتەیەکی دیجیتاڵ لەڕاستیدا دەوەستێتە سەر فەرامۆش نەکردنی ئەو ڕابردووە یان ئەو تیۆرەی هەواڵ، کە ئەم ڕابردووە لە کاتی خرۆشانی متمانە بە لەدایکبوونەوەی تەکنۆلۆجیا و کۆمپانیای هاوبەشی بەرهەمی هێنا، ئێمە دوو شەڕی جیهانیی ناکۆک و شەڕێکی ساردی بەشێوەیەکی سەرەکیی شاراوەمان لە سەتەی ڕابردوو لە دژی ئەم یۆتۆپیا تەکنۆلۆجییەدا کرد، ڕەنگە بەرگەی یەکێکی تر نەگرین.

# ئاخۆ فەلسەفە کاڵایە؟

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فەیلەسووفی فەرەنسی جاک بوفریس

## Jacques Bouveresse

سازدانی: نیکۆلاس ترۆنگ



فەیلەسووفی فەرەنسی جاک بوفریس بەوە ناسراوە، کە خاوەنی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەیە دژ بە چەواشەکاری میدیایی و فەلسەفی. ئەو پێشتر هۆشداریی ئەوەی دا، کە ترسی خەرقبوونمان لەناو ئەو تەڵە نمایشکارەی کە ئامێرەکانی میدیای مۆدێرن دروستیان کردووە زۆر نزیکە. ئەو یەکێکە لە خوێندکار و هۆگرەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی لودفیگ ڤتگنشتاین، هەروەها لە بواری فەلسەفەی شرۆڤەکاری و فەلسەفەی زمان و مەنتیقدا شارەزایە و کۆمەڵێک کاری لەم بوارەدا هەیە. ئەو پێشتر مامۆستای فەلسەفەی زمان و مەعریفە بووە لە زانکۆی (کۆلیج دو فرانس)، جێگەی گوتنە ئەم زانکۆیە خاوەنی ناوبانگێکی ئێجگار گەورەیە لە جیهاندا.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١- الكلام القَلِق: من السيمياء اللغوية إلى النحو الفلسفي ,١٩٧١

٢- فتغنشتاين: الفَصْل والعقل ؛ العلم، الأخلاقيات والجماليّات ١٩٧٣

٣- الفلسفة، الأسطوريّات والعلم الزائف: فتغنشتاين قارئا فرويد ١٩٩١

٤- الإنسان المُحتمَل: روبرت موزيل، المصادفة، المتوسط وسلحفاة التاريخ ١٩٩٣.

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



فەیلەسووفی فرەنسی جاک بوفریس

٥- : ماذا ترید الفلسفة وما الذي یمكن أن یُراد منها؟ ١٩٩٦
٦- القول واللغو: اللامنطق والاستحالة واللامعنی ١٩٩٧
٧- اللغة، الإدراك والواقع: الفیزیاء، الظاهریات والنحو ٢٠٠٤
٨- معرفة الكاتب: في الأدب والحقیقة والحیاة ٢٠٠٨
٩- ما الذي یمكن أن یُفعَل بالدین؟ ٢٠١١

* لە بەرگی پێنچەمی کتێبەکەتاندا کە تایبەتە بە دیکارت و لیبنتز و کانت بوو، باسی قسەیەکی ریتشارد رورتیت کردووە کە دەڵێت، ئێمە پێویستیمان بە جۆرێک خەیاڵی "ئەرستۆیی" هەیە، هەروەها داوای گۆڕینی شێوازی دیدەکانمان دەکەیت. ئاخۆ ئێوە دەتوانن لە ڕێگەی هەڤپەیڤینێکی خەیاڵی و ڕەخنەییەوە، لەگەڵ فەیلەسووفە

گەورەکانی پێش خۆتان قسە بکەن؟. ئاخۆ ئێمە تا چەندە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەو فەیلەسووفانەی پێش خۆمان بکەین؟.

– دیارە دوو هەڵوێستی توندڕۆیانە لە مێژووی فەلسەفەدا هەن، کە پێم وایە هەردووکیان پێکەوە شتێکی نامەعقووڵن. لەلایەکەوە هەندێک مێژوونووس لە ڕێگەی خەونەوە دەیانەوێت لە هزری ڕووناکبیرانی پێشوو بگەن، ڕێک وەکو ئەوەی بڵێیت لەگەڵ ئەواندا ژیاون، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای شێوازێکی ئیفترازییەوە خوێندنەوە بۆ خەڵکانی سەردەمی دیکارت بکەن، وەکو ئەوەی بڵێیت کەلە سەدەی حەڤدەوە لە بواری هزردا هیچ شتێک نەگۆڕابێت. لەلایەکی تریشەوە نەریتێکی خراپ هەیە، کە وا لە هەندێک دەکات وا مامەڵە لەگەڵ فەیلەسووفەکانی پێشوو بکات، ڕێک وەکو ئەوەی بڵێیت ئێستا دەژین، وەکو ئەوەی بڵێیت کێشەکانی ئەمڕۆمان هیچ جیاوازی لەگەڵ کێشەکانی پێشوودا نییە. لەبەرئەوە من بە دوای ڕێچکەی سێیەمدا دەگەڕێم، کە بتوانێت بمانگەیەنێتە ئەو سنوورەی کە بتوانین لە هزری فەیلەسووفەکان بگەین و پارێزگاری لە زمانە ئەسڵییەکەیان بکەین، بەبێ ئەوەی ئەم ڕێچکەیە هیچ جیاوازییەک لەنێوان تێگەیشتن و هەڵسەنگاندندا بکات. بەهەرحاڵ، هیچ شتێکی چاوەڕانکراو نییە گەر لەبواری خودی فەلسەفیدا پێشکەوتن ڕووی دابێت، هەروەها پێدەچێت ئێمە هەندێک شتمان زانیبێت، کە فەیلەسووفەکانی پێشتر نەیانزا بیبێت و جێگەی گرینگی و بایەخی ئەوان نەبووبێت. بۆ نموونە من کاتێک خۆم بە کارەکانی فەیلەسووفێکی وەکو لیبنتز خەریک دەکەم، هیچ دوودڵ نیم لەبەکارهێنانی کتێبەکانی گوتلوب فریج و کورت گۆدل، کە کتێبەکانیان زیاتر یارمەتییان دام لە تێگەیشتنی هزرەکانی لیبنتز و واشیان لێ کردم کە زیاتر بایەخی پێ بدەم. هەروەها دەتوانم زانستی ئامێری عەسەبی بکەمە سەرچاوەیەک و بەکاری بهێنم، بۆ ئەوەی بتوانم لە خوێندنەوە ڕەخنەگرانەکەی دیکارت تێ بگەم... هتد. من ئەم ڕێچکەیە لەکاتی (ئەفسانەی جوانییە: ئەزموون و دەلالەت و زمانی تایبەتی ڤیتگنشتاین) بەکاردەهێنم. من ریسکێکم (موجازەفە) کرد، کاتێک وویستم ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان ڤیتگنشتاین و دیکارت، لەبارەی سروشتی عەقڵەوە بکەم.

زۆرجار هەوادارانی مێژووی فەلسەفە پێیان وایە کە ڕێچکە تەقلیدییەکەی هۆکارە جیاوازەکانی فەلسەفە، کەلە ڕووی زەمەنییەوە لەیەکتری جیاوازن، ناتوانن پێوەندی پێکەوە بکەن. من دژی ئەم دیدە ڕێژەیییەم، چونکە من هەمیشە لەو باوەڕەدام، کە دەکرێت نیقاش لەبواری فەلسەفیدا بکەین و بگرە دەتوانم بەکارێکی پێویستیشی بزانم. لەبەرئەوە دەکرێت دیالۆگ لەگەڵ ڕۆحی مردووەکان و زیندووەکان بکرێت.

* ئاخۆ فەلسەفە ڕووکەشییەکەت و شێوازە ڕەخنە گاڵتەئامێزەکانت، ناگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێچکەیەی کە تیۆری فرەنسی (میشێل فۆکۆ، جیل دولوز، جاک دریدا) دژی بوون، ئەوان داوای دیالۆگی عەقڵانییان دەکرد؟

– بۆچی یەکسەر دەستت کرد بە وانەپێدانم!، ئەم نیقاشە جێگای گرینگی و بایەخێکی وا گەورە نەبوو لە جیهانی فەلسەفەدا، بەشی هەرە زۆریان پێیان وابوو، کە هەوڵدانێکی لەو جۆرە کەڵکی نییە، نە فۆکۆ و نە دولوز و نە دریداش. بگرە زۆربەی فەیلەسووفەکانی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٧٠ کەسیان باوەڕیان بە دروستی و گرینگی لەو جۆرە نیقاشانە نەبوو، بەپێچەوانەی فەیلەسووفە کلاسیکە گەورەکان، کە زۆربەیان پێیان وابوو هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەو دژوەستانەوەی فەلسەفەی پێشوو، کارێکی ئاساییە. بگرە دولوز گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە دەیگوت: فەیلەسووفی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کاتێک گوێی لە دیالۆگ دەبێت، یەکسەر ڕابکات. بەپێی ئەم دیدگا فەلسەفییە بێت، فەیلەسووف دەبێت تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت و مەسەلەکەی خۆی پێشکێش بکات و موناقەشەی تێدا بکات پاشان ڕێگەچارەی خۆشی بخاتە ڕوو. تاکە پرەنسیپ لە بەکارهێنانی ئەو ڕێچکە فەلسەفییانەی کە هەیە، نەک بۆ دیالۆگ و نیقاش و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان، بگرە بۆ پێشکێشکردنی مەسەلەکانی تر و چارەسەرکردنیان. ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە دولوز لەگەڵ لیبنتز کردی، بۆ نموونە لە کتێبی "الطي"دا.

دیارە من ناڵێم دەبێت ئێمەش ئەوە بکەین بەڵام من پێم وایە کە دەکرێت پرسیار لە ڕاستیی قسەکانی فەیلەسووفەکانەوە بکرێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەوەی کە دەیڵێن شتێکی قبووڵکراو بێت. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە هیچ وەختێک نەبووە جێگای بایەخی ئەوانەی کە خۆیان بە هەڵگری (تیۆری فرەنسی دادەنێن)، بگرە ئەوان پێیان وابوو کە ئەم مەسەلەیە، سەردەمی بەسەرچووە و گرینگییەکی واشی نییە، بۆ نموونە وەکو مەسەلەی ڕاستی، بەشێوەیەکی گشتی هیچ ئارەزووییەکی وام بە هزرەکانی پۆست مۆدێرنیزم نییە، ئەمەش بە ڕوونی لە کتێبی (عقلانية و كلبية)، باسم کردووە. گەر لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە ئیختیار بەدەست خۆم بێت، ئەوا من پێم باشە تیۆرییەکانی لویس ئالتوسری دۆگمایی و خوێندکارەکانی هەڵبژێرم.

* باسی ئالتوسرتان کرد، ئێوە باوەڕتان بەو بۆچوونەی ئەو هەیە کە دەڵێت: فەلسەفە ئەوەیە "کە چیی تر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین".

– بەڵێ، پێم وایە کە زۆرجار فەیلەسووفەکان هەوڵ دەدەن بەرگێکی تایبەتی بدەنە فەلسەفە و دەبێت جێگایەکی تایبەتیشی لە بواری ڕۆشنبیری هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە فێرمان بکات کە چۆن بۆچوونێکی وامان نەبێت لە بارەی فەلسەفەوە. دیارە شتێکی ئاساییشە کە من لەم بارەیەوە زۆر کەوتمە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی ڤتگنشتاینی فەیلەسووفەوە.

ئەو دەڵێت: زۆربەکەمی لە فەلسەفەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئاستەی کە بزانین لەبارەی مەسەلەیەکەوە چی بڵێین، بگرە بە پێچەوانەوە، دەتوانین زۆرجار ئەوە بزانین کە هەندێک شتی دیاریکراو، ناکرێت لەبارەیەوە هیچ بوترێت، وە ئەمەش شتێکی زۆر سوودبەخشە. ئەم بەشەی کاری فەلسەفە دوورە لە دیدێکی نێگەتیڤانەی تەواو، وەئەمەش کاری بنەوانی منە.

* پێدەچێت لێرەوە بێت کە هێندە کاریگەریی بەرهەمەکانی لودفیگ ڤتگنشتاین بەسەرتەوە دەرکەوێت، کە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر ڕێچکەی فەلسەفی ئێوە داناوە، ئایا ئێوە هیچ تەفسیرێکتان لەم بارەیەوە هەیە؟.

– کەمێک لەژێر چەپۆکی ئەودا دەرچووم ! وەکو مرۆڤێک ڤتگنشتاین جێگای شەیدایی و هۆگری خەڵکانێکی زۆربوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش موریدی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وای لێ نەکردووم کە مەودایەک بۆ رەخنەگرتن لێی و لێکۆڵینەوە لەبارەی کارەکانییەوە نەکەم. دیارە من زیاتر ژیانی تایبەتی و کەسایەتییەکەی جێگای ئیعجابم بوو هەتاوەکو فەلسەفەکەی، بەداخەوە ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە من ئەو خاڵە ژ بیر بکەم، کە ئەویش کائینێک بووە ژیانی خۆی تەنها تەرخان کردووە بۆ کارێکی تایبەت: ئەویش برێتییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی فەلسەفە.

دیارە ڕێچکەی فکری ڤتگنشتاین هیچ پێوەندی بە ڕێچکەی زانکۆیی کلاسیکییەوە نەبوو. ئەو سەرەتا ئەندازیاربوو، کارێکی تری جیاواز لە فەلسەفە دەکرد. بۆ نموونە ئەو لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢تا ١٩٢٨ مامۆستا بووە لە نەمسا. لە هەموو ژیانیشدا تەنیا کتێبێکی چاپ کردووە بەناوی (پەیامی فەلسەفی – منطقي) لە ساڵی ١٩٢١ چاپی کردووە. دیارە لەکاتی چاپکردنی ئەم کتێبەشدا خۆی دانی بەخۆیدا نەناوە وەکو فەیلەسووف. بەڵام گرینگترین کتێبی ئەو (لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان)، کە لە پاش مردنی خۆی بە دوو ساڵ ئینجا بڵاو کرایەوە، واتە ساڵی ١٩٥٣. خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئێمە ئەو دەستنووسانەمان وەکو کۆمەڵێک کتێبی گەورە دەست دەکەوێت، بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ئەم کتێبە وەکو کانێکی گەورە وان دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

دیارە لە هەندێک کاتدا، کاریگەریی ڤتگنشتاین تەنیا لە جیهانی ئەنگلۆ – سەکسۆنی بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، وردە وردە ئەم کاریگەرییە گەڕایەوە ئەوروپا، تەنانەت لە شوێنی لەدایکبوونیشی، کە وڵاتی نەمسایە. بۆچی بایەخم بە هزری ئەو دا؟. ئەو وەکو نوێنەری تیۆری ئەزموونگەرایی و مەنتیقی بوو، وە لە خەڵکی تریش زیاترو وردتر و زیرەکتر بوو. بەدڵنیاییەوە ئەو نووسەرێک بووە کە بەتایبەتی لەبەر هۆکاری سیاسی ناتوانین لەگەڵیدا بژین.

* چ خاڵێکی هاوبەش لەنێوان ڤتگنشتاین و روبیر موزیلدا هەیە، دیارە ئەم دوو نووسەرە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەسەر پێگەیاندنی هزری ئێوە؟.

– دیارە کۆمەڵێک هۆکار هەبوون کە وایان لێ کردم شەیدای ئەم دووانە بم، وەکو تواناو سەربەخۆییان و هێزی رۆحی فراوانیان کە هەر ئەم هێزەش وای لێ کردن کە بەرەنگاری ئەو باڵەپەستۆیە زۆرەی سەردەمەکەی خۆیان ببنەوە و نەکەونە ژێر کاریگەریی شتە ئیغراکانەوە. هەردووکیان تەواوی ژیانی خۆیان تەنیا بۆ کارێک تەرخان کردبوو هەندێک جاریش زۆر بە شێوەیەکی تراجیدی ئامێز ژیانیان بەسەر بردووە، ئەوان پێیان وابووە کە مەسەلەی بوونی

دیدێکی تایبەت، بە ئەرکێکی ڕەها (مطلق) و کارێکی گرینگ لە ژیانیان دایان دەنا.

رۆبیر موزیل نزیکەی سی ساڵ ژیانی خۆی تەرخان کرد تەنیا بۆ نووسینی رۆمانێک بەناوی (پیاوێک کە هیچ کڤالیتێتی نییە)، ئەو هیچ وەختێک دەستی لەم رۆمانە بەرنەدا و بچووکترین شتیش سازشی لە پرەنسیپە جەمالییەکانی خۆی نەکرد، لە کاتێکدا کە ژیانی ئاوارەیی و هەژاری لە سویسرا دەژیا. ئەوەی کە جێگەی بایەخی تایبەتی منە ئەوەیە، کە ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی هەستێکی وا تایبەت و دانسقە بوون، کە ئەرکی دانسقەو تایبەتییان لەبەر خۆیان و جیهان بە ئەنجام گەیاندووە و هەر بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکەش ژیانیان تەرخان کردووە، کەچی رۆشنبیرانی ئەمڕۆمان داوای مافی تایبەتی و دانسقەمان لێ دەکەن. بریان ماگینس لە کتێبی بیۆگرافیای ڤگنشتاین باس لە (ئەرکی بلیمەتی) لەلای فەیلەسووفەکان دەکات. بەڵام ئەو وا هەستی دەکرد، کە لەژێر چاودێریی دەسەڵاتێکی ئەخلاقی توندوتۆڵدایە، کە داوای باشترین شت لەو دەکات.

* جارێکیان رۆبیر مۆزیل دەنووسێت: (ئەو هۆیە سەخیفە نازانین کە لەجیاتی ئەوەی رۆژنامەکان بکاتە تاقیگەیەک و وێزگەیەکی ئەزموونگەری بۆ عەقڵ، کەچی بوونەتە بۆرسە و بازاڕێکی گەورە)، ئەمەش زۆر لە بۆچوونی رووناکبیری نەمساوییەوە "کارل کراوس١٨٧٤- ١٩٣٦" نزیکە، ئەویش کتێبێکی تایبەتی لەم بارەیەوە نووسی، تێیدا شەڕێکی گەورەی دژی ئامرازەکانی راگەیاندن بەرپاکرد. ئاخۆ هەژمونی رۆژنامەکان چەندە جێگای بایەخی تۆ بوون؟.

- من لە کۆتایی پەنجاکاندا دەستم بە خوێندنەوەی کراوس کرد، وە هیچ هەستێکی دژی وام لەلا دروست نەبوو، بۆ ئەو شەڕەی کە پێویستە دژ بە رۆژنامەکان بکرێت. بەڵکە رۆژ نییە هەست بەبوونی رەخنەی شایستە نەکەم لە رۆژنامەکان، بەتایبەتی چەقبەستن و تەبەعییەتی رۆژنامەکان بۆ دەســەڵاتی ئابووریی، رۆژ لە دوای رۆژیش ڕوو لە زیادبوونە. لەبەر ئەوە هەمــوو کـاتێک پێم وابووە: کە دەسەڵاتی ڕەهای رۆژنامەکان شتێکی دوو دڵی و خێراو هیچ و پووچییە، هەربۆیە بەئەرکێکی گرینگم زانیوە کە پێویستە دەسەڵاتێکی تری دژ بە رۆژنامەکان دروست بکەین. لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سەرەتایی، ئەم مەسەلەیە جێگای بایەخی من بووە، بەتایبەتی ئەو کاریگەرییەی کە رۆژنامەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر جیهانی رۆشنبیری و فەلسەفی هەیانە. بەڵام لە هەمووی ترسناکتر ئەو دەموچاوانە (ئەستێرە سەپێنراوەکان) بەسەرماندا، دەیانەوێت جێگای ئەوەی پێشوو بگرنەوە و ببنە مامۆستامان، کە ئەمەش ڕۆچوون و نەمانی بیرکردنەوەیە لەلایەن ئەوانەی کە دەکرا بتوانن ڕووبەڕووی ڕای گشتی ببنەوە.

پێم وایە حاڵەتەکە خراپتر بوو، لەو کاتەوەی کە لە کۆتاییی حەفتاکاندا فەلسەفەی نوێی تێدا جیاکرایەوەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن توانییان جێگای خوێندنی ئەکادیمی بە خوێندنی ئیعلامی بگۆڕنەوە. وابزانم لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون، چونکە جگە لە "فرەنسا" وڵاتێکی تر شک

نابەم کە تێیدا، بەشێوەیەکی ڕیشەیی فەلسەفەی ئەکادیمی تەلاق دراو، وەکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەڵێن، فەلسەفەی زیندوو و گرینگ جێگای گرتەوە. سەرکەوتنی فەلسەفەی نوێ و رووخانی ئەو فەلسەفانەی کە جاران گرینگ بوون، هەروەها نەبوونی هیچ رۆحێکی بەرەنگاریش بەتایبەتی فەلسەفەی مارکسی، بە بۆچوونی من ئەمە کارێکی شەرمئامێزی گەورە بوو.

* ئاخۆ دەکرێت بڵێین فەیلەسووفی ئەخلاق زیاتر بایەخ بە وتاری فەلسەفی و سلووک دەدات؟

– تا ڕادەیەک بەڵێ. ئەمڕۆ ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک مەسەلە دەبینەوە، هەروەک کارل کراوس سەرنجی لەم بارەیەوە داوە و دەڵێت: "خەڵکانی شەریف لە بەرامبەر خەڵکانی بێ ئابڕوو هەست بە شکستێکی ئابڕووبەرانە دەکەن". ئەمە پەرێشانییەکی گەورەیە کە ئەمڕۆ خەڵکانێکی شەریف لەبەر کۆمەڵێک هۆکار تووشی جۆرە هەستێک بوون، کە وابزانن بێ دەسەڵاتن یان ئیهانەکراون و مافیان خوراوە. ئەمڕۆ جۆرە هەستێکی وام لا دروست بووە کە پێم وایە لەمەولا ئەوەی پێڕەوی یاساکان بکات کەسێکی دەبەنگ یان نەفامە. گەر تۆ لە بنەچەیەکی ڕێکوپێک بیت و هەر بەمنداڵی وا فێر کرابیت کە پێویستە ڕێز لە یاساو ڕێساکان بگریت، لێ تۆ تووشی شۆک دەبیت، کە دەبینیت رۆژانە خەڵکانی شانسدار پێشێلی بەرامبەر بە یاسا و ڕێساکان دەکەن. زۆرجار شتێکی وا خۆش و ئاسانیش نییە کە تووشی حاڵەتێکی وابیت کە لە خۆت بپرسیت، ئاخۆ ئەوانەی کە لە یەکەم جارەوە فێری پڕەنسیب و بەهاکانیان کردیت، خەڵکانی دەبەنگ نەبوون.

من سەرەتا زۆر ساویلکانە لەو قەناعەتەدا بووم، کە لە ناوەندی فکریدا، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتی، دووره لە هیچوپووچی و بەرتیل، کە رۆژانە بەشێوەیەکی گشتی گوێمان لەم دوو مەسەلەیە دەبێت. بەڵام لەڕاستیدا، پاکی و بەڵگەی ڕەسەن هیچ کێشێکی لەبەرامبەر قسەی لووس و قۆڕدا نییە. لێرەشدا وەکو هەموو کەرتەکانی تر، بازاڕ و ژمارەی کتێبە فرۆشراوەکان بڕیاریان بەدەستە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە ئێمە ناتوانین لە فرۆشتنی دوو کتێب یان سێیان، کە ژمارەی فرۆشیان گەیشتبێتە ١٠٠هەزار یان ٢٠٠ هەزار دانە، دەتوانین باس لە فەلسەفەی نوێ و تازەگەری بکەین، هەروەک ئامرازەکانی راگەیاندن ئیدعای دەکەن. پێدەچێت تازەگەری لە فەلسەفەدا ڕوویدابێت، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە، پێویستە پشت بە میتۆدی تر ببەستین و پێویستە بایەخ بەو بابەتانە بدەین، کە جێگای بایەخی میدیاکان نین. ئەوەی کە ئەمڕۆ جێگای بایەخی منە، کۆمەڵێک فەیلەسووفی گەنج هەیە، کە کاری زۆر باش و گونجاو لە مەسەلەکانی فەلسەفەدا دەکەن، منیش هەموو توانای خۆم بۆ ئەم کارانە تەرخان کردووە. جێگای گوتنە گەر ئەمان توانیشیان کارەکانیان بڵاو بکەنەوە و بە چاپی بگەیەنن، ئەوا شانسێکی ئێجگار کەمیان هەیە، کە لە رۆژنامەکاندا باسیان بکەن.

سەرچاوە: سایتی الأوان.

# داخرانی مێژوویی

د. هاشم ساڵح

راوبۆچوونێکی باو هەیە (کە ڕەنگە وەهمیش بێت)، پێی وایە هزر لەگشت شوێن و جێیەک هەیە. لەکوێ خەڵک یان گەل یاخۆ زمان هەبێت، پێ بەپێی ئەمانەش هزر هەیە.. هەرکە زانکۆ و خوێندنی باڵاو بڕوانامەی دوکتۆرا هەبوو، هزریش بوونی دەبێت. بەڵام لە ڕاستیدا هزر زۆر دەگمەنە و زۆر لەوە کەمترە کە ئێمە پێمان وایە. ئەوەی سروشتییە ئەوەیە هزر کەم و دەگمەن بێت و خەڵک وخوا لێی بێئاگابن و دوور لە هزر ژیان بکەن.

ئەڵبەت ئەگەر مەبەست لە هزر، لانی کەمی بیرکردنەوە و بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە و تەنانەت نووسینی نامەی دوکتۆرایەک بێت، ئەوا لەهەموو جێ و شوێنێک هەیە و هەموو کەسێک دەتوانێت کاری ڕۆژانەی بەڕێ بکات. بەڵام ئەگەر مەبەست لە هزر فۆرمەلاکردنی دیدگایەکی نوێ بێت بۆ شتەکان یان داڕمانی دنیابینیی پێشتر بێت، یاخۆ کۆتاییی قۆناغێک و دەسپێکی قۆناغێکی تر بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا هزر زۆر کەم و دەگمەنە.. بۆئەوەی هزر سەر هەڵبدات و ئەو وەرچەرخانە ڕوو بدات، پێویستە چەند هەلومەرجێک لە باربێت. بەرلە هەموو شتێکیش پێویستە کارەساتێکی ڕاستەقینە ڕوو بدات، بۆ خاتری ئەوەی هزر لە دایک بێت، بۆ ئەوەی هزر لە سەر زەمینێکی بەیاردا سەر دەربێنێت.

هزر ڕووناکییەکە لە هەناوی تاریکییەوە سەردەردێنێ و لە دژی تاریکیشە، بەڵام تاریکی تا دوا هەناسەی ناڕەوێتەوە و کۆڵ نادات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هزر پرۆسەیەکی دژوارە و بەزەحمەت نەبێت دەسگیر نابێت. واتە هەموو کەسێک ناتوانێت پێ بخاتە ناو کایەی هزر و داخڵ بەو جوگرافیایە بێت. ڕەنگە کەسانێکی زۆر هەوڵی بێوچانیان دابێت، بۆ ئەوەی ببنە بیرمەندێکی وا کە باس بکرێن و دەستیان بۆ ڕابکێشرێت، لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆریان بەخەرج دابێت و ئەوەی لە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

دەستیان هاتبێ کردبێتیان و شەونوخونیشیان چەشتبێ، بەڵام دواجار هەرئەوەندەیان دەسگیر بووە کە بوونەتە لێکۆڵیارێکی باش یاخۆ ئەکادیمیستێکی بەسوود. لەلایەکی ترەوە رەنگە کەسانێک هەبووبن، بە هەموو شێوەیەک لە هزرو بیرکردنەوە هەڵهاتبن و ویستبێتیان ژیانیان بۆ شتێکی تر تەرخان بکەن (بۆنمونە بۆ حەز و خۆشەویستی و کەیف و سەفا و سەرکەوتن لە ژیاندا)، بەڵام هیچیانیان بۆ دەسگیر نەبووبێت، هەربۆیە بەناچاری روویان لە کایەی هزر کردووە و بوونەتە هزرڤان. هزر شتێک نییە لە سەرەتاوە مسۆگەر بکرێت، بگرە رسککردنێکی گەورەیە و تەنیا ئەوانە دەوێرن قەرەی بکەون کە کەم تا زۆر هەموو شتێکیان لەدەست چووە و گەشتوونەتە لێواری فەنابوون.

تەنیا ئەوانە دەرەقەتی هزر دێن کە بەقووڵی و لە ناخەوە بریندار بوون، تەنیا ئەوانە دەتوانن لەگەڵ گیروگازەکانی هزردا دەستەویەخەبن و دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن. بەڵام بۆچی بەتەنیا ئەمانە دەتوانن ئەو کارە بکەن؟ لەبەرئەوەی ئەمانە لانی کەم، هەموو شتێکیان لە دەست چووە و پێشوەخت باجێکی گەورە و گرانیان داوە.. هەرچەندە برین گەورەبێت، هزر گەورەتر دەبێت.. بێ چەندوچوون دەتوانم بڵێم: (گەر نەخۆشییەکەی نەبوایە، نیچە نەدەبووە هزرڤان. ئەو تەنیا لە شتێکی کەمبوو، تا ببوایەتە هزرڤان.. دەبوو دووچاری دەردێک بهاتایە و وازی لە زانکۆ بهێنایە.. دوای ئەوە تەنیا و وێڵگەردو گۆشەگیر، رێگەی ژیانی بگرتایە. دەبوو باجێکی قورس و گەورە بدات. دەبوو دووچاری شۆک و نائومێدگەلییەک بهاتبایە -کە کێویان لەبن دەهێنا-، دەبوو بگەیشتایەتە خاڵێک کە تەنیا دوو ئەگەری لە بەردەمدا بوایە و ناچار بکرایە بە هەڵبژاردنی یەکێکیان: یان بیربکاتەوە یان خۆی بکوژێت!).

ئەگەر ئەمە بەسەر خەڵک و کەسەکاندا بچەسپێت، بۆچی بۆ گەل و نەتەوەکانیش وا نەبێت؟ نەتەوەکانیش پێویستە لەسەریان باجێکی قورس بدەن، بەرلەوەی دەستیان بەو تیشکانە رابگات کە بەرەو روونـاکـیـیـان دەبـەن. نەتەوەکـانـیش هەندێ جـار هەست دەکـەن، بوون و کـەینونە و مانەوەیان، لە ژێر هەڕەشەو مەترسیدایە، بۆیە دەبێت ماڵوێرانییەکی هەقیقی ببینن، تاوەکو تاکە هزرێکی مانادرایان تێدا سەوز دەبێت. دەبێت ئەو کارەساتە روو بدات، تا بتوانن پرسیار لە واقعی داوەشاوی خۆیان بکەن. پرسیارکردن لە واقیع رەنگە زەمین لەرزەیەک و بەدوای خۆیدا بێنێت، بەتایبەت لە واقیعێکدا کە پرسیاری لە هەناوی خۆیدا سەرکوت کردبێت و نوزەی لێ بڕی بێت.

ئەوەی پڕکێشی بکات و زیاد لە پێویست لە پرسیار نزیک بێتەوە، رەنگە دەستەکانی بسوتێن و چاوانی کوێربن، لەبەرئەوەی پرسیار لەو جۆرە جوگرافیایانەدا، بەتەوقی ئاسنین دەورەدراوە و دەرگەی لەسەر کلۆم دراوە. لەوێدا قەدەغەیە لە پرسیارە گەورەکان نزیک بیتەوە و قەدەغەیە سەیری بکەیت و قەرەی بکەویت. لەو هەرێمانەدا زۆردەمێکە، پرسیار پایەماڵ و شاربەدەر کراوە. ئەوەی هەیە لەوێدا تەنیا وەڵامە کۆنکرێتی و یەکجارەکییەکانە. ئەو وەڵامانەی بوونەتە راستییەکی حاشاهەڵنەگرو بەڵگەنەویستێک. هەربۆیە مێژویی بوونیان لەدەست داوە و زەمەن بەرگی

قــەداســەتی بە بەردا کـردوون. ســەرەڕای ئـەوەش کـەســانێکی زۆر تینووی پرســیــارن و دەوری پرسیاریان داوە. هێزگەلێکی زۆر هەن بە هەموو شێوەیەک ئامادەن، ئامبازی ئەوانەبن کە ڕێگە بە خـۆیان بدەن و بیـانەوێت لە هـەرێمی پرسـیـارو پرسـیـارکـردن نزیک ببنەوە. ئەمـانە سـوپایەکی تەواوەتین، لە چاودێران و پاسەوان و فەرمانبەران و خەڵکانی ریشسپی.

نەتەوەی وا هـەیە رەوایەتی و قـەوارە و شـوناسی خـۆی، لەسـەر سـڕینـەوە و کـۆت وبەندکـردنی پرسـیارو گۆڕینی پرسیار بۆ وەڵام بنیات ناوە. کەواتە کێ دەتوانێت لەژێر دار و پەردووەکاندا، بۆ پرسـیـار بگەڕێت و تۆزوخـۆڵی لـەسـەر لابدات؟ کێ دەتوانـێت مینـەکانی چواردەوری پاک بکاتەوە؟ خـاک بەسـەر ئەوەی رێ بەخـۆی دەدات، لە سنوور و جـوگرافیـای پرسـیـار نزیک بێتـەوە.[1] کـەواتە ئەوەی دەتوانێت پرسـیـار ببزوێنـێ و پەردە لە رووی پرسـیـار هـەڵمـاڵێ، تەنیـا کـارەسـات و زەمین لەرزەیە.. لێرەوەیە کە هزر لە سەرەتـادا، بەسکاندالێک دەچێت و وەک سکاندالێک سەیر دەکرێت.. هەر هزرێک تـوانای پشکنین و هەڵمـاڵین و گۆبەنـنانەوەی نەبێت، هزر نییـە. لەبـەرئەوە ئەو هزرەی رەنگە بەم زووانە لە کایەی هزری ئیسلامیدا بێتە ئارا، هزرێکی تەواو سکاندال ئامێز دەبێت. یان رەنگە لە ژێر ئەم تایتڵە پانوپۆڕەدا کار بکـات: (هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی لە قووڵاییەکاندا). بەڵام ئـاخـــۆ ئـەم حـــەز و ئـارەزووە زۆرە بۆ هـەڵکۆڵین و روتکردنـەوە و سـکانـداڵ بۆچـی ؟ لـەبەرئـەوەی سـەرزەمینی ئیسلامی تینووی هـەقیقەتە.

بۆ ئەوەی ئـەو قـسـانـەم روون بکەمـەوە، هەندێ نمـوونە لە مـێـژووی ئەورووپی دێنمـەوە. زۆربەی مێژوونووسـان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی، ئەگـەر مـەسـیـحـیـیـەت لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتـدا نەبوایەتە دۆگمـایەک و دووچاری ئەو شـێوانە نەبوایە، "مـارتن لوتەر" نەدەهات و بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی لە سـەرەتاکانـی سـەدەی شازدەدا سـەری هـەڵ نەدەدا. شایەنی بـاسە ئاینی مەسیحـی لەو قۆناغـەدا، گـەیشـتـبـووە بـنبـەسـت و بووبوو بـەتەوقـێک لە گـەردنی مـرۆڤـەکـاندا. بوو بوو بە ئـامـرازێک بۆ پارە پەیداکردن و لـە خشتەبردنی خەڵک! قـەشە و پاپاکانی رۆمـا لە خەمی کۆکردنەوەی سـامـانی زۆر و دروسـتکردنی کۆشکی رازاوەدابوون و بـاجێکی زۆریشـیـان لە خـەڵکی وەردەگـرت. هەموو ئەمـانەش بەناوی مەسیح و ئینجیل و ئاینی راست و دروستەوە ئەنجام دەدا! لەم سەروبەندەدا "مارتن لوتەر" هـات و شـۆڕشە گەورەکەی بەرپاکرد. کەواتە گەر ئەو ناهـەمـواری و نەهامەتیـیانە نەبوایە، ریفـۆرم نەدەبوو. گـەر ئەو بازرگـانیـیە ئاشـکرایە بە ئاینـەوە نەکرایە، "مـارتن لـوتەر" نەدەهات و بەگـژ ئەو دۆخەدا نەدەچووەوە.[2]

دووەم نموونە کە دەمـەوێت لە مێژووی ئەوروپادا بـاسـی بکەم، مـەسـەلەی شـەڕی نێوان ئاینزاکانە (لەنێوان پرۆتسـتـانت مەزهـەب و کاتۆلیک مەزهەبەکاندا). ئەم جـەنگە هێندە سەخت و درێژخایەن و خوێنـاوییە، بووەتە پەندێک و بەنموونە دەهێنرێتەوە. بۆ نموونە سـەروەخـتـێک سیاسـەتمەدارانی ئەمـرۆی فـرەنسـا لەناو خـۆیاندا ناکـۆک دەبن و کـێشـە دەکـەوێتـە نێـوانیـان لەسـەر بابـەتێک، گوێبیستیان دەبین دەڵێن: (نامانەوێت بیکەینە جەنگی ئاینی !). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شەڕی

ئاینی له مێشكی ئەوروپاییەكاندا چەسپیوه و لەناخود ئاگاییياندا، بووەته بیرەوەرییەكی تاڵ و ناسرێتەوه.

سەردەمی رۆشنگەری كە هات، پەرچەكرداریك بوو دژی هەموو ئەو تاوانانەی بەناوی مەسیحییەت و ئاین و ئاینزای هەق و راستەقینەوه كرابوو. وەك دەزانرێت هەر ئاینزایه و خۆی بەراست دەزانی و پێیان وابووه خۆیان رێگەی راستیان گرتووه و ئەوانەی سەر بە ئاینزاكانی ترن، گومڕا و سەرلێشێواون. مەسیحییەت باجێكی قورس و گرانی ئەم پرۆسەی تەكفیركردنەی دا. سەرجەم بیریاره ئازدیخوازەكانی ئەوروپا، چوونەوه بەگژیداو خۆیانیان لێ بێبەری كرد. تا وای لێهات پیاوانی ئاینی بوونە مایەی گاڵتەجاڕی و شكۆ و پلەوپایەی خۆیان له دەست دا، بەهۆی ئەوەی كە سەركردایەتیی ئەو پرۆسە دزێوەیان دەكرد، یاخۆ پاساوی ئەو شەڕو خوێن رشتنە مەزهەبییەیان دەدایەوه.

بەمجۆره ئاسمانی تیۆلۆژیای سەدەكانی ناوەڕاست، شەقی برد و هەورێكی رەش و چڵكن له ئاسمانی ئەوروپادا رەوییەوه. بەمەش لەو دێوەزمەیه رزگار بوون كە بەرۆكی گرتبوون و بڕستی لەبەر بڕی بوون و رووناكی لێ گرتبوون. یەكێك لە گەوره مێژوونوسە هاوچەرخەكانی فەرەنسا "جان دۆلیمۆ" كە مەسیحییەكی باوەڕداره، پێی وایه وێنەی خوایەكی تۆڵەئەستێن، هۆكارێكی گرینگ بوو له پاشەكشەكردن و بچووك بونەوەی مەسیحییەت له وڵاتانی ئەوروپاییدا و سەرەكیترین هۆكاری شۆڕشەكەی "مارتن لوتەر"یش بوو. "لوتەر" بۆخۆی ترسی هەبوو لەوڕووه تووڕەیەی یەزدان و پێی وابوو، هەرچی بكات له سزای قوتاری نابێت. تەنیا ئەو كاته گەیشتە دڵنیایی كە ئەم وێنە ترسناكەی سەدەكانی ناوەڕاست له بارەی یەزدانەوه دروستیان كردبوو، كاڵ بووەوه و گەیشت بە وێنەیەكی تر كە وێنەی یەزدانێكی به بەزەیی و لێبووردە و پڕ خۆشەویستی بوو.[٣]

بەڵام بۆ گۆڕینی ئەو وێنەیه، چ باجێكی داو چەند شەونخونی كردو چەند تلایەوه! له پێناو ئەم كارەدا چەندین جار له مردن نزیك بووەوه و بگره مردنی بەئاوات خواستووه، ئەوه نییه دەڵێت: (خۆزگە هەرنەبوومایه). لەبەرئەوەی ئازادكردنی رۆح و ویژدان لە دەست كۆت و بەندەكانی رابردوو، پرۆسەیەكی سەخت و دژواره. ناوبەناو رۆحی تاكەكەسی و رۆحی نەتەوه توشی ئەم پەتایه دەبن، پەتای كەوتنەناو چاڵی تاریكی و نەزانی و نغرۆبوون لەناویدا.

هەموو نەتەوەكان توشی ئەم پەتایه هاتوون، موسڵمانانیش لەم حاڵەته بەدەرنین. هەربۆیه پەیامبەران و بیریاران و گەوره ریفۆرمیستان پەیدا دەبن، تا لەو دۆخە رزگاریان كەن. لێرەوەیه كە بزاوته مێژووییه مەزنەكان پەیدادەبن و سەرهەڵدەدەن، وەك بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینی و رۆشنگەری و شۆڕشەكان، بەمەبەستی قوتاركردنی نەتەوه لەو دۆخە ناهەمواره و گواستنەوەی بۆ دۆخێكی گونجاوتر. بەڵام بابزانین بیرمەندی گەوره كێیه؟ ئەو كەسەیە بەرلەوانی دی بەئاگا دێتەوەو شتگەلێك دەبینێت كە ئەوانی تر نایبینن. هەر لەبەرئەمەش سەرەتا ترس دایدەگرێت و

دەپەشۆکێت. دواتر کە لە جۆرو قەوارەی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە شەرشانی حاڵی دەبێت، لەرزی لێ دێت و ترسێکی قووڵ رۆحی دەکرۆژێت.

ئەم کەسە دەتوانێت لە خۆیدا، هەرچی گرێ و ئازارونەخۆشی نەتەوەکەیەتی کۆ بکاتەوە. لە کاتێکدا ئەو بەدوای چارەسەرکردنی کێشە شەخسی و تایبەتییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، لەگەڵ ئەو گرێ و ئازارانەدا رووبەڕوو دەبێتەوە و تێدەگات مەحاڵە کێشە تایبەتییەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەگەر کێشەی نەتەوەکەی بەگشتی چارەسەر نەکات. ئەوکات تایبەتی و گشتی لەناو ئەودا، تێکەڵ بەیەک دەبن و وایان لێ دێت لەیەکدا دەتوێنەوە. بەمجۆرە دەگاتە دۆزینەوە و پەیبردن بەو خاڵەی، هەمووان بەدوایدا دەگەڕێن و بۆیان نادۆزرێتەوە. واتە ئەوکاتەی ئەو بیریارە بەدوای کردنەوەی گرێکوێرەکانی خۆیدا دەگەڕێت و خەریکی چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانی خۆیەتی، دەبینێت گرێی کێشەکانی هەموو نەتەوەکەی کردووەتەوە.

دواجار بابپرسین، ئەو کەسە دەگمەن و تایبەتییانە چۆنن؟ سەرەتا کەسایەتییەکی زۆر لاوازن و لەوەدان لەبەردەم کێشە و گرفتەکانیاندا کۆڵ بدەن و ئالای سپی هەڵکەن، بەڵام لە چرکەساتێکی دیاریکراودا و هەر لە خۆیانەوە رادەپەڕن و لاوازی دەگۆڕن بۆ هێزو کەوتن دەکەن بەهەستانەوە. ئەم کارەکتەرانە، نەخۆشن بەسەردەمەکەیان و بەسەنگ و قورساییی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانیان. لەبەرئەوە دەبێت ئەو وێنە زەبەلاح و کاریکاتێرییانە لە مێشکماندا بسڕینەوە کە لەبارەی بیریاران و ریفۆرمیستە گەورەکان هەمانە.

ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین، ئاخۆ گەلانی ئێمە گەیشتوونەتە قۆناغی گەڕان بەدوای وێنە راستەقینەکەدا؟ ئەو کارەساتەی لە یازدەی سێبتەمبەردا رووی دا، ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئەوەی ئێمە لە زۆنی پرسیارە گەورەکە نزیک بووینەتەوە؟ بەواتایەکی تر: دەبوو کارەسات و ماڵوێرانییەکی وا گەورە رووی بدایە، ئەوکات جورئەتی ئەوەمان بکردایە پرسیارێکی مانادار لە کەلەپووری ئیسلامی بکەین؟ بێگومان، بەڵام نابێت زۆر پەلەبکەین یاخۆ زیاد لە پێویست گەشبین بین، چونکە ئەو شەڕ و ململانێیە یەکلایی نەبووەتەوە و تازەبەتازە خەریکە دەست پێدەکات.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو رووداوە قورس و تاقەت پرووکێنانە (وەک جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو و یازدەی سێپتەمبەر و جەنگی ئەفغانستان و جەنگی عێراق و تەقینەوەکانی بالی و مەدرید و لەندەن و شەرم شێخ...)، هێشتا کەس ناتوانێت قەرەی زۆنی پرسیارە گەورەکە بکەوێت کە تایبەتە بە کەلەپووری ئیسلامی ! بەڵام ئێستا هەرچی هەیە و نییە، چاوی لەسەر ئەو کایەیە و ئەمەش بۆخۆی بەرەو پێشچوونێکی گەورەیە. لەمڕۆ بەدواوە ئەوانە چاومان لەسەر لانابەن، تا قایل نەبین بەوەی وەک میللەتانی پێشکەوتوو لەبەر رۆشناییی میتۆدە ئەقڵییەکاندا، چاو بە کەلەپوور و مێژووماندا بخشێنینەوە و شەن و کەویان بکەین. ئەو کەلەپوورەی بەناویەوە دزێوترین جۆرەکانی توندوتیژی و تیرۆر ئەنجام دەدرێت، درەنگ یان زوو دەبێت باجەکەی بدات، چونکە چیتر ناتوانێت وەک جاران خۆی لەو پرۆسەی بژارکردن و

تاوتوێکردنە بدزێتەوە.

هەموو شتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە موسڵمانان زیاتر و زۆرتر لە پرۆسەی بەخۆداچوونەوە نزیک دەبنەوە و دەخوازن کەلەپووریان، بەشێوەیەکی زانستی تاوتوێ بکەن و رەخنەی توندی ئاراستە بکەن، بەوجۆرەی کە لە ئەورووپای دوای دادگاکانی پشکنین و شەڕی ئاینی و تیرۆرکردنی ئەقڵدا رووی دا. هەرچەندە تا ئێستا داخران هەر بەردەوامە و ئەقڵییەتی کۆن باڵادەستە و لە ئامادەباشیدایە، بۆ بەگژداچوونەوەی هەر هەوڵێک بەمەبەستی ئاوەڵاکردنی دۆسێ داخراوەکانی کەلەپوور. سەیرکە چی بەسەر کتێبەکەی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی "نۆڵدکە"دا هات لە بەیرووت، لەبارەی مێژووی قورئان و چۆنچۆنی رێگرییان کرد لە بڵاوکردنەوەی و تەنانەت کەوتنە هەڕەشەکردن و تۆقاندنی وەرگێڕەکەی و ئەو دەزگایەی چاپی کردووە و بگرە خوێنەرانیشی.

لەم کتێبەماندا نەسکێکمان بۆ تەرخان کردووە، تا نیشانی بدەین ئێمە لە وڵاتانی عەرەبیدا بەدەست چ داخرانێکی مێژووییەوە دەناڵێنین و ئەم داخرانەش، چۆن بووەتە رێگر لەبەردەم هەموو هەوڵێک بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون. ئەمجارە کردنەوەی ئەم داخرانە مێژووییە، بە چارەسەری نیوە ناچڵ و بەترس و دڵەڕاوکێوە ناکرێت، چونکە گەر وامان کرد ئەوا وەک هەموو جارەکانی تر، دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

ئەمجارەیان رێک وڕاست و باجەکەشی هەرچییەک بێت، دەچینە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە و دەست دەخەینە سەر برینەکان. دەبێت ئەوە بزانین کە داخرانە مێژووییەکان، بەرەنجامی هەژمونی کۆمەڵە قەناعەتێکی دۆگما و رەهان، ئەم کۆمەڵە قەناعەتە دۆگمایەش بووەتە بار بەسەر خۆمان و سەردەمەکە و بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیشەوە.

ئەم قەناعەتە دۆگمایانەیە، گەیشتووەتە ئاستی موقەدەس و رەوایەتیش بەو کردەوە تاوانکاری و تیرۆرستییانە دەدات. سەروەختێک کەسێکی وەک "زەرقاوی" یان ئەوانەی وەک ئەو وان، لەبەردەم کامێرای تیڤییەکاندا ئایەتێکی قورئان دەخوێن، بەرلەوەی بارمتەکان گۆشاوگۆش سەر ببڕن، تێ دەگەین کە لەمڕۆ بەدواوە ئەو مەسەلەیە هەرتەنیا پێوەندیی بەوەوە نییە، بگرە پێوەندیی بە دەقەکەیان لانی کەم بەو شێوازە هەڵیەوە هەیە کە دەقەکەی پێ خوێندووەتەوە، تا بەو شێوە وەحشیگەرانەیە بەکاری بهێنێت و کاری پێ بکات.

من لای خۆمەوە گورزی کوشندەم ئاراستەی ئەو قەناعاتە دۆگمایانە کرد، ئەویش لە رێی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی "محەمەد ئەرکۆن"ەوە. بەو کارانە پەردەم لەسەر رووی زۆر لە شتەکان لادا و مێژوویی بوونیانم ئاشکرا کرد. ئەمەش تاکە رێگەیە کە بۆ ئازادکردنی هوشیاری عەرەبی، لەو قەناعاتە دۆگمایانەی لە منداڵییەوە دەکرێت بەمێشکماندا و دەبێتە مایەی هەموو ئەم تاوان و کارەساتانەی دەیانبینین.

ئەمە تەنیا رێگەیەکە بۆ کردنەوەی ئەو داخرانە مێژووییە، واتە کردنەوەی کەلێنێک ئەگەرچی

بچووکیش بێت، لەو دیوارە داخراو و کۆنکرێتییەی مێژوودا. کەواتە ئازادکردنی سەرزەمین هیچ مانایەکی نابێت، بەر لە ئازادکردنی ئاسمان. داخرانی مێژوویی کە رێگە نادات عەرەب و تەواوی گەلانی ئیسلامی لە ئێستادا بەرەوپێش بچن، بەرەنجامی چییە و لە چییەوە دروست دەبێت؟ لەو ناکۆکییە قووڵ و رەهایەوە دروست دەبێت کە لە نێوان دەق و واقیعدا هەیە، واتە لە نێوان دەق و تەواوی ئەو گەشە و بەرەوپێشچوونە زانستی و سیاسی و فەلسەفییانەی، سەردەمی مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا هێناونی.

پابەندبونی بێ چەندوچون بەرۆحی دەقەوە، وا لە موسڵمان دەکات تەرێز لە هەرچی دەسکەوتی مۆدێرنەیە بیکات، یاخود رقیان لێ هەڵبگرێت و شەڕ لەگەڵ سەردەمەکەدا رابگەیەنێت، وەک ئەوەی ئێستا "زەواهری " و بن لادن" دەیکەن. ئەگەر موسڵمان ئافەرۆزی دەقیشی کرد، ئەوا دواتر هەست بەگوناه و تاوانێکی گەورە دەکات. بەمجۆرە کەسی موسڵمان دەکەوێتە ناو ناکۆکییەکی دژوارو کوشندەوە. چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە دەبێت، نێو لێکدانەوەی مەجازی بۆ دەق بکرێت و دان بەوەدا بنرێت کە دەق بەرهەمی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاری کراوە، وەک ئەوەی مەسیحییەکان دوای رۆشنگەری و دروستبوونی تیۆلۆژیای لیبرالی لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا کردیان.

هەمـوو ئەو شـتـانەی لە دەقـدا هاتوون، لەبارەی دروسـتـبـوونی جـیـهـان و مـرۆڤ و دیاردە سـروشـتـیـیـەکانی وەک باران و با و هـەورەتریشـقـە و شـتـەکانی تر، نابێت کـتـومت وەک خـۆیان وەربگیرێن، بگرە پێویستە بەشێوەیەکی مەجازی شرۆڤە بکرێن. بەڵام بۆچی دەبێت ئەمە بکرێت؟

لەبەرئەوەی تـەواو لەگـەڵ هـەقـیـقـەتە زانسـتی و یاسـا فـیزیکـیـیـەکـاندا ناکۆکن، ئـەو هـەقـیـقـەتە زانستی و یاسا فیزیکییانەی زانستە سروشتییە نوێیەکان پێی گەیشتوون. دەکرێت هەمان شتیش بڵێین بۆ ئەو یاساو رێسایانەی لە قورئاندا هاتوون، لەبارەی دەست وقاچ برین و بەردبارانکردن و پێدانی میراتی بە پیاو دوو بەرابەری ژنان. تێکڕا ئەمـانە دژبە مـافـەکانی مـرۆڤ و هـەمـوو ئەو یاسایانەن کە بەرهەمی شارستانییەتی مۆدێرنن و لە ئێستادا بوونەتە یاساگەلێکی گەردوونی و تەواوی دنیایان گرتووەتەوە.

ئێـمـە ناتوانین لە دەست ئـەم شـتـانە قـوتارمـان بێت، ئەگـەر دان بەڕەهەنـدی مـێـژوویی دەقـدا نەنێین. واتە دەبێت بزانین هەرچی شەریعەت و فیقهی کۆنە، هەرهەمووی لە ئاسمانەوە نەهاتووەتە خـوار، بگرە دروسـتکراوی دەسـتی مرۆڤ خـۆیەتی و پێوەسـتـە بەهەلومـەرجی سـەردەمی خـۆیەوە، وەک ئەوەی رۆهـەڵاتـناسی گـەورە "جـۆزیف شـاخت" و سـەرجـەم زانـا مـەزنەکـانی دیکە بـاسی لێ دەکەن.

داننان بە مـێـژوویی بوونی دەقـدا، بەمـانای نکووڵیکردن نایەت لە تەعـالـیـبـوونی، لە رووی بەها رۆحی و ئەخـلاقی و مـیـتـافـیـزیکـیـیـەکـانەوە، بگرە بۆ ئەوەیە جـیـاوازی بکرێت لـە نێـوان ئەوەی هـەمیشـەییـە و ئەوەی کاتییە، ئەوەی نەگۆڕە و ئەوەی گۆڕدراوە، ئەوەی مێژوویییە تێیداو ئەوەی بان

مێـژووییـیـە. حـوکم و بڕیارەکـان شـتـگەلێکی مـێـژووییـن و بێ چەندوچـون پێوەسـتن بەسـەردەمـانی خـۆیانـەوە، کـەواتـە ناچـار نین پابـەندبـین پێــیــانـەوە و پێــڕەویان بکەین،[٤] بەڵام کێ دەتوانێت دەستبەرداریان بێت و خۆی لێیان قوتار بکات؟

مەسیحییەکانی ئەوروپی زۆریان بەدەست داخرانی مێژووییەوە چەشت و تەنیا ئەوکاتە توانییان قـوتاریـان بێت لێی کـە رازی بوون بەوەی مـیـتـۆدی مـێـژوویی نوێ، بەسـەر ئینجـیـل و تەوراتدا پراکتیزە بکەن. ئەم پراکتیزەکردنەش سوودگەلێکی گەورەی هەبوو، بەرلە هەرشتێک جیاکردنەوەی دینداریـی رووکـەشـانـەبوو لە دینداریی راسـتـەقـینە. دواتر ئەمـەش بـووە مـایەی ئاشـتـبـوونەوە و پێکهاتنەوەی مێژوویی لە نێوان مـەسیـحییـەت و مۆدێرنەدا، بەڵام ئەم پرۆسـەیە دوای پێکدادان و هەراوزەنایەکی زۆر مەیسەربوو.

ئەوەی لە ئێسـتـاشدا لە ئیسـلام روو دەدات و ئەو شـەڕ و کێشـمـەکێشـە فیکری و سـیاسییـەی لەسـەر پەرپا بووە، هیچ نییە جگە لە زەمینەخۆشکردن بۆ کردنەوەی ئەو دۆسی کۆنانەی زیاتر لە هەزار سـاڵە داخـراون. بۆ نموونە وەک دۆسـیێ خـەڵقکردنی قـورئان کـە دوای سـەرکـەوتنی حـەنبـەلییـەکان بەسـەر موعتـەزیلەکـاندا، لە سـەردەمی "متـوەکیل بیلا"وە بەیەکجـارەکی داخـرا. بەمجۆرە کودەتا بەسەر "مەئموون" و سـەرجەم پرۆژەی ئەقڵانییـەتی ئیسلامیداکرا. ئەو کودەتایەی تا ئەمڕۆش باجەکەی دەدەین.

ئەگەر لەو ململانێیـەدا موعتـەزیلەکان سـەرکەوتوو بوونایە، ئەوا دەمـانـتـوانی زۆر بەئاسـانی و سـەرلەنوێ لێکدانەوە بۆ قورئان بکەین و هەمـوو ئەو داخرانـە مێژووییـەی ئێسـتـا دووچاری بووین رووی نەدەدا. واتە دەمانتـوانی ئاین و ئەقڵ یاخۆ ئیسـلام و مۆدێرنە، لەگەڵ یـەکدا ئاشت بکەینەوە. بەمـەش دەکرا لە وڵاتانی ئیـسـلامـیدا گەشـە بەیاسـاکـانی ژیان بدەین، بەڵام لە ئێسـتـادا ئەوانە ناکرێت، لەبەرئەوەی دەق ڕێگرە لە بەردەم ئەو پرۆسـەیەدا.

ئەمە هەندێک لەو پرس و باسانەیە کە هەوڵم داوە لەم کتێبـەدا بەشێوازی جیاجیا بەسـەریان بکەمـەوە، ئەویش بە بەراورد لە نێـوان ئێسـتـا و رابردوو، یـاخـۆ بە بەراورد لـە نێـوان مـێـژووی ئەوروپایی و مـێـژووی ئیـسـلامـیدا. نازانم ئەگەر وەک پێـویست توانیبـێتم دەست بخـەمـە سـەر برینـەکـان، بەڵام هەوڵێکی زۆرم بەخـەرج داوە و دەشـزانم کـێشـەی قـورس و ئاڵۆزی لـەمـجـۆرە، بەکتێبێک یان بەتەنیـا کەسێک چارەسـەر ناکرێت، بگرە کارێکی وا پێویسـتی بەهـەوڵ و تەقـەللای هەمووﻻیەکمان هەیە، بۆ ئەوەی دەستمان بەسەریدا بشکێت.

دوای ئەو هەمـوو ماڵوێرانی و رووداوە گەورانە، مافی خۆمانە لە ئێستادا پرسیارەکانمان بکەین و کەسیش بۆی نییە رێگریی ئەوەمان لێ بکات. بەتایبەت کە لە ئێستا دارِمانی گوتارە دیماگۆگییە ساختەکان دەبینین، ئەو گوتارانەی لە رابردوودا باڵادەست بوون بەسـەرمانەوە، بەڵام ئێستا کەوتن و هەقیقـەتیان بۆ هەمـووﻻیەک دەرکـەوت. هـەروەک چۆن گـەورەترین گوتاری سـیـاسیی هـاوچـەرخ

دارِما (گوتاری کۆمۆنستی سۆڤیەتی ). کەواتە رووداوگەلێکی گەورەوگران هاتووەتە پێش و هیچ بیرمەندێک ناتوانێت فەرامۆشیان بکات.

ئەوە راستە کە هزری قووڵ، بە دوورە لە رووداوە رۆژانە کاتی و تێپەڕەکان و ناکرێت رەنگدانەوەیان پاشکۆی ئەو شتانەبێت، بەڵام ناتوانێت خۆی لەو رووداوە گەورانە بەدوور بگرێت کە بەشێوەیەکی تایبەت و دەگمەن، لە مێژوودا روو دەدەن و مانا و مەغزای زۆر قووڵ لە خۆدەگرن. ئەگەر ئێستا "هیگڵ " لە شوێنی ئێمە دەبوو، ئەوا زۆر دڵخۆش دەبوو بەوەی روو دەدات (دڵخۆشی بەمانا فەلسەفییەکەی)، واتە ئەمەی بە هەلێکی دەگمەن دەزانی بۆ فەلسەفاندن و وەک کەرەستەیەکی گرانبەها تێی دەڕوانی، بۆ تێڕامان و پەندوەرگرتن.

ئێمە ئەوە دەزانین کە "هیگڵ " چەندە گرینگیی بە شۆڕشی فرەنسی داوە، وەک رووداوێکی مێژوویی گەورە و وەک بەڵگەیەک لەسەر بزاوتی مێژوو. ئەوەی لە ساتەوەختی ئێستاشدا روو دەدات، دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ بزاوتی مێژوو سەیر بکرێت. ئەگەرچی تاڕادەیەکی تراژیدی و دژواریش بێت، چونکە ئەرێنی لە نەرێنی و هەستانەوە لە کەوتن و نوچدانەوە سەردەردێنێ.[5]

بەهەرحاڵ دەبوو وڵاتانی ئێمە، دووچاری دوو شکستی کەمەرشکێن بن لەماوەی کەمتر لە چارەکە سەدەیەکدا (١٩٦٧–١٩٩١) و گەورەترین هاوپەیمانی مێژووییشیان هەرەس بێنێ، ئەوکات لەبەردەم ئەگەرەکانی داهاتوودا هەست بەترس و بیم بکەن. ئەوە بۆ یەکەم جارە وڵاتانی ئێمە بەو شێوەیە رادەچڵەکێن و بۆ یەکەم جاریشە هەست بەو لاوازی و هەڵوەشان و بێئیرادەییە دەکەن و هەر بۆ یەکەم جاریشە، خەریکە بەتەواوەتی هەموو دەستپێشخەرییەکی مێژوویی لە دەست دەدەن.

ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەموو شت کۆتایی هاتووە و هیچ دەرفەتێک نەماوە؟ پاشان ئاخۆ (کە ئەمەیان گرنگە)، ئێمە گەشتووینەتە ئەوپەڕی کەوتن و بەچۆکداهاتن یاخۆ دەبێت توشی شۆک و راچڵەکینی زۆرترو زیاتربین، تا دەگەینە ئەو ئاستە؟

وەکی دەزانرێت ئەوەی هەموو شت لە دەست دەدات، لانی کەم هەست بە پشوویەک دەکات، پشووی نائومێدییەکی گەورە. بەڵام ئەوەی بە مۆلەقی دمێنێتەوە لە نێوان ئومێدو نائومێدی، لە نێوان ژیان و مردندا، ئازار دەچێژێ و نیگەرانی دەیخوات و پشوو نادات. من پێم وایە ئەم شکستەی دوایی لەگەڵ شکستی ١٩٦٧، بەسە بۆ ئەوەی لە خەونی غەفڵەتزەدەیی بەخەبەر بێین. پێشم وایە هەرەسی ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجییانەی پێشتر کە هەژموونی لەسەرمان هەبوو– وەک گوتاری ناسیۆنالستی و مارکسی و تەنانەت گوتاری روکەشانەی مۆدێرنەش–، ئێمە لە بارێکی قورس رزگار دەکات و وا دەکات بۆ یەکەمین جار هەناسەیەک هەڵبمژین.[6]

کەواتە با ئەم هەلە بقۆزینەوە و پرسیارگەلێک بورووژێنین کە تا سالانێک پێش ئێستا یاساغ بوون. ماڵوێرانی و دارِمانەکە گشتی و سەرەتاسەرییە، کەواتە ئیتر بۆچی تاهەتایە دەممان داخەین و هیچ نەڵێین؟ وەک ئاشکرایە لە دوای شکستی حوزەیرانی ١٩٦٧، دوو گوتاری سەرەکی

هاتنە ئاراو ناوەندەکەیان کۆنترۆڵ کرد. یەکەمیان دەیوت: (ئێمە دەستبەرداری یەزدان بووین، بۆیە یەزدانیش فەرامۆشی کردین و سەرەنجامیش ئەوەبوو شکستمان خوارد). دووەمیشیان بە ناڕاستەوخۆ دەیوت (چونکە نەیدەوێرا راستوڕەوان ئەوە بڵێت) کە ئێمە (وەک پێویست دەستبەرداری یەزدان نەبووین و وەکی پێویستیش نەچووینە ناو مۆدێرنە و دنیای تەکنۆلۆجیاوە، بۆیە دووچاری شکست هاتین).

وەکی دەبینین ئەم دوو گوتارە تەواو پێچەوانە و دژبەیەکن. ئەگەر لێرەدا مەبەست لە خوا ئەو دیدگا تاریک و ئەنگوستە چاوە بێت بۆ جیهان، ئەگەر مەبەست لێی خوای سەدە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بێت، خوایەکی تووڕە و مرومۆچ کە بواری کارکردن و ئەفراندنت نادات و ئیفلیجت دەکات، ئەوا بێگومان دەبێت هەرچۆنێک بووە دەستبەرداری بین و لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست لێی خوای هەق و دادپەروەری بێت کە بەڕوون و رەوانی لە قورئاندا هاتووە و فەیلەسووفان و موعتەزیلەکان زۆر گرینگییان پێی داوە، ئەوا قەت نابێت دەستبەرداری بین، لەبەرئەوەی ئەوە بریتییە لە لووتکەی ئەو بەهایانەی جڵەوی گەردوون دەکات و دنیا دەگێڕێت.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەرچی گوتاری مارکسیزم سەبوری بووبێت بۆ توێژێکی بەرفرەوانی گەنجان لە دوای شکستی حوزەیرانی ١٩٦٧ و وەهای فریودابن کە چارەسەرو کلیلی هەموو کێشەکانە، ئەوا گوتارەکەی تر کە ململانێی دەکرد و بووە ئەلتەرناتیڤی (واتە گوتاری ئیسلامگەرای ئوسووڵی)، ئەوکات و تا هەنووکەش هەمان رۆڵ دەگێڕێت. ئەم گوتارە ئیسلامگەرایە پاش و پێش جەنگی کەنداو، بووە فریادڕەسی ژمارەیەکی بێشوماری گەنجی سەرگەردان. تاکە جیاوازیی نێوان ئەم دوو گوتارە ئەوەیە کە یەکەمیان گوتارێکی ئامادەیەو هاوردەیەکی بیانییە، لە کاتێکدا دووەمیان کار لەسەر قووڵی و دێرینیی مێژووی عەرەب دەکات.

ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە و ناکرێت بە هێند وەرنەگیرێت. تۆڵەکردنەوەی گوتاری ئیسلامگەرا، توند و کاریگەربوو. دەکرێت بڵێین تۆڵەیەکی رەواش بوو، لەبەرئەوەی لەلایەن گوتارەکانی ترەوە (ناسیۆنالستی و مارکسی و مۆدێرنەی رووکەشەوە) کەنارگیرکرابوو، سەرەڕای تۆمەتبارکردنی بە کۆنەپەرستی و تاریکخوازی و تابوری پێنجەم. تا ئێستا کەس نەیتوانیوە راستەخۆ، رووبەڕووی ئەم گوتارە بێتەوە و لەسەر زەمینی هزری ئیسلامی لەگەڵیدا دەستەویەخە بێت. گەربێتو و نێو- لێکدانەوەیەکی تر بۆ ئیسلام بکرایە، واتە نێولێکدانەوەی مێژوویی رەخنەیی رۆشنگەرانە دژ بەو لێکدانەوە تەقلیدییەی کایەکەی کۆنترۆڵ کردووە، ئەوا شتەکان دەگۆڕان.

دەبێ ئەو راستییەش بزانین کە رووبەڕووبوونەوە بە نوکی رم و دەمی شمشێر ناکرێت، بەپێچەوانەوە ئەم گوتارە تا سەرکوت بکرێت و تەنیا بەچەکی زەبروزۆر دەستەویەخەبین لەگەڵیدا، گەورەترو بەرفراوانتردەبێت و زیاتر تەشەنە دەکات. تەنیا هەوڵێک من لەم بوارەدا ئاگام لێی بێت، هەوڵەکانی "محەمەد ئەرکۆن "ە، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەڕێی زمانی فرەنسایییەوە ئەنجام دەدرێت.

لەکاتێکدا پرۆسەی رزگارکردنی ئیسلام کە بەزمانی عەرەبی دابەزی، پرۆسەیەکی یەکلاکەرەوە نابێت، ئەگەر بەزمانی عەرەبی نەبێت (بایەخ و گرینگی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەم بیریارەش بۆ سەر زمانی عەرەبی لێرەدایە).

کێشەی ئێمەی عەرەب لەوەدایە، پێمان وایە سەرکوتکردنی کێشەکان و پەردەپۆشکردنیان و دواخستنیان، واتە چارەسەرکردن و تێپەڕاندنیان. ئەمەش سەرەکیترین خاڵی جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوروپاییەکانە. لەکاتێکدا هەرچی میتۆدی زانستی و زانیاریی مێژوویی نوێ هەیە، پێچەوانەی ئەمە دەڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر لەسەر میتۆدی کۆن سورین کە میتۆدی سەرکوتکردن و چەپاندن و بێدەنگ کردنە. باوکێک هەیە راوێژ بە منداڵەکانی بکات، لەو کێشانەی پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە؟ ئەگەر وابکات واتە سازشی کردووە لەسەر پلەوپایەی خۆی و دەستبەرداری رێز و شکۆی خۆی بووە و شتێک لە پیاوەتی و ویقارو پیرۆزیی خۆی لە دەست داوە.

هیچ فەرمانڕەوایەک هەیە رازی بێت بەوەی پرسوڕا بە گەلەکەی بکات، لە کێشەیەکی گرینگ و چارەنووسسازی وەهادا کە مان و نەمانی پێیەوە بەسترابێتەوە؟ تەنانەت لەمەسەلەی شەڕ و ئاشتیدا، پرس و ڕای میللەت وەرناگیرێت! هەربۆیە تاکە فەرمانڕەوایەکی ستەمکار دەتوانێت قومار بەتەوای هاووڵاتییانیەوە بکات، بێ ئەوەی خۆی بشەمزێنێت!... دوای ئەوەش بیریارە مەزنەکانی عەرەب چەپڵەی بۆ دەکوتن و دەڵێن: (ئەوەتا دەرگەی گەورەی مێژوو بەڕوومان‌دا کرایەوە، ئەمە رێگەکەیەو ئەمەش چارەسەرە!). حاڵەتی فیکری هاوچەرخی عەرەبی وێران و تراجیدییە، چونکە ئەگەر ئەو بیریارە مەزنانە تا ئەو ئاستە کوێرابییان داهاتبێ، ئەی دەبێت رۆژنامەنووسە ئاساییەکان و خەڵک و خوا بەگشتی چییان لێ بێت؟! لێرە بەدواوە هەقمانە گەر چاوەڕێی هەموو شتێک بین.

من لێرەدا ئەو هەلە ناقۆزمەوە تا وانەی دیموکراسی فەرەمانڕەوا و هاووڵاتییان دا بدەم، وەک ئەوەی زۆرێک لە رۆشنبیران بەشێوەیەکی ئاسان و هەرزان دەیکەن، بگرە ئەوەی من ترسم لێی هەیە ئەوەیە، چەمکی (دیموکراسی ) بەو دەردە بچێت کە پێشتر دووچاری چەمکی (یەکەتی و ئازادی و سۆسیالیزم)بوو.

خراپ زۆر بەکارهێنانی چەمکێک بەهۆ و بێ هۆ، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو چەمکە کاڵ بێتەوە و مانای خۆی لەدەست بدات. بەبڕوای من لە فەرهەنگی سیاسیی عەرەبیدا، زاراوەیەک نەماوە کەڵکی بەکارهێنانی مابێت. هەموو وشە و زاراوەکان کەم تا زۆر راستگۆیی خۆیانیان لەدەست داوە. من دەزانم پرسی دیموکراسی یان شوراو پرس و ڕا، پرسێکی تولانی و دوور و درێژە.[7] واتە پێویستە چەند فاکتەرێک لە ئارادابن، تا مەیسەربێت و بەدیهاتنی مومکین بێت. بۆ نموونە دیموکراسی بۆ ئەوەی جێی خۆی بگرێت و بەواقیعی هەبێت، پێویستە رۆشنبیرییەکی مۆدێرن هەبێت و ئەم رۆشنبیرییەش بەزۆربەی زۆری هاووڵاتییان گەیشتبێت. هاوکات هەلومەرجێکی ئابووری باش و سەقامگیر هەبێت. لەگەڵیدا فشاری دەرەکی نەمێنێ و کولتووری ئوسووڵی و

ناسیۆنالیزمی دیسپۆتیزمی، پاشەکشەی کردبێت.

ئەمانە کۆمەڵە فاکتەرو هەلومەرجێکن، لە ئێستادا بەردەست نین و بگرە ئەوەی هەیە تەواو پێچەوانەی ئەمانەیە. سەرباری ئەوەش هەڕەشە و مەترسیی هەڵوەشاندن و پارچەپارچە بوون، بەردەوام لە زیادبووندایە. هاوکات تارمایی دەوڵەتی مەزهەبی و خێڵەکی و ئەتنیکی لەهەڵکشاندایە. واتە لەبری هاتنەدیی یەکەتیی سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی، ترسی ئەوەمان هەیە ئەو وڵاتانەی ئێستا پارچەپارچە بن و بگرە وامان لێ هاتووە مانەوەیان بەو شێوەیەی ئێستا، بەسەرکەوتنێکی گەورە بزانین. بۆچی گەیشتینە ئەم ئاستە؟ ئاخۆ نابێت گوتاری ناسیۆنالستی باجی ئەمە بدات؟ نابێت شەن وکەوی بکەین و زۆر بەتوندی لێی بپێچینەوە؟

ئێمە ئەگەر ویستمان بێت قەومییەتی عەرەبی بەشێوەیەکی زۆر و زۆرداریی‌یانە لە سەرەوە رابسەپێنین، ئەوا شکستێکی گەورە دەخوات. لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیەش خاڵی بوو لە هەموو فەلسەفەیەکی مرۆڤانە و رێزی بۆ هیچ یەک لەو نەتەوانە تێدا نەبوو کە لە نێوماندا دەژین وەک (کوردو ئەمازیغ و ئەرمەن)، بۆیە شکستی هێنا و راستگۆییی خۆی لەدەست دا. من بڕوام بە نیشتمانی عەرەبی گەورە هەیە، بگرە دوای سی ساڵ مانەوەم لە ئەوروپا، ئیمانم بەو مەسەلەیە زیاتر بوو. من پێم وایە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی شێلگیرانە مەیسەر دەبێت و لە خوارەوە چێ دەبێت نەک لەسەرەوە، واتە لەرێی پرۆژە بچووکەکانەوە بەئەنجام دەگات. لەبەرئەوەی بۆ خۆم لەکایەی رۆشنبیریدا کار دەکەم و لە کەسانی تر زیاتر پێی ئاشنام، ئەوا تەنیا قسە لەسەر ئەو کایە دەکەم و (بواری قسەکردن لەسەر کایەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، جێ دەهێڵم بۆ کەسانی تر).

من پێم وایە یەکەتیی کولتووری عەرەبی شتێکی بەجێ و رەوایە و رەنگە هەر ئەمەش زەمینە بۆ یەکبوونی سیاسی خۆش بکات، بەڵام یەکبوونی کولتووری ئەوە ناگەیەنێ کە تایبەتمەندییە رەوا و دەوڵەمەندەکانی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتانی عەرەبی لەناوببرێ. یەکبوونی کولتووری عەرەبی، رۆشنبیریی تاکڕەهەند ناگەیەنێت. بەو مانایەش نایەت کە تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان بسڕێتەوە و بەمەترسییان بزانێت لەسەر خۆی. فرەڕەنگی و جۆرەوجۆری سامانێکی گەورەیە و گەر بزانین چۆن پارێزگاریی لێ بکەین، ئەوا کولتووری عەرەبی دەوڵەمەندتر و بەبڕشتتر دەبێت.

لێرەدا یەک شت هەیە دەبێت سازشی لەسەر نەکەین، ئەویش زمانی کولتووری عەرەبییە.. جگەلەوە هەرچی هەیە دەشێ دەسکاری بکرێت و قابیلی ئەوەیە دانوستاندنی لەسەر بکرێت. بەڵام ئاخۆ چیمان بۆ یەکبوونی کولتووری عەرەبی کردووە؟ سەنتەری توێژینەوە و وەرگێڕانی زانستی لەکوێن؟

دەوڵەمەندکردنی زمانی عەرەبی، بە میتۆد و زاراوەی مۆدێرن کوا؟ چ هەماهەنگییەک لە نێوان زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی یان کۆڕی زمانی عەرەبیدا هەیە، لەپێناو یەکخستنی زاراوە زانستی و

پزیشکی و ئەندازەیی و فـەلسـەفی و زانسـتـە مرۆییـیـەکـان؟ ئاخـۆ زمـانی عـەرەبی بەو وەزعـەی ئێستایەوە، دەتوانێت بەربە شالاوی زمانە بیانییە نوێیەکان بگرێت، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی و فرەنسی ؟ یان دەکرێت بەر بە شالاوی تیـڤـیـە بیـانییـەکان بگیـرێت، بۆ سـەر وڵاتانی رۆئاوای عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەت؟

من لە جـێیـەکی تردا باسم لە بایەخ و گـرینگیی پرۆژەی وەرگـێـڕان کـردبوو، وەک پـرۆژەیەکی ژیاری عـەرەبی. تا ئێـسـتـاش پێـموایە ئەوە پێداویسـتـیـەکی گرینگ و هـەنووکـەییـە بۆ رابوونی عـەرەبی، وەک ئەوەی لە سـەردەمی کـلاسیکدا (سـەردەمی مـەئمـوون و هـاروونە رەشـیـد)دا روویدا. بەڵام کوا ئەو لایەن و ناوەندە عـەرەبییانەی، ئەم شتانە بەجدی دەگرن و بە ئەرکی خۆیانی دەزانن؟ بێگومان هیچ کەس و لایەنێک ئەمە بەکاری خۆی نازانێت.

هـەمـوو دەزانـین گـەر ئەم پرۆژەیە سـەرپێی خۆی نەگـرێت و نەکـەوێتـە کـار، ئەوا زمـانـی عـەرەبی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەتا خـوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژەران کەم تا زۆر، واز لە زمانەکەی خۆمان دێنن و روو دەکـەنە زمـانە بیانییـەکان، هۆکارەکـەشی کـەمی و دەگـمـەنی ژمارەی سـەرچاوە زانسـتییـەکانە بەزمـانی عـەرەبی (ئەم قـسـانە بواری زانـسـتـە مرۆیی و زانسـتـە سروشتییەکانیش دەگرێتـەوە). ئەگـەر ئەم بـارودۆخـە بەم شـێـوەیە بەردەوام بێت، ئـەوا زمـانی عـەرەبـی تەنیـا دەبێـتـە زمـانی شـیـعـر و ئەدەب و رۆژنامە و دەبێت لەبـواری فیکرو زانسـتـەکانـدا، پەنا بۆ زمانە بیانییـەکان بەرین.

ئەرێ ئێمـە ئەم چارەنووسـەمـان بۆ خـۆمان دەوێت؟ ئاخـۆ کاتی ئەوە نـەهـاتووە زەنگی مـەترسی لێ بدەین؟ ئاخـۆ ئەوە دەزانین کـە ئێـمـە لانیکەم پێویسـتـیی زۆرمـان بەوەرگـێـڕانی پێنج هـەزار کـتێب هـەیە، لە بوارە جـیـاجـیـاکـانی زانسـتـدا؟ ئاخـۆ دەبێت چاوەڕێی سـەرهـەڵدان و هـاتنە ئارای "مەئموون"ێکی نوێ بکەین، تا پاڵپشتیی ئەم پرۆژە گەورەیە بکات؟

دوای ئەم هـەمـوو قـسانە ئێـسـتـا دەبێت ئەو پرسـیـارە بکەین و بڵـێین: (ئەرێ کـاتی ئەوە نییـە لە قۆناغی ئایدیۆلۆجییەوە بچین بەرەو قۆناغی ئەبستـمۆلۆجی ؟ دوای ئەو هـەموو کـارەسـاتە، نابێت میتۆدو بیرکردنەوەمان بگۆڕین، تا بتوانین لەگەڵ جیهانی نوێدا هەڵبکەین؟). لێرە بەدواوە ناتوانین بڕوا بەو گوتارە ئایدیۆلۆجییانە بکەین کە بەدرێژایی ماوەی رابردوو بەسەرمانەوە باڵادەست بوون، ئیـتر (ئیـسلامـی بێت یان ناسیـۆنالیزم یان مارکـسیـزم یان مۆدێرنەی رووکەش). پێویسـتـە هـەمـوو ئەمـانە چاویان پێدا بخـشـێنرێتـەوەو بکەوینە شـەنوکـەوکـردنیـان. ئەم گـوتارە ئایدیـۆلۆجـیـیـە جیاجیایانە، هـەموویان سەر بە هـەمان کایەی فیکری و ئەقڵین، سـەرەڕای هـەموو ئەو جیـاوازییە رواڵەتییانەی لە نێوانیاندا هەیە.

ئێـمـە ئەگـەر بەشـێوەیەکی ئارکیـۆلۆجی – واتـە بەشـێوەیەکی ئەبسـتـمـۆلۆژی و قـووڵ – سـەیری شتەکان بکەین، دەبینین سـەرجەمیان لە دوو خەسڵـەتی سـەرەکیدا هاوبەشن. یەکەمـیان کالّبوونەوە

و نەمانی هەستی مێژوویی، دووەم بەکەم سەیرکردنی چەمکی هەقیقەت. ئەو گوتارە فیکرییەی ئێمە دەخوازین لە کایەی عەرەبی – ئیسلامیدا بێتە ئارا، پێویستە ئەم دوو خەسڵەتەی تێدابێ. ئاستێکی بەرزو نۆرمالّی هۆشیاری مێژوویی، بەهاوسەنگی و کێش و قەوارەی هێزە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ بەگرینگ گرتنی هەقیقەت و سۆراخکردنی بەهەموو توانایەک. بەلاّم بەرلە هەموو ئەمانە پێویستە باس لەم مەسەلەیە بکەین کە تەواوی مەسەلەکانی تر گرێدراوی ئەون، ئەویش ئەوەیە: چۆنچۆنی دەکرێت رۆحی عەرەبی – ئیسلامی لە کۆت و بەندەکانی ئازاد بکەین؟ ئەو رۆحەی زنجیر کراوەتە دەست وپێی، کێ رزگاری دەکات؟ کێ ئەم گرێکوێرەیە دەکاتەوە؟

کەواتە ئازادکردنی رۆحی ناوەکی پێش ئازادکردنی رۆحی دەرەکی دەکەوێت و ئەوە مەرجی یەکەم و پێشوەختی هەموو ئازادییەکە. هەموو جۆرەکانی تری ئازادی (وەک ئازادیی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسی)، دەرگیری ئازادی رۆحی و ئازادی ناوەکییە. ئەوەی لە مرۆوە جێی مەترسییە ئەوەیە، ئەو کەسەی دیل و کۆت کراوە، هەرگیز هەست بەوە ناکات کە لە دۆخێکی وادایە و پێی وایە ئازادە. بگرە سەیریشی پێدێت کە ئێمە چۆن باس لەکێشەیەک دەکەین، بوونی نییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، چەندین سەدەیە ئازادی لە کایەی کولتووری عەرەبی – ئیسلامیدا غایبە.

نەبوونی ئازادی گەشتووەتە ئەو ئاستەی، مرۆڤی عەرەبی و ئیسلامی بیری چووەتەوە. هەربۆیە ئەم مرۆڤە بەگژ هەموو ئەوانەدا دەچێتەوە کە دەیانەوێت لەگەڵ ئازادیدا ئاشتی بکەنەوە و جۆران تۆمەتیان دەداتە پاڵ و وەها وێنایان دەکات وەک ئەوەی ئەوانە پلانی لێ بگێڕن، نەک لەخۆی بەتەنیا بگرە لە ترادسیۆنەکەی و لە کەلەپوورەکەی و لە کۆت وبەندەکانیشی. ئەمەش ئەوجی سەرگەردانی و لە خۆنامۆبوونە.گەورەترین کێشە ئەوەیە هەست بەبوونی کێشەکانی خۆت نەکەیت، بەرزترین ئاستی کۆیلایەتیش ئەوەیە هەست بکەیت ئازادیت، لە کاتێکدا کۆت وبەندبیت و لەهەموو لایەکەوە شەتەک درابیت.

کەی بۆیەکەم جار رۆحی عەرەبی – ئیسلامی شەتەک درا؟ کەی دەستی کرد بەچوونەوە ناوخۆی و داخران بەسەر خۆیدا؟ کێ کۆت و بەندی کرد؟ چۆن ئەم رۆحە تێک سشکا، لەکاتێکدا لە هەڵکشاندابوو؟ ئەو هۆکارانە چین بوونە مایەی نشوستییەکانی و رۆحی رسک و سەرکێشیکردنیان تێدا کوشت؟ چۆن تەسلیم بەو واقیعی شکست و نوچدانە بوو؟

ئەمانە هەندێکن لەو پرسیارانەی، لە ئێستادا دەمانەوێت بیانکەین. من کاتێک باس لە ئازادی ناوەکییانەی رۆح دەکەم، مەبەستم شتێکی ئایدیالی و ئەبستراکت و میتافیزیکی نیە، وەک هەندێک پێیان وایە، بگرە مەبەستم شتێکی واقیعی و بەرجەستەیە. مەبەستم ئەوەیە رۆح– رۆحی تاکەکەس یان رۆحی گرووپ–، وەک جەستەی مرۆڤ نەخۆش دەکەوێت و دەردەدار دەبێت. ئەوکات کۆڵ دەدات و پەنا دەگرێت و توانای نابێت بەتەنگ خۆیەوەبێت (واتە هەستێتەوەو لە تاریکییەوە بەرەو رووناکی بڕوات). کە رۆحی تاکەکان گەیشتە ئەم ئاستە، نەتەوەش وای لێ دێت ناتوانێت لەهیچ جەنگ و ململانێیەکدا سەرکەوتووبێت و سەرفرازانە لێی دەرچێت. چ لەجەنگی گەشەپێدان یان

جەنگی سیاسی یاخۆ شەڕی سەربازی، چونکە ئەوەی رۆح و جەوهەری خۆی ون بکات، چۆن دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت؟

گیروگازی جەنگە فیکرییەکانی داهاتوو، لەسەر ئەم پرسە گەورەیە دەبێت کە پرسی ئازادکردنی رۆحی عەرەبی – ئیسلامییە، لەدەست کۆت و بەندەکانی. بەڵام نابێت خۆشمان فریو بدەین، چونکە ئەم شەڕە شەڕێکی دوور و درێژ و دژوارە و سەرکەوتووش نابێت، ئەگەر لەسەرەتاوە نەتوانین رەگوڕیشەی کێشەکان دەستنیشان بکەین.

پێویستە ئەو هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆجییەی لە هەناوی شتەکاندادەیکەین، بگاتە دوورترین شوێن و بگاتە دوورترین توێژ. بەمەش دەتوانین گرێکوێرەی کێشەکان بکەینەوە و لەژێر داروپەردووی کەڵەکەبووی سەدەکاندا، دەستمان بەهەقیقەت بگات. چونکە هەقیقەت وەک دووڕ و ئەڵماس وایە و لە قووڵاییەکاندا ون بووە، جا کێ دەبێت بەیەکەم عاشقی و کێ بۆی رۆ دەچێتە قووڵاییەکان و کێ گیانی خۆی بۆ دەکاتە قوربانی.

پەراوێزەکان:

١. هیچ کەس زاتی ئەوە ناکات لە هەرێمی هەقیقەتە مەزنە پەردەپۆشکراوەکان نزیک بێتەوە، تەنیا بیریارە مەزنەکان نەبن کە لەهەلومەرجە دژوار و قەیراناوییەکاندا دێن و ئەو تەلیسمە دەشکێنن. ئەوکات قۆڵی لێ هەڵدەماڵن و رسک بەژیانی خۆیانەوە دەکەن. زۆر چاک دەشزانن هزر پرسێکی مەترسیدارە. نموونە بۆ ئەمە "کۆپەرنیکۆس" و "گالیلۆ"یە، لەبواری گەردووناسی و دیدگای گەردوونی بۆ جیهان، یان "جان جاک رۆسۆ" و پەردە لە رووهەڵماڵینی لەسەر سیستمی ناعەدالەتی لە سەردەمی کۆن و دەستێکەڵکردنی نێوان دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی دنیایی. دەتوانین بڵێین "تەها حسێن"یش لە قۆناغێکدا لە زۆنی هەقیقەتە مەزنەکان نزیک بووەوە، بەڵام هەر زوو کشایەوە، لە ترسی ئەوەی نەک پەنجەکانی بەگڕی ئاگرەکەی بسووتێت..

٢. من لێرەداو (لەناو زۆرێک لە سەرچاوەی جۆرەوجۆری تردا)، دەگەڕێمەوە بۆ کتێبەکەی "لوسیان ڤیڤەر" کە بووەتە سەرچاوەیەکی کلاسیکی. لەم کتێبەدا "ڤیڤەر" مێتۆدی دەروونشیکاریی مێژوویی پێڕەو دەکات، لەپێناو ئاشکراکردنی ئەو ژان و ئازارە زۆرەی "مارتن لوتەر" هەستی پێدەکرد، سەروەختێک کە دەیویست بەگژ پەتا ناوەکی و دەرکییەکانی سەردەمەکەیدا بچێتەوە. لەرێی "لوتەر"ە وە بۆمان دەردەکەوێت کارەکتەرە تایبەتییەکان، ئەوانەن کە دەزانن چۆنچۆنی نەخۆشی ناوەکی و دەرەکی یاخۆ ئۆبژێکت و سۆبژێکت یان تایبەت و گشتی، لە چرکەساتێک لە چرکەساتەکانی مێژوودا پێکەوە گرێ دەدەن. بەڵام ئەم کارەکتەرانە بەرلەوەی بتوانن بگەنە ئەم پرۆسەی پێکەوە گرێدانە، ئازارێکی زۆر دەچێژن و چەندان جار لە لێوارەکانی مەرگ نزیک دەبنەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

lucien febvre: undestin:martin luther ,p.u.f.   1968.

e.h.erikson: young man luthey. Astudgin psgchoanalysis and histoyg (newyork1958 )

٣–سەبارەت بەم خاڵە زۆرگرنگە (لەروی تیۆلۆژیەوە)، بڕوانە ئەم دووکتێبەی "جان دۆلیمۆ"

jean delumeau: naissance et affinmation la de refore (p.u.lf 1968).

cas luther (desclee dr brower, 1983).

4. josep schaht: lntr chuction au groit musu lman Maisonneuve et larose Paris, 1999.

٥. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە بە یەکچاو سەیری شۆڕشی فرەنسی (وەک ڕووداوێکی ئازادیخوازانەی گرینگ کە بووە مایەی زەمینە خۆشکردن بۆ سەردەمە نوێیەکان) و هەرەسی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بکەین کە لەم دواییانەدا لە وڵاتانی عەرەبیدا بینیمان، بەڵام لە نێوان ئەم دوو ڕووداوەدا خاڵێکی هاوبەش و لێکچوو هەیە، ئەویش ئەوەیە هەردووکیان ڕووداوێکی گەورەن و هەریەکەیان بوونە مایەی دارمانی دنیایەک و ڕێگەخۆشکردن بۆ لەدایکبوونی دنیایەکی تر.

٦. سەرەڕای ئەمانەش ئێمە دەزانین، جیاوازییەکی گەورە و ئاشکرا لە نێوان شوراو دیموکراسیدا هەیە. شورا تایبەت بوو بە کەسانێکی زۆر کەم لە گەورە موسڵمانان، لەگەڵ ئەوەشدا ئوسوولییەکانی ئەمڕۆ سوورن لەسەر ئەوەی شوراو دیموکراسی وەک یەک سەیر بکەن و تەنانەت هەندێک شانازی بەوەوە دەکەن کە ئێمە بەرلەڕۆئاوا، درکمان بە پرسی دیموکراسی کردووە و مومارەسەمان کردووە! ئەمەش بۆخۆی هەڵەیەکی مێژوویی زەق و زۆپە.. ئەوان گەر بڵێن شورا هەنگاوی یەکەم بووە بەرەو دیموکراسی ئاسایی دەبوو، بەڵام دەیانەوێت ئەزموونێکی مێژوویی بدەنە پاڵ سەرەتاکانی ئیسلام کە وانییە.

دیموکراسی واتە ڕاوەرگرتنی تەواوی میللەت بەژن و پیاوەوە، نەک بەتەنیا دەستەبژێرێک لە موسڵمانان یاخۆ پیاوماقووڵەکانیان. لە دیموکراسیدا هەر کوڕوکچێک تەمەنیان گەیشتە هەژدە ساڵان بۆیان هەیە دەنگ بدەن، ئیتر سەر بەهەر ئاین و مەزهەب و ئەتنیەک بن. لێرەوە دەردەکەوێت چەمکی دیموکراسی لە چەمکی شورا زۆر بەرفرەوانترەو لە ڕووی چۆنایەتیشەوە لەیەکتر جیاوازن، لەبەرئەوەی دیموکراسی لە ڕووی ئەبستمۆلۆجیەوە سەر بەکایەی ئەقڵی مۆدێرنە، لە کاتێکدا شورا سەر بە فەزای ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستە.

بێگومان دەکرێت بەشێوەیەکی ئیجابی سەیری شورا بکەین، بەمەرجێک بەرفرەوان بکرێت بۆئەوەی تەواوی هاووڵاتییان بگرێتەوە، نەک تایبەت بێت بەدەستەبژێرێکی دیاریکراو. ئەو کات بەلامانەوە گرینگ نییە ناوی چی دەبێت، شورا یان دیموکراسی، بەڵام شورا نابێتە دیموکراسیی فیعلی، ئەگەر لەناوەڕۆکە تیۆلۆجیە کۆنەکەی بەتاڵ نەکرێتەوە. ئەو ناوەڕۆکە تیۆلۆجییەی جیاوازی دەکات لە نێوان موسڵمان وغەیرە موسڵمان، یان لە نێوان ئیماندارێکی تەقلیدی کە سروتە ئاینییەکان جێبەجێ دەکات، لەگەڵ ئیماندارێکی مۆدێرن کە ڕێوڕەسم و سرووتە ئاینییەکان پەیڕەو ناکات و بەشتێکی زیادەی دەزانێت.

٧. لەسیستمی دیموکراسیدا، تەنانەت خەڵکانی بێباوەڕیش هەموو مافێکی ئینسانیی خۆیانیان هەیەو دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت و وەک مرۆڤ و هاووڵاتییەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵام لە کۆمەڵگەی شورای کۆندا ئەو کەسانە سزای کوشتنیان بەسەردا دەدرا، بەو پێیەی تاوانبارن و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئاین. دابڕانی گەورەی مۆدێرنەش لێرەدایە.

# ڕۆشنبیر لە تەرازوی "ئەخلاق" دا

هیمداد شاهین

سەرەتا دەمەوێت بڵێم ئەم بابەتە وەکو باسێک لە کۆی زنجیرەی"شەش" باس لە ناو کایەی "فەلسەفەی ئەخلاق" پێک هاتووە و وەکو سەرەتاییترین هەوڵی ئێمە بۆ ناساندنی ئەم کایەیە هەم وەکو فەلسەفە و هەم وەکو کایەیەکی گرینگ بۆ مامەڵەکردن لە ناو دنیادا کەڵکی گەورەی لێ وەرئەگرین، ئێمە سەرەتا لە باسێکدا لەسەر"فەلسەفەی ئەخلاق پێش مۆدەرنەتی و دوای مۆدەرنەتی" وەستاین و باسی فەلسەفەی ئەخلاقمان کرد و ڕامانێکی تازەمان هێنایە ناو کایەی مەعریفەی کوردییەوە سەبارەت بەم فەلسەفەیە، ئێستاش بڕیارمان داوە کارێک لەم شوێنگە مەعریفییە چۆڵەی مەعریفەی کوردی بکەین و لە شەش زنجیرە باسدا، هەندێک چەمکی گەردوونی باس لێوە بکەین و دیدگای ئەخلاقییانەی خۆمانی لەسەر دەرببڕین لە جیهانی نوێدا، سەرەتای زنجیرە باسەکە دەربارەی ڕۆشنبیر و ئەخلاق و دواتر کار لەسەر: «ئازادی و ئەخلاق، ئیمان و ئەخلاق، سیاسەت و ئەخلاق، شۆڕش و ئەخلاق، پلورالیزم و ئەخلاق» دەکەین.

سەرەتا گرینگترین شتێک لەم باسەدا پێناسەکردنی چەمکی"ڕۆشنبیرە" وەکو کائینێکی عەقڵانی و ئەخلاقی، کائینێک جیاواز لە هەر توێژێکی تری ناو کۆمەڵگە، کائینێک هیچی تر نییە جگە لەوەی بە لۆجیک قسە دەکات و ڕامانی قووڵ و جەزریی بۆ وجوود هەیە و جیاواز لەوانی تر بیر دەکاتەوە.

لەناو کردەی ڕۆشنبیریشدا چەمکی لۆگۆس یەکێکە لە چەمکە هەرە گرینگەکانی دنیای ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیر بەبەردەوامی بۆی ئەگەڕێتەوە، بۆیە گەر بکرێت کەمێک لەسەر دیاردەی لۆگۆس دەوەستین وەکو بەشێکی دانەبڕاوی بۆچوونەکانی ڕۆشنبیر، لەبەرئەوەی لۆگۆس بۆخۆی توێژینەوەیە لە تێگە و رەهەندەکانی رۆشنبیری، هەروەها توێژینەوەیە لەو توانایەی چ لە ناخی مرۆڤ و چ لە پشتی دیاردەکانی سروشتدا بوونی هەیە، چونکە رەهەندەکانی رۆشنبیری توانای گەشەکردن و کرانەوەی تەواوی ئەقڵی مرۆڤە، یان ئەو هێزە ئامادە و گشتییەی پشتی دیاردەکانی جەستەی ماتەریە، ئەو هێزەیە لە خودی مرۆڤدا بوونی هەیە، کە بە خودی خۆی یان بەیارمەتی

ئەوانی تر لە ڕێگەی فێربوو بەرجەستەی دەکات، هەریەک لە"ئاسمان، زەوی، ئەستێرەکان، ئاژەڵەکان" خاوەنی هێزێکی سروشتین، هەروەها هەموو "نەسازیەکان، جیاوازەکان، مرۆڤەکان" ئەو توانا سروشتییەیان لە ناخدا هەیە، ئەو توانا سروشتییە "هزرمەندان و فەیلەسووفان" لە کاروانی مێژوودا بە "ئەزموون و ڕامان" بەرجەستەیان کردووە و کۆمەڵگەیان پێ ئاراستە کردووە، بۆ نموونە (هیراکلیتس. ٥٠٤– ٤٧٥. پ. ز) سەبارەت بە توانا و هێزی سروشت دەڵێت: ئەو هێزە پێویستە نادیار بێت، ئەو نادیارییە مرۆڤ دەگەیەنێت بە (لۆگۆس) ئەقڵی گشتی.

واتا پێوەندییەکی جەخت و بەردەوام هەیە لە نێوان لۆگۆس و سروشتدا، لۆگۆس ئایدیای یەکەم و سەرچاوەی بوونی هەموو گەردوونە، بەپێی تیۆرەکەی هیراکلیتس هەموو گەردوون لە لۆگۆسەوە هاتووە بە شێوەی لێشاو ئەو هاتنە بەردەوامە، بۆیە سەرجەم شتەکان بەخودی مرۆڤیشەوە لە گۆڕانی بەردەوامدان، لە گوتە بەناوبانگەکەیدا: (ناتوانی دوو جار مەلە لە ئاوی ڕووبارێکدا بکەی یان دوو جار پێت بخەیتە نێو ئاوی یەک ڕووبار)، چونکە شتەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان، بەردەوام نوێ جێگەی کۆن دەگرێتەوە، گۆڕانیش ململانێی بەردەوامی نێوان دژەکانە، بەو پێیە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنەکانمان گشتییە، هەروەها بەردەوام لە نوێبوونەوە و گۆڕاندایە[1].

بۆ کەمێک وەستان لەسەر بابەتی"لۆگۆس" و ئەگەر زیاتر بڕۆینە ناو فەلسەفەی یۆنانییەوە، ئەوا هەست دەکەین لە ڕوانگەی فەیلەسووفانی یۆنانیدا لۆگۆس بەخودی خۆی بوونی هەیە، واتە هەبوویەکی ئەزەلی و سەرمەدییە، لە ڕوانگەی (ئەرستۆتێلیس. ٣٨٤– ,٣٢٢ پ. ز) لۆگۆس یان خوا سەرچاوەی جووڵەی هەموو گەردوونە، هەموو شتێک دەجووڵێنێت، بەڵام خۆی ناجوسوڵێت (بزوێنەری نەبزۆکە)، جووڵەی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خوا یان ئەقڵی گشتی، بەڵام (سۆفیستەکان. ٤٨٠ پ. ز ) دژی ئەو ڕوانگەی ئەرستۆتێلیس بوون، بە پێچەوانە لەلای سۆفیستەکان شتێک نییە لۆگۆس یان ئەقڵی گشتی یان چاکەی ڕەها بێت، بگرە هەموو ئەو تێگانە دانراوی مرۆڤن، واتە ڕۆشنبیرییش تایبەتمەندی تاکە، سروشتێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکان بوونی نییە، واتا ئەم تەسەوورە دژەی سۆفیستاییەکان بۆ خۆی لە ناو خۆیدا جۆرێک لە ڕەتکردنەوەی چاکەکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و ئەمەش لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی چاکەکارییە و دواجار ئەگەر هەشبێت ئەوا ڕێژەییە، بەو پێیە ئەوەی لەلای من ڕوون و ئاشکرا و سادەیە بەئاگایی و پێزانینی تایبەتیی منە، دەکرێت لەلای تۆ یان هەرکەسێکی تر ئەو ڕوون و ئاشکراییەی نەبێت، واتە ڕۆشنبیری و پێزانینمان ڕێژەییە و تایبەتمەندیی خودی تاکە نەک گشتی[2]، دواتر ئەگەر ئاوڕێک لە ڕۆشنبیر بدەینەوە وەکو ئینسانێک، ئینسانێک هەندێ جار مەیلی چاکەکاری هەیە، بەڵام ڕۆشنبیریش هەیە مەیلی خراپەکاری هەیە، واتا هەر کەس ڕۆشنبیری پێ وترا مەرج نییە تەنیا چاکەکار بێت و هیچی تر، بە پێچەوانەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەزانین کەوا فەیلەسووفی مەزن هەبووە لایەنگری دەسەڵاتی ستەمکاریی کردووە و لە پێناویدا نووسیویەتی، بۆ نموونە لایەنگیرییەکی هیگڵ بۆ"ناپلیۆن پوناپارت" ئەم ئەڵمانییە کە لایەنگریی

داگیرکەرێکی فرەنسی دەکات لە قۆناغێکی ژیانی مەعریفی و ڕۆشنبیری خۆیدا، ئەمە بۆخۆی بڕێتییە لە خراپەکاری، یان لایەنگیریی "مارتن هایدگێر" بۆ دەسەڵاتی ستەمکاری ئاڵمانەکان، ئەمانە و چەندین نموونەی زیندووی تریش هەن بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕەم کە بەڵێ هەر کەس ڕۆشنبیر بوو چاکەکار نییە و دەشێت خراپەکاریش بێت، بە دەر لەم هاوکێشە مەعریفییە و ئەگەر بتوانین پێناسەیەک بۆ ڕۆشنبیر بکەین، ئەوا کارەکەمان ئاسانتر دەبێت، بەڵام پێش ئەوە پێویستە سەرەتا پێناسە بۆ خودی مرۆڤ بکەین، چونکە ڕۆشنبیریش دواجار مرۆڤێکە، خودی "مرۆڤ"یش بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە ئاژەڵ جیاوازە، سەبارەت بەو تایبەتمەندییانە هزرمەندان و فەیلەسووفان دەڵێن: مرۆڤ بە سروشتی (ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، ئاقڵە و توانای دەربڕینی هەیە)، واتە مرۆڤ ئاژەڵێکی داهێنەرە، هەروەها مرۆڤ بە توانای ئەقڵی لە ئاستی ئاژەڵی بەرز بووەتەوە، بەو توانا ئەقڵییەی پلانی داڕشتووە بۆ ئەو شوێنەی تێیدا دەژی، لەلایەکی تر مرۆڤ تاکە بوونەوەرە لە کاتدا دەژی و گۆڕان بە ڕەهەندەکانی دەدات، واتە کات ئاوێتەی بوونی مرۆڤە، وەک ئەوەی هەردەم لە نێو کاتدا بێت، بەو پێیە مرۆڤ هەمیشە ئازاد و سەربەستە لە "ئێستا، رابردوو، داهاتوو"دا دەژی، بەو توانستە ئازاد و سەربەستەی، پلان بۆ هەموو شتەکان دادەنێت و بەبێ ئەوەی پابەندی کات و شوێنی هەبوویێت، واتە مرۆڤ بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی گۆڕان بە ڕەهەندەکانی شوێن دەدات[٣]، هەڵبەتە مرۆڤ لە نێو ڕەهەندەکانی کات و شوێندا جوڵە دەکات، جووڵەکردن بەویستی ئازادانە، توانای ئەوەی پێ بەخشیوە بە فۆرمێکی نوێ وێنای دۆخی ژیان بکات، ئەو دۆخە نوێیە بوونی نەبوویێت لە رابردوو و ئێستادا، بەردەوام گریمانەی فۆرمی نوێ دەکات و هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدات و دەیانهێنێتە بوون، ئەم توانایە تەنیا لە مرۆڤدا هەیە، چونکە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت " بۆچوون، روانگە، وێنای" بۆ گۆڕینی ژیان هەبێت، ئەم تواناییە لە تەمەنی منداڵیی مرۆڤدا هەیە و بەردەوام لە باڵابووندایە، مرۆڤ بە ڕەهایی تاکە بوونەوەرە توانای "باڵابوون، داهێنان، ئەفراندنی شارستانی" هەبووە، هەروەها بە داهێنانی "ئەقڵی و رۆشنبیری" ژیانی خۆی چاکتر کردووە[٤].

واتە مرۆڤ سەبارەت بە نهێنییەکانی گەردوون و بوونی خۆی لە "هزرین، ڕامان، پرسین" ی بەردەوامدا بووە، هەریەک لە تێگەکانی"کەس، کات، شوێن" پڕن لە نەهێنی و پارادایمی شاراوە، ئەو تێگانەی سەرەوە لە خودی خۆیاندا شەوێکی ئەبەدین، مرۆڤ بەچالاکیی هزری هەوڵی سداوە لە نێو ئەو شەوە ئەبەدییەدا، وەڵامی ژیان چییە؟ لە کاروانی سەدان نەوەی جیاوازی "بەختەوەر و شەکەتدا" بداتەوە، وەڵامەکانیش لە ئەنجامی رۆشنبیربوونی مرۆڤ سەبارەت بە پرسەکان و کایەکان دێنە ئاراوە[٥].

بەو پێیە خودی کردەی رۆشنبیری ئاماژەکردنە بە (ئەنترۆپۆلۆجی) مرۆڤناسی، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ سەبارەت بەخودی خۆی بە روون و ئاشکرایی و ئاگاییی تەواو دەگات، چالاکییە رۆشنبیرییەکانی لە ئەترۆپۆلۆجیەوە دەگوازرێتەوە بۆ سۆسیۆلۆجی (کۆمەڵناسی)، واتە کاتێک تاک

دەگات بە رەهەندەکانی خۆی، ئەو بە ئاگایی و روون و ئاشکراییەی بەرجەستەی کردووە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پراکتیزەی دەکات، لەبەرئەوەی پرەنسیپەکانی رۆشنبیری لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێشنیاز پێش دەخرێت، ئەو پرەنسیپانە بە رەهایی وەڵامن بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگە جەخت لەسەر چ پرەنسیپێک بکات، ئەو پرەنسیپانە بەپێی میتۆد لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا تیۆریزە دەکرێن، کەسی رۆشنبیر پێویستە رەهەندەکانی بەئاگایی و روون و ئاشکرایی بە فۆرمێکی ئەکادیمییانە دابڕێژێتەوە، بۆ ئەوەی رۆشنبیری بەرجەستەکراو بەرەهایی وەڵام بۆ پرسەکان بێت، چونکە دەبن بە پرەنسیپی (ئەرک، ماف، ئایدۆلۆجیای) کۆمەڵگە[٦].

بە خوێندنەوە و کردنی پێناسەیەکی مێژووییش ئەوا گوتراوە کە: نووسەرانی سەردەمی پێشهێنانی فیکری شۆڕشی مەشروتەی ئێران لە بەرامبەر دەستەواژەی فەرەنسی ((Sieclodeslumieres)دا چەمکی روناکی فیکریان(روشنفکر) بەکار دەهێنا. لە ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی و عورفی رۆژنامەگەریشدا پاش ساڵانی دوایی دەستەواژەی (رووناکی فیکری) جێگەی (رۆشنبیری) شی گرتەوە بەڵام بە پلەبەندی و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە بەرامبەر وشەیەکی تری فەرەنسیدا بەکار دەهێنرا ئەویش وشەی (intellectuel elle) هەر بۆیە لەبەرامبەر چەمکی "Siecle des lumieres"دا چەمکی رۆشنگەری برەوی پەیدا کرد. هێشتا بەدروستی نەزانراوە کە زاراوەی رۆشنبیر یەکەم جار لە چ کات و لەنێو کامە تێکستدا بەکار هاتووە. لە فەرهەنگی فارسی موعیندا بەم شێوەیە واتای رۆشنبیر هاتووە:

رۆشنبیر وەکو سیفەتێکی لێکدراو، بەواتای ئەو کەسە دێت کە خاوەنی هزرێکی روون بێت، هەروەها هاتووە: پێویستە رۆشنبیر لە کاروبارەکانیدا بە بینینێکی کراوە و نوێگەرانەوە بڕوانێت، وشەی(lllumine-intellectuel) بەواتای نوێگەر و نوێخوازیش دێت، واتە ئەو کەسەی باوەڕی بە ئاین و بیروباوەڕی نوێ هەیە و بەپێچەوانەشەوە[٧].

بەو واتایەی سەرەوە رۆشنبیر کەسێکە خاوەنی هزرێکی روون بێت هەرچەندە دانەری فەرهەنگەکە (محمد معین) نەینووسیوە مەبەست لە هزری رۆشن چییە و رۆشنبین بوون چییە و یانی چی؟ تاک لەسەر چ بنەما و بە چ پێوەر و لۆجیکێک دیاریی دەکات و هەڵیدەسەنگێنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە روانگەی (معین)ەوە هزری روناک واتە هزری زانستی و رێکوپێک ومۆدێرن. لە هەمان فەرهەنگدا وشەی (تجدد)بەم شێوەیە هاتووە: نوێبوونەوە، هەرچەندە لە پەراوێزدا لە بەرامبەر نوێخوازدا هیچ واتایەکی لاتینی نەهاتووە بەڵام پێدەچێت ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر (Modernite) هاتبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین لە واتای دووەمدا رۆشنبیر واتە مرۆڤی مۆدێرن یان نوێگەر یاخۆ مۆدێرنیست، ئەمەش بە ئاشکرا ئەو واتایە هەڵدەگرێت کە سنووردارە بە بیروباوەڕی بابەتەکە و کاکڵەکەیەوە. لەبەرامبەردا ئەو بیریارانەی کە رەخنەیان لە مۆدێرنە گرتووە بە رۆشنبیر لەقەڵەم نادرێن ئەویش لە ئەنجامی روونکردنەوە و پەراوێزەکانیاندا کەموکوڕییەکانیان دیاری کردووە و ئاماژەیان بە خاڵی لاواز داوە.

لە فـەرهـەنگی (فـارسـی -کـوردی)شـدا رۆشـنبـیـر(Roshanfekr ) بەم شـێـوەیە هـاتـووە: رۆشـنبـیـر، ڕووناکـبـیـر، تێگـەیشـتـوو، خـاوەن بیـر و ڕوانینێکـی ئاگـایانە و دروست، دور لە مـێـشکـوشکـی و ئەفـسـانەخـوازی، زانا بەدانایی سـەردەم، تێگـەیشـتـووی پێگـەیشـتـوو، بڕوامـەند بـە ڕۆڵ و نرخـی زانست و کولتوور لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا[٨].

هـەروەها هـاتووە: کە خوێندەواری و زانیـاری بە تەنیا نیشـاندەری ڕۆشـنبیـری نین، بە واتایەکی تر کەسێک خـاوەن بڕوانامـەی بەرز و زانیاریی زۆر بێت مـەرج نییە ڕۆشنبیـر بێت، بە پێچـەوانەوە لەوانەیە کەسێک ئاستی زانستی بەرز بێت و بێ بڕوانامەش بێت بەڵام ڕۆشنبیر بێت.

لە فـەرهـەنگی (سـخن)یشـدا بـەم شێوەیە واتای ڕۆشـنبـیـر شی کـراوەتەوە: ئەو کەسـەی لە کـاتی بیـرکـردنەوە و داوەریکردن و هـەڵسـەنگاندنی کـارەکـانیـدا عـەقڵ دەکـاتە سـەرپـشک و پێـوەری و بەهـزری نوێ ڕازی دەبێت و حـەزی لە پێـشـکەوتن و بـەرەوپێـشـچـون و ئازادیخـوازییـە، دژی دەمارگیری و کۆنەپەرستییە، باوەڕی بە پارێزگاری و ئەفسانەخوازی نییە[٩].

وشـەی ڕۆشنبیر لە زمـانی فـارسیدا لە سـەر بنەمـای ئەو باوەڕە هـاتووە کە ڕۆشنبیر مـرۆڤێکی مۆدێرنە یان مـۆدێرنیست واتە هـەمان ئەو کەسـەیە کە بەرەنجامـەکانی ڕۆشنبیری کەسی ڕۆشنبیر لەسـەر بنەما بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەرکەوتبن.

لە ئەدەبیاتی مەشروتـەدا (فنوالفکر) بەکەسێک ناسرابوو کە لەگەڵ بیروباوەڕی کۆن و ئەفسانە و خورافـاتدا ڕووبەڕوو بکرێتەوە لە هـەمـان کات لە هـەوڵی هێنانی شتی نوێدا بێت ئەویش لەفۆرمی ژیان و کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

لە سـەدەی ئێستاشـماندا لە فەرهـەنگی هـاوچەرخی فارسیدا لە نووسینی (غلام حسین صدری افشار) کە پێم وایە باشـترین و بەسوودترین فەرهـەنگی فارسییە زاراوەی ڕۆشـنبیر لەسـەر بنەمای هـاوڕایی بیرمەندانی سـەردەمی ڕۆشنگەریدا بەدوو واتا هـاتووە:

١- ڕۆشـنبیر ڕوانگەیەکی هۆشیار و لۆجیکیی دوور لە خورافە و دەمارگیری هەیە.

٢- بـاوەڕی بـە ڕۆڵ و بـەهـای زانست و فــەرهـەنگ هـەیە بۆ پێـشـکەوتنی کـۆمــەڵگە و بەخـتـەوەری تێکڕای خەڵکی[١٠].

وەکـو زاراوەش ئەگـەر بە وردی لەسـەر ئەم چەمکە بووەسـتین و شـیی بکەینەوە و پلەبـەندی بۆ بکەین:

زاراوەی {Intellectuel(elle)} ڕۆشنبیر.

{Intellectuel(elle)} زاراوەیەکی فرەنسییە و لە زمانی ئینگلیزیشدا (Intellectuel)ە، بە ئەڵمانیش (intellekuelle)ی پێ دەگوترێت، هـەروەها بە ئیسپانیش (Intellectuel) هاتووە، کە هـەمووی واتای ڕۆشنبیر دەدات. هـەرچەندە زاراوەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە، بەڵام بە زمانی فەرەنسی بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی دەیەی (١٨٨٠)ی زاینیدا لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەکار هات. هـەڵبەتە دەستەواژە ئینگلیزییەکەی (Intellectuel) لە نێوان سەدەی (١٩) تا ئەندازەیەک وەکو واتاکەی ئەمڕۆی بەکار

دەهات لەدەیەی (١٨٤٠)ی زاین لە ئینگلتەرادا[١١].

ئەگەر بێین کار لەسەر ناساندنی کردەی ڕۆشنبیریش بکەین، ئەوا گرنگە جارێکی تر بپرسین ڕۆشنبیر کێیە یاخۆ چییە؟ ئاخۆ ڕۆشنبیر تەنیا کەسێک یان کۆمەڵە و ڕێکخراوێکە؟ ئاخۆ بۆ نموونە پیشەی ڕۆژنامەنووسی کارێکی جیاواز و ڕۆڵێکی تایبەتی ڕۆشنبیرییە، یاخۆس ڕۆڵێکی دیاریکراو و هەمیشەیی هەیە؟ پرسیاری کەسایەتی و چییەتی ڕۆشنبیر وەکو هەر پرسیارێکی تر مافی خۆیەتی وەڵامی دەست بکەوێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەم بارەوە پێویستە ناساندێکی تر بکەین بۆ چەمکی ڕۆشنبیر، لەم بارەشەوە هەوڵم داوە بەدەر لە پێناسەیەکی خۆی کە هاوشێوە واتاکەی خۆینی بەڵام جیاوازیی جەوهەری هەیە لە نێوانیاندا ئەویش لە کاتی ڕاڤە و ڕوونکردنەوە دانامێنێت.

لەنێو چەندان کتێب و وتارو و فەرهەنگی تایبەتمەندی و لەبواری سۆسیۆلۆجیادا هەوڵم داوە سوود لە زمانەکانی ئینگلیزی و فرەنسی و ئەڵمانی وەربگرم.

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەکان دەکەین بەسێ دەستەوە:

یەکەم: ڕادەی کار، ئەویش لەسەر بنەمای کار و پیشە و ڕۆڵە جیاوازەکانی تاک لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

دووەم: پێناسەکردنی ڕادەی کاری ئەندامی، بەجەخت کردنەوە لەسەر ڕۆڵی فەرهەنگی تاک.

سێیەم: کۆمەڵە پێناسەیەک دەگرێتەوە، ئەویش لە سەر بنەمای ئەو بابەتانەی کە کەسەکە حەزی لێیەتی[١٢].

ڕۆشنبیر کەسێکە کەوا:

١- کاری فیکری ئەنجام دەدات لە بەرامبەر کاری ئەندامیدا.

٢- پیشەیی بوو ئەویش بۆ کارێک کە پێشوەخت کاتی خۆی بۆ تەرخان و تایبەت کردووە بە ئەنجامدانی چالاکیی فیکری و فەرهەنگی تیۆری لەپێناو دەستخستن و ڕوونکردنەوەی یاسا فیکرییە ئەکتیڤەکاندا.

٣- کاتێکی زۆر سەرف دەکات بۆ بیرکردنەوە و ئایدیای ئاڵۆز، لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات.

٤- کاری ڕۆشنبیر بەرهەمهێنانی ئەندێشەی ڕێکوپێک و وابەستەییە.

٥- هەردوو ئەرکی فێرکردن و زانیاری گەیاندن بە جیا و سەرکەوتووانە ئەنجام دەدات.

٦- خۆی یەکلایی دەکاتەوە بۆ واتا و بەها باڵاکان و هەر بەو ناوەوە لەوێشەوە واقیعی ئێستا دەخاتە ژێرپرسیارەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێت.

٧- ڕۆشنبیر کاری گەیاندن و بەرەوپێشبردنی داناییە، لەم بارەیەوە بەهاکانی نێو کۆمەڵگەکەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو و یاسایی ڕوون دەکاتەوە.

٨- لەبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی چەمکی هەڵبژێردراو و گشتیدا رۆڵی خۆی دەگێڕێت.

٩- دەبێت بتوانێ یان لانیکەم هەوڵ بدات ئەرکی خۆی بزانێت کە خەڵک بخاتە سەر کارێکەوە و لە لایەکی تریشەوە بتوانێت بەرهەڵستیکاریان بێت بۆ کارێک.

١٠- رۆڵی خۆ بگێڕێت و جێدەستی دیار بێت بە شێوەدان و شکڵ و وەرگرتنێک بۆ چەمکی دانایی.

١١- پێویستە لەسەری کە لەجیهانی ئامرازەکاندا کار بکات، ئەویش بەشێوەیەکی هۆشیارانەو رێکوپێک، هەروەها لە دروستکردنی کولتووردا رۆڵی هەبێت.

١٢- کارە فیکرییەکانی رەوشتێکی تیۆرییان لەخۆ گرتووە، واتا و رەخنەئامێزیشن پێش هەموو شتێکیش لەخزمەتی درووستکردنی کولتووردان.

١٣- بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی پێویستی بەدەست هێنابێت و هێزی فیکری و بیر و هۆشی سەرف کردبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بە ئەندازەیەک لە رووی فەرهەنگییەوە لای خۆی و بەرامبەرەکەش مایەی رەزامەندی بێت.

١٤- پێویستە لەسەر کەسی رۆشنبیر کەوا بەرهەمی فەرهەنگی بەدەست بهێنێت، بەجۆرێک شێوەیەکی تایبەت و هزرڤانانەی لەخۆ گرتبێت.

١٥- دەبێت لەنێو دیاردە هێنراوەکانی فەرهەنگدا جێی خۆی بکاتەوە و بتوانێت لەسەر پرسە خێراو بەرووکەش و لەجەوهەردا بێ نرخ چەند کارێک بەدەست بهێنێت، ئەمەش کار دەکاتە مەبەستی خێرا و کردارەکانی، سنوووریان فراوانتر دەبێت، لەوێشەوە بەڵێننامە بەدەست بهێنێ سەبارەت بە پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی پیشەکەی یان بابەتێکی خوازراوی.

١٦- پەیامی فەرهەنگی رێک بخات بە هاوکاری و ئامرازی جیاوازەوە، ئەویش بە سەرنجدان و پێگەی فەرهەنگی جیاواز و بەرێگەی جیاوازەوە.

١٧- سەرباری ئەویش لەسەر بنەمای پێگە و پەسندکراوی کولتوورەکەی دەبێت رێنوێنیکارێکی باش بۆ کارەکانی خەڵکی بێت.

١٨- پێویستە بابەتی خوازراوی رۆشنبیر پێوەست بێت بە یەکێک لە شێوەیەکانی هۆشیاری هزرڤانانەوە، لەسەر بنەمای هۆشیاری و سەلیقە یا بەهۆی بەڵێنی فەرهەنگەکەی نرخ و بەهایەکی زۆر بۆ هۆشیاری عەقڵ و بیرکردنەوە و شێوازە ئالۆزەکانی دانایی بەتایبەت کارێک خاڵی بێت بۆ بواری هزری و بەپرسە گشتییەکان رازی بێت.

١٩- لە کارە فیکرییەکانیدا سەلیقەی هەبێت و لە ناخیدا پەروەردەی کردبێ.

٢٠- لەگەڕان و بەدواداچووندا بێت بۆ حەقیقەتی کار، یان بۆ حەقیقەتی گشتی و بەجۆرێک تێیدا سەرکەوتوو بێت[١٣].

ئەمە ئەو خاڵانە بوون کە من هێنامنەوە بە نموونەی کارکردنی رۆشنبیر، بە پێویستی دەزانم لە

شێواز و میتۆدی ڕۆشنبیران هەم بدوێم، بە دیوێکدا ڕۆشنبیر خاوەن زمانە، جا ئەم زمانە هەندێ جار زۆر سادەیە بۆ نموونەی ڕیچارد ڕوتی، و لە لای هەندێ ڕۆشنبیری تریش زمانێک ناسادە و ئاڵۆزە بە نموونەی هایدگێر و هەندێک نووسەری تر، هەروەها" یورگن هابرماس"، هابرماس وەکو فرانکفورتییەک خاوەنی زمانێکی زۆر ئاڵۆزە و میتۆدی کارکردنی ئەم پیاوە لە بواری فەلسەفە و تیوری فەلسەفیدا، زمانێکی بێ ئەندازە وشک و ئاڵۆزی هەیە، بۆیە بەشێک لە نووسەرەکانی تری دنیا ئەم شێوازە نووسین و قسەکردنە بەشێوازێکی نا ئەخاتقی دەزانن، چونکە مرۆڤی خوێنەر ئازار دەدات و مێشکی بەشێوەیەکی ناپێویست هیلاک ماندوو دەکات.

هەر بۆیە کاتێک نووسینێکی ئەم پیاوە یان گوێبیستی وتارێکی دەبین، ئەگەر بەباشی ئاگەداری جیهان و ژیانی تایبەتیی ئەم پیاوە نەبیت، بەئاسانی ناتوانیت لەم پیاوە تێ بگەیت، نەک بەتەنیا یورگن هابرماس، بگرە هەموو فرانکفورتییەکان خاوەنی ئەم زمانە ئاڵۆزەن و بەم زمانە ئاڵۆزە دەنووسن، زمانی نووسینی بنیاتنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەت زمانی (یۆرگن هابرماس) کە بەیەکێک لە بیریارەکانی ئەم قوتابخانە شوبهە مارکسییە هەژمار دەکرێت. زمانێکی دژوار و ئاڵۆز و تاڕادەیەک ناروونە و سەرنج ڕاکێش نییە، ئەمانە هەموویان قوتابییان و پەیڕەوانی (فریدریچ هێگڵ، ١٧٧٠ –١٨٣١)ن، ئەم زمانە سوننەت و شێوازێکە کە لە (هێگڵ)ەوە بەجێ ماوە و (مارتین هایدگەر) درێژەی پێ داوە و لە پاش ئەویش بووەتە زمانی زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیا و پێدەچێت ببێتە زمانی زۆرینەی ڕۆشنبیرانی جیهانیش[١٤].

دواتر دێمە سەر ئەرکی ئەخلاقی و شیکارییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، بەڵام پێشتر ئەمە کارێکی باشە بیکەم، بتوانم قەرارێکی ئەخلاقی بەسەر نووسینی "ئاڵۆزی ناپێویست" و نووسینی "سادەی ناپێویست"دا بدەم.

هەڵبەت نووسین لە شوێنێکدا ئاڵۆزە و لە شوێنێکی تردا سادەیە، ئەو نووسەرەی پێی وابێت هەموو نووسینەکانی سادەن، ئەوا لەناو جۆرێک لە نەفامیدایە، نوسین هیچ کات ئاراستەیەکی جێگیری نییە، هەردەم لە گۆڕاندایە، لە نووسینی نوسەرێکەوە بۆ نووسینی نووسەرێکی تر و لە نووسینێکی نوسەرێکەوە بۆ نووسینێکی تر، هیچ کات بڕوام بەوە نییە دوو وتاری فیکری یان فەلسەفەی نووسەرێک لە ئاست سادەیی یان ئاڵۆزی لەیەک بچن، ئای چ گەمژەییەکە بڕوا بەم تەسەورە منداڵانەیە بێنین و کار بەم جۆرە دید و ڕوانینە بکەین، نووسین بۆخۆی وەکو پێش مەرج، کردەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام نووسەر دێت و ئەوەندەی بۆی بکرێت ئەم پێشمەرجە لە کردەییدا سادەی دەکاتەوە، واتا گۆڕینی نووسین لە کردەیەکی ئاڵۆزەوە بۆ کردەیەکی سادە، جا هەندێک نووسەر هەن دەتوانن لە هەندێک بیروبۆچوونی گەردوونیدا سادەبن و بەڵام هیچ کات تەواوی ژیانیان سادە بن، هیچ ئینسانێک سادە نییە تەنانەت"سوهراب" یش سادە نییە، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە دان بە ئاڵۆزی خۆمان دابنێین ئەوا ئەخلاقییە، بەڵام نەک دان بە سادەییی خۆماندا بنێین، ڕاستی ئەوەش لەبەرئەوەی ئینسان بۆخۆی بوونەوەرێکی ئاڵۆزە و ئەم قسەیە غەدرێکی گەورەیە لەم کائینە، وەکو

ئەوە وایە ئەم ئینسانە بیەوێت شاخێک بڕوخێنێت، کەچی یەکێک لەو سەرەوە دێت و پێی دەڵێت هانێ بەم شەقشەقەیە بیڕوخێنە!

ئەوانەی کە بە"هابرماس" دەڵێن نا ئەخلاقی لە نووسین و لە قسەکردندا، هێشتا تێ نەگەیشتوون لەوەی کە "هابرماس" نایەوێت ڕێزی ئاڵۆزیی ئینسان بشکێنێت و بیکاتەوە بە ئاژەڵێکی ئاسایی، چونکە بەندە پێم وایە: ئەوەی ئینسانێک لە ئاژەڵێک جودا دەکاتەوە ئاڵۆزییە.

(هابرماس) خۆی دان بەم کارەدا دەنێت کە نووسینەکانی دژوار و ئاڵۆزن، لەم سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی و دەرککردن و تێگەیشتن لە بیر و بۆچوونەکانی دوو هێندە دژوار و ئاڵۆزە، لەبارەی زمانی ئاڵۆزی (هابرماس)ەوە، چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش لە سەر زمانی خەڵکییە کە بیستنی بێ سوود نابێت: (یەکێک لە قوتابییە پێشووەکانی (هابرماس) دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی (١٩٦٦)دا لە تەلارێکدا لە زانکۆی فرانکفۆرت کە پڕ بوو لە خوێندکارانی بەشی فەلسەفە، یەکێک لە خوێندکارەکان قسەکانی پرۆفیسۆر (هابرماس)ی بڕی و داوای لێ کرد کە کەمێک روونتر مەبەستەکەی دەربڕێت، چونکە تێگەیشتن لەوەی کە ئەو باسی دەکات و دەری دەبڕێت دژوارە، نیوەی ئەو خوێندکارانەی کە لە هۆڵەکەدا ئامادە بوون. وەک پشتگیریکردن لە بۆچوونەکەی ئەم خوێندکارە. چەپڵە لێدەدەن، هابرماسیش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بەکار دەهێنێت تاوەکو لە قسەکانی تێبگەن، بەڵام لە ناکاو نیوەکەی تری خوێندکارەکان. وەک نیشانەی ناڕەزایەتی بۆ وەڵامەکەی هابرماس. دەست دەکەن بە هاتوهاوار، هابرماس روو دەکاتە رەخنەگر و نارازییەکان و دەڵێت: دەتوانێت لەوە دڵنیایان بکاتەوە کە هەوڵ و کۆششەکەی ئەو بۆ پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی ئەم نییەت و مەبەستە (واتە دەربڕینی قسەکانی بە سادەیی و بە روونی) بێگومان بن کە هیچ ئەنجامێکی نابێت)[١٥].

یەکێک لە رەخنەگرە سەرسەخت و رکەبەرەکانی ئەم شێوازی نووسین و گوتار و دەربڕینە (کارڵ ریمۆند پۆپەر، ١٩٠٢ –١٩٩٤) فەیلەسووفی بەناوبانگی هاوچەرخ بوو، کە بە درێژایی ژیان سوودی لە هەر هەوڵ و دەرفەتێک وەردەگرت و سەرقاڵ دەبوو بە لۆمەکردن و سەرزەنشتکردنی ئەو رۆشنبیرانەی کە بە پەیڕەوی کردن لەم شێوازە، بوونەتە هۆی (ئالوودەکردنی قسە و وشە).

(پۆپەر) لە شوێنێکدا دەڵێت: قسەکردن و لە هەمووی گرینگتر نووسین کارێکی پڕ لە بەرپرسیاریەتیە، کۆڵەکە و بنچینەیە، بەرپرسیارەتی واتە بەشێوەیەک قسە بکەین کە ئەگەر هەڵەیەکیان لە قسەکانماندا بینی، یان ئەگەر لە گوتارماندا نادروستی و ناڕێکییەک هەبوو، بتوانن بە ئاسانی هەستی پێ بکەن و نیشانمان بدەن، بەڵام چ کەسێک دەتوانێت ئەوە بە (هایدگەر) بسەلمێنێت کە ئەوەی ئەو دەیڵێت نادروستە؟ (ئارتور شۆپنهاوەر،١٧٨٨تا ١٨٦٠ز) یەکێکی ترە لە نەیارەکانی ئەم شێوازە نووسینە و ئەم شێوازەی بەنەخۆشی دەزانی، نەخۆشییەک کە بە پیشەیی بوونی فەلسەفە لە نێوان مامۆستایان و شارەزایانی فەلسەفەدا رەواجی پەیدا کرد و تەشەنەی سەند، (شۆپنهاوەر) لەبارەی سەرزەنشتکردنی ئەم شێوازە نووسینەوە دەنووسێت: زۆرێک خەڵک

هەن کە بە مەبەستی شاردنەوەی نەمانی بۆچوون و هزر واقیعیەکان، چەند هۆکارێکی بە شکۆ و هەیبەتی ئاوێتە و لێکئالاوی دوور و درێژ ڕێک دەخەن، دەربڕین و شێوازی ئاڵۆز و درێژەدادڕی و دەستەواژەی نوێ و نەبینراو و نەبیستراو بەکار دەهێنن، کە هەموویان لە کۆی گشتیدا زمانێکی داخراو و دژوار پێک دەهێنن کە بەئاستێکی بالای رۆشنبیرانە دەکەوێتە بەر گوێی زۆرێک، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی کە بۆ وتن هەیانە بەراستی هیچ نییە[١٦].

(برایان مەگی) لە وتاری (مەفهوم و نامەفهوم)دا دەنووسێت: جارێکیان "کارڵ پۆپەر" پێی وتم کە لە نووسیندا (براتراند راسڵ، ١٨٧٢-١٩٧٠)ی وەک پێشەنگی خۆی هەڵبژاردووە، هەروەک (شۆپنهاوەر) لە سەردەمی خۆیدا شێوازی نووسینی (دەیڤد هیوم،١٧١١-١٧٧٦)ی کردبووە پێشەنگی خۆی، هەر لەم بارەیەوە (پۆپەر) باس و بابەتێکی پێ وتم کە هەرگیز لەبیری ناکەم: (بابەتی بنەڕەتی و سەرەکی، رۆشنی و روون بوون نییە، بگرە پەیڕەویکردنە لە ئەخلاق و ئیتیکی پیشەیی).

پۆپەر بڕوای وابوو کە وشەچنی و بەکارهێنانی قسە و رستەی ئاڵۆز و بێ سەر و بن و زیادەڕەویی ناشیرین، سوننەت و شێوازێکە کە لە (هێگڵ)ەوە بەجێ ماوە و (هایدگەر)یش درێژە و پەرەی پێ داوە، دواتر ئەم شێوازە بوو بەشێوازی دەربڕینی زۆربەی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بلاو بوویەوە و پەلی هاوێشت بۆ ناو هەموو گۆشە و کەنارێکی دنیا[١٧]، بۆیە ئەم بەکارهێنانە ناپێویستە ئاڵۆزی لە نووسین لە لای هیگل بە نیسبەت پۆپەرەوە مەیلی نائەخلاقییانەیە.

زۆرجار نووسەران و بیریاران کاتێک مامەڵە لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی چەمکەکاندا دەکەن دێن مێژووی دەرکەوتنی هەندێک لە چەمکەکان دەبەستنەوە بەمێژووی ناونان و دەرکەوتنیانەوە! واتە وا حساب دەکەن دەرکەوتنی ناوی چەمکێک لەلایەن بیریار و فەیلەسووفێکەوە یەکسانە بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو چەمکەوە، بۆ نموونە وا دابنێین ئەخلاق چەمکێکە سەد ساڵ لەمەو پێش وەک ناو لە لایەن فەیلەسووفێکەوە بەکار هاتووە ئیتر بیریارانی ئەم سەدەیە دێن و دەڵێن "مێژووی ئەخلاق دەگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵ لەمەوپێش"! دەی خۆ دەزانین لەوەتەی شتێک دروست بووە بەناوی (مرۆڤ)ەوە ئەخلاقیشی لەگەڵدا بووە، چونکە "هیچ قۆناغێکی مێژوو لە سەرەتایی دروستبوونی مرۆڤەوە، تاوەکو ئێستا نابینیت لە سێ تایبەتمەندی خاڵی بووبێت":

(١) هەستی فزولی

(٢) هەستی خێر ویستی، کە ئەمە دەکاتە ئەخلاق

(٣) جوانناسی یان جوان دۆستی

لەگەڵ ئەمەشدا، دەبینین زۆرێک لە چەمکەکان بەم جۆرە دەپێورێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. یەکێک لەو چەمکانەی لەم جۆرە مامەڵەیە بەدەر نەبووە بریتییە لە چەمکی رۆشنبیر. زۆرێک پێیانوایە پرسی رۆشنبیری بابەتێکە لە سەدەکانی ناوەڕاست بە دواوە هاتووەتە ئاراوە و لە سەدەی حەڤدە بەدواوە چینێک لە ئەوروپا دروست بووە بە ناوی چینی رۆشنبیر، ئەگەر لەمە ورد بینەوە دەردەکەوێت رۆشنبیر بەرهەمی سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوەیە، بەڵام ئەم مێژووە ئەگەر

بمانەوێت راستی بکەینەوە و رۆژێک بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی رۆشنبیر دابنێین ئەوا دەبێت مێژووی رۆشنبیر ببەستینەوە بە مێژووی دروستبووی یەکەم مرۆڤەوە! دیارە ئەم بانگشەیە پێویستی بە سەلماندن هەیە، بۆیە ئێمە دێین لێرەدا بە پشتبەستن و بەستنەوەی ئەم چەمکە بەچەند باسێکەوە هەوڵی روونکردنەوە و تا ئەندازەیەک سەلماندنی دەدەین.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە سەلماندنی ئەم بابەتە کارێکی هەروا سادە و ئاسان نییە، بگرە پێویستی بە توێژینەوەی تەواو هەیە، چونکە لە ئێستادا رۆشنبیری و رۆشنبیر داینەمۆی گرینگ و ئەساسیی کۆمەڵگەن و ژێرخانی جووڵەپێکردن و بەردەوامیی کۆمەڵگەن، بەڵام ئێمە لەم باسەدا بە ناوونیشانی دەروازەیەک مامەڵە دەکەین، لە درێژەی نووسینەکەشدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەڕاستی ئەرکێکی زۆر قورسە بتوانین چەمکی رۆشنبیر راست بکەینەوە و حەقەکەی خۆی بۆ بگێڕینەوە.

کاتێک مرۆڤ سەردانی کۆتا پەیامی ئاسمانی دەکات، دوای ماوەیەک لە وردبوونەوە و رامان بەوە ئاشنات دەکات، کە هەقیقەتی مرۆڤ بریتییە لە (مادە و مەعنەوییەت)، واتە "من وەک مرۆڤ لە بەشێک لە بینراو کە (جەستە) دەکات، لەگەڵ بەشێک لە نەبینراو کە (رۆح) دەکات پێک هاتووم". بەڵێ! ئا ئەمەیە هەقیقەتی هەموو مرۆڤێک کە شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە. جا ئەوەی ئێستا ئەو جێگەی قسە لەسەر کردنەیە ئەوەیە کە ئێمە دەبێت مرۆڤ بەم هەقیقەتەوە بناسین و قبووڵمان بێت، ئەگەر وامان نەکرد چی روو دەدات؟.

یەکێک لەو کێشانەی مرۆڤایەتی بە درێژای مێژووی خۆی لەگەڵیدا ژیاوە و بەردەوامیش لەگەڵیدا دەبێت ئەو جەنگەیە کە بە (جەنگی مادی و مەعنەوی) بەناوبانگە، ئەگەر روونتر بڵێم ئەو جەنگەیە کە دوو دەستە لە مرۆڤەکان سەرکردایەتیی دەکەن، دەستەیەکیان بەهەموو هێزیانەوە مەعنەوییەت رەت دەکەنەوە و قەناعەتیان بە شتێک نییە ناوی مەعنەوی بێت بەمانە دەڵین (ماتریالیست) –مادیگەرا–. دەستەی دووەم ئەوانەن حساب بۆ دنیای مادە ناکەن و مادە بە شتێک لە رێگە لادەر و سەرقاڵکەر و لە قیامەت غافڵکەر دەزانن و بڕوایان وایە کە مرۆڤ دەبێت خۆی لە هەموو خۆشییەکانی دنیا بگرێتەوە و گوێ بە جستەی نەدات و ژن نەهێنێت، (چونکە ئەوان بەبێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت ژن تەنیا لە جەستەدا کورت دەکەنەوە و ژنهێنان بە پرۆسەیەکی مادی دەزانن) ئا بەمانەش دەڵێن ئایدیالیست[١٨].

یەکێکی تر لەو باسانەی لە بابەتی رۆشنبیر و رۆشنبیریدا دەورووژێنرێت کۆمەڵێک کەسی پێ مەحکوم دەکەن، بریتییە لەوەی کە کەسی رۆشنبیر ناکرێت بچێتە دەسەڵاتەوە و پلەی دەسەڵات لە شوێنێکدایە شەرمەزارییە و نا ئەخلاقییە رۆشنبیران بچنە ئەو شوێنەوە!

تەنانەت "سارتەر" لە کتێبی "بەرگری لە رۆشنبیر" جۆرێک لەم بۆچوونەی هەیە، کە رۆشنبیری و پلەی دەسەڵات بەیەکەوە نایەنەوە و نا ئەخلاقییانەیە، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو پێوەرە بڕوانییە رۆشنبیری، کە بەرپرسیارێتییە ئەوا هەموو خاوەن دەسەڵاتێک رۆشنبیرە! چونکە هەموویان

بەرپرسن لەو پێگە و دەسەڵاتەی هەیانە بەرامبەر بەو میللەتەی هەڵی بژاردوون، بۆیە ناکرێت ئێمە درێژە بەم بۆچوونە بدەین ژمارەیەک لە کەسی پسپۆڕ و شارەزا و بە ئەخلاق و بە ئەمەک و وردبین، کە هەموویان بەشێکن لە بنیاتی تاکێکی رۆشنبیر لە دەسەڵات دابڕنین و هەر کاتێک بیستمان بەو مانایەی رۆشنبیرە قبووڵمان نەبێت لە دەسەڵاتدا بیبینین، بگرە بەڕای ئێمە دەبێت رێگە بدەین رۆشنبیران حوکم بکەن و قسەیان هەبێت و کۆمەڵگەیەک لە رۆشنبیر دروست بکەین و ئیدی رۆشنبیرە ئەخلاقییەکانمان ببنە زادەی سیاسەتێکی ئەخلاقی بۆ دەسەڵاتێکی ئەخلاقی، دەروازەیەکی وا بخەینە سەرپشت، ئەگەر بێت و هەر کەسێک تێنەگەیشتبێ لە رۆشنبیری و رۆشنبیر نەبێت، کە بە دیوەکەی تریدا دەکاتە ئەوەی تێنەگەیشت بێت لە بەرپرسیاری و بەرپرسیار نەبێت رێگە نەدەین بە شەقامەکانی نزیک وەزارەتەکانیشدا تێپەڕێت، تاوەکو نەڕوات لە باخی (مەعریفە) گوڵ بچنێت و لە مەیدانی ئەخلاق ئەسپی خۆی تاو بدات، لە سەکۆی (ئازادی) دڵی تووتی ئاو بدات. زۆرێکیش پێیان وایە کە هۆکاری رازینەبوون و نەگونجانی ئەوەی کە رۆشنبیر لە دەسەڵاتدا بێت ئەوەیە، کە رۆشنبیر دەبێت رەخنە بگرێت و لە دەرەوە بێت، ئیتر نازانرێت چی دژایەتییەک لە نێوان رۆشنبیر و دەستەڵات و رەخنەگرتندا هەیە؟!

ئەگەر ئێمە بێین رۆشنبیر بەو پێوەرە بخوێنینەوە کە یەکسانە بە بەرپرس و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتییەکەی پشت ئەستورە بەهێزێکی ناوەکی و ئەخلاقی ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە هیچ دژایەتییەک لە نێوان رۆشنبیر و دەسەڵاتگرتنە دەستدا دروست نابێت، چونکە بەرپرس هەر بەرپرسە لە هەر شوێن و مەکانێکدا بێت. دواجار ئەمە دەبێتە گرینگترین پێوەر، بۆ ئەوەی شتێک دروست بێت بەناوی (رۆشنبیری جیهانی). جێگەی ئاماژە بۆکردنە، کە زۆربەی بیریاران لە کاتی قسەکردنیاندا لەبارەی هەردوو چەمکی ماتریالیست و ئایدیالیست دێن ئایدیالیستەوە لەبەرامبەر ماتریالیست دادەنێن، بەڵام بە بۆچوونی بیریاری کوردستانی رۆهەڵات ئەحمەدی موفتی زادە ئەمە هەڵە دەربڕینە و دەبێت راست بکرێتەوە، ئێمەش لێرەدا هاتین بۆچوونەکەیمان گواستەوە بە ئومێدی ئەوەی لێرە بەدواوە لەناو رۆشنبیراندا ئەو هەڵە تێپەڕ بووە چارە بکرێت. ئایدیالیست دەربڕینێکە لە بەرامبەر ریالیزمەوە بەکار دەهێنرێت، واتە ئەمەی کە ئینسان تەوەجوە بە ئەصاڵەتی (زیهن) بکات، یان تەوەجوە بە ئەصاڵەتی واقیع و دەرەوە بکات. ئەم دوانە دەکرێت لە بەرامبەری یەکەوە بەکار بهێنرێت، بەڵام ماتریالیزم، ماتریالیست نە لە بەرامبەری ئایدیالیزم و نە لە بەرامبەری ریالیزمەوە بەکار ناهێنرێت و باس و لایەنی ترە[١٩].

ئەوەندەی بەپێویستیمان زانیبێت لەسەر ئەم چەمکە رۆشنبیر و کردەکەی کە رۆشنبیری و جستوجۆی مەعریفەتە وەستاین، ئێستا ئەوەی گرینگە بە نیسبەت ئەم باسەوە، قسەکردنە لەسەر ئەخلاق و رۆشنبیر، بەڵام وەکو پێشینەیەک گرینگە لەسەر:

چەمکی ئەخلاق بوەستین و هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی دواتر ئەنجامێکی مەعریفی بدەین بەدەستەوە.

بۆ ئەوەی بچینە ناو تەوەری دووەمەوە کە ئەخلاق یان بەها ئەخلاقییەکانی ئینسانن و دواتر بەهای ئەخلاقی وەکو بەشێک لە ڕۆشنبیریش، ئەوا سەرەتا گرنگە لەوە تێ بگەین کە هەڵبەتە ئێمە وەکو ئینسانی ئاسایی، ڕۆژانە بە زۆر کار هەڵدەستین و زۆر ئیش ئەنجام دەدەین و پەیڕەوی لە زۆر بەهاش دەکەین کە بەشێک نین لە وەزیفە و کاسبی و ئیشوکارە فەردییەکانمان و ئەگەر بەو کارانەش هەڵدەستین هیچ لە مووچەکانمان کەم ناکەنەوە و ناکەوێتە بەر نەفرەتی کارگێڕ و لێپرسراوەکانمانەوە و هیچ کەڵکیش ناکەوێتە کاسبی و بژێویمانەوە و ئەنجامدانی ئەو کارانەش هیچ سوودێکی مادیمان پێ ناگەیەنێت، ئێمە ڕۆژانە لەژێر کاریگەریی سیستەمی کۆمەڵایەتی، نەریتیدا پەیڕەوی لە چەندان بەهای کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، نەریتی دەکەین، بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکەینەوە، ڕۆژانە لەسەر سکەیەک دەڕۆین کە خۆمان دروستمان نەکردووە و بیریشی لێ ناکەینەوە کە ڕۆشتنمان لەسەر ئەو سکەیە چ مانایەک و چ سوودێکی هەیە، ئێمە ڕێگەیەکی دوور و درێژی کۆمەڵایەتی، نەریتی دەبڕین کە نازانین کەی دەستی پێ کردووە و بۆچی ئاوا هاتووین و ئاواش دەڕۆین. ئێمە ڕۆژ نییە سەردانێک نەکەین ئیدی سەردانی خزمێک، دۆستێک، بێت، بە دروستیش نازانین بۆچی دەبێت ئاوایە کە سەردان بکەین[٢٠].

ئەو تەرزە ئەخلاقییەی کە هەیە و سەرەتای فەلسەفە و ئاراستە ماتریاڵییەکان پێیان وایە کە ئەخلاق چەکێکی خودی نییە، چونکە تەنیا هەستێکی ئەبستراکە و بەس، مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردە و ژینگەوە وەری دەگرێت بێ ئەوەی پشت ببەستێت بەهیچ شتێک لەسەر ئاستی واقیع، لەم سۆنگەیەوە بەها ئەخلاقییەکان هەمەجۆر دەبن ئەمەش بەپێی جیاوازیی نەتەوە و گەلانی سەر رووی زەوی و هەروەها جیاوازیی شوێنکاتەوە، تۆ نەتەوەیەک دەبینیت چالاک و سەر ڕاستن، نەتەوەی دووەمیش دەبینیت خراپەکار و لادەرن، ئەوەی بۆ ئەمرۆ ڕێپێدراوە بۆ دوێنێ یاساغ و خۆ لێ لادراو بووە.

وەڵام:

بوون (وجود) دوو جۆرە: یەکەم: بوونێکی بینراوی سەربەخۆ لە وجودی خۆیدا وەک هەر دوو رووباری نیل و فورات.

دووەمیشیان: بوونێکی واتایی (وجود معنوی) وەستاو لە شتە دەرەکییەکاندا، وەک ستەم لە دوژمنکاریدا، دادپەروەری لە حوکم و بڕیاردا.

بەها ئەخلاقییەکان بەتەواوی لە جۆری دووەمیانن واتە بوونێکی واتایین نەک مادی و بینراو، و شتە دەرەکییەکانیش بەبەها ئەخلاقییەکان دادەنرێن چونکە بەکردار و بە واقیع لەسەر بەها ئەخلاقییەکان وەستاون، کاتێک دەوترێت: ڕاستگۆیی چاکەیە، درۆکردن خراپەیە، بەڵێن بردنەسەر و پەیمان بەجێهێنان ئەرکە، مانای وایە کە چاکە لە ڕاستگۆییدایە، خراپە لە درۆکردندایە.

ئەو بوونەی کە بە واتاییمان دانا، ئەرستۆ بە یاسای سروشتی دایناوە بەو پێیەی کە لە زەروریات و پێویستییەکانە و نابێت پشتگوێ بخرێت، ئەرستۆ نموونەی بە هاوکاریی تاکەکانی

کۆمەڵگە هێناوەتەوە لە نێوان خۆیاندا بە جۆرێک تاک لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت بەسەربەخۆیی بژی و بێباک بێت لە نانەوا و گۆشتفرۆش و کوتاڵفرۆش و فرۆشیاری کاڵا پێویستییەکانی تر، ئەرستۆ دەڵێت: (هەر کەسێک پێویستی بە خەڵکی تر نەبێت ئەوە یان خوایە یان وەحشی و دڕندە).[21]

ئەو خاڵانەی لێرەدا دەیانخەمە ڕوو، شتانێکی نامۆ نین و تازەن بە مەعریفەی جیهانی تازەن، لەگەڵ ئەوەی بەجیهانی ئێمە نامۆن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە نیازی خستنەڕووی باسێکی تیۆری نیم، تەنیا خستنەڕووی بابەتەکە و بایەخدان بەمەسەلەیەک کە بە گومانی بەندە لێرە و لە ئێستادا پشتگوێ خراوە و ئێمە پێویستە ئاوڕی زیاتری لێ بدەینەوە و تەنانەت لە ڕووی کردەییشەوە بایەخێکی زۆرتری پێ بدەین و ئەوەندەی بۆمان بکرێت لەسەری هەڵوەستەی مەعریفی بکەین، من پێش ئەمەش لەلای کەم و زۆرێک لە دۆستانمدا وتوومە کە دەشێت لە ڕووی ئایدیال و ئامانجی سیاسی و ئاینییەوە هەوڵ بۆ کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی بدەین و چارەنووسی کۆمەڵگەی ئەخلاقی دیاری بکەین.

کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستەواژەیەکی هەڵەخەڵەتێنەرە بۆ ئێمە و ڕۆشنبیران یان-بێ ئاگایانە یان- نا ئەخلاقییانە بەبەردەوامی سەرقاڵی دووبارەکردنەوەی ئەم دەستەواژەیەن، بەندە پێم وایە کە"کۆمەڵگەی ئەخلاقی" جوانتر و باشترە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمە بڕوایەکی گەمژانە یان هەرزەکارانە نییە، ئەویش لەبەرئەوەی کە سەرەتا پێویستە بزانین بۆچی ئەخلاق لەناو ئێمەدا پشتگوێ خراو و وازلێهێنراو و ستەم لێ کراوە لە وتارەکان، بەدەر لەو وتار و ئامۆژیاریانەی لەسەر دوانگەکان ئەنجام دەدرێت و لە نێوەندە ڕووناکبیرییەکاندا چ ڕۆشنبیری سکۆلار چ تەنانەت ڕۆشنبیری ئاینی کەمتر ئاماژە بە ئەخلاق و کۆمەڵگەی ئەخلاقی دەکرێت ئێمە لەبارەی ڕۆشنبیرییەوە قسەی زۆر دەکەین، دەنووسین و دەخوێنینەوە، لەمەڕ ئەقڵانییەت، ناکۆکی و سازشی مۆدێرنێتە و سوننەت و نموونەی ئەمانە قسە زۆر دەکرێت مێشکی ئێمە پڕە لەم قسانە، تەنانەت هەندێک جار لە زۆری بیستراو و خوێندراوەکان بێزارین، بەڵام یەکێک لە پارامیترە سەرەکییەکانی سوننەت، مۆدێرنێتە یان ئەقڵانییەت کە مەسەلەی ئەخلاق یا بەهاکانە تاڕادەیەک بە تەواوی فەرامۆش کراوە[22]، ئەمە لە لایەک وەکو غەمێکی قوڵ و لە لایەکی ترەوە مەسەلەی ڕۆشنبیر و ئەخلاق دێتە پێشێ، ڕۆشنبیر وەکو نووسین و ئەخلاق.

بۆ لەسەر پێودانگ و بنەما ئەقڵانییەکان بۆ نموونە کاراکتەری ڕۆشنبیر ناتوانرێت ئەخلاق هەبێت وەک بڵێیت ئەخلاقیات یەکێک لە پایەکانی سوننەت و یەکێک لە پایەکانی مۆدێرنیتە نین، وەک بڵێیت تەنانەت لە داهاتوودا یاخۆ لای ڕۆشنبیرانی ئاینی، ئەم چەمکە یا ئەم مەسەلەیە شوێنێکی بەرجەستەی نییە تەنانەت لەگەڵ ڕەونەق پەیداکردنی باسی سیکۆلاریزم و ئەنگێزەی سیکۆلاریزمی لە نێوان ڕۆشنبیرانی ئێمەدا- بەدەر لە چاکی و خراپییەکەی کە لە شوێنێکی تردا پێویستە باس بکرێت لێرەشدا هەم کەمتر باس لە ئەخلاق دەکرێت، لە کاتێکدا کە بێگومان یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی سیکۆلاریزم بەشی ئەخلاقی سکۆلارە، واتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت

سـیکۆلاریزم چاک بناسین بێگومـان گرینگ و پێـویستـە کە ئەخـلاقی سـیکۆلار بناسین و هەروا پێویستـە ئەم مـەسەلەیە بخەینە بەر باس و گفتوگۆ، تەنیا ئاماژە دەکەم کە ئەخلاقی ڕۆشنبیری سیکۆلار لە سوننەت و کولتووری ئاینی ئێمەدا زۆر پڕ لە ئیشکالیەتە و تەنانەت ئەگەر کەسانێک لە ڕووی مـەعـریفی و تیـۆرییـەوە دەخـوازن روو لەولا بکەن لە جـیـاتیی ئەوەی بکەونە سـۆراخی جیـاکردنەوەی ڕۆشنبیری سـیکۆلار لە ڕۆشنبـیری ئاینی، یاخۆ چەند لایەنێکی تر کاراکتـەری ڕۆشنبیر لەبەرچاو بگرن باشتر و ئەقڵانیتر و فەرهەنگیتر و ئاینیترە کە لە سیکۆلاریزە کردنی ئەخلاقەوە یان لە بە ئاینی کردن ئەخلاقی ڕۆشنبیرەوە دەست پێکەن، لەبەرئەوەی سـیکۆلاریزمی ئەخـلاقی جەوهـەری سیکۆلاریزمـە و تەنانـەت لە مـەسـەلەی ئاینی ئەخلاقی و ئەخلاقی ئـاینی بۆ سیکۆلارستەکان گرینگترە، و جدیتر هەروا بە ئیعتیبارێکی تر لۆکاڵی و خودی ترە، ئێمە ئەگەر پرۆژەیەک یا تایتڵێکمان بە ناوی جیاکردنەوەی ڕۆشنبیر لە ئەخلاق لە کولتووری رابردوودا نییە و ئەم مەسەلەیە نەبووەتە مایەی مژوڵکردنی زەینی زانایان و بیریاران و فەیلەسووفان و ڕۆشنبیرانی ئێمـە بە قـووڵی، بەڵام جیاکردنـەوەی ڕۆشنبیر لە ئەخـلاقی ئـاینی واتە تێکەڵکردنـەوەی ڕۆشنبیر لەگەڵ ئەخلاقی سیکۆلار بێگومان یەکێک لە باس و خواسـە جدییەکانی فـەرهـەنگی کەلامـی ئێمـە بووە پایە و پێشینـەیەکی زۆر تۆکمـە و فرەوانی لە فەرهـەنگی ئێمـەدا هـەیە، بەڵام بۆچی لەگەڵ ئەم هەموو وەسف و ستایشـەدا مـەسـەلەی ئەخلاق یا بەهـاکان بەشـێوەیەکی گشـتی پشتگوێ خراوە؟ بۆچی ئێـمـە لە بایەخی ئەوە بێـئـاگـا بووین؟ یان بۆچی ڕۆشنبـیـری کـوردی خـێـرا کـەوتە ژێر کـاریگەریی ئەم جۆرە لە ئەخـلاقـەوە و بوو بـە شـوێنکەوتەی، بەبۆچوونی من چەند هـۆکارێکی تا ڕادەیەک ئاشکرای هەیە:

هۆکاری یەکەم: زاڵبوونی فیکری مارکسیزمی بەسەر کەشی رۆشنبیریی کۆمـەڵگەی ئێمەدا چ رۆشنبیـریی لائیک یاخۆ رۆشنبـیریی ئاینی بووبێت، لە مارکسیـزمدا ئەخلاق بە مەسـەلەیەکی رووکـاری دەژمـێـردرێت، شـتێکی توفـەیلی، پاشکۆ، فـەرعی، پەراوێزی خـۆی لەخـۆیدا بوونێکی سەربەخۆ، یان بە گووتەی مارکسییەکان خاوەن مێژووی خۆی نییە و تێکرای بوون و ماهیەتی ئەو بەندە بە چەند توخمێکی ژێرخانیی ترەوە و ئەگەر ئەوان گەشـەیەکی تایبەتی پەیدا بکەن، ئەخلاقی تایبـەتی خۆشـیـان دەئافـەرینێن بەم پێیە، کۆمەڵگەی فیوداڵی، سیستـەمی فیوداڵی و ئەخـلاقی تایبـەتیی فـیـوداڵی هەیە کـۆمـەڵگەی سـەرمـایەداری، ئەخـلاقی سـەرمـایەداری و، لـەم روانگەیەوە ئەخـلاق بنەمـایەکی وردی نییـە و خـۆی لە خـۆیدا کارا و کـاریگەر نییـە تاوەکو ئێمـە ئاوڕی لێ بدەینەوە، بەتایبـەت ئەگەر ئێـمـە بگەینە بنیات و هۆکـارەکان، ئەوانە ئەخـلاقی تـایبـەت بە خـۆیان بەرهەم دەهێنن، بەم جـۆرە زاڵبـوونی ئـەم کەشـە بەسـەر فـەزای رۆشـنبـیـری ئێـمـەدا بەم شـێـوەیە ئەخلاقی دەرپەڕاند.[٢٣]

بەڵگەی دووەم: بە گـومـانی من ئـەتمۆسـفـێـر و کـەشـی ئاینی و رۆحـانی وڵاتی ئێـمـەیە هـەروەک دەزانن لە نێوان رۆحـانییـەکانی ئێمـەدا کە لـە هـەمـان کاتدا بـە مامۆسـتـای ئەخـلاقی کۆمـەڵگەش

دەژمێردرێن، ئەخلاق پایەی تۆکمە و بەهێزی زانستیی نییە واتە لە کۆمەڵگەی رۆمانی ئێمەدا بەهیچ شێوەیەک تیۆرییەکانی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق باس وخواسیان لە بارەوە ناکرێت، تەنانەت خودی زانستی ئەخلاق هێندە بایەخی پێ نادرێت، لەبەرئەوەی زانستی ئەخلاق هەرچۆنێک بێت زانستێکە و هەرکەس بیەوێت بچێتە ناویەوە پێویستە لە خستنەڕووی تیۆریا و تیۆرناسی پێویست بەهرەمەند بێت بەهەرحاڵ ئەمە کە فەزیلەت و رەزیلەت چییە؟ پێوەری پۆلێنکردنیان کامەیە؟ مانا وردەکانی فەزیلەت و رەزیلەتی ئەخلاقی کامانەن؟ یاخۆ بۆ نموونە ئەمەی کە حەقیقەتی تەوەکول چییە و، وا هەست ناکەم هێندە لایان ئاشکرا بێت ئەخلاق لای رۆحانییەکانی ئێمە بەگشتی هەر ئەم ئامۆژیاری ئەخلاقییەیە کە لەسەر مینبەرەکان باسی لێوە دەکرێت، خەڵک بانگهێشتن بکەن بۆ کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، فەرموودەیەک بخوێننەوە، باس لە تەقوا و خواترسان بکەن، لەم جۆرە بابەتانە و تەنانەت زیاتر و وردتریش لەم مەسەلانە لای زۆربەی رۆحانییەکانی ئێمە پشتگوێ خراوە، چ بگاتە باسە جدی و تیۆریەکانی تر کە پێوەستن بەفەلسەفەی ئەخلاقەوە، کە بە هیچ شێوەیەک نیشانەیەک لە بارەیانەوە لای زۆرینەی رۆحانییەکانی ئێمە بەدی ناکرێت، وێڕای ئەمە لایەنێکی تریش لێرەدا بوونی هەیە ئەویش بریتییە لە زاڵبوونی فیقە، زاڵبوونی فیقە یەکێک لەو زیانانەی لە مەعریفەی دینی ئێمەی داوە کە زیانێکی گرنگە لاواز و سووککردنی زانستی ئەخلاق بووە، چما کە زانستی فیقە دەتوانێت تەواوی لایەنەکانی رەفتاری مرۆڤ روون بکاتەوە و شتێک نامێنێتەوە کە زانستی ئەخلاق لە ئەستۆی بگرێت، واتە لای زۆربەی رۆحانییەکان و شوێنکەوتەکانیان رەفتارەکانی مرۆڤ لەهەر پێنج گوتەزاکەی (حەرام، واجب، موستەحەب، مەکروە، موباح)دا جێگەی دەبێتەوە و دەتوانین لە فیقە کارنامەی فەردی و کۆمەڵایەتی بخوازین، هەربۆیە تەکلیفی رەفتاری تاک و کۆ زانراوە و بەم پێیە ئەخلاق دەخزێنرێتە گۆشەیەکەوە وەک مەسەلەیەکی دیکۆری و لوکسی لێدێت تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا لەبارەی نەگونجانی فیقە و ئەخلاقەوە دەوترێت کە فیقە لە ئەخلاق گرنگترە و ئەمەش شتێکی زۆر گرنگە، تەنانەت فەلسەفەیەکی سەیر و هەڵەی گەورە لای فەقیهەکانی ئێمە هەیە کە ئەگەر پێکەوە نەگونجانێک لە نێوان حوکمێکی ئەخلاقی و حوکمێکی فیقهیدا رووی دا، حوکمە شەرعییەکە گرنگترە و پێویستە رەچاو بکرێت و حوکمە ئەخلاقییەکە دەخرێتە کەنارەوە، دەبێت بزانین رەگ و ریشەی ئەم تێڕوانینە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و بۆچی فەراهەم هاتووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەیە و دەکرێتە پرەنسیپی داوەریکردن لە راستیدا هەموو پرۆژەکەی غەزالی هەرئەمە بوو، ئەو هەستی دەکرد کە ئەخلاق لەژێر پێی فیقهدا پێشێل دەکرێت و هەموو قسەکانی ئەو لە (احیاء علوم الدین)دا ئەمە بوو کە پێویستە ئەم رەوتە ئاوەژوو بکەینەوە.[٢٤]

دواتر ئەگەر لە پێوەندیی نێوان بەها ئەخلاقییەکان و رۆشنبیر ورد بینەوە، دەبینین لە دنیای رۆشنبیریی ئێمەدا پێوەندییەکی لۆجیکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت- هەروەها هەوڵی بە لۆجیکی کردنی ئەم پێوەندیانە نەدراوە و نادرێت- رێژەیی بوونی بەها ئەخلاقییەکان نیشانەیەکی

دیاری پێـوەندیی نالۆجـیکییـانەیە، چ لە نووسین و چ لـە هەڵوێست و چ لە مـەعریفـە و چ بە ژیانی تایبەتی خۆیاندا.

ئەمـڕۆ ڕۆشنبـیـرانی ئێـمـە چ بـە ئاینی و چ بە نـائاینیـیـەوە شـارەزاییـەکی زانسـتـیـان لەباری ئەخـلاقـەوە نیـیــە و بێ ئاگــان لەوەی لە کــوێدا ئەخــلاقین و لە کــوێدا نائەخــلاقین، لە کــوێدا ئازادییـەکانیان سـەری ئەخلاقیـان دەخوات و هـەروەها لە کوێشدا ئەخلاق سـەری ئازادییـەکانیـان دەخوات وەکو ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەستێک، هـەوڵ دەدەین لە باسـی داهـاتوودا و لە باسـی"ئازادی و ئەخلاق"دا لەسـەر ئەم تەوەرە بووەستین.

پەراوێزەکان:
(١) ڕەمـەزان حـەمـە ئـەمـین، فەلسـەفەی ڕۆشنبیری/هـەژان ژمارە:٢٤/ل١٨٤.
(٢) هـ.س.پ/ل١٨٥.
(٣) د. هاشم يحي الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ، دارالكتب العلمية، بيروت - ٢٠٠٧، ص٢٥.
(٤) هـ.س.پ/ ص٢٦.
(٥) پەراوێزی سەرچاوەی ژمارە(١)/ل١٨٦
(٦) بوبر: بحث عن عالم أفضل، هـەمـان سـەرچاوە ، ل ١٠.
(٧) بابەک احمدی/ لە مەڕ ڕۆشنبیر/ و. حسێن ئەدهـەم/ هـەژان ژمارە:٢٤ / ل٣١١
(٨) هـ.س.پ/هـ.ل.پ
(٩) هـ.س.پ/هـ.ل.پ
(١٠) غ. صـدری افشـار، ن. حکمی، فرهنگ مـعـاصـر فـارسـی، ويراست جديد، چاپ ٣، تهران ١٣٨١هـ.ش، ص (٦٨٣).
(١١) پەراوێزی سەرچاوەی ژمارە(١)/ل٣١٣
(١٢) هـ.س. پ٣١٤.
(١٣) هـ.س. پ٣١٤.
(١٤) مودریک عەلی/ ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیران لە هزری یورگن هـابرماسدا/هـەژان:٢٤/ل ٢٤٧.
(١٥) هـ. س.پ/هـ.ل. پ
(١٦) هـ. س.پ/ل٢٤٨
(١٧) هـ. س.پ/هـ.ل.پ
(١٨) مێژووی ڕۆشنبیر بە دیوێکی تردا/ سـەروەر عەبدوڵڵا/ هـەژان:٢٤/ل٢٣٦
(١٩) هـ.س.پ/ل٢٤٤
(٢٠) ئەکرەم عەنەبی/ بوونی بەها ئەخلاقیەکان، پێوەندیە بەها ئەخلاقییەکان/ هەژان: ١٦/ل١٠٣
(٢١) محمد جواد مغنية: فلسفة الاخلاق في الاسلام، دار للملايين، ل (٢٧-٣٣)
(٢٢) عبدالكريم سروش/جامعهٔ مدني و جامعهٔ اخلاقی/ بخشی از سخنرانی
(٢٣) همان منابع/ بخشی از سخنرانی
(٢٤) همان منابع/ بخشی از سخنرانی

# پێشبینییەکانی نەجیب مەحفووز
# بۆ وڵاتی میسر ڕاست دەرچوون

سەمیر جەریس

"وڵات تووشی نەخۆشیی توندڕۆیی بووە، ئەوان دەیانەوێت
بۆ چواردە سەتە پێش ئێستا بمانگەڕێننە دواوە."

ئەم ساڵ لە میسر یادی سەتساڵەی لەدایکبوونی نەجیب مەحفووز دەکرێتەوە، لە کاتێکدا نیقاشێکی گەورە لەبارەی کارەکانییەوە دەکرێت، کە زۆرێک لە سەلەفییە ئیسلامییەکان، مەحفووزیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە بانگەشە بۆ بێ دینی (الالحاد) دەکات و هانی فسق و الرذیلە دەدات. گەر بگەڕێینەوە بۆ کارەکانی مەحفووز، دەبینین ئەمڕۆ پێشبینییەکانی ئەو هەموویان بەرجەستە بوون.

"وڵات تووشی نەخۆشیی توندڕۆیی بووە، ئەوان دەیانەوێت بمانگەڕێننەوە بۆ چواردە سەدە پێش ئێستا دواوە". ئەمە ئەو قسەیە بوو، یان دەتوانم بڵێم ئەو پێشبینییە قووڵە بوو، کە نەجیب مەحفووز لە ڕۆمانی (یوم قتل الزعیم) کردی، کە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپ و بڵاو کرایەوە.

لەم ڕۆمانەیدا، عەمیدی ڕۆمانی عەرەبی، جەختی لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە کردووەتەوە، کە لە ساڵانی حەفتاوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی میسری بووەتەوە، لە پێش هەمووشیانەوە "بەهێزبوونی ڕەوتی توندڕۆیی و شێتگیریی ئیسلامی سیاسی لە میسر". لەم ڕۆمانەیدا مەحفووز باسی ڕەوشی ژیانی میسرییەکان دەکات پێش تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشووی میسر (انور سادات) لەلایەن گرووپە ئیسلامییەکانەوە، هەرچەندە هەر ئەویش (سادات) بوو، کە ڕێگەی بۆ گرووپە ئیسلامییەکان خۆش کرد بەو شێوەیە بەهێز بن، هەروەک خەڵکانێکی زۆر بەمە تاوانباری دەکەن.

دیارە هۆکاری ئەم سیاسەتەی ساداتیش ئەوە بوو، کە دەیویست لە ڕێگەی ئیسلامییەکانەوە، دژایەتی ئۆپۆزسیۆنی تەقلیدیی میسری بکات، کە خۆی لە ڕەوتە چەپەکاندا دەبینییەوە. ئەم ڕەوشە

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

تایبەتییە وای کرد، کە نەجیب مەحفووزیش پەلاماری بدرێ، ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن گەنجێکی ئیسلامییەوە بە چەقۆ پەلامار درا، شانی مەحفووزیی بریندار کرد کە هەتاوەکو کۆتاییی ژیان ساڵی ٢٠٠٦، بەدەست ئەم برینەوە دەیناڵاند. جێگەی گووتنە ئەو گەنجە کاتێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، ئیعترافی کردبوو، کە هیچ رۆمانێکی نەجیب مەحفووزی نەخوێندووەتەوە.

## ١٤ سەدە بۆ دواوە

"هەندێک لە سەلەفییەکان داوای ئەوە دەکەن، کە سیمای پەیکەرە فیرعەونییەکان داپۆشین، ئەوان دەیانەوێت چواردە سەتە بۆ دواوە بمانگەڕێننەوە."

زۆرکەس کاتێک گوێیان لە لێدوانەکانی سەرۆکی ڕەوتی سەلەفی لە میسر دەبێت، ئەو ڕەوتەی کە لە قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی میسریدا، سەرکەوتنێکی بێ ئەندازەو چاوەڕواننەکراوی بەدەست هێنا، یەکسەر ئەم ڕستەیە مەحفووزییەیان بیردەکەوێتەوە. دیارترین ئەم لێدوانانە، ئەوەی سەرۆکی پارتی نوری سەلەفی "عبدالمنعم الشحات" بوو، کە گووتی ئەدەبی مەحفووز (ئەدەبێکە پڕیەتی لە "الرذیلة"[1] و ئەدەبێکە کە زیاتر باسی لەشفرۆش و بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان) دەکات، هەروەها هەندێک لە رۆمانەکانیشی بانگەشە بۆ (فەلسەفەی ئیلحاد و بێباوەڕی و بێ دینی دەکات.) جێگەی گوتنە لە میسر، لە دیسەمبەری ئەم ساڵدا،یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی نەجیب مەحفووز کرایەوە.



بەم شێوەیە (الشحات) حوکمی موگلەقی خۆی لەبارەی کۆی ئەدەبی نەجیب مەحفووز دا. بەڵام ئاخۆ ئەلشەحات ئەدەبی مەحفووزی خوێندووەتەوە؟ بەڵام جارێک ئەم پرسیارە نەبووەتە پرسی سەرەکی، چونکە کەس سەلەفییەکانی لەبەر ئەوە هەڵنەبژاردووە، هەروەک رۆماننووسی میسری (سحر الموجي) دەڵێت:

" ئێمە ئەوانمان بۆ ئەوە هەڵنەبژاردووە هەتاوەکو دیدی خۆیانمان لەبارەی ئەدەب و نووسەرانەوە پێ بڵێن، بگرە بۆ ئەوە هەڵمان بژاردوون هەتاوەکو میسر لە بوارەکانی (پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و بەگژاچوونەوەی هەژاری) پێش بخەن."

بەڵام ئاخۆ ئەوان بەرنامەیەکی لەو شێوەیەیان هەیە ؟. ئەمە پرسیاری گرینگ و پرسی سەرەکییە. جێگەی گوتنە هێرشکردنە سەر ئەدەبی نەجیب مەحفووز شتگەلێکی تازە نییە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٩ رۆمانی (أولاد حارتنا) بڵاو کرایەوە، کەتا ماوەیەکی زۆر لە میسر قەدەغە کرابوو، ئەویش بەهۆی ئەو جەدەلە دینییەی کە لەبارەی ئەم رۆمانەوە بەرپا بوو. هەروەها کاتێکیش کە ساڵی ١٩٨٨ مەحفووز خەلاتی نۆبلی وەرگرت، ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وایان ئیدعا دەکرد، کە ئەم خەلاتە (بەشێکە لە جەنگی خاچپەرستی نوێ دژ بە گێتیی عەرەبی.) هەروەک رەخنەگری میسری (جابر عصفور) لە کتێبەکەیدا "زمن الروایە" دەڵێت.

بەڵگەشییان بۆ ئەم دیدیە ئەوەبوو، ئەم خەلاتە تەنیا دەدرێت بەو رۆمانانەی کە (نووسەرەکانی لە زۆربەی کارەکانیدا لە عەقیدەی ئیسلامی دەردەچێت.) ئێستاش بەهەمان شێوە ئەم جەدەلە دیسانەوە لە کاتی ئاهەنگگێڕانی میسر لە یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی (عمید) رۆمانی عەرەبییەوە، دووبارە بووەتەوە. جێگەی گوتنە نەجیب مەحفووز تاکە ئەدیبی عەرەبییە کە خەلاتی نۆبلی وەرگرتووە. بەڵام ئاخۆ لە میسر لە ماوەی داهاتوودا، لە پاش بەدەستهێنانی ڕەوتی ئیسلامی زۆرینەی دەنگەکانی ناو پەرلەمانی میسری، دەبێتە هۆی بزربوونی بەشێک لە کارەکانی مەحفووز؟ یاخۆ بەر هەڵمەتی چاودێری (ئەخلاقی) دەکەوێت و کە ئەمەش وادەکات هەندێک لە دیمەن و یان پەرەگرافی رۆمانەکانی ببڕێت و نەهێڵن بڵاو بکرێتەوە؟

هەروەک چۆن پێش چەند ساڵێک کاتێک دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە ویستی رۆمانێکی (احسان عبدالقدوس) چاپ بکاتەوە، دەزگای چاودێری دەستی کرد بە "ڕێکوپێککردن!" و لابردنی هەندێک دیمەنی ناو رۆمانەکە، کە بە دڵی ڕەوتە کۆنەپارێزەکان نییە. یان تۆ بڵێیت کار بگاتە ئەوەی کە رۆمانەکانی مەحفووز لە مەیدانێکی گشتیدا بسووتێنرێت، بەناوی ئەوەی کە ئەم کتێبانە بانگشەی (فسق و الرذیلة) دەدەن؟.

## تۆڵەسەندنەوە پاش قۆناغی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن

(سعید الکفراوي) کە چیرۆکنووسێکی چەپە و رۆماننووسی میسریش (ابراهیم عبدالمجدي)یش پشتگیری دیدەکانی دەکات. (سەعید کفراوي) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی (دۆیتچە ڤێلە) دەڵێت:

(میسر لەم قۆناغەدا، کە ڕەوتە سەلەفییە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بە یارمەرتی و پشتگیریی وڵاتانی نەوتی [٢] زاڵ بوون، ناتوانێت دیدگایەکی وەکو دیدگایەکی مەحفووزی هەبێت، دیدگایەک کە رۆشنگەر بێت و بتوانێت ئەو پرسیارانە بکات، هەروەک چۆن نەجیب مەحفووز پێش

٤٦ ساڵ کردی.)

هەروەها کفراوی پێی وایە: (ئەمڕۆ ئیسلامییەکان هاتوونەتە سەر کار و ڕۆحێکی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە، کە دەیانەوێت تۆڵەی ساڵانی پێشوو بکەنەوە.) ئەو ساڵانەی کە ڕەوتی ئیسلامی کەوتنە بەر هەڵمەتێکی چەوساندنەوە و لەناوبردن و پەراوێزخستن، تەنانەت هەندێک لە ئەندامانیشیان تووشی سزای لەداردان بوونەوە، بۆ نموونەوە وەکو (سید قطب). هەر ئەمەش هۆکاری ئەو لێدوانە نابەجێیانەیە کە ئێستا گوێمان لێیان دەبێت، کە (داوای ئەوە دەکەن کە هەندێک پەیکەر لەناوببرێت و دەست بەسەر ئەو کارانە بگیرێت کە هەڵگری هەناسەیەکی ئازادیی بەخشن)

پاشان کفراوی لە لێدوانەکەیدا بۆ کەناڵی دۆیتچە ڤیلە دەڵێت:

(نەجیب مەحفووز خاوەنی توانایەکی بەهێز بوو، کە دەیتوانی پێشبینیی خۆی بۆ داهاتوو هەبێت. نەجیب مەحفووز یەکێکە لەو نووسەرە گەورانەی کە لە ڕێگەی خوێندنەوەمان بۆ کارە سەرەتاییەکانی، چەند ئاماژەییەکی بنەوانی گرینگی تێدا بەدی بکەین، لەبارەی بەهێزبوون وگەشەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە میسر. بەدڵنیاییەوە ئەو خوا لێی خۆش بێت، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە پێشبینی داهاتوویان دەکرد.) بەڵام (ابراهیم عبدالمجید) لە لێدوانێکی بۆ کەناڵی دۆیتچە ڤێلە دەڵێت:

ئەلشەحات "سەرۆکی پارتی نوری سەلەفی" کەسێکە تەنیا شەیدای ئەوەیە خۆی بکاتە ئەستێرەی میدیاکان. من کاتێک ئەو دەبینم پێکەنینم پێی دێت، چونکە من وا هەست دەکەم کە ئەو پیاوێکە لە مێژووی کۆنەوە هاتووە. لەبەر ئەوە پێویستە زۆر بە توندی بەرپەرچی قسە و نووسین وکارەکانی بدەینەوە. هەربۆیە پێویستە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی نەجیب مەحفووز، زۆر گەورە و مەزن بێت."

پاشتر (ابراهیم عبدالمجید) پێشنیازێک بۆ ڕێکخراوە رۆشنبیری و ئەهلییەکان دەکات، کە فیستیڤاڵێکی هەفتانە ڕێک بخەن، کەتێیدا هەموو فیلمەکانی نەجیب مەحفووزی تێدا نمایش بکرێت. بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بەرپەرچی ئەم دەبەنگییە فکرییە بدەنەوە.

## پێشبینییەکانی مەحفووز

کاتێک چاوپیاخشانێک بۆ ڕۆمانەکانی مەحفووز دەکەین، یەکسەر بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندە مەحفووز لە پێشبینیکردن و خوێندنەوەی داهاتوودا بەتوانابووە. جێگای گووتنە عمیدی ڕۆمانی عەرەبی، لە زۆربەی کارەکانی باسی ڕەوتە دینییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە کردووە، ئەو توانیویەتی وەسفی کەسایەتی (ئیخوانیی، توندڕەویی دینی و سیاسی) بکات. لە ڕۆمانی "القاهیرة الجدیدة" کە لە ساڵی ١٩٤٦ نووسیویەتی، بە جوانی وەسفی کەسایەتی ئیخوانی لە ڕێگای "مامون رچوان" کردووە. هەروەها وەسفی کەسایەتی مارکسی لە ڕێگای کەسایەتی "عەلی

تەها" وە کردووە. ئەو دێت هەڵسەنگاندنێک لە نێوان ئەم دووانەدا دەکات و دەڵێت:

"مامۆستا مأمون لەناو ئەفسانە کۆنەکاندا غەرق بووە، عەلی تەهاش لە ناو ئەفسانە تازەکاندا غەرق بووە." . جێگای گووتنە لە زۆربەی بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا، مەحفووز بە شێوەیەکی باش وەسفی کەسایەتی ئیخوانی کردووە، زۆر سەری سوڕماوە بە ڕاستگۆیی و ئازایەتی مامۆستا مەئمون.

هەروەک جابر عصفور لە لێکۆڵینەوەکەیدا (في مواجهة الارهاب) دەڵێت، لە چاپە ئەڵمانییەکەی ڕۆمانی "يوم قتل الزعيم"دا و لە ڕۆمانی (خان الخليلي) کە لە ساڵی ١٩٤٦ نووسیویەتی، ئەحمەد عاکف (کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکەیە.... وەرگێڕ)، کەسێکی نەریتپارێزە و ڕووبەڕووی ئەحمەد ڕاشد دەوەستێتەوە، کە کەسێکی مۆدێرنە و حەز دەکات (عەقڵ لە وشکی و وەستان ئازاد بێت). بەڵام لە ڕۆمانی "السكرية" کە لە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتی و بەشی سێیەمی سێ ڕۆمانە مەزنەکەیەتی (قصر الشوق، بين قصرين، السكرية). لەم ڕۆمانەدا مەحفووز دێت جیاوازی نێوان هەردوو برا عەبدولمونعیم (ئیخوانی) و ئەحمەد شەوکەت (مارکسی) دەکات، کە لە ناوەڕاستی ئەمانیشدا (كمال عبد الجواد) دەوەستێت، کە ئەم کەسایەتییە زیاتر گوزارشت لە بۆچوونی خودی مەحفووز دەکات.

## (سید قطب) لە ڕۆمانی "مرایا" ی مەحفووزدا

لە ڕۆمانی "المرايا" کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا نووسراوە، مەحفووز باسی کۆمەڵێک کەسایەتی دەکات، کە سەر بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسین، لەم کەسایەتییانەدا کەسانی موسڵمانی پاک و بێگەردی تێدایە، هەروەها کەسایەتیی توندڕۆی تێدایە، کە دیدیان بۆ دین تەنیا وەکو ئەرک و فەرمانێکی خوایی دەبینن، هەروەها تێشیدایە کە بازرگانی بە دینەوە دەکات. دیارترین کەسایەتی ناو ئەم ڕۆمانە خۆی لە کەسایەتیی (عبد الوهاب اسماعيل) دەبینێتەوە، کە ڕێک گوزارشت لە سەرۆکی ئیخوانی (سيد قطب) دەکات، کەلە ساڵی ١٩٦٥ دا لەدار درا.

مەحفووز نکووڵی لە سەرسامانی خۆی بە توانای ئیسماعیل لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ناشارێتەوە، بەڵام ڕقی لە توندڕەوییەکەی و تۆمەتبارکردنی تەواوی کۆمەڵگە بە جەهل دەبێتەوە. هەروەها ڕقی لە دیدی ئەوە بۆ شارستانی ڕۆئاوا کە بە (شتێکی پیسی دادەنێت و بە پێویستی دەزانێت کە خۆمانی لێ دوور بخەینەوە). لەم ڕۆمانەدا باس لە حاڵەتێک دەکات، کە نووسەرێکی قبتی کتێب بە دیاری دەداتە ئیسماعیل، کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێک وتار، هەرچەندە ئیسماعیل زۆر کتێبەکەی لا باش دەبێت، بەڵام نایەوێت هیچ شتێک لەبارەیەوە بنووسێت چونکە (هیچ باوەڕی بە خەڵکانی سەر بە ئاینەکانی تر نییە، هەروەها نایەدوێت قەڵەمێک بە خەڵکی بناسێنێت، کە بۆ بەیانی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی بریندارکردنی توراسی ئیسلامی بدات.)

دامەزرێنەری ڕۆمانی عەرەبی: نەجیب مەحفووز (١٩١١/٢٠٠٦)، لەم ڕۆمانەدا باسی

هەلپەرستی کەسایەتی (عبدالوهاب اسماعیل) دەکات، کە وتارێکی نووسیوە وەسفی خاوەنی دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەیەک دەکات، چونکە پێشتر ئەم کابرایە لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەو، پاداشتێکی گەورەی پێ داوە کە پێشتر هیچ نووسەرێک پاداشتی وای وەرنەگرتووە. بەڵام کاتێک ئیسماعیل دەگیرێت و لە زیندان ئەشکەنجە دەدرێت، داخراوتر دەبێت و کاتێک لە زیندان ئازاد دەکرێت، دەست دەکات بە هێرشکردنە سەر زانست و دژی دەوەستێتەوە، چونکە هەروەک خۆی دەڵێت: (ئێمە نەمانتوانی لە بواری زانستدا هیچ داهێنانێک بکەین، ئێمە خاوەنی هێچ جۆرە پەیامێکی زانستی نین تا بیدەین بە جیهان، بەڵام ئێمە پەیامی ئیسلاممان هەیە.)

مەحفووز کەسایەتییەکانی بە ڕەش و سپی وەسف نەکردووە، ئەو نەهاتووە ئیسلامییەک بە باش دابنێت و مارکسییەکیش بە پیس و قێزەون وەسف بکات، بگرە بە پێچەوانەوە. بەڵام ئەم ڕۆماننووسە بەڕێزە، لە زۆربەی کارەکانیدا لایەنگری مۆدێرنێتە و کاری عەقڵانی و دژی بازرگانیکردنە بە ئاین. جێگەی گوتنە پێشبینییەکانی مەحفووز ڕاست دەرچوون، کاتێک کە پێشبینیی ئەوەی کرد، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە میسردا ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەسەر ڕەوتی عەلمانی زاڵ دەبێت، هەروەک لە زاری ئەحمەد شەوکەت لە ڕۆمانی "السکرية" باسی دەکات:

"بە تەجروبە بۆم دەرکەوتووە کارێکی زۆر زەحمەت نییە کە قەناعەت بەرۆشنبیرەکان بکەم، کە ئاین مانای خورافاتە، و هەموو شتێکی غەیبی وەکو مادەیەکی هۆشبەر و تاریکی دەگەیەنێت، بەڵام زەحمەتە لە شوێنێکدا بەم زمانە لەگەڵ خەڵکی بدوێیت و باسی ئەم دید و بۆچوونانەیان بۆ بکەیت، گەورەترین تۆمەتیش کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەکەمان دەبێتەوە ئەوەیە، کە بە ئیلحاد و کوفر تاوانبار بکرێین."

کاتێک کە دووبارە کارەکانی مەحفووز دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پێویستیمان بە کتێبەکانی هەیە، و چەندەش عەمیدی ڕۆمانی عەرەبی پێشبینییەکانی ڕاست و دروست دەرچوون. زۆر کەس کاتێک کە کتێبەکانی مەحفووز دەخوێننەوە، وا هەست دەکەن کە باسی میسری ٢٠١١ دەکات، چونکە ئەمڕۆ هەوادارانی عەلمانییەت و دەوڵەتی مەدەنی، بە کافر و ئیلحاد تۆمەتبار دەکرێن.

سەرچاوە: سایتی دۆیتچە ڤیلە

پەراوێزەکان:

١. الرذيلة، تۆمەتێکی ئاینییە، کە زیاتر مانای هیچ وپووچی و بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و بێ ئەخلاقی دەگەیەنێت. ئەم دەستەواژەیەش زیاتر ئیسلامییەکان لە دژی هێزە لیبراڵ و عەلمانییەکان بەکاری دەهێنن.

٢. لێرەدا مەبەستی لە وڵاتانی کەنداوە بەتایبەتی عەرەبستانی سعوودیە، کە پشتگیری ڕەوتە سەلەفی و ئیسلامییەکانیان دەکرد و دژی هێزە لیبراڵ و دیموکراتەکان بوون.



فایلی شێوەکاری

# ناز عەلی.. ڕەنگی شین زەمانێکە خۆی ئاشنا کردووە بە ڕەنگی غەم و ژان و بێهیوایی

ئامادەکردنی: ڕۆستەم ئاغالە

یەکەم جارە ئاستی نیگارکێشانی شێوەکارێکی گەنج سەرنجم ڕاکێشێ و کاتێکی زۆر بمێنمەوە بەرامبەر بەکارەکانی، ئەوەش کاری پەپوولەبارانی نازە – خانە بوو لە شاری کۆیە.

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ هاوسەرەکەم بۆ پیرۆزبایی چووینە ماڵە تازە بووک و زاوایێ لە کۆیە ئەویش هاوڕێم (ڕێبین و نازەی هاوسەری بوو) کتوپڕ چەند دەرزەنێ تابلۆی ڕەنگی چەور کەوتە بەرچاوانمان. پەپوولەی شین، پەپوولەی باڵڕەنگین. کارەکانی وەک فۆرم و ڕەنگ و ناوەڕۆک، سەرکەوتوو و بەمانا و قووڵ خۆیان دەنواند، لەناو هونەرمەندانی هەرێمەکە نەناسراوە و تا ئێستا ئەو پێشکێشی نەکردووە. ئەزموونی ئەو کیژە لە هونەر کەمە و خوێندنی ئەندازیاریی کۆمپیوتەری تەواو کردووە، نەک هونەرە جوانەکان و لە خێزانەکەشیاندا شێوەکار نەبووە هەرچەندە هاوسەرەکەی شێوەکارە و مامۆستای هونەرە (ڕێبین چالاک)، بەڵام نازە بەر لە ناسینی ئەو نیگاری کێشاوە. زۆر بەقووڵی بە عیشقی ڕەنگ و فڵچە خۆی نوقمی نیگارکێشان کردووە. بەراستی ئەو توانایانە خۆڕسک و خۆپەروەردەکردنیان ناوە. خۆت و خۆت، خۆت و توانا بیر و ئەزموون وەرگرتن لە مامۆستایەتیی خۆت، سەرسامیی من لەوەدایە، ئەو خوێندکارانەی چوار پێنج ساڵ ڕەنگ و هێڵ دەخوێنن زۆریان نازانن ڕەنگی چەور لە بازاڕ بکڕن وە لەپاش دەرچوونیاندا بە ڕێککەوت ناکەونە بەردەم نیگارکێشان. هەڵبژاردنی توخمێکی وەک پەپوولە لەلای نازە پرسیار و ئەندێشەی خۆی هەیە. پەپوولە وا ناسراوە پێچەوانەی دڕندەییە، پەپوولە نازدار و خۆشەویستە،

پەپوولە پڕە لە ڕەنگ و جووڵەی بەهەشتی و چواندنی بە گیان و ناوی فریشتە و ڕۆحی بەهەشتی و ڕۆحی شەهید و وەسپی جوانی ژنانە، پەپوولە بیری ئازادی و سەربەخۆبوونت لا دروست دەکات.

لای هەموومان کاتێ پەپوولەی سەر گەڵا و گوڵ و نیگار و وێنە جووڵاوەکان دەبینین خۆزگە بەبوون بە پەپوولە و مردن لە پێناو بوونە پەپوولە دەخوازین... تەنیا ئەو مرۆڤانە بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەن کە لەو کاتە پەلاماری پەپوولەکان دەدەن. بێگومان نازە خۆی بەشێکە لە خو و بیر و ئەندێشەی پەپوولە.... ئەو تێکەڵبوون و خۆدۆزینەوەش بووەتە توانای داهێنان و سەرکەوتنی لە کێشانی تابلۆی پەپوولەکان. لێرە سەرنج و خستنە ڕووم تەنیا بۆ پەپوولەکانیەتی.

هارمۆنی ڕەنگی شین شەپۆلێکی لە ڕەنگی شین دروست کردووە، بەبۆچوونی خۆم دەبوو (ڕەنگی شین هێمای ژن بوایە نەک سووری ئاڵ) ئەوڕۆکە ڕەنگی سوور کە بووەتە هێما بۆ ژن لە هێزی ڕاکێشانی سێکسییەوە هاتووە نەک هێزی لەشولار و کار و کردارەوە. دیارە هێزی سەرنج ڕاکێشانی ڕەنگی سوور لەلای گیاندارانیش کاریگەری خۆی هەیە بۆ ڕاکێشان و بوونە بەداوی عیشقی هەوەسبازانەی مێیینە.

دیارە ئەو هێمایەش پیاو هەڵی بژاردووە بە جیهانی کردووە پیاو شین و ژن سوور. ژن گەرم پیاو سارد، ژن ڕەنگ و پیاو هێڵ، بەڵام ڕەگەزی فسیۆلۆجیی دروستبوونی کۆرپەلە، لەپاش لەدایکبوونیشەوە هەر مێیینەیە نەک نێرینە. لە سەرەتادا بە ڕەنگی سارد و بە ڕەگەزی نێگەتیڤ پێناسە دەکرێ. بۆیە من ڕەنگی سارد بە ڕەسەنی توخمی ژن دەبینم، ئەگەر لێرەدا دەربڕینم جیاواز بێ لە خەڵکانیش ئەوە بۆچوونی خۆمە. بۆیە پەپوولەکانی ئەو خاتوونە بە گوزارشتی مێیینە دەبینم و خودی خۆی نیگار کێشاوە هێما ڕەسەنەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. ڕەنگی شاپەڕی باڵ پانتایی کاری نازە یەکپارچە شینە. ڕەنگی شین دەبێ لای نازە چی بێ؟ ئەو پرسیارە سادە و گێژانەیەم لە خۆی نەکردووە، بەڵام وەڵامەکەی ها لە تابلۆکانی دەخوێنمەوە. ڕەنگی شین زەمانێکە خۆی ئاشنا کردووە بە ڕەنگی غەم و ژان و بێهیوایی. لە کوردەواری ڕەنگی شین بە مانای شین و شەپۆر دێ، شینی بۆ دەکەم. شین دەگێڕێ و خۆم لە قوڕەشین هەڵدەکێشم. لەشی شین و مۆر بووەتەوە لە ترسان. لێرە مانای ڕەنگی شین لە کوردەواری جوان دەربڕینی بۆ کراوە.

بیکاسۆ لە ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٤ بۆ ئەو قۆناغی خۆساغکردنەوەی بوو بۆ دۆزینەوەی شێوازێ کە بە (قۆناغی شین) ناسراوە. کە لای ئەو شین هێمای ڕەشبگیری و غەم و پەژارە و رووخان بووە، لەوانەشە زیاتر ڕەخنەگرەکان زۆریان پێوە نابێ و بیکاسۆ کەمتر لەو پەنایەوە بۆی چووبێ، خۆشم چوونم وایە کە زیادەڕۆیی نەکەم لەسەر نازە و زۆر شتی لە خۆی زیاتر نەڵێم. چونکە هونەرمەند زۆر شت لەخۆوە دەکات و لە پاشان دارشتن و بۆچوونی بۆ دەکرێ لەوانەیە نازە ئەو پەپوولانەی نە ڕاو کردبێ نە عاشقی ژیانیان بێ. بگرە هونەرمەند وەک بابەت و ڕەگەزی کار وەری دەگرێت و کاری لەسەر دەکات. لە پاشان لەوانەیە بێتە ناو دنیای زانیاریی بوونەوەرەکە یا فۆرمەکە.



گری عشقی پەپولە باران - 2011









2011 رەنگی چەور- 1 00 x50





200 x250 cm 2011 - پولەی شەوان



بەشێك لە تلبلۆی پەپولەی شەوان



35x50 رەنگی چەور- 2010



بەشێك لە تابلۆی پەپولەكانی شەو



80x 60 سم بەشێك لە پەپولەی شەوان - 2011



پەپولەیەك لە بەیاندا - -2011- رەنگی چەور 50 x70 سم



پەپولەکانی شەو        رەنگی جەور        2011



# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

## پێشەکیی وەرگێڕی کوردی

لەبارەی نووسەر ئەنیس مەنسوور

ئەنیس مەنسوور–ی نووسەری ئەدەبی و فەلسەفەئامێز و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی میسری، ١٨ ی ئۆغستسی ١٩٢٤ لە گوندێکی سەر بە شاری ئەلمەنسوورەدا لەدایک بووە، ئامادەییی بە یەکەمی، بەسەر هەموو قوتابیانی میسری ئەو ساڵە بووە، ١٩٤٧ بەڵگەنامەی لیسانسی بەسەرکەوتوویی لە فەلسەفە بەدەست هێناوە. خۆی بۆ نووسین و ڕۆژنامەنووسی تەرخان کردووە. لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا ژیاوە و دۆستایەتیی لەگەڵدا بووە و هەروەها دۆستی ئەنوەر ئەلساداتیش بووە. چەند زمانێکی وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و لاتینی و فرەنسی و ڕووسی فێر بووە، بەمەش توانیویەتی شارەزایی لە ڕۆشنبیری و کەلەپووری گەلێک لە گەلان پەیدا بکا. گەلێک کتێبی بیرمەندان و شانۆنامەی وەرگێڕاوە و بە زۆر شوێنی جیهانیشدا گەڕاوە و کتێبی گەشتیاریی داناوە. چەندین پاداشتی بەدەست خستووە و لە شاری مەنسوورەدا پەیکەری بۆ دروست کراوە. سەرنووسیاریی چەندین کۆوار و ڕۆژنامەی کردووە.

سەرلەبەیانیی ٢١ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

وەک ئەوەی کتێبی وەرگێڕاوی زۆرن، کتێبی دانراوی جۆرەوجۆریشی زۆرن. چەند کتێبێک لەمانە لەبارەی ئەو سەیروسەمەرانەوەیە کە پرسیارگەلێک دەورووژێنن و تا ئێستا ئەو زانستە پێشکەوتووەی لە ئارادایە نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە. ئەو کتێبانەی وەک: نەفرەتی فیرعەونەکان، ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین، مێژوو کەڵبە و نینۆکە و ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان، کە ئەمەی دواییان ئەمەیە کە دەیخەینە بەردەستتان.

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە


ئەنيس مەنسوور

لەبارەی ئەم نووسینەوە

ئەمە یەک لەو کتێبانەی ئەنیس مەنسووری نووسەری میسرییە، وەک لە هەندێک لە کتێبەکانی تریدا کردوویەتی، لە هەڵێنجانی ئەو زانیارییانەیدا کە لە کتێبەکەدا بەکاری هێناون، پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی زانستی و ئارکیۆلۆجی و مێژوویی و فەلسەفی و هی تر بەستووە و تێکەڵ بەبۆچوونی هەندێک نووسەری تری جیهانی و هی خۆیی کردووە و ئەو پرسیارە بێ ئەنجامانەی هەندێکیان زانستی پێشکەوتووی ئێستاش نەگەیشتوونەتە ئەوەی وەڵامیان بدرێتەوە لە ڕەوتێکی بیرمەندانەی تایبەتدا ڕێک خستووە و گەیاندوویانیەتە ئەنجامێک کە لەو بڕوایەدایە بوونەوەران، یان مرۆگەلی لەمانەی سەر زەویی ئێستامان ژیرتر و پێشکەوتووتر، یان لە سەرەتاوە لەسەر زەوی بوونە، یانیش لە ئەستێرەکانی تری گەردوونەوە هاتوون و دواتر بە هەر هۆیەکەوە بێ گەڕاونەتەوە ئاسمان.

بێگومان کە نووسەر ئەمە دەکا، بەبێ مەبەست نایکا، بگرە وەک گوتمان بیر و بۆچوونی خۆشی تێکەڵ بە ڕەوتەکە دەکات و بەوەی کە ئەو ڕووداوانە دەبێ شی بکرێنەوە، شییان دەکاتەوە و لێکدانەوەیەکیان بۆ دەکا، کە بەلای خۆیەوە ڕاستن. دیارە نووسەرە جیهانییەکانی تریش هەرکەسە و مەبەست و بیر و بۆچوونی خۆیان هەر بە نووسینەکانیاندا دەئاخنن.

ئیدی بەڵام چ وەک زانست یان نیمچە زانست یان وەک چیرۆککگەلێکی ئەفسانەئامێز بخوێنرێنەوە لە سوود و چێژ خاڵی نین.

حەزیشم کرد ئەوە بڵێم، ئەم وەرگێڕانەم لە چاپی پازدەمی ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەنجام دراوە، کە لە " دار الشروق " ی قاهیرەدا بڵاو کراوەتەوە.

وەرگێڕی کوردی

*

## پێشەکیی نووسەر

لەسەر هەوردا بووین، لە ڕێگەماندا بەرەو هیوستن کە کەشتییە ئاسمانییە ئەمریکاییەکانی لێ بەرز دەبنەوە...لە فرۆکەدا، بیابانێکی سوور و ڕووتەنمان لە ژێردا بوو.. تەواوێک وەک زەویی مەریخ.. جاروبارێکیش شتێکی بچووکی بریقەدارمان دەبینی ڕادەکا... ئەوە یەک لە ئۆتۆمۆبێلەکانە... یەک لە ملیۆنەها ئۆتۆمۆبێل و... هیچ شتێکی لەمانەش لەسەر ڕووی مەریخدا یان لەسەر هەر ئەستێرەیەکدا لەوانەی دەیانناسین نییە... ئینجا درەختەیلی سەوز... کێڵگە و دارستان و... لە هاوسێکەمم پرسی کە زانایەکی ئاسمانیی میسری، د. فارووق ئەلباز بوو: پێم بڵێ:

گوتی: چی؟..

– دەڵێی چی تەنیا من قسە بکەم و تۆ هەر گوێ بگری؟

– لاریم نییە. بە خوا ئەمڕۆ لە ئاخاوتن ماندوو بووم...

– من تەنیا دەمەوێ زانیارییەکانم دەربخەم و تۆ دەبێ قسەکانم ڕاست بکەیتەوە... ڕەوتەکەم ڕاست بکەیتەوە، هەر وەک لەگەڵ کەشتییە ئاسمانییەکان دەیکەن، کە بەرەو مانگ، یان هەر ئەستێرەیەکی تریان دەنێرن..

– تەواوێک ئامادەم..

وەک هەموو خوێندکارێکی بەردەمی بەڕێوەبەر خۆم ڕاست کردەوە، دەڵێم: کتێبێکم بەناوی " ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین " ەوە دەرچوو. ئەمەش یەکەم کتێبە بەزمانی عەرەبی بابەتێکی بەبایەخ باس بکا، ئەوەش ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەستێرەکانی تر هاتوونەتە سەر زەوی و شوێنەواریان لێرە جێ هێشتووە و.. ئێمەش دوای دەیان هەزار ساڵ هاتین و ئەم ڕاستییەمان دۆزییەوە.

– تەواوە.

– تا نەشچووینە ناو سەردەمی ئاسمانەوە، نەمانتوانی ئەم ڕاستییە بزانین.. واتە کە مانگۆکە دەستکردەکانمان هەڵدا و.. لە دەوری زەویمان دانان بسووڕێنەوە و.. وێنەی زەویمان لە سەرەوەڕا گرت و.. وێنەی هەسارەکانی تر و خۆر و ئەستێرانیشمان لە سەرەوەڕا گرت.. ئەوجا مانگۆکە دەستکردەکانمان کردە ئێستگەی ئاسمانی و لێیانەوە کەشتیگەلی ترمان بەرەو مانگ هەڵدا و لە بانیدا دامانگرتن.. ئەوجا کەشتیی ترمان کردە بنکە بۆ هەڵدانی کەشتیگەلی تری بەرەو زەوی و بەمجۆرە مانگ ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک ئەم بنکەی هیوستنەی لێ دێ.

– ڕاستە..

– هەروەها چووینەوە سەر هەموو ئەو کتێبە کۆنانەی باسی شتگەلی سەمەرەیان دەکرد و تێیان نەدەگەیشتین.. ئینجا کتێبەیلی ئەفسانە کۆنەکانمان سەرلەنوێ خوێندەوە و ڕوانیمان واتەی نوێمان بۆ دۆزیونەتەوە..

– ڕاستە..

– بۆ نموونە کتێبی " تەورات " و بەتایبەتی کتێبی[1] حزقیال.. ئەو پێغەمبەرە جووەی پەسنی کەشتییەکی ئاسمانی کردووە، هەزاران ساڵ بەر لەوەی بە کەشتییە ئاسمانییەکان بزانین، نزیک بەغدا لە بەردەمیدا هاتووەتە خوارێ.. کە زانایان ئەمەیان لێکدایەوە حزقیال دیبووی.. گوتیان پێشبینییە.. واتە ئەوەی دیویەتی دواتر دێتە دی.. بەڵام کە چووینە ناو سەردەمی ئاسمانییەوە درکمان بەوە کرد ئەوەی بینیویەتی بە ڕاستی ڕووی داوە و.. کەشتییەک لە بەردەمیدا هاتووەتە

خوارەوە و پێشەنگانێکی ئاسمانییان لێ دابەزیون بە خوودە و جلکە بریقەدارەکانیانەوە و ئەو پەسنێکی زۆر وردی کردوون.

– ڕاستە.. تا ئێرە قسەکانت ڕێکن...

– خۆ ئەگەر بشچینەوە سەر ئەو داستانە بابلییەی بەناوی " گلگامش " بەناوبانگە، دەبینین کە سواری یەک لە کەشتییە ئاسمانییەکان بووە و ئەگەر خوێندنەوەی کتێبی ئەخنووخ ـ ی پێغەمبەرمان دووبارە کردەوە دەبینین سواری یەک لە کەشتییە ئاسمانییەکان بووە و لە هەسارەیەکەوە چووە بۆ هەسارەیەکی تر.. بۆ حەوت هەسارە و.. هەروەها کتێبە هیندییە کۆنەکانیش باسی کەشتیگەلی ئاسمانیی (ئەستوونیفڕ) کردووە.. ئەوانەی وەک هەلیکۆپتەر بە بزوێنە فیشکەدار(نەففاسە Jet – ) مکانیان بەرز دەبنەوە و.. ئەگەر لە کتێبە کۆنەکانیشدا لەبارەی تۆفانمان خوێندەوە و.. ئەگەر گەڕاینەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو تەقینەوانەی ناوە ناوە و ڕێکوپێکانەی دوو شاری سەددووم و عەموورەیە، دەزانین کە تەقینەوەیەک لەسەر زەویدا بووە و.. ئەم تەقینەوەیەی کۆکراوە ئەتۆمییەکان ئۆقیانووسەکانی وورژاندووە و لافاو زەویی داگرتووە و.. تەنێکی ئاسمانی لە زەوی نزیک بووەتەوە و ئاوەکەی هەڵکێشاوە و گۆی زەویی خنکاندووە و.. ئەگەر بچینەوە سەر هەموو ئەفسانە گریکی و فیرعەونییەکان.. دەبینین لە گەردووندا نهێنیگەلێک هەن (پەی) مان پێیان نەبردووە.. ئەوجا خەڵکانێک هەن قووچەکەکان " هەرەمەکان " دەپەرستن، وەک کۆگایەکی نهێنیی گەردوون و چڕکراوەی ژیری " حیکمەت " ی ئاسمانی و.. قووچەک بەخۆی ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەر پەرجووی هەموو سەردەمانە و.. ئەوەی هیرۆدۆت گوتوونی و ئەو گۆئاگرینانەی لە میسر و لە ئاسمانی میسردا دیونی بەرز بوونەتەوە و نزم بوونەتەوە و ئەوەی زێوانەکان توانیویانە " ناوچەی نەمانی سەنگ " بزانن و توانیویانە تەنیا بە ڕوانینی ڕووتی لە دوورەوە شتەکان بجووڵێننەوە، یان بە جووڵاندنەوەی پەنجەکانیان لە دوورەوە.. هەموو ئەو شتانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن فیرعەونەکان گەلێکیان زانیوە و گەلێکیشیان لە مرۆڤایەتی شاردووەتەوە...

– لەم ساڵانەی دواییدا زانایانی ئاسمان هەموو ئەمانەیان گوتووە.

– لەمەش پتر ئەوەی زانایانی سۆڤیەت تەنانەت ساڵی ڕابوردوو پێی گەیشتوون. پەنجا ساڵ لەمەوبەر تەقینەوەیەک لە سیبیریا بووە، دارستانی سووتاندووە و ماڵانی ڕووخاندووە و چەند ڕۆژێک ئاسمانی ئەوروپای ڕووناک کردووەتەوە و.. زانایان ئەوەیان وا لێکدایەوە کە " نەیزەک " ێک لە زەوی نزیک بووەتەوە. بەڵام تەنیا لە ساڵی ١٩٧٦دا زانا سۆڤیەتییەکان گەیشتنە ڕاستییەکی جەخت لەسەر کراو.. کە ئەوەی ڕووی داوە ئەوە بووە کەشتییەکی ئاسمانی کە بە وزەی ئەتۆم دەخرێتە کار نارێکییەکی تێ کەوتووە، هاتووەتە ناو بەرگی گازیی زەوییەوە و بەبێ ئەوەی بەر زەوی بکەوێ سووتاوە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە هیچ شوێنەوارێکی لەسەر زەویدا جێ نەهێشتووە، مەگەر ئەو پیت و فەڕە زۆرەی لە زەویی ئەو ناوچەیەی ڕاستەوخۆ بەری کەوتووە...

– ڕاستە، زانیارییەکانت بەجەختن...

– هەروەها شوێنەوارێکی گەلێک زۆر کە زانایانی ئاسمانیی ئەمریکایی و ڕووس پێیان گەیشتوون، هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە زەوی بە تەنیا نییە کە بوونەوەری ژیریان لەسەردا دەژی.. بۆیە دەبێ ملیۆنان هەسارەی تر هەبن سیستمگەلێکی گەردوونیی تر پێڕۆ دەکەن بوونەوەرانی ژیریان لەسەردا دەژی و.. مەرجیش نییە شێوە و پێکهاتەی مرۆیان هەبێ... بۆ نموونە: شێوەکانی ڕووەک کۆتاییان بۆ نییە، هەروەها شێوەکانی گیاندارانیش ، بەمجۆرە شێوەکانی بوونەوەرە ژیرەکانیش کۆتاییان نییە...

– ڕاستە.. تا ئێستا هەرچی دەڵێی ڕاستن..

– هەروەها لە ئەمەریکا و ئەمەریکای باشوور و لەسەر سنووری لیبیا و لە تەنزانیا و لە نزیکی ڤیەننا و.. لە پیرۆ و.. لە دوورگەکانی (ئەلفوسح)[٢] و.. لە دوورگەکانی کەناری و.. لە دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارامدا و؟؟ لە قووچەکی گەورەدا و لەژێر قووچەکی گەورەدا و " نەفرەتی فیرعەونەکان " بەخۆی مەتەڵێکە لە مەتەڵەکانی ژیانی ڕۆژئاوایی و ئەو نهێنییە سەیرانەی پڕ بە شوێنەوارە کۆنەکانن و.. لەگەڵ واتەی گشتیدا ڕێکە..

– مەبەستت لە واتەی گشتی چییە؟

مەبەستم، من لەم کتێبەمدا و لە کتێبی " ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین" مدا لەدووی یەک واتەدام، خەریکی کردووم، ئەویش ئەوەیە ئێمە لەم گەردوونەدا بە تەنیا نین و... لە هەمان کاتدا میوانەیلێک بەبێ بانگکردن لەسەر زەویماندا هاتوونەتە خوارێ.. بگرە ئێمە ئەمڕۆ هەوڵی بانگکردنیان دەدەین، لەوانەیە لە زۆریی تەقینەوە ئەتۆمییەکانەوە بە بوونی سەرزەویمانیان زانیبێ... هەروەها هەوڵی ئەوەشمان دا کە تابلۆمان بۆ هەسارەکانی تر نارد، وێنەی مرۆڤیان لەسەرە، نێر و مێ و... وێنەگەلێکی کۆمەڵەی خۆریش... هەروەها وێنەیەکی تیۆری فیتاگۆرس بۆ ئەوەی جەختی ئەوەیان بۆ بکەین ماتماتیک دەزانین و... هەندێک لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن ئەوان دەیانەوێ پێوەندیمان پێوە بکەن، لەبەرئەوە شەپۆلگەلی دەنگی دەنێرن، ڕوانگە گەردوونییەکان تۆماریان کردوون.. شەپۆلەیلێکی زۆر دەربڕ و زۆر ڕێکوپێک.. واتە ئێستگەگەلێک بۆ بەهێزکردنیان هەیە و ملیۆنان ساڵی تیشکیمان لێ دوورن... ئەوان لەوێندەرێن و .. نائومێدی هەندێک لە زانایان تا ڕادەیەک دەبەن، کە وای دەبینن ئێمە زیادەڕەوی لە بایەخی خۆمان دەکەین.. ئەوان بە دووری نازانن ئەم زەوییە مۆڵگەیەکی پەروەردەکردنی ئاوەزەکان و وەچە مرۆییە جیاجیاکان و... ئێمە گیانلەبەرانێک بین لە کارگەیەکدا، بۆ بەرژەوەندیی هەندێک بوونەوەری بەئاوەزتر و ژیرتر دەژین..

هەشن دەڵێن هەندێک بوونەوەری بەئاوەز لە نێوسماندا ژیاون و ئێستاش بەشێوەی جوداجودا دەژین. کۆمەڵانێکی زانستی و ئاینیش هەن هەر ئەوە دەبینن.. بگرە هەندێکیان بە کتێبە کۆنەکاندا

دەچنەوە و دەبینن نووح سڵاوی لێ بێ، پێی سەیر بوو لەناو منداڵەکانیدا کوڕێکی مووزەرد ببینێ کە نایناسێ و.. شەڕێک لە نێوان خۆی و هاوسەریدا قەوماوە، بەڵام تەورات دەرکەوتنی بوونەوەرێکی سەمەرەی جوایەز لە ئەندامانی خێزانەکە تاوتوێ ناکات و.. ئەم چیرۆکەش لە ئەفسانەکانی هیندستان و تبت و حەبەشەدا دووبارە دەبێتەوە و هەروەها لە بابل و ئاشوور و هەروەها لە ئەفسانەکانی گریکیشدا...

... لە دڵی خۆمدا گێڕانەوەی ڕووداوەکانم تەواو کرد، کە فڕۆکەکە لە شاری هیوستن دابەزی، کە د. فاورووق ئەلباز لەتەک سەرۆک سادات و شاندە هاوەڵەکەی دەبێ لە سەردانە فەرمییەکەیدا بۆ ئەمریکا.

من هەر خەریک بووم و بۆ کتێبەیلی نوێ کتێبخانەکانی ئەمەریکام دەپشکنی، تا پێشەنگە ئاسمانییە ئەمەریکاییەکان هاتنە میسر و د. فاروق ئەلباز _ یشیان لەگەڵدا بوو و سەرمان لە مۆزەخانەی میسری دا و لەبەردەمی فڕۆکەیەکی دووباڵیدا سەرسام بووین.. فڕۆکەیەکی کۆنی فیرعەونی، تەمەنی سێ هەزار ساڵە!

فڕۆکەیە، گومان لەوەدا نییە... چۆن؟ ئەمە مەتەڵێکە هێشتا لێکدانەوەیەکمان بۆ نەدۆزیوەتەوە!

من بوومە میوانی کۆمپانیای " کێبڵ ئەنوبرلیس " و کۆمپانیای " هوکرۆ سیدڵی "ی بەریتانی، کە هەردووکیشیان ئەو مانگۆکە دەستکردانەیان دروست دەکرد کە جیهان لە گەیاندنە بێتەلەکاندا... لە تەلیفۆنەکان و تەلەڤیزیۆنەکانیشدا بە کاری دەهێنێ و...لەبەردەمی یەک لە کەشتییەکانی ئاسماندا دانیشتین و لە یەک لە ئەندازیارەکانم پرسی: ئاخۆ ڕاستە دەستەیەکی زانستی هەیە ئێوە بەشداریی تێدا دەکەن و ئەرکیان وەرگرتنەوەی ئەو دەنگانەیە کە لە ئاسمانی دەرەوەوە دێن؟

گوتی: بەڵێ...

گوتم: کەواتە ئەمە ڕاستییەکی جەخت لەسەر کراوە.

گوتی: گومان لەوەدا نییە.

گوتم: پێشبینیی چی دەکەی؟

گوتی: پێشبینیی چی دەکەم؟ هیچ نازانم. ئێمە دەنگگەلی سەمەرە دەبیەین. تەبەقەکانی ڕادارمان بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە وەرگێرا تا ڕوونتر بووەوە و زاناکانیش لە گوزارەی ئەم دەنگە و واتاکەیدا ناکۆکن.. ئاخۆ سەرچاوەگەلێکی زۆر گەورەی تیشکی گەردوونین؟ یانیش ئاخۆ نامەگەلێکن لە شارستانیگەلێک کە دوورن لە ئێمە؟ بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، شتێکی عاقڵی زۆر دوور هەیە لە ئێمە... گومانی تێدا نییە...

ئەم کتێبەش جگە لە تەواوکاریی کوتانی دەرگەی نەناس، چیی تر نییە.

من جگە لە کوتانی پەنجەکانم هیچی کە نابیەم و گوێم لەسەر دەرگا دادەنێم، دەبیەم و وا دەزانم

من بیستیشم و بینیشم.. ئینجا بە تامەزرۆییەکی کراوەوە بۆ زانینی پتر، دەچمەوە سەر کتێبە زۆر کۆنەکان و زۆر نوێیەکان.. کە زانیاری کۆتایی نییە و تینوێتیی بۆ زانینیشم کۆتایی نییە ـ ئەمەش بەخشـشێکە لە بەخشـشـەکـانی خـوا. سوپاسی ئەمەی دەکەم و بۆ منیش و تۆش داوای ڕووناکیی پتری لێ دەکەم و زانیارییەکی کەمیش نەبێ بە ئێمە نەدراوە.. زۆر کەم!

ئەنیس مەنسوور

*

## وێنەیەکی قووچەک "هەرەم" لە ئاسمانەوە
## تەمەنی سێ هەزار ساڵە

وشەی کۆتایی لە هەر شتێکدا بێت هێشتا کەس نەیگوتووە، بۆیە شتگەلی سەیر دەبینی و دەبیەی لە بارەی شوێنەوارەکانی میسرەوە.. جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوانی ئەوەی " تێی بڕوانی " و ئەوەی " ببینی "..

ئێمە هەر ساڵە و جارێک یان هەر ڕۆژە و جارێک سەیری هەرەمەکان دەکەین، ئەم شتە سەرسوڕمێنانە نابینین کە زانایان لە مەزنیی ئەوانەدا دەیبینن کە هەرەمەکانیان بنیات ناوە..

کتێبێک و نامەیەکم لە فارووق ئەلباز ـ ی زانای ئاسمانیی میسرییەوە پێ گەیی، لە نامەکەیدا دەڵێ: کە وانەم بە پێشەنگانی ئەپۆڵۆ ٧ دەگوتەوە، پێیانم گوت فیرعەونەکان دەبێ هەرەمەکانیان، لە تاکە یەک کاری بیناسازیی ئەندازەیی گەردوونیی ئاینیدا، بۆ یەکخستنی ڕۆڵەکانی باشوور و باکوری میسر بنیات نابێ. ئەوە بۆنەیەکی مەزنە بۆ تاواندنەوەی چینەکان و بڕەکان لە ناو یەک شتدا.

ئەمەش ڕێک ئەو کارەیە کۆمپانیاکان و دەزگاکان و ڕێکخراو (هیئە) ئەمەریکاییەکان دەیکەن، کاتێک کەشتیگەل دروست دەکەن و بۆ بۆشاییی دەرەوەیان هەڵدەدەن. تا وای لێ هات لەوە دەرچوو پرۆژەیەکی تەنیا ئەمەریکی بێ، بگرە خەونێکی مرۆڤانە بوو لەبەردەمی هەمووواندا و بۆ هەمووان هاتە دی.

د. فاروق ئەلباز هەروەها دەڵێ: ئەم تیۆرییەم لە کتێبێکەوە وەرگرتووە کە بۆتی دەنێرم، کتێبەکە ناوی " مەتەڵەکانی ئەهرامەکان " ە، لە دانانی کۆرت نیکلسون ـ ە و.. کتێبەکەم خوێندەوە کە د. ئەلباز بۆی ناردووم، دانەرەکەی دەڵێ: من ژیانم قەرداری هەرەمەکانی میسرە، بەرلەوەی بیانبینم، ئەوسا کە بۆ خوێندن کۆچم بۆ بەریتانیا کرد بۆ خوێندنی فیزیک لە زانکۆدا پارە نەبوو بۆ ئەوەی لە خوێندکارێکی وەک منی خەرج بکەن..

لە کۆتاییدا پارەیەکیان دیتەوە زانکۆ بۆ هاندانی هەڵکۆڵین لە دەوروبەری هەرەمی گەورەدا

بکرێ، خـۆم بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەو هـەرەمـەوە بەخت کـرد کـە نەمدیبـوو و هـاتمە مـیسـر و.. لەسەر کیسەی هەرەمی گەورە فێر بووم (خوێندم).

هەرەمم بینی و درکم کرد کاتم لە شتێکدا بە فیڕۆ نەداوە، بگرە ئەگەر تەمـەنێکی تریشم هەبایە لە زانینی نهـێنیی ئەم شـتـە زۆر گـەورە مـەزنەدا بەسـەرم دەبرد. خـوێندمـەوە و لێم کـۆڵیـیـەوە و هەندێک شتم وەدەست هێنا بەر لەمن کەس پەیی پێ نەبردبوو.

کە ئەلبرتۆ مۆراڤیای ئەدیبی ئیتاڵی سەفەری بۆ چین کرد، کتێبێکی خۆشی دەرکرد تێیدا دەڵێ: لە چین یەک واتە لەبەردەمی خۆتدا دەبینی ئەویش ئەوەیە کە: مرۆی دەوڵەمەند و مرۆی هـەژار نییە.

هەژار و دەوڵەمەند لە پێشماندا وا دەبینرێن کە پیاوی دەوڵەمەند و پیاوی هەژار دەبینن. بەڵام لە چین، خـەڵک هـەمـوو یەکسـانن.. بگرە نە واتەی وشـەی دەوڵەمـەند دەزانن نە واتـەی وشـەی هـەژار. مرۆ ئەوە دەبینێ خۆشیدەوێ و ئەوەی خۆش دەوێ کە دەیبینێ..

مـۆراڤیا هـەروەها دەڵێ: لە بنەڕەتدا مرۆ ڕووت دەبێ، دوای ئـەوە دەسـتـرۆ، یان دەوڵەمـەند دەبێ، وا دیارە مـرۆ مـەبەسـتـیـەتی، هەروەها گـەلانیش مـەبەسـتـیانـە لە بارودۆخی ئاسـاییـاندا بن لە هەژاریدا. بۆیـە دەبینین پیـاوی دەوڵەمـەند سـامـانی خـۆی بەبا دەدا و گـەمـەی پێ دەکا، یانیش لە پرۆژە گـەورەکـان... ئەنجامـیش هـەردەم وای لێ دێ کـە دەوڵەمـەندەیلێک دەبینین یەک فلسـیـان لە گیرفاندا نییە، یان توانستی تەندروستییان نییە وەک خەڵکی تر بخۆن و بخۆنەوە... بگرە دەبینین توانسـتـی خـواردن و نووسـتن و جـووڵـەی تەواویان نـیـیـە، هـەر وەک هـەژارانێک کـە خـۆراک و دەرمانیان دەست ناکەوێ.

مـۆراڤـیـا ئەوجا باز دەدا بـۆ ئەو واتایەی دەیەوێ: سـەیری مـیـسـری فـیرعـەونی بکە.. سـەیری ئەمـەریکای ئەمڕۆ بکە.. فیرعـەونەکان هەرەمەکانیان بنیات ناوە، هەشتا هەرەم یان پتر، بۆچی؟ چونکە دەبێ پارە و مـاندووبوون بۆ شـتێک خـەرج بکەن.. ئەم شـتە بەسـامە وزە و داهـاتەکان پەرت دەکا..

ئەمەریکاش هەر ئەو شتە دەکا لە بنیاتنانی شـارە ئاسمانییەکان و کەشتییە ئاسـمانییەکان و گەشتەکانی بۆ سەر مـانگ.. هەزاران ملیۆنی بۆ ئەم بازرگانییە زانسـتییە سـەرسـوڕمێنە خـەرج کردووە، لەکاتێکدا لە ئەمەریکا دەیان ملیۆن برسی و نەخۆش هەن...

بۆچی؟ چونکە لە گەلانیش و لە تاکەکانیشـدا ئارەزوویەکی نزیکبوون لە سروشتی مرۆیانە هەیە: مرۆڤ هەژار و بێ دەرەتان بێ.. ئاسایی بێ.

مـۆرافیـا دەڵێ: تا هـەرەمـەکـانی جیزە و شـوورەی مەزنی چینم نەبینی بوو ئەم واتایە لە سەرمـدا ڕوون نەبوو..

ئەگـەر ئەو کـتـێـبـانەی لە سـاڵی ٧٣ وە تا ئێـسـتـا لە بارەی " نهـێنیـیـەکـانی هـەرەمـەکـان " ەوە

دەرچووە، دەبینین نەوەت کتێبن. من شەستیانم لەلایە. ئەمانە سەرلەنوێ خۆیان لەم شتە سەیر و سەمەرەیە دەدەن کە هەرەمی هەرە گەورەیە، بۆ نموونە کتێبێک هەیە لەبارەی " لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ کتێبێکی کۆن " ەوەیە. کتێبە کۆنەکە ئەو" مێژوو " ەیە کە هیرۆدۆت ـ ی مێژوونووسی کۆنی گریک دایناوە، کە هاتووەتە میسر پیاوە ئاینییەکان " کاهین " ەکان نهێنیی ژیان و مردن و گەردوونیان بۆ ڕوون کردووەتەوە. بردوویانەتە ناو پەرستگەکان و ڕێیان داوە بەچاوی خۆی فڕینی گۆیەکی ئاگرین ببینێ بێ ئەوەی گەرماییان هەبێ.. دەڕۆن و دێنەوە کە کاهینەکان ئاماژەیان بۆ دەکەن.. هەروەها داردەستی لە ئاسنی دیوە لەسەر ڕووی زەوییەوە بەرز دەبنەوە و بە هەڵواسراوی لە ئاسماندا دەمێننەوە..

دەڵێن: پارزەوینێک هەبووە کەوتووەتە ژێر ئاو و.. گەلێک لە زانایان و کاهینەکان لەوێوە هاتوون و.. دەڵێن باش نییە گەل لەم هەموو نهێنییانە شارەزا بکەین، بۆ ئەوەی مێشک و ویژدانی تێک نەدا.

بۆیە دەبێ کاهینەکان نهێنیی گەردوون لای خۆیان بشارنەوە و تەنیا شای لێ شارەزا بکەن.. بەڵام خەڵکە باشەکان، ئاوەزیان هێزی بە خۆوە گرتنی ئەم زانیارییە ئاڵۆزانەی نییە، ڕێک هەر وەک کەسێک کە ناتوانێ بە پەنجەکانی دەست لە ئاگر بدا یان چاوی بەرامبەر گۆی خۆر بکاتەوە.

هیرۆدۆت پابەندی بەڵێنەکەی خۆی بووە، گەلێکی لەو نهێنییانەی ئاشکرا نەکردووە کە پیشانیان داوە، بە تایبەتی: ئەم هەرەمە چییە؟ و چیی لەناودایە؟.. کاهینەکان بەڵگە مێژووییەکانیان لە چ لایەکیدا شاردووەتەوە؟

ئەلبێرت ئشتیگەر ـ ی دانەری کتێبی " لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ کتێبێکی کۆن " دەڵێ: ئەوەی هیرۆدۆت باسی کردووە شتێکی کەمە، نموونەیەکی لەو نموونانەی بۆی هێناوینەتەوە، بەسە بۆ ئەوەی ساڵانێکی درێژ زانایانی سەر زەویی پێ گێژ بکا... ئەوەندە بەسە پێکەوە لەوە بکۆڵینەوە ئاسن چۆن لە زەوی بەرز دەبێتەوە، هەر وەک بڵێی زەوی هێزی ڕاکێشانی نەبێ؟ چۆن دەکرێ ڕاکێشان لە نزیک زەوییەوە نەهێڵرێ؟ ئێمە لە سەردەمی نوێدا تەنیا لە بەرزاییی سەدان میل و لە کەشتییە ئاسمانییەکاندا نەبێ، بە نەمانی هێزی ڕاکێشانی زەویمان نەزانیوە!.

" تور هایردال " ی گەڕیدەی نەرویجی کە سواری بەلەمی " ڕەع ـ ی دووەم " ەکەی بوو بۆ پەڕینەوە لە ئۆقیانووس لە نێوان دوو شاری سافی ـ ی مەغریب و نیویۆرکدا قسەکەی هیرۆدۆتی بیر کەوتووەتەوە. شەوێکیان ئەم گۆیە گچکە بریقەدارانەی لە نزیک بەلەمەکەوەی بینی. هەر ئەو گۆیە گچکانە بوون کە پێشەنگە ئاسمانییەکان بینیبوویان بە دوای کەشتییەکەیانەوە بوون و.. لێکدانەوەیەکی زانستییانەیان بۆ نەدیتەوە.. بگرە هایرداڵ گوێی لە دەنگێکی ڕوونی بە هێز بوو لە ئامێرەکانی پێشوازیکردن (وەرگرەکانی دەنگ) و ئەو دەنگە بە هیچ یەکێکی ئەو بیست زمانە تازانە نەبووە کە خۆی و تاقمی بەلەمی " ڕەعی دووەم " دەیانزانی!




هایردال دەڵێ: شتێک هەیە فیرعەونەکان نایانەوێ کەس لێیانەوەی بزانێ.. بۆیە ئەوانەی هێرش دەبەنە سەر نهێنییەکانی هەرەم و ژیانی فیرعەونییانە، دڵیان پڕ دەبێ لە ترس و.. من ترسم نەزانی لەوساکەوە نەبێ کە دارەکانی (بەردی) م بۆ ئەمەریکا کۆ دەکردنەوە، بگرە پێوەندیی هەرەمەکانی جیزە و هەرەمەکانی مەکسیک بزانم. هەرچەند تەواوێک لێک جیاوازن و ماوەی نێوانی هەرەمەکانی میسر و هەرەمەکانی مەکسیک پترە لە ٢٥ سەدە...

کاتێکیش ئەلفاریز- ی زانای گەورەی وەرگری پاداشتی نۆبڵ چووە سەردانی هەرەمەکانی مەکسیک، گوتی: ئەم هەرەمانە زۆرم ناهەژێنن، بەڵام ئەوەی لەسەر سنووری بیاباندایە لە جیزە، ئەوەیان گرفتە!

ئەلفاریز هات بۆ میسر، ئامێری تۆمارکردنی تیشکی گەردوونیی لەگەڵ بوو، بۆ ئەوەی ڕەوتی لەناو ئامرازە وردەکاندا تۆمار بکا کە لە ژێر هەرەمی دانابوون. پیاوەکە چووە ئەمەریکا. کە لە تەلەڤزیۆنی ئەمەریکیدا پرسیاری لێ کرا: ڕات چییە؟ گوتی: ڕا و بۆچوون هی ئەوانە، بەڵام من هیچم پێ نییە بیڵێم.

که پرسیاری لێ کرا: کێن ئەوانەی باسیان لێوە دەکەی؟ گوتی: ئەم فیرعەونانە.. ئەوەی دەیبینم سەرسامی کردووم! ئەلفاریز لەو سەرسامییە بەولاوە هیچ لێکدانەوەیەکی تری نەبوو.

بەڵام زانایەکی میسری کە ناوی د. جوهەید _ ە ئەم دەستەواژەیەی ڕوون کردووەتەوە، سەرسامیی خەڵکی و ڕامانی زانایانی پتر کرد... لە نێو ئەم نەوەت کتێبانەدا کتێبێک نییە ئەم دەستەواژەیەی ئەم زانا میسرییەی تێدا نەبێ. د. جوهەید _ ی زانای میسری گوتوویەتی: ئەوەی لەسەر ئامێرەکانی ژێر هەرەمدا بینیومانە شتێکە لەگەڵ زانستی نوێدا ناکۆکە .. دژی زانستە: یان دەبێ هەموو ئەو یاسایانەی تیشک هەڵە بن کە فێریان بووین، یانیش دەبێ لە بەردەمی مەتەڵێکدا بین لێکدانەوەی بۆ نییە.. ئەوەی بینیم لە هەموو پێشبینییەکی زانستییانە جیاوازە، ڕەوتی تیشکی گەردوونی لە بەردەکانی هەرەمدا جارێک بۆ لای ڕاست و جارێک بۆ لای چەپ لاردەبێتەوە.. ئەمەش نالۆجیکییە و نازانستی. لە هەرەمدا مەتەڵێک هەیە مەیدانخوازی لەگەڵ زانست و زانایاندا دەکا!

کاتێک د. ئەندرۆ تۆماس چووە شاری کوتشین _ ی باشووری هیندستان سەیری کرد خەڵکەکە لەوێ جلی فیرعەونییان لەبەرە، بەڵام سەرنجێکی سەرپێیی بوو، دوور نییە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە لە میسرەوە هاتبوو. ئینجا سەیری کرد وشەگەلێکی فیرعەونی بەسەر زمانی خەڵکەوەیە. بەڵام ئەوەی بەڕاستی سەیر بوو ئەوەبوو کە پارچە زێڕێکی لە یەک لە مۆزەخانەکاندا دیتبوو. ئەم پارچە زێڕانە وێنەی قالۆنچە (جعران) ی فیرعەونییان لەسەردایە. کاتێ کە داوای نزیکبوونەوە لەم پارچە زێڕانە کرد پتر سەری سوڕما. کە داوای گەڕاندنەوەی بۆ ئەمەریکا کرد سەرسڕمانە هەرە گەورەکە بوو، ئەم پارچە زێڕانە تەواوێک فیرعەونی بوون. بەڵام چۆن گەیشتوونەتە هیندستان؟ زەحمەت نییە بەهەر شێوەیەک بێت، بەدەستی دزێک یان بەبازرگانێکەوە هاتبێ. بەڵام سەیرە زانستییەکە ئەوەیە کە ئەم زێڕەمان بەم ڕوونییە لە سروشتدا دەست ناکەوێ!. بەڵکو هەر دەبێ لە پلەگەلێکی گەرمیی زۆر بەرزی دابنێین کە دەگاتە سەتان پلە. ئیدی چۆن فیرعەونییەکان بەر لە سێ هەزار ساڵ ئەوەیان لە تواناداا بوو؟!

کاتێک ئەم د. تۆماس _ ە چووە شاری ترافنکوری هیندستانیش نەقشێکی لەسەر پەرستگەیەکی کۆندا بینی. نەقشەکە وێنەیەکی ناوچەی هەرەمەکانی جیزە بوو، لە ئاسمانەوە گیرا بوو _ یان وەک بڵێی وابوو _ ... پەرستگاکەش بەر لە سێ هەزار ساڵ لەم شوێنەیدا دروست کراوە. کە خاتوو جیزێل مەندلباوم _ یش ئامادەی چالاکییەکی ئاینی دەبێ کە کۆمەڵەی " خاچی پەمبەیی " ی ناسراو گێڕابووی، سەیری کرد " ئەخناتوون " دەپەرستن _ کە تاکخوایی، یان پەرستنی یەک خوای ڕاگەیاند، کە گۆی خۆرە _ و " ئەخناتوون " یش واتە خوا لێ ڕازیبوو.

کە لە هۆی پەرستنی ئەخناتوون و ئینجا سەفەری میسری لێ پرسیون، کە لە ناو هەرەمی هەرە

گەورەدا و ڕێک لە ناو ژووری شا بەخۆیدا (خواپەرستی) ئەنجام دەدەن، لە وەڵامدا گوتوویانە: ئەمەمان لە پەرستگایەکی دوورگەیەکی ئۆقیانووسی ئارامدا بە نەقشکراوی بینیوە. کە داوای بینینی ئەو نەقشەی کردووە، سەیری کردووە نامەیەک لەسەر بەردەکە نووسراوە تەمەنی بیست و حەوت سەدەیە، دەڵێ: پێویستە ئەوانەی خۆریان لێ هەڵدێ و ئاوا دەبێتەوە و ئەوانەی لەسەر باراناو و گەرمیی ئاسمان دەژین، ڕوو بکەنە ئەو کانگەی ڕووناکییەی لە لای (نیل) دایە.. پەرجۆکان لەوێ بەرز و سەرکەش بنیات نراون.. ئەوێندەرێ نوێژ و مردن و ژیانی لێیە.

جیزیل لە کتێبی "لەم گەردوونەدا بەتەنیا نین" یدا دەڵێ: لە ئەمەریکا و ئەڵمانیا و فرەنسا بە دوای ئەم کۆمەڵەیەدا چووم، ئەم کۆمەڵانە یەکتری ناناسن و زاناگەلێکی گەورەشیان تێدایە. هەندێکیان پاداشتی نۆبڵیان لە نۆشداری و فیزیکدا بە دەست هێناوە و سوێندم بۆیان خوارد نهێنییەکانیان نەدرکێنم. بەڵام هەموویان هەرەمی هەرە گەورە بە گەنجینەی زانستە گەردوونییەکان دادەنێن و فیرعەونەکان نهێنیی شێوەی گەردوونی و سەرەتای جیهان و کۆتاییان لەم هەرەمە داناوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ شدا ڕۆمانێکی ئەڵمانیی نووسەرێکی جوولەکە دەرچوو ناوی میکائیل حاییم ـ ە، تێیدا دەڵێ: میسر بەر لەوەی ئەنوەر ئەلسادات توانای ئەنجامدانی شتێکی ببێ دەبێ بکەوێتە ژێر ئاو!

ئەمە پێشبینیی دانەر بوو. کە ساڵی ١٩٧٣ ئەنوەر ئەلسادات توانی " شتێک" بکا کە میسر و نەتەوەی عەرەب لە نێو گەلاندا بەرز بکاتەوە.

لەم ڕۆمانەدا دانەر وێنەی ئەوە دەکێشێ کە چۆن جوولەکە "بەنداوی بەرز"[٣] دەتەقێننەوە و هەموو میسر لە ناو ئاودا دەخنکێ. فرۆکەکان خۆیانی لێ لادەدەن بۆ وڵاتەیلی تر. لێرەدا پێکەنینی دانەری شادمان بەرز دەبێتەوە. کە دڵی بە کۆستی میسرییان ئاو سدەخواتەوە کە بە جووەکانیان دەگوت: لەناو دەریادا دەتانخنێژین.. بەڵام ئێستا جووەکان بە دەریاوە بۆیان هاتن و ئەمانیان لەناویدا ناشت. هەروەها دەڵێ: تەنیا لێرە جوولەکە دووبارە کەشتیی نووح دروست دەکەنەوە و... هەموو جیهان دەخنکێن و نەوەی ئیسرائیل ڕزگار دەبن...

هەروەک کەشتیی نووح لەسەر چیای ئاراراتدا لە ئەرمینیا نیشتەوە، کەشتییە تازەکەی نووح لەسەر لووتکەی ئەو هەرەمەدا دەنیشێتەوە کە فیرعەونەکان بنیاتیان ناوە، چونکە پێشەکی دەیانزانی لافاوێک بەسەر ئەم ناوچەیەدا دێ.. نهێنییەکانیان بە هەرەم سپارد و.. ئەم نهێنییانەش چاوەڕوانی نەوە نوێیەکانی نووحن، بۆ ئەوەی جارێکی تر مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن.. چونکە جوو، خوا هەڵیبژاردوون، بۆ ڕزگارکردنی مرۆ!

لە کتێبێکیشدا کە ناونیشانی " پێشبینییەکانی هەرەمەکان " ە ، ڕۆدۆلفۆ بنافیدس–ی نووسەری ئیسپانی، کتێبەکە باسی گەورەیی ئەوانە دەکا هەرەمەکانیان دروست کردووە، دەڵێ:

بە ڕوونی و ڕاستییەکی تەواوەوە، یەک تاکە بەردێک لە هەرەمدا نییە واتەی نەبێ. هەزار بەڵگەشم بۆ ئەمە لەلایە.. ماوەی نێوانی ژووری شا و ژووری شاژن ڕێک ئەو ڕۆژ و سەعات و ساڵە دەستنیشان دەکا کە لویسی شازدەم و هاوسەرەکەی تێدا کوژراون..

ماوەی نێوانی دەرگەی هەرەم و سەرەتای هۆڵی سەرەکیش ئەوەیە وای لێ کردم بەرێکی ئەو ڕۆژانەی ناپلیۆنی پێ بژمێرم کە لە دوورگەی سانت هێلانەدا بەسەری بردووە..

کە حەوت بەردی یەکەمیشم ژمارد و درێژیم بە پانیی لێک دایەوە و ئەنجامەکەم دابەش کردە سەر ئەو ساڵەی ناپلیۆنی تێدا بە ژاراوی زەرنیخ مرد و.. ئەوەشم زانی هەر ڕۆژە و چەندیان بۆ لەناو خواردنیدا کردووە..

هەروەها بنافیدس دەڵێ دوای حەفت ساڵی لە هەرەمی هەرە گەورە وردبوونەوەم کە تا ئێستاش نەمدیوە، ئەوەی سەرم لێی سوڕماوە ئەوەیە کە چۆن و بۆچی فیرعەونەکان گەلە ئینگلیزەکانیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی جۆرە نامەگەلێکی تایبەتیان ئاراستە بکەن... ئینجا بۆچی ئەم لێکچوونە تەواوەی نێوانی پێودانگ و کێشانە و پێوانە فیرعەونییەکان و هی لای ئینگلیزەکان؟!

لەو ڕاپۆرتەشدا کە ئەمەریکا لەبارەی " دەورییە فڕۆکەکان " وەوەی دەرکردووە، جەخت لەسەر ئەم دیاردەیە دەکات و ڕاستیشە. بەڵام ئەو شتەی، سەری لە توێژەرەوان و زانایان شێواندووە ئەوەیە کە هەموو ئەم دەورییە فڕۆکانە لە هێڵی ستوونیی سەر هەرەمەکانی جیزەوە هەڵدەدرێن.

ڤۆن دینکن ـ ی توێژەرەوەی ئەڵمان کە چەند کتێبێکی نایابی لەبارەی سەرنشینانی هەسارەکانی ترەوە بڵاو کردووەتەوە کە دابەزیونەتە سەر زەوی و ئینجا گەڕاونەتەوە ئاسمان، دەڵێ: دەبێ بچینەوە سەر ئەوانەی هیرۆدۆت نووسیونی و.. بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوەی هەموو ئەفسانە یۆنانییە کۆنەکان و.. سەر تەورات.. ئینجا هەزار و یەک شەوە.. هەموویان تێیاندا هەیە جەخت لەسەر ئەو تیۆرییە دەکا کە توێژەرەوانی جگە لەمن جاریان بۆ داوە: ئەستێرە گەڕۆکی تر هەن پڕن لە خەڵکی ژیرتر و داناتر.... هاتوون و گەڕاونەتەوە و... فیرعەونەکان پێوەندییان بە هەسارەکانی ترەوە بووە و... فیرعەونەکان توانیویانە، بە هۆگەلێک کە بە ڕوونی نایانزانین، بەرگری لە هێرشی هەسارەکانی تر بکەن و.. جەخت لە سەر بلیمەتییەکی هەڵکەوتوو دەکەن لەو سەردەمە دێرینانەدا و... ڤۆن دینکن هەروەها دەڵێ: ئەگەر تەمەنی نووحم هەبایە یا تەنانەت تەمەنی تۆلستۆییش، لە هەرەمەکانی جیزە دادەنیشتم تا لەوانەوە کە لەم شوێنەدا و بەم شێوەیە بنیاتیان ناون ببیەم، بۆچی ئەوەیان کرد؟ ئینجا پێوەندییان بە هەسارەکانی تر و دەورییە فڕۆکەکان چییە؟... ئینجا بۆچی بێدەنگن و گاڵتەیان بە هەموو ئەوەی زانایان بە بەردەکان و کاغەزەکان و ئامرازەکانی تیشکە گەردوونییەکانی ژێر هەرەمیان کردووە..

داستانێکی ئاینیی ئەفسانەیی مێژوویی زانستییە لە پێنج کیشوەرەکەدا دەنگیان داوەتەوە.

دانەری کتێبەکە دەڵێ کە د. فارووق ئەلباز پێشکێشی کردووم: پرۆژەی بنیاتنانی هەرەم تواندنەوەی چینەکانی ئەنجام داوە.. ڕۆڵە جووتیارەکان و عەشیرەتە دەشتەکییەکان و خەڵکی شار هەموو لە یەک کاری نیشتیمانیدا بەشدارییان کردووە.

لەوانەیە ئەمە یەکەم جاریان بووبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بەڕاستی میسرین. لەگەڵ ئەم یەکەتییە نیشتیمانییەدا لە بنیاتنانی هەرەمدا لە سەردەمی سنغرۆ، زۆر بایەخی نییە شا لەکوێ بنێژرێ.. ئەمەش ئەوەیە کە سەردەمێکی زۆر زانا میسرییەکان سەریان لێ سوڕماوە، ئەوان بە تەواوی نازانن شا لە کام لەم سێ هەرەمەدا نێژراوە.. هەروەها دەڵێ: ئەگەر ئەوەمان زانی کە هۆی ڕاستەقینەی بنیاتنانی هەرەمەکان یەکخستنی هێزەکانی گەلی میسرییە و سیاسەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێیە، واتا ئاینییەکەی پاشەکشێ دەکا.. کە ئەم هەرەمانە بۆنەیەکی نیشتیمانی بووە بۆ بنیاتنانی گەلێکی نوێ و دەوڵەتێکی نوێ، سەروەریی خۆی تا دوای ئەوە بە پێنج هەزار ساڵ پاراستووە.

سەردەمی بنیاتنانی هەرەمەکان دوای ئەوە بەردەوام بوو.. گەر مردنی تەماویی شا خۆفۆ نەبوایە شتێکی زۆرمان دەزانی، بەڵام شتی بەجەخت ئەم واتا سیاسییە کۆمەڵایەتییەیە: یەکخستنی هێزەکانی گەلی کارگەر لە میسردا لەم بنیاتە مەزنەدا. هەروەها دەڵێ: ئەمە بۆچوونی خۆمە، بەڵام زاناگەلی تر کە لە کیمیک و فیزیک و گەردوون و بۆشاییی ئاسمان لێکدانەوەی تری وروژێنیان هەیە سێبەر و تیشکیان بە سەر هەموو لایەکدا خستووە.. هەروەک لە بەشەکانی لەمەو پاشدا دەبینین.

## بەبێ هەرەمگەلی تر ئاشتی لە جیهاندا نییە

ئەوانەی سەریان لە هەرەمەکانی جیزە داوە، سەیریان کردووە و سەریان بەرز کردووەتەوە بۆ سەرەوە و دەستیان پێوە گرتووە و گوتوویانە: ئۆۆۆ! ئەمەش دەبێتە وشەی سەرسڕمان و خاڵی کۆتاییی ڕستە، تا مرۆ ڕوو لە شتێکی تر بکا. بەوەش سەردانەکە بۆ هەموو سەردەمەکان کۆتاییی دێت، بەڵام وا دیارە فیرعەونەکان بەم پەرجۆ بیناسازی و گەردوونییانە ڕوویان لە گەلانی تری سەر زەوی کردووە، یان لە هەسارەکانی تردا... کە هێشتا شتێلێکی زۆر زۆر ماون بە خامەی زانایان و پزیشکان و ئەدیباندا بە دوای یەکتریدا بێن...

بۆیە هەر دەبێ بگەڕێمەوە بۆ تازەترین کتێبێک کە دەرچووبێ ئەویش کتێبی " مەتەڵی هەرەمەکان " ی کۆرت مەندلسن ـ ی زانای فیزیایە، کە د. فارووق ئەلباز بۆی ناردووم بەڵکو شتی وای تێدا ببینمەوە بمورووژێنێ. ئەوەشم دۆزییەوە کە هەژاندمی و دەستی بە دەیان کتێبی تر پڕ کردم..

کۆرت مندلسن بە دوای ئەو کارانەی هەڵکۆڵین و پشکنینانەدا چووە کە لە میسردا کراون. هات

و گەڕایەوە ئینگلتەرا. بەڵام لەپڕ وەستا تا سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ میسر، کە لە سەردانێکی خزمانی بوو لە وڵاتی وێڵز لە ئینگلتەرا. کە کانێکی غەڵوز بەسەر کرێکاراندا داڕما و کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٦ دا زەوی ڕۆچوو و قوتابخانەیەکی داکێشا ١١٦ منداڵی تێدا بوو.. ئینجا باران باری و کانەکان بوونە گۆڕستانێکی ڕەش بۆ ئەم ژمارە زۆرە لە بێتاوانان... تەنیا لێرەدا کۆرت مندلسن هەستی بە بایەخی ئەوەی زەکەریا غونێم ـ ی زانای میسری لە ساڵی ١٩٥١ دا دۆزیبوویەوە!

زەکەریا غونێم شوورەی دەرەوەی هەرەمێکی پلەداری لە میدیۆمی نزیکی سەقارە دۆزیبووەوە، بەڵام بایەخی ئەم دۆزینەوەیە گەلێک زۆرتر بوو لەوەی بەمێشکی خەڵکدا بچێ، زەکەریا غونێم سەلماندی کە ئەم شوورەیە هەرەمێکی تێدایە، ئەم هەرەمە پلەدارەش داڕماوە و گۆڕستانەکانی نزیک هەرەمەکەش بەتاڵ بوون، خاوەنەکانی نەیانویستووە تێیدا بنێژن، چونکە بۆ هەموو ناوچەکە شووم بووە.

ئەم هەرەمی میدۆم ـ ە بە ترسناکترینی ئەو شوێنەوارە بیناسازییانە دادەنرێ کە لە مێژوودا ڕووخاون... ترسناکترە لە ڕووخانی کەلووی بابل کە دەڵێن بۆ ئەوە بنیات نراوە خاوەنەکانی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، بۆیە خوا لێیان تووڕە بوو و پەیڤ و زمانیان لێک جیا بووەوە و کەسیان نەیتوانی وەل کەسی دیکەدا لێک تێ بگەن... ئەوجا کەلووەکەی ڕماند بە سەریاندا... واتە خوا بەر لەوەی نێوانیان تێک بدا تێکیانی بەردا و ئینجا کەلووەکەی ڕمان بەبانیاندا. هەروەها لەبەردەمی سوپای بابلییاندا ڕووخانی هەرەمی میدۆم لە ڕووخانی هەیکەلی سولەیمان لە ساڵی ٥٦٨ی پێش زاین ترسناکترە، لە کەلووی شاری بیزاش ترسناکترە کە لە سەدەی دوازدەمدا بنیات نراوە و دوای ئەوە ورده ورده دەستی بە لار بوونەوە کرد و نە ڕما...

هەرەمی میدۆم جەختمان بۆ دەکا کە هەڵەیەکی ئەندازیاری بووە ئەندازیارە بچووکەکان تێی کەوتوون کە بنیاتنانەکەیان جێبەجێ کردووە و ئەندازیاری گەورەی نەخشەکێشی هەرەم هەوڵی ڕاستکردنەوەی گۆشەی بەرزایی بکا بەڵام سەر نەکەوتووە و وازی لێ هاوردووە. لە هەمان کاتیشدا هەرەمێکی تر هەبوو لە دەهشوور هەر بەو شێوەیە تەواو کراوە... ئەم هەرەمە نوێیە گۆشەکانی لاری و بەرزیی تێدا ڕاست کراونەتەوە...

لەو وێنانەشەوە کە لە بۆشایی ئاسمانەوە گیرابوون دەزانرا هەرەمێکی ڕماو هەیە و ئەم هەرەمە لە ناو شوورەیەکدایە. بەڵام کەس بە ڕێکی نەیزانیوە چۆن و بۆچی ڕماوە.

هەموو ئەوانەی سەریان لە ناوچەی دەهشوور و سەقارە داوە، ئەم کۆمەڵە بەرد و خۆڵە سەرنجیانی ڕاکێشاوە.. لەوانەیە فەرید ڕش ـ ی گەڕیدەی دانیمارکی یەکەم کەس بووبێ درکی بەوانە کردبێ ، کە لەو کتێبەیدا کە لەبارەی گەشتەکەیەوە بۆ میسر و سووداندا ساڵی ١٧٣٧، باسی ئەوەی کرد کە ئەم هەرەمە بچووکە ڕووخاوەم دۆزییەوە و هەوڵی ئەوەی داوە بەسەر

پاشماوەی ئەم هەرەمەدا سەربکەوێ بەڵام وازی لەمە هێناوە...

یەک لە ڕۆهەڵاتناسان ناوی " هەرەمی درۆزنە "ی لە پاشماوەکانی هەرەمی میدۆم ناوە و.. هەروەها زانای میسرناسی ئەم هەرەمەی بینیوە و سەرنجی ڕووکەشی ڕاکێشاوە و گوتوویەتی: ئەم هەرەمە لەسەر گردێکی بەردینی سروشتی بنیات نەنراوە.

ئەندامانی ئەو شاندی زانستییەش کە لەگەڵ ناپلیۆن هاتوون وێنەی گرتووە و یەکێکیان کە ناوی " دونوون " ە هەوڵی داوە تا لووتکەی پێیدا سەربکەوێ.

عەبدوللەتیفی مێژوونووسی میسری کە لە سەدەی سێزدەمدا ژیاوە پێمان دەڵێ شا عەزیز عوسمان" الملك العزيز عثمان " بڕیاری ڕووخاندنی هەرەمەکانی داوە، بۆ ئەوەی بەردەکانی بۆ بنیاتنانی مزگەوت و شوورەکانی قاهیرە بگوێزێتەوە و جاروبارێکیش هەوڵی داوە، بەڵام ئەوە کارێکی کردەنی نەبووە بە گوێدرێژەکانی شا عەزیز ئەنجام بدرێ، جا ژمارەیان هەرچەند بێ ملیۆنان تەن لە بەردیان پێ بگوێزرێتەوە.. بەڵام هەندێک لە بەردەکانی دیدۆمی گواستەوە و بەوەندەکە وازی هێنا و بەو شێوەیە چووە ناو مێژووەوە کە یەکێک بووە لەوانەی سەیری هەرەمەکانیان کرد و لێیان تێ نەگەیشتن و لەم چیا گەورەیە و بەو مەزنییەی دڵتەنگ بوو.

مندلسن دەڵێ بایەخدانی بە هەرەمەکان لەکاتی قوتابێتییەوە لە زانکۆی بەرلیندا دەستی پێ کردووە. کە ڕۆمانی " جەنگی هەرەم خۆفۆ " ی خوێندووەتەوە.. ڕۆمانەکە لە دانانی ماکس ئایت _ ە. ئەم نووسەرە ساڵی ١٨٦٠ چووەتە میسرو هەوڵی داوە هەندێک هەوجاڕی هەڵمی بە خدێوی بفرۆشێ.

نەشیتوانی قایلی بکا، ڕووی کردە سووڕانەوە بەدەوری هەرەمەکاندا. ڕۆمانەکەشی لەسەر ململانێی دوو برا بنیات نراوە، یەکێکیان دەیەوێ بەردەکانی هەرەمەکان لە بنیاتنانی بەنداو و پردگەلێک لەسەر نیلدا بەکار بهێنێ و ئەوی تر دەیەوێ دووبارە هەرەمەکان نۆژەن بکاتەوە و لەدەرەوە وەک ئەوەی بووە پۆشتەی بکاتەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر لە دۆڵەکە بداتەوە و لە هەورەکان بۆ ئەوەی باران بباریّ.. لە هەمان کاتیشدا ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕ بە هێزێکی مەزنتر و دوو براکە ڕێک نەکەوتوون.

مندلسن لە گەردووناسێکی ئینگلیزیی سەرەڕۆی بیستووە کە هاتووەتە میسر و هەرەمی پێواوە و دڵنیا بوو کە پێوانەکانی هەرەم پێوانەگەلێکن لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارەوە... لەبەرئەوە دەبێ گەلی ئینگلیز دەست بە ئینج و پێ و یاردەدا بگرێ، چونکە بە ڕەسەن فیرعەونین، ئەم پیاوە بیانسی سمیت _ ی گەردووناسی لاوە. باوکی میرالای بووە لە هێزی دەریایی بەریتانیا. ئەم لاوەش بەرپرسە لەوەی ئینگلتەرا سەتان ساڵ دوور ماوەتەوە لە پێوانەکانی مەتری و دەییەکان. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە شێتی ئەو ئەندازیارانەیە کە هەرەمەکانیان بنیات ناوە!

دواتر ئەوكتێبەی دۆزییەوە كە ئەم سمیت_ ە بە ناونیشانی " كەلەپوورمان لە هەرەمە هەرە گەورەكەوەیە "... ئەم گەردووناسە بلیمەتە بەشێوەیەكی سەیر مردووە، كە دۆزییانەوە لەسەر چارپایەكەیدا پاڵ كەوتبوو و بە كاڵایەكی سپییەوە پێچراوەتەوە وێنەی هەرەمەكانی جیزەی لەسەر كێشراوە و نامەیەكی لەسەر سینگی دانراوە تەواو نەبووە و بەم دەستەواژەیە دەستی پێ كردووە:" بۆ خوای خۆشەویستی توانا و میهرەبان دەمەوێ ئەم داوای لێ بووردنەی ئاراستە بكەم "...

لەوەش ئاسانتر نییە ئەم دەستەواژەیە بنووسرێت و بڵێین: فیرعەونەكان هەرەمەكانیان بنیات نا..

وەرە لەگەڵمدا بیانژمێرین: چۆن ئەم ملیۆنان تەنانەیان ماوەی پتر لە بیست كیلۆمەتر گواستوەتەوە؟.. و بەچ هۆیەك؟.. لەسەر شانیان؟ بە گوێدرێژان؟ لە بەلەمگەلی ناو نیل؟ ئینجا چۆنیان لەسەر لی نارێكدا جووڵاندیاننەوە؟ داخۆ لەسەر قەدی دارانیان غلۆر كردووەتەوە؟

چەند دار لە هەموو میسردا هەیە كە تەواوێك لە دارستان خاڵییە؟ ئاخۆ بە گوریسیان بەستوونەتەوە؟ نە گوریس و نە تەل لەو سەردەمانەدا نەزانراون! چەند كرێكار؟ سەت هەزار؟ كێ خواردن و خواردنەوەیان دەداتێ؟ كێ سەرپەرشتیی كاری گواستنەوە و پاڵپێوەنان و پێكەوەنان و رێكخستنی بەردەكان دەكا؟ چەند هەزار سەركار؟ چەند ئەندازیار؟

هەندێك گەڵای بەردیمان دیتووەتەوە كە بەر لە بنیاتنانی هەرەم بە كرێكاران دەگەیی... لە هەر بەردییەكدا ژمارەی ئەو كرێكارانەی دەبێ ئەركێكی دەستنیشانكراو جێبەجێ بكەن... ئینجا لە گەڵای تردا ناوی سەرۆكەكانی كرێكاران و لە كاتێكی دیاریكراودا دەبێ چی بكەن...

ئینجا ئەگەر زانیمان كە فیرعەونەكان ساڵی تەنیا سێ مانگ كاریان كردووە، كە رۆژانی لافاوە، كە میسرییەكان پێویستیان بە كرێكارانی ئاودێری یان كرێكارانی ناو كێڵگەكان نییە، ئەدی لەكۆتاییی ئەم ماوەیەدا ئەم كرێكارانە چی دەكەن؟

هەندێك لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە دانیشتوانی میسر لەسەردەمی بنیاتنانی هەرەمەكاندا گەیشتووەتە بیست ملیۆن و ژمارەی كرێكارانیش هەر دەبێ ملیۆنێك بێ.

وەرە پێكەوە پرسیار بكەین: بەرەبوویان لەكوێ دادەنرا؟ لە كوێیان هەڵدەگرت؟ ژمارەی ئەو كرێكارانە چەند بوون كە خزمەتی ئەم كرێكارانەیان كردووە؟

ئایا سەركارەكان قەمچییان بەكار هێناوە؟

تاكە یەك بەڵگە بەدەستەوە نییە كە توندوتیژی و سەركوتكردن و كۆیلەكردن پاڵیان بە گەلەوە نابێ هەرەم بنیات بنێ. بەكۆیلەكردن تەنیا بۆ دیلەكانی جەنگ بووە. میسریش لە رۆژگاری بنیاتنەرانی هەرەمە پلەپلەكاندا لە خۆشگوزەرانیدا دەژیا. تەنانەت میسرییەكان لەگەڵ دیلەكانی جەنگدا لەوپەڕی نەرمی و بەزەییدا بوون.

یەکێک لە زانایانی ماتماتیک ئەو کاتەی بە ٦٤٠ ساڵ لێک داوەتەوە کە هەرەمی هەرە گەورە دەیەوێ بە کرێکاران ئەنجام بدرێ.

ئەوە بەسە کە بزانین بەرد دەبێ تا بیست کیلۆمەتر بگوێزرێنەوە یان بجوولێنرێنەوە و تاکە کرێکارێک لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی سێ مانگ بەرد بگوێزێتەوە... دوای ئەوەش دەبێ دابتاشرێت و بەرز بکرێتەوە و بەبێ ڕووشاندن لە شوێنی گونجاو دابنرێ.. لەگەڵ بە بەرچاوگرتنی گرتنی ڕێسا ئەندازەیی و گەردوونییەکان و.. تاکە یەک هەڵەش تەنانەت لەهەزاردا یەکیش لە هەموو لایەکاندا نەکراوە.. چۆن؟ ئەو ئامێرە ئەندازەیی و گەردوونییانە چین فیرعەونەکان بەکاریان هێناوە؟ و بۆ کوێ چوو؟

ئەمە ئەو سەرەتا ئەفسووناوییەی ئەم داڵانە درێژە بەرینەیە کە ناوی: بلیمەتیی میسری فیرعەونی-ە.

یەک لەو بلیمەتانەی میسر، یان بلیمەتی گشت سەردەمەکان ئەم پیاوەیە: ئیمحووتەب.

ئەمە لیۆناردۆ داڤنشی-ی سەردەمی کۆنە.. کە نۆژدار و ئەندازیار و نووسەر.. بوو. ئەو نەخۆشانی چاک دەکردەوە و پەرجۆگەلی بەدی دەهێنا و.. ئەویش بوو هەرەمەکانی بنیات نا و ئەو میسرییانی فێرە نووسین کرد و.. هەر ئەویش بوو لە هیسی چرا و لە پەلکی داران مەرەکەبی ڕەشی بۆ داهێنان و... گەلی میسریش هەزاران پەیکەری بۆ دروست کرد _ لە مۆزەخانەی لۆڤەردا پەنجا پەیکەری هەیە... ئەوجا لە میسر پەرستیان، هەرچەندێک کەس تابووتێکی نەدۆزییەوە، نە لە هیچ هەرەمێکدا نە لە نزیکیاندا... ون بوو، یانیش خۆی خۆی شاردەوە بۆ ئەوەی وەک مەتەڵێکی هەموو سەردەمەکان بمێنێتەوە. هەروەها گریک و ڕۆمانەکانیش پەرستوویانە و.. نەخۆشەکان لە خەونیاندا دەیانبینی بە کەلپەلە سپییەکەی و ڕیش و ئەو کتێبەی بەدەستیەوە بوو سەری لێ دەدان..

هیرۆدۆت دوو هەزار ساڵ دوای بنیاتنانی هەرەمی هەرە مەزن کە سەری لە میسر داوە، لە کاهینەکانی بیستووە خواوەندەکان لە نێو خەڵکدا ژیاون و چیی تر ئەوە ناکەن و.. ٣٤١ پەیکەریان پیشان داوە و هەر یەکەیان لە یەکەم دروستبوونەوە وەچەیەک دەنوێنێ... ئاخۆ ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە مرۆ یازدە هەزار ساڵ پێش ئەوە ژیاوە؟ ئاخۆ هەڵەیەک لە لێکدانەوەی بنیاتنانی ئەو هەرەمەدا هەیە کە مەسعوودیی مێژوونووسی میسریی بە ڕەسەن عێراقی لەبارەیەوە دەڵێ: بەر لە تۆفانی نووح بنیات نراوە و ئەوانەی بنیاتیان ناوە بە تۆفانیان زانیوە و هەموو نهێنییەکانی گەردوونیان لە ناو هەرەم داناوە..؟

هیرۆدۆتی مێژوونووسی گریکی و هەروەها مانیتۆن _ ی مێژوونووس، هەردووکیان بەرپرسیارن لە گەلێکی ئەو مەتەڵانەی سەریان لە زانایانی هەموو سەردەمەکان شێواندووە..

هیرۆدۆت کاهینەکانی بینیوە تەنیا بە ئاماژە بۆکردن شمەکیان لە زەوییەوە بەرز کردووەتەوە. داخۆ فیرعەونەکان لە کاتی بنیاتنانی هەرەمدا ئەوەیان کردووە؟ کاهینەکان تەنگەلی نامۆیان بینیوە لە زەوی نزیک دەکەوێتەوە و دەفڕێ... داخۆ ئەم تەنە سەیرانە یارمەتیی بەرزکردنەوەی ملیۆنان تەنیان لە بەرد داوە؟

کاهینێکی میسری کە ناوی هاروونی سکەندەری بووە و لە ئیسکەندەرییەی سەدەی یەکەمی زایندا ژیاوە کوتوپڕ خوڵکی ڕووبەڕووی بارانی بۆندار دەکرد لە ژێر میچی ماڵەوە... هەروەها بەرد و شمەکی ناوماڵی هەر بە ئاماژە بۆکردن بەرز کردووەتەوە.. هەر ئەویش بووە گوتوویەتی ئەوەی من دەیکەم گەمە و ڕابواردن نەبێ هیچی تر نییە، ئەگەر لەگەڵ ئەوەی گەورەکانی ئەفسوونی فیرعەونیدا بەراورد بکرێن کە لە کاتی بنیاتنانی هەرەمەکاندا کردوویانە. ئەم ئیمحووتەب-ە دانا پزیشکە فەیلەسووفە ئەندازیارە پەرستراوە، پەرجۆی هەرە گەورەی میسرە و هەر تەنیا خۆی دەتوانێ پێمان نیشان بدا ئەوەی بوو چۆن بوو و چۆن بنیات نرا و ئەم هەموو هەرەمانە بۆ چییە؟ بگرە ئەم پیاوەی هەموو نەخۆشییە زەحمەتەکانی چاک دەکردەوە و بەتەنیا ئەو دەتوانێ بۆمان لێک بداتەوە چۆن فیرعەونەکان توانییان ئەم مەزنیەتییە لە هەموو زانستەکاندا بەدی بهێنن.

ئەو نووسینە بەردییانەی بە ناوی " بەردیی ەکانی ئەدوین سمیت " ناسراون کە درێژییان ١٥ پێیە ٤٨ باری سەیری نەخۆشانی گرتووەتە خۆ و چۆن پزیشک توانیویەتی هەموویان چارەسەر بکا... ئەم بەردییە ٧٠٠ دەرمانی تێدایە. هەموویان لە ڕووەک یان لە دەوەن وەرگیراون یانیش لە کاکڵەی ڕووەکی. ئێستاش زانستی نوێ بە پلەی یەکەم پشتیان پێ دەبەستێ، هونەرەکەش بۆ ئەم ئیمحەوتیبە دەگەڕێتەوە. لە کۆتاییشدا و لە پاش توێژینەوەیەک کە ٣٠٠ لاپەڕەی خایاند کۆرت مندلسن ـ ی زانای فیزیایی گەیشتە ئەم بۆچوونەی کەس پێش ئەو پێی نەگەیشتووە و بەم ئەنجامە کامەرانە، تا کاری توێژینەوەی تر پەیدا دەبێ.

دەڵێ: هەرەم بەخۆی لای فیرعەونەکان بایەخیان نەبووە، بگرە " بنیاتنانی هەرەم " یان بەلاوە بایەخدار بووە، چونکە بنیاتنانی هەرەم بنیاتنانی گەلی میسریشی لەگەڵدا بووە. بنیاتنان: کۆکردنەوە و ڕێکخستن و تواندنەوە و ئەندازە و موبوستێکی بەرزە. ئەوەی فیرعەونەکان کردوویانە ئەوەیە کە دەبێ ئێمە لەم سەردەمەدا بیکەین – هەر بەخۆی دەڵێ: ئامانجی مرۆی نوێ ئەوەیە، یان پێویستە ببێ: دەبێ پێکەوە بنیات بنێین و یەکتری بناسین و خۆمان لە پێناوی مەبەستێکی بەبایەختر و باڵاتر لە بیر بکەین... دەبێ هەرەمێکی نوێ لەسەر هەموو خاکێک و لەهەموو دڵێکدا بنیات بنێین...

بۆ نموونە: پێکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی ڕێ لە پیسبوون بگرین.. پیسبوونی ئاو و هەوا.. دەبێ

چارەسەرێک بۆ گازدەردەرەکانی ئۆتۆمۆبێل و فرۆکە و کەشتی و کارگەکان بکەین.. چارەیەک بۆ ئەو مووروووکوژانە بدۆزینەوە کە مووروویان پێ دەکوژین، کە مەل و خۆشمانی پێ دەکوژین.

ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ هەندێک لە لاوان چووەتە سەر ڕۆخی گرکانێک لە ڕۆئاوای ئەفریقیا، لە خراپترین بارودۆخی تەندروستیدا لە لاڕۆخدا عەشیرەتێکی دە هەزار کەسیی لێ ژیاوە. هەمـــوو دەوروبەریان ژاری بە ژار بووە، بۆیە منداڵان هەر لەو ســـاتەدا لە دایک دەبن و دەمرن، ئەگەر ئەم مرۆڤە سەرەتاییانەمان چارەسەر بکردبا، یان دوورمان خستنایە لە پیسبوون دەژیان و دووچەندان دەبوون. ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە هەموومان بەدەستیەوە دەناڵێنین، ئێمە لەڕۆخی دەریاچەیەکی گڕکانی ژاراویدا دەژیین...

لە جیهاندا هەرەمی زۆر هەن، لە سوودان و حەبەشە و مەکسیک و پیرۆدا، بەڵام بۆ ئامانجی تر بنیات نراون. بەڵام ئەو ئامانجەی لە هەموو بارەکاندا بەدی هاتووە: ئەوەیە کە خەڵک پێکەوە بوون و پێکەوە ژیان و پێکەوە مردن.

کاتێک مندلسن وتارێکی لە کۆوارێکی سویسریدا لەبارەی " یەکەتیی هێزەکانی گەلی کارگەر لە میسر " لە بنیاتنانی هەرەمدای بڵاو کردەوە، برادەرانی لە زانایانی ئەتۆم تووڕە بوون، وایان زانی گاڵتە بەوان دەکا. کە پتر لە بیست ملیۆن دۆلاریان خەرج کردووە کە لە جووڵەیەکی نامۆی وردیلەک " جزیئە " ی دەوری ناوکەی ئەتۆمی کۆباڵت دەتۆژییەوە. ئەوەی تووڕەی کردن ئەوەبوو کە گوتبووی: کارەیلی گەلێک مەزن هەن بۆ ئامانجگەلی هیچ و پووچ!

کـاری گـەورەش ئەوەیە خـەڵک پێکەوە کـار بکـەن، ئامـانجی هیچ و پووچیش کـە ئەوە بەهۆی جووڵەیەکی هەڵاتووی هەندێک ناوکەوە بێت.

بەڵام ئەو گەڕایەوە ئەو دەستەواژەیەی ڕاست کردەوە کە گوتی: مەبەستم ئەوە بوو بڵێم زانایانی ئەتۆم یەکیان گرتووە لە پێناوی بنیاتنانی هەرەمێکی گچکە،بەڵام یەکیان گرتووەتەوە!

لە ڕۆژی لەسەر مانگدا هاتنەخوارێی مرۆدا، هەموو جیهان حەپەسا، کرێکار و مووچەخۆر داواکاریی ئەوەیان لەبیرچووەوە سێ ڕۆژ پشوویان هەبێ لە حەفتەیەکدا.. بگرە بەوەوە خەریک بوون و ئەو هەڵمەتە بەناوبانگەیان لە بیرچووەوە کە داوای ڕزگارکردنی تووتییە جوانەکان دەکا لە پۆرتۆریکۆ، تا لەناو نەچن و.. هەروەها کەرکەدەن " خرتیت " یش لە کینیا لەناو نەچێ..

لە کۆتاییی توێژینەوە نایابەکەدا د. کۆرت مندلسن لە کتێبی " مەتەڵی هەرەمەکان " یدا دەڵێ: کاتی ئەوە هاتووە لە فیرعەونەکانی دانایانی سەردەمە کۆنەکانەوە فێر بین، پێکەوە هەرەمێک لە بۆشاییی ئاسماندا بنیات بنێین... لە پێناوی بەدیهاتنی ئاشتیی جیهانیدا.. کە ئاشتی لەسەر زەویدا نایەتەدی ئەگەر مرۆ یەک شتی گەردن کەش بە ئاسماندا بەرز نەکاتەوە.!

هەردەم ئەوە دەمێنێتەوە ئەوە چۆن ڕووی دا!

فۆن دینکن ـ ی نووسەری ئەڵمانی لە تازەترین کتێبێکیدا بەناونیشانی " وشەگەلێک و وێنەگەلێ " ٣٦٥ وێنەی شوێنەواری کۆنمان دەخاتە بەرچاو، وایان دەبینێ کە لە مەتەڵە هەرە گەورەکانن لە گێتیدا..

لە پێشەوەی ئەم مەتەڵانەشدا: هەرەمە هەرە مەزنەکەیە.

هەروەها پێمان دەڵێ: زانایەک ناوی ماک لوهان ـ ە ڕایگەیاندووە کە لەناو هەرەمدا جۆرە شەپۆلێکی سەیر هەیە ئامێرە نوێکان تێک دەدا، هەروەها کایەگەلێکی موگناتیسیی سەیر و ورد هەن. ماک لۆهان دەڵێ: لە ناو هەرەمدا هێزەیلێکی نادیار هەن وازیمان پێ دەکەن و نازانین چین..

بەڵام ئەریک نۆرمانی توێژەرەوەی گەردوونیش دەڵێ: فیرعەونەکان دەبێ شەپۆلەیلی سەرووی دەنگیان لە بەرزکردنەوە و خاوێنکردنەوەی بەردەکانیشدا بەکار هێنابێ...

هەروەها دەڵێ دەبێ ئەوەیان زانیبێ، ئەگەر چووینەوە سەر نووسینەکانیان و... ئەوەی دەتوانین بیکەین ئەگەر لە جێی ئەواندا بین، دەبینین کە هەرگیز بە هۆگەلە مادییەکان ناتوانن تاکە یەک هەرەم بنیات بنێن..

دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کاهینەکان گوتوویانە و.. بۆ ئەوانەی لە سەردەمی بنیاتنەرانی هەرەمدا هەبووە لە توانستی نائاسایی بۆ جوولاندنی بەرد و ئاسن، دەشڵێ: ناچارین بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوەی کتێبان. هەموو کتێبە کۆنەکان لە بەر ڕووناکیی سەردەمی ئەتۆم و ئەلەکترۆنییەکان و ئەندازەر بۆشایی ئاسمان...

هەروەها دەڵێ: ئەمێستا شوێنەوارناسی نوێترینی زانستەکانە.. زانستی داهاتووە.. ئەو زانستەیە کە بۆ هەموومان جەخت لەسەر پێوەندیی نێوانی فیرعەونەکان و دانیشتوانی هەسارەکانی تر دەکا.. پەیکەری ڕەمسیسی دووەم کە گۆیەکی لەسەر سەریدا ڕاگرتووە و لە تەنیشتەکانیدا دوو " باکێش " هەن، بێگومان هێمای ئەوەن کە دانیشتوانی میسر پێوەندییان بە گەلانێکی ترەوە بووە لە شوێنگەلێکی تری گەردوون...

بۆ نموونە: لە کتێبە کۆنەکان و ئەفسانە ڕۆهەڵاتییەکاندا دەستەواژەی: " بیکەرەوە سمسم .. " دەبینین، کە ئەم دەستەواژەیە ئەگەر بگوترایە دەرگاگەلێک دەکرانەوە و چیاگەلێکیش دەجوولانەوە بەو شێوەیەی لە "هەزار و یەک شەو"ەوە دەیزانین. ئەم دەستەواژەیە ڕاستەقینەیە. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەنگی مرۆ کە دەڵێ بیکەرەوە سمسم دەشێ گەورە بکرێتەوە تاکو شەپۆلەکانی سەرووی دەنگ توانستی شکاندن و برینەوە و هەڵگرتنی ببێ...

فیرعەونەکانیش ئەمەیان کردووە، ئەمەش گومانی تێدا نییە!

ساجان–ی زانای ماتماتیکی گەردوونی دەڵێ: بوونەوەرانی تر هەن لە هەسارەکانی تردا، ئەمە ڕاستییە. بەڵام ئەوەی فیرعەونەکان بەشێوەیەک پێوەندییان پێیانەوە بووە، ئەمەیان بەڵگەیەکی سەلمێنەرمان بەدەستەوە نییە.. ئەگەرچی بە دووری نازانم ئەم بوونەوەرانەی تر لە ماوەی جیا جیای مێژووی مرۆدا پێوەندییەکیان بە زەوی و دانیشتوانییەوە هەبێ. یان لە مێژووی زەویدا بەر لەوەی مرۆڤی لەسەر بێ.

لە ڕووداوە سەیرەکانیش ئەوەیە کە یەک لە پزیشکە فەرەنسییەکان و ناویشی بوفیس ـ ە کە چووەتە ناو هەرەمی، پاشماوەیەکی زۆری ئەوانەی بینیوە کە سەریان لەوێ داوە، سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەم پاشماوانە بۆنی پیسیان نییە.. هەروەها چەند پشیلەیەکیشی بینیوە لە ناو هەرەمدا تۆپیون. لێشیان نزیک بووەتەوە و بۆنیان لێ نەهاتووە. پشیلەیەکی لەمانە بردووەتە دەرەوەی هەرەم، ئینجا نەشتەرگەریی بۆ کردووە. سەیری کردووە پشیلەکە نە شی بووەتەوە و نە بۆگەنیشی کردووە وەک مۆمیا کرابێ وابووە.. کە ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە، ئەندازیارێکی چیکی کە ناوی کاریل دریال بووە.. هەواڵەکەی قۆزتەوە و لە ماڵەکەیدا هەرەمێکی بچووکی دروست کرد و پارچەیەک گۆشتی خستە ناو هەرەمەکە و بیست ڕۆژ لەوێی هێشتەوە.. بۆگەن نەبوو. ئینجا بیست هێلکەی بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە ژێر ئەم شێوە هەرەمییەدا هێشتەوە، پیس نەبوون.. ئینجا " گوێزانی ڕیشتاشینی " بیست ڕۆژ هێشتەوە سەیری کرد ئەم" گوێزانانە تیژییەکەیان پاراستووە وەک بڵێی کەس بەکاری نەهێناون.. هەروەها سەربازان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا تیغەکانی ڕیشتاشینیان لە ژێر شێوەیەلێکی هەرەمی دادەنا و دەیانخستە بەر ڕووناکی.. تیشکی خۆر بێ یان مانگەشەو، تیژییان زووتر پتر دەبوو.

کەوابێ شێوەی هەرەمی چی لە شەمەک و خەڵک و لاشەی مردووان دەکا، هەروەها لەو ڕووناکییەدا کە بەسەر هەرەمەکەوە بەخۆی تیشک دەداتەوە؟

چاریش نییە هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو لێدوانەی د. عەمر جوهەید ـ ی زانای میسری لە زانکۆی "عەین شەمس"دا، من لێرەدا لە کتێبی " خوداوەندەیل و ئەهریمەنگەل گالیسکە ئاسمانییەکان " ی دانانی ئەریک نوومان. لەو وتارەوە دەگوێزێتەوە کە ڕۆژنامەی " تایمس " ی ئینگلیزی ڕۆژی ١٤ ی یۆلیۆی ١٩٦٩ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ:

ئەو زانایانەی تیشکی سینی بەکار دەهێنن ـ لە ڕاستیدا تیشکی گەردوونی بەکار دەهێنن ـ لە خوێندنەوەی هەرەمی خەفرەع ـ ی نزیکی جیزە، ئەو شتانەی لەسەر ئامێرەکانی بەردەمیاندا بینییان سەرسامی کردن.. کە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی تیشکی گەردوونی لە ئامێرە تازەکاندا کە پشتیان پێ دەبەستن ئێجگار سەیربوو. ئەمان تا ماوەی ساڵێک هەموو ڕۆژێک ٢٤ سەعات کاریان دەکرد، بە ئومێدی ئەوەی ژوورە نهێنییەکانی ناو ئەو هەرەمە بدۆزنەوە کە کێشەکەی شەش ملیۆن

تەن بەردە. ئەمان کە ڕەوتی تیشکی گەردوونییان لەسەر شریتی موگناتیسی تۆمار دەکرد، بیرۆکەکەش ئەوە بوو کە تیشکی گەردوونی ئەگەر لە گشت لایەکەوە کەوتە سەر هەرەم و ئەگەر هەرەم لە ناوەوە پتەو بێت ژووری لە ناودا نەبێ، ڕەوتەکەی یەک دەبێ. بەڵام ئەگەر بۆشایی لە ناو هەرەمەکەدا هەبێ ئەوە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی تیشکی زۆرتر.بەسەر ئامێرەکانی دۆزینەوەی تیشکی گەردوونی. بەوەش دەزانین کە ژوورگەلێک لە شوێنێک لە شوێناندا هەیە. پتر لە یەک ملیۆن دۆلاریش بۆ ئەم پرۆژەیە خەرج کرا.

لە زانکۆی عەین شەمسدا د. عەمر جوهەید هەزاران تۆماری پیشان دام. ئینجا ماوەیەک دوودڵ بوو لەوەی پێم بڵێ لە تەنگژەدام. ئینجا دەستی بۆ یەک لە شریتە کانزاییە تۆمارکراوەکان درێژ کرد و گوتی: ئەمە مەیدانخوازی لە هەموو قانوونە زانراوەکانی زانست و ئەلەکترۆنییەکان دەکا. یەک لەم شریتانە لە ئاوەزی ئەلەکترۆنی دانرا و سەیری کرد جموجۆڵەکەی ناباو و نا ئاساییە. ئەمەش هەرگیز بەلای زانستەوە نابێ.

لە بارەی ئەم هەموو ڕەنجەی دراوە و بەهۆی هێزێکی نادیاری ناو هەرەمەکەوە، بە فیرۆ چووە کە ئەمڕۆ ئاوەز ناتوانێ بیزانێ، پرسیارم لە د. جوهەید کرد, د. عەمر دوودڵ بوو ئینجا گوتی: یان دەبێ ئەندازەی هەرەمەکان هەڵەیەکی بنچینەییان هەبێ، کار لە ڕەوتی تیشکی گەردوونی دەکا، یانیش نهێنییەکی لە سەرووی توانستی ئاوەزی مرۆیانەوە هەبێ ناتوانێ بیزانێ... ئەم نهێنییە چیی ناو دەنێی بنێ: ئەفسوونی فیرعەونی یان هێزی شاراوە (نادیار) یان نەفرەتی فیرعەونان.. لەناو هەرەمدا هێزێک هەیە مەیدانخوازی لە قانوونەکانی هەموو زانستەکان دەکا. ئەم هێزەی کە لەناو هەرەمدایە هێشتا لەتوانستیدا هەیە کار لە نوێترین ئامێرێک بکا کە مرۆ دایهێنابێ.

هەروەها فیرعەونەکان یەکەم کەس بوون ئاماژەیان بۆ بوونی پارزەوینێک کردووە کە ژێر ئاو کەوتووە، ئەم پارزەوینەش لەلای ڕۆئاواوەیە و دانیشتوانی ئەم پارزەوینە خنکاوە باڵابەرز و ژیر بوون و لە شوێنانی ترەوە هاتوون و گەڕاونەتەوە ئەوێ.

ئەم پارزەوینە ژێرئاوکەوتووە ئەوەیە کە دواتر بە ناوی کیشوەری " ئەتلانتس " ەوە ناسرا، لەو شوێنەدا بووە کە ئۆقیانووسی ئەتلانتیک دایدەپۆشێ و.. تەنیا دوورگەکانی کەناریا نەبێ هیچی کە لەم پارزەوینە نەماوە، کە دەکەوێتە سەر هێڵێکی ڕاستە لەگەڵ هەرەمەکانی جیزە _ وەک لەمەو پاش دەبینین!

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# نووسەری گەورەی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ

سازدانی: ماکسیمیلیان پرۆبست، کیلیان ترۆتەر

ئەو خۆشحاڵە بە فۆتۆکۆپیکردنی کتێبەکانی بەدزییەوە، ئینتەرنێت بۆ ئەو گوندێکی جیهانییە. ناسراوترین نووسەری بەرازیلی Paulo Coelho پاولۆ کۆیلۆ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەسەر تۆڕی سکیاب Skype، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ شۆڕشی دیجیتاڵی، هەرچەندە ئەم شۆڕشە کاریگەریی خراپی بۆ سەر بازاڕی کتێب هەیە.

* بەڕێز کۆیلۆ، کتێب فرۆشەکان چ مانایەکی لای ئێوە هەیە؟

– کتێب فرۆشەکان وەکو پەرستگایەک وان بۆ من. تۆ لەوێندەر کتێب دەبینیت، تۆ دەتوانیت لەگەڵ کتێب فرۆشەکان قسە بکەیت ئەمەش شتێکی زۆر خۆشە.

* ئێوە هیچ ترستان نییە، کە ئەم پەرستگایانە بەرەو داخستن بڕۆن، لەکاتێکدا کە نووسەرە باشەکان بۆ نموونە وەکو بەڕێزتان، کتێبەکانی بە شێوەی E-Books بە کەمترین نرخ بۆ نموونە بە ٩٩ سەنت بفرۆشرێت؟

– تۆ جارێک وازبێنە با من شتێکتان پێ بڵێم: کاتێک Gutenberg گوتنبێرگ ئامێری چاپکردنی داهێنا، قەشەکان یەکسەر گوتیان باشترە ئێمە لەم جیهانە بکشێینەوە، چونکە ئەم ئامێرە جیهانی زۆر خێرا کردووە، جاران ئێمە دەهاتین پیتمان دەچنی، کتێبەکانی ئێمە هونەرێکی مەزن بوو، بەڵام ئێستا ئەم ئامێری چاپکردنە هەرزانەی گوتنبێرگە دروست بووە و جێگەی گرتووەتەوە.

هەر شۆڕشێکی تەکنەلۆجی توانیویەتی پلاتفۆرمێکی نوێ بۆ شۆڕشێکی کولتووری دروست بکات. لەبەرئەوە من بەهیچ شێوەیەک باوەڕناکەم کە ئەم پەرستگایە (کتێب فرۆشەکان ) نەمێنێت.

..............................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



Paulo Coelho

گەر سەیر بکەیت، کاتێک فیلم دروست بوو، کۆتایی بە (شانۆ) نەهێنا.

* ئاخۆ ئەم شۆڕشەی کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، تا چەندە کاریگەری دەبێت بەسەر دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەوە؟

– من ئێستا نزیکەی ٨ ملیۆن هەوادارم لەسەر تۆڕی Facebook فەیسبوک هەیە، سایتەکەم مانگانە نزیکەی دوو ملیۆن کەس سەردانی دەکەن و شتەکانم دەخوێننەوە. دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەوە تێناگەن و نازانن چەند ئەمە شتێکی گرینگە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی تەقلیدی فرۆشی کتێبەکانی چاپخانەکان و کتێب فرۆشەکان، شتێکی گرینگ و پێویستە. بەڵام ئەم شتە تەنیا ئێمەی نووسەر ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین و تەنیا پێوەندی بە ئێمەی نووسەرەوە نییە.

* زۆرێک لە نووسەرەکان حەزیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە، ئەوان ئەم تۆڕانە تەنیا بە کات کوشتن دادەنێن، ئەوان زیاتر پێویستییان بە کاتە بۆ نووسینی کتێب. هەربۆیە دەڵێن پێویستە خوێنەرانیش چیتر واز لە دەمەتەقێی ناو ئینتەرنێت بهێنن و بچن کتێب بخوێننەوە.

– من ئەم بۆچوونەم زۆر بەلاوە سەیرە. من هەموو کاتێک کاتی ئەوەم هەیە بۆ ئەوەی بچم کتێب بنووسم، یان بچم کاربکەم، هەروەها کەمێک کاتیشم هەیە بۆ ئەوەی بچم سپۆرت (وەرزش) بکەم. لەبەرئەوە من پێم وایە: یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بۆ ژیانی نووسەر ئەوەیە، کەبە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ خوێنەرانی خۆی هەبێت، چونکە بەم شێوەیە نووسەر زیاتر لە ڕاستییەکان تێدەگات. دیارە ئەمە نەک تەنیا وەکو نووسەر، بگرە وەکو مرۆڤێکیش لە ژیان یارمەتیم دەدات. دوێنێ من لەگەڵ هاوڕێیەکم لە ئینتەرنێت قسەم کرد، کە خەڵکی مۆنتێنێگرۆیە، ئەو باسی سەربوردە (حکایەتە) نایابەکانی مۆنتێنێگرۆی بۆ دەکردم. پاش ئەویش یەکسەر لەگەڵ هاوڕێیەکی چینیم کەوتینە چاتکردن (قسەکردن لەسەر ئینتەرنێت). ئەمانە هاوڕێی منن، هەرچەندە من بەشێوەیەکی فیزیکی ئەوانم نەدیوە، بەڵام ئەوان دەتوانن لەگەڵ من گفتوگۆ بکەن، من بەشێوەیەکی ئیکستریم (توند) زیاتر شت فێردەبم و خۆشحاڵیی زیاتریشم پێ دەبەخشێت. ئەمە ڕێک وەکو ئەوە وایە تۆ بچیت بۆ بارێک. دیارە نووسەرەکانیش دەبێت بەبەردەوامی سەردانی بارەکان بکەن.

* بەڵام بۆچی زۆربەی نووسەرەکان ناچن بۆ باری دیگیتاڵی؟.

– ئەوان ترسیان هەیە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیانە پێوەندی لەگەڵ خەڵکیدا بکەن، ئەمەش تەواو هەستێکی مرۆڤانەیەو پێوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە. کاتێک تۆ بۆ یەکەم جار شتێکی

بێگانە دەبینیت، سەرەتا سڵی لێ دەکەیتەوە.

* داخۆ دەبێت ئێمە لە Amazon* ئەمازۆن بترسین؟ یان لەو لۆجیکەی ئینتەرنێت کە دەڵێت: The winnertakesit all?**

– ئەوە لۆجیکی ئینتەرنێت نییە، بەڵکە ئەمە لۆجیکی " منطق" ی جیهانی ئەمڕۆمانە. ئێستا حاڵی حازر یارییەکانی جامی پاڵەوانێتی تۆپی پێی ئوروپایە. ئاخۆ خەڵکی هیچ بەلایانەوە گرینگە کێ دووەم یان سێهەم دەبێت؟. نەخێر، بەڵکە تەنیا ئەوەی گرینگە، کێ یەکەم دەبێت و دەیباتەوە. هەرچەندە من دڵنیام کە ئەڵمانیا دەیباتەوە***. لەبەرئەوە جیهانی ئەمڕۆشمان ڕێک ئاوایە، جا کەسمان نازانین کێ براوە دەبێت، ئەمازۆن یان کێی تر براوە دەبێت. بەڵام: بەیانی مونافیسەکانی شتێکی نوێتر دادەهێنن، بەم شێوەیەش هەلومەرجەکە بە تەواوەتی دەگۆڕێت. ئێمە ناتوانین ڕەوڕەوەی پێشکەوتن ڕابگرین، بەڵکە ئێمە دەبێت خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، لێ پێشکەوتن دەبێت بەردەوام بێت. وازبێنن با سوود لە هەموو تەکنەلۆجیایەکی نوێ وەربگرین.

* بەڵام ئاخۆ ئێوە چۆن دەتوانن بەو شێوەیە بکەن؟

– پێش چەند هەفتەیەک پرسیارم لەو دەزگای چاپخانەیەی کە کتێبەکانمی لێ چاپ دەکەم کرد، ئاخۆ دەتوانم هەموو کتێبەکانم بەشێوەی E-Books بە نرخی ٩٩ سەنت بڵاوبکەمەوە، دیارە بێجگە لە ڕۆمانی "کیمیاگەر". ئەویش ڕازی بوو. بۆ ماوەی سێ هەفتە کتێبەکانمی بەم شێوەیە بڵاوکردەوە، کاتێک ئەو بە شێوەی E-Books کتێبەکانم بڵاودەکاتەوە، ئەو هیچ پارە نادات بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم. چی ڕووی دا؟. ئەو کتێبانەی کە بەشێوەی E-Books بە نرخی ٩٩ سەنت بڵاوی کردبوویەوە، توانییان پێشی ڕۆمانی " کیمیاگەر" یش بدەنەوە. ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمەریکی بڵاوی کردەوە، کە کتێبەکانم لە پلەی ٣٩ وە بەرزبوونەتەوە بۆ پلەی ٧. ئەمەش شتێکی نوێی فێری من کرد.:

گەر تۆ کەسێکی پیسکە نەبیت، ئەوا سەرمایەکەت زیاتر دەکات و دەیبەیتەوە.

* بەڵام ئەم حاڵەتە تەنیا نووسەرە گەورەکان دەگرێتەوە. بەڵام ئەی نووسەرە نەناسراو و بچووکەکان چی بکەن، کە دێن باشترین کتێب دەنووسن، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم خوێنەریان هەیە؟.ئەوان چۆن دەتوانن لەم جیهانە نوێیەدا بژین؟.

– گەر تۆ دەستت بە نووسین یان بە سەماکردن کرد، تۆ ئەم کارە بە قەناعەتەوە دەیکەیت، تۆ بۆیە ئەو کارە دەکەیت، چونکە دەبێت ئەو کارە بکەیت. من بەرازیلیم، من هیچ وەختێک لەو باوەڕەدا نەبووم، کە لە ڕێگەی کتێبەکانمەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەمەند ببم. بەڵکە بە پێچەوانەوە، هەموو کەسێک ئەوکاتە پێی دەگوتم کە ئەمە هیچ کاتێک ڕوونادات، پارە پەیداکردن تەنیا لە ڕێگەی

کارکردنەوە دەبێت. گەر تۆ بتەوێت پارەت لە ڕێگەی کتێبەوە دەست بکەوێت، ئەوا هەموو دڵت و ڕۆحت لەسەر کارەکەت دادەنێیت و بە جددیەوە کاردەکەیت. هەروەها گەر تۆ پارەشت دەست نەکەوێت، بۆ نموونە من خۆم ماوەی چەندین ساڵ بەم شێوەیە بووم، بەڵام لە کارکردن بەردەوام دەبیت.

* بەڵام لەم سیستەمەی بەڕێزتاندا کێشەیەک هەیە: گەر خوێنەرێک ئەو کتێبانەی بەشێوەی E- Books بە نرخی ٩٩ سەنت دەست بکەوێت، ئەوا ژمارەیەکی ئێجگار کەم ئامادەن ٣٠ دۆلار بە کتێبێکی کاغەز بدەن. کاتێک خوێنەرێک کتێبێک بە ٣٠ دۆلار دەکرێت، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دەتوانن یارمەتی دارایی هەندێک نووسەری گرینگی تر بدەن، کە لە ڕووی داراییەوە هێندە وەزعیان باش نییە.

– ئەوە قسەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە، بەڵام نووسەرەکان چی دەڵێن؟!.

* ئەوانیش هەمان شت دەڵێن.

– بەڕاستیتە؟!. کاتێک پرسیار لە چوار یان پێنج نووسەر دەکەیت، دەڵێن: ئەو نووسەرانەی کە بەناوبانگن و کتێبەکانیان دەفرۆشرێن، ترسناکن. یان دەڵێن کڤاڵیتەی کتێبەکانیان باش نییە، یان زۆر دەبەنگن... هتد. گەر نووسەرە بەناوبانگەکان یارمەتی نووسەرە ئاساییەکان بدەن، گەر ئەوانە ئازابن و بێن بڵێن: نووسەرە بەناوبانگەکان زۆر باشن، چونکە من بە پارەی ئەوان دەتوانم کتێبەکانم چاپ بکەم، گەر ئەوان بێن ئەمە بڵێن، ئەوا نووسەرە بەناوبانگەکان باشن، چونکە ئەوان دڵی زۆر خەڵک بۆلای خۆیان دەکێشن، بەم شێوەیەش حاڵەتێکی تر دروست دەبێت. بەڵام من بیر و بۆچوونی ئێوە لەبارەی نووسەری بەناوبانگەوە دەزانم، هەربۆیە پێتان دەڵێم: کاتی ئێوە تەواو بووە، ها، ها.

* کەواتە ئێوە هیچ هەستێکتان بەرامبەر بەم نووسەرانە نییە؟

– نەخێر. ئەمانە بۆچوونێکی ئەرستۆتالیستییان بەرامبەر بە نووسەرە بەناوبانگەکان هەیە. کامۆ نووسەرێکی بەناوبانگ بوو کتێبەکانی زۆر دەفرۆشران، بۆدلێریش بەهەمان شێوە بەناوبانگ بوو کتێبەکانی زۆر دەفرۆشران، هێنری میلەر و شکسپیریش بەهەمان شێوە. کەواتە گەر نووسەرە بەدبەختەکان بیانەوێت بەیارمەتی نووسەرە بەناوبانگەکان کتێبەکانیان چاپ و بڵاو بکەنەوە، پێویستە سەرەتا بیرو بۆچوونیان لەبارەی نووسەرە بەناوبانگەکان باش بکەن.

* ئێوە بۆچوونتان چۆنە لەبارەی پیراتەکانەوە" چەتەکان، دزەکان"؟. بەزۆریی کتێبی نووسەرە بەناوبانگەکان بە ساختە کۆپی دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە. زۆر کەس

دەترسن: گەر خەڵکی فێری ئەم حاڵەتە ببن، ئەوا چیتر کەس نامێنێت کتێبێک بکڕێت.

– بەڵێ، ئەمە ڕیزیکۆیە " موجازەفە". بەڵام کاتێک من کتێبەکانم بە نرخی ٩٩ سەنت بفرۆشم، ئەو کاتە هیچ چەتەیەکی کتێب چاپکردن نامێنێت. بەڵام: من بەهیچ شێوەیەک ناڵێم کە چەتەی کتێب چاپکردن شتێکی خراپە !، بەرزترین و گرینگترین ئامانجی من ئەوەیە، کە کتێبەکانم لەلایەن خەڵکییەوە بخوێنرێتەوە. گەر چەتەش هەبێت، ئەوا هەردەبێت هەبن، لەبەرئەوە هیچ پێویست ناکات ترسمان هەبێت. من بە ڕاشکاوانە پێت دەڵێم: گەر کەسێک ببێتە قوربانی چەتەیەکی کتێب کۆپیکردن، ئەوا وەکو ئەوە وایە ئەو نووسەرە خەڵات کرابێت، ئەوە میدالییەکی گەورەیە !. چونکە چەتەکان تەنیا ئەو کتێبانە کۆپی دەکەن، کە قاچاخن، ئەوانەی کە زیاتر خەڵکی حەزیان لێیە بیانخوێنێتەوە. گەر من کاتێک بە شەقامێکی هیندستاندا بڕۆم، لەوێندەر لە کتێبخانەیەکی بچووکدا ببینم، منداڵێک تەنیا دە کتێبی هەیە، دووان لەو کتێبانەش هی منن کە بە قاچاخی کۆپی کراون، ئەوا ئەو کاتە من زۆر خۆشحاڵ دەبم و ئەمە جێگای شانازی دەبێت بۆ من.! من زۆر شانازی دەکەم، چونکە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو خەڵکی حەز دەکەن کتێبەکانی من بخوێننەوە. جارێکیان سەردانی لیمام کرد، لەوێندەر سەیرم کرد لە یەکێک لە چاپخانەکاندا، هەموو کتێبەکانی منیان بە قاچاخی چاپ کردووە. من زۆر خۆشحاڵ بووم، دەمویست لەگەڵ ئەو گەنجەدا قسە بکەم کە ئەم کتێبانەی منی دەفرۆشت. لێ کاتێک من پێم گوت کە من خاوەنی ئەم کتێبانەم، ئەو یەکسەر ڕایکرد. ئەو وای دەزانی، کە ئێستا من دەچم شکاتی لێ دەکەم، بۆیە ترسا و ڕایکرد. بەڵام من نەمدەویست شکاتی لێ بکەم، بەڵکە دەمویست سوپاسی بکەم.

* باشە گەر ئێوە دزینی کتێب و چەتەی کۆپیکردنی کتێب بەلاتانەوە شتێکی خراپ نەبێت، کەواتە بۆچوونتان چۆنە سەبارەت بە مافی چاپکردنی کتێب؟.

– دیارە مافی چاپکردنی کتێب، داهێنانێکی جیهانی بازرگانییە نەک هی نووسەران. ئەمەش پارێزگاریی لە بازرگانی دەکات، نەک لە خاوەنی کتێبەکە. بۆچووونی من لەم بارەیەوە " دابەشکردنە". ئوستاد ئێکهارت، کە سۆفییەکی ئەڵمانیی بووە، دەڵێت: دابەشکردن پێوەندیی بە رۆحی مرۆڤەوە هەیە.

گەر تۆ لەگەڵ خەڵکی تردا کارەکەت دابەش نەکەیت، ئەوا هیچ بوونێکت نابێت. بائێمە لێرەدا ئەم قسەوباسەمان بەسەر Skype**** دابەش بکەین. من ئێوە دەبینم، ئێوەش من دەبینن. ئەمەش هیچی تێ ناچێت بۆ ئێوە، وە هیچیشی تێ ناچێت بۆ من. ئاخۆ ئەمە شتێکی خۆش نییە؟.

* قازانجەکانی بەرنامەی سکایپ ئەوەیە، کە ئێمە دەتوانین ژووری کارکردنەکەی ئێوە ببینین. ئەریٚ ئەو تابلۆیە کێیە کە بەسەر دیوارەکەوە هەڵتانواسیوە؟.

– ئەوە کاتێدراڵی Santiago de Compostela، ئەمەش بابەتی یەکەمین کتێبی من بوو. ئەم تابلۆیە

ژنەکەم کێشاویەتی، ئێستاش لەناو بیرۆکەمدا هەڵمواسیوە. لە ڕاستیدا دەبوایە من کتێبخانەیەکی گەورەم هەبێت، کە زۆر سەرنجڕاکێش بێت، وەکو ئینتەلێکتوێلە (ڕۆشنبیر) کۆنەکان، بۆ ئەوەی خۆم وا پیشانی خەڵکی بدەم، کە من چەندە کەسێکی گرینگ و بەهرەدارم. من لە ڕاستیدا زۆر بەهرەدارم، لێ نابێت ئەمە پیشانی خەڵکی تر بدەم، یان خۆم وانیشان بدسەم. ڕاستیی مەسەلەکە بەم شێوەیە: ئینتەرنێت شتێکی ئاسایی و سادەو ساکارە. لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدام، کە مۆدێلی ئینتەلێکتوێلە کۆنەکان نەماوەو بەسەرچووە. ئێستا سەردەمی Internetuelle.

* ئاخۆ ئەم ڤیگورە نێوییە چ ڕۆڵێک دەگێڕێ؟.

– Internetuelle. دەتوانێت ستیلی نووسین بگۆڕێت. نووسین زۆر ڕاستگۆیانەتر دەبێت و، هیچ ئاڵۆز و ناخۆش نابێت. نووسین زۆر دیرێکت" ڕاستەوخۆ" تر دەبێت، لە هەمان کاتیشدا شتێکی رووکەشیش نابێت. نووسەر دەبێت زۆر بەکورتی چیرۆکەکانی بگێڕێتەوە و دیرێکت "ڕاستەوخۆش" بچێتە ناو کرۆکی بابەتەکەوە. ئەمەش حەزو چێژی خوێنەران زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەمڕۆ ئەو شۆڕشەی کە باسی لێوە دەکەم بریتییە لە: ئەمڕۆ تۆ وەکو نووسەر چەندین ڕێگات لەبەر دەمدایە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانت چاپ بکەیت. تۆ دەتوانیت لە ڕێگەی تایپکردنی ١٤٠ پیتەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی Twitter تویتەرەوە بنووسیت، یان تەنیا بە پێنچ دێر لەسەر Blog بلۆگەکەی خۆت شت بڵاو بکەیتەوە، یان دەتوانیت کتێبێکیش بنووسیت و بڵاوی بکەیتەوە. من لەو باوەڕەدام کە لە داهاتوودا چیتر ناوی (نووسەر)، وەکو تەنیا یەدەگێکی خەڵکی نامێنێت بۆ ئەوەی کتێبیان بۆ بنووسێت، ئێمە ئەمڕۆ کۆمەڵێک هەلی هەمەجۆرمان لە بەردەستدایە.

* ئاخۆ ئێوە ئەو شتانەی کەلە Blog بلۆگەکەدا دەینووسن، ئەمە بە کارێکی ئەدەبی دادەنێن یان بە کارێکی هونەری؟.

– بەدڵنیاییەوە ! تەنانەت ئەوەشی کە لەسەر Tweets دەینووسم بەهونەری دادەنێم.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی تسایتی ئەڵمانی.

.Paulo Coelho .Twittern ist Kunst.www.Zeitonline.de.28.06.2012.

پەراوێزەکان:

* Amazon ئەمازۆن سایتێکی گەورەی ئینتەرنێتییە، کە تێیدا کتێبی کۆن و نوێ دەفرۆشرێت.

** براوە دەبێتە خاوەنی هەموو شتێک، دروشمێکی ناو ئینتەرنێتە.

*** جێگای گوتنە جامی پاڵەوانێتی تۆپی پێی ئورووپا ئیسپانیا بردییەوە، ئەڵمانیا یەکەم نەبوو.

* Skype سکایپ بەرنامەیەکی ئینتەرنێتییە، کە خەڵکی لەڕێگەی کۆمپیوتەرە دەتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندی بکەن و یەکتری ببینن و قسە لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

# ٣٦ ملیۆن کەس بوونە قوربانیی سیاسەتەکانی ماوتسیتوونگ

میشائیل هۆلمس

**"هەڵە بچووکەکان، بەرەنجامی گەورەیان لێ دەکەوێتەوە"**

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ لە چین لەکاتی پێڕەوکردنی سیاسەتی " بەسۆسیالیستکردنی پیشەشازی و ئابووریی وڵات"، دایک و باوکەکان بۆ ئەوەی بژین، ناچار بوون منداڵەکانیان بخۆن. یەکێک لە شاهیەتحاڵەتەکان، کە لەو کارەساتە ڕزگاری بووە، باسی گەورەترین برسێتی دەکات، کە لە مێژوودا ڕوویداوە.

لە قەبرستانە مێژووییەکەدا، لەناو دەروونماندا هەر قەبرێک ئاماژەیە بۆ چەندین مردوو. لە ڕێگەی سەرەکی چوونە ژوورەوەدا، هەموو ئەم قەبرانەی، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دانراون، بە بەردەوامی خزمەت دەکرێن، لەبەردەم ئەم قەبرانەشدا خەڵکانێکی زۆر ڕاوەستاون، هەموویان سەریان داخستووە و دەگرین. لێرەدا ڕۆژنامەنووسی ناوداری چینی یانگ ژیسینگ Yang Jisheng بۆ ماوەی بیست ساڵ بە بەردەوامی و بێ دواکەوتن، ڕۆژانە لەبەردەم یەکێک لەم قەبرانە کاری دەکرد.

"من بەم کتێبەم دەتوانم بەردێک بخەمە سەر قەبرەکەی باوکم و ٣٦ ملیۆن چینیی تر، کە لە برساندا مردن، بۆ سیستمێک، کە بووە بەهۆی مردنی ئەوان و لەوانە بێت خۆشم.". بەم شێوەیە یانگ ژیسینگ Yang Jisheng کتێبەکەی بەناوی سیاسەتیی گەورەترین بازدانی ماو تسیتوونگ و برسێتی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ دەست پێ دەکات.

دیارە پێشتر خەڵکی بەردی قەبرەکانییان بۆ دروستکردنی خانووبەرە بەکاردەهێنا. ئەم قەبرانەش، هێمنی و ئارامییەک بە ڕۆحی مردووەکان دەبەخشن و سەبوورییەکیش بەزیندووەکان دەدەن. کاتێک یانگ باوکی لە برساندا مردووە، ئەو لە قوتابخانەدا یەکێک بووە لە کۆمۆنیستە

.................................................................

وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



ماوتسیتوونگ

حەماسییەکانی ناو پۆل. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێشتا باوەڕێکی تەواوی بە ماو و پارتی کۆمۆنیست هەبووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ تا ٢٠٠١ ئەو وەکو ڕۆژنامەنووسێک کاری بۆ ئاژانسی هەواڵی حکومی Xinhua، خینوا کردووە، تاوەکو ڕوودانی کۆمەڵکوژییەکەی تیانمان*، ئینجا چاوی دەکرێتەوە.

## خەڵکی یەکترییان دەخوارد

ئەمڕۆ لە تەواوی وڵاتدا کۆمەڵێک دیکۆمێنتی گرینگ دەرکەوتوون، کە بەشێکی زۆری ئەم دیکۆمێنتانە لە بەڵگەنامەکانی حزبی کۆمۆنیستدا دەرکەوتوون. ئەم بەڵگانە باسی سەردەمی برسێتی دەکەن، هەروەها لەناو بەڵگەکانیشدا چەند شاهیەتحاڵێک هەن، کە باسی کارەساتەکە دەکەن، لەپاش ئەم لێکۆڵینەوانە کە لەم بارەیەوە کراون، ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە ئەم کارەساتە، گەورەترین تاوان بووە کە لەمێژوودا دژ بەمرۆڤایەتی کرابێ.

زۆرکەس هێشتە بە گومانەوە دەڕواننە ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەم برسێتییە گەورەیە. یانگ هەرچی بەڵگە و فایل هەیە لە ناوچەکەدا کۆی کردووەتەوەو لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ئەم کارەساتە کراون، پێکەوە هەڵیاندەسەنگێنێت. بەپێی دواین خەمڵاندنی یانگ، کە پاش لێکۆڵینەوەیەکی وورد گەیشتووەتە ئەم بەرەنجامە، ژمارەی قوربانیانی ئەم کارەساتە دەگاتە نێزیکەی ٣٦ ملیۆن کەس. ئەمەش گەورەترین ژمارەی قوربانییە لە مێژوودا، کە هێندە کەس ببنە

قوربانی ئەزموونێکی سیاسیی سەقەت. یانگ ڕێگە دەدات، کە ئەو کەسانەی کە لەم کارەساتە ڕزگاریان بووە، باس لە (چیرۆکە خوێناوییەکان)، لەپشتی (ژمارە وشکە بێ ڕۆحەکانی مردووەکانەوە) بکەن.

خەڵکە برسییەکان بۆ ئەوەی بەردەوامی بەژیانیان بدەن و خۆیان لەم کارەساتە ڕزگار بکەن، شتی زۆر پیس و قێزەون و پاشماوەی خراپیان خواردووە، ئەوان لەو کاتەدا پەلاماری، کرمی زەوی، جرج و مشک، هەموو جۆرە مێرووەیەک و گیانلەبەرێکیان دەدا و دەیان خوارد. هەندێک کەس برسێتیی وای لێ کردووە کە پەلاماری گۆشتی دایک و باوکی بدات، یان منداڵەکانی، یان خوشک و براکانی خۆی بخوات. زۆرجار هەموو گوندەکە لەناو دەچوو، قوربانییەکانیش لەناو قەبری بەکۆمەڵدا دەشارانەوە.

## دۆزەخێک لە ترس

هەزاران کەس تەنیا لەبەر بیر و بۆچوونێکی بچووک، هەستێک، تەنانەت خەیاڵێکیش، وەکو دوژمنی گەل وەسف کران و سزا دران. لەو ساڵانەدا بێ کۆتا خەڵکی کۆ دەکرانەوەو وەکو هەموو جارێک هاوار دەکرا " دوژمنانی شۆڕش "، ئەو کەسانەیان سزا دەدا، جنێو و سووکایەتییان پێ دەکرا، لێیان دەدرا و ئەشکەنجە دەدران. یانگ لەم بارەیەوە جوانتر حاڵەتەکەی باس کردووە، چۆن دۆزەخێک لە برسێتیدا دروست بووە، ترس لە ئازارکێشان و ئەشکەنجەدان، کە هەموو هەموو کەسێکی گرتەوە، کە ئەمەش وای کردبوو هیچ خەندەیەک لە ئاسمانەوە نەگاتە ئەرز**.

دیارە زۆرجار، گومانێکی زۆر لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم برسێتییە گەورەیە دەکرێت. یانگ گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە:

"ئەم برسێتییە لە ساڵانێکی زۆر ئاساییدا ڕووی داوە، کە بەروبوومی کشتووکاڵی باش بووە، هیچ شەڕێک ڕووی نەداوە، یان هیچ نەخۆشییەک و دەردێکی گران لە وڵاتدا بڵاو نەبووەتەوە. بگرە ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە تا چەندە ئەو ڕێژیمە تۆتالیتارییە شموولییە، دڕندە بووە، کە وای کردووە ژیانی هەموو کەسێک بکاتە دۆزەخێک و هەموویان بکاتە دیل و ژیانی هەموو کەسێک لەناو ببات."

## تیرۆر لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بوو

کاتێک برسێتییە گەورەکە دەستی پێ کرد، سیستمی شۆڕشگێڕانە گەیشتە هەموو شوێنێک، "تەنانەت دوورترین گوندی وڵاتیش". پەلاماری هەموو " عەقڵ و خۆشەویستییەکی" کەسێکی دەدا. دەسەڵات گەیشتە دوا ترۆپکی خۆی و هیچ سنوورێکی نەهێشتەوە. جووتیارەکان پێکەوە کاریان دەکرد، هەر پێکەوەش نانیان دەخوارد و دەنوستن، هەموویان لەناو کۆمۆنی جەماوەریدا کۆ کرابوونەوەو دەژیان***.

دروشـمـە گەورەکـان، گۆرانییـەکـان و ئاڵا سوورەکـان، لەگەڵ تیرۆردا لەهـەمـوو شـوێنێـک ئـامـادە بوون. توێژێکی کـەم حـوکمـی ئیـمـپراتۆریەتـی خۆرییـان دەکـرد، دەسـەڵاتیـان بەسـەر هـەمـوو خێر و سـامـانـی ئەو وڵاتە گەورەیـەدا هـەبـوو، هـەر ئەوانیش بڕیاریان دەدا، کـە "چی، چۆن، کـەی" شـتـەکـان ڕوو بدات. هـەربۆیە سـەرکـردە مارکسییـەکانی پارتی کۆمۆنیست بەترسـەوە دەڕواننە ئەوەی، کـە کێ بەرپرسە لەو برسێتی و توندوتیژییەی، کە لەو ساڵانەدا ڕووی داوە.

"خێرابکەن، بۆ پێشـەوە، چاکتر"، بەم شێوە ماوتسـیتوونگ فـەرمانی دەردەکـرد، ئەو " گـەورترین سـەرۆک "بووە لە مـێژووی چیندا، کـە وەکـو سـەربازێکی ئازاو قـارەمـان خـۆی پیـشـان دەدا، کـە خـاوەنی توانـایەکی ئەفـسـوونـاوی و بێ سنوورە. هەڵـمـەتی دەسـتـبـەسـەراگـرتنی مـوڵک ومـاڵ، ڕادیکاڵـتـر و تـوندڕۆتر دەبـوو، پاکـتـاوکـردن دڕندانەتر بوو، هـەروەهـا پـلانەکـانی ئاوەدانکـردنەوە شـەڕانیتر و مـلـهووڕانەتر دەبوو. خەملاندنی ڕێژەی پلانە ستراتیجییەکان بۆ کەرتی " کشتووکاڵی – ئابووری"، بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرز دەکرایەوە.

## سۆلجینیتزینی**** چین

حکوومـەت داوای دانەوێڵـەی دەکـرد، لەکـاتێکدا جـووتیـارەکـان بەهـیچ شـێـوەیەک ئـامـادە نەبوون، دانەوێڵـەکەی خـۆیان بدەن بە حکوومـەت. لەهـەمـانکـاتیـشـدا ملیـۆنان کـەسـیـان بـە زۆرەملێ برد بۆ دروستکردنی بەنداویی ئاو و ئاوەدانکردنەوە و چاندنی زەویی کشتوکاڵی، هـەروەهـا بێ شـوومار لە هـەمـوو شـوێنێکدا کـورەی ئاسن توانەوەیان دروست کردبوو، بۆ ئەوەی بەرهـەمی ئـاسن لە وڵاتدا زیاد بکرێت، لـەلایەکی ترەوە لەنـاوبردنی مــافی مــوڵکداری وای کـرد کــە بواری کــارکــردن بۆ جـووتیـارەکان نەهێڵێتـەوە. هـەربۆیە ئەمـەش وای کرد کە کادیرەکانی حزب، جووتیـاران ببەن بۆ کێڵگە کشتوکاڵییەکان یاخۆ کارگەکان و لە خراپترین ڕەوشدا، کاری زۆرەملێ و تاقەپڕووکێنیان پێ بکەن.

یانگ لەو قـەناعـەتەیە، کـە (ڕێژیمـە شـموولییـە تـاقـانەکـەی جیـهـان)، بەرپرسـی سـەرەکـییـە لەم کـارەسـاتە گـەورەییـە و بـرسـێـتـیـیـە،س کـە تووشـی چین بوو. بە پێی لێکۆڵینـەوەکـانی یـانگ، ئەو ڕاسـتـیـیـەیان دەرخـسـتـووە، کـە چۆن لـە سـیـسـتـەمـێکدا، کـە دیموکراتـی نەبێت و مـافی ئازادی ڕادەربرین نەبێت، " هـەڵە بچـووکەکان، بەرەنجامـی گەورەیان لێ دەکەوێتـەوە." هـەر بۆیە ئەو هـەمـوو کـاتێک وەکو (سۆلجینیزیەنی چینی ' دێتـە ژمـاردن) و لەهـەمـان کاتیـشـدا خـۆشـحـاڵە، کـە وای پێ دەڵێن.

کارەکانی ئەو ڕێک وەکو ڕۆمـانەکەی سۆلجینیتزین" ئەرخـەبیلی کۆلاگ" وان، هـەر بۆیە کارەکانی ئەو وەکـو ترسـێک بۆ دەسـەڵاتی چینی دێتـە ژمـاردن و هـەر بۆیە بـڵاوکـردنەوەی کـتـێـبـەکـەی قەدەغەکراوە، تەنانەت کتێبەکانی یانگ، لای ئەو پـارتە چەپە ماویانەی جیهانیش قەدەغـەکراوە، کە پشتگیری تەواویان لە شۆڕشەکەی ماو دەکرد.

تێبینی:

ناونیشانی ئەم وتارە جۆرێکی تر بوو، بەڵام ئێمە ئەم ناونیشانەمان بۆ دانا، چونکە باشتر لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا دێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی.

Michael ..Menschheitsexperiment mit 36 Millionen Toten .www.welt.de. 16.juni.2012 Holmes.

پەراوێزەکان:

* کۆمەڵکوژییەکەی تیانمان، لە سێ و چواری یونیۆ ساڵی ١٩٨٩ دا لەبەردەم مەیدانی تیانمان، خۆپێشاندانێکی گەورە لە دژی ڕێژیمی کۆمۆنیستی چینی ڕووی دا. ئەم مەیدانە، کە گەورەترین مەیدانی پەکینی پایەتەختە، کە وەکو مەیدانی تەحریر لە میسر و بەردەرکی سەرای سلێمانی وایە. لەم مەیدانەدا، هێزە چەکدارەکانی چین، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، خەڵکێکی زۆریان کوشت. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی خاچی سووری چینی، نێزیکەی ٢٦٠٠ کەس کوژراون و ٧٠٠٠ کەسیش بریندار بوون. هەرچەند سەرچاوە رۆئاواییەکان ژمارەی قوربانییەکان زۆر لەمە زیاتر دەخەمڵێنن. هەژی گووتنە لەو کاتەوە ئەم ڕووداوە بە کۆمەڵکوژییەکەی تیانمان بەناوبانگە.

** لێرەدا زیاتر نووسەر بەم دێرە دەیەوێت باس لە بێ هیوایی گەلی چین بکات لەو کاتەدا.

*** ئەمە زیاتر وەکو ئۆردوگایەکی کۆمەڵی بوو، لەو کاتەدا یەکێک لەئامانجەکانی شۆڕشی کولتووری ماوتسیتوونگ ئەوەبوو، کە پرسی موڵکداریی تایبەتی، لەناو مێشک و دەروونی خەڵکیدا نەهێڵێت، هەربۆیە دروستکردنی ئۆردوگای کۆمەڵی، بەمەبەستی نەهێشتنی ماڵ و ژیانی تایبەتی خەڵکی بوو. کادیرەکانی پارتی کۆمۆنیست دەسەڵاتیان بەسەر: ئابووری، ژیانی ئاسایی خەڵکی، کولتووریدا سەپاندبووە. هەژموونیان بەسەر تەواوی ژیاندا هەبوو.

**** Alexander Issajewitsch Solschenizyn ئەلێکسەندەر سۆلجینیتزین ڕۆماننووس و مێژوونوسێکی گەورەی ڕووسیایە لە ١١ دیدسەمبەری ١٩١٨ لەدایک بووە، لە ٣ ئۆگووستی ٢٠٠٨ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە یەکێک بوو لەو نووسەرە دەگمەنانەی ڕووسیا، کە دژی ڕێژیمی سۆڤیەتی بوو. لەکارەکانیدا زۆر بەتوندی هێرشی کردووەتە سەر سیاسەتەکانی ستالین، بەتایبەتی ئوردوگە زۆرەملێکانی (کۆلۆخۆز). بەتایبەتی لە ڕۆمانی " ئەرخەبیلی کۆلۆخ". ساڵی ١٩٧٠ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لە ساڵی ١٩٧٤ ناچار رووسیای بەجێ هێشت. سەرەتا لە سویسرا، پاشان لە ئەمەریکا دەژیا، هەتا ڕووخانی سۆڤیەت دژی ڕێژیمی ڕووسیا بوو، ساڵی ١٩٩٤ لەپاش ڕووخانی یەکەتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە ڕووسیا. لێ پاشان زیاتر بوو بە کەسێکی ناسیۆنالیست و یەکێک بوو لە هەوادارانی سەرۆکیی ڕووسی ڤلادیمێر پوتین.

# بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان

جبران حەدیسی

ئەگەر لە پشت هەر دەسکەوتێکی شارستانییەوە کۆمەڵە زانایەک هەبن ژیانی خۆیان تەرخان کرد بێ لە پێناو داهێناندا، ئەوا لە پشتی داهێنان و کارئاسانی ئەرکی زانایانیشەوە هەموو کات ئیدارە یان بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو هەیە کە لێهاتوویی زانستی و توانا ڕەخساوەکان بەباشترین شێواز و کەمترین تێچوونەوە دەخاتەگەڕ لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵکردنی باش بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و ئەدای باشتردا.

بایەخی بەڕێوەبردن لە سەرخستنی کاری هەر ڕێکخراوێکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، ئیتر کۆمپانیا بێت یان قوتابخانە یان نەخۆشخانە یاخۆ کێڵگەیەک. بەڵام جیاوازی چالاکی ئەم ڕێکخراوانە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن نەک جەوهەری، ئینجا هەر چالاکییەکیش پێویستیی بە بەڕێوەبردن (ئیدارەیەک)ی سەرکەوتووە، کە لەگەڵ سروشتی ئەو چالاکییەدا یەک بگرێتەوە.

دامەزراوە میدیاییەکان بۆ ئەم لقانەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

١- دامەزراوە ڕۆژنامەییەکان

٢- ڕادیۆکان

٣- تەلەڤزیۆنەکان

٤- کەناڵە ئاسمانییەکان

٥- ئاژانسەکانی هەواڵ

٦- خانەکانی بڵاوکردنەوە

٧- کۆمپانیاکانی ڕیکلام

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فارووق جەمیل کەریم

بەڵام ئەمانە وەک هەموو ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی ترن و هەمان شێوازی چالاکیی دامەزراوە و ڕێکخـراوە بازرگـانییـیـەکـانی تریان هـەیە وەک بەرهـەمـهـێنان (Production)، کـڕین و فـرۆشتن (Purchasing)، بەبـازاڕخـستن (Marketing)، تاکـەکـان، بزنسی مـەکـتـەبی (Business office)، (Funding)، هەرچەندە سـروشـتی ئەم چالاکـییـانە جـیـاواز بێ بەهۆی جـیـاوازیی کـاروباری دامەزراوەکانەوە.

سروشتی میدیا بەشێوەیەکی گشتی پێوەندییەکی تایبەت لە نێوان دامەزراوەکانی میدیا و حکوومـەتەکـاندا دەسـەپێنێت، ئەوەش بەدوای خـۆیدا ڕەنگدانـەوەی دەبێت لـەسـەر شـێـوازی بەڕێوەبردنی ئەم دامەزراوانە و دیاریکردنی ئامانج و ئامرازەکانی بەدیهێنانیان.

بە لە بەرچاوگرتنی سروشـتی کـاری مـیدیایی ئـەم ئامـانجـانـە لە جـووڵە و گـۆڕاندان، پاشـان دامەزراوە میدیاییەکان پێویستیان بە بەهرە زیاتر و لێهاتووییە، بۆ نموونە خۆپڕچەککردن بە زانسـتی بەڕێوەبردن (Management science) بە تـەنیـا نـاتوانێ کـێـشـەکـانی دامـەزراوەی ڕۆژنامەوانی چارەسەر بکات، دامەزراوە پێویستی بە مرونەت هەیە لە دەرکردنی بڕیار و خێرایی جێبەجێکردن و توانای چارەسەرکردنی کێشە خێرا و یەک لەدوای یەک و تێک ئاڵاوەکان لە نێوان بەشەکانی بەڕێوەبردن و تەکنیک و نووسین لە هەر دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا.

هەروەها ئەو کێشە و گرفتانەی رووبەڕووی بەڕێوەبەری (ڕادیۆ یان تەلەڤزیۆن) دەبنەوە وەک ئەو کێشانە نین، کە رووبەڕووی بەڕێوەبەری کارگەیەک یان کێڵگەیەک دەبنەوە، ئەوانە کێشەگەلێکن لە جۆری تایبەت. چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستیان بە مرونەت و خێرایی هەیە لەلایەن بەڕێوەبەری دامەزراوەی میدیاییەوە.

پرۆسەی بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا تەنیا بریتی نییە لە خۆپڕچەککردن بە بنەماکانی زانستی بەڕێوەبردن، بگرە سەرباری ئەوەش پێویستی بە بەهرەی تایبەت هەیە لە درککردن بە سروشتی پەیامە میدیاییەکە و بڵاوکردنەوە و وەبازاڕ خستنیدا.

لە ڕاستیدا هەر دامەزراوەیەک ئامانجی بەدیهێنانی کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراوە. هەرچەندە سروشتی دامەزراوەکەش جیاواز بێ دەبێ هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک کە لەگەڵ ئەم سروشتەیدا بگونجێت. دامەزراوەی میدیایی ئامانجی هەواڵ و ئاراستەکردن و بابەتی تەرفیهی و.... هتد، ئەمەش جیاوازە لە دامەزراوەیەکی تر کە ئامانجی فێرکردنە وەک زانکۆ یان بەرهەمهێنانی سەوزە لەلایەن کێڵگەیەکەوە.

لەڕاستیدا هەر یەکێک لەم دامەزراوانەش دەکرێت وەک دامەزراوەیەکی خاوەن سروشتێکی دیارکراو لە قەڵەم بدرێ کە شێوازی بەڕێوەبردنی جیاوازە بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی سروشتەکەی.

لەگەڵ هەموو ئەو پێدراوانەی سەرەوەدا، هەرچەندە شێوازی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان جیاواز

بێ ئەوا لەم ڕەگەزە بنچینەییانەی خوارەوەدا هەموویان هاوبەشن: ئامانجەکانی دامەزراوەکە

١- کادیرانی دامەزراوەکە بە فەرمانبەر و کارمەندەوە

٢- سەرمایە، بارەگا و پێویستییەکانی لە کەرەستە و کەلوپەل

٣- چالاکیی دامەزراوەکە

٤- پێوەندی

٥- بەڕێوەبردن

**یەکەم: ئامانجەکان**

مەبەست لە ئامانجەکان ئەو ئەنجامانەیە کە دامەزراوە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات ئەویش لە ڕێی کۆششی کادیرانی و ئەو توانایانەی لە بەردەستیاندایە، بۆ نموونە کەناڵێکی ڕادیۆیی لە وڵاتێکی دواکەوتوودا حکوومەت کە کۆنترۆڵی کردووە و ئاراستەی دەکات بە ئامانجی ئەوەی ڕادیۆکە وابەستە بکات بە گەشەپێدانێکی گشتگیری کۆمەڵگەوە، ئەم کارەی حکوومەت دەشێت کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراوی لەپشتەوە بێت، لەوانە:

١- هاندانی جەماوەر بەئاراستەی یەکەتییەکی نیشتمانی. یان بۆ وروژاندنی جەماوەر دژی دوژمنکارییەکی دەرەکی، یاخۆ بۆ هاندانی کۆمەڵەیەک لەپێناو چالاکییەکی پەرەپێدانی خودیدا.

٢- بۆ ڕێنوێنیکردنی جەماوەر لەبارەی خزمەتگوزارییە ڕەخسێنراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، یان ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ڕووداوی گرینگی ئەوتۆ کە جێی بایەخیان بێ.

٣- بۆ فێرکردنی جەماوەر، بەو پێیەی لە توانایدایە پرۆگرامی فێرکاری ناڕەسمی پێشکێش بکات بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان هەیە بە بوارەکانی بەهرەی زانین و کارکردنەوە.

٤- بۆ گۆڕینی ئاکار بەتایبەت بۆ خەڵکانی دانیشتووی گوند و ناوچە دوورەدەست و دابڕاوەکان.

٥- بۆ خۆشی و کات بەسەربردن (Entertainment).

ئەو پێنج ئامانجەی سەرەوە دەکرێت ڕادیۆ وەک دامەزراوەیەکی میدیایی لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا کار بۆ بەدیهێنانیان بکات.

هەر ئەم ئامانجانەش دەکرێت دابەش بکرێن بۆ سەر دوو بەش: ئامانجە ستراتیجییەکان (Strategic goals) و ئامانجە تەکتیکییەکان (Tactical goals).

ئامانجە ستراتیجییەکان (درێژخایەنەکان)

ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە کە بەدیهێنانیان بەشێوەیەکی خێرا کارێکی هەروا ئاسان نییە، بۆ نموونە ئامانجی گۆڕینی ئاکار یان ئامانجی فێرکاری لە ڕێی پەخشکردنی بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یان تەلەڤزیۆنی یاخۆ بلاوکردنەوەی ئەڵقەیەک و دوانی ڕۆژنامەیەکەوە نایەتە دی. ئەوە ئامانجێکی ستراتیجییە چونکە لە ئامانجە درێژخایەنەکانی میدیایە کە لەگەڵ کەڵەکەبوونی پەیامە میدیاییەکان و دووبارەکردنەوەیان دێتە دی.

## ئامانجە تەکتیکییەکان (کورتخایەنەکان)

وا باوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکان پلان دادەنرێت، ئەویش لە ڕێی ئامانجی کورت خایەنەوە کە بەدوای یەکداو بەبەردەوامی کاریان لەسەر دەکرێت و بەو هۆیەشەوە ئامانجی ستراتیجی دێتە دی.

بۆ نموونە لە بواری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا دەکرێت هەندێک ئامانجی هەنووکەیی کورت بهێنرێنە دی لە ڕێی پرۆگرامی گۆرانی هەمەڕەنگەوە، ئامانجەکە لێرەدا تەرفیهییە.

دەشێت پرۆگرامی وەک نەشرەی هەواڵەکان کۆمەڵە ئامانجێکی میدیایی هەنووکەیی بهێنێتە دی، بەلام ئامانجی ستراتیژی وەک گۆڕینی ئاکار یان فێرکردن پێویستیی زیاتری هەیە بە پلانی کورتی یەک لەدوای یەک و تەواوکار کە بەرەنجامە کۆتاییەکەی برێتییە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ستراتیجییەی کە ئەو دامەزراوە میدیاییە هەوڵی بۆ دەدات.

**دووەم: کادیرانی دامەزراوەکە**

هەر دامەزراوەیەک لەسەر بنەمای کۆششی مرۆیی و وەبەرهێنانی ئەو کۆششە دادەمەزرێت، ئەویش لە ڕێی دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، هەروەها شادەماری هەر دامەزراوەیەک برێتیە لە کادیرەکانی کە ئەوانیش بەگوێرەی سروشتی دامەزراوە و ئامانجەکانی جیاوازن. کادیرەکان برێتین لە فەرمانبەر و کارمەندانی بەهرەمەند و کارمەندانی ئاسایی کە هەریەک لەمانە ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکەدا.

دامەزراوەی ڕۆژنامەیی (بۆ نموونە) بەبێ دەزگایەکی گەورەی مرۆیی نابێت کە بەرپرسیارێتی و لێهاتوویی جیاوازیان هەیە. نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دەرهێنەر و ژمێریار و ئیداری و تایپێست و هونەری و کاریکاتێریست و فەرمانبەری مەکتەبی و سکرتێر و...هتد، هەموو ئەمانە ئەرکی تەواوکاریان هەیە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بەرهەمی کارێکی دەستەجەمعی پێشکێش بکەن کە ئەویش ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە یان کۆوارێکی هەفتانەیە، بەبێ ئەم تیمە تەواوکارەیش هیچ ئیشێکی تەواو سەرکەوتوو بەرهەم نایەت.

### سێیەم: سەرمایە

سەرمایە بەشی بنچینەیی و تەواوکاری چالاکی مرۆییە لە هەر دامەزراوەیەکدا. لە دامەزراوە ئابوورییەکاندا بێت یان پیشەسازی یاخۆ کشتوکاڵی، بنەمایە بۆ دەستپێکردنی هەر چالاکییەک چونکە چالاکی بە سروشتی خۆی دەگۆڕدرێت بۆ فیگەر. بەهۆی سەرمایەوە سەرکەوتن و شکست دیاریی دەکرێت، سەرمایە پێش هەموو شتێک بنەوای وەگەڕخستنی کادیرە بۆ چاوەدێریکردنی ئامانجەکانی دامەزراوە، هەروەها بنچینەی کڕینی پێداویستییەکانی دامەزراوەیە لە کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر، جگە لە کڕین یان بەکرێگرتنی بارەگا.

سروشتی دامەزراوەکە هەرچۆنێک بێت سەرمایە یان بودجەکەی بنەمایە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی.

بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی عەرەبیدا چەند نموونەیەکی جیاواز هەن لەسەر تەمویلی دامەزراوە میدیاییەکان، لەوانە:

١- زۆربەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان بە تەواوەتی لەلایەن حکوومەتەوە پارەیان دەدرێتێ، هەندێکیشیان بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە خەرجییەکانیان پشت دەبەستن بە ریکلام و وەبازاڕخستنی هەندێک لە بابەتە میدیاییەکان.

٢- دامەزراوە ڕۆژنامەییەکان و خانە تایبەتەکانی بڵاوکردنەوە کە لە بنەڕەتدا خاوەن ئامانجی بازرگانین دەتوانن خەرجی خۆیان لە ڕێی ڕووماڵکردنی ڕیکلامەکان و بە کۆمەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن حکوومەتەوە پڕ بکەنەوە وەک هەندێک لە وڵاتانی کەنداو.

٣- دامەزراوە ڕۆژنامەییە نیمچە تایبەتەکان ئەوانەن کە مۆرکێکی حکوومییان هەیە بەڵام سەربەخۆییەکی ئیداری و داراییان هەیە و دەتوانن خەرجی خۆیان لە ڕێی چالاکی بازرگانی پەیدا بکەن وەک دامەزراوەی (الاهرام) و (اخبار اليوم)ی میسری.

٤- دامەزراوە ڕۆژنامەییەکان و خانە حکومییەکانی بڵاوکردنەوە کە ڕۆژنامە و کۆوارەکانیانە لەلایەن ئەو دەزگەیانەوە بڵاو دەکەنەوە پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە، وەزارەت هەر کورتهێنانێکی بودجەیان بۆ پڕ دەکاتەوە.

### چوارەم/ بارەگا و پێداویستییەکانی لە ئامێر و کەلوپەل

بەبێ بوونی بارەگا ناکرێت وێنای دامەزراوە یان ڕێکخراوێک بێنیتە پێش چاو، ئەویش ئەو شوێنەیە کە کادیرانی دامەزراوە چالاکییەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا.

بارەگا دەبێت لەگەڵ سروشتی کاری دامەزراوە و چالاکییەکانیدا گونجاو بێ و هەموو ئەو ئامێر

و کەرەستە و کەلوپەلانە لە خۆ بگرێت کە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی دامەزراوەکە پێویستن.

ڕادیۆ (بۆ نموونە) پێویستی بە بارەگایەکە کە ستۆدیۆ و ئامێری پەخش و ریکۆردەر و ئەرشیف و ئۆفیسی کارمەندانی هەبێت. ڕۆژنامەیش پێویستی بە بارەگایەکە کە جێی نووسەران و پرسگە و بروسکە و ئاژانسەکان و تۆڕی پێوەندی تەلەفۆنی و ئینتەرنێت و ئامێرەکانی چاپ و کامێرا و پێویستییەکانی وێنەگرتنی وەک شوشتنەوە و لە بەرگرتنەوەی تێدا بێت.

**پێنجەم/ چالاکییەکانی دامەزراوەکە**

چالاکی هەر دامەزراوەیەک بەری کۆششی مرۆیی کارمەندەکانێتی ئیتر ئەو بەرهەمە عەقڵی بێ یان جەستەیی. چالاکی هەر دامەزراوەیەک بەستراوە بە ئامانجەکانیەوە، لەبەر ئەوە بەری چالاکی چاوەڕوانکراو دەبێت بەدیهێنانی هەمان ئەو ئامانجانە بێت کە دامەزراوەکە بەئاشکرا کاریان بۆ دەکات.

لە بواری میدیادا چالاکی دامەزراوەی میدیایی بەپێی جیاوازی کەناڵ دەگۆڕێت هەرچەندە ئامانجەکان وەک یەک بن، چونکە سروشتی تەکنیکی هەموو ئامرازێکی میدیا شێوازێکی جیاواز لەوانی تر دەسەپێنێت.

سروشتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە جیاوازە لە سروشتی کۆوار یان کتێب... پاشان ئەم ئامرازانەی میدیا لەنێو خۆیشیاندا لەیەکتر جیاوازن با هەمان ئامانجیشیان هەبێ، هەروەها پەیامە چاپکراوەکان جیاوازن لە پرۆگرامە ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنییەکان هەرچەندە لە ئامانجەکانیشیاندا یەک بگرنەوە.

چالاکی لە هەر دامەزراوەیەکدا تەنیا یەک شێوازی کارکردنی نییە بەو پێیەی هەر فەرمانبەرێک ئەرکی تایبەتی سەرشانی خۆی بەجێ دەهێنێت ئیتر بە چاوی بایەخ و ڕێزگرتنەوە سەیری ئەرکەکەی بکات یان نا. سەیرکردنی چالاکی دامەزراوە بەجۆرێک کە تەواوکەری ئەرکی یەکترە دەبێتە مایەی ڕەخساندنی کەشێکی ئەوتۆ کە هەموو کادیرێک بە لێهاتوویی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕێزەوە کارەکانی خۆی بکات.

**شەشەم/ پێوەندی**

لێرەدا مەبەست شێوازە جۆربەجۆرەکانی پێوەندیکردنە لە نێوان هەموو ئاستەکانی نێو دامەزراوەکەدا چ لە نێوان لێپرسراوانی باڵای دامەزراوەکەدا بێ یان کەسانی ناوەند یاخۆ فەرمانبەرانی ئاساییدا.

پێوەندی لێرەدا واتە ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوون و سۆز و بەهرەکان و... هتد لە ڕێی بەکارهێنانی سونبولەکانی وەک وشە و وێنە و شێوە و نیگار و... هتد.

لە ڕێی پێوەندی لەم جۆرەوە دەکرێت بەڕێوەبەران ڕێنوێنی بدەنە فەرمانبەرانیان چ بەشێوەی نووسراو بێ یان زارەکی ڕووبەڕوو یان بە تەلەفۆن یاخۆ لە ڕێی بەڕێوەبەرە پلە نزمەکانەوە.

پێوەندی ئەو پرۆسە زیندووەیە کە لە ڕێیەوە هەر چالاکییەکی مرۆیی ئەنجام دەدرێت، بەبێ پێوەندیش هیچ کارێک نایەتە ئەنجامدان.

پێوەندی لە هەر دامەزراوەیەکدا دوو بواری هەیە:

١- پێوەندی ناوەخۆیی: لە ڕێی ئەم پێوەندییەوە شێوازی بەڕێوچوونی کارەکان لەناو خودی دامەزراوەکەدا دەزانرێت، ئەمەش بەهۆی کەناڵەکانی پێوەندیی نێوان بەرپرسان و تەواوی کادیرانی دامەزراوەکەوە.

٢- پێوەندی دەرەکی: مەبەست پێوەندیکردنی دامەزراوەکەیە بە دەرەوەی خۆی چ دامەزراوەکانی تر بێ یان کڕیار (وەرگرەکان).

سەبارەت بە دامەزراوە میدیاییەکان چالاکیی بنەڕەتییان بریتییە لە پێوەندیکردن (Com-munication)، لەبەر ئەوە پێوەندیکردنی دەرەکی بە بناغەی کارەکانی دادەنرێت و ئامرازەکانیشی کە ئامرازی میدیای پێوەندیکارن لە بنەڕەتدا ئاراستەی جەماوەرەکەیان دەکرێن.

توانای ئیدارەدانی ناوەخۆیی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە دامەزراوەدا یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایە لە پێوەندییە دەرەکییەکانیدا.

## حەوتەم/ بەڕێوەبردن

لە ڕێی بەڕێوەبردن (ئیدارە)وە دەکرێت کۆنتڕۆڵی هەموو لایەنەکانی چالاکی دامەزراوەکە بکرێت، بە ئاراستەکردنی کادیرەکانی بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بەجۆرێک زامنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە بێت بەباشترین ڕێگا و بە کەمترین تێچوون.

لەوە گرینگتر ئەوەیە ئیدارە بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی هەر شەش ڕەگەزەکەی پێشووی لە ئەستۆدایە. ئیدارە بەرپرسە لە دانانی ئامانجەکانی دامەزراوەدا، بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی کادیرەکانیدا بەجۆرێک پێی وا بێت شیاو و لێهاتوون بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیاندایە. هەروەها بەرپرسە لە تەرخانکردنی پارە و داهاتی دامەزراوەکەو پاراستنی پەرەپێدانی. هەر ئیدارەیە شێوازەکانی پێوەندی ناوەخۆیی و دەرەکی دامەزراوەکە دیاری دەکات و هەڵدەسێت بە ڕێکخستنی، هەماهەنگی نێوان کادیرانی دامەزراوەکە ڕێک دەخات بەجۆرێک زامنی باش بەڕێوەچوونی کارەکانی بکات.

ئیدارەی لەم شێوەیە شادەمار و ڕێکخەری دامەزراوەیە کە کاروبارەکانی ڕێک دەخات و چاودێری و سەرپەرشتی و هەماهەنگی لەئەستۆدایە.

کاری ئیدارە (بەڕێوەبردن) ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

(هونەری سەرکردایەتیکردن، پلاندانان، چاودێریکردن، ڕێکخستن، بەگەڕخستن، بەکارخستن، پێوەندی، دروستکردنی بڕیار، هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر)

ئەگەر هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دران ئەوا ئیدارەیەکی سەرکەوتوویان لێ دێتە بەرهەم.

ئیدارەی سەرکەوتووی دامەزراوەی میدیایی ناتوانێت ئامانجەکانی بێنێتە دی ئەگەر خۆی بدزێتەوە لە کاریگەرییەکانی ژینگەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، یاسایی.

ئەو فاکتەرانە کاریگەریی ئیجابی یان سەلبی لەسەر پرۆسەی بەڕێوەبردن دروست دەکەن بەرادەیەک کە ئیدارەی سەرکەوتوو دەتوانێت درک بە ڕەهەندەکانی ئەو فاکتەرانە بکات و لە بەرژەوەندیی دامەزراوەکەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەشێکی لەباریان لەگەڵدا دروست بکات.

لە ڕاستیدا سروشتی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان هەڵقوڵاوی سروشتی تایبەتی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەیە کە لەیەکتر جیاوازن و وەک ئیدارەی کۆمپانیا و کارگەکان نییە بەتایبەت لەم بارانەی خوارەوەدا:

١- (مادە) مەتریاڵە بەرهەمهێنراوەکان (پەیامە میدیاییەکان) سروشتێکی جیاوازیان هەیە و خاوەن کاریگەری جۆرەوجۆرن لەسەر ئاستی تاک و کۆ و کۆمەڵگە، ئەمەش وا دەکات کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر دامەزراوە میدیاییەکان بایەخی تایبەتی خۆی هەبێت.

٢- سروشتی مەتریاڵە میدیاییەکان بەپێی کات جیاوازن لە سروشتی مەتریاڵی بوارەکانی تر چونکە لە ڕووی ڕووماڵکردنەوە دەبێت هاوشانی ڕووداوەکان و خێراییی ڕووداوەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش کار دەکاتە سەر سروشتی کاری بەڕێوەبردن و خێرایی بڕیاردان لە دامەزراوەکەدا.

٣- یاسا و ڕێسا خۆپارێزییەکان کە کۆمەڵگە و لایەنەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر پیشەی میدیاکاریدا دەیسەپێنن جۆرەوجۆر و فرە مۆدێلن، ئەمانە وا لە ئیدارە دەکەن پێویستی بە زیاتر لە تێڕوانینێک بێت بۆ پرۆسەی بەڕێوەبردن.

٤- سروشتی کێبڕکێ لە نێوان دامەزراوە میدیاییەکاندا تەنیا پێوەست نییە بە شێوازی نمایشکردنی پەیامە میدیاییەکان (وەک بابەت) بگرە پێوەستیشە بە ناوەڕۆکی ئەم پەیامە میدیاییانە (وەک زانیاری و فیکر). دوای ئەوە کێبرکێکردن لە دەستخستنی باشترین توانا و لێهاتوویدایە کە بتوانێت باشترین پەیامی میدیایی پێشکێشی جەماوەر بکات لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە. ئەمەش بەزۆری لەسەر ئیدارەیە کە هانی کادیرەکان بدات بۆ پێشکێشکردنی

باشترین و دەگمەنترین لێهاتوویی و شارەزایی لە بەجێهێنانی کارەکانیاندا.

٥- بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی دەبێت هوشیارییەکی تەواوی هەبێت لەسەر بایەخی مرۆڤ و ئامێر و کات و شوێن لە چوارچێوەی پلاندانان و جێبەجێکردندا، بەو پێیەی هەموو ئەمانە پێکەوە باشترین ئەدایان دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.

٦- سروشتی کاری میدیایی بەجۆرێکە هەر تاکێک ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت هەرچەندە پێگە وەزیفییەکەی لاوازیش بێت، ئەم درککردنە بە بایەخی تاکەکان درککردنێکی گشتگیرتر دێنێتە ئاراوە کە ئەویش سروشتی پێوەندیی نێوان گرووپەکانی کارکردن و ئاکار و شێوازی پێوەندی و سەرکردایەتیکردنە تێیدا.

## کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان

بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان دوو بواری تەواوکاری یەکتری پرۆسەی بەڕێوەبردن دەگرێتەوە:

یەکەم/ بەڕێوەبردنی بواری نووسین (ادارة التحریر) کە بایەخ دەدات بە بواری ئامادەکردنی پەیامە میدیاییەکان و بڵاوکردنەوەیان.

دووەم/ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بەو پێیەی ڕێکخستنێکی شێوە چالاکی مرۆیی و ئابوورییە و دەکرێت ناوی بنێین بەڕێوەبردنی کارەکان (ادارة الاعمال).

لای خەڵک بەزۆری بواری دووەم بەسەر چەمکی بەڕێوەبردندا دەسەپێنرێت، بواری یەکەم بەو شێوەیە نەبووەتە تێگەیشتنێکی باو، ئەمە سەرباری ئەوەی چالاکی بنەڕەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان برێتیە لە بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی نووسراو یان بینراو و بیستراو و... هتد.

وەک چۆن دامەزراوە پیشەسازییەکان چالاکی خۆیان درێژە پێ دەدەن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای تایبەت بەخۆیان بە هەمان شێوە کاڵا و بەرهەمی سەرەکی دامەزراوە میدیاییەکانیش برێتییە لە پەیامی میدیایی.

بەم شێوەیە (لە زۆر باردا) دامەزراوە میدیاییەکان دەکەونە ژێر کۆت و بەند و پاڵەپەستۆی دامەزراوە سیاسییەکانی وەک دەوڵەت، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کۆمەڵگە و دامەزراوەی ئابووری وەک کۆمپانیاکان. لایەنەکانی گوشار بۆیە ئەو کۆت و بەندانە دەخەنە سەر بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان چونکە درک بە ڕۆڵی کەناڵەکانی میدیا و کاریگەرییە ترسناکەکانی دەکەن لەسەر کۆمەڵگە.

لەبەر ئەوە هەموو کات هەوڵەکان بەردەوامن بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا. دەشێت رادە و شێواز و ڕێگەکانی ئەم کۆنترۆڵکردنە جیاواز بن بەڵام هەموویان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە پێیان وایە دەبێت کۆت و بەند و پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر دامەزراوە میدیاییەکان.

هەندێک وڵات لەم ڕووەوە یاسای چاپەمەنی و ڕێکار و بنەمای دیاریکراو دادەنێن بۆ کاری میدیا، یاسای لەم جۆرەیش کاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکاتە سەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، لێرەشەوە کار دەکاتە سەر سروشتی پەیامە میدیاییەکە و هەروەها پرۆسەی بڵاوکردنەوە و بڕیاردان و تەنانەت بەکارخستنیش.

لێرەدا دیارترین شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن و پاڵەپەستۆ ڕوون دەکەینەوە کە بەسەر دامەزراوە میدیاییەکاندا پەیڕەو دەکرێن و کار دەکەنە سەر بڕیاردان (کە بە پلەی یەکەم پرۆسەیەکی ئیدارییە) ئیتر ئەو بڕیارە بڕیارێکی ئیداری پەتی بێت یان نووسین (تحریری) پێوەست بە پەیامە میدیاییەکە بێت.

بەشێوەیەکی گشتی دیارترین شێوازی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە میدیاییەکان جۆرەوجۆرن، لەو کۆت و بەندە یاساییانەوە کە بەسەر دامەزراوەکاندا سەپێنراون تا پاڵەپەستۆ سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و تا ئەو پاڵەپەستۆیە ناوەخۆییانەی پێوەستن بە سروشتی خودی دامەزراوەکە لە ڕووی بنیاتی ڕێکخراوەیی و کادیرەکانییەوە، ئەم شێوازانەش بەم جۆرەی خوارەوە ڕوون دەکرێنەوە:

**یەکەم: مافی دەوڵەت لە پێدانی مۆڵەت و کێشانەوەی و سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆ:**

لە تەواوی وڵاتانی عەرەبیدا دەوڵەت ئەو مافەی بەخۆی داوە مۆڵەت بداتە دامەزراوە میدیاییەکان و لێی وەربگرێتەوە، بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک یان دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی یان دامەزراوەیەکی میدیاییش مەرجی دیاریکراو هەیە.

بۆ نموونە لە میسر هەردوو مادەی ١٤و ١٥ی یاسای ژمارە ١٤٨ی ساڵی ١٩٨٠ لەبارەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەوانییەوە جەخت دەکات لەسەر پێویستی مۆڵەت وەرگرتن بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەوانییەوە.

لە ڕاستیدا کاریگەری خاوەن مافی پێدانی مۆڵەت لەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لەو پاڵەپەستۆەدایە کە بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا بیەوێت دەیسەپێنێت و مۆڵەتەکە دەکێشێتەوە. پاشان زۆربەی ئەو بڕیارانەی ئیدارەی دامەزراوە میدیاییەکان دەری دەکەن بەتایبەت بڕیارەکانی پێوەست بە بڵاوکردنەوە هەموو کات ترسی لێسەندنەوەی مۆڵەتەکەیان لە بەرچاوە کە دەشێت ئەمە هەڕەشەیەکی گەورە بێت لەسەر دامەزراوەکە.

روویەکی تری کاریگەری دەوڵەت سەرپەرشتی راستەوخۆ و خاوەندارێتی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە و میدیایە.

ئێستا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی خاوەنداری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵی ناوەخۆیان دەکەن، هەندێک دەوڵەتیش خاوەنداری ڕۆژنامە و خانەکانی بڵاوکردنەوە و ریکلام و دابەشکردن دەکەن، خاوەنداری لەم جۆرە کاریگەریی راستەوخۆی خۆی ناشارێتەوە لەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، لێرەدا دەوڵەت هەڵدەسێت بە دانانی سیاسەتە میدیاییەکان و هەر ئەویش بودجە دیاری دەکات، دەوڵەت کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردن دروست دەکات لە ڕێی پاڵەپەستۆ خستنە سەر کارمەندان و توانای بەردەوامبوونیان لەسەر کار و ئەرکەکانیان و.... تاد.

**دووەم: کۆنترۆڵکردنی ئابووری لە ڕێی ریکلام و خاوەنداری ئامرازەکانی میدیاوە:**

ئەوانەی خاوەنداری ئامرازەکانی میدیا دەکەن چ خاوەندارییەکە حکومی بێ یان کەرتی تایبەت کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵک دەیخوێنێتەوە یان دەیبیستێت یاخۆ دەیبینێت. جگە لە کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی ئامرازە میدیاییەکان ئەم کاریگەرییە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دامەزراوەی میدیا و بەڕێوەبردنی بەهۆی چەند شێوازێکەوە، کە ئەمانە گرینگترینیانن:

١- خاوەنی دامەزراوە میدیاییەکە سیاسەت و ئامانجەکان دادەڕێژێت و هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنیان ئیتر ئەو خاوەنە بەڕێوەبەری دامەزراوەکە بێت یان کەسی تر.

٢- خاوەنی دامەزراوەکە خۆی سەرپەرشتیی دامەزراندنی کارمەندان و دیاریکردنی لێپرسراوێتییان دەکات بە لە بەرچاوگرتنی لێهاتووییان بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و پێوەرەکانی کارکردن کە زۆرتر پێوەرەکە لایەنگیرییە نەک لێهاتوویی.

٣- خاوەنی دامەزراوە (تەنانەت ئەگەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاریش نەبێت) دەست دەخاتە نێو دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە ڕەنگە لەگەڵ بڕیارەکانی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوە میدیاییەکەشدا یەک نەگرێتەوە.

٤- خاوەنی دامەزراوە میدیاییەکە بودجە دیاری دەکات بەجۆرێک کاریگەریی دەبێت لەسەر چالاکی و کارایی بەڕێوەبردن بە هەردوو بواری نووسین و بەڕێوەبردنەوە.

بودجە و فاکتەرەکانی تر لە چەند ڕوویەکەوە کاری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر دامەزراوەی میدیایی، لەوانە: بچووکی قەوارەی بودجە کاریگەری چۆنایەتی دەکاتە سەر هەڵبژاردنی کادیری لێهاتوو لە نێوان ئەو کادیرانەدا کە زۆر لێهاتوو نین بۆ سەرکردایەتیکردنی دامەزراوە چونکە پلەیان کەمترە، هەروەها کار دەکاتە سەر چۆنیەتی و ناوەڕۆکی باش و خراپی بابەتی ڕۆژنامەوانی و کەمکردنەوەی سەعاتەکانی پەخش لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بۆ رۆژنامە و کۆوارەکانیش کار دەکەنە سەر کەمکردنەوەی ژمارەی لاپەڕەکان.

ریکلامـیش بۆ خـۆی ڕۆڵی هەیە لەسـەر پرۆسـەی بەڕێوەبردنی دامـەزراوەی ڕۆژنامـەوانی و ئاراسـتـەکردنی بواری نووسـین و ئیـداری و بڵاوکـردنەوە لـە کـەناڵە بینراو و بیـسـتـراوەکـاندا. بەشـێوەیەکی گشـتی لە وڵاتانی عەرەبیدا ریکلام بڕێکی کـەمی سـەرچاوەی دارایی دامـەزراوەی ڕادیۆیی پێک دەهێنێت، کاریگەرییەکەشی ئەوەندە نییە شایانی باسکردن بێت، بەڵام ئەگەر بچینە سـەر باسی ڕۆژنـامـە ئەوا ریکلام بەشێکی بنچینەیی داهاتی ڕۆژنامە پێک دەهێنێت کە دەشێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری نووسین و بودجەی ڕۆژنامەکە کە ئەمەش بۆ خۆی ڕۆڵی دەبێت لە بەڕێوەبردندا.

### سێیەم: یاسا و ڕێسا ڕێکخراوەکان بۆ میدیا

شێوازی ئەو یاسا و ڕێسایانەی بۆ کاری میدیا ڕێکخراون لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. خەریکە وڵاتانی عەرەبی یەک دەگرنەوە لە دانانی یاساگەلی تایبەت بە ڕۆژنامەوانی کە زۆر جار ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەموو شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی بیستراو و چاپ کراو دەگرێتەوە، کەچی ئەم ڕێسایانە بەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵی ناوخۆییدا ناچەسپێت بەهۆی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان لەلایەن حکوومەتەوە.

ئەو یاسـایانەی بۆ مـیدیا ڕێکخـراون بەتایبەت یاسـاکـانی رۆژنامـەوانی و چاپەمـەنی لە چەند ڕوویەکـەوە کـاریگەریی ڕاسـتـەوخـۆ دروست دەکـەن لەسـەر پرۆسـەی بەڕێوەبـردن لە دامـەزراوە میدیاییەکاندا، ئەو یاسایانەش چەند مۆدێلێکی هەڵسوڕاندنی ئیداری پێشکێش دەکەن لە ڕێی:

١- دانانی مـەرجی دیاری کـراو بۆ ئەوانەی پێـوەستن بە خـاوەندارێتی ڕۆژنامـە یان کـەناڵی ئاسـمـانی و مـەرجی تایبـەت بە سـەرنووسـەر یان بـەڕێوەبەری جێبـەجێکاری کـەناڵەکـە یان مەرجەکانی مۆڵەتپێدانی نووسەر یان رۆژنامەوان لە ڕۆژنامەدا.

٢- دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغەیە و دەبێت ڕۆژنامە و رۆژنامەوانان خۆیان دوور بگرن لێیان، ئەگەر نا ئەمە سزادانی بەدواوە دەبێت.

٣- دیاریکردنی هەندێک شێوازی ڕێکخستنی ئیداری لە دامـەزراوە میدیاییەکاندا سەبارەت بە دەسەڵاتی رۆژنامەوانی و ڕێساکانی جێبەجێکردن و پەیکەری ڕێکخراوەیی و ئیداری کۆمەڵە گشتییەکان و ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردن و ئەنجوومەنەکانی نووسین.

هەروەها چەند شێوازێکی تری یاساکان هەیە کە سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانان و میساقەکانی شـەرەف ڕێکی دەخـەن، کـە ئەمـە مـەرجەکانی مومارەسـەکردنی پیشـەی ڕۆژنامـەوانی و ئیتیک و قەدەغەکراوەکانی ڕێک دەخات.

**چوارەم: پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتییەکان**

لە ڕاستیدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم پرۆسەیە کاریگەرترین فاکتەرن لەسەر بەڕێوەبردنێکی هەڵسوڕاو لە نێوان ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی لەنێو زەینی میدیاکاراندایەو پابەندن پێوەی تەنانەت ئەگەر باوەڕیشیان پێی نەبێ، ئەمە دەبێتە یەکێک لە گوشارە کۆمەڵایەتییە راستەوخۆکانی پێوەست بە سروستی هەمان سیستم بۆ نموونە پەسەندی لۆجیکی موجامەلە و مەحسوبیەت دەکات لەسەر حسابی کارکردن، نموونەی لەم جۆرە ئاشکرا دیارە لە پرۆسەکانی بەکارخستن (دامەزراندن) و هەروەها لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەیشدا.

یەکێک لە چەسپاوە کۆمەڵایەتییەکانی تر ئەوەیە کە دەکرێت ناوی بنێین چێژی کۆمەڵایەتی کە دەبێت ڕۆژنامەوان پابەندی بێت.. هەروەها شتێکی تر ئەوەیە کە دەکرێت پێی بوترێت چێژوەرگرتنی کۆمەڵایەتی لە پەیامە میدیاییەکان. بەشێکی زۆری جەماوەر چێژ لە هەندێک پەیامی میدیایی وەردەگرن (بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکەی). چێژوەرگرتنی کۆمەڵایەتیش بەشێکە لە (کیان)ی کۆمەڵایەتی کەناڵەکان کە ناودەبرێت بە ڕۆشنبیری جەماوەری، میدیاکار دووچاری پاڵەپەستۆ دەبێتەوە لەلایەن چێژی لەم جۆرەوە.

لەلایەکی تریشەوە شێوازی پەیامی میدیایی ئەوتۆ هەیە کە دەشێت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بایەخی خۆی هەبێت، بەڵام لە ژینگەیەکی تردا بەو شێوەیە نەبێت.

**پێنجەم: پاڵەپەستۆ سیاسییە دەرەکییەکان**

سەرباری ئەو پاڵەپەستۆ سیاسییانەی لە ناوەخۆی وڵاتدا دەخرێنە سەر دامەزراوەی میدیا، دەشێت پاڵەپەستۆی سیاسی جۆرەوجۆر لەلایەن وڵاتانی بیانیشەوە بکرێن. لە زۆر باردا ئەم پاڵەپەستۆیانە ناڕاستەوخۆن و لە ڕێی وەزارەتی دەرەوەو بە دەربڕینی نارەزاییی رەسمی یان بە ئاراستەکردنی نامە بۆ سەرنووسەر یاخۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەناڵەکە گوزارشتیان لێ دەکرێت. پاڵەپەستۆکان یان برێتین لە ئاگەدارکردنەوە یان هەندێک جار دەگەنە ڕادەی ڕاگرتنی ڕۆژنامە یان کەناڵەکە یاخۆ داخستنیان لەلایەن وڵاتەکەی خۆیانەوە.

**شەشەم: گرووپە ناوەخۆییەکانی پاڵەپەستۆ**

گرووپە ناوەخۆییەکانی پاڵەپەستۆ چەند شێوازێکی جیاجیا لەخۆ دەگرن، لەوانە:

١- یانە فیکرییەکان.

٢- ڕێکخراوە سیاسییەکان.

٣- گرووپە ئاینییەکان.

هەموو ئەمانە پاڵپەستۆی خۆیان لە ڕێی چەند کەناڵێکەوە دروست دەکەن، یەکێک لەوانە کەناڵە رکابەرەکانی میدیایە ئەویش یان لە ڕێی خستنەڕووی تێڕوانینەکانی خۆیانەوە یان لە ڕێی خاوەنداریکردنی ئەو کەناڵەوە.

زۆرجاریش لە ڕێی رۆژنامەکانەوە (پۆستەی خوێنەران و لاپەڕە ئاوەڵاکان بۆ بیروڕای خوێنەران) یان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا لە ڕێی (پرۆگرامی ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت یان لە ڕێی کاسێتی تۆمارکراوەوە) یان پەیوەندیکردن بە لایەنە بەرپرسەکانی دامەزراوە میدیاییەکە و گەیاندنی سکاڵاکان بۆ بەرچاوی لێپرسراوان یاخۆ خاوەنی دامەزراوە میدیاییەکان و سەرنووسەران یان بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کەناڵە ئاسمانییەکان.

ئەگەر گرووپە ناوەخۆییەکانی فشار هێزێکی ئابووری ئەوتۆیان هەبێت کە توانای بانگەشەکردنێکی گەورەی هەبێت ئەوا بۆی هەیە پاڵپەستۆ فیکری و سیاسییەکانیان لە ڕێی ئەو بانگەشەیەوە بگەیەنن.

**حەوتەم: پاڵپەستۆکانی ناو خودی دامەزراوەکە**

ئەو پاڵپەستۆیانە دەگرێتەوە کە دەخرێنە سەر پرۆسەی بەڕێوەبردن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر سروشتی ئەدای کارکردن و چۆنیەتی پەیامە میدیاییەکان لە ڕێی دوو ڕەگەزی سەرەکییەوە کە ئەمانەن:

١- بنیاتی دامەزراوەکە

پێکهاتەی رێکخراوەکە لە ڕووی: چۆنایەتی تواناو لێهاتوویییە مرۆییەکانی، تەبایی و ناتەبایی کارمەندەکانی، ئاراستەی سیاسی و هەروەها شێوازی رێکخستنی خودی دامەزراوەکە و سروشتی ئەو پێوەندییەی کاری تاکەکان بەڕێوە دەبات و پێوەندی نێوان بەرپرس و کارمەندەکان رێک دەخات.

بۆ نموونە ململانێ لەنێو خودی دامەزراوەکەدا کاریگەریی راستەوخۆ دەکاتە سەر تواناکان و ئیدارەدانیدا. کێشەی لەم جۆرە دەبێتە عەیب بەسەر ئیدارەوە، بەپێچەوانەشەوە لێهاتوویی کادیر تەکانێکی باش دەداتە ئیدارە لە بەجێهێنانی بەرپرسیاریەتییەکانی سەر شانیدا.

شێوازی ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی بەرپرسیاریەتییەکان کار دەکەنە سەر ڕیتمی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەی میدیاییدا. چەندی بەرپرسیاریەتییەکان دیاریکراو بن بە رەچاوکردنی کەس و شوێنی شیاو ئەوەندەش ئەنجامەکانی بەڕێوەبردن باشتر دەبن.

٢- سروشتی کاری میدیا

لێرەشدا دەکرێت قسە لەسەر دوو رەگەزی گرینگ بکەین کە ئەمانەن:

دەرگاوان (بەڕێوەبەری نووسین):

دەرگاوان دەستەواژەیەکی میدیاییە و بەو کەسە دەوترێت کە زانیارییەکان لەژێر دەستیەوە دەڕۆن و بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کە چی پێویستە بڵاو بکرێتەوە و چی پێویستە ڕابگیرێت. ئەم دوو ئەرکەی دەرگاوان کاریگەری گەورە دەکەنە سەر سروشتی پەیامە میدیاییەکان. ڕۆڵی دەرگاوان لەوەدایە کە کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیاردان لە ڕۆژنامە و بەشەکانی هەواڵ لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکاندا.

بۆ نموونە سەرۆک بەشەکان لە ڕۆژنامەدا ڕۆڵی دەرگاوان دەگێڕن بەو پێیەی ئەوان بڕیاردەرن لەسەر ئەوەی کە بڵاو دەکرێتەوە یان نا. ئەوە سەرۆک بەشەکانن کە مەتریاڵە شیاوەکان بۆ بڵاوکردنەوە دەخەنە بەردەستی سەرنووسەر دوای ئەوەی لەژێر تەلسکۆبە تایبەتەکەی خۆیانەوە دەردەچێت. ئالێرەدا ڕۆڵی گرینگی دەرگاوان دەردەکەوێت کە کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیارەکانی ئیدارەی نووسین لەبارەی ئەو پەیامە میدیاییانەی کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێن.

دەکرێت ئەم کاریگەرییە زیاتر بێت ئەگەر دەرگاوان خاوەن بیرکردنەوەی سیاسی یان ئایدۆلۆجی دیاریکراو بێت چونکە هەر شتێک پێچەوانەی ئاراستەکەی خۆی بێت پشتگوێی دەخات یان لانیکەم هەوڵ دەدات بۆ سووککردنی بابەتەکە ئەویش بە بڵاوکردنەوەی چەند دێڕێکی کەمی لە سوچێکی پشتگوێخراوی نێو لاپەڕەکانی ناوەوەدا!

پێودانگە پیشەییەکان:

لە کاری میدیادا چەند پێودانگێکی پیشەیی هەن کار دەکەنە سەر بڕیاردانە ئیدارییەکان لە دوو ڕووەوە (بەڕێوەبردن و نووسین). پێودانگەکانیش لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە:

١- پانتایی - ڕووبەر: لە کاری میدیاییدا مانای بۆشایی تەرخانکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامێک بە لە بەرچاوگرتنی قەوارەی ئەو پەیامە و بایەخەکەی. ئەمەش زۆرجار وا دەخوازێت کە گرینگترینی هەڵبژێردرێت و ئەوەشی بایەخێکی ئەوتۆی نیە پشتگوێ بخرێت، هەندێک جاریش وا پێویست دەکات پەیامەکە کورت و پوخت بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پانتایی تەرخانکراودا بگونجێت. ئەمە لایەنی نووسینە لە بەڕێوەبردندا... هەرچی لایەنی بەڕێوەبردنیشە پێوەستە بە بڕیاری ئیداری لەبارەی زیادکردنی ژمارەی لاپەڕە یان سەعاتەکانی پەخش ئەگەر پەیامەکە کاریگەرییەکی دارایی یان مەعنەویی لەسەر دامەزراوە میدیاییەکە هەبێت.

٢- کاتی گونجاو: لێرەدا مەبەست بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیە لە کاتی گونجاو و شیاودا، ئیدارەی نووسین بڕیاری خۆی دەدات و دەزانێت کامە کات گونجاوە بۆ گەیاندنی پەیامەکە چ نووسراو بێت یان بیستراو یاخۆ بینراو.

٣- ماوە: واتە (ماوە - کات)ی تەرخانکراو بۆ پەخشکردنی پەیامە میدیاییەکە. وەک چۆن لە رۆژنامەدا پانتایی هەیە بۆ بابەتێک بە هەمان شێوە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیشدا (کات)ی دیاریکراو هەیە بۆ پەخشکردنی پرۆگرام. ئەمەش دیسان پشت دەبەستێت بە بڕیارەکانی ئیدارەی دامەزراوە بەگوێرەی بایەخ و قەوارەی پەیامەکە.

لەلایەکی ترەوە ئەو گرینگییە ڕەنگە کار بکاتە سەر بڕیاردانی ئیداری پێشوەخت لەبارەی پرۆگرامێکی دیاریکراوی جێگیر لەسەر نەخشەی کارکردندا.

٤- خزمەتگوزاری ئاژانسەکانی هەواڵ: خزمەتگوزاری ئاژانسەکانی هەواڵ جۆراوجۆرن (خزمەتگوزاری هەواڵ، وێنە، ڤیدیۆ و... تاد). دەشێت لە ڕێی ئەو پەیامە میدیاییانەوە پاڵپەستۆ بخرێتە سەر ئیدارەی میدیا کە دامەزراوەکە وەریان دەگرێت، چونکە دواجار ئەم خزمەتگوزارییانە بڕیاردەرن لە هەڵبژاردنی ئەوەی لە بەردەستی ئیدارەی دەزگاکەدایە سەبارەت بە هەواڵ و وێنە و... تاد. تارادەیەک ئیدارە و بڕیارە ئیدارییەکان دەستنیشانی دەکەن کە چی بڵاو دەکرێتەوە و چی بڵاو ناکرێتەوە، بێگومان ئەویش لە ڕێی بڕیارە بەراییەکانی وەک دەرگاوان لەبارەی ئەو بابەتانەی ئاراستەی بەشداربووانی ئاژانسەکە دەکرێت.

## ئەرکەکانی (ئیدارە) لە دامەزراوەی میدیادا

ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوەی میدیادا جۆرەوجۆرن کە هەندێک جار بەرپرسیاریەتی نووسین و ئیداریش دەگرێتەوە. بۆیە هەمەجۆری و سروشتی خێرای ئەرکەکان پێویستی بە جووڵەو هەڵسوڕاندنی پوخت و بەپەلەیە. هەروەها پێوەندی زارەکی لەنێو کاری میدیادا بەوە ناسراوە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە خێرایی و دەنگدانەوەدا. ئەوەش باشترین ئامرازی پێوەندیکردنە لە دامەزراوەکانی میدیادا.

قسەکردن لەسەر ئەو ئەرکانەی کە بەهۆی ڕەگەزەکانی سەرکردایەتیکردنەوە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا بەرجەستە دەکرێن وێنەیەکی ڕوونترمان دەداتێ لەسەر سروشتی کاری بەڕێوەبەران لەم دامەزراوانەدا.

لەبەر ئەوە سەرکەوتنی دامەزراوەی میدیا پشت دەبەستێت بە باش ڕێکخستنی ئیدارەکەی و وردی ئەو ڕێکخستنە و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان بەشە ئیداری و هونەرییەکانیدا بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە تەکاندان بە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە دامەزراوەکەدا بە باشترین شێواز. ئەم دەسەڵاتانەش لە دامەزراوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن بەگوێرەی توانای دارایی و تەکنیکی و ئەو سیستەمەی کە دامەزراوەکە لە چوارچێوەیدا کار دەکات.

ئێستا وای لێ هاتووە کە دامەزراوەی میدیایی چەند چالاکییەکی جۆرەوجۆر دەکات، لەوانە:

چالاکیی ڕۆژنامەوانی: نووسەر و ڕۆژنامەوان و پەیامنێر و کاریکاتێریستەکان ئەم چالاکییانە ئەنجام دەدەن.

چالاکیی پیشەسازی: بریتییە لە بەگەڕخستنی ئامێرەکانی چاپ و کۆکردنەوە و ئامێرەکانی وێنەگرتن و لە بەرگگرتن کە لە ئەستۆی ئەندازیار و تەکنیککار و کرێکاراندایە.

چالاکیی مارکێتینگ: مەبەست لە بەکرێدانی ڕووبەرە ریکلامییەکان و دابەشکردنی ڕۆژنامە و کۆوارەکانە کە شارەزایانی بواری مارکێتینگ و پێوەندییە گشتییەکان پێی هەڵدەستن.

چالاکیی دارایی و ئیداری: ژمێریار و کارمەندانی ئیداری ئەم چالاکییانە دەگرنە ئەستۆ.

بەم جۆرە دەبینین چالاکیی دامەزراوەی میدیایی هەمەجۆر بووەو وای لێ هاتووە کە پێویستە بەشێوەیەک ڕێک بخرێن لە پێناو بەدیهێنانی تەواوی ئەرکەکاندا بێت.

هەروەها دامەزراوەی میدیایی و لەوانەش بەتایبەت ڕۆژنامە لە کارکردنیدا پشت دەبەستێت بەچەند لقێکی بەڕێوەبردن (ئیداری) کە ئەمانەن: بەڕێوەبردنی نووسین (ادراة التحریر)

١- بەڕێوەبردنی ریکلام

٢- بەڕێوەبردنی چاپخانەکان

٣- بەڕێوەبردنی دابەشکردن

## بەرپرسیاریەتییەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن

ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا سەرپەرشتی لایەنی ئیداری و ڕێکخستن و دانانی سیاسەت و ڕاییکردنی کاروبار و چالاکییەکانی دەکەن. سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

١- دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هەموو بوارەکانی چالاکی هەیە کە دامەزراوەکە ئەنجامیان دەدات.

٢- مافی ئەوەی هەیە بەناوی دامەزراوەکەوە دانووستاندن بکات و سەرپشکە لەوەی کەسێک بکاتە بریکاری خۆی بۆ بەرزکردنەوەی داوا و ئامادەبوون لە بەردەم لایەنە دادوەرییەکان یان هەر لایەنێکی تردا.

٣- ئەو کارە خێرایانەی لە ئەستۆدایە کە سەرنووسەر یان ئەنجوومەنی نووسین بۆی بەرز دەکەنەوە. دەسەڵاتی دەرکردنی تەواوی ئەو بڕیار و ڕێکخستنانەی هەیە کە پێی وایە پێویستن بۆ باش بەڕێوەچوونی کارەکان.

٤- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن مافی هەیە کە چەند ڕاوێژکارێک دابمەزرێنێت بۆ

هاوکاریکردنی و دەستنیشانکردنی ئەو پرسانەی کە بەپێویستی دەزانێت ڕای ڕاوێژکارەکانی لەسەر وەربگرێت.

٥- سەرۆکی ئەنجوومەن بۆی هەیە کەسانێک بانگ بکاتە نێو کۆبوونەوەکانەوە بەمەبەستی پشتبەستن بە زانیاری و شارەزاییان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٦- بۆی هەیە هەر کاتێک بە پێویستی بزانێت بانگی ئەنجوومەنی ئیدارەی هەر کۆمپانیایەکی سەربە دامەزراوەکە یان ئەنجوومەنی نووسینی هەر ڕۆژنامەیەکی سەربە دامەزراوەکە بکات بەمەبەستی کۆبوونەوە، هەروەها بۆی هەیە هەر بابەتێک بخاتە نێو ئەجێندای کۆبوونەوەکەوە.

٧- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سالانە لەبارەی چالاکی و کاروباری دامەزراوەکە و یەکە و کۆمپانیاکانی سەربە دامەزراوەکە هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتی چاودێری ژمێریاری.

## بەرپرسیاریەتییەکانی سەرنووسەر

لە سەرووی هەرەمی دەزگای بەڕێوەبردنی نووسیندایە و سەرکردایەتی رۆژنامە دەکات لە ڕێی ڕێنمایی و ئاراستەکردنی ڕۆژانەی کارمەندانی سەرجەم لقەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان بەتایبەت ئەوانەی سەرکەوتنی کارەکانیان پێوەستە بە بەرجەستەکردنی گیانی پێکەوە کارکردن، بەمەش رۆژنامە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەگاتە بەردەستی خوێنەر بەجۆرێک دڵی خوێنەر ڕازی دەکات و پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی پڕ دەکاتەوە، بەدوای ئەمەشدا ڕۆژنامە دەکەوێتە نێو بازنەیەکی کێبڕکێ و سەرخستنی پرۆسەی کاری میدیایی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا یەکێکە لە دیارترین کۆڵەکەکانی رۆژنامەوانی چاپکراو.

سەرنووسەر بەو داینەمۆیە دادەنرێت کە کاری ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەدا هەڵدەسووڕێنێت، شان بەشانی ئەوەش بەرپرسە لە تەواوی ئەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەکە بلاویان دەکاتەوە چ هەواڵ بێت یان کۆمێنت یاخۆ بابەتی فیکری یان بەدواداچوون. زۆرجار سەرنووسەر نوێنەرایەتی خاوەنی ڕۆژنامەکە دەکات بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و لێکەوتە تایبەتەکانی.

سەرنووسەر بیرۆکە دەداتە یاریدەدەرەکانی بۆ جێبەجێکردن، هەروەها دیاریکردنی سیاسەتی ڕۆژنامەکەیشی لە ئەستۆدایە دوای ئەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن یان ئەو لێژنەیەی تایبەتمەندە بەو بوارە گفتوگۆ و مشتومڕی لەسەر دەکات.

پێویستە لەسەر سەرنووسەر هێڵ و پرەنسیپەکانی سیاسەتی ڕۆژنامەکە بۆ یاریدەدەرەکانی ڕوون بکاتەوە بەجۆرێک هەموویان لێی تێبگەن و بتوانن پێڕەوی بکەن.

هەروەها ئەرکێکی تری سەرنووسەر پێکەوە بەستنی بەشەکانی دەزگای نووسینە بەو پێیەی عەقڵی ورد و راییکەری ئەم دەزگا ڕۆژنامەوانییە مەزنەیە.

بەرپرسیارێتییەکانی بەڕێوەبەری نووسین:

لە ڕۆژنامـــەی ڕۆژانەدا بـەڕێوەبـەری نووسـین بە بەڕێوەبەری جـێـبـەجـێکار دادەنرێت کــە سـەرپەرشـتی جێبـەجـێکردنی ڕێنوێنیـیـەکـانی سـەرنووسـەر دەکـات. جگە لەوە چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوامی هەیە لەسـەر بەڕێوەچوونی کـاروبارەکـانی مـەتبـەخی ڕۆژنامـەوانی (دیسک)، واتە ئەو شـوێنەی بەرهەمی کـاری هەمـوو نووسـەرانی تێدا کـۆ دەکـرێتـەوە و دوای چاوپێداخشاندنەوە بەشێوەیەکی گونجاو ئامادە دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوە.

لێرەدا بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەری نووسین بڕیاردانە لەسـەر پرۆسـەی بڵاوکردنـەوە بەگوێرەی سیاسەتەکانی ڕۆژنامەو ڕێنوێنییەکانی سەرنووسەر.

یەکێکی تر لە بەرپرسـیاریەتییەکانی بەڕێوەبەری نووسین بریتییە لە ڕێکخستنی هەماهەنگی نێوان دەزگـاکـانی نووسین و سکرتارییـەتی نووسین و چاپخـانە، هەروەها بەڕێوەبەری نووسین بە بڕیاردانی خێرا و بەپەلە چاوەدێری هەموو ئەم کارانە دەکات بۆ ئەوەی کارەکان نەوەستن.

## کۆتایی

لە پێدراوەکـانی نێو ئەم باسـەوە بۆمـان روون دەبێـتـەوە کـە بەڕێوەبردنی دامـەزراوەی مـیدیایی بەڕێوەبردنێکی زانسـتـیـیـە، ئەویش بەهۆی بایەخـەکـەیەوە وەک ئامـرازێکی ئاراسـتـەکـردن و کۆنترۆڵکردنی باش بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و بەرجەستەکردنی تواناکان بە کەمترین تێچوون و باشترین ڕێگە بەجۆرێک ئامانجەکان بپێکێت.

ئێستا ئەگەر دامەزراوەیەکی میدیایی بیەوێت ئامانجـەکانی خۆی بەشێوەیەکی باش بپێکێت، دەبێت مـیدیاکـار درک بە سـەرجـەم کـێشـە بنەڕەتیـیـەکـانی بواری بەڕێوەبردنەکـەی بکات و چارەسەریان بکات. هەروەک پێویستە کەسانی ئیداری کە لە بوارە پەتییەکانی بەڕێوەبردندا کار دەکەن هەموو کات ئاگەداری بواری بەڕێوەبردنی نووسین و پرۆگرامەکان بن.

نکۆڵی ناکـرێت لەوەی کـە کـەرتی مـیـدیا زۆر لەژێر کـاریگەریی بڕیارەکـانی دامـەزراوەی میدیاییدایە، لەبەر ئـەوە پێویستـە ڕاهێنان بەوانە بکرێت کە لەوانەیە ئەرکی سـەرکردایەتیکردن و کاروباری بەڕێوەبردنی پەتی و تەکنیکی و ئەندازیارییـان پێ بسـپێردرێت، هـەروەها بۆ ئەوانەشی کـە دەشـێت ڕۆژێک لەڕۆژان ئەرکی سـەرکـردایەتیکردنی بـواری نووسین و پرۆگـرامـەکـانیـان پێ بسپێردرێت پێویستە مەشقی پراکتیکییان پێ بکرێت لەسەر ئەو کاروبارە ڕۆژنامەوانییانەی کە پێوەستن بە پەیامی میدیاییەوە.

هەر لـەبەر ئەوەشــە دەبێت هەردوولا درک بەوە بکەن کـە فـێـربوون و زانینی کـاری یەکـتـر بەشێوەیەکی باش بەشێکی پێویستە لە ڕۆشنبیریی پیشەییان.

## پێڕست


عەلائوددین سەجادی.. زانایەکی کلاسیک، پرۆژەیەکی فەرهەنگی. فەرهاد شاکەلی ........ 3

نەبینراوکردنی زمانی کوردی. جیۆفری هەیگ. لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان ........ 44

پرسی کورد.. کێشەگەلی کەمینە نەتەوەیییەکان. دوکتۆر شوکری محەمەد سەگبان ........ 78

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. ئەڵقەی نۆیەم. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 98

لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی وەرگێڕانی ........ 108

ڕێگە پێڕەوکراوەکانی سنووردارکردنی زاوزێ لە وان. میکی سوزوکی هیم و ئایشە گوندوز ........ 125

مێژوویەکی ئافرەتان. ن: فردیک ئەنگلس. لە ئەڵمانییەوە: کەریم مەلا ڕەشید ........ 151

ڕۆهەڵاتناسی بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە. د. موحسین محەمەد. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ........ 181

مارتن لۆتەر کینگ بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک. کۆمەڵێ نووسەر. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 194

ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا. باقرٍ یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 214

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیی چییە. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 248

شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ. بەشی دووەم. جین شارب. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 269

کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن. بەشی دووەم. جین شارب. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 304

بنەواکانی ڕۆژنامەوانی. بەشی کۆتایی. بیڵ کۆڤاچ و تۆم ڕۆزێنستیڵ. لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید ........ 342

ئاخۆ فەلسەفە کاڵایە؟ لەگەڵ فەیلەسووفی فرەنسی جاک بوفریس. سازدانی: نیکۆلاس ترۆنگ ........ 387

داخرانی مێژوویی  د. هاشم ساڵح. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ........ 394

ڕۆشنبیر لە تەرازوی "ئەخلاق" دا  هیمداد شاهین ........ 410

پێشبینییەکانی نەجیب مەحفووز بۆ وڵاتی میسر ڕاست دەرچوون. سەمیر جەریس ........ 427

فایلی شێوەکاری.. ناز عەلی. ئامادەکردنی: ڕۆستەم ئاغالە ........ 433

ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان  ئەنیس مەنسوور. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 449

لەگەڵ نووسەری گەورەی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ.  سازدانی: ماکسیمیلیان پرۆبست، کیلیان ترۆتەر ........ 473

٣٦ ملیۆن کەس بوونە قوربانیی سیاسەتەکانی ماوتسیتوونگ. میشائیل هۆلمس ........ 480

بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان  جبران حەدیسی. لە عەرەبییەوە: فارووق جەمیل کەریم ........ 485